
# لە کەرکوکەوە بۆ ڤێستەرۆس

## بەدەم پیاسەوە لەگەڵ سەلام محەمەدی شاعیردا

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

# له کەرکوکەوە بۆ ڤێستەرۆس

## بەدەم پیاسەوە لەگەڵ سەلام محەمەدی شاعیردا

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

سلێمانی
٢٠١٣

**له کەرکوکەوە بۆ ڤێستەرۆس**

**بەدەم پیاسەوە لەگەڵ سەلام محەمەدی شاعیردا**


- نووسەر: عەبدوڵڵا سلێمان(مەشخەڵ)
- بابەت: زانستی
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: سۆران عوسمان
- نەخشەسازیی بەرگ: جەبار سابیر
- نەخشەسازیی ناوەوە: تەرزە خالید
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
- قەبارەی کتێب: ٢٥×٣٥
- زنجیرەی گشتیی کتێب: ١٠٤٥
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپ: چاپخانەی بینایی
- نرخ: (٦٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (٢١٣٧)ی ساڵی ٢٠١٣ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

## پێشکەشە

به شیعر و ڕووبەڕووبوونەوەکان

به بەسەرهاتە قەتماغبەستووەکان

به حیکایەتە لەبیرکراوەکان

به وێنە نەشۆردراوەکانی کەرکوك

به دێیەکانی "کارێزە" و "ساتی"

به پیاسە ڕا لێهەڵەبووەکانی سەردەمی مێردمنداڵیی

به خاسە

به دارتووەکەی یارەلی و

به جۆگە ئاوەکەی کۆشکلی

به سینەما کوژراوەکانی شارەکەم

به پارکە تینووەکان

به کتێبخانەکانی گەل و ئاسۆ

به تۆ و

به خۆم

# ڕامانێك لە مێرگەكانی ئەزموونی نووسین لای سەلام محەمەد

## نووسینی: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

### عەشقی وشە یان سەرەتاكانی دەستپێكی دەقنووس لە ڕووبەڕووبوونەوەی وەرگردا

"لە سەرەتاوە ویستم شیعر بنووسم، چونكە كەوتمە داوی عەشقی وشەوە"دیلان تۆماس". كە من ئەوانەی لە سەرەتادا لە عەشقی وشەوە دەستیان داوەتە نووسین. زۆرێك (ئەگەر لەم بڕیارەم نا ئینساف نەبم) ئەوانەی لەگەڵ یەكەم ساتی هەناسەی بانگەوازی ڕوانگەوە لە (٢٥/ ٤/ ١٩٧٠)كەوتنە گاگۆڵكێی نووسین ئێستاشی لەگەڵدا بێت پێیان نەگرت، چونكە لە عەشقێكی دیكەوە دەستیان پێكرد. جا هەقیقەتەكە هەرچییەك بێت هیچ لەو تێڕوانینەی دیلان تۆماس ناگۆڕێت، كە بەڕاستگۆییانە باس لە ئەزموونی خۆی دەكات. ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونەی تۆماس خودی نووسینەكان و شیعرەكانییەتی كە تا ئێستاش شیعری ئینگلیزی شانازی پێوە دەكات. ئەگەر وشە لای دیلان تۆماس چاوگی لەدایكبوونی عەشقێك بێت بۆ داهێنان، ئەی چاوگی داهێنان لای سەلام محەمەدی شاعیر چییە كە لەنێو ئەو قەرەباڵغییەی



حەفتاكان و هەشتاكانی شیعری كوردی توانی جێ پێی خۆی لەو ئاستانەیە بكاتەوە و نەك هەر ئەمەش بگرە تەكانی بەرەو پێشەوەی پێ بدات؟ ئەوەی سەلام محەمەد لە هاونەوەكانی خۆی جیا دەكاتەوە شیعر و نووسینەكانییەتی، نەك شتێكی دی. چونكە **پێش** هەموو شتێك ئەوە دەقە شیعرەكانن بە هەموو پێكهاتەكانییەوە (هەر لە ناوەڕۆك و زمانەوە بیگرە تا دەگاتە ڕیتمی و شێواز و میتافۆر و لێكچواندن و... تاد.) بڕیاردەری شاعیربوون بەسەر نووسەرەكەیدا دادەبڕن. لێرەوە دەتوانین سەلام محەمەد بخوێنینەوە و قسەی لەسەر بكەین و ئەویش هەر لێرەوە خۆی وەك دەقنووسێك دەخاتە بەردەم خوێنەر (وەرگر). پەیوەندی وەرگر و دەقنووس لە ئەدەبی كوردیی بە تێپەڕبوونی كات ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو خودی ئەو پەیوەندییە یەكلایەنە بووە. واتا دەقنووس لە ڕێگەی دەقەكانییەوە جا چ چیرۆك بێت یان شیعر ئەركی بەخشین بووە و وەرگریش، جگە لە وەرگرتن كارێكی دیكەی لەئەستۆ نەبووە. ئەم دۆخە ڕۆڵی هەبوو لە پێناسەی دەقنووس و وەرگر و پەیوەندییەكانیان. هاوكێشەی دەقنووس و وەرگر هاوكێشەیەكی بەپارسەنگ نەبووە و ئەركی گەورە لەسەر دەقنووس بووە و كارە سادەكانیش لەسەر وەرگر. ئەركی وەرگر نە گەڕان بووە و نە پرسیاركردن. وەك چۆن دەقیش بەلای پرسیاركردنەوە نەچووە. وەرگری كورد لە دوو دەیەی حەفتاكان و هەشتاكان تا ئەو شوێنە مانای قەبووڵ بووە كە وەك پیازی پاككراو خرابێتە ناو دەستی و پانتایی گومانەكانی ناو دەق سڕابێتەوە. وەرگر لەو بڕگە زەمەنییە پرسیاركردنی لەسەر دەق بەلاوە گرنگ نەبووە، جگە لە جێ و شوێنی نووسەر لە جیهانبینی وەرگردا. كاك سەلام لەو هەلومەرجەوە سەرهەڵدەدا و دێتە پێشەوە. ئەو لە شەستەكانەوە دەنووسێت، بەڵام لە حەفتاكانی سەدەی بیستەمدا نووسین و بەرهەمە شیعرییەكانی بڵاودەكاتەوە. سەرەتا زۆر چالاك و گەرموگوڕ دێتە مەیدان و لەزۆربەی كۆڕە شیعرییەكانی كەركوك بەشداری دەكات و هەروەها دەنگی وی لە زۆربەی گۆڤار و بڵاوكراوەكانی ئەو سەردەمە وەك ڕۆژنامەكانی هاوكاری و برایەتی و بیری نوێ و گۆڤارەكانی ڕۆشنبیری نوێ و بەیان و ڕۆژی كوردستان و پاشكۆی عێراق بیستراوە و شیعر و نووسینی تیا بڵاوكردۆتەوە و دواتر ڕەوتی نالەباری ژیان بەملاوبەولایدا دەدا و دواجار لە وڵاتی سویدی بەفرنشین نیشتەجێ دەبێت.

سەلام محەمەدی شاعیر لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا گەنجێکی خوێن گەرم و چالاك، زیرەك و بەئاگا لە دەوروبەر و هوشیار بە مەعریفەیەکی قووڵ، هەستیار بۆ کێشەی میللی کورد و مافی چارەنووسی کورد، عاشق بە مانا فراوانەکەی عەشق، ئەم گەنجە سەرەتا دەکەوێتە چنینی ڕایەڵەکانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕۆشنبیران و ئەدیب و نووسەرانی شاری کەرکوك بە کورد و عەرەب و مەسیحییەوە و دواتریش ڕایەڵەکە ژمارەیەکی بەرچاو لە ناوە گرنگ و هەرە چالاکەکانی ئەدیبان و نووسەرانی کورد دەگرێتەوە. هەر لە بەغداوە تا دەگاتە سلێمانی و هەولێر و دهۆك. ئەم شاعیرە گەرچی سەرەتا لەژێر کاریگەری گۆران هەردی و کامەران موکری دەست بە نووسین دەکات، بەڵام لەسەروبەندی بەیاننامەی "ڕوانگە" ئەمیش بەتوندی پشتیوانیان لێدەکات. کاك سەلام لەبنەڕەتدا ڕوانگەیی نەبوو، بەڵام ڕوانگەییەکان بەنوێنەری خۆیانیان دەزانی لە کەرکوك. ئەم شاعیرە بە شێوازێکی تایبەتی خۆی خەریکی نوێکاری دەبێت و لە هەر کۆڕو کۆمەڵێك بە شیعرەکانی خۆی دەناسێنێت. کاتێك شیعر بۆ لەتیف حامیدی چیرۆکنووسی جوانەمەرگ دەخوێنێتەوە، کاك لەتیف حامید پێیدەڵێت: "من وام زانی یەك لەتیف هەڵمەتمان هەیە، نەمزانی دوانمان هەیە". کاتێکیش بەنیازە یەکەمین دیوانی شیعریی "دڵی کوردستان" چاپ بکات کە بە شێوازی کێش و سەروا نووسیونی، کە زۆربەیان لاساییکردنەوەی شیعرەکانی گۆران و هەردی و کامەران موکری بوون، لە شاری بەغدا سەلاح شوان و جەلالی میرزا کەریم دوای گوێبیستبوون بۆ چەند دەقێکی نوێی کاك سەلام، پەژیوانی دەکەنەوە کە ئەو کۆشیعرە لەسەر خۆی نەکاتە ماڵ، چونکە خاوەنی گەلێك دەقی شیعریی نوێی جوانە. کاك سەلام یەکەمین شیعری بەناوی (خەونی چاو) لە ساڵی١٩٧٠ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو دەکاتەوە. پاشانیش بە بەردەوامی و بەچڕی بەرهەمەکانی خۆی لە شیعر و چیرۆك و وتار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کات بڵاو دەکاتەوە. کاتێکیش لە بەغدا لەزانکۆ دەخوێنێت، کێرڤی چالاکییە ئەدەبییەکانی کاك سەلام بەرەو سەر دەچێت. ئەو سەرباری ئەوەی ئەدیبێکی پڕ بەرهەم و نوێکار بوو، لەهەمان کاتیشدا ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت و لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت و لەکۆڕە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکاندا وەك دەنگێکی جوان و نوێکار دەردەکەوێت. سەلام محەمەد



وەك کادیرێکی بەرجەستەی پارتی شانبەشانی جەلالی میرزا کەریم و سەلاح شوان و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و ئەنوەر جاف و فەرهاد شاکەلی و عەبدوڵڵا عەباس ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەڕۆژانەکردنی برایەتی کە وەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە ٢٥ ژمارەی لێ بڵاو دەکەنەوە. ئەمەش بۆ ئەو سەردەمەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بایەخی مێژوویی و سیاسی تایبەتی خۆی هەیە. سەلام محەمەد چەندجارێك هەوڵی چاپکردنی شیعرەکانی داوە، بەڵام خەمساردی خۆی لەلایەك و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری لەلایەکی دیکە زەمینە خۆشکەر نەبوون بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. ئەگەر ئەو خەمساردییەی شاعیر نەبووایە ڕەنگە ئێستا سەرجەم بەرهەمەکانی کاك سەلام محەمەدمان لەبەردەست بووایە، بەڵام هێشتا ئەمە نەیتوانیوە ڕۆڵی پێشڕەوانەی کاك سەلام لەبزووتنەوەی شیعریی کوردی کاڵ بکاتەوە، سەلام محەمەد وەك چۆن لەسەرەتاوە وەك دەنگێکی جیاواز هاتە مەیدان، بە بڕوای من سەرباری دوورکەوتنەوەی لە گۆڕەپانی شیعری کوردی بۆ ماوەی زیاتر لە پانزە ساڵ تا ئێستاش هەر ئەو دەنگە جیاوازەیە و توانیویەتی ئەو دەنگەی خۆی بپارێزێت.

## هەڵکۆڵین لەسەر پەیکەری ئایدێندتی دەقنووس

ئەم پەیکەرەی لەبەردەستمدایە و بەنیازم وێنەی سەلام محەمەدی لەسەر هەڵکۆڵم، لەڕاستیدا بەر لە من کاك سەلام خۆی بە زیاد لە بۆنەیەك و زیاد لە نووسینێك ڕۆچۆتە نێو وردکاری ژیان و ئەزموونی خۆی. منیش بە کەڵك وەرگرتن لەو نووسینانە و هەروەها لەئەنجامی چەندین گفتوگۆی تەلەفۆنی و دەیەها ئیمەیڵ هەوڵمدا پەیکەری کاك سەلام بەم شێوەیە دابتاشم. ئەم بەشە ڕەنگە هەندێك زانیاری دووبارەبووەوەی تێدا بێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵێك وردکاری تێدایە کە ڕەنگە لە هیچ کام لە نووسینەکانی کاك سەلام ئەو وردکارییانە نەبینرێن. سەرەڕای ئەمەش لەم نووسینەمدا فەرامۆشکردنی ئایدێندتی نووسەر بە کەلێنێکی گەورە دەبینم. بۆیە سەرباری دووبارەبوونەوەی هەندێك زانیاری من وای بەچاك دەزانم بەم هەڵکۆڵینە لەسەر پەیکەری دەقنووس ئەم کەلێنە پڕ بکەمەوە. قسەکردن لە ئەزموون، قسەکردنە لە سەرجەم پرسیار و ئەگەر و شیمانەکان.

هەڵکۆڵینی چاڵە سەربەستراوەکانی نێو زەمەنی ڕابردووی ژیانە کە لەپەنا و پەسێوەکانی نێو یادەوەری مرۆڤدا هەن و پڕن لە نهێنی و زانیاری. دەرخستنی ئەو زانیارییانە کەڵك بەخشن و پێموایە دەبنە هۆی دیارخستنی ڕووی ئەو ئەزموونە ئەدەبییەی کاك سەلام.

سەلام محەمەد لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی کارێزەی سەر بەناحیەی شوان لە شاری کەرکوك لەدایکبووە. باوکی کاك سەلام سەرەتا مەلا بووە و دواتر دەبێتە مامۆستا. سەلام محەمەد لە ساڵی ١٩٦٠ لای باوکی فێری خوێندن و نووسین دەبێت و دوای ئەو ساڵە خوێندن دەبێتە عەرەبی و ئیتر کاك سەلام هەر بە عەرەبی درێژە بە خوێندن دەدات. پێش بەیاننامەی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، کاك سەلام کە لە پۆلی سێی ناوەندیی دوبز دەبێت سەرقاڵی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دەبێت لە دوبز و تەنانەت پێش یانزەی ئازاری ئەو ساڵە بۆ ماوەی چەند مانگێك لەگەڵ هەریەك لە محەمەد جەمیل قەشقەیی و سەعدی خەلیل دەبنە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاتی مفاوەزاتی بەیاننامەی یانزەی ئازاریش ئەمیش دەگەڕێتەوە شارۆچکەی دوبز.

سەلام محەمەد لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك لەساڵی ١٩٧٠ دەبێتە ئەندامی ئەو یەکێتییە و دەبێتە گەنجترین ئەندام لە مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد کە بە هەر هۆیەك بێت لە شانزە ساڵیدا بەئەندام وەریدەگرن. هەروەها لە لیژنەی ڕۆشنبیری یەکێتیی نووسەران لەگەڵ هەر یەك لە بەڕێزان عەبدوڵڵا سەراج و فوئادی تاهیر سدیق و لەتیف هەڵمەت چالاکانە بەو تەمەنە کەمییەی ئەوسایەوە کە شانزە ساڵان بوو ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە سازدانی چەندین کۆڕی ئەدەبی سەرکەوتوو کە بایەخی ڕۆشنبیری گرنگیان هەبوو لە شاری کەرکوك. کاك سەلام لەزۆربەی کۆڕە شیعرییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك بەشداری دەکات. دواتریش دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری گزنگ، کە بەداخەوە تەنها یەك ژمارەی بەشێوەی کتێب لێ چاپ دەکەن، چونکە حکومەتی ئەوسای عێراق ڕێگە بە دەرکردنی هیچ گۆڤارێکی ئەدەبی نادات لە کەرکوك. سەلام محەمەد هەر لەساڵی ١٩٧٠یەکەمین بەرنامەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك بەیارمەتی عەبدوڵڵا سەڕاج و محەمەد موکری لە تەلەفیزیۆنی کەرکوکەوە پێشکەش دەکات. ساڵی ١٩٧١یەکەمین چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازدەکرێت کە کۆچکردوو جەلالی میرزا کەریم سازیدابوو و لەلاپەڕەی ئەدەب و ژیانی ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکرایەوە. ساڵی ١٩٧٢یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك کۆڕێکی گەورەی شیعری بۆ ژمارەیەك لە شاعیرانی کەرکوك



لە هۆڵی ئامادەیی ئیمام قاسم ساز دەکات و کاك سەلامیش شانبەشانی هەریەك لە بەڕێزان کۆچکردوو محەمەد موکری و فەرەیدوون دەلۆ و ئیسماعیل ڕۆژبەیانی و خەلیل خوێناوی (ئەمەیان شیعری کلاسیکی دەنووسی) و ڕەئوف هەمەوەندی، بەشیعری "نا، من تەنها بەنان ناژیم"بەشداری دەکات و دواتریش هەر لەبەر کاریگەری ئەو شیعرە قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی "چەمی ڕێزانی کچان"سێ کتێبــی بەدیاری دەدەنێ کەیەکێکیان کتێبێکی نەزار قەبانی شاعیری بەناوبانگی عەرەب بوو. کاك ڕەزا شوان سێ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك سەلام محەمەددا ساز دەکا یەکێکیان تایبەت دەبێت بە کاك سەلام و ئەزموونی شیعریی ئەو، بەڵام دووانەکەی دیکە (کاك سەلام و کاك لەتیف هەڵمەت) و (کاك سەلام و کاك حەسەن جاف) دەبێت. جگە لە شیعر کاك سەلام هەم لە بواری نووسینی چیرۆك و هەمیش لە بواری وتاری ڕەخنەیی پڕ بەرهەم بووە و ئەسپی خۆی تاوداوە. یەکەمین نووسینی ڕەخنەیی کاك سەلام لە ساڵی ١٩٧٢ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوبۆتەوە و دواتر شاعیری شەهید جەمیل ڕەنجبەر لەسەری نووسیوە و پاشان کاك سەلام وەڵامی داوەتەوە. هەروەها کورتە نووسێنێکی لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بڵاو کردۆتەوە بەناوی (شیعر شەقشەقەیە) و دوو سێ نووسەر لەسەریان نووسیوە. هەروەها نووسینێکی دیکەی ڕەخنەیی بەناوی (شیعر بەهرەیە) لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو کردۆتەوە، کە دەربارەی نووسینێکی چیرۆکنووس غەفور ساڵح عەبدوڵڵا بوو. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وتاری ڕەخنەیی لە پاشکۆی عێراق بڵاو دەکاتەوە کە یەکێکیان دەربارەی کۆشیعرێکی کاك لەتیف هەڵمەت بوو بەناوی (ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی تر). هەروەها وتارێکی ڕەخنەیی بەناوی"ڕوخسار و ناوەڕۆك لە شیعری نوێی کوردیدا" لە پاشکۆی عێراق بڵاو دەکاتەوە و بێجگە لەمەش وتاری (زیادەڕۆیی کۆمیدیا لە ئیبراهیم زەبۆکی عەزیز نەسیندا" کە لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. سەرباری ئەمانەش بە زمانی عەرەبیش یەکەمین نووسەری کورد بووە لە ڕۆژنامەی العراقی عەرەبیدا نووسینێکی درێژی سەبارەت بە کۆشیعرێکی کاك سەلاح شوانی شاعیر (دڵدارەکەم گەواڵە هەورێکی پایزە نییە- حبیبتی لیست سحابة خریفیة) بڵاو کردۆتەوە. ساڵی ١٩٧٣ - ١٩٧٢ نووسەران و شاعیرانی ڕوانگە و دەرەوەی ڕوانگەش بەیاننامەیەك بڵاودەکەنەوە بە ناونیشانی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن)، کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکرایەوە و لەسەر ئەو بانگەوازە بۆ ماوەیەك ڕۆژنامەکە داخرا.

سەلام محەمەد بە گەرمی پشتگیری لەو بانگەوازە کرد و لەناو شاری کەرکوکدا بە هەموو لایەکدا بڵاوی کردەوە تا ئەو ئاستەی چەند جارێك هەندێك مەلا هاتنەماڵیان بۆ لای باوکی و شکاتیان لێکرد گوایە سەلام شوێنی کافرەکان کەوتووە و لەناو شاردا پڕۆپاگەندەیان بۆ دەکات. هەر بەو هۆیەشەوە لە ترسی هێرشی مەلاکان ماوەیەك لە کەرکوك دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە ماڵی سەلاح شوانی هاوڕێی لە بەغدا.

ساڵی ١٩٧٣بۆ خوێندن دەچێتە بەغدا و لە زانکۆی بەغدا، لە کۆلیژی (القانون و السیاسة) وەردەگیرێت. کاك سەلام لەیەك کاتدا هەم قوتابی و هەم ئەدیبێکی چالاك و پڕ بەرهەم دەبێت و ئەوکات لەزۆربەی ئاهەنگەکانی شاری بەغدا لەدوای هونەرمەند ڕەفیق چالاك عەریف حەفلە بووە. ئەم عەریف حەفلەیەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەنگێکی خۆشی پێوە بووە و تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە خۆی ئامادە بکات بچێتە ئیزگەی کوردی لە بەغدا و گۆرانیی تۆمار بکات، بەڵام لەتیف حامیدی چیرۆکنووس ساردی دەکاتەوە و پێی دەڵێت: "لە کوردا دەنگ خۆشمان زۆرە و دەتوانن وەك تۆ گۆرانیی بچڕن، بەڵام شاعیری وەکو تۆمان زۆر کەمە، کە بتوانێت بەو جۆرەی تۆ شیعر بنووسێت". ئەمیش سارد دەبێتەوە و مەسەلەی گۆرانیی وتن لەخەیاڵی خۆی دەسڕێتەوە. لە بەغداش لە چەند کۆڕێکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی و بەشی کوردی زانکۆی ئاداب بۆ شیعر خوێندنەوە بەشدار بووە. ساڵی ١٩٧٤بەو پێیەی کە ئیلقای شیعری جوان بووە عەریف حەفلی دوو ئاهەنگی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کردووە لە بەغدا. هەروەها عەریف حەفلی ئاهەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت لە زانکۆی موستەنسرییە و شیعری "کاروانی خوێن"دەخوێنێتەوە. محەمەد موکری کۆچکردوو دوای خوێندنەوەی شیعرەکە پێیدەڵێت: "تۆ قەدری خۆت نازانی ئەگینا لە شێرکۆ بێکەس شاعیرتری". لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان کورد و حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٧٤، کاك سەلام وەك هەزاران ڕۆڵەی دیکەی ئەم میللەتە دەچێتە ڕیزی شۆڕش و سەنگەری کوردەوە. ئەو شاعیرە لاوە لەوپەڕی دڵسۆزی خۆی بۆ خەڵکی زوڵملێکراوی کورد و کوردستان ئامادەیی هەر جۆرە سەرکێشی و موجازەفەیەك (کاری شۆڕشگێڕانە) دەردەبڕێت و سیاسەتی نادروستی ئەوسای سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەم شاعیرە دڵسۆزەمان دووچاری گەلێك تەنگ و چەڵەمە و ڕووبەڕووی جۆرەها مەترسی دەکەنەوە و دواتریش بەدرێژایی چەندین ساڵ شاعیر باجی ئەو سیاسەتە نا تەندروستەی ئەوسای شۆڕشی کوردی داوەتەوە. دوای هەرەسی ئەو شۆڕشە کاك سەلام وەك هەزاران کەسی دیکە دەگەڕێتەوە شاری کەرکوك و دەست دەکاتەوە بە خوێندن و



چالاکییە ئەدەبییەکانی. لە ساڵی ١٩٧٦یەکێتیی نووسەرانی عێراق کۆڕێکی بۆ شیعری نوێی کوردی ساز کرد تیایدا کاك سەلامیش لەگەڵ هەریەك لە شاعیران شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر و ئەنوەر جاف و سەلاح شوان و عەبدوڵڵا عەباس بەشدار دەبێت. ساڵی ١٩٧٧ لە دیداری یەکەمی چیرۆکی کوردی لە سەری ڕەش بەشدار دەبێتو ساڵی ١٩٧٨خوێندن تەواو دەکا و دەبێتە پارێزەر. کاك سەلام ماوەیەك لەگەڵ کاك عەبدولڕەحمان مستەفا (پارێزگاری پێشووی کەرکوك) خەریکی کاری پارێزەری دەبێت و ئینجا وەك خۆی دەڵێت دواتر وازی لە کاری پارێزەری هێناوە و بە مشاور قانونی لە فەرمانگەی (مشروع ری کرکوك) دامەزراوە. هەر لەو ساڵە واتە ١٩٧٨دەبێتە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد. ساڵی ١٩٧٧ کورتەچیرۆکی ڕەشەڕاو دەنووسێت و لە گۆڤاری بەیان بڵاوی دەکاتەوە. هەر لە دەیەی حەفتاکان دوو بابەت لە بارەی ئێدگار ئاڵن پۆی نووسەری ئەمریکی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو دەکاتەوە بەناوی"ئێدگار ئاڵن پۆ و ئەو گرانەتایەی بە ژیان ناو دەبرێت". ساڵی ١٩٨٠ لە دیداری شیعری کوردی لەهەولێر بەشدار دەبێت و شیعری "بارانی ڕەنگاوڕەنگ"دەخوێنێتەوە کە خەریك بووە تووشی گێچەڵێکی گەورە بێت لەسەر ئەو شیعرە. ئیتر لەو ساڵە ١٩٨٠ ناوی سەربازیی دێت و بەسەرهات و حیکایەتە تاڵەکانی خۆشاردنەوە و فیراری دەست پێدەکەن. ساڵی ١٩٨١ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری گۆڤاری نووسەری کوردستان بوو لە شاخ و ئیتر بارودۆخ و هەلومەرجی نالەباری ژیان دەیداتە دەم بەرداشی سەفەر و ماڵئاوایی، لەوێشدا و لەبەردەم توولە ڕێگاکانی هات و نەهاتی دەیەی هەشتاکاندا خەمی کاك سەلام هەر خەمی ئەدەب و شیعر دەبێت، بەڵام دواتر لەبری گوزەرانێکی نۆرماڵ، هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە و جەنگی عێراق و ئێران دۆزەخێك بۆ مرۆڤەکان دادەخەن کە کەس نەتوانێت ژیانێکی نۆرماڵ بژی. لەم نێوەشدا سەلام محەمەد گرفتاری فیراری و خۆشاردنەوە دەبێت و بڕگە زەمەنە تاریکەکانی ژیانی دەست پێدەکات. کاك سەلام لەگەڵ لەتیف هەڵمەت نێوانیان زۆر خۆش دەبێت بەڕادەیەك لەسەر لابردنی ناوی لەتیف هەڵمەت بۆ خوێندنەوەی شیعر لەمیهرەجانی یەکەمی شیعریی کوردی لەساڵی ١٩٧٢کە لە هۆڵی سینەما سەلاحەدین لە کەرکوك بەڕێوەچوو، کاك سەلامیش هەڵوێستی وەردەگرێت و دەڵێت: "مادام لەتیف هەڵمەت شیعر ناخوێنێتەوە، منیش نایخوێنمەوە". هەر لەو ساڵە واتە ساڵی ١٩٧٢ بەیارمەتی عەبدوڵڵا سەراج و هاوڕێیەکی کە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك کاری دەکرد دە نوسخە لە کۆمەڵەشیعری (ژانی ئەرخەوان) تایپی دەکەن و بە ڕۆنیۆ

ڕایدەکێشن و بڵاوی دەکەنەوە. کاک سەلام دەڵێت ئەمە یەکەمین کۆمەڵە شیعریی چاپکراوم بووە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك چاپکراوە و بڵاوبۆتەوە. زۆرجار لە کۆتایی دەیەی حەفتاکان لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆ لە شەقامی جمهوری لە کەرکوك سەلام محەمەد لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا دەکەوتنە باس و خواسی ئەدەبی و شیعر خوێندنەوە و خوێنەران و ڕۆشنبیرانیان لەدەوری خۆیان کۆدەکردەوە. لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاک سەلام لەگەڵ سەلاح شوانی شاعیردا بەرنامەی "کاروانی ڕۆشنبیریی"لە ڕادیۆی کوردی بەغداوە پێشکەش دەکەن.

کاک سەلامساڵی ١٩٨١ دەبێتەوە بە پێشمەرگە، بەڵام ئەمجارەیان دەبێتە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە ناوزەنگ کە شوێنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کاک سەلام لەگەڵ بورهان قانع و حەمەی حەمەباقی و گەلێکی دیکە، درێژە بەو پەیامە دەدەن کە بڕوایان پێیەتی. لەوێدا بەجیددی خەریکی کاری ئەدەبی و فەرهەنگی دەبێت. هەر لەو ساڵە واتە ساڵی ١٩٨١ کۆمەڵە شیعری "هەڵۆ سوورەکانی قەندیل" بڵاو دەکاتەوە کە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. لەهەمان ساڵ لە ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناوزەنگ ئاهەنگێکی گەورە سازکرا بۆ پێنجەمین ساڵیادی شەهیدان شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر کە تا ئەوکاتە ئاهەنگی وا گەورە سازنەکرابوو. سەلام محەمەد و ئەرسەلان بایز عەریف حەفلی ئاهەنگەکە بوون و هەر لەو ساڵە ١٩٨١ لە ناوچەی مالیمۆس کە دەکەوێتە نێوان توژەڵە و گوندی کانی زەردی کوردستانی ئێران کۆڕێکی جەماوەری بۆ پێشمەرگە و سەربازە هەڵاتووەکان سازکرا و لەو کۆڕەدا کۆچکردوو هونەرمەندی دەنگخۆش حەمە جەزا بە گۆرانیی و کاک سەلام محەمەدیش بە شیعر بەشداری دەکەن. جگە لەمانەش کاک سەلام وەك خۆی لەنامەیەکدا بۆی نووسیووم، دەڵێت "من کتێبێکی گرنگم هەیە باسم نەکردووە ئەویش کۆکردنەوەی نامەی ئەو شەهیدانەیە کە لە زیندانەکانی عێراقەوە بۆ کەسوکاریان ناردووە هەموو نامەکان بەر لە سێدارەدانیان نووسراون. من لە ١٩٨١ لەسەر پێشنیازی کاک نەوشیروان مستەفا، کە ئەوسا سکرتێری گشتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو دەستم بەو پڕۆسەیە کرد و وەکو دەستپێشکەری چەند نامەیەکی لای خۆی هەڵگرتبوو دایانی بە من. مام جەلایش ئاگاداری پرۆسەکە بوو تەنانەت جانتایەکی نوێی بە دیاری پێدام تا نامەکانی تیادا هەڵگرم و وتی هەر وەختێك کارەکەت تەواو بوو خۆم پێشەکییەکی بۆ دەنووسم. دەیان نامە و دیکۆمێنتم بە یارمەتی



ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کۆکردەوە و پاکنووسم کردن، بەڵام پێش چاپکردنی کتێبەکە لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەمام و بەر لە ڕۆیشتنم چووم بۆ لای کاک ئەرسەلان بایز لەناو کۆبوونەوە بوو هەموو نامەکانم بە ئەمانەتەوە دایە دەستی ئەو پاش ئەوەی ئاگادارم کردەوە کە من دەڕۆم و هیوادارم چاپی بکەن و هیچی نەماوە و ئامادەیە. ئەوەبوو کتێبەکە چاپکرا، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە نەکرابوو کە لە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی من بووە ئیتر سیاسەت وایە هەر لایەنە نێگەتیڤەکە دەگرن و بە لای چاکەکاندا ناچن. "ساڵی ١٩٨٢ دەڕواتە ئێران و لەوێ چاوی بە مام هەژاری شاعیر دەکەوێت و لە سوریاش هەر لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو خەونانەی دەبێت کە داگیری کردوون و پاشانیش لە ئەڵمانیا لەبری گەڕان و سوڕان و ڕابواردن، کاک سەلام لە کتێبخانەکەی بەرلین و شانبەشانی دکتۆر کەمال فوئاد (شاسوار) خەریکی نووسین دەبێت لەسەر گەلی باسك لە ئیسپانیا و بەرهەمەکەشی بە دوو بەش لە دوو ژمارەی گۆڤاری چریکەی کوردستان بڵاو دەبێتەوە. کاک سەلام لە ئیمەیلێکدا بۆم دەنووسێت: "لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ دکتۆر کەمال فوئادا لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژی هاوبەشمان دەربارەی نەتەوەی باسك لە ئیسپانیا نووسیوە کە تیایدا هەوڵمان دابوو لە یەکچوونەکانی نێوان کورد و باسك ڕوون بکەینەوە و دێتەوە بیرم لە کتێبخانە گەورەکەی بەرلینی ڕۆژئاوای ئەوسا دوو قۆڵی کارمان تیادا کردووە. پاشان کاک کەماڵ ناردبووی بۆ مامۆستای ڕەحمەتی ئیبراهیم ئەحمەد لە لەندەن و لە ژمارە سێی (٣) گۆڤاری چریکەی کوردستاندا کە مامۆستا برایم خۆی سەرپەرشتی دەکرد بڵاوکراوەتەوە. من خۆمیش ئەو ژمارەیەم نەکەوتۆتە بەرچاو، بەڵام ساڵی پار بەڕێز کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد لە فەیسبووك ئاگاداری کردمەوە، کە ئەو ژمارەیەی گۆڤاری چریکەی کوردستانی هەیە گفتیشی پێدام بە ۆرد بۆمی بنێرێت، چونکە ئەویش خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی دکتۆر کەماله کە لەو نووسینەدا نازناوی شاسواری بۆ خۆی هەڵبژاردووە."سەلام محەمەد لەوێشدا لەبەر باری نالەباری ژیانی پەناهەندە ناچار دەگەڕێتەوە بۆ عێراق. و دواتر ژیانی شاعیر لەنێوان سەربازیی و فیراری و زینداندا دابەش دەبێت. ساڵی ١٩٨٥چیرۆکی "گرێ کوێرەی مەرگ" لە گۆڤاری کاروان بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٨٨یش بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان کۆمەڵە شیعری "دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە" بڵاو دەکاتەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت و ئینجا دوای زیاتر لە پانزە ساڵ گۆڤاری هەنار "دیوانی سەلام محەمەد" لە ٢٠٠٩ چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

سەلام محەمەد یەکێك بووە لە نووسەرە نوێخوازەکانی کەرکوك کە شانبەشانی لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت وەك بزوێنەرێکی بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری کەرکوك چالاك و هەڵسوڕاو بووە. کاك سەلام هەر لە سەرەتاوە لەژێر کاریگەری چەند رەوت و بۆچوونی جیاجیا بووە. وەك بیروباوەڕی سیاسی ئەوسای واتە سەرەتای حەفتاکان کەهەڵسوڕاوێکی رێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە و دواتریش ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لەڕووی ئەدەبییەوە کاریگەری هەژموونی گروپی کفری (نووسەرانی شاکەل) و بزووتنەوەی روانگەی پێوە دیار بووە، لەملاشەوە هاندانی چیرۆکنووس جەلیل قەیسی کە هەوڵی دەدا سەلام محەمەد لەژێر هیچ کاریگەرییەکدا نەبێت. ئەوە راستە کاك سەلام پارتی بوونەکەی لە دڵسۆزی کوردبوونەوەکەیەوە بووە. هەر بۆیە لە جەرگەی شۆڕشی ئەوسای کورد (کە من بڕوام وایە شۆڕش نەبوو زیاتر یاخیبوونێکی چەکدارانە بوو) لە ئەنجامی هەڵەیەکی کوشندەی رابەرانی ئەو دەمەی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە ئیستیغلال دەکرێت بۆ کاری تەقینەوە و رەوانەی ناو رژێمی دەکەنەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییە. لێرەوە سەرەتاکانی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی بیروباوەڕی کاك سەلام دەردەکەون. ئەوێك بەو هەموو چالاکی و بەرهەم و نوێکارییەوە داوای لێدەکرێت جێ پێی خۆی لەناو رژێمی سەدام بکاتەوە. ئەمەش جگە لە رەفتاری ناشیرین نواندن لەگەڵ ئەو شاعیرە هەست ناسکە و (Abuse) ی ئەو دڵسۆزییە، هیچیتر نییە. ئیتر شاعیر هەم لە دژبەخۆ (تناقض)دا دەژێت و هەمیش دەبێتە جێگای تانە و تەشەری خەڵك و هاوڕێکانی. واتە لە سەرەتای ئەو پرۆسەیە لەپێناو چالاکییەکی فاشیلدا شاعیرێکی نوێکار و بە حەماس تێك دەشکێنرێت. کاك سەلام زۆر هەوڵ ئەدات ئەو دۆخە تێپەڕێنێت و بەکردەوەش ژمارەیەك شیعری زۆر جوان دەنووسێت، کە دەبنە ناسنامەی نوێکاری و داهێنەریی ئەو. شیعرەکانی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە و ئاسۆی خۆرنشین و توانەوە و شەوانی تەنیایی و داری زەنگیانە و بارانی رەنگاوڕەنگ و... تاد.) بەڵگەی ئەم قسەیەن، بەڵام ئەم دۆخە باری دەروونی شاعیر شڵەژاوتر دەکەن و ئەوەندەی دیکە بەهاکانی ژیانی لا کاڵتر دەبێتەوە. لێرەشەوە دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەو کاریگەرییە لە خواردنەوەی لەرادەبەدەر دەردەکەوێت. لە سەرەتای جەنگی عێراق - ئێران دەچێت دەبێتە پێشمەرگە لە بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. شاعیر دڵی بەهیچ داناکەوێت و دواتر لەوێوە بۆ ئێران و سوریا و ئینجا ئەڵمانیا و پاشان گەڕانەوە بۆ عێراق. لەنیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکان زۆر بەتوندی دەکەوێتە ژێر چاودێری رژێمی بەعس و دەزگا جاسوسییەکانی.



لەئەوپەڕی بێهیوایی و لەژێر فشاری ئەو رژێمە و پیاوەکانی بەناچار دەست دەکات بە نووسینی وتار و بەشداری پێشبڕکێی قادسیە دەکات، بەڵام وەك خۆی دەڵێت: "لەژیانیدا تاکە وشەیەك ناوی سەدام و حزبی بەعس بەژێر قەڵەمەکەمدا تێنەپەڕیوە". پاشان داوای لێبوردن لەگەڵی کورد دەکات و ئەم بەشداریکردنە بەلاوازی خۆی دادەنێت و پێیوایە دەبوایە رێگایەکی دیکەی هەڵبژاردایە.

ئەم هەڵوێستە ئەگەر چی بەلای منەوە جێگای رەخنەیە، بەڵام هەم راستگۆیی تێدایە و هەمیش جورئەت. ئەم جورئەت و راستگۆییە یارمەتیدەری شاعیرن لە دۆزینەوەی رێگای دروست و پەیوەستبوونەوە بە سەنگەری مرۆڤی کورد. لەم سەنگەرەشەوە دەکەوێتە نووسینی شیعرە تازەکانی. سەلام محەمەد چەند حەزی لە راستگۆییە ئەوەندەش دژی خۆبردنە پێشەوە و مامەحەمەیی کردنە. ئەو لە سەردەمی بەعسدا نابێتە بەعسی، لە ئەنجامیشدا لە مەعهەدی قەزائی وەرناگیرێت، هەرچەندە لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو بووە، کە ئەگەر وەرگیرابە دەبوو بە دادوەر و لە سەربازی رزگاری دەبوو. دواتریش لە سەردەمی حزبە فەرمانڕەواکانی کوردستان نابێتە ئەندامی هیچیان و مامەحەمەیی بۆ کەس ناکات و لێرەش هیچی بۆ ناکەن و تەنانەت کەس ئاوڕی لێناداتەوە. ئەم هەڵوێستەی شاعیر دژ بەمامەحەمەیی و ماستاوکردن بۆ حزب و لێپرسراوان مۆرکی خۆی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی شاعیرەوە دەدانێت و کێرڤی بێزاری شاعیر روو لەسەر دەرواتە پێش تا ئەو جێیەی لە ئیمەیلێکدا بڵێت: "هەموو زەویم بچووك دێتە بەرچاو. ئەگەر دوو باڵی گەورەم هەبووایە لەو دیو خەتی هەوایە بەشی خۆم ئۆکسجینم پێبووایە دەمدایە شەقەی باڵ و رانەئەوەستام تا کەوکەبێکی دیکەم دەدۆزییەوە وەك زەوی نەبووایە. هەست دەکەم هیچ شتێك بۆنی خۆی لێ نایەت و جوانییەکان بۆیاخ کراون و زرتە بۆزە قەبە بێ تواناکان بە دەمامکی رەنگاوڕەنگەوە راستییەکان بە رێگای درۆدا دەبەن". چی لەوە ناخۆشتر هەیە ئەمە حاڵی نیشتمانی زەوی بێت و شاعیریش کە خاوەنی خەیاڵە دەستەوەستان هیچی پێنەکرێت.

بەهەرحاڵ ئەم شیعرانەی کەئێستا لەبەردەستی شاعیردان و چاپ و بڵاو کراونەتەوە، لەڕاستیدا بەشێکی کەمن لە شیعرەکانی سەلام محەمەد و سەرجەم شیعرە بڵاوکراوەکان نین بەتایبەتی ئەو شیعرانەی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠تا ١٩٧٣ نووسراون کە بە برگەیەکی زەمەنی هەستیار دەژمێردرێت لە ژیانی شیعریی سەلام محەمەد. جا بەهەر هۆکارێك بێت نە کاك سەلام و نە کەس تا ئێستا هەوڵیان نەداوە شیعرە بڵاوکراوەکان کۆبکەنەوە. ئەمە هەر حاڵی شیعرەکانی

نین، بەڵکو کورتە چیرۆك و نووسین و دیدار و وەرگێڕانەکانیشی بەهەمان دەرد چوونە. ئومێدەوارم ڕۆژێك وەزارەتی ڕۆشنبیری بیرێك لە کاك سەلام و کاك سەلامەکانی دیکە بکاتەوە و لە ڕێگەی لیژنەی تایبەت و پسپۆڕەوە هەوڵی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی کاك سەلام بدات.

سەلام محەمەد هەرتەنها لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردی ناگیرسێتەوە و پەل دەهاوێ بۆ زمانەکانی دیکە، ئەو ئەگەرچی زمانی عەرەبی زۆر باش دەزانێت و تەنانەت عەرەبییەکەی وەك خۆی دەڵێت لە کوردییەکەی باشترە، بەڵام ئەو لوغزەم بۆ هەڵنایەت کە بۆچی هەر لە سەرەتاوە هەوڵی نەداوە شیعر و چیرۆکەکانی وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، بەڵام سەرباری ئەم کەمتەرخەمییەی کاك سەلامیش هێشتا ژمارەیەك نووسەر بەو کارە هەستاون و شیعری کاك سەلامیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لەوانە بەڕێزان کۆچکردوو لەتیف حامیدی چیرۆکنووس و ئەنوەر جافی شاعیر و کاك عەباس بەدری و کۆچکردوو مەحمود زامدار و کۆچکردوو عەبدولستار کازم و کاك موکەرەم تاڵەبانی و کاك ئازاد عەبدولواحید و کاك غەفوور سالح عەبدوڵڵا. هەروەها دوو شیعریشی لە (بەگداد ئۆبزێرڤەر – Baghdad Observer) بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە، کە ناوی وەرگێڕەکەی لەیاد نەماوە و شیعری "قەراغەکان"یش لەلایەن کاك محەمەد حوسێن کراوەتە ئینگلیزی و بێجگە لەمانەش شیعری تەرجەمەی زمانی فارسییش کراون.

## لالێکردنەوەیەکی کورت لە ئایکۆنە شیعرییەکانی سەلام محەمەد

سەلام محەمەد شیعر بێ هیچ زۆر لەخۆکردنێك دەنووسێت. ئەو نایەت خۆی بجوێتەوە یان ببێتە درێژەدەری ڕێباز و ڕێڕەوی کەسێکی دیکە، بەڵکو دەیەوێت خۆی بێت و هەر بەتەنهاش خۆی بێت. بۆیە کە شیعرەکانی دەخوێنینەوە هەست بەتام و بۆیەکی جیاواز دەکەین. تاموبۆیەك کە لە هیچ تاموبۆیەکی دیکە ناچێت. ئەو لە دەرەوەی بازنەی منەتکردنە سەر خوێنەرەوە شیعر دەنووسێت: ئەو دەڵێت: "من شیعر بۆ خۆم دەنووسم"، بەڵام دواجار ئەوە شیعرەکانی سەلام محەمەدن درِ بە ئاستەنگەکانی بەردەم گەیشتن بە خوێنەر دەدەن و لە دڵی خوێنەری جیددی هەواری خۆیان هەڵدەدەن.

یەکێك لەو ئایکۆنانەی کە قورسایی هەیە بەسەر شیعرەکانییەوە، هەڵوێستە. هەڵوێستیش هەندێکجار دەرئەنجامی کاردانەوەی ناخ و حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی شاعیرە و هەندێکجاری



دیکەیش دەرئەنجامی کاردانەوەی دەوروبەر و کۆمەڵگەیە. لەهەردوو حاڵەتەکەدا شاعیر پەیامی خۆی گەیاندۆتە خوێنەر. لە حاڵەتی یەکەم هەڵوێست وەك دەرئەنجامی کاردانەوەی ناخ و باری دەروونیی خۆی هەم وەك هێما و هەمیش وەك خەون بەکاردەهێنێت تا هەڵوێستی خۆی بگەیێنێتە وەرگر. لێرە ئەگەر هەڵوێست هێما بێت ئەوا شاعیر باس لە گڕی نائومێدی دەروونی خۆی دەکات کە بە هیچ ناکوژێتەوە. خەونیش ئاواتەکانی شاعیرە کە لەنێوان ئومێد و نائومێدی جەهەنمێك لە دەروونی شاعیر بڵێسە دەدا و هەر وشەیە فریای شاعیر دەکەوێت، کە بتوانێت ئەو دەروونە گڕتێبەربووە فێنك بکاتەوە. شیعرەکانی دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، ئاسۆی خۆرنشین، شەوانی تەنیایی، بارانی ڕەنگاوڕەنگ، تۆ کەناری یان ڕووباری و شیرین و یادگارییەکانی ڕەحیماوا،... تاد. کۆمەڵێك تابلۆن پڕن لەڕەنگ، لێوانلێون لە هەڵچوون و پێکدادانی دەروونی لە گۆڕەپانی خەیاڵ و دڵی شاعیر. باری سایکۆلۆژی شاعیر لە دیمەنە شیعرییە جیاوازەکاندا لە بەرزبوونەوە و دابەزیندایە گەرچی هەموو دیمەن و وێنەکان ڕوو لە جەمسەری هەڵوێستن. ئەم بارە دەروونییەش کە خەیاڵ تیایدا چالاکە ڕۆڵی هەیە لەوەی پێدراوەکان (معطیات) پێچەوانە بکاتەوە و واقیع بکاتە وەهم. کاك سەلام دەڵێت: "کە دەڵێن لە وەهمدا دەژین ئەوە من بووم یەك پارچە واقیعەکەم لا ببووە وەهم" یان دەڵێت: "لەناو گۆمی وەهمدا مەلەم دەکرد". بۆیە دەبینین شاعیر توند پەیوەستە بەهەڵچوون و داچوونە دەروونییەکانی و لێرەشەوە لەم دۆخە نەخوازراوەوە پەنا دەباتە بەر خواردنەوە تا، بەڵکو ئاهێکی پێببەخشێت. هەرچی مەسەلەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگەشە هەڵوێستەکانی شاعیر دیارن و ئاشکران. کاك سەلامی شاعیر زۆر زووتر و لە سەرەتای حەفتاکان هەڵوێست لە نوێخوازەکانی شار وەردەگرێت و بە بازرگانیان دەچوێنێت. لێرەدا ئێمەی خوێنەر هەست دەکەین جۆرە (تناقض)ێك هەیە لەنێوان نوێخوازی و هەڵوێستی شاعیر. ئێمە دەزانین هەموو نوێخوازییەك لە هەر سەردەمێك خەسڵەتی تازەبوون و دژەکۆنی لەخۆیدا هەڵگرتووە. نوێخوازانی شارەکەی شاعیریش دوورن لەهەر خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانە، چونکە بازرگانن و بازرگانی بە بەهاکانەوە دەکەن جا چ بەهای کۆمەڵایەتی بن یان ڕۆشنبیری. من هەست ئەکەم شاعیر لێرە وردبینی وردی بە خەرج نەداوە و نەیتوانیوە مەبەست بەتەواوەتی بپێکێت.

پێداگری شاعیر لەسەر مەسەلەی مرۆڤی کورد و ئازادی و تۆخکردنەوەی ئینتما بۆ کەرکوك گەواهی هەڵوێستێکی مرۆڤانەی مەزنە و ئەمەش لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. نیشتمانیی کورد لەت لەت و خەبات و بەرخوردان بەردەوام و ڕژێمی داگیرکەری بەعسیش

بێهەدادان بەردەوام بوو لە کوشتن و تەعریب و تەرحیلی کورد. زامداربوونی بەهای مرۆڤبوون و کەڵەکەبوونی نائومێدییەکان وا لە شاعیر دەکەن کە حاڵەتەکەی حاڵەتێکی نائاسایی بێت و پەنابردن بۆ خۆلەبیرکردنیش بەشێك بێت لەو حاڵەتە. لەم دۆخانە (دۆخی بوونی هەڵویست و کەڵەکەبوونی نائومێدی) شاعیر لە خەیاڵ دەژێت و مەتریاڵەکانی دیکەی ژیانیش یان ئەوانەی کە مایەی خۆشگوزەرانین لای ئەو بەهایەکیان نامێنێت. ئەو بەختەوەری لەو ساتەدا دەبینێتەوە کە خۆی ون دەکات. چونکە شاعیر سرەوتی لێبڕاوە و ڕۆحی ماندووی بەردەوام وەك خۆی دەڵێت بەربەرەکانێی بیرکردنەوەی خۆی کردووە و بیرکردنەوەش لای ئەم شاعیرەمان هیچ ئەنجامێکی نییە. خۆ ونکردنەکەی شاعیریش خلیسکانە بەرەو ئەلکهولیزم و ئەمەش کاریگەرییەکانی بەسەر بڕگەیەك لە ژیانی کۆمەڵایەتی شاعیرەوە دیارە. لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە ئەم دۆخانە نامۆیی بەرهەم دێنێت کەڕەنگە تووڕەبوون یەکێك بێت لە ئەدگارەکانی ئەو نامۆییە.

دۆخی نیهیلیزم (عدمیە)یش وا لە مرۆڤ دەکات سەرجەم کۆڵەکەکان بڕوخێن و بەهاکانی ژیان بێبەها ببینرێن و تەواوی چێژ و جوانی پراکتیکی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان لە هاوکێشەی ژیاندا ببنە هیچ. ئەلکهولیزم دەتوانرێت وەك دەرئەنجامی نیهیلیزمیش لێکدانەوەی بۆ بکرێت. لێرەوە نامۆییش سەرهەڵدەدات و ئیتر چەمکەکان لەناو دەروونی شاعیر تێکەڵ دەبن و تۆخدەبنەوە. ئەم دۆخە وا لە شاعیر دەکات لە هیچ جێگایەك نەگیرسێتەوە (کەرکوك، بەغدا، شاخ، ئێران، سوریا، ئەڵمانیا، کەرکوك، سوید) و سەرچاوەکانی خۆشگوزەرانیش لە ماڵ و خانوو بێجگە لە خۆفریودان بە هیچیتر نەزانێت و هەر ئەمەش زەمینەخۆشکەری ماڵ سووتانەکەی بووە بەدەستی خۆی. جگە لەمەش تەنانەت خودی وجودیش ئەو بایەخەی نییە لای و بۆیە هەوڵ دەدات خۆکوژی بکات و سێجاریش ئەو ڕێگەیە ئەزموون دەکات. لەو دۆخە چالاکترین بەشە هەستی مرۆڤ خەیاڵە و شاعیر لە وڵاتی خەیاڵ دەژێت. شیعری ناسك کەسەر بە مەملەکەتی خەیاڵێکی مەست و ناسکە مەگەر تەنها شاعیرە مەستەکان بتوانن وێنای بکەن. شاعیر مەستە و مەستی بۆتە نیشتمانی خەیاڵی ئەو. ئەو دوورتر لەوەی خوێنەر پێشبینی دەکات ڕۆ دەچێتە نێو بینینی مەوداکانی ئاوێتەبوون لەگەڵ خۆلەبیرکردن. لەم سەرابستانی مەستبوونەشدا شاعیر جگە لە نائومێدی هیچیتر نادوورێتەوە.

ئایکۆنێکی دیکە، کە شاعیر کاری لەسەر دەکات مەسەلەی خۆشەویستییە. جا ئەو خۆشەویستییە ئافرەت بێت یان نیشتمان. خۆشەویستییەك شیرینتر بێت لە بۆنی خاك، بەڵام



خودی خاك جێوشوێنێکی باڵای هەیە لەناو کێرڤی خۆشەویستی شاعیر. شاعیر خۆشەویستی دەکات و ئەزموونی ئەو خۆشەویستییەش دەباتە نێو دنیای وشەوە. وشە و وێناکردن بەوشە لە باخچەکانی خەیاڵەوە بە هەستێکی جوان و ناسك هەر تەنها شاعیری داهێنەر دەتوانێت لەو زەریایە مەلە بکات و نەخنکێت. دیوێکی دیکەی ڕوانینی شاعیر لەبەرامبەر خۆشەویستی، تووڕەیی و بێزاری و ڕقە. هەرچەندە ئەم ڕقە ناتوانرێت وەك چەمکێکی گشتی و فرە لایەن بەسەر کۆی شیعری سەلام محەمەددا گشتی بکرێتەوە، بەڵام تاڵە ڕەنگاورەنگەکانی ئەو ڕقە لەناو تابلۆی شیعری شاعیر بەئاسانی دەبینرێن و خوێنەری بەسەلیقە و وردبین دەتوانێت یەك یەك دەستنیشانیان بکات. ئەندازەی ئەو خۆشەویستییەی لە دڵی شاعیردایە زۆر لەو مەودا بەرتەسکەی ڕق گەورەترە. لە ڕوانگەی شیعرەکانی شاعیرەوە دەتوانین کانگای ئەو ئەڤینە ببینین کە چۆن سەردەکا و وەك کانیی هەڵدەقوڵێت. خۆشەویستی و عاشقبوون سێبەری خستۆتە سەر سەرجەم جیهانی نووسینی کاك سەلام. ئەم عەشقە کە تاوێك توند و تاوێك خاو دەبێتەوە بەرئەنجامی کارلێککردنی ئینتمایە بۆ نیشتمان لەگەڵ ئازادی. هەرچەند نیشتمانی کاك سەلام جارێك کوردستانە و جارێك یارەکەیەتی، بەڵام ڕەهەندی عەشق لەوپەڕی مەودا فراوانی خۆی نمایش دەکات و ئەمەش تۆخ لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. سەلام محەمەد عاشقە و کۆمەڵێك عەشق سەریان ناوەتە سەر یەك و کڵافە عەشقێکیان پێکهێناوە. عەشقی ئازادی و عەشقی خاك و نیشتمان و عەشقی وشە و عەشقی ژن. ئەم عەشقانە هەندێکجار تەنها عەشقێك و هەندێکجاری دیکەیش زیاد لە عەشقێك لە بۆتەی بەرهەمێکی نوێ وەك چرایەك دادەگیرسێن.

ئایکۆنی ڕاستگۆییش کە تادێت لە کۆلان و شەقامەکانی نیشتمان کاڵتر دەبێتەوە و بەرەو فەنابوون دەچێت، لای شاعیر لە پلەیەکی باڵادایە. شاعیر بە هیچ شێوەیەك نایەوێت دەمامك بەکار بێنێت و خەریکی پەتپەتێن بێت بە ڕایەڵەی فیکری خوێنەرەوە. ئەو دەیەوێت ڕاستگۆیانە پشت لە دەسەڵاتداران و ستەمکاران و ڕوو بە خەڵك بێت. ئەم ویستەی شاعیر لەگەڵ مەغزای شیعرەکانی تەریبن ئەمەش بەدەوری خۆی کاریگەری هەیە بەسەر توندوتۆڵکردنەوەی ڕایەڵەکانی پەیوەندی نێوان شاعیر و خوێنەر. خوێنەر (مەبەست خوێنەری جیددی و بەئاگایە) بەشوێن شاعیرێکدا ناگەڕێت هەر ڕۆژەی فوو بە زوڕنایەکدا بکات و هەر جارەی جۆرە دەمامکێك ببەستێت. خوێنەر هەمیشە سەرباری پرسی داهێنان بە سۆراخی ڕووی

ڕاستەقینەی نووسەرەوەیە. ڕەنگە زۆرجار دەقنووس ڕاستگۆییەکەی بە زیان بۆی تەواو بێت، ڕەنگە ئەو ڕاستگۆییە ببێتە ئاستەنگێك (لەمپەرێك) لەبەردەم دەنگدانەوەیەکی فراوانتری نووسەر، ڕەنگە لە هەندێ حاڵەتدا ڕاستگۆیی نووسەر ببێتە هۆی تۆرانی خوێنەر، بەڵام هەقیقەت هەر خۆی دەردەخات. کاك سەلامی شاعیر بێترس لەوەی خوێنەر چۆن حیسابی بۆ دەکات و بێ سڵکردنەوە لەوەی پەنجە خستنە سەر ڕابردووی چ زیانێکی بە شوێنەوەیە، دان بە ڕاستییەکاندا دەنێت. ئەم دانپیانانە بە بۆچوونی من شاعیر دەباتە ئاستێکی دیکە لە ڕوون و ڕەوانی و هەقبێژی. ئەگەر ڕاستگۆیی وەك لایەنێکی ئاکار لەژیانی پراکتیکی شاعیر دیار بکەوێت، ئەوا لە دونیای خەیاڵ و نووسیندا ئەم ڕاستگۆییە تۆختر دەردەکەوێت. ڕاستگۆیی شاعیر بەر لەوەی ڕاستگۆیی بێت لەگەڵ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، ڕاستگۆییە لەگەڵ خودی خۆی، ڕاستگۆییە لەگەڵ خەیاڵ. ئەمەش کلیلی بردنەوەی سۆز و خۆشەویستی خەڵکە. دەتوانین ڕاستگۆیی شاعیر لە چەند ڕەهەندێکەوە ببینین و بخوێنینەوە. ڕاستگۆیی شاعیر لەگەڵ خود، ڕاستگۆیی لەگەڵ خوێنەر، ڕاستگۆیی لەگەڵ دەوروبەر (یار و نیشتمان)، ڕاستگۆیی شاعیر لەگەڵ خەیاڵ. من لێرە دەرفەتی ئەوەم نییە بە قووڵی بچمە ناو ئەو ڕەهەندانەوە، بەڵام لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیوانی سەلام محەمەدەوە ڕووبەڕووی ئەو ڕەهەندانە دەبینەوە و دەتوانین بەجوانی بیانبینین.

ئایکۆنی بەرخوردی شاعیر بەچەمکەکانی مردن و ڕامان لەبوون و فەلسەفەی ژیان، قورساییان هەیە بەسەر بەشێك لە بیرکردنەوە و ئینجا بەسەر بەشێك لە شیعرەکان. لەلایەکەوە کات لای شاعیر نەسەرەتای هەیە و نەکۆتایی. ئەم دیدە و پرسیارە فەلسەفییەکان لەسەر نهێنی دروستبوونی گەردوون و ژیان و مرۆڤی باڵا و ئاسمانەکان و ئینجا خوا، شاعیر لە گومانێکی گەورەدا دەهێڵێتەوە، یان ڕاستتر بڵێین تووشی دڵەڕاوکێیەکی گەورەی دەکات. خواستی شاعیریش وەك خواستی گەلێك بیرمەند و ئینسانی دیکە گەیشتنە بە یەقین، بەڵام مەخابن ئەو یەقینە سەرابە و گەیشتن پێی نزیکە لە مەحاڵەوە. بۆیە هەست دەکەین شاعیر قەدەری خۆی داوەتە دەست زەمەن. ئەگەر زەمەن لە سەرەتای کاروانی دەستپێکردنی شیعریی کاك سەلام بایەخێکی ئەوتۆی نەبووبێت، ئەوا لەم ساڵانەی دواییدا بەهای زەمەن لە دیدی شاعیرەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. ئەم ئاڵوگۆڕەش کاریگەری هەیە بەسەر باری دەروونی



شاعیر و لە مرۆڤێکی سەرکێش و یاخی و عەجول و ئانارشیستەوە دەگۆڕێت بە مرۆڤێکی هێمن و بێدەنگ. ئەم بێدەنگییەش کە بەقسەی شاعیر بۆتە"ڕۆمان و لە زمانی حەرف یاخییە"دەبێتە هەقیقەتێکی ژیان. هەقیقەتیش شاعیر وتەنی "بەمیوانیی و ڕێبواریش ڕێگای نەکەوتووەتە ماڵەکەم. حەقیقەت زاراوەیەکی داتاشراوە لەناو فەرهەنگەکانی زماندا لەملاولا دەکەوێتە بەرچاوم. خۆشەویستییەکی کوشندەیە، بەڵام نازانم سەرچاوەکەی لەکوێوە هەڵدەقوڵێت و لە مردن بەولاوە بەرەو کوێی ترم دەبات". حەتمیەتی مردن ئەو حەقیقەتەیە کە بە نیگەرانییەکی بەترس داپۆشراوەوە باسی لێوە دەکەین و دانی پێدا دەنێین. شاعیر لەم حەقیقەتەوە بەدوای تیشکی ئومێدێکدا دەگەڕێت، بەڵام ئەو تروسکاییە دیار نییە و بۆیە تاریکی سێبەر دەخاتە سەر ئەتمۆسفیری بیرکردنەوە و شیعر و ژیان. گەڕان و سۆراخەکانی کاك سەلام بەشوێن نهێنییەکانی دوارۆژ و دەسکەوتە زانستییەکانی داهاتوو هێندە جیددین تا کار دەگاتە ئەوەی لە دەیەی نەوەدەکاندا نامە بۆ تاقیگاکانی ئاژانسی ناسا بنووسێت و ئامادەیی خۆی نیشان بدات کە خۆبەخشانە ئامادەیی تیایە بۆ مەیاندن، بەڵام خۆی وتەنی هێشتا وەڵامیان نەداوەتەوە. پرسیارەکانی شاعیر زۆرن و وەڵامەکانیش نادیار، بۆیە من وای دەبینم سەلام محەمەد ڕەنگە ئەم سەردەمەی تیا لەدایکبووە و ژیاوە بەزەمەنێکی هەڵە بزانێت سەبارەت بە وجودی خۆی، ئەو حەزی دەکرد پاش سەد ساڵی دیکە بهاتایە ژیان و ئەوسا دەست و پەنجەی لەگەڵ زانست و تەکنەلۆژیایەك نەرم بکردایە، کە ڕەنگە وەڵامی گەلێك پرسیاری بۆ ئاسانتر بکردایەتەوە، بەڵام ئەمەش خۆزگەیەکە و لەوانەیە خۆزگەی ملیۆنان کەسی دیکە بێت.

ئایکۆنەکانی هەڵوێست و خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و حەقیقەتی بوون هەڵکێشراو لە ئەڤی و عەشق، ستراکتۆری شیعری کاك سەلامییان لەسەر بنیاد نراوە. ئەم ئایکۆنانە بوونە بە هەڵگری تەواوی تێگەیشتن و بۆچوونی بابەتیانەی شیعری لای شاعیر. بەچەند وشەیەکی دیکە ئەم گۆشەنیگایانە (ئایکۆنانە) دەتوانن پەنجەرەکانی سەر ڕووی دونیابینی شاعیر بەڕووی خوێنەردا بکەنەوە و پەیامیش لەخۆیاندا بەرجەستە بکەنەوە.

بەڵام سەبارەت بەلایەنی هونەری شیعرەکانی سەلام محەمەد، جێگای هەڵوەستەکردن و تێڕامانن، چونکە ئەو سەرباری زمانێکی سادە و بێ گرێ و گۆڵ بەتواناییەکانی خۆی لێزانانە

كاری لەسەر شێوەی شیعرەكان كردووە و ئەوەندەی دیكە لە بەردەڵانی شیرین كردوون. شیعرەكانی كاك سەلام پڕن لەو ڕەگەزە هونەرییانەی كە شیعر جوان دەكەن و خوێنەر بەلای خۆیاندا كێش دەكەن. من هەوڵ دەدەم لێرەدا بەكورتی لەو لایەنە هونەرییە بدوێم.

زمانی شیعری كاك سەلام زمانێكی سادە و بێ گرێ و گۆڵە. زمانێكە لە ئاست تێگەیشتنی خوێنەر بە هەموو ئاستەكانییەوە بێ كێشەیە. بە بۆچوونی من كاك سەلام هەر بەزمانی حەفتاكان دەنووسێت كە بە زمانی ڕوانگەییەكان یان (زمانی شیعری ڕوانگە) ناسراوە. تایبەتمەندییەكانی ئەو زمانەش بریتی بوون لە سادەیی و دارشتنی كورت و بەكارهێنانی وشەی كوردی پەتی و سفت و توندوتۆڵ بەجۆرێك كە ڕایەڵەی زمان بەو تایبەتییانەی سەرەوە دەبێتە ناسنامەی زمانی شیعریی. ئەگەر بەراورد بكەین لەنێوان قۆناغی سەرەتا و قۆناغی ئێستا(واتە زمانی كۆشیعری دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەكی زەردەوە لەگەڵ شیعرەكانی دوای ساڵی ٢٠٠٨) لەڕووی زمانی شیعرەوە دەبینین كە زمان سادەیی خۆی پاراستووە، بەڵام بە حوكمی ناوەڕۆك بڕێك لە هونەرەكانی دەربڕین دوور كەوتۆتەوە. بەواتایەكی دیكە سنووری خەیاڵی شیعریی لە شیعرە تازەكانی كاك سەلام لەچێوە دراون و بەمەش هەندێك ڕەونەقی خۆی لەدەست داوە. كاك سەلام دان بەوەدا دەنێت كە شیعرە تازەكانی لاوازترن، بەڵام ناڵێت لاوازییەكە لەكوێیە. ڕەنگە خوێنەر ڕا بەو لاوازییە ببات. بەبۆچوونی من شیعرە تازەكانی كاك سەلام لەڕووی پەیامەوە ڕوونترن و مەبەست بەئاسانی دەگاتە وەرگر، بەڵام لەڕووی تەكنیكەوە هەڵگری جۆرێكی دیكەن لە شێواز. بۆیە خوێنەر وەختێك پێشبینی هەمان نەفەس و دەستڕەنگینی دەكات كە لە "دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەكی زەردەوە" ئەزموونی كردووە، كەچی لەبری ئەوە ڕووبەڕووی جۆرێكی دیكە لە تەكنیك دەبێتەوە، خوێنەر نائومێد دەبێت. واتە بەبۆچوونی من لاوازییەكە تەكنیكە نەك پەیام. هۆكارەكەشی بە پلەی یەكەم دووركەوتنەوەی كاك سەلام محەمەدە لە شیعر و نووسین بۆ ماوەی زیاتر لە پانزە ساڵ. ئەوەش ئاشكرایە بەهرە و شارەزایی ئەگەر بەردەوام لە ئەزموونەكاندا خۆیان نمایش نەكەن و شاعیر پاشخانی مەعریفی خۆی بەردەوام بەهێز نەكات، ئەوا بێگومان بەهرە و شارەزایش بەرەو گۆشەگیری و پووكانەوە دەچن. هەرچەندە ئەمە ڕێك دۆخی سەلام محەمەد نەبووە، چونكە كاك سەلام گەرچی ئەو ماوەیە لە شیعر دوور كەوتۆتەوە، بەڵام لە دونیای خوێندنەوە و مەعریفە هەر بەنزیكی ماوەتەوە.



وێنە شیعرییەكانی كاك سەلام محەمەد دەتوانم بەدوو جۆر پۆلینیان بكەم: وێنەی شیعری سادە و وێنەی شیعری ئاوێتە لەلایەك و وێنەی وەستاو و جوڵاو وەك كاك كەریم شارەزاش باسی لێوە كردووە لەلایەكی دیكە. شیعرەكانی كاك سەلام تەژین لە وێنەی شیعری سادە و هەروەها وێنەی شیعری ئاوێتە، بەڵام ئەمەی دوایی كەمتر بەرچاو دەكەوێت لەوانەشە هۆیەكەی ئەوە بێت كە نەیویستبێت خەریكی گەمەكردن بێت بە وشە، یان مەبەستی نەبووە خوێنەر بە دیار تەكنیكەوە سەرقاڵ بكات و لە پەیامی شیعرەكەی دوور بخاتەوە. شاعیر وەك شێوازی تەكنیك جگە لە وێناكردنی وێنەی جوان و ئیشكردن لەسەر مۆسیقای شیعر، كاری لەسەر (Personification) بە كەسیكردنی سروشت و ماتریاڵەكان كردووە و ئەم ڕەگەزە دووەم ڕەگەزە دوای میتافۆر كە پانتاییەكی گەورە لە شیعری كاك سەلام داگیر دەكات. دەستەواژە و فرێزەكانی(هەتاو و وڵات و شینایی غەم و نەخشەی دڵدارە شێتەكان و خەم و نەرمەبای پەژارەی پیرۆز و... تاد.) شوێنی كاركردنی شاعیرن بۆ بەكەسیكردن و بەخشینی سیفەتی مرۆڤ بەو وشانە. میتافۆر جێگایەكی گرنگی لە شیعرەكانی سەلام محەمەد پێ ڕەوا بینراوە. بەرخوردی شاعیر بەم ڕەگەزە گرنگە لە ئاستێكی باڵادایە. هەرچی لێكچوواندنە ئیشی جوانی لەسەر كراوە. لێكچوواندن و میتافۆر و دەنگ و ئاوازی چوونییەكی بەدوای یەكدا هاتوو(Alliteration) كە هەندێكجار سەرەتای ڕیتمیشی پێدەگوترێت: (منیش بە بەستەی باران بارینە بارانی ئەوین، ئەو شەپۆڵە سێ سەرە سامناكەت دیوە، پۆل پۆل پەپوولەی،... تاد.) كە لە شیعرەكانی دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەكی زەردەوە زۆر بەچڕی و بەتۆخی دەردەكەون. ئەم چڕییەش ڕۆڵی پۆزەتیڤی گێڕاوە لە جوانكردنی ئاوازی شیعرو دەرخستنی ئیستاتیكای زمانی شیعریی. هارمۆنیای شیعریی وەستاییەكی جوانی تیا بە خەرج دراوە. هەرچی ڕەگەزە شیعرییەكانی دیكە لە چەشنی (ڕەمز و میزاج و هەوەس و پرسیاركردن (Rhetorical Question) و و دواندنی نادیار(Apostrophe) و... تاد.) هەر یەك بەجۆرێك و لەئاستێكدا و بەپێی پێویستی شیعرەكان ئیشی تیا كراوە، بەتایبەتی پرسیاركردن و دواندنی نادیار بەدرێژایی كتێبەكە لەگەڵ خوێنەر دان.

### وەستانێكی زۆر كورت لەسەر چیرۆكەكانی سەلام محەمەد

سەلام محەمەدی شاعیر وەك زۆر شاعیری دیکە خۆی لەقەرەی ژانری چیرۆك داوە و ئەو کاتانەی کە شیعر فریای نەکەوتووە بە کورتەچیرۆك مەبەستەکەی دەربڕیوە. واتە نووسینی کورتەچیرۆك لای سەلام محەمەد لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە قەرەبووی لاوازییەك لە شیعری خۆی بکاتەوە، بەڵکو بەبۆچوونی من لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، کە سەلام محەمەد لەتوانایدایە لە بواری جیاجیادا هەنگاوی بەرهەمدار هەڵبگرێت و جێدەستیشی دیار بێت. ئەم بۆچوونەشم لە ئەنجامی خوێندنەوەی تایبەتی خۆم بۆ سێ چیرۆکی کاك سەلام لا گەڵاڵە بووە. سەلام محەمەد تا ئەمڕۆ کە من ئەم وشانە دەنووسم تەنها نۆڤلێتێك و شەش کورتەچیرۆکی نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە کەئەمانەن: "پەپوولە سپییەکان"و "قەڵەم"و "ڕەنگە خەمناکەکان"و "ڕەشەڕاو" لە دەیەی حەفتاکان لە ڕۆژنامەی هاوکاری و کورتەچیرۆکی "گرێ کوێرەی مەرگ" لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان لە گۆڤاری کاروان و هەروەها کورتەچیرۆکی "کتێبی بەفر" لەساڵی ٢٠٠٩دا نووسراوە و لە سایتی دەنگەکان، بڵاو کراونەتەوە. هەرچی نۆڤلێتی "پەپوولەی سپی"یە کە لە ساڵی ١٩٨٠ نووسیویەتی و دواتر ناردویەتی بۆ گۆڤاری کاروان... بەداخەوە ئەم نۆڤلێتە چاپنەکراوە و فەوتاوە هەرچەندە کاك سەباح ڕەنجدەر و ناسیاوێکی کاك سەلام زۆر هەوڵیان داوە پەیدای بکەنەوە، بەڵام بێسوود بوو. شایانی باسە ئەم نۆڤلێتە هەر هەمان ئەو کورتەچیرۆکەیە کە بەناوی "پەپوولە سپییەکان" لە دەیەی حەفتاکان لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوی کراوەتەوە و دواتر پەرەی پێدەدات و دەیکاتە نۆڤلێت.

جا لەبەر ئەوەی سێ چیرۆکی یەکەم و نۆڤلێتەکە لەبەردەستدا نین، بۆیە ناتوانین هیچ قسەیەکیان لەسەر بکەین، بەڵام چیرۆکەکانی دیکە، ئەوانەی لەم کتێبەدا خراونەتە بەر دیدە بواری ئەوەمان پێدەدەن کورتە سەرنجێك لەسەر تاقیکردنەوە و ئەزموونی چیرۆکنووسین لای کاك سەلام دەربڕین.

من وەك چۆن پێموایە سەلام محەمەد شاعیرێکی باشە، لەهەمان کاتدا پێموایە چیرۆکنووسێکە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین. زۆر شاعیری باش و سەرکەوتوو هەن لەهەمان کاتدا چیرۆکنووسی بەتواناشن. ئەمەش نەك هەر لە ئەدەبی کوردی، بەڵکو لە ئەدەبی میللەتانیشدا دەبینرێت. بۆ نموونە: لە ئەدەبی ئینگلیزی مارگریت ئات وود و ئیدگار ئالن پۆ و مایکڵ گرامی و لینگستن هیوز دۆرسی پارکەر و چاڕلس بوکۆفسکی و هەروەها لە ئەدەبی کوردیش لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و شێرزاد حەسەن و کەریم دەشتی و ئەدیب نادرو... تاد، هەن. ئەم ڕاوەستانە کورتە نە لێکۆڵینەوەیە لەسەر چیرۆکەکان و نە وردبوونەوەشە لەسەر



ئاستی هونەریی و دەسەڵاتی ئەدەبیی کاك سەلام، بەڵکو زیاتر ڕانانێکی خێرایە لەسەر ئەو سێ چیرۆکەی کاك سەلام محەمەد کە بریتین لە چیرۆکەکانی ڕەشەڕاو و گرێ کوێرەی مەرگ و کتێبی بەفر. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو سەرنجەش بخەمەڕوو کە ئەم چیرۆکانە بەتایبەتی چیرۆکەکانی "ڕەشەڕاو" و "گرێ کوێرەی مەرگ" سەر بە دونیای ڕوانگە و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوون. کەدەڵێم ڕوانگە مەبەستم ئەوەیە کە ئەم چیرۆکانە لە کەش و هەوای ڕوانگەوە هەناسە دەدەن. لەو کەش و هەوایە زمان و تەکنیك لەلایەك و خەیاڵ لەلایەکی دیکەوە گرەو لەسەر چیرۆکەکان دەکەن. گرنگیدان بە ڕەگەزی زمان و تەکنیك و لاوازی ڕەگەزی خەیاڵ بە مانای ڕەتکردنەوە و هێڵ بەسەرداهێنانی چیرۆك نییە وەك هەندێك پێیانوایە کە دەبێت ئەم کەلەپوورە ئەدەبییەی ڕوانگە ڕەت بکرێتەوە بە پاساوی ئەوەی ڕەگەزی خەیاڵ تیایدا باڵا دەست نییە. بەپێچەوانەوە من پێموایە ئەگەر خەیاڵ بە تەنکی لە چیرۆکەکانی حەفتاکاندا دەبینرێت و بەچڕی قورسایی بەسەر چیرۆکەکانی حەفتاکاندا نییە نابێت قەبوڵ نەکرێن و ڕەت بکرێنەوە، چونکە بمانەوێت یان نا، ئەم کەلەپوورە ئەدەبییە بۆتە بناغەی ئەدەبێك کە ئەمڕۆ سەدان دەقی ناوازەی هێناوەتە بەرهەم. هەر خوێندنەوەیەك کە لەسەر کوشتنی ئەزموون و تواناکانی ئەدەبی حەفتاکان و هەشتاکان بنیاد نرابێت، پێی بزانێت یان نا ڕۆڵی جەللادێك دەبینێت لە زامدارکردنی جەستەی ئەدەبی کوردیی. بەهەرحاڵ نامەوێت لە باسەکەم دوور بکەومەوە و من پێموایە ئەم چیرۆکانەی سەلام محەمەد چ لەڕووی ستراکتۆر (بونیاد) و چ لەڕووی مەغزاوە (Theme) ڕووبەڕووی ئەرکێکمان دەکەنەوە کە ئەویش لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە و خوێندنەوەی کۆدەکانییەتی. ئاشکراشە ئەم پێشەکییە جێی ئەو خوێندنەوەیە نییە و لەهەمان کاتیشدا ناتوانین فەرامۆشی بکەین، بۆیە بەڕانانێك هەم خۆمان و هەم خوێنەریش ڕەزایەت بەخش دەکەین، بەو ئومێدەی ڕۆژێك ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ئەم کارە جێبەجێ بکات.

لە هەر ئەو سێ چیرۆکەی کە ئەم کورتە باسە سێبەر دەخاتە سەریان حیکایەتخوان کەسی دووەمی تاکە. ئەم شێوازە لە گێڕانەوە بەدرێژایی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لای کاك سەلام وەك خۆی دەمێنێتەوە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت. واتە لە چیرۆکی ڕەشەڕاو کە ساڵی ١٩٧٧ نووسراوە تا دەگاتە چیرۆکی کتێبی بەفر کە ساڵی ٢٠٠٩ نووسراوە. ئەم وەستانە لەسەر جۆرێك لە حیکایەتخوان (کەسی دووەمی تاك) ڕەنگە وەك خاڵێکی درەوشاوە لە دونیای نووسینی چیرۆك لای کاك سەلام محەمەد تەماشا نەکرێت، بەڵام خودی ئەم شێوازە لە گێڕانەوە لای نەوەی

ڕوانگە جێگای بایەخ و گرنگی پێدان بووە. حیکایەتخوان (نووسەر) جاربەجار جێ بە کارەکتەری دەق لێژ دەکات و هەندێکجاریش هەست دەکەین بوونەتە یەك، وەك لە چیرۆکی "ڕەشەڕاو"نمایش کراوە. ئەم تێکەڵییەی نێوان نووسەر و کارەکتەری دەق هەندێکجار بە تۆخیو هەندێکجار کاڵتر خۆی دەنوێنێت. ڕۆڵی تەکنیکی بەریەککەوتن کە دەقنووس دەبێتە کارەکتەر (کەسی یەکەمی تاك) و دووبارە دەبێتەوە بە (کەسی دووەمی تاك)، ئەوەیە کە کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە بێلایەیانە نیشان بدات. ئەم تەکنیکە ڕەنگە پێشتر لە چیرۆکی کوردی بەکات هاتبێت، کەئەمە جێگای مەبەستی من نییە، بەڵکو بینینی من ئەوەیە کە زەمینەیەکی لەبار دەخوڵقێنێت بۆ دەربڕین. دەربڕینیش لێرەوە پەلوپۆ دەهاوێت و بە کاناڵی جیاجیا دەگاتە وەرگر یان خوێنەر. کارەکتەرەکانیشی زیاتر لە توێژی ڕۆشنبیر و وردەبورژوازی شار پێکدێن. ئەمجۆرە کاراکتەرانە بەپێی جێگا و شوێنیان لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ئابووری کۆمەڵگە جگە لە ڕاڕاییان، تەژین لە دوودڵی و گومان. ئەم کارەکتەرانە گونجاون بۆ دەربڕینی بیروڕای فەلسەفی و جیهانبینی نووسەر. هەڵبژاردنی ئەم کارەکتەرانە جۆرە زیرەکییەکی تیا بەخەرجدراوە. لە چیرۆکی ڕەشەڕاودا کارەکتەر یان پاڵەوان کە ڕۆشنبیرێکی بەئاگایە لە دونیا و دەوروبەر. لە ڕێگای بەریەککەوتن لەنێوان نووسەر و حیکایەتخوان، نووسەر هەوڵ دەدات ڕووی دزێوی ژیانمان نیشان بدات. ئەم کارەکتەرە سەرەکییەی چیرۆکی ڕەشەڕاو لەملاوە شیعر خەیاڵی ڕام کردووە و لەولاشەوە ئاماژەیەکی کورت بە جیاوازییە چینایەتییەکان دەدات، جیاوازییەك کەلەسەر ململانێی نێوان کار و سەرمایە بنیاد نراوە. دیاردەی هەژاریش لەم چیرۆکە وەك دیاردەیەکی (ئیلاهی) وێناکراوە نەك وەك بەرئەنجامی فراوانتربوونەوەی قڵشتی نێوان چینەکانی کرێکار و سەرمایەدار. هەژاری لە سیستمی سەرمایەداریدا لە ئەنجامی هەڵئاوسانی سەرمایە و پتربوونی زیدەباییەوە سەرهەڵدەدات، بەڵام کارەکتەرە ڕۆشنبیرەکەمان چاو لەم ڕاستییە دەپۆشێت و دێت لە گۆشەنیگای هەست و سۆزەوە و بەڕازاندنەوەی سینییەك لە گۆشت و برنج بۆ ماڵی پوورە مەنیج، کێشەکە دادەگرێتە ئاستێکی خوارتر و ئەم ڕێگاچارەیەش جگە لە قووڵترکردنەوەی برینەکان هیچی دیکەی لێ نایەتە بەرهەم. چیرۆکی ڕەشەڕاو پێداگرییەکی گەورەیە لەسەر



خۆشەویستی مرۆڤ. ئەگەر مرۆڤ بە بەهاترین سەرمایە بێت لای کارڵ مارکسی فەیلەسوف، ئەوا لای پاڵەوانی ئەم چیرۆکە مرۆڤ تا ئاستی پیرۆزیی بەرز کراوەتەوە. بە بۆچوونی من هەر لێرەشەوەیە تێکەڵییەکان لە خەیاڵی پاڵەوان دروست دەبن. چیرۆکنووس قەشە فۆتێس لە کازانتزاکیس دەخوازێت و دەیکاتە دەمامك بۆ دەربڕینی بۆچوونە فەلسەفییەکانی. لە چیرۆکی"کتێبی بەفر"یش نووسەر دەچێت هەمان مورادی ئەفسانەی ڕێی هات و نەهاتی چیرۆکنووس ڕەئوف بێگەرد دەکاتە دەمامك و جارێکی دیکە بەشێوازێکی نوێ ڕۆحی بە بەردا دەکاتەوە و دەیکاتە چاوگی نهێنی بەفر. وەرگرتن (ئیقتباس)ی کارەکتەر و دووبارە ڕۆح بە بەرداکردنەوەی لە پڕۆسەیەکی جیاوازتر لە دەقی ئۆریجینالْ (ئەسڵی) جێگای وردبوونەوەیە. خواستنی کارەکتەر دەتوانێت لەدوو ئاستدا خزمەت بە بونیادی دەق(چیرۆك) بکات. ئاستی یەکەم بەکارهێنانیەتی وەك دەمامك تا لە ڕێگەیەوە پێشبینییەکانی نووسەر بگات بە خوێنەر. ئاستی دووەمیش لێکگرێدانی زەمەنە جیاوازەکانە بەتایبەتی بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا. ئەم وەرگرتنی کارەکتەرە زەمینەیەکی گونجاو دێنێتە ئاراوە تا نووسەر ئازادانە کار لەسەر گرێچنەی دەق بکات. شوێنکات لە چیرۆکی کتێبی بەفر وڵاتی سویدە و مورادەکەی ئەفسانەی ڕێی هات و نەهاتی ڕەئوف بێگەرد کە جاران دەلیلی کاروان بوو ئێستا لە سویدە و پرۆفیسۆرە لە بوارەکانی بەفر و ئاو. لە چیرۆکی کتێبی بەفر دەقنووس چ بەهێما یان بەئاماژە ئەوە بە خوێنەر دەڵێت کە مێژوو نەوەستاوە. ئەوانەی دوێنێ و لەنێو جەرگەی ڕووداوەکانی کوردستاندا ژیاون و ڕزگاریان بووە، ئەمڕۆ بەجۆرێکی دیکە و لە بەرگێکی دیکەدا دەبینرێن. ڕەنگە ئەم هاوکێشەیە برێك سادە خۆی بنوێنێت، بەڵام بۆ گەلێکی وەکو کورد کە بە پرۆسەکانی کیمیاباران و ئەنفال و کۆڕەوی ملیۆنی دا تێپەڕیوە و پاشانیش کۆچکردن ڕووە و نادیار، سێبەری خستۆتە سەر چارەنووسی ئەم میللەتە، هەروا ئاسان نییە. ئەوەی جێی سەرنجە کارەکتەری کتێبی بەفر لە دەلیلی ڕێگاوە دەبێت بە پرۆفیسۆر. ئەم ئاڵوگۆڕە پرسیار دەخوڵقێنێت لە چەشنی: چۆن موراد بوو بە پرۆفیسۆر؟ ئایا ئەو شارەزاییە هەوێنی ڕابردووە یان ئاشنابوونە بە بنەماکانی زانستی ژینگە و تەکنەلۆژیای مۆدیرن؟ ئایا بۆچی موراد لەبری پرۆفیسۆر نەبوو بە قاپ شۆڕ یان لەنێو ڕەوەندی کورد لە ئەورووپا نەبوو بە چالاکوانێکی

سیاسی؟ بە بڕوای من ئەمە خاڵی بەهێزی گرێچنە(plot)ی چیرۆکەکەیە کە چیرۆکنووس لێرەوە کار لەسەر ئاگایی خوێنەر دەکات و سەرنجی دەباتەوە سەر ڕێڕەوی(مجری)ی ڕووداوەکان. ئەم مەغزایە شوێنی کاری نووسەر بووە و تیایدا سەرکەوتووش بووە. لە تەواوی چیرۆکەکە ئەتمۆسفیرێکی هێمن باڵی بەسەر دەقەکەدا کێشاوە و ڕەنگی زاڵیش لەم چیرۆکە ڕەنگی سپییە. لە چیرۆکی "گرێ کوێرەکانی مەرگ"سەرباری خەیاڵی زانستیی، خوێنەر لە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکدایە لەنێوان نامەئلوف و واقیعێکی بێ پرسیار و ناحاڵی. پاڵەوان (کارەکتەر) لەو دەقە لەدووتوێی ڕستەکانەوە تەنها سێبەرەکەی دەبینرێت. بۆیە پاڵەوانەکە پاڵەوانێکی ئاکتیڤ نییە. ئەوەی ئاکتیڤە لیژنەیەکە کە لە ڕوانگەی ڕاپۆرتێکەوە دەبینرێت. لەو چیرۆکە کارەکتەر (شێرکۆ) لەنێو ئۆقیانووسێك لە پرسیار، کەوتۆتە نێو دۆخێکەوە کە جگە لە دژایەتیکردنی خودی پاڵەوان هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە. واتە هەلومەرج و ئەتمۆسفێر تاریك و نێگەتیڤن و لە بەرژەوەندی پاڵەوان نین.. من خۆم ئەمەم تەنها لە ڕۆمانی ١٩٨٤جۆرج ئۆروێڵ بینیوە کە هەلومەرج پاڵەوان لەمەنگەنە بدات. دادگا و لیژنەکان و ئامادەبووان و پارێزەران بەشێکن لە دۆخێکی چەقبەستوو کە نووسەر دەیەوێت ململانێیەکمان نیشان بدات، ململانێیەك تا لەو ڕێگەیەوە ڕیوایەت بەو پەیامەی خۆی بدات کەدەیەوێت بیگەیێنێتە وەرگر یان خوێنەر.

لە سیستمی دیجیتاڵدا مۆراڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن بە پەیوەندییەکی نا ئینسانی سارد و سڕ، کە نەسۆز تیایدا کارەکتەرێکی چالاکە و نەبەزەیی!. واتە بەرژەوەندی شوێنی بە هەست و سۆز لەق دەکات. پرسیارکردنیش لە دەرەوەی سنوورە باوەکان جێگای قەبوڵ نییە و تەنانەت سزایشی بۆ دانراوە. لەم چیرۆکە مێشکی پاڵەوان (شێرکۆ) کەوتۆتە پێش سەردەمەکەی. کۆمەڵگە تێی ناگات و بۆیە هەوڵ دەدەن بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ڕێگەی مەیاندنەوە لە کۆمەڵگەی دوور بخەنەوە. مەیاندنیش وەك بەشێك لە خولیا و خەونی گەیشتن بە نەمریی هەوڵدانێکی خەیاڵئامێزانەیە لە ڕێگەی گەشەی تەکنەلۆجیاوە بۆ دەستڕاگەیشتن بەو نەمرییە.



چیرۆکنووس ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا و لە ڕێگەی ئەم دەقەوە دەتوانم بڵێم خۆی لە ڕەوتی زاڵی ئەوسای چیرۆکی کوردی جیا کردۆتەوە. بە بەراورد بە مێژووەکەی (نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو) کە ئەو سەردەمە ڕەوتی زاڵی نووسین خۆی لەسەر تەوەرە چینایەتی و نەتەوایەتی دەبینییەوە، ئەم دەقە هەوڵێکی تاڕادەیەك نوێ بووە. لادان لە ڕەوتی ئاسایی و باوی نووسین و دەستبردن بۆ ناوەڕۆکێکی نوێ جگە لە نوێکاری هیچ شیکارییەکی دیکە هەڵناگرێت. لێرەوەشەوە بۆم گرنگ نییە چ ناوێك یان چ دەستەواژەیەك وەك ئاوەڵناو لەدوای ناوی چیرۆکنووسەوە دادەنرێت، وەك نوێکار، نوێخواز، داهێنەر، پێشڕەو،... تاد. بەڵکو گرنگ ئەوەیە خوێنەر لەگەڵ دەقێکدا ڕووبەڕوو بۆتەوە کە زوو و بەر لەهەمووان ئاڵای جیاوازی بەرز کردۆتەوە و خۆی جیاکردۆتەوە لە ڕەوت و ڕێڕەوە باوەکانی ئەو کات.

چیرۆکنووس لە شێوازی نووسین و دامەزراندنی بونیادی ئەم دەقەدا سوودی لە کاری پارێزەری و یاساناسی خۆی بینیوە و ئەمەش بەئاشکرا بە بونیادی دەقەکەوە دیارە. ئەتمۆسفیری دەقەکەش تاریك و هێمنە و پاڵەوان دەنگی نابیسترێت و ئەو دەنگەدەنگەی لەزۆربەی چیرۆکەکانی ئەو سەردەمەدا دەبیسترێن و دێنە بەر گوێ، لەم دەقەدا بوونیان نییە. فەزایەکی پڕ لەترس و بێڕەنگ باڵ بەسەر زەمەنی چیرۆکەکەدا دەکێشێت. ئەم کپی و ماتییەی لە دەقەکەدا هەستی پێدەکرێت، پەیوەستە بە دەرخستنی توانای هەڵبژاردن، کە کاك سەلام محەمەد لەڕێی زمانەوە توانیویەتی ئەم کارە ئەنجام بدات.

## بیرۆکەی ئەم کتێبە لە کوێوە سەریهەڵدا؟

من خۆم گەلێجار لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەك "بەیان و پاشکۆی عێراق و ڕۆژی کوردستان و هاوکاری و ڕۆشنبیری نوێ و... تاد."دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ناوی سەلام محەمەدم بینیوە و شیعر و نووسینیم خوێندۆتەوە، بەڵام دانی پیا دەنێم خوێندنەوەی ئەوکاتم هەر تەنها خوێندنەوەیەکی سادە و سەرپێیی بووە و تەنانەت نەمدەزانی سەلام محەمەد لەکوێدا پشکی تازەکردنەوە و پێشڕەوی بەر دەکەوێت. بەهۆی کەمی تەمەن و قاڵ نەبوونەوەی ئەوسام لە دنیای ئەدەب و جیهانی شیعریی کاك سەلام نەمدەتوانی هەنگاوەکانی ببینم. دواتر ئەویش بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و منیش ئاگایەکی وام لە شیعری

ئەو نامێنێت تا لەم دوو سێ ساڵەی دوایی و لە ڕێگەی سایتە ئەلەکترۆنییەکان و هەروەها تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك نزیکتر لە جاران ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم شاعیرە پەیدا کردەوە و ئیتر جاروبار وردە نووسین و شیعری یەکترمان دەخوێندەوە و کۆمێنتمان بۆ یەکتر دەنووسی. ئەم ئاشنایەتییە بەردەوام بوو تا ئەو جێیەی هەستم دەکرد ئەم شاعیرە هەر وەك خۆشی دەیگوت پەراوێز و پشتگوێ خراوە. بیرۆکەی ئەم پرۆژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمێنتێکی کاك سەلام محەمەد لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك کە نووسیبووی"چش با بانگ نەکرێم بۆ ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ، بۆ خۆم دەچم هەفتەیەك لە میسر پشوو ئەدەم". ئەم کۆمێنتە سەرنجی ڕاکێشام و منیش کەڵکەڵەی چاوپێکەوتنێکم لەگەڵیدا کەوتە سەر. دوای ئەوەی پرۆژەکەم لەگەڵ کاك سەلامدا باس کرد و ئەویش ڕەزامەندی خۆی نیشاندا و دەستمان کرد بە وتووێژ... لەو کاتەشدا دیوانەکەی خۆی بەدیاری بۆ ناردم و منیش ورد خوێندمەوە... خوێندنەوەی دیوانەکە ئاستی ئاشنایەتییەکەمی بردە ئاستێکی باڵاتر... لەوێدا ئیتر زۆر لە نزیکەوە و لە زمانی خۆیەوە ئاگاداری شیعر و ژیانی بووم. منیش لەلای خۆمەوە بۆ ئەوەی تەوقی ئەو پشتگوێخستنەی کاك سەلام بشکێنم دەستم بە کارەکەم کرد. هەوڵمدا خۆم لە پرسیاری دووبارەبۆوە بپارێزم و قسە لەسەر ئەو مەسەلانە بکەین کەلە چاوپێکەوتنەکەی گۆڤاری هەنار باس نەکراون یان فریای باسکردنیان نەکەوتوون، تاکو هەردوو چاوپێکەوتنەکە پێکەوە و بەسەریەکەوە ببنە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند لە ناسینی ئەم شاعیرەمان (هەرچەندە بەزەرورەت هەندێك بابەت دووبارە بوونەتەوە لە چەشنی باسکردن و گێڕانەوەی سەردەمی منداڵیی و کێشەکانی یەکێتیی نووسەرانی کەرکوك لە ساڵی ١٩٧٢ و... تاد). دواتریش پێشنیاری ئەوەم کرد کە بە پرسیارێك ڕاوبۆچوونی ژمارەیەك نووسەر و شاعیر وەربگرم لەسەر ئەزموونی شیعری سەلام محەمەد و کتێبەکە دەوڵەمەندتر بکەم بە تێڕوانینی ژمارەیەك لە نووسەران ئەوانەی بەنەوەی حەفتاکان و هەشتاکان و تەنانەت نەوەدەکانیش ناوزەد دەکرێن. وەك لەم کتێبەدا دەیبینن ژمارەیەك نووسەر و شاعیر بۆچوون و تێڕوانینی خۆیان لەسەر ڕۆڵی پێشڕەوانەی کاك سەلام لە دەیەی حەفتاکان دەربڕیوە. هەروەها لەسەر پێشنیاری کاك سەلام خۆیشی ئەو وتارانەی کە لەسەر شیعر و ئەزموونی شیعریی کاك سەلام نووسراون و لەبەردەستدان لەم کتێبەدا بڵاو بکەینەوە. سەرەتا بەنیاز نەبووین ئەم کتێبە هیچ شیعرێکی کاك سەلام لەخۆ بگرێت، چونکە کاك سەلام وتی بەنیازم شیعرە تازەکانم کە بەشی کۆشیعرێکیان لێدەردەچێت چاپ بکەم، بەڵام دوایی هاتە سەر ئەو ڕایەی کە جارێ بەو زووانە



شیعرەکانی چاپ ناکات بۆیە ئەگەر شیعرەکان ببنە بەشێك لەم کتێبە خراپ نابێت. منیش بە خراپم نەبینی و شیعرەکانمان ئاخنییە نێو ئەم کتێبەوە، لەگەڵ ئەو سێ کورتە چیرۆکەی کە لەبەردەستدان. دواتریش من پێمباشبوو کە دیدارەکەی کاك سەلام لەگەڵ گۆڤاری هەنار وەکو خۆی جارێکی دیکە لەم کتێبەدا بڵاو بکەمەوە ئەویش، چونکە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە ئەزموون و یادەوەرییەکانی کاك سەلام. لەهەمان کاتیشدا بە پێویستیم زانی شانبەشانی دیدارەکەی گۆڤاری هەنار هەردوو نووسینەکەی کاك سەلام خۆی بەناوەکانی"تەسبیحات بە وشە و زەنگی سەعاتی بیستوپێنجەمی تەمەنم یان گەڕەکی شاعیرەکان"یش جێبکەمەوە، چونکە لەلایەکەوە ئاستی نووسینی پەخشان(نثر) لای کاك سەلام نیشان دەدەن و لەلایەکی دیکەیشەوە کەم تا زۆر پەیوەندییان بە ئەزموونی نووسینی شاعیرەوە هەیە. جگە لەمانەش پێداگریم کرد لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی کاك سەلام.

وەختێ سەرقاڵی پرۆژەکە بووین و جاروبار بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد، جارێکیان کاك سەلام باسی لەوە کرد کە نووسینێکی لەسەر ئەزموونی ئەدەبیی خۆی نووسیوە بۆ پرۆژەی کتێبی "هاوڕێیانی شەقامی جمهوری" کە هەریەك لە بەڕێزان ئەدیب نادر و ئازاد ئەحمەد سەرپەرشتی دەکەن. منیش پێموابوو ئەو نووسینە گرنگی خۆی هەیە و پێویستە لەم کتێبەدا جێی بکرێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش جگە لە کاك سەلام خۆی، لەگەڵ کاك ئازاد ئەحمەد ئەسوەدیش لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە باسم کرد و ئەویش ڕەزامەندی خۆی نیشان دا و منیش لێرە خستوومەتە دووتوێی ئەم کتێبە. ئەمە جگە لە دانانی سکێچی بایۆگرافی نووسەرانی بەشدار بوو یان ناوهاتوو لەم کتێبە کە تا ڕادەیەك بەرچاوڕوونییەك دەبەخشێتە خوێنەر. لەکۆتایشدا بە دانانی گەلەری وێنەکانی کاك سەلام ڕەنگە خوێنەر پتر بە ناوەڕۆکی کتێبەکە پەیوەستتر بێت. سەرباری ئەمانەش کاتێك پرۆژەکە بەرەو تەواو بوون دەچوو، بانگەوازێکم لە ڕۆژنامەکانی هەواڵ و هەولێر و سایتەکانی دەنگەکان و هاوپشتی بڵاو کردەوە بۆ خوێنەرانی کورد تا بەشدار بن لەم پرۆژەیە، وەك گێڕانەوەی ڕێز بۆ خوێنەر و تێکشکاندنی کلتووری باوی فەرامۆشکردنی خوێنەر کەلە جەوهەردا بایەخ نەدانە بەچێژی خوێنەر. بەمەش ئەو نامیلکەیەی کە بڕیار بوو بێتە بەرهەم، بوو بەکتێبێکی چەند سەد لاپەڕەیی کە دەتوانم بڵێم ئەمە یەکەمین کتێبە کە تایبەت بێت بە یادەوەری و ئەزموون و تاقیکردنەوە ئەدەبییەکانی کاك سەلام محەمەد و لەهەمان کاتیشدا ببێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، چونکە وشە بە وشەی نێو ئەم کتێبە لەلایەن کاك سەلام خۆیەوە خوێنراوەتەوە پێش ئەوەی بگات بە دەستی

ئێوەی هێژا. خاڵێکی دیکە هەر سەبارەت بەم کتێبە مەسەلەی ڕێنووسە. وەك دەزانن ئەم کتێبە لە نووسینی تەنها کەسێك نییە و کۆمەڵێك ئەدیب و نووسەر بەشدارن تیایدا و هەریەکەیان جۆرە بایەخێکیان هەیە بۆ کێشەی ڕێنووس. بۆیە سەیر نییە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا خوێنەر هەندێك وشە ببینێت بەدوو ڕێنووسی جیاواز نووسرابن. بەتایبەت لە بەشی لێکۆڵینەوە و وتارە ڕەخنەییەکان کە من هیچ مافێکم بەخۆم نەداوە دەستکاری ڕێنووسیان بکەم. ئاشکرایە ئەم خەوشەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەم کتێبە ئەو کتێبە نییە، کە من لە خەیاڵی خۆمدا نەخشەم بۆ کێشابوو. من حەزم دەکرد ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی زانستی گشتی بوایە لەسەر کۆی بەرهەمەکانی کاك سەلام بە شیعر و وتار و دیدار و چیرۆك و وەرگێڕانەکانییەوە. من دەمویست پەنجە بخەمە سەر خاڵە لاواز و درەوشاوەکانی دونیای نووسینی کاك سەلام، سەر لایەنە گەش و تاریکەکانی جیهانی نووسینی ئەو، و ئینجا خوێندنەوەی بارودۆخ و کاریگەرییەکانی سەر ڕەوتی گەشەی جیهانبینینی ئەدەبیی کاك سەلام، بەڵام چونکە سەرجەم بەرهەمەکانم لەبەردەست نەبوو، بۆیەش ئەو کتێبە دڵخوازەم نەهاتە بوون. بە وشەیەکی دیکە ئەم کتێبە خوێندنەوەی ئەزموون و بەرهەمە ئەدەبییەکانی کاك سەلام محەمەد نییە. سەلام محەمەد تا ئێستا نەخوێنراوەتەوە و پێویستە ڕەخنەی کوردی لەهەمبەر ئەم نووسەرە کوردە تاراوگەنشینە، خوێندنەوەی خۆی هەبێت. ئەم کتێبە دەتوانم بڵێم کۆششێکە بۆ وەبیرهێنانەوەی زاکیرەی کورد کە سەلام محەمەد ئەو دەنگەی شیعری کوردی کە ساڵانێکە لەبەردەم تەمتومانی فەرامۆشی و پەراوێزخستندا خەریکی هەناسەدانە، ساڵانێك لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی شیعریی کوردیدا بوو. ئەم کتێبە هەوڵێکە تا خوێنەری کورد لە نزیکەوە ئەو شاعیرەی خۆیان بناسن کە پڕاوپڕە لە جوانی و ڕاستگۆیی و ئازایەتی.

## پێش ماڵئاوایی

لە ڕێی ئەم پڕۆژەیەوە (کتێبەوە) هەوڵمداوە تەمی بیرچوونەوە لەسەر ڕووی ئەزمونی شاعیر و چیرۆکنووس کاك سەلام محەمەد بڕەوێنمەوە. تێکۆشام وەك خوێنەرێکی جیددی ئەدەب، لەگەڵ کاك سەلام خۆیدا پیاسەیەك بە کۆڵانەکانی شیعردا بکەم و پێکەوەش پشوویەك لە باخچەی یادەوەری ساڵانی ڕابردووی کەرکوك بدەین و چایەکی شیرین وەك "چای شیرین"ەکەی حوسێن عارف لەسەر گردی بیرەوەرییەکان بخۆینەوە. بەدەم چا خواردنەوەش سڵاو لەو نێرگزانە وەربگرینەوە کە بەقەد پاڵی گردەکەدا تێدەپەڕن و فەرمووشمان لەگەڵیێك ئازیز و خۆشەویست کرد تا لەو چاخواردنەوەیە کۆڕمان گەرم بکەن. ئەوەتا ئەبینن ژمارەیەك ئەدیب و شاعیر و نووسەر لەم کۆڕەدا لەگەڵماندان و ئەوانیش بە هونەری خۆیان دواون و ئێمەش دووانەکانیانمان ناوەتە دووتوێی دڵی ئەم کتێبە و بەر دیدەی ئێوە.
سەلام محەمەد خاوەن ئەزموونێکی درێژ و پڕ بەخششە لە داهێنان و پێشڕەویی و جێدەستی بەبزووتنەوەی شیعریی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دیارە. هەوڵەکانی ئەو و ئاوڕدانەوە لێی زۆر لەم کتێبە زیاتر هەڵدەگرێت. هیوادارم پسپۆڕانی بواری ڕەخنە و شیعریی کوردی ئاوڕی پێویستی لێ بدەنەوە و بەو کەلێن و پەنهانانەمان ئاشنا بکەن کە تا ئێستا لایان لێنەکراوەتەوە. ئەم کتێبەش کە هەرچەندە لە ئاستی مەبەست و ویستی مندا نییە، بەڵام بەهەوڵێکی بچووکی پەسند بفەرموون و دەوڵەمەندکردنیشی بەو سەرنج و ڕەخنە و تێبینیانە دەکرێت کە لەلایەن خوێنەران و نووسەرانەوە بەرەو ڕووم دەکرێنەوە و بە ئومێدی ئەو ڕۆژە دەڵێم جارێ ماڵئاوا.

نیسانی ٢٠١٣ کەنەدا

# یادگارە سپی و ڕەشەکان

نووسینی: سەلام محەمەد

تێبینی: لە نووسینی ئەم بابەتەدا هیچ پلانێکی دیاریکراوم نەگرتۆتە بەر، تەنها ئەوەندە نەبێت کە بە تەلەفۆن لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)دا باسی هەندێك بەسەرهاتی ژیانی خۆم کردووە وتوویەتی حەزدەکەم بیان نووسیتەوە. ئەوەبوو منیش کە دەستم پێکرد لێرەو لەوێ پچڕ پچڕ وەك دەڵێن لە هەر باخچەی گوڵێکم چنیوە و هەوڵم داوە کە خوێنەر دوای خوێندنەوەیان بتوانێت وێنەیەکی تەقریبی لا دروست بێت و ئاشنایەتیم لەگەڵدا پەیدا بکات. ژیانی تایبەتی هەموو کەسێك بە گشت وردەکارییەکەوە موڵکی ئەو کەسە خۆیەتی. ئینسان بە گشتی مەبەستی نییە شتە تایبەتییەکانی بکەوێتە دەمی ئەم و ئەو، بەڵام من ئەو موڵکایەتییەم ناوێت و شانازی بە چییەوە دەکەم یان چی بۆتە هۆی ڕوخان و شکستی و تێکشکانم. خۆم دەستی خوێنەر دەگرم و پیاسەی لەگەڵدا دەکەم و ڕۆشنایی دەخەمە سەر لایەنە تاریك و نادیارەکانی ژیانم، بەو هیوایەی لە دەرفەتێکدا بە نەخشە و پلانێکی پوختە و ڕێکوپێکەوە تەواوی ئەو سەرگوزەشتەیە بنووسم، ئەگینا بەردەوام ڕووبەڕووی پرسیارێك دەبمەوە بۆچی باسی فلانە شتم کردووە، بەڵام لە ئاستی هەندێ شتی دیکەدا بێدەنگیم هەڵبژاردووە؟ ئیتر کە دەڵێم شتیتر بێگومان باش و خراپ دەگرێتەوە. هەرچەندە لە چەند بۆنەیەکی دیکەدا



باسی وێستگە جیاوازەکانی ژیانی منداڵیی و هەرزەکاریم کردووە، بەڵام ناچار بووم لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە، چونکە خودی پرۆسەکە وا دەخوازێت. خۆم یەکێکم لەوانەی حەز بە دووبارەبوونەوە ناکەم، بۆ ئەوەی خوێنەریش تووشی باوێشکدان و وەڕسی و بێزاری نەکەم زۆر ئاساییە ئەگەر پێشتر ئەو زانیارییانەی خوێندوویەتییەوە بە سەریاندا باز بدات، لێرەدا کۆمەڵێك بەسەرهاتم هاتۆتەوە یاد کە یەکەمجارە وەکو ڕاز و نهێنی تایبەتی خۆم ئاشکرایان دەکەم. ئەگەر لە هەندێك شوێندا زۆر بە زەقی باسی مەستی و بەد مەستیەکانی ڕۆژانی ڕابردووم کردووە، دەزانم ئەوانەی کە خۆشیان دەوێم لەبەر چاویان شیرینتر و جوانتر دەبم، بەڵام کەسانی لاواز و کاڵفام هەوڵ دەدەن لەناو هەزاران شتی جواندا، پەڵەیەك یان کەموکورتییەك بدۆزنەوە کەسایەتیمی پێ ناشیرین بکەن، لە کاتێکدا خۆم بە ڕاشکاوی وەك کۆمەڵێك ڕووداوی خۆش یان ناخۆش بێ دوودڵی باسم کردوون بەبێ ئەوەی کەس داوام لێ بکات یان تەماحێکم خرابێتە بەردەم یان لە پێناوی هەرچی مەبەستێکی ماددی و مەعنەویدا بێت. من نازانم بۆ دەبێت ئێمە هەر ڕۆشنایی بخەینە سەر لایەنە گەشەکانی خۆمان لە کاتێکدا کەس نییە بەشی خۆی هەڵە و کەموکوڕی نەبێت. لەوسەریشەوە بالاّم زۆر لە باڵای ئەوانە بەرزترە کە سەرتاسەری ژیانیان پڕە لە فەزیحەت و فڕوفێڵ و تەڵەکەی پەردەپۆشکراو، بەڵام خۆیان وەك مەڕی پێغەمبەر نیشان دەدەن. ئەگەر بە ئاستەم ڕووە ڕاستەقینەکەیان دەرکەوێت بۆنی ڕەفتاروکردارە شاراوەکانیان نەك هەر کۆمەڵگە بەڵکو ژینگەش پیس دەکات. بە قەناعەتەوە دەڵێم ژیان ئەوە ناهێنێت خۆمان بشارینەوە من ئامادەم وردودرشتی ژیانی خۆم لە کتێبێکدا بنووسمەوە و شانازی بە چاکەکانمەوە بکەم و بۆ هەڵەکانیشم داوای لێبوردن بکەم. هەمیشە ئەم چوارینەیەی خەیام لە مێشکمدا دەزرنگێتەوە:

کێ گوناه ناکا کێیە پێم بڵێ
هیچ کەس بێ گوناه نییە پێم بڵێ
کە من بەد بکەم تۆش هەر بەد بکەی
فەرقی من و تۆ چییە پێم بڵێ

## لەدایکبوون و گوند و شارەکانی منداڵیم

دەمەو ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی تەموزی ١٩٥٤ لە گوندی کارێزەی خاڵخالآنی ناوچەی شوان لە دایکبووم. ئەوسا ڕەحمەتی باوکم مەلای کارێزە بوو. هەرچەندە چوار پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنم لەو گوندە دا بەسەربردووە، بەڵام بیری منداڵی ئەوەندە تیژە زۆر بە ڕوونی ئەو ڕۆژگارەم دێتەوە یاد بە کەسەکان و شوێنەکانەوە. باوکم مەلای گوندەکە بوو حەوشەیەکی گەورەمان هەبوو قەنتەرەکەی ڕووی لەناو کۆڵانی گوندەکە بوو کە دیوەخانی میوانیش بە تەنیشت قەنتەرەکەوە بوو، بەڵام خۆمان لە دوو ژوور و بەرهەیوانێکدا بووین کە لەوێشەوە دەرگایەکی تەنەکە دەچووە ناو ڕەزێکی بچووك لە پشتەوەی ماڵەکەماندا. ئەو ڕەزە بچکۆلەیە پڕ بوو لە دار هەنجیر و دارسێو و شاتوو. لە ژیانمدا هەنجیری خۆش و شیرینی وەك هەنجیری کارێزەم هەرگیز نەخواردووە. باوەڕ بکەن ئێستایش تامی شەکرە سێوەکانم هەر لە بیرە. باوکم لە مزگەوتەکەدا هەمیشە شەش حەوت فەقێی هەبوو کە زۆر منیان خۆشدەویست و قسە و باسی منالآنەی سەرنجڕاکێشیان بۆ دەگێڕامەوە هەندێکیان بۆ ئەو تەمەنەی من گونجاو نەبوون، چونکە پاشان زۆر بیرم لێدەکردنەوە و تووشی ترس و دڵەڕاوکێیان دەکردم بە تایبەتی چیرۆکی حەزیا دوو سەرەکە. دیوەخانەکەی باوکم هەمیشە ئاوەدان بوو لە میوان و خەڵکی دێهاتەکانی دەوروبەر. مەلا ئەحمەدی تورکمان باغ و مەلا عوسمانی ناسرومیسر و مەلا غەفوری ئۆمەرمەندان و مەلا قادری کارێزە و سۆفی مەلا بورهان لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی باوکم بوون و ئەو سەردەمە خۆیان پیاوماقوڵی هەموو ناوچەکەبوون. زوو زوو لە دیوەخانەکەی باوکمدا کۆدەبوونەوە تا درەنگانێك دادەنیشتن و باسی هەموو شتێکیان دەکرد. ئەو جەماعەتە کەسیان نەماون دەمێکە کۆچی دواییان کردووە. فەقێکانی باوکم هێشتا لە ژیاندان، بەڵام چوونەتە ناو ساڵەوە لەوانە مەلا زاهیر و مەلا کەریم و مەجیدی مەلا ئەحمەد و عوبێدی مەلا قادر کە ئێستا مامۆستای سەرەتاییە لە کەرکوك ئەگەر خانەنشین نەبووبێت. ئەو چوار پێنج ساڵەی ژیانم لە کارێزەی خاڵخالآن بە جۆرێك کاری تێکردووم ئێستایش جار جار خەیاڵ دەمباتەوە بۆ لای مام فەتاح و ڕەزەکەی کە هەمیشە مەتەڵ وهەقایەتی قەلەپاچکە دەنووك شکاوەکەی بۆم دەگوت و بە قەڵەمبڕە دەسك ڕەشەکەی سێوی بۆ قاژ دەکردم و ڕۆحی شاد و ئارام بێت دەتگوت کلیلە و دیمنەی خوێندۆتەوە و هەر جارەی چیرۆکێکی سیمرخ و گورگ و پڵینگ و ڕێوی بۆم دەگێڕایەوە. پیرەرەزی مام حەمەڕەش یەکێك بوو لە باخچە هەڵواسراوەکانی بابل کە لە سەرووی



حوشترملەوە بوو بە ڕێگای ئۆمەرمەندانا. ئەو وێنانە کە بۆ تەمەنی سێ ساڵی تا پێنج ساڵیم دەگەڕێنەوە بە جۆرێك لە ناخمدا چەقیون و تەختەی یادەوەریمیان هەڵکۆڵیوە هەرگیز کاڵبوونەوەیان بۆ نییە. کارێزە و ناسرومیسر و تورکمان باغ و هۆمەرمەندان گوڵاوی خەیاڵ و خۆشەویستی بوون. تابلۆی دڵپاکی و سادەیی و ڕاستگۆیی بوون. لە ژیانمدا بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەنگیان داوەتەوە و لە زۆر شیعرمدا چوومەتەوە ئەو ژینگە و کەشە خاوێنەی هەمیشە هێمای ئاسوودەیی و ڕووناکی و درەوشانەوە بوون. خۆزگە سەرتاسەری تەمەنم لەو گوندەدا بەسەر دەبرد، بێگومان ئەوسا ژیان بۆن و بەرامەیەکی دیکەی دەبوو نەك وەك ئێستا دەڵێی کەڕوو لێیداوە و بۆنی ساردی گرتووە. بیست ساڵ زیاترە لە سوید دەژیم، بەڵام هەرگیز کاریگەری ئەو چەند ساڵە کورتەی لا جێنەهێشتووم و تا هەنووکەیش کە لەم نزیکە قوتبەوە دەژیم بەردەوام غار دەدەم و بۆکۆڵانەکانی کارێزەی خاڵخالآن دەگەڕێمەوە. هەموو ستۆکهۆڵم تامی سەعاتێکی ئەو سەردەمەم پێنابەخشن. ئەوسا عومەر دزەیی وتەنی (گۆنات هەڵمژم پڕ بە دەم) منیش پڕ بە دەم و پڕ بە دڵ بە بۆنی خۆڵی پاش باران مەست دەبووم. ڕەنگە لە جێی خۆیدا بێت ئەگەر بڵێم هۆیەکەی ئەوەیە کە لەوێوە شارەزای ڕەنگەکان و بۆنەکان و تامەکان بووم و چاوم بەم دونیایە کردۆتەوە. سیۆدۆر کالیفاتیدەس کە ڕۆماننووسێکی گەورەی سویدییە و بەڕەگەز یۆنانییە لە تەمەنی گەنجی و لە شەستەکاندا بۆ یەکجاری لە سوید نیشتەجێ بووە و ئێستا سویدییەکان زۆر شانازی پێوە دەکەن، لە شوێنێکدا دەربارەی زمان دەڵێت: (من کە بە سویدی بە کەسێك بڵێم خۆشم دەوێی ئەو واتایە ناگرێتەوە کە بە زمانەکەی خۆم مەبەستمە. کە دەڵێم بەرد یان دەریا وەك ئەوە نییە بە یۆنانی بڵێم بەرد یان دەریا). منیش وا هەست دەکەم هەموو جوانییەك کە لە ناخمدا جێگیر دەبێت سەرچاوەکەی بۆ ئەو ڕۆژانە دەگەڕێتەوە. لەوێ بە کوردی زمانم گرت و لەوێ شارەزای جیهان بووم، بۆ من کارێزەی خاڵخالآن هەموو جیهان بوو. کە مێوەیەکی خۆش دەخۆم بیری تام و بۆنی مێوەکانی کارێزە دەکەم. هیچ نانێك هێندەی نانە گەرمەکەی دایکم کە بە دەستی خۆی دروستی دەکرد خۆش نییە. ڕەنگە لەو ماوە کورتەدا ئاشنایەتیم بە دەرەوەی خۆم پەیدا کردبێت، بۆیە ئەو هەستە شیرینە کاڵ نابێتەوە و هیچ هەستێکی دیکە جێگای ناگرێتەوە.

موخابن ئەو خەونە درێژەی نەکێشا کە لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ ماڵمان هاتە کەرکوك و لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵڵا لە خانویەکی کرێدا بە تەنیشت سکەی شەمەنەفەرەوە نیشتەجێ بووین. ئەو سەردەمە کەرکوك چۆڵ بوو. مەتری زەوی لە گەڕەکی

تەپەی مەلا عەبدوڵڵا ناگەیشتە چارەکە دینارێك. هێشتا وا چڕ و پڕ نەبوو تەنانەت لای ماڵی خۆمانەوە جادەکانی عەرەفە و سلێمان بەگ دیار بوون. خەڵکی بە عارەبانەی ئەسپ هاتوچۆیان دەکرد و ئێمەی منداڵانیش لە پشتەوە خۆمان بە عارەبانەکانەوە هەڵدەواسی. هەندێجار عارەبانچییەکە قامچی بۆ دواوە ڕادەوەشاند و لە تاو ئازاری قامچی خۆمان فڕێ دەدا و دەکەوتینە سەر زەوی. یەکێك لەو شتە خۆشانەی دێنەوە بیرم ئەوەیە کاتی هاتن و ڕۆیشتنی شەمەنەفەرەکانمان دەزانی. بۆیە چەند دەقیقەیەك بەر لە هاتنی سەرە سیفۆنمان لەسەر سکەکە بە ڕیز دادەنا تا شەمەنەفەرەکە بە سەریاندا دەڕۆیشت ساف دەبوون ئەوسا یاریمان پێدەکردن. یەك سەرە سیفۆنی لووس و تەخت بەرانبەر پێنج دانەی ئاسایی بوون. ئەو دەمە هەرچەندە پارەی جەمهوری پەیدا ببوو، بەڵام هێشتا عانە و دوو عانەش باویان مابوو. ڕۆژانەمان یەك عانە بوو جار جاریش دەکرا بە دوو عانە کە زۆربەی کات یان کێك و کونجی و لوقمان پێدەکڕی یان کرێمستی. لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵا دوو دوکانی کرێمستی هەبوون دوکانی سابیر و دوکانی هۆمەر. بۆ کردنەوەی زۆرترین قوتابخانە لە سەردەمی کۆمارە تازەکەدا، حکومەتەکەی عبدالکریم قاسم بڕیاریدا مەلاکان لە تاقیکردنەوەیەکدا بەشداری بکەن و ئەوەی دەرچوو بکرێتە مامۆستای سەرەتایی. باوکم یەکێك بوو لەوان و لە ساڵی ١٩٦٠دا بۆ یەکەمجار قوتابخانەی سەرەتایی گوندی تەوەکەل لە ناحیەی ئاغجەلەر کرایەوە و ئەو یەکەم مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو منیش هەر لەو ساڵەدا دەستم بە خوێندن کرد و لە پۆلی یەکەمدا بە ئەلف و بێکەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار فێری نووسین و خوێندنەوە بووم. لە پۆلی دووی سەرەتاییشدا هەر لە تەوەکەڵ بووین، بەڵام بە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان حکومەت و سەرۆکی ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی کە لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ بۆ عێراق هاتەوە و لە سەرەتادا ڕێزێکی زۆری لێگیرا و پاشان لێی هەڵگەڕانەوە، چونکە حکومەت ئامادا نەبوو دان بە مافە ڕەواکانی کوردا بنێت. ئەوەبوو لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١شۆڕشی کورد بە ڕابەرایەتی پارتی و سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی هەڵگیرسا وا دەزانم دوێنێیە کە فڕۆکەکانی عبدالکریم قاسم بۆردومانی تەوەکەلیان دەکرد و ئێمەش لەناو هەندێك درەختی چەمێکی نزیك ئاواییدا خۆمان شاردبووەوە. بە چاوی خۆم دەمدی چۆن فڕۆکەکان پێش تەقەکردن خێرا خێرا لووتیان دەکردە زەوی و پاشان کە بوردومانیان دەکرد بەرز دەبوونەوە. ئێمە چەند لاپەڕەیەکمان لە کتێبە کوردیەکەی پۆلی دووش خوێندبوو، بەڵام بە بڕیاری حکومەت خوێندنی کوردی قەدەغە کرا. باوکم چوو بۆ ئاغجەلەر



لەوێشەوە کتێبی تازەی عەرەبی و کۆمەڵێك پێداویستی دیکەی هێنا. بە هۆی بۆردومان و تۆپبارانکردنی تەوەکەلەوە کە هەمیشە پێشمەرگەی تیادا بوو باوکم ناچار بوو دایکم و خوشکەکانم بۆ کەرکوك بەرێتەوە و تەنها خۆی و من لە تەوەکەڵ ماینەوە کە لەناو قوتابخانەکەدا ژوورێکمان هەبوو، بەڵام تا ڕادەیەك بەردەوام و ڕۆژانە میوانی خەڵکی گوندەکە بووین و بواریان نەئەدا خۆمان خواردن ئامادە بکەین. لەوێشەوە باوکم نەقل کرا بۆ گوندی هەشەزینی لە سەنگاو و پاشان بۆ گوندی (تل علی) لە حەویجە و ئینجا لە ساڵی ١٩٦٥دا بۆ دوبز و مەڵحە تا لە ساڵی ١٩٦٩دا نەقڵی گوندی حەسار کرا لە نزیکی کەرکوك. بۆ یەکجاری ماڵمان هاتەوە شار و باوکم خانویەکی کڕی و ڕۆژانە لەگەڵ هەندێ مامۆستای تردا هاتوچۆی حەساریان دەکرد. منیش ئەوسا لە پۆلی سێی ناوەندی دەمخوێند لە ناوەندیی ئیمام قاسم. پاشان پۆلی پێنج و شەشی ئامادەییم لە ئامادەیی کوردستان تەواو کرد لە ساڵی ١٩٧٣دا لە زانکۆی بەغدا کۆلیجی قانون وەرگیرام.

ئەو چەند ساڵەی لە دوبز بووین قۆناغێکی گرنگ بوو لە ژیانمدا چەند هاوڕێیەکی باش و دڵسۆزم پەیداکرد لەوانە خدر عەبدولڕەحمان و عەبدولڕەحمان محەمەد ئیسماعیل و قوباد حەسەن کۆیی کە هەموویان ئینسانی باش و خاوەن ڕەوشت و کەسایەتی بەرزبوون. لەگەڵ خدر عەبدولڕەحماندا وەك دوو برا وابووین و سەرەتاکانی ئاشنایەتیم بە سیاسەت لەگەڵ ئەودا دەستی پێکرد. تا لە کوردستانیش بووم سەرەڕای ئەوەی من بە کۆمەڵێك بارودۆخی جیاوازدا تێپەڕیم و تا ڕادەیەك سەرم لێ شێوابوو، بەڵام دۆستایەتی و برایەتیمان هەمیشە لە ئاستێکی بەرزدا بووە. هەروەها ئەو سەردەمە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان خێزانی ئێمە و ماڵی خوالێخۆشبوو کاك تاهیر حەسەن کە ئەو کاتە ژمێریاری شارەوانی دوبز بوو، دروست بوو. تا ڕادەیەك هەفتانە هاتوچۆی یەکترمان دەکرد و پاشان کاك تاهیر یارمەتی دەدام لە وانەی ماتماتیك کە زۆر تیایدا زیرەك بوو. لە پاڵ ماتماتیکەوە وردە باسی ئەم دونیایەشمان دەکرد و ئاگادار بوو کە من شیعر دەنووسم و بە دزییەوە جگەرە دەکێشم. زۆر جار بە باوکمی دەگووت ئاگاداریم بکات، چونکە توانای باشم هەیە و پاشەڕۆژێکی گەشم دەبێت. وای لێهاتبوو کە کێشەیەکم لەگەڵ باوکمدا دەبوو دەچووم بۆ لای کاك تاهیر حەسەن ئەویش بە شێنەیی باوکمی ئاگادار دەکردەوە و کێشەکە چارەسەر دەکرا. دەتوانم بڵێم کاك تاهیر حەسەن و مامۆستا ئەنوەر زێدان و مامۆستا مونجید مستەفا کە مامۆستای زمانی عەرەبیم بوو یەکەمین کەسانی

کاریگەر بوون کە هەستیان بە بەهرەی ئەدەبیم کرد و پشتگیری ئەوان لەو تەمەنەدا بۆ من بایەخێکی زۆری هەبوو.
وەك لە چەند جێگایەکی دیکەیشدا وتوومە من هەر لە منداڵیمەوە خولیای خوێندنەوە و نووسین بووم و لە ساڵی ١٩٧٠دا یەکەمین کۆمەڵە شیعرم بۆ چاپکردن ئامادەکرد کە برای بەڕێزم کاك ڕەزا شوان بە دەستخەتە جوانەکەی هەموو شیعرەکانی نووسییەوە لەگەڵ پێشەکییەکی تێر و تەسەل و پێشنیازی ئەوەی کرد ناوی کۆمەڵە شیعرەکە بنێم (دڵی کوردستان). بۆ مێژوویش دەیڵێم ئەو کاتە هێشتا کەس ناوی دڵی کوردستانی لە کەرکوك نەنابوو، بەڵکو پیشنیازەکە دەستپێشکەری کاك ڕەزا شوان بوو کەسیش ئاگاداری ئەو ڕاستییە مێژووییە نییە.
سەبارەت بەوەی زۆربەی شیعرەکانی ئەو دیوانە دەربارەی شاری کەرکوك بوو ئەویش ئەو ناونیشانەی هەڵبژارد. یەك دوو دێڕم هەر لە بیر ماوە:

**باوەگوڕگوڕ دەنگت ئەڵێ کوردستانم**

**باوەگوڕگور ڕەنگت ئەڵێ کوردستانم**

لەو کاتەدا بوو وردە وردە شیعری نوێشم دەنووسی و شتی تازەم دەخوێندەوە. کاتێك چوومە بەغدا بۆ وەرگرتنەوەی کتێبەکە چاوم بە شاعیران سەلاح شوان و جەلالی میرزا کەریم کەوت و شیعرێکیشم بۆیان خوێندەوە بە ناوی (خەونی چاو)ەوە زۆر بەلایانەوە جوان بوو یەکەمین بەرهەمی شیعری بڵاوکراوەشم بوو لە ڕۆژنامەی هاوکاری لە ساڵی ١٩٧٠دا. دوای موناقەشەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو دوو شاعیرە و پێشتریش لەگەڵ کاك ڕەزا شوان لە چاپکردنی دڵی کوردستان پەشیمان بوومەوە و بایەخی تەواوم دا بە شیعرە نوێیەکانم دا.
لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٠دا یەکێتیی نووسەرانی لقی کەرکوك کرایەوە پاش هاتنەوەی ڕەزامەندی لیستی ناوەکان کە بە دەستەی دامەزرێنەری لقی کەرکوك دەژمێردرێن و منیش یەکێك بووم لەو ناوانە. بە هۆی نەبوونی ژمارەی قانونی پێویست بۆ پێکەوەنانی لقی کەرکوك چاوپۆشی لە مەوالیدەکەم کرا ئەگینا ئەوسا تەمەنم شازدە ساڵ بوو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانیش نابوو تەمەنی لە خوارەوەی ١٨ساڵ بێت.
لەو دیدارەی شاعیر حەمە کاکەڕەش سازیکرد لەگەڵمدا، کاتی خۆی زۆر بە فراوانی بڵاوکرایەوە یەکەمجار لە دوو ژمارەی گۆڤاری هەناردا پاشان لە چەند ماڵپەڕێکی کوردی وەك



دەنگەکان و چراکان و ماڵێك لە ئاسمان و کلاوڕۆژنە و دواجار لە دیوانەکەی خۆمدا بە درێژی باسی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانم کردووە لە کەرکوك کە شەرەفی ئەندامیەتی دەستەی دامەزرێنەرم بەرکەوت بۆیە هەرچیەك بنووسم دەبێتە دووبارەکردنەوە. بۆ زانیاری زیاتر ئەوەی مەبەستی بێت دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر ئەو دیدارە.
لە ژیانی هەموو ئینسانێکدا کۆمەڵێك ویستگە و ڕووداوی گرنگی خۆش و ناخۆش هەن، بەڵام لە هەموویان درەوشاوەتر و خۆشتر سەردەمی منداڵییە. کە من بۆیە هەندێ درێژەم بە باسکردنی کارێزەی خاڵخاڵان دا، لەبەر ئەوەی بێبەشبووم لەو قۆناخە گرنگەی ژیان. شتێکی کەمم لە گوندی تەوەکەڵ دێتەوە یاد هەروەها هەشەزینی و تەل عەلیش. هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە بە بێ خواستی دڵی خۆم لە مەڵبەندی منداڵیم دوور کەوتوومەتەوە و ژینگە تازەکانم بە دڵ نەبوون و هەستم بە نەگونجان دەکرد. ڕاستە کە لە کارێزەوە چووینە کەرکوك خەریك بوو وردە وردە بنەما سەرەکییەکانی قۆناخێکی نوێی ژیانی منداڵیم پێکەوەنێم ئەوەبوو چووین بۆ گوندی تەوەکەڵ لەوێش تا چاوم کردەوە و دەوروبەری خۆم ناسی بۆ هەشەزینی بارمان کرد ئیتر بەجۆرە هێشتا لە شوێنێك جێگیر نابووم دەچووینە شوێنێکی دیکە بۆیە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانم پەرش و بڵاو بوون تا بۆ یەکجاری لە ساڵی ١٩٦٩دا بۆ کەرکوك گەڕاینەوە.
ئەم پەرش و بڵاوییە ئەوەندە کاریگەر بووە یەکێك لە ئەنجامەکانی پەرش و بڵاوی و نائینتیمایی خۆمی لێکەوتۆتەوە. من ئێستایش کە تەمەنم بەرەو شەست دەچێت گۆڕانێکی فیکری ئەوتۆم بە سەردا نەهاتووە و هەر نامونتەمیم. بەردەوام هەوڵ دەدەم پارچەکانم کۆبکەمەوە. ئەگەر ژیان بە تەزبیحێکی زەنگیانە بچوێنم وا دەکەوێتەوە کە تەزبیحەکەم پچڕاوە و بەردەوام خەریکی کۆکردنەوەی دەنکە زەنگیانەی سەوزم لەناو گژوگیادا.
لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە زۆربەی ئەو بەسەرهاتانەی تووشم هاتوون ڕەنگدانەوەی بارە پەروەردەییەکەی ماڵەوەیان بە ئاشکرا پێوە دیارە. چ خێرێکی ئەوتۆم بۆ باوك و دایکم نەبووە. حەزیش ناکەم لێرەدا ڕەخنەیان لێبگرم و باسی قۆناغە جیاجیاکانی ئەو پەروەردە سەختە بکەم لەبەر ئەوەی من تاقە کوڕیان بووم و دڵنیام هەرچییەکیان کردبێت بە گوێرەی ئەقڵ و تێگەیشتنی خۆیان لە پێناوی بەرژەوەندی مندا بووە بێئاگا لەوەی بە دەستی خۆیان بە تایبەتی ڕەحمەتی دایکم کەسایەتی منی بە دەستاری ئەو پەروەردە هەڵەیە هاڕیوە. توندوتیژی لە پەروەردەدا بێجگە لە توندوتیژی و ئاڵۆزی هیچی دیکەی لێ ناکەوێتەوە. من لە منداڵیمەوە

نیشانەکانی زیرەکی و خوێندنەوە و نووسین و زۆر شتی دیکەم پێوە دیار بووە، کە ئەگەر مامەڵەیەکی لەبارم لەگەڵدا بکرایە بێگومان پاشەڕۆژێکی دیکەم دەبوو. ئێستایش بەم چارەنووسە ڕازیم و گلەییم لە بەختی خۆم نییە وەلێ خۆزگە وا نەدەبوو. دایك و باوك خراپەی منداڵی خۆیان ناوێت، بەڵام جۆری تێگەیشتن و بایەخدان بە پەروەردەی منداڵ لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت.
ڕەنگە ڕۆژێك تەواوی سەرگوزەشتەی ژیانم بنووسمەوە کە بێگومانیشم دەنگدانەوە و کاریگەرییەکی زۆری دەبێت.ساڵەهایەکە گەلێك نهێنیم لەناو دڵمدا حەشار داوە، بەڵام هێشتا کاتیان نەهاتووە باسیان بکەم.

## چەند یادەوەرییەکی شیعریی

لە تەمەنی گەنجیمدا کۆپلە شیعرێکی شاعیری فەلەستینی (سمیح القاسم)م لەبەربوو پێش ئەوەی باسی یادەوەرییەکان بکەم وا دەینووسمەوە:

صاعد من صدأ المنفى وقضبان السجون
صاعد ملئ الليالى الدموية
ملئ احزان النهارات نداء وشظية
صاعد فانتظريني

خنجرى من فصة الموت ومن عشبى وطيني
وجوادى غضب الريح ومهمازى حنين الياسمين
صاعد فانتظريني
صاعد يا حبى الغالى وعارى وجنوني
صاعد فانتظريني
بيننا بابان لغزان، فباب
زعمو مفتاح السرى زهرة
بيننا بابن لغزان وباب
زعمو مفتاحة اعصار ثورة



فتقدمت كثيرا
وتقهقرت كثيرا
حينما عالجت بالزهرة بابا زجروني
حينما عالجت بالثورة بابا زجروني
وعلى بابين اثنين مسيحا صلبوني.

ئەو ڕۆژگارە هەر کە مەست دەبووم بە ئیلقایەکی بەهێزەوە شیعرەکەم دەخوێندەوە، قسەی خۆمانیش بێت من خاوەنی ئیلقایەکی زۆر تایبەتی بووم بە خۆمەوە. ئەوەی لە سۆنگەی شیعرەکەی سمیح القاسم تووشی من هاتووە بڕوا ناکەم هیچ شاعیرێکی فەلەستینی وای لێ بەسەرهاتبێت. شەوێکی هەشتاکان لە نادی حقوقیینی کەرکوك کۆمەڵێك برادەر بووین منیش کە سەرم گەرم بوو، ئەو کۆپلە شیعرەم خوێندەوە، وەختێك هاتمە دەرەوە خرامە ناو ئوتۆمبیلێکی شۆفرلێتەوە و بردمیان بۆ ئەمنی کەرکوك پاش لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوت سەربازم و ئیجازەم پێبوو هەروەها وتم وەکو خۆشەویستییەك بۆ فەلەستین ئەو شیعرەم بە هەڵچوونەوە خوێندۆتەوە ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دوایی ئازادکرام.
لە ساڵی **١٩٨٩**دا کە فیرار بووم بۆ یارمەتی و تەگبیری فیراریەکەم چوومە دهۆك و شەو میوانی کاك تێلی ئەمین بووم، کە لە زانکۆ پێکەوە دەمانخوێند. کاك تێلی میوانداریيەکی گەرمی لێ کردم لە ماڵی خۆیان و ئێوارەش سەردانی هەندێك لە پارێزەرانی دهۆکمان کرد، لەوانە کاك حازم یوسفی تا بتوانین ڕێگەچارەیەك بۆ فیراریەکەم بدۆزنەوە، کە بە ڕاستی سەرم لێ شێوابوو. شەو لەگەڵ کاك تێلی چووین بۆ نادی و چەند کەسێك لەوێ دانیشتبوون کە من نەمدەزانی کێن، بەڵام کە سەرم گەرم بوو زۆر بە کوڵەوە کۆپلە شیعرەکەی سمیح القاسم خوێندەوە. کاتێك شەو لەگەڵ کاك تێلی هاتینە دەرەوە لاندکرۆزێکی سپی لەبەر دەرگاکە ڕاوستابوو خێرا منیان پەستایە ناو سەیارەکە و یەکسەر بۆ ئەمنی دهۆکیان بردم. لەوێ دوای چەند ڕۆژێك لێکۆڵینەوە پاش ئەوەی ئەمنی دهۆك پەیوەندییان بە ئەمنی کەرکوکەوە کرد ساغ بووەوە لە سەرم کە فیرارم و ناوم لە ئەمن و ئیستیخاراتی کەرکوکدا هەیە و تاقیبم دەکەن. ئیتر دۆسیەکەم بوو بە تاوانێکی سەربازیی و هەواڵەی ئیستیخباراتی دهۆك کرام، لەوێ لەگەڵ کوڕێکی دهۆکیدا لە یەك ژووردا بووین، کە پرسیاری کاك تێلیم لێکرد گوتی دەیناسم. ئەو کوڕە دهۆکییە واسیتەی گەورەی هەبوو لەسەر دەرچوون بوو گفتی پێدام یەکەمین کاری لە دەرەوە پەیوەندیکردن بێت بە کاك "تێلی"یەوە کە بە داخەوە وەختێ

هەواڵەکەی پێدابوو منیان ڕەوانەی مەنزومەی شیمالی کردبوو لە هەولێر، ئەگینا هەتا لە دهۆك بووم ڕەنگە فریای ئازادکردنم بکەوتنایە، بەڵام کار لە کار ترازا بوو، پاشان مەنزومەش ناردمیان بۆ ئیزیباتخانەی هەولێر و لەوێوە بە تەسفیرات بۆ وەحدە سەربازیەکەم نێردرامەوە.

لە مانگی شوباتی ١٩٧٣دا لە ئاهەنگی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە بەغدا کە دوا ئاهەنگمان بوو لە بەغدا و دوای ئەوە شۆڕش هەڵگیرسایەوە من عەریف حەفلی ئاهەنگەکە بووم و دووجار لەناو چەپڵەڕێزانێکی گەورەدا کۆپلە شیعرەکەم خوێندۆتەوە، کە لە هەموو بەغدا دەنگی دایەوە و ناوم کەوتە ناوان و لەلایەن ناحەزانی کوردەوە بە ئاژاوەچی ناودەبرام و بە ئاشکرا ئاگادارکرامەوە زۆر وریای خۆم بم.

ئێستایش بە جۆرێك حەرف حەرف چوومەتە ناو ئەو کۆپلە شیعرەوە، ڕەنگە ئەگەر بۆ سەمیح قاسم خۆیشی بخوێنمەوە گریانی بێت و بڵێ توخوا جارێکی دیکەیش دووبارە بیخوێنەوە.

یادەوەرییەکی دیکە بۆ ڕۆژانی میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی دەگەڕێتەوە، کە من و لەتیف هەڵمەتیان گرت و بردمانیان بۆ ئەمنی کەرکوك. هەردووکمان لە ژووری لێکۆڵینەوەدا بووین، کە مودیری ئەمن خۆی تەلەفۆنی بۆ ئەفسەرەکان کرد و ئێمەیان برد بۆ لای ئەو. دیار بوو هەواڵی گرتنەکەمان گەیشتبووە ڕەحمەتی ساڵح یوسفی، کە ئەوسا نوێنەری سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، لە میهرەجانەکە و داوای ئازادکردنی دەسبەجێی کردبووین. مودیر ئەمن ناردی سەروچایان بۆمان هێنا وەختێك زانی کێشەمان لەگەڵ میهرەجانەکەدا هەیە، ویستی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و وتی ئێمە دەتوانین یارمەتیتان بدەین. دەتانەوێت چیتان بۆ بکەین؟ لەتیف هەڵمەت خێرا بە عەرەبی وەڵامی دایەوە ئێمە خۆشەویستیمان دەوێت بۆ منداڵانی کوردستان. وتی باشە، ئێمەش خۆشەویستیتان دەدەینێ. ئەوەبوو بە فەرمانی ساڵح یوسفی ئازاد کراین.

لە ساڵی ١٩٧٣دا کۆڕێکی ئەدەبیی لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی سازکرا لە بەغدا بۆ شاعیرە نوێخوازەکان، کە نۆرەی من هات چوومە سەر شانۆ لە جیاتی ئەوەی شیعرەکەم بخوێنمەوە بە بێدەنگی تەماشای کاغەزەکەی دەستم دەکرد و هیچم نەخوێندەوە، تا لە پڕێکدا هاوارم کرد برایەتی کورد و عەرەب!! ئیتر هاتمە خوارەوە. بێگومان لە خۆڕایی نەبوو، کە شیعرەکەم نەخوێندەوە دێتەوە بیرم شیعری کاروانی خوێن بوو، کە تیایدا هێرشم کردبووە سەر ئەو برایەتییە ساختەیە و ئەوانەی سەرپەرشتی کۆڕەکەیان دەکرد هەوڵیاندا شیعرێکی دیکە بخوێنمەوە و وتیان ئەم شیعرە گێچەڵ بۆ خۆت و ئێمەیش دروست دەکات، منیش تووڕە بووم،



پاشان بە سووکە دەستکارییەکەوە تەواوی شیعرەکە لە هەفتەنامەی برایەتی ئەو ڕۆژگارە بڵاوکرایەوە.

شەوێك مەست بووم و چوومە نادی یەکێتیی نووسەرانی عێراق. برادەرەکانم لەگەڵ (عبدالامیر معله) دانیشتبوون، کە ئەوسا جێگری وەزیری ڕاگەیاندن بوو و نووسەری ڕۆمانی ڕۆژگارە درێژەکان (الايام الطويلة) بوو. هەر ئەوەندەی یەك دوو فڕم لە عەرەقەکە دا بەوەوە گرتم و وتم تۆ شاعیرێکی باش بوویت، بەڵام کە شاعیر چووە ناو سیاسەتەوە دەڕووخێت بۆچی وات لە خۆت کرد؟ ئەویش بە ئەدەبەوە عوزرخوایی هێنایەوە، بەڵام من بەوەش ڕانەوەستام و زۆر شتی دیکەیشم وت. ئەو هەر لەسەرخۆ بوو تەنانەت برادەرەکانم ترسان لەوەی شتێکم بەسەر بێت و وتیان بچیتە دەرەوە چاکترە، تا کەوڵیان نەکردووی. من چاوەڕێی کارەساتێك بووم، بەڵام عبدلامیر هیچ کاردانەوەیەکی خراپی نەبوو بە پێچەوانەوە هەرجارێك لە یانەی یەکێتیی نووسەران چاوی بە برادەرەکانم کەوتبێت هەواڵی پرسیوم و سەلامی بۆ ناردووم.

کاتی خۆی سامی مەهدی و عبدالامیر معله و فازیل عەزاوی لە ڕابەرەکانی گۆڤاری عێراقی شعر ٦٩ بوون و بە ڕاستی شیعری جوانیان هەبوو، بەڵام پاشان سیاسەت سامی مەهدی و عبدالامیری لە شیعر و ئەدەب دوورخستەوە.

شەوێکی دیکە ئەویش لە یانەی یەکێتیی نووسەرانی عێراق بە توندی ڕووبەڕووی یوسف سائیغ بوومەوە، کە پێشتر کۆمۆنیست بوو، پاشان بوو بە بەعسی و کرا بە بەڕێوەبەری گشتی ئیزگە و تەلەفیزیۆنی عێراق. ئەو شەوە تیا چووبووم، بەڵام بە ڕەحمەت بێت یوسف سائیغ خۆی ڕزگاری کردم و وتی قەبوڵ ناکەم کەس قسەی لەگەڵدا بکات، هەرچییەکی بە من وتووە لێی دەبوورم.

هەندێ بابەتی شاعیرە سوریالیەکانم خوێندبووەوە، ئەوسا تا ڕادەیەك کاریگەرییان بە سەرمەوە هەبووە بۆ نموونە: منیش وەك ئەوان ئەگەر پارەم پێ نەبووایە دەچوومە ڕێستورانت و مەیخانەکان، پاشان لە جیاتی پارە شیعرێکم بۆیان دەخوێندەوە. هەندێکجار سەری گرتووە، بەڵام جاری وایش هەبووە گیروگرفتی بۆ ناومەتەوە. لە ژیانمدا بۆ هیچ شتێك لە ڕووم نەهاتووە قەرز بکەم، بەڵام بۆ مەشروب سەرم پێوە نەبوو و گوێم پێنەئەدا. خاوەنی باری حامۆرابی لە کەرکوك ناوی ئەبو ئەفرام بوو. چەند جارێك لەگەڵمدا دانیشتووە و شیعری خۆم بۆی کردووە بە عەرەبی تا ئەو ڕادەیەی پێی وتم هەرجارێك پارەت پێنەبوو وەرە ئێرە تێر بخۆ و بخۆرەوە. ئەم

شیعره جوانانه زۆر له پاره بەنرخترن. بەڕاستی ئەو پیاوە بێ وێنه بوو. وەنەبێت منیش هەموو ڕۆژێك چووبم، بەڵام ڕێکیش کەوتووە چەند جارێك که خۆی لەوێ بووە پارەیان لێ وەرنەگرتووم.
شەوی ١٩٨٩/١/١که دوا شەوم بوو به ئازادی به ناو کەرکوکدا بسوڕێمەوە ئێوارەکەی لەگەڵ کاك عەبدولرەحمان مستەفادا له یانەی حقوقیینی کەرکوك چەند بیرەیەکمان خواردەوە و پاشان منی گەیاندەوە ماڵ. یەك عەلاگە بیرەی سەفەریم پێبوو هەر خۆمیش له ماڵەوە بووم. دراوسێیەکم هەبوو مامۆستا قادری ناوبوو هەرچۆنێك بێت مونەزەمەکەی ڕەحیماوە لای خۆیان قەیدیان کردبوو. دوو ساڵ زیاتر بوو دراوسێ بووین، بەڵام له مەرحەبا بەولاوە پەیوەندییەکی ئەوتۆمان نەبوو. ئەو شەوە که مەست بووم چووم له جەرەسەکەیانم دا و پێمگوت تەنیام له ماڵەوە، ئەگەر تاقەتی هەیە بێتە لام، که هاتیش کتێبی دەمەوئێوارانم دەرکرد و شیعر له دوای شیعرم بۆی خوێندەوە. کاك قادر تۆقی چووبوو وای دەزانی ئێستا هەڵدەکوتنە سەرمان و دەمانگرن. منیش دڵیم دەدایەوە دەمگوت به ڕەزامەندی حکومەت چاپکراوە خۆ قەدەغه نییه. شەوێکی درەنگ که ڕۆیشت سوێندی گەورە گەورەی دام لای کەس باسی ئەوە نەکەم شیعرم بۆ خوێندۆتەوە و یان وتوومه فیرارم. دەیگوت به زۆر وەك هەموو مامۆستاکانی کەرکوك کراوە به حزبی، ئەگەر مونەزمەکە پێی بزانن ئاگاداربووە لەوەی من فیرارم و خەبەری لێم نەداوە گرفتی زۆر گەورەی بۆ دروست دەکەن، ڕاستیشی دەکرد. منیش دڵیم دایەوە ئەگەر ئەو باسی من نەکات له زمانی منەوە هیچ دەرناچێت ئەمەیش یەکەمجارە باسی دەکەم و دڵنیام ئێستا کاك قادر ترسی مونەزەمەکەی ڕەحیماوەی نەماوە. تەنیا ئەو شەوە و ماجەراکانی شایانی کتێبێکی سەربەخۆن، بەڵام لێرەدا زیاتر له سەری ناڕۆم تەنها ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم که به سووتانی ماڵەکەی خۆم کۆتایی هات. پێش سووتاندنی بەپێی خۆم سەعات چواری بەیانی چووم بۆ ماڵی خەزوورانم که نزیکی خۆمان بوون و منداڵەکانم و دایکیان ئەو شەوە لەوێ بوون. ئاگادارم کردنەوە زۆرم خواردۆتەوە و ئەگەر بۆ ماڵ نەگەڕێنەوە داویەتی له سەرم ماڵەکە بسووتێنم به داخەوە مەسەلەکەیان به جیددی وەرنەگرت. بەر لەوەی هەڕەشەکەی خۆمیش جێبەجێ بکەم ئەوەندە دوو دڵ بووم کارێکم کردووە کەس له ژیانیدا کاری وای نەکردووە. بنکەی پۆلیسی موکافەحەی ڕەحیماوە و ئەڵماس تەنیا دووسەد، سێسەد مەترێك له ماڵی ئێمەوە دوور بوو بەو فیراریە و به ئیجازەی ساختەوە سەعات دەوروبەری پێنجی بەیانی چوومەتە بنکەکە و تەنیا حەرەسێك له بەردەرگاکەدا له سەرماندا دەلەرزی پێمگوت سەرخۆشم و زۆریش توڕەم، نیازم وایە ماڵەکەی خۆم بسووتێنم و هاتووم ئەمشەو لای ئەوان



بمێنمەوە، بەڵکو تا بەیانی بەرم دەدات هەڵەی وا گەورە ناقەومێت. پۆلیسەکە عەرەبێکی خەڵکی ئەو خوارە بوو وتی ڕاست دەکەیت زۆرت خواردۆتەوە برۆ بخەوە بەیانی وەرەوە ئەوسا قسەیەکی لێ دەکەین. له دڵی خۆمدا وتم به ڕاستی پۆلیسێکی کەرە! ئاخر بەیانی چۆن دێم و دەڵێم فەرموو ئەوە منم ماڵی خۆم سووتاندووە، یان دەیسووتێنم. بۆ ئەگەر عەرەقە حەیاتەکە نەبووایە هەڵەی وا منداڵانەم دەکرد؟. ئەوەبوو چوومەوە و کارەساتەکە قەوما. دەسبەجێش تەکسییەکم گرت بۆ گەراجی هەولێر بۆ بەیانی نەك هەر پۆلیس تەنانەت دەزگا ئەمنییەکانیش به وردی به دوامدا دەگەڕان و وێنەمیان دابووە سەیتەرەکان، بەڵام من وەك خوله پیزە گەیشتبوومە هەولێر و له سەرەتادا چوومە ماڵی ئامۆژنی ڕەحمەتیم گوڵستان دایکی عبدالمطلب و دلێر که له هەولێر دەژیان و پاشان به دەفتەر خیدمەی ساختەوە چوومە ئوتێل زەیتوونه و دوو هەفته لەوێ مامەوە.
یادەوەرییەکی دیکه له کۆتایی حەفتاکاندا بوو له دیداری ڕۆشنبیری کوردیدان که من شیعری بارانی ڕەنگاوڕەنگم خوێندەوە به ڕێکەوت لەگەڵ چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی له ژوورێکدا بووین له ئوتێلێکی سەنتەری هەولێر. شەوان من عارەقم بۆ ژوورەکە دەبردەوە و کاك ئەحمەدیش له سەرخۆ دەیگوت کاکه ئەمه خۆکوشتنه خواردنەوە نییه! ئاخر ماڵئاوەدان دەچێتە کوێوە چۆن ناتکوژێت؟ منیش لاسایی وەستا عەلیم دەکردەوە له لانەوازان و دەمگوت ترست نەبێت خاڵۆ گوێی مەدەرێ و خێرا پێکێکی تازەم هەڵدەدا. کاك ئەحمەد له پڕێکدا پێکەنینێکی سەیر گرتی وامزانی به من پێدەکەنێت، که لێم پرسی مەسەله چییه؟ وتی هیچ نییه شتێکم هاتەوە یاد لەم ڕۆژانه بابەتێکم خوێندەوە گوایه حاجی قادری کۆیی کاتی خۆی جومناستیك بووە و وەرزشی کردووە ئیتر که شیعرێکی حاجی دەخوێنمەوە خۆیم دێتە بەرچاو خەریکی ئاسن هەڵگرتن و وەرزشه بەوە پێدەکەنم. منیش ئەوە سێ ساڵه به هۆی شەکرە و نەخۆشی دڵەوە دوای تەمەنێك له خواردنەوە بەردەوام جومناستیك دەکەم و هەندێکجار که تەنیا خۆمم قسەکەی کاك ئەحمەد شاکەلیم دێتەوە بیر و له بەر خۆمەوە بزەخەنه دەمگرێت و دەڵێم له خەیاڵی کێدابوو ڕۆژێك له ڕۆژان ببمه وەرزشەوان. هیوادارم بتوانم ئەم وەرزشکردنه بپارێزم و بەردەوام بم له سەری، چونکه به ڕاستی ژیانێکی دیکەی پێم بەخشیوە. جاران ئەگەر نیو سەعات بڕۆیشتمایە ماندوو دەبووم، بەڵام ئێستا دەتوانم ده کیلۆمەتر به خێرایی بڕۆم و هەفتەی لای کەمی دووجار ڕا دەکەم بێجگه له یاریی ئاسن و مەلەکردن.

ئەگەر ژیانم بکەم بە سێ لەتەوە، ئەوە لەتێکی تەواوی بەر سوید دەکەوێت. بیستساڵ زیاترە دوای کۆڕەوەکەی ١٩٩١ هاتوومەتە ئەم وڵاتە و لێی دوور نەکەوتوومەتەوە. لە سەرێکەوە خۆم بە قەرزارباری سوید دەزانم، چونکە لە ساتە ناسکەکاندا فریام کەوت و خزمەتێکی زۆری کردووم، بەڵام لە سەرێکی دیکەوە هەر خۆم بە غەریب دەزانم و هەرچەندە دەمێکە هاوڵاتییەکی سویدیم، بەڵام هەرگیز هەستی هاونیشتمانی ڕاستەقینە داینەگرتووم و خۆم بە سویدی نەزانیوە.

ناخۆشترین ڕووداو کە لەم ساڵگارە دوور و درێژەدا هەژاندوومی و هەناسەیەکی سارد و بەردەوامی لە دڵمدا جێهێشتووە مەرگی شێرزادی خوشکەزام بوو کە لە شەوی ٢٧ی تەموزی ٢٠٠٨ دا لە شاری ئوپسالا بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین و مەرگی شێرزاد برینێکە لە دڵی مندا هەرگیز سارێژ نابێتەوە، تا لە کارێکی ئەدەبیدا هەقی خۆی نەدەمێ.

سوید تا ڕادەیەکی زۆر ئارامە، بەڵام هەمیشە بیر و هۆشم لای نیشتمانە شیرینەکەی خۆمە و بیری دەکەم. وا وردە وردە دەچمە ناو ساڵەوە و سەرەتای قۆناغی پیربوونم دەستی پێکردووە. ئەگەر خۆم نەخەڵەتێنم بە ئاشکرا هەست بە قورسایی ساڵگارە کەڵەکبووەکان دەکەم. لە نووسین و خوێندنەوەش سارد بوومەتەوە و تاقەتی جارانم نەماوە. هەندێکجار کە خۆم شیعرێك یان نووسینێك بڵاودەکەمەوە تووشی پرسیارێك هاتووم: ئەرێ چەند پارەت دەدەنێ لەبری ئەو نووسینە؟ ئەمە لەجیاتی ئەوەی بپرسێت نووسینەکە دەربارەی چییە و چ بایەخێکی ئەدەبیی و هونەریی هەیە.

تاقیکردنەوەکانی ژیان فێریان کردووم بەختەوەری و ئاسوودەیی هەرگیز بە پارە پێکنایەت. ئەوەتەی لە سویدم هەمیشە بە زیادەوە بەشی ئەوەم هەبووە بە ئاسانی گوزەرانی پێبکەم. سوێم بۆ هیچ خواردنێك نەبۆتەوە و ئەوەی دڵم ویستویەتی خواردوومە. حەزم لە هەرچی جۆرە جلوبەرگێك بووبێت خێرا کڕیومە. سەیارەشم هەیە و ئەگەر بمەوێت جار جار کورتە سەفەرێك دەکەمن ئیتر پێموایە من زۆر لەوانە دەوڵەمەندترم کە موڵك و سامانی زۆریان هەیە و فریای ژماردنی ناکەون.

سەرەڕای ئەوەی بە بارودۆخی زۆر دژواردا تێپەڕیوم، بێجگە لە مەشروب تەنانەت بۆ تاقیکردنەوەش هیچ ماددەیەکی هۆشبەرم بەکارنەهێناوە، هەرچەندە زۆریش هەوڵم لەگەڵدا دراوە. هاوڕێی قومارچیم هەبووە، بەڵام من فێری قومارکردنیش نەبووم و تەنانەت حەز بە کڕینی یانسیبیش ناکەم.



بە گوێرەی تەمەن زۆر لە ژیانی ئاسایی خۆم زیاترم دیوە و وا هەست دەکەم پێنجسەد ساڵ ژیاوم. هەر لە شەوانی ڕەنگاوڕەنگەوە بۆ زیندان و ژووری ئیعدام و موغامەراتی گەورە گەورەی پڕ لە مەترسی وەك لە شیعرێکی کۆندا وتوومە:

**لە خۆشی و ناخۆشی هەردووکیان**

**کەم و زۆر لام بوونە بە میوان**

هەست دەکەم کە پاشەڕۆژ هەمووی بریتییە لە دووبارەبوونەوە و هیچ تازەبوونەوەیەکی ئەوتۆی پێ نەماوە بمداتێت. ڕووداوەکانیش نسبین. بە هیوای دۆزینەوەی ئەو حەقیقەتەی هەموو ژیانم بە دوایدا وێڵ بووم، ئێستایش بە هەمان شەوق و تینوویەتی بۆی دەگەڕێم تا ڕادەیەکیش ساردی و بێدەربەستی بە سەرما زاڵبوون، چونکە بەفری درێژخایەنی تاقیکردنەوەکان بوونەتە بەستەڵەکی ڕەق و تەوقێکی ئەستووریان لە دەورەدا کێشاوم و عیبرەتم لێ وەرگرتوون و بە کورتی بەنج بووم. ڕەنگە بڵێن کەواتە بۆ دەژیت، ئەگەر ژیان تەنیا دووبارەبوونەوەیە و هیچی تازەی بە بەرەوە نەماوە. لە وەڵامدا دەڵێم مردن حەتمییە درەنگ یان زوو ڕامان دەماڵێت و پاتری ژیانمان هەر دەکوژێتەوە و پەلەکردنی ناوێت، خۆی دێت، بەڵام شتێك هەیە ڕەنگە دەرکی پێبکەین، کە دەتوانین گۆڕانکاری لە دووبارەبوونەوەشدا دروست بکەین، ئەگەر برسێتی و تینوێتی کۆتاییان بۆ نییە، بەردەوام لە بەرگێکی نوێدا تازە دەبنەوە، ژیانیش شتێکی لەو بابەتەیە. هەموو بەیانییەك کە لە خەو هەڵدەستیت، یان هەموو شەوێك کە دەچیتە ناو جێگای نووستنەوە تامێکی تایبەتیان هەیە سەرەڕای دووبارەبوونەوەیان. ژیان نهێنییەکی گەورەیە هیچ کەسێك لێی تێر نابێت. کە تینوویەتی دەڕەوێتەوە پاش ماوەیەکی دیکە دیسانەوە تینووت دەبێت. کە ژەمێکی چەور دەخۆیت پاش چەند سەعاتێکی دیکە وردە وردە برسێتی ڕووت تێدەکاتەوە. ژیان ئاوایە لە لووتکەی نائومێدی و بێزارییەوە ڕووناکییەك لە ناخدا دادەگیرسێت و کەمانچەی هیوا نووزە نووزێکی هێمنی پێدەکەوێت، حەزەکانو خەونەکانو خۆزگەکان دەکەونەوە جۆش و خرۆش و گەشانەوە، بە جۆرێك ئەگەر تەمەن بگاتە سەد ساڵیش ئینسان هەر بە ئومێدی گۆڕانێکی تازە یان سەرهەڵدانی قەناعەتێکی تازە لە مردن دوور دەکەوێتەوە، بەڵکو شانسەکە بیگرێت و بە دیداری ئەو چاوەڕوانکراوە شاد بیت. چاوەڕوانکراویش لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. ئەوەی من هەموو ژیانم چاوەڕێی بووم و نەهات و نەهات. ڕەنگە هەمان شت نەبێت کە یەکێکی دیکە چاوەڕێی دەکات. ئامانجەکان جیاوازن، بەڵام مەبەستی هەموومان بەردەوامبوونە لە ژیاندا. ئەگەر حەزرەتی نوح

له تەمەنی هەشسەد، نۆسەد ساڵیدا وتی ژیان بریتییە لە ژوورێك دوو دەرگای پێوەیە لەمیان هاتینە ژوورەوە و لەوەکەی دیکەیان دەرچووین بە لای منەوە لەوەش کورتترە. ئەو حەقیقەتەی کە منیش بە دوایدا وێڵم مەبەست لە بوون و نەبوونی خودا نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئینسان خۆیەوە هەیە، کە وەك لە شوێنێکی دیکەدا وتم تا ئێستا لە دەهەزار شانە و خانەی زانین تەنیا دەی لێ بەکارهێناوە و نۆ هەزار و نۆسەد و نەوەتی ماوە. ڕۆژانە بە وردەکاری و ڕێگا و ڕێچکە لەناویەکەکانی ئەو حەقیقەتەدا دەچمەوە و دەپرسم دەبێت ڕۆژێك بێت دادپەروەریەکی ئینسانیی سەرتاسەری زەوی بگرێتەوە؟ دەبێت قانونێکی جیهانیی بێتە کایەوە ڕێگا لە غەریزە ناپەسندەکانی ئینسان بگرێت و بیانخاتە ئاستەنگێکی دیکەوە؟ بشێت ڕۆژێك بێت مردن نەمێنێت، زوڵم و زۆرداری نەمێنێت و هیچ جیاوازییەك نەبێت لەنێوان دەوڵەمەند و هەژاردا. ئێستا پێم دەڵێن ئەمەیە خەونی شاعیرانە! کەواتە من هۆیەکی گەورەم هەیە هێشتا بژیم، چونکە خاوەنی خەونی پیرۆزم.

وەك وتم ئەم بیرکردنەوەیە لە دەرەوەی بیرکردنەوەیە لە خودا، چونکە من بە مێژووی دینەکاندا شۆڕبوومەتەوە بۆ سەردەمێك ئینسان هیچ دینێکی نەبووە و خودای نەناسیوە، بەڵام وردە وردە ئینسان خۆی بە هۆی ترسانی لە مردن بیری خودا و پاشان دینی داهێناوە. خودا وەکو وشە کە لە هەر زمانێکدا ناوێکی هەیە لە حاڵەتی بوونیدا بەرپرسیار دەبوو لەو هەموو نادادپەروەریانەی سەر زەوی کە بەشێکی زۆریان هیچ پەیوەندییەکیان بە خراپەی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو کارەساتی سروشتیی بوون. من هیچ ناوێکی لێ نانێم، بەڵکو دەڵێم هەست بە بوونی حەقیقەتێك دەکەم پێم نادۆزرێتەوە و مێشکم بڕ ناکات.

لە سەرێکەوە خۆزگە بەوانە دەخوازم کە بە قەناعەتەوە خودا دەناسن و خەریکی عیبادەتن، چونکە ڕێگا و ڕێچکەی خۆیان دۆزیوەتەوە لە ژیاندا هەرچەندە بە بۆچوونی من کەوتوونەتە شوێنی کڵاوی بابردوو لەبەر ئەوەی ناتوانم قەناعەتێکم هەبێت، کە ئێمە لە نەسلی ئادەم و حەواین کوڕ و کچانی ئەو دوو باوە گەورەیە شوویان بە یەکتر کردووە و ئەم بەشەریەتە سەقەتەی لێهاتۆتە بەرهەم. لە سەرێکی دیکەوە بەخیلیم بەوانەشدا دێتەوە کە بە قەناعەتەوە بڕوایان پێی نییە و دەڵێن کاتی خۆمان بەو جۆرە بیرکردنەوەیە بە فیڕۆ نادەین. ئەڵبەتە مەبەستم لە خودا ئەو نهێنییە دێرینەیە کە مێژووی بۆ پازدە ملیارد ساڵ دەگەڕێتەوە واتە تەقینەوەکەی بیگ بانگ (تەقینەوە گەورەکە) کە بەر لەوە بوون و نەبوونی پەیوەندی بە گەردوون و ئینسانەوە نەبووە. حەفتا، هەشتا ساڵی تەمەن ئەگەر بەراورد بکرێت بە پانزە



ملیارد دەبێت چی بێت؟ زەوی لە چاو ملیۆنەها کەوکەبی دیکەوە کە ملیۆنەها ساڵی هەتاویی لە یەکەوە دوورن دەبێت چی بێت؟ کێ دەڵێت لەو هەموو ملیارد کەوکەبە ژیانی دیکەش نییە و ڕەنگە ئەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەی سەر زەوی لە چاو هەندێکی دیکەوە لە ئاستێکی زۆر زۆر دواکەوتووشدا بێت. حەز دەکەم بەر لە مردنم منیش وەك ئەو خەڵکە بە لایەکدا خۆم ساغ بکەمەوە، لەسەر ئەم دیوارەی ناوەڕاستدا نەمێنم و بە لایەکیاندا بکەومە خوارەوە، ئەوسا دوودڵیم نامێنێت. چی بکەم قەناعەتم بە هیچیان نییە و لە هەر کامیان قوڵ دەبمەوە لەو سەرەوە هیچێکی گەورە چاوەڕێم دەکات. من گرفتی قەناعەتم هەیە نایشتوانم بە زۆر قەناعەت بە سەر خۆمدا بسەپێنم، چونکە قەناعەت خۆی دروست دەبێت نەك بە ترس و خۆبەدەستەوەدان یان بە خۆنیشاندان.

من و مەی
کە ئەخۆمەوە
هەموو جیهان وەکو دڵۆپە فرمێسکێ
بەسەر ڕوومەتی ماندووما دێتە خوارێ
پێش ئەوەی بگاتە زەوی ئەبێتە گوڵە ئەستێرە
کۆپلەیەك لە شیعری تووانەوە لە ساڵی ١٩٧٥ دا

یەکەمجار کە خواردمەوە لە هەرەتی لاویدا بووم و بە ئەمستڵێك دەستم پێکرد واتە بیرەی بچووك و سووك. لە سەرەتادا وەك هەر کەسێکی ئاسایی دەمخواردەوە کە وردە وردە ئاگری بیرکردنەوەی بەردەوام لە خۆم و خوا و گەردوون و ژیان و مردن و هەستکردنم بە فەلسەفەی نائومێدی و پڕوپوچی ژیان بووە هۆی جۆرە بێدەربەستییەك کە ئەوەندە بە لامەوە گرنگ نەبوو چی ڕوودەدات و نادات. کە مەست دەبووم دڵی نزیکترین هاوڕێی خۆم دەیەشاند، بەڵام ئەوانەی کە بە ڕاستی هاوڕێم بوون بەسەر خۆیان نەدەهێنا و لێیان دەبووریم. دەیانزانی دڵم وەك بەفر سپییە و هیچ مەبەستێکی خراپم نەبووە. بە دەم مەستییەوە ڕام دەکرد. بۆ شتێك دەگەڕام وامدەزانی ئەگەر ڕا بکەم پێی دەگەم، بەڵام کە دەگەیشتم دەمبینی تراویلکەیە. هەر ڕام دەکرد و ڕام دەکرد، بەڵام هەرگیز نەدەگەیشتمە هەوار. لە ساڵی ١٩٧٤بە دواوە پەیوەندی من و مەی تەواو پارسەنگی تێکچوو. وا فێربووم لە سەرەتای کۆتاییەوە دەست پێکەم واتە کەی

کۆتاییمان بە مەجلیسی خواردنەوە دەهێنا و دەچووینەوە بۆ ماڵ ئەوجا نۆرەی خۆم و خۆم دەهات. بە تەنیا دەمخواردەوە. ئەو بەدمەستییە زیاتر لە سیی ساڵی خایاند، کە دەبوو بمکوژێت و شەنسم هەیە ماوم. کارەسات و گیروگرفتی زۆر گەورەی بۆ دروست کردووم. دەمزانی ڕێگایەکی هەڵەم گرتۆتە بەر، بەڵام فەلسەفەی بێدەربەستی و نامونتەمیەت و عەدەمیەت ڕەگ و ڕیشەیان قووڵ بوو. ئێستا دەزانم چ ئازارێکی خۆم داوە. تەمەنیش حوکمی خۆی هەیە و گەنجەکەی جاران نیم، کە لە دانیشتنێکدا زۆر ئاسایی بوو بوتڵێك ویسکی بخۆمەوە. ئێستا ئەگەر زۆریش لە خۆم بکەم و بیخۆمەوە کۆمەڵێك گیروگرفتی تەندروستیم بۆ جێدەهڵێت. بێت و بتوانم دوو سێ بیرە، یان دوو سێ پێك بخۆمەوە و ڕاوەستم باشە، ئەگینا بێ ئەندازە ماندووم دەکات. لەم چەند ساڵەی دواییدا خواردنەوەم تەواو کەمکردۆتەوە، بەڵام ڕوویشی داوە بە یادی جارانەوە قاپێك ڤۆدکام بە تەواوەتی نۆشکردووە و بۆ بەیانی هەمەچەشنە پەشیمان بوومەتەوە. نازانم بۆچی ئەوەندە تامەزرۆی مەی بووم! وەك زۆر کەس دوو شێوە خواردنەوەم هەبوو. پێش خواردن و پاش خواردن. ئەگەر نانم بخواردایە و دەستم بە خواردنەوە بکردایە تا ڕادەیەك ئارامتر بوو هەرچەندە گەرەنتیشی نەبوو، بەڵام موسیبەتەکە لەوەدا بوو کە لەسەر برسێتی دەمخواردەوە. چوار پێنج بیرەی یەکەم زۆر خۆشبوون و دەیانبردمە خەیاڵ و جیهانێکی تایبەتییەوە. ئەو بیرە ساردە پشکۆکانی ناخمیان دەکوژاندەوە و گوێم لە چزەیان بوو. حەزم دەکرد لەگەڵ یەکێکدا قسە بکەم و لە سەرەتادا جوان موناقەشەم دەکرد، بەڵام کە درێژەی دەخایاند منجرِ دەبووم و دۆ و دۆشاوم تێکەڵاو دەکرد. نەك لەگەڵ خەڵکیدان بەڵکو بەرانبەر بە خۆمیش، چونکە لەناو گۆماوی وەهمدا مەلەم دەکرد. هەر دەمخواردەوە تا لەبەر دەست بووایە و پاشان لەگەڵ یەکێك لە گۆرانییەکانی ئوم کەلسومدا خەو بردوومیەوە. هەر خواردوومەتەوە تا دەستم بە پەرداخەکە گەیشتووە. کارەسات ئەوەبوو کە هێشتا نەگەیشتوومەتە ئەو مەستییە قووڵە، بەڵام مەشروبم تەواو بووە. نیوەی شەویش بووایە دەچوومە دەرەوە. هەندێکجار هیچم دەست نەدەکەوت و دەگەڕامەوە لە داخا هەر چای و قاوەم خواردۆتەوە. کە بە ناو درەختەکاندا ڕۆیشتووم هەستم بە گۆرانییەکی تازە و ئاوازێکی تازە کردووە لە مێشکمدا دەزرنگایەوە. ئاوازێك هەرگیز پێشتر گوێم لێ نەبووە. ماوەیەك ڕۆیشتووم و گوێم لەو دەنگ و ئاوازەی ناوەوەی خۆم بووە. بەیانی کە مەستی بەریداوم هەوڵم داوە بیهێنمەوە بیرم نەمتوانیوە. دەیانجار ئەم حاڵەتەم لا دووبارە بۆتەوە و قەت ئەوەم بە خەیاڵدا نەهاتووە دەنگی خۆم تۆمار بکەم، چونکە سنوورم بۆ مەستی دانەناوە بە درێژایی ژیانم من و مەی یەککتریمان ڕاوکردووە. بە درێژایی



ژیانم هەر ئەو منی خواردۆتەوە، بەڵام وا خەریکە لەو پێشبڕکێیە بە سەلامەتی بێمە دەرەوە و ئیتر هەوڵ دەدەم من ئەو بخۆمەوە. مەبەستیشم ئەوەیە کە ئیتر ناخۆمەوە، یان ئەگەر بخۆمەوەش ناهێڵم لە دوو سێ پەرداخ تێپەڕێت. پەندێکی سویدی هەیە دەڵێت: (ئینسان قەت نەڵێت هەرگیز) واتە نەڵێت ئیتر بڕیار بڕ توخنی ئەو کارە ناکەوم.

ڕاستییەکەی ئەو جۆرە خواردنەوەیە گەشتی مان و نەمانە. پیاو دەزانێت کەی و چۆن دەست پێدەکات، بەڵام نازانێت لەوسەرەوە بە چی کۆتایی دێت. لەبەر ئەوە هەر کاتێك کە بەو جۆرە خواردوومەتەوە ئەگەری ئەوەیشم لە بەر چاودا بووە کە ڕەنگە ئەمە دواجار بێت بژیم و ئیتر نەیەمەوە سەرخۆم. خواردنەوە بۆ من گەشت و سەفەرکردن بوو بەرەو نەناسراو. دەمزانی چۆن دەست پێدەکەم، بەڵام نەمدەزانی کەی چۆن بە چی کۆتایی دێت. وەختێك لە خەو بێداربوومەتەوە بۆم دەرکەوتووە ژیانێکی نوێم بۆ نووسراوەتەوە. کە ئەم ڕازەی دڵم بۆ کەسێکی ئاسایی بگێڕمەوە لێم تێناگات و لە ساغ و سەلامەتی ئەقڵ و کەسایەتیم دەکەوێتە گومانەوە، بەڵام هەر خۆم دەزانم لەو ساتە ناسکانەدا دەکەومە ژێر گوشاری چ بیرکردنەوەیەك و چەندە تامەزرۆی لە کارخستنی شانەکانی ئەقڵی خۆمم نەك بۆ ئەوەی کەسە ئاساییەکان گاڵتە بەو ئەقڵەم بکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەمە کە نامەوێت وەك ئەوان بیربکەمەوە.

یەکێك لەو حاڵەتە هەرە تایبەتییانەی مەستیم لە یەك دوو نووسینی خۆمدا ناوم لێ ناوە ئەودیوی سنوورە سوورەکان، ئەمە یەکەمین جارە باسی ئەو حاڵەتە دەکەم کە تەنیا عەدەمیەت و نەهلیستی نەبوو، بەڵکو شتێکە خۆمیش تەواو سەرم لێی دەرناچێت بۆچی وام دەکرد. لە دوای خواردنەوە ئەوجا ئەو بەزمە دەستی پێدەکرد. باش دەمزانی تا ئاستێکی دیاریکراو دەتوانم بەردەوام بم لە خواردنەوە، بەڵام کە زیادەڕۆییم دەکرد ئیتر دەکەوتمە ئەودیوی سنوورە سوورەکانەوە واتە وردە وردە مەشروبەکە وەك ئاوی لێدەهات تا ئەو شوێنەی تاقەتم هەبووایە دەستم بۆ پەرداخەکە درێژ بکەم خواردوومەتەوە.

ماوەیەك لەگەڵ شاعیری داهێنەر سەلاح شواندا تا ڕادەیەك شەوانە دەچووینە مەیخانەی سەرگۆن لە ئەبونەواسی بەغدا. هەموو جارێك پێش ئەوەی بڕۆینەوە من نیو قاپ سەفەریشم دەکڕی تا شەوێکیان گارسۆنەکە وتی سەفەری قەدەغەیە ئیتر قسە لە من و قسە لەو سەلاح شوان گارسۆنەکەی بردە لاوە و چەند وشەیەکی بە گوێچکەیدا چرپاند ئەویش خێرا ڕۆیشت نیو قاپ زەحلاوی بۆم هێنا. پاش تۆزێك لە یەکێك لە چێشتخانەکانی باب الشرقی مریشکی سوورەوەکراومان دەخوارد زۆر بە زەوقەوە قومێکم لە عەرەقەکە دا و زانیم خەڵەتاندوومیانە لە

جیاتی عەرەق ئاوی سادەیان بۆ هێناوم. زۆر لە سەلاح شوان تووڕە بووم ئەویش قا قا پێدەکەنی. بە تووڕەیی ڕۆیشتم چووم بۆ مەیخانەی ئەمباسی کە تا بەرەبەیان جمەی دەهات و تۆڵەی ئاوە بە عەرەقکراوەکەم کردەوە.

دوای دووەم خواردنەوە زۆربەی کات شەو نەخەوتووم، بەڵام پاشان کەوتوومەتە ناو خەوێکی قووڵەکەوە. وەختێك بێدار بوومەتەوە تا ئەمدیوی سنووری سوورەکەم کەوتۆتەوە بیر چیم کردووەو چی ڕوویداوە، بەڵام لەوە بەولاوە نەئەهاتەوە بیرم. وام هەست دەکرد تەلەفۆنم بۆ ئەم و ئەو کردووە و قسەی ناخۆشم پێ وتوون، یان بەو شەوە درەنگە چوومەتە دەرەوە و چاوم بە چەند کەسێکی ناسیاو کەوتووە ئیتر زۆر نیگەران دەبووم و شەرم دایدەگرتم بۆچی قسەی ناخۆشم بەو کەسانە گوتووە. نیگەرانییەکە دەبووە شپرزەیی و خەمۆکی و چەند ڕۆژێکی پێدەچوو پاشان بۆم دەردەکەوت نە تەلەفۆنم کردووە و نە چوومەتە دەرەوە، بەڵکو هەندێك خەونم دیوە و خەونەکانم لا بوونەتە حەقیقەت. کە دەڵێن لە وەهمدا دەژی ئەوە من بووم یەك پارچە واقیعەکەم لا ببووە وەهم. ڕوویداوە تەلەفۆنم بۆ برادەر و ناسیاو کردووە تا داوای لێبووردنیان لێبکەم، چونکە دوێنێ شەو ئازارم داون و دڵم یەشاندون کەچی بە حەپەسانەوە وتوویانە هەرگیز دوێنێ بە تەلەفۆن قسەمان نەکردووە و هیچ ڕووینەداوە بگرە زۆریش حەپەساون.

زۆر لەسەر ئەم بارە تایبەتییەی خۆم ڕاوەستاوم و بیرم لێی کردۆتەوەن چونکە من کە خواردوومەتەوە لە سەرەتاوە دەمزانی تا کوێ بڕ دەکەم. هەموو جارێك ئەو دیوی سنوور نەبوو، بەڵکو زۆریش ڕوویداوە بە سەلامەتی دەرچووم و کشاومەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ ڕووبدات. ئەو جارانەی سرەوتن و ڕاوەستانم بۆ نەبوو هەر خۆم دەمزانی چ ئاگرێك بەربۆتە مێشك و دڵم. پێش قۆناغی لەبیرچوونەوە جاری وا هەبووە بە سەعات گوێم بۆ موزیك شل کردووە و لەگەڵ ئەو موزیکەدا تەواومەتەوە و گونجاوم بە خەیاڵیش دانسی سەرسووڕهێنەرم کردووە کە بڕوا ناکەم کەسم دیبێت ئاوا دانس بکاتن مەگەر زۆربای یۆنانی.

بێگومان ئەوەش بارێکی دەروونیی زۆر زۆر تایبەتی بووە و پەیوەندی بە کۆمەڵێك هۆی کاریگەرەوە هەبووە لە سەرووی هەموویانەوە هەستکردن بە ناداپەروەری و سەرکەوتنی درۆ بەسەر ڕاستیدا لەناو کۆمەڵگەکەی دەوروبەرمدا. خۆ ئەگەر بەرەنگاری کۆمەڵگەکە ببوومایەتەوە بە هەموو جۆرێك هەوڵیانداوە لە نرخی ئەو ڕاستییانە کەم بکەنەوە. ئەوەشیان پێ نەکرابێت پێیان وتووم لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆشە، بەڵام من لە ناخی خۆمدا هەرگیز ملم بۆ تەمسیلە کۆمەڵایەتییەکان کەچ نەکردووە و ئەگەر توانای سەرخستنی ڕاستیشم نەبووە



دوورەپەرێز بووم و بەشداریم نەکردووە لە شانۆگەرییە جۆربەجۆرەکاندا، بەڵکو هەموو پەیکەرە ساختەکانم ورد و خاش کردووە تەنانەت ئەگەر یەك کەسیش دانی بەو ڕاستییەدا نەنابێت.

ئەوەی کە مەی پێی کردووم هیچ دوژمنێکم ئەوەندە ئازاری نەداومن کەچی دوای عەزابێکی چەند ڕۆژی، جارجاریش چەند مانگی، لێیخۆشبووم و بە هەمان تاسە و شەوقی جارانەوە عەزابە ئاگرینەکانی پەشیمانی دوای مەستیم لە بیر چۆتەوە و بە شەوقێکەوە خواردوومەتەوە وەك تینوێتی ڕێبوارێکی ونبوو لە بیاباندا بۆ پەرداخێك ئاوی سارد. تەماشا دەکەم ئەو تینوێتییە کەوتبووە قۆناغێکی زۆر ترسناکەوە کە ئەگەر بڕیاری وازلێهێنانم نەدایە دەیکوشتم یان ڕووبەڕووی کارەساتی گەورەی دەکردمەوە.

لەم باسکردنەی مەی خواردنەیەدا وا گەیشتمە سەر خاڵی مەبەست کە پرسیارە وجودییە هەرە گەورەکەیە کە ئایا بوون ئەوە دەهێنێت بژین یان نا؟ لە وەڵامدا کە باس لەم تاقیکردنەوەیەی خۆم دەکەم دەڵێم بەڵێ، ئەوە دەهێنێت. ڕەنگە تۆزێك درەنگ گەیشتبمە ئەم ڕاستییە، بەڵام درەنگیش لە هەرگیز باشترە. مادام دەژین هیچ کاتێك درەنگ نییە.

## من و زیندان

بە هۆی فیرارییەوە زیندان ویستگەیەکی زۆر گرنگە لە ژیانی مندا. لاموایە ئەگەر کەسێکی دیکە بووایە یەك دوو کتێبی لەسەر یادەوەریەکانی زیندان بڵاودەکردەوە. ڕاستە، من زیندانی سیاسی نەبووم، بەڵام یادەوەری هەندێ زیندانی سیاسیم خوێندۆتەوە، کە ماوەیەکی زۆری حوکمەکەیان لەناو زینداندا خەریکی کاسبی و بازرگانی بوونە و تەنانەت کە ئازادیش کراون توانیویانە چەند هەزار دینارێك کۆبکەنەوە. واتە لەناو زیندانیشدا جۆرە سەربەستییەك لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا هەبووە، بەڵام زیندانەکانی ئینزیباتخانە لە ڕۆژی حەشر دەچوون و بێبەش بوون لە هەموو بنەمایەکی ئینسانیی. لێرەدا دەکەوێتەوە بیرم لە پێنج ئینزیباتخانە و زیندانی ئەمنی دهۆك و ئەمنی کەرکوك و مەنزومەی ئیستیخباراتی شیمالی ماومەتەوە تا لەلایەن دادگای سەربازیی باقوبەوە حوکم درام. هێشتا دوو دەعوام لەسەر مابوو کە لێبوردنە گشتییەکە دەرچوو، منیش ڕزگارم بوو. عەرەب دەڵێن: (مصائب قوم عند قوم فوائد) واتە موسیبەتی هەندێك قازانجی هەندێکی دیکەی تیادایە. بە ڕاستی ئەوە من بووم، چونکە ئەگەر ڕژێمی بەعس کوێتی داگیرنەکردایە ئەو لێبوردنە گشتی و فراوانەش دەرنەدەچوو.

منیش ئەگەر لێبوردنێکی لەو بابەتە نەبووایە بە دڵنیاییەوە ڕەمی دەکرام. ئیتر ژیان لەو ڕۆژگارەدا بە مان و نەمانەوە بریتی بوو لە کۆمەڵە ڕێکەوتێك کەس هۆی ڕاستەقینەی ئەو ڕێکەوتانەی نەدەزانی کە هەندێجار ئینسان لەناو دەدەن و جاری وایش هەیە لە مردنی سەد دەر سەد ڕزگاری دەکەن. لە زیندانی سیاسیدا مەبەست لێکۆڵینەوە و دانپیادانانە کە ئازار و ئەشکەنجەیش پەیوەندییان بە کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکەوە هەبوو، بەڵام لە ئینزیباتخانەکان و زیندانە سەربازییەکان ڕۆژانە ئەو جۆرە کارەساتە دووبارە دەبوونەوە بەبێ ئەوەی کە پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوەیەکی دیاریکراوەوە هەبێت، یان سەرەتا و کۆتاییان دیار بێت. بۆ نموونە: لە ئینزیباتخانەی گشتی بەغدا هەندێ ئەشکەنجە هەبوون کەس لێی دەرباز نەدەبوو. یان کە کۆمەڵە ئینزیباتێکی جەللاد هەر بۆ زەوق دەهاتن و دەیانگوت با فێرارەکان بێنە ئەملاوە، پاشان لەناو فێرارەکانیشدا ئەوەی خۆی بەدەستەوە داوە و ئەوەی گیراوە جیادەکرانەوە. ئیتر بە کێبڵ بەردەبوونە ناو فێرارە گیراوەکان و زۆریان لە تاو لێدان و لە تینوواندا دەکەوتنە سەر زەوی کە نەمان دەزانی مردوون یان لە هۆشی خۆیان چوون، بەڵام گشت کاتێکیش واسیتە دەوری خۆی هەبووە و ئەوەی واسیتەدار بووە خراوەتە لاوە. مردن زۆر ئاسایی بوو، کەس لێی بەرپرسیار نەبوو، بەڵکو ئەگەر مردووەکە شانسی هەبووایە لاشەکەی بە کەسوکاری دەدرایەوە. سەربازی فێرار کاتێ حوکمیش دەدرا لە زیندانە سەربازییە یەکگرتووەکاندا حوکمەکەیان بەسەر دەبرد، کە تا ڕادەیەك لە ئینزیباتخانەکان باشتر بوو، بەڵام زۆریش سەخت و تایبەتمەند بوون.

پیسترین و سامناکترین زیندان ئینزیباتخانەی گشتی بوو لە بەغدا. تا ڕادەیەك ڕۆژانە لەبەر ئەشکەنجەدان، یان لە ئەنجامی تینوێتی و برسێتیدا دەمردن. لەو جەمەلۆنە گەورەیەدا بە قرچەی هاوینی بەغدا بە کێبڵ و دار پاڵیان بە زیندانییەکانەوە دەنا کە ژمارەیان لە سەرەوەی سێسەد سەرباز دەبوو ئیتر هەموو بە پاڵەپەستۆ دەکشانە دواوە و قوڕگیان لە تینوواندا وشك هەڵدەهات خەریك بوو بخنکێن. هەندێك دەبوورانەوە و دەکەوتنە ژێر پێوە. یەکێك بە میکرۆفۆن هاواری دەکرد هەڵسن دانیشن، هەڵسن دانیشن (ابرك، انهض) ئینسان نە فریای هەڵسان دەکەوت، نە دانیشتن ئەوەی سەرپێچیشی بکردایە وەك سەگی هار تێی بەردەبوون تا لە هۆشی خۆی دەچوو، پاش ئەم ئەشکەنجەیە نزیکەی سەعاتێك پشوودان بوو لە دوو سێ لاوە شەربەتی پڕ لە بەفر دەفرۆشرا پەرداخی بە ١٠٠ فلس بوو، بەڵام شەربەتەکە بۆیاخێکی سادە زەردی شیرین بوو دوای پێنج دەقیقە ئەوەندەی دیکە تینوویەتی هەراسانی دەکردی. مەگەر هەر



خودا بزانێت لەو سەعاتەدا چەند شەربەتیان دەفرۆشت، بەڵام ئاو قەدەغە بوو. من خۆم بە ئینزیباتێکم گوت پێنج دیناری دەدەمێ، ئەگەر یەك پەرداخ ئاوی ساردم بۆ بهێنێت لەو ئاوەی خۆیان دەیان خواردەوە. وتی سەد دیناریشم بدەیتێ نایهێنم ئاو قەدەغەیە ئێوە فێرارن لە جیاتی ئاو شەربەت بخۆنەوە. ئا لەوێدا قسەکەی ماری ئەنتوانێتم کەوتەوە بیر کاتێك پێیان وتبوو فەرەنسییەکان برسییانە نان شك نابەن تا بیخۆن، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی با لە جیاتی نان کێك بخۆن. هەندێك هیچ پارەیان پێنەبوو، بەڵام فێرارەکانی دیکە یارمەتییان دەدان. بە ڕاستی هاوکاری و یارمەتییەکی ئینسانیی گەورە لەنێو زیندانییەکاندا هەبوو.

ئینزیباتخانەی کەرکوك لە دوو هۆڵی زۆر گەورە و هۆڵێکی مامناوەندی پێکهاتبوو. دوو هۆڵە گەورەکە بۆ تەسفیرات و ئەوەکەی دیکەیش بۆ ئەو سەربازانە بوو جارێ تەسفیرات ناکرێن و مانەوەیان درێژە دەکێشێت واتە حجز بوون. لە هەر سێ هۆڵەکە ماومەتەوە کە هۆڵە بچووکەکە واتە حجزەکە لە چاو دووانەکەی دیکەوە وەك ئوتێل وابوو.

لە ئینزیباتخانەکاندا ئینسان بوونی نامێنێت و هەزار خۆزگە بە ئاژەڵ دەخوازێت و ڕێك لە ئۆردوگا تەفروتوناکەرەکانی هیتلەر دەچوون. کەس بە کەسەوە نەبوو هەروەها ئەگەر ئینزیباتێك بە لێدان سەربازێکی بکوشتایە کەس پێی نەدەگوت بەر چاوی بە کلەوەیە. ئازار و ئەشکەنجەی دڕندانەی بەردەوام، بێجگە لەوەی کە هۆی گەرمی و نەبوونی خواردن و ئاو بە شێوەی پێویست نەخۆشی جۆربەجۆر بڵاوببووەوە بە تایبەتی گەڕبوون. بچووکترین سەرپێچیکردن مەگەر ئەو کەسە پشیلەی حەوت ڕوح بووایە ئەگینا ئەوەندەیان لێدەدا زەحمەت بوو بێتەوە سەر خۆی. خۆشترین کات ئەو ساتانە بوو کە لیستی ناوەکانیان دەخوێندەوە بۆ تەسفیرات هەرچەندە لە دۆزەخێکەوە بۆ دۆزەخێکی دیکە دەچووی، بەڵام زیندانییەکان بیریان لەو سێ چوار سەعاتەی ڕێگا دەکردەوە کە سەیارەکە بەرەو بەغدا دەڕۆیشت و ژەمە نانێکی پوختەشیان لە چێشتخانەیەکی سەر ڕێگادا دەخوارد.

من چەند جارێك کەوتوومەتە ئینزیباتخانەی سەربازیی گشتییەوە لە بەغدا، کە بەڕاستی لە دۆزەخیشدا نموونەی نییە بە تایبەتی جەمەلۆنی ژمارە یەك کە تایبەت بوو بەو فێرارانەی قابیزەن گیرابوون و ڕۆژانە لە تاو لێدان و گەرمی و تینوێتی خەڵکی تیادا دەمردن. چونکە لەو جەمەلۆنەدا موبەریدەش قەدەغە کرابوو تا نەقیب سەددامی برای حسین کامل (ئەو سەردەمە نەقیب بوو) بوو بە ئامیری ئەو دەزگا سەربازییە تۆقێنەرە و بڕیاری دا چوار موبەریدەی بۆ دانێن. بەوەش ژمارەی مردووەکان تۆزێ کەمتر بوونەوە. وەك وتم لەو ڕۆژگارەدا

مردن به گۆتره بوو. ئەوانەی چووبوونە دادگای سەربازیی مەرکەزی دەیانگوت فیرار گەلێك زۆربوون تا ئەو ڕادەیەی کە حاکمەکە بە ئاماژە دەیگوت لێرەوە بۆ ئەوێ ڕەمی، ئەوانەی دیکەیش زیندانی هەتاهەتایی.

بێگومان مێروولەش نەیدەتوانی لە ئینزیباتخانەی گشتی هەڵبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی وا هەبوون ئەوەندە بێزار بوون لە ژیانی خۆیان هەوڵی ڕاکردنیان دەدا، کە پاشان هەر بە کێبڵ و دار هەنجن هەنجن دەکران و دەمردن. من بە چاوی خۆم سەربازێکی عەرەبی فیرارم بینی کە هەوڵی ڕاکردنی دابوو، لە حەوشەکەدا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە هەر بە شەق و بۆکس و کێبڵ کوشتیان.

یەکێك لە نهێنییەکانی ئەو ئینزیباتخانەیە ئەوەیە جەمەلۆنێکی تایبەتی هەبوو بۆ ئینزیباتەکان خۆیان. پڕ بوو لە کەرەستەی وەرزش و مەشقکردن هەروەها ڕاهێنەری بیانی لە دەرەوە دەهاتن و مەشقی تایبەتیان پێدەکردن وەك کۆنفۆ و کاراتێ بە پیتی عەرەبی ڕستەیەکی یابانی لە بەردەرگای جەمەلۆنەکە نووسرابوو کە نەمان دەزانی مانای چییە. تا ئەم دواییەش ڕستەکەم لە بیر مابوو بە داخەوە لەم کاتەدا ناکەوێتەوە یادم.

من چەند جارێك کەوتوومەتە ئەو شوێنە ناخۆشانەوە هەروەها لە زیندانەکانی مەنزومەی شیمالی و ئەمنی کەرکوك و ئەمنی دهۆکیش ماومەتەوە کە هەرچەندە سامناك و تۆقێنەر بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر کەسێك قەزیەکەی سەربازیی بووایە ئەوان تەنیا ئیفادەکەیان وەردەگرت و دەیانناردن بۆ ئیستیخبارات، تا لە ڕێگای ئینزیباتخانەکانەوە بیانبەنەوە بۆ وەحدە سەربازیەکان. لەوێش مەجلیس تەحقیقیان لەسەر دەکرا و دەدرانە دادگای سەربازیی. من خۆم پێشتر چونکە قانونی بووم ماوەی چوار مانگ لە دادگای سەربازیی کاتب بووم، پاشان لە لایەن ئیستیخباراتەوە دوور خراومەتەوە و نەقڵی بەسرا کرام، چونکە هەرچەندە قانونیش بووم قەدەغە بوو لەو شوێنانەدا کار بکەم، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك لە دەرەوەی عێراق بووایە پاشان کە تەسلیم دەبووەوە تا ڕۆژی تەسریح بوون لە سوپادا دەکەوتە ژێر چاودێریی ئیستیخباراتی گشتییەوە. ئەوەبوو دواتر خۆمیش لە دادگای سەربازیی فەیلەقی دوو حوکم درام، بەڵام دادوەرەکە پیاوێکی باشبوو لەسەر قەزیەیەك حوکمی دام بە زیندانی، بەڵام دوو قەزیەکەی دیکەی دواخست کە بریتیبوون لە فیراری قابیزەن و تەزویرکردنی دەفتەر خیدمەی سەربازیی کە هەریەکە بە جیا جیا حوکمەکەی ڕەمی بوو. هێشتا چاوەڕوانی دادگاییم دەکرد، کە عافوات دەرچوو بە بۆنەی داگیرکردنی کوێتەوە. ئەوەبوو منیش وەك هەزارانی دیکە ئازاد



کرام و دەسبەجێ فیرارم کردەوە و چوومە دارەتوو لە ماڵی خوشکم مامەوە تا ڕاپەڕین. خۆی ژیان چەندە بێمانایی تیادایە ئەو بێمانابییە لە زیندانە سەربازییەکاندا قووڵتر دەبوونەوە و بێمانایی لەناو بێماناییدا دروست دەکرد. ڕێکەوتەکان تێکەڵاو دەبوون و موعجیزە ئاسا خوێندنەوەی کۆدەکانیان ئاسان نەبوو. مان و نەمان لەسەر ئەو ڕێکەوتە چاوەڕوان نەکراوانە ڕاوەستابوو. ئێستا هەرچییەك دەبینم، بەلامەوە سەیر نییە، بەڵکو سەیر ئەوەبوو چۆن بەو هەموو کارەساتە تەفروتوناکەرەدا تێپەڕین و نەمردین و پاشان هەموو شتێکیشمان لە بیر چووەوە. نا ببوورن هەرگیز لە بیرمان نەچوونەتەوە، بەڵکو تایبەتمەندی ئێمە لەوەدایە کە لە منداڵدانی ئەو بارودۆخەدا بەشێکی گرنگی مرۆڤایەتیمان هەپروون بە هەپروون بوو.

## دەربارەی ژیانی ئەدەبیم

زۆر منداڵ بووم کە حەزم لە خوێندنەوە بووە. باسی ئەوەم کرد لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە کوردی خوێندوومە و کە کتێبی پۆلی دوومان وەرگرت ئەویش بە کوردی بوو، بەڵام لە پڕێکدا بڕیار درا خوێندن ببێتە عەرەبی و هەموو کتێبە کوردییەکان کۆکرانەوە و دەبوو باوکم بیانبات بۆ ناحیەی ئاغجەلەر. زۆر تکام لە باوکم کرد ئەو کتێبە لە من وەرنەگرێتەوە، پاش وڕك و گریانێکی زۆر ڕازی بوو. لە ماڵەوە هەر بە یارمەتی باوکم خۆی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەرتاسەری کتێبەکەم چەند جارێك خوێندەوە و زۆریم ئەزبەڕ کرد.

خوێندنەوە بوو بە یەکەم ئارەزووم و هەر لەو تەمەنەوە چیم دەکەوتە بەردەست خێرا ئەمسەر و ئەوسەرم پێدەکرد و بەردەبوومە خوێندنەوەی. هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدا بووم کوردی و عەرەبییەکی باش فێر بووم. لەبەر ئەوەی کتێب و گۆڤاری کوردیم دەست نەدەکەوت زیاتر بە عەرەبی دەمخوێندەوە. کە چوومە قۆناغی ناوەندیی دەستم کردە نووسینی بابەتی جۆراوجۆر بە عەرەبی و شیعر بە کوردی. خۆم لە پۆلی یەکەمی ناوەندیی بووم، بەڵام ئینشام بۆ هاوڕێکانم دەنووسی لە پۆلی دوو و سێی ناوەندیی هێشتا مامۆستا بڕوای پێنەدەکردن نووسینی خۆیان بێت. لێرەوە وردە وردە ڕۆمانە عەرەبییەکانم دەخوێندەوە کە باوکم بۆ خۆی دەیکڕین. وای لێهات هەرچی کتێبێکی دەهێنایەوە من پێش ئەو دەمخوێندەوە. شیعرە کوردییەکانم لە دەفتەرێکدا کۆکردەوە کە هەموویان بابەتی کلاسیکی بوون و پاشان کە گەورەتر بووم و شیعری گۆران و هەردی و کامەران موکریم کەوتە بەردەست زۆر، بەلامەوە سەرنجڕاکێشبوون و هەوڵی

لاساییکردنەوەیانم دەدا. سەبارەت بەوەی لە ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی سەر بە پارتی کارم دەکرد پێش ڕێکەوتننەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ئاشکرا بووم و چوومە هەولێر لە ماڵی هاوڕێی شەهیدم محەمەد جەمیل قەشقەیی بووم کە لە کۆتایی حەفتاکاندا لە سەرچناری سلێمانی مولازم موحسین دەستڕێژی لێکرد و شەهید بوو. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٦٩ ئەو و یەك دوو برادەری دیکە بڕیارماندا هەمووومان بچینە ڕیزەکانی شۆڕشەوە. لە شەقڵاوەوە بە پێ بۆ ناوپردان ڕۆیشتین، چوار پێنج ڕۆژمان پێچوو تا گەیشتینە جێ. زۆری نەخایاند مفاوەزات دەستی پێکرد.

ساڵی ١٩٧٠ دا بۆ یەکەمجار لە ژیانی ئەدەبیمدا شیعری (خەونی چاو)م لە هاوکاری بلاوکرایەوە. دوا بە دوای ئەو شیعرە، جەلالی میرزا کەریم چاوپێکەوتنێکی ئەدەبیی لەگەڵمدا ساز کرد بە ناونیشانی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شاعیری لاوی هەڵکەوتوو سەلام محەمەد) کە لەگەڵ وێنەیەك و شیعرێکی تازەمدا لە هاوکاری بلاوکرایەوە. لە ڕێگای شاعیر سەلاح شوانەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ هەموو پێشڕەوەکانی ڕوانگەدا پەیدا کرد بە تایبەتی چیرۆکنووس حوسێن عارف و شاعیر شێرکۆ بێکەس. لە چاپکردنی دڵی کوردستان پەشیمان بوومەوە و بایەخم دا بە شیعرە تازەکانم. پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان من و جوانەمەرگ لەتیف حامید و شاعیر لەتیف هەڵمەتدا پەیدا بوو هەروەها جار جار دەچوومە سەردانی چیرۆکنووسی ڕەحمەتی جەلیل قەیسی و سوودی زۆرم لە هەموویان وەرگرتووە.

گفتوگۆیەك لە ئارادایە ئایا ڕوانگە بووە هۆی سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی یان لەتیف هەڵمەت یان چۆن؟ ڕاستییەکەی بەجۆرەیە" لە گەوهەردا بیرۆکەی ڕوانگە و بانگەوازەکەی ڕوانگە بۆ شاعیر جەلالی میرزا کەریم دەگەڕێتەوە کە خۆی لە بەغدا بووە و بەرنامەی ئەدەبیی لە ئیزگەی کوردیدا هەبووە و سەرپەرشتی لاپەڕەی ئەدەب و ژیانی هاوکاری کردووە و تا ڕادەیەك شەوانە چاوی بە نووسەر و شاعیرە عەرەبە نوێخوازەکان کەوتووە و بیرۆکەی بانگەوازێکی ئەدەبی تازەی بۆ هاتووە و دەستپێشکەری کردووە لە نووسینەوەی شیعری نوێی کوردی. کاتێك لەگەڵ حوسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی و شێرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێڕیدا لەو بارەیەوە قسەیان کردووە بیرۆکەکە بووە بە واقیع و بانگەوازی ڕوانگەی ئەدەبی نوێ لەژێر دروشمی (بیری نوێ، وتەی نوێ، کرداری نوێ)وە بلاوکرایەوە. لە هەمان کاتدا لەتیف هەڵمەت پێش ئەوەی برادەرانی ڕوانگە بناسێت شیعری نوێی نووسیوە وەك خۆی چەند جارێك باسی لە گروپی کفری کردووە، کە لەگەڵ ئەحمەد شاکەلی و ئەنوەر شاکەلیدا زۆر پێش



بانگەوازەکەی ڕوانگە کەوتبوون، بەلام لەناو شاری کەرکوکدا هیچ کەسێك هێندەی چیرۆکنووسی جوانەمەرگ لەتیف حامید بایەخی بە ئەدەبی نوێ نەداوە و یەکەم کەس بووە گوێی بۆ شیعرە تازەکانی هەڵمەت ڕاگرتووە و هانی داوە بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕێڕەوە تازەیە. تەنانەت وەك من ئاگادار بم خوا و شارە بچکۆلەکەمانی لەتیف هەڵمەت کە لە چاپخانەی شیمال چاپکرا لەسەر ئەرکی جوانەمەرگ بوو. منیش پێش ئەوەی کەس بناسم هەندێ هەوڵی شیعری نوێم بە دەستەوە بوو بەڵگەش ئەوەیە کە بۆ وەرگرتنەوەی دڵی کوردستان چووم بۆ بەغدا شیعرە تازەکانم بردبوو یەك لە دوای یەك بلاوکرانەوە.

من زۆر ئەوەم بە لاوە گرنگ نییە کێ بۆ یەکەمجار شیعری نوێی نووسیوە، چونکە لە هەموو لایەکەوە هەوڵ دراوە گۆڕانکارییەك دروست بکرێت و کەسیش ئاگای لە کەس نەبووە، بەلام نووسینی شیعر بە شێوەی پەخشانە شیعر بەر لە هەموو کەسێك لەتیف هەڵمەت لە خوا و شارە بچکۆلەکەماندا خۆی لێداوە و دێتەوە بیرم ئەو ڕۆژگارە یەکەمجار کە شێرکۆ بێکەس پەخشانە شیعرێکی بلاوکردەوە لە هاوکاری لە سەری سەرەوە نووسیبووی پەخشانە شیعر کە لەسەر لەتیف هەڵمەت نووسیبووی دوو دێڕیم هەر لە بیر ماوە (لێم پرسی هەڵمەت ئەناسی؟ وتی نا دایکی ئەناسم) هۆیەکەی ئەوەبوو هەڵمەت لە زۆربەی شیعرەکانی ئەو کاتەیدا هەمیشە وشەی دایکی وەك سومبولێکی گەورە بەکار دەهێنا. جەلالی میرزا کەریم پێش بانگەوازەکەی ڕوانگە شیعری نوێی بلاوکردۆتەوە شوێنپەنجەی پێشڕەوایەتی لە شیعری نوێی کوردیدا نکوڵی لێ ناکرێت.

کاتێ منیش برادەرانی ڕوانگە و پاشتر لەتیف هەڵمەتم ناسی خۆم کۆمەڵێك شیعری تازەم نووسیبوو لە چاو شیعرەکانی دڵی کوردستان ئەو شیعرانەم بوونە پردی نێوانمان (ڕووبەڕووی پرسیارێکی توڕە) یەکەمین شیعرم بوو بۆ لەتیف هەڵمەتم خوێندەوە دەسبەجێ وتی خۆزگە فەرهاد شاکەلیش لێرە بووایە زۆر حەز بەم شیعرانە دەکات و ئەویش شیعری نوێ دەنووسێت. پاشتر لەگەڵ فەرهادیش یەکترمان ناسی و ئەو شەوێك میوانم بوو لە ڕەحیماوە و منیش بە تایبەتی چووم بۆ سەردانی لە بەغدا کە ئەوسا لەگەڵ کاك ئەمجەدی برای لە شوقەیەکدا لە ڕاغیبە خاتون دەژیان. لە دوای یەك دوو ساڵێك من و شەهید ئەکرەم مەنتك هەر لەو گەڕەکە پێکەوە شوقەیەکمان بە مانگانەی ١٤دینار بە کرێ گرت.

لە چەند لایەکەوە شیعری نوێ سەری هەڵدابوو بەبێ ئەوەی ئاگاداری یەکتریش بین. وەك دەستپێشکەری لەتیف هەڵمەت پێش ڕوانگە شیعری نوێی بلاوکردەوە لە (خوا و شارە

بچکۆلەمان)دا تەنانەت پەخشانە شیعریش هەروەها جەلالی میرزا کەریمیش، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە پەخشانە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس بەهێزتر بوون، چونکە شێرکۆ هەوڵی دەدا هەر لە سەرەتاوە کاریگەری سوریالی و دادابیەکانی پێوە دیار نەبێت و هیچ بابەتێکی لەو جۆرەم نایەتەوە بیر. بە پێچەوانەوە لاموایە تەنها لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و من ئەو کاریگەرییە لە شیعرەکانماندا ڕەنگی داوەتەوە. دوو کورتە نموونەم لەم ساتەدا دێتەوە یاد. هەڵمەت لە شیعری باوڵێکی کلیل ونبوودا دەڵێت: "دەرگای دیوارە لاڵەکانی ئاسمانە لە مێو گێراوەکانی پێش سەرەتای مێژووی خۆڵەمێش" هەروەها منیش لە یەکێك لەو شیعرانەی ١٩٧١دا دەڵێم (بە دەمی شووشەی مەستی سووری شاخی مەبەست نەخشەی شاری بێ سنوورم ئەنووسمەوە). هیچ شاعیرێکی دیکە بەو تاقیکردنەوەیەی ئێمەدا تێنەپەڕیوە و وەك دادایی و سوریالییەکان شیعری نەنووسیوە. ئەو سەردەمە کۆمەڵێك شیعری بە ڕۆنیۆ چاپکراوم لەژێر ناونیشانی (ژانی ئەرخەوان)دا هەبوو لەوانەی کە بە دیاری نسخەیان وەرگرتبوو عەبدوڵڵا سەڕاج و لەتیف هەڵمەت و مامۆستای زمانی کوردیم عوسمان عارف بوون. دەمزانی ئەو شیعرانە لە ڕەقابە دەرناچن بۆیە هەوڵم دا بە تایپ چەند نسخەیەکیان لێ چاپ بکەم خۆشبەختانە چیرۆکنووسی هاوڕێم عەبدوڵڵا سەڕاج وتی من برادەرێکم هەیە شیعرەکانی تۆی زۆر خۆشدەوێت و لە تەربیە (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك) کار دەکات، ڕەنگە بتوانێت بە چاپی دەست و ڕۆنیۆ چەند دانەیەکت بۆ چاپ بکات. بەڵێ، ئەو برادەرە ماڵی ئاوابێت دە دانەی بۆ تایپ کردم و یەك دانەی خۆم نەبێت هەمووم بەخشی بە هاوڕێکانم و ناوم لێنابوو (ژانی ئەرخەوان) کە ناونیشانی شیعرێکی درێژی ئەو سەردەمەمە ڕەحمەتی لەتیف حامید زۆری بە دڵ بوو وەریگێڕا بۆ عەرەبی و نازانم لە کوێدا بڵاو کرایەوە، بەڵام خۆم شیعری ژانی ئەرخەوانم لە ساڵی ١٩٧١ یان ١٩٧٢دا لە هەفتەنامەی هاوکاری بڵاوکردەوە. لەم ڕووەشەوە یەکەمین کۆمەڵە شیعری چاپکراوم ئەو دیوانە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك چاپکراوە، بەڵام چەند دانەیەکی زۆر کەم و دیاریکراو بوون بۆیە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو. تا ڕادەیەك خۆمیش لە بیرم نەمابوو، بەڵام لەم ڕۆژانەدا کە بە تەلەفۆن لەگەڵ کاك لەتیف هەڵمەتدا قسەمان دەکرد هێنایەوە یادم. گۆڤاری ڕوانگە سێ ژمارەی لێدەرچوو، بەڵام من و لەتیف هەڵمەت یەك شیعرمان تیادا بڵاونەکردەوە. ئێمە ئەوسا هەوڵی ئەوەمان دەدا بە دەستخەت گۆڤارێك بڵاوبکەینەوە بە ناوی



(دەریا و جۆگەلەکانی تریش)، بەڵام کارێکی لەو بابەتە لە کەرکوك و تەنیا بە دوو کەس مەحاڵ بوو.

ئەو ڕۆژگارە لە کەرکوك من و لەتیف هەڵمەت هەموو شارەکەمان هەژاندبوو. لە کوێ بۆمان ڕێکەوتایە شیعرمان دەخوێندەوە و باسی نوێخوازیمان دەکرد، تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٢ کە یەکەم میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکوك بەسترا ناوی من لە لیستەکەدا هەبوو، بەڵام ڕێگایان نەدا هەڵمەت شیعر بخوێنێتەوە. بۆیە وەکو پشتگیریکردن و نارەزایی منیش شیعرم نەخوێندەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە کۆکردنەوەی نووسەران و شاعیرانی کەرکوك. هەموو ڕۆژێك لە دوای عەسرەوە بارەگاکە جمەی دەهات و باس و خواسی ئەدەب و زۆر شتی دیکە دەکرا. لیژنەی ڕۆشنبیری یەکێتیی نووسەران بریتیبوو لە عەبدوڵڵا سەڕاج و لەتیف هەڵمەت و فوئادی تاهیر سادق و من. لە سەرەتادا گشت هەفتەیەك لە بارەگای یەکێتیدا کۆڕێکی ئەدەبیی ساز دەکرا و پاشان بە هۆی سەرقاڵی دەستەی بەڕێوەبەرەوە بارەگاکە کەمتر دەکرایەوە و کۆڕە ئەدەبیەکانیش ڕوویان لە کزی کرد. ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢/٢/١٩٧٢ بە پێشنیاز و دەستپێشکەری لەتیف هەڵمەت وەك یاخیبوونێك لەو تەمبەڵی و داخستنی بارەگا و لاواز بوونی ئاستی کۆڕە ئەدەبییەکان تابلۆی بەر دەرگاکەمان هێنایە خوارەوە (هەڵمەت و عەبدوڵڵا سەڕاج و من) بردمان بۆ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لە کەرکوك بڕیاریشمان دا نەیدەینەوە تا چاکسازی لەناو یەکێتیدا دەکرێت. من ئەو کارە بە یەکەمین بەرپەرچدانەوە و یاخیبوون و هەوڵدان بۆ چاکسازی لە مێژووی نوێی گەلی کورد دەزانم. دەستەی بەڕێوەبەر بە مەرجەکانمان ڕازی بوون، بەڵام هەڵمەت و من دەمانەویست کلیلەکە لای خۆمان بێت تا هەموو ڕۆژێك بارەگا بکرێتەوە. وتیان بە گوێرەی قانون کلیل تەنها لای یەکێك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر دەبێت. لە نووسینێکی دیکەمدا بە دوور و درێژی باسی ئەم کێشەیەم کردووە کە ئەنجامەکەی بە توندوتیژی کەوتەوە لە پێناوی شیعر و ئەدەبدا لەتیف هەڵمەت غەدری لێکرا.

هەر لە ساڵی ١٩٧٢ یەکێتیی نووسەران بووە خاوەنی بەرنامەیەك لە تەلەفزیۆنی کەرکوك و ئەڵقەی یەکەمی من پێشکەشم کرد.

ساڵی ١٩٧٣کە بۆ خوێندن چوومە بەغدا بۆ من تاقیکردنەوە ئەدەبییەکە زۆر فراوانتر بوو. ئاشنایەتیم لەگەڵ کۆمەڵێك شاعیر و نووسەری ناوداری کورد و عەرەبدا پەیدا کرد وردە وردە

گۆڕانکاریەکی هەستپێکراو بە شیعرەکانمەوە دەرکەوتن و ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆم گرتەبەر و بوومە خاوەنی دەنگ و ڕەنگی خۆم و هیچ کاریگەری دادایی و سوریالی و کەسێکی دیکەم بە سەرەوە نەما. هەندێك شیعرم لەو ڕۆژگارەدا لە کۆڕە ئەدەبییەکانی بەغدا خوێندۆتەوە و بڵاوکردۆتەوە هەوڵێکی زۆرم دا هێشتا ئەو ژمارانەی هاوکاری و برایەتی و تەنانەت بیری نوێش نەکەوتوونەتە بەردەست کە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٣ چاپکرابوون. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا شیعرێکم لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردەوە کە نزیکەی لاپەڕەیەکی تەواوی ڕۆژنامەکەی گرتەوە لەژێر ناونیشانی (پیترا) دا. ئەو شیعرە جیاوازیەکی بنەڕەتی لەگەڵ شیعرەکانی پێشوومدا هەبوو ئەوەی بیخوێنێتەوە ئەوجا بە ئاسانی کاریگەری شیعرەکەی بۆ دەردەکەوێت بە داخەوە تەنانەت لە کۆمەڵە شیعرەکەی ١٩٨٨یشدا نەکەوتە بەردەستم و یەکێکە لە شاکارە جوان و تازەکانی ئەو سەردەمە.

## من و ڕوانگە

من ڕوانگەم لە ڕێگای شاعیر سەلاح شوانەوە ناسی، پاشان ڕەحمەتی جەلالی میرزا کەریم و دواتریش شاعیر شێرکۆ بێکەس و چیرۆکنووس حوسێن عارف کە لە ساڵی ١٩٧٢دا چوار پێنج نامە لەنێوان من و شێرکۆ بێکەسدا هەبوون دەربارەی ڕوانگە و ڕوانگەخوازان. وەك وتیشم نە ئاگاداری ڕوانگە بووم نە لەتیف هەڵمەت و نە جوانەمەرگ لەتیف حامیدم دەناسی کە هەوڵی نووسینی شیعری نوێم داوە. ڕەنگە هۆی سەرەکی و بنەڕەتی خوێندنەوەی شیعری نوێی عەرەبی بێت بە تایبەتی قەسیدەی (باران)ی بدر شاکر السیاب و دیوانی (اباريق مهشمة) واتە مەسینە شکاوەکانی عبدالوهاب البياتي و پاشان (قەسیدەی هذا هو اسمي) واتە (ئەمە ناوی منە)ی ئەدۆنیس بۆیە لە ساڵی ١٩٧٠دا کە چوومە بەغدا بۆ وەرگرتنەوەی کۆمەڵە شیعری (دڵی کوردستان) لە هەمان کاتدا مسوەدەی شیعرە تازەکانیشم بردبوو وەختێك بۆ سەلاح شوان و جەلالی میرزا کەریم خوێندنەوە پێیان حەیف بوو کە ئەو شیعرە تازانەم هەیە کەچی شیعرە کۆنەکان چاپ دەکەم. ئەوەبوو پاش بیرکردنەوە خۆمیش زانیم لە سەرم دەبنە ماڵ و وازم لە چاپکردنیان هێنا. کەواتە من بە هۆی برادەرانی ڕوانگەوە شیعری نوێم نەنووسیوە، بەڵام ڕوانگە گوڕوتینێکی گەرموگوڕی بە تێکڕای پرۆسەی نوێخوازی دا لە هەموو کوردستاندا لەبەر چەند هۆیەك کە لە هەموویان گرنگتر ئەوەبوو برادەرانی ڕوانگە تا ڕادەیەك دەسەڵاتێکی



تەواویان هەبوو لە بواری بڵاوکردنەوەدا لە کۆمەڵێك بڵاوکراوەی جیاجیادا وەك گۆڤاری ڕوانگە، هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ و... تاد. لەم ڕووەشەوە ڕۆڵی جەلالی میرزا کەریم و سەلاح شوان لە هەموو ئەوانی دیکە زیاتر بوو. چونکە هەریەکە و بە جۆرێك سەرپەرشتی لاپەڕەیەکی ئەدەبیان دەکرد و هەوڵیان دەدا تەنها بەرهەمی نوێ بڵاوبکەنەوە. سەلاح شوان خۆی بانگەوازەکەی ڕوانگەی ئیمزا نەکردبوو، بەڵام لە هەموویان ڕوانگەخوازتر بوو. بۆ مێژوو دەڵێم ئەو بەرێزانە نەبوونایە بزووتنەوەی نوێخوازی کوردی بەو شێوە بەرچاوە پێشکەوتنی بە خۆیەوە نەئەبینی. لە بەرابەری ڕوانگەدا تەوژمێکی دیکە لە کەرکوکدا هەبوو، دەتوانم بیکەمە دوو بەشەوە بەشی یەکەمیان گروپی کفری بوو کە لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی ڕابەرایەتیان دەکرد لە هەمان کاتدا لەناو شاری کەرکوکدا جوانەمەرگ لەتیف حامید و سەدرەدین عارف و لەتیف هەڵمەت و ڕەحمەتی عبدالقادر کەسنەزانی و من خەریکی نوێخوازی بووین. لە هەموویان دیارتر و چالاکتر لەتیف هەڵمەت و من لە بواری شیعردا هەروەها جوانەمەرگ لەتیف حامید لە بواری چیرۆکی نوێدا. زۆر جار هاوڕێی شاعیرم لەتیف هەڵمەت کە باسی گروپی کفری دەکات وا هەست دەکەم تۆزێك مەسەلەکە تێکەڵاو دەبێت. گروپی کفری و گروپی کەرکوك دوو شتی جیاواز بوون، بەڵام هەڵمەت چالاکانە لە هەردووکیاندا ڕۆڵی پێشڕەوانەی هەبووە. من سەر بە گروپی کەرکوك بووم واتە لە سەرەتادا هیچ پەیوەندییەکم بە گروپی کفری و ڕوانگەوە نەبووە. ئەو سەردەمە پێشڕەوەکانی ڕوانگە وەك شێرکۆ بێکەس و حوسێن عارف وایان بە چاك دەزانی چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ برادەرانی کەرکوکدا ساز بکرێت بۆ یەکخستنی تواناکان، بەڵام ئەوەبوو جوانەمەرگ لەتیف حامید لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا خەریکی پێکەوەنانی بزووتنەوەیەکی دینی بوون هەوڵێکی زۆریان دا لەگەڵ تەواوی ڕۆشنبیرانی شاری کەرکوك لەوانە ڕەحمەتی زایەر ڕۆژبەیانی و فازیل جاف و لەتیف هەڵمەت و من و کاك کەمال و ڕەحمەتی شیخ قادری کەسنەزانی و چەند کەسێکی دیکەیش لەو گروپە دینییەدا کار بکەن. جوانەمەرگ لەتیف حامید جارێك پێی وتم درەنگ یان زوو تۆ هەر دێیتە ناومان و ئێستا سێ کەسین کە سەرپەرشتی ئەم کارە دەکەین و بە تۆوە دەبینە چوار. وا بزانم هەوڵەکەیان لەگەڵ زۆربەی ڕۆشنبیرانی شارەکەدا سەری نەگرت، بێجگە لە شاعیر لەتیف هەڵمەت کە ئەویش خۆی لە بنەماڵەیەکی شێخ بوو پێش ئەو گۆڕانەیش بیر و بۆچوونی ئایینی هەبوو و نوێژی دەکرد و بەڕۆژوو دەبوو، بەڵام وەکو شیعر زۆر

بە ڕاستەوخۆیی لە کۆمەڵە شیعری دووەمیدا (ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی تر) ڕەنگی داوەتەوە.

ڕوانگەش سوودێکی زۆری پێگەیاندووم، کە ئەگەر ئەوان نەبوونایە بەو شێوە بەرچاوییە شیعرەکانم بڵاو نەدەبوونەوە، بەڵام من خۆم ڕوانگە نەبووم هەرچەندە ئەوان تا ئەو ڕادەیە متمانەیان پێمبوو کە ڕەحمەتی جەلالی میرزا کەریم چەند جارێك پێی وتووم تۆ نوێنەری ڕوانگەی لە کەرکوك.

جوانەمەرگ لەتیف حامید زۆر یارمەتی داوم لە خوێندنەوەدا و بەردەوام یەك دوو کتێبی ئەوم لابوو. بۆ یەکەمجاریش ئەو ژمارەکانی گۆڤاری ئادابی بەیروتی و شعر ٦٩ی پێداوم و دڵسۆزانە ڕێنمایی کردووم. بۆ یەکەمجارە ئاشکرای دەکەم کە من ئەوسا زۆر دەنگم خۆشبوو، تەنانەت لە دوو ئاهەنگی کوردیدا لە کەرکوك کە یەکەمیان ئاهەنگەکەی حوزەیرانی ١٩٧٠ بوو بەهۆی کەرکوك من بە سروودی (دایە گیان تو خوا بەسیەتی گریان) بەشداریم کرد و هونەرمەند قادر مەردان سەرپەرشتی تیپە مۆسیقیەکەی دەکرد. کاتێك پرۆڤەمان دەکرد دێڕە شیعرێکی سروودەکە هەبوو (شەرت بێ خەبات کەم چاو نەنێمە خەو) کاك قادر مەردانیش دەیگوت: (شەرت بێ خەبات کەم چای نەخۆم بە شەو) هەر لەو ئاهەنگەدا بوو کە تیپی مەشخەڵ شانۆگەری دایکی شەهیدیان پێشکەشکرد لە دەرهێنانی هونەرمەند سەلمان فایەق و هونەرمەند فازیل جاف دەوری سەرەکی تیادا دەبینی. پاشان لە ١٦ی ئابی هەمان ساڵدا بە سروودێکی دیکە بەشداریم کرد. هونەرمەند قادر مەردان گۆرانییەکی بۆم ئامادەکردبوو کە چوومە بەغدا لە ئیزگەی کوردی تۆماری بکەم. دێتەوە بیرم لەو گۆرانییەدا وەك عومەر دزەیی هەوڵم دابوو بە ئاوازی ڕۆژئاوایی گۆرانیی بڵێم. کە ئەوەم بۆ لەتیف حامیدی جوانەمەرگ باسکرد وتی واز لە گۆرانیی بێنە خەڵکی دیکە زۆرن گۆرانیی بڵێن، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی کە دەتوانن وەك تۆ شیعری جوان بنووسن. منیش لە دڵەوە بە گوێم کرد هەرچەندە کەس نازانێت ڕەنگە ئەگەر خەریکی هونەری گۆرانیی بوومایە ژیانێکی تەواو جیاواز و خۆشترم دەبوو. گرنگ ئەوەیە من لە ساڵی١٩٧٠ دا چەند جارێك لە ئاهەنگ و بۆنە کوردییەکاندا بە سروود بەشداریم کردووە و زۆریش تیایدا سەرکەوتوو بووم.

هەرگیز نابێت ئەوە لەبیر بکەم کە جار جار ڕەحمەتی جەلیل قەیسیم دەبینی و دەوڵەمەندی دەکردم بەو ڕۆشنبیرییە فراوانەی کە بەرچاومی زۆر ڕوونتر کردەوە و لە ڕووی خوێندنەوەوە سوودم لێوەرگرتووە و کارئاسانی بۆ کردووم بە تایبەتی کە وردە وردە پەیوەندییەکە توندوتۆڵتر



بوو جار جار پێکەوە بیرەی ساردمان دەخواردەوە و باسی شیعر و ئەدەب و یادەوەریەکانی بۆم دەکرد. دانیشتن لەگەڵ کاك جەلیل قەیسیدا تاموچێژی تایبەتی خۆی هەبوو.

## چی دەربارەی من نووسراوە؟

بۆ من ئاسان نییە دەستنیشانی هەموو ئەو بابەتانە بکەم کە دەربارەم نووسراونن یان چەند شیعرم بۆ زمانی دیکە تەرجمە کراوە، بەڵام وەکو ناوهێنان ئەم بەڕێزانە لە ڕۆژنامە و گۆڤاری جیا جیادا ئاماژەیان بۆ ناوی من کردووە و هەندێکیان لێکۆڵینەوە و بابەتی ڕەخنەییان لەسەر شیعرەکانم بڵاوکردۆتەوە: د. عزالدین مستەفا ڕەسوڵ، عەباس بەدری، سەلاح شوان، جەلالی میرزا کەریم، مەحمود زامدار، شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، لەتیف هەڵمەت، ڕەزا شوان، سامی شۆڕش، عوسمان خۆشناو، کەریم شارەزا، غەفور سالح، جەلیل کاکەوەیس، سەباح ڕەنجدەر، حەمە کاکەڕەش، حەمە مەنتك و بێگومان ناوی دیکەیش هەن، بەڵام لەم کاتەدا ناکەونە یادم و داوای لێبوردن دەکەم. کاك شێرکۆ وەکو نووسین هیچی نەنووسیوە، بەڵام لە یەك دوو شوێندا ئاماژەی بۆ کردووم وەکو یەکێك لە شاعیرە نوێخوازەکانی ئەو سەردەمە.

دەربارەی وەرگێران لە حەفتاکاندا هەندێ شیعرم کران بە ئینگلیزی و لە بەگداد نۆبزێرڤەردا بڵاوکرانەوە، بەڵام ناوی وەرگێڕەکەم نایەتەوە بیر. هەروەها ئەندازیار محەمەد حوسێن شیعری قەراغەکانی کردووە بە ئینگلیزی ئیتر ئەوەندەی خۆم ئاگاداربم ئەم بەڕێزانە شیعری منیان بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە.: عەباس بەدری، ئازاد عەبدلواحێد، ئەنوەر جاف، غەفور سالح، عەبدلوەهاب تاڵەبانی، موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی.

تا ڕادەیەك لە حەفتاکان و هەشتاکاندا لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا شیعرم بڵاوکردۆتەوە و دوا شیعریشم تا لە لە عێراق بووم لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری بەیاندا لە مانگی شوباتی ١٩٨٩ بڵاوکرایەوە کە بەڕاستی پێشبینییەکی شاعیرانە بوو بۆ ئایندەی پڕ لە زیندان و کوێرەوەری و مەرگەسات و پاشانیش تاراوگەی دوور دوور کە تا دێت بەستەڵەکی بەفرەکەی ڕەقتر و ئەستوورتر دەبێت:

(شەونمە تریفە)

گۆمێك بووم تابلێی زۆر مەنگ و فراوان

شەوانی سایەقە

تریفەی ئازاری سپی و جوان

تك تك وەك ئاونگی سەر درەخت
ئەباری و
ئەرژایە سەر شووشەی ئاوێنەی
تەزیوی تەمەنم
منیش وەك هەڵۆی ناو زریان و ڕەشەبا
ئەمەویست بەو شەوە سایەقە و سەرمایە
باوەشم بکەمە گوڵدانی شەونمە تریفە و
بیبەم بۆ فریشتەی ئەو مەرگەی
ئەمزانی دەمێکە ڕاوەمەنێ و
نامزانی چۆن و کەی ئەمگاتێ
بۆ ئەوەی گەر بینیم پێی بڵێم
تەنیا هەر ئەوەندە مۆڵەتم بداتێ
بچمەوە کەرکوك و
بۆ دواجار تەماشای پەنجەرەی
ژوورەکەی لەیلا خان بکەم و بێمەوە

دوای ئەو شیعرە تا ساڵی ٢٠٠٨ هیچم بڵاونەکردەوە بە هۆی تاقیکردنەوە سەختەکانی ژیانەوە تا ڕادەیەك بە تەواوی لە ئەدەب دابڕام. هەستێکی وا دایگرتبووم ئینسان ناتوانێت لە ڕێگای شیعر و ئەدەب و هونەرەوە لە ژیان تێبگات، بەڵکو هەمووی هەر هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن و خولانەوە لەناو بازنەیەکی داخراودا. ئێستا دەڵێم ئەگەر ئەدەب وابێت ئەدی چ ئەڵتەرناتیڤێکی دی هەیە؟؟ بێگومان هیچ! مەگەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە پاشەڕۆژدا بتوانێت وەڵام بداتەوە.

لە ٢٠٠٨ دا کە یەك دوو شیعرم بڵاوکردەوە خێرا هەردوو شاعیر حەمە کاکەڕەش و محەمەد کوردۆ پەیوەندییان پێوە کردم و هەر بەوەش دەزانم ئەو دوو برادەرە خاوەنی هەستێکی شیعری ڕاستەقینەن و کاکە حەمە دیدارێکی دوور و درێژی ساز کرد ئەوەبوو لە دوو ژمارەی گۆڤاری هەناردا بڵاوکرایەوە و کاك محەمەد کوردۆش پێشنیازی کرد هەموو شیعرەکانم و کۆمەڵە شیعری دەمەوئێواران و دیدارەکە لە کتێبێکدا چاپ بکرێت وەکو بڵاوکراوەی گۆڤاری هەنار. کارەکە سەری گرت و بە هەوڵ و کۆششی ئەو دوو برایە دیوانەکەم چاپکرا کە لەدوای ئەو



دابڕانە درێژە ئەوان یەکەم کەس بوون بەسەریان کردمەوە بۆیە تا ماوم ئەم هەڵویستە دڵسۆزانەیەی گۆڤاری هەنارم لەبیر ناچێتەوە.

وەك بۆیان باسکردووم هەندێك نووسەر کتێبیان لەسەر شیعری نوێی کوردی چاپ کردووە، بەبێ ئەوەی تەنانەت هیچ ئاماژەیەك بۆ ناوی من بکەن. بە نیسبەت خۆمەوە ئەو ناونەهێنانە هیچ بایەخێکی نییە، بەڵام بۆ خۆیان خراپە و کارەکەیان ناتەواو دەبێت. هەر کەسێك باسی شیعری نوێی کوردی لە سەرەتای حەفتاکاندا بکات و بە هەرچی بەهانەیەکەوە بەسەر ناوی یەکێك لە ڕەمزەکانی ئەو سەردەمەدا بازبدات کارەکەی ناتەواو دەبێت و ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە.

## من و ئەدەب و پاشەڕۆژ

هەندێك دەڵێن سەلام محەمەد وشك بۆتەوە و شتێکی ئەوتۆی پێ نەماوە بۆیە نانووسێت. هەن دەڵێن لە کاروان جێماوە و تازە بە تازە فریا ناکەوێت. لێکدانەوەی جۆربەجۆرم بەر گوێ کەوتووە. بەڵێ، لە ڕووی خوێندنەوەوە من ساڵەهایەك تەواو لە ئەدەب دوورکەوتمەوە و وەکو نووسین خەریکی ڕۆمانێك بووم کاتێك دەستنووسی ئەو ڕۆمانەم فەوتا ساردیەکی بێ ئەندازە دایگرتم و تاقەتی نووسینم نەما، چونکە هەرچییەکم هەبوو هەستم دەکرد لەو ڕۆمانەدا وتوومە.

وەك فریای خوێندنەوەی ئەو شتانەی کە دەبوو بیانخوێنمەوە ناکەوم خاڵێکی دیکەش هەیە ناچارم بە ڕاشکاوی دانی پیادا بنێم کە تاقەت و حەوسەڵەی پێشووم نەماوە بۆ خوێندنەوە.
جاران زیاتر دەمنووسی و کەمتر بیرم دەکردەوە، بەڵام ئێستا زیاتر بیر دەکەمەوە و کەمتر
بەر لە هەموو شتێك دەمەوێت ئەوە ڕوون دەنووسم. جاران مەشروب دەیخواردمەوە ئێستا من ئەو دەخۆمەوە، وەك چۆن جاران شیعر منی دەنووسییەوە، بەڵام ئێستا هەوڵ دەدەم ئەگەر بتوانم من شیعر بنووسمەوە. جارێك برادەرێك تەلەفۆنی بۆم کرد وتی هەقم بە سەر خۆتەوە نییە چی دەکەیت و ناکەیت، بەڵام قەڵەمەکەت هی خۆت نییە و موڵکی گەلە، دەبێت ڕۆژانە چەند دێڕێکی پێ بنووسیت. منیش هەر بۆ موجامەلە بەو برادەرەم وت مۆدی قەڵەم نەماوە و ئێستا کۆمپیوتەر جێگای گرتۆتەوە. مەبەستم لە گۆڕانی دونیاکە بوو نەك جۆری نووسین ئەو برادەرەش زانی لە کوێوە قسە دەکەم. لەو کۆمێنتە جوانانە جارێکیان شوانی عەبدوڵڵا سەڕاج لە کورتە نامەیەکی فەیسبووکدا وتی: (کاك سەلام دەمێکە هیچ نانووسیت. وتم چی بنووسم

شوان گیان؟ وتی هەرچییەك دەنووسی بنووسە حەز دەكەی بنووسە چوومە بازاڕ دوو كیلۆ تەماتە و باینجانم كڕی و بۆ ماڵ گەڕامەوە) من لە شوان تێدەگەم، بەڵام ناشمەوێ هەر بۆ نووسین بنووسم. كۆمەڵێك مسوەدەم هەیە تەنیا سووكە پێداچوونەوەیەكیان گەرەكە و زۆر لە هەندێ بە ناو شیعر و میعرەكانی ئەمڕۆ جوانترن. هەقم بەسەر ئەوەوە نییە جار جار چەند وشەیەك لە یەكتری گرێدەدەم و بە ناوی شیعرەوە بڵاویان دەكەمەوە كە سوور دڵنیام لە ئاستی تاقیكردنەوەی شیعریمدا نین، بەڵام ئەگەر هەستم كرد شتێكی تەواو تازەم پێیە كەس پێش من خۆی لێ نەداوە، كەی زانیم ڕێگا و ڕێچكەیەكی تازەم دۆزیوەتەوە یان بابەتێكی تازە دەنووسم ئەوە بێ دوودڵی هێشتا چاوەكانم بەشی ئەوەیان بە بەرەوە ماوە ڕۆژانە چەند سەعاتێك بنووسم و بخوێنمەوە.

ڕێزێكی زۆرم هەیە بۆ هەستی خوێنەرە خۆشەویستەكانم. لەم ساتەوەختەدا كە خەریكی ئەم نووسینە بووم تەلەفۆنەكەی ماڵەوە زڕەی هات وەختێك هەڵم گرت یەكێك بوو لەو نووسەر و خوێنەرە خۆشەویستانەی ناوی سالار عەبدولڕەحمان بوو لە هەولێر كە زۆر بە گەرم و گوڕی بیروڕای خۆی دەربارەی دیوانەكەم دەربڕی و سەرسام بوو بە هەندێك لە نووسینەكانم بە تایبەتی زەنگی سەعاتی بیست و پێنج بەبێ ئەوەی پێشتر بیناسم یان قسەم لەگەڵدا كردبێت زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵی پرسیم و هیوای بەردەوامبوونی بۆ خواستم لە نووسیندا كە بێگومان ئەمجۆرە هەڵویستە زیاتر گوڕوتینم پێدەبەخشن و وام لێدەكەن بە جیددی بیر لە نووسین بكەمەوە.

من وازم لە نووسین نەهێناوە، بەڵام زۆریش لە خۆم ناكەم بنووسم. وەك دونیاكە گۆڕاوە زمان و ئەدەبی كوردیش لەو گۆڕانە بێبەش نییە. حەز دەكەم كە دەنووسم بزانم ئەوەكانی دیكە لە كوێن و منیش لە كوێ ڕاوەستاوم.

لە سەردەمی ئێمەدا زیاتر باوی شیعر و چیرۆك بوو تاك و ترۆكیش ڕۆمان، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە كەسانێكی زۆر فێری زمانی كوردی بوون و لە بواری جیاجیادا تەنانەت لە فەلسەفە و ڕەخنەشدا هەوڵ و بابەتی باش دەكەوێتە بەرچاوم كە ئەمە نیشانەی جۆرە پێشكەوتنێكە بۆ ئەوەی ئەدەب و فیكر بە گشتی لە بوژانەوەدا بن نەك تەنها شیعر و چیرۆك. شێوازی نووسینیش گۆڕانێكی هەستپێكراوی بەسەردا هاتووە، ڕەنگە ئەم شێوازەی كە من پێی دەنووسم بە لای ئەوانەوە كۆن بێت.



كەس نییە بە چاكە و خراپەوە یان بە زانین و نەزانینەوە لەدایكبووبێت، بەڵكو بارودۆخێكی تایبەتی لەپشت گشت كارێكی باش و خراپەوە هەیە. ئەوەی یەكێك دەكاتە پاڵەوان تەنها ئازایەتی خۆی نییە هەروەها دیكتاتۆریش لە منداڵییەوە نەخشە و پلانی نەكێشاوە كە گەورە بوو ببێتە دیكتاتۆر. ئینسان وەكو تەبیعەت بخوازێت یان نا جۆرە نەرجسیەت و خۆپەرستییەك لەناو مێشكیدا هەیە، لەگەڵ زۆربوونی فۆرمەكانی ژیان و پێشكەوتنی تەكنیكدا قەوارەی پێویستییەكانی ئینسانیش لە فراوانبووندان. واتێدەگەم تا دێت خۆپەرستی زیاتر و ئاساییتر دەبێت بۆیە ژیان بەرەو ساكاری ناگەڕێتەوە، بەڵكو تا دێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت. بیرۆكەی قابیل و هابیل هەر لە خۆڕاییەوە نەهاتووە، چونكە تا دوو ئینسان لەسەر زەویدا بمێنن كێشە و جیاوازیش هەر دەمێنن. وەك چۆن تاڵە موویەك لەنێوان هۆشیاری و شێتبووندا هەیە ئا ئاوایش نێوانی چاكە و خراپە یەك تاڵەمووە. گرنگ ئەوەیە چۆن لایەنە چاكەكەی ئینسان بكەوێتە گەڕ و بەردەوام بێت.

زۆر ئاساییە بارودۆخ و دەوروبەر كەسێك لە هیچەوە بكەنە زۆر شت وەك چۆن ئەوەیشیان هەر ئاساییە كە هەمان ئەو بارودۆخ و دەوروبەرە جارێكی دیكەیش لەو هەموو شتگەلەوە بیكەنەوە بە هیچ.

ئەگەر مردن نەبێت هەمیشە و ڕۆژانە چاوەڕێی گۆڕانێكی گەورە دەكەم لە ژیانی خۆمدا. گۆڕانێك ئارامی و ئاسوودەیی ببەخشێتە ژیانم و گیانم بە بێ ئەوەی تەنازول بۆ كەس بكەم.

وەك شاعیر و كورد و ئینسانیش بەردەوام وا هەست دەكەم یەكێكم لە قوربانیەكانی ڕۆژگار و بچووكترین مافەكانی خۆم لە ژیاندا وەرنەگرتووە لە نیشتمانی دایكدا، بەڵام ماڵی سوید ئاوا بێت كە لە دەربەدەری و نەبوونی ڕزگاری كردم. ناڵێم بەم چارەنووسە قایلم، بەڵام ئەمەم لا خۆشترە لەوەی پەنا بۆ ئەم و ئەو بەرم. ئەوەندەشم بە لاوە گرنگ نییە چی دەبێ و نابێ، چونكە لە دێر زەمانەوە ئەم كۆنە دونیایە وا هاتووە و هەر وایش دەڕوات. ئەگەر منیش ڕۆژێ لە ڕۆژان مرازم حاسڵ بێت كە هەرگیز حاسڵ نابێت ئەوا هەزاران و ملیۆنەها ونبووی دیكە هەن بێ سەروشوێن ماڵئاوایی لە ژیان دەكەن و كەس ناویان ناهێنێت و كەسیش نایان ناسێت. بەشێكی ئەم دەردە دڵەم لە شیعری (عەدالەت خان) دا دەربڕیوە.

تاکە چارەسەرێك بۆ ڕزگارکردنی ئینسان خولْقاندنی کەشێکی پەروەرەدەیی زانستی و ئارامە کە لە خێزان و قوتابخانەوە دەست پێدەکات و پاشان بە کۆمەڵگە کۆتایی دێت. هەرچەندە چەمیش بێ چەقەڵ نابێت، بەڵام کۆمەڵگە دەتوانێت ناهاوسەنگییەکان و جیاوازییەکان زۆر کەمتر بکاتەوە. هیوادارم لە نیشمانەکەی ئێمەشدا بایەخێکی تەواو بە پەروەردە بدرێت چونکە ئەقڵی باش و بیرکردنەوەی باش لە ئەنجامیشدا ڕەفتار و گوفتاری باش بۆ چۆنیەتی پەروەردەوەو قۆناغەکانی پەروەردە دەگەڕێتەوە.

ئەگەر لە پاشەڕۆژدا بێجگە لە شیعر شتێکی دیکە بنووسم، بێگومان ڕەنگدانەوەی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیەم دەبێت. هەوڵ دەدەم لە ئاستێکی دیکە و بە شێوەیەکی دیکە شیعر بنووسم جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەبێت. ئێستا دەزانم کە شیعری کوردی لە چ ئاستێکدایە و بە قەناعەتی من ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەرەتای حەفتاکان بەسەر شیعری کوردیدا هاتن ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی قۆناغەکە بوو. ئازایەتی کەس نەبوو، بەڵکو قۆناغەکە وای پێویست دەکرد. هەست دەکەم ئەمڕۆ هەمان پێویستی سەری هەڵداوەتەوە و شیعری کوردی ڕووبەڕووی قۆناغێکی تازە بۆتەوە پێویستی بە تەکانێکی دیکەیە. ئەو تەکانە هەر دەبێ بدرێت ئیتر کێ ڕابەرایەتی و پێشڕەوایەتی دەکات؟ نازانم. گرنگ ئەوەیە بارودۆخی شیعری کوردی ئاوس بووە و کاتی لەدایکبوونەوەیەکی دیکەی هاتووە و تەواو ئامادەیە بۆ گۆڕانێکی تازە و هیچ بە دووری نازانم لە ماوەیەکی کەمدا وەرچەرخانێکی گەورە لە شیعری نوێی کوردیدا ڕوبدات، بەڵام کێ وەرچەرخانەکە ئەنجام دەدات و چۆن سەرهەڵدەدات ئەوە بە مەزەندە نابێت و پاشەڕۆژ بۆمانی ڕووندەکاتەوە. لە ئێستادا وا هەست دەکەم کە شیعری کوردی بێ ئەندازە پەرش و بڵاوە تا ئەو ڕادەیەی کە خەریکە هیچ بۆن و بەرامەیەکی پێوە نامێنێت.

## ژیانی کۆمەڵایەتیم

بکەمەوە وەك ئینسانێك زۆر کۆمەڵایەتی و گونجاو نەبووم و نیم لەگەڵ دەوروبەرەکەمدا. مەبەستم ئەوە نییە کە خۆم یان دەوروبەرەکەم خراپین. چونکە کاتێك لە نیشتمانیش بووم تەنانەت لە سەربازیی و پێشمەرگایەتی و لە زیندانیشدا بە ئاسانی نەدەگونجام بە هۆی جیاوازی بیرکردنەوە و بۆچوونی تایبەتی خۆم بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی



شیکردنەوە و تێگەیشتنم. حەز ناکەم تەنیا بۆ موجامەلە و ڕەسمیات مامەڵەم لەگەڵدا بکرێت یان لەبەر خاتری یەکێکی دیکە ڕێزم لێ بگیرێت. ئەوەی منی خۆشدەوێت بە ئاسانی هەستی پێدەکەم کە ئایا لە دڵەوە خۆشی دەوێم یان هۆیەکی دیکەی هەیە. زۆر ڕقم لە خۆنواندنی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. واتە لەڕوودا جۆرێك و لە پاشملە جۆرێکی دیکە. خۆم نە دەتوانم وەکو ئەکتەرێك هەڵسوکەوت بکەم نە حەزم بە درۆ و دووڕوویی و مەرایییە. ئەمە بۆم بۆتە گرفتێکی گەورە لە ژیاندا کە بڕواناکەم تازە بتوانم بگۆڕێم. کاتێك یەکێك قسەم بۆ دەکات و سوور دەزانم ئەو قسەیە هیچ بناغەیەکی نییە ئەگەر بڕوای پێ بکەم منیش لەو درۆیەدا بەشدار دەبم. لە باشترین حاڵەتدا ئەوەندەم بۆ دەکرێت سەری بۆ بلەقێنم و تەریقی نەکەمەوە. جاری وا هەیە توند و تیژ بووم لەگەڵ خۆمدا و وتوومە خۆ ئەو خەڵکە هەموویان خراپ نین دیارە هەڵەیەك لای منەوە هەیە بە خۆمی نازانم بۆیە دەسبەجێ بە ورد و درشتا چوومەتەوە وەك ڕۆژی ڕووناك بۆم دەرکەوتووە لەو لێکدانەوەیەدا هیچ هەڵەیەکم نییە، بەڵکو هەڵەی من ئەوەبووە نەمتوانیوە باوەڕ بە درۆ بکەم. ڕێکەوتووە لە یەك کاتدا ناکۆکیم لەگەڵ کۆمەڵێکدا هەبووە، بەڵام چەندەی هێناومە و بردوومە تەماشام کردووە لە جیاتی جارێك دوو جار هەڵەن. ئەوان سەد لە سەدا خۆیان بە هەڵەداچوون یان کەوتوونەتە شوێنی کەسێکی دیکەوە. کاتێك ناکۆکیش کەوتۆتە نێوان من و ئەو کەسە، ئیتر کۆمەڵەکە تەنها گوێیان لەو گرتووە و نەیانوێراوە پێی بڵێن هەڵەی کردووە، یا هیچ نەبێت بۆ زانینی ڕاستی پرسیارێکیان لە منیش کردبێت. واتە کەم تا زۆر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش تووشی گەندەڵی هاتوون ڕێك وەك پەیوەندی نێوان حزبەکانی کوردستان و بارودۆخی گەندەڵی لە کوردستاندا. هەوڵم داوە بیروبۆچوونی خۆم بە نەرمی لە دەوروبەرەکەم بگەیەنم، بەڵام سوودی نەبووە چونکە لە کاتێکدا دەوروبەر تەنها گوێ بۆ یەك لایەن شل بکەن و بە لایانەوە گرنگ نەبێت لایەنەکەی دیکە چ بۆچوونێکی هەیە ئیتر گشت هەوڵدانێك بۆ چاکسازی سەرنەکەتوو دەبێت. ئایا کەسانێك پێشوەخت بڕیاریان دابێت هەست بە هەڵەی خۆیان نەکەن و دانی پیادا نەنێن، تەنانەت ئەگەر بە توێکڵکراویش ڕاستییەکان بخەیتە بەر دەمیان ئیتر بیرکردنەوە لە چاکسازی کۆمەڵایەتی چ کاریگەرییەکی هەیە؟ نەخێر، لەسەر ئەو هەڵەیە سوورتر دەبن و دوو سێ لق و پۆپی دیکەیشی بۆ زیاد دەکەن. ئەگەر قووڵتری بکەیتەوە لەناو خۆیاندا بە شێت لە قەڵەمت دەدەن و پروپاگەندەت بۆ دەکەن و پێتیش پێدەکەنن، وەك دەڵێن دەستی چەوری خۆیان بە تۆ دەسڕنەوە. باشە ئایا دروستە لە بەر زۆر و بۆری، یان لە پێناوی دوو پارووی چەوردا واز لە بۆچوونی

ڕاست و دروستی خۆت بهێنێت چ له بواری سیاسیدا یان کۆمەڵایەتی و بکەوێتە دوای بەرژەوەندی و قەرەباڵغییەکی کارتۆنی؟ ئایا ئینسان بەم ڕەفتارە عیزەتی نەفسی خۆی پێشێل ناکات؟ چی دەکەیت لە کۆمەڵگا و قەرەباڵغی ئەگەر لە ڕوودا نەرم و نیانی خۆیانت بۆ دەرخەن و پاشان کە لە چاو ونبوویت لە نووکی پەنجەوە تا تەوقی سەر ڕەخنەت لێبگرێت؟ ئەگەر لەگەڵ کەسێکی دیاریکراودا کۆك و تەبا بیت هەموویان مامە حەمەبیت بۆ بکەن و بتبەنە حەلحەلەی ئاسمان و کاتێك لەگەڵ هەمان کەسدا ناکۆکی دەکەوێتە نێوانتان هەر هەموویان پشتت تێدەکەن و بوختانی ناڕەواشت دەدەنە پاڵ. لە هەموو ژیانمدا بە کۆمەڵ و سیاسەتیشەوە هەرگیز شەخس پەرست نەبووم و وەك دەڵێن سەرم بۆ عیبادی بەشەر دانەنەواندووە و لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆمدا پشتگیری کوێخایەتی و ناهەقیم نەکردووە و نایکەم. ئایا تەنیایی زۆر لە قەرەباڵغییەك خۆشتر نییە دڵنیابیت لەوەی پەیوەندییەکان لە دڵەوە نین و بە حەزەر بیت لە هەموو وشەیەك و ڕەفتارێك؟ خۆ ئەمڕۆ سەردەمی کۆن نییە ئینسان بە دەوروبەرەوە بنازێت (وەك چەندایەتی نەك چۆنایەتی) زەمانی جاهیلیەش نییە کێشەکان بە شەڕە شمشێر چارەسەر بکرێن. کێ زۆرترین کەس هاوکاری بکات ئەوەندە شمشێر بەدەستی دوابکەوێت. ئەمڕۆ سەردەمی گلۆبالیزمە و تاك وریایە و چاوی نەبەستراوەتەوە و بەری خۆر بە بێژنگی کون کون ناگیرێت. ئەم بیرکردنەوەیەم بە درێژایی ژیانم گرفتی گەورە گەورەی بۆ دروست کردووم، بەڵام هەمیشە بە ئەوپەڕی لەخۆبووردنیشەوە گوێم بۆ گشت کەسێك ڕاگرتووە کە بە شێنەیی تێیگەیاندووم لەیەکنەگەیشتنەکە هەڵەی من بووە، یان بە هۆی هەڵەیەکی منەوە بارودۆخێکی ئاڵۆز دروست بووە، ئەوسا بە سوپاسەوە داوای لێبوردنیشم کردووە و بارودۆخەکەم ئاسایی کردۆتەوە. بە ڕاستی سەرسامم بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سویدییەکان لەناو خۆیاندا و خەو دەبینم ڕۆژێك کوردیش بەو ئاستە ئینسانییە پێشکەوتووە بگات. کەس بە دوای قسە و باسدا نەگەڕێت. واز بێنن لە زەمکردن و بوختانکردن بۆ یەکتری. فسکە فسك و درۆ نەکەن وەك ڕەحمەتی نەنە مامزم دەیفەرموو (ئایین‌و ئۆینکەر نەبن) نە کەشوفش بکەن و نە خۆیان لە یەکێکی دیکە زیاتر ببینن. ئەمڕۆ بە داخەوە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی کوردەواریمان بە هۆی گۆڕان و بەرزیی کتوپڕی باری ئابووری لە خۆیان دەرچوونە و بەر ئەو پەندەی پێشینان کەوتوون (نەدی و بدی کوڕێکیان بی ناویان لێنا سەلکە کودی) هۆی سەرەکیش ئەوەیە هەموویان لە پڕێکدا بوونەتە کوڕێك! ئیتر کە تەماشای خۆیان دەکەن بڕوایان نایەت و بە تەواوی حیسابەکەیان لێ تێکدەچێت و وادەزانن



ماڵی دونیا لە سەرەوەی کەسایەتیەوەیە. بەڵێ، من نەمتوانیوە خۆم بگونجێنم و تا بارودۆخی کوردەواریش وا بڕوات هەرگیز ناتوانم، چونکە زوو لەوە تێدەگەم ئەو کەسە لە کوێوە قسە دەکات، یان بۆچی وا دەڵێت یان ڕادەی ڕاستگۆیی چەندە تا چ ئاستێك خۆشەویستی و دڵسۆزی یان خۆپەرستی و دووڕوویی و موخەننەتی بە قسەکانییەوە دیارە. کە ئەمەیش ناچاری کردووم لە نیشتمان و لە تاراوگە خۆم لەو جۆرە پەیوەندییانە بکشێنمەوە. ئەگەر توانای گۆڕینی کۆمەڵگەم نەبێت دەسەڵاتم بە سەر خۆمدا هەیە و لە خۆمەوە دەست پێدەکەم. بە داخەوە لەسەر وتنی ڕاستی تووشی کێشە و گیروگرفتی زۆر هاتووم. کەسانێك هەن خۆیانیش دەزانن درۆ دەکەن، بەڵام دەیانەوێ ئەگەر بە زۆرداریش بێت تۆ باوەڕ بە درۆکانیان بکەیت و ئەوەندە درۆیان کردووە وا هەست دەکەن چی دەڵێن ڕاستن وەك گۆبلزی وەزیری پڕۆپاگەندەی هیتلەر کە وتبووی (هەر درۆ بکە و درۆ بکە و درۆ بکە تا خەڵکی بڕوات پێدەکەن).

زمانت بگرە سەرت سەلامەتە، بەڵام من زمانی خۆم نەگرتووە، ئەگەر بە هەزار نق و جقیش بێت هەمیشە هەوڵمداوە ڕاستی بدرکێنم. بەوەش تووشی ململانێی زۆر هاتووم و تەنانەت بە ئاشکرا هەڕەشەی کوشتنیشم لێکراوە و نەخشە و پلانی نهێنی بۆ لەناوبردنم ئامادەکراوە.

ئێستا دەزانم لەو ڕووەوە هەڵە بووم، چونکە ڕاستی وتن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەبێتە هۆی ڕقەبەرایەتی و بگرە دوژمنایەتیش. هەقم چی بوو بە سەر خەڵکەوە چۆن دەژین و چی دەبێژن کەیفی خۆیانە، خۆ من موددەعی عامی ئەوان نیم. بە داخەوە درەنگ گەیشتمە ئەو قەناعەتە، ئەگینا زۆر ژانەسەر و گێچەڵی لابەلام لە کۆڵ خۆم دەکردەوە.

ئەگەر خەڵکە ئاساییەکە یەك جار غەریبن من لە نیشتمانی خۆمدا دوو جار غەریب بووم، ئێستا لە تاراوگەدا سێ جار غەریبم و ڕەنگە چوارەمیشم لە ناوچەوان نووسرابێت. لەگەڵ غەریبیدا ڕاهاتووم و وام لێهاتووە ئەگەر هەست بە غەریبی نەکەم لە بەئینسانبوونی خۆم دەکەومە گومانەوە. غوربەت سیمای شین و خەمگینی ڕۆحی منە، بەڵام ڕۆحێکی شیرین و پاك‌و بێگەرد و کۆڵنەدەر و لێوانلێو لە ئاشتی و خۆشەویستی و دادپەروەری. ئەگەر دەسەڵاتم دەبوو دەمزانی چۆن یەکسانی و دادپەروەری و ئازادی دەخولقێنم، بەڵام چی بکەم ئەوەتەی خۆم ناسیوە لە هەموو سەردەمێکدا هەر دەسەڵات منی ڕاوناوە و دژی دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان ڕاوەستاوم و بۆ یەك ڕۆژیش لە ژیانمدا لەگەڵ هیچ دەسەڵاتێکدا نەگونجاوم.

ئەم یادەوەرییانە پارچە پارچەن و بە دەم ڕێگاوە لە هەندێك ویستگەدا ڕاوەستاوم کە زیاتر پەیوەندییان بە ژیانی خۆمەوە هەیە، بۆیە هەندێك جاریش بە کەفوکوڵەوە دەنووسم، چونکە

هەر خوا خۆی دەزانێت چەندە بە دەم ئەو جۆرە ئازارانەوە تلاومەتەوە و نالە نالم پێکەوتووە، بە تایبەتی کە من لەو کەسانە نیم گوێی پێ نەدەم بەڵکو زۆریش خەفەتی پێوە دەخۆم. وام بە چاك زانی ئاماژەیان بۆ بکەم تا خوێنەری بەڕێز لە نزیکەوە شارەزای موعانات و ئازارەکانم بێت و وێنەیەکی ڕاستەوخۆی خۆمی لەبەر چاو بێت وەك خۆم.

لە بیرم چوو چەند زانیارییەك دەربارەی خێزان و بنەماڵەکەشم بنووسم، کە وا باشترە تا لە ژیاندا ماوم خۆم بینووسمەوە هەرچەندە باوی ئەم جۆرە نووسینەش نەماوە:

مەلا محەمەدی باوکم کوڕی گەورەی حەمەدەمین قلینجی دەرماناوی سەرووە، کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە ئەو نازناوەی دراوەتێ ئیتر بۆ هەمیشە پێوەی لکاوە. قلینج بە تورکی واتە شمشیر دەڵێن باپیرم لە سەردەمی عوسمانییەکاندا قلینجی هەبووە ئیتر ئەو ناوە بە هەموو دەوروبەردا بڵاوبۆتەوە. باوکم سێ برا و شەش خوشکی هەبووە براکانی ناویان عبدالقادر و سەلیم و عبدالحمید بووە ئێستا تەنها مامەم سەلیم لە ژیاندایە و ئەوانەی دیکە و باوکم بەر ڕەحمەتی خودا کەوتوون. پورەکانم زارا و عەیشێ و بەدیعە کۆچی دواییان کردووە ئامینە و فەخریە و سەبریە هێشتا لە ژیاندان. حەمەدەمین قلینج یەك برای هەبوو ئەویش حەمە ڕەشید بوو خوا لێیان خۆشبێت. حەمە ڕەشید دوو کوڕ و سێ کچی هەبوو مەلا عەلی و حاجی عومەر و بەگیسی و خونچە و حەیات، کە بێجگە لە حاجی عومەر هەموویان کۆچی دواییان کردووە. باوکم لە منداڵییەوە لەگەڵ مەلا عەلی ئامۆزایدا دەرماناویان جێهێشتووە و لە ساڵانی چلەکاندا بۆ خوێندنی حوجرە چوونەتە کەرکوك و گوندەکانی دەوروبەری تا بوونەتە مەلای دوانزە عیلم. یەکەمجار باوکم مەلای گوندی چەخماخە بووە، پاشان کارێزەی خاڵخاڵان و دواتریش لەگەڵ مامەم مەلا عەلیدا لە خولێکی مامۆستایان لە کەرکوك وەرگیراون و ساڵی ١٩٦٠بوونەتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی. من ئەو ڕۆژانەم دێتەوە بیر کە دەچوون بۆ دەوام لەگەڵ چاکەت و پانتۆڵەکەدا کڵاوێکی سپییان دەخستە سەریان. پاشان وردە وردە وازیان لێهێنا.

خوالێخۆشبوو دایکم ناوی ئەسمەر بوو کچی حاجی سلێمان لە گوندی قەرەسالمی خواروو سەر بە هۆزی شێخ بزێنی و هەمەوەند بوو. حاجی سلێمان دوو برای هەبوو حەمەدەمینە سوورە و مام ئەحمەد هەروەها دوو خوشکیشی هەبوو کە یەکێکیان نەنکم فاتەی خێزانی حەمەدەمین قلینج و نەنە ئامینەی دایکی ڕەحمەتی مەلا مەحمود کە عەتیەی خێزانی و عبدالقادری کوڕی و منداڵەکانی دیکەی لە ئەنفالی بەد ناودا گیران و بێ سەروشوێن بوون. یەکێك لە کچەکانی



ناوی نافیعە بوو، کە منداڵ بووم لەگەڵ باوکمدا دەچووم بۆ بۆ گوندی کانی سلێمانە و ئەوسا نافیعەش منداڵ بوو هەمیشە زەردەخەنەیەکی ناسك لەسەر لێوەکانی بوو. هەرچەند ناوی ئەنفال بهێنرێت من ڕوخساری نافیعەم دێتەوە پێش چاو. دایکم پێنج برای هەبوو مەلا ساڵح و کەریم و عەبدوڵڵا و قادر و نوری خاڵۆم مەلا و خاڵۆم کەریم کۆچی دواییان کردووە هەروەها دوو خوشکی هەبوو ئایشە و کافیە کە یەکەمیان لە ژیاندا نەماوە.

ئەگەر نەوەی باوکان و دایکانم کۆبکەینەوە ئێستا یەك گەڕەکێکی تەواویان لێ پێکدێت و زۆر قەرەباڵغ و ئاوەدانن هەروەها لق و پۆپی ئێجگار زۆریان لێبۆتەوە. هیوای تەمەن درێژی بۆ زیندووەکان دەخوازم و هەزاران سڵاویش بۆ ڕۆحی مردووەکان. هەندێجار بیر لەوە دەکەمەوە و بە خۆم دەڵێم تەماشاکە هەبوو نەبوو حەمەدەمین قلینجێك و حەمە ڕەشیدێك و حاجی سلێمانێك و حەمەدەمین سوورەیەك و مام ئەحمەدێك هەبوون تەنها پێنج نەفەربوون ئێستا کارێکی ئاسان نییە و کەسیش بە تەواوی ناتوانێت نەوەکانیان سەرژمێر بکات. بێجگە لە باوکی باپیرم و بەرەوژوور من بە چاوی خۆم یەك یەك هەموو ئەوانەی ناویانم هێناوە و کۆچی دواییان کردووە بینیوە و قسەم لەگەڵ کردوون و شێوەی هەموویان دێتەوە پێش چاوم، کەواتە دەبێت دان بەوەدا بنێم کە خۆمیش کەوتوومەتە قۆناغی پیربوونەوە. ئەوەی کە سەیرە بە لامەوە ئەوەیە ساڵگارەکە ئەوەندە کۆن نییە، چونکە باپیرم مەوالیدی ١٩٠٤ واتە لە ماوەی ١٠٠ساڵدا نەوەیەکی ئێجگار زۆریان لێکەوتۆتەوە کە ڕەنگە پاش سەد ساڵی دیکە ئەو مێژووە لە بیرچێتەوە و مێژوویەکی دیکە بێتە ئاراوە، منیش تەنها بە نیازی نەفەوتان ئەم هەموو ناوەم تۆمارکرد کە دڵنیاشم هێشتا هەندێکیانم لە بیرچووە. ئاگادارم کە ئومێدی مامە عومەر دەمێکە خەریکی درەختی بنەماڵەکەیە، بەڵام من کارەکەیم نەدیوە و هیوادارم بە ئەنجامی بگەیەنێت. هەوڵی ئەوەشی دا کە خزمەکانی سوید هەموومان لە وێنەیەکی جەماعیدا کۆببینەوە وابزانم ئەوەش ڕێکنەکەوت و تازە ڕێك ناکەوێت، چونکە ئەگەر تێکڕای خزمەکان بژمێرین لە سیی خێزان بەسەرەوین هەر لە وڵاتی سوید.

خۆمیش لە ژنی یەکەم چوار منداڵم هەیە کوڕێك و سێ کچ کارزان و سازان و سۆما و سایە، کە هەموویان چوونەتە ماڵی خۆیان و بێجگە لە سایە ئەوەکانی دیکە تا ساتی ئەم نووسینە سێ کوڕ و دوو کچیان هەیە.

منالەکانم لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ هاتن بۆ سوید. هەموویان لێرە زانکۆیان تەواو کردووە و بە کاروباری ژیانی خۆیانەوە خەریکن، بەڵام هیچیان نووسەر یان شاعیر نین، بەڵکو ئەندازیار و سیکۆلۆژ و کۆمەڵناس و ئابووریزانن. بە هۆی غەدرەکانی ژیان و ڕۆژگار و بارودۆخی عێراق ئەوەندە لەگەڵ منداڵەکانمدا نەبووم و وەکو پێویست بێبەشبوون لە نازی باوکایەتی. وامدەزانی کە گەیشتنە سوید ئیتر لێیان دانابڕێم،، بەڵام تەنها سێ مانگ لە یەك ماڵدابووین و ماوەی هەشت ساڵ بە پچڕ پچڕی وەك میوان دەچوومەوە ناویان تا لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بۆ جاری دووەم ژنم هێنا. زۆربەی کات کە ژن و پیاو گیروگرفت دەکەوێتە نێوانیان منداڵ باجی ئەو گرفتی جیابوونەوەیە دەدات، هەرچەندە لە سەرێکیشەوە ئەوهایان باشترە لە ماڵێك بەردەوام بۆنی نەگونجانی لێبێت. ئیتر ژیان وا هاتووە و تا دێت خراپتریش دەبێت. هیچ کاتێك گەرەنتی سەد لە سەد لەنێوان ژن و پیاودا نییە و لەم زەمانەدا جیابوونەوە لە خواردنەوەی ئاویش ئاسانترە.

هەوڵم داوە لەم دیدار و سەرگوزەشتەی ژیانە باسی کەس نەکەم لە ئەندامانی خێزانەکەم وەك منداڵ و ژن و خوشك و برا و خزم و برادەری نزیك و دوور بێجگە لە دوو ئاماژەی زۆر بچووك کاتێ وەڵامی پرسیارێکم داوەتەوە دەربارەی خۆشەویستی ئەویش هەردەبێت ئاماژەی بۆ بکەم. ئەو باس و خواسانە هەڵدەگرم بۆ کتێبێکی تایبەتی و خۆم بە قەرزارباری برا و خوشك و خزمەکانم دەزانم و تا ماوم چاکەیانم لە بیر ناچێتەوە و بە دڵنیاییەوە بوونی خۆم لە چاوی ئەو دڵسۆزانەوە دەبینم. ئەگەر ئەوان نەبوونایە کە لە عێراقدا من چەند جارێك ڕووبەڕووی مردن بوومەتەوە، ڕزگارم نەدەبوو.

برینەکانی ژیان ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر چاك دەبنەوە و سارێژ دەبن،، بەڵام شوێنەواریان بەجێدەمێنێت و لەسەر پێستی هەست و یادگاردا شین هەڵدەگەڕێت. من نەمویست بێجگە لە ژیانی خۆم پەردەی سپی یان ڕەش لە ڕووی هیچ کەسێك هەڵدەمەوە. جاری وایش هەیە دەبینم لە دوو سێ لاوە کەسێك چاکەی بۆم بووە، بەڵام لە پڕێکدا هەمووی لە کونی لووتم هێناوەتە دەرەوە ئیتر نازانم باسی کامیان بکەم. ئەڵبەتە تەنیا کەسە خۆشەویستەکانم گلەیی دەکەن، کە ناویانم نەهێناوە و گلەییان بەسەر سەرم ئەوانەی ئازاریشیان داوم دڵنیام بە زەڕەبین بۆ وشەیەك



دەگەڕێن پەیوەندی بەوانەوە هەبێت وەك دەڵێن قەلە ڕەشکە لە خۆی بە شکە. کە دەبینن بێدەنگیم هەڵبژاردووە ئەوجا جیاوازی نێوان من و خۆیان بۆ دەردەکەوێت.

بە ئەمانەتەوە نهێنی زۆر کەسی نزیك و هاوڕێی دوور و نزیکم پاراستووە و لە دڵی خۆمدا کلیلم داون و کلیلەکەیشم فڕێداوەتە ناو دەریای لەبیرچوونەوەن مەگەر بە دەستی خۆیان کۆنە برین بکولێننەوە و بموروژێنن ئەوسا ناچارم بەرگری لە خۆم بکەم، ئەگینا وەك دەڵێن هەواڵەی خوام کردوون. ئەگەر بێدەنگیشم هەڵبژاردووە تەنها لەبەر دوو هۆیە: یەکەمیان بەرژەوەندی گشتی وا دەخوازێت و دووەمیش بەرژەوەندی هەموو ئەوانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە مەحەبەتەوە لە یەك نزیك بووینەتەوە و نان و ئاوێك لەنێوانماندا هەبووە. یەکێك لەو سیفەتای زۆر زۆر شانازی پێوە دەکەم ئەوەیە کە ئینسانێکی بوغزاوی و کینە لە دڵ نیم،، بەڵام وەك مەسیحیش بیرناکەمەوە ئەگەر زلەیەکم لێبدرێت لایەکەی دیکەیان بدەمێ تا دڵیان داکەوێت. نەء، لەوێ بە دڵنیاییەوە کاردانەوەیەکی سروشتیم دەبێت. لە جیاتی گیان دەڵێم بە قوربان جوابی سندانیش قوزەلقورتە.

## دوا وتە

ئینسان تا لە ژیاندایە هەرگیز ناتوانێت بڵێت ئەمە دوا وتەمە، چونکە ژیان خۆی لە خۆیدا بریتییە لە زنجیرەیەك گۆڕانکاری نەزانراو و نەبینراوی بەردەوام. کەس نازانێت سبەینێ چۆن دەبێت و چی ڕوودەدات. ڕاز و نهێنی هەن کاتێ ئاشکرا دەبن لە بنەڕەتەوە بیر و بۆچوونەکان دەگۆڕن و زۆر جار تووشی ئەو هەوراز و نشێوە هاتووم و ناچاربووم لە سفرەوە دەست پێبکەمەوە. کەسانێك هەبوون وا تێگەیشتبووم دڵسۆزمن کەچی بە داخەوە ڕۆژگار سەلماندی هەڵە بووم. هەروەها بە پێچەوانەوە هی وایش هەبوون تەنیا لایەنە ناشیرینەکەیان دیاربوو کەچی لە بنچینەدا خۆیان زۆر جوان بوون. ژیان بەردەوامە و هەمیشە وا هەست دەکەم کاتی ئەوە نەهاتووە یادەوەریەکانم بنووسمەوە و حوکمی کۆتایی خۆم بدەم، هەرچەندە تاقیکردنەوەکان و بەسەرهاتەکان زۆر ڕاستییان بۆم ڕوونکردۆتەوە و نیمچە ئەنجامێکم لا دروست بووە، بەڵام هێشتا تەواو توێکڵ نەکراون و ناوکە سپییەکەیان دەرنەکەوتووە. بەڵێ، لە ژیاندا تووشی کەسانی چاك و خراپ هاتووم و هەرگیز ئامادەنەبووم بە یەکێکی چاك بڵێم خراپ یان

پێچەوانەکەی. ئەم هەڵوێستە تووشی کۆمەڵێك گیروگرفتی گەورەی کردوومەتەوە لەگەڵ نزیك و دووردا، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبووم بە درۆ بڵێم ڕاست و ڕاستیش بکەم بە درۆ. ئەمە بنەڕەتی ویژدان و کەسایەتی من بووە، بۆیە بە ئاسانی نەمتوانیوە جێگای خۆم لەناو کۆمەڵگەدا بکەمەوە و زۆرجاریش بە هۆی سووربوونم لەسەر ڕاستی ڕەزام گران بووە.

دەڵێن کە چوویتە شاری کوێرانەوە دەست بە چاوی خۆتەوە بگرە. من نە لە نیشتمان و نە لە تاراوگە هەرگیز دەستم بە چاوی خۆمەوە نەگرتووە. زەق و زۆپ تەماشام کردووە تازە بە تازەیش عومری پیرە مەرێکم ماوە ناتوانم چاویلکەیەکی ڕەش بکەمە چاوم، چیم دیوە باسی ئەوە دەکەم بۆیە زۆربەی کات تەنیاییم بەلاوە خۆشتر بووە لە قەرەباڵغیەك هەموو تیایدا بە ئاشکرا تەمسیل لەگەڵ یەکتریدا دەکەن.

حەز ناکەم چاکەیەکم لەگەڵدا بکرێت و پاشان بە ڕوومدا بدرێتەوە. هیچ هاوکاری و یارمەتییەکیشم ناوێت خاوەنەکەی ناچارم بکات لە بری ئەو پشتگیریکردنە درۆی بۆ بکەم یان درۆکانی بە ڕاست لە قەڵەم بدەم یان هەر هیچ نەبێت بێدەنگ بم.

بەشی خۆم لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان باش تێگەیشتووم و دەربەستی ئەوە نایەم چی دەڵێن و ناڵێن. چونکە پاکم، بێباکم. جاران نیگەران دەبووم لەو جۆرە بیر و هەڵویستە چەوتە بە تایبەتی ئەگەر لە کەسێکی نزیکەوە بووایە، بەڵام ئێستا پاش نزیکەی شەست ساڵ تەمەن بوومەتە هاونیشتیمانییەکی دڵسۆز و هەمیشەیی وڵاتی بێدەربەستان. دەزانم بەو هەستیارییەی منەوە ئاسان نییە شوێنی خۆم لەناو کۆمەڵدا بکەمەوە بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەدا کە تا دێ درۆ و دووڕوویی و بەرژەوەندی و پارە و شتی لەم بابەتە زیاتر پەرەدەستێنن. هەمیشە ویژدانێکی دادپەروەرانەی زیندووم هەبووە، تا ئەو ڕۆژەی بۆ یەکجاری ماڵئاوایتان لێدەکەم ناتوانم ڕەوتی بیرکرنەوە و هەڵسوکەوتم بگۆڕم و چاوم لە هیچ پلە و پایە و سامانێکیش نییە بۆیە خۆم بە دەوڵەمەدترین و بە دەسەڵاتترین کەس دەزانم. (پیاوی کەس نیم و کەسیش پیاوی من نییە).

دەیان جار بە تایبەتی ئەو کاتانەی زۆرم دەخواردەوە تووشی هەڵەی گەورە هاتووم، بەڵام خێرا پەشیمان بوومەتەوە و دانم پیادا ناوە و ئەگەر پێویستی کردبێت داوای لێبوردنیشم کردووە. بە پێچەوانەی هەندێکەوە کە چاك دەزانن هەڵەن و بەردەوامیش بەرگری لە هەڵەکانیان دەکەن. نەك لەبەر ئەوەی کە بە لای خۆیانەوە ڕاستن، بەڵکو ئینسان هەیە لاوازە و ناتوانێت هەڵە و کەموکوڕی خۆی ببینێت، یان پێیوایە عەیبە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت. دانپیادانان



ئازایەتییە، بەڵام عینادی و بەردەوامبوون لەسەر هەڵە نابووتی و ترسنۆکییە. ئەگەر بارودۆخ یان توڕەیی و خواردنەوە و نەزانی و هەر هۆیەکی دیکە تووشی هەڵەیان کردووم داوای لێبوردن و گەردن ئازایی دەکەم. زۆر زۆر بە متمانەشەوە دەڵێم هەرگیز نەخشە و پلانم بۆ هیچ هەڵەیەك نەکێشاوە و عەفەوی بووە. گشت هەڵچوون و وروژانێکم کەف و کوڵی ساتە وەختێکی تایبەتی بووە و بە مەبەستەوە کارم بۆ هیچ هەڵە و خراپەیەك نەکردووە. دوو نووسەری گەورەی سویدی هەن هەمیشە وتەکانیان لە مێشکمدا دەزرنگێنەوە یەکەمیان ئاوگست ستریندبەریە کە دەڵێت: (کارێکی ئاسان نییە ئەگەر ئینسان بیت) ئەوەکەی دیکەیش پەر لاگەرکڤیستە کە دەڵێت: (گوناحە کە ئینسان بیت).

لەم کاروانی تەمەنەدا نموونەی جۆربەجۆرم دیوە و ناسیوە. هەندێکیان وەك ڕەحمەتی مەحمود زامدار وتی (عەزابی ڕۆحیان داوم) هەندێکی دیکەیش هەمیشە بوونەتە هۆی ئارامی و ئاسوودەیی و دڵخۆشیم.

چ متمانەیەکم بەم دونیایە نییە مادام مردن هەیە قەواڵە بەتاڵە.

خۆزگە ئەو شەوەی کە منی تیادا دروست بووم باوکم لە ماڵ نەدەبوو.

کە هەر دروستیش دەبووم خۆزگە نەدەمردم تا یەك یەك هەموو ڕازەکانی ئەم بوون و گەردوونەم بۆ ئاشکرا دەبوون و هیچ پرسیارێکم لەگەڵ خۆمدا نەدەبردە ژێر گڵەوە.

هیوادارم ئەو چەند ساڵەی لە تەمەنم ماوە بتوانم بە گوڕوگوژمێکی تازەوە خوێنەرە خۆشەویستەکانم بەسەر بکەمەوە و جارێکی دیکەیش بە دیداری شیعری جوان و وشەی جوان چاویان ڕۆشن بکەمەوە. دەزانم هێشتا گەلێ زۆرم پێ ماوە. بەڵێن بێت هەوڵ دەدەم بە جۆش و خرۆشەکەی جارانەوە بنووسم، ئەگەر نەیشم توانی بمبورن زۆر لە خۆم ناکەم.

خۆشمدەوێن.

ڤێستەرۆس / سوید / نیسانی ٢٠١٣

# سەرەتاکان

نووسینی: سەلام محەمەد

نووسین لەسەر دوو شت ئاسان نییە. یەکەمیان یادەوەرییەکانی ئینسانە کە ئەویش دوو بەشە ئەو یادەوەرییانەی کە نووسەر باسی خودی خۆی ئەکات، لەگەڵ گێڕانەوەی ئەو شتانەی لەو سەردەمەدا ڕوویان داوە کە نووسەر دەوری مێژوونووس دەبینێت. دووەمیش باسکردنی ئەزموونی ئەدەبی و شیعری نووسەرێك یان شاعیرێك. تا ڕادەیەك هێشتا ئەوەی دووەم لەگەڵ لایەنی دووەمی بەشی یەکەم واتە باسکردنی دەوروبەر زۆر زۆر ئاسانترە لەوەی ئینسان تەنها باسی خودی خۆی بکات. ڕووداوەکان و بارودۆخەکان و گۆڕانکارییەکان خۆیان هەن و کاری نووسەر تەنها تۆمارکردنیانە، بەڵام گەڕانەوە بۆ وردودرشتی بەسەرهاتەکانی ڕابردووی ژیانی تایبەتی چەندەی کارێکی خۆش و بەتاموچێژە ئەوەندەش سەخت و هەستیارە. لە سەرێکەوە پیاو پەردە لەسەر نهێنییەکانی ژیانی خۆی لا ئەدات و لە موڵکییەتی تایبەتییەوە دەچێتە



خانەی موڵکییەتی گشتییەوە، لە سەرێکی دیکەشەوە قەناعەتم وایە یەك لە سەدای هیچ نووسەر و شاعیرێکی کورد نەهاتووە دەقاودەق چی لە ژیانیدا ڕوویداوە وەك خۆی زەق و زۆپ بینووسێتەوە. زۆربەی ئەو بیرەوەریانەی کەوتوونەتە بەرچاویشم تەنیا لایەنە گەش و پۆزەتیڤەکانی ژیانیان دەرخستووە و ئەوەکانی دیکەیان فەرامۆش کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کاك حەمە کاکەڕەش پێشنیازی سازکردنی دیدارێکی ئەدەبی لەگەڵمدا کرد و کاتێك دەستم بە وەڵامدانەوە کرد ئەوەی پەیوەندی بە پرسیارە گشتی و ئەدەبییەکانەوە هەبوو بە پەلە پەنجەم بە پیتەکانی کۆمپیتەرەکەی بەردەستمدا ئەنا و دێرەکان وەك شەپۆلێکی هێمن ئاسایی ئەڕۆیشتن، بەڵام کە گەیشتمە سەر باسکردنی ژیانی خۆم بینیم مەسەلەکە ئەوەندە ئاسان نییە وای لە سەرەتادا تێگەیشتبووم. ئەم کارە پلانێکی زۆر ورد و بەخۆداچوونەوەی سفتوچڕی دەوێت. هەروەها لە ڕادەبەدەریش کاتی گونجاو و لەباری پێویستە. بۆ کەسێکی وەکو منیش کە ژیانێکی دەوڵەمەندی پڕ لە کارەساتی جۆربەجۆر و پڕ لە غاردان و هەناسەبڕکێ بووە بە لێوارەکانی مردندا، لای کەمی یەك ساڵی تەواوی دەوێت ئەگەر بە شتی لاوەکییەوە خۆم خەریك نەکەم. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دیدارەش کە لە ژمارە ٣٧و ٣٨ ی گۆڤاری هەناردا بڵاوکرایەوە جۆرەها نامە و پرسیارم بۆ هاتووە، پرسیاری سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت دڵداریش. بۆچی وەکو شاعیرێك باسی تەجرەبەی خۆشەویستی خۆم نەکردووە لەو دیدارەدا؟ ئایا نەموێراوە یان ژیان و گوزەرانی ئێستام کە لە سوید لە دایکی منداڵەکانم جیابوومەتەوە و ژنێکی دیکەم هێناوە ڕێگربووە لە بەردەم باسنەکردنی؟ ئەدی بۆچی درێژەم نەداوە بە تاقیکردنەوە تاڵەکەی ساڵی ١٩٧٤ کە چۆن لە لووتکە هەرە بەرزەکەی دڵسۆزییەوە کە ئامادەییە بۆ شەهیدبوون پێچەوانە بە سەرما کەوتەوە و بە زیندانی ڕایات کۆتایی هات؟
ئەو دیدارە کۆمەڵێك پرسیار و بۆچوونی جیا جیای ورووژان و هەر لە گۆڤاری هەناریشدا کورتە وەڵامێکی هەندێك لەو سەرنجانەم داوەتەوە، بەڵام بۆ خۆم بووە تاقیکردنەوەیەکی سوودبەخش، کە ئەگەر لە پاشەڕۆژدا ویستم بیرەوەرییەکانم بنووسمەوە. دەبێت بەش بەش بەسەریان بکەمەوە و هەر بەشێکیش بە تێر و تەسەلی جوان جوان توێکڵی بکەم و بیدەمە دەستی خوێنەرەوە یان مێژووەوە، ئەگینا شتێکی ناتەواوی پچڕ پچڕی لێ دەردەچێت. ئایا کەس هەیە شانازی بە مێژووی دڵداریی و خۆشەویستی خۆیەوە نەکات؟، بەڵام بە داخەوە کە زۆر جار خۆشەویستیش سەرەتا و کۆتایی هەیە. ئەگەر باسی سەرەتاکەی بکەی دەبێت ئەوەش ڕوون بکەیتەوە چۆن کۆتایی هات و بۆچی بەو جۆرە کۆتایی هات. ئەمەش دیسانەوە باسێکی درێژە

ناتوانم لە چەند دێڕێکدا، یان لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەگەریدا هەقی خۆی بدەمێ، بۆیە بەسەریا بازم داوە. بە کورتی فێربووم نووسینەوەی یادەوەری کارێکی ئاسان نییە بە تایبەتی ئەگەر کورد بیت. کاتێ باسی لایەنێکی ناخۆش یان نێگەتیڤی خۆم بۆ ئەوانە بکەم کە خۆشیان دەوێم پاساوی بۆ دەهێننەوە ئەڵێن بۆیە ڕایکردووە، چونکە وا و وا بووە، بەڵام ئەگەر ئینسان ئینتیهازی نەبێت دیارە کەسانێکیش هەن حەزی پێناکەن و ئەو کەسانە نەك هەر سوورن لەسەر ئەوەی بەردەوام باسی خراپەکانی بکەن، بەڵکو دان بە چاکەکانیشدا نانێن و هەوڵ دەدەن خوێنەری لێ بڕەوێننەوە.

زیاتر لە چل ساڵ بە سەر ئەزموونی شیعری و ئەدەبیمدا تێپەڕیوە. ئەگەر بۆ سەرەتا ڕاستەقینەکان بگەڕێمەوە من لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە لە تەمەنی دوازدە ساڵیمەوە دەستم بە شیعر نووسین کردووە، کە ئەوساش لە پۆلی شەشی سەرەتایی و یەکی ناوەندیدا بووم. نازانم چی وای لێکردم شیعر بنووسم. بێگومان کەس بە شاعیری لەدایك نەبووە، بەڵام تا ڕادەیەك گشت ئینسانێك لە یەکێك لە بوارەکانی ژیاندا زیاتر بەهرە و توانای هەیە ئەگەر ژیان هەلومەرجی ڕەخساندنی ئەو بەهرەیەی بۆ دابین بکات کە زۆرجار خێزان و ژینگە و بارودۆخ بوونەتە هۆی فەوتان و لەناوچوونی بەهرە و توانای مەزن و داهێنەر. بۆیە من گشت کاتێك کە بیر لە نووسەر یان شاعیرێکی گەورە دەکەمەوە لە هەمان کاتدا دڵنیام لەوەی شاعیر و نووسەری لەو مەزنتر و داهێنەرتر ئێجگار زۆر هەبوون، بەڵام بە هۆی بارودۆخەوە بە نەزۆکی لەبارچوون و کەسیش نازانێت کێ بوون و کێ نەبوون. من ڕەنگە لە بواری دیکەیشدا بەهرەم هەبووبێت، بەڵام کە هەر لە منداڵییەوە خەریکی شیعر نووسین بوومە دیارە قەدەرەکەم لەوەدا بووە ببم بە شاعیر. کە بوومە بە شاعیریش بارودۆخی خێزان و کۆمەڵگە و دەوروبەر و دەورێکی گرنگیان هەبووە چەند بایەخ بە شیعر بدەم و کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم. وەك بەهرەکەم هەبووە هەلومەرج و بارودۆخ لەگەڵمدا یار نەبوون تا ئاسۆی شارەزاییم فراوانتر و قووڵتر بکەم، بەڵکو ئەوەی نووسیویشمە لە چاوقایمی خۆمەوە بووە، ئەگینا وەك ملیارەها بەهرەی لەبارچووی ئەم مرۆڤایەتییە دێرینە لەناو بێڕەنگی و بێدەنگی لەبیرچوونەوەدا کپ و خامۆش ون ئەبووم و بۆ خۆم لێی ئەخەوتم. زۆر جاریش ئەڵێم خۆزگە وابووایە، چونکە شیعر و ئەدەب و خوێندنەوە بۆ من تەنها دەردەسەری و کوێرەوەری بوون هیچ خزمەتێکیان بە ژیانی کەسایەتی و تایبەتیم نەگەیاندووە لە ژانەسەر زیاتر.



چەند دەفتەرێکم پڕ کردبووەوە لە شیعری کلاسیکی، بەڵام هەرگیز بیرم لە بڵاوکردنەوە و چاپکردنیان نەکردۆتەوە. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٦٨بە دواوە گۆڕانێکی باش بەسەر ئەو شیعرانەدا هاتن و کەوتبوومە ژێر کاریگەری گۆران و هەردی و کامەران موکرییەوە واتە هەر لە سەرەتاوە ئارەزووی نوێخوازیم هەبووە، بەڵام لەبەر نەبوونی کتێب و سەرچاوە و برادەر چ ئاگایەکم لە دونیای شیعری نوێ نەبووە. ئەو ساڵانە ڕەحمەتی باوکم لە شارۆچکەی دوبز مامۆستا بوو، بۆیە خۆمانیش هەر لەوێ ئەژیاین کە شارۆچکەیەکی زۆر بچووك بوو لە ناوەڕاستی شەستەکاندا و هیچ کتێبخانەی تیادا نەبوو. ئەمە سەرەڕای بەربەرەکانێکردنی بەردەوامی ڕەحمەتی باوکم، کە نووسین و خوێندنەوەی لێ قەدەغە کردبووم تا لە خوێندنی قوتابخانە دوانەکەوم و خۆم بە شتی دیکەوە خەریك نەکەم. هەروەها سەبارەت بەوەی کە لە بارەی دین و خوا و دۆزەخ و بەهەشتەوە زۆر پرسیارم دەکرد و هەستی بەوە کرد هەندێك لەو پرسیارانە پەیوەندییان بەو کتێبانەوە هەیە کە دەیانخوێنمەوە تا ڕادەیەك ڕێگای نەدەدام بە ئاشکرا هیچ بخوێنمەوە، بەڵام من هەر لە قۆناخی ناوەندییەوە نووسین و ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفوز و توفیق ئەلحەکیم زۆر سەرنجیان ڕاکێشام. پاشان نازانم لە ماڵی مامۆستایەکی هاوڕێی باوکم چاوم بە کتێبی کلیله و دیمنه کەوت بە زمانی عەرەبی پێموابوو خەزێنەیەکم دۆزیوەتەوە. ئەو هەستەی خۆم بۆ برادەرەکەی باوکم دەربڕی ئەویش کتێبەکەی پێشکەش کردم و ڕوخسەتی لە باوکمیش وەرگرت بە ئارەزووی دڵی خۆم بیخوێنمەوە چونکە زۆر سوودی هەیە، منیش لە جیاتی جارێك چەند جارێ ئەو کتێبە و کتێبی (الف لیله ولیله)م خوێندەوە ئەویش هەر مامۆستا ئەنوەر زێدان پێی بەخشیم. بەشێکی زۆری خەیاڵەکانی ئەو سەردەمەم سەرچاوەکەیان بۆ الف لیله ولیله دەگەڕێتەوە. لە توفیق ئەلحەکیمەوە زۆر شت فێربووم و بە ڕاستیش نووسینەکانی بۆ ئەو تەمەنەی من دەستیان نەدەدا. باوکم ناهەقی نەبوو کە سەری سووڕمابوو لە پرسیارە زۆروزەبەندەکانم دەربارەی ژیان و مردن. هەندێکجار پێمی دەگوت تۆ بە منداڵیی پیر بوویت، چیت داوە لەم ژانەسەرە. ئەگەر ئەو حیسابێکی بۆ بەهرەی نووسین و خوێندنەوە و تەنانەت (بیرکردنەوە)م بکردایە و یارمەتی بدامایە بێگومان سەرەتایەکی زۆر بەهێزترم دەبوو، بەڵام بە ڕەحمەت بێت سەرەڕای ئەوەی لە هەموو ژیانیدا تەنانەت یەك تاقە کتێبی بۆ نەکڕیوم، چەند جارێك کتێب و شیعرەکانمی دڕاندووە کە ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی هەیە لە ژیانی نووسەر و شاعیرێکی تازەهەڵکەوتوودا. ئەم کاردانەوانە بۆیە لای باوکم دروست ببوون تا هەموو بیر و هۆشم لای خوێندنەکەم بێت و شەهادەیەکی بەرز بەدەست بهێنم بەبێ

ئەوەی لەوە ئاگادار بێت ڕەنگدانەوەکە بە پێچەوانەوە کەوتەوە. هەرچەندە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە ڕیزی پێشەوە بووم تا لە ساڵی ١٩٧٣ لە زانکۆ وەرگیرام هەر لەو ساڵەشدا بوو باوکم کۆچی دوایی کرد و خۆم لە خەستەخانەی کۆماری کەرکوک لاییبووم، بەڵام ئەو پێیوابوو حەزم لە خوێندن نییە بۆیە ناچم بۆ بەغدا. ئەوەبوو لەسەر داوای خۆی چوومە کۆلیجی قانون لە زانکۆی بەغدا ئەویش هەر لەو ڕۆژانە ماڵئاوایی لێکردین و فریای ناشتنەکەیشی نەکەوتم. بە درێژایی قۆناغەکانی خوێندن تا چوومە زانکۆ هەمیشە لە یەکەمەکان بووم، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان بە عەزرەتی ئەوەوە نەبووم کە بڕوانامەیەکی بەرز بەدەست بهێنم. ئەو ساڵانە لە شارۆچکەی دوبز بووین، پاشان کە لە ساڵی ١٩٦٩ هاتینەوە کەرکوك گۆڕانێکی زۆر گەورە کەوتە ژیانمەوە و پوختەیەکم لە شیعرەکانم هەڵبژارد و بیرم لە چاپکردنیان کردەوە لەدوای ڕێکەوتننامەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠. باوکم وازی لە کۆنترۆڵکردنم هێنا و دێتەوە یادم جارێك وتی من بۆ تۆمە تۆ بۆ کێتە. دە بڕۆ هەموو ژیانت خەریکی شیعر نووسین و کتێب خوێندنەوە بە بزانە هیچ بە هیچ ئەکەیت.

لە ساڵی ١٩٧٠دا کاك ڕەزا شوانم ناسی کە یەکەمین نووسەر و ئەدیبی شاری کەرکوك ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکەم، کۆمەڵە شیعرێکی وەزن و قافیەدارم پێی دا تا بەر لە چاپکردنیان پیایاندا بچێتەوە.

کاك ڕەزا پێشنیازی کرد ناوی لێ بنێم (دڵی کوردستان) تا ئەو کاتەش هیچ کەسێك ئەو دەستەواژەیەی بەکار نەهێنابوو. من پەلەم بوو ببم بە خاوەنی دیوان و تەمەنیشم شازدە ساڵ بوو کاك ڕەزا هەستی بەوەکردبوو ئەم شیعرانە مزگێنی پاشەڕۆژێکی ڕووناکیان هەڵگرتووە، بۆیە وای بە چاك دەزانی لە چاپکردنیان پەلە نەکەم. هەر لەو کاتەدا وردە وردە دەستم کردبوو بە نووسینی شیعری نوێ و هەندێك لە شاعیرانی ئەو ڕۆژگارە زیاتر بەرچاویان ڕوون کردمەوە کە من توانایەکی باشترم هەیە لەو شیعرانەی لە (دڵی کوردستان) دا کۆمکردوونەتەوە. کە چووم بۆ بەغدا کاك ڕەزا شوان ئەدرەسی کاك سەلاّح شوانی پێدام و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم و ئەوسا ئەوان لە لووتکەی چالاکیدا بوون بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و ئەدەبیاتی ڕوانگە. بە هۆی ئەویشەوە ڕەحمەتی جەلالی میرزا کەریم ناسی و کاتێك شیعرێکی نوێم بۆ هەردووکیان خوێندنەوە کە ناوی خەونی چاو بوو زۆریان بەلاوە جوان بوو وتیان تۆ شیعری وا دەنووسیت چۆن ڕێگا بە خۆت دەدەی ئەم وەزن و قافیەدارانە چاپ بکەیت و لەسەر خۆت ئەیانکەیتە ماڵ. جەلالی میرزا کەریم کە سەرپەرشتی لاپەڕەی ئەدەب و ژیانی ئەکرد لە هەفتەنامەی



هاوکاریدا خەونی چاو و چەند شیعرێکی دیکەی لێ وەرگرتم کە هەموویانی لە هاوکاری بڵاوکردەوە و یەکەم دیمانەی ئەدەبیش لە ژیانمدا ئەو سازی کرد بە ناوی "گفتوگۆیەك لەگەڵ شاعیری لاو سەلام محەمەد" هەر لەو ماوەیەدا لە هاوکاری بڵاوکرایەوە. لەو سەفەرەدا بۆ یەکەمجار ڕەحمەتی مەحمود زامداریشم ناسی ئەویش دیدارێکی ئەدەبیی دوور و درێژی نیوسەعاتی لەگەڵمدا ساز کرد بۆ ڕادیۆی کوردی. کە شەوان لەگەڵ سەلاّح شواندا دەچووین بۆ نادی ئیتر وردە وردە حسین عارف و شێرکۆ بێکەس و کاکەمەم بۆتانی زۆر شاعیر و نووسەری دیار و ناودارم ناسی و هەر هەموویان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە شیعرە کۆنەکانم چاپ نەکەم با لە بناغەوە بە کۆمەڵە شیعرێکی نوێ خۆم بە خوێنەر بناسێنم. وەختێك گەڕامەوە بۆ کەرکوك هەرچەندە گفتم دابوو بە لقی سێی پارتی کتێبی دڵی کوردستانیان بدەمێ و لەسەر ئەرکی ئەوان چاپ بکرێت، بەڵام پەشیمان بوومەوە.

ئەو سەفەرەم بۆ بەغدا کە لە ساڵی ١٩٧٠دا بوو سەرەتای قۆناغێکی تازە و دنیایەکی تازەی لە مێژووی ژیانی مندا دروست کرد. لە هەموو نووسەران و شاعیران زیاتر سەلاّح شوان دڵخۆش بوو بەو پەیوەندی یەکترناسینەمان و لە ڕاستیشدا یارمەتییەکی زۆری داوم. لەگەڵ کاك لەتیف هەڵمەتدا یەکترمان دۆزییەوە و لەوە بە دواوە تا ڕادەیەك ڕۆژانە یەکترمان دەبینی و شیعرمان بۆ یەك ئەخوێندەوە. پاشان وردە وردە بەربووینە چالاکی و سیمینار و کۆڕبەستن لە کتێبخانەی شۆڕیجە و بەردەم کتێبخانەی ئاسۆ و تێکڕای کۆڕە ئەدەبییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك. هەڵمەت بە تەمەن شەش حەوت ساڵێك لە من گەورەتر و تاقیکردنەوەی لە بواری نوێخوازیدا زۆر لە من فراوانتر بوو، چونکە ئەو ماوەیەی کە من لە دوبز ئەژیام و دوور بووم لە هەموو دەنگوباسێکی ئەدەبی ئەوان واتە لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت و ئەحمەد شاکەلی و فەرهاد شاکەلی تەواو کەوتبوونە خۆیان و بۆ یەکەمجار من ژمارەکانی شیعر و گۆڤاری شیعر ٦٩ م لە ڕەحمەتی لەتیف حامید وەرگرت. دوو کەس کە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر منەوە هەبوو هەردوو چیرۆکنووسی ڕەحمەتی لەتیف حامید و جەلیل قەیسی بوون بە تایبەتی کاك لەتیف کە هەفتانە دەچوومەماڵیان و کتێب و گۆڤارم لێ قەرز دەکرد و زۆر جار خۆی پێشنیازی بابەتەکەی دەکرد. جار جار سەردانی ڕەحمەتی جەلیل قەیسیشم دەکرد کە ئەوسا سەرپەرشتی گۆڤاری (العاملون في النفط)ی دەکرد و زۆر هانی دەدام بۆ خوێندنەوەی ئەدەبی نوێ.

وا بزانم لە مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٧٠دا یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك کرایەوە، هەموو ئەندامانی دامەزرێنەر بەیەکەوە ناسنامە زەرد و ناسك و جوانەکەی ئەندامێتیمان بۆ هاتەوە کە تیایدا نووسرابوو ڕۆژی بوونە ئەندام ⁄ ١٩٧٠⁄١٢⁄٢٤ ئەو کاتەش من ڕێك تەمەنم ١٦ساڵ و چوار مانگ بوو لە پرۆگرامی گشتیدا تەمەنی ئەندام ئەبوو ١٨ساڵ و لە سەرەوە بێت ئیتر نازانم ئەو هەڵەیە بەسەر دەستەی گشتی یەکێتیی لە بەغدا تێپەڕیبوو، یان بە هۆی بارودۆخە ناسکەکەی کەرکوك و کەمیی ژمارەی ئەندامانەوە بۆ تەواوکردنی نیسابی قانونیی چاوپۆشی لێکرابوو، بەڵام هەر لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەردا لێژنەی ڕۆشنبیری پێکهات لە عەبدوڵڵا سەڕاج و لەتیف هەڵمەت و من بە سەرۆکایەتی فوئاد تاهیر سادق کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بوو.

یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەران کە بە سەرۆکایەتی ڕەحمەتی ڕەئوف خانەقا بوو. ئەم ئەندامانەی بە خۆیەوە گرتبوو ڕەحمەتی عبدالعزیز خانەقا، ڕەحمەتی تاهیر سادق. کاك عوسمان خۆشناو، کاك حسێن بەرزنجی و کاك فوئاد تاهیر سادق و کاك ڕەزا شوان. لەو ئەندامانەی چوست و چالاك بوون و بەردەوام هاتوچۆی بارەگای یەکیەتیان ئەکرد و پاشان کۆچی دواییان کرد خوالێخۆشبووان ڕەئوف هەمەوەندی، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی و خەلیل خوێناوی و عبدالقادر کەسنەزانی بوون. لەگەڵ ڕەحمەتی عبدالقادر کەسنەزانیشدا پەیوەندیەکی بەهێزم هەبوو زۆربەی شیعر و کتێبەکانی ئەدۆنیسم لە ڕێگای ئەوەوە خوێندۆتەوە، چونکە خۆم توانای کڕینی ئەو کتێبانەم نەبوو. کاك قادر چیرۆکی نوێی دەنووسی و توانایەکی باشی هەبوو، بەڵام ئەوەندە بە لایەوە گرنگ نەبوو ببێت بە چیرۆکنووس یان نا، یادی بەخێر پیاوێکی زۆر قسەخۆش و تایبەتمەند بوو. لە جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا فەوجێکی خەفیفەی کردەوە و بوو بە مستەشار و ڕۆژێکیان کە بە مەستی بە سەیتەرەکەی سەید سادقا ڕەت ئەبێت و ڕاناوەستێت، سەیتەرەکەش تەقەی لێ ئەکەن و گوللەیەك بەر سەری کەوت و بووە هۆی کۆچی دوایی. ئەم پیاوە زۆربەی کتێبەکانی سارتەر و کامۆی خوێندبۆوە. من لە نزیکەوە ئەمناسی باوەڕی بە هیچ شتێك نەبوو، هەمیشە ئەیگوت مادام مردن هەیە هەموو شتێك فشەیە.

ڕەئوف هەمەوەندیش شیعری ئەنووسی، بەڵام زۆری ئەخواردەوە. جاری وا هەبوو شەو و ڕۆژ مەست بوو. ئەوسا ئێواران دەچووینە یانەی مامۆستایان کە لە جێگەی بارەگای پارتی بوو لە سەرەتای شەقامی کۆماریدا. کۆمەڵێك نووسەر و شاعیری وەك موکری و ئەحمەد محەمەد



ئیسماعیل و ئەحمەد بێکەس و ڕەئوف هەمەوەندی زوو زوو ئێواران لەوێ کۆئەبووینەوە، بەڵام هەرگیز بۆ یەك جاریش لەتیف هەڵمەت نەهاتۆتە نادی. کۆمەڵێك یادەوەری خۆشی ئەو نادیەم لە یادە لەوانە ئەحمەد بێکەسی هاوڕێمان کە شیعری مەوزون و موقەفای ئەنووسی ژنەکەی کچی ڕەحمەتی عەلی مەردان بوو دیار بوو کاك ئەحمەد نێوانی لەگەڵ خەسوویدا تەواو نەبوو، کۆمەڵێك شیعری لەسەر خەسوو لە کوردەواریدا نووسیبوو. ئەحمەد بێکەس خۆی نەی ئەخواردەوە، بەڵام کە دائەنیشتین و گارسۆنەکە دەهات ئەو داوای یەك قاپی تەواو عارەقی دەکرد وەختێك هەڵدەساین بوتڵەکەی بە سەرمۆری بە گارسۆنەکە دەدایەوە و پارەی مەزەکانی دەدا.

ئەو ڕۆژگارە ئێواران بارەگای یەکێتیی نووسەران هاژەی دەهات و لە هەموو لایەکەوە نووسەرانی شار بە گەنج و پیرەوە ڕوویان تێ دەکرد و جۆرەها باس و بەسەرهاتی کۆن و نوێ دەهاتە پێشەوە. خۆی بە ڕاستی دوو نەوەی زۆر جیاواز بووین. پیر و بە تەمەنەکان لە سەرووی هەموویانەوە ڕەحمەتی ڕەئوف خانەقا کە سەرۆکی یەکێتیی نووسەران بوو لە ژمارە تاقانەکەی گزنگدا شیعرێکی بڵاوکرایەوە دێڕی یەکەمیم هەر لە بیرە:

**خەڵکە پەیمانێ ئەدەم من قەت ئیتر پۆکەر نەکەم**
**چی کرا چوو تێپەڕی ئەمما ئیتر خۆکەر نەکەم**

نەوەی دووەمیش دوو جۆر بووین جۆری یەکەم نوێخوازەکان جۆری دووەمیش ئەوانەی بە تەمەن گەنج بوون، بەڵام نوێخواز نەبوون. بەبێ هیچ دوودڵییەکیش ئەوە دووپاتی دەکەمەوە کە لە سەرەتای مێژووی یەکێتیدا گەورەترین هۆی بەگەڕخستن و کۆکردنەوەی تواناکان ئەو لیژنە ڕۆشنبیرییە بوو کە پێکهاتبوو لە عەبدوڵڵا سەڕاج و لەتیف هەڵمەت و من کە سەرپەرشتی کۆڕە ئەدەبییەکانمان دەکرد. پاشان وردە وردە توانای دیکەش بە دەرکەوتن بۆ نموونە: محەمەد موکری کە یەکەمجار هات بۆ یەکێتی وەکو شاعیر خۆی پێ ناساندین و شیعری نوێی جوانی ئەنووسی. کاك ڕەزا شوان بوو بە پەیامنێری هاوکاری و بە ناوی هیوا شوانەوە شتی بۆ ئەنووسین ڕۆڵێکی دڵسۆزانە و بەرچاوی هەبوو لە چالاکییەکانی نووسەراندا. یەکەم بەرنامەی ئەدەبیش لە تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە لەساڵی ١٩٧٢دا من ئامادە و پێشکەشم کرد تیایدا سەروپرسیاریشم ئاراستەی موکری نەمر و عەبدوڵڵا سەڕاج کردبوو.

بێگومان نابێت دەوری هەر سێ کتێبخانەی ئاسۆ و گەل و شۆڕشەمان مان لە بیرچێت کە باسی بارودۆخی ڕۆشنبیری ئەو ڕۆژگارەی کەرکوك دەکەین، چونکە هەموو بڵاوکراوە کوردییەکانیان لا دەست دەکەوت و خۆشیان کەسانێکی ئەدەبپەروەر و کوردپەروەر بوون. بۆیە ئێواران زۆربەی ئەوانەی ئەهلی کتێب و خوێندنەوە و ڕۆشنبیری بوون لە بەردەم ئەو کتێبخانانەدا دەبینران بە تایبەتی کتێبخانەی ئاسۆ کە بەرانبەر بە کازینۆی نەسر و بە تەنیشت کازینۆی بابلەوە بوو. خەڵکی کەرکوك زۆر زۆر تامەزرۆی هەموو چالاکییەکی کوردانە بوون. تینووی هەموو جۆرە بابەتێکی کوردی بوون ئیتر هەر لە گۆرانییەوە تا دەگاتە شیعری نوێ و چیرۆکی نوێ ئەویش بە هۆی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و سیاسی کە وای لە ئینسانی کورد کردبوو لە کەرکوك فەرامۆشی بە هەموو شتێکدا بێتەوە. من خۆم لەو ساڵانە کە سەفەرێکی سلێمانیم کرد و شەو چووینە نادی و گوێم لێبوو گۆرانییەکانی مەزهەری خالقی لێدەدرا ئەوەندەم بە لاوە خۆش بوو هەستێکی وا دایگرتم، کە سلێمانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە، چونکە هەرگیز شتی لەو بابەتەم لە کەرکوکدا نەبینیبوو. بە داخەوەش ئەو موعاناتەی کە ئێمەی کەرکوکیان هەمانبوو هاوڕێکانمان لە سلێمانی و هەولێردا ڕاستەوخۆ لەو موعاناتە تێنەگەیشتبوون. وەك ئەوەی کە دەڵێن بەرد تا سەری خۆت نەشکێنێ هەست بە ئازاری ناکەی. ئەو لەیەکنەگەیشتنە تا ئێستاش درێژەی هەیە. کەرکوکییەکان ئەگەر خۆیان بە پلەی یەکەم مشووری خۆیان نەخۆن زەحمەتە ئەوانەی دیکە لێیان تێبگەن.

ئەو شیعرانەی لە ساڵانی ١٩٧١ بە دواوە بڵاوم کردوونەتەوە سەرەتای تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەم بوون لەگەڵ شیعردا. گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی کە شیعر تەنها بەهرە نییە، بەڵکو بەهرە و شارەزاییە. تا زیاتر بخوێنمەوە و خۆم لە ئەدەبیاتی جیهانی نزیکتر بکەمەوە، باشتر و قووڵتریش لەوە تێئەگەم کە چی بنووسم و بۆچی بنووسم. کۆمەڵێك هاوڕێی شاعیر و نووسەرم هەبوون و هەر یەکەیان ڕێزی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بە نیسبەت پەیوەندییەوە لەتیف هەڵمەت لە هەمووان نزیکتر بوو بە هۆی ئەوەی زوو زوو یەکمان ئەبینی و خەون و خەیاڵی شیعریمان بۆ یەکتر باس ئەکرد جۆرەها چوست و چالاکیمان لەو بوارەدا دووقۆڵی



سازکردووە. وەکو تاقیکردنەوەی شیعریش سەلاح شوان نزیکترین شاعیر بوو لە منەوە و تاڕادەیەکیش شیعرەکانمان لە یەك ئەچوون.

تا نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ کە لە زانکۆی بەغدا وەرگیرام و چوومە بەغدا ڕەحمەتی لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا سەڕاج و حەسەن جاف لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانم بوون، بەڵام پەیوەندیم بە هەموو نووسەران و هونەرمەندانی شارەوە هەبووە. ئەوانەی کاریگەرییان بە سەرمەوە جێهێشتووە هەردوو ڕەحمەتی لەتیف حامید و جەلیل قەیسی بوون. ڕاستە ئەو پەیوەندییە نزیکەم نەبوو لەگەڵ ڕەحمەتی جەلیل قەیسیدا بەڵکو جارجار خۆم دەچوومە لای لە نووسینگەکەیدا کە ئەوسا لە تەنیشت فولکەی مرورەکەی تەپەی مەلا عەبدوڵڵاوە بوو. تا وای لێهات لە سەرەتای هەشتاکاندا جار جار پێکەوە دەمانخواردەوە و سوودێکی زۆرم لە ڕێنماییەکان و تاقیکردنەوەکانی وەرگرتووە. پەیوەندیم لەگەڵ لەتیف حامیدی جوانەمەرگدا جیاواز بوو. لای کەمی هەفتەی جارێك لەماڵەوە سەردانیم دەکرد. ئەویش هەمیشە هانی ئەدام کە بەهرەیەکی شیعری گەورەم هەیە و پێویستە لە ڕێگای خوێندنەوە و شارەزاییەوە خزمەتی ئەو بەهرەیە بکەم. لەتیف حامید یەکەمین کەس بوو کە بە ئەدەبی نوێی عەرەبی و جیهانی ناساندم. جارێکیان کە تازە شیعری ژانی ئەرخەوانم نووسیبوو حەزم کرد یەکەم کەس بۆ ئەوی بخوێنمەوە کە ئەوسا بەڕێوەبەری ئامادەیی شۆڕشە بوو. چووم بۆ لای و پێموت شیعرێکی تازەم نووسیوە و یەکسەر بۆم خوێندەوە. تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵدا کردم و وتی ئا ئاوها، ئەمە وەرچەرخانێکی تازەیە کە هیوادارم بتوانی درێژەی پێ بدەیت. ئەو شیعرەم لە ساڵی ١٩٧٢دا لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکرایەوە و لە دیوانەکەمدا نییە، چونکە پێم نەدۆزرایەوە. هەرچەندە کاك سەدرەدین عارف مامۆستای زمانی ئینگلیزم بوو جار جاریش سەردانیم کردووە لە ماڵەوە و زۆر باسی ئیلیۆت و ڕامبۆی بۆ کردووم و تەنانەت جارێك قەسیدەی بەلەمە سەرخۆشەکەی ڕامبۆی بە ئینگلیزی پێمدا و منیش ئەوەندە خوێندبوومەوە ئەزبەرم کردبوو، بەڵام سەدرەدین عارف کە یەکێکە لەوانەی پێش ڕوانگە چیرۆکی نوێی نووسیوە زۆر حەزی بە تێکەڵاوی و خۆدەرخستن نەدەکرد. بۆیە کەمتر ئەمبینی و نایەتەوە یادم کە هاتوچۆی یەکێتیی نووسەرانیشی کردبێت. لەتیف حامید و سەدرەدین عارف

و ئەحمەد شاکەلی بە چەند چیرۆکێکی کەم ناویان چووە مێژووی پێش ڕوانگەی چیرۆکی نوێی کوردییەوە. ئەوەش هیچ سەیر نییە، چونکە کۆمەڵێك نووسەر و شاعیری گەورەی کەرکوکی لە شەستەکاندا (جماعە کرکوك)یان دامەزراند و هەر هەموویان لە ڕیزی پێشەوەی شیعر و چیرۆکی عەرەبیدا بوون لە عێراق لەوانە جلیل قەیسی و فاضل العزاوی وسرطون پۆلس و جان دمو و.. تاد خەڵکی شاری کەرکوك بوون و ئەو سێ چیرۆکنووسەش لە نزیکەوە ئاگاداری چالاکیەکانیان بوون. پێموایە لەتیف حامید چەندەی سوودی بۆ من هەبووە لەوەش زیاتری بۆ لەتیف هەڵمەتی کردووە بە حوکمی ئەوەی کە سەرەڕای پەیوەندییە ئەدەبییەکە ئامۆزای یەکتریش بوون.

لە حەفتاکاندا مشتومڕێکی دەوڵەمەند لە ئارادا بوو دەربارەی ئەدەب و نووسینەوە بە گشتی و بە قۆناخی زێڕینی ئەدەبی کوردی دەژمێردرێت. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەش دەورێکی زۆریان هەبوو لە گەرمکردنی فەزای گفتوگۆکان و کۆمەڵێك بیروبۆچوونی جیاواز لە گۆڕەپانەکەدا پەیدابوون تا ڕادەیەکیش بە هۆی ڕێکەوتنەکەی یانزەی ئازارەوە جۆرە سەربەستییەکی دەربڕین هەبوو چ لە بڵاوکراوە ڕەسمییەکانی وەك هاوکاری و بەیان یان هەردوو ڕۆژنامەکەی برایەتی و بیری نوێدا ئەمەش بەستەڵەك شکاندن و گۆڕانکارییەکی گەورە بوو کە بە سەر ئەدەبی کوردیدا هات و لەو سوباتە دوور و درێژەی شەستەکان بە ئاگای هێنایەوە و سەرەتایەکی بەهێزی داڕشت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

بۆ ئەنووسم و بۆ کێ ئەنووسم؟ پرسیارێکی زۆر باو بوو کە لەو سەردەمەدا موناقەشەی لەسەر دەکرا. بە نیسبەت منیشەوە بە بەردەوامی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بوومەتەوە، بەڵام ئەوەی کە هانی دەدام بنووسم لە ڕاستیدا حەزێکی تایبەتی بوو لە ناوەوەی خۆمدا. من ناڵێم کوردایەتی بووە یان شتێکی دیکە، بەڵکو چۆن دوکاندارێك کوتاڵ و شتومەکی هەبووە بۆ فرۆشتن منیش بیرکردنەوە و ئازارم هەبووە. بۆ دەرخستنی بیرەکانم و بەربەرەکانێکردنی ئازارەکانم پێویستیم بە دەربڕین هەبووە و ئەو دەربڕینەش بۆ من تەنها لە ڕێگای وشەوە هاتۆتە دی. خۆم پاش گشت نووسینێك هەستم بە ئیسراحەتێکی بەلەزەت کردووە لە ناخ و ویژدانی خۆمدا. ئایا ئەزانیت چەند تامێکی بێ وێنەیە کە ئینسان بابەتێکی ئەدەبی دەنووسێت و پاشان کە خۆی وەکو



یەکەم خوێنەر پیادا دەچێتەوە چەندە دڵخۆش و شاگەشکە دەبێت. بە هەر حاڵ ئەگەر وایش نەبێت من خۆم وابووم. وەڵامی بۆ ئەنووسم و بۆ کێ ئەنووسم لای من وا کەوتەوە بۆیە دەنووسم، چونکە ڕێگایەکی دیکە شك نابەم بۆ دەربڕیـن. زۆر جار دەمگوت خۆزگە دەنگم خۆش بووایە وەك مەزهەری خالقی یان توانای شمشاڵ ژەنین یان هەر ئامێرێکی دیکەی مۆسیقام هەبووایە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر یەکێك لە ژمارەکانی ساڵی ١٩٧٦ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ لەوێ وتارێکم لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی "شوان و شمشاڵ"دا کە تیایدا وتوومە تاقە ڕێگایەکی هاتنەدەرەوەم لە ناوەوەی خۆمدا نووسینە، ئەگینا هیچ بەدیلێکی دیکەم نییە، بەڵام کە دەنووسم من ناڵێم بۆ کێ دەنووسم بەڵکو دەڵێم کێ نووسینەکەمی بە دڵە و کێش بە دڵی نییە. پێموابێت ئەمە کێشەکە ئاسانتر دەکاتەوە و نووسین خۆی جۆری خوێنەر دیاری دەکات. ئیتر لەو ڕۆژگارەدا چی کاری تێکردووم و چی هەژاندوومی منیش لە بارەی ئەو شتانەوە شیعر و نووسینم بڵاوکردۆتەوە بە بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەم کێ شیعرەکەمی بە دڵە و کێش ڕەفزی دەکات. من کە یەکەمجار شیعری هەنگوینی تاڵم نووسی ویستم لە هاوکاری بڵاوی بکەمەوە، بەڵام بەڕێوەبەری ئەوسای دەزگای ڕۆشنبیری کوردی عوسمان محەمەد فایەق لەسەر شیعرەکەی نووسیبوو "لا اوافق علی نشره لانه یدعو الی تشجیع شرب الخمر". مەسەلەکە هیچ پەیوەندی بە سیاسەت و دینەوە نەبوو، بەڵام بۆچوونی ئەو پیاوە وابوو کە نابێت بڵاوبکرێتەوە. پاش نەمانی ئەو هەمان شیعر بە دیکۆر و دەرهێنانێکی جوانەوە لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوکرایەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆریشی هەبوو. هەمان حاڵەتم لە گەڵێك شیعری دیکەمدا بەسەرهاتووە و دووبارە بۆتەوە، بەڵام بە لای خۆمەوە کە پرۆسەی شیعرەکە تەواو بووە بە هیچ جۆرێك لێی پەشیمان نەبوومەتەوە. لە ژیانیشمدا یەك دێڕ شیعرم بۆ هیچ حزبێك یان کەسایەتییەکی سیاسی و دەسەڵاتدار نەنووسیوە، بێجگە لە شیعری منیش دڵداری کەیوانم ئەی پارتی غەم کە لە ساڵی ١٩٧٣بۆ پارتی نووسیومە و لە هەفتەنامەی برایەتی بڵاوکراوەتەوە. بە داخەوە ئەویش لە دیوانەکەمدا نییە و ئێستاش شانازی پێوە ئەکەم و یەکێکە لە شیعرە جوانەکانم.

هیچ کاتێك شیعری بۆنەم نەنووسیوە و هیچ شیعرێکم نییە تایبەت بێت بە بۆنەیەکی دیاریکراوەوە. لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا کە لە سوید بووم هونەرمەند زەکەریا چەند جارێك تەلەفۆنی بۆم کرد شیعرێکی وا و وای بۆ بنووسم تا بیکات بە گۆرانیی، بەڵام نەمتوانیوە داخوازیەکەی جێبەجێ بکەم هەرچەندە حەزیشم کردووە یارمەتی بدەم.

من لە هەشتاکانەوە بەرهەمی شیعرییەکانم ڕوویان لە کزی و تاڕادەیەك نەمان کرد. هۆیەکەی بۆ کارەسات و ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیانی تایبەتی خۆم دەگەڕێتەوە. زۆر جار پێم دەڵێن بۆ ئەو کارەسات و ڕووداوانە نەبن بە هەوێنی شیعر و نووسینی دیکە. ڕاستەوخۆ بە ئاسانی دەڵێم گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەر هەست و هزر و بیرکردنەوەی مندا هاتووە. باوەڕم بە زۆر شت نەماوە. قەناعەتم بەوە نییە بە سواری بەلەمی شیعر بتوانم لەم ڕووباری ژیانە بپەڕمەوە بۆ ئەوبەر. من ئێستا لە دونیایەکی سۆفیانەی پڕ لە سووتان و پڕ لە فرینی ناوەوەدا ئەژیم. وا هەست دەکەم تازە بە تازە گەیشتوومەتە سەرەتای ڕێگا و دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا بڕیاری خۆم بدەم. نەك لە چەقی دووڕێیاندا ڕاوەستاوم بەڵکو هەر یەك ڕێگایە و ئەویش ڕێگای ژیان و پاشان مردنە. ناڵێم حەقیقەت، بەڵکو من لە گەڕانێکی بەردەوامدام بگەم بە قەناعەتێك ئارامی و ئاسوودەییم پێ ببەخشێت. ئێستا شیعر ئەو ئارامی و ئاسوودەییەم ناداتێ. بۆیە هەرچییەك دەنووسم دەسبەجێ هەستێکی وا دام دەگرێت کە ئەوەی نووسیومە کافکا وتەنی ئەوە نییە خۆم دەمەوێت. ئەمڕۆ ئەدەبی کوردی پڕە لە شیعر و شاعیر. لاموایە هەڵە نیم ئەگەر بڵێم مەگەر تەنها لە مۆریتانیا شاعیر هێندەی کوردستان زۆر بێت، چونکە مۆریتانیا بەناوبانگە بە وڵاتی ملیۆنێك شاعیر. لەناو ئەم زۆروبۆریەشدا ئەگەر باشترین کتێب لە بازاڕی کوردیدا هەزاردانەی لێ بفرۆشرێت جێگای خۆشبەختییە. ئەمە بە ڕاستی کارەساتە، کارەسات. وەك هاوڕێی شاعیرم فەرهاد شاکەلی جارێك نووسیبووی ئەگەر لە کوردستان کتێبێك چاپ بکەیت وێنەی ژنێکی ڕووت بکەیتە بەرگی پێشەوە لە هەموو کتێبە باشەکان ڕەواجی زیاتر دەبێت. کەواتە لای منیش ئەسڵەن هیچ کێشەیەکم نییە چۆن تەفسیری نەنووسینی شیعرم بۆ دەکرێت و چۆن لێکی دەدەنەوە. کە گۆران دەڵێت:

**هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**



**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم**

بە ڕاستی ئەوە منم. ناتوانم ئەو شیعرە بنووسم کە تەعبیر لەو سووتانەی ناوەوەم بکات. ڕامبۆ هەر بە گەنجی وازی لە شیعر نووسین هێنا کە بێگومان دەیتوانی دە ئەوەندەی دیکەیش بنووسێت، بەڵام کە نەینووسیوە دیارە قەناعەتێکی ئەوتۆی لادروستبووە چیتر شیعر نەنووسێت. من قەناعەتیشم لا دروست نەبووە، بەڵام تا ڕادەیەك بەرچاوم ڕوونە کە ناتوانم ئەو شیعرە بنووسم لە ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەمدا بێت. ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٨ بە دواوە ناو بەناو لێرە و لەوێ بە ناوی شیعرەوە چەند بابەتێکم بلاوکردۆتەوە ڕاستیتان دەوێت بە لای خۆمەوە شیعر نین، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ هێشتنەوەی پردێکی پەیوەندی لەنێوان من و نووسیندا. دەڵێم ڕەنگە ئەو پردە لە پڕێکدا پەرە بسێنێت و گۆڕانی بەسەردا بێت. من هەموو دەرگاو پەنجەرەکانم دانەخستووە بە ڕووی خۆمدا، بەڵام بە هۆی دوورکەوتنەوەیەکی بیست ساڵی بۆشاییەکی فراوان لەنێوان من و نووسین و خوێندنەوەدا دروست بووە وا بە گوێرەی کات و دەرفەت پیادا دەچمەوە تا ئەگەر تووڵەڕێییەکیش بێت بیگرمە بەر و وردە وردە خۆمی پێوە خەریك بکەمەوە. چونکە من هەر شیعر نانووسم، بەڵکو کۆمەڵێك چیرۆکیشم لە حەفتاکاندا نووسیوە و بلاوکردۆتەوە لە هەندێکیاندا دەستپێشکەریم هەیە لە بواری مۆنۆلۆژی ناوخۆی چیرۆکدا. بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە توانای نووسینی ڕۆمانیشم هەیە و چەند مسوودەیەکم لەبەر دەستایە، بەڵام مەخابن زەوقی بەردەوامبوون و تەواوکردنیانم نەبووە. بە هیوای دووبارە باوەش کردن بە وشەی کوردی و ئەدەبی کوردی و شیعری کوردیدا، من ناتوانم واز لە شیعر نووسین بهێنم. ناشمەوێت شیعرێك بنووسم ڕەونەقەکەی جارانی نەبێت. شیعر وەك ئینسان پیر نابێت و هەمیشە لە تازەبوونەوەدایە. مادام ژیان بەردەوامە کەواتە شیعریش کۆتایی نەهاتووە و نایەت.

٢٤-٠٢-٢٠١٢

سوید ڤێستەرۆش

**تێبینی:** ئەم نووسینەی سەرەوەی (سەرەتاکان) تایبەت نووسراوە بۆ پرۆژەی کتێبی "هاوڕێیانی شەقامی جمهوری" کە لەلایەن بەڕێزان: ئازاد ئەحمەد ئەسوەد و کاك ئەدیب نادرەوە سەرپەرشتی دەکرێت. هەرچەندە ئەو کتێبە هێشتا چاپنەکراوە، بەڵام دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی کاك ئازاد ئەحمەد ئەم نووسینە کە پەیوەندی بە ئەزموونی ئەدەبی کاك سەلامەوە هەیە لێرە بلاو دەکەینەوە.
عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

# ڕۆیشتن بەسەر چیمەنەکانی شیعردا

## گوتوبێژێکی درێژ لەگەڵ سەلام محەمەدی نوێکار و جوانبێژ

سازدانی: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ):** کاك سەلام سەرەتا پێمخۆشە پێش ئەوەی لە دەرگای هیچ بابەتێکی ئەدەبیی بدەین، پێش ئەوەی بچینەوە کەرکوك و سەردەمی منداڵیی و هەرزەیی و بەر لەوەی قسە لەسەر شیعر و میدیا و خوێنەر و دەقی جوان و ڕەخنە بکەین، پێمخۆشە ئەم گوتووبێژە بەرفراوانە لە کۆمێنتێکی جەنابتەوە دەست پێبکەم کە لە پەیجی تایبەتی خۆت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بەر لە گەشتەکەت بۆ وڵاتی میسر نووسیبووت: "چش لەوەی داوەت ناکرێم بۆ ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ، دەچم هەفتەیەك لە میسر پشوو دەدەم". ئەم قسەیە زۆر



دەگەیەنێت. مانا شاراوەکانی پشت ئەم قسەیە خۆی لەوەدا بەرجەستە دەکاتەوە کە سەلام محەمەدی شاعیر فەرامۆش کراوە و ئاوڕی لێنادرێتەوە. دەرگای فیستڤاڵ و کۆنگرە و دیدارە ئەدەبییەکانی بەڕوودا داخراوە، یان هەر وەك خۆت دەڵێیت: "شاعیر دەناسم تا بلێی جوان دەنووسێت، بەڵام چونکە تەپڵ بۆ دەسەلات لێنادات خراوەتە تاریکییەوە. هەیشە زوڕنا بۆ دەسەڵات لێدەدات و شاعیریش نییە، بەڵام بەردەوام ڕووناکی خراوەتە سەر". بەلای تۆوە هۆکارەکانی ئەم پەراوێزخستنە یان فەرامۆشکردنانە چین؟ چی بە بەرپرسیار دەزانیت؟ ئایا پێت وانییە بە ئەنقەست و بە بەرنامە و پلان ئەم کارە دەکرێت؟ مەودای حزبییبوون و ئینتمای سیاسی چ ڕۆڵێك لەم بارەیەوە دەگێڕن؟ ئایا شوێنی ژیانت کە دووری لە کوردستان و لە وڵاتی سوید (تاراوگە) دەژیت کاریگەری داناوە بەسەر فراوانترکردنەوەی بازنەی فەرامۆشکردنەکەت؟ تۆ خۆت لەمبارەوە چی دەڵێیت؟

**سەلام محەمەد:** بەڵێ، وابوو. لە یەك دوو جێگای دیکەیشدا گلەییم کردووە و ڕەخنەیشم لە سەرپەرشتیکەرانی فیستیڤاڵی گەلاوێژ گرتووە، کە دڵنیام ئەوان خۆیان نین بڕیار دەدەن کێ بانگهێشت بکرێت، بەڵکو بە گوێرەی خواستی ئەو لایەنەی پشتگیریان دەکات ناوەکان دەنووسن. کەواتە سەرپەرشتیکەران ناتوانن بانگهێشتی کەسێك بکەن بە دڵی ئەو لایەنە نەبێت. زۆر جاریش لایەنەکە لە تاقە کەسێکدا بەرجەستە دەبێت لە کاتێکدا بەوە دڵمان خۆش دەکەین کە دیکتاتۆریەت لە کوردستاندا نەماوە.
من کە یەکێك بووم لە شاعیرانی ڕیزی هەرە پێشەوەی حەفتاکان و شوێن پەنجەم لە مێژووی بەرەوپێشەوەچووی شیعری نوێدا دیارە. کاتی خۆی بە درێژایی هەموو میهرەجانەکانی میربەدیش کە ساڵانە لە عێراق ساز دەکرا، تەنانەت بۆ هەر یەك جار بۆ دەرمانیش بانگهێشت نەکراوم. دەیانگوت سەلام دەیکاتە فەوزا و ڕەنگە لەناو میوانەکانی دەرەوەدا قسەی خراپ بکات و سنوور بشکێنێت. جارێك برادەرێك ئاگاداری کردمەوە کە بە جیددی نیازیان وایە لێم بگێڕنەوە و شیعریش بخوێنمەوە، بەڵام چونکە کەسانی وەك مەحمود دەرویش و نەزار قەبانی و زۆری دیکە داوەت کراون ئەگەر بەڵێن بدەم ئاقڵ بم و دەمی خۆم بگرم یان بەدمەستی نەکەم ئەوە بانگهێشت دەکرێم. بچووکترین هەڵە بکەم یان فەوزا بنێمەوە دەستبەجێ دوور دەخرێمەوە و پاشان تووشی لێپرسینەوەش دێم. من دامە قاقای پێکەنین و وتم چی چی؟ ئاقڵ بم؟ نەخێر،

هیچ بەڵێنێك نادەم ئەگەر بێمیش بە دڵنیاییەوە دەخۆمەوە و قسەش دەکەم ئیتر ببڕای ببڕ کەس باسی میربەدی لەگەڵمدا نەکردەوە.

باشە فیستیڤاڵی گەلاوێژ بۆچی؟؟ خۆ ئەگەر قسەش بکەم چی ماوە من بیڵێم یان کێ لەبەر من پەکی کەوتووە و گوێ بە قسەی من دەدات؟ ئەوان بە ئاشکرا کۆمەڵێ هونەرمەند و ئەدیبی بەعسییان بانگهێشت کردووە کە دەورێکی زۆریان هەبووە لە سەرکوتکردن و ڕاونانی وشەی کوردی ئازادا و لە نزیکەوە مەراییشیان بۆ دەکەن کە من هەرگیز بێزم نایەت دابەزمە ئاستێك لەگەڵ ئەو بەعسییانەدا بەراورد بکرێم. ئەوەندەی لە عێراق بووم سەرەڕای هەندێ تەنازول و سەربازیش، بەڵام بە بەردەوامی لەژێر چاودێری ئەمن و ئیستیخبارات و مونەزەمەکەی ڕەحیماوەدا بووم و چەند جارێك لە فرقە حزبیەکەوە هەڵیان کوتاوەتە سەرماڵەکەم و تا ئەو ڕۆژەی بۆ دواجار عێراقم جێهێشتووە ڕژێمی بەعس هەر حیسابی گومانلێکراوی بۆ کردووم. لە سەرێکی دیکەوە شانازی بە خۆمەوە دەکەم لەوەتەی هەم تۆسقاڵێك بەشداریم نەکردووە لە ڕاگەیاندنی براکوژیدا بە پێچەوانەوە هۆی یەکەمی دوورکەوتنەوەم لە شۆڕش شەڕی براکوژی بوو. لە نەوەتەکانیشدا کە ئەو شەڕە گەیشتە لووتکە من لە ئەورووپا بووم و بە ئاشکرا دژی هەموو لایەنەکانی شەڕی براکوژی ڕاوەستاوم تەنانەت وشەیەکم نەنووسیوە بۆنی ستایشی یەکێك لە حزبە کوردییە شەڕکەرەکانی لێبێت. ئێستایش هەندێ نامەم لا ماوە کە داوام لێ کراوە بۆ ڕاگەیاندنی حزبەکان بنووسم و نەك هەر پاڵپشتی هیچ لایەنێکی شەڕکەر نەبووم، بەڵکو بە دەم و بە قەڵەمیش دژی ئەو شەڕی خۆخۆرییە ڕاوەستاوم. ئەگەر لە نەوەتەکاندا پشتگیری یەکێك لە دوو حزبەکەی دەسەڵاتم بکردایە بە ڕاستی زۆر شتم بۆ دەکرا و پلەوپایەی بەرزیشم پێدەرا. لە بەرئەوەی نەچوومە پاڵ کەسەوە ساڵەهایەکی درێژە ئەوانیش منیان پەراوێز کردووە و تا ئێستا هیچ ئاوڕێکم لێ نەدراوەتەوە.

ئەوەندە زۆرنووسراوە لەمبارەیەوە کەس فریای خوێندنەوەیشیان ناکەوێت. من ئەگەر بۆ فیستیڤاڵی گەلاوێژ بانگهێشت بکرامایە بۆ ڕەخنەگرتن نەدەچووم بە جۆرە ڕێزلێنانێکی تێدەگەیشتم وەکو شاعیرێك و میوانێك ئامادە دەبووم. هەندێك بەرپرس و دەسەڵاتدار بەردەوام شانازی بەوەوە دەکەن کە ڕێزی شاعیران و نووسەران زۆر دەگرن و بەسەریان دەکەنەوە، بەڵام خۆیانیش چاك دەزانن کە مەبەستیان لەو شاعیر و نووسەرانەیە بە دڵی خۆیانن، یان ئەگەر



لەگەڵ ئەوانیشدا نەبن بێدەنگیان هەڵبژاردووە و ڕەخنە لە کەس ناگرن. بە هەر حاڵ هەرچی فیستیڤاڵ و میهرەجانێك لە لایەن حزبەوە ڕێنمایی بکرێت ئەنجامەکەی هەر بەو جۆرە دەبێت.
بەڵێ، بە ئەنقەست و بە بەرنامەیەکی داڕێژراوەوە ئەم کارە دەکرێت. مەودای حزبیبوون و ئینتیمای سیاسیش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن. هەروەها پەیوەندییە شەخسییەکانیش، چونکە ئەمڕۆ بارودۆخێکە ئەگەر حزبیش نەبیت، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێزت لەگەڵ یەك مەسئولی گەورەدا هەبێت لەبەر خاتری ئەو مەسئولە ئاوڕت لێدەدرێتەوە، ئەگینا لەبیرچوویتەوە و تەواو، وەك ئەوەی هەر نەبووبیت. دەوری حزب و مەسئول تەنیا لە سیستمە دیکتاتۆریەکاندا ماوە کە هیوادارم لەناو کوردا نەمێنێت. با نووسەران و هونەرمەندان خۆیان بە تەواوی سەربەستییەوە ئەو جۆرە کارانە بکەن و بەو زەقییە ئەدەب و سیاسەت تێکەڵاوی یەکتر نەکرێن. خۆی مەسەلەکە بە کورتی پارەیە! واتە حزب و مەسئولەکان بە گوێرەی پێویست پارە بۆ دەزگا ڕۆشنبیرییەکان سەرف ناکەن ئەگەر پرۆگرامی چوست و چالاکییەکانیان بە گوێرەی خواست و ئارەزووی ئەوان دانەڕێژرابێت. لەم ڕووەوە دەسەڵاتی کوردی بە ئاشکرا لاسایی ڕێژێمەکەی بەعس دەکاتەوە. هەر بۆیە منیش وەکو نموونە باسی میهرەجانی میربەدم کرد.

**عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ):** باشە، کاك سەلام دەزانین دڵسۆزی و توانا و ئاستی داهێنان بۆ بانگهێشتکردنی دیدار و فسیتیڤاڵەکان پێوەر نەبوونە و لای ئەم کلتوورە کوردییە - حزبییە و هەرگیز نابنە پێوەر. تاکە پێوەرێك کە دەسەڵاتی کوردی بڕوای پێیەتی و ئیشی لەسەر ئەکات ئینتمای حزبی و ڕادەی نزیکی ئەو بەناو داهێنەرانەیە لە حزب و بەرپرسان. بۆیەش دەبینین دوای هەر فیستیڤاڵ و دیدارێك قەیرانەکانی ئەدەبی کوردی وەکو خۆیانن و بگرە چڕتر دەبنەوە. بە بڕوای تۆ کاتی ئەوە نەهاتووە نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان بەئاشکرا بدوێن و دەسەڵات بخەنە بەردەم پرسیارە مێژووییەکانەوە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە پەردە لەڕووی ئەو قەڵەمانە هەڵبماڵدرێت کەلەپێناو پارە نووسینی کوردییان ڕیسوا کردووە؟. هەروەها تۆ باسی کلتووری بەعس دەکەیت، ئەم کلتوورە ڕەنگدانەوەی جیهانبینی فراوانی حزبێك بوو کە بە پلان بەرنامەڕێژی دەکرد بۆ ئامانجەکانی. کلتووری بەعس دەیویست نووسەران و هونەرمەندان و

ڕۆشنبیران و تەنانەت تەواوی خەڵك دەستەمۆ بكات و بخاتە خزمەت ئامانجە دژە مرۆییەكانی. ئێستاش لەیادمانە دروشمی: (للقلم والبندقیة فوهة واحدة) هەموو كەلەبەرەكانی ئەم وڵاتەی كەناوی عێراقە گرتبۆوە. دوایش خەساندن و دەستەمۆكردنی نووسەران و ئەدیبان هەر خەسڵەتی بەعس و كلتووری بەعسی نەبووە و نییە، بەڵكو بەدرێژایی مێژوو هەموو دەسەڵاتەكان ئیشیان لەسەر ئەم تەوەرە كردووە و هەوڵیان داوە نووسەران و هونەرمەندان بكڕن و بە پارە بیانخەنە خزمەتی خۆیانەوە. دەسەڵاتی كوردیش ئەم كارەی كردووە و ئێستا سوپایەك لە نووسەرانی حزبی هەن كە خەریكی میكیاجكردنی ڕووی دزێوی دەسەڵاتن. بۆچوونی تۆ سەبارەت بەم دیاردەیە چۆنە؟

**سەلام محەمەد:** برام هەمیشە بە درێژایی مێژوو لە كۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا نووسەری دەربار و شاعیری دەربار هەبووە و دەبێت. نووسەری تەماحكار و نووسەری بێ تەماح هەبووە و دەبێت. هەیە زۆر حەزی بە دەركەوتنە هەیشە بە پێچەوانەوە. هەروەها نووسەر و شاعیرەكانیش ئینسانن و لە ئاسمانەوە نەهاتوون تیایاندا هەیە چاو تێر و عیززەتی نەفسیان گەورەیە. هەیشە تا بڵێی چاوچنۆك و ڕەزیل و قرچۆكە. ئەمڕۆ لە كوردستانیش بە ئاسانی دەستنیشانی ئەو شاعیر و نووسەرانە دەكرێت كە سەر بە حزبە جیا جیاكانن و زۆرنایان بۆ لێدەدەن. هەندێكیان بە هۆی دەسەڵاتی حزبەوە دەستكەوتی گەورەیان وەدی هێناوە هەر لە ئەرزە و خانوو و سەیارە و دەفتەرە دۆلارەوە بیگرە بۆ پلە و پایە و شتی لەم بابەتە. ئا ئێستا چەند نموونەیەكم لە بەر دەستدایە كە بە هۆی قەڵەمەكەیانەوە چوار پێنج خانوویان دروست كردووە. هەیە لەملا تێری خواردووە پاشان چۆتە ئەولا كە لەوێش تێر بووە ئینجا چۆتە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە ئیتر ئا ئەوها لە جەولەیە. كەسانی وا هەن كە پارتی زۆر ڕێزی لێگرتوون و زۆریشی بۆ كردوون، بەڵام لە پڕێكدا ئەو كەسە چۆتە بەرەی یەكێتییەوە هەوڵی داوە لەوێش دەستكەوتی چەورتری بەركەوێت كە تێری خواردووە جارێكی دیكە گەڕاوەتەوە بەرەی پارتی و پارووی چەورتری دەستكەوتووە. بارودۆخەكە گەندەڵییەكی گەورەی لەناو نووسەرانیشدا خوڵقاندووە. جارێك یەكێك لەوانەی خەریكی ئەمبەر و ئەوبەر بوو وتی: وایە كاكە خۆیان زەمینەیان بۆ ئەم بەزمە خۆش كردووە، كێ هەیە ئەمڕۆ بەشی خۆی ئەمبەر و ئەوبەری نەكردبێت؟ زۆرن ئەوانەی بە شێوەیەكی هونەریی و زیرەكانە دزی دەكەن و لەوسەریشەوە خۆیان فشدەكەنەوە و



قسەی زل زل دەكەن و باسی دەستپاكی و نەزاهە دەكەن. كارگەی دەسەڵات جۆرەها نووسەری لەو بابەتەی وەبەرهەم هێناوە.

هەیە بە ڕاستی خاوەنی بەهرە و توانایەكی ئەدەبیی یان هونەریی باشە، بەڵام خستوونیەتیە خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆیەوە. هی وایش هەیە گوناحە بڵێین نووسەر یان هونەرمەندە بە هۆی ئینتیما سیاسییەكەیەوە لە ڕیزی هەرە پێشەوەیە و بەرهەمەكانی لە دوا لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەكاندا بڵاودەكرێنەوە و نانیان كەوتۆتە ڕۆنەوە.

دیاردەیەكی دیكە، ئەویش ئەوەیە كە سیاسەت زەمینەیەكی گونجاوی خوڵقاندووە بۆ یاریی چاوشاركێ و ژمارەیەكی زۆریشی تێوە گلاون. تەماشاكە ئەگەر مەبەستیان بێت یەكێك گەورە بكەنەوە چی بۆ ناكرێت؟؟ هەر لە كەناڵی تی ڤی و ڕۆژنامە و گۆڤارەوە بۆ ڕادیۆ و كۆڕ و كۆبوونەوەی ئەدەبیی دەیبەنە حەلحەلەی ئاسمان. بە وردی تەماشای هەندێك لەو كەناڵانەم كردووە چی دەكەن! بڕوا بكە بە ئاسانی وڵاتێكی دیكەی لەو جۆرە نادۆزیتەوە. بە كورتی ئەمە زەوق تووشی نەهامەتی و نسكۆ دەكات و بە ئاشكرا دەڵێم زەوقی جوانكاری و داهێنان لە مەترسیدایە.

ئەوانەی بە درێژایی ژیانیان لەگەڵ حزبێكدا بوون هەقی خۆیانە قەیناكا، چونكە بە بیروباوەڕ لەگەڵ ئەو حزبەدان و تەنانەت پێش ئەوەی حزبەكە ببێتە خاوەنی دەسەڵاتیش ئەوان لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە هەمیشە سەر بەو حزبە بوون. ئاساییە ئەگەر شاعیر یان نووسەر و هونەرمەند ئایدۆلۆژییەكی سیاسی هەڵبژێرن، بەڵام كارەساتەكە لای ئەوانەیە بە درێژایی ساڵگاری دوای ڕاپەڕین بەردەوام خەریكی پەت پەتێنن و لە هەردوو حزبە گەورەكەیان خواردووە و باوەڕیان بە هیچیانیش نییە. بە ڕێكەوت ناسیاوێكم بینی كە یەكێتیی نیشتمانیی موچەی مانگانەی بۆ بڕیوەتەوە، بەڵام لە ئەوروپا وەك گۆڕانخوازێك ناوی دەركردووە. لێم پرسی ئەگەر پیاو بۆی هەبێ بپرسێت تۆ كامیانی گۆڕان یان یەكێتی؟ لە وەڵامدا وتی (هەردووكیان. من وەكو پرەنسیب و ڕێكخستن یەكێتیم، بەڵام لە زۆر ڕووەوە خۆم بە گۆڕان دەزانم). كەواتە ئەم برادەرە و هاوبیرەكانی نە یەكیەتی و نە گۆڕانن بەڵكو هەردوولایان گرتووە و هەر كاتێك مەبەستیان بێت و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان چۆن بخوازێت دەچنە پاڵ ئەو لایەنە. وێنەی ئەم برادەرە گەلێك زۆرە لە كوردستان و هەندەرانیش، چونكە دۆخە سیاسییە گشتییەكە زەمینەیەكی لەباری بۆیان ڕەخساندووە.

هێشتا بارودۆخی سیاسی زۆری ماوە سەقامگیر بێت. بۆیە ئاساییە ئەو کەلەبەر و بۆشاییانە بکەونە نێوەندە ئەدەبییەکەوە و ئەگەر بە نووسین بێت زۆر نووسراوە تەنانەت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا خەڵکێکی زۆر قسەیان کردووە و سوودی نەبووە. سیاسییەکان خۆیان و دەوروبەرەکەیان لەمجۆرە بۆچوون و بیرکردنەوە و هەڵوێستانە بە دوور دەگرن و هەوڵ دەدەن لە بایەخیان کەم بکەنەوە. گەندەڵی چەندە کاریگەری بە سەر سیاسەتەوە هەیە بە هەمان شێوە لە ئەدەبیشدا ڕەنگی داوەتەوە و باشترین نموونەش فیستیڤاڵ و چالاکیە ڕۆشنبیرییە گەورەکانن.
بە هۆی ئەم بارودۆخە گەندەڵەوە لە کوردستان و عێراقدا بڕوا بکە هیچ کەسێك خوێندنەوەی تەواوی بۆ پاشەڕۆژ نییە و کەس نازانێت چی ڕوودەدات. پاشەڕۆژ پڕە لە ڕێکەوتی کتوپڕی وا ئەمڕۆ بە ئەقڵی کەسدا ناچێت، بەڵام کە بوو بە واقیع ئەوسا خێرا خێرا ئەم دەیکاتە ملی ئەوەوە هەر هەمووش پاکانە بۆ خۆیان دەکەن.

نموونەی یەکێك لەو باسانەی گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرن ئەوەیە لەم ڕۆژانەدا وەزارەتی ڕۆشنبیری لیستی٦٩٠ داهێنەری بڵاوکردەوە کە سەرنجی هەردووکمانی ڕاکێشا و لە پەیجەکەی خۆماندا لە فەیسبووك لەو بارەیەوە شتێکمان نووسی. دیار بوو تۆ باشتر ئاگاداری پرۆسەکە بوویت بە لێزانییەوە چەند پێشنیازێکت خستبووە ڕوو، بەڵام من هەر ئاگام لە هیچ نەبوو. وامزانی فیعلەن وەزارەتی ڕۆشنبیری خۆی لیستەکەی هەڵبژاردووە، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت ئەم کارە بانگەوازی بۆ کراوە و فۆرمەکەیان بڵاوکردۆتەوە کەچی نیوەی نووسەران و هونەرمەندان ئاگادار نین، چونکە بانگەوازەکە و فۆرمەکەش وەکو پێویست بە فراوانی نەکەوتوونەتە بەرچاوان. تۆ جارێ لەوە گەڕێ کە ناوەکە وەك خەڵاتی داهێنەر زۆر هەڵەیە یان هەندێك نووسەر و هونەرمەندی خەڵاتکراو لە ئاستی خەڵاتەکەدا نەبوون، یان تەنانەت هەندێك نووسەر و هونەرمەندی ناسراو چ پێویستییەکیان بەو کۆمەکە نەبووە، بەڵام داوایان کردووە و وەریان گرتووە. ناو ناڵێم، بەڵام تیایاندا هەیە خاوەنی چەند ملیۆنێکن ئیتر بۆچی دەبێت فۆڕمی کۆمەك پڕ بکەنەوە. لەمانە هەمووی گەڕێ و کۆمەڵێك سەرنجی تایبەتیم لا گەڵاڵە بووە بۆ داهاتوو ئەگەر پرسیارم لێ بکرێت جواب دەدەمەوە، بەڵام وەکو خودی لیستەکە من پەلەم کرد لە حوکمدان، چونکە لیژنەکە تەنها لە وەزارەتی ڕۆشنبیری پێکنەهاتبوو، بەڵکو نوێنەری یەکێتیی نووسەران و سەندیکای هونەرمەندان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و... تاد.



ئەندامی ئەو لیژنەیە بوون و کارەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردووە. وەکو پرۆسە زۆرم پێ چاکە بایەخ بەو سندوقە بدرێت و گۆڕانکاری باشی بەسەردا بێت تا دەگاتە ئاستێکی پێشکەوتوو. ئەڵبەتە کارەکە چالاکییەکی تازەیە و بێ کەموکورتی نابێت.
من لەم دوورەوە ئاگاداری زۆر شت نیم، بەڵام خۆ هونەرمەندێکی وەك گەزیزە کە لە سلێمانی دەژیت و بەردەوام خەریکی چالاکی هونەرییە لە دیدارێکدا کەوتە بەر چاوم ئەویش دەربارەی ئەم خەڵاتە هیچی نەزانیوە.
بۆ دەبێ کارێکی وا تەمومژاوی بێت و بە بەرفراوانی بڵاو نەکرێتەوە و هەموو نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان ئاگادار نەکرێنەوە لە ڕێگای بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکانەوە؟ بۆ دەبێ لەم کارە ئەدەبیی و هونەرییەدا ئینتیمای سیاسیش ڕەچاوبکرێت؟
**عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ):** تۆ لە باسی ئەو سندوقەی کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بۆ کۆمەکی نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان دانراوە ئاماژەت بەوە دا کە کۆمەڵێك سەرنجی تایبەتیت لا دروست بووە. ئایا دەکرێت بزانین ئەو سەرنجە تایبەتیانە چین‌و لێکدانەوەت بۆ کاری لەو جۆرە چییە؟

**سەلام محەمەد:** بیرکردنەوە لە سندوقی کۆمەك خۆی لە خۆیدا کارێکی زۆر باشە نیشانەی هۆشیاری و پێشکەوتنە. من هەقم نییە بەسەر کەسانێکەوە پیشەیان تەنیا ڕەخنەگرتنە و دژی هەموو شتێکی چاك و خراپن. ئەوەی بۆ یەکەمجار بیرۆکەی سندوقەکەی گەیاندۆتە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتنەوە بووە. وەزارەتیش کارێکی باشی کردووە بە پەسندکردنی پێشنیازەکە و پاشان بەرجەستەکردنی وەك بڕیارێك. لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پرۆسەی لەو بابەتە هەیە و بوونی سندوقەکە لە بنەڕەتدا بۆ خزمەتکردنی ئەدەب و هونەری کوردییە، بەڵام پرۆسەکە لە بوارێکی تەسکدا ئەنجام دراوە و وەکو پێویست ڕیکلامی بۆ نەکراوە و فۆرمەکەش لە لە مەودای ئاگاداری هەموو نووسەر و هونەرمەندێکدا نەبووە.
دەربارەی سەرنجەکانم پێویستە بەر لە هەموو شتێك ناوەکەی بگۆڕن و بیکەن بە سندوقی کۆمەك و یارمەتی نووسەران و هونەرمەندان، نەك خەڵات. چونکە خەڵات بۆ کارێك دەشێ تەواو بووە و شایانی خەڵات و پاداشتکردنە نەك هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتاییدایە و بە

تەواوی کامڵ نەبووە. وشەی داهێنەریش ناگونجێت چونکە داهێنان واتایەکی ئێجگار فراوانتری هەیە بۆ ئەو هەموو ناوە ناگونجێت کە لە لیستەکەدا هاتوون. لە پێناسەکردنی داهێنەر و داهێنادا بۆچوونی جۆربەجۆر هەن، بەڵام هەموویان لە خاڵێکدا یەك دەگرنەوە کە ئەویش بریتییە لەوەی داهێنان لە ئەدەب و هونەردا شتێکی تەواو تازەمان بۆ دەخوڵقێنێت کە پێشتر ئەو دەقە یان ئەو کارە هونەرییە نەبووە. داهێنان جۆری هەیە بۆ نموونە: داهێنانی بیرێکی نوێ یان فۆرمێکی نوێ یان قوتابخانەیەکی نوێ لە هونەری موزیك و وێنەکێشاندا کە بەدەگمەن نووسەرێك یان هونەرمەندێك بە داهێنەر لە قەڵەم دەدرێت. کێ داهێنەرە یان داهێنان بە گشتی چییە کاری ڕەخنەگرێکی پسپۆڕە. بۆیە کە تۆ یەکێك وەك داهێنەر خەڵات دەکەیت دەبێت ئەوەش ڕوون بکەیتەوە لە چ بوارێکدا داهێنانی هەیە. وەك وتم ناوەکە لە بنەڕەتەوە دوو جار هەڵەیە. یەکەم لەگەڵ مەبەستی پرۆسەکەدا ناگونجێت. دووەمیش ناکەوێتە خانەی داهێنانەوە. ڕاستە، وەزارەتی ڕۆشنبیری لیژنەیەکی پسپۆری لە نوێنەرانی یەکێتیی نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان پێکهێناوە و ئەوانیش لەناو خۆیاندا ژانرە ئەدەبیی و هونەرییەکانیان دابەشکردووە، بەڵام من هەموو ئەوانەی لە لیستەکەدا ناویان هاتووە ناناسم، بەڵکو ئاگاداریش نیم چ نووسینێکیان هەیە یان چ هونەرێکیان نواندووە، بەڵام لەوە دڵنیام کە کورد ئەم هەموو داهێنەرەی نییە و هەڵەیەك لە ئارادایە.

من یەکێکم لەوانەی هیچ ئاگاداری ئەم پرۆسەیە نەبووم و نەکەوتۆتە بەرچاوم. پێموایە بە شێوەیەکی فراوان بڵاونەکراوەتەوە و لە ئینتەرنێتیشدا نییە. وەك بزانم فۆرمەکە لە یەکێتیی نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان دانراوە کە من خۆم (بۆ نموونە) پەیوەندیم بە کەسانێکەوە هەیە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەو یەکێتی و سەندیکایەن، بەڵام یەك کەسیش ناوی نەهێناوە. ئەوە من لە ئەوروپا دەژیم و دوورم، بەڵام سکاڵای هەندێك نووسەر و هونەرمەندم دیکەم کەوتۆتە بەرچاو لە کوردستان دەژین و ئاگاداریش نەبوون. ئەم جۆرە چالاکییە مادام قەوارەیەکی گشتی هەیە، پێویستە زۆر بە فراوانی بڵاوبکرێتەوە و فۆڕمەکەش بە بەردەوامی لە ئینتەرنێتدا بمێنێت. هەرکەسێك پێویستی بەو کۆمەکە بێت و شایانی بێت دەبێت لە کاتێکی گونجاودا ئاگادار بکرێتەوە و بواری ئەوەی بۆ بڕەخسێنرێت فۆڕمەکە پڕبکاتەوە.



ڕێزگرتن و خەڵات و پاداشت شتێکە و مەبەستی ڕاستەقینەی پرۆسەی لەم بابەتە شتێکی دیکەیە. ئەمە بۆ کۆمەك و هاوکاری و یارمەتیدان و پشتگیریکردنە. لەو حاڵەتەشدا نووسەرێکی گەورە و ناسراو مافی داواکردنی کۆمەکی هەیە و یەکێکی دیکە کە تازە دەستی بە نووسین کردووە ئەویش هەمان مافی هەیە ئەگەر ڕوونی بکاتەوە لە چ ڕوویەکەوە پێویستی بەو کۆمەکەیە.

دەکرێت وەزارەتی ڕۆشنبیری پێشوەخت بە گوێرەی بودجەکە ئاشکرای بکات کە نیازی وایە پشتگیری ٢٠٠ یان ٣٠٠ نووسەر و هونەرمەند بکات نەك ٧٠٠ کە چاك و خراپ تێکەڵاو دەبێت و نووسەران و هونەرمەندانیش بڕە پارەی تەواویان بەرناکەوێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان.

نووسەرێك یان هونەرمەندێك توانای ماددی هەبێت چالاکییەکەی خۆی ئەنجام بدات، هەقی نییە داوای ئەم یارمەتییە بکات. چونکە مافی یەکێکی دیکەی کەم دەرامەت دەخوات. من خۆم ئەگەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کاربکەم، دەڵێم کۆمەك بۆ هەمووانە ڕێگا لە هیچ کەسێك ناگرم و وەزارەت بەرپرس نییە لەوەی دوو یان سێ هەزار کەس داخوازی ڕەوانە دەکەن و هەندێکیان چ پێویستییەکیان بەو کۆمەکە نییە، چونکە لە ڕووی دادپەروەرییەوە مافی هەمووانە و بۆ ویژدانی خۆمان جێماوە کە نووسەر و هونەرمەندە دەوڵەمەندەکان دەبێت خۆیان ڕێگا بۆ هاوڕێ هەژارەکانیان چۆڵ بکەن، کە بە داخەوە ئەمەش لەناو ئەو چینە بە ناو هۆشیارەدا بەدی ناکرێت. وەك پێشتر گووتم خانوویەکی هەیە دەیکا بە دووان و سیان و چواریش ئیتر تەماح کۆتایی بۆ نییە.

لیژنەی سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکە کە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە ئەدەبیی و هونەرییەکان پێکدێت دەبێت بێلایەن بن و کاریگەری هیچ حزبێکی سیاسیان بە سەرەوە نەبێت. مایەوە بڵێم من وای بە چاك دەزانم ئەو لیستە یەکگرتوو نەبێت واتە لیستی نووسەران بە جیا و هی هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان و... تاد. بە جیا کە پێموایە بەو جۆرە وێنەکە ڕوونتر و ئاشکراتر دەبێت.

وەك لە سەرەتادا وتم دووپاتی دەکەمەوە من زۆر پشتگیری ئەم پرۆسەیە دەکەم و لە بنەڕەتەوە یارمەتییەکی باشە بۆ نووسەران و هونەرمەندان. هیوای بەردەوامبوون و پێشکەوتنی بۆ

دەخوازم و هیوادارم کە ئەمساڵ بەو گەرمییە گفتوگۆی لەسەر کرا بۆ ساڵی داهاتوو گۆڕانکاری گەورە بە خۆیەوە ببینێت و ئەگەر ساڵ بە ساڵ بۆ پێشەوە بڕوات، وردە وردە دەگاتە ئاستی سندوقی کۆمەك و پشتگیری نووسەران و هونەرمەندانی ئەورووپا و وڵاتە پێشکەوتووەکان.

**عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ):** تۆ لە چاوپێکەوتنەی گۆڤاری هەنار بەوردی و دوور و درێژی لەسەر منداڵیی و شیعر و سەرەتای دەستپێکردنت بە شیعر دواوی، بەڵام ئەوەی من سەرنجم دا ئەوەیە کە کەم تا زۆر بەلای دونیای منداڵیتا نەچووی. بۆ نموونە پەیوەندیت بە دایکت و باوکت و خوشك و برا؟ یان ئارەزووەکانت چی بوون؟ یارییەکانی منداڵیت، شەڕەگەڕەك و زۆر شتی دیکە کە ئێستا بوونە بەبەشێك لە نۆستالیژیای تۆ. لەم دەرفەتە پێت باش نییە ئاوڕێك لەو جیهانە تایبەتە بدەیتەوە؟
**سەلام محەمەد:** بەڵێ، لەو دیدارەی شاعیر حەمە کاکەڕەش لەگەڵمدا سازی کرد بە درێژی ئاماژەم بۆ چەند وێستگەیەکی گرنگی ژیانم نەکردووە. نیازیشم وایە بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی بە ژیانی خۆمدا بچمەوە و لە کتێبێکدا بڵاوی بکەمەوە ئەگەر تەمەن مەودا بدات. نەك تەنها ژیاننامە بێت کارێکی ئەدەبیش بێت لە بابەت کتێبی (گەشتێك بەرەو سەرەتا)ی کۆلن ویلسۆن. نازانم چی بڵێم؟ حەز ناکەم ئەوەی لەو دیدارەدا وتوومن دووبارەیان بکەمەوە، بەڵام بە دەستی خۆمیش نییە بەشی ئەوە هەر دووبارە دەبنەوە. ئەمە سێیەم جارە داوام لێدەکرێت چیرۆکی ژیانم بنووسمەوە بۆیە کۆمەڵێ بەسەرهاتی لەیەکچوو لەم کتێبەدا دووبارە دەبنەوە وەك لە جێگایەکی دیکەیشدا نووسیومە خوێنەری بەڕێز دەتوانێ بازیان بەسەردا بدات. کاکە گیان من سەردەمی منداڵیم وەك یەك تابلۆی پارچە پارچەکراو یان وەك ئاوێنەیەکی شکاو دێتە بەر چاوم. بە هۆی ئەوەی کە باوکم مامۆستا بوو لە چەندین قوتابخانەی جیا جیای ناوچەی جیاوازدا هەموو جارێکیش بە ماڵەوە دەچووین بۆ ئەو ناوچەیە و منیش هەر لەوێ دەمخوێند. لەنێوان تەمەنی چوار ساڵیمەوە تا پازدە شازدە ساڵیم ئێمە بیست جار زیاتر ماڵمان گوێزاوەتەوە. هێشتا لە ناوچەیەك یان گەڕەکێك بە تەواوی ئاشنای هاوڕێکانم نەدەبووم دەچووینە شوێنێکی دیکە. لەم هەموو جێگۆڕکێیە بێزار بووم و دەسەڵاتیشم نەبوو. بۆیە من زیاتر منداڵییەکی گەڕۆکم هەبووە و هەر ساڵەی لە شارێك و گوندێك و ناوچەیەك



گیرساومەتەوە و تاڕادەیەکی زۆر بێ بەش بووم لە هاوڕێی ڕاستەقینە. ئەو چوار پێنج ساڵەی لێ دەرچێت کە لە شارۆچکەی دوبز بووین و چەند هاوڕێیەکی خۆشەویستم هەبوون، بەڵام لەو چوار پێنج ساڵەشدا ئەوەندەی بێتەوە بیرم حەوتجار بارمان کردووە و خانوومان گۆڕیوە. تا ساڵی ١٩٦٩ کە ڕەحمەتی باوکم لە ڕەحیماوە خانوویەکی کڕی ئەوسا تەمەنم شازدە ساڵان بوو وردە وردە ناسیاویم لەگەڵ هاوڕێی تازەدا پەیدا کرد لە ڕەحیماوە بە تایبەتی و کەرکوك بە گشتی. دەتوانم بڵێم چوار پێنج ساڵی کارێزەی خاڵخاڵان خۆشترین ساڵەکانی ژیانم بوون. لە ساڵی ١٩٧٠یش بە دواوە کە لە ڕەحیماوە جێگیر بووین، دەستم کردە نووسین و خوێندنەوە لە ئاستێکی جیاوازدا. لەو ساڵانەشدا بوو کە دایکم و باوکم و مامم قادر کۆچی دواییان کرد. بۆیە تراژیدیا گەورەکانی خێزانەکەمان لەوێوە دەستیان پێکرد، بەڵام بە گەرموگوڕی دەستم کردبووە نووسین و خوێندنەوە و بڵاوکردنەوە.
دەبێت ئەوەش بڵێم کە دایکم لە نیسانی ١٩٧٠ دا کۆچی دوایی کرد. پاش تێپەڕبوونی ساڵێك باوکم ژنی دووەمی هێنا ئەوسا هەر لە ڕەحیماوە بووین لە کۆڵانی سلێمانییەکان، بەڵام بە کۆچی دوایی باوکم لە ١٩٧٣-١٠-١٣دا قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد و زۆربەی پەیوەندییەکان و خزمایەتییەکان گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هات. ئەو گۆڕانە تا ئێستایش کاریگەری خۆی ماوە. ئەوەبوو منیش لە شوباتی ١٩٧٤دا چوومە شاخ و لە خوشك و برا دوور کەوتمەوە ئەوانیش بێ دایك و بێ باوك نەنکم لەگەڵیاندا دەژیا و مامەم مەلا عەلی سەرپەرشتی دەکردن.
هەندێك وا دەزانن کە من لە ساڵی ١٩٧٦ دا خانووەکەم فرۆشت تا ژنی پێ بهێنم!، بەڵام هۆی سەرەکی فرۆشتنی ئەو خانووە بەشە ماڵ و میرات بوو. ئەگەر من ژنم بهێنایە یان نا هەر دەبوو بفرۆشرێت. منیش وا لە ژیان تێگەیشتبووم ئەگەر ژن بێنم باروگوزەرانی خوشکەکانم و براکەم باشتر دەبێت و دڵخۆش دەبن، بەڵام کەس عیلمی غەیبی پێ نییە. من مەبەستێکم هەبوو ئەنجام بە جۆرێکی دیکە کەوتەوە. لە تەموزی ١٩٧٧دا کە ژنم هێنا، تەنها دوو ساڵ لەو خانووەی عاشوردا ماینەوە. بە هۆی گیروگرفتی عائیلی، من و خوشکەکانم و براکەم هەموومان چووینەوە ماڵی مامەم مەلا عەلی. بەرزی و نزمی زۆر هەبوو لە پەیوەندییەکانی ئەوسادا کە هەندێکیان تا ئێستایش درێژەیان هەیە و بوونەتە هۆی دروستکردنی کەشێکی ناخۆش. تێکچوونی پەیوەندیم لەگەڵ دەوروبەرەکەمدا بە هۆی جیاوازی تێروانینمان بۆ کێشەی ئەوسا و ئاوێتەبوونی بە کێشە جۆربەجۆرەکانی ئەمڕۆی ژیانی هەموومانەوە کە زۆربەیان

کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی دیکەن و بە هۆی بارودۆخی تازەوە سەریان هەڵداوە. زۆر جار پێمگوتراوە کاتێ باوك و دایکم کۆچی دواییان کردووە دەبوو من وەك برا گەورەیەك ئاگاداری ئەوانەی دیکە بوومایە لە کاتێکدا خۆم پێویستیم بە یارمەتی و هاوکاری و ڕێنمایی هەبووە. چونکە کە باوکم وەفاتی کردووە من ١٩ساڵان بووم. ئەوسا ئاواتی هەرە گەورەم ئەوەبوو کە ژنم بهێنم ژیانێکی خۆش و نوێ بۆ ئەوانیش دابین بکەم. دەیانجار ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ خۆمدا تاوتوێ کردووە، بەڵام موتەنەبیی وتەنی (تجری الریاح بما لا تشتهی السفن) واتە: با بەو لایەدا هەڵناکا کە پاپۆڕەکە پێویستی پێی هەیە.

هەرچەندە کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە، بەڵام هەندێك فاکتەری سەرەکی و بنەڕەتی هەن بۆ نموونە: بەشێك لە هەڵەکان دەکەونە ئەستۆی من، بەڵام بەشێکی گەورەشی دەکەوێتە ئەستۆی دەوروبەر و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراق. ئەگینا شانم دەدایە بەر و لە ئاستی مەسئولییەتەکەدا دەبووم. چی بکەم لە دەستەڵاتی مندا نەبوو.

ئەمڕۆش ڕۆژێکە بەرژەوەندی شەخسی و پارە و کار و بەرژەوەندی هاوبەش دەوری سەرەکی لەو پەیوەندییانەدا دەگێڕن. بۆیە پەیوەندییەکان بەردەوام لە گۆڕان و ئاڵۆزیدان. من وەکو سەلامی مەلا محەمەد هیچ کاتێك بۆ بەرژەوەندی و پارووی چەور چۆن لەگەڵ سیاسەتدا نەگونجاوم، ئاوایش لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆمدا نەمتوانیوە پەیوەندییەکان لە ئاستێکی دیاریکراوی چوارچێوەداردا بپارێزم. بۆچی؟ سەبارەت بە دوو هۆ: یەکەمیان ئەوەیە دانم بە کوێخایەتی کەسدا نەناوە و نایەنێم. دووەمیش بۆ بەرژەوەندی نەکەوتوومەتە دوای کەس و نایشکەوم. بەداخەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕێك وەکو سیاسەتی کوردیان لێهاتووە و بۆتە گروپ گروپ و لەناو گروپەکانیشدا پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم هەیە. کەسێکی وەکو من کە دان بەو سیاسەت و گروپکاریانەدا نەنێت، بێجگە لە ڕەخنە و گلەیی دەبێت چاوەڕێی چی بکات.

زۆرن ئەوانەی لای (ئا) زەمی (بێ) دەکەن و بە پێچەوانەشەوە لای بێ زەمی ئا دەکەن. کاتێك تووشی (جیم) یش دێن ئا و بێ خراپ دەکەن. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کەسانە بە خۆیان پێدەکەنن، بەڵام هەستی پێناکەن. هەیە لای (ئا) وتوویەتی ناوی (بێ) مەهێنە چونکە بە ناوهێنانی مەعیدەم تێکدەچێت کە ڕۆژگار هاتووە و چووە ئینجا لای (بێ) وتوویەتی ناوێ (ئا) مەهێنە با مەعیدەم تێکنەچێت. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو برادەرە خۆی مەعیدەی نەخۆشە وەك چەرخوفەلەك سەروخوار دەکات. هەیە ماستاو بۆ هەموو لایەنێك دەکات و لەگەڵ سەوزدا سەوزە لەگەڵ زەرددا زەردە جار جار گۆڕانە و هەندێجاریش ئیسلامییە. من خۆم



ڕووبەڕوو ڕەخنەم لەم جۆرەیان گرتووە دەزانی چۆن وەڵامی داومەتەوە: (گرنگ ئەوەیە خۆت بگونجێنیت و نەهێڵیت یەکێك گلەییت لێ بکات). ئەوەی بتوانێت دڵی هەموو لایەك ڕازی بکات زیرەك و تێگەیشتوو نییە، بەڵکو ئەوە لووتکەی گەندەڵی و ئینتیهازیەتە. وەك دیقەتیشم داوە لە دوور و نزیکی خۆمەوە ئەوانەی قسەی سوك و ناشیرینیان بە یەك دەگوت بە جۆرێك باسی یەکتریان دەکرد ئینسان بێزی نەدەهات گوێ بگرێت، کەچی ئەمڕۆ بە هۆی تەکەتولات و بەرژەوەندی پارەوە، سوێند بە سەری یەکتری دەخۆن و موو ناچێتە نێوانیان. بڕوانە لەو سیحر و جادووەی پارە هەیەتی!، چونکە ئەوەی هاونیشتمانیبوون و دۆستایەتی و خزمایەتی نەیتوانی بیکات، بە ئاسانی پارە جێبەجێی دەکات. ئەگەر ڕەخنەیەکیشم گرتبێت کە ژیان ئەوە ناهێنێت ویژدان و شەخسیەت و تەندروستی بە قوربانی پارە بکرێت پێمگوتراوە ئەوە چونکە خۆی خاوەن پارە و موڵك نییە بۆیە وا دەڵێت.

پیاو دەناسم تەنها بۆ ئافەرینێکی ژنەکەی دڵی نزیکترین هاوڕێی خۆی شکاندووە یان دەبینی لەناو کۆمەڵگەدا لەژێر ڕۆشنایی بۆچوون فەرمایشتەکانی ژنەکەیدا ڕەفتار دەکات، تا ئەو ڕادەیەی ئەگەر یەکێك کارێکی بەو جۆرە کەسە بکەوێت دەبێت پێشتر هەوڵی وەرگرتنی ڕەزامەندی ژنەکەی بدات. ئەم جۆرە فسفس پاڵەوانیە تا ڕادەیەك لەناو کوردا بەربڵاوە و پیاوم زۆر دیوە بە هۆی بۆچوونی ژنەکەیەوە پشتگیری لە شتی هەڵە کردووە کە خۆیشی زانیویەتی هەڵەیە. هەیە هەر بە تەواوی کەسایەتیەکەی لەلایەن ژنەوە داڕێژراوە کە لە ڕووی دادپەروەری کۆمەڵایەتیشەوە بێت پێویستە ژن و پیاو گەڵگری کەسایەتی تایبەتی خۆیان بن.

من ڕێزێکی زۆر و بێ ئەندازەم بۆ ژن و مافی ژنان هەیە، بەڵام نەك تا ئەو ئاستەی پیاو بە قورمیشی ژن بجووڵێتەوە. ڕێز و یەکسانی ناڵێت تۆ گوێت لە ژنەکەت ڕابگرە چی وت وا بکە. نموونەی ئەو پیاوانە زۆرن کە تەنها تەماشای دەمی ژنەکانیان دەکەن و ناوێرن بە موو لە بیروڕای ژن دەرچن. بە ڕاستی ئەمە کارەسات و تێکشکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەرەسهێنانی شەخسیەتی پیاو و ونبوونی ناسنامەی پیاوە. ئەم دیاردەیە بە زەقی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و تا پێم بکرێت خۆم لەو کەسانە لادەدەم کە خاوەنی بڕیاری خۆیان نین و ژن چییان پێ بڵێت وا دەکەن. بیست ساڵ زیاترە لە وڵاتی سوید دەژیم و ئەوەی لە پیاوی کوردم دیوە هەرگیز پیاوی سویدیش وا ناکات. باشە ئێمە هەر باسی مافی ژنان دەکەین ئەدی ژنان خۆیان چۆن بەوە ڕازی دەبن پیاوەکانیان سەربەست نەبن لە گوفتار و ڕەفتاری پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا یان چ دڵێکیان بەو جۆرە پیاوە خۆشە؟ بە هەر حاڵ

ئەمە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە نەك ئەدەبیی کە دیارە منیش کەم تا زۆر تووشی نائومێدی هاتووم لەلایەن هەندێك برادەری بە ناو پیاوەوە کە ناتوانن بێ پرسی ژنەکانیان بچووکترین هەڵویستی کۆمەڵایەتیان هەبێت یان لە دەرەوە قسەیەکی کردووە پاشان لە ماڵەوە پێچەوانەی کردۆتەوە. ببوورن کە لە تەوەری ئەدەب و ڕۆشنبیری دوور کەوتوومەتەوە چی بکەم زەلالەتم بووە بە دەست ئەو جۆرە پەیوەندییە تاڵانەوە کە دووریش نییە یەکێك بن لەو هۆیانەی زەوق و چێژی خوێندنەوە و نووسینیش لاواز دەکەن.

چۆن بەر گوشاری سیاسەت کەوتووم و پەراوێز کراوم ئاوایش لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە ئاشکرا گوشار و حەسارم خراوەتە سەر. ڕوویداوە بە هۆی دوورکەوتنەوەم لە یەك یان دوو نەفەرەوە دەیانی دیکە شوێنیان کەوتوون و پەیوەندییان لەگەڵمدا بڕیوە. کە ئەمە بۆ ئەو یەك دوو نەفەرە بۆتە مایەی سەرکەوتن (بە گوێرەی ئەقڵی خۆیان ئەگینا ئەوە بیرکردنەوەیەکی شارستانی نییە)، بەڵام بۆ ئەوانەی دیکە مانای ئەوەیە بوون و نەبوونی پەیوەندییان بە کەسانی دیکەوە بەستراوە. ئەمەیش هەڵەیەکی سەقەت و پەقەتی کۆمەڵگەی کوردەوارییە کە لە عەرەبەوە هاتووە: (انصر اخاك ظالما ام مظلوما) واتە پشتی براکەت بەرمەدە ئەگەر زۆردار بوو یان زۆرلێکراو. هیوادارم لە داهاتوودا کاریگەری لەناو نەوەی نوێدا کەمتر بێتەوە و هەر کەسە بە گوێرەی تاقیکردنەوە و ڕاستییەکان و بەسەرهاتەکان هەڵسوکەوت بکات، نەك بە قورمیشی کەسێکی دیکە بکەوێتە گەڕ. لەمەشدا مەبەستم تێکڕای کۆمەڵگەی کوردەوارییە بە خۆمیشەوە.

زۆر جار خودی خۆم تووشی ئەوە هاتووم لەگەڵ یەکێکدا نێوانم سارد بووە، تەماشام کردووە کۆمەڵێك خەڵکی دیکەیش بەبێ هیچ هۆیەك ساردبوونەتەوە و لێم دوورکەوتوونەتەوە. تا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو کەسە پێم بڵێت ئەها چەندە منیان خۆش دەوێت و چەندە ڕێزم دەگرن. ئەگەر دڵم لێت بڕەنجێ هەر خۆم نیم و کۆمەڵێك خەڵکی دیکەیش ئۆتۆماتیکی ڕووت لێ وەردەگێڕن و مەرحەبات ناکەن. ئەوە قازانجی خۆمی تیادا هەیەن چونکە کەسانێك ئەگەر لە دڵەوە خۆشیان نەوێم و تەنیا لەبەر خاتری ئەم و ئەو بێت دیارە ئەو پەیوەندییە کاتیی و تەوقیتکراوە چەندەی زووتر بپچڕێت و کەمتر بێتەوە باشترە. ئەم بابەتە تا ڕادەیەك سادە و ساکارە، بەڵام بڕوا بکەن نیوەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە نیشتمان و هەندەرانیش بە دەستییەوە دەناڵێنن. هەر کاتێك پەیوەندییەکان لە ئاستێکی بەرزدا بوون و کەس دەوری



کوێخایەتی و کلکایەتی نەبینی، لەو سەرەوە دەبینە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو.

من خۆم نەبوونی پەیوەندییەکی کارتۆنیم زۆر لەوە پێ خۆشتر و باشترە کە دەمامکدار بێت و بچێتە خانەی تەمسیل و ڕەسمیاتەوە. چونکە لە دیدارەکەی پێشووشدا گوتوومە پەیوەندی ساغ وەك شووتی ساغ خۆش و شیرینە، بەڵام پەیوەندی بە حەزەر و نابەدڵی لە شووتی بڵ دەچێت چەندەکەی ناخورێت بۆن و تامی زۆر ناخۆشە. دروشمی (بە دەم هەنگوین و لە دڵیشدا قین) باوی نەماوە. ئەگەر یەکێك لە دڵەوە خۆشی نەوێم هەر بۆ موجامەلە لێم نزیك بێتەوە تا پێمدەکرێت کەمتر دەیبینم. تا لە سەرێکەوە خۆم نیگەرانی دام نەگرێت و لەسەرێکی دیکەیشەوە ئەو کەسە ئیحراج نەبێت و زۆر لە خۆی نەکات ئەکتەر ئاسا تەمسیلم لەگەڵدا بکات.

وا تەمەنم دەبێتە شەستساڵ، بەڵام هێشتا خەریکی کۆکردنەوەی پارچە شووشەکانی ساڵانی منداڵیم و نەمتوانیوە بە کامڵی خۆم لە ئاوێنەکەدا ببینم.

دووپاتیشی دەکەمەوە کە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم ئەرکێکی مێژووییە کەوتۆتە ئەستۆم وا وردە وردە کاری تیادا دەکەم چ وەك کوردێك یان ئینسانێك یان نەفەرێکی بنەماڵەکەم بە پێویستی دەزانم ئەو پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنم تەنانەت ئەگەر چاپکردنی بکەوێتە دوای مردنیشم.

**عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ):** کەرکوك پانتاییەکی زۆری لە دنیای شیعری تۆ داگیر کردووە. وەك شاعیرێك کەرکوك بۆ تۆ چ مانایەکی هەیە؟ ئەو تاڵە نەبینراوانەی عاتیفە کامانەن کە کەرکوکیان بەرۆحتەوە بەستۆتەوە؟

**سەلام محەمەد:** ئەو ئاوێنە شکاوەی بیرەوەرییەکانم لەتە هەرە گەورەکەی بەر کەرکوك کەوتووە کە بە درێژایی ڕۆژگار وەك خۆی ماوەتەوە و هەوڵ دەدات لەتەکانی دیکەی بدۆزێتەوە. ئێمە هەرچەندە بە هۆی کارەکەی باوکمەوە خێزانێکی گەڕۆك بووین، بەڵام هەمیشە کەرکوك سەنتەر و خاڵی سەرەتا و ویستگەی گشتی خێزانەکەمان بووە و بەشی زۆری ژیانم لەو شارەدا بەسەر بردووە. منداڵێکی چوار پێنج ساڵان بووم کە ماڵمان لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵا بوو لە ساڵی ١٩٥٩ دا. ڕۆژانە دەچووینە باخچەی (حدیقە ام الربیعین) واتە دایکی دوو بەهار، کە

ئەوسا هیچی لە باخچەکانی ئەورووپا کەمتر نەبوو. بە بڕیارێکی عەبدولکەریم قاسم زیاتر لە دە کرێکار سەرپەرشتی ئەو باخچەیەیان دەکرد و بە گوڵی جۆراوجۆر دەیانڕازاندەوە.
هێشتا ئەوەندە گەورە نەبووم بۆ یەکەمینجار لە کەرکوکدا هەستم بە خۆشەویستی کرد. خۆشەویستییەکی پاك و بێگەردی منالآنە. هەروەها یەکەمجاریش لە ساڵی ١٩٦٣دا کە حەرەس قەومییەکان شەهیدان شێخ مارف بەرزنجی و هاوڕێکانیان لە بازاڕەکانی کەرکوکدا هەڵواسی، من فێری ئەلفوبێی سیاسەت و کوردایەتی بووم و وردە وردە تێگەیشتم لەوەی بە کوردبوون چ ئازارێکی قووڵە. بە کورتی ڕەگی زۆربەی بەسەرهاتە شیرین و تاڵەکانم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ پەیوەندیان بە کەرکوکەوە هەیە. خۆشترینیان ئەو چەند ساڵەی دوای بەیاننامەکەی ١١ی ئازار بوون و ناخۆشترینیشیان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٣و ١٩٨٨دا بوون کە وەك دەڵێن مردنم بە چاوی خۆم دیوە و سەختترین و ترسناکترین ساڵەکانی ژیانم بوون لە نیشتماندا.
ئەگەر کەرکوك بۆ هەندێك شاری نەوت و کێشە و کارتی قوماری کاتی تەنگانەی حزبە کوردییەکان و شاری تەعریب و شتی لەم بابەتەیە بۆ من وا نییە. شارێکی تەواو جیاوازە و بۆنی هەڵمی بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانی تەمەنی لێ دێت. ئەوەی ئێستا کەرکوکەکەی جارانی من نییە. زۆر ناشیرینیان کردووە و هیوادارم بەر لە مردنم وەك جاران بە جوانی و دەروشاوەیی بە دیداری شاد ببمەوە و چیتر تۆران نەکەوێتە نێوانمان.
بۆ من کەرکوك واتە سەرەتا و لە هەمان کاتیشدا سەنتەری ڕووداوەکانی ژیانم. دەڵێم سەرەتا چونکە لەوێوە هەموو شتێك دەستی پێکرد هەروەها سەنتەریشە لەبەر ئەوەی زۆربەی جۆگەلە و ڕووبارەکان دەڕژێنە دەریاوە و کەرکوکیش دەریاکەی منە، نیشتمانە بچووك کراوەکەی منە. وەك سەرەتا لەوێوە دەستی پێکرد حەز دەکەم هەر لەوێش کۆتایی پێ بهێنم بۆیە لە وەسیەتەکەمدا وتوومە لە هەرچی شوێنێکی ئەم دونیایەدا مردم. ئەگەر گۆڕغەریبیش بووم، با پرسەکەم لە کەرکوك بێت.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): لە ئەنجامی خوێندنەوەی دیوانی سەلام محەمەد دەگەینە ئەو ڕایەی کە لەبەردەم دوو سەلام محەمەددا وەستاوین. سەلام محەمەدێك یاخی و سەرکێش و مەست لەگەڵ سەلام محەمەدێکی هێمن و ناتەبا لەگەڵ خواردنەوە و هاوسەنگ. چی ئەم



گۆڕانەی پێك هێنا؟ ئەزموون و ڕابردوو و یان وردبوونەوە لەو مێژووە یان هۆیەکی دیکە هەیە و حەز دەکەی لێرە بۆ خوێنەری باس بکەیت؟

**سەلام محەمەد**: بە ڕواڵەت وایە دوو سەلام محەمەدن، بەڵام ڕاستیت دەوێت من یەکێکم لەو کەسە زۆر دەگمەنانەی لەگەڵ هەندێك بەرزی و نزمیشدا هەمیشە خۆم بووم و بەس. جیاوازییەکی ئەوتۆم نییە لەگەڵ گەنجە یاخییە سەرکێشەکەی جارانی کەرکوك کە هەوڵم دەدا بە شیعر دونیا بگۆڕم، کورد بگۆڕم، کەرکوك بگۆڕم. هەر بۆم بلوایە دەمخواردەوە و ئەگەر لە توانامدا بووایە هەمیشە مەست دەبووم. دونیا لە چاو جارانەوە زۆر گۆڕاوە. کەسەکان و پەیوەندییەکان و بارودۆخیش گۆڕاون. دیارە منیش بە حوکمی تەمەن هەوڵ دەدەم لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەمدا بگونجێم. ئەوەی لە تەمەنی پانزە شانزە ساڵیمەوە وێڵم بە دوایدا ئێستایش هەر بۆی دەگەڕێم و نەمدۆزیوەتەوە. ئەوسایش و ئێستاش من عاشقێکی دڵ گەرم و بێ حەسانەوەم. هەرگیز مەعشوقەکەی خۆم نەدیوە و بە دیداری شاد نەبووم و لە گەڕانیش کۆڵم نەداوە و نایدەم. لە جاران ئارامترم چونکە قەناعەتم بەوە هێناوە غەڵبە غەڵب و هات و هاوار مەوداکە نزیکتر ناکەنەوە. ئێستا بە دڵنیاییەوە لەسەرخۆ هەنگاو دەنێم، بەڵام ئەو مەودایەم هەر لەبەرە و کەم و زیادی نەکردووە و لە ناوەوەشدا هەمیشە پەلەمە و وا هەست دەکەم هەناسەبڕکێم پێکەوتووە و فریا ناکەوم. ڕەنگە جاران بە دەنگەوە گۆرانیم بۆ ئازارەکانم وتبێت، بەڵام ئێستا بە بێدەنگی هەمان ئەو گۆرانیانە دووبارە دەکەمەوە. ڕاناکەم و هێدی هێدی بە دەم نەرمە پیاسەوە دەڕۆم.
بۆ مەسەلەی خواردنەوە و مەستی یان ڕاستتر بەدمەستی، ڕەنگە ئێستا زیاتر پەیوەندی بە تەمەن و باری تەندروستیمەوە هەبێت ئەگینا حەز و خۆزگە و خەونەکان لە جێگای خۆیاندا ماون. جاران خواردنەوە دەیبردمە دونیایەکی دیکەوە، بەڵام ئێستا بێ خواردنەوەش هەست دەکەم مەستم. ڕەنگە لە جێگەی دیکەیشدا وتبێتم کە لای من خواردنەوە بۆ کات بەسەربردن و زەوق نەبووە و پەیوەندییەکە زیاتر لەوەی تاموچێژ و مەستی بێت ڕۆحی بووە. مەستی دەمگەیەنێتە سنوورێك دەبێت لەوێدا وازبهێنم، بەڵام وازم نەهێناوە و بەردەوام بووم تا گەیشتوومەتە لووتکەیەکی بەرز لەوێدا سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕیوە و وتوومە ئەمە جوابی منە

بۆ پرسیارە بێ وەڵامەکان و بوون و گەردوون و شتەکانی دیکەیش. نەرجسیەتێکی زۆر شاعیرانە بوو کە لەو لووتکەیەوە تەماشای خۆمم دەکرد چەندە ڕاستم لەگەڵ خۆمدا. جاران ڕۆژی دوای مەشروبەکە ماندوێتی و بێزاری تەنگیان پێ هەڵدەچنیم، دەبوو چەند ڕۆژێك بیری لێ بکەمەوە گەشتەکەم بۆ کوێ بووە و چیم دیوە و بەشێکی ئەو هەستەم لە شیعری (هەنگوینی تاڵ) دا دەربڕیوە.

من خاوەنی عەشقێکی هەمیشە داگیرساوم، بەڵام ئەگەر ئینسان نەتوانێت خۆی خۆشبوێت، چۆن بیر لە خۆشەویستی یەکێکی دیکە بکاتەوە؟ خۆپەرستی و خۆناسین و خۆویستن زۆر جیاوازن. لێتی ناشارمەوە هەندێکجار ئەو مەستی و بەدمەستییەم بە وەڵامێکی لەبار دەزانی بۆ بێدەسەڵاتی ئینسان. ڕەنگە بڵێی ئەوە ڕاکردن و خۆشاردنەوەیە لە واقیع، بەڵام لەو جۆرە ئاستەی بیرکردنەوەدا کە نزیکە لە حاڵەتی جەزبەوە، بێجگە لە مەعشوق هیچ واقیعێکی دیکە نامێنێت. ئەو مەعشوقە چییە یان کێیە ئەگەر توانای وەسفکردنیم هەبووایە دیارە ڕێگای بەیەکگەیشتنیش زۆر نزیکتر دەبووەوە. ئەو ڕۆژگارە دەمگوت (مادام مەستم کەواتە من هەم)، بەڵام ئێستا خواردنەوەکەش وەك زۆر شتی دیکە گۆڕاوە و تامی جارانی نەماوە.

ئەگەر جۆرە ئیزدیواجیەتێك لەنێوان ئێستا و جارانمدا هەبێت تەنیا بە ڕواڵەت وا دیارە، ئەگینا بمکەنە هەزار پارچەشەوە هەر هەموویان وەك جۆگەلە و ڕووبار لەوسەرەوە دەڕژێنە ناو منە ڕاستەقینەکەوە. ڕەنگە پێویستیم بە کوودەتایەك هەبێت بە سەر خۆمدا تاکو منێکی یەکگرتوو بخولقێنم، بەڵام زەحمەتیشە. ئێستایش خەریکە دەچمە ناو ساڵەوە بۆیە تا ڕادەیەك کۆنترۆڵم بە سەر خۆمدا زیاترە. هێشتا لە نیشتمان بووم شەوێك لە هەولێر کۆمەڵێك شاعیر و نووسەر دانیشتبووین لەوانە شاعیر نەژاد عەزیز سورمێ نازانم لە ئەنجامی چ قسەیەکی منەوە بوو گوتی: ئەم خەڵکە هەموو گۆڕان تەنیا سەلام نەبێت، کە لەوەتەی دەیناسم وەك خۆیەتی و ناگۆڕێت. بیست ساڵ زیاتر بەسەر ئەو دانیشتنەدا تێپەڕیوە هێشتا وەکو گەوهەر و ناوەڕۆك نەگۆڕاوم.سوودم لە تاقیکردنەوەکانی ژیان وەرگرتووە، بەڵام بیرکردنەوەم نەگۆڕاوە.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): من تا ئەو شوێنەی لەبیرم بێت، نووسینێکم نەخوێندۆتەوە بەڕاشکاوانە باس لە ڕووخان بکات. ڕووخان بەمانا سیاسییەکەی ئەو چەمکەیە کە مرۆڤ



پێناسەی خۆی لەو ئاستەدا دەکات کەچیتر توانای تێکۆشانی نییە. یان کاتێك مرۆڤ دەبینێت قەڵای هیوا و ئاواتەکانی بەسەریەکدا دەڕووخێن و ئیتر ئومێدێك شك نابات تا بتوانێت ئەو هێزی بەرەنگاربوونەوەیەی پێ ببەخشێت. چی وای لە سەلام محەمەد کرد بڕووخێت، لەکاتێکدا هەموو دەزانین گەیشتن بە هیوا و خواستەکانی ژیان ڕێگایەکە پڕە لە هەڵدێر و کەوتن و هەستان. ئەو هۆکارانە چی بوون وای لێکردی ئاڵای ڕووخان بەرزبکەیتەوە؟

**سەلام محەمەد**: ناڵێم ڕووخان، چونکە ڕووخان بە واتا فیکرییەکەی هەڵسانەوەی بۆ نییە. من هەرگیز بەو مانایەیان هەستم بە ڕووخان نەکردووە و نەڕووخاوم، بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار و ساڵگار تەمێکی ئەستووری نائومێدی ئاسۆگەکانی بیرکردنەوەمی داپۆشیوە. ژیان بە جەنگێك نازانم تیایدا سەرکەوتنم بە دەست هێنابێت یان تێکشکان. ژیان بە لای منەوە هەوڵدانە بۆ ئاسوودەکردنی ویژدان و گەیشتن بەو خەون و خۆزگەکانی ناوەوە و هەنگاونانە بەرەو باشتر و خۆشتر. ئێستاش هیچ کام لەو گوڵی خۆزگە و هیوایانەم نەژاکاون و وشك نەبوونەتەوە. دەتوانم بڵێم هەندێکیان کاڵبوونەتەوە، بەڵام هێشتا ڕەنگەکانیان دەناسمەوە. نائومێدییەکەم ڕەگێکی وجوودیانەی زۆر قووڵی هەیە و ڕۆژگاریش دەورێکی گرنگی هەبووە لە کەڵەکەبوونی ئازارەکان. بەکارهێنانی وشەی ڕووخاو بۆ شاعیر لە جێی خۆیدا نییە. ئایا مایکوفسکی ڕووخا بۆیە خۆی کوشت؟؟؟ سەردەمی گەنجیم چەند ساڵێکی ژیانم بە تایبەتی لە حەفتاکاندا زۆر بە سفتوچڕی شیعرم نووسیوە و زۆربەی شیعرە جوانەکانی کتێبی دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە لەنێوان تەمەنی شازدە ساڵی و بیست ساڵیدا نووسراون. پاشان ناو بە ناو کەمتر شیعرم نووسیوە و پانزە ساڵیش ئاگام لە شیعر و ئەدەب نەمابوو بە هۆی ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکانی ڕۆژگارەوە، کە چەند جارێك ڕووبەڕووی بارێکی دەروونیی قورس بوومەتەوە و بە هۆی فیراریەوە کەوتوومەتە ژووری ئیعدامەوە. چی بڵێم هەر خۆم دەزانم لەو ساتە وەختانەدا چ ئازارێکم کێشاوە ڕەنگە تا مردنیش باری دەروونیم ئاسایی نەبێتەوە و وەك کەسێکی ئاسایی بیرنەکەمەوە. لە زینداندا کاتێ گوێم لە ترپەی هەنگاوی یاساوڵەکان دەبوو وامدەزانی بۆ بردنی من هاتووم تا ڕەمی بکرێم. هەوڵم دەدا لە ئازاری گوللەکان و شوێنەکەیان تێبگەم. ژماردوومە ئەگەر بەختم هەبێت لە دە چرکە زیاتری پێناچێت و گیانم دەردەچێت. کەچی ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیی. بەر لێبووردنی گشتی کەوتم و ئەوە بیست ساڵ زیاتریشە لە

سوید دەژیم، بەڵام ئەو هەستە ناخۆشانەم هەرگیز لە بیر نەچۆتەوە. زیاتر لە جارێك ڕووبەڕووی مردنی ڕاستەقینە بوومەتەوە تا ئەو شوێنەی مردنم بە چاوی خۆم دیوە ڕۆیشتووم، بەڵام وەك دەڵێن ئەجەلم نەهاتووە. هەوڵیشم داوە ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە بخەمە چوارچێوەی کارێکی ئەدەبییەوە و نەمتوانیوە. هەرچییەکم نووسیوە لێی ڕازی نەبووم. ئێستا لەم نووسینەش ڕازی نیم کە جوابی پرسیارەکانی جەنابت دەدەمەوە. من هەڵگری نیگەرانیەکی وجوودیم، بۆیە هەرگیز هەست بەوە ناکەم دۆڕاو یان براوە بم. دونیاکەی من کڕین و فرۆشتنی تیادا نییە تا لێکی بدەمەوە قازانجم کردووە یان زیان. ئازاری بەئینسانبوونم هەڵگرتووە و داومە بە شانمدا جا وەرە ئەو ئازارە بە کوردبوونیشی چووبێتە پاڵ. هەوڵ دەدەم بە ئامرازی تایبەتی کە جاران وشە بوو ئێستایش بێدەنگییە باوەشێنی ئەو ئازارەکانم بکەم یان لە قورقوشم لوولیان دەم و فڕێیان دەمە ناو ئۆقیانووسەکانی لەبیرچوونەوە. ئەگەر لەبیرچوونەوە نەبێت کەس ناتوانێت بژی. ڕاستیت دەوێت لە فەرهەنگی بیرکردنەوەمدا زاراوەیەك نییە ناوی ڕووخان بێت یان خۆبەدەستەوەدان. وا هەستدەکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان گەیشتوومەتە ئەوسەری کۆڵان و لەوێوە بۆ دواوە گەڕاومەتەوە و جارێکی دیکەیش بە هەمان شەوق و تامەزرۆییەوە باوەشم بە ژیاندا کردووە. هەرچەندە لەوەیش دڵنیام ئەنجام هەر هیچ و بۆشاییە. ئەمەیان وا وەکو سیاسەتیش هیچ کاتێك لە ژیانمدا سیاسی نەبووم بەڵکو جار جار خۆم لە سیاسەت هەڵقورتاندووە و زوو بۆم دەرکەوتووە ئەو بارەم پێ هەڵناگیرێت.

ئەگەر مەبەستیشت لە ڕووخان ئەو ساتانەیە بیرم لە خۆکوشتن کردۆتەوە ژیان زۆر جار تووشی دووڕێیانی سەختی کردوومەتەوە. یان دەبوو لەگەڵ دەورووبەرێکی دڵڕەق و نادادپەروەردا بجەنگێم و بکەومە سەرکێشی و شەڕی کەسانێك بکەم لە خۆمەوە نزیك بوون، یان بەربەرەکانێی ئەو ئەقڵ و بیرکردنەوەیە بکەم تا زیاتر هەستەکانم گەمارۆ نەدەن و وەك دوا دڵۆپەی ئاوی پرتەقاڵێك نەمگوشن و وشك هەڵنەیەم. هەندێجار دوورکەوتنەوەم پێ خۆشتر بووە لە جەنگی کەسانێك کە خۆیان لە بنەڕەتەوە دۆڕاون ئیتر تۆ بێی بەربەرەکانێی دۆڕاوێك بکەی دیارە دەبیتە بەشێك لەو سیستەمی دۆڕانە. لەو ساتانەدا کە زیاد لە سنووری خۆمم دەخواردەوە دەگەیشتمە قەناعەتی جێهێشتنی ئەو جیهانە ساختەیە نەك قبوڵکردنی یان دژایەتیکردنی بە مەبەستی گۆڕینی. بۆیە بیرم لە خۆکوشتن کردۆتەوە و زیاتر لە جارێکیش هەنگاوی جیددیم ناوە. ئێستا بە جۆرێکی دی بیر دەکەمەوە. هیچ مەرج نییە بۆ ئەوەی بژیم ڕووبەڕووی ساختەیی و فڕوفێڵی دەورووبەر ببمەوە، بەڵکو لایەنگر نابم و ناهێلم بۆم ببن بە



ژانەسەر. بە بێدەنگی خۆم دەکشێنمەوە و ڕێگایەکی جیاواز لەوان دەگرمە بەر و بۆ قەدەری خۆیان جێیان دەهێڵم (کە ئەمەش ئەزعەفول ئیمانەکەیە). من نە نیازی ئەوەم هەیە ببم بە سەرۆکی حزبێکی سیاسی یان سەرکردەیەکی دینی و کۆمەڵایەتی یان نووسەر و شاعیرێکی گەورە ئیتر بە من چی دەورووبەرەکەم چۆن بیر دەکەنەوە و چی دەڵێن و ناڵێن. دەزانم توانای گۆڕینی ئەو دەورووبەرەم نییە و ناشتوانم خۆم بگونجێنم، بەڵام تەسلیمیش نەبوومە و نابم. ڕەنگە ئەو ساتانەی بڕیاری خۆکوشتنم داوە نەمویستووە ئاوا بە ئاسانی و بە بەرچاومەوە جوانییەکان ناشیرین بکرێن و ویژدان وەك زەڕنەقوتەیەك لە سەرماندا بلەرزێت و دەسەڵاتی بەرەنگاربوونەوەم نەبووبێت و ئەو شۆڕشگێڕە نەبووم بەرەنگاری هەموو خراپەکارییەکان ببمەوە و بە گژ داروبەردا بچم. حەزم لە بێدەنگی بووە ئەگەر بۆم لوابێت، بەڵام کە ناهەقیم لەگەڵدا دەکرێت لە شارە زەردەواڵەی ورووژاو توڕەتر دەبم. ڕەنگە وام بە خەیاڵدا هاتبێت کە مردن فراوانترین و پیرۆزترین شێوەی بێدەنگی و ئیسراحەتی ڕۆح و جەستە بێت. دەڵێم بێدەنگی نەك خۆشاردنەوە چونکە هیچی وا شك نابەم خۆمی لێ بشارمەوە بێجگە لە زۆرلێکراوی و بێ بەختی. وەك هەر کەسێکی ئاسایی بارودوخی وا هەڵکەوتوون شتی زۆر باش و نایابم کردووە تا ئاستی ڕزگارکردنی ژیانی کەسانی دیکە لە مردن بە پێچەوانەشەوە بارودۆخی ناهەمواری وایش هەبوون ناچاریان کردووم بەبێ ئەوەی پێم خۆشبێت شتی زۆر خراپ بکەم، بەڵام زیانێکی کاریگەرم بۆ کەس نەبووە، لە دڵ یەشاندن و توڕەیی بەولاوە. هەندێجار بە هۆی کێشەی نێوان من و یەکێکی دیکەوە کەسانی دیکە زیانیان پێگەیشتووە کە بە هیچ جۆرێك مەبەستێکی خراپم لەگەڵ ئەوانەدا نەبووە ئیتر بڵێم چی منیش ئینسانم و کاتێك بە ئاشکرا غەدرم لێکراوە نەمتوانیوە بێدەنگ بم. ئێستا بۆم دەرکەوتووە بەبێ مردنیش ئەو بێدەنگییە ساز دەکرێت و تووشی ساردبوونەوەیەك هاتووم لە ژیان کە وەك ئاڵتەرناتیڤی خۆکوشتن ڕەنگی داوەتەوە. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم زیندوویەکی مردووم یان شەهیدێکی زیندووم، بەڵکو هێندەی خۆم پێویستیم پێیە لە ژیان تێگەیشتووم و دەتوانم بە ئاسانی ڕەش و سپی لە یەکتر جیابکەمەوە. مەیلم لەسەر زۆر شت نەماوە. ژیان کورتە زۆر کورتە کەس فریای هیچ ناکەوێت و ئەم هەموو هەڵپەیە ناهێنێت. ڕاستە هەرچی خراپەیەکم لەگەڵدا بکرێت، بگوترێت یان تەنها پیلانی بۆ دابڕێژرێت بەشی خۆی کارم تێدەکات و ڕەنگدانەوەشم دەبێت، بەڵام وەك جاران کۆڵ بە کەسەوە هەڵناگرم. ئەمە ڕووخان نییە ئەوەندەی هەوڵدان و سەرەتایەکی دیکەیە بۆ دووبارە ناسینەوەی

خۆم و ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆمدا. وا هەست دەکەم لە ناوەوەدا پڕم لە ژیان. هەمیشە وەك عاشقێك بە چەپکێ گوڵەوە لە جێژوان ڕاوەستاوم و چاوەڕێی هاتنی یار دەکەم.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): محەمەد عومەر عوسمانی شاعیر یان ژەنەڕاڵی پاییز لە چاوپێکەوتنیکی گۆڤاری"هەرێمی کوردستان"، ژمارە ٤٧٢ ی ساڵی ٢٠٠٨ دا لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هەشتایەکان بە بەراورد بە نەوەدەکان و هەتا بە ئەمڕۆ دەگات کامیان سەردەمی زێڕینی شیعری کوردین"دا دەڵێت: "هەشتایەکان تا سەرەتای نەوەدەکانیش نەك تەنیا بۆ شیعرن بەڵکو بۆ شانۆ و ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەش سەردەمێکی زێڕین بوو..." وای دەبینم ڕەنگە ئەم ڕایەی ئەو شاعیرە خۆشەویستە تۆزێك تەحەفوزی تێدا بێت چونکە ئەوەی بە چاوی ڕەخنە و ئینسافەوە بڕوانێتە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەبینێت ئەو دەیەیە دەیەی زێڕینی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییە. لەو دەیەیە ئێمە شاهیدی دەرکەوتن و پێشڕەوی گەلێك دەنگی نوێ و قەڵەمی بەبڕشتین لەوانە لەتیف هەڵمەت و سەلام محەمەد و فەرهاد شاکەلی و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و ئەنوەر محەمەد قادر،... تاد. تۆ ئەم ڕایەی بەڕێز محەمەد عومەر عوسمان چۆن لێك دەدەیتەوە و بۆچوونت لەمبارەوە چییە؟

**سەلام محەمەد**: لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمدا بۆ کاکە حەمە عومەر عوسمان، بەڵام ئەوەی لە سەرەتای حەفتاکاندا کرا، کۆتایی هاتنی قۆناغێك و سەرهەڵدانی قۆناغێکی تازە بوو لە ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعر و چیرۆك بە تایبەتی. ڕەخنەگرێکی شارەزا بە ئاسانی دەتوانێت کاریگەری نەوەی حەفتاکان بەسەر تێکڕای نەوەکانی دوای خۆیان بخاتەڕوو. ئەمەش کەمکردنەوە نییە لە نرخی نەوەکانی دوای ئێمە کە لە شوێنێکی دیکەیشدا قسەکەی کاك شێرکۆ بێکەسم بە نموونە هێناوەتەوە کاتێ دەڵێت: (ئێمە ترووسکە بووین و ئەوان برووسکەن).

من بە جۆرێکی دیکە بۆ پرسیارەکە دەچم و ناڵێم سەردەمی زێڕینی شیعر، بەڵکو قۆناغی گۆڕانکاری و نوێخوازی لە نەوەی حەفتاکانەوە دەستی پێکرد، بەڵام نەوەی هەشتاکان داهێنانیان لەو گۆڕانکارییەدا کرد و بردیانە ئاستێکی بەرزتر و جوانترەوە.



نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێتەوە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە بواری چاپکردن و بڵاوکردنەوە دە هێندەی جاران فراوانتر بووە تا ڕادەیەکی باش ئەدەبیاتی کوردی گۆڕانکاری دڵخۆشکەری بەسەردا هاتووە.

ئەو ناوانەی کە دیاریت کردوون سەرەتا بوون و سەرهەڵدانی نەوەی هەشتاکان و نەوەدەکان بێ ئەوان مەحاڵ بوو. ئێمە لە سەرەتای حەفتاکاندا خەریکی گفتوگۆیەکی دیکە بووین. ئایا قۆناغی گۆرانی شاعیرمان جێهێشتووە یان نا؟ بەشێکی زۆری نێوەندە ئەدەبییەکەی ئەو سەردەمە گاڵتەیان بەو پرسیارە دەهاتەوە. زۆر ئەستەم بوو باس لە کۆتایی هاتنی قۆناغی گۆران بکەین، بەڵام نەوەی حەفتان قۆناغی گۆرانیان تێپەڕاند و بنەڕەتێکی بەهێزیان دروست کرد بۆ نەوەی هەشتاکان و نەوەدەکانیش تا درێژە بە تاقیکردنەوەکە بدەن ئەوانیش بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر بۆ ئاقارێکی پێشکەوتووی دیکەیان برد لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): لەگەڵ خوێندنەوەی دیوانی سەلام محەمەد ئەو هەستەم لا دروست بوو کە شیعرە تازەکانت بە بەراورد بە کۆشیعری"دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە"زیاتر هەڵگری مەبەستی سیاسین. واتە ناوەڕۆکە سیاسییەکەیان زیاتر ئاشکرایە. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە تۆ ئاگایانە یان بێئاگایانە خەریکی نووسینی شیعری سیاسیت و ئەرکێك بە شیعر دەسپێریت کە بۆچوونی جیاجیا لەو بارەیە هەیە. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە شیعری سیاسی لە دید و بۆچوونی مندا ڕەتکراوە نییە. ئایا تۆ ئەوە بە ئاڵوگۆڕ لە شیعری خۆتدا دادەنێیت؟ ئەم جیاوازییە چۆن دەبینیت و لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

**سەلام محەمەد**: جارێ بەر لە هەموو شتێك ئەو شیعرانەی لەم دواییەدا نووسیومن بە لای خۆمەوە زۆر لاوازن و لە ئاستی تێگەیشتنی خۆمدا نین بۆ شیعر. ڕەنگە لە پڕێکدا گۆڕان و وەرچەرخانێکی دیار بکەوێتە شێوازی شیعر نووسینم. ئەگەر تەمبەڵی لێ نەکەم ئەو توانایە لە خۆمدا بەدی دەکەم درێژە بە تاقیکردنەوەی حەفتاکانم بدەم کە وەك وتم لەگەڵ نووسینەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا پانزە ساڵ بۆشایی و دابڕان کەوتە نێوانیان. مەسەلەکەش تەنیا تەمبەڵی نییە، بەڵکو نەمانی ئومێدە بەوەی شیعر بمگەیەنێتە کەناری دەریاکە لە کاتێکدا هیچ وشکاییم لێ دیار نییە. بڵێم چی هێشتا ئەو هیوایە هەر ماوە کە شیعر دەرەوشانەوەی ئازار و خۆشییەکانی ئینسانە. شیعری جوان جوانترین وەڵامە بۆ هەموو پرسیارەکان.

به نیسبەت ناوەڕۆکی سیاسیشەوە! من کوڕی ئەو میللەتەم و میللەتیش سیاسەت هەنجن هەنجنی کردووە. ئیتر چۆن شیعر بۆنی سیاسەتی لێ نەیەت. قسەی خۆمانیش بێت وەکو تێگەیشتنم بۆ شیعر ئەو بابەتانەی خۆمیش لە ڕووی هونەرییەوە وەك وتم لاوازن.
ئەگەر لە شیعر نووسیندا بەردەوام بم کە هیوادارم وا بێت هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی جیاواز بنووسم. من لە ڕووی هونەری شیعر و زمانەوە پێویستیم بە پێداچوونەوەیەکی چڕ هەیە بەسەر شێوەی نووسینی شیعردا، چونکە کەلەبەرە فراوانەکەی نێوانمان کاریگەری خۆی جێهێشتووە.
لە هەموو ئەدەبی جیهانیدا شیعرە جوانەکان سیاسی نین، بەڵام شاعیریش هەیە زۆر هونەرمەندانە شیعر و سیاسەتی تێکەڵاوکردووە بۆ نموونە: نازم حیکمەت.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): زۆر جار بیستوومە کە شاعیرێك وەختێك بۆ ماوەیەك لە شیعر نووسین دوور دەکەوێتەوە لەئاست خۆی دەپوکێتەوە و وشك دەبێتەوە، بەڵام سەلام محەمەد ئەو ماوەیەی کە نزیك بە پانزە ساڵ دەبێت لە گۆڕەپانی شیعری کوردی دیار نەما لەبری وشکبوونەوە خەریکی خۆپەروەردەکردن بوو. دەتوانیت بەکورتی سەبارەت بەو خۆپەروەردەکردنە ڕوونی بکەیتەوە کە لەو ماوەیەدا بایەخی ئێوە مەسەلە فیکرییەکان بوو یان ڕەخنە و ئەدەب؟ یەکێك لەو نووسەرانەی کە کاریگەری بەسەرتەوە هەبووە و هەیە ئەگەر هەڵە نەبم (عبدالله القصیمی)یە. ئایا دەتوانیت ئاستی ئەو کاریگەرییەمان پێبڵێیت؟

**سەلام محەمەد**: بارودۆخی ژیانم ئەو دوورکەوتنەوەیەی بەسەرمدا سەپاندووە لە هەمان کاتیشدا لەناوچوونی چەند کارێکی ئەدەبیم بۆ نموونە: خەریکی نووسینەوەی ڕۆمانێك بووم کە بە لای خۆمەوە ئەگەر بڵاوبکرایەوە سەرنجی زۆرکەسی ڕادەکێشا و دەنگی دەدایەوە. فەوتانی مسوەدەی ئەو ڕۆمانە و وەرگێرانی سەعاتی بیستوپێنج و یەك دوو کتێب و شانۆگەری ئەلبێر کامۆ بۆ من کارەساتێکی گەورە بوون. ناڵێم نائومێدی، بەڵام زۆر لە نووسین سارد بوومەوە. دەقی دەمەو ئێواران و شیعرەکانی حەفتاکانم چەندە جوانن ئەو ڕۆمانەیش شتێکی لەو بابەتە بوو ناتوانم جارێکی دیکە بینووسمەوە. کارەکەی من بۆ هەشتاکان دەگەڕێتەوە لەوساوە تا ئێستا ڕۆمانی لەو بابەتە زۆر نووسراون و ئەگەر ئێستا بدۆزرێتەوە و چاپیش بکرێت ئەو گرنگی و تام و چێژەی نامێنێت کە ئەوسا لە هەشتاکاندا بۆ یەکەمجار بکەوتایە بەر دیدی خوێنەران.



بە درێژایی ئەو ساڵگارەی لە شیعر دوور کەوتوومەتەوە ئەگەرچی شیعرم نەنووسیوە، بەڵام لە شیعریش دانەبڕاوم، سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییەکی ئەوتۆم بە چاپەمەنی کوردییەوە نەبوو خووم دابووە جۆرێکی دیکە لە خوێندنەوە دەربارەی ژیان و مردن و بوون و نەبوون. بە وردی کتێبە ئاسمانییەکانم دەخوێندەوە، هەروەها وتەی پێغەمبەرەکان و ئەو ڕەخنانەی لێیان گیراون. بە هەردوو دیوەکەدا چوومەتە ناخی پرسیارە ئەزەلییەکانەوە. ئیتر وەك لە قورئاندا هاتووە (انك لا تهدی من احببت لكن اللة یهدی من یشاء). واتە: تۆ ناتوانیت هیدایەتی کەسێك بدەی خۆشت دەوێت، بەڵام خوا خۆی کێی مەبەست بێت هیدایەتی دەدات. بە داخەوە من بەر ئەو ڕەحمەتە نەکەوتم و شەیتان بۆ دیوەکەی دیکەی ڕاکێشام تا گەیشتمە ئاستێك ئەوەی دەیشمزانی لە بیرم چووەوە و لە بوون و نەبوون هەردووکیان کەوتمە گومانەوە. نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێك تەنها ئەوەندە نەبێت کە ژیان بۆ خۆی دەڕوات، بیر بکەمەوە یان نا ئەو هەر دەڕوات، من بە خۆشی بیگوزەرێنم یان ناخۆشی ئەو هەر دەڕوات و هەمووی چەند ساڵێکی دیکە لە پڕێکدا دڵمان ڕادەوەستێت و ئیتر وەك ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە نەبووبین ژیان بەردەوام دەبێت. کات سێ بەشە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو. لەنێوان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە ڕابردوو و داهاتوو تا ڕادەیەك ئێستا ون دەبێت، یان بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت. تا ئەم دواییە کە بۆم دەرکەوت ئێستا کاریگەرییەکی تەواوی بە سەر ڕەوتی ژیانمەوە هەیە. ئەگەر ئێستام ڕێکنەخەم ڕابردوو وەك خۆی و لە شوێنی خۆیدا عاسی دەبێ و داهاتووش تەمومژ دایدەپۆشێت. ئەمە جۆرێك لە نائومێدی لام دروستکرد کە نەك تەنیا بایەخم بە شیعر و نووسین نەداوە بەڵکو بایەخم بە ژیانی خۆمیش نەداوە. لە بەرەنگاربوونەوەی نائومێدیدا بە جۆرێك پەرش و بڵاو بوومەوە هەر پارچەیەکم کەوتبووە لایەکەوە تا هەندێك کتێبی دیکەم خوێندەوە ئەوجا بۆم دەرکەوت نووسەرەکانیان هەمان بیرکردنەوەی منیان هەبووە و هیچ خۆیانیش سەغڵەت نەکردووە. ئێستایان بە قوربانی ڕابردوو یان داهاتوو نەکردووە. بەو شێوە شێتانەیەش شیوەن و پرسەیان بۆ تەمەنی خۆیان نەگێڕاوە و نەبەستووە بە زیندوویی لە تازیەی خۆیاندا دانەنیشتوون. دەزانن ئەو دونیا هەمووی خورافاتە، بەڵام ئەم دونیاشیان فەرامۆش نەکردووە. من ئەوسا وتەیەکی سارتەر زۆر کاری تێکردبووم (ئەگەر خوا نەبێت هەموو شتێك ئاساییە). دەستەواژەی هەموو شتێك ئاساییە یان تەنانەت نیسبییە واتایەکی زۆر گەورەی هەیە. هەرچەندم دەکرد بە مێشکمدا نەدەچوو کە دڕندەیەکی زۆردار و منداڵێکی ئەنفالکراو کاتێك دەمرن هەردووکیان یەك چارەنووسیان هەبێت کە ئەویش تاریکاییەکی ئەبەدییە. بڕوام بەوە

نەبوو مێژوو بەرگری لە منالە ئەنفالکراوەکان دەکات و جەللادەکانیش ڕسوا دەبن. ئاخر بە چی دەچێت؟ بێتاوان و زۆرلێکراوان ڕۆیشتن و تەواو ئیتر هەزار سالێش مێژوو بیانلاوێنێتەوە تۆسقالێك لە ئازاری جەستەی ئەوان کەم ناکاتەوە. ئەم بیرکردنەوەیە بوو وای لێدەکردم بلێم دەبێت دوای مردن تاوانبارەکان دادگایی بکرێن و دادگای مێژوو بەس نییە. بە هەر حاڵ نە منو نە هیچ کەسێکی دیکە هەرگیز ناگەینە ئەنجام، بەڵکو ئەگەر قووڵتر بیری لێ بکەینەوە، بە ئاشکرا بیرە دینییەکە زاڵتر دەبێت چونکە پرسیارەکان بێ وەڵام دەمێننەوە. پێشتریش وتوومە هەر زانست دەتوانێت ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەم مەسەلە ئاڵۆزە و زانستیش تازە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانیدایە.

ئا بەڵێ، لە زۆر ڕووەوە خاڵی نزیکبوونەوە هەیە لەنێوان من و قوسەیمیدا و کەم تا زۆر کاریگەری لام جێهێشتووە. ماوەیەك خۆم بە خوێندنەوەی کتێبەکانییەوە خەریك کرد. من لە سەرەتای حەفتاکانەوە ناوی قوسەیمیم کەوتۆتە بەر چاو و لەسەر دوو سێ وتەی زۆر ڕاوەستام (پێغەمبەرەکان و سەرکردەکان وای نیشان دەدەن بۆ ئێمە دەگرین، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ خۆیان دەگرین) هەروەها (گشت فرمێسکەکانی خەڵك دەڕژێنە چاوەکانمەوە، ئازارەکانیان لەشم دەخۆن، خەمەکانیان لە دڵمدا کۆدەبنەوە نەك لەبەر ئەوەی پیاوێکی پیرۆزم بەڵکو لەبەر ئەوەی نەخۆشی هەستیاریم هەیە) یان (جیاوازی نێوان چاکە و خراپە وەك جیاوازی نێوان فیشەکێکە بمکوژێت و فیشەکێکی دیکە من خەڵکی پێ بکوژم). لە حەفتاکانەوە تاقیبی ئەم پیاوەم کردووە تا لێرە واتە سوید توانیم لە سێ سەرچاوەوە کتێبەکانی پەیدا بکەم کە ئێستا تا ڕادەیەك هەموویانم هەیە بەردەوام دەیانخوێنمەوە.

قوسەیمی لە بنەماڵەی پاشاکانی سعودیەوە نزیك بوو. هەر ئەوانیش یارمەتیان دا لە چلەکاندا بچێتە زانکۆی ئەزهەر لە میسر و نوێنەری وەهابیەکان بوو، بەڵام وردە وردە لە دین کەوتە گومانەوە بە تایبەتی کە لەگەڵ ناودارترین مامۆستای ئەزهەردا بوو بە گفتوگۆیەکی تیژ لە ئەنجامدا قوسەیمی لە ئەزهەر دەرکرا. یەکەمین کتێبی هەڵگەڕانەوەی لە دین ناوی (هذی هی الاغلال) واتە: ئەمە کۆت و پێوەندەکانە، تیایدا بە وردی بۆچوونی ئیسلامی دەربارەی ژن ڕوونکردۆتەوە. ئەم کتێبە بووە هۆی نیگەرانی پاشاکانی سعودیەش کە یارمەتیان لە قوسەیمی بڕی. ئەویش یاخیبوونەکەی چووە بوارێکی گەورەترەوە، چونکە نەك تەنها لە دین هەڵگەڕایەوە، بەڵکو هەموو لە شتێك تا ئەو ڕادەیەی لە لوبنان دەرکرا. شوێن نەبوو بیگرێتە



خۆیەوە، بەڵام بە نهێنی لە میسر جێگای کرایەوە تا لە ساڵی ١٩٩٦لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد.

دکتۆرانامەیەك هەیە لەسەر قوسەیمی هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام توێژەرێکی ئەڵمانی کە ناوی یورگن فازلایە لەسەر خواستی زانکۆیەکی ئەڵمانی شەش مانگ لە قاهیرە بووە تا دکتۆرانامەیەکی ئامادە کردووە دەربارەی قوسەیمی من خوێندوومەتەوە کە ناوی (لە ئوسولیەوە بۆ ئیلحاد) چیرۆکی دووبەرەکێی عەبدوڵڵا قوسەیمی.

تۆ تەماشاکە برام کە ناوی ئەڵمانیا یان سوید دەهێنین لای خۆمان تووکی سەریان گیڤ دەبێتەوە و دەبێژن گوناحە کوردستان بە سوید و ئەڵمانیا بەراورد مەکەن. ئێمە لە کوێ و ئەوان لە کوێ!، بەڵام وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا شەش مانگی تەواو پسپۆرێکی ڕەوانەی قاهیرە کردووە و بودجەیەکی چاکی خستۆتە ژێر دەستی تا لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل لەسەر کابرایەکی عەرەبی وەك قوسەیمی ئامادە بکات. منیش داوای یارمەتیم کردبوو بۆ وەرگێڕانی یەکێك لە کتێبەکانی کەس ئاوڕی لێ نەدامەوە و بە دەنگمەوە نەهات.

لاموایە من یەکەم کەس بووم لەناو کوردا بابەتێکی دوور و درێژم لەسەر ئەم پیاوە ئامادەکرد و یەکەمجار لە ماڵپەڕی (کورد تایمس)دا کە سەلاح شوانی شاعیر سەرپەرشتی دەکرد لە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوکرایەوە پاشان ڕەحمەتی محەمەد موکری لە ژمارە عەرەبییەکەی پەیڤیندا بڵاوی کردەوە. بۆ مێژوو بە تەلەفۆن بە موکریمان وت بیخوێنێتەوە ئەوجا بڵاوی بکاتەوە با لەسەر ئەو نووسینە کێشەی بۆ دروست نەبێت، لە وەڵامدا وتی مادام ئێوە بە دڵتانە وەختێك دەیخوێنمەوە کە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوبێتەوە چی دەبێت با ببێت. ئەوەبوو بڵاویشکرایەوە.

لەوێ تەنها هەوڵم داوە قوسەیمی بە خوێنەری کورد بناسێنم هەروەها بەشێك لە وتەکانیم وەکو نموونە هێناوەتەوە سەرەڕای چاوپێکەوتنێکی ئەدەبی و فەلسەفی کە ئەدۆنیس سازی کردبوو.

ئەڵمانەکان شەش مانگ لەسەر حیسابی زانکۆ نووسەرێك بۆ قاهیرە دەنێرن تا کتێبێك لە بارەی قوسەیمیەوە ئامادە بکات. منیش داوای هاوکاریم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد کەس بە دەنگمەوە نەهات سەرەڕای ئەوەی کە وەزیری ڕۆشنبیری ئەوسا ڕەحمەتی سامی شۆڕش یەکێك بوو لە هاوڕێ دێرینەکانی خۆم.

لەم دیدارەشدا دووپاتی دەکەمەوە کە وەرگێڕانی کۆبەرهەمی نووسینەکانی قوسەیمی بۆ زمانی کوردی پێویستییەکی نەتەوەییە. ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر جێبەجێ دەکرێت، بەڵام چەندەی زووتر بێت باشترە. قوسەیمی دلێرانە و ئازایانە ڕووبەڕووی بتەکانی ئایین و دەسەڵاتی عەرەبی

دەبێتەوەو دژی حزب و سەرکردە عەرەبەکان هاتوهاوار دەکات و تا ڕادەیەك کاری کردۆتە سەر بیری عەرەبی و دەسەڵاتی عەرەبی، بەڵام کورد زۆر پێویستی بە یەکێکی وەکو قوسەیمی هەیە پڕ بە دڵ حەزم دەکرد ئەو کەسە من بوومایە.
دەربارەی قوسەیمی زۆرم پێیە، بەڵام چی بڵێم و لە کوێوە دەست پێبکەم، کارێکی ئاسان نییە. هەر لە حەفتاکانەوە بەو نووسەرە سەرسام بووم هەروەها کاریگەری بە سەر ئونسی ئەلحاج و ئەدۆنیسیشەوە هەبووە. پیاوێکی ئازا بوو لە پێناوی ڕاستیدا، پاشاکانی سعودیە و زانکۆی ئەزهەر و هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکانی ورووژان و ڕەخنەی لێگرتن تا بە گۆشەگیری و تەنیاییو بێکەسی لە ساڵی ١٩٩٦دا کۆچی دوایی کرد. ئەگەر مەبەستی بووایە دەیتوانی وەك میلیاردێرێك یان دەسەڵاتدارێکی گەورە ژیان بەسەر بەرێت، بەڵام ئەو لەو بابەتە نەبوو کە حیساب بۆ پارە و دەسەڵات بکات. لە نەوەتەکاندا دەمزانی کە قوسەیمی بە نهێنی لە قاهیرە دەژێت، حکومەتی میسر وەك دەستبەسەرێك لە ماڵی خۆیدا پاراستبووی، ئەگینا بەردەستی ئیخوانەکان بکەوتایە پارچە پارچەیان دەکرد. حەزم دەکرد سەردانی بکەم و لە نزیکەوە چاوم پێی بکەوێت دوو نامەشم بۆ هەر یەك لە ئەنیس مەنسوور و مستەفا مەحمود نووسی بۆ سۆراغکردنی، بەڵام وەڵامیان نەدامەوە چونکە ئەوانیش وەکو فیکر دژی قوسەیمی بوون.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): لە چەند شوێنێکی دیوانەکەتدا بینیم کە فۆلکلۆرت لەگەڵ شیعر تەوزیف کردووە. ئەم بەکارهێنان و پەنابردنە بۆ فۆلکلۆر چی دەگەیێنێت؟ پەیوەندی نێوان شیعر و فۆلکلۆر لەچیدایە و ئەو تەوزیفکردنە چ خزمەتێك بەو پەیامە دەکات کە ویستووتە بیگەیێنیتە خوێنەر؟

**سەلام محەمەد:** شیعر و نووسینی کوردی لە باوەشی فۆلکلۆردا موتوربە کراون و سەریان هەڵداوە لەبەر ئەوە گەڕانەوە بۆ ڕەگە بنەڕەتییەکان خۆی لە خۆیدا کارێکی هونەرییە ئەگەر لە شوێنی خۆیدا بێت. باشترین ئاماژە بۆ مامەڵەکردنی من لەگەڵ فۆلکلۆردا ئەو ئاماژەیە بوو چیرۆکنووس جەلیل کاکەوەیس دەربارەی یەکێك لە کورتە چیرۆکەکانم (گرێ کوێرەی مەرگ) نووسیبووی کە لە هەشتاکاندا لە گۆڤاری کاروان بڵاوکراوەتەوە. کاك جەلیل دەڵێت ئەم شێوە تەکنیکە یەکەم جارە لە چیرۆکی کوردیدا بەکاردەهێنرێت ڕاستیش دەکات. من هیچ



ئەوەم لە خەیاڵدا نەبووە پەنا بۆ فۆلکلۆر بەرم، بەڵام کە خۆی ئۆتۆماتیکی دروست دەبێت بێ ئەوەی مەبەستم بێت یان پلانم بۆ کێشابێت مانای ئەوەیە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان من و فۆلکلۆردا هەیە. چۆن لەو چیرۆکەدا شێوەیەکی هونەری فۆلکلۆریم بەکارهێناوە کە بە بۆچوونی کاك جەلیل پێشتر بەکارنەهاتووە بە هەمان شێوە لە هەندی شیعرمدا ڕەنگی داوەتەوە و تا ئێستا یەك دێڕ لەو بارەیەوە نەنووسراوە و خۆ خۆمیش نایەم لەسەر شیعرەکانم بنووسم.

لێرەوە مەڕۆ
شیرین گیان شیرین
لێرەوە بڕۆی ڕێگا هەورازە
ئەترسم چیتر نەگەڕێیتەوە
کە تۆش ڕۆیشتی
لە بیابانی سوورهەڵگەڕاوی تەمەنی منا
نە بەفر بە گڕ ئەتاوێتەوە
نە ئاگر بە ئاو ئەکوژێتەوە

ئەم کۆپلە شیعرە لە شێوەی سەرەتا و کۆتایی وەك دەستپێك و کۆتایی چیرۆکی گرێ کوێرەی مەرگ لە یەکێك لە شیعرە کۆنەکانیشمدا بە بێ نەخشەکێشان چەند جارێك دووبارە و سێبارە بۆتەوە. شیعر و فۆلکلۆر ئەوەندە نزیکن لە یەکەوە نەوە دوای نەوە ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر بە دەقە ئەدەبییەکانەوە دیارە. تۆ تەماشای ئەم بەیتە فۆلکلۆرییە بکە:

کۆچی یارم کۆچی سوورە
بەهارە خێڵ بەرەوژوورە

کەم شاعیر هەیە ئەم بەیتەی بە جۆرێك لە جۆرەکان بەکارنەهێنابێت و کاریگەری دەیان بەیتی لەو بابەتەی پێوە دیار نەبێت. نەوەکانی دوای ئێمە لە جیاتی گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر زۆر بە زەقی کاریگەری شیعری کلاسیکیان پێوە دیارە بە تایبەتیش شاعیرانی نەمر نالی و مەحوی. تا ڕادەیەك بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی عەرەبی بۆتە دیاردەیەك لای زۆربەیان

ئەمیش جۆرە لاساییکردنەوەیەکی زمانی فارسییە. ڕەحمەتی مەحمود زامدار کتێبێکی چاپکرد بە ناوی (بۆنی هەلاڵان دێ) کە نزیکەی هەزار بەیتی فۆلکلۆری بەخۆیەوە گرتووە. هەندێك بەیتم لە قەسیدەیەکی دوور و درێژی ئەم ڕۆژگارە پێ جوانترە. ڕاستە ئێمە لە سەردەمی گلۆبالیزمدا دەژین و ئەدەبی کوردی لە چاو پەنجا ساڵ لەوەبەرەوە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام من خۆم کە دەنووسم هەوڵ دەدەم شتێکی جوان و تازە بنووسم نەك پێشوەخت بڕیارم دابێت ئەمە مۆدێرنە یان پۆست مۆدێرنە یان شتی دیکە. شان بەشانی گۆڕانکارییەکان دەڕۆم و جلوبەرگی تەسك و تروسك یان دەڵب و فش ناکەمە بەر نووسینەکانم خوای دەکرد دەچووە خانەی کلاسیکەوە، گرنگ ئەوەیە تازە و جوان بێت. ئەم هەموو ناووناتۆرە و تەڕەماش و تەڕەسازەی بە زۆر دەئاخنرێتە بەر وشەی کوردی بەسزمانەوە میکانیزمێکی هاوچەرخانە نییە، بەڵکو بە ئەنقەست و زۆرەملێیە کە دڵنیام دیاردەیەکی کاتیی و بڵقی سەر ئاوە. تۆ تا دەتوانیت و پێت دەکرێت جوان و پڕمانا بنووسە با پاشان ڕەخنەگرێك بە شێوەیەکی زانستیی بابەتەکەت هەڵسەنگێنێت و ناسنامە و پێناسەی بۆ دروست بکات سەر بە کام قوتابخانەی ئەدەبییە و دەکەوێتە کام خانە و شانەوە.

فۆلکلۆر ڕەگوڕیشەیە. ئەوەی ڕەگوڕیشەی خۆی هەڵکێشیت قاچی دەکەوێتە ئاسمان.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): سەلام محەمەد و شیعر ناگونجێن بەیەکەوە. تۆ لە دیوانەکەتدا دەڵێیت: "با نهێنییەکی دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە من و شیعر نەبەیەکەوە دەگونجێین نەدەتوانین لەیەکتر جودا بینەوە. ئەم ناتەبایی و نەگونجاندنە لەنێوان نووسەر و شیعر دەرئەنجامی چ پەیوەندییەکی ڕۆحییە؟ ئایا ئەمە ئاماژە بۆ قۆرخ یان مۆنۆپۆڵکردنی شاعیر نییە لەلایەن بەهرەوە؟ یان شتێکی دیکەوە و ئێمە نایزانین؟ تۆ چۆن ئەو پەیوەندییە دەبینیت و چ لێکدانەوەیەکت هەیە بۆی؟

**سەلام محەمەد**: ڕەنگە پێناسەکردنی شیعر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بگۆڕێت. ئەگەر لە من بپرسیت شیعر چییە دڵنیام واتایەکی زۆر زۆر جیاوازت دەست دەکەوێت لەوەی کە هەمان پرسیار ڕووبەڕووی شاعیرێکی دیکە بکەیتەوە. من باسی تاقیکردنەی خۆم دەکەم و هەقم بەسەر کەسەوە نییە. هەمووی چەند شیعرێکم نووسیوە بە بەراوردکردن لەگەڵ



هاوڕێکانی ئەو سەردەمەم کە چەندین کۆمەڵە شیعر و کۆبەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە و بۆ یەك ڕۆژیش لە شیعر دانەبڕاون و تەنانەت وەزیفەکەشیان هەر لە چوارچێوەی ئەدەبدا بووە. زۆربەی شیعرەکانم لەنێوان تەمەنی شازدە و بیست ساڵیدا نووسیوە. لای من شیعر هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە یار. یار ئارامی و ئاسوودەیی دڵ و گیانە. ئەو یارە نیشتمانە، ئینسانە، ژنە، سروشتە یان هەموویانە بە گشتی. کاتێك دەمەوێت شیعرێك بنووسم لە ناوەوە ئاگر بەردەبێتە زۆربەی هەستەکانم بە بیرکردنەوەشمەوە. واتێدەگەم لەحزەی دەستکردنە شیعر نووسین هێزێکی کارەبایی و موگناتیسی گڕ بەردەداتە دڵ و مێشك و دەمارەکانم، تا دەگەمە ئاستێك لە سووتان و کڵپەدان کوژانەوەم بۆ نییە. شیعر نووسین هەوڵدانە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو سووتان و کڵپەیە یان هیچ نەبێت ئارام کردنەوەی. من دەمێکە لەناو سووتانەکەدا بە خامۆشی هەڵدەقرچێم ئەگەر شیعریشم نەنووسیوە شاعیر بووم و شاعیرانە بیرم کردۆتەوە و ئێستایش تا ئەم چرکەیەی کە دەنووسم گۆڕانێکی ئەوتۆم بە سەردا نەهاتووە و ڕۆژانە تووشی ئەو حاڵەتە شیعریە هاتووم. حەقیقەتێکی گەورەی من بە درێژایی ژیانم لەوە دەچم تازە لە نووسینی شیعرێکی جوان بوومەتەوە حەز دەکەم یەکەم کەس بۆ خۆمی بخوێنمەوە. یان بە دیوەکەی دیکەدا دەڵێیت تازە خەریکی نووسینەوەی ئەو شیعرەم. لەم ڕووەوە خۆم بە بەختەوەر دەزانم، چونکە بەردەوام دەروێشێکی حاڵگرتووی شیعرم. ئەو باری سووتان و غوربەتی ڕۆحە هەمیشە ختوکەم دەدات و قرچە قرچەکەم هاوار ی ئینسانە بەرانبەر بە خودا و گەردوون نادادپەروەرییەکانی سەر زەمین کە دەیانەوێت بە شیعر بیاننووسمەوە. منیش ڕەنگە لە بەر دوو هۆ ئەو کارەم پێ نەکرێت، یەکەم: ئەوەی دەگاتە ئاستی سووتانە ڕاستەقینەکەی ڕۆح بە نووسینی شیعرێکی نوێ دڵی ئاو ناخواتەوە و ماڵە غەریبەکەی دڵی ئاوەدان نابێتەوە. بۆ من لە باشترین حاڵەتدا دوای نووسینی شیعرەکە بە خۆم دەڵێم جا ئەمە چییە؟ هەموو سووتان و هاوارەکانی ناوەوە بۆ ئەم چەند دێڕە سادەیە بوون؟؟ دووەم: ئەگەر شیعر بنووسم یان نەینووسم دڵنیام هەرگیز ناگەمە ڕۆژێك بڵێم ئۆخەی ئەوەی ویستم نووسیم و تەواو ئیتر ئیسراحەتی بۆ دەکەم. شاعیر ئیسراحەتی بۆ نییە، هەر یەك دوو ڕۆژ دوای دوا بەرهەمی بۆ شتێکی تازەتر دەگەڕێت. هەست دەکەم دەمێکە تووشی ئەو سووتانە هاتووم و تا ڕادەیەکیش لەو شیعرانەی سەرەتای حەفتاکاندا تەعبیرم لە سووتانەکە کردووە و بەوە دڵی خۆم داوەتەوە. هەرچییەك بنووسم دووبارەکردنەوەیە و ئیزافەیەك ناخەمە سەر شیعرە کۆنەکانم. لە هەمان کاتدا

هەستێکی دیکە دایگرتووم کە دەست بە شیعر نووسین دەکەمەوە و بەردەوامی بە تاقیکردنەوە ڕاستەقینەکەم دەدەم. ئەمەیە هۆی نەگونجانی من و شیعر بەیەکەوە.
ئینسان لەم ژیان و گەردوونەدا زۆر زەحمەتە بە بیرکردنەوە بگاتە ئەنجامێکی قایلکەر. سیاسی و بازرگان و تەنانەت ئینسانی شۆڕشگێڕیش قەوارەیەك بۆ بیرەکانیان دەدۆزنەوە، بەڵام شاعیر ناتوانێت. شاعیر قەدەرەکەی لەوەدایە حوکم دراوە بە سووتان و بە درێژایی تەمەنی وەك ئینسانە ئاساییەکان بیر ناکاتەوە. ئەو سووتانە لە سەرێکەوە عیشقە لە سەرێکی دیکەوە گەڕانە بە دوای ئەبەدییەتدا. کاتیش ئەوەندە کورتە لە پڕێکدا بە هۆ و بێ هۆ بە مردن کۆتایی دێت. هیچ شاعیرێکی ڕاستەقینەش نییە ڕۆژانە بیر لەو مردنە نەکاتەوە و هەست بە غەریبی خۆی نەکات. ئەمە پەیوەندی بە دووری نیشتمانەوە نییە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕۆحی شاعیر لە هەر جێگایەك بێت. جاری وا هەیە تووشی بارێکی دەروونی ئاڵۆز هاتووم، بە هیچ شتێك کپ نەبووم. ناچار چەند دێڕێك شیعرم بۆ خۆم نووسیوە و وردە وردە هەستم بە ئارامی کردووە. ئەگەر تاقەتی نووسینیشم نەبووبێت شیعرێکی جوانم خوێندۆتەوە لەو شیعرانەی بە زمانی ڕۆح قسە دەکەن.
هەرگیز ڕقم لە شیعر نەبۆتەوە، بەڵام زۆر جار تەمەننام کردووە شاعیر نەبوومایە، چونکە هەموو لێکدانەوەیەکم بۆ ژیان شاعیرانە بووە. ئەگەر شاعیر نەبوومایە کاتی خۆی پارێزەر بووم و دەمتوانی تا کاتی خانەنشینی کاری پارێزەری بکەم، بەڵام من بە قەناعەتەوە دەڵێم زەحمەتە بتوانیت شاعیر بیت و لە هەمان کاتیشدا پارێزەر، حاکم یان سیاسییەکی گەورە بیت. برام چۆن هێشتا چارەسەری هەندێك نەخۆشی نەدۆزراونەتەوە، شاعیریش ئەگەر بە ڕاستی شاعیر بێت ناتوانێت لەو پێستە بچێتە دەرەوە. مەبەستم ئەوە نییە کە شاعیربوون جۆرە نەخۆشیەکی دەروونییە، بەڵکو بارێکی ئینسانی زۆر زۆر تایبەت و جیاوازە. من هیچ گۆڕانێکم بەسەردا نەهاتووە شیعر بنووسم یان نا هاونیشتمانییەکی دڵسۆزی مەملەکەتی شیعرم.
هەستدەکەم کەرەستەکانی زمان گۆڕاون ئێستا بەو کوردییەی حەفتاکان نانووسن. لە سەرێکەوە دڵخۆشم کە زمانی کوردی پاراوتر و دەوڵەمەندتر بووە، بەڵام لە سەرێکی دیکەوە بەزەییم بە زماندا دێتەوە کاتێك دەبینم ڕووخساری بە ماکیاژی نەگونجاو بۆیاخ کراوە. بەڵێ، لە ڕێگای زمانەوە دەتوانین مۆدێرن بین، بەڵام یاریکردنیش بە زمان زیانی گەورەی پێدەبەخشێت.
کە دێمە سەر ئەوەی شیعرێکی نوێ بنووسم دەبینم فەرهەنگی وشەکانم بڕ ناکەن و بەرگەی ئەو وێنە شیعریانە ناگرن کە دەمەوێت بیانخەمە چوارچێوەی وشەوە. دوو جۆر لێکدانەوەم



هەیە. یان ئەوەتانێ بە هۆی دابڕانی درێژخایەنم لە خوێندنەوە توانای جارانم نەماوە. یانیش سەبارەت بە خەستبوونەوەی تاقیکردنەوەکانی ژیان و بیرکردنەوە فەرهەنگی زمانە تایبەتییەکەی خۆم بچووکە و دەبێت دەوڵەمەندی بکەم. بە هەر حاڵ لەنێوان من و شیعردا کێشە دروست بووە، بەڵام لە یەکتر جیانەبووینەتەوە.

**عەبدوڵلا سلێمان** (مەشخەڵ): لەم دواییانەدا کۆڕێکی شیعریت ساز کرد و هەندێك لە شیعرە کۆن و تازەکانی خۆت خوێندەوە. پێت وانییە ئەو کۆڕە پێویستییەك بوو بۆ چالاکتربوونەوەت لە بواری نووسینی شیعردا؟ ئایا هەست ناکەیت هێشتا جڵەوی کاتت لەدەستدایە و دەتوانیت پیاسەی دیکە بەشەقامەکانی داهێناندا بکەیت؟

**سەلام محەمەد**: مەبەستت ئەو کۆڕە بوو کە لە ساڵی ٢٠١٢ دا کۆمەڵە کوردییەکانی شاری یۆتەبۆری سازیان کرد. ئەو کۆڕە تەنها بۆ شیعر نەبوو بۆیە یەك دوو شیعری کۆنم خوێندەوە. دیار بوو لەسەر پێشنیازی برای شاعیرم سابیر سدیق بانگهێشت کرابووم و شەویش لە ماڵی ئەودا مامەوە و یەکەمجارمان بوو لە نزیکەوە یەکتری بناسین. ڕاستییەکەی نزیکەی چل ساڵە لە هیچ کۆڕێکی شیعریدا بەشداریم نەکردووە، بۆیە تا ڕادەیەك ژێیەکانی ناوەوەمی ورووژان. ئەگەر بۆ کوڕێکی شیعری بانگهێشت بکرێم بە تایبەتیش باسکردنی تاقیکردنەوەی شیعریم بەشداری دەکەم. بە داخەوە کۆڕەکەی یۆتەبۆری تایبەت نەبوو بە شیعرەوە بۆیە زۆربەی ئامادەبووان بۆ ئەوە نەهاتبوون تەنها گوێ لە شیعر بگرن، بەڵکو هەڵپەڕکێ و گۆرانیشی تێدابوو. هاوڕێی شاعیرم بەرزان هەستیار دوای بینینی کۆڕەکە لە ڤیدیۆدا کورتە نامەیەکی بۆم نارد کە سەرنجی ڕاکێشابوو لەو کاتەی من شیعرم دەخوێندەوە چوکلێت و شیرینی بەسەر میوانەکاندا دابەش دەکران، ئەمەیش بەڵگەیەکە بەشێکی زۆری ئامادەبووان جمهوری شیعر نەبوون. بە هەر حاڵ من سوپاسی کۆمەڵە کوردییەکان و بە تایبەتیش کاك سابیر سدیق دەکەم کە خستیانەوە بیرم هێشتا دونیاکە بەشی ئەوەی بە بەرەوە ماوە و بە دووری نازانم دەست بەو جۆرە چالاکییە بکەمەوە.

**عەبدوڵلا سلێمان** (مەشخەڵ): کاك سەلام تۆ لە شەشی تشرینی دووەمی ساڵی پاردا واتە ٢٠١٢ و لە ئەکاونتی خۆت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك نووسیوتە: "من بە درێژایی

تەمەنم ڕقم لە شارچێتی بۆتەوە، بەڵام یەکێکم لەو شاعیر و نووسەرانەی لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەنووسم و کەم و زۆر کاریگەریم هەبووە لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشەوەچووی شیعری نوێی کوردی. ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشاوم لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا ئێستاش تاقە یەك نووسەر و شاعیری خەڵکی شاری سلێمانی وشەیەکیان لەسەر شیعرەکانم نەنووسیوە. بێجگە لە کاك شێرکۆ بێکەس کە لە یەك دوو بۆنەدا ناوی هێناوم ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆ. ئەوانەی نووسین و شیکردنەوەیان هەیە هەموویان خەڵکی هەولێر و کەرکوکن. لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا بۆ نووسەران و شاعیرانی شاری سلێمانی خۆشەویست خۆزگە بەو چاوەی کە تەماشای نووسەران و شاعیرانی شارەکەی خۆیان دەکەن بەهەمان هەستی خۆشەویستی و بەتەنگەوە هاتنەوە حیسابیان بۆ نووسەران و هونەرمەندانی هەموو شارەکانی کوردستان بکردایە. ئاخر وا سلێمانی دەبێتە پایتەختی ڕۆشنبیریی خۆ تەنها بۆ ئەوانە نییە کە هاونیشتمانی شارەکەن بەڵکو بۆ هەموو کوردستانە. "ئەم کۆمێنتە ڕەنگە کۆمێنتی زۆر ئەدیب و ڕۆشنبیر و نووسەری کەرکوکی و هەولێری یان بادینی بێت، بەڵام ئەم بۆچوونەیان دەشارنەوە لە ترسی ئەوەی نەوەك پەنجەی شارچێتیان بۆ درێژ بکرێت و هەندێکیش لە ترسی ململانێی بێمانا ئەو بۆچوونەیان دەرنابڕن. من هەقیقەتێك لەم کۆمێنتەی تۆدا دەبینم. چونکە نەك هەر تەنها تۆ بەڵکە لەسەر هیچ کەرکوکییەکیان نەنووسیوە. تۆ خۆت ئەمە چۆن دەبینیت، شارچێتییە یان شتێکی دیکەیە و ناوێکی دیکەی هەیە؟

**سەلام محەمەد:** وەك زاراوە گرنگ نییە هەرچی ناوێك بێت، بەڵام وەکو دیاردەیەك بەداخەوە بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە و لەوەش زیاتر هەندێك شاعیر و نووسەر پەیدابوون کە پێیانوایە نووسین تەنها موڵکی ئەوانە و لەسەر خۆیان تاپۆ کراوە. من هەست بە تایبەتمەندی شاری خۆشەویستی سلێمانی دەکەم لە زۆر ڕووەوە. کاتی خۆی کە لە کەرکوك دڵم تەنگ دەبوو دەچووم بۆ سلێمانی. کە شەوان لە نادی دەمانخواردەوە و بە ئارامی کاسێتێکی مەزهەری خالقی یان محەمەدی ماملێ لێدەرا هەستێکی گەرم لە ناوەوە دایدەگرتم، چونکە ئەو شتە لە کەرکوکدا قەدەغەبوو. سلێمانی هەمیشە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە بواری ڕۆشنبیریدا، بەڵام بە داخەوە ئەم دیاردەیە کەلەبەرێکی گەورەیە هەر لە کۆنەوە هەبووە و لەم ڕۆژگارەشدا بەردەوامە.



من شارچیتی ناکەم و لەوەش ناترسێم برادەرانی سلێمانی چۆن شیدەکەنەوە، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم شتێك هەیە پێی دەڵێن سلێمانچێتی و باوی ئەو جۆرە بۆچوونە نەماوە. بۆیە هیوادارم خەڵکی (شار) گۆڕانێك بخەنە ئەو بیرە کۆنەوە. لە کاتێکدا ئەم قسانە دەکەم خۆم باوەڕم بە شارچێتی نییە و هەر بۆ نموونە پەخشانی خێزانم لە سلێمانی لەدایکبووە و هەموو ژیانی لە سلێمانیدا بەسەربردووە، بەڵام ئەوە دە ساڵ زیاترە پێکەوە دەژین هەرگیز ڕۆژێك لەنێوان خۆماندا هەستمان بەو شارچێتیە نەکردووە.

شارچێتی بیرێکی دواکەوتووە خۆزگە لەلایەن شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانەوە ڕیشەکێش دەکرا. من کە ئەو چەند دێڕەم کاتی خۆی لە فەیسبووکدا نووسی بە ڕاستی پاش چل ساڵ لە تاقیکردنەوەی ئەدەبیم بە لامەوە سەیر بوو لەو هەموو نووسەرەی سلێمانی یەکێك وشەیەکی لەسەر نەنووسیوم. خوشکە کەژاڵ خدر ئیبراهیم کورتە نامەیەکی بۆ ناردم کە د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە لێکۆڵینەوەیەکدا باسی شیعری منی کردووە لە حەفتاکاندا. ئەو لێکۆڵینەوەیە تایبەت نەبوو بە منەوە بەڵکو ژمارە ٨ ی گۆڤاری بەیان لە ساڵی ١٩٧١دا تایبەت بوو بە شیعری نوێ منیش بە شیعری گەشت و پێناسین بەشداریم کردبوو. لە ژمارەی داهاتوودا د. عیزەدین لێکۆڵینەوەیەکی گشتی دەربارەی هەموو شیعرەکان نووسیبوو چەند دێڕێکی لە بارەی شیعرەکەی منەوە بوو.

کاکە نموونەیەکی دیکەت بۆ دەهێنمەوە کە ئەویش هونەرمەندی جوانەمەرگ حوسێن میسری بوو، کە ساڵانە لە مانگی ڕەمەزاندا و لە کەناڵی کوردساتەوە زنجیرە درامایەکی پەخش دەکرا. بینەرێکی زۆریان هەبوو هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە سوودی بەو خەڵکە دەگەیاند. هێشتا ڕەحمەتی لە ژیاندا مابوو چەندین جار ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بۆتەوە: بۆچی ناچیتەوە بۆ کەرکوك؟ لەملاولا دەیاننووسی ئەرێ سلێمانی کەسی تیادا نییە وا ئەم کەرکوکییە کەناڵی کوردساتی داگیرکردووە؟ فەرموون ئەوە چەند ساڵێکە حوسێن میسری کۆچی دوایی کردووە کێ جێگای گرتۆتەوە؟؟ ئێستا بە بەردەوامی زنجیرەی تورکی و کۆری پەخش دەکەن کە منالان فێری خوێن ڕشتن و توند و تیژی دەبن. بۆ لە سلێمانیدا کەسێکی وا هەڵنەکەوت جێگای حوسێن میسری بگرێتەوە؟

برام چەندەی ئەم دیاردەیە لە ئەدەب و هونەردا ڕەنگی داوەتەوە، دوو ئەوەندە لە سیاسەتدا کاریگەرترە. ئاخر خۆ کوردستان تەنیا بریتی نییە لە شاری سلێمانی. من سلێمانیم زۆر خۆشدەوێت و هەمیشە لەبەرچاومدا درەوشاوەیە. هیوادارم نووسەران هەرگیز ڕێگا نەدەن دیاردەی لەو بابەتە پەرە بسێنێت. ئێمە هەموومان کوردین و دەبێت کوردانە بیر بکەینەوە.

بیست ساڵ زیاترە لەم سویدەم هێشتا نەکەوتۆتە بەر چاو و گوێم کە سویدیەك شانازی بە شارەکەی خۆیەوە بکات. دیارە ئەگەر پێشکەوتنەکە ڕەسەن و لەبار و مۆدێرن بێت دەبێت خەڵکی سلێمانی خۆیان ئەم گلەییە ڕەتبکەنەوە و گاڵتە بە شارچێتی بکەن.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): هەر لە پەیوەندی بەمەسەلەی شارچێتییەوە دیاردەیەکی دیکە هەیە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە جەستەی ئەو ڕەخنەیە و ئەدەبەکەشی تووشی ئاڵووشی کردووە. لەژێر ناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەبینین برادەرچێتی و شارچێتی و حزبچێتی برەوی هەبووە و هەیە. هۆی چییە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەپێی پێویست نەیتوانیوە لە دەق نزیك بێتەوە؟ ئەو تێزە باوەی کە دەڵێت ڕەخنەمان نییە چەند دروستە؟ ئایا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی توانای خوێندنەوەی دەقی نوێ و ڕەگەزەکانی ئیستاتیکای دەقی نوێی هەیە؟ بەگشتی تۆ دیاردە نێگەتیڤەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چۆن دەبینیت؟

**سەلام محەمەد**: برادەرێك کە خۆی لە بواری ڕەخنەدا نووسینی زۆرە جارێك پێی وتم دەزانی بارودۆخی ئەدەبی چی بەسەرهاتووە؟ کە یەکێك کتێبێك چاپ دەکات بەردەبێتە داوەتکردنی ئەم و ئەو تا لەسەر کتێبەکەی بنووسن. بە داخەوە ئەمڕۆ هەندێك بە ناو نووسەر و ڕەخنەگر تا دەمیان چەور نەکرێت نانووسن. هێشتا ڕەخنەی ئەدەبیی زۆر لاوازە و ئەوەی نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە تا ئێستایش لە سنووری هەوڵدان دەرنەچووە. لە باشترین حاڵەتدا دەکرێت بڵێیت هەوڵێکی جیددیە یان سەرکەوتووە.

من ڕەخنەگر نیم، بەڵام کە نووسینێکی ڕەخنەیی دەخوێنمەوە دەزانم تا چ ئاستێك لە دەقی ڕەخنەلێگیراو تێگەیشتووە و توانیویەتی جوانی و ناشیرینییەکانی ئەو دەقە نیشان بدات. جارێ هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کە وشەی ڕەخنە بە هەڵە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە و ڕەنگە ئاڵەرناتیڤی باشترمان هەبێت کە ئەمەیش کاری شارەزایانی زمانە نەك من. ڕاستە، لە حەفتاکان و هەشتاکانیشدا بۆچوونی ڕەخنەییم هەبووە و ئێستایش کە لەگەڵ هەندێك نووسەر و شاعیری گەورەدا کە باسی یەکێك لە کتێبەکانیان دەکەین هانم دەدەن شتێکی لەسەر بنووسم. کە وتوومە ئەمڕۆ ڕەخنەگری زۆرمان هەیە و منیش دەمێکە وازم لە نووسین هێناوە، وەڵامیان داوەتەوە تۆ بینووسە ئەوسا بۆت دەردەکەوێت لە خراپترین حاڵەتدا لە باشەکەیان چاکتر دەبێت، بەڵام من لە خۆم ڕانەبینیوە، چونکە بە ڕاستی مەودای دوورکەوتنەوەم لە



نووسین جۆرە هەستێکی لادروست کردووم، کە خوێندنەوەی گەلێ بابەتی گرنگم لە کیس چووە و هەرچییەك بنووسم ئەو بۆشاییەی پێوە دەردەکەوێت.
ڕەخنەگر داهێنەری دووەمە. تەمومژی دەق دەڕەوێنێتەوە. کۆدەکانی ئاشکرا دەکات و وێنە و بیر و بابەتەکانی ناوەوە دەخوێنێتەوە. ڕەخنە شارەزایی و تێگەیشتنی فراوانی گەرەکە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زمان و ئەدەب و زانیاری گشتیدا. بۆیە بە داخەوە زۆر زۆر دەگمەنن ئەو کارانەی بە نووسینی ڕەخنەیی بژمێردرێن. لێرەدا نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە. من لەم دوورەوە ئاگام لە هیچ نییە، بەڵام جار جار لە ڕێی هەندێك برادەرەوە باسی ئەو گەڕەلاوژەیەم بۆ دەکرێت کە بە ناوی ڕەخنەوە ئەنجام دەدرێت.
دیاردەی ناسیاوی و برادەریەتی زۆر بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە تا ئەو ڕادەیەی یەکێك لە ڕەخنەگرەکانی کوردستان بۆی باسکردووم چەندین کەس دەعوەتیان کردووە تا لەسەر کتێب و شیعر و بابەتەکانیان بنووسیت ئیتر بارودۆخەکە ئاوهایە گەندەڵییە سیاسییەکە لە ئەدەبیشدا ڕەنگی داوەتەوە بۆیە زۆر ئاساییە کە بە زنجیرە لەسەر فلانە شاعیر یان ڕۆماننووس نووسین بڵاودەکرێتەوە و کۆمەڵێ نووسەر و شاعیری بەرچاویش پشتگوێ دەخرێن کە بێگومانم مەرامێکی سیاسی لە پشتەوەیە یان هیچ نەبێت خوێنەر وا تێبگات ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە بۆیە بایەخ بە شاعیر و نووسەرێك دەدەن، چونکە لایەنگری حزبەکەی خۆیانە. بە ڕاستی میدیای حزبەکان لە تامیان دەرکردووە. خوا نەکا بە یەکێکەوە بیگرن یان دژی یەکێك بن!!
خۆم کەوتۆتە بەرچاوم لە یەك ڕۆژنامە و لە دوا لاپەڕەدا بە جوانترین شێوە و دەرهێنانی هونەریی، شیعرێك بڵاوکراوەتەوە کە فڕی بەسەر شیعرەوە نییە. لە هەمان ژمارەدا و لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا شیعرێکی جوانم خوێندۆتەوە لە سووچێکدا بە زۆرداری جێگای بۆ کراوەتەوە. ئەمە پەیوەندی بە شیعرەوە نییە، بەڵکو ناوی شاعیرەکە و پەیوەندی شاعیرەکە دوور یان نزیك بە حزبەوە یان بە کەسایەتییەکی دیاری حزبەوە یان زۆربەی کات جۆری پەیوەندی بەو کەسەی سەرپەرشتی لاپەڕەکە دەکات ئەو بارودۆخەیان دروست کردووە. لە دیاردە نێگەتیڤەکانی دیکە لاساییکردنەوەی ڕەخنەی بێگانە هەروەها نەشارەزایی و نەبوونی کەرەستەی پێویست بۆ نموونە زمان و خوێندنەوە و ئاستی تێگەیشتن. چونکە ئەگەر کەسێك بە ناوی ڕەخنەوە لەسەر شیعرێك بنووسێت، دەبێت شارەزایی تەواوی لەسەر شیعر هەبێت و تێگەیشتنی لە ئاستێکی باشدا بێت بۆ ئەو دەقە. من هەندێ نووسینم دەربارەی شیعرەکانی خۆم کەوتۆتە بەرچاو کە یەکسەر هەست دەکەم ئەو کەسە لە خۆڕایی خۆی لەو شیعرە یان

ديوانەم نەداوە. بۆ نموونە نووسینەکانی بەڕێزان کەریم شارەزا و سەباح ڕەنجدەر و حەمە مەنتك و تەلعەت تاهیر. هەر یەکە و لە ئاستی خۆیەوە خوێندنەوەیەکی باشی هەبووە بۆ کارەکەی سەرەڕای جیاوازی نووسینەکان. لە سەرەتاشەوە کە بەڕێزتان پێشنیازی ئەوەتان کرد بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم پڕۆسەیە پرسیار لە هەندێ شاعیر و نووسەر دەکەن ڕای خۆیان دەربارەی شیعرەکانم بنووسن پێم وتی قسەیەکی جوانە، بەڵام لە کەسانی شارەزا بپرسە با نەناسراویش بن.

ئەگەر لێم بپرسیت کەی لەسەر شیعر یان بابەتێك دەنووسم دەڵێم هەر کاتێ دەقێك تا ئەو ڕادەیە هەژاندمی و پرسیارگەلێکی زۆری لام جێهێشت و بە جوانییەکانی مەست بووم، هەوڵ دەدەم لە سەری بنووسم، بەڵام بۆ ڕۆمان بۆچوونێکی دیکەم هەیە و چەند جارێ کە ڕۆمانێکم خوێندۆتەوە حەزم کردووە لە سەری بنووسم کەچی یان کاتم نەبووە یان بێتاقەت بووم. بڕیارم دابوو شتێك لەسەر ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی بنووسم، بەڵام کە پلانم بۆ نووسینەکەم کێشا بینیم کتێبێکی تەواو دەردەچێت و بە داخەوە کاتم بە دەستەوە نەبوو تەنانەت زۆربەی ئەو بابەتانەی دەربارەی ڕۆمانەکەش نووسرابوون کۆکردبووەوە. ئەو کارانەی پێمخۆشە خوێندنەوەیەکیان بۆ بکەم کەم نین، بەڵام جارێ ناتوانم. دەربارەی شیعری نوێ نازانم بۆ نموونە لە کوێدابوو شیعرێکی هیوا قادرم خوێندەوە کە بە یادی کلاسیکەوە نووسیبووی بە ناونیشانی (یار لە باخە) بە ڕاستی مۆدێرنانە هەڵسوکەوتی لە تەك کلاسیکدا کردبوو.

برام با درێژەی پێنەدەم دەزانیت چۆن ئێستا لە هەردوو پەرلەمانی عێراق و کوردستاندا زۆر باس لە نەزاهە و لیژنەی نەزاهە دەکرێت. بە ڕاستی ڕەخنەی ئەدەبیشمان بەر لە هەموو شتێك پێویستی بەو نەزاهەتە هەیە ئەگینا بە ڕەخنە ناژمێردرێت.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): باشە، لێرە با ئەو پرسیارە بکەم. ئایا ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی میتۆدی هەیە؟

**سەلام محەمەد**: لە حەفتاکان و هەشتاکاندا گلەیی زۆربەی ئەدیبیان لە بارەی ڕەخنەوە ئەوەبووە کە میتۆدی نەبووە. یان پیاهەڵدان و موجامەلە ئامێز بووە یان پێچەوانەکەی. هەموو داوای ڕەخنەی میتۆدیان کردووە و زۆر نووسینم کەوتۆتە بەرچاو گلەیی دەکەن لە نەبوونی ڕەخنەی



زانستیی. ئەوەی دێتەوە یادم لە حەفتاکاندا چەند هەوڵێك دراوە بۆ نووسینەوەی ڕەخنەی کوردی لەوانە لێکۆڵینەوەکەی د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەربارەی ژمارە ٨ ی گۆڤاری بەیان کە تایبەت بوو بە شیعر. چەند وتارێکی خوالێخۆشبوو فازیلی مەلا مەحمود دەربارەی ڕوانگەو هەڵسەنگاندنی شانۆگەری شیعری کاوەی ئاسنگەری شێرکۆ بێکەس لەلایەن کەمال میراودەلییەوە لەگەڵ کۆمەڵێ بابەت و هەوڵی دیکەدا کە خۆمیش یەکێك بووم لەوانەی جار جار نووسینی ڕەخنەییم بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بە گشتی هەموومان کۆك بووین لەسەر ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبیی هێشتا لەدایك نەبووە و زۆرمان ماوە.

لە نەوەتەکانەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی هەرچەندە لە ئەدەبەوە دوور بووم، بەڵام جارجاریش نووسین و لێکۆڵینەوەم خوێندۆتەوە کە بە ناوی ڕەخنەوە بڵاوکراونەتەوە. کەموکورتی حەفتاکانو هەشتاکانیان هەر پێوە دیاربووە واتە میتۆدی نین و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری چەمکێکی دیکەوە کە پەیوەندی بە ڕەخنەوە نییە.

ئەمڕۆ دوو سێ جۆر ڕەخنەمان هەیە کە تیایاندا زۆر دڵخۆشکەرە و بە ڕاستی ئەوە دەهێنن بیانخەینە قاڵبی ڕەخنەی میتۆدییەوە، بەڵام نووسەرەکانیان بابەتی ئەدەبی دیکەیش دەنووسن وەك شیعر و چیرۆك و ڕۆمان کە پێموایە ئەگەر هەوڵەکانی خۆیان لەم بوارەدا ڕەخنەدا چڕتر بکەنەوە هەنگاوی سەرکەوتوو دەنێن و دەقی ڕەخنەیی زۆر باش دەنووسن.

من لە حەفتاکاندا هەندێ کتێبم لەسەر ڕەخنە خوێندۆتەوە ئەگەر بڵێم تا ئێستا کە چل ساڵ زیاتر بە سەر بڵاوکردنەوەیان تێپەڕیوە هێشتا بابەتی لەو ئاستەم بە کوردی نەکەوتۆتە بەرچاو هەربۆ نموونە: (واقعية بلا ضفاف طارؤدي). سقوط الحضارة كؤلن ويلسن)، قلعة اكسل و التجربة الخلاقة و..... زۆری دیکەیش.

بێگومان هەوڵی جیددی هەیە بۆ نووسینی ڕەخنەی میتۆدی هەندێك لەو هەوڵە سەرکەوتووانە لە نووسینی ئەو برادەرانەدا دەبینم کە لەم پڕۆسەیەدا بەشدارییان کردووە. ئێستا کتێبێکی کاك ئەحمەدی مەلام بە دەستەوەیە بە ناونیشانی (بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا و چەند بابەتێکی تر) هێشتا بەشێکی کەمم لێ خوێندۆتەوە دەکرێ وەکو نموونەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی باس بکرێت لەناو ئەو گەڕەلاوژەیەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەکرێنەوە. دەزانم هەوڵی جیددی زۆرن، بەڵام من فریای خوێندنەوەیان نەکەوتووم.

ئەم پرسیارە زۆر هەڵدەگرێ دەکرێ کتێبێکی لەسەر بنووسیت، بەڵام بە کورتی دەڵێم نەخێر، هێشتا ڕەخنەی میتۆدیمان نییە، بەڵام سەرەتاکەی دەرکەوتووە.

**عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ):** تۆ لە چەند جێگایەکی دیوانەکەتدا باسی وەرگێران دەکەیت و هەروەها نووسەری ناودار بەڕێز کاك کەریم شارەزاش لە وتاری "بەسەرکردنەوەیەکی کۆشیعری دەمەو ئێواران دەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە "کەلەگۆڤاری "ڕامان" ژمارە ٣٣ ی ساڵی ١٩٩٩ دا نووسیویەتی، باسی وەرگێرانەکانی ئێوە دەکات. دەکرێت بپرسین هۆکارەکانی پشت ئەو وەرگێڕانانە چین و چیت وەردەگێڕا و ئایا بەنیاز نیت لە داهاتوودا کاری وەرگێران بکەیت بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی یان لە زمانی سویدی؟

**سەلام محەمەد:** دەربارەی وەرگێڕان زۆر نووسراوە و بایەخێکی چاکی پێدراوە لە ئەدەبی کوردیدا. کە دەڵێم چاك بێگومان لە چاو جارانەوە. ژمارەی کتێبە وەرگێراوەکان زۆرن، بەڵام بۆ ئەوەی سەرت نەیەشێنم دوو فاکتەری گرنگ هەن کە ئاستی کارە وەرگێڕدراوەکان دیاری دەکەن. یەکەمیان کتێبەکە چییە و کێ دایناوە، دووەمیشیان کێ کردویەتی بە کوردی. تۆ پێم بڵێی کتێبەکە ناوی ئەفسانەی چیای ئاگرییە لە نووسینی یەشار کەمال و وەرگێڕانی شکور مستەفا دەسبەجێ دەڵێم خۆزگە فریای خوێندنەوەی دەکەوتم ئیتر خۆت لە مەبەستەکەم حاڵی دەبیت.

لە حەفتاکاندا چەند هەوڵێکم هەبوو لە بواری وەرگێڕاندا ئەویش لە زمانی عەرەبییەوە. هەندێك بەرهەمی شاعیران و چیرۆکنووسانی ئەدەبی نوێی عەرەبیم کردووە بە کوردی و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکراونەتەوە. وەکو کتێب مەقسەڵەی ئەلبێر کامۆم کردووە بە کوردی هەروەها سەعاتی بیستوپێنجی کۆنستانتان جیۆرجیۆ کە لە زینداندا خەریکی وەرگێڕانی بووم و بە داخەوە پاشان فەوتا. هەندێك وتاری ڕەخنەیی دەربارەی شیعر کە بۆ ئەو کات و سەردەمە بایەخێکی زۆریان هەبوو. ئێستا توانای ئەوەم هەیە بابەتی جۆربەجۆر لە سویدییەوە بۆ کوردی وەرگێڕم، بەڵام بە هۆی کزی چاوەکانمەوە ناوێرم خۆمیان لێبدەم.

ئاستی وەرگێڕان لە هەر ئەدەبێکدا وێنەیەکی بچووککراوی ئەو ئەدەب و کۆمەڵگە و گەلەمان نیشان دەدات، کە لە چ قۆناغێکی بیرکردنەوە و پێگەیشتن و تێگەیشتندایە. ئەمڕۆ توانای وەرگێڕان و چاپکردن لەناو کوردا ئەوەندە فراوانە ئەگەر ببین بە دەوڵەتیش لەوە زیاتر فریا ناکەوین. واتە کتێبی زۆر دەکرێت بە کوردی، بەڵام موخابن چی وەردەگێڕن و چی چاپ دەکەن ئەوەش زۆر گرنگە سەرەڕای وەرگێڕانی سەقەت و پەقەتیش کە لە ژمارە نایەن. دێتەوە



بیرم کاتی خۆی بە عەرەبی یەکێك لە شانۆگەرییەکانی شەکسپیرم خوێندبووەوە، بەڵام چاپێکی تازەی کەوتە بازاڕەوە و وەرگێڕەکە دکتۆرای هەبوو لە زمانی ئینگلیزیدا. نەمتوانی لە چەند لاپەڕەیەك زیاتر بخوێنمەوە. عەرەبییەکە ئەوەندە وشك بوو گیانی لەبەر تێکستەکە بڕیبوو. کەواتە مەرج نییە ئەوەی دکتۆرای لە زماندا هەبوو وەرگێڕێکی باش بێت، چونکە کاری وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا لێزانین و بەهرەی تایبەتی گەرەکە.

هەندێ بابەتی ئەدەبیم کردووە بە کوردی هۆیەکەی ئەوە بووە خودی خۆم تاموچێژێکی زۆرم لێ وەرگرتوون و حەزم کردووە دەوروبەرەکەشم لەو تاموچێژ و سوود وەرگرتنە بێبەش نەبن. بۆ نموونە: چیرۆکی (دایك)ی هیرمان هیسە کە لە ژمارە تایبەتیەکەی چیرۆك لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان لە کۆتایی حەفتاکاندا بڵاوکرایەوە.

بە کورتی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان چەندە گرنگن بە هەمان شێوە وەرگێڕانیش لەو ئاستەدایە.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێتەوە کە ئەمڕۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و شاعیرانی کورد کەوتوونەتە تاراوگە و زمانی جیاواز فێربوون و هەر یەکە و لە ئاستی خۆیەوە کەم تا زۆر هەوڵێکی باشی داوە. بۆ سەرخستنی پرۆسەی وەرگێڕان پێشنیازی ئەوە دەکەم لیژنەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنرێت لە کەسانی شارەزا و ئەدیب و زمانزان بۆ سەرپەرشتیکردنی کاری وەرگێڕان بە گشتی نەك هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی بابەتێك بکاتە کوردی و خێرا بە گوێرەی پەیوەندی بە کەناڵەکانی چاپەمەنییەوە بۆی چاپ بکرێت و بڕە پارەیەکی باشی پێ بدرێت. کەسانی وایش هەن لە دڵسۆزی خۆیانەوە کتێب دەکەن بە کوردی، بەڵام بۆیان چاپ ناکرێت. دە ساڵ پێش ئێستا کە ڕۆمانی (گرگن)ی پەر لاگەرکڤیستم بە سویدی خوێندەوە پڕ بە دڵ حەزم دەکرد بیکەم بە کوردی و ئەوسا کورتە نامەیەکم بۆ یەکێك لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە نارد ، ئەگەر ئەرکی چاپکردنی بگرنە ئەستۆ دەست بە وەرگێڕانی دەکەم، بەداخەوە ئامادە نەبوون وتیان تۆ وەریبگێڕە و بۆمانی بنێرە ئەوسا قسەیەکی لێ دەکەین. لەم ڕۆژانە بیستم برای شاعیرم خەبات عارف لە وەرگێڕانی تەواو بووە، بەڵام نازانێت چۆن چاپی بکات! ئیتر ئەمەیش وەك دەیان و سەدان کەموکوڕی دیکە کە نیشتمان پێوەی دەناڵێنێت. هێشتا کورد لە سەرەتادایە و زۆری ماوە. هەر حزبێك نووسەری لایەنگری تایبەتی خۆیان هەیە. تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیش پشتگیری بەشێك لە نووسەران دەکەن. لەم ڕۆژگارەدا ئەگەر سەر بە هیچ لایەنێك نەبیت یان دەبێت بۆ خۆت لە ماڵەوە هەر خەریکی تەرجەمە بیت و پاش مردنت خێرەومەندێك بەرهەمەکانت چاپ بکات و لەو دەرگا گەورەیەوە بچیتە ناو باخی مێژووەوە،

یان تاقەتی وەرگێڕانت نابێت. من چ بڕوایەکم بەو مێژووە نییە! چونکە قەناعەتم وایە ئەگەر شتێکم بۆ دەکرێت تا لە ژیاندام بە چاوی خۆم بیبینم نەك پاش مردنم. ئەمە دەستووری بیرکردنەوەی منە تەنانەت لە ژیانی کۆمەڵایەتیشمدا واتە ئەوەی لە ژیاندا نەیویستووم با دوای مردنم خەبەری نەبێتەوە.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): "شیعر بۆ خۆم دەنووسم" ئەمە ستەیتمێنتێکی جەنابتە و لە دیوانەکەتدا ڕاتگەیاندووە. لەهەمان کاتیشدا پێتوایە "چۆن سیاسییەکان خیتابی خۆیان هەیە، شاعیریش مافی ئەوەی هەیە خیتابی خۆی هەبێت". دەبێت خیتابی شاعیر چی بێت وەختێك بۆ خۆی دەنووسێت؟

**سەلام محەمەد:** کە وتوومە شیعر بۆ خۆم دەنووسم مەبەستم لەو شیعرانەیە تەنگم پێ هەڵدەچنن و گەمارۆم دەدەن و ناچارم دەکەن ئەگەر بە چەند دێڕێکیش بێت هەناسەیەك هەڵکێشم و بیاننووسمەوە. هەرگیز بیر لە بڵاوکردنەوەیان ناکەمەوە. تەنها بۆ ئەوە نووسیومن خۆمیان پێ کپ و هێور بکەمەوە. بە دەگمەن گەڕاومەتەوە سەر یەکێکان تا سووکە دەستکارییەکی بکەم. من حاڵەتێکی شیعریم هەیە کە ناتوانم خۆمی لێ بدزمەوە، تەنانەت ئەگەر نەیشینووسم لەبەر چاوەکانمدا وەك وێنەیەکی جوان دەدرەوشێنەوە. پێموایە نەك یەك دوو دێڕ، دەکرێت تەواوی قەسیدەیەك ببێت بە یەك تابلۆ. خۆم ڕەسام نیم، ئەگینا ڕاستەوخۆ تاقیم دەکردەوە. تووشی هەندێك حاڵەتی لەو بابەتە هاتووم وامزانیوە کەس لەم دونیایەدا تێم ناگات و نازانێ ئەمە عوقدەی شیعری منە کە بە هۆی دابڕانەوە بە گشتی وەك سەرەتای حەفتاکان شیعر نانووسم و ئەوەی دەینووسم بە دڵم نییە. تا ڕادەیەك تووشی گرفتەکەی ڕەحمەتی مامۆستا هەردی هاتووم. کە خۆشحاڵم بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا کاتێك مەشرووبم خواردەوە میوانی کاك شێرکۆ بێکەس بووم. ئێوارە کە بۆ نادی چووین یەکێك لە دانیشتووان هەردی مەزن بوو. هەر تەماشام دەکرد و وێنەی ست فاتیمەم دەهێنایە پێش چاوی خۆم و دەمبینی مامۆستا لەسەر لووتکەیەکی بڵندی گەنجی ڕاوەستاوە و تەماشای فلیمی ژیانی ڕابردووی دەکات و شیعر دەخوێنێتەوە. شیعرەکانی هەردی کەم و کاریگەر بوون. بەهای یەك شیعری لە چەند کۆمەڵە کتێبێکی ئەمڕۆی بەناو شیعر زیاترە. لە جێگایەکی دیکەیشدا وتوومە هەر بە هیوام بچمەوە دونیا شیعرییەکەی جارانم، بەڵام زۆریش لە خۆم ناکەم چونکە دونیاکە بە



لایەکدا گۆڕاوە و منیش بە لایەکی دیکەوە. ڕەنگە لە بوارێکی دیکەدا خۆم بدۆزمەوە و بکەومە ڕێگا بۆ نموونە: ڕۆمان. نازانم بە گەرەنتیەوە ناتوانم باسی ئەوە بکەم. کێ دەڵێت لە جارانیش جوانتر نانووسم! دەزانیت چۆن؟ گەشتەکەی گۆران دەهێنمەوە یاد کە لە ڕێگای وشەی ناسك و پاراوەوە ڕۆحێکی دیکەی داوە بە ژینگەی هەورامان و دێهاتەکانی کوردستان. هەندێك شیعری شێرکۆ بێکەس سەما و ئاهەنگی زمانە. ئەوەی من لە شیعرم دەوێت هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو کاتێك دەیخوێنیتەوە گوێت لە قاقای پێکەنین و هەنسکی گریان بێت. کە دەڵێیت سەوز، زەرد، سوور، سپی ڕەنگ بکەوێتە پێش دەنگی وشەوە. کە دەڵێی تینوومە خوێنەر هەست بە تینوویەتی بکات هەروەها برسیەتی و گەرما و سەرما و زۆر شتی دیکەیش.
کە وتوومە شاعیریش خیتابی سیاسی خۆی هەیە ئەگەر لەسەر وشەی خیتاب ڕاوەستیت دەزانیت لە خوتبەوە هاتووە و خوتبەش بە لای منەوە شیعر نییە، بەڵام خوتبەی شاعیر و خوتبەی سیاسی جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە خوتبەی شاعیر شیعر ئامێزە و لە دڵی گوێگر یان خوێنەردا زووتر جێگای خۆی دەکاتەوە. ئەمڕۆش کە سیاسەت بوتە هەموو شتێك شاعیریش جار جار خوتبەی دێت. دەڵێم خوتبە نەك شیعر، چونکە تێکڕای شیعرە سیاسییەکان تەنانەت ئەوانەی زۆر زیرەکانەش شیعری سیاسی دەنووسن، کاریگەری خوتبەیان پێوە دیارە. تۆ تەماشای گۆران بکە شیعرە سیاسییەکانی و ئەوانەی دیکەی چەندە لە یەکەوە دوورن. هەر دەڵێیت دوو شاعیری جیاوازن. ئەگەر ڕەخنەگرێکی باشمان هەبێت بە ئاسانی ئەم دیاردەیە ڕوون دەکاتەوە، چونکە هەندێك شاعیر خەریکە بە تەواوی لە دونیای شیعر دوور دەکەونەوە و دەبنە گوتاربێژ (خەتیب).
بەشبەحاڵی خۆم کە خوتبەیەکی سیاسی بە شیعر دەڵێم لەبەر ئەوەیە من شاعیرم نەك سیاسی، بۆیە ئەگەر لەسەر سیاسەتیش بنووسم شاعیرانە بۆی دەچم. مەبەستم ئەوەیە کە خۆمیش خوتبە شیعرییەکانم لە ڕووی هونەرییەوە بە شیعر نازانم.
هەوڵ دەدەم کە شیعری سیاسی نەنووسم، ئەگەر هەر ناچاریش بووم بینووسم بیر لە لایەنە هونەریەکەیشی دەکەمەوە.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): کاك سەلام نایشارمەوە وەختێك دیوانەکەتم خوێندەوە سەرباری چێژ وەرگرتن لە شیعرەکانت، لەهەمان کاتیشدا کە وەڵامەکانی جەنابتم دەخوێندەوە، هەستم کرد چیرۆك دەخوێنمەوە و هونەری گێڕانەوەت هێندە کەمەندکێش بوو حەزم دەکرد وازی لێ

نەهێنم یان هەر تەواو نەبێت. من لێرەدا دوور لەهەر موجامەلەیەکی بێمانایانە هەست ئەکەم ئەگەر ڕۆمان بنووسیت ڕەنگە سەرکەوتوو بیت. هەر ئەمەش وای لێکردم لەم دیدارە جارێکی دیکە بتبەمەوە لای ئەو یادەوەریانەی کەباست نەکردوون. تۆ باسی ئەوە دەکەی لەگەڵ شاعیر هەژار موکوریانی و بورهان قانیعی نووسەر گەلێك یادگاریتان هەیە یان مام هەژار گەلێك یادەوەری خۆشی بۆ گێڕاویتەتەوە. پێت چۆنە لەم دەرفەتەدا هەندێك لەو یادگاریانە بۆ خوێنەران بگێڕیتەوە؟

**سەلام محەمەد:** کە لە سەرەتای حەفتاکاندا لە زانکۆی بەغدا قانونم دەخوێند کۆڕی زانیاری کورد ڕێك کەوتبووە ئەودیوی کۆلیجی قانونەوە لە وەزیریە. ئەوە بۆ من دەرفەتێکی زێڕین بوو کە ڕۆژانە دەچوومە کۆڕ و بە هۆی شاعیری هاوڕێم ئەنوەر جافەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ هەموو کارگێڕانی کۆڕدا پەیدا کرد. ڕەحمەتی مام هێمنی موکریانیش زوو زوو دەهات بۆ کۆڕ و چاومان پێی دەکەوت. دێتەوە بیرم کۆپلەیەك شیعری منی لە بەربوو کاتێ دەمبینی پرسیاری دەکرد ئەگەر لەو شیعرە جوانانەم نووسیبێت هەرچەند ئەو شیعری نوێی بە دڵ نەبوو. دوو دێرەکە لە قەسیدەی زستان و تینوێتی جواندان:

پرسیار زۆرە بە قەد ژمارەی شاخەکان

بە قەد ئاخی سەرهەڵگرتووی ناو جەرگی سووری باخەکان،... تاد.

لە نزیکەوە مامۆستا مەسعود محەمەد و مامۆستا شوکور مستەفا و کاکە حەمەی مەلا کەریم و کاك لەتیف گلی و کۆمەڵێ ئەدیب و نووسەرم ناسی کە شانازیان پێوە دەکەم و زۆر سوودم لێوەرگرتوون، خۆم بە قەرزاریاریان دەزانم و تەنانەت کاکە حەمەی مەلا کەریم و کاك لەتیف گلی قەرز و یارمەتیشیان پێداوم. دەربارەی پەخشانەکانم کە تۆ پێتوایە بۆ ڕۆماننووسین لە بارن ئەو سەردەمەش یەکەم کەس کاك ئەنوەر جاف بوو ئاگاداری کردمەوە وتی هەندێك لە شاعیران و نووسەران کە لە بەشە کوردییەکەی ئادابی بەغدا دەخوێنن، کوردییەکەیان وەك تۆ نابێت لە کاتێکدا تۆ بە کوردیش نەتخوێندووە. ئەو ڕۆژانە تازە مام هێمن تاریك و ڕوونی چاپ کردبوو کاکە حەمەی مەلا کەریم وتی پێشەکییەکەی تاریك و ڕوونم لە شیعرەکان پێ جوانترە. تۆش وەك مام هێمن نەسرت لە شیعرت جوانترە: (مەبەستی من بوو). کە بێگومان ئەم دوو شایەتییەی کاك ئەنوەر و کاکە حەمەی مەلا کەریم بە جۆرێك کاریان تێکردم زیاتر بایەخ بە زمانی پەخشان نووسین بدەم، تا لەو ئاستە نەیەتە خوارەوە و



ماوەیەکیش تەواو ڕێچکەکەی مامۆستا شوکور مستەفام گرتبووە بەر لە نووسین و وەرگێڕاندا. بۆچوونەکەی تۆیش زۆر لە جێگای خۆیدایە و هەموو مەرجەکانی ڕۆماننووسین لە خۆمدا بەدی دەکەم و دەستیشم بۆ بردووە، بەڵام بە هۆی فەوتانی ئەو ڕۆمانەوە کە ماوەیەکی زۆر خەریکی بووم تا ئێستایش هەر هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشم. بە جیددی بیر لە نووسینی ڕۆمان دەکەمەوە و بە خۆم دەڵێم تا چاوەکانم لە کار نەکەوتوون هەقی وایە فریای هەندێك شت بکەوم. پیاو مەتحی خۆی نەکات، بەڵام هیوادارم بەر لە مردنم ئەم ئاواتەم بێتە دی و ئەوسا خوێنەر دەکەینە سەرپشك. ڕاستیت دەوێت نووسینی ڕۆمان کەشێکی تایبەتی پێویستە منیش هەر بە هیوای ئەو کەشە ئارام و ئاسوودەیە دەژیم و لاموایە بە چاو نایبینم و بە دڵ و مێشکیش هەستی پێناکەم. دڵنیام کە بەهرەیەکی باشم هەیە لە نووسیندا، بەڵام هێشتا ئەو بارودۆخەم بۆ نەڕەخساوە بە ئارەزووی خۆم بنووسم. ڕاستە بیست ساڵ زیاترە لە ئەورووپا دەژیم و ترسی سانسۆرم نەماوە، بەڵام هەمیشە لەناو گێژاو و گەردەلوول و فەرتەنەدا بووم. دەرگام لە گورگ داخستبێت لە پەنجەرەکەوە پڵینگم بۆ هاتۆتە ژوورەوە. چی بکەم دەبێت دانی پیادا بنێم دیارە شانسی خۆمە یان خۆم تەبیعەتم خراپە ئەگینا لە دوای کۆمەڵێك لافاوی سەخت و گەرداوی جەرگبڕ و زریان و تۆف و کڕێوە، هەردەبوو ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووایە بحەسێمەوە و بیر لە نووسین بکەمەوە. حەسانەوە مەبەستم لە خواردن و خەوتن و جلوبەرگ و گیرفان نییە، چونکە سوید بە زیادەوە ئەوەی بۆ دابین کردووم. وەك لە شیعرێکمدا لە هۆڵی ئیمام قاسمی کەرکوك ساڵی ١٩٧١ هاوارم کرد (نا من تەنها بە نان ناژیم). ئێستایش هەر ئەو هاوارە دەکەم و ژیان بە لای منەوە بریتی نییە لە خواردن و خەوتن بەڵکو زۆر زۆر لەوە گەورەترە. ڕەنگە لە بەر هەر هۆیەك بێت نەتوانم خۆم بگونجێنم و منیش وەك ئەو خەڵکی خوایە لێخوڕم و گوێ نەدەمە کەموکوڕی و چەوتییەکانی دونیا و بە ژیانی خۆمەوە خەریك بم. مەسەلەکە پەیوەندی بە باوەڕ و بێباوەڕیەوە نییە، بەڵکو قەناعەتێکی زۆرم بە پەندێکی سویدی هەیە کە دەڵێت (تۆزێك پیسایی لە سووچێکدا زۆر لە دۆزەخێکی پاك و خاوێن خۆشترە)، ئیتر ئەو دۆزەخە ماڵ بێت یان دەوروبەر یان نیشتمان یان هەموو جیهان. وەك پێشتر لە جێگایەکی دیکەدا وتوومە گۆشەگیریم زۆر بەلاوە خۆشترە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی سوور دەزانیت و دڵنیایت کە زۆربەی تەمسیلە و کەس تیایدا ڕاستی خۆی بۆ ئەوەکەی دیکە دەرناخات. چی بکەم لەوەدەچێ بەر نەفرەتی فیرعەونەکان کەوتبم بۆیە بەلەمی ژیانم لەم گەرداوەوە بۆ ئەو لێشاو بە سەر شەپۆلە سەختەکاندا دەلەرێتەوە و دەلەرێتەوە هەر سەوڵ

لێدەدەم کەنار و وشکاییم لێوە دیار نییە. با لە باسەکە دەرنەچم و نەکەومە شیعر نووسین. تۆ واز لە ڕۆمان بێنە، تا ئەو بایە لەو کونەوە بێت ناتوانم وەك خۆم گەرەکمە بنووسم. چی بکەم وەڵڵا پێمخۆش نییە، بەڵام دەسەڵاتیشم نییە. (ڕوو لە هەر لایەك دەکەم نامۆیە بۆم، پەنا بۆ مەی خواردنەوەش نابەم ئەدی چبکەم ها؟). خۆی بڵێم چی ڕەنگە هەر لە ئەزەلەوە نەفرەت بە ڕەگەکانی ڕۆحی ئینسانەوە نووسابێت، بەڵام هەموو کەسێك هەستی پێنەکات یان گوێی نەداتێ، ئەگینا من خۆم شتێکم دەوێت، بەڵام ژیان شتێکی دیکەی داوەمەتێ. کۆمەڵگەیش دەبێژن هەموومان وەکو تۆین، بەڵام تۆ نازانی بیخۆیت و ناتوانیت خۆت بگونجێنیت. تۆ تەماشاکە پرسیارەکە دەربارەی چییە و منیش باسی چی دەکەم و چۆن لاڕێم گرتووە!

دەربارەی ڕەحمەتی مام هەژاری موکریانی لە بەغداوە بۆرە ناسیاوییەکم لە تەکیدا هەبوو، بەڵام لە ساڵی١٩٨٠ کە لە کەرەج دەژیا منیش پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووم و بە ئیجازە سەردانی تارانم کرد چوومە کەرەج و مامۆستام بینی هێشتا زۆر بە گوڕوگوڕژم بوو. کار و چالاکی ئەدەبی جۆر بە جۆری بە دەستەوە بوو. لە دوای کۆچی دوایی سەرۆك مەلا مستەفای بارزانی ئەو پەیوەندییەی جارانی بە سیاسەتەوە نەمابوو، بەڵام وتی بە ڕەحمەت بێ کاك ئیدریس و کاك مەسعود جار جار دێنە لام بۆ ماڵەوە سەردانیم دەکەن و هەر بە دەست ئاماژەی کرد و وتی ماڵەکانیان لەوسەرەوەیە لێرەوە دوور نییە. زۆر پرسیاری ڕەحمەتی عەبدولرەحمان زەبیحی(عولەما) لێکردم کە موخابەراتی عێراقی لەناویان برد و گفتی لێ وەرگرتم هەر جارێك ڕێگام کەوتە تاران سەردانی بکەم.

ئەو سەردانەی مام هەژار زۆر قورس بە سەرما کەوتەوە. هەرچەندە ڕاستەوخۆ هەموو شتێکم بۆ کاك نەوشیروان مستەفا باسکردبوو زۆریش بە لایەوە ئاسایی بوو، بەڵام چەند کەسێك کە لەناو یەکێتیدا لە لووتکەدا بوون پێیان ناخۆش بوو ڕووبەڕووش گلەییان لێکردم و لێرەوە هەستم بە گۆڕانی هەڵسوکەوتی ئەو برادەرانە کرد و زانیم ئیتر لەناو یەکێتیدا جێگام نابێتەوە.

لە ساڵی ١٩٨١دا جارێکی دیکەیش سەردانی مام هەژارم کردەوە و شەو میوانی بووم. زۆر هانی دام بچم بۆ ئەوروپا و دونیا ببینم و لەو بارودۆخەی شەڕی براکوژیش دوور بکەومەوە. باسی ئاوارەبوونی خۆی و زەبیحی کرد چۆن لە تەمەنی گەنجیدا گەیشتوونەتە پاریس لە فەرەنسە و چ دەردەسەرییەکیان تووش هاتووە، بەڵام هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە ئەوسا لە هەڕەتی لاویدا بوون و موغامەراتیان کردووە و بەزم و بەسەرهاتی تاڵ و ناخۆشیان زۆر



چەشتووە. نوکتەیەکی بۆ گێڕامەوە بەبێ ئەدەبی دەزانم لە ئاست دوو شاعیری زۆر گەورەی کوردا، بەڵام بۆ مێژوو باسی دەکەم، چونکە منیش دەمرم و بۆ لای ئەوان دەچم و هیچ تانە و تانووتی تیادا نییە و ئەو دوو شاعیرە کوردپەروەرە زۆر لەوە مەزنترن بە خراپی باس بکرێن. هێمن و هەژار هەر لە کۆنەوە زۆر هاوڕێ بوون و تەنانەت پێش بیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠هەردووکیان لە یەك ژووردا لە ناوپردان پێکەوە پێشمەرگە بوون و خەریکی کاروباری نووسین بوون. ئەوسا کە تەمەنم ١٦ساڵان بوو بۆ یەکەمجار لەو ژوورەی خۆیاندا چاوم بە دیداریان شاد بوو و مامۆستا هەژار فەرمووی لە هێمنەوە فێری کوردی دەبم چونکە ئەوی بە مامۆستای خۆی دەزانی لە زماندا هەرچەندە مامۆستا هەژار دانی بە زمانی کەسدا نەدەنا و دوو دێڕت بخستایەتە بەردەمی قەلەمی سووری هەر پیادا دەهێنا. با لە باسەکە دوور نەکەومەوە بە هۆی گۆڕانکارییەکانی دوای نەمانی شا لە ئێران و گەڕانەوەی مامۆستا هێمن بۆ مەهاباد هەژار هەر لە کەرەج مایەوە و سوعبەت و نوکتە و قسەی خۆش و نەستەق لەنێوانیاندا بەردەوامبوو. مام هەژار وتی هێمن ماوەیەك پێش ئێستا تەلەفۆنی بۆ کردم پێمدەڵێت ئەوە تۆ بە تەمای لە کەرەج بمریت؟ ئەدی کەنگێ بۆ سابڵاخ دەگەڕێیتەوە؟ وتم خودا دەزانێت. وتی دەزانیت ئەلعان من چی دەکەم؟ وتم نەوەڵڵا چوزانم. ئەوجا هێمن بە تامولەزەتەوە وتی من وام لە سابڵاخێ پۆلێ کیژی جوان و ناسك و نازدار چواردەوریان گرتووم و شیعریان بۆ دەخوێنمەوە. ئەدی تۆ کێ لە دەورەت ڕاوەستاوە؟ مام هەژار فەرمووی قسەکەی هێمن زۆر کاری تێکردم و پێمگوت هێمن دەزانی بۆچی دەورەیان داویت؟ گوتی شیعریان بۆ دەخوێنمەوە. گوتم نەو وا نییە مەیموون لە هەر شوێنێك بێت خەڵکی دەورەی لێدەدەن. ئەوسا جیاوازییەکی سیاسی کەوتبووە نێوان هەردووکیانەوە و مام هەژار پێی وابوو هێمن زۆر تەنازولی کردووە و نەدەبوو وا بکات. خوا لە هەرووکیان خۆشبێت و گۆڕەکانیان پڕ بێت لە نور تەمەنێکی دوور و درێژیان پێکەوە بەسەر برد و خزمەتێکی بێ وێنەی ئەدەبی کوردیان کردووە.

ئەو دوو جارەی چوومە لای مام هەژار دیاربوو هەرچەندە نیشتەجێی کەرەج بوو، بەڵام یەك یەك هەواڵی نووسەر و ئەدیبانی لای خۆمانی دەپرسی کە چی دەکەن و خەریکی چین. بە ڕاشکاوی وتی دڵم هەر لەوێیە، بەردەوام لەوێیە، شەوانیش خەونیان پێوە دەبینم. ئەو کاتەش بە وەرگێڕانی قورئان و کارەکانی عەلی شەریعەتمەداریەوە خەریك بوو بۆ زمانی کوردی. چەند جارێك ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئەو ئینسانێکە ئەگەر نەنووسێت دەسبەجێ دەمرێت. دەیگوت نووسین بۆ من وەك هەوا وایە بە بێ نووسین ناتوانم هەناسە بکێشم. مام هەژار ئەوەندە لە

ئەدەبیات و تاقیکردنەوەکانی ژیاندا دەوڵەمەند بوو هەرگیز پیاو لە گوێگرتنی تێر نەدەبوو. دووبارەبوونەوەی کەسانی وەك هەژار و هێمن و مەسعود محەمەد و مەلا شوکور و حەمەی مەلا کەریم زەحمەتە بە تایبەتی ئەگەر بارودۆخەکەی سەردەمی ئەوسا لێك بدرێتەوە. یەکێکی وەکو رەحمەتی مەسعود محەمەد چوار سەعات بێ راوەستان قسەی بکردایە، پیاو وایدەزنی چوار دەقیقەیە.

مایەوە بڵێم خۆشەویسترین کتێب لە ژیانمدا کتێبی (مەم و زینی خانی هەژار کردوویە بە موکریانی) بوو. چونکە لە تەمەنی شازە ساڵیمدا لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کارم دەکرد و کە ناوم ئاشکرابوو لە ناحیەی دووبز پێش رێکەوتنەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠چوومە ریزەکانی شۆڕشەوە و لەوێ سەردانی مام هەژار و مام هێمنم کرد. مام هەژار ئەو کتێبەی پێشکەش کردم و بە دەستخەتە جوانەکەی لە سەری نووسیبوو، منیش وەکو چاوم پاراستبووم و شانازیم پێوە دەکرد. ئەو کتێبە یەکەمین دیاری بوو کە دانەرەکەی پێشکێشمی بکات. هەروەها ئەوەشم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە کە ئامۆژگاری کردم بگەڕێمەوە و بایەخ بە خوێندن بدەم و هێشتا زووە بۆ پێشمەرگایەتی. ئەو کاتەش بارودۆخەکە ئارام بوو سەرەتای مفاوەزاتی ١١ی ئازار دەستی پێکردبوو.

دەربارەی رەحمەتی کاك بورهان قانیع لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە یەکترمان ناسی کاتێك ئێواران لە دەزگای هاوکاری دامەزرام لە نزیکەوە ئاشنایەتیمان پەیدا کرد و هەندێجار کە قسەیەکی لادەکردم دەیگوت لای کەس باسم نەکردووە تەنانەت کاك ئەمینیش نازانێ(مەبەستی لە کاك ئەمین شوان سکرتێری جەمال بابانی بەڕێوەبەری گشتی بوو). ئەو دەمە وابزانم ماڵیان لە باب المعظم بوو لە بەغدا و هەردووکمانیش لە ئیزگەی کوردی بەغدا بەرنامەی تایبەتیمان هەبوو تا رادەیەك رۆژانە دەمبینی.

بۆ من کاك بورهان ئەرشیفێك بوو لە زانیاری و مێژوو. هەندێکجار دەردە دڵی خۆی بە ساتیرە شیعر دەردەبڕی و توانایەکی سەرکەوتووی لەو بوارەدا هەبوو. ئەگەر دەسەڵاتی شتێکی نەبووایە لە بەر بارودۆخی ئەو رۆژگارە، ساتیرە شیعرێکی دەنووسی و بۆ کەسانی نزیکی خۆی دەخوێندەوە. من چەند ساتیرە شیعرێکیم هەر لە بیر ماوە. یەکێك لەو ساتیرانە دەسکاریکردنی شیعرە بەناوبانگەکەی شێخ رەزای تاڵەبانی بوو:

**بە بیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو**



**نە مەحکومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**

ئەو بە شێوەیەکی زیرەکانە تێکڕای شیعرەکەی دەستکاری کردبوو بە جۆرێك مەبەستی لە هەردوو بەڕێوەبەری گشتی مامۆستا جەمال بابان و عوسمان محەمەد فایق بوو کە لەلایەن پێشمەرگەوە کوژرا پاش ئەوەی بە تەواوی بێتامی کردبوو. ئەو پیاوە خۆی کوردێکی خەڵکی سلێمانی بوو، بەڵام دژی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی کوردانە بوو. تەنانەت وشەی کوردستانی قەدەغە کردبوو دەیگوت دەبێت بنووسن ناوچەی ئۆتۆنۆمی. لە بیرمە کاکە حەمەی مەلا کەریم لەو رۆژگارەدا بابەتێکی بڵاوکردەوە تیایدا نووسیبووی دەستکاری وتارێکی کراوە و وشەی کوردستان کراوەتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کاتێکدا ئەو باسی کوردستانی ئێران دەکات و لەوێش شتێك نییە بە ناوی ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە.

دێمەوە سەر رەحمەتی کاك بورهان کە پیاوێکی زیرەك و قسە خۆش و رووبەڕوو بوو. تا بڵێی حەزی لە سوعبەت و نوکتەی پڕ مانا و بەسەرهاتی نەبیستراو دەکرد. هەندێکجار لاسایی ئێمەی دەکردەوە و دەیگوت شیعرێکی نوێم بۆ هاتووە کە دەیخوێندەوە لە شیعری ئەوانە جوانتر بوو کە بە زۆر خۆیان بە شیعری نوێوە هەڵواسیبوو. ئەوەندە بە لەزەت باسی خواردنی دەکرد پیاو برسیشی نەبووایە شەهیەی دەکرایەوە. من یەکێك بووم لەوانەی بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە دەزگای رۆشنبیری کوردی کارم کرد، کاك بورهان نووکە دەرزیەك دڵی لێم نەیەشاوە و کە لە ساڵی ١٩٧٨دا خوێندنی قانونم تەواوکرد لە زانکۆی بەغدا وازم لە کارەکەم هێنا لە دەزگای رۆشنبیری و چوومەوە کەرکوك.

ماوەیەك سەرپەرشتی گۆشەی خوێنەرانی دەکرد واتە وەڵامی ئەو نووسینانەی دەدایەوە کە بۆ بڵاوکردنەوە نەدەشیان. کەسی وا هەبوو چوار پێنج جار وەڵامی دابووەوە و بە پێکەنینەوە دەیگوت کوڕینە ئەم برادەرە مەعمیلێکی بەردەوام و کۆڵنەدەری گۆشەی خوێنەرانە هەقی وایە ئەمجارە کۆپلە شیعرێکی بۆ بڵاوبکەینەوە.

لە ساڵی ١٩٨٠دا کە بوومە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ شاعیری هاوڕێم کاك حەمەی حەمە باقی لە بارەگاکەی کاك نەوشیروان مستەفا لە زینۆی سووری خڕەی ناوزەنگ بووین. کاك نەوشیروان کە ئەوسا سکرتێری گشتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، زۆر رێزی نووسەران و هونەرمەندانی دەگرت. ئەو کاتە کاك بورهانیش پێشمەرگەی یەکێتی بوو کە یەکەمجار لە خڕەی ناوزەنگ چاومان بەیەکتر کەوت هەردووکمان لە خۆشیاندا

نەمان دەزانی چی بڵێین. دێتەوە یادم زۆر مەدحی کاك نەوشیروانم کرد و ئەویش وتی بە زووترین کات منیش دێم بۆ لای ئەگەر قەبوڵ کات حەزدەکەم لەگەڵ ئێوەدا کاربکەم. ئەوەبوو نەگەیشتە هەفتەیەك هاتە لای خۆمان و لە تەنیشت بارەگاکەوە من و کاکە حەمەی حەمە باقی کەپرێکی هاوینەمان هەبوو شەوانیش هەر لەو کەپرەدا دەخەوتین و بە کاك بورهانەوە بووینە سێ نووسەر. ئێمە کەسمان کۆمەڵە نەبووین، بەڵام خەریکی کاری وەرگێران بووین. یەکێك لەو کارانە کتێبێکی گەورە بوو دەربارەی شەڕی پارتیزانی من و کاکە حەمە لە عەرەبییەوە کردمان بە کوردی هەروەها من نامەی ئەو شەهیدانەم کۆدەکردەوە کە بە ئیعدام حوکم درابوون و لە زیندانەوە بەر لەوەی ئیعدام بکرێن لەسەر پاکەتی جگەرە و مقەبا و زۆرجاریش کاغەزی ئاسایی نووسیبوویان. کاك بورهان خەریکی نووسین و وەرگێران بوو، بەڵام دیار بوو لەگەڵ مام جەلال و کاك نەوشیرواندا پێکهاتبوو لەسەر شێوەی دەزگا ڕۆشنبیرییەکەی بەغدا لەناو شۆڕشدا دەزگایەکی لەو بابەتە بکاتەوە. پێشنیازەکەی پەسندکرا بوو لە دۆڵەکەی خوارەوەی زینۆی سوور شوێنێ بۆ دیاری کرا و لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا بەربوونە کارکردن. کاك بورهان خۆی وەستای یەکەمی ئەو کارە بوو هەروەها لە هەموویان زیاتر ماندوو دەبوو. تا لە ماوەیەکی نموونەییدا دوو ژوور و بەرهەیوانێك دروست کرا و ناوی لێ نرا: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر خۆیشی بەڕێوەبەری دەزگاکە بوو. ژمارە شەشی بڵاوکراوەکانیان کۆمەڵە شیعرێکی من بوو کە لەسەر پێشنیاز و داخوازی کاك بورهان یەك لاپەڕەی تەواوی وێنەیەکی من بوو بە نەخشەسازی کاکە عەبەی هونەرمەند کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە و ئەو وێنەیە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆری کردمەوە. خۆمیش پێمخۆشنەبوو، بەڵام کاك بورهان سوور بوو لە سەری. بە داخەوە کەسانێك هەبوون لە خۆڕایی گەڵتەیان بە نووسەران دەکرد، ئینجا نەخوازەڵڵا وێنەیەکی لەو بابەتە. دەیانگوت لاسایی کیم ئیل سۆنگ و ماوتسی تۆنگ دەکاتەوە و هەموو جارێك کە ڕەخنەم لێ دەگیرا کاك بورهان دەیگوت ئای کە بەستەزمانی و لێی نازانی با بێن لە من بپرسن خۆم وەڵامیان دەدەمەوە.

ڕاستییت دەوێت لە هەموو شوێنێکدا ئەو جۆرە کەسانە هەن کە ئەگەر پیاو تۆزێك چاو قایم نەبێت کۆڵی پێدەدەن. مێژووە حەیاتەکەیش ئەو قارەمانانە بە شۆڕشگێر لە قەڵەم دەدات و کەسانی دڵناسك و هەست پاکیش بە ڕووخاو. چونکە زۆربەی کات ئەوەی مێژوو دەنووسێتەوە سەر بە لایەنێکی سیاسی بووە. من ئامادەم لە نووسینێکی تایبەتیدا ئەو فاکتەرانە ڕوون



بکەمەوە کە هۆی چییە تەنانەت لەناو شۆڕشیشدا هەندێك کەس دەبن بە شۆڕشگێڕ و هەندێکی دیکەیش لە شۆڕش دوور دەکەونەوە بە مەرجێك ئەوانەی دوور دەکەونەوە زۆر لەوانە دڵسۆزتر بوون کە تەنگیان بێهەڵدەچنین. کاتی خۆی شۆڕش کەسانی وای زۆر تیادا بوو پاش ڕاپەڕینیش هەر ئەو کەسانە بوون بە خاوەن دەسەڵات. بۆیە ئەوە بیست ساڵ زیاترە کورد نیمچە ئازادیەکی هەیە، بەڵام بەردەوام بە دەست گەندەڵییەوە دەناڵێنێت.

کاك بورهان لە گەرمەی سەرقاڵبوونی بە کاروباری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەوە لە پێشمەرگایەتی سارد ببۆوە و لای من کەوتبووە دەردە دڵ و دەیگوت من و تۆ هەرچییەك بکەین، خۆشیان ناوێین. تەنانەت برادەری نزیکی هەبوو بۆی دەگێڕایەوە لە کۆبوونەوەشدا ڕەخنەیان لێمان گرتووە و ناو و ناتۆرەیان خستۆتە پاڵمان. ئەوسا کاك بورهان خەریکی وەرگێڕانی کتێبەکەی موعەممەر قەزافی (کتێبی سەوز) بوو بۆ کوردی. وتی وەرە لەگەڵمدا دەچین بۆ تاران و لەوێ چاومان بە سەفیری لیبیا دەکەوێت و داوای ئەوە دەکەین بچین بۆ لیبیا، لەوێش دەچینە لای موعەممەر قەزافی و ئینجا تەماشاکە چیمان بۆ دەکات. هەروەها وتی هەموو حزبە کوردییەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە مونافەسەیانە خۆیان لەو پیاوە نزیك بکەنەوە و شانازی بە دۆستایەتییەوە دەکەن، ئیتر بۆ دەبێت بۆ ئێمە حەرام بێت. ئەوسا من ئامادە نەبووم و تەواو شارەزای بارودۆخەکە نەبووم. ئەوەبوو لەو کاتەدا خێزانەکەی بە سەردان هاتبوو بۆ لای کە ڕۆیشتەوە پێی وتم پێشنیازێکی دیکەم هەیە. من خۆم بە کارەکەی سەفارەتەوە دەچم، بەڵام تا ئەو کاتەش دانانیشم خۆ من و تۆ لە هیچ تەنزیمێکدا نین و ئامادەی هیچ کۆبوونەوەیەك نابین، بۆیە کەسیش هەقی بە سەرمانەوە نییە ئەگەر بۆ خۆمان دانیشین. وتی خێزانم هەندێك پارەی بۆ هێناوم و وەرە ببە بە شەریك و هەرچەندە پارەشت نییە چێشتخانەیەك لە قاسمەڕەش دەکەینەوە و بۆ خۆمان کاسبی دەکەین. هەروەها وتی لە چێشتلێناندا شارەزایی هەیە و دڵنیایە کە لەو کارەدا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنین.

ڕۆژانە لەوبارەیەوە گفتوگۆمان دەکرد. بە ڕاستی منیش بارودۆخی دەروونیم تەواو نەبوو. بە ئاشکرا هەندێك کەس خۆشییان پیامدا نەدەهات و هەوڵیان دەدا گێروگرفتم بۆ دروست بکەن و بەرێز مام جەلال خۆی ئاگاداری ناکۆکییەکان بوو.

کاك بورهان بۆچوونێکی تایبەتی هەبوو دەیگوت ئێمە بەرانبەرمان لە ڕژێم گرتووە، بەڵام هیچ مەرج نییە لە ڕیزی حزبێکدا بین ئەوجا بە بەرهەڵستکاری ڕژێم لە قەڵەم بدرێین. منیش پێموابوو کە قاسمەڕەش سەنتەری قاچاخچییەکانی نێوان عێراق و ئێرانە ئەگەر ئێمە چێشتخانە

بکەینەوە چ جیاوازییەکمان لەگەڵ ئەواندا دەبێت. لە وەڵامدا وتی جیاوازیمان ئەوەندە زۆرە هەر بەراورد ناکرێت. من و تۆ خاوەن قەڵەمین، کە ئەو کارە دەکەین خۆی لە خۆیدا ناڕازیبوونە لە ڕژێم و لە شەڕی شەڕی براکوژییش. بەم هەنگاوە سەرەتای ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دروست دەکەین بۆ هەموو ئەوانەی دژی شەڕی ناوخۆن و وردە وردە دەبن بە شاگرد لە چێشتخانەکەی ئێمە و کاتێك زانیمان خۆمان پێ بەڕێوەدەچێت، ئەوسا حزبێك ڕادەگەیەنین تیایدا حەرام و قەدەغە دەبێت کورد فیشەك بە کوردەوە بنێت. ڕاستە، بیر و بۆچوونەکەی تاڕادەیەك خەیاڵی بوو، بەڵام من شایەتحاڵم کە ئەو پیاوە لە داخی شەڕی براکوژی و بارودۆخی دڵتەزێنی ئەوسای کورد لە ناچاریدا ئەو بیرۆکەیەی بۆ هاتبوو لە ڕێگای دروستکردنی چێشتخانەیەکەوە ڕێکخراوێك یان حزبێکی سیاسی دامەزرێنێت. وا بزانم ڕەحمەتی پاشان هەر خۆی بە تەنیا چووە تاران و چاوی بە سەفیری لیبیاش کەوتبوو، بەڵام نازانم ئەنجامەکەی چۆن بوو.

جارێك مام جەلال کۆبوونەوەی بە کۆمەڵێك لە کادیرانی ڕاگەیاندن کرد لە بارەگا هاوینیەکەی خۆی لە توژەڵە من و کاك بورهانیش ئامادە بووین. دیاربوو یەکێك لەو برادەرانە ڕاپۆرتی لەسەر کاك بورهان نووسیبوو، ئەویش هەواڵەکەی پێگەیشتبووەوە، بۆیە لەو کۆبوونەوەیەدا بە ڕاشکاوی وتی: مامە گیان من کە لە بەغدا بووم لە ڕاگەیاندێکدا کارم دەکرد سەر بە ڕژێمی بەعس بوو ناچار بووین چیمان پێ بڵێن تەرجەمەی بکەین و بە دەستی خۆمان نەبوو. هەر لەو کاتەدا تەماشای یەکێك لە ئامادەبووان کرد و (کە ڕاپۆرتەکەی نووسیبوو) بە دەنگی بەرز وتی هەندێك کەسیش ئەمەیان کردۆتە ڕاپۆرت و نان و پیازی پێوە دەخۆن. مام جەلال پێکەنی وتی دەزانم ئەو شتانە هەموویان دەزانم.

ڕەحمەتی بورهان قانیع مرۆڤێکی کوردپەروەر و زمانزان و گەڕیدەبوو. تاقیکردنەوەی زۆری هەبوو لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا و ڕۆژگار زۆربەی بوچوونەکانی سەلماند. بە داخەوە بە هۆی کارەساتی ئوتۆمبێلەوە کۆچی دوایی کرد. لێرەدا هەزاران سڵاو بۆ ڕۆحە ئارام و ئاسوودەکەی دەنێرم.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): تۆ لە شیعرێکدا دەڵێیت:

خۆشەویستی وێنەی زۆرە
بەڵام لای من
بەهێزترینیان دوو جۆرە



یەکەمیان، پێویستی لەش و
فەرمان و قەدەری خوایە
دووەمیشیان، وەك هەوایە
گشت چرکەیەك
بەبێئەوەی ئاگادار بیت
لەناخەوە هەڵیدەمژیت
ئاوی ڕوحە
چوار وەرزی ساڵ ناگۆڕێت و
وەك خۆی وایە
ئەم جۆرە خۆشەویستییە
زمانێکی تایبەتییە
بەبێئەوەی دەم بجوولێت
لێو لەیەکدات
هەر بەسووکە تەماشایەك
بەرانبەرەکەت تێدەگات.

تۆ خۆت دوو جۆر خۆشەویستیت دەست نیشانکردووە، ئەم جیهانە تەڕ و سەوز و هەمیشە بەهارەی خۆشەویستی کە لە توانایدایە سنووری زەمەن و تەمەن ببڕێت، چ جێگایەکی لە شیعر و ژیانی تۆدا داگیر کردووە؟ دەتوانیت پەیوەندی نێوان تۆ و خۆشەویستی و شیعر باس بکەیت و بەسەرهاتەکانی خۆشەویستیتمان بۆ بگێڕیتەوە؟

**سەلام محەمەد**: بە درێژایی ژیانم ئەمە یەکەمین جارە باسی خۆشەویستی دەکەم، لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری کارەسات و کوێرەوەرییەکانی ئەو ژیانەم ئەنجامی خۆشەویستی بوون یان هەڵەی خۆشەویستی بوون یان تێنەگەیشتن بوون لە خۆشەویستی. ئەگینا وا تەمەنم پاڵدەداتە شەست ساڵ و هێشتا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاگری خۆشەویستی لە گیانی مندا بەتاوتر کڵپە دەدات و بڵێسەکانی خامۆش بوونەوەیان بۆ نییە. بەردەوام لە چرکەیەکدا دەژیم کە تیایدا چاوەڕێی کەسێك دەکەم ئارامی دەبەخشێتە ژیانم و گیانم، بەڵام ئەو کەسە کێیە کەی دێت؟ هەر نەهات و نەهات. لێرەدا فریا ناکەوم باسی هیچ بکەم، چونکە چاوەڕوانییەکەم گەلێك

دریژخایەن بووە و بە جۆرەها هەوراز و کەندەلان و بیاباندا تێپەڕیوم. لەو کۆپلە شیعرەدا کە وەك نموونە هێناتەوە دوو جۆر خۆشەویستیم دیاریکردووە هیچیان پەیوەندییان بە زاتی خۆمەوە نییە. یەکەمیان ڕۆتینێکی ئاساییە و دووەمیش خەونێکی خۆشی بەر تریفەی مانگەشەوە. دەڵێم خەون چونکە ژن و پیاو هەردووکیان پێویستیان بە کەسێکە تا ئەو ڕادەیە شارەزای یەکتر بن، پەنا نەبەنە بەر وشە و دەربڕین بەڵکو هەر بە زمانی چاو لە یەك تێبگەن و کورد وتەنی: (دەڵێی لە دڵی مندا بووی) ئەمەش زیاتر لەوەی خۆشەویستی بێت، پاراسایکۆلۆژی و بەیەکەوە گونجان و خوێندنەوەی یەکترە. بێگومان خەیاڵ نییە، بەڵام ڕەنگە ڕەخساندنی ئەو بارە دەروونییە بە ئاسانی دروست نەبێت و بێجگە لە بەیەکەوە ژیانی دریژخایەن، بە کۆمەڵێك تاقیکردنەوەی سەخت و ناخۆش و لە هەمان کاتدا خۆشیشدا تێدەپەڕێت، تا دەگاتە قۆناغێك دەزانێت بەرانبەرەکەی چۆن بیر دەکاتەوە و دڵی بە چی دەگوشرێت یان دەکرێتەوە. وەك وتم ئەمە گونجان و تێگەیشتنە لە ئاستێکی بەرزدا، بەڵام دووریش نییە کە لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە هەڵقوڵێت، چونکە کە یەکێك بە ڕاستی کەسێکی خۆش بوێت، حەز دەکات ورد و درشتی ژیانی بخوێنێتەوە بە بینراو و نەبینراوەوە تا بزانێت چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. بە جۆرێك بیروبۆچوونەکانیان دەخەنە چوارچێوەیەکەوە مەودا دوورەکانی نێوانیان زۆر نزیك دەبێتەوە. لێرەدا تێگەیشتنی تەواو لە یەکتری و قایلبوون بەو تێگەیشتنە ئەم جۆرە خۆشەویستییە دروست دەکات. خەیاڵی نییە، بەڵام زۆریش دەگمەنە.

خۆشەویستییەکی دیکە هەیە پێیدەڵێن خۆشەویستی ڕاستەقینە، کە پلە بە پلە بە پەیژەی ژیاندا هەڵدەزنێت تا دەگاتە ئاستی عیشق. ئیتر لەولای عیشقەوە بۆشایی دیکە نامێنێت، تەنها ئەوەندە نەبێت کەوتوویتە کوێی ئەو عەشقەوە. چونکە لەنێوان کەنارەکانی عەشق و ناوەڕاستیدا دیسان کۆمەڵێ پلەی جیا جیا هەن کە ڕەنگە ئەوەی تووشی مەجنوونەکەی لەیلا هات، ئاستێك بێت لەو پلە جیاوازانە کە ئەنجامەکەی بە شێتبوونی ئینسان دەکەوێتەوە. هیچ مەرج نییە ئەگەر یەکێکت خۆشویست، عاشقی بیت. بەڵکو سەرەتاتکێکردنی حەز و خولیاکانی ناوەوە هەنگاوی یەکەمە، لە کاروانی تاقیکردنەوەیەکی درێژ و قورسدا کە بە داخەوە کەم کەس تیایدا بەردەوام بە سەرکەوتوویی تا ئەوسەر واتە تا مەرگ لە یەك جودایان دەکاتەوە هەمیشە بۆ پێشەوە هەنگاوی ناوە. ئەم جۆرە خۆشەویستییە بە جۆرێك پێناسە کراوە کە ئینسان خۆی چی پێ خۆشبێت هەمان خواستی بۆ بەرانبەرەکەی بە زیادەوە هەبێت. چ مافێك بە خۆی ڕەوا دەبینێت، ئەوەندەش پەرۆشی مافەکانی بەرانبەرەکەی بێت. بە مەرگی



خۆی ڕازی دەبێت نەك بەرانبەرەکەی. بە کورتی هۆی سەرەکی ئەو خۆشەویستییە زۆر لە تامەزرۆیی و سێکس گەورەترە. واتە ئینسان ئەوەندەی ماف دەداتە بەرانبەرەکەی بیر لە خۆی ناکاتەوە چونکە ئەو کاتە تەنها بەوە دڵی خۆش دەبێت کە دەبینێت بەرانبەرەکەی دڵخۆشە. نازانم ئەمەش عەشق و شادی و بەختەوەرییە، یان جۆرێکە لە بەندایەتی.

لەم ڕووەوە من بە چەند تاقیکردنەوەیەکی خۆشەویستی بچووك و گەورەدا تێپەڕیوم، بەڵام تا ئەم لەحزەیەش نەکەوتوومەتە ناو ئاگری عەشقە ڕاستەقینەکەوە. وا لە عەشق تێگەیشتووم کە هەرگیز بە جیابوونەوە کۆتایی نایەت تەنها بە مردن نەبێت. کە دەڵێم عەشقی ڕاستەقینە دیارە دەبێت عەشقی قەستیش هەبێت. بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری واتێدەگەم ڕەگی ڕاستەقینەکە ئەوەندە قوڵ ڕۆچۆتە ناخەوە، بەراورد ناکرێت بە هیچ هۆکارێکی دیکە وەك ماڵی دونیا یان کەسوکار و ناسیاو. چونکە ئینسان بوونی خۆی لە بەرانبەرەکەیدا دەدۆزێتەوە و ئامادە نییە لە پێناوی شتی دیکەدا یان کەسی دیکەدا تەزحیەی پێبدات. ئەمە دابڕانی عاشق نییە لە کۆمەڵ، بەڵکو هەموو دەوروبەرەکەی لەگەڵ مەعشوقەکەیدا دەگونجێنێت بەبێ ئەوەی فشار بخاتە سەر هیچ لایەکیان. دەتوانیت هاوسەنگی هەردوولا ڕابگرێت بە بێ ئەوەی دڵی نزیکترین کەسیش بیەشێنێت. کە دەڵێم نزیکترین کەس، چونکە لە خۆشەویستی و عەشقی ڕاستەقینەدا کەس جێگای مەعشوق بۆ عاشق ناگرێتەوە. هەر کاتێك گرتییەوە ئەوە درزێکی گەورە لەو پەیوەندییەدا هەیە. عەشق بێجگە لە هەست و نەست و گوفتار بە ڕەفتارو کردەوە پێوانە دەکرێت. مەبەستم ئەوەیە ڕەفتار ڕاستییەکان ڕوون دەکاتەوە، نەك هەستی شیرین و گوفتاری هەنگوینی کە بە داخەوە هەندێجار دەبێتە ڕقەبەرایەتی و نەمانی پردەکانی سۆز و بەزەیی و بەتەنگەوەهاتن، کە لە دوو کەسی هاوسۆزەوە دەبن بە دوو کەسی پڕ لە گومان و تۆڵەسێن. چونکە لە بناغەوە خۆشەویستییەکە هاوسەنگ نەبووە بە بەردەوامی لەژێر گوشاری ساردی و گەرمی وەرزەکانی ساڵدا بووە و لەم جۆرە خۆشەویستییە سێکس دەورێکی باڵای هەیە.

من تووشی زۆربەی جۆرەکانی خۆشەویستی هاتووم، بەڵام پێموایە تاکو ئێستایش بە دیداری خۆشەویستی ڕاستەقینە شاد نەبووم و وەك بوخچەی نەکراوە وام. ئەگەر تووشیش هاتووم لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بووە چونکە خۆشەویستی هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان نابێت بە ڕق و تۆڵەسەندنەوە. ئەگەر بوو، ئەوە بنەڕەتەکانی خۆشەویستی زۆرلاواز بوون بۆیا هەرەسیان هێناوە. هێشتا بێ ئومێدیش نیم و عەلی مەردان وتەنی: (هەر دەڕۆم تا دەتوانم..... خۆم

غەریبی شارانم) کەس نازانێ بەیانی چۆن دەبێت، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەگەر هیوابڕاوبووم لە خۆشەویستی حەز دەکەم نەژیم و بمرم.

خۆشەویستی لە سەرەتادا کۆمەڵێك گرفتی دەروونیی گەورە هەڕەشەی لێدەکات. وەك غیرە و دوودڵی و گومان و دڵپیسی و لەیەکتێنەگەیشتن و تەنانەت خووی جیاوازیش کە هەموو ئەمانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێن. لێرەدا قەوارەی خۆشەویستییەکە دەردەکەوێت. ئایا ئەو دووانە بەرگەی گشت ڕەنگدانەوەکانی زەمانە دەگرن و توانای ئەوەیان هەیە لە پێناوی پاراستنی خۆشەویستیدا بەسەر خۆیاندا زاڵ بن، یان هەر لە سەرەتای ڕێگادا جیادەبنەوە و بە جۆرێکی دیکە بەختی خۆیان تاقی دەکەنەوە؟ هەن دەڵێن مادام خۆشەویستی غیرەی پێوەبوو ئەو غیرەیەش بووە هۆی دڵپیسی ئەوە خۆشەویستی نییە و نەخۆشییە. من دەڵێم وا نییە. هەموو خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە کەم تا زۆر بەو کەش و هەوایەی غیرەدا تێدەپەڕێت، بەڵام تا سەر نییە و لە ئاستێکی دیاریکراوا لاواز دەبێت و وردە وردە هیچ نامێنێت. ژمارەیەکی زۆر دەناسم بە خۆشەویستییەوە شوویان بە یەك کردووە پاشان پێکەوە نەماون و لەگەڵ جیاوازی مەوداکاندا جیابوونەتەوە واتە درەنگ و زوویی جیابوونەوەکە. کە لێرەوە تەماشایەکی دەوروبەرەکەی خۆم دەکەم دەبینم تا ڕادەیەك هەموو ئەوانەی بە خۆشەویستی یەکتریان هەڵبژاردووە ئێستا هاوسەری یەکتر نین و نەیانتوانیوە درێژە بە ژیانی هاوسەری بدەن. بەڵکو زۆربەی ئەوانەی کە ژیانێکی ئارامتریان هەیە بە بێ خۆشەویستی بوونەتە ژن و مێرد. کەواتە زۆر جار خۆشەویستی درەنگ دروست دەبێ و ڕەنگە ئەو درەنگە بەختی لە پەلەکردن باشتر بێت، بەڵام خۆی خۆشەویستی چییە؟ چی وا لە کوڕێك یان کچێك دەکات هەستی بۆ یەکێکی تایبەتی بجووڵێت و پاشان ئەو هەستە ناخی گەمارۆ بدات و بەردەوام بیری لێ بکاتەوە؟ ڕوخسار؟ جۆری قسەکردن؟ ئەقڵی کە ئەقڵ نابینرێت، بەڵام لە گفتوگۆدا دەردەکەوێت؟ میهرەبانی و بەزەیی؟؟ چی؟؟ سێکس، هەستکردن بە ئارامی و ئاسوودەیی لەگەڵ ئەو کەسەدا چی؟ دیارە شتێك لە بەرانبەرەکەدا سەرنجی لایەیەکیان ڕادەکێشێت و دەکەوێتە دوای ئەو سەرەداوەی دروستبوونی سەرنجەکە تا وردە وردە دەبێتە هەستێکی گەرم. ئینجا واز ناهێنێت تا بەرانبەرەکەی لەو هەستە تێدەگەیەنێت و ئەگەر شانسی هەبێت ئەویش بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو خۆشەویستییە دەکات، بەڵام نە ئەقڵ و نە دڵ و نە هیچ ئامێرێکی تەکنەلۆژی توانای پێوانی هەستی خۆشەویستی نییە تا نیشانی



بدات خۆشەویستی ئەو دوو کەسە لە چ ئاستێکدایە. دەڵێن دڵ ئاوێنەی دڵە، بەڵام تاقیکردنەوەکانی ژیان بۆیان سەلماندووم ئەو وتەیە ڕاست نییە.

ئەی وەك دەڵێن خۆشەویستی لە یەکەمین لەحزەدا کە لە فیلمە هیندیەکاندا زۆر باوە چییە و بۆچی؟ بۆچی کە یەکێکت خۆشدەوێت هەموو بیرەکانی دیکەت کاڵ دەبنەوە تەنیا وێنەی یار نەبێت؟ بۆچی کە ژنێك یان کچێك دەبینیت جاری وا هەیە ئەو ڕوخسارە بەردەوام لە پێش چاوتە و تا ماوەیەکی درێژ ون نابێت؟ کە کوڕێك یان کچێك کەوتە داوی ئەوەکەی دیکەوە، ئیتر هەموو دەوروبەر بە دار و بەردیشەوە وێنەی ئەو کەسە وەردەگرن. ئایا لە ڕاستیدا ئەمە خۆشەویستییە یان نەخۆشی؟ خۆشەویستی و هاوسەرگیریش دوو چەمکی جیاوازن چونکە خۆشەویستی هەستێکە بە دەمارەکانی ناوەوەدا تێدەپەڕێت و لەناو مێشکدا جێگیر دەبێت و ئینسان دەخاتە ژێر فشاری بەردەوامەوە تا ڕادەی هەستکردن بە داگیرکراوی. هاوسەرگیری داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتییە بۆ پێکەوەنانی خێزان. خۆشەویستی ئەقڵی نییە، بەڵام ئەقڵ بناغەی هاوسەرگیرییە. کاتێ خۆشەویستی بە هاوسەرگیری کۆتایی دێت وردە وردە جیاوازییەکان قوت دەبنەوە و بەربەرەکانێی یەکتر دەکەن. ئەو دوو ئینسانەی کە پێشترخۆیان بە یەك ئینسان دەزانی، تەماشا دەکەن مەوداکانی نێوانیان فرە دوور و بەربڵاوە و هەرگیز لە ژوان و ڕۆژە خۆش و ناسکەکانی دڵداریدا بیریان بۆ ئەو بۆشاییانە نەچووە کە پڕکردنەوەیان لەسەر زەمینەی واقیعدا تا ڕادەیەك قورس و مەحاڵە. بۆیە درەنگ یا زوو بە جیابوونەوە کۆتایی دێت. هەیشە بە پێچەوانەوە هەستی خۆشەویستیان پاش هاوسەرگیری دەمێنێت و کەم تا زۆر گەرموگوڕتریش دەبێت و بە ئەوپەڕی لەخۆبووردن و دڵسۆزییەوە گشت جیاوازییەکان دەخەنە قەوارەیەکی تەحەمولکراوەوە.

خۆشەویستی کە لێرەدا بە گشتی مەبەستمان لە خۆشەویستی نێوان ژن و پیاوە شێوەی زۆرە. بۆیە ڕەنگدانەوەکانی لەناو کۆمەڵگەیشدا ئاکاری جیا جیایان هەیە. ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن خۆشەویستی مۆدێرن خۆشەویستی نییە، بەڵکو شێوەیەکی ئاسانکردنەوەی پێویستی و ڕۆتینەکانی ژیانە. بە قەناعەتەوە دەڵێم بەشێکی زۆر لەم ڕۆژگارەدا سێکس و خۆشەویستیان تێکەڵاو کردووە. کە هەندێجار کۆپلە شیعرێك دەخوێنینەوە وەك ئەوەیە تەماشای ڕەسمێکی خەلاعی بکەین. بە ناوی مۆدێرنەوە مێبازی و خۆشەویستیش بە جۆرێك ئاوێتە کراون جیاکردنەوەیان ئاسان نییە. جاران ڕەخنەیەکی زۆر لە شیعرەکانی نەزار قەبانی دەگیرا، بەڵام لە چاو هەندێ بە ناو شیعری ئەم زەمانەوە ئەوانەی نەزار شیعری موحەجەبەن. ئەم باسە زۆر

هەڵدەگرێت و ڕەنگە توانای ئەوەم هەبێت کتێبێکی تەواوی لەسەر بنووسم، چونکە باسێکی زۆر ئینسانییە، بەڵام لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە من پێناسەی خۆشەویستیم نەکردووە. لەو کۆپلە شیعرەشدا دوو نموونەم هێناوەتەوە و خۆمیش وەك هەر پیاوێکی دیکە بە حەرام و کوفری نازانم ئەگەر خەون بە نموونەی دووەمەوە ببینم. هەمووومان خاوەنی خەونی تایبەتی خۆمانین، بەڵام لە خۆمان زیاتر کەسیش ئاگای لە خەونی کەسی دیکە نییە و ئەمەیە قودسیەتی خەون. ئەگەر ئێستا باسی خەونەکانی خۆشەویستیم بکەم هەموو دەوروبەرم دەبێتە بەهارێکی جوان و بۆنخۆش، بەڵام هەندێ خەون تا ئەو شوێنە پیرۆزە کە پێی دەگوترێت خەون هەر بە باسکردنی هەڵم دەکات. ئەگەر باسی ئەوە بکەم بە کاتی وادا تێپەڕیوم هێزێك پاڵی پێوە ناوم تەماشای وێنەی ژنێکی دیاریکراو بکەم و فەرامۆشیم پیادا هاتۆتەوە و حەزم کردووە یاری من بووایە و ئەگەر لەو دونیا هەندێك لە حۆریەکانی خودام بەرکەوێت ئەو یەکێکیان دەبێت. جاری وا هەیە ئەو ئیعجابە بە ژن لە یەك و دوو و سێ تێدەپەڕێت، بەڵام مانای ئەوە نییە پیاو شەیدای هەموویان بووە بەڵکو ئەوە بەشێکە لە سیستێمی ئەفراندنی ئینسان کە بە دەستی خۆی نییە. ڕەنگە هەر من وانەبم بەڵکو زۆربەی پیاوان بەو جۆرە بیریان و کردۆتەوە هەستی لەو بابەتەیان هەبووە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە ئەوەی من ئاشکرایە و هی ئەوانیش پەنهان و ڕاز و نهێنییە. من باشدەتوانم لە شاعیری ئینگلیزی لۆرد بایرۆن تێبگەم کاتێك وتوویەتی(خۆزگە لێوی هەموو ژنەکانی دونیا دەبوونە جووتە لێوێك ماچم دەکردن‌و ئیسراحەتم دەکرد).

من وەك تۆی نابینم کە دەڵێی (ئەم جیهانە تەڕ و سەوز و هەمیشە بەهارەی خۆشەویستی). جارێ لە خۆشەویستی ڕاستەقینەدا بە دەگمەن بەهارە ئەگەر هەمیشە دۆزەخ نەبێت. زۆر جار وتوومە کە هەندێك جۆری خۆشەویستی نەخۆشین، چونکە ئەوەندە ئاڵۆزن بەردەوام ئاگر لە دڵ بەردەدەن تا ئەمیان دەکوژێنیتەوە چەند پشکۆیەکی دیکە دەگەشێنەوە. دەبینیت پاش جیابوونەوە و ترازانیش بۆ یەکێکیان ژیان ئاسایی دەڕواتە ڕێگاوە، چونکە لە بنەڕەتەوە لە خۆشەویستی بەرانبەرەکەی تێنەگەیشتووە، بەڵکو بەو جۆرەی تەنیا خۆی هەستی پێدەکات و تێیگەیشتووە. ڕەنگە ئاسان نەبێت پێناسەیەکی وردی خۆشەویستی بکرێت، بەڵام پیرۆزترین و خاوێنترین نیعمەتە ئەگەر خراپیش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە نیعمەتەوە دەبێتە نیقمەت. حەز دەکەم بڵێم وا خۆشترە باس لە خۆشەویستی بکرێت کە ئینسان خۆی مەبەستییەتی. بۆ نموونە: حەز دەکات خۆشەویستەکەی چۆن بێت بە چ جۆرێك لەبەر چاوی ئەودا جوانتر دەبێت؟



دەربارەی من و خۆشەویستی وەك ئینسانێکی هەست ناسك کە لە تەمەنێکی زۆر زووەوە فێری خوێندنەوە بووم و شارەزاییم دەربارەی داستان و هەقایەتەکانی خۆشەویستی پەیداکرد. بۆیە هەر لەو تەمەنەوە خەونم بەوەوە دەبینی ڕۆژێك لە ڕۆژان ببم بە عاشقێکی ڕاستەقینەی وەك فەرهادی کۆکەن و ئەمیر ئەرسەلان و مەمی ئالان. بە خەیاڵی ئەوسا زۆر جار خۆم دەخستە جێی ئەو عاشقانەی بەسەرهاتەکانیانم دەخوێندەوە. بڕوا بکە لەو تەمەنەدا جاری وا هەبووە کە چیرۆکێکی خۆشەویستی دڵتەزێنم خوێندۆتەوە کاتێك هاتوومەتە دەرەوە ماتەمی دایگرتووم و خۆم لابۆتە کوڕە عاشقەکەی ناو چیرۆکەکە. مەراقم خوێندنەوەبوو لەسەر دڵداری و خۆشەویستی و ڕێگا دوور و پڕ لە مەترسییەکانی نێوان دوو دڵدار. ئەو ڕۆژگارە هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەگەر گەورە بووم چ کارێك بکەم، بەڵکو خولیای ئەوەم لەسەردا بوو عاشق بم و بەس. دانی پیادا دەنێم کە هێشتا (دۆن کیشۆت)م نەخوێندبووەوە، بەڵام دۆن کیشۆتانە بیرم لە خۆشەویستی دەکردەوە و زۆر جار بەو تەمەنەوە کە دەچوومە ناو جێگاوە خۆم لا دەبووە ئەمیر ئەرسەلان و تا خەو دەیبردمەوە بە سواری ئەسپ دەشت و دەرم دەبڕی بەرەو هەوارگەی یار. کاتێك تووشی یار دەهاتم بە سەر ئەسپەوە لە پشتەوەی خۆم گیرم دەکرد و لغاوی ئەسپەکەم توند دەکرد و بە پرتاو دەشت و کێوم تەی دەکرد. ئای کە خەیاڵێکی خۆشبوو، بەڕاستی ئەوەبوو هەمیشە بەهارێکی تەڕ و سەوز. وا لەم دونیایە تێگەیشتبووم کە عەشق وەڵامی هەموو پرسیارە بێ وەڵامەکانە و عاشق زۆر لە پاشا و سەرۆکەکانیش گەورەترە. ئەگەر بڵێم لە تەمەنی دوازدەساڵیمەوە هەوڵم داوە ئەو بیر و خەونە بهێنمە سەر زەمینەی واقیع شتێکی سەیر نییە. من لەو تەمەنەوە پڕ بە دڵ حەزم دەکرد بکەومە ناو تاقیکردنەوەیەکی خۆشەویستییەوە کە بێگومان ئەو خۆشەویستییەش دۆن کیشۆتانە دەبوو. دەمەویست وەك مەجنون و عاشقەکانی دیکە هەست بە سووتان و ئازاری گۆشتبڕژانی هەستەکانی ناوەوە بکەم لە کاتی دووری و فیراقدا. بە پێچەوانەشەوە ویساڵ و تام و بۆن و بەرامەی ماچێك ئەوەندە ڕۆمانسیانە چەتری بە سەرما هەڵدابوو، دەتگوت بە ڕاستی گوێم لە دەنگی ترپەی بارانی عیشقە بە بێ ئەوەی پەیوەندیم بە کچێکەوە هەبێت. بەبێ ئەوەی تاقە کچێکم ماچ کردبێت. ئای چەندە پاك و خاوێن و شاعیرانە بوو ئەو هەستە جوانانەی ناخیان داگیرکردبووم. من لەو سەر دەمەوە شیعرم دەنووسی و دەگەڕام یەکێك بدۆزمەوە شایانی ئەوە بێت شیعری بۆ بنووسم و بیکەم بە یاری خۆم تا لە ناخی دڵمەوە بۆی بخوێنم و بچریکێنم. دونیایەکی پڕ لە خەونی خۆش و بەرین بوو. مانگەشەوێکی بێ کۆتایی بوو. لەو تەمەنەدا بە باوەشێکی گەرم و

ڕۆحێکی سپی و سادە وبێگەردەوە هەردوو باسکم بۆ ژیان کردبووەوە و خەونی جۆرا و جۆرم دەبینی. بە چەند تاقیکردنەوەیەکی بچووکدا تێپەڕیوم و شیعریشم نووسیوە. تەنانەت کە لە دوبز تەمەنم سیازدە ساڵ بوو لە پۆلی دووی ناوەندی دەمخوێند و پۆلەکەمان تێکەڵاو بوو واتە کوڕان و کچان منیش نامە و شیعرم بە زمانی عەرەبی بۆ کچێکی مەسیحی نووسی. ئەو ڕۆژە کە گەڕامەوە تەنیا بیرم لای ئەوەبوو دەبێت چ وەڵامێکم بداتەوە؟ هەر نەمدەزانی هاوسەرگیری چییە! ڕۆژی دوایی کە چوومە ناو پۆلەوە شەرم دایگرتبووم و تەماشای ئەملاولای خۆم نەدەکرد، وەك ئەوەی کەتنێکی گەلێك گەورەم کردبێت. ئەویش هیچ ڕەنگدانەوەیەکی پێوە دیارنەبوو. ڕۆژێك، دووان، سیان، جواب نەبوو ناچار بە کورتە نامەیەکی دیکە پرسیارم کرد، چونکە بواری قسەکردن زۆر زۆر کەم بوو. دوای چەند ڕۆژێك لەناو پۆلەکەدا بە بێدەنگی کاغەزێکی دایە دەستم. خێرا چوومە دەرەوەی مەکتەبەکە تا کەس نەمبینێت. کە خوێندمەوە بە عەرەبی چەند دێڕێکی نووسیبوو واتاکەی بەم جۆرە بوو تۆ کوڕێکی باش و زیرەکیت بایەخ بە دەرسەکانت بدە هێشتا زۆرت ماوە بیر لە خۆشەویستی و هاوسەرگیری بکەیتەوە. لە ڕاستیشدا هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە و ئەو لە من ئاقڵتر بوو. بە هەمان شێوە لە ساڵی ١٩٦٦ دا کاغەزێکی دیکەم بۆ کچێك نووسی لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵا لە کەرکوك کە بە منداڵیی لە یەك گەڕەکدا بووین و بە خزم و برادەرێکی خۆمدا ناردم کە ناوی هاشم بوو. ڕۆژی دوایی لە ڕێی مەکتەبدا تووشی هاتم لێم پرسی نامەکەت خوێندەوە؟ وتی: ئا، بەڵام من نازانم باسی چی دەکەیت! ڕۆیشت و جێیهێشتم. سەرت نەیەشێنم بۆ خۆم فێری نووسینی نامەی دڵداری بووم و چەند جارێکی دیکەیش بەختی خۆم تاقیکردەوە هیچ ئەنجامێکی نەبوو. ڕووداوێکی سەیرم دێتەوە یاد کە نامەم بۆ کچە مەسیحییەکی دیکە نەك ئەوەی پێشوو نووسی و بە برادەرێکی مەسیحی دراوسێی خۆیان بۆم نارد و قسەی خێریشی بۆ کردبووم، بەڵام کچەکە ڕازی نەبوو. لە پاش چەند ساڵێك تووشی ئەو برادەرە هاتم وتی تەماشای قیسمەت بکە دەزانیت من فلانم هێنا و ئێستا خێزانمە. هەروەها بە پێکەنینەوە وتی کە تۆ نامەت بۆ دەنارد من پێش ئەوەی بیدەمێ لە ماڵەوە بە وردی دەمخوێندەوە و لەنێوان نامەکانی تۆوە زۆر پێی موعجیب بووم. تا ئەم دواییە واتە نزیکەی دە ساڵ دوای بەزم و ڕەزمی نامەکان خۆم خواستم و ئێستا خێزانمە. چەند جارێکیش لە شاری کەرکوکدا تووشی هەردووکیان هاتووم و بە گەرمی لە دڵەوە پیرۆزباییم لێکردوون. کە دوو سێ جاریش نامەم بۆ کچە



مەسیحی ناردووە، ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت کە وا تێگەیشتبووم ئەوان زۆر کراوە و تێگەیشتوون دەست بە ڕوومەوە نانێن کەچی ڕۆژگار بۆی سەلماندم کە پێچەوانەکەی ڕاست بوو. نایشارمەوە کە لەو تەمەنەدا عەجول بووم و گێچەڵم بە کچان کردووە و بەردەوامیش هەر بە ئومێدی ئەوە بووم خەونەکەم بێتە دی و ببم بە کوڕە عاشقەی ناو داستانەکان.

تاقیکردنەوەی هەرە گەورەشم لەگەڵ (قەدریە) واتە دایکی منداڵەکانمدا لە ساڵی ١٩٧٣دەستی پێکرد و پێموابوو ئەمەیان داستانە سوورەکەی خۆشەویستییە و بەر لە مردنم بە دیداری ئەو خەونە شاد بووم و حەسامەوە. خۆشەویستی چەند نیشانەیەکی ئاشکرا و زەقی پێوە دیارە و منیش بە دڵنیاییەوە ئەو نیشانانەم لە خۆمدا بەدی دەکرد. ڕێگام گرتە بەر و ساڵانێك ئەو خۆشەویستییە بە تەواوی ڕەنگەکانی ژیانمی گۆڕی، بە تایبەتی کە ئەو ساڵانە هەردووکمان قوتابی زانکۆ بووین و هێشتا نەکەوتبووینە ناو ژیانە ڕاستەقینەکەوە و دڵداریەکەمان لە دەرەوەی ماڵدا بوو. کاتێك پەیوەندیمان بە هاوسەرگیری کۆتایی هات. ئەوسا بۆم دەرکەوت خۆشەویستی و مەسئوولیەت دوو شتی جیاوازن و بارودۆخی ژیانم هی ئەوە نەبوو خۆم بخەمە ژێر باری هاوسەرگیرییەوە. چونکە مەرج و بنەڕەتە سەرەتاییەکانی خێزان دروستکردنم تیادا نەبوو وەك ماڵ و موچە و هەندێك شتی دیکە، کە هیچ گومانی تیادا نییە ئەو فاکتەرانە کارێکی ڕاستەوخۆ یان هەیە، بەڵام پەلەم بوو ڕۆژێك زووتر ژن بخوازم ئەوەبوو هێشتا ساڵێك خوێندنم مابوو لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٧٧ دوای تەجرەبەیەکی قووڵی چوار ساڵە هاوسەرگیریمان کرد، بەڵام جیاوازییەکانی نێوان بیرکردنەوەمان ڕوونتر ئاشکرابوون. کە ئینسانیش دەچێتە ناو چوار دیوارەوە ئەوجا بە توێکڵکراوی جیاوازییەکان دەبینێت و یەکتری دەخوێنێتەوە. ڕەنگە پێش هاوسەرگیری کۆمەڵێك هۆ هەبن ئەو دوو ئینسانە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتری نەبنەوە یان بە جۆرێکی دیکە گیانی بەخشین و لێبووردن فراوانترە و ناگاتە ئاستی دڵشکان و ترازان. ئەو جیاوازییانە هەر لە ساڵی یەکەمەوە سەریان هەڵدا. ئەوساش تا ڕادەیەك هەموو شەوێك لەگەڵ برادەراندا لە نادی کۆدەبووینەوە و دەمانخواردەوە و خۆمیش گرفتی گەورەم هەبوو لەگەڵ خواردنەوەدا بەمەش ئەوەندەی دیکە جیاوازییەکان گەورەتر و زیاتر بوون. هەرچەندە بەروبۆمی ئەو خۆشەویستییە چوار منداڵ بوو کە ئێستا هەموویان ژیانی تایبەتی خۆیان پێکەوە ناوە، بەڵام ئێمە هەرگیز نەمانتوانی لە یەکتر تێبگەین، یان هەوڵ بدەین بنەما ڕاست و دروستەکانی بەیەکەوە ژیان بخوڵقێنین. چونکە دوو تەبیعەتی جیاواز و دوو بیرکردنەوەی جیاواز بووین. ئەو بە لای خۆیەوە لەسەر هەق بوو. منیش بە لای

خۆمەوە هەستم دەکرد خاوەن هەقم. کە لە ڕاستیشدا کەم تا زۆر هەر کەسە ڕاست و هەڵەی تایبەتی خۆی هەبوو. هەوڵێکی زۆرمان دا مەودای نێوان جیاوازیەکان نزیك بکەینەوە، بەڵام سوودی نەبوو. کە ئەو هەنگاوێك دەهاتە پێشەوە من دوور دەکەوتمەوە، کاتێك منیش لەو دەچوومە پێشەوە ئەو دەکشایە دواوە. ماوەیەکی زۆری خەیاند تا هەردووکمان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئێمە ناتوانین لەناو یەك ماڵدا پێکەوە بژین. لەم ڕووەشەوە ڕاستییەکی گەورەم لەو تاقیکردنەوەیەدا بۆ دەرکەوت کە تەنها خۆشەویستی و هەستی نزیکبوونەوە لە کەسێك بەشی ئەوە ناکات خێزانێك دابمەزرێنیت. چونکە خێزان دروستکردن جیاوازە لە خۆشەویستی. وایش ڕێکەوتووە خۆشەویستی و بنەڕەتەکانی هاوسەرگیری کەم تا زۆر یەکیان گرتووە، هەرچەندە هەرگیز ژیانیش بێ کەموکورتی نابێت، بەڵام هەردوو هاوسەرەکە تا سەر شانیان داوەتە بەر و بە دڵێکی فراوانەوە ڕووبەڕووی گەردەلوول و گێژاوەکانی ژیان بوونەتەوە. کورد وتەنی ئیتر بەخت و چارەنووس. لە زۆربەی گرفتەکانی نێوان ژن و پیاودا کەس بە دۆی خۆی ناڵێت تورشە، چونکە هەر یەکە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هۆیەکان و چارەسەرەکان. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە دوو کەس لە لووتکەی خۆشەویستییەوە بکەونە خوارەوە بۆ لووتکەی دژایەتی و ناکۆکی و بەربەرەکانێکردنی یەکتری. کە ئەمە بارێکی زۆر ترسناکە و کۆمەڵێك دەرەنجامی پڕ لە مەترسی لێ دەبێتەوە و ئەگەر ئەو دوو کەسە منداڵیان هەبێت کاریگەری بۆ مناڵەکانیش جێدەهێڵێت. لە سەرەتادا نەمدەویست باوەڕ بەوە بهێنم جیابوونەوە چارەسەرە، بەڵام وردە وردە لەگەڵ ڕۆژگاردا پاش نزیکەی هەشت ساڵ لە تەنیایی و خۆخواردنەوە و هەڵچوون و داچوون وردە وردە سارد بوومەوە. ئێستا تێکڕای پەیوەندییەکان قەوارەی ڕۆتینی خۆیان وەرگرتووە. کە ئێستا بیر لە خۆم دەکەمەوە ئینجا دەزانم چەندە لاواز و عاتیفی و بێ ئەقڵیش بووم. دوو کەس با ساڵەهایەکیش یەکتریان خۆشویستبێت و منداڵیشیان هەبێت، بەڵام کە بەیەکەوە نەگونجان زۆر زۆر ئاساییە. بۆ خۆیان و مناڵەکانیش وا چاکترە جیاببنەوە لەوەی هەر کەسە خۆی بە ڕاست بزانێت.

خۆشەویستی کەڕە و لاڵە و کوێرە و بێ ئەقڵیشە لە پڕێکدا خۆی بە ژووری دڵدا دەکات و کاتێك جێگیر دەبێت ئەوجا هێواش هێواش هۆشی دەکەوێتە بەر و قسە دەکات و دەبیستێت و دەبینێت و ئەقڵیش پەیدا دەکات. لێرەوە جیاوازییەکان سەرهەڵدەدەن کە جاری وا هەیە هەردوو لا تەساهولی تیادا دەکەن و بەسەریاندا زاڵ دەبن و تەزحیە بە خۆیان دەدەن. وێڕای هەندێك جیاوازیش، ژیانە هاوبەشەکە لە نەمان ڕزگار دەکرێت و بەردەوام دەبێت، بەڵام کە



تووڕەیی و عینادی هاتە ئاراوە یان کەسی سێیەم و چوارەم تێکەڵاوی گرفتەکە بوون، ئەوە هەر لە سەرەتاوە دەستی لێ بشۆردرێت چاکترە، چونکە جار لە دوای جار ناخۆشتر و ئاڵۆزتر دەبێت و ڕەنگە زیانی زۆر گەورەتری لێ بکەوێتەوە. من شاعیرانە باسی خۆشەویستیم کرد بە قەناعەتیشەوە دەڵێم خۆشەویستی و هاوسەرگیری دوو چەمکی جیاوازن. بۆ سەرخستنی پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێت بە قووڵی لەسەر کۆڵەکە بنەڕەتییەکان ڕاوەستین و هەر لە سەرەتاوە خۆشەویستیەکی ئاقڵ و هۆشیارانەمان هەبێت، چونکە ژیانی ڕاستەقینە لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە ئەو دووانە دەچنە ناو یەك ماڵەوە. پرسیاری گەورەیش لەوەدایە پیاو حەز دەکات ژنەکەی چۆن ڕەفتاری لەگەڵدا بکات. ئەدی خۆی تا چ ڕادەیەك لە ژیانی ڕۆژانەی هاوسەرەکەیدا دەگونجێت و ڕەنگدەداتەوە. بێگومان هەر کەسە بە جۆرێك لە ژیان تێگەیشتووە و تێگەیشتنی هەرە گەورەش گونجاندنی ژیانەکەیە بە شێوەیەك نە شیش بسووتێت و نە کەباب واتە ئەگەر هەردوو لایان دڵخۆش و ئارامیش نەبن بە بەردەوامی زوخاو نەچێژن. بە ڕای من ئەگەر ئامانج لە خۆشەویستیدا هاوسەرگیری بێت، ئەوە لە بەرژەوەندی هەردوو لادایە کە خۆشەویستییەکی کوێر نەبێت، بەڵکو زۆریش تیژڕەو و دووربین بێت تا ڕادەیەك وەك هاوسەرگیری ئەم سەردەمەی ئەورووپیەکان. خۆشەویستییەك قسە بکات و گوێش ڕابگرێت، ئەگینا بە تەنیا شنە فێنکەکانی خەیاڵ و سۆز و خەوبینین ئەو دوو کەسە ناگەیەننە کەناری جێگیربوون و ئاسوودەیی واتە: خێزانێکی بەختەوەر.

لە ساڵی دوو هەزارەوە ژیانێکی تازەم دەستپێکردووە. وەك دەڵێن قیسمەت و چارەنووس پاشەڕۆژی ئینسان دیاری دەکات. منیش دوای هەشت ساڵ تەنیایی بڕیارمدا بەختی خۆم لەگەڵ کەسێکی دیکەدا تاقیبکەمەوە بە ڕاستیش تەنیایی تا سەر ئێسقان ماندووی کردم. خزم و ناسیاو کچێکی خەڵکی سلێمانیان بۆ دۆزیمەوە کە ناوی پەخشانە ئەوسا تازە دوو سێ مانگ بوو لەگەڵ ماڵی براکەیدا هاتبوونە یەکێك لە شارەکانی خوارووی سوید و لە بنەماڵەیەکی ڕێکوپێکی خۆمان ئاسایی بوو. ماڵی هیوای برام بە میوانی چووبوونە سەردانی ناسیاوێکی خۆیان کە خەڵکی سلێمانی بوو ئەوانیش باسی دراوسێکەیان کردبوو تازە بۆ سوید هاتبوون و وتبوویان کچەکەش تا ئێستا شووی نەکردووە. وەختێك هیوا ئاگاداری کردمەوە هەرچەندە پێشتر گەلێك کچ و ژنی دیکەم بۆ پێشنیاز کرابوو دەمگوت هێشتا زووە، بەڵام ئەمجارەیان بە کارەکەوە چووم و سەریشی گرت کە بەڕاستی منیش لەو ڕۆژەوە بڕوام بە قیسمەت پەیداکردووە. لە مانگی مارتی ساڵی ٢٠٠٠ دا بۆ جاری دووەم ژنم هێنا. لە

سەرەتادا بۆ هەردووکمان ئاسان نەبوو، چونکە پێشتر یەکترمان نەدەناسی و تا ڕادەیەکیش دوو تەبیعەتی زۆر جیاوازمان هەبوو. ئەو یەکەمجاری بوو ژیانی هاوسەرگیری ببینێت و منیش دووەم تاقیکردنەوەم بوو. هەروەها خاوەنی چوار منداڵیش بووم کە لەگەڵ دایکیاندا دەژیان. وردە وردە بە شێوەیەکی جیاواز لە ئەلف و بێوە دەستمان پێکرد و بە کۆمەڵێك ڕووداوی ناخۆشدا تێپەڕین. ناکۆکییەکان و ڕووداوە سەیر و سەمەرەکانی ژیان یەك دوو جار درزی گەورەیان خستۆتە نێوانمان، بەڵام بەسەریاندا زاڵبووین، چونکە نیازی جیابوونەوەمان نەبووە هەوڵمان داوە ڕێگاچارەی باشتر بدۆزینەوە. کەس نازانێت پاشەڕۆژ چۆن دەبێت و چی لە چارەی کێ نووسراوە و کەسیش گەرەنتی نییە و نازانێ سبەینێ چی ڕوودەدات، بەڵام ئێمە هەرچەندە ژیانێکی سادە و ساکارمان هەیە، بە هۆی گیروگرفتەکانی زەمانەوە هیچی وامان پێکەوە نەناوە لە چاو دەوروبەرەکەمانەوە، بەڵام خۆمان لە ئارامی و ئاسوودەیی و لەشساغی بەولاوە چاومان لە شتی دیکە نییە. ئەگەر بتوانین ئەو ئارامییە بپارێزین چی ژیانمان خۆشتر و ئاسوودەتر بکات هەوڵی بۆ دەدەین.

بەڵێ، خۆشەویستی زۆر بە چڕی ئاوێتەی شیعرەکانم بووە و لێرەدا ناتوانم درێژەی پێبدەم، چونکە ئەوە کاری ڕەخنەگرێکی شارەزایە. تۆ بە چەند دێڕە شیعرێکی خۆم پرسیارەکەت دەستپێکرد با منیش هەر بە چەند دێڕێکی دیکەم کە لە حەفتاکاندا نووسیومە کۆتایی بەم باسە خۆش و بەتامە بهێنم:

خۆشەویستی شاخێکی ئێجگار بەرز بوو
هەوراز هەوراز بەسەرکەوتم هەتا گەیشتمە لووتکەکەی
ئیتر بە دیوەکەی تردا نشێو نشێو شۆڕبوومەوە
کە سەرکەوتم تەنیا خاوەنی دڵێك و وڵاتێك بووم
بەڵام کاتێ بەربوومەوە
سەرم شکا
گشت ئەندامەکانی لەشم بوونە دڵ و هەموو جیهان بە وڵاتم

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): دەق و نووسینی دەق دواجار دوای تێپەڕبوونی بە پرۆسەیەك لەبەردەستی خوێنەردا خۆی دەبینێتەوە. ئایا پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر یان وردتر بڵێین شیعر و خوێنەری کورد لەچ ئاستێکدایە؟ ئایا ئاراستەی شیعری کوردیی بەرەو کوێوەیە



لەکاتێکدا وەك خۆت دەڵێیت ژمارەی شاعیران لەخوێنەران زۆرترن؟ چی بکرێت تا خوێنەر لەپرۆسەی خوێندنەوە بەدیار دەقە جوانەکانەوە تەئەمول بکات؟

**سەلام محەمەد:** بۆ ئەوەی پسپۆرانە لەم بارەیەوە قسە بکەیت، دەبێت ئاگاداری ئەو دەقانە بیت کە بڵاودەکرێنەوە هەروەها شارەزاییەکی باشت دەربارەی ڕەخنە و تیۆرییە ڕەخنەییە تازەکان هەبێت. ڕەنگە من لە هەردوو لاوە زانیاری تەواوم نەبێت و تا ڕادەیەك لە نێوەندە ئەدەبییەکە دوور کەوتوومەتەوە. لافو گەزاف لێنادەم و بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەو وێنە بچووکەی لام دروست بووە بەشی ئەوە ناکات بە تەواوی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە. لە سەرێکەوە بیست ساڵ زیاترە لە ئەوروپام و سەردانی کوردستانم نەکردووە و لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا بەشدار نەبووم، هەروەها وەکو پێویست بڵاوکراوە ئەدەبییەکانم بەسەر نەکردۆتەوە. ئەوەی دەیزانم چەند وێنەیەکی پچڕ پچڕە لێرە و لەوێ لام دروستبوون. بە نیسبەت دەقەوە جیاوازە لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە. هەیە لەگەڵ نووسینی شیعرێکدا دەسبەجێ بۆ بڵاوکردنەوەی دەنێرێت و دووریش نییە کە بڵاودەبێتەوە یەکسەر هەست بە پەشیمانی بکات و من خۆم تاقیکردنەوەی لەو بابەتەم زۆرە. هەیشە زۆر بە حەزەرەوە شیعر بڵاودەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی لە کاتی جیاوازدا چەند جارێك پیایدا دەچێتەوە ناردوویەتی بۆ کەسانی شارەزا و بیروڕای وەرگرتوون و پاش پیاداچوونەوە و لێکدانەوەی ورد ئینجا شیعرەکەی بڵاوکردۆتەوە.

دەق تا لای خۆتە بە ئارەزووی خۆت دەستکاری دەکەیت، بەڵام کە بڵاوت کردەوە دەبێتە موڵکی خوێنەر. من لە ساڵی ١٩٨١دا شیعری سێبەرەکانی کەکووکم نووسیوە و تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە. بێجگە لەو نامیلکە شیعرییەی لە هەمان ساڵدا لە شاخ چاپکرا، پاشان نامیلکەکەیش چەند دانەیەکی لێکەوتە دەست خوێنەران و بە هۆی گرفتێکەوە وەکو پێویست دابەش نەکرا. ئەوە نزیکەی ساڵێکە لە ڕێگای کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد و کاك سەباح ڕەنجدەر کەوتۆتە دەستم، وتم دەستکاری هەندێك شیعریان دەکەم و وردە وردە بڵاویان دەکەمەوە. نامیلکەکە لای خۆم مایەوە ئەوە ساڵێکە نە پیادا چوومەوە نە بڵاوم کردۆتەوە. چونکە هەرچەندە لەگەڵ خۆمدا هەوڵمدا نەمتوانی هیچ دەستکارییەکی بکەم. شیعرەکەم وەك خۆی بۆ گۆڤاری هەنار نارد.

لای زۆربە دەق بە هەندێك قۆناغی جیا جیادا تێدەپەڕێت، بەڵام گرنگترینیان قۆناغی نووسینەوەی دەقەکەیە. کەی شاعیر دەق دەنووسێت، هەندێك دەقی درێژی وا هەن بەیەك

دانیشتن نەنووسراون ئەگەر هەفتەیەك یان چەند مانگێکی پێنەچووبێت. من لێرەدا بۆچوونێکی تایبەتیم هەیە. ئایا شیعر کاتی دیاریکراوی هەیە یان هەر کاتێك شاعیر ئارەزوو بکات دەتوانێت شیعر بنووسێت. ئەگەر کاتی دیاریکراوی هەبێت بۆ نموونە: ئیلهام ئەوە دەبێتە بارێکی دەروونی و لە جەزبە زۆر نزیك دەبێتەوە، یان شێوەی وەحی وەردەگرێت. ئیتر ئەگەر جەزبە و وەحییەکە لە کاتی خۆیاندا مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، جارێکی دیکە بەو گوڕوگوژمیە دووبارە نابێتەوە. لێرەشەوە دەوری بەهرە و شارەزایی دەردەکەوێت چونکە بەهرە بەبێ شارەزایی سادە و ساکارە هەروەها شارەزاییش بەبێ بەهرە قورس و خوێن تاڵە.

من باوەڕم بە جەزبە و وەحی نییە لە شیعردا یان وەك هەندێك ناویان لێناوە ژان و تەقینەوەی خەم و ئازارەکان و هەندێ وردە شتی دیکەی لەم بابەتە. شاعیر مرۆڤێکی ئاساییە وەك هەموو ئەوەکانی دیکە، بەڵام جیاوازیشی هەیە. ئەوەندە هەستی ناسکە وەك ئەوان بەرگەی جوانی و ناشیرینییەکان ناگرێت و هێزێك لە ناخەوە دەیورووژێنێت و دەیکاتە بەشێك لەو چەمکە. ئەگەر جوانی سروشت بێت یان جوانی کچێك یان کارەساتێکی دڵتەزێن یان کەفوکوڵی ناوەوەی ئینسان بەرانبەر یەکێك لەو شتانەی خۆشی دەوێن و دەبینێت ئەو شتە بریندار کراوە. یان دوور نەڕۆین کە شاعیر یەکێکی خۆشدەوێت و ماوەیەك دوور دەکەوتەوە لە پڕێکدا بە تەنیشت درەختێکدا تێدەپەڕێت کە پێشتر لە پاڵ ئەو درەختەدا ژوانیان بەستووە و باوەشیان بە یەکدا کردووە بۆنی ماچ پژاوەتە ئەو دەوروبەرە، یادەوەری ئەم شاعیرە دەهەژێنێت و ئازارێك ختوکەی ناخی دەدات ئارام نابێتەوە تا شیعرێك دەنووسێت. شیعرەکەش زیاتر بە دەوروخولی یارو جێژوانەکە و دووری و غەدری ڕۆژگاردا دەخولێتەوە. جاران بە تایبەتی لای شاعیرە کلاسیکەکان تا ڕادەیەك وابوو، پاشان لە حەفتاکاندا گفتوگۆیەکی گەرم هاتە ئاراوە دەربارەی شیعر و بەهرە و شارەزایی. لاپەڕەکانی ئەو سەردەمەی هاوکاری پڕیەتی لەم بابەتە و من خۆم یەکێك بووم لەوانەی چەند جارێك بە نووسینی درێژ بەشداریم کردووە، کە لە سەرەتادا شیعرم بۆ بەهرە دەگەڕاندەوە پاشان بەهرە و شارەزایی. ئایا شیعر بەهرەیە؟ یان شارەزاییە؟ یان هەردووکیانە بەهرە و شارەزایی؟ بە بۆچوونی من شیعر ئێستا ئەو سنوورەشی تێپەڕاندووە و پێشتر پلانی بۆ دەکێشرێت و لە سەرەتاوە خاڵە سەرەکییەکانی دەستنیشان دەکرێت، ئینجا کە شاعیر کاتی بە دەستەوەبوو هەموو ئەو وردەواڵانەی لە بیر و پلانی خۆیدا ئامادەی کردوون، دەخاتە چوارچێوەی وشە و دێڕ و دەقەوە. چەندی مەودای بیرکردنەوە درێژتر و کەرەستە شیعرییەکان زۆرتر و زمان دەوڵەمەندتر بێت، دەقە شیعرەکە هونەریتر و جوانتر و مۆدێرنتریش



دەبێت. من خۆم شاعیرم و دەزانم تەنانەت لە کاتی داڕشتن و بەشیعرکردنی وێنە و بیرەکان ڕووبەڕووی موفرەداتی شیعری تازە دەبینەوە کە کارەکە قورستر و لە هەمان کاتیشدا چڕتر و درێژتر دەکاتەوە. ئەمانە هەموو بێجگە لە لاساییکردنەوە کە بەزەقی لە دەقی کورت و درێژدا دەکەونە بەرچاو. ئێمەش کاتی خۆی لاسایی دادابییەکان و سوریالیەکان و تەنانەت هەندێك لە شاعیرە عەرەبەکانیشمان کردۆتەوە، بەڵام ئەوە تەنها لە تاقیکردنەوە سەرەتاییەکاندا ڕوویان داوە و درێژەی نەکێشاوە. لە هەموو شاعیرەکانی ئەو سەردەمە زیاتر بە بەرهەمی من و لەتیف هەڵمەتەوە دیاربوو، بەڵام زۆر درێژەمان پێنەدا و کاك لەتیف زووتر لە منیش وازی لەو ڕێچکەیە هێنا بە جۆرێك لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢بە دواوە شیوازی شیعرنووسینمان زۆر گۆڕانی بەسەردا هات.

ئەوەندەی من ئاگاداربم هەوڵی جیددی هەیە بۆ نووسین لەسەر شیعر، بەڵام هێشتا کورد نەبۆتە خاوەنی ڕەخنەی شیعریی. هێشتا بە تەواوی ڕەخنەی شیعریی لەدایك نەبووە. کەسێك پسپۆرانە خۆی ئامادەنەکردووە بۆ شیکردنەوەی شیعر و نووسین لەسەر شیعر. لە بەر ئەوە بوارەکانی لێکدانەوە و شیکردنەوە و خوێندنەوەی دەق هێندەی ژمارەی نووسەرەکان جیاوازن.

با بێمە سەر باسی خوێنەر. ئەگەر تەماشای ژمارەی شاعیران و نووسەران بکەین هەروەها ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبییەکان ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەبێت کورد خاوەنی گەورەترین کلتوور و ئەدەبیات بێت لە هەموو جیهاندا کەچی خوێنەرە ڕاستەقینەکان هەر نووسەران و شاعیران خۆیانن لە ناوخۆیاندا. ئەوەندە بابەتی ئەدەبی زۆر بوون کەس فریای خوێندنەوەیان ناکەوێت. هەرەها ژمارەی کتێب و کۆبەرهەمیش. شاعیر هەیە دوو سێ جار کۆبەرهەمەکانی بلاوکردۆتەوە. وای لێهاتووە کتێب چاپکردن بووە بە مۆد و بەڵگەشم زۆرە. یەکێك دەناسم هەر لە شارەکەی خۆمدا تا من لە وڵات بووم نەك یەك دێڕی نەنووسیبوو، بەڵکو دوو دێڕیشی نەخوێندبووەوە. ئەم کوڕە حەزی لە کچێك کرد کە هەر لە سەرەتاوە پێی وتبوو شیعری خۆشدەوێت ئەمیش بڕیاری دابوو ببێتە شاعیر. تەمسیلێکی ڕادیۆ کوردییەکەی ئێرانی جارانم کەوتەوە یاد کە دوو کەس ویستبوویان ببن بە شاعیر و بۆ ئەمەش پرسیاریان لە شاعیرێکی ناسراو کردبوو چی بکەن باشە تا بە زووترین کات ببن بە شاعیر؟ ئەویش لە وەڵامدا وتبووی کارێکی ئاسان نییە تا دوکەڵ لە کونی لووتتان نەیەتە دەرەوە نابن بە شاعیر. ئەوانیش وتیان ئەوە هەر زۆر ئاسانە چوون داری تەڕیان کۆکردەوە و لە ژوورێکدا دەرگا و پەنجەرەیان لەسەر خۆیان داخست و ئاگریان بەردایە دارە تەڕەکان. لەناو دووکەڵی چڕدا خنکە

خنکیان پێکەوت و دووکەڵ وەك ڕەشەبا لە کونە لووتیان دەهاتە دەرەوە. یەکێکیان بە دەنگێکی نیوە خنکاوەوە پرسیاری لەوەکەی دیکە کرد ئەرێ هیچ شیعرت بۆ نەهات؟؟ وتی نیو بەیتم بۆ هاتووە ئەوەکەی دیکەیش وتی: حاڵ وا بڕوات هەردووکمان دەمرین و دەبینە خاوەنی یەك بەیت شیعر. دیارە ئەو کاتە جگەرەکێشان نەبووە ئەگینا نیوەی خەڵکی دەبوونە شاعیر.
ئەو ناسیاوەی باسم کرد پێش بیستساڵ یەك دێڕ شیعری نەخوێندبووەوە لە پڕێکدا کۆمەڵە شیعرێکی چاپکراوی بە دیاری بۆم نارد، کە خوێندمەوە بەزەییم بە ئەقڵ و زەوقیدا هاتەوە. چونکە توانای هەرچی شتێکی هەبێت ناتوانێت شیعر بنووسێت مەگەر وەك لوولە زۆپا دووکەڵ لە هەردوو کونە کەپوویەوە بێتە دەرەوە و گڕ بگرێت.
ئەم برادەرە و هاوشێوەکانی بخەرە لایەك، بەڵام لە لایەکی دیکەوە پرسیارێك دەکەم ئەم هەموو شاعیرە بۆچی؟؟ هۆی چییە کورد شاعیری گەلێك زۆرن؟ ئەگەر ئێستا یەکێتیی شاعیرانی کوردستان دامەزرێت ژمارەیان لە هەموو ڕێکخراوێکی ئەدەبیی جیهانیی زیاتر دەبێت. تۆ بڵێی شیعر ئەوەندە ئاسان بێت بۆیە خەڵکی لە بێتاقەتی خۆیاندا پەنای بۆ بەرن؟ یان ڕەنگە مەسەلەکە پەیوەندی بە بڵاوکردنەوەوە هەبێت و بە بینینی ناوی خۆیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا شاگەشکە دەبن. زۆر و بۆری میدیای کوردیش ڕۆڵی تایبەتی هەیە لەم بەرەکەتە شیعرییە کە هەرە باشەکەیان لە سەردەمی ئێمەدا ئەگەر بەختی هەبوایە ئینجا لە پۆستەی خوێنەراندا ناوی خۆیان دەدۆزیەوە. ئێ خۆ ئەمەش مەعنای ئەوە نییە کە شاعیری باشمان نین، بەڵێ، هەمانە و هیچیان لە شاعیرە گەورەکانی جیهان کەمتر نییە.
دەربارەی ئەوەی کە خوێنەری کورد لە چ ئاستێکدایە تەنها نموونەیەك دەهێنمەوە. شاعیر دڵشاد عەبدوڵڵا کە سەرپەرشتی گۆڤارێکی ئەدەبیی وەك ئایندەی دەکرد جارێك لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: (ژمارەی پێشووی گۆڤاری ئایندە لە هەموو کوردستاندا تەنها ٤٠٠ دانەی لێ فرۆشراوە). ئەمە وەڵامێکی زۆر لە بارە بۆ ئاستی خوێنەر و کارەساتی خوێندنەوە لە کاتێکدا جاران گۆڤاری (بەیان) چەند هەزارێکی لێ چاپ دەکرا و ئەگەر نسخەی خۆت پێشتر نەکڕیبایە، دەستت نەدەکەوت.
وەك ئاگادار بم لە کوردستان ٨٠٠ کەناڵی ڕاگەیاندن هەیە واتە: (نووسراو، بینراو، بیستراو). ئەمە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ڕاگەیاندنی کوردی تووشی زۆر خواردن و بە دان کەوتن هاتووە. کە ئەمەیش زەوقی ئەدەبی لاواز دەکات. بە هۆی ئەم بارودۆخە نەخۆشەوە چاك و خراپ تێکەڵاو بوون و خوێنەر ئەوەندە شتی خراپی خوێندۆتەوە، مەزاجی کوردەواری تێکچووە و بۆن



ناکات هەروەها تێگەیشتنی لە ئاستێکدا ڕاوەستاوە و جووڵەی نەماوە. من خۆم دوای تاقیکردنەوەی نزیکەی پەنجا ساڵ لە خوێندنەوە و نووسین جاری وا هەبووە ئەوەندە بەرهەمی کرچ و کاڵ و لاوازم خوێندۆتەوە ئۆقرەم لێبڕاوە و لە حەشمەتدا چوومەتەوە سەر دیوانەکەی نالی یان گۆران یەك دوو شیعری جوانم خوێندۆتەوە هەر بۆ ئەوەی مەزاجم بێتەوە شوێنی خۆی.
بەڵی وایە ژمارەی نووسەران و شاعیران لە ژمارەی خوێنەران زیاترە. ئەم لێشاوی ڕاگەیاندن و زۆری و بۆریە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت و بۆ ئاشتکردنەوەی مەزاجی خوێنەر پێویستیمان بە ڕەخنەی زانستی و دڵسۆزانەیە دەربارەی شیعرە جوانەکان و شاعیرە باشەکان. ئەڵبەتە ئەوانەی خۆیان لەم کارە دەدەن جیاوازن لە هەڵبژاردنی جوانییەکان و باشەکان، بەڵام ئەگەر بە ڕاستی گەیشتبنە ئاستێك لەسەر شیعر بنووسن، ئەوە من بە دڵنیاییەوە دەڵێم شیعری جوان وەك موگناتیس بۆ لای خۆی پەلکێشیان دەکات و ڕایاندەکێشێت.
ئێستا لە کوردستان شیعر تێکەڵ و پێکەڵە. لە جیاتی ئەوەی لە هونەرەکانی شیعر و مەرجەکانی بەشیعربوون نزیکبێتەوە، بۆتە گەمەی زمانەوانی و قوتەقوتی وشە و سەرەتاتکێ و چاوشارکێ و تێکەڵاوبوونی وێنەکان. بە دڵنیاییەوە دەڵێم وەکو نموونە کۆمەڵێك دەق بێنە و ناوی شاعیرەکانی لەسەر هەڵگرە زۆر بە زەحمەت دەتوانیت بزانیت ئەم دەقە شیعری کێیە و جیاوازی چییە لەگەڵ دەقێکی دیکەدا. ئەوەندە لە یەك دەچن دەڵێی دەیان و سەدان بەتریقن لە کەنارێکدا کۆبوونەتەوە و خۆیان داوەتە بەر تیشکی ڕۆژ ئیتر نازانی کێ کێیە. لە سەردەمی ئێمەدا دێتەوە بیرم لەتیف حامیدی جوانەمەرگ جارێك وتی: ئەرێ تۆ سەرنجت داوە هەندێك فەریکە شاعیر پەیدابوون هەر خەریکی سووتاندن و ڕووخاندنن، بە دەگمەن شتێك دەنووسن وشەی لە بابەت ئەسووتێنم و ئەڕووخێنم دووبارە نەکەنەوە. لایان وایە ئەوەی بسووتێنێت و بڕووخێنێت، نوێخوازە.
ئێستایش دوو دیاردە سەرنجیان ڕاکێشاوم. یەکەمیان زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی وشەی عەرەبی. دووەمیش زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی وشەی کوردی ناباو یان کەم بەکارهێنراو. جاری وا هەبووە لە یەك دەقدا بە زەقی هەردوو دیاردەکەم کەوتۆتە بەرچاو. خۆی کارێکی جوانە کە وشەی دەگمەن و ناباو بێتە ناو دەقەوە، بەڵام نەك بە زۆر وەك ئەوەی شاعیرێك فێری وشەیەك دەبێت و بە پەلە هەوڵی بەکارهێنانی دەدات،لە جیاتی ئەوەی چاوەڕێ بکات کاتی گونجاوی خۆی بێت ئەوجا بیخاتە چوارچێوەیەکەوە ڕێك لە جێگای خۆیدا. لای هەندێك شاعیری ناسراویش هەست بەم هەڵە هونەرییە دەکرێت. تەماشا دەکەی شاعیرمان هەیە لە هەموو

ژیانیدا جۆرە وشەیەکی بەکارنەهێناوە، بەڵام لە پڕێکدا ئەو وشەیە دزە دەکاتە ناو فەرهەنگی زمانی و بێ ئەندازە بەکاریدەهێنێت.
دوا وتەم لە بارەی قەیرانی ڕەخنەی شیعرییەوە ئەوەیە کە هەندێك نووسینی ڕەخنەییم کەوتۆتە پێش چاو زیاتر لەوەی لە ڕەخنە بچێت شیعرێکی سەقەت و پەقەتە.
لە هەمان کاتیشدا هەوڵی جیددی لە ئارادایە بۆ خوێندنەوەی دەق و دروستکردنی کەشوهەوایەکی لەبار لای خوێنەر. هەروەها شیکردنەوە و ئاشکراکردنی کۆدەکانی دەق و لە ئەنجامدا دروستکردنی تاموچێژێکی تایبەتی و تێکەڵاوبوونی زەوق و تێگەیشتن کە ئەمانەش دەبنە هۆی ڕێگا خۆشکردن بۆ دۆزینەوەی ڕاز و نهێنی دیکە لەو دەقەدا.
دوا شت لەم بارەیەوە کە حەز دەکەم بیڵێم ئەوەیە هەندێك دەقیش دەخوێنمەوە هەر لە مەتەڵ دەچن. بڕوا بکە نەمزانیوە ئەمە شیعرە یان مەتەڵە یان حەلەق و مەلەقە.
**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): داهێنانی ئەدەبیی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و ئەمڕۆ کەس نییە لە کوردستان خۆی بە داهێنەر و شاکارنووس نەزانێت. بە بۆچوونی تۆ داهێنانی ئەدەبیی چییە و ئایا شاکارنووسمان هەیە بە مانای داهێنەر؟

**سەلام محەمەد**: چەندین پێناسەی جیاواز بۆ داهێنان کراوە، بەڵام پوختەیەکی هاوبەش لەنێوان هەموو پێناسەکاندا ئەوەیە کە داهێنان واتە بەرهەمهێنانی شتێکی تازە لە بوارێکی تایبەتیدا. ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەدەبە کە دەبێتە دۆزینەوەی شێوە و ناوەڕۆکێکی نوێ پێشتر بەکارنەهێنرابێت، یان ئاڵوگۆڕکردنی بابەتێك تا ئەو شوێنەی پەیوەندییەکی وای بە سەرچاوەکەوە نامێنێت، بەڵام هەر لە چوارچێوەی قۆناغە ئاساییەکەدایە. تازەکردنەوە و گۆڕانکاریش دەبێت لە سنووری جوانکاریدا بن، نەك تەنیا نووسینی نائاسایی. هەروەها دەربارەی ناوەڕۆکیش کە لێرەدا بیرێکی تازە دەگرێتەوە یان پێشتر ئەو بیرە بەکار نەهاتبێت، یان ئەگەر بەکاریش هاتبێت گۆڕانێکی بنەڕەتی تێبکەوێت. هەندێجار داهێنان کۆتایی هاتنی قۆناغێك و سەرهەڵدانی قۆناغێکی تازەیە. جاری وایش هەیە بەندە بە یەك قۆناغەوە، بەڵام دیوی شاراوە و جیاوازی دیکەی ئاشکرا دەبێت. داهێنان واتاکەی تا ڕادەیەك بە خۆیەوەیە کە دەبێت تازە بێت و ئەو تازەیەش کاریگەر بێت.
بە هەر حاڵ باسکردنی داهێنان بۆ من کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە شارەزا و ڕەخنەگرێکی پسپۆڕە تا بە وردی و بە بەڵگە و نموونەوە ڕوونتر خەریکی شیکردنەوەی بێت.



داهێنان کارێکی مەزنە و بە دەگمەن ڕوودەدات، نەك بەو بەربڵاوییەی کوردستان کە وای لێهاتووە ئەگەر یەکێك ئینشایەکی جوان بنووسێت خۆی لێ دەبێتە داهێنەر یان ئەگەر کتێبێکی بڵاوکردەوە خۆی بە داهێنەر بزانێ لەو بوارەدا. خۆبەداهێنەر زانین نیشانەی دواکەوتن و نەزانییە. چونکە هەرگیز نەمبیستووە هیچ داهێنەرێك لە بواری ئەدەبی جیهانیدا بە خۆی وتبێت داهێنەر، بەڵکو ئەگەر بە داهێنەریش ناویان بردبێت، شەرم دایگرتووە و خۆی دانی بەوەدا نەناوە.
ئێمەیش وەك گەلی کورد بە تایبەتی لە شیعر و چیرۆك و ڕۆماندا داهێنەرمان هەیە، بەڵام ئەگەر بیخەینە قەوارەیەکی جیهانییەوە زۆر دەگمەن دەبێت. چونکە بە ڕاستی ئەدەبی جیهانیی دەوڵەمەندە. ئێمە ناتوانین لەم قۆناغەدا خۆمان بە شاکارە جیهانییەکان بەراورد بکەین و بڵێین ئەدەبێکی جیهانیمان هەیە. خۆم تا نەهاتمە سوید و فێری زمانی سویدی نەبووم نەمدەزانی خاوەنی ئەو پلە وپایە ئەدەبییە بەرزەن. ئەوەی هەمانە چەند نموونەیەکی کەمن کە بۆ وەرگێڕان دەست دەدەن و بەشی خۆی لە جیهاندا خوێنەریان دەبێت. من کە ڕۆمانێکی سەرکەوتووی کوردی دەخوێنمەوە لە دڵەوە هەزار جار ئافەرینی خاوەنەکەی دەکەم و بە داهێنانی دەزانم لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام تۆ وەرە ئەو ڕۆمانە بکەرە ئینگلیزی یان ڕوسی یان سویدی تەماشا دەکەی بەو قەرەباڵغییە خوێنەر دەورەی نادەن و لەسەری نانووسن. ناو ناڵێم، بەڵام زۆر جار کەوتۆتە بەر چاوم کە فلانە شاعیر ئەوەندە بەرزەفڕە تەنانەت کەم شاعیر لە جیهاندا پێی دەگەن، بەڵام کە یەکێکی سویدی زان شیعرەکانی بۆ نموونە: (پەر لاگەرکڤیست) دەخوێنێتەوە ئینجا دەزانێ هاوسەنگی شاعیرەکەی خۆمان زۆرن. لای ئێمە مەسەلەکە لەو ئاستەدایە شارەزاییمان لە شیعری جیهانیدا نییە. هەروەها کورتە چیرۆك و ڕۆمانیش کە وردە وردە خەریکە لە کەشوهەوای نەتەوەیی و خۆماڵییەوە دەچنە فەزایەکی دیکەوە. مەبەستم کەمکردنەوەی ڕۆحی نەتەوەیی نییە لە دەقی کوردیدا، چونکە جوانکاری لە هەموو زمانەکانی دونیادا هەر جوانە و ئینسانیش لە گشت کون و کەلەبەرێکی ئەم سەرزەمینەدا هەر ئینسانە. ئیتر تۆ کە باس لە کورد دەکەیت، باسی ئینسانیش دەکەیت، بەڵام گرنگییەکە لەوەدایە چۆن بەئینسانبوونی کورد ڕادەگەیەنیت، یان بە شێوەیەکی ڕوونتر چۆن بۆ خوێنەری غەیرە کوردی دەسەلمێنیت کوردیش وەکو ئینسان بیردەکاتەوە و خاوەنی کێشەیەکی ئینسانی پیرۆزە.
من نموونەیەکی کۆمەڵایەتیت بۆ دەهێنمەوە کە بە ڕاستی ڕوویداوە. جارێك عەرەبێك لە دوبز ڕێگای دەکەوێتە ناو جەماعەتێکی کوردەوە کەسیان عەرەبی نازانن. کابرا پرسی ئەگەر

یەکێك حوشترەکەی بینیوە کە بۆ لەوەڕ هێنابوویە ئەو دەشت و دەرە و لێی ونبووە ئەوانیش هیچی لێ حالّی نەبوون و خێرا چوون مەلایان هێنا کە عەرەبییەکی شڕ و پڕی سەقەتی دەزانی و کاتێك لە پرسیارەکە تێگەیشت بە هەموو توانایەکەوە وتی " انا.. انا... انا لم رایت الأبل. ڕاستە، کابرای عەرەب لە مەبەستەکە تێگەیشت، بەلاّم لەناو خەڵکەکەدا کوڕێکی گەنجی عەرەبیزان هەبوو (خۆم دەیناسم) بە قەستی دەنگی نەکردبوو تا بزانێت مامۆستا چۆن تەرجەمەی دەکات. وەختێك مامۆستاش هات ئاوا وەلاّمی دایەوە بە لای خەڵکەکەوە عەرەبی زانێکی بێ وێنەیە و مامۆستا هەموو شتێك دەزانێت.

ئێمە حالّی حازر لە ئاستی مەلاکەداین، بەلاّم عەرەبی زانی تەواویشمان هەن کە ئەگەر ئەوانیش بە پسپۆڕێکی زمانی عەرەبییەوە بەراورد بکەین، دەبینین هێشتا لە سەرەتاداین و زۆرمان ماوە.

بەجیهانیبوونی دەق ڕەنگە پەیوەست بێت بە بابەتێکی خۆماڵی و نەتەوەییەوە. بۆ نموونە: کتێبی (داغستانی من)ی ڕەسوڵ حەمزاتۆف زیاتر پەیوەندی بە داغستانەوە هەیە، بەلاّم تا ڕادەیەك بۆ هەموو زمانەکانی دونیا تەرجەمە کراوە چونکە هەر خوێنەرێك داغستانی خۆی هەیە.

**عەبدوڵلاّ سلێمان** (مەشخەڵ): من وا لە کۆمەڵگەی کوردی دەگەم کە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوارە. واتا کۆمەڵگەیەکە کتێب ناخوێنێتەوە سەرباری لێشاوی چاپ و بلاّوکردنەوەی کتێب. ئەو مەودا بەرینەی کەوتۆتە نێوان کتێب و خوێنەر لەکۆمەڵگەی کوردستان هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی ڕوحی لەنێوان تاکی کورد و کتێب دروست بکرێت؟

**سەلام محەمەد**: بەڵێ، کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نیمچە نەخوێندەوارە لە چاو ئەو پێشکەوتنەی لە جیهاندا هەیە. هۆی ئەم تێنەگەیشتن و نەخوێندەوارییە گەلێك زۆرن، لە سەرووی هەموویانەوە خوێندەواری تا ڕادەیەڵ لەناو کوردا تازەیە و هەمووی ناگاتە پەنجا ساڵ بۆ یەکەمجار زانکۆ پەیدا بووە لە کاتێکدا خوێندەواری و زانکۆ مێژوویەکی زۆر دێرین و کۆنیان هەیە لەناو گەلانی جیهاندا تەنانەت عەرەب و فارس و تورکیش کە نزیکترین گەلن لە ئێمەوە. دیارە ئەمە پاشخانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. ئینجا بە هۆی دواکەوتنی



ئاستی خوێندەواری ئایینی ئیسلام بە سەقەتی بلاّوبۆتەوە و فەریکە مەلاکان بە ئارەزووی خۆیان ڕێچکە و ڕێبازی ئەو ئایینەیان شێواندووە و گۆڕیوە. بە درێژایی مێژوویش کوردستان هەمیشە داگیرکراو بووە. بۆ یەکەمینجار لە مێژوودا تاقیکردنەوەی دوای ڕاپەڕین لە کوردستانی باشور لە ساڵی ١٩٩٢دا دەستی پێکرد. نالّێم سەردەمی کۆماری مەهاباد، چونکە تەمەنی ئەو کۆمارە زۆر کورت بوو فریای ئەوە نەکەوتن پەرە بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی بدەن. ئەگەرچی لە باشووری کوردستاندا کۆمەڵێك دەرفەتی باش بۆ کورد هەڵکەوتووە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨تا ڕێکەوتنەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠پێش ئەوەیش لە سەردەمی پاشایەتیدا بایەخێکی باش بە نووسین و خوێندنەوە و ڕۆژنامە و گۆڤار دراوە، بەلاّم هیچیان وەك قۆناخی دوای ڕاپەرین نەبوون کە بیست ساڵ زیاترە تاقیکردنەوەکە بەردەوامە و تا ڕادەیەك کورد جۆرە سەربەستییەکی هەیە و ژمارەیەکی بەرچاو لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە بە کوردی خوێندوویانە و قۆناغی زانکۆیشیان هەر بە زمانی کوردی تەواو کردووە. کەم دەوڵەتی سەربەخۆ هێندەی کورد خاوەنی کەناڵی جۆراوجۆری میدیایە هەر لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و کەناڵی ئاسمانییەوە، تا دەگاتە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار کە ژمارەیان لە سەرەوەی ٨٠٠ سەرچاوەی ڕاگەیاندنە. ئێمە لێرەدا هەقمان بە سەر گەندەڵی و ئاکارەکانی گەندەڵی لە تێکڕای سیستمی بەڕێوەبردندا نییە، چونکە زۆری لەسەر نووسراوە و دەمی کێ دەکەیتەوە لە جوتیارێکەوە تا دەگاتە سەرکردەیەك هەموویان دان بە گەندەڵییەکەدا دەنێن و پێشنیازی زۆر خراوەتە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی و هیچیش دیار نییە. کە ئەمەیش ڕاستەوخۆ لە بواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا بە فراوانی ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵێ، بۆشایی زۆر لەنێوان خوێنەر و کتێبدا هەیە. لێرەدا مەبەستم خوێنەری ئاساییە نەك خوێنەرێکی پسپۆڕ لە بوارێکی ئەدەبیدا کە هەوڵ دەدات هەرچییەکی بکەوێتە بەردەست بۆ نموونە: دەربارەی شیعر، چیرۆك یان ڕۆمان بدەیخوێنێتەوە یان ڕۆماننووسێکی خۆشدەوێت و هەموو بەرهەمەکانی و چی لەسەر دەنووسرێت بە وردی بەسەردەکاتەوە. من باسی خوێنەرێکی ئاسایی دەکەم کە ڕۆشنبیرییەکی مامناوەندی هەیە و هەوڵ دەدات لەناو ئەم ٨٠٠ کەناڵەی میدیادا کە بەیروتی جارانی تێپەڕاندووە بەشی ئەوە هۆشیاری لا دروست بوویێت بزانێ چی بخوێنێتەوە و گوێ لە چی ڕابگرێت و تەماشای چی بکات!

نەك تەنها خوێنەر بەڵکو ئینسانی کورد بە گشتی تووشی سەرلێشێواوی و دڵەڕاوکێ هاتووە. ئەمڕۆ لە کوردستاندا حزب کەوتۆتە شوێنی چەندایەتی نەك چۆنایەتی. هەموو حزبەکان

هەوڵی سەرەکیان ئەوەیە زۆرترین لایەنگر و ئەندام بۆ خۆیان پەیدا بکەن. لایەنگران و ئەندامانیش بە جۆرێك دەستەمۆ دەکرێن و دەپاڵێورێن پێش هەموو شتێك بایەخ بە ڕاگەیاندنی حزبەکەی خۆیان بدەن. ئەم دەستەمۆکردنە وەها ڕەنگی داوەتەوە. خوێنەرانی حزب پشتگیری نووسەران و هونەرمەندانی حزب بکەن ئەوجا ئەگەر کاتیان مابوو بیرێك لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی حزب بکەنەوە. وەك دەبینیت ئەم شیکردنەوەیەش هەر دەمانباتەوە سەر گەندەڵی. لێرەدا باشترین بەڵگە دوو پەیکەرەکەی هەردوو هونەرمەند مەزهەری خالقی و ئەحمەد سالارە کە خەڵکی سلێمانی ڕازی نەبوون پەیکەر بۆ ئەحمەد سالار لە شارەکەیان بکرێت، وەك چۆن هەولێر ڕازی نەبوو شەرەفی پەیکەری مەزهەری خالقی بەر ئەو بکەوێت. ئەمە هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ بەحزبیکردنی هونەر، ئەگینا ئەو دوو هونەرمەندە خۆشەویستی گەلی کوردن و بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە زۆریان بۆ کورد کردووە و لە هەر شارێکدا پەیکەریان هەبێت شانازییە بۆ ئەو شارە.

ژمارەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە ژمارەی خوێنەر زیاترن. ئەم هەموو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبییە هیچ نیشانەی پێشکەوتن نین و زیانیان لە قازانجیان زۆرترە. ئەمە ئیسرافە، ئیسراف.

بازاڕی کتێبی کوردی وەك چێشتی مجێوری لێهاتووە. تێکەڵ و پێکەڵە. ڕاستە، هۆی سەرەکی پەیوەندی بە گەندەڵی سیاسییەوە هەیە، کە گەندەڵییەکی کۆمەڵایەتیشی لێکەوتۆتەوە و زۆر بە زەقی لە پەیوەندی نێوان کتێب و خوێنەردا ڕەنگی داوەتەوە. بە لێشاو کتێب چاپ دەکرێن و بڵاودەبنەوە تا ئەو ئاستەی کە خوێندنەوە هیچ تاموچێژێکی نەماوە و مێشکی خوێنەر پڕ بووە لە بەرهەمی کرچ وکاڵ و بێ گیان. خوێنەری ئاسایی ئەگەر وریا نەبێت و بێ پرۆگرام بخوێنێتەوە تووشی بێزاری و بێتاقەتی دەبێت. نەك شتێکی تازە فێر نابێت، بەڵکو ئەوەی دەیشیزانێت لە بیری دەچێتەوە تا وردە وردە بێزارییەکە ڕەگ دادەکوتێت و چیتر توخنی کتێب ناکەوێت. ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردی وەك چێشتخانەیەکی گەورەی لێهاتووە کە پڕە لە خۆراکی جۆراوجۆر، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی یان بێ خوێن یان خوێیان زۆرە.

وەك پێشتریش لە جێگایەکی دیکەدا باسم کرد ئەمڕۆ هەموو کەسێك دەتوانێت کتێب چاپ بکات، ئەگەر پارەی هەبێت. برادەرێك لەم ئەورووپایە بە سەفەر بۆ کوردستان گەڕایەوە و وتی بۆم ڕێکەوێت شیعرەکانم چاپ دەکەم. منیش وتم بەشی خۆی کاتی دەوێت. کاتێك گەڕایەوە دانەیەك لە کتێبەکەی بە دیاری پێشکەش کردم. سەفەرەکەی یەك مانگی خەیاند و دوو



هەفتەی یەکەم فریای ئەوە نەکەوتبوو بیر لە چاپکردنی کتێبەکەی بکاتەوە تا ناسیاوێکی دەوڵەمەندی دیوە و پێی وتووە بچۆ لە باشترین چاپخانە و بە پێشکەوتووترین جۆری کاغەز چاپی بکە خۆم حیسابەکە دەدەم. من باسی شیعرەکانی ئەو برادەرە ناکەم، چونکە بە ڕاستی شتی جوان و ناسکی هەیە و لە نێوەندە ئەدەبییەکەشدا نەناسراوە و خۆی ناباتە پێشەوە، بەڵام باسی ئەوە دەکەم چاپکردن چەندە ئاسان بووە لە کوردستان. ئەگەر پارەت هەبێت بە دوو هەفتە کتێبێکی قەوارە گەورە چاپ دەکەیت. ئەمە دیموکراتی نییە، بەڵکو هەلاهەلاکردنی جەستەی دیموکراتییەتە. شێواندنی ئازادی و لێڵکردنی کانیاوی زەوق و تاموچێژی ئەدەبییە. ئەو برادەرەی باسم کرد شیعرەکانی پڕن لە وێنەی جوان و شاعیرانە، بەڵام مەبەستم لە میکانیزمی چاپکردنە کە وەك ئاو خواردنەوەی لێهاتووە. ئێستا کۆمەڵە شیعرێکی دیکەم لەبەر دەستە ئەوەی دایناوە هەرچی شتێك بێت شاعیر نییە. هەر فڕی بە سەر شیعرەوە نییە. بە گشتی قسەی هەلەق و مەلەقە ناچێتە هیچ خانەیەکی ئەدەبییەوە. ڕەسمی کچێکی جوانی لەسەر بەرگەکەی داناوە و ڕەنگە ئەگەر بۆی بلوایە جلوبەرگەکەیشی فڕێ دەدا بۆ ئەوەی ڕووتی کاتەوە تا بازاڕی فرۆشتنی گەرمتر بێت.

سەرژمێرێکی دروستم لە بەردەستدا نییە، بەڵام دڵنیام کە ئەوەندەی دیوان و کۆمەڵە شیعر لە کوردستاندا چاپ دەکرێن پێنج لە سەدای ئەوە لەم سویدە کۆمەڵە شیعر چاپ ناکرێت. ئەوەندەی لە کوردستان کۆڕ و فیستیڤاڵ و میهرەجانی ئەدەبیی ساز دەکرێت، هەرگیز چارەکی چارەکی ئەوە لەم وڵاتەدا نییە.

خۆ من بەراورد ناکەم لەنێوان سوید و کوردستان، بەڵام بە گوێرەی زۆری و بۆریەکە وا دەردەکەوێت، کە کوردستان لەم بوارەدا زۆر لە سوید پێشکەوتووترە کە وایش نییە.

بۆ من ئاسان نییە لەم دوورەوە بڵێم چی بکرێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان خوێنەر و کتێب. واتێدەگەم مەسەلەکە بێجگە لەو گەڕەلاوژەیەی باسمان کرد، بۆ ئاستی هۆشیاری تاکی کوردیش دەگەڕێتەوە کە هێشتا زۆری ماوە.

من دژی هەموو جۆرە چاودێری و کۆنترۆڵێکم لەسەر کتێب و پێموایە ئەو کەسەی کتێب چاپ دەکات دەبێت بنەما بنەڕەتییەکانی نووسین بزانێت و لە چوارچێوەی زەوقی گشتی و ڕەوشتی گشتی بە مانا فراوانەکەی دەرنەچێت، بەڵام چی دەنووسێت و ڕەخنە لە کێ دەگرێت و بە چ شێوازێك ڕەخنە دەگرێت ئەو کەسە تەواوی سەربەستی هەیە. شاعیر و چیرۆکنووس یان

ڕۆماننووسی ڕاستەقینە پێویستیان بە هیچ مامۆستایەك نییە ڕێنماییان بكات، بەڵكو خۆیان گشت جۆرە لێپرسینەوەیەك دەگرنە ئەستۆ.

کاری بڵاوکردنەوە و چاپکردن و میدیا بە گشتی دەکەوێتە خانەی لێپرسراویەتی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، کە دەتوانێت لە ڕێگای لیژنەیەکی شارەزا و کارامە و بێلایەنەوە سەرپەرشتی هەموو چاپەمەنییەکان بکات. سووریشم لەسەر ئەوەی تا ئەو بێلایەنییە دروست نەبێت، هەرگیز چارەسەری ئەم بارە ناهەموارە ناکرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەودا و بۆشایی نێوان خوێنەر و کتێب فراوانتر دەبێت. ئەمەیش یەکێکە لە نیشانەکانی خراپ تێگەیشتن و خراپ بەکارهێنانی ئازادی بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا. من دژی سانسۆرم، بەڵام ئەگەر کتێبێك شایانی خوێندنەوە نەبێت، هەقی وایە ڕێگای چاپکردنی نەدرێت.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): پرۆفیسۆر س. م. بورا لە کتێبی "التجربة الخلاقة" دا پێیوایە "پێویستی خولقاندنی شتی نوێ (داهێنان) بۆتە هۆی گۆڕانی وشەکان". واتە پرۆسەی داهێنانی شیعریی بەشێکی پەیوەستە بە زەمینەسازی لە بواری گۆڕینی وشە و فرەیز و دەستەواژە... تۆ چۆن بەرخورد بە زمانی شیعریی دەکەیت؟ ئاشکرایە زمانی شیعری ئەمڕۆ جیاوازە لەگەڵ زمانی شیعریی ڕوانگە و ڕێبازی ڕوانگەییەکان. ئایا تۆ ئێستاش هەر بەو ئامڕازانە ئەنووسیت یان بیرت لەگرتنە دەستی ئامڕازی نوێ کردۆتەوە؟

**سەلام محەمەد**: لە حەفتاکاندا کە بۆ یەکەمجار کتێبی (ئازارەکانی ڤارتەر)ی شاعیری گەورەی ئەڵمانی گۆتێم خوێندەوە بە جارێك و دوان وازم لێی نەهێنا. من باسی خودی ڤارتەری بەسەزمان و داهێنانی شاعیرێکی مەزنی وەك گۆتێ لە بواری پەخشان و ڕۆماندا ناکەم. مەبەستم ئەوەیە لەوساکەوە تێگەیشتووم کە وشە تەنها واتا باوەکەی خۆی ناگرێتەوە. وشە تەلیسمێکە بە نووسەر و شاعیرانی وەك هۆمیرۆس و شەکسپیر و هیرمان هیسە و کازانتزاکیس و جاك لەندەن و بۆدلێر و ڕامبۆ و دەیان داهێنەری دیکەی لەو بابەتە شارەزایانە کۆدەکانی دەکرێنەوە. شاعیر و ڕۆماننووسە گەورەکانی جیهان هەر یەکە و مامەڵەی تایبەتی خۆیان هەبووە لەگەڵ وشە و چۆنیەتی بەکارهێنانیدا، بەڵام هێشتا زمان دوڕگەیەکی تازە دۆزراوەیە و پڕیەتی لە کۆد و نهێنی و تازەبوونەوە.



زمان و ئەقڵ ئەو فۆرمەیان بە ئینسان بەخشیوە کە لە هەموو زیندەوەرەکانی دیکەی سەر زەوی هەستیارتر و جیاوازتر بێت. چەند هەزار ساڵێکە ئینسان سیحری وشەی دۆزیوەتەوە هەر لە داستانی گەلگامێشەوە بۆ دەقە هیرۆگلیفیە میسریەکان و گەیشتنی بەو لووتکە درەوشاوەیەی سەردەمی یۆنانیەکان و تا ئەمڕۆیش زمان ئەو سیحرەی لە دەست نەداوە و بەردەوام داهێنانی سەرسووڕهێنەری تیادا دەکرێت. چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان شارەزایی و لێزانین دەوێت بۆیە زمان بەردەوام لە گۆڕان و بەرەوپێشەوەچووندایە. نهێنییەکی گەورەیە کەس بە تەواوی سەر لێی دەرناچێت و بە تایبەتی کە لە ئاستێکی هونەریی بەرزدا بەکار دەهێنرێت و دەبێتە زمانێکی تایبەتی لەناو زمانە ئاساییەکەدا.

شیعرەکانی گۆران بۆ سەردەمی خۆی بەڵگەیەك بوون بۆ ڕۆڵی کاریگەری زمان. هەروەها وەرگێڕانەکانی مەلا شوکور مستەفا کە خۆی نە شاعیر بوو نە چیرۆکنووس، بەڵام ڕێکەوتووە لە هەندێ جێگای وەرگێڕانەکانیدا نەك هەر گیانی کردۆتە بەر وشە بەڵکو پیتەکانیش هاتوونەتە جۆش و خرۆش. پێموایە ئەگەر ڕۆمانەکانی یەشار کەماڵم بە تورکی بخوێندایەتەوە ئەو تاموچێژەم لێیان وەرنەدەگرت. من دەڵێم هێشتا ئینسان بە وردی نەچۆتە بنج و بنەوانی زمانەوە، بەڵکو هەر قۆناغ و سەردەمێك گۆڕانی تازەی تیادا دەکرێت تا ئەو زمانە دەگاتە ئاستێك ڕەنگە بەرگەی گۆڕانی دیکە نەگرێت کە هێشتا زمانی کوردی زۆر زۆری ماوە بەو قۆناغە بگات. زمان دەسەڵاتێکی ڕەها بە نووسەر و شاعیر دەدات کە زۆر جار ئەو دەسەڵاتە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا دەبینم. لەبەر ئەوەی توانایەکی زۆری بە سەر زمانی کوردیدا هەیە ئەگەر وێنە شیعریەکە لاوازیش بێت بە هۆی دەوڵەمەندی زمانەوە ناهێڵێت لاوازیەکە دەرکەوێت.

بەڵێ، ڕاستە پێویستی خولقاندنی شتی نوێ ناچارت دەکات زمانەکە بگۆڕیت، بە جۆرێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و لە تێگەیشتن و تاقیکردنەوە و شارەزاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت. وا تێدەگەم کاری خولقاندن بە ئاسانی شێوە زمانێکی پڕ بە پێستی خۆی دەدۆزێتەوە بە بێ ئەوەی نووسەر یان شاعیر پێشتر شێوەی نووسینەکەی دیاری بکات کە لێرەوە دەردەکەوێت ئەم بابەتە داهێنانە و ئەوەی دیکە لاسایی و دەستکردە.

وەك شێواز ڕوانگە شێوازێکی دیاریکراوی نەبوو بۆ نموونە: حوسێن عارف شێوازی خۆی هەبوو هەروەها کاکەمەم بۆتانیش، بەڵام بە بڕوای من لەو سەردەمەدا شێوازی نووسینی جوانەمەرگ لەتیف حامید لە هی هەردووکیان تازەتر و هونەریتر بوو کە خۆیشی ڕوانگە

نەبوو. ئێمە هەموومان نوێخواز بووین چ ئەوانەی لە چوارچێوەی ڕوانگەدا بوون یان لە دەرەوەی ڕوانگەدا.
یەکەمین جیاوازی لەنێوان ئەدەبی سەرەتای حەفتاکان و ئەمڕۆدا زمانە. گۆڕانێکی هەستپێکراو بەسەر شێوازی زماندا هاتووە، بەڵام وەك ئاماژەم بۆ کرد هەندێکیان جوانن ئۆتۆماتیکی ڕەوتی بەرەوپێشەوەچووی خۆیان وەرگرتووە و لە هەمان کاتیشدا بە ئاشکرا زۆرلەخۆکردن و لاسایی بە هەندێك نووسینی دیکەوە دیارە.
لە ڕووی زانستییەوە وام پێ باشترە بڵێین ڕێبازی نووسینی حەفتاکان، نەك ڕێبازی ڕوانگەییەکان، چونکە ئەوساش هەر نووسەرێك شێوازی تایبەتی هەبوو. واتە ڕوانگە قوتابخانەیەك نەبوو هەڵگری مەرجەکانی نووسین بێت، بەڵکو هەوڵێکی دڵسۆزانە بوو بۆ بایەخدان بە نوێخوازی لە تێکڕای ئەدەبدا.
بە نیسبەت خۆمەوە گۆڕانێکی ئەوتۆ بەدی ناکەم لەنێوان شێوازی نووسینی ئێستا و حەفتاکانمدا بێجگە لەوەی کەم تا زۆر سوودم لە گۆڕانکارییەکان وەرگرتووە.
من دەڵێم ڕاستە، گرنگە چۆن دەنووسین، بەڵام گەوهەری مەسەلەکە لەوەدایە چی دەنووسین.
بێگومان لەم سەردەمەدا ناتوانم وەك حەفتاکان بنووسم. چل ساڵ ماوەیەکی درێژە و زمانی کوردی بەشی ئەوە گۆڕانکاری بە خۆیەوە دیوە. کامۆ وتەنی ئینسان بەوە حوکم دراوە مۆدێرن بێت بۆیە شێوازی حەفتاکان پڕ بە پێستی ئەمڕۆ نییە وەك چۆن ئێمەیش ئەو کاتە بە شێوازی پەنجاکان و چلەکان نەماندەنووسی.
بە داخەوە هێشتا زمانی کوردی گەلێ زۆری ماوە. سەرەڕای ئەوەی بیست ساڵ زیاترە کورد خاوەنی نیمچە سەربەخۆییەکە، بەڵام بایەخی پێویست بە زمان نەدراوە.
بیر و بۆچوونی جیاواز پەیدابوون لە هەمان کاتیشدا دوورن لە یەکەوە. هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ زمانی ستاندارد دراون بە داخەوە پەندێك بەرجەستە دەکەن کە دەڵێت (لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە ڕێکنەکەوین).
جاران زمانی کوردی بە دەست زاراوەی عەرەبییەوە دەینالاند. زۆربەی نووسینەکان پڕبوون لە وشەی عەرەبی، بەڵام ئێستا کاریگەری زمانی عەرەبی کەمتر بۆتەوە لە جێی ئەوە بۆتە زاراوەی هەڵبژاردەی عەرەبی، بەڵام بە شێوەیەکی فارسییانە. واتە لاساییکردنەوەی زمانی فارسی بۆ سوودوەرگرتن لە زمانی عەرەبی.



من زۆر شارەزاییم لە زانستی زماندا نییە، بەڵام کە دەڵێین زمانی کوردی واتە بە کوردی بنووسین و بە کوردی بیر بکەینەوە و خۆمان ناچار نەکەین پەنا بەرینە بەر زمانی عەرەبی و فارسی.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): میدیای کوردی (بینراو و بیستراو و نووسراو) ڕۆڵێکی وایان نەبینیوە لە بەهێزکردنی زمانی کوردی، بەڵکە بەپێچەوانەوە کاریان کردووە لەسەر لەبەریەکترازانی زامدارکردنی جەستەی زمان. ئایا نەوەی ئایندە نەوەیەکی سەرلێشێواو نابێت لەڕووی زمانەوە لەکاتێکدا زمان یەکێکە لە بنەچە بنەڕەتییەکانی شوناسی نەتەوەیی؟

**سەلام محەمەد**: چونکە درەختی میدیای کوردی دەیان و سەدان لق و چڵ و پۆپی لێکەوتۆتەوە گەڵاکانی تێکەڵاوی یەکتر بوون و ئەو جوانییەیان نییە کە دەبوو هەیانبێت. سەریان لە زمان و ڕێزمانیش شێواندووە. هەر کەسە و بە ئارەزووی خۆی دەنووسێت. چەندە ڕۆژنامە و گۆڤار هەن تا ڕادەیەك ئەوەندەیش شێوازی جیا جیا لە نووسیندا پەیدابوون. خەریکە سیاسەت جەستەی زمانیش ئاوڵاوی دەکات بگرە زمانی میدیای ئەمڕۆ وەك سیاسەتەکە نەخۆشە. نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا سیمینارێکی گەورە بۆ تاوتوێکردنی گرفتەکانی زمان لە هەولێر سازکرا لە هەموو لایەکەوە شارەزایان و ڕووناکبیران لێیان ڕاستبوونەوە و بانگەوازیان لەسەر نووسین، چونکە ئەوانەی بۆ سیمینارەکە بانگهێشت کرابوون شارەزاییەکی ئەوتۆیان دەربارەی زمانی کوردی نەبوو. بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەندێك پێشنیاز و بڕیاریان خستە ڕوو دوور لە هەموو بنچینەیەکی زانستی و زمانەوانی.
ئەگەر دڵسۆزانە و بە گیانی کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵانی حەفتاکاندا کار بۆ پێشخستنی زمانی کوردی بکرایە ئێستا دەمێك بوو لە دەیان گیروگرفت ڕزگاری ببوو. بیست ساڵ زیاترە کورد توانایەکی مادی و مەعنەوی باشی هەیە، بەڵام تا ئێستایش هەنگاوی ڕاستەقینە نەنراوە. ڕاستیت دەوێت ئەوەی لە میدیای کوردیدا دەکەوێتە پێش چاو بە ڕاشکاوی پێمان دەڵێت ئەگەر حاڵ وا بڕوات پاشەڕۆژی زمانی کوردی دەکەوێتە مەترسییەوە. وەك قاچ و دەنووکی ئەو حاجی لەقلەقەی لێدێت کە مەلای مەزبوورە لە بنا بڕیبوونی و پاشان پێی وتبوو ئا ئێستا لە مەل دەچیت. میدیای کوردی بە مقەستی نەزانی بەربوونەتە جەستەی زمان و تەواو ناشیرینیان کردووە. بە ئارەزووی خۆیان دەنووسن و ڕێنووسێکی یەکگرتوومان نییە.

ناچنە بنج و بنەوانی وشەوە تا بە بەڵگەی زانستییەوە ڕوونی بکەنەوە بۆچی بەم جۆرە دەنووسن. گیروگرفتی دوو واو یان وشەی لەیەکدراو یان پاش و پێش خستنی کردار لە ڕستەدا یان بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی زیادە یان... یان... تاد.

بەڵێ، ئەگەر چارەسەرێکی ئەم بارە ناهەموارە نەکرێت و ڕێگا بە پسپۆر و شارەزایانی زمان نەدرێت ئاڵتەرناتیڤێك بدۆزنەوە بە دڵنیاییەوە نەوەی ئایندە سەرلێشیواو دەبێت لە ڕووی زمانەوە.

زمان شیرینییەکی هەستپێکراوی هەیە چ لە کاتی نووسین یان خوێندنەوەدا. ئەگەر ئەو شیرینییە نەپارێزرێت جوانی خۆی لە دەست دەدات.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): مەرگ ئەو دێوەزمە وەحشەتناکە کۆنترۆڵنەکراوەیە وەك جیددیترین هەڕەشەی سەر ژیانی مرۆڤایەتی، بێئاگا لەکات و شوێن دێت لەدەرگای ژیانمان دەدات و دەمانسپێرێت بە تاریکاییەکی ئەبەدی. شاعیران بەدرێژایی مێژوو و لەسەردەمە جیاجیاکاندا بەشێوەی جیاجیا گوزارشتیان لەم کابوسە ترسناکە کردووە. ئەبێت ڕەنگدانەوەی مەرگ و مردن لای سەلام محەمەد چۆن بێت؟ ئایا بەنیازی لە ڕێگەی وەسیەتکردنەوە دوای مردن درێژە بەژیان بدەیت، ئەگەر وەسیەت وەك درێژکراوەی ژیان دوای مردن ببینین؟ تۆ چۆن درێژە بەبوونی خۆت دەدەیت لەدوای مەرگ، کە هیوادارم تەمەنت هەر درێژ بێت؟

**سەلام محەمەد**: لە شیعری (قەراغەکاندا) کە لە گۆڤاری ڕامان بڵاوکرایەوە و پاشان کاك حەمە مەنتك لە گۆڤاری ئایندەدا نووسینێکی جوانی دەربارەی بڵاوکردەوە، تا ڕادەیەك هەردوو دیوی بیرکردنەوەی خۆم نیشان داوە. هەیە بە باوەڕەوە دەمرێت ئیتر ئەو باوەڕەی تەنیا بە خودا بێت یان لە دوای خوداشەوە ئایینێکی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت. هەیشە قەناعەتی لا دروست بووە کە مردن کۆتایی هەموو شتێکە و خەوێکی ئەبەدییە ئیتر زیندووبوونەوەی دیکە نییە. هەر دوو بیرکردنەوەکە جۆرە هیوایەکیان پێوەیە. ئەوانەی باوەڕیان بە بەهەشتە بێگومان باوەڕیان بە دۆزەخیش هەیە دەڵێن مادام بە باوەڕەوە دەمرین هەرچەندە سزاکەی دۆزەخ درێژخایەن بێت هەر کۆتایی هەیە، بەڵام زەمانی ئەو دونیا خۆی زەمانێکی جیاوازە هەرگیز کۆتایی نایەت کەواتە ئەگەر درەنگیش نۆرەیان بێت هەر دەکەونە بەهەشتەوە بەهەشتیش واتە ئەبەدییەت. لەو حاڵەتەدا ئەگەر حوکمەکەی دۆزەخ چەند ملیۆنساڵێکیش بێت ڕۆژێك دێت سزاکە تەواو دەبێت ئیتر ملیارەها ساڵی دیکەی بێت کۆتایی لە بەهەشتدا بەسەر دەبەن. وەك



لەم دونیادا ڕاهاتووین دەڵێین ئاخیری خێر بێت لەو دونیاش تەنیا ئەگەر بە شایەتمانەوە بمریت و سزای خوداش هەرچەندە درێژخایەن بێت دەگاتە کۆتایی و ئەو کۆتاییە سەرەتای ئەبەدییەتێکی بێ کۆتاییە.

ئەوانەی باوەڕیان بە زیندووبوونەوەش نییە، مردن بە کۆتایی هەموو کۆتاییەکان دەزانن و دەکەونە حاڵەتی نەبوونەوە کە ئیتر هەتا هەتایە دووبارە نابێتەوە. لەم حاڵەتەشدا مردن کۆتایی هاتنی هەموو خەم و ئازار و نەخۆشی و ناخۆشی و بیرکردنەوەیەکی خۆش و ناخۆشە بە کورتی ژیان دەبێت بە هیچ و عەدەم وەك ئەوەی هەر لەدایك نەبووبیت وایە.

جیاوازییەکە گەورەیە، لای ئیماندارەکان زیندووبوونەوە درێژەپێدانی ژیانی یەکەمە لە شێوەی خەڵات و سزادا، بەڵام لای بێ ئیمانەکان هەموو شتێك تەفروتونا دەبێت نە سزا هەیە و نە خەڵات، بەڵکو دەبیتە هیچێك وەك ئەوەی هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ یەك چرکەیش شت نەبووی. واتە لەگەڵ مردندا خودی ئەو کەسە دەبێتە هیچێکی ئەزەلی تەنیا بۆ ئەوانەی هێشتا لە ژیاندان مێژوویەك جێدەهێڵێت لە یادەوەری و ڕەفتار و هەڵسوکەتی باش و خراپ.

من ساڵەهایەکە لەسەر دیوارەکە ڕاوەستاوم. هێشتا نەگەیشتوومەتە قەناعەتی تەواو. خۆم دەخەڵەتێنم ئەگەر بڵێم بێ باوەڕم یان باوەڕدارم. هیوادارم بەر لە مردنم لەسەر دیوارەکە بێمە خوارە و یەکێك لەو دوو ڕێگایە هەڵبژێرم.

وەسیەتێکی وەها شك نابەم بیکەم، چونکە دەزانم ئەوانەی لە ژیاندا خۆشیان ویستووم کاتێك دەمرم هەر خۆشیان دەوێم ئەوانەی دیکەیش وەك لە ژیانمدا حیسابم بۆ نەکردوون، ئارەزووی خۆیانە هیچ بە لامەوە گرنگ نییە بزانم کاردانەوەی مردنم بە لایانەوە چۆن دەبێت. دەگرین یان پێدەکەنن چش! خۆ من ئاگام لە هیچ نییە. من کە دەمرم هەموو بوون و گەردوون لەگەڵ خۆمدا دەبەمە ژێر گڵەوە و یەکێکم لەو کەسانەی بۆ مێژوو ناژیم. ئەگەر تەمەن سەد ساڵیش بێت لە پانتایی زەمەنە گشتییەکەدا وەك چەند دەقیقەیەك وایە. هەموومان لە تاریکایی بێدەنگییە ئەبەدییەکەدا بە یەك دەگەینەوە و لەم ڕووەشەوە مردن گەورەترین دادپەروەریە لەسەر زەمیندا، چونکە تۆزێك درەنگتر یان زووتر کەس لێی قوتار نابێت. دەزانم ژیان زۆر ئاسایی لە دوای منیش بەردەوامبوونی هەیە و وەرینی گەڵایەك لە میلیاردەها گەڵا هەر پێوەی دیار نییە. من هیچ پارە و پول و زەوی و خانوویەکیشم نییە تا بڵێم دوای خۆم بۆ کێ بێت. شتێك هەیە مادام باس هاتە پێشەوە وا باوە کە یەکێك دەمرێت پرسەی بۆ دەگێڕن و بۆ چەند سەعاتێك دۆستان و خزمانی مردووەکە کۆدەبنەوە دیارە منیش کەسوکارێکی زۆرم هەیە

که دەمێکە لێیان دوورکەوتوومەتەوە بۆیە نامەوێت لە سوید پرسەم بۆ بگیرێت، بەڵکو وەسیەت دەکەم ئەو پرسەیە لە شاری کەرکوکدا ڕێکبخرێت و ئەگەر خۆم بزانم کەی دەمرم بە دڵنیاییەوە دەچمەوە بۆ کەرکوك و لەوێ چاوەڕێی هاتنی مەرگ دەکەم. مەبەستم ئەوە نییە کە جەنازەکەم بۆ کەرکوك ببرێتەوە نەخێر، هەر لەم وڵاتە بنێژرێم، بەڵام تازیەی فەرمیم لە کەرکوك بێت و ئەوەی ئێرە تەنیا کۆبوونەوەیەکی بچووك بێت کە ئەوەش هەقێکی ڕەوای کەسە نزیکەکانمە لە سوید خۆیان سەربەستن. ئەوەی لە ژیاندا ئازاری داوم با لە دوای مردنیشم هیچ شیوەنێکم بۆ نەکات و فرمێسکی درۆم بۆ نەڕێژێت. بە کورتی مردن وەك خەوی شەوان تۆزێ زووتر یان درەنگتر چارەنووسی هەموومانە.

ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە لە کەیەوە ئینسان لەسەر زەویدا پەیدا بووە و لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین ملیارد ئینسان مردووە و چەندی دیکەیش لە پاشەڕۆژدا دەمرن ڕووبەڕووی ژمارەیەکی خەیاڵی دەبینەوە. ئیتر مردنی تاکێك وەك ئەوەیە دەنکە زەنگیانەیەك فڕێدەیتە ناو ئۆقیانووسەوە.

زۆرم دەربارەی مردن نووسیوە و ڕۆژیش نییە چەند جارێك بیری لێ نەکەمەوە، بەڵام نەگەیشتوومەتە هیچ ئەنجامێك و دەزانم هەر بەو بێ ئەنجامییەشەوە سەر دەنێمەوە. مردن وەك بارابۆس وتی (گەورەترین بیرە). من کە بیر لە مردن دەکەمەوە یەکسەر هەست بە تەنیایی و غەریبییەکی نائاسایی دەکەم لەسەر زەویدا. غەریبییەك ناتوانم بە وشە وەسفی بکەم.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): من وای دەبینم دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ شاعیرێك یان نووسەرێك بەشێکە لە پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبیی، چونکە لەو دیدارانە باسی هەندێك تەوەر و مەسەلە دەکرێت کە ڕەخنەی ئەدەبیش هەر ئەو کارە دەکات. تۆ لە لاپەڕەی فەیسبووکەکەی خۆتدا نووسیوتە: "ئەوەی بە وردی شیعری منی خوێندۆتەوە چاك ئەزانێت هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا ئێستاش چەند جارێك وێنەی ماچی سووتاو، ماچی دزراو، ماچی گۆڕغەریب و ئەو ماچانەی ناگەنە لێو دووبارە بوونەتەوە، بەڵام هیچ نووسەرێکی ڕەخنەگر یان ئەوانەی ڕەخنە دەنووسن دەرکیان بەوە نەکردووە و تەنانەت ئاماژەشیان بۆ نەکراوە."خۆتان لا کردنەوەتان لەم بابەتە چۆنە؟ ئەم ماچانە هەڵگری چ ئاماژەیەکن؟ یان تۆ ویستووتە لە ڕێگای وێناکردنی ئەو ماچانەوەو بەهۆی میتافۆرەوە چ پەیامێك بگەێنیتە وەرگر یان خوێنەر؟



**سەلام محەمەد**: کە شیعر دەنووسم بیری پەیامی تایبەتیم نەبووە. واتێدەگەم هەر کاتێك شاعیر پەیامێکی تایبەتی نەخشە بۆکێشراوی پێبوو لە سنووری شیعر دەچێتە دەرەوە. بڵێم چی! ڕەنگە خۆمیش هەندێجار مەبەستی پێشوەخت و دیاریکراوم هەبووبێت، بەڵام بە شیعریان نازانم وەك لە جێگەیەکی دیکەدا وتوومە شاعیریش خیتابی سیاسی خۆی هەیە. تۆ بڕوانە شیعرە سیاسییەکانی گۆران ئەرز و ئاسمان لەگەڵ شیعرەکانی دیکەیدا جیاوازن. دەبێت شیعر وەك خۆی چۆن هەیە ئاوا بە ڕووت و قوتی تەماشا بکرێت و ناشیرین نەکرێت. ڕوخساری ناسکی بە ماکیاژ سواخ نەدرێت. شیعر هەناسەی ژیان و جوانییە. بۆنی گوڵە ماچ و خۆشەویستی و ناڵە ناڵی کەمانچەی غوربەتە. ئەگەر باس لە سیاسەت و چەوسانەوەی ئینسان و غەدر و زۆرداریش بکات شێوەی تایبەتی خۆی هەیە نەك ڕاپۆرت ئاسا خاڵبەند و ڕاستەوخۆ وەك شیعرەکانی نیرۆدا کە جارێك ڕۆژنامەنووسێك بە پاپلۆ نیرۆدای وت تۆ کە شیعر دەخوێنیتەوە کرێکارەکان زۆر بە گەرمی چەپڵەت بۆ لێدەدەن ئایا لە شیعرەکانت تێدەگەن؟ لە وەڵامدا نیرۆدا وتبووی نەخێر هیچی لێ تێناگەن، بەڵام دەزانن کە بەرگری لەوان دەکەم.

ناکرێت ئەو سەربەستییە بەرفراوانەی لە شیعردا هەیە چوارچێوەی بۆ دروست بکرێت و شاعیر ناچار بکرێت پەیامێکی چوارچێوەداری هەبێت. لێی گەڕێ با خۆی بێت و لە دەرگای دڵەوە بێتە ژوورەوە و بلکێتە شوێنە هەستیارەکانی ناخمانەوە. با خۆی لە پەنجەرەکانی هەستەوە عەتر بڕژێنێت و بریقەی ئاوازی لەسەر تاڵە غەمگینەکانی کەمانچەی خەون و خەیاڵدا بریسکێتەوە. شیعر پیرۆزە با زۆری لێنەکەین و قەوارە و مەوارەی بۆ دانەتاشین. ئەگەر خۆی بە ڕاستی شیعر بێت ئەوە پەیام و ئامانج و مەبەست و هەموو ئەو شتانەی تۆ چاوەڕێی دەکەیت وردە وردە بە زمانێکی جیاواز لە ڕاستەوخۆیی دەردەکەون. لە وڵاتی شیعردا شۆڕشگێر تەنیا ئەو کەسە نییە چەکی هەڵگرتووە و باررووت و ئاگری لێ دەبارێت. نازانم چۆن وەسفی بکەم شیعرێك زیادەڕۆیی تیادا نەبێت. تایبەت نەبێت بە بۆنەیەکەوە یان لایەنێکی سیاسییەوە یان تەنانەت کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. وەك پەرداخێك ئاوی سارد لە کاتی تینوێتیدا بێ تەکلیف بێت. بارگران نەکرێت بە بابەتی قەبە و داتاشراو. بابەتم کەوتۆتە بەرچاو شاعیری زۆر ناسراو نووسیویەتی کە هێندەی گەڵابەیەك قایە و بەردی زیادەی هەڵگرتووە. ئەو شاعیرە هەناسە بڕکێی پێکەوتووە و وا هەست دەکات لێپرسینەوەیەکی مێژوویی کەوتۆتە ئەستۆی، ئەگەر کەسێکی ناودار بمرێت دەبێت ئەو شیعرێکی بۆ بنووسێت. دڵنیام ئەو برادەرانە پێشوەخت بۆ کۆچی دوایی سەرکردەیەك یان کەسایەتییەکی سیاسی

ناسراو کلێشەی ئامادەکراویان هەیە بە مەرجێك هێشتا کۆچکردووەکە لە ژیاندایە و نەمردووە. ئاواز هەیە کە گوێمان لێی دەبێت یەکسەر لە ناخماندا جێگیر دەبێت. شیعریش ئاوا شیرینە، ڕەزاسووکە، زوو دێتە ژوورەوە و ئاشنایە، جار جاریش غەریبێکی ئاشنایە کە چەند خوێندنەوەیەکی دەوێت تا بە تەواوی دەیناسینەوە. لە شیعردا قورس و ئاسان نییە. مەرج نییە ئەوەی قورسە شیعرێکی جوان و بەهێز بێت یان دەقێکی سادە و ساکار و ئاسان بە شیعرێکی لاواز بژمێردرێت ئیتر جار هەیە ئاسانە و جاریش هەیە قورسە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا خۆی وا دەرکەوتووە نەك شاعیر بە ئەنقەست ئاڵۆزی کردبێت. خەریکە لە بابەتەکە بچمە دەرەوە. چی لەوە خۆشترە باسی شیعر بکەی هەرچەندە ئەو تۆزە خوێندنەوەیەی هەیشمە دەربارەی شیعر وەك شیعرەکانم بۆ حەفتاکان و هەشتاکان دەگەڕێتەوە.

من مەبەستم ئەوەبوو وەکو پێویست بایەخ بە شیعرەکانم نەدراوە ئەگینا ئەوە نموونەیەکە هێناومەتەوە و شیکردنەوەی ناوێت. ماچێك کە نەگاتە لێو یان گۆڕغەریب بکرێت یان بسووتێنرێت و بدزرێت ماناکەی لە کانیاوی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەوەکەی گۆران ڕوونترە. ئەوە پەیام نییە بەڵکو وێنەیەکی شیعرییە و هیچی دیکە، کە تا لێی ورد بیتەوە شتی جوانتری لێ دەردەهێنیت. باس لە خۆشەویستییەکی نهێنی دەکات کە بە هۆی یاساوڵ و جەردەکانی نێو کۆمەڵگەوە یان بارودۆخی نیشتمانەوە پێش لەدایکبوونی لە بارچووە.

دووبارەبوونەوەی کارەساتی لەبارچوونی خۆشەویستی ئێستایش بەردەوامە. ئێستایش وەك پەنجا ساڵ لەوەبەر ماچەکانم ناگەنە لێو و گۆڕغەریب ماونەتەوە، دەزانیت بۆ؟ ئەگەر لەبارچوونەکە بەردەوامە دڵە بچکۆلانەکەی منیش هەمیشە لە تازەبوونەوەدایە. سارتەر دەڵێت ئینسان بە ژیان حوکم دراوە منیش دەڵێم دڵی من بە خۆشەویستی حوکم دراوە ناخم بۆتە ئەلبومێکی پڕ لە یادەوەری ئەو کچانەی خۆشم ویستوون، بەڵام پێیان نەگەیشتووم و بە ماچیان شاد نەبووم. ماچیش لای من هەر هێمایەك نییە بۆ دیداری لێوەکان، بەڵکو زۆر لەوە فراوانترە.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): من لە یەك دوو شیعری ئێوەدا "گورگ و مرۆڤ" و "بەرخ" هەستێکی ئینساندۆستی قووڵم بەدی کرد لەبەرامبەر ئاژەڵدا کە مرۆڤ بێبەزەییانە لەپێناو ساتێ خۆشی خۆیدا کۆتایی بەژیانیان دەهێنیت. ئەم هەستە مرۆییە جگە لەوەی شایانی ڕێزە، لەهەمان کاتیشدا جێگای لێوردبوونەوەیە. تۆ پەیوەندی زاڵمانەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ چەند



سروشتی دەبینیت، لەکاتێکدا جێگایەك نییە گوێ لە سکاڵای ئاژەڵی بەستەزمان بگرێت وەختێك ڕوو بەڕووی مەرگ دەبێتەوە؟

**سەلام محەمەد**: هەر لە منداڵیمەوە لایەنگری ئاژەڵ و باڵندە بووم وخۆشم ویستوون. ئەوسا کە مریشکێکیان بە بەرچاومەوە سەردەبڕی و دەمبینی چۆن پاش ئەوەی سەری لێدەکرێتەوە، بەرزدەبێتەوە و خۆی بە زەویدا دەکوتێت. بە هەمان شێوە بەرخ و گیسك و مەڕ و بزنیشم بینیوە لە کاتی سەربڕیندا چۆن دەکەونە باعە باع و پاشانیش لاقەفرتێیان پێدەکەوت. ئەم وێنانە بە درێژایی ژیانم ختوکەی ئەقڵ و سۆزیان داوم. هەندێکجار ماوەیەکی زۆر گۆشتم نەخواردووە و بیرم لەوە کردۆتەوە ببم بە نەباتی، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت سەرنەکەوتووم. تۆ ئەو دوو شیعرەت وەکو نموونە هێنایەوە، بەڵام دێتەوە یادم لە حەفتاکاندا کورتە چیرۆکێکم لە هاوکاری بڵاوکردەوە بە ناوی(قەڵەم) ەوە. تیایدا باسی پیاوێکم کردووە کە بەو بەیانییە بۆ کاردەچێت و بە تەنیشت دوکانی تکەفرۆشێکدا تێدەپەڕێت، مەقاڵەیەکیان لە دەرەوە داناوە گۆشت دەبرژێنن. ئەم لە دوورە تەماشا دەکات لە جیاتی تکە و پارچە گۆشت ئینسان لە شیش دراوە و سوور دەکرێتەوە. چاوەکانی هەڵدەگلۆفێت و وردە وردە نزیك دەکەوێتەوە تا بە تەواوی دڵنیا دەبێت ئەوانەی لە شیش دراون ئینسانن. چیرۆکەکە لەوێ کۆتایی دێت کە ئەو پیاوە بۆی دەردەکەوێت دوێنێ شەو گۆشتی برژاوی خواردووە و هەر بە داڵغەوە خەوی لێکەوتووە تا ئەو ڕادەیەش کەوتۆتە ژێر فشاری ئازاری ویژدانەوە کە شیشە گۆشتەکانی ئەم دوکانەی لەبەر چاودا بۆتە کۆمەڵێك ئینسانی برژاو. خۆزگە خێرەومەندێك ئەو چیرۆکەی دەدۆزییەوە و دووبارە بڵاوی دەکردەوە.

لە تەمەنی منداڵیی و مێرد منداڵیدا مێشکی سەری باوکم بردبوو بە پرسیار. دەمەویست بەهانەیەکم بداتێ. هەوڵم دەدا موتیڤێکی مەنتیقی بدۆزمەوە، بەڵام لە دوو وەڵام زیاتر هیچی دیکەم دەست نەکەوت کە یەکەمیان ئەوەبوو ئایین خوێنی ئەو ئاژەڵانەی حەڵاڵ کردووە دووەمیش دەیانگوت گۆشت هۆیەکە بۆ بەردەوامی ژیان هەروەها خۆشیشە.

لێرەدا ناچارم یادەوەرییەکی خۆم بگێڕمەوە کە تارادەیەك کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر هەموو ژیانمدا جێهێشتووە و برینی قووڵی لە دڵمدا هەڵکۆڵیوە. لە ١٩٦٦ کە تەمەنم دوانزە ساڵان بوو لە دوبز دەژیاین. هاوڕێیەکم کە ناوی عەبدوڵڵا نەسیف بوو بە ڕەحمەت بێت پاشان لە سلێمانی شەهید کرا و کچی فاخیر مێرگەسووری هێنابوو، ئەو کاتە ئەوان ماڵیان لە گوندی

مەڵحە بوو دوو کۆتری سپی و جوانی بە دیاری بۆ هێنابووم. منیش یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا ببم بە خاوەنی کۆتری تایبەتی خۆم. چەند ڕۆژێك مانەوە و ماڵی بوون. دوور دەکەوتنەوە، بەڵام ون نەدەبوون و دەگەڕانەوە شوێنەکەی خۆیان. ئەوەندە هۆگریان ببووم دوای قوتابخانە پێش هەموو شتێك دەکەوتمە سۆراغی کۆترەکانم تا گەنمیان بۆ هەڵڕێژم و گوێم لە گمەگمیان بێت. ڕۆژێکیان کە لە مەکتەب گەڕامەوە بە دیمەنێکی سامناك و دڵتەزێن تاسام بە جۆرێك هەموو دونیام لەبەر چاو تاریك و خوێناوی بوو. دایکم کۆترەکانی سەربڕیبوو، گۆشتەکەی سوورکردبووەوە. من نەمتوانی قسە بکەم و زمانم گیرا، بەڵام وا تێکچووم هەموو چێشتەکەی دایکم بە سەر تەباخەکەدا قلَپ کردەوە و هەردوو مەنجەڵەکەم دایە بەر شەق و بە دیار گۆشتی کۆترەکانەوە دانیشتم و خەریك بوو شێت بم. ئەمە یەکەم جارم بوو لە بەرانبەری دایکمدا توندوتیژی بنوێنم. هەڕەشەی ئەوەی لێمکرد باوکم بێتەوە وا و وام لێدەکەن منیش وتم چی دەکەن بیکەن خۆ لە کۆترەکان خراپترم لێنایەت. چوومە ئەو دەم زێیە تا وردە وردە تاریکی داهات لەوێ دەگریام و بە دەم ڕق و تووڕەیی و پەژارەوە بەردم بۆ ناو ڕووبارەکە تێدەگرت و جار جاریش هاوارێکم لێ بەرزدەبووەوە. لە حەشمەتدا زمانم گۆی نەدەکرد هیچ بڵێم، چونکە بە ڕاستی نەتقم گیرابوو بە جۆرێك وام هەست دەکرد قسەکردنم لە بیر چۆتەوە. درەنگانێك وەختی مەغریب کە هاتمەوە زانیم باوکم زۆر بە شوێنمدا گەڕاوە و منیش نەمدەوێرا بچمەوە ماڵ، چونکە زۆر لە هەڕەشەکەی دایکم دەترسام. هەر بە ڕاستی لە دڵی خۆمدا وای بۆ دەچووم ئەوەی ئەو کۆترە بەسزمانانە سەربڕێت سڵ لە سەربڕینی منیش ناکاتەوە. لەو ڕۆژەوە بۆ یەکەمجار نامۆیی لە ماڵی خۆماندا داگیریکردم و هەستم بەوە کرد من خەڵکی ئەو ماڵە نیم کە کۆترەکانیان سەربڕیوم. ڕەگوڕیشەی نامونتەمیەتی من ڕەنگە بۆ ئەو کارەساتە بگەڕێتەوە، چونکە هەر خۆم دەزانم تا چ ئاستێك بیر و هۆشی گۆڕیم.

ماوەیەکی زۆری برد تا تۆزێك ئاسایی بوومەوە تەنانەت چەند ڕۆژێك بۆ مەکتەبیش نەچووم و کێشەیەکی گەورەم بۆ خۆم و باوکم دروست کرد، کە هەموو ڕۆژێ گفتی بە مامۆستاکان دەدا بگۆڕێم و بچمەوە قالبەکەی جارانی خۆم، بەڵام من نەك هەر نەدەگۆڕام، بەڵکو تووشی خەوی ناخۆش و مۆتەکەیش هاتبووم کە لە شیرینی خەودا ڕادەپەڕیم و نەمدەوێرا بخەومەوە.

بە هەر حاڵ نەك تەنیا دایکم بەڵکو ئینسان بە گشتی زاڵم و غەددارە بەرانبەر بە ئاژەڵ و باڵندە و ماسی و زیندەوەرەکانی دیکە. ئاژەڵی دڕندە بەشی ئەوە دەخوات تا تێر دەبێت و ئیتر وەك مەڕی پێغەمبەری لێدێت هەقی بەسەر کەسەوە نییە ئەگەر شەڕی پێ نەفرۆشن ئەو بە



لای کەسدا ناچێت. لە دێهاتەکانی ئەفریقیادا خەڵکی بە پێ هاتوچۆیان دەکرد و ئەملاولای ڕێگاکە پڕبوون لە شێر. ئەوان کاتێك سەفەریان دەکرد کە لەوە دڵنیادەبوون شێرەکان برسی نین و پێشتر نێچیری خۆیان چنگ کەوتووە. بڕوام پێبکە هەندێك بێچووی وەك بەرخ و کار و ئاسك و کەروێشك و.. تاد ئەگەر زمانیان هەبووایە کاتێك چاویان بە چەقۆ دەکەوت هاواریان لێهەڵدەستا و دەیانگوت بیکەرە خاتری جوانی و منداڵیمان مەمانکوژە و حەزمان بە ژیانە، بەڵام ئینسان کە خۆی ئاژەڵێکی دڕندەیە و بە هیچ چاوی تێر نابێت جاری وا هەیە کەری بەسزمانیشیان سەربڕیوە و گۆشتەکەیان فرۆشتووە.

ئەگەر یەك دوو جارێك تەماشای فیلمەکانی یوتوب بکەین چۆن قەسابەکان گوێرەکە و گا و مانگا دەکوژن ئینجا سەریان دەبڕن باشتر دەزانین ئەو گۆشتەی کە دەکرێت بە تکە و کەباب چین و چۆن بەرهەم دەهێنرێن.

لێرەدا وەك چۆن ئاژەڵ کراوەتە دوو بەشەوە گیا خۆر و گۆشت خۆر، ئینسانیش وایە لە سەرەوەی نەوەد لە سەدای گۆشت خۆرن و بەشێکی کەمیش نەباتین.

دڵێکی دەوێت بەرخێکی جوان لە زەوی بگەوزێنیت و لە دەمارەوە بۆ دەمار چەقۆ بخەیتە ملی. بە ڕاستی دڵی دەوێت، بەڵام دڵێکی جەللاد و ترسنۆك. من هیچ کاتێك لە ژیانمدا کوشتنم بە ئازایەتی نەزانیوە هەر لە کوشتنی مێروولەیەکەوە بۆ کوشتنی ئینسانێك تەنیا لە یەك حاڵەتدا نەبێت کە ڕووبەرووی زۆردار و جەللاد بەرگری لە بوونی خۆی بکات.

ئینسان لە کۆنەوە گۆشتخۆر بووە و بەو هۆیەوە توانیویەتی بەسەر برسێتیدا زاڵ بێت. کەواتە ئەمەیش بەشێکە لە دڵڕەقی خودی سروشت. بۆیە ئینسانیش بەو مێژووە خوێناوییەدا تێپەڕیوە تا بمێنێت و نەمرێت. ئەوسا وا ڕاهاتبوو گۆشتی دڕندە بە کاڵی و بێ خوێ و بێ کوڵاندن و برژاندن بخوات تا وردە وردە خوێ و ئاگری دۆزییەوە و پاشان هونەری جۆراوجۆری داهێنا بۆ چۆنیەتی خواردنی گۆشت بە کوڵاوی و برژاوی و سوورەوەکراوی تەنانەت بە کاڵیش.

من خەو بە کۆمەڵگەیەکی ئینسانی گۆشت نەخۆرەوە دەبینم، بەڵام تاك بە تەنها دەرەقەتی هەموو شتێك نایەت تا هۆشیاریەکی گشتی باش لە نێو کۆمەڵگەدا بڵاونەبێتەوە.

ئەگەر دەستم بڕوات هەموو جۆرە گۆشتێك حەرام دەکەم نەك تەنها گۆشتی بەراز.

گۆشت بە لای منەوە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە ئەگەر گۆشتی ئینسان بێت یان ئاژەڵ و باڵندە. لە یوتوبدا کۆمەڵێك فیلمی بوازاییەکانم بینیوە کە گۆشتی مردووە خۆشەویستەکانیان دەرخواردی داڵ دەدەن، بەلای خۆیانەوە تەقسێکی پیرۆزە. لە هەمان کاتدا بیرم لەو ئینسانە

مردووه کردۆتەوە کە تا لە ژیاندا بووە ئەویش بە چ لەززەتێکەوە گۆشتی ئاژەڵی خواردووە. ئێستا بە هەمان لەزەتەوە داڵ تێی ورووکاون و گۆشتەکەی دەخۆن. بۆ ئەوەی کە ئینسان لە دڕندەیی ڕزگاری بێت، دەبێت واز لە گۆشت خواردن بهێنێت. من خۆم نەباتی نیم، بەڵام زۆر بە کەمی گۆشت دەخۆم. وەك وتم هەولێشم داوە و سەرنەکەوتووم. بێگومان ئەویش کەمتەرخەمی خۆم بووە ئەگینا هاوڕێی خۆشەویستم کاك ئەمجەد شاکەلی زیاتر لە بیست ساڵە گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی بە هیچ جۆرێك ناخوات و شوکور تەندروستیشتی زۆر باشە.
بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاژەڵیش هێندەی ئینسان حەز بە ژیان دەکەن ئیتر بۆ دەبێت سەربڕدرێن و بکرێنە خۆراك بۆ ئینسان؟ جیاوازییەکە تەنیا لەوەدایە کە ئینسان ئەقڵ و زمانی هەیە، بەڵام ئاژەڵ زمانی نییە تا بەرگری لە خۆی بکات.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): "سۆزانییەکی پیرۆز" یان "هەنگوینی تاڵ" یان "بارانی سووتاو" کە ناوی سێ شیعری خۆتن و وردبوونەوە لێیان نیشاندانی پارادۆکسی حاڵەتەکانە. ئەم لەگەڵ یەك نەگونجاندنی وشانە و کۆکردنەوەیان لەناونیشانی دەقێکی شیعری بۆتە مایەی جوانی بەخشین. شیعرییەتی ئەم ناونیشانانە خەسڵەتی سەرنجڕاکێشی خوێنەری هەیە. تۆ خۆت ئەم شیعرییەتەی ناونیشانی دەق چۆن دەبینیت و لێکی دەدەیتەوە؟

**سەلام محەمەد**: وەك وتم کە شیعرێکم نووسیوە نە پلانێکی تایبەتیم هەبووە نە ویستوومە بە هۆی شیعرەوە پەیامێك بگەیەنم، بەڵام خودی شیعر خۆی ئەوەندە دونیایەکی فراوانە، زۆر شتی تیایە کە وێنەی وات دەداتێ پێی سەرسام دەبیت. لەوانە پەیامیش دەگرێتەوە بەبێ ئەوەی شاعیر مەبەستی بێت.
سێ نموونەی جوانت هێناوەتەوە و خۆمیش هەندێکی دیکەیان دەخەمە پاڵ کە شیعری سێبەرەکانی کەرکوکە لە ساڵی ١٩٨١دا پێشتریش چەند شیعرێکی حەفتاکان. هیچ مەرج نییە ناونیشان کۆدی دەق بێت یان کارئاسانی بێت بۆ خوێندنەوەی دەق و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ لای نهێنییەکانی دەق. جاری واهەیە وەك شیعری (هەنگوینی تاڵ) شیعرەکە و ناونیشانەکە یەك بابەتن و لە یەکتر جیاناکرێنەوە. لە دەقی (بارانی سووتاو) دا وانییە، چونکە شیعرەکە خۆی چەند دێڕێکی کورتە کە لە ڕاستیدا کورت کراوەیەکی زۆر سفت و چڕە.



پەیوەندی بە ڕۆژانێکی سەختی ژیانمەوە هەیە کە لە زیندانی "ڕایات"دا بووم. خۆشەویستی خاك بە جۆرێك سووتانمی تا لە زیندانەکانی خاکدا دیل بکرێم. وەختێك وتوومە:
**هۆنراوەکەم کوێستانیە**
**لەنێوان بای سەرەوخوار و سەرەوژوورا**
**بۆتە شارێك ناوی: بارانی سووتاوە**

چیرۆکی ئەم کورتە شیعرە بۆ ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە کە تەمەنم بیستویەك ساڵ بوو. پێشمەرگەبووم و خەیاڵی کاری شۆڕشگێڕانە کەوتبووە مێشکمەوە و لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بۆ شاری بەغدا ڕەوانە کرام. کە پاشان بۆم دەرکەوت گەنجێکی شاعیری وەك من ناتوانێت شان بداتە بەر ئەو جۆرە کارە و بۆ سەرکردایەتی گەڕامەوە لەوێش گیرام و تا ڕۆژی ئازادکردنم تەنانەت یەك پرسیاریشم لێنەکرا و بە دەستبەسەری لە ڕایات مامەوە. ئەو دەمە بە پیادەیی لە هاتوچۆدا بووم لەنێوان ناوپردان و بەغدادا، بەردەوام خوار و ژوورم دەکرد کە وەك لەو چەند دێڕەدا دەردەکەوێت خوار بەغدایە و ژووریش کوردستانی ئازادە. تاوانباریش شاعیرێك بوو بەغدا ڕاوی دەنا و ئەگەر بەردەستی بکەوتایە ئیعدامی دەکرد هەروەها جێگەی خۆی لە نیشتمانی خۆشەویستیش لەق کرد، چونکە لەسەر داواکاری خۆی ویستی کاری شۆڕشگێڕانە بکات و نەیتوانی. بەو پێناسە و مەفهومەی بۆ شۆڕشگێڕی کرابوو دەبوو ئەگەر ئیعدامیش بکرێت کۆڵ نەدات و نەڕووخێت و نەگەڕێتەوە، بەڵام گەڕایەوە. کارەساتەکە لە ئەنجامدا دەبێتە بارانێکی سووتاو کە ناونیشانی شیعرێکی زۆر کورتە. لە مسوەدەکەی ئەو شیعرە کە پاشان بۆم دەرکەوت لای سەعد مەلا عەلی ئامۆزام هەیە کاتی خۆی بە هۆی بارودۆخی عێراقەوە سێ دێڕی چاپ نەکراوە کە ئەمانەن:
**وەکو سقەکوێری ڕایات**
**لە هۆنراوەکەم تێناگا و**
**بە وڕێنەی تاوانبارێکی دائەنێ**

سدیقە کوێر جەللادی زیندانی ڕایات بوو. ترسی ئەوەم هەبوو ئەگەر ئەو سێ کۆپلەیەم لە کۆمەڵە شیعرەکەی ١٩٨٨دا بڵاوبکرێنەوە، ڕژێم داوام لێبکات لەسەر زیندانی ڕایات بنووسمو منیش سەبارەت بەوەی کە خرامە زیندانەوە بە تەنها هەڵەی پاراستن نەبوو، بەڵکو

خۆمیش بەشی ئەوە خەتابار بووم ئەگینا تەنیا من نەبووم، کە داوای کاری خۆبەخشانەم کردبوو، بەڵکو هەر یەك لە ڕەحمەتی محەمەد موکری و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و سەعدوڵا پەرۆشم لەگەڵدابوون کە داخوازیەکەمان ئیمزا کرد، بەڵام ئەوان زوو سارد بوونەوە و تێگەیشتن کاری لەو بابەتەیان پێناکرێت و من پەشیمان نەبوومەوە تا بەو بەو جۆرە کۆتایی هات. هەربۆیەش تا ئێستا کە زیاتر لە ٣٨ ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە ڕێگای خۆم نەداوە لە سەری بنووسم هەرچەندە ئەو ماوە دوور و درێژەی کە لە عێراق بووم ئەگەر شتێکم نووسیبایە بۆ ڕژێم دەبوو بە دەستکەوتێکی گەورە و دەنگی دەدایەوە. بە ڕاشکاویش دەڵێم ئەم تاقیکردنە تاڵە کە لە لووتکەی خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە هەڵقوڵابوو زۆر قورس بە سەرمدا کەوتەوە کارێکی گەورەی کردە سەر کەسایەتی و ناوبانگم.

شاعیری برادەرم هەیە پێی وتووم نیازی نووسینی شیعرێکم هەیە بە فلان ناونیشان. یان هەیە دەمێکە لە دەقە ئەدەبییەکە بۆتەوە، بەڵام ناونیشانێکی لەباری پێ نادۆزرێتەوە. پەیوەندییەکی هۆرمۆنی گەورە هەیە لەنێوان دەق و ناونیشاندا، بەڵام ئەو پەیوەندییە دوو جۆرە. دەرەکی و ناوەکی. کە دەڵێم دەرەکی وەك شیعری (هەنگوینی تاڵ) و ناوەکیش وەك شیعری (سۆزانییەکی پیرۆز)ە کە تۆ ئاماژەت بۆ کردوون. بە بۆچوونێکی سوریالیانەشەوە دەکرێت ناونیشانی شیعرێك دارخورما بێت، بەڵام هەموو شیعرەکە تەنانەت یەك حەرفیش پەیوەندی بە خورماوە نەبێت.

شیعری سۆزانییەکی پیرۆز ڕاستەوخۆ باس لە هیچ سۆزانییەك ناکات، وەك چۆن هیچ سۆزانییەکیش بابەتی گەوهەری نییە. ئەم شیعرەم لە ساڵی ١٩٧٥دا لە بەغدا دوای کارەساتی هەرەسە گەورەکە نووسیوە. ئێوارانێك چووم بۆ ماڵی سەلاح شوانی شاعیری هاوڕێم لە مدینە الشعب لە بەغدا کە لەگەڵ حوسێن عارفی چیرۆکنووسدا پێکەوە خانوویەکی دوو نهۆمیان بە کرێ گرتبوو. بە ڕێکەوت کە من چووم کاکە مەم بۆتانیش لەوێ بوو عەرەقە حەیاتەکەیان نۆش دەکرد. شیعری سۆزانی پیرۆزم یەکەمجار لەوێ خوێندەوە هەموو وتیان زۆر جوانە پاشان من و سەلاح شوان چووینە دەرەوە بۆ مەیخانەی سەرگۆن لە ئەبونەواس و کە دانیشتین سەرنجێکی گرنگی دەربڕی. وتی بڕوا بکە من خۆم پێویستیم بەوەیە چەند جارێکی دیکەیش ئەو شیعرە بخوێنمەوە ئەوجا تەواو لێی تێدەگەم، کەچی هەموومان وتمان زۆر جوانە و ئیتر تەواو. مەبەستی ئەوەبوو بوو هەندێك دەق بە جارێك و دووان ئەو مانا شاراوانەی ناوەوە نادەنە دەستەوە.



هەمان حاڵەت لە شیعری (وەرزی بەستەڵەك) و (شەوانی تەنیایی)دا هەیە واتە دەق زیاتر لە خوێندنەوەیەکی گەرەکە و ناونیشانیش ناوەکییە نەك دەرەکی.

شیعرییەتی ناونیشان و شیعرییەتی دەق لە یەك جیاناکرێنەوە، بەڵام بەیەکەوە گرێدانیشیان ئاسان نییە، ئەگەر لە کۆدەکانی شیعرەکە تێنەگەین.

خاڵێکی گرنگ هەیە لە ڕەخنەی کوردیدا باسی نەکراوە. تێگەیشتنی خۆێنەر بۆ دەق و مەبەستی ڕاستەقینەی خودی شاعیر و ڕەنگدانەوە ئەستاتیکییەکانی دەق هەموویان وەك پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ بە دەوری یەك مۆمدا دەخولێنەوە و تێگەیشتنی تەواوی دەق لێرەوە دەست پێدەکات. لەم کاتەدا چەند شیعرێکی جیهانیم دەکەوێتەوە بیر لە پاڵ هەندێك شیعری نالی و مەحوی و گۆران و.. تاد سەرەڕای ئەوەی کە زۆریشیان لەسەر نووسراوە، بەڵام هێشتا شایانی خوێندنەوەی تازە و شیکردنەوەی تازەن. واتە کردنەوەی کۆدەکان خۆی لە خۆیدا جۆرە بەردەوامبوونێکی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین شیعری جوان هەرگیز کاڵ نابێتەوە.

شیعری (تینوێتی و زستانی جوان) کە لە لاپەڕە ٦٣ ی دیوانەکەمدا هەیە یەکسەر دوای هەرەس نووسراوە، کارەساتی ساڵێکی پڕ لە خەون و پاشان نسکۆ و نوغرۆبوون و سیس هەڵگەڕانی ئاواتی ئینسانی کوردە. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٧٥یش بۆ یەکەمجار بڵاوکرایەوە, بەڵام نە ئەوسایش و نە ئێستایش هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ نەکراوە کە لەم شیعرەشدا ناونیشان دەرەکییە و خۆشەویستی خاك و دەزگیران ئاوێتەی یەکتری کراون. بەشی یەکەمی شیعرەکە پەیوەندی بە شۆڕشی پێش هەرەسەوە هەیە، لە کاتێکدا کە بەشی دووەم نیشاندانی کۆمەڵێك وێنەی تێکشکانی دوای هەرەسە.

ناتوێمەوە
نا نا نا ناتوێمەوە
ئەوەی دیتم ڕۆژگارێ بوو
دەرگاوانی حەوت دەرگاکەی دۆزەخی خوا نەیبینیوە.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): پرسیاکردن، وەك شێوازێکی تەکنیکی لەپێناو ڕوونکردنەوەی پەیام و ناوەڕۆك و ئینجا دوان لەگەڵ خوێنەر لە سەرتاپای دیوانەکەتدا بەرچاو دەکەوێت. ئایا پێتوایە بێ ئەو پرسیارانە ڕایەڵەی شیعرەکانت و خوێنەر لاوازتر ببێت؟

**سەلام محەمەد:** جوانی بۆ چوویت! ئەمە شێوە تەکنیکێکی زۆر تایبەتە بە شیعر و نووسینەکانی منەوە. پرسیار زۆر دەکەم. پرسیارەکان ئاراستەی ئەو دەکەم، بەڵام ئەو کێیە؟ ئایا خوێنەرە یان دیارینەکراوێکی نهێنییە یان هەر موخاتەبەی خۆم دەکەم. کە من جار جار لە حەفتاکاندا کورتە چیرۆکیشم نووسیوە. یەکێك لەوانە چیرۆکی (ڕەشەڕاو)ە کە لە گۆڤاری بەیان لەدەیەی حەفتاکاندا بڵاوکرایەوە. چیرۆکنووس حوسێن عارف لە سەری نووسیبوو (ئەم جۆرە تەکنیکە پڕ بە پێستی ئەم جۆرە بابەتەیە). لە ئاماژەیەکدا بۆ تەکنیکی نوێی چیرۆکەکە کە پێش من هیچ چیرۆکنووسێکی دیکە خۆی لێنەداوە هەرچەندە کە من چیرۆکنووسیش نەبووم.

هەمان تاقیکردنەوە لە چیرۆکی (گرێ کوێرەی مەرگ) دا بە شێوەیەکی دیکە ڕەنگی داوەتەوەو چیرۆکنووس جەلیل کاکەوەیش لەبارەیەوە نووسیبووی (سەلام محەمەد یەکەمین کەسە ئەم شێوە تەکنیکە لە ئەدەبی کوردیدا بەکاربهێنێت). ئەو دوو برادەرە هەر یەکە و باسی چەمکێکی تایبەتیان کرد و من بە مەبەستەوە نەمنووسیوە، بەڵام دەزانم کە ئەو تەکنیکەم بەلاوە جوانە.

ئەگەر سەرنج بدەی زۆر موخاتەبەی کەسی دووەمم کردووە تەنانەت خوێنەر وا هەست دەکات ئەو شیعرە بۆ یەکێکی دیاریکراو نووسرابێت. ئەو کەسی دووەمە زۆربەی کات خۆمم، بەڵام نەك هەموو کاتێك. کە دێم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی خۆمدەکەم باشتر دەچمە ناو شیعرەکەوە و دەڵێی لەگەڵ خۆمێکی دیکەدا قسە دەکەم. ئەم تاقیکردنەوەیە بە شیعری (بارانی ڕەنگاڕەنگ) هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ئاشکرا دیارە. وابزانم لە وەڵامێ پرسیارێکی دیکەدا باسی من و منەکانی دەوروبەری منە باڵاکەم کردووە کە هەموو منەکانی دیکە وەك پەپوولە بە دەوری ڕۆشنایی مۆمی منە گەورەکەدا دەخولێنەوە.

چۆن منالێك کە فێری زمان دەبێت زۆر پرسیار دەکات منیش وام. پرسیار زۆر دەکەم. پرسیارەکانم پەیوەندییان بە خوێنەرەوە نییە بۆ ئەوەیش نەخستوونەتە توێی شیعرێکمەوە تا کۆدێك بۆ شیعرەکە دروست بکەم یان بەرچاوی خوێنەر ڕوون بکەمەوە. بە لای منەوە ژیان خۆی لە خۆیدا پرسیارێکی گەورەیە منیش کە باسی ژیان یان مردن دەکەم زۆر ئاساییە جۆرەها پرسیار بورووژێنم.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): ئەم پرسیارەم زیاتر بەلای فەلسەفەدا دەشکێتەوە. تۆ خۆت ئەم دیدە فەلسەفییەت لە شیعردا وروژاندووە و کات بۆ تۆ نەسەرەتای هەیە و نە کۆتایی. ئەگەر



کات سەرەتا و کۆتایی نەبێت، ئەوا شوێنیش سەرەتا و کۆتایی نییە و لێرەوە دەچینەوە سەر مەسەلەی بوون و ئەسلی مرۆڤ و خوا. زۆرن ئەوانەی تا دەمرن لە گوماندا دەژین و ناگەنە یەقین. گەیشتن بە یەقین هەندێکجار مرۆڤ ئاسوودە دەکات و هەندێکجاریش ڕەنگە بەڵایەکی بۆ بنێتەوە. تۆ لەکوێی گومان و یەقیندا دەژیت؟ ئایا ژیان لەناو گومان نابێتە کارخانەی هەزاران پرسیار گەورە گەورە سەبارەت بە بوون و گەردوون؟

**سەلام محەمەد:** ئەمە گەورەترین پرسیارە کە کەس نەیتوانیوە و ناتوانێت بە تەواوی وەڵامی بداتەوە. دەیان و سەدان و هەزاران بەو دەردەسەرییەوە مردوون و دڵنیام کە منیش حاڵم لەوان باشتر نابێت. چل ساڵ زیاترە ئەمە بیرکردنەوەی ڕۆژانەم بووە. با بە برای خۆم بڵێم ئەو بەد مەستییەی ساڵەهایەك لە کەسایەتی و شیعرەکانیشمدا ڕەنگی دابووەوە، بەشێکی بۆ ئەو بیرە دەگەڕێتەوە کە دەمباتە ناو عەدەمەوە. چۆن؟ کە نەدەگەیشتمە هیچ قەناعەت و وەڵامێك دەکەوتمە دژایەتیکردنی هۆشیاری خۆم بەدمەستیم بە وەڵامێکی لەبار دەبینی بۆ پرسیارە ئەزەلییە نەناسراوەکان. لەبەر ئەوەی بێدەسەڵات و واق وڕماو بەرانبەر بەو نهێنییە چۆك دانەدەم و تەسلیم نەبم!! هەمیشە دەمگوت ئایا بەرەنگاری ببمەوە یان کڕنۆشی بۆ بەرم؟ لە سەردەمی گەنجیمدا کاتێك دەمخواردەوە وردە وردە پرسیارەکە لەگەڵ کەحولدا تێکەڵاوی خوێنم دەبوو تا ئەو شوێنەی وەك لە هەندێك شیعرمدا وتوومە دیمەنەکان تێکەڵاو دەبوون و جیاکردنەوەیان لە یەکتری ئاسان نەبوو. هەوڵم دەدا وەك ئیدگار ئالان پۆ و جان دەمۆ و زۆری دیکەیش بە مەی بەربەرەکانێی بیرکردنەوەی خۆم بکەم، بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆم، چونکە دڵنیابووم لەوەی ئەو بیرکردنەوەیە هیچ ئەنجامێکی نییە، بەڵامەوە گرنگ نەبوو خەڵك چی دەڵێن و ناڵێن، بەڵام خۆم دەمزانی بۆچی زۆر دەخۆمەوە و هۆی چییە ئەو دڵە بچکۆلانەیەم سرەوتنی بۆ نییە و هەدادانی پێکەوتووە. ڕاستیت دەوێت مەست نەبووم، بەڵکو عەشقێکی خودایی لە دڵمدا هەڵایسابوو. ئەوسا بۆ خۆشی و تامی شەراب نەمخواردۆتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی هەموو تامە بێتامەکانم لەبیرچێتەوە. لەو باوەڕەدا بووم کە هۆشم دێتەوە بەر ئەو عەشقە پیرۆزە لە جەستەم جیادەبێتەوە وەك ئەوەی پێستەکەم لە لەشم دامالرێت ئاوا بوو. بۆیە پەلەم بوو بە هەر نرخێك بێت ئەو بارە تەلیسماویەی نێوان خۆم و مەی دووبارە بکەمەوە و تا لە وزە و تینمدایە بەرم نەدات و نەیەمەوە هۆشی خۆم، چونکە بارە هۆشدارییەکەم بە زەیف دەزانی. بێگومان من ناڵێم ڕێگایەکی ڕاستم گرتبوو خەڵکی دیکەیش بەو ڕێگایەدا بڕۆن. نەخێر ئەو بارە دەروونییەی ساڵگارێکی دوور و درێژی خەیاند، بریتی بوو لە شێوە دەربڕینێکی تایبەت

به خۆم. تەنیا خۆم وەك سەلام محەمەد نەك وەك ئیدگار ئالان پۆ یان جان دەمۆ. بە هەر حاڵ دەمێکە ئەو بارە دەروونییە ئاڵۆزە کۆتایی هاتووە و چونکە تا سنوورەکانی خۆکوشتن لەگەڵیدا ڕۆیشتم. پاشان مەستی بادە بەریدام و جۆرە مەستییەکی دیکە دایگرتم. مەستییەك بەبێ کەحول و تلیاك و مادده هۆشبەرەکان یان دەرمان و کەپسوڵ کە من ئەوسایش لە هەموو ژیانمدا لە مەی بەولاوە هیچی دیکەم تاقینەکردۆتەوە. بڵێسەی عەشقی پرسیارەکە لە جاران بە تەوژمترە کاتێك بۆم دەرکەوت ئەو ئاگرە بە ئاوی مەی ناکوژێتەوە. بە مەستی و بێهۆشی دەرەقەتی نایەم، بەڵکو ئەگەر ئەنجامەکەی شێتبوونیش بێت ئێستایش بەردەوام خەریکی گەڕانم بە دوای قەناعەتێکی دیاریکراودا. قەناعەتێك ئەم دیوارە ئاگرینەی نێوان گومان و یەقین یان بوون و نەبوون لابەرێت شنەی شەماڵێکی فێنك و خۆش لەم قرچە قرچی سووتانەدا بەرپا بکات.

کاکە بڕوا بکە کارێکی ئاسان نییە ئەم ئینسانە جوانە بەم هەموو هەست و بیرکردنەوە و زیرەکیەوە لە پڕێکدا دەمرێت و دەیخەنە ژێر گڵەوە هەر دوای تێپەڕبوونی٢٤ سەعات بە سەریدا بۆگەنی دەکات و کرم لێی دەدات، ئەگەر نزیکترین و خۆشەویستترین کەسی خۆی لە ژیاندا لێی نزیك بێتەوە دەبێ لووتی بگرێت، ئەگینا بەرگە ناگرێت. بە ڕاستی ئەمەیە کارەساتی بوون، بەڵام خۆمانی لێ گێل دەکەین. خۆ من ناڵێم هیچ نەکەین، چونکە دەمرین، بەڵام بە وردیش بیر لە مردن نەکراوەتەوە.

جاران وامدەزانی لە ڕێگای خوێندنەوەوە خێراتر و ئاسانتریش دەگەمە هەوار، بەڵام ئێستا دڵنیام کە خودا لەناو کتێبدا نادۆزرێتەوە وەك چۆن بە خوێندنەوەیش ناگەیتە پێچەوانەکەی.

لە ڕۆژی یەکی ئازاری ١٩٩٩ کتێبێکی سویدیم کڕی بە ناوی (مێژووی خودا) کە نزیکەی ٥٠٠ لاپەڕەی گەورەیە لە نووسینی کاترین ئارمسترۆگ و وەرگێڕانی بۆ سویدی ئینگەر یوهانسۆن. لە سەرەتادا وامزانی خەزێنەیەکی پڕ لە نهێنیم دۆزیوەتەوە و پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە تەم و خۆڵبارینەکەی بەرچاوم ساف و بێگەرد دەبێت، بەڵام موخابن! چەند پرسیارێکی دیکەیش هاتنە پاڵ پرسیارەکانی دیکە و خودی کارین خۆیشی نازانێت چۆن نوختە لەسەر حەرفەکان دانێت. ئەوەی کە لێرەدا پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە ئەوەیە مێژووی خودا بۆ مێژووی ئینسان دەگەڕێتەوە و پیش ئەو مێژووە خودا لە دەرەوەی بوونی ئینساندا نەبووە. بەم پێیە ئینسان خۆی سەبارەت بە چەند هۆیەك خودای دروست کردووە، چونکە سەری لە نهێنی مردن دەرنەچووە. واتە پێش بوونی ئینسان کەس پێویستی بە بوونی خودایەك نەبووە



لەسەر زەمیندا، بەڵکو پێویستی بە بوونی خودا ماوەیەکی زۆر دوای پەیدابوونی ئینسان سەری هەڵداوە، چونکە ئینسانیش لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بیری بۆ خودا نەچووە. واتە پەیدابوون و نەشونماکردنی بیری خودا لە کۆمەڵگەی ئینسانیدا بەند بووە بە پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤەوە کە گەیشتۆتە ئاستێك پرسیار بکات و بۆ ڕاستی و دروستی شتەکان بگەڕێت. من واتێدەگەم خودای ناو ئاینەکان و خودای ڕاستەقینە دوو شتی جیاوازن و ئەرز و ئاسمان لە یەکەوە دوورن. چونکە خودای دین کۆمەڵێ مەرجی بۆ ئینسان و دروستکردنی ئینسان داناوە کە هەموو ئەو مەرجانە جۆری پەرستن و نزیکبوونەوە دیاری دەکەن لەگەڵ ئاشکراکردنی خەڵات بۆ چاکە و سزا بۆ خراپە. واتە بیرۆکەی بەهەشت و دۆزەخ کە لە هەموو ئایینەکاندا لێکچوونی زۆر لەنێوانیاندا هەیە لە ئایینی ئیسلامدا گەیشتۆتە لووتکە وەك بەخشینی حەفتا حۆری و جۆگەلەی شەراب و شتی نایابی لەم بابەتە. خودای دەرەوەی ئایینیش کە هەرچەندە لە ئایینێکی دیاریکراودا بەرجەستە نابێت، بەڵام وەك ئەوەی کە ئینسان سی دی بێت بە درێژایی ژیانی هەرچییەك دەکات لە چاکە و خراپە دەچێتە نێو ئەو سی دیە کە ڕەنگە بریتی بێت لە خودی ویژدان یان شتێکی ئاڵۆزی لە بابەت مێشکی ئینسان.

لێکدانەوە ماتریالیزمانەکەیش بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە کە مادده پێش گەوهەر کەوتووە و هیچ هێزێکی دیکە لە دەرەوەی ماددەدا نییە. تیۆرییە زانستییەکان دەمانبەنەوە بۆ تەقینەوەی بیگ بانگ کە بۆتە هۆی دروستبوونی گەردوون و زیاتر لە پانزە ملیارد ساڵ پێش ئێستا ڕوویداوە و تەقینەوەکە بە قوڵایی گەردووندا هەر بەردەوامە.

ئەو دەنکە ئەتۆمە یان گەردیلەیەی کە بووە هۆی تەقینەوەکە لە پرۆتۆن و نیۆترۆن و ئەلیکرۆن پێکهاتبوو کە لەم دواییەدا بۆچوونی تازە هاتۆتە ئاراوە گوایە مادده یان گازی دیکەیشی تیادا بووە، بەڵام زانست ئەوەی ڕوون نەکردۆتەوە بۆچی پلەی گەرمی (لە پڕێکدا) بەو ڕادەیە لەو گەردیلەیەدا بەرزبۆتەوە تا ئەو تەقینەوە گەورەیەی لێ دروست بووە. هەروەها لەوەڵامی ئەدی گەردیلەکە خۆی لە چییەوە پەیدا بووە دەڵێن لە هەندێ گازی نەبینراوەوە ئەی گازەکان لە چییەوە هاتوون زانست دەڵێت لە هیچەوە هەروا بە (ڕێکەوت). ئەوانەی بەرگری لە بوونی خودا دەکەن ئەمە بە بۆشاییەکی گەورە دەزانن و دەڵێن چۆن لە هیچەوە شت دروست دەبێت یان چۆن بە ڕێکەوت گاز کە سەنگ و بۆنی هەیە دروست دەبێت!!

ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە ڕێکخستنە هۆرمۆنییە ورد و توند وتۆڵەکەی ژیانە. هەموو شتێك نیزامێکی ڕێکوپێکی هەیە کە بچووکترین خوار و خێچی دەبێتە هۆی شڵەژانی تێکڕای

نیزامەکە. من وا تێدەگەم نیزام و ڕێکەوت دوو جەمسەری جیاوازن. هەر بۆ نموونە دڵی ئینسان، چاوی، دەماغی ئەوەندە نیزامێکی پڕ لە وردەکاری و تۆکمە و تەواوە بە ئەقڵمدا ناچێت لە هیچەوە هاتبێت یان ڕێکەوت بە خۆڕایی و لە هەوەنتە دروستی کردبێت.

دەزانی چۆن برام ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری گەرەکە. ڕەنگە ئاوی دەریایەکیش بەشی نەکات و هەموومان سەربەستین چۆن بیر دەکەینەوە. زانست تەواو ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە مێشکی ئینسان (هەموو ئینسانێك) دە هەزار خانە و شانەی تیادا هەیە تا ئەمڕۆ زیرەکترین ئینسانیش لە دە دانە زیاتری بەکار نەهێناوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەگەری بەگەڕخستنی خانەی نوێ لە ئارادایە و بەم دە خانەیەوە تەکنەلۆژیایەکی ئێجگار پێشکەوتوومان هەیە کە ئەگەر ببێتە بیست یان زیاتر ئەوەی ئێستا دەبێتە هیچ، بەڵام کە بکەوێتە سەرەوەی پەنجا بە خەیاڵیش ناتوانین پێشبینی فۆرم و بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمە بکەین. ئەدی ئەگەر بووە هەزار و دوو هەزار کە هیچ کاتێك وەك زانست دەڵێت ناگاتە دە هەزار کە وەکو ناوەڕۆك هەیە، بەڵام مێشکی ئینسان توانای خۆڕاگرتنی نییە لە بەردەم گوشاری ئەو وزە و توانا بێ سنوورەدا. کەواتە ئەوەی پێی دەڵێی خودا کۆهێزێکی لەو بابەتەیە، بەڵام کۆمەڵێ ناوی جیاوازی هەیە ڕەنگە پاش سەد دووسەد ساڵی دیکە وەڵامدانەوەی ئاسانتر بێت. ئینسان لە تێگەیشتنی جیاوازی نێوان گومان و یەقین یان بوون و نەبوون بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایەوە نزیکتر بکەوێتەوە.

دەربارەی مردن. ئێمە پێش ئەوەی لەدایکبین بە مردن حوکم دراوین. کەواتە هەموومان لە چاوەڕوانی ئەو حوکمەدا ڕیزمان گرتووە، بەڵام زیندانەکانمان جیاوازن. جارێکی دیکەیش دەیڵێمەوە کە خەیام بە یەك دێڕ هەموو ئەم فەلسەفە و سەفسەتەیەی پێکاوە کە دەڵێت:

**کێ لە هاتنندا پرسی پێ کرا**

**خۆ لە مردندا هەر بە زۆر برا**

ماوەتەوە سەر شێوەی ژیانەکە وەك لە قورئان و ئنجیل و تەوراتیشدا هاتووە: (کل حزب بما لدیهم فرحون) هەروەها کوردیش دەڵێ: (کەس بە دۆی خۆی ناڵێت ترشە). من واتێدەگەم هەموومان گیرماخواردووە بە دەست ئەم ژیانە حەیاتەوە و هەر کەسێکیش لەسەر شێوەی خۆی تەعبیری لێدەکات. هەیە حەزی لە فەلسەفەیە، هەیە لە ژیانیدا وشەیەکی نەخوێندۆتەوە و خەریکی پارە پەیداکردنە، هەیشە هەر خەریکی فتبۆڵێنە. ئیتر کەمانجەی ژیان هەزاران ژێی



پێوەیە هەر کەسە و بە ژێی خۆیەوە خەریك بووە، بەڵام گشت زیندەوەران بە ئینسانیشەوە چەند ساڵێکی دیاریکراو دەژین و پاشان پیردەبن و وردە وردە دەمرن. ئینسان تەنانەت بیری لە مەیاندنی جەستەش واتە لەش لە چەند پلەیەکی ژێر سفردا بمەیەنرێت و لە پاشەڕۆژدا زیندوو بکرێتەوە بۆئەوەی لە مردن ڕزگاری بێت تا چارەسەرێك دەدۆزرێتەوە، بەڵام ئەوەیش سەری نەگرتووە هەموومان دەمرین و مردن گەورەترین دادپەروەرییە لەم گەردوونەدا.

سەرەتا و کۆتایی شوێنێکی دیاریان بە شیعر و کەسایەتی خۆمیشەوە جێهێشتووە. وشەی سەرەتا لای من پێناسەیەکی زۆر زۆر تایبەتمەندی هەیە، چونکە ئەو شتە یان ئەو دیاردەیە یان ئەو بیرە پێش سەرەتا نەکەوتووە بەڵکو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەستی پێکردووە. بۆیە لێت تێدەگەم کە دەڵێی کات بۆ تۆ نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی. کە نەتوانین کات بخەینە قەوارەی سەرەتاوە واتە سەرەتای نییە. بە هەمان شێوە کۆتاییش ئەگەر دیاریکراو نەبێت دەبێتە ناکۆتایی واتە سەرمەدی یان ئەبەدیەت. بیری ئەزەل و ئەجەل و سەرمەدی و ئەبەدیەت پێش ئەوەی لە ئایینەکاندا هەبێت وەك دۆنادۆن لە بیری بووزی و هیندۆسیدا هەبووە. پوختەی بۆچوونی گشت ئایینەکان لە ئایەتێکی جوانی قورئاندا ڕەنگ دەداتەوە (هو الاول والآخر والظاهر والباطن وهو بکل شيء علیم) لە تەورات و ئەنجیلیشدا هەر بەم جۆرە باس لە خودا کراوە. واتە سەرەتای گشت سەرەتاکان کە هیچ سەرەتایەك پێش ئەو ناکەوێت و کۆتایی بۆ نییە و ئەبەدییە. ئەمە لەگەڵ زانستدا یەکناگرێتەوە کە بیگ بانگ بە سەرەتای بوون دادەنێت پێش پازدە ملیارد ساڵ و بەر لەو سەرەتایە بێجگە لە بۆشایی هیچی دیکە نەبووە. هەروەها کۆتاییش لە زانستدا دیاریکراوە کە بریتییە لە کۆتایی گەردوون.

من لەناو ناسەرەتا و ناکۆتاییدا بەردەوام هاتووم و چووم، هەموو جارێکیش ئاسۆگەی ڕوانین و سەرسووڕمانم دوورتر کەوتۆتەوە و درەختی پرسیارەکانیش لق و پۆپی دیکەیان دەرکردووە. جاران بە گەردوونەوە خەریکبووم، بەڵام کە بیری لێدەکەیتەوە هەندێك ئەستێرەی وا هەن سەدان ملیۆن ساڵی هەتاویی لە ئێمەوە دوورن، یان سەدان ملیۆن هەسارەی دیکە هەن و زانست شتێکی ئەوتۆ دەربارەی نزیکترین هەسارە نازانێت ئیتر بیرکردنەوە سوودی چییە؟ تۆ بێی ڕۆژانە مەشق بکەی تا خۆت ڕابهێنیت بتوانیت یەك تۆن بەرزبکەیتەوە لە خەیاڵیش دەردەچێت. کێ دەتوانێت تۆنێك ئاسن بەرز بکاتەوە؟ بێگومان کەس و ئەگەر لە پاشەڕۆژدا سۆپەرمانەکەی نیتشەیش لەدایکبێت هەر ناتوانێت. کەواتە بیرکردنەوە لە زۆر شت سوودی

نییە و لەم تەمەنە کورتەدا فریای دەوروبەرەکەی خۆمان ناکەوین بۆیە چاکتر وایە لە جیاتی ئەوەی بیر لەو هەسارە دوورانە بکەینەوە خەریکی شتێکی گونجاو بین بۆ نموونە: شارەکەی خۆمان یان نیشتمانەکەمان یان تۆزێك لەوەش بەولاوە، بەڵام نەك سەدان ملیۆن ساڵی هەتاوی دوور لە خۆمانەوە.

دەڵێن بزن بۆ شەوێك جێگەی خۆی خۆشدەکات. خەریکە منیش واز لەو بیرە چڕ و ئاڵۆز و بێ سەرەتا و کۆتاییانە بهێنم، چونکە دڵنیابووم لەوەی هیچم پێناکرێت و ناگەمە هیچ ئەنجامێك. ئێستا گەڕاومەتەوە ناو سەرەتا و کۆتایی وەك دوو شتی دیاریکراو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. پێموایە من و هەر کەسێکی دیکە ئەگەر بۆ ئەم قەناعەتە نەگەڕێینەوە ئەنجامەکەی تەنیا شێتبوون یان شڵەژانی پارسەنگی بیرکردنەوەیە. ئێستا دەڵێم زۆر باشە بزانم لەم تایبەتمەندی کردنەی سەرەتا و کۆتایی بە کات و شوێنی دیاریکراوەوە چی بە چی دەکەم و دەگەمە کوێ؟ وەك دەبینی لەم حاڵەتەیشدا گەڕان بەردەوامە و نەگەیشتوومەتە ئاستی دڵنیاییبوون، بەڵام وەك لە دیدارێکی دیکەدا وتوومە زۆر نهێنی گەورە هەن ئێستا ناگەینە پەنهانەکانیان، بەڵکو وردە وردە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا وەڵامی ئەو پرسیارانەیش ئاسانتر دەبێتەوە. بە کورتی لەوەدەچێت لە پاشەڕۆژدا هاوکاری نێوان زانست و فەلسەفە تێکەڵەیەکی گرنگ بە دەستەوە بدات. هەر لەم ڕۆژانەدا بوو ناسا (NASA)ڕوونکردنەوەیەکی دا کە ئەقڵە بزوێنەرەکەی گەردوون دۆزراوەتەوە لە بۆشاییەکی تا ڕادەیەك نزیك لە هەسارەکەی خۆمان. دووپاتیشیان کردۆتەوە هەموو زانیارییەك وەك چۆنیەتی بەرپابوونی تەقینەوە گەورەکەی بیگ بانگ و فراوان بوونەوەی بێ ئەندازەی هەسارە لە ژمارە نەهاتووەکان و زۆر نهێنی دیکەیش، بە دۆزینەوەی ئەو ئەقڵە کە لە شێوەی داینەمۆ یان موحەڕیکی گشت گەردوونە ئاشکرا دەبێت. تەنانەت ئەوەیش نووسرابوو کە ئەو ئەقڵەیە گەردوون قورمیش دەکات. ئەمە خەونی دێرینی فەلسەفەشە بۆیە دەڵێم فەلسەفە بێ زانست ئەم گرێ ئاڵۆزەی پێناکرێتەوە.

خودا و مردن لە دەرەوەی سنووری بووندان. بۆیە ئەقڵی مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت دەرکی شتێك بکات لە دەرەوەی خۆیدا.

شەو نییە بەر لە خەوتن بیری لێ نەکەمەوە. ساڵەهایەکە وا ڕاهاتووم هەر ئەوەندەی سەرم نایە سەر سەرین خۆم لە نێو پەڵە هەورە سپییەکانی ئاسماندا دەبینمەوە و ئەو سەرچۆپییەکە دەگرێت



و سەمای ژیان و مەرگم پێدەکات. هێشتا نەگەیشتوومەتە سەرەتا، کەواتە هاتینەوە شوێنەکەی خۆمان کە دەستمان پێکرد. واتە ئایا مریشك لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە! ئەم کێشە فەلسەفییە لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە. زیادەڕۆییش دەبێتە سەفسەتە و لە ئەنجامدا لێی وەڕس و بێزار دەبین و نائومێدیش بەرۆکمان بەرنادات. بە ڕاستی من خۆم چ باوەڕێکم بە یەقین نییە وەك چۆن نایشتوانم بڵێم باوەڕم پێیەتی. ئەمەیە لووتکەی گومان ئەگەر دیسانەوە لێم دەپرسیتەوە چۆن یان بۆچی؟ لە جیاتی وەڵام گۆرانییەکت بۆ دەڵێم: هەر ئەڕۆم ئەڕۆم ئەژنۆم ئەلەرزێ ئامۆزا گیان.

حەزم دەکرد لە ساڵی پێنج هەزار بە دواوە لەدایکبوومایە، چونکە بێگومانم ئەگەر تا ئەو کاتە ژیان بەردەوام بێت چارەسەر بۆ تێکڕای نەخۆشی و ناخۆشییەکان دەدۆزرایەوە. تەکنیك دەگاتە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو کە ئەوەی ئەمڕۆ خەیاڵە ئەوسا دەبوو بە ڕاستی. هەروەها بیرکردنەوە لە خوا و گەردوون و مردنیش گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا دێت. ئەگەر مەیاندنی ئینسان سەربگرێت من ئامادەم ناوی خۆم تۆمار بکەم. بەبێ هیچ دوو دڵییەك ئەگەر ئاژانسی ناسا داواکاریەکەم قەبوڵ بکەن ئیمزای دەکەم و بۆ سەد ساڵی دیکەیش بێت خۆم دەمەیەنم. بە لاتەوە سەیر نەبێت لەم ڕووەوە نامەم بۆ ناسا ناردووە، بەڵام جوابم نەدراوەتەوە.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): کتێب وەك سەرچاوەیەکی مەعریفە چ جێ و ڕێیەکی لەژیانی تۆدا داگیر کردووە؟ بۆ من کتێب نیشتمانی ڕوحی گرتووم و تا دێت ئەو ڕوحەم گەشتر و جوانتر دەکات. ئەی لای تۆ کتێب بە مانای چی دێت؟ ئایا دەرکێشانی کتێب لە ژیان وەك دەرکێشانی ڕوح نییە لەجەستە؟ تۆ لەمبارەوە دەڵێی چی؟

**سەلام محەمەد:** بەڵێ، ژیان بەبێ کتێب لە جەستەیەکی بێ ڕۆح دەچێت و بۆ من کتێب واتە ئاسوودەیی. ئەوانەی دەیانبینی هەموو تەمەنیان بۆ پارە و دەسەڵات و شتی پڕوپووچ تەرخان کردووە لە ڕۆحی خۆیان خۆشبوون یان هەر دەمێکە ڕۆحیان ئاوارە بووە، یان دەکرێت بڵێین ڕۆحیان نییە و مقەبا ئاسا تەنیا جەستەن. بە تایبەتی ئەگەر لە حاڵەتی نەبوونی کتێبدا هونەرێکی دیکە شك نەبەن وەك موزیك و وێنە و گۆرانی..تاد فەرامۆشی و تەسکینی بە ڕۆحیان ببەخشێت. کتێب لە ژیانی مندا هەموو شتێکە کە لە سەرەنجامدا دەبێتە ئاسوودەیی. تا کتێبێکی باش مابێت شایانی خوێندنەوە، بێ ژیان شایانی بەردەوامبوونە. زۆر جار وتوومە

مادام کتێب هەیە منیش هەم. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە زۆر سوپاسی برای شیرینم کاک تەیب جەبار بکەم کە ئەوە چەند ساڵێکە ماوە و ماوە کتێبی کوردی و عەرەبی زۆر باشی بە پۆستدا بۆ ناردووم. تاکو لە وڵات بووم ناسیاویم لەگەڵ کاک تەیبدا نەبووە هەرچەندە لە پۆلی شەشی ئامادەیی هەردووکمان لە ئامادەیی کوردستان بووین. ئەم پیاوە وا چۆتە ناخی منەوە ئەگەر خۆمیش کتێبەکان هەڵبژێرم لەوەی ئەو باشتر نابێت. بیست ساڵ زیاترە لە کوردستان دوور کەوتوومەتەوە و دیارییەکانی کاک تەیب بەنرخترین دیاری بوون لەو بیست ساڵەدا لە نیشتمانەوە بۆم هاتوون، چونکە بەبێ ئەوەی یەکتریش بناسین دەزانێت کتێب چ بەشێکی گرنگی لە ژیانی مندا داگیر کردووە و ئەو کەلێنەی بۆ پڕ کردوومەتەوە. بە ڕاستی هەڵوێستێکی جوامێرانەیە و تا ماوم لە بیرم ناچێتەوە.

کازانتزاکیس لە زمانی زۆرباوە بە نووسەرەکە دەڵێت (لە مشکی کتێب قرتێنەر دەچیت) بە ڕاستی جاران منیش وابووم. شەو و ڕۆژ خەریکی خوێندنەوەبووم تا ئاستێك هەستم بە جیاوازی خۆم دەکرد لەناو دەوروبەرەکەمدا. لە سەرەتای گەنجیمدا بۆ کەسانێك دەگەڕام وەکو خۆم هۆگری خوێندنەوە بن و لێم تێبگەن. کاتێك من و تۆ ڕۆمانێکی باش دەخوێنینەوە و پێکەوە باسی دەکەین زوو لە یەکتری تێدەگەین، بەڵام باسی هەمان ڕۆمان بۆ یەکێکی دیکە بکە با زانکۆیشی تەواو کردبێت یان خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایش بێت مادام ناخوێنێتەوە، لێت تێناگات و وەك ئەوەیە گوێزی بۆ بژمێریت. هەر تەقەی سەری دێت و هیچی دیکە.

لە زۆر شوێندا وەکو نموونەی نەخوێندەوار ژنەکەی سوقراتم هێناوەتەوە. لە کاتێکدا خەڵکی ئەسینا دەوری سوقراتیان دەدا و بە سەعات قسەی بۆ دەکردن و بە تامەزرۆییەوە گوێیان لێدەگرت کە تەواو دەبوو ژنەکەی سەرزەنشتی دەکرد و دەیگوت ئای کە هەڵەوەڕ و درێژدادڕیت؟ تەماشای ئەوانەی دیکە بکە هەموو بێدەنگ دانیشتوون و تۆیش بەردەوام بێ ڕاوەستان هەر قسە دەکەیت. بە کاتی وادا تێپەڕیوم، دەوروبەرەکەم هەموویان لە ژنەکەی سوقرات دەچوون. وەك دەڵێن ئەگەر چوویتە شاری کوێرانەوە دەبێت دەست بە چاوی خۆتەوە بگریت. بە ڕاستی ژیان لەو جۆرە حاڵەتەدا ناخۆشە چونکە نە کەسێك تێت دەگات نە کەسیش گوێت بۆ ڕادەگرێت. باشترین چارە ئەوەیە هەر بە خوێندنەوە گرفتەکە چارەسەر بکەیت.

جاران خوێندنەوە زۆربەی کاتەکانمی داگیرکردبوو هەستیشم بەوە دەکرد کە داگیرکردنێکی خۆش و پڕ لە تاموچێژ و ئارامە، بەڵام ئێستا بە جۆرێکی دیکەیە. هێندەی جاران زیاتریش



کتێبم خۆشدەوێت بە هۆی کزی چاوەکانم و زۆربوونی کتێب و ئینتەرنێت و ماڵپەڕی کوردی کەمتر فریای خوێندنەوە دەکەوم. نەك هەر من و تۆ، بەڵکو زۆربەی نووسەران و شاعیران کاتێك بیر لە مردن دەکەنەوە، پێش هەموو شتێك تەمی حەسرەتێکی شین لە دڵیانەوە بۆ کتێبەکانیان دێتە دەرەوە. زۆریشیان لەم بارەیەوە وەسیەتی تایبەتی دەکەن.

سەیرە! بوونی کتێب دڵنیایی و متمانەیەکی گەورەم لا دروست دەکات هەرچەندە نەیشم خوێندۆتەوە، چونکە لە ناخی خۆمدا بڕیارم داوە ڕۆژێك هەر دەیخوێنمەوە، بەڵام ڕەنگە فریاش نەکەوم لەبەرئەوەی بارودۆخی چاپەمەنی لە کوردستاندا زۆر پێشکەوتووە و ڕۆژانە کتێبی تازە دەکەوێتە بازاڕەوە.

ڕۆژگاری ئێمە جیاواز بوو. کێشەی کتێبمان هەبوو زۆر جار یەك کتێب دە دەستی دەکرد و نۆرەیان بۆی دەگرت. کە ڕۆمانەکەی جێمس جۆیس (یۆلیسیس)م لە بەغدا کڕی، چەند مانگێك لای برادەران مایەوە ئەوجا کەوتەوە دەستی خۆم. هەروەها گۆڤارە ئەدەبییە چاکەکانیش وەك "الآداب" و "الاقلام" و "مجلة الشعری بەیروتی" و "شعر ٦٩" و گۆڤاری "الهلال"و زۆری دیکەیش چونکە ئەوسا زمانی عەرەبی یەکەمین سەرچاوەی زۆربەی ڕۆشنبیرە کوردەکان بوو.

زەحمەتە بتوانم پێناسەیەك بۆ کتێب بکەم، بەڵام ژیان لە دەرەوەی کتێبدا ئاسان نییە.

لە بیرت نەچێتەوە کە ئایینەکانیش بایەخێکی زۆریان بە خوێندنەوە داوە. لە ئایینی مەسیحیدا یەکەم ڕستە لە ئەنجیلدا ئەمەیە (لە سەرەتادا هەموو شتێك وشە بوو). لە ئایینی ئیسلامیشدا یەکەمین ئایەت بە وشەی (بخوێنە) دەست پێدەکات، بەڵام لای بوزییەکان ڕامان بوو کە ئەویش جۆرە خوێندنەوەیەکی ناوەکییە. تۆ بڕوانە زیاتر لە پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا میسرییە کۆنەکان چ بایەخێکیان بە نووسینی هیرۆگلیفی داوە و بە چەند قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیون.

تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ئەمڕۆش لە ڕێگای کتێبەوە دروست بووە و تادێت خێراتر دەکەوێتە خۆی و داهاتی سەیر و سەمەرە دروست دەکرێت تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی گەردوون بۆتە گۆڕەپانی تاقیکردنەوە زانستییەکان.

وای بۆ دەچم پێشکەوتنی ئەدەبیی و فەلسەفیی لە چاو پێشکەوتنی زانستەوە زۆر لەسەرخۆیە و ئەوەی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا سوکرات و ئەفلاتون و هۆمیرۆس و ئەسخیلۆس و ئەرستۆ و زۆری دیکە وتوویانە لەم ڕۆژگارەشدا دووبارە دەبنەوە. ئەدەب و فەلسەفە پێویستیان بە گوڕوگوژم و تەکانێکی گەورەیە. ناڵێم بگەنە ئاستی داهاتە زانستییەکان، بەڵام هەست بکرێت هیچ نەبێت ڕەنگدانەوەی سەردەمی ئەو زانستە پێشکەوتووەیە.

خۆشەویستی نێوان من و کتێب لە هەموو خۆشەویستییەکانی دیکەم فراوانتر و جوانتر و بەهێزترە. ئەمەیە دڵداری ڕاستەقینە.

زەحمەتە بتوانم ژیانێکی بێ کتێب بهێنمە پێش چاوی خۆم مەگەر چاوەکانم توانای بینینیان نەمێنێت. کە ئەوسایش داوا لە یەکێك دەکەم کتێبم بۆ بخوێنێتەوە. گرفتی هەرە گەورەم لەگەڵ کتێبدا ئەوەیە فریای خوێندنەوەیان ناکەوم. حەزم دەکرد تەمەنم بەشی خوێندنەوەی گشت کتێبەکانی بکردایە، بەڵام ئەوەیش ناگونجێت. چونکە لەم ڕۆژگارەدا بە شێوەیەکی سەرسووڕێنەر کتێب چاپکردن پەرەی سەندووە. لەبەر ئەوە ئەگەر بتەوێت هەموو کتێبێکی باش بخوێنیتەوە دەبێت هەمیشە زیندووبیت.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): "فیراری"دەستەواژەیەکە بۆ ئەو سەربازە هەڵاتووانە بەکار دەهات کە لە ڕیزەکانی سوپای عێراق هەڵدەهاتن و نەیاندەویست ببنە سووتەمەنی جەنگەکان. بۆ کورد "فیراری" لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ببووە دیاردەیەکی بەربڵاوی سیاسی. لەم نێوەشدا توێژی ڕۆشنبیری کورد و بەتایبەتیش بۆ ئەدیب و شاعیر کۆمەڵێك یادەوەری خۆش و ناخۆشی لێکەوتۆتەوە، ڕەنگە باسکردنیان هەم تراژیدیا بێت و هەمیش دڵنەوایی. بۆ تۆ "فیراری" کە سێبەری خستبووە سەر بەشێك لە ڕابردووی ژیانت، لەکوێی ئەزموون و یادەوەری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی تۆ گیرساوەتەوە و چی پێشکەش کردووی؟

**سەلام محەمەد:** هەرچەندە لە ساڵی ١٩٧٥ سەبارەت بەوەی کە عائدون بووم لە سەربازی ڕزگارم ببوو، بەڵام کە جەنگی عێراق و ئێران بەرپابوو تا ڕادەیەك قانونی عێراق بە گشتی گۆڕا، یان بە شێوەیەکی ڕاستتر ئەوەی پێی دەگوترا قانون هەڵمی کرد و نەما هەموو شتێك بوو بە قانونی جەنگ.



ئەوانەی بە ناوی عائدونەوە لە سەربازی دوور خرابوونەوە دووبارە ناویان هاتەوە. مەکینەی جەنگ ئەوەندە گەورە و فراوان بوو سەدان هەزاری خستە گەڕ بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە جیاوازەکان.

پێموایە لەو ڕۆژگارەدا کەس لە چڕنووکی جەنگ قوتاری نەبوو، بەڵام کاردانەوەکە جیاواز بوو. هەیە کوژرا، هەیە بە دیل گیرا، هەیە گوللەباران کرا، هەیە خرایە زیندانە عەسکەرییە سامناکەکانەوە، هەیە بوو بە پێشمەرگە و زۆریش فیرایان کرد و لەو دێهاتانەی کوردستان خۆیان حەشار دابوو. من دیلی و گوللەبارانی لێ دەرچێت بە گشت قۆناغەکانی تردا تێپەڕیوم. ئەگەر لێرەدا باسی تاقیکردنەوەی فیراری خۆم بکەم کاتێکی زۆرمان دەوێت، چونکە یەکێك بوو لە سەختترین و درێژترین و دژوارترین تاقیکردنەوە لە ژیانمدا. هەر لە ساڵی ١٩٨١ ەوە فیرار بووم تا جەنگ کۆتایی پێهات و کە جەنگی کوێت دەستی پێکرد هێشتا لە زیندانی سەربازیدا بووم و بەر لێبوردنە گشتییەکەی پێش داگیرکردنی کوێت کەوتم. نزیکەی دە ساڵی ژیانم یان سەرباز یان فیرار بووم. کە سەربازیش بووم هەر وەك ئەوەبوو فیرار بم چونکە لەژێر چاودێریدا بووم. ئێستایش بە چەند دێڕێك باسی ئەو دە ساڵە بکەم بە ڕاستی غەدر لە خۆم و لە خوێنەریش دەکەم. کارەساتگەلێکی ئەوەندە تراژیدی و پڕ لە ڕێکەوت و ناخۆشی و زیندان و ژووری ئیعدام و خۆشاردنەوە بوو، ئەگەر لە کتێبێکی سەربەخۆدا نەبێت ناتوانم هەقی خۆی بدەمێ. دەمی هەر کەسێك بکەرەوە کە لەو سەردەمەدا سەرباز بووبێت کۆمەڵێك چیرۆك و بەسەرهاتی دڵتەزێنی لایە. بۆیە دەڵێم منیش وەك یەکێك لەو دەیان هەزارە بە کوردی و بە کورتی شانسم هەبوو نەکوژرام یان گوللەباران نەکرام یان بە دیل نەگیرام. ڕاستە لە زیندان ڕزگارم نەبوو، بەڵکو چەند جارێك هەڵیان کوتاوەتە سەرم و گیراوم و تەنانەت حوکمیش دراوم. ئەگەر هێرشەکەی کوێت نەخشە و مێژووی عێراقی نەگۆڕیبایە، ڕەمی دەکرام. بڵێم چی ڕاستیت دەوێ من مانەوەی خۆم بە داگیرکردنی کوێتەوە دەبینم، چونکە وا نەبووایە عێراق عافواتی دەرنەدەکرد. پێش عافواتەکەش من لە زینداندا بووم، بەڵام دوو مەحکەمەی سەربازیی دیکەم لەسەر مابوو کە بە هیچ جۆرێك لە مردن ڕزگارم نەدەبوو. ئەو ڕۆژگارە هەر کەسێك بە ئەبەدیش حوکم بدرایە لە خۆشیاندا هەڵدەپەڕی، چونکە هیچ حوکمێك لە دوو ساڵ زیاتری پێنەدەچوو، بەر عافوات دەکەوت. ئەوانەی کە لە جەنگدا کوژران یان گوللەباران کران هەر ئەوانە زیانی گەورەیان لێکەوت، ئەگینا سەددامی دیکتاتۆر و گۆڕبەگۆڕ بەر لە هێرشەکەی کوێت دەرگای زیندانەکانی خستە سەر پشت و بێجگە لە هەندێك کەس کە بە

هۆی تاوانی ناموس و دزیکردنەوە گیرابوون، ئیتر زیندانەکان گسکیان لێدرا و هەموو ئازاد کران تەنانەت سەربازە هەڵاتووە حوکمدراوەکانیش. من خۆم یەکێك بووم لەوانەی کە ئازاد بووم و کرامەوە بە سەرباز و بردمیان بۆ سنووری کوێت و عێراق لای ئوم قەسر شوێنێك بوو پێیان دەگوت (مەزرەعەکانی عەبدەلی). کە پاش چەند ڕۆژێك لە قەسفی هاوپەیمانەکان توانیم خۆم بگەیەنمە بەسرا و لەوێشەوە بۆ کەرکوك و پاشان هەولێر کە ئیتر ببڕای ببڕ نەچوومەوە بۆ سەربازیی. لە پرۆسەی ئازادکردنی کەرکوکدا بەشداربووم و ئەو ئێوارەیەی بۆ یەکەمجار هێزی پێشمەرگە لە قۆڵی هەولێرەوە هاتنە ناو کەرکوکەوە منیش لەگەڵیاندا بووم. لاشەی پیاوەکانی مونەزەمەکەی ڕەحیماوە کە چەندین جار هەڵیان کوتابووە سەرم و گرتبوومیان لە ناوەڕاستی جادەکەی بەردەم مونەزەمەدا کەوتبوون و پێش ئەوەی ئێمە دوای مەغریب لە خەتی هەولێرەوە بێینە ناو شارەوە ئەوان کوژرابوون و لە ناوەڕاستی جادەکەدا فڕێدرابوون. پاشان لە کۆڕەوەکەی ١٩٩١دا لەگەڵ زۆربەی خزم و کەسوکار کەوتینە ئۆردوگاکانی ئێران لە مەهاباد و بۆکان لەوێشەوە بە یارمەتی سوعادی خوشکم بە دوو سێ قۆناغ لە ١٩٩١-٠٨-١٩ گەیشتمە سوید و لەوساکەوە لە سوید دەژیم.

کەسێك لەو ڕۆژگارەدا خۆی فیرار نەبووبێت زەحمەتە لە دەرد و ئازارەکانی فیراری تێبگات. کەسێك بە تەسفیراتی ئینزیباتخانەکاندا ڕەوانە نەکرابێت و زیندانی مەعەسکەرەکانی نەدیبێت، ناتوانێت لە موعاناتی زیندانییەکان تێبگات. ئەوانەی سەربازیی و فیراری و زیندانیان نەدیوە بە ڕاستی شانسیان هەیە. جەنگێکی وێرانکەر بخەرە پێش چاوی خۆت کە دەبێت تۆیش تیایدا شەڕکەر و جەنگاوەر بیت، ئەگینا فیراری و هەڵاتن لە جەنگ و پیاوەکانی جەنگ تاقە ئاڵتەرناتیڤێك بوو. بێگومان فیراریش بە دەم ئاسانە، چونکە لە ڕاستیدا سەربازی هەڵاتوو ڕووبەڕووی ڕژێمێکی نائینسانی و بێ بەزەییانەی وەك بەعس دەبووەوە کە دەیان پلان و نەخشەی دڕندانەی گرتبووە بەر بۆ ڕاونان و دەستگیرکردنی فیرارەکان و پاشانیش گوللەبارانکردنیان. ئەو ڕووداوانەی بەسەر مندا هاتوون بەشێکن لە هەزاران ڕووداوی دڵتەزێن کە تووشی ئەو خەڵکە بەسزمانە هاتوون. لەو ڕۆژانەدا بۆیە واتێدەگەم نەوەکانی ئەو ساڵگارە لە عێراق و کوردستاندا هەڕەشە لەسەر بەئینسانبوونیان هەبوو چونکە فیرار وەکو ئینسان مامەڵەی لەگەڵدا نەئەکرا. بە ئاشکرا و بە بەرچاوی خەڵکەوە گوللەباران دەکران. دەبوو تەماشاکەران هەر لە مندالانی باخچەی ساوایانەوە تا کەسوکاری گوللەبارانکراوەکە لەگەڵ



دەسرێژ و قرمەژنی گوللەدا بە گەرمی چەپڵە بۆ جەللادەکان لێبدەن و دەستخۆشییان لێبکەن و هاوار و هوتافیان لێ بەرزبێتەوە بۆ گیانی دیکتاتۆر و حزبە خوێناوییەکەی.

فیرار بە کولەمەرگی و لەژێر هەڕەشەی مردندا ژیانی بەسەر دەبرد، ئەگەر لە شاردا بووبێت یان لە دێهات. ئەمە بێجگە لەوەی گێچەڵی گەورەیان بە خێزان و دایك و باوك و تێکڕای کەسوکاری فیرار دەکرد کە زۆر جار لە جیاتی فیرارەکە دەخرانە زیندانەوە و پێیان دەگوتن تا ئەو نەگەڕێتەوە ئێوە ئازاد ناکرێن. بە ڕای من شوێنپەنجەی جەنگ و فیراری بە هەموو عێراق و کوردستانەوە دیارە. بۆ ئەوەی لە بارودۆخی ئێستای عێراق و کوردستان تێبگەین، دەبێت خوێندنەوەیەکی تەواومان بۆ فیراری هەبێت تا چ ئاستێك کاریگەر بووە و ئەنجامەکانی لە هەردوو باری کۆمەڵایەتی و سیاسی عێراق و کوردستاندا چۆن ڕەنگی داوەتەوە. ئەم دیاردە گرنگ و کاریگەرە پێویستی بە کۆمەڵناسێکی وەك شاکر خەسباك هەیە تا بە وردی لە ڕووی ساکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، ڕۆشناییان بخاتە سەر.

لە ڕووی دەروونییەوە یەکپارچە خەڵکی عێراق تێکشکاو و ئاڵۆز و شێواو بوون. بێگومان ئەو ئاڵۆزی و شێواوییە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. لەو ڕووەوە عێراق بە گشتی خەستەخانەیەکی دەروونییە. تۆ تەماشاکە دێتەوە بیرم لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا سەددام حوسێنی گۆڕبەگۆڕ سەردانی وەزارەتی دادی کرد و حەدیسێکی پێغەمبەری وەکو نموونە بۆ وەزیری دادی ئەوسا دکتۆر هیشام ئەلشاوی (مامۆستای خۆم بوو لە زانکۆی بەغدا بەشی قانون) هێنایەوە کە (خۆشەویستی نیشتمان بەشێکە لە ئیمان) وەزیریش دەسبەجێ وتی بەڵێ، گەورەم وایە ئەوەبوو سەددام هەڵیدایە و وتی ئەدی ئێوە چیتان کردووە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم حەدیسە قودسیە؟ باشە، ئەگەر یەکێك خۆشەویستی نیشتمان ڕەفز بکات شەرەفی هەیە؟؟ دکتۆر هیشام لە ترسا یەکسەر وتی نەوەڵا نییەتی گەورەم شەرەفی چی. ئەم گفتوگۆیە لە تەلەفزیۆنی بەغدا بە بەر چاوی هەموو خەڵکی عێراقەوە کرا و منیش بە چاوی خۆم بینیم. ئەوەبوو بۆ بەیانی بە ئیمزای وەزیری داد بڕیارێك دەرچوو کە بڕگەیەکی دیکەیش بخرێتە پاڵ سزاکانی سەربازی هەڵاتوو ئەویش ئەم بڕگەیە بوو (تاوانی خۆدزینەوە لە سەربازیی پەیوەندی بە شەرەفەوە هەیە و ئەوەی فیرار دەکات شەرەفی نییە) یان بە بڕیارێکی ئەنجومەنەکەی سەددام دەبوو ژنی فیرار بچێتە دادگا و داوای تەڵاق بکات. بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ڕژێم ئەگەر ساغ بووەوە ئەو کەسە فیراری کردووە تەڵاقی دەکەوێت لە ژنەکەی. من خۆم یەکێك بووم لەو فیرارانەی ژنەکەم ناچارکرابوو ئیستیمارەی تەڵاق پڕکاتەوە و لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی

ئەو سەردەمەدا بلاودەکرایەوە، ماوەیەکیان تەرخان دەکرد بۆ خۆبەدەستەوەدانی فیرارەکە ئەگەر لەو ماوەیەدا نەگەڕایەوە دادگا بڕیاری تەلاقنامەی دەردەکرد.

لە عێراق ئەوەی ژنی دووەمی بهێنایە دەبوو ڕەزامەندی ژنی یەکەم وەربگرێت، بەلام بە بڕیارێکی سەددام حوسێن هەر کەسێك ژنە شەهیدێکی بخواستایە پرس بە ژنی یەکەمی نەدەکرا هەروەها سێ هەزار دیناریش یارمەتی پێدەدرا. چەندین حاڵەتیش هەبووە بە زۆرداری ژنی فیرار ناچارکراوە شوو بکاتەوە. لە بڕیارێکی دیکەدا وا هاتبوو کەسە نزیکەکانی فیرار ئەگەر خەبەری لێ نەدەن دەکەونە بەر لێپرسینەوە و سزای قورس. هەموومان ئەو پیاوەمان دێتەوە بیر لە بەغدا لەگەڵ کوڕەکەی بە شەڕ هات و تەقەی لێکرد و کوشتی پاشان بۆ پاساو هێنانەوە وتی لەسەر فیراری کوشتوومە ئەوەبوو بردیان بۆ لای سەددام و لە تەلەفزیۆنەوە بینیمان چۆن خەلات کرا. ئەمانە حوکمی قەرەقۆش نەبوون، بەڵکو واقیعی ژیان بوو لە یەکێك لە ولاتە هەرە مێژووییەکانی دونیا و بە بەرچاوی هەمموو جیهانەوە بەبێ ئەوەی نە ئەمریکا و نە ئەورووپا فزەیان لێوە بێت و بە کاروباری ناوخۆیان لە قەڵەم دەدا. چونکە بۆ ئەوان عێراق بەربەستێکی گەورە بوو بە ڕووی ئێراندا. بۆیە سەددام و عەلی کیمیاوی و دڕندەکانی دیکە وەك کەڵەگای هاریان لێهاتبوو بە ئارەزووی خۆیان قانونیان دەردەکرد و قانونیان هەڵدەوەشاندەوە. سەددام لە یەکێك لە وتارە دوور و درێژ و ڕۆژانەکانی وتی: (قانون چییە؟ قانون وەك لاستیك وایە ئەگەر حەزمان لێبێت ڕایدەکێشین و بە دڵیشمان نەبوو شل و خاوی دەکەینەوە). ژمارە و بەرواری ئەو قانونەی سەربازی فیراریان پێی گوللەباران دەکرد بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ٨٧٧ لە ١٩٨٢-٠٧-٠٧دا بوو پاشان بە قودرەتی قادر بە بڕیارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٨٤دادوەری دادگای سەربازیی بۆی هەبوو بە نووکە قەڵەمێك سزاکە لە گوللەبارانەوە بگۆڕێت بۆ چەند مانگێك زیندان. بەمەیش مەیدان بۆ حاکمە نەزانەکانی دادگا سەربازیەکان خۆشکرا بە زەبری پارە حوکم بدەن. واتە ئەو کەسەی توانای هەبووایە سزاکەی لە چەند مانگێك تێنەدەپەڕی گوللەبارانیش بۆ ئەو فیرارانە بوو کە توانای بەرتیل دانیان نەبوو.

وەك وتم نزیکەی دە ساڵ سەرباز و فیرار بووم و لەو ماوەیەدا حەوت جار هەلاتووم کە جارێکیان دوو ساڵی خایاند. ئەگەر تەمەن مەودا بدات بۆ بەرژەوەندی گشتی و زانیاری نەوەی نوێ بە پێویستی دەزانم بە تێر و تەسەلی بێمەوە سەر ئەم مەسەلەیە. بەداخەوە ئەمڕۆ لە کوردستان پارە بۆ زۆر شتی بێ کەڵك سەرف دەکرێت، بەلام کەس بیری لەوە نەکردۆتەوە تاقیکردنەوەی



نووسەران لە جەنگ و فیراریدا وەکو دیکۆمێنت و بەڵگەنامە کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت. هەر بۆ نموونە یەکێکی وەکو من بۆ پرۆسەیەکی لەو بابەتە واتە گێڕانەوەی بەسەرهاتە مێژووییەکانی سەردەمی خۆم کە بە چاوی خۆم دیومن شەش مانگ کارکردنی بێ پچڕانی دەوێت. پاشان دەبێ بیر لەوەش بکەمەوە چۆن کتێبەکەم چاپ بکەم و کێ پشتگیریم دەکات و یارمەتیم دەدات؟

**عەبدوڵلا سلێمان** (مەشخەڵ): تۆ جگە لە نووسینی شیعر لە دەرگای ژانرەکانی دیکەی ئەدەبت داوە وەك کورتەچیرۆك و ڕەخنە. پرسیارم ئەوەیە بۆچی بۆ حیکایەتخوانی چیرۆکەکانت (ڕەشەڕاو و گرێ کوێرەی مەرگ و کتێبی بەفر)کەسی دووەمی تاکت هەڵبژاردووە؟ ئایا ئەو تەکنیکەی دەستت پێوەی گرتووە بەبارتەقای ناوەڕۆکی چیرۆکەکانتە؟ وە بۆچی؟

**سەلام محەمەد:** چەند کورتە چیرۆکێك و هەندێ بابەتی ڕەخنەییم لە حەفتاکان و هەشتاکاندا بلاوکردەوە. من بە خوێندنەوەی ڕۆمان دەرگا گەورەکەی ڕۆشنبیریم کردەوە و هاتمە ژوورەوە. مەراقم خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی ئەو سەردەمە بوو کە بە نرخێکی هەرزان لەسەر شۆستەکانی ناو شار دەفرۆشران. زۆربەی شاکارەکانی ئەو کاتەم خوێندۆتەوە کە بە عەرەبی چاپکرابوون. تا جارێکیان کورتە چیرۆکێکی چیخۆفم کەوتە بەرچاو پاش خوێندنەوە بە هەمان تامەزرۆییەوە دەستم بە خوێندنەوەی چیرۆك کرد تا ئەو ڕادەیەی بە وردی بە شوێنی کورتە چیرۆکەکانی چیخۆفدا دەگەڕام و هەندێ چیرۆکیم کردووە بە کوردیش یەکێك لەوانە چیرۆکی (گرەو) کە بە داخەوە لە دەزگای ڕۆشنبیری بواری بلاوکردنەوەی نەبوو منیش بە هۆی کەمتەرخەمی خۆمەوە بۆ شوێنێکی دیکەم نەنارد. بیرۆکەی کورتە چیرۆکی گرەو زۆر لەگەڵ ڕەوتی بیرکردنەوەی خۆمدا دەگونجێت. کارەکتەری سەرەکیش کە کوڕە پارێزەرەکەیە وەکو من قانونی خوێندبوو.هیوادارم یەکێکی دیکە وەریگێڕابێت و ئەو شاکارە کرابێت بە کوردی بابەتێکی زۆر زۆر گونجاویشە بۆ فیلم. دوای چیخۆف چیرۆکەکانی جەلیل قەیسیم خوێندەوە ئەوەندەی دیکە ئەو هونەرەم لا شیرینتر بوو. ئیتر بەردەوام کورتە چیرۆکی زۆربەی چیرۆکنووسە ناسراوەکانم دەخوێندەوە.

لەگەڵ نووسینی شیعردا هەستم دەکرد ئاسان نەبوو هەموو شتێك بە شیعر بڵێم یان ڕاستتر نەمدەتوانی هەموو شتێك بە شیعر دەربڕم. بۆیە پەنام بۆ کورتە چیرۆك برد. یەکەمین جار لە هەفتەنامەی ڕۆشنبیری نوێدا (پێش ئەوەی ببێتە گۆڤار) ئەوسا کاك حوسێن عارف سەرپەرشتی دەکرد لە ساڵی ١٩٧٥دا یەکەم کورتە چیرۆکم بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (نەشمیل)، بەڵام ئەوەی خوێندبوویەوە بە دڵی بوو ئەوەبوو لە کورتە چیرۆکی ڕەشەڕاودا ئەو هەوڵەم دووبارە کردەوە پاشان لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ چەند بابەتێکی دیکەم بڵاوکردەوە دەچوونە خانەی کورتە چیرۆکەوە. پاڵەوانی زۆربەی ئەو کورتە چیرۆکانە (مام فۆتیس) بوو کە کاراکتەرێکی سەرەکییە لە ڕۆمانی (دووبارە مەسیح لە خاچ دەدرێتەوە)ی کازانتزاکیس و منیش هەوڵی کورداندنیم دابوو. دەربارەی چیرۆکی (ڕەشەڕاو) کە لە ساڵی ١٩٧٦دا لە گۆڤاری بەیان بڵاوکرایەوە حوسێن عارف لە ژمارەی دواتردا نووسیبووی (تەکنیکی ئەم چیرۆکە پڕ بە پێستی بابەتەکەیە). ئەوەش ئاماژەیەك بوو کە شێوە تەکنیکەکەی تا ڕادەیەك تازەیە، ئەگەر پێشتریش بە کار هاتبێت، بەو خەستییە نەبووە کە لەو چیرۆکەدا لە یەکەم دێڕەوە بۆ کۆتایی درێژەی پێدراوە. هۆی پەنابردن بۆ کەسی دووەم لەو چیرۆکە و هەندێك چیرۆك و شیعری دیکەمدا ئەوەیە کە من ئەوسایش و ئێستایش هەستم بە جیاوازی نێوان منەکان کردووە. من هەر یەك منە، بەڵام ئەو منە لای گشت کەسێك دەبێتە چەند پارچەیەکەوە. ئەو منەی کە بە بێدەنگی بیردەکاتەوە ئەو منە نییە کە بە دەنگی بەرز بیردەکاتەوە. منی ناو خێزان ئەو منە نییە کە شەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆشەویستدا دەخواتەوە. کۆمەڵێك من لەناو منە گەورەکەدا خۆیان حەشار داوە، هەر یەکەیان ئەرکی تایبەتی خۆیان هەیە و جۆری ئەنجامدانی ئەرکەکانیان جیاوازە، بەڵام ئەگەر بە دیققەت لێیان ورد بینەوە دەبینین گشتیان لەژێر کاریگەری منە گەورەکەدان کە ئەمەش جیاوازە لەگەڵ ئیزدیواجییەت یان تەمسیلکردن. ئەو دوو شێوەیە هیچ پەیوەندییەکیان بە منی سەرەکییەوە نییە. ئەوانەی تووشی نەخۆشی تەمسیلی کۆمەڵایەتی یان لەتبوونی کەسایەتی هاتوون نایەنە ئەم خانەیەوە واتە خانەی منەکانی دەوروبەری منی باڵا وەك فرۆید ناوی لێناوە، چونکە ئەوانە بە هۆی بەرژەوەندی و ترس و نەزانی و تێنەگەیشتنەوە نەخۆش کەوتوون و ناتوانن ڕاستگۆ بن. ئەگەر درۆ نەکەن ئیسراحەت ناکەن، بەڵام منە بچووکەکانی دەوروبەری منی باڵا وەك وتم بە



ئاگاداری خۆی هەڵسوکەوت دەکەن و خۆی ڕێنماییان دەکات چی بکەن و نەکەن. واتە سەنتەری بڕیاردانە. ئەمە باسێکی زۆر تایبەتییە، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە چیرۆکی ڕەشەڕاو و هەندێك کورتە چیرۆکی دیکەمەوە هەیە منە بچووکەکان موخاتەبەی منە باڵاکە دەکەن وەك کەسی دووەم کە لە ڕاستیشدا ئەو کەسی یەکەمە، بەڵام منەکانی دەوروبەری زانیاری کۆدەکەنەوە و وەسفی دەکەن. موخاتەبەکردنی من وەك کەسی دووەم بواری دەربڕین فراوانتر دەکات هەروەها چیرۆکەکەیش خۆپەرستانە نایەتە بەرچاو بە دووبارەکردنەوەی وشەی من یان پیتی میمی لکاو بە کۆتایی وشەوە. ڕەنگە ئیحایەکی وابدات کە باسی کاراکتەرێکی دیکە دەکەین، بەڵام زوو دەردەکەوێت ئەو کاراکتەرە خودی نووسەر خۆیەتی. شتێکی دیکەیش هەیە (من خۆم) کە بە (تۆ) باسی من دەکەم واتە تۆ وات کرد و وات نەکرد زیاتر بابەتییانە دەبم لەوەی ڕاستەوخۆ بڵێم من وام کرد و وام نەکرد. هەر وشەی من بە ڕاستی قووڵتر دەمانباتە جیبهانی زاتەوە سەرەڕای ئەوەی کارێکی هونەریشە کە ئینسان وەك کەسی دووەمی دەرەوەی خۆی باسی خۆی بکات.

ڕەنگە ئەم شێوە تەکنیکە پەیوەندی بە بیرکردنەوەی خۆمەوە هەبێت کە وام پێ خۆشترە کەسی دووەمی تاك هەڵبژێرم تەنانەت لە شیعریشدا چەند جارێك ڕووبەڕووی ئەو تاقیکردنەوەیە بوومەتەوە. بۆ نموونە: شیعری (تۆ کەناری یا ڕووباری). ئەگەر بە وردی سەرنج لە مێژووی کورتە چیرۆکی کوردی بدەیت، بۆت دەردەکەوێت دوای بڵاوبوونەوەی چیرۆکی ڕەشەڕاو کۆمەڵێك چیرۆکنووسی ناسراو ئەو شێوە تەکنیکەیان گرتەبەر کە پێشتر بە لایدا نەدەچوون.

وەك وتم هەندێك هەوڵم داوە لە بواری نووسینی ڕەخنەشدا کە چەند نووسەر و شاعیرێکی ناسراوی وەك شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و سەلاح شوان و فەرهاد شاکەلی و... تاد. ڕووبەڕوو پێیان وتووم توانایەکی باشم هەیە لە بواری نووسینی ڕەخنەدا. کاك شێرکۆ پێی خۆشبوو ئەگەر بتوانم بە زمانی سویدی لەسەر شیعرەکانی بنووسم و لەگەڵ نامەیەکدا هەندێك زانیاری و وێنەی بۆ ناردووم، بەڵام بە داخەوە سویدییەکەی من ئێستایش لەو ئاستەدا نییە بتوانم دەربارەی شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس بنووسم. کاك فەرهاد شاکەلیش کە کۆبەرهەمەکەی بە دیاری بۆم نارد پێیخۆشبوو ئەگەر تاقەتم هەبێت بابەتێکی لەسەر بنووسم، بەڵام بە تەلەفۆن ئاگادارم کردەوە کە دەمێکە لە نووسین دوور کەوتوومەتەوە ڕەنگە

توانای ئەوەم نەبێت شتێك بنووسم لە ئاستی شیعرە جوانەکانی ئەودا بێت. ئەویش لە وەڵامدا وتی بڕوا بکە هەرچییەك بنووسیت زۆر لەو نووسینە زۆر و بۆرانە باشتر دەبێت کە بە ناوی ڕەخنەوە بڵاو دەکرێنەوە. هیوادارم وردە وردە لە پاشەڕۆژدا وەك جاران دەست بە نووسین بکەمەوە و لە خۆم ڕادەبینم دەست بۆ ئەو کارە گەورانە بەرم.

نووسینی ڕەخنە بۆ من کارێکی ئاسان نییە و زۆریش پێوەی ماندوو دەبم و دەچمە ڕەگ و ڕیشەی بابەتەکەوە. ئێستا حەفتاکان و هەشتاکان نییە. چونکە زۆر بەرهەمی ئەدەبیی و بابەتی ڕەخنەییم بە سەردا تێپەڕیون یان کاتی خوێندنەوەیانم نەبووە. بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا خۆم لە نووسینی ڕەخنەیی نەداوە هەرچەندە ئەو بەهرەیەش لە خۆمدا شك دەبەم، بەڵام بە هۆی دابڕانەوە شارەزاییەکەی جارانم بۆشایی و گرفتی تێکەوتووە چونکە پێویستیم بە خوێندنەوەی زۆر هەیە تا بتوانم خۆم ئامادە بکەم و بە دڵنیاییەوە بنووسم.

**عەبدوڵڵا سلێمان** (مەشخەڵ): کاك سەلام پێموابێت باش ماندووم کردیت بەهۆی ئەم دیدارەوە، بەڵام لام ڕوونە مرۆڤ دوا وتە یان دوا قسەی ئەوکاتەیە کە دوا هەناسە ئەدات. من لێرە ناپرسم دوا وتەت چییە، بەڵکو ئەڵێم با دوا پرسیارم کردنەوەی دەرگای دەرفەتێکی دیکە بێ بۆ ئەوەی هەرشتێك بەپێویستی ئەزانیت و قسەمان لەسەری نەکردووە، بیکەیت. واتە ئەم دەرفەتەش بقۆزیتەوە بۆ وتنی ئەو شتەی لە دڵتا ماوە و پێتوایە پێویستە بگاتە خوێنەر؟

. **سەلام محەمەد**: وا هەست دەکەم زۆر درێژەم پێداوە. ڕەنگە لە تواناندا بووایە کورتی بکەمەوە و عەرەب وتەنی (خیر الکلام ماقل ودل) واتە باشترین گوفتار ئەوەیە کورت و پڕمانا بێت. داوای لێبوردن دەکەم قسە هەزارە و دوانی بەکارە. (وەکو ئاو هاتین وەکو با ڕۆیین). هیوادارم سەری خوێنەری ئازیزم نەیەشاندبێت وەك دەزانن دەمێکە لە نووسین دوورکەوتوومەتەوە و ئەوەندە بایەخم بە لایەنە هونەرییەکە نەداوە. زۆر سوپاسی برای بەڕێزم کاك عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) دەکەم کە هەردووکمان خەڵکی یەك شارین، بەڵام لە ڕێگای بەرهەمی ئەدەبیی و فەیسبووکەوە یەکترمان ناسی پێشنیازی ئەم پڕۆسەیەی کرد و منیش بە سوپاسەوە ڕەزامەندی خۆم نیشان دا. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم بەم گەرم و گوڕییە بکەومە خۆم و شەش مانگ زیاترە تا ڕادەیەك ڕۆژانە پێوەی خەریك بووم و ڕۆژ هەبوو دە سەعات زیاتر کارم تیادا کردووە. دەرفەتێکی باشبوو بتوانم شیعرە بڵاونەکراو و پەرش و بڵاوەکانم کۆبکەمەوە و تایپیان بکەم و



بۆ کاك مەشخەڵیان ڕەوانە بکەم تا لەگەڵ بابەتەکانی دیکەدا بکەونە بەر چاوی خوێنەران. سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بە دەنگ بانگەوازەکەی کاك (مەشخەڵ)ەوە هاتن. هیوادارم ڕەنج و ماندووبوونی من و کاك مەشخەڵ و گشت ئەو بەڕێزانە کەلێنێکی پڕ کردبێتەوە بە دڵنیاییشەوە دەڵێم تا ئێستا ئەم کتێبە باشترین سەرچاوەیە دەربارەی خۆم و شیعرەکانم بە تایبەتی کە ئەو دیدارەشی بە خۆیەوە گرتووە برای شاعیرم حەمە کاکەڕەش لە ساڵی ٢٠٠٩ دا سازیکردبوو. دیارە هەر لە سەرەتاشەوە هەستم بە گرنگی بابەتەکە کردووە و زانیومە کارێکی زۆری دەوێت، بەڵام شانم دایە بەر و شەو و ڕۆژم لە یەکدا بۆ سەرخستنی پڕۆسەکە تا بە هاوکاری هەموو لایەك ئەم بەرهەمەی لێدەرچوو سوپاس بۆ هەمووان.

ڤێستەرۆس / سوید

نیسانی ٢٠١٣

# دیدار لەگەڵ سەلام محەمەد

سازدانی : حەمە کاکەڕەش

**تێبینییەك:**

خوێنەری هێژا: ئەم دیدارەی لێرەدا دەیخوێننەوە دەقی ئەو گفتوگۆ درێژەیە کە بەڕێز حەمە کاکەڕەش لەگەڵ سەلام محەمەددا بۆ گۆڤاری هەنار سازی دابوو و لە ژمارەکانی ٣٧ و ٣٨ ی گۆڤاری هەنار لەساڵی ٢٠٠٩ بڵاو بۆتەوە. دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەم دیدارە لەم کتێبەدا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی کاك حەمە کاکەڕەش دێت بەو مەرجەی دیدارەکە وەکو خۆی بڵاو



بکەمەوە. منیش دیدارەکە وەکو چۆن لەکاك سەلام محەمەدەوە (نەك کاك حەمە کاکەڕەش)پێمگەیشتووە، وەك خۆی داناوەتەوە. لەهەمان کاتیشدا بەپێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە لەم دیدارەدا کاك سەلام محەمەد باسی ئەزموونی خۆی دەکات و گەلێك لاپەڕەی نهێنی لەدەفتەری ژیانی خۆی هەڵداوەتەوە. ئەمە هاندەرێکی بەهێزم بوو تا بێ دوودڵی ئەم دیدارە لێرەدا دووبارە بڵاو بکەمەوە.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

عیسام بینی چلێ ئاگری بۆ هێنام
هەواڵی زەوی لێ پرسیم
وتم: زەوی؟
یا سێدارەو زیندان و ئەتۆم و دڵە نەگریسەکان
کاکە عیسا
دەستم بگرەو بمگەیەنە ((حوزووری خوا))
من لەو زەوییە بێزارم
من نامەوێ جارێکی تر بۆ سەر زەوی بگەڕێمەوە

کۆپلەیەك لە شیعری (شاری نهێنی) لە کتێبی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە) ساڵی نووسینی ئەم شیعرە ١٩٧٥

ئەگەر بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی حەفتای شیعری کوردی بەهیچ شێوەیەك ناتوانین باز بەسەر ناوی سەلام محەمەد دا بدەین چونکە یەکێك بوو لە دەنگە دیارو یاخی و زوڵاڵەکانی شیعری کوردی ئەو سەردەمەو هەر زوو توانیویتی بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی و بەشداریکردنی لە هەموو کۆڕە شیعرییەکانی کەرکوك و ناو بەناویش لە کۆڕە ئەدەبییەکانی بەغدا و سلێمانی و هەولێر خوێنەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. وەك لە پێشەکی دیوانە چاپکراوەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە تا ساڵی ١٩٨٨ نەیتوانیوە هیچ کۆمەڵە شیعرێك چاپ بکات بەڵام بە دەرچوونی کتێبی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە) لەو ساڵەدا کە تەنها بریتیبوو لە بەشێکی کەمی شیعرە بڵاوکراوەکانی تایبەتمەندی خۆی ڕاگەیاندو لە یادەوەری خوێنەری شیعری کوردیدا مایەوە. هەر چەندە دوای گیرسانەوەی لە

مەنفا لە ساڵی ١٩٩١ دا بێدەنگی هەڵبژاردووەو هیچ بەرهەم و کتێبێکیم نەکەوتۆتە بەرچاو بەڵام لەم نزیکانەدا چەند شیعرێکی تازەی بڵاوکردەوە. من لەو ڕوانگەیەوە کە ساڵانێك سەلام محەمەد دەنگێکی درەوشاوەی شیعری کوردی بوو، پێمخۆشبوو ئەم دیدارەی لەگەڵدا بکەم بۆ ئەوەی تۆزی بێدەنگی بتەکێنین و جارێکیتر ئاشنای بیرو بۆچوونەکانی بین دەربارەی شیعرو ئەدەبی کوردی. چونکە سەلام محەمەد نەك هەر شاعیرێکی دیاربوو بەڵکو لە بارەی شیعرەوە تێڕامان و خوێندنەوەی تایبەتی هەبوو. لە دوای ڕاپەڕینەوە هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری بیریان لە چاپکردنەوەی دەمەو ئێواران نەکردۆتەوە هەرچەندە شەیدایانی شیعر ی سەلام محەمەد زۆر تاقیبی دەکەن. هەروەها بە هیچ جۆرێك لە لایەن هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیرییەوە سەلام محەمەد بۆ هیچ چالاکی و کۆڕ و فیستیڤاڵێك رووی لێ نەنراوە، لە کاتێکدا دەبینین خەڵکانێك کە هیچ هونەرێکیان پێ نییە داوەتی کوردستان دەکرێنەوەو چەندین بەرنامەی تیڤی و کۆڕوکۆبوونەوەیان بۆ سازدەکەن. کەچی سەلام محەمەدو دیوانەکەی تەواولە بیرکراون. لێرەدا دەڵێم: هەمووومان دەزانین هەرچی دەزگای بەناو ڕۆشنبیری کوردییە لە لایەن دەستەو تاقمێکەوە داگیرکراون و بە ئارەزووی خۆیان بەکاری دەهێنن، بەڵام ئەگەر کورد ڕەخنەیەکی بەرچاو ڕوون و دروست و دەقناسی هەیە بۆ دەبێت هیچ قسەیەکی جیدی لە سەر شیعرەکانی سەلام محەمەد نەکات؟ بەداخەوە ڕەخنەی کوردی هێشتا لە هاوڕێیەتی و شارچێتی و حیزب چێتی و چێتییەکانی تر دوورنەکەوتۆتەوە لە ماوەی سیی ساڵدا ئەمە یەکەمین دیدارە لەگەڵ سەلام محەمەدا سازبکرێت بۆیە بێجگە لە شیعر لە دەرگای زۆر هەڵویست و یادەوەری و بەسەرهاتی تری داوە.

## حەمە کاکەڕەش

پرسیار : دەمەوێ بتگەڕێنمەوە بۆ منداڵیی، منداڵیی تۆ چۆن بوو؟ کەی هەستت کرد گەورە بوویت؟ چین ئەو وێنەو خەیاڵ و تابلۆیانەی کەوا لە سەردەمی منداڵییەوە تائێستا بەشێکی دانەبڕاون لە ڕۆحی تۆ؟ ئایا لە منداڵیدا هیچ پەیوەندیەك لە نێوان تۆ و شیعردا هەبوو؟ ئەی ژینگەی ئەو کاتەی کەرکوك کاریگەرییەکی هەبووە لە سەر دروستکردنی توانا و بەهرەی شیعری تۆ؟



وەڵام : برام پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە پێویستە ئەوە بۆ خوێنەری بەڕێز ڕوونبکەینەوە کە من و تۆ لە سەر ئەوە پێکهاتووین لە هەندێ جێگادا خۆم بە پرسیارەکانەوە نەبەستمەوە. یادەوەریەکان بۆ ئەملاولایان ڕاکێشاوم و پەلکێشیانکردووم. هۆیەکەی ئەوەبوو کە لە سەرەتادا وتمان تەنها دیدارێکی ئەدەبی دەبێت و هەر باس لە شیعر دەکەین بەڵام کە چوومە ناویەوە ئاسان نەبوو هەندێ یادەوەری بگێڕمەوەو باز بدەم بە سەر هەندێکی ترا. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد هەر هەمووی بگێڕمەوە یا هیچ نەبێ بەشێکی کەمیان. ئینجا یا دەبوو شێوەی پرسیارەکان بگۆڕین یا جار جار قۆڵ بە قۆڵی خوێنەردا بکەم و لە چوارچێوەی پرسیارەکەو زەمانی ڕووداوەکاندا بیبەمە دەرەوەو پاش و پێشم بە زنجیرەی زەمەنی بەسەرهاتەکان کردووە چونکە ئەمە دیدارە نەك نووسینەوەی مێژووی ژیان. من و تۆ هەست بەم ئاڵوگۆڕە دەکەین چونکە لە سەری ڕێکەوتووین و تەواوی سەربەستیتان داومەتێ لەوەی چی دەڵێم و چۆن و لە کوێدا باسی دەکەم. حەزم کرد کە سەرنجی خوێنەریش بۆ ئەم خاڵە گرنگە ڕاکێشین. بە ڕاستیش لەم جۆرە دیدارەدا لە سەرێکەوە پیاو نایەوێ بێجگە لە لایەنە ئەدەبیەکە هیچی تر بڵێ، بەڵام لە سەرێکی دیکەوە هەوڵ ئەدات هەرچیەك لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە هەمووی پێکرا هەڵڕێژێتە سەر کاغەز کە ئەوەیش بۆ دیدار دەست نادات. ناچار ئەگەر تێکەڵ و پێکەڵیش بێت، ئەگەر تەنها سەرە داوەکانیش بێت، هەوڵمداوە لە کۆتاییدا جۆرە هاوسەنگی و تێهەڵکێشیەك لە نێوان پرسیارەکان و وەڵامەکاندا دروست بکەم کە بتوانم وێنەیەکی ئاشکرا و کامڵ بخەمە بەرچاوی خوێنەر تەنها لە هەندێ بواردا نەبێت کە ڕەنگە بۆ ئەم دیدارە لەوەزیاتر دەست نەدات.

من ڕێك لە ٢١ ی ٧ ی ١٩٥٤ دا لەدایکبووم نەك (١ ی ٧) وەك زۆربەی عێراقیەکان کە لە بەر نەبوونی زانیاری دروست لە سەرژمێرەکەی ١٩٥٧ دا ڕۆژی لەدایکبوونی نیوەی عیراق زیاتر کرا بەو بەرواره. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەییم لە کەرکوکدا تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٨ بەکالۆریۆسم لە قانون وەرگرتووە لە زانکۆی بەغدا.

بە هۆی ئەوەی کە ڕەحمەتی باوکم مامۆستای سەرەتایی بوو بەردەوام لە گوندێکەوە بۆ گوندێکیتر نەقڵ دەکرا. سەرەتا لە ساڵی ١٩٦٠دا یەکەمین مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەی (تەوەکەڵ) ی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر بوو کە پێشتر قوتابخانە لەو گوندەدا نەبووە. پاشان نەقڵ کراوە بۆ گوندی (هەشەزینی) لە ناحیەی (سەنگاو). ئینجا چووینەتەوە بۆ کەرکوك و

لەوێشەوە لە ساڵی ١٩٦٣دا کە مامۆستا کوردەکان بە بڕیاری حەرەس قەومی بۆ ناوچە عەرەبیەکان راگوێزراون باوکم نەقڵ کراوە بۆ (تل علی) لە (حەویجە). لەوێشەوە لە ساڵی ١٩٦٥دا بۆ ناحیەی (دوبز) و پاشان لە ساڵی ١٩٦٩دا بۆ یەکجاری هاتووینەتەوە بۆ ناو شاری کەرکوك. بە کورتی منداڵیم نەدیوە چونکە ڕووبەرەکە زۆر لەوە گەورەتربوو کە تەمەنم فریای بکەوێت (کارێزەی خاڵخالآن – کەرکوك – تەوەکەڵ- هەشەزینی – کەرکوك – حەویجە - دوبز – کەرکوك). ئەمەیش ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەری هەبووە لە سەر ئەو قۆناغە گرنگ و ناسکەی تەمەندا. هێشتا لە ژینگەیەکدا جێگیر نەدەبووم ڕووبەڕووی ژینگەیەکیتر دەبوومەوە. لە ساڵی ١٩٧٠دا باوکم لە ڕەحیماوا خانوویەکی کڕی و دێتەوە یادم کە ڕەحمەتی دایکم زەوی حەوشەکەی ماچکردو وتی (ئۆخەی ئیتر لێرە بارناکەین). هەر پاش چەند مانگێك ژینگەیەکی ناخۆشتر و تەڵختر و سامناکتر باوەشی بۆ گرتینەوە و دایکم بە نەخۆشی شێرپەنجەی مەمك کۆچی دوایی کرد. چەند مانگێ دوای ئەو مامەم قادر کە مەعدەنی قایەی هەبوو هەر لە ناو چاڵە مەعدەنەکەدا کەوتە ژێر قایەو تاشەبەردی زلەوە. بە شۆفڵ لاشەکەیان دەرهێنا و کاتێك جەنازە شێواوەکەی لە خەستەخانەی کۆماری تەشریح کرا بە دیاریەوەبووم. هەرگیز ئەو دیمەنە ترسناك و دڵتەزێنەم لە بیرناچێتەوە. لە ئوکتۆبەری ١٩٧٣دا باوکم خۆیشی کۆچی دوایی کرد. پاش ئەو نۆرە هاتە سەر وریای برام کە بە کارەساتێکی جەرگبڕ ژیانی کۆتایی هات. دایکم تەمەنی تەنیا سیی و پێنج ساڵ و باوکمیش چل و چوار ساڵان بوو کاتێ وەفاتیان کرد.

بە سەفەرکردنی ئەوان کۆستمان کەوت و شیرازەی خێزانەکەمان هەڵوەشایەوە. ئاخر ئێمە دوو برا و چوار خوشك بووین نۆبەرەکەیان من بووم. ئەوسا تازە هەژدە ساڵان بووم و لەو ئاستە هۆشیاریەدا نەبووم مەسئولیەتی خێزانێکی گەورە بگرمە ئەستۆ بەڵکو هەموومان کەوتینە بەر مەرحەمەتی ڕۆژگارەوە ڕەحمەتی مامەم مەلا عەلی سەرپەرشتی دەکردین.

ئەمە ئەو ژینگە نوێیە بوو کە ساڵەهایەك چاوەڕێمان دەکرد تا بحەسێینەوە و ئاسوودەبین.

بەر لە کۆچی دوایی باوك و دایکم لە سەردەمی هەرزەکاریمدا من تاقانە کوڕی ماڵەوەبووم و چوار خوشکم هەبوون سوهەیلە و سوعاد و روناك و پڕشنگ. زۆربەی ئیش و کارو ئەرکەکانی دەرەوەی ماڵ من دەمکردن. بەیانیان دەوری سەعات پێنج و زووتریش لە خەو هەڵیاندەستاندم تا بچم بۆ فڕن و کولێرەی گەرم بکڕم. جاری وا هەبوو سەعاتێك زیاتر بەو سەرمای زستانە



چاوەڕێم دەکرد. سابیر نانەوا لە دوبز تا یەکێکی گەورەی لەوێ شکبردایە ئێمەی منداڵانی پشت گوێ دەخست.کۆمەڵێ منداڵ بووین، گشتمان پێکەوە دەستمان بەرز دەکردەوەو هاوارمان دەکرد کاك سابیر.. کاك سابیر ئەویش بە مەزاجی خۆی خەڵکی بەڕێدەکرد. کە نانم دەبردەوە ئینجا دەبوو بچم شیر بکڕم چونکە دایکم خۆی دەیکرد بە ماست. بۆ نەگبەتیش ئەو ماڵەی شیرمان لێدەکڕی کەوتبووە ئەوسەری دوبزەوە. کاتێك دەگەڕامەوە بە پەلە نان و ماستم دەخواردو دەچووم بۆ مەکتەب. وای بە حاڵی ئەو قوتابییەی پێنج دەقیقە دوابکەوتایە. کێ هەیە ئەو سەردەمە لە دوبز ژیابێت و مامۆستا (ناجی الدوری) نەناسێت کە بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرەتاییەکە بوو. چۆن گورگ هێرش دەکاتە سەر مێگەلە مەڕێك ئەویش بۆ قوتابییەکان ئاوابوو. ئەگەر لە یەکێکی بدایە سەرەتا بە دارو زللە و پاشان بە شەق و بۆکس کەوڵی دەکرد. دێتەوە یادم چەندین قوتابی لە ترسی مامۆستا ناجی میز و پیساییان بە خۆیاندا دەکرد. من شانسم هەبوو کە هەرگیز بەر لێدان نەکەوتم چونکە باوکم لە هەمان قوتابخانەدا کاری دەکرد. بە ڕاستی سەردەمی منداڵیم تراژیدیایەکی خەمناك بوو بەڵام بۆ خۆشبەختی کە خوشکەکانم گەورەبوون سۆزێکی خوشکانەی گەرم و گوڕیان پێبەخشیم کە دەبوو وەکو براگەورە من ئەو نازەیان بدەمێ. بە هۆی منیشەوە تووشی ناڕەحەتیەکی زۆر هاتن و بەردەوام لە جێگۆڕکێ و هەڵاتندابووم تا لە مانگی هەشتی ١٩٩١دا بۆ یەکجاری لە سوید گیرسامەوەو پێم وایە هەرلێرەیش ماڵئاوایی لەم ژیانە سەخت و پڕ لە کوێرەوەریەی خۆم دەکەم. کوڕە گەورەکەم کە ناوی کارزانە، لێرە خوێندنی تەواوکردووەو ژنی هێناوەو ئەندازیارە لە ستۆکهۆڵم. تەمەنی سیی ساڵانە و کچێکی جوانکیلەیان هەیە ناوی میشە یە. سازان دوو کوڕی هەیە لیۆن و تریستان. سۆمایش سیکۆلۆجە و پسپۆرە لە کاری دەروونناسیدا. ئارەزووی نووسیینی هەیە و لە بواری سایکۆلۆژیدا دەنووسێت، بەڵام بە زمانی سویدی و ئینگلیزی. سایەی کچە بچکۆڵەم کە تەمەنی بیست و دوو ساڵە هێشتا بەشی کۆمەڵناسی دەخوێنێت لە زانکۆدا. لە ساڵی ١٩٨٩ بە دوواوە لە عیراقدا کە من ئەمری قەبزم بە دوواوەبوو ڕژێم خەریك بوو هیوای برام لەشوێنی من بگرن. لە ترساندا ماوەیەك لە ماڵەوە نەخەوتبوو. ئەو یەکەم کەس بوو کە هاتە مواجەهەم لە زیندانی عەسکەری بەلەدروز لە باقووبە. هەموویان دێتەوە بیریان کە ئەوسا دوو پەنجەم داخکرابوون کاتێ ئەوان هاتن هێشتا ئاوسابوون و خوێنیان لێدەچۆڕی.

هیوا و هەر چوار خوشکەکەیشم خاوەنی ماڵ و منداڵی خۆیانن و لە وڵاتی سوید ئەژین. ئێمەو چەند ماڵە خزمێکی تریش هەموومان ساڵەهایەکە بە هۆی یارمەتی سوعادەوە هاتین بۆ سوید و لە یەك شاردا کۆبووینەتەوە و رەحیماوایەکی بچووکمان بۆ خۆمان دروستکردووە. ئەگەر ئەو نەبووایە بە ئاسانی نەدەگەیشتینە ئێرە. لە رۆژی ٢٧ / ٠٧ / ٢٠٠٨ دا شێرزادی تاقانە کوڕی لە تەمەنی بیست و حەوتساڵیدا بە نەخۆشیەکی کوتوپڕ لە شاری ئوپسالادا کۆچی دوایی کردو بوو بە یەکەم موسافیری بنەماڵەکەمان لەم وڵاتەدا.

یەکەمجار کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا لە تەوەکەڵ بووین، ئەوسا تەمەنم حەوت ساڵان بوو کە فڕۆکەکانی عبدالکریم قاسم ناوچەی چەمی رێزان و گوندی تەوەکەڵیان بۆردومانکرد. لە ناو درەختەکانی دەوروبەری تەوەکەڵدا خۆمان شاردبۆوە، دیمەنی ئەو دوو فڕۆکەیەم لە بەرچاوە کە بۆردومانیان دەکرد. بۆ شەو تەوەکەڵ درایە بەر تۆپ و باوکم هەموومانی لە سووچێکدا کۆکردەوەو وتی ئەگەر گوللە تۆپمان بەرکەوت با هەموومان پێکەوە بمرین. هەربەو شەوە چووین بۆ گوندێکی تر.

لە ساڵی ١٩٦٠ هەر لای باوکم بە ئەلف و بێی کوردی ئیبراهیم ئەمین باڵدار دەستم بە خوێندن کرد. بۆ ساڵی دوایی کە شۆڕشی کورد بە رابەرایەتی سەرۆکی نەمر مەلا مستەفای بارزانی لە ژێر دروشمی (کوردستان یانەمان) دا هەڵگیرسا خوێندن بە کوردی قەدەغە کرا.
دارەکەی دارا بوو بە داری عەرەبی واتە خانوو. دارا و زارا و ئازاد و پەروین و دۆی دادە و مێوژە نایابەکەی مام زۆراب بوون بە کۆمەڵێ ناوی قەبە و رەزاقورسی عەرەبی.رەنگە هەر لێرەوە پرسیارەکانی سزای بەکوردبوون لە ناخمدا رەگیان داکوتابێت و لە هەموو ژیانیشمدا تەنیا ئەو ساڵە بە کوردی خوێندوومە.
لە ١٩٦٣دا چەند کوردێکی نیشتیمانپەروەری وەك شێخ مارفی بەرزنجی و هاوڕێکانی لە شاری کەرکوکدا لە سێدارەدران. جەنازەکانیان لە بەردەم سینەماکانی خەیام و حەمرا و عەلەمەیندا هەڵواسران و سووکایەتیان پێکرا. ئەو رۆژە دایك و باوکم نەیانهێشت بچمە دەرەوە، دایکم دەگریا و لە خۆی دەدا. مامەم مەلا عەلی هاتبووە لای باوکم کە ئامۆزابوون بەڵام نزیکترین کەس و هاوڕێی یەکتربوون. هەر لە منداڵیەوە بە یەکەوە گەورە بوونە و خوێندوویانە تەنیا مەرگ لە یەك دووری خستوونەتەوە. پێکەوە لەو رۆژە شوومەدا دانیشتبوونو باسیان لەوە



دەکرد ئەوانەی چوونەتە بازاڕو چاویان بەو دیمەنە کەوتبوو سەرودڵیان گیراوەو چۆن ژنە تورکمانێك یەکێك لە جەنازەکانی دابووە بەر چەقۆ. ئەم رووداوە کەشێکی زۆر تایبەتی لە ناخی منداڕوستکرد و ئێستایش ئاسەواری ماوە.
دوای ئەوە قۆناغی فەرهود دەستیپێکرد. عەشایەرە عەرەبەکان بە تایبەتی جبوورەکانی حەویجە وەك رەوە گورگ هەڵیاندەکوتایە سەر گوندە کوردنشینەکان و مەڕ و ماڵاتیان تالان دەکرد. لەمەوە دەردەکەوێت کە تەعریبکردنی کەرکوك پرۆسەیەکی دێرینەی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقە و کە بەعس هاتنە سەر حوکم و دوای پاشگەزبوونەوەیان لە رێکەوتنەکەی ١١ی ئازار پرۆسەکە تاجی زێڕینی خرایە سەر و گەیشتە لووتکەی جێبەجێکردن. لە ساڵی ١٩٦٢دا لە گوندێکی وەکو تەوەکەڵ خوێندن بکرێت بە عەرەبی دەبێ کورد چ متمانەیەکی بە عەرەب هەبێت.
ئێمەی منداڵانی تەپەی مەلا عبداللە ئەوسا وەکو کاردانەوەیەکی عاتیفی گرووپێکمان پێکەوەنابوو دژی منداڵە تورکمانەکان. نە یاریمان لەگەڵیاندا دەکرد، نە بە تورکمانیش قسەمان دەکرد. من خۆم تا ئێستایش تورکمانی نازانم. بێگومان کاردانەوەکە هەڵەبوو بە تایبەتی لە روی فێربوونی زمانی تورکمانیەوە کە ئەگەر مەبەستم بووایە بە ئاسانی فێر دەبووم.

لە وەڵامی ئەو بەشەی کە ئایا هیچ پەیوەندییەك لە نێوان من و شیعردا هەبووە بە منداڵی دەڵێم بەڵێ، پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵیش هەبووە. هێشتا تەمەنم دوانزە ساڵان بووە دەفتەرێکم پڕ کردبووەوە کە پاش یەك دوو ساڵێتر ناوی دەریای خەیاڵم لێنابوو، هاوڕێکانی ئەو سەردەمەیش دەفتەرەکەیان دێتەوە یاد. بە هۆی ئەوەی کە باوکم دیوانی هەندێ لە شاعیرە کۆنەکانی هەبوو هەوڵێکی بێوچانم دەدا بیانخوێنمەوە، زۆریش قورسبوون. بەردەوام پرسیارم لە باوکم دەکرد، ئەویش دەیگوت ئەم شیعرانە لەگەڵ تەمەنی تۆدا ناگونجێن و تێگەیشتنیان ئاسان نییە. لە بری ئەوانە جار جار کتێبی لە بابەت رۆستەمی زاڵ و شیرین و فەرهاد و ئەمیر ئەرسەلانی بۆ دەهێنام. هەندێجار لەگەڵ باوکمدا دەچووم بۆ کتێبخانەی عصری کەخاوەنەکەی محمد امین عصری بوو کتێبی کوردی دەفرۆشت. ئێستایش بۆن و بەرامەی ئەو کتێبە کۆنانەم هەر لە یادە و بۆنی کتێبم بە لاوە لە بۆنی عەتر پێخۆشترە. کاتێ باوکم هەستی بەوەکردبوو کە شیعر دەنووسم زۆری بە لاوە ناخۆش بوو. بۆ ئەوەی کە هەموو زەینێکم بدەمە خوێندنەکەم

و له پاشەڕۆژدا شەهادەیەکی بەرز وەربگرم. کارەسات لێرەوە دەستیپێکرد کە یەکێك لە مامۆستاکانم بە باوکمی وتبوو سەلام زۆر زیرەکە بەڵام قەدەرێکە نازانم بە چییەوە خۆی خەریك دەکات و وەك جاران نەماوە. کاتێ باوکم گەڕایەوە داوای دەفتەری شیعرەکانمی کرد. بە بەرچاوی خۆمەوە پارچە پارچەی کرد و فەرمووی لە ئەمڕۆ بە دوواوە ئیتر شیعر و میعر نانووسیت و هەموو خوویەك ئەدەیتە خوێندنەکەت. وام هەستدەکرد ئەوە دەفتەر نییە کە پارچە پارچە دەکرێت، بەڵکو دڵە بچکۆلانەکەمە. هەروەها بێجگە لە کتێبەکانی مەکتەب بۆم نەبوو شتیتر بخوێنمەوە. لێرەوە

بێهوودەیی و بێنرخی ئەم دونیایە چوزەرەی لە دڵمدا دەرکرد. دەفتەرە دڕاوەکە خۆشەویتترین و بایەخدارترین شت بوو بە لامەوە. زۆرجار کە شەوان دەخەوتم لای سەری خۆمەوە دامدەنا. ئیدی قۆناغی شیعرنووسین بە نهێنی و خوێندنەوە بە نهێنی دەستیپێکرد. زۆر جار لە سەربانی ماڵەکەمان لە دوبز رۆمانەکانی نەجیب موحفوز و تەوفیق حەکیم و هەزارو یەك شەوم دەخوێندەوە. لێرەوە فێری جگەرەکێشان بووم تا ئێستایش جگەرە دەکێشم و ڕەنگە هەر جگەرەیش بمکوژێت. دەستوورە باوەکانی ئەو سەردەمەم بە دڵ نەبووە. لەو تەمەنەوە فێری یاخیبوون بووم و بڕوام بە گۆڕین و بەرەوپێشەوەچوون هەبووە. لە شیعرێکمدا کە لەساڵی ١٩٧١ دا لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە باس لەو یاخیبوونە دەکەم و ئەوەیش دەسەلمێنێت کە سەفەری گەڕانم بە شوێنی راستیدا تازە نییە و لە دێرزەمانەوە رێگای گرتۆتە بەر و لە ناخمدا ڕەنگی داوەتەوە (بۆ لاوێکی شانزە حەڤدە ساڵان لەو رۆژگارەدا کەم نەبوو) :

چۆن یاخی بووم
چۆن لە زیندانی بەهەشتی کۆمەڵی مردووان دەرچووم؟
مردن... رۆیین... نەیانزانی چییە راستی
ئەمرن... ئەڕۆن و ناپرسن کوانێ راستی
کوانێ دەنگی
کوانێ ڕەنگی
بەڵام ئەی دانەری راستی... کوانێ راستی؟؟



کە قۆناغی ئامادەییم لە ساڵی ١٩٧٣ دا تەواو کرد باوکم لە خەستەخانەی کۆماری کەوتبوو منیش بە دیاریەوەبووم. لە زانکۆی بەغدا لە کۆلیجی قانون وەرگیرابووم و ناوەکانیش لە رۆژنامەی الجمهوریەدا بڵاوکرابوونەوە. باوکم سووربوو لە سەر ئەوەی بڕۆم بۆ بەغدا و دەستبکەمەوە بە خوێندن. منیش دڵم نەدەهات بەو حاڵەوە جێیبهێڵم. تا خۆی وتی لێرە جەماعەت هەموو بە دیارمەوەن ئەگەر تۆ بە راستی خاتری منت ئەوێ بچۆ بۆ بەغدا با رەنجی ئەو هەموو ساڵەمان بە خەسار نەچێت. بە قسەم کرد و ڕۆیشتم، نەیشمدەزانی جارێکیتر چاوم بە باوکم ناکەوێتەوە.

حەزم بە خوێندنی قانون نەدەکردو ناچاریشبووم. ئەگەر بە ئارەزووی خۆم بووایە ئینگلیزیم دەخوێند بەڵام هەڵبژاردنی باوکم بوو کە حەزی دەکرد ببم بە حاکم یا موددەعی عام. لە ساڵی١٩٧٨دا بەکالۆریۆسم لە قانون وەرگرت و هەر لەو ساڵەیشدا بووم بە ئەندامی یەکیەتی پارێزەرانی عێراق. ماوەیەك کاری پارێزەریم کردووە لەگەڵ پارێزگاری ئێستای کەرکوك کاك عبدالرحمن مستەفادا کە هاوڕێی زانکۆم بوو. پاشان وەکو حقوقیەك تەعین بووم. هەرچەندە لەگەڵ قانوندا ناکۆکم بڕوایەکی ئەوتۆیشم پێی نییە چارەنووسیش وابوو کە زۆربەی ژیانمی لەگەڵدا بەسەربەرم.

پرسیار: - دوای ساڵانێك رەنگە ئاسان نەبێت کەسێك قسە لە سەر ئەزموونی شیعری خۆی بکات بەڵام ناکرێت دوای ساڵانێك بێدەنگی یەکێك لە دەنگە زوڵاڵەکانی شیعری کوردی هەر بەبێدەنگی بمێنێتەوە. تۆ وەك سەلام محەمەد ئەو کاتە بە کتێبی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە) توانیت لەگەڵ نەوەی خۆتدا وەك شاعیرێکی جیاواز لە هاوتەمەنەکانت دەرکەویت پێم خۆشە بگەڕێیتەوە بۆ ئەو سەرەتایە و سەبارەت بە ئەزموونی خۆت قسە بکەیت.

وەڵام: - قسەکردن لە سەر ئەزموونی شیعری خۆم جارێکیتریش دەمباتەوە بۆ قۆناغە پارچە پارچە و جیاجیاکانی تەمەنم. پێش ساڵی ١٩٧٠ هەوڵی جۆربەجۆرم هەبووە بەڵام لەوە بە دوواوە واتە لە گەرمەی شایلۆغانی ئاهەنگەکانی ١١ی ئازاردا کۆمەڵە شیعرێکم کۆکردەوە بە ناوی (دڵی کوردستان) ەوە کە زۆربەیان لاساییکردنەوەی شیعرەکانی گۆران و هەردی و کامەران موکری بوون. برای بەڕێزم کاك رەزا شوان کە ئێستا لەشاری (بێرگن) ی وڵاتی نەرویژە ئەوسا بە ناوی هیوا شوانەوە پەیامنێری رۆژنامەی هاوکاری بوو لە کەرکوك. ئەو کاتە

شوێن پەنجەیەکی دیاری هەبوو لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری شارەکەدا. بە دەستخەتە جوانەکەی هەموو شیعرەکانی بۆ نووسیمەوە لەگەڵ پێشەکی و لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلدا. دیوانەکەم نارد بۆ بەغدا بۆ ڕەقابە و بە هۆی ڕێکەوتنەکەی ئازارەوە زۆر بە ئاسانی ڕەزامەندی لە سەر چاپکردنی وەرگیرا.
کاتێ چووم بۆ بەغدا بۆ وەرگرتنەوەی دیوانەکە سەردانی ڕۆژنامەی هاوکاریم کرد و ئەوسا ڕەحمەتی حیلمی عەلی شەریف سەرنووسەری بوو. لەوێ بۆ یەکەمجار چاوم بە کاك سەلاح شوان و ڕەحمەتی جەلالی میرزا کەریم کەوت، شیعرێکی نوێشم بۆ خوێندنەوە کە تازە نووسیبووم و لە دیوانەکەدا نەبوو بە ناونیشانی (خەونی چاو) کە زۆر بە لایانەوە جوان بوو. بڕوایان وابوو من توانایەکی گەورەترم هەیە لەو شیعرانەی نیازم وایە چاپیان بکەم و ڕۆژێك دێت لە چاپکردنیان پەشیمان دەبمەوە. خەونی چاو یەکەمین شیعری بڵاوکراوەمە لە ساڵی ١٩٧٠دا.

بە تەواوی لە چاپکردنی (دڵی کوردستان) پاشگەزبوومەوە و کاك سەلاح شوان دەورێکی زۆری هەبوو لە پەشیمانبوونەوەم. ئەوسا پەیوەندیەکی برایانەی زۆر بەهێز لە نێوانی من و کاك سەلاح شواندا هەبوو. ناوی هەردووکمان بە یەکەوە دەهێنرا. کە دەچوومە بەغدا شەوان لە ماڵی ئەوان دەبووم و زۆر ڕێزی لێدەگرتم. شیعرەکانیشمان تا ڕادەیەك لە یەکەوە نزیك بوون. بەڵام کە هاتە ئەوروپا تا ئێستایش کە نزیکەی بیست ساڵ دەبێت یەکتریمان نەدیوە. لە سەرەتادا نامە و تەلەفۆن لە نێوانماندا هەبوو ئەویش وردە وردە کۆتایی هات. وەك خۆی نووسیویەتی زۆر شتمان لە یەك ئەچێت بەڵام زۆریش جیاوازیمان هەیە. لە نامەیەکیدا کە لە بەرواری ٢٠ ی ١٠ ی ١٩٩٨ دا لە نەرویژەوە بۆی ناردووم بەم جۆرە باسی ئەو پەیوەندی و بیرەوەریانە دەکات :

**(هاورێ و برای خۆشەویستم کاکە سەلام**

نازانم بۆ بەم نیوەشەوە بەفرە، لەم هەموو دنیایەدا تۆم کەوتەوە بیر تا نامەت بۆ بنووسم؟ وا دیارە بیرت ئەکەم و لە ڕێی تۆوە بیری خۆم ئەکەم و بیری دنیا و زەمانێك، نازانم بۆچی و نازانم چۆن بەسەرچوو. بیری ڕۆژانی مەستی و عەشق و شێتی. بیری ژیان بە گشت مانا دژ بە یەکەکانیەوە. شەوانی ئەبونەواس و کوردایەتی و گریان و فەلسەفە و ئەدەب. ڕاکردنەکانت بە



دەم سەرخۆشیەوە، وردە سەرنجە دانسقەکانت، شیعر خوێندنەوە و شیعر دڕاندن، ئاژاوە و هێوربوونەوە. من و تۆ زۆر لە یەك ئەچین، زۆریش لێك جیاین. زۆربەی برادەرانی ئەوسامان، ئەوانەی پرسیارە گەورەکانی ئێمەیان دووبارە ئەکردەوە سەریان خستە بن باڵی خۆیان و وازیان هێنا لە گەڕان بە دوای وەڵامە گەورەکاندا. من تاقیکردنەوەی مەرگم بە چاوی خۆم بینی لە ڕێگای مەرگی ئازیزترین کەسمەوە. تۆ چەندین هەوڵت دا بە چاوی خۆت ببینی.... تاد ).
دوای پەشیمانبوونەوەم لە چاپکردنی (دڵی کوردستان) قۆناغی عەمەلی تاقیکردنەوەی ئەدەبیم دەستپێکرد و لە مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٧٠دا بووم بە ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کوردو ناسنامە سپی و زەردە کاڵەکەم وەرگرت و هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە حەڤدە ساڵان. بە گوێرەی پرۆگرامی یەکیەتی دەبوو ئەندام لە سەرەوەی هەژدەساڵیدا بێت. ڕەنگە کردنەوەی لقی کەرکوك بووبێتە هۆی چاوپۆشین لەو خاڵە قانونیە. بەم حیسابەیش لە مێژووی یەکیتی نووسەرانی کوردا من بچووکترین ئەندامی یەکیەتیم. خوالێخۆشبوو شێخ ڕەئووفی خانەقا یەکەم سەرۆکی لقی کەرکوك بوو پاش ئەویش خوالێخۆشبوو شێخ عبدالعزیزی خانەقا بوو بە سەرۆك ئینجا مامۆستا عوسمان مستەفا خۆشناو.

هەر لەو کاتانەدا بوو هەردوو خوالێخۆشبووان (مامۆستا لەتیف حامید و شێخ عبدالقادری کەسنەزانی) و مامۆستا سەدرەدین عارفم ناسی. هەرسێکیان چیرۆکنووس بوون. چیرۆکەکانی لەتیف حامید لە ریزی هەرە پێشەوەی چیرۆکی نوێی ئەو سەردەمەدا بوون و بە نەمانی کەلێنێکی گەورە کەوتە جیهانی چیرۆکی نوێی کوردییەوە. کاك سەدرەدین عارفیش ئینگلیزی زان و چیرۆکنووسێکی سەرکەوتوو بوو، بەڵام بە لایەوە گرنگ نەبوو کە ئامادەبوونێکی دیار و بەردەوامی هەبێت یا نا. هەردوو شیعری (وێرانە خاك) ی ئیلیۆت و(بەلەمە سەرخۆشەکە) ی رامبۆی بە زمانی ئینگلیزی پێبەخشیم، بەڵام بۆ من قورس بوون. ماوەیەك مامۆستای زمانی ئینگلیزیم بوو، زۆریش بۆ فێربوونی ئەو زمانە جیهانیە هانی ئەدام.
کاتێ هەندێ شیعرم بۆ کاك لەتیف حامید خوێندەوە پێی وتم وامزانی هەر یەك هەڵمەتمان هەیە بەڵام کە تۆ ئەم جۆرە شیعرە دەنووسی دەبوو زووتر یەکترمان بناسیبایە. چووینەوە بۆ ماڵی کاك لەتیف لە تسعین و کتێبەکانی نیشاندام کە لە ڕاستیدا کتێبخانەیەکی بچکۆلانەو دەوڵەمەندی هەبوو. باسی کاك ئەحمەد شاکەلی بۆ کردم کە دوواتر یەکترمان ناسی. ئەویش

توانایەکی ئەدەبی گەورەی هەبوو بەڵام بە داخەوە زوو لە نووسین دوور کەوتەوە. بە بەردەوامی کتێبم لای کاك لەتیف حامید قەرز دەکرد لەوانە هەموو ژمارەکانی شعر ٦٩.

لەو رۆژانەدا کاك لەتیف هەڵمەت چووبووە بەغدا و لەوێ شاعیران کاك سەلاّح شوان و کاك جەلالی میرزا کەریم باسی منیان بۆ کردبوو. کاتێ گەڕایەوە لە کتێبخانەکەی شۆڕیجەدا یەکترمان لە نزیکەوە ناسی و هەڵمەت وەکو تەمەن لە من گەورەتر بوو. سەرەڕای ئەوەی کە تاقیکردنەوەی ئەدەبی و نوێخوازی کاملّتربوو، هەروەها شیعرەکانیشی بەهێزتربوون. لەوە بە دوواوە هەردووکمان بووینە جووتە ئاژاوەچیە ناسراوەکەی کەرکوك. یا ئەو دەهات بۆ رەحیماوا یا من دەچووم بۆ شۆڕیجە یا لە بازاڕ یەکترمان دەبینی و دەمانکردە رۆژی خۆمان. زۆر جار پارەمان نەبوو لە چێشتخانە نان بخۆین سەرو کولێرەی گەرمان دەکڕی و دەچووینە گازینۆی بابل کە شوێنی پیاوە ماقوولّەکانی شاربوو ئێمەیش نانەکەمان بە چاوە دەخوارد. پاشان بە دەنگی بەرز و حەماسەتەوە شیعرمان بۆ یەکتری دەخوێندەوەو دەوروبەرمان واقیان وڕمابوو لایان وابوو کە ئێمە شێتین. هەڵمەت قژی درێژ بوو چاکەتێکی درێژی ئەورووپایی لە بەردەکرد، شەپقەیەکی خڕ و گەورەی لەسەربوو، منیش بە زۆری وەك مۆدی رۆژگاری ئەمڕۆ قژم سفر دەتاشی و هەڵمەت پێی دەگوتم تۆ (کاژیك)یت، نیشانەی کاژیکەکان ئەوەیە سەریان سفر دەکەن، منیش بەوە ئیستیفزازم دەکرد کە بەم چاکەت و شەپقەیەوە لاسایی بۆدلێر دەکاتەوە. مشتومڕی زۆرمان دەبوو بەڵام هەرگیز دلّمان لە یەکتر نەشکاوەو بە یەکەوەیش بەرەنگاری زۆر هەڵویستی نابەجێ و منجە منج و تەعلیقاتی کۆنەپەرستان بووینەتەوە. پاشان کاك ئەنوەر شاکەلیم ناسی کە ئەو دوو ساڵ بەر لە من لە زانکۆی بەغدا وەرگیرا. سەردانیم کردو شەویش لای مامەوە. پێکەوە چووینە قاوەخانەی (ابراهیم عەرەب) کە تا بدر شاکر السیاب لە ژیاندا بوو رۆژانە لەوێ دادەنیشت. منیش و ئەنوەریش سەیابمان زۆر خۆشدەویست. من ئێستایش جار جار شیعرەکانی دەخوێنمەوە.

لەگەڵ کاك ئەنوەردا بیرمان لە چەند پرۆسەیەکی گرنگ و جیاواز دەکردەوە. زۆر باسی (صدام حسین) مان دەکرد کە ئەوسا هێشتا نائیب بوو. درکمان بەوە کردبوو ئەم پیاوە بایەخ بە منالآن و لاوان دەدات کە نیشانەی ئەوەبوو نەخشەو پلانی جەهەننەمی بۆ پاشەڕۆژ هەیە. بۆ مێژوو دەیلّێم کاك ئەنوەر وتی بڕوا بکە ئەوەی کە من و تۆ بیری لێدەکەینەوە قیادەی کوردی هەستی پێناکات. هەروەها وتی ئەگەر یەکێك هەبێت یارمەتیم بدات من ئامادەم خۆم بۆ کوشتنی تەرخان بکەم. وتم ئەگەر ئەو یەکە مەبەستت منە ئامادەم، بە هەموو قەناعەتێکەوە



لەگەڵتام. بەڵام کاکە ئەم کارە تەنیا بە من و تۆ جێبەجێناکرێت ئەگەر هێزێکی سیاسی پشتگیریمان نەکات. ئەو کاتە صدام زۆر حەزی بە خۆدەرخستن دەکرد و هێشتا نەگەیشتبووە لووتکەی دەسەڵات. هەرکەسێك بیکوشتایە سەدان کارەسات و بەڵای گەورە گەورە روویان نەئەدا.

یەکەمین لیژنەی رۆشنبیری یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك پێکهاتبوو لە (فوئادی تاهیر سادق، عەبدوڵلا سەڕاج، لەتیف هەڵمەت و من). چەند کۆڕێکی ئەدەبی سەرکەوتوومان سازکرد. ئەو کۆڕانە بایەخێکی رۆشنبیری گرنگیان لە شارەکەدا هەبوو. ئەو ماوەیە ناوی هەڵمەت و من بە زاری هەمووانەوەبوو.

چەند جارێك دوای کۆڕە ئەدەبیەکان لە لایەن کچانی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی دیاریم پێشکەش کراوە، یەکێك لەو دیاریانە کتێبەکانی نزار قبانی بوو کە قوتابیانی ئامادەیی چەمی رێزانی کچان پێشکەشیانکردم. یەکەمین بەرنامەی تەلەفیزیۆنیی یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك لە لایەن منەوە پێشکەشکرا بە هاوکاری برایان عەبدوڵلا سەڕاج و محەمەد موکری. ئەو بەرنامەیە لە سلێمانی و هەولێریشدا دەنگی دایەوە. نۆرە هاتە سەر دەرکردنی گۆڤار. کۆبوونەوەیەکی گشتیمان سازکرد بۆ هەڵبژاردنی ناوی گۆڤارەکە. دێتەوەیادم کە هەڵمەت هەر بۆ پێکەنین ناوی (شەبەیخوون) ی پێشنیازکرد. من پێمخۆشبوو کە ناوی (کەیوان) بێت و هەموو لە سەر پێشنیازەکەی عەبدوڵلا سەڕاج رێکەوتین لە سەر ئەو بنەڕەتەی سالآنێك لەوەبەر گۆڤاری شەفەق لە کەرکوك دەردەچوو با ئەمیان ناوی (گزنگ) بێت. لە لایەن رژێمەوە رێگا نەدرا لە شێوەی گۆڤاردا دەرچێت بەڵکو کرا بە نیمچە کتێبێك لە ئامادەکردنی کاك رەزا شوان. سەرەڕای ئەوەیش یەکەم ژمارە و دوا ژمارە بوو. بۆ یەکجاری قەدەغەکرا.

کە (گزنگ) چاپکرا بە بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەر بەشە ژمارەکەی شاری سلێمانی من بردم بۆ شاعیری رەحمەتی کاکەی فەللاح. تا ئەو ساتە کاك شێرکۆ بێکەسم نەدیبوو، هەواڵیم پرسی وتیان لە بەشی تەسجیلی زانکۆی سلێمانی کاردەکات. چووم لەوێ دۆزیمەوەو ئەویش زۆر بەوە دڵخۆشبوو کە سەردانیم کردووەو ئەو شەوە لە ماڵی خۆیاندا میوانداری کردم. ئێوارەکەی چووین بۆ نادی. وا بزانم کۆبوونەوەیەکیان هەبوو لەگەڵ عەبدولئیلاە موسا بەڕێوەبەری ئیزگەی کوردی کە سەردانی شاری سلێمانی کردبوو بۆ پەیوەندیکردن بە رووناکبیرانەوە دەربارەی پێشخستنی بەرنامەکانی ئیزگەی کوردی لە بەغدا. ئەوانەی لەو دانیشتنەدا

ئامادەبوون و دێنەوە یادم بێجگە لە کاك شێرکۆ، شاعیری رەحمەتی مامۆستا ئەحمەد هەردی، مامۆستا ع. ع. شەونم،مامۆستا مستەفا سالّح کەریم و چیرۆکنووس رەئووف بێگەرد و چیرۆکنووس کەمال رەئووف محەمەد و چەند کەسێکیتر بوون. یەکەمجاریشم بوو لە ژیانمدا ئەو شەوە بتلّە بیرەیەکم خواردەوە.
بە دەم رێگای گەڕانەوە بۆ مالّەوەی کاك شێرکۆ شیعرێکی بلاّونەکراوەی رەحمەتی بێکەسی باوکی بۆم خوێندەوە کە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نەبوو پاشان نووسیمەوە ئەگەر بە هەلّەدا نەچووبم بەم جۆرە بوو :

ئەگەر ئەم دینە دینی عەرەب بێ
یەعنی خالی لە زەوق و ئەدەب بێ
حاشا سەد حاشا من قەت نامەوێ
با جێگام جێگای ئەبی لەهەب بێ

بۆ من لەو تەمەنەدا ناسینی کاك شێرکۆ بایەخێکی گرنگی هەبوو، بە تایبەتی کە پێی وتم شیعرەکانمی خوێندۆتەوەو بە دلّین. وتی ئەگەر هاتم بۆ کەرکوك حەزدەکەم چاوم بە تۆیش و هەردوو لەتیف بکەوێت. ئەو هەستەم لە کاك شێرکۆ خۆیشی نەشاردەوەو لە وەلاّمدا وتی : (بڕوا بکە منیش هەمان هەست دایگرتووم کە لە سەرەتادا و لە نزیکەوە ئاشنایەتیم لەگەلّ مامۆستا هەردی دا پەیداکردووە).

وردە وردە لە کەرکوکدا بازنەی پەیوەندیەکانم فراوانتر دەبوون و لە رێگای خوالێخۆشبوو عبدالعزیز خانەقاوە چیرۆکنووس جەلیل قەیسیم ناسی و زوو زوو سەردانیم دەکرد لە نووسینگەکەی خۆیدا. دواتریش ناو بە ناو لە بارێکدا پێکەوە دادەنیشتین و بیرەی ساردمان دەخواردەوە و قسەی خۆشمان دەکرد. چونکە ماوەیەکی درێژ بوو وازی لە جگەرە کێشان هێنابوو پاکەتەکەی منی هەلّدەگرت و تێر تێر فلتەرەکانی هەلّدەمژی و دەیگوت : ئای کە بۆنی جگەرە خۆشە. سوودێکی زۆری پێگەیاندووم دەربارەی تاقیکردنەوەکانی خۆی لە ژیاندا و سەفەرکردنی بۆ ئەمریکا و یادەوەریەکانی لەگەلّ جماعە کرکوك دا و خوێندنەوەکانی. رێز و خۆشەویستیەکی تایبەتی هەبوو بۆ سەرگۆن پۆلس و محێدین زەنگەنە. تا رادەیەکیش باسی موعاناتی سەرگۆنی بۆ کردووم کە لە شەستەکانەوە لە ئەمریکا دەژیت. جەلیل قەیسی



خۆیشی ئەو کاتە چووە ئەمریکا و نیازی وابوو ببێت بە ئەکتەرێکی سینەمایی بەلاّم بۆی نەلواو گەڕایەوە.

جار جاریش کاك رەزا شوانم دەبینی و دوو سێ چاوپێکەوتنی لەگەلّ هەلّمەت و مندا بۆ هاوکاری سازکرد کە بۆ ئەو سەردەمە بایەخی ئەدەبی خۆیان هەبوو. بە بێ دوو دلّی من و هەلّمەت دەورێکی زۆر گرنگمان هەبوو لە بوژاندنەوە و پەرەپێدانی ئەدەبی لە شاری کەرکوکدا چ لە رێگای کۆڕە ئەدەبیەکانەوە یا ئەو ئەلّقە رۆشنبیریانەی لە ناو خەلّکیدا سازمان دەکرد و خوێنەرانمان هاندەدا بۆ کڕین و خوێندنەوەی کتێبی باش و نوێ. جاری وا هەبوو لە کتێبخانەکەی شۆریجە قسەمان دەکرد بە جۆرێك پڕ دەبوو جێگای خەلّکەکە نەدەبووەوە و لە بەر دەرگاوە گوێیان بۆ رادەگرتین.

هەر لە سالاّنی حەفتاکاندا کاك حەسەن جافم ناسی و پەیوەندیەکی توندوتۆلّ لە نێوانماندا دروست بوو. کاك حەسەن کوردانەو نەتەوەییانە بیری دەکردەوە. لەو رووەوە بۆچوونی هاوبەشمان هەبوو. هەمیشە قسەی هەق و راستی دەکرد. بە دەم پیاسەوە لە ئازادیەوە دەچووین بۆ عەرەفە و هەر بە پیاسەیش دەگەڕاینەوە. ئەو رۆژانە دلّی خۆمان بۆ یەکتری دەکردەوە و باسی هەموو شتێکمان لەگەلّ یەکتریدا دەکرد. لە یەکێك لە ژمارەکانی ئەو سەردەمەی هاوکاری کاك رەزا شوان چاوپێکەوتنێکی لەگەلّ هەردووکماندا سازکرد. بە هۆی ئەویشەوە کاك ئەحمەد سەلامم ناسی کە مالّی باوکی دراوسێی خۆمان بوون و هاتوچۆ لە نێوانماندا هەبوو. کاك ئەحمەد لە کۆنگرەیەکی یەکیەتی نووسەرانی کوردا لە بەغدا بۆ دەستەی بەڕێوەبەری مەلّبەندی گشتی کاندیدی کردم بەلاّم دەنگی تەواوم نەهێنا.

ماوەیەکیش من و کاك عەبدوللاّ سەراج مالّمان لە رەحیماوا بوو تا رادەیەك رۆژانە یەکترمان دەبینی و زۆربەی کتێبەکانی کۆلن ویلسۆنمان پێکەوە موناقەشە کردووە. کاك عەبدوللاّ بە تەمەن زۆر لە ئێمە گەورەتر بوو، بەلاّم بۆ مەسەلەی نوێخوازیەکە پشتگیری لێدەکردین و خۆی بە یەکێك لە ئێمە دەزانی. سەرەڕای ئەدەب بەهرەی هونەریشی هەبوو. کۆمەلّێ تابلۆی جوانی هەیە و چەند جارێکیش پیشانگای تایبەتی کردۆتەوە. لە رێگای کاك عەبدوللاّوە ئاشنایەتیم لەگەلّ کاك عەباس عەسکەردا پەیداکرد و زوو زوو یەکترمان دەبینی و موناقەشەی ئەدەبیی

گەرموگوڕمان دەکرد. هەروەها سەردانی شاعیر کاك عوسمان مستەفا خۆشناوم دەکرد کە ئەوسا بەڕێوەبەری چاپخانەی شارەوانی کەرکوك بوو. هەر خۆیشی سەرپەرشتی بڵاوکراوەیەکی دەوری چاپخانەکەی دەکردو دێتەوە بیرم دوو سێ جار بە عەرەبی نووسینم تیادا بڵاوکردۆتەوە. ئەو سەردەمە کەم تا زۆر پەیوەندیم بە هەموو نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی شاری کەرکوکەوە هەبووە. لەگەڵ زۆربەیاندا یادگار و بیرەوەری خۆش و ناخۆشم هەیە و ڕۆژانە لە بارەگای یەکیەتی نووسەران کۆدەبووینەوە.

وەکو هەڵویستی ئەدەبی کەوتبوومە نێوان چەند تەوژمێکەوە. تەوژمی روانگە، تەوژمی لەتیف هەڵمەت و گروپی کفری، تەوژمی لەتیف حامید. لەوسەریشەوە جەلیل قەیسی هانی دەدام بێجگە لە خودی خۆم ڕێگا نەدەم بکەومە ژێر کاریگەری هیچ کەس و ڕێبازێکی ترەوە. چەندجارێك قسەکەی سارتەری دووپاتدەکردەوە کە (تەنیا مرۆڤە زاتیەکان دەتوانن رووباری ژیانی خۆیان قووڵتر بکەن). بەردەوام ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە بایەخ بە خوێندنەوە بدەم و بە دیققەت و وریا بم لە هەڵبژاردنی ئەو کتێبانەی دەیانخوێنمەوە. هەمیشە دەیووت (گرنگ نییە چەند دەخوێنینەوە بەڵکو چی دەخوێنینەوە ئەوەیان گرنگە). کاتی خۆی هەندێ چیرۆکیم کردووە بە کوردی. کە هەواڵی مردنیم پێگەیشت زۆر کاری تێکردم. بە کورتە نووسینێکی عەرەبی کە لە ڕۆژنامەی الإتحاد بڵاوکرایەوە بە پەلە هەستی خۆم دەربڕی. بە راستی ئەم خەونە کورتە تێکەڵ و پێکەڵەی بە ژیان ناو دەبرێت بێجگە لە بێهوودەیی و پڕوپووچی هیچ واتایەکی گەورەتری نییە. ئاخر ژیانێك بۆ جەلیل قەیسی و سەدان و هەزارانی تری وەکو ئەو نەمێنێت دەبێ چی بێت و کام ژیر و هۆشیار دڵی پێ خۆشبێت. من کاتێ مەرگی داهێنەرێکی گەورە دەکەوێتە بەرگوێم خۆزگە بەوانە دەخوازم سێ بە سێ جیهانی عەقڵیان تەلاّقداوەو لە دەرەوەی چڕنووکە تیژەکانی کات و شوێن و هۆش و عەقڵدا ژیان بە سەردەبەن. ئەم دونیایە هەرچی شتێکیتر بێت بەڵام عەقڵ نییە. عەقڵ دەرەقەتی پرسیارەکان و نهێنیەکان نایەت و مرۆڤ ناچار دەکات بکەوێتە ژێر مەرحەمەتی قایلبوون بە چارەنووس و ڕێکەوت و خۆگونجاندنەوە. هەموو زاراوەو موفرەداتە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفیەکان مرۆڤ خۆی دایتاشیون بۆ لاواندنەوەی خودی خۆی کە هیچ سوودێکیان نییە لەخۆخەڵەتاندن زیاتر. مرۆڤ بەر لە لەدایکبوونی بە مردن حوکم دراوەو بۆ ئەوەی بمرێت پێویستە لە سەری چەند ساڵێك یا چەند ساتێك بژیت کە لە ئەنجامدا هەردووکیانیش واتە ساڵێك و ساتێك وەکو یەك وان.



جەلیل قەیسی یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی زیرەکانە و هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ کابوسی مەرگدا کردووە  کەچی خۆیشی مرد. هەندێجار ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکیم وەك پێناسەیەك بۆ ژیان دێتە بەرچاو (حیلەحیلی هاتوچۆکەران بە دەورەی جیهاندا کە بە عەرەبی صهیل المارة حول العالم) بوو.

پەیوەندیم لهگەڵ روانگەدا بەردەوامبوو بە تایبەتی بە کاك سەلاّح شوانەوە کە هەرچەندە خۆی بانگەوازەکەی روانگەی ئیمزا نەکردبوو بەڵام لە هەموویان دەوری کاریگەرتر بوو لە بڵاوبوونەوەی روانگەدا. نووسەرانی روانگە منیان بە نوێنەری خۆیان دەزانی لە کەرکوکدا. منیش ئەوەی لە توانامدا بوو درێغیم لێ نەدەکرد نەك تەنیا بۆ روانگە بەڵکو بۆ هەموو هەوڵێکی نوێخواز. بە باوەڕێکی قووڵەوە نوێخواز و یاخی بووم. لەگەڵ کاك لەتیف هەڵمەتیشدا پرۆژەی دووقۆڵی هاوبەشی جۆربەجۆرمان هەبوو. نیازمان وابوو بە دەسخەت گۆڤارێك دەرکەین و هەڵمەت وتی ناوی لێدەنێین (دەریاو جۆگەلەکانی تریش) بەڵام کارەکە لە سەرەوەی تواناو خەیاڵی ئێمەدابوو. مامۆستا لەتیف حامید بە هاوکاری دوو کەسی تر کە ئەوانیش مامۆستا فەرەیدون و شەهید مامۆستا (وەسفی) بوون بیریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی دینی دەکردەوەو رەنگە دەیان جار لە ماڵی کاك لەتیف حامید موناقەشەی ئەو مەسەلەیەمان کردبێت. تا رادەیەك کەوتبوومە ژێر کاریگەری هەندێ بۆچوونی تازەیان لە بارەی تەفسیرکردنی چەند ئایەتێکی قورئانەوە بەڵام بە دەستی خۆم نەبوو هەرچەندە کاك لەتیفم خۆشدەویست و ڕێزم دەگرت و زۆریش مەبەستی بوو کاریان لەگەڵدا بکەم، جۆرە قەناعەتێکی وام لا دروست نەبوو. جارێکیان لەگەڵ مامۆستا فەرەیدوندا هاتنە ماڵی خۆمان لە رەحیماوا چونکە باوکم نەخۆش بوو. کاك فەرەیدون شارەزاییەکی باشی هەبوو لە بواری پزیشکیدا و دەیووت هەموو نەخۆشیەك لە قورئاندا چارەسەری بۆ دیاریکراوە و گفتی دا ئەوەی لە توانایدایە بیخاتە کار بەڵام باوکم کۆچی دوواییکرد. کاك لەتیفیش تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی چاو هاتبوو. خۆی ئامادەکردبوو بۆ چارەسەر بچێت بۆ لەندەن. هێشتا لە ئوتێلێکی بەغدا بوو کاك فەرەیدون سەردانی کردووەو گەرەنتی پێداوە بە هێزی قورئان چاوی چاك دەکاتەوە. ئەویش ناچێت بۆ لەندەن و دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوك. فیعلەن چاوی چاك بووەوە و رەحمەتی خۆی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاومەتەوە لەگەڵ زۆر شتی تردا. بە حوکمی ئەوەی کاك لەتیف هەڵمەت ئامۆزای رەحمەتیە و خێزانەکەیشی خوشکی ئەو بوو دێتەوە یادی ئەو ماوەیە

بە بەردەوامی هات و چۆم کردووەو باسیش بە زۆری بابەتی دین بوو. بە پێچەوانەی منەوە کاك هەڵمەت کە خۆی لە بنەماڵەی شێخەکان بوو باوەڕێکی دینی هەر هەبووە. بەڵام لە ئەنجامی پەیدابوونی ئەم بزووتنەوەیە قەناعەتە دینیەکەی زۆر قووڵتر و فراوانتر بوو. دیوانێکی شیعری بە ناونیشانی (ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی تر) لەو بارەیەوە بلاوکردەوە کە بە ئاشکرا ژینگەیەکی دینی و بە چڕی کۆمەڵێ رەمزو ناوی ئیسلامی پێوە دیارە. پاشتر ئەویش بەو قووڵیە بەردەوامی نەدا بە پرۆسە دینیەکە. ئەوەندەی کە من لە نزیکەوە هەڵمەتم ناسیوە مرۆڤێکی پاك و راستگۆ و دوورەپەرێز بووە لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان و هەر خەریکی شیعر بووە لەو رووەشەوە هەمیشە بیروڕای هاوبەش و جیاوازمان هەبووە.

زانیاریەکی زۆرم لایە دەربارەی ئەو گرووپە دینیە و مەگەر لە کتێبێکی تایبەتیدا هەقی خۆی بدەمێ. مونەزیرەکەیان مامۆستا فەرەیدون بوو ئەوسا لەگەڵ سارتەردا پەیوەندی نامە گۆڕینەوەی هەبوو. دەربارەی کتێبەکەی سارتەر (تیۆریی هەڵچوون) پرسیارێکی ئاراستەی سارتەر کردبوو کە وەڵامی دابووەوە ئەویش لەو بارەیەوە هیچ نازانێت سوپاسی کاك فەرەیدونی کردبوو ئەگەر شتێکی پێیە ئاگاداری بکاتەوە. لە دوای هەرەسەکەی ١٩٧٥ وە کاك فەرەیدون لە ئەمریکا دەژی و هەواڵی نازانم. لەتیف حامید دووبارە نەخۆش کەوتەوەو بە داخەوە ئەمجارەیان هەر بەو نەخۆشیە وەفاتیکرد. لە دیوانەکەمدا شیعرێکم پێشکەشکردووە بە ناونیشانی (داری زەنگیانە) کە بە وشەی (چاو) دەستپێدەکات و ئاماژەیە بۆ نەخۆشیەکەی. شیعرەکە لە لایەن برای شاعیرم کاك ئەنوەر جافەوە کراوە بە عەرەبی و لە گۆڤاری ئەوسای ئافاق عربیه دا بلاوکراوەتەوە. ئەو کاتە من قوتابی زانکۆ بووم و چەند رۆژێك بەر لە کۆچی دوایی بۆ دواجار سەردانیم کرد.

لەو ماوەیەدا ژمارە هەشتی گۆڤاری بەیان بۆ شیعر تەرخانکراو منیش بە شیعری گەشت و پێناسین بەشداریم کردبوو کە بە دڵی زۆر کەسبوو تەنانەت بە لای کاك هەڵمەتەوە جوانترین شیعری ئەو ژمارە تایبەتیەبوو.

پێشتر ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە لیژنەی رۆشنبیری لقی کەرکوکی یەکیتی نووسەران پێکهاتبوو لە فوئاد تاهیر سادق، عەبدوڵڵا سەراج، لەتیف هەڵمەت و من. بە هۆی ئەوەی کاك فوئاد



ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بوو کلیلی بارەگاکە لای ئەوبوو. زۆر جار دوا دەکەوت یان نەدەهات بۆ کۆبوونەوە و ئێمەیش ناچاربووین لە بەردەرگای بارەگاکە چاوەڕێمان دەکرد تا لە رۆژی دووی دووی نۆسەدو حەفتاو دوودا هەرسێکمان بڕیارماندا تابلۆکەی یەکیەتی داگرینە خوارەوەو بردمان لە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کەرکوك دامانا (ئەوسا کاك جەمیل جێماو سەرۆکی کۆمەڵە بوو) تا لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەردا کێشەی بەردەوام داخستنی یەکیەتی چارەسەر دەکەین. ئەو هەڵویستەمان لە هەموو کوردستاندا دەنگی دایەوەو رەنگە لە نووسینێکی تایبەتیدا باس لە وردەکاریەکانی بکەم. پێشنیازەکەیش یەکەمجار لەتیف هەڵمەت کردی ئێمەیش بە کردەوە پشتگیریمان کرد. تەنانەت کە کاك عەبدوڵڵا سەراجیش کشایەوە هەڵمەت و من بەردەوامبووین لە سەر داخوازیەکانمان. بە داخەوە لە بارەگای وشەدا غەدریان لە هەڵمەتی داهێنەری وشە و نوێنەری وشەکرد.

هەر لە ساڵی نۆسەدو حەفتاو دوودا یەکەم مەهرەجانی شیعری کوردی لە شاری کەرکوکدا بەسترا و ناوی هەڵمەت لە لیستی ئەو شاعیرانە لادرابوو کە بڕیار بوو شیعر بخوێننەوە. لەوە دەترسان کە ئاژاوە بنێتەوە بەڵام ناوی منیان هێشتبووەوە. هەڵویستی خۆم خستە پاڵ هەڵمەت و بە لیژنەکەم راگەیاند ئەگەر رێگای هەڵمەت نەدرێت منیش شیعر ناخوێنمەوە. ئەوەبوو ناوی منیش لابرا و کاك عەبدوڵڵا سەراج خرایە شوێنەکەی من و شیعرێکی خوێندەوە.
لە کۆڕەکەی نەقابەی مامۆستایان هەڵمەت ئاژاوەیەکی گەورەی نایەوە، منیش بە هەموو توانایەکەوە پشتگیریم لێکرد. لە ئەنجامدا هەردووکمان لە لایەن ئەمنی کەرکوکەوە گیراین بەڵام بە بڕیاری رەحمەتی ساڵح یووسفی کە نوێنەری أحمد حسن البکر بوو لە مەهرەجانەکەدا ئازاد کراین.

لە ساڵی ١٩٧٣ دا کە چوومە زانکۆی بەغدا بێجگە لە برادەری شاعیر و نووسەر زادەی خۆشنووس یەکێك بوو لە هاورێ هەرە نزیکەکانم. وردو درشتی ژیانی تایبەتی خۆمان بۆ یەکتری باسدەکردو تەنانەت جارێك لە ئەمنی عامە گیرام و شەوێکیش لەوێ مامەوە. بۆ بەیانی بە کەفالەت ئازادکرام و زادە بە بێ هیچ دوودڵیەك بوو بە کەفیلم. تا سەر ئێسقان مرۆڤێکی ورد و بە تەنزیم بوو، تەنانەت لە خواردنەوەشدا لە نیو چارەك زیاتری نەدەخواردەوە. منیش بەپێچەوانەی ئەوەوە حیسابم بۆ زۆر شت نەدەکردو زۆریشم دەخواردەوە. هەفتەی دوو سێ

جار پێکەوە دادەنیشتین و هەرگیز رۆژێ لە رۆژان گرفتێك نەکەوتە نێوانمـان. ئێسـتایش یـادی دۆستایەتی برایانەی پاك بێگەردی دەکەمەوە.

وەك بە شێوەیەکی رەمزی پێشەکیە کورتەکەی کتێبی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە) دا ئاماژەم بۆ کردووە کە کتێبەکەیش لە رۆژانی هێز و دەسەلاتی رژێمدابلاوکراوەتەوە.

چەندجارێك هەولّی چاپکردنی شیعرەکانم داوە بەلام لە رەقابـە دەرنەدەچـوون. تـا لـە سـالّی ١٩٨٦دا کە بۆ خۆشبەختی کتێبەکـە کـەوتبووە بـەر دەسـت مامۆسـتا عبـدالرزاق بیمـار و ئاگاداری کردمەوە کە رەزامەندی خۆی نیشانداوە. ئەگەر نەدرێتەوە بـە یـەکێکیتر لـە رەقابـە دەردەچێت.

دیوانەکەم وەرگرتەوەو بردم بۆ ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری لە هەولێر و لەوێ کاك نازم دلّبەنـد ئەرکی چاپکردنی گرتە ئەستۆ کە دەبوو پاداشتەکەی بدەم بەو بەلام ئەو گیرا و پاشان خۆمیش بە فیراری و بە ئیجازەی تەزویرەوە چووم بۆ چاپخانەکە و چەند ژمارەیەکم لێ وەرگرتن بیبەم بۆ ئەمانەتی رۆشنبیری. لەوێ پارەکەم وەرگرت و هەر دوو رۆژ دوای ئـەوە واتـە لەشـەوی سـەری سالّی ١٩٨٩دا بە هۆی فیراری و مەستی و شپرزەیی باری دەروونیمەوە بە دەستی خۆم ئاگرم لە مالّی خۆم بەردا. ئەو رۆژە کە لە هەولێر گەڕامەوە خواردبوومەوە تا رادەیەك سەرم گەرم بوو.

لەو ساتە ناخۆشەیشدا تەنها بووم. شەوەکەی لەگەلّ کاك عبدالرحمان مسـتەفادا چـووین بـۆ نادی (حقوقیین). چەند بیرەیەکمان خواردەوەو پاشان من عەلاگەیەکی سەفەریم لەگەلّ خۆمـدا بردەوە. خێزانەکەم لەگەلّ مندالّەکاندا چـووبوونە مـالّی دایکـی کـە دوو سـەد مـەترێك لـە خۆمانەوە دوور بوون. فیرار بووم، مەست بووم، مەترسی گیران و گوللـەباران کـردن هەڕەشـەی لێدەکردم. تەنها خۆمیش بەو شەوی سەری سالّە لە مالّەوە بووم و تەواو نیگەران بـووم. دەوری سەعات چواری بەیانی چووم ئاگادارم کردنەوە کە ئەگەر نەیەنەوە بۆ مالّ داویەتی لە کەللـەم مالّەکە بسووتێنم. بۆ نەگبەتی چونکە خواردبوومەوە کەس قسەکەمی بە هەنـد وەرنـەگرت و کەسیش بە دەنگمەوە نەهات. درێژەی پێنادەم و کارەساتەکە قەوما. مالّسـووتانەکە ئەوەنـدەیتر فیراریەکەی خەتەرناکترو سەختتر کرد. پاشان بیستم وێنەم درابووە سەیتەرەکان بەلام مـن بـەو تاریك و روونەی یەکەمین رۆژی سالّی تازەی ١٩٨٩ چووم بۆ هەولێر ئـەویش بـە ئیجازەیـەکی تەزویر کە هاوڕێیەکی حقوقی دلّسۆز و کوردپەروەر (کاك ئازاد حەمە سەعید) کە ئەوسا لـە دایرە قانونی فەیلەقی یەك سەرباز بوو، بۆی هێنابووم. جار جار باسی کاك جـەمال غـەمباری شاعیری بۆ دەکردم کە وا بزانم و بە هەلّەدا نەچووبم پێکەوە سەرباز بوون. لەو کاتـە ناسـکەدا



ئەو ئیجازەیە رۆحی منی کڕیەوە ئەگینا ئەگەر دەکەوتمە بەردەسـتیان بـە گـوێرەی شـەریعەتە خوێناویەکەی بەعس هەر بە قەد خانووە سووتاوەکەوە رەمی دەکرام. ئەو دەمە کار بە بڕیارێـك دەکرا بەم جۆرەبوو (ئەگەر سەربازێکی هەلّاتوو لە ماوەی هەلّاتنەکەیدا کەتنێکی لـە دەسـت بقەومێت بە بێ دادگایی کردن لە شـوێنی رووداوەکـەدا گوللـەباران دەکرێـت). لـە تێکـڕای شارەکانی عیراقدا لیژنەیەکی حزبی بالّا پێکهێنرابوو بۆ جێبەجێکردنی. بە سەدان کەس بوونە قۆچی قوربانی ئەو بڕیارە و لـە بـازاڕ و کۆلّانەکانـدا بـێ دادگـاییکردن رەمیکـران و پـارەی فیشەکەکانیش لە کەسوکاریان وەرگیراوەتەوە. ئەو کاتە سەردەمی فڕوفێلّ و کاغەزی سـاختەو درۆ و تەمسیلکردن و شاردنەوەی هەموو راستیەك بوو تەنیا بۆ ئەوەی بژیت. بێگومـان نـەوەی ئەو سەردەمە تووشی کۆمەلّێ گرێ کوێرەو نەخۆشی دەروونی هاتوون بـەلام بـە سـەر خۆیـان نەهێناوە. کۆمەلّگەی عیراقی بە گشتی کە کوردیش دەگرێتەوە تووشی ئەو نەخۆشیە دەروونیە هاتبوون و لای هەر کەسێك بە جۆرێك و لە ئاستێکی دیاریکراودا رەنگی دابووەوە و ئـەنجامی قورسی ئەو کاریگەریە تا یەك دوو نەوەی تری دوای خۆیان هەر دەمێنێت.

کە گەیشتمە هـەولێر تـازە خـۆر هـەلّاتبوو. ماوەیـەك بـوو دەفتـەر خیدمەیـەکی تـەزویرم پەیداکردبوو بە ناوێکی ترەوە چوومە ئوتێل. لـە رێگـای چیرۆکنووسـی ناسـراو کـاك حسـێن عارفەوە پەیوەندیم بە هاوڕێی شاعیرم کاك قوبادی جەلیزادەوە کرد کە بـە سـەیارەکەی خـۆی هات بە شوێنمدا. هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە کاتـێ داوام لێکـرد بمگەیەنێتـە قـەلّادزە بـەلّکو لەوێوە چارەیەك بدۆزمەوەو بتوانم بگەمە ئێران وتی (من موغامەرەی وام نەکردووە بـەلام خـۆ لە تۆ زیاتر نیم) ئەوەبوو لە رۆژی ١١ / ٠١ / ١٩٨٩ دا تا قەلّادزە بردمی. لەوێ سەرو قابێ شێلمی کولّاومان خـوارد و لـە یـەکتر جیابووینـەوە. کـاك قوبـاد شـیعرێکی دەربـارەی ئـەم بەسەرهاتە نووسیوە و بلاوکردۆتەوە بەلام خۆم نەمخوێندۆتەوە. ئەو ئازایـەتی و دلّسـۆزییەم لـە یادناچێتەوە کە بە هۆی منەوە خۆی خستە مەترسیەکی گەورەوە.

لە نامەیەکدا کە بەرواری ٦ ی ٢ ی ٢٠٠٢ ی پێوەیە کاك قوبـاد خـۆی شـاعیرانە بـاس لـەو گەشتە خەتەرناکە دەکات :

**هاوڕێم کاکە سەلام**

هەرگیز ئەو سەفەرە ناوەخت و پڕ مەترسیەم لە بیر ناچێت کە لە هەولێرەوە رووەو قەڵادزێ کردمان. پێم سەیرە ئەو دەمە چۆن دەستەمۆی شێتایەتیەکەی تۆ بووم. تا ئەو کاتەی لە قەڵادزێ لە بەردەم شێلم فرۆشەکە دابەزین دڵم لە نێو دەستما بوو. دەترسام و پێموابوو هەردووکمان بە نێو کێڵگەی میندا رەتدەبین.

## کاکە سەلام

هەنووکەش سیمای ئەو بەفرە ئەستوورەم لە بەرچاوە کە گەمارۆی قەڵادزێی دابوو. ئێستاش ئەو هەڵم و هاڵاوە گەرمەم لە بیرناچێت کە لە مەنجەڵە گەرم و ئاگرینی شێلمەکەوە بەرز دەبۆوە و تێکەڵ بە هەناسەی هەردووکمان دەبوو. جیاوازی من و تۆ لەو ماراسۆنە دووکەسیە لەوەدابوو کە تۆ لە ترسی زڕەی زنجیری زیندانە کوێرەکان راتدەکرد و منیش دەرگا ئاسنینەکانی زیندانم دەکوتا تا لێوەی بچمە ژوورەوە. ئەو قسانە بۆ ئەوە ناکەم کە خودا نەخواستە منەتێکتان لە سەر بکەم، یان بمەوێ چاکەیەکتان بە چاودا بدەمەوە. نا... تکایە نا چونکە بە لای منەوە نە منەتە و نە چاکە بە قەد ئەوەی سەفەرێکی ناوەختی دوو شاعیری شێت بووە.

لە گەڕانەوەمدا کە لە یەکەم بازگەی قەڵادزێ ـ رانیە دەربازبووم، لە خۆشیاندا ئەوەندەم گۆرانی گوت تا دەنگم نووسا. پێموابوو لە لێوارەکانی مەرگەوە گەڕاومەتەوە ناو مێرگەکانی پێکەنین. جارجارەش ئەوەندە دڵم توند دەبوو دەتگوت تورەگەیەك بزمارە. بیرم لە چارەنووسی تۆ دەکردەوە. چارەنووسی شاعیرێکی ناسراو و گڕتێبەربوو.

هەرچۆنێك بێت ئەم سەفەرە بوو بە قەسیدەیەکی جوان و لە یەکێك لە ژمارەکانی بەیان بڵاوم کردەوە کە بە داخەوە چەند بە دوایدا گەڕام نەمدیتەوە تا لەم کۆمەڵە شیعرەی بەردەستما چاپی بکەم و بڵاوی بکەمەوە.

لە قوڵایی دڵەوە چاوەڕێی گەڕانەوەت دەکەین هەرچەندە سەلامەکەی جاران نیت... ناخۆیتەوە... ئەوە گرنگ نییە، بە لای منەوە گرنگ ئەوەیە کە واز لە نووسین نەهێنیت چونکە بە راستی شاعیرێکی لێهاتوویت و بەم دوورەپەرێزیەشت زیان بە شیعر دەگات).



لە قەڵادزە نەمتوانی بگەمە ئێران. بە هۆی کارەساتەکانی ئەنفالەوە دێهات نەمابوون و زستانی ساڵی ١٩٨٩ بەفرێکی زۆر کەوتبوو کەس نەیدەتوانی بە بە قاچاغ لە سنوور بەرەو ئێران بپەڕێتەوە. خەڵك هەبوو لە سنووری تورکیاوە ئەو زستانە سەختە لە ناو بەفردا رەق هەڵاتبوو. هیچ ئەڵتەرناتیڤێکم بۆ ژیانم نەبوو. وتم دەچمە سلێمانی بەڵکو خێرەومەندێك لەوێ پەنجەریەکم بە روودا بکاتەوە. بە یارمەتی کاك رەئووفی برای شاعیر کاك رەفیق سابیر کە لە خەستەخانەکەی قەڵادزە کاری دەکرد وەرەقەیەکی رەسمی بە ناوی خەستەخانەکەوە بۆم چاپکرد بە مۆرکراوی کە تیایدا نووسرابوو تووشی نەخۆشی ریخۆڵکە کوێرە هاتووم و دەبێ بە زووترین کات لە خەستخانەی سلێمانیدا نەشتەرگەریم بۆ بکرێت. هەرگیز پیاوەتی ئەویشم لە بیر ناچێتەوە. لە راستیشدا چونکە ئەجەلم نەهاتبوو هەمیشە مرۆڤێکی خێرخوازو بە ویژدانی وەکو خدری زیندەم بۆ هەڵکەوتووە، وەك چۆن دەست بە روومیشەوە نراوە و پشتیان لێکردووم و بە قەولی ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە ئاوڕیشیان لێ نەداومەتەوە. ئەم دونیایە بەشی خۆی هەموو کاتێك هەستی جوان و رەوشتی بەرز و ویژدانی زیندووی تیادا هەبووە و هەیە وەك چۆن پڕیشە لە خۆپەرست و بەرژەوەندی پەرست و فس فس پاڵەوان و فشەکەر و مەکرباز. ئەو جوانیەی لە ویژدانی جوان و رەوشتی جواندا دەیبینم وام لێدەکات بە خۆمدا بچمەوەو ئەگەر لە توانامدا بێت بگەڕێمەوە بۆ جیهانی ئەدەب بە گشتی وشیعر بە تایبەتی. بڕوا بکە زۆرن ئەوانەی کە وێنەیەکی هەڵە و ناتەوایان دەربارەی من لادروستبووە. ئەوەیش پەیوەندی بە خواردنەوەو مەستی ئەو کاتەوە هەبووەو دڵی هاوڕێیانم یەشاندووە. تەنانەت کە لە عیراقیشدا بووم کۆمەڵێك شاعیر و نووسەری کورد بۆ مەهرەجانەکانی مەربەد دەعوەت دەکران بەڵام من تەنیا یەکجاریش بۆ مەربەد بانگ نەکرام نەبادا ئاژاوە بنێمەوەو بیکەمە مەهرەجانی تایبەتی خۆم.

برادەران ئەیانووت کاك مەحموود زامدار لە هەمووومان زیاتر دەخواتەوە بەڵام کە تۆ پەیدادەبیت سڵدەکاتەوەو دەڵێت ئەوە سەرخۆشەکە هات. ئیتر دەوری من تەواو. ئاخر کاك مەحمود زامدار و بە یەکێکی تر بڵێ (لە خواردنەوەدا ئیستۆپی نییە) تا رادەیەك سەیر بوو چونکە ئەو رۆژگارە کەس لەو زیاتری نەدەخواردەوە. بەڵام کاتێ من و زامدار بە تەنیا هەردووکمان پێکەوە دەمانخواردەوە موو نەدەکەوتە نێوانمان. دێتەوە یادم لە حەفتاکاندا پێش

نیوەڕۆیەك پێکەوە چووینە باڕی (سواح) لە شەقامی سەعدونی بەغدا تا نزیکەی مەغریب بە هەردووکمان بیست و دوو بیرەی فەریدەمان خواردەوە. پاشان تەکسیەکمان گرت بۆ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی کە کۆڕێکی ئەدەبی هەبوو. لە بەر ئەوەی کردمانە ئاژاوە بە بڕیاری ڕەحمەتی شێخ ستار چووینە دەرەوەو جارێکیتریش گەڕاینەوە بۆ مەیخانە. ئەو دەمە ئەگەر شیعرێکی جوان بۆ زامدار بخوێنرایەتەوە دەیگوت مەستیی مەشرووبەکە بەرم دەدات، بەڵام تا نەچمە ماڵەوەو دوشێکی سارد ساردی بۆ نەکەم مەستیی شیعرەکە بەرم نادات. (کاکە ئەوە شیعر نییە قیامەت و فەزاعەتە. ئای لەو قیامەت و فەزاعەتە) سەرەڕای ئەوەی کە هەردووکمان لەگەڵ خواردنەوەدا گرفتمان هەبوو دەیان جاریش پێکەوە دوو بە دوو ئەمانخواردەوە بە بێ ئەوەی هیچ روو بدات.

ئەو کاتە لەگەڵ کاك سەلاح شواندا بەرنامەیەکی ئەدەبیمان هەبوو لە ئیزگەی کوردی لە بەغدا کە پێکەوە ئامادە و پێشکەشمان دەکرد بە ناوی (کاروانی ڕۆشنبیری). دەورێکی باشی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری نوێخوازی و نووسەرانی کورد بە پەرۆشەوە هەفتانە چاوەڕێیان دەکرد. پاش ماوەیەك کاك سەلاح شوان لە بەرنامەکە دەستی هەڵگرت و کاك محەمەد موکری هاتە جێگای. دوای چەند ئەڵقەیەك منیش وازم هێنا و بە تەنیا کاك موکری پێشکەشی دەکرد.

بە هۆی خواردنەوە و مەستیەوە گەلێ هاوڕێی (چاك و خراپ) م لێ دوور کەوتنەوە. ئازارێکی زۆرم بە دەوروبەرەکەم گەیاند. تەنانەت وەك ئاماژەم بۆ کرد بە دەستی خۆم ئاگرم لە ماڵی خۆم بەردا. بێگومان کارێکی تا بڵێی خراپ بوو. بە پلەی یەکەم ئازارم بە خۆم و منداڵەکانم و دایکیان گەیاند. باشبوو لە کۆتایی نەوەت و دوودا بە یارمەتی نووسینگەی ئونشەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ستۆکهۆڵم هەموویانم بە ئاسانی هێنا بۆ سوید چونکە ئیقامەی سیاسیم هەبوو. لەو حاڵەتەیشدا ئەرکی هێنانیان کەوتبووە سەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەوەیش قەرزێکی بچووکی منداڵەکانم دایەوەو هەر هەموویان لێرە دامەزراونو خوێندنیان تەواوکردووە.



لە سوید سێ جار هەوڵی خۆکوشتنم داوە. جاری سێیەمیان ئەوەندە جیددی بووم نەمزانی چۆن و کێ بۆ خەستەخانەی بردووم چونکە لای کەس دەنگم نەکردبوو. دوو شەو و دوو ڕۆژ بە بێهۆشی لە ژووری ئینعاشدا کەوتووم. کە هاتوومەتەوە سەر خۆم وام هەستدەکردووە لافاو هەستاوە و لە ناو کەشتیەکی گەورەی لە بابەت تایتانیکدا نوقمی ژێر ئاو بووم و کەشتیەکە قلْپ بۆتەوە. کێ هەیە ماوەیەك لەو سەردەمە درێژەدا مەرحەبایەکی لەگەڵما هەبوبێت و بەر پڕیشکی ئاگری بەدمەستیم نەکەوتبێت. تیایاندا هەیە تێگەشتنێکی قووڵی هەبووە و هەیە تا ئێستایش دڵی ڕەنجاوە. ئەوەی تێگەیشتووە سوپاسی دەکەم ئەوەی کە تێناگات دیارە خۆی مەبەستی نییە کە تێبگات. ئێمەی مرۆڤیش بخوازین یان نا، چاك و خراپمان هەیە. کەسێك بە بڕیارەوە رقی لە یەکێکیتر بێتەوە گۆڕانی زەحمەتە و کۆمەڵێ خووی ئەوتۆی لا پەیدا دەبێت لایەنە چاکەکان فەرامۆش دەکات و تەنها بیر لە لایەنی خراپ دەکاتەوە و بە زەڕەبین بۆ خراپە دەگەڕێت. کاکە گیان من هەڵەیەك دەربارەی یەکێك دەکەم و پاشان خۆم دان بە هەڵەکەدا دەنێم و داوای لێبووردنی لێ دەکەم و گفتیشی پێدەدەم کە دووبارە نەبێتەوە. ڕاستە ئەو کەسە لە قبوڵکردنی داواکەدا سەربەستە بەڵام ئەگەر هەوڵبدات دە ئەوەندەیتر کێشەکە گەورە بکاتەوە ئەوە تێگەیشتن و بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسە خۆیەتی کە کێشەکە دەگەیەنێتە ئاستێکی ڕەق و ئاڵۆز و داخراو. مرۆڤ لە توانایدایە بە دیالۆگ چارەسەری هەموو کێشەیەك بکات نەك بە جەنگ و لاف و گەزاف و بوختانکردن. ئەو کەسەی لە داخی دڵی خۆی بوختان بۆ کەسێکیتر بکات بێگومانبە لەوەی کە سڵ لە بنچینە سەرەکیەکانی ڕەوشت و ویژدان ناکاتەوە. درۆ پیاوی فەقیرەو هەموو کەسێك پێی ئەوێرێ، بەڵام هەموو کەسێك توانای درۆکردنی نییە. بۆ لایەنە گەش و پۆسەتیڤەکە نموونەیەك ئەهێنمەوە، شەوێك بە مەستی تەلەفۆنم بۆ کاك شێرکۆ بێکەس کرد و دانی پیادا ئەنێم کە لە سەرەتاوە من هێرشم کردە سەری. ئەویش بە ناخۆشی وەڵامی دایەوە. بۆ بەیانی کاك شێرکۆ قسە ناخۆشەکانی منی لە دڵدا نەمابوو. ئەوەی نیگەرانی کردبوو وەڵامەکەی خۆی بوو بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە دەستپێشکەری لە منەوە بوو هێشتا ئەو بە سێ شێوە هەوڵی ڕاگرتنی دڵی منی داوە. تەلەفۆنی کردەوە، پاشان نامەی دەنگیی بۆ جێهێشتووم و ئینجایش نامەیەکی پڕ لە داوای لێبووردنی بە دەستخەتی خۆی بۆ ناردووم و هەرچەندە لەو شارە گوێزابوومەوە و ئەدرەسی تازەمی لانەبوو. لەگەڵ کۆمەڵێ نامەی تری لام ماون. ئەمانە هەموو بەڵگە و شایەدحاڵی

دەروون فراوانی و ئاستی تێگەیشتنی کاك شێرکۆ بوون. ئەوەبوو بە تەواوەتیش ڕۆژگار مەسەلەکەی فەرامۆش کرد و لەبیرمان چووەوە. من وەکو نموونەیەك بۆ جیاوازی نێوان ئێمەی مرۆڤ و جیاوازی نێوان رق و لێبووردن ئەو نامەیەی شێرکۆ بێکەس وەك خۆی بڵاودەکەمەوە کە چەندەی بە لاوە مەبەست بووە دڵی کەسی لێنەڕەنجێت :

**برای بەڕێزم کاکە سەلام**

ئەم کاتەت باش و بە هیوای چاوڕوونی و لەش ساغیتانم. وەختێ ئەم نامەیەتان پێ ئەگات من لەم وڵاتە نەماوم و گەڕاومەتەوە کوردستان. ئەدرەسەکەتانم لا نەبوو تا راستەوخۆ نامەکەم بنێرم. وا دیسانەوە جارێکیتریش دوای ئەو دەنگنامەیەی لە کاتی خۆیدا و لە تەلەفۆنەکەتاندا بۆم بەجێهێشتبوون، بە پێویستم زانی چ بۆ هێنانەوە جێی دڵی ئێوە و چ بۆ ئارامکردنەوەی ویژدانی خۆم، دووبارە داوای لێبووردنتان لێ بکەم بۆ ئەو هەڵەیەی کردم و ئەو وشە ناشیرنەی لە ساتە وەختێکی بێ ئاگایی و دەروون ئاڵۆزیدا لە دەمم هاتە دەرەوە.
ئەوەی راستی بێ هەرچەن بیر لەو ساتەوەختە ئەکەمەوە خەجاڵەتم و ـ لەو ساتە وەختەدا ـ من نەك هەر شاعیر نەبووم ئینسانیش نەبووم !!

بەڵام ئیتر منیش وەك هەر مرۆڤێ تووشی هەڵە و سەرلێشێواوی ئەبم. رەنگە تۆ یەکێك بی لەو هاوڕێ دێرینانەی کە لە نزیکەوە منت ناسییێ. من هەرگیز پیاوێك نەبووم دەم پیس و جنێوفرۆش و دڕ و شەڕانی. بەڵکو بە درێژایی دەیان ساڵ لە لایەن کەسانی ترەوە و تا ئەمڕۆیش هێرشی نارەوام کراوەتە سەر و بەڵام من هەر بێ دەنگ و بە ئارام بووم.

ئەمەی لە نێوان ئێمەدا روویدا و ئەو هەڵەیەی من کردم رەنگە لە ژیانمدا نەمکردبێ بۆیە هەرچەن بیری لێ ئەکەمەوە قێزم لەو ساتە وەختەی خۆم ئەبێتەوە !.
من هیچ پاساوێك بۆ ئەو هەڵە زەقەی خۆم ناهێنمەوە، گوناهبار من بووم و بە دەردی هەردیش وتەنی (بە دەستی خۆم و غەشیمانە ئەو جامەم خستە سەر لێوم و لە بەر ئەوە تاڵاوی هەرچی بێ ئەبێ بینۆشم !).



لەو کاتەدا وەك شەیتانێك لە ناو مندا بووبێ وابووە ئەگینا بۆ ئەبێ بەو جۆرە ناشیرینە بدوێم و لە پای چی؟! دڵنیاشم کە ئێوە وەك شاعیرێك و وەك هاوڕێیەکیش ئەم داوای لێبووردنەم لێ قبوڵ ئەکەن چونکە ئێمە هەمیشە دڵ و دەروونمان فراوان بووە.
بۆ خۆیشم باوەڕ ناکەم بەم زوانە بێمەوە بۆ ئەم وڵاتە چونکە کاری من لە شاری سلێمانیە و لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە. خۆزیا رێتان ئەکەوتەوە وڵات و ئەو دەرفەتە ئەرەخسا شەوێك پێکەوە دانیشتینایە. لە کۆتاییدا دیسانەوە بە ئومێدی تەندروستی و خۆشیتانم و هەر بژین. براتان : شێرکۆ بێکەس ـ ستۆکهۆڵم ⁄ ٤ ی ٢ ی ٢٠٠٢).

ئەمڕۆ، کە بە دەمی خۆم دان بەم شتانەدا دەنێم و داوای لێبووردن لە هەمووان دەکەم دیارە ئەو بەزمەی جارانم نەماوە. رۆژگار گۆڕیومی و بە ئەنقەست بە گژی کەسدا نەچووم بەڵکو کەوتبوومە ژێر کارتێکردنی زیادەرۆیی لە خواردنەوەدا. ئێستا ژیانێکی ئاسایی بە سەردەبەم و مرۆڤێکی ئاساییم و رقم لە هیچ کەسێك نابێتەوە. بۆ جاری دووهەم ژنم هێناوە. لە شتەکان و پەیوەندیەکان تێدەگەم و خوێندنەوەی تایبەتی خۆمیش بۆ ژیان هەیە و بەردەوام وتەیەکی بەناوبانگی نووسەری سویدی ناسراو (ئۆگست ستریندبێرگ) لە بەر خۆمەوە ئەڵێمەوە (کارێکی ئاسان نییە کە ئینسان بیت).

وەك وتم بە یارمەتی کاك رەئووفی برای کاك رەفیق سابیر لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٩دا بێ پارەو پوڵ کەوتمە سلێمانیەوە. پێشتر دەنگوباسی فیراری وماڵسووتانەکە گەیشتبووە سلێمانی زۆر کەس بە لایانەوە سەیربوو کە ئەمر قەبزم بە دوواوەیە کەچی دەچمە ناو خەڵکیشەوە. هەمووی بە هۆی ناچاری و مەستیەوە بوو. ناحەزەکانم بۆ مەبەستی جۆراوجۆر ئەم هەڵەیان قۆستبووەوە. دەیانگوت ئەگەر بە راستی فیرارە چۆن بە ئاشکرا دەچێتە دەرەوە. بەڵام کە مەستی بەریدەدام ناچاری نەبووایە نەمدەوێرا لە شوێنەکەی خۆم بجووڵێمەوە. ئەو سەفەرە یەك دوو شەوێك میوانی برای چیرۆکنووس و خانەدانم کاك عەبدوڵڵا ئاگرین بووم کە بە گوێرەی توانای خۆی یارمەتی داوم و پێشتریش کە چوومەتە سلێمانی میوانداری کردووم و رێزی زۆری لێگرتووم. ئەمجارەیان بۆ ئەوە رووم لێنا یارمەتیم بدات بگەمە ئێران یا بۆ ناو پێشمەرگە کە بە راستی داخوازیەکی قورس بوو چونکە بە هۆی کارەساتەکانی ئەنفالەوە هیچ رێگایەك نەبوو سەرەڕای ئەوەی کە مەترسیەکی زۆریش لە خواردنەوەکەمدا هەبوو. من سوپاسی دەکەم و

کۆمەك و یارمەتی و دڵسۆزایەتیم لە بیر ناچێتەوە. تا ئەو کاتە کاك بارزانی سەعید گەوهەرم نەدەناسی، بە ڕێکەوت لە بارێکدا چاومان بە یەکتر کەوت و زۆر یارمەتی دام. لەو ڕۆژگارە سەختانەدا هەر شەوێك و لە ماڵێك دەیشاردمەوە. هەر ڕۆژێك و لە ناسیاوێك قەرزمان دەکرد. ڕۆژێکیان ملازم عەلی حەملەیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو ناو سلێمانی کاك بارزان بردمیە چایخانەی کەوبازەکان چونکە وتی کەس سەر بەو شوێنەدا ناکات. ئەو ڕۆژە تا درەنگانێك تەماشای شەڕە کەوم کرد. ئەو ماوەیەی لە سلێمانی بووم ئەو ببووە مشوورخۆری سەرەکیم و زۆر کون و کەلەبەر و حەشارگەی پێکردم و چارەنووسی خۆم دابووە دەستی ئەوەوەو خواهەڵناگرێت ئەویش لە سەرەوەی توانای خۆی خستبووە کار و ماڵی ئاوا بێت. کە زانیم لە سلێمانیشەوە هیچ ڕێگایەك بۆ ئێران نییە ناچار بۆ کەرکوك گەڕامەوەو هەر ئەو شەوە بە مەستی گیرام. چۆن گیرام و بۆچی گیرام کاتێکی زۆری بە سەردا تێپەڕیوە. کاك نەوشیروان مستەفا قسەیەکی جوانی هەیە کە ئەڵێ (با گۆڕی کۆن هەڵنەدەینەوە) منیش لەم دیدارەدا لە خودی خۆم بەولاوە گلەییم لە کەس نەکردووەو ڕەخنەم لە کەس نەگرتووە وەکو یەکێکی دیاریکراو، بە خراپیش بێجگە لە خۆم ناوی کەسم نەهێناوە.
بە نیسبەت ئەزموونی شیعریمەوە ئەو چەند ساڵەی نێوان ١٩٨٥ – ١٩٩١ بڕوابکە بەردەوام یا سەرباز یا فیرار بووم، یا لە زیندانی سەربازیدا تووشی جۆرەها ئازار و ئەشکەنجە هاتووم و فریای هیچ نەدەکەوتم. بەختم هەیە دەژیم و نەفەوتام. ڕەنگە ئەمەیش بیرکردنەوەمی دەربارەی مردن و پەیوەندی نێوان ڕێکەوت و مردن زۆر قووڵتر کردبێت. دەبێ تا ماوم نانێك بخۆم و نانێکیش بکەمە خێری (کوێت) چونکە کاتێ کوێت داگیرکرا لە تاریکایی زینداندابووم. چاوەڕێی دادگای سەربازیم دەکردو چەند قەزیەیەکی سەربازی گەورەم لەسەربوو وەك فیراری، هەڵاتن لە دەست مەئموور و تەزویرکردنی دەفتەر خیدمە بەڵام چونکە جەنگی نێوان عیراق و ئێران راوەستابوو ئیتر ئەم جۆرە دۆسێیە بایەخ و گرنگیی جارانیان نەمابوو بە تایبەتیش کە ڕژێم خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ داگیرکردنی کوێت. ئەوەبوو لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ دا گەورەترین عافوات دەرچوو منیشی بەرکەوتم. ژیان لەو سەردەمەی عیراقدا قەدەر و ڕێکەوت دەورێکی گەورەیان تیادا دەبینی. مان و نەمان لە سەر لەحزەیەك راوەستابوو. هەزارانێك چەندین جار فیراریان دەکردو پاشان بەر عافوات دەکەوتن. هەزارانیش تەنیا یەك جار فیراریان دەکرد و بە گوێرەی بڕیارە جەهەننەمیەکانی ئان و سات و ڕۆژی گرتنیان گوللەباران دەکران. ڕژێمی بەعس خاوەنی گەورەترین هێزی سەربازی بوو کە خۆی دابوو لە



یەك ملیۆن سەرباز. بۆیە هەزار و دوو هەزار لە چاو ئەو لەشکرە گەورەیەوە وەکو مێشوولەیەك وابوون. ئەنجامیش بە جۆرێك کۆتایی هات لەو ملیۆن سەربازە دیکتاتۆر تاك و تەنها خۆی لە کونە جرجێکدا حەشار دا و جێهێڵرا و بێجگە لە سەرو ریشە درێژەکەی کەسی بە دەورەوە نەبوو.
نازانم عەدالەتێکی کەونی بوو، یا کون فەیەکونی خودایی کە بە چاوتروکانێك ئەو مۆتەکە ڕەش و خەونە تۆقێنەرە هەڵمی کرد و ڕەویەوە. ئازایەتی ئەمریکا بوو یا گەوجایەتی دیکتاتۆر خۆی؟ هۆیەکەی هەرچیەك بێت گرفت نییە بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە دڕندەی لەو بابەتە دووبارە نەبێتەوە.

ئەو چەند ساڵەی نێوان ١٩٨٥- ١٩٩١ نایەتەوە یادم هیچم لە دەزگاکانی راگەیاندنی عیراقدا بڵاوکرابێتەوە بێجگە لە دوو سێ شیعر بەڵکو خەریکی وەرگێڕانی مەقسەڵەکەی ئەلبێر کامۆ و ڕۆمانی سەعاتی بیست و پێنجی کۆنستانتان جیۆرجیۆ و ڕۆمانێکی خۆم بووم کە ڕووناکی نەبینی.
دەربارەی چۆنیەتی بەشداربوونم لە پێشبڕکێی چیرۆك و ڕۆمانی قادسیە منیش بە کورتە چیرۆکێك بە ناونیشانی (پرد) بەشداریم کردووە.
موسڵیح جەلالی خۆی بۆ چیرۆکەکە تەکلیفی کردم. پێی وتم کە فایلەکەت پڕ بووەو لێی دەڕژێت. دەوڵەت لەتۆ ناترسێت بەڵام ڕێزێکی تایبەتی بۆ ڕۆشنبیران هەیە ئەگەر دەستیش بوەشێنێت زۆر خراپ دەیوەشێنێت. دەبێ مەسەلەکە بە جیددی بگریت واتە لە پێشبڕکێکەدا بەشداری بکەیت ئەویش لە ساڵی ١٩٨٤ دا بوو. هەندێ کاغەزی سپیم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت و چوومە نزیکترین مەیخانە. هەر بەو دانیشتنە فیلمێکی جەنگی دووەمی جیهانیم کرد بە کوردی و تەنیا ناوەکانم گۆڕی، ئەویش فیلمی (جەنگی پردەکە) بوو لەگەڵ هەندێ دەستکاریدا کە هەرگیز لە قادسیەدا شتی وا ڕوونەداوە. ئەوەی بیخوێنێتەوە دەزانێت پەیوەندی بەقادسیەوە نەبووە. بەڵام لە سەر قادسیە حیساب دەکرێت و بەو بۆنەیەوە نووسراوە. پاکانە سوودی نییە. هیچ کاتێك نکولیم لێنەکردووە و هەڵەیەکی مێژووییە و ماڵە بە سەرمەوە.

داوای لێبووردن لەهەموو گەلی کورد دەکەم کە شتێکم کردووە قازانجی ڕژێمی تیادابوو. ئێستایش پەشیمانی خۆم دووپات دەکەمەوەو لێبووردنیش بۆ خوێنەران و مێژوو جێدەهێڵم.

هەرچەندە خاوەنی کۆمەڵێ منالّ بووم. تازە لە ئەوروپا گەڕابوومەوەو ڕژێم فایلەکەی ١٩٧٤ ی هێنابووەوە مەیدان کە بۆنی خوێنی لێدەهات. لە کەرکوکیش دەژیام و دراوسێی بەعسیم هەبوون و خرابوومە ژێر کۆنترۆڵێکی وردەوە، بەلاّم هیچیان پاساوی ئەو هەڵەیە ناکەن و دەبوو لە جیاتی خۆبەدەستەوەدان ڕێگەچارەیەکی بێگەرد بدۆزمەوە.

پرسیار:- قۆناغی نوێی شیعری کوردی بۆ چەند قۆناغ دابەش دەکەن؟ گەلێك ڕاوبۆچوونی جیاواز دەربارەی دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی تازەگەری شیعری کوردی نووسراون. بە ڕای تۆ ئەو دەستنیشانکردنانە تا چەند تەواو و بێهەڵەن؟ ئەی تۆ چۆن دەستنیشانی دەکەیت؟

وەلاّم:- دەربارەی ئەم پرسیارە ڕەنگە ڕەخنەگرێکی بە توانا و بە ویژدان و بێلایەن باشتر وەلاّمی بداتەوە. سەرەتاکانی تازەگەری بۆ نەوەی حەفتاکان دەگەڕێتەوە. شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و (خواو شارە بچکۆلەکەمان) ی لەتیف هەڵمەت پێشەنگی کاروانەکەبوون. ئەوە زۆر گرنگ نییە کێ پێش کێ کەوتووە بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە چیمان بەرهەمهێناوە لەو سەردەمە پڕ لە گۆڕانکاریەدا وەك هەڵمەت واتەنی (چیمان گۆڕی ئاو یا بۆڕی). واتێدەگەم ئەو گۆڕانەی کە بە سەر شیعری عەرەبیدا هات لە سەر دەستی ئەدۆنیس و بدر شاكر السياب و عبدالوهاب البياتي و نزار قباني و نازك الملائكه و محمود دەرویش و زۆریتریش هەروەها گۆڤاری شعر ٦٩ کە فاچل عزاوی و برادەرەکانی لە بەغدا دەریان دەکرد. کاریگەریەکی قووڵی بە سەر هەموو شاعیرە کوردەکاندا هەبوو. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر (البيان الشعری) یەکەی فاچل العزاوی و برادەرانی لەساڵی ١٩٦٩ دا (کە ئەوانیش کاریگەری سوریالیەکانیان پێوە دیاربوو) کاردانەوەی بە سەر بانگەوازەکەی ڕوانگەوە هەبوو سەرەڕای هەندێ شیعری ئەو سەردەمەی ئەدۆنیس وەك قەسیدەی هذا هو اسمي و اغاني مهيار الدمشقي هەروەها هەرسێ گۆڤاری (الاداب) ی بەیروتی و (الاقلام) ی بەغدادی و (الهلال) ی میسری و ئەو کتێبانەی دەربارەی ئەدەب و فیکری نوێی ئەوروپی دەکران بە عەرەبی ڕەهەندێکی فراوان بوون بۆ نەوەی حەفتاکان. خواو شارە بچکۆلەکەمانی لەتیف هەڵمەت و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و پەشێو



و کاروانی وشەی ڕاچەنیوی جەلالی میرزا کەریم و زریانی ئەنوەر جاف و دڵدارەکەمی سەلاّح شوان و پڕۆژەی کوودەتایەکی نهێنی ئەنوەر شاکەلی و زۆر شاعیریتر کە خۆمیش یەکێك بووم لەوان بە گشتی بەشدارن لەو پرۆسە نوێخوازیەدا. لێرەدا چەند ناوێك دەڵێم و زۆریش سڵدەکەمەوە لە ناوهێنان چونکە گرفتی لێدەبێتەوەو داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر هەندێ ناویترم لە بیرچووبێت. ئەوانەی کە لەو پرۆسەیەدا بەشداربوون و بەرهەمیان بلاّودەکردەوە لەگەڵ جیاوازی ئاستی هونەری و ناوەڕۆکی شیعرەکانیان ئەم بەڕێزانە بوون :
شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵلاّ پەشێو، جەمال شارباژێری، ئەنوەر جاف، سەلاّح شوان، ئەنوەر شاکەلی، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵلاّ عەباس، حەمە ی حەمە باقی، کوردستان موکریانی،سەعدوڵلاّ پەرۆش، نەوزاد ڕەفعەت، سامی شۆڕش،جەوهەر کرمانج و سەلام محەمەد. بێگومان ناوی تریش هەن و لەم کاتەدا زاکیرەم هەر ئەوەندە بڕ دەکات. من باس لە هەنگاوە سەرەتاییەکان دەکەم و پاشان کۆمەڵێ ناوی تریش پەیدابوون و بەرهەمی جوانیان هەبوو بەلاّم تۆزێ درەنگتر سەریانهەڵدا.
نەوەی حەفتاکان هەموو بنەڕەتەکانی شیعری نوێیان بە تەواوی ئامادەکرد بۆ نەوەکانی دوای خۆیان تا ئاڵوگۆڕی قووڵتری بە سەردا بهێنن و گۆڕانکاری تیادا بکەن. لە دوای نەوەی حەفتاکانەوە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم سێ نەوەی تریش پەیدابوون کاروان هەر بە ڕێگاوەیە.

پرسیار:- لەرۆژگاری ئێوەدا زۆرێك لەو جیلەی ئێوە لەگەڵ ئەدەبدا خەریکی سیاسەتیش بوون. دەپرسم ئایا تۆ هیچ بەشدارییەکی سیاسی و شۆڕشگێڕیت هەبووە؟ من تەنها ئەوەم بیستووە کە تۆ لەگەڵ چەند برادەرێکتا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە تەیارە بڕفێنن. پێمخۆشە وەك شاعیرێك حیکایەتی دونیای سیاسەت بگێڕیتەوە کە چۆن بوو؟

وەڵام: - پێش ڕێکەوتننامەکەی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ ئەندامی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان - باڵی پارتی بووم. ماوەیەکیش بەو تەمەنە بچووکەوە پێش بەیانی ئازار پێشمەرگایەتیم کردووە. لە ساڵی ١٩٧٤ دا کە شۆڕش هەڵگیرسایەوە
لە زانکۆی بەغدا قانونم دەخوێند و لە ڕۆژنامەی برایەتی کارم دەکرد. ئەو کاتە دوای ڕەحمەتی ڕەفیق چالاك من عەریف حەفلی زۆربەی ئاهەنگە کوردیەکان بووم لە شاری بەغدا. شەرەفی ئەوەم پێبڕاوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا لەگەڵ هاوڕێ

شاعیرەکانمدا بەشداری بکەم لە دەرچوونی بیست و شەش ژمارەی برایەتی بە شێوەیەکی ڕۆژانە. ئەم هەنگاوە پیرۆزە ڕژێمی تۆقاندبوو بۆیە بڕیاریدا کە برایەتی بکرێتەوە بە هەفتانە بە بیانووی مشتومڕێکی توندوتیژ کە کەوتبووە نێوان ڕاگەیاندنی پارتی و حزبی شیوعی عیراق. ئەو کاتە حزبی شیوعی لەگەڵ ڕژێمدا هاوکاری دەکرد و خەریکی پێکهێنانی بەرەی نیشتیمانی بوون.
ئێمەی نووسەرانی التآخي و برایەتی زۆربەمان پێش ١١ی ئازاری ١٩٧٤ چووینە شاخ. ئەو کاتە لەگەڵ شەهید ئەکرەم مەنتك پارێزگاری پێشووی هەولێر هەردووکمان پێکەوە شوقەیەکمان هەبوو لە ڕاغیبەخاتوونی بەغدا. بۆ ئەوەی هەستمان پێنەکرێت بۆ شاخ دەچین وەك خۆی شوقەکەمان جێهێشت. ئەوسا شەهید ئەکرەم ئێواران لە زانکۆی مستنصریە دەیخوێند و بە ڕۆژیش کادیری ڕێکخستن بوو لە لقی پێنجدا.
هەرلە مانگی ئازاری ١٩٧٤ دا بە بڕیاری شەهید دارا تۆفیق بەشێکی نوێ لە ڕاگەیاندنی پارتی کرایەوە بە ناوی (بەشی ئینسات) کاك فەلەکەدین کاکەیی سەرپەرشتی دەکرد. ئەو بەشە پێکهاتبوو لە برایان محەمەد موکری و ئەنوەر شاکەلی و سەعدوڵڵا پەرۆش و ئەحمەد بێکەس و من. هەر یەکەو هەواڵەکانی چەند ئیزگەیەکمان لە نێوان خۆماندا دابەشکردبوو پاشان کاك ئەحمەدیش بە دەم قسە خۆشەکانیەوە تایپی دەکرد. بۆ بەیانیش بە ڕۆنیۆ چەند ژمارەیەکی لێ چاپدەکرا وەکو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە سەر دەزگاکانی شۆڕشدا بڵاودەکرایەوە. ئەو بەشە شێوەیەکی بچووك کراوی ئاژانسی دەنگوباسی هەبوو.

هەموومان لە ناوپردان لە یەك ژووردا بووین، زوو زوو کاك لەتیف هەڵمەت سەری لێئەداین و شەویش لای خۆمان ئەمایەوە. ئێمەی شاعیر و نووسەری خوێن گەرم بەردەوام لە ناو خۆماندا باسی ئەوەمان دەکرد کە بۆچی فەلەستینیەکان کاری شۆڕشگێڕانەی مەزن ئەنجام دەدەن و دەبێ ئێمە چیمان لەوان کەمتر بێت کە نەتوانین توخنی ئەو جۆرە کارانە بکەوین ! موناقەشە درێژەی کێشا و بوو بە پرۆژەو ئەویش گەیشتە قۆناغی عەمەلی. بەوە کۆتایی هات ڕاپۆرتێکمان بۆ شەهید دارا تۆفیق نووسی و هەموومان ئیمزامان کرد، تیایدا ڕوونمان کردبۆوە ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووینەتە شاخ بە دیار ڕادیۆ و موسەجەلەوە دانیشین و هەواڵەکانی ئیزگە بیانیەکان تۆمار بکەین، پاشان بۆ بەیانی وەکو نەشرەیەکی خەبەری تایپی بکەین و



بڵاوی بکەینەوە. ئێمە لە ڕاستیدا بۆ کاری شۆڕشگێڕانە هاتووین نەك گوێ ڕاگرتن لەئیزگەکانی مۆنتی کارلۆ و لەندەن و ئیسرائیل و ئەمریکا.

**ئەوانەی کە ڕاپۆرتەکەمان ئیمزاکرد بە گوێرەی زنجیرەی ناوەکان بریتیبوون لە :**

سەلام محەمەد
محەمەد موکری
ئەنوەر شاکەلی (فەرهاد شاکەلی)
سەعدوڵڵا پەرۆش
لەتیف هەڵمەت

ڕاپۆرتەکە لە ڕێگای کاك فەلەکەدینەوە خرابووە بەرچاوی شەهید دارا تۆفیق. چاکیشم لە یادە کاك فەلەك بە حوکمی ئەوەی لە ئێمە بە تەمەنتر و خاوەنی تاقیکردنەوەی زیاتر بوو هەوڵیدا لەو پرۆژەیە ساردمان بکاتەوە بەڵام سوودی نەبوو. ڕاپۆرتەکە گەیشتە لای کاك شەکیب عەقراوی لە دەزگای پاراستن.
ژوورەکەی کاك شەکیب هەر چەند مەترێك لە ژووری ئینساتەکەی ئێمەوە دوور بوو لە ناوپردان. ئەوەندە مرۆڤێکی ئاساییبوو کەس باوەڕی نەدەکرد ئەم پیاوە بەڕێوەبەری گشتی پاراستن بێت. جارێکیان دانیشتبووم لای کە لە پڕێکدا شەهید سامی عبدالرحمان هاتە ژوورەوەو یەکسەر وتی من ئەم کوڕە دەناسم و شایەدی بۆ ئەدەم کە لە ئاهەنگەکانی بەغادا دەورێکی گرنگی هەبوو. شەهید سامی کە ئەوسا لە بەغادا وەزیر بوو بەشداری دەکرد لە هەموو ئاهەنگە کوردیەکان و پشتگیری دەکردین و وتاری دەخوێندەوە.
لە دەزگای پاراستنەوە دوو کەس بوون بە لێپرسراوم. هەردووکیان دەرچووی زانکۆ بوون. خاوەن تاقیکردنەوەو شارەزا بوون. ڕاستەوخۆ پەیوەنییان بە کاك شەکیب عەقراویەوە هەبوو. بە ڕەنجی شانی خۆیان گەیشتبوونە ئەو شوێنە حەساسە لە دەزگای پاراستندا و ساڵەهایەکە یەکێکیان لە وڵاتی سوید ئەژی. لەو ڕۆژگارەی شۆڕشدا سەرۆك مەسعود بارزانی خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەزگاکەی دەکرد.

ئێمەیش کە راپۆرتەکەمان ئیمزاکردبوو لامان وابوو هەموومان پێکەوە دەنێرن بۆ ئەنجامدانی کاری شۆڕشگێڕانە. دوایی زانیمان یەك یەك پەیوەندیمان پێوە دەکەن و چونکە من یەکەم کەس بووم ئیمزام کردبوو پێش هەموویان بانگکرام. خۆمانیش تەواو پەشیمان بووین، ئەو شەوانە لە جیاتی موناقەشەکردنی عەمەلیاتی شۆڕشگێڕی و

چوستوچالاکی لە مەڕ فەلەستینیەکان زیاتر باسی ئەوەمان دەکرد ئەگەر کەشف بین و رژێم پێمان بزانێت چۆن چۆنی و بە چ شێوەیەك تەعزیبمان ئەدات.

بە نیسبەت منەوە تازەبانگکرابووم و قسەم لەگەڵدا کرابوو. بۆم نەبوو هیچ نهێنیەك لای هاوڕێکانم بدرکێنم. هەرزوو گەیشتمە قەناعەت کە من پیاوی ئەو جۆرە چالاکیە عەسکەری و ئیستیخباریە نیم، شەرمیشم دەکرد پاشگەز ببمەوە. وەك تەمەنیش کە بیست ساڵان بووم حەزم لە موغامەرات هەبوو بەڵام نەمدەزانی هەڵبژاردنی ئەم رێگا سەخت و دژوارە سبەینێ دەبێتە مێژووی ژیانم و راستەوخۆ کار دەکاتە سەر هەموو پاشەڕۆژم. ترسێکی زۆرم هەبوو لەوەی شکست بهێنم و پێش گەڕانەوەو تەسلیمبوونەوەم (کە ئەوە یەکەم هەنگاوی کارەکەم بوو) هێشتا بواری پەشیمانبوونەوەم لە بەردەستدابوو بەڵام چارەنووسم وابوو پەشیمان نەبمەوەو شانی بدەمە بەر.

ئەوەبوو بە گوێرەی ئەو پلانەی لە لایەن دەزگای پاراستنەوە نەخشەی بۆ کێشرابوو لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٧٤ دا تەسلیمبوومەوەو هەنگاوی یەکەم ئەوە بوو هەموو توانایەکم بخەمە گەڕ تا جێ پێی خۆم لە ناو رژێم و حزبە کوردیە کارتۆنیەکانی ئەو سەردەمەدا بکەمەوە. کە ئەمەیش بۆ من قورسترین ئەرکی پرۆگرامەکە بوو لە رووی دەروونیەوە. دوو جاریش بە نهێنی و هەر بە پیادەیی لە دەوروبەری کەرکوکەوە چوومەتەوە بۆ ناوپردان و گەڕاومەتەوە.

لە هەموو ئازارێك کوشندەتر و ناخۆشتر روانین و بیرکردنەوەی خەڵکەکەبوو. چۆن شاعیرێکی وا کە هۆڵەکانی بەغدای هێنابووە لەرزین ئێستا تەسلیم بۆتەوەو لەگەڵ رژێمدایە. هاوڕێکانیشم سڵیان لێدەکردمەوە و سەیر بوو بە لایانەوەو رووبەڕوو رەخنەی توند و تیژم لێگیراوە. هەندێجار دەمەویست هاوار بکەم و بقیژێنم و بڵێم من تەسلیم نەبوومەتەوەو پیاوی رژێم نیم، سبەینێ دەکەوێتە بەرگوێتان چیم کردووەو بۆ چی گەڕاومەتەوە، بەڵام دانم بە خۆمدا دەگرت و وا بزانم هەر ئەو هەستەبوو بۆ ساڵانێکی درێژخایەن رەگوڕیشەی بەدمەستی لا دروستکردم و لایەنە عەبەسیەکەمی قووڵتر و فراوانترکردەوە. من دەمەویست کارێکی شۆڕشگێڕانە ئەنجام بدەم بە



بێ تەسلیمبوونەوە بەڵام وەك چۆن لە لایەن سەرکردایەتی پاراستنەوە پلانەکەم بۆ دارێژرابوو دەبوو هەر وا بکەم.

چیرۆکی ئەو تەسلیمبوونەوەیە و چیم بە سەرداهات و ئەو چالاکیە خەتەرناکەی بۆم دیاریکرابوو چی بوو؟ بۆچیش تیایدا سەرنەکەوتم؟ چۆن لەو گوندەی شتم تیا شاردبۆوە جاسووسی رژێم هەبووەو خەبەریان لێ دابووم زۆر دوورو درێژە. تا ئێستا نە هیچم لە سەری نووسیوە و نە باسیشم کردووە. رەنگە کتێبێك ئەوجا بەشی هەموو بەسەرهاتەکان بکات. بۆ مێژوویش گشت ئەو راپۆرت و نووسراوانە نەفەوتاون و تەنانەت لە هەرەس و کارەساتەکەی ١٩٧٥ یشدا وەك من ئاگادارم ئاودیوکران و پارێزراون. کەسەکانیش ماون و زیندوون.

راستە من فەشەلم هێنا لەو عەمەلیەتەی بۆم دیاریکرابوو هەڵەی خۆمیش بوو چونکە حیسابێکی وردم بۆ گوندی (دەرماناو) نەکردبوو کە لەوێ لە تەوێڵەی ئاژەڵەکانیماڵی مامەمدا چاڵێکم هەڵکەندبوو ئەو شتانەم تیادا شاردبووەوە کە دەبوو لە هەنگاوی دووەمدا بیانگەیەنمە بەغدا. بە هۆی ئەوەی هەر لەو گوندەشەوە پەیوەندیم دەکرد بە مەفرزەکەی (رەفیق بەسیە) کە مەفرەزەیەکی سەر بە پاراستن بوو لە ناوچەکەدا. چاوەکانی رژێم لە گوندەکەدا هەواڵیان گەیاندبووە ئەمنی پردێ و پاشان ئەمنی کەرکوك و ئەمنی شیمالی. بە پەلە نوك بە نوکی بارودۆخەکەم بۆ دەزگای پاراستن نووسی و بە رەفیق بەسیەدا رەوانەکردووەو هیچم نەشاردۆتەوە. لە هەموو شتێك وردو درشت ئاگادارم کردوونەتەوە، چیم کردبوو، کێم بینیبوو یان بۆچی حەشارگەکە ئاشکرابوو خۆمیش چۆن تەگبیری رووداوەکەم کردبوو. ئەوان چالاکیەکی تریان بۆم ئامادەکردبوو ئەنجامی بدەم. منیش پەلەی گەڕانەوەم بوو بۆ کوردستان و بۆم نەبوو بە بێ بڕیار بگەڕێمەوە. دەبوو چاوەڕێ بکەم تا زانیاری تازەم پێدەگات دەربارەی چالاکیەکیتر. رژێم لە یاریەکە ئاگادار ببووەوە. پێش ئەوەی بگیرێم توانیم خۆم بگەیەنمەوە ناوپردان و دڵنیام ئەگەر چاوەڕێی نەخشە تازەکەم بکردایە تیادەچووم. ئێستا سیی و چوار ساڵ بە سەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوە نە دەزگای پاراستن وردەکاریەکانی ئاشکرا کرد، نەمنیش نهێنیەکەم درکاندووە. بە فەشەلەکەی خۆمەوە گەڕامەوەو بە ئەقڵی ئەوسایشم پاساوێکی خەیاڵیم بۆ گەڕانەوەکەم هێنایەوە چونکە شەرمم دەکرد بڵێم لە ترسی تەعزیب و مردن رامکردووە و گەڕاومەتەوە. ئەوانیش لە سەرێکەوە ماندووببوون بەو کارەوە، چونکە پرۆژەیەکی گەورە بوو. لە سەرێکی دیکەوە پلانێکی تازەیان بۆم ئامادەکردبوو. هەروەها نەبوونی تاقیکردنەوەو لاوازی هۆشیاری ئیستیخباری و عەسکەری خۆمیش بوونە هۆی شکست هێنانی

چالاکیەکە کە لە بنەڕەتیشەوە نەخشەیەکی وردی بۆ دانەڕێژرابوو. کۆمەڵێ هۆکاری چاوەڕوان نەکراو کە بێگومان دەهاتنە پێشەوە، دەبوو پێشوەخت باسبکرێن و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە کەچی فەرامۆش کرابوون. لەو کارانە بچووکترین هەڵە دەبێتە هۆی گەورەترین کۆسپ. نەدەکرا ئەوانیش لەو نوشوستیەی من بێدەنگ بن و ئافەرینم بکەن. هەرگیز شاعیرێك کە هەموو ژیانی خەریکی کتێب و قەڵەم بووە ئەرکی وا گرنگ و خەتەرناکی پێناکرێت بە تایبەتیش کە تەنیا خۆم دانرابووم بە تەنها عەمەلیەتەکە بکەم، ئەوسا تەمەنیشم رێك بیست ساڵ بوو. هەموو سەرکردایەتی دەزگای پاراستن بە کارەکەیان دەزانی و بەوە سزادرام دوای چەند رۆژێك لە گەڕانەوەم خرامە زیندانی رایاتەوە. لەو شەش مانگەدا ئێستا و ئەوسایش هیچ پرسیارێکم ئاراستە نەکرا، هیچ لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام نەدرا و تەنانەت یەك وشەی ناخۆشیان بەرامبەرم بەکارنەهێنا. رووداوەکە بێ گرێ و گۆڵ بوو، هەرچیەکم کردبوو پێشتر بە نووسین ئاگادارم کردبوونەوە. لە لایەن رەحمەتی مام سەعیدەوە کە بەڕێوەبەری زیندانەکە بوو رێزێکی زۆرم لێدەگیرا و هەر بە هیوای دەرچوون بووم. بۆ هەموومان ئەنجامێکی ناخۆشبوو کە رووداوەکە بەو شێوەیە کۆتایی هات. وەك رۆژی رووناکیش لەبەرچاو بوو کە نووسەر و شاعیر ماڵی کاری ئیستیخباری نین. تاقیکردنەوەکە دەرسێکی گەورەی فێرکردم کە (زیادە رۆیی لە هیچ هەڵویست و ئارەزوویەکدا باش نییە).

دوای هەرەسەکەی ١٩٧٥ وەك هەموو خەڵکەکەی تر منیش بۆ عیراق گەڕامەوە کە نەدەبوو بگەڕێمەوە، راستە تەنانەت سەرکردەکانیش گەڕابوونەوە بەڵام رژێمێکی وەکو بەعس هیچ کاتێ خاوەنی گفتی خۆی نەبووەو دەبوو ئەوە بدەمە بەرچاو کە پاش ئەو تاقیکردنەوە گەورەیەی لەگەڵ سەرکردایەتی دەزگای پاراستندا هەمبووە رژێم زانیاریەکی تەواوی دەربارەی عەمەلیەتە فاشیلەکە هەبوو. بێگومان دەخرێمە ژێر کۆنترۆڵێکی چاوەڕوان نەکراوەو جارێکیتر ئاسوودەیی بە چاوی خۆم نابینمەوە. بەڵام کورد هەمووی گەڕایەوە بێجگە لە سەرکردە ناسراوەکان یا ئەوانەی تا رادەیەك یەکجاری لە (کەرەج) و ئۆردوگاکانی ئێراندا نیشتەجێ بوون. لە ساڵی ١٩٨٠ دا کە جەنگی عیراق و ئێران دەستیپێکرد بووم بە عەسکەرو پاش دوومانگ لە رێگای برای خۆشەویست و هاوڕێم (خدر عبدالرحمان) کە ئەوسا لە برای زگماك بۆ یەکتری زیاتربووین، نامەیەکی رێکخستنی ناو شاری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانم بۆ کرا و کاك خدر خۆی تا کۆیە لەگەڵما هات و لەوێشەوە هاوڕێیەکی تریان لە



سەنگەسەرەوە بۆ خڕەی ناوزەنگ بەڕێیکردم و نامەکەم دا بە دەستی کاك نەوشیروان خۆی کە سکرتێری کۆمەڵە بوو. ساڵێك زیاتر لەوێ پێشمەرگە بووم بەڵام هیچ پەیوەندیەکی سیاسیم بە رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە نەبوو چونکە مارکسی نەبووم. لە هەمووان زیاتر کاك نەوشیروان رێزی لێدەگرتم و هەر لە بارەگاکەی ئەویشدابووم. دیارە ئەمەیش بە هۆی هاوڕێیی شاعیرم کاك حەمەی حەمە باقیەوە بوو کە نزیکەی ساڵێك دەبوو لە بارەگاکەی کاك نەوشیروان بوو. کاکە حەمە زوو زوو سەفەری دەکرد بۆ خوارەوەو خەریکی هێنانی نەجیبەخان بوو. پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لە نێوان من و شەهید کاك شازاد سائیبدا دروست ببوو کە هەردووکمان حقوقی بووین و بە راستی نموونەی مرۆڤێکی دڵپاك و روحسووك بوو. هەروەها لەگەڵ رەحمەتی کاك بورهان قانیعدا زۆر یادەوەریمان پێکەوە هەبوو. هەرچەندە ساڵانێك لە دەزگای هاوکاریدا پێکەوە کارمان کردبوو بەڵام کە لەشاخدا یەکمان گرتەوە پەیوەندیەکە قەوارەیەکی تری وەرگرت و رازی دڵی خۆمان لە یەکتر نەدەشاردەوە. کاتی دەستبەتاڵیمان بە یاری تاوڵە بە سەر دەبرد و کاتێ یەکێك دەربارەی یاریەکە پرسیاری بکردایە ئەو دەیگوت (پرسیاری ناوێت دۆڕاو هەر بە دەنگیەوە دیارە). لەگەڵ رەحمەتیدا پلانێکی دووقۆڵیمان هەبوو پێکەوە بچین بۆ لیبیا بەڵام سەری نەگرت. کاك بورهانی خوالێخۆشبوو سڵی لە هیچ کەسێك نەدەکردەوەو بەرامبەر بە بچووك و گەورەقسەی خۆی دەکرد. جارێك بەڕێز مام جەلال کۆبوونەوەکی بۆ کادیرەکانی راگەیاندن سازکرد کاك بورهان ئەوەی لە دڵیدا بوو وتی. وەك وەفایەك بۆ رەحمەتی هیوادارم لە دەرفەتێکدا ئەو یادەوەریانە بنووسمەوە.

کاتێك ئاهەنگی ساڵڕۆژی پێنجەمی شەهیدان خاڵە شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر لە ناوزەنگ سازکرا کاك ئەرسەلان بایز و من سەرپەرشتی ئاهەنگەکەمان کرد. بە هەڵەدا نەچووبم تا ئەو ساتە ئاهەنگی وا گەورەو فراوان لە شاخدا ساز نەکرابوو. دێتەوە بیرم شیعرێکی کاك شێرکۆ بێکەسم دەخوێندەوە کە بە ناوی (جوامێر) ەوە لە شارەوە ناردبووی. مام جەلال کە بە تەنیشت رەحمەتی عومەر دەبابەوەلە ریزی پێشەوە دانیشتبوو پرسیاری کرد جوامێر کێیە؟ وتم مامە گیان دوایی پێت دەڵێم. من لایەنی ئاسایشم دابووە بەر چاو بۆیە لەو شوێنەوە دەنگم نەکرد. پاش تەواوبوونی ئاهەنگەکە لە بارەگاکەی کاك نەوشیروانەوە تەلەفۆنم بۆ بەڕێزیان کرد و داوای لێبووردنیشم کردلەوەی لە کاتی خۆیدا قسەم نەکردووە. من خۆم بە تەبیعەت حەز ناکەم لە هیچ کەسێك زیاد لە پێویست بچمە پێشەوە تەنانەت ئەگەر ئەو خۆبردنە پێشەوەیە

سوود و قازانجێکی زۆریشی بۆم هەبێت. پاشان بیرم کردەوە ئاخر چۆن دەبێ بەو جۆرە وەڵامی سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان بدەمەوە؟ ئەی نەدەکرا بچمە تەنیشتیەوە و بچرپێنمە گوێچکەیدا؟ بڕوا بکەن من پیاوێکی سیاسی نیم و هەر ئەوەندەم لێزانیوە و تاکو ئێستایش وام. هیچم لە دڵدا نییەو ئەو خووەم زۆر جار خراپ بە سەرما کەوتۆتەوە.

کەسانێکیش هەبوون بە بێ هیچ هۆیەك محارەبەیان دەکردم و پێویست بە ناوهێنان ناکات. کاك نەوشیروان بە سەرکردایەتی هێزێك چووبووە خوارەوە، کاکە حەمە و شەهید شازاد سەفەریان کردبوو، خوالێخۆشبوو کاك بورهانیش ئەوێی جێهێشتبوو لە دەزگای چاپەمەنی کاری دەکرد. بە راستی هەستم بە تەنیایی و محارەبە کردنی ئاشکرای ئەو کەسانە دەکرد کە زۆر مەبەستیان بوو لە یەکیەتی دوور بکەومەوەو ئەنجامیش هەر وا کەوتەوە. من نە ئەو کاتەو نە ئێستایش دەرەقەتی ئەو جۆرە کەسانە نایەم کە راستیت دەوێ سیاسی نین بەڵکو زۆرزان وخاوەنی بەهرەیەکی تایبەتین لە گاڵتەکردن بە خەڵکیتردا. خۆ ئەگەر دوو سێ کەسی لەو بابەتە بکەونە یەك گاڵتە بە سوڵتان مەحموودیش دەکەن. بە چاك وخراپ رادەبوێرن و بێجگە لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان سڵ لە هیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە. بە بەرچاوی خۆمەوە بینیومە چۆن بە سەروپۆتەڵاکی یەکێکدا دێنە خوارەوەو رەخنەی توند و تیژی لێدەگرن و لە بەردەمی ئەو کەسە خۆیشی چۆن چۆنی ماستاو و مامە حەمەیی بۆ دەکەن ئەگەر پلە و پایەی سیاسی لە خۆیان بەرزتر بێت. بڕوا بکە قسەو شتی وایان بۆ هەڵبەستبووم لە رووم نەهاتووە هەر وەڵامیشیان بدەمەوە چونکە دەمزانی کە مەبەستیان تەنها ناوزڕاندن و بێزارکردنم بوو.

بە کورتی ئەو ماوەیە خەریکی کۆکردنەوەی نامەی شەهیدان بووم کە لە زیندانەکانی بەعسدا پێش ئەوەی لە سێدارە بدرێن نووسیبوویان. مام جەلال جانتایەکی پێشکەشکردبوو بۆ پاراستنی نامەکان منیش بەوپەڕی ئەمانەتەوە نامەکانم کۆکردەوەو پاکنووسم کردن. پێش ئەوەی برۆم دامنە دەست کاك ئەرسەلان بایز. ئەوەبوو دوای رۆیشتنم بە شێوەیەکی جوان چاپکرابوو بەڵام ناوی منیان لە سەر کتێبەکە لابردبوو. ئەسڵی بیرۆکەی کۆکردنەوەی نامەکانیش بۆ کاك نەوشیروان ئەگەڕێتەوە چونکە ئەو خۆی تەکلیفی کۆکردنەوەیانی لێکردم و چەند نامەیەکیشی پێمدا وەکو هەنگاوی یەکەمی پرۆژەکە.



ئیستیقالەیەکی دوور و درێژم بۆ مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نووسی و هەر ئەو رۆژە گەیشتە دەستی مام جەلال و لە نامەیەکیشدابۆ کاك نەوشیروان کە وەك وتم ئەو کاتە بە جەولە لە شاربازێڕ بوو هەندێ موعاناتی خۆم روونکردەوەو دام بە هاوڕێیم حاکم سەردار کە نازانم دوای رۆیشتنم گەیاندبووی بە کاك نەوشیروان یا نا.

کاتێ باسی چاکە و خراپە دەکەم دەبێ دان بەوەشدا بنێم کە خۆمیش شیری خاوم خواردووەو بەشبەحاڵی خۆم خراپەم هەبووەو لای خواوە نەهاتووم.
لە ساڵی ١٩٨١ دا برای بەڕێزم کاك هەڤاڵ کوێستانی میزانیەی یەکیەتی نووسەرانی کوردستانی دا بە من چونکە نیازی جەولەی هەبوو کە چوار هەزار تومەنی ئێرانی بوو. ئەوسا دەیکردە سەد دیناری عیراقی کاتێ رۆیشتم دەبوو بمدایەتەوە بە یەکێکی دیکە بەڵام کەمتەرخەمیم لێکرد و کاتێ لە رەزائیە بووم پێشمەرگەیەك بۆ شێنێ دەگەڕایەوە ویستم لەگەڵ نامەیەکدا بینێرمەوە بۆ کاك حەمەی حەمە باقی و لەم بارەیەوە نامەیەکم بۆی نووسیبوو. ئەو برادەرە نەڕۆیشتەوە بۆ شێنێ و پارەکەی دایەوە خۆم منیش ئاکامی ئەو رەفتارەم لێك نەدایەوە بە تایبەتی کە پارەکەیش کەم بوو ئەگەر هی کاکە حەمە خۆی بووایە دڵنیام باسیشیمان نەدەکرد. ئەو رووداوە قورس بە سەر ویژدانی خۆمدا کەوتەوەو پەیوەندی بە کەم و زۆری پارەکەوە نەبوو، تەنانەت لە ساڵی ١٩٨٥ کە چوومە بارەگای یەکیەتی نووسەرانی کوردستان شەرم دایگرتم و راستیکەم نەدرکان. بە هۆی مەسەلەیەکی تریشەوە (کە ئێستا بە پێویستی نازانم باسی بکەم) تارادەیەك عینادیش گرتبوومی و دەوری هەبوو لە قسەنەکردنم.
کاتێ لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا هاتمە ئەوروپایش دڵی خۆم بۆ کاك شێرکۆ بێکەس کردەوە و وتی شتێکی وام کەوتۆتە بەر گوێ بەڵام بیر لە شتی کۆن مەکەرەوەو کاتێکی زۆری بە سەردا تێپەڕیوە. من زیاتر لە سەد ئەوەندە یارمەتیم بۆ کوردستان ناردۆتەوە بەڵام بەرامبەر ئەمەیان لە کەمتەرخەمی زیاتر هیچی دی نەبوو. چاوەڕێ بووم کە بە سەفەر چوومەوە لە نزیکەوە باسی بکەم لەگەڵ کەسانی پەیوەندیداردا و قەرەبووی بکەمەوە. بەڵام ئەو دەرفەتە رێنەکەوت و ئێستایش هەر بە قەرزی دەزانم لە ئەستۆی خۆمدا.
ناوزەنگم جێهێشت. بڕیارمدا تا ماوم کاری سیاسی نەکەم و نەچمە پاڵ هیچ حزبێکی ترەوە کە بە هۆی براکوژیەوە بواری ئەمسەر و ئەوسەرکردن بازاڕی زۆر گەرم بوو. هەروەها

بڕیاریشمدا کە ڕێزی گشت کوردێك بگرم بە بێ گوێدانە ڕێبازی سیاسی ئەو کەسە. ئێستا نزیکەی سیی ساڵ بە سەر بڕیارەکەمدا تێپەڕیوە و گفتەکەیشم بە سەربردووەو شانازی بەو هەڵویستەمەوە دەکەم تاکو ئەمڕۆ نەبوومەتە ئەندامی هیچ حزبێکیتر و ئیستیغلالی بارودۆخە سیاسیەکەم نەکردووەو خۆم ناسی کەماڵی سیاسەت نیم.

دوو سێ شەو لای هاوڕێ و برای شاعیری هەست ناسکم کاك ڕەفیق سابیر لە (نۆکان) مامەوەو ئەوان وەکو حزبی شیوعی عیراق سێ هەزار تومەن کۆمەکیان پێکردم. لەوێشەوە چووم بۆ لای کاك فەلەکەدین لە ڕاژان کە پێشتر لە بەغداوە دەمناسی. پێویستیم بە ئیجازەیەك هەبوو بچم بۆ تاران و ئێران دەست نەهێنێتە ڕێگام. لەوێ بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا چاوم بە سەرۆك مەسعود بارزانی کەوت و لە نزیکەوە قسەم لەگەڵدا کرد. کاك فەلەك زۆر حەزی دەکرد لە ڕاژان لای خۆیان بمێنمەوەو منیش بۆم روونکردەوە کە ماندووم و سیاسەتیشم پێناکرێت و ئەم شەڕی براکوژیەیش نائومێدیەکی گەورەی لا دروستکردووم و تووشی سەرلێشێوای هاتووم و بە جۆرە بازرگانیکردنێکم دەزانی کە ساڵێکە لای یەکیەتی بووم و ئەوپەڕی ڕێزم لێگیراوە و ئەمڕۆیش تەنیا سەبارەت بەوەی کە لەگەڵ چەند کەسێکدا نەگونجاوم یا تەنیا لە بەر بەرژەوەندی خۆم بچمە ناو پارتیەوە. ئەوە بوو چوومە تاران و لەوێش بۆ جاری دووەم سەردانی ڕەحمەتی مام هەژاری موکریانیم کرد لە کەرەج و شەوێك لە خزمەتیدا مامەوە. زۆر یادەوەری خۆشی بۆم گێڕایەوە. هەر لە بەغداوە مام هەژارم دەناسی. لە تاران بە یارمەتی دکتۆر شەوکەت عەقراوی کە لێپرسراوی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی بوو دیار بوو کاك فەلەکەدین ڕێنمایی کردبوو، بە ئاسانی چووم بۆ دیمەشق. لە دیمەشقیشدا کاك عەدنان موفتی زۆر یارمەتی دام و ڕۆژانە دەمبینی و دەچووینە قاوەخانەی قەندیل و لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسماندا دادەنیشتین. خواردنەوەو بەدمەستیەکەم بۆ کاك عەدنان ببووە گرفت. هەرچەندی ئەو و کاك عادل مراد هەوڵیان دەدا بێ سوود بوو. چەند جارێکیش لەگەڵ کاك کەمال کەرکوکی و کاك ئازاد بەرواریدا دانیشتین. کە لە رایات زیندانی کرابووم کاك ئازاد ئەوسا ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە بوو بەڵام لە دیمەشق بووین بە هاوڕێ. کاك کەمال کەرکوکیش کە هاوڕێی کاتی قوتابخانەم بوو درێغی نەکرد لە یارمەتیدانم و کارێکی وایکرد ئەگەر چووم بۆ ئەڵمانیا لەوێ برادەرەکانی مشوورم بخۆن و هەروایش دەرچوو. ئەوەبوو کاك عەدنان موفتی هەموو ئەرك پێویستیەکانی سەفەری ئەڵمانیای بۆم جێبەجێکرد و تەنانەت



تا سواری فڕۆکەی کردم لە دیمەشق لێم جودا نەبۆوە. ڕێکەوتی قەدەری کوردیش وابوو ئەو دوو زاتە ببن بە سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان. بە راستی تا ماوم ڕێزم بۆیان هەیە چونکە هیچ مەبەست و مەرامێکی سیاسی یا بەرژەوەندی تایبەتیان نەبوو لە یارمەتیدانم بێجگە لە پیاوەتی و دڵسۆزی. چاکیش دەیانزانی کە باوەڕم بە هیچ نەماوەو بۆ ئەوەیش پشتگیریان لێنەکردووم تا بچمە ڕیزی حزبەکانیان چونکە ئەوسا کاك عەدنان حسك بوو کاك کەمالیش هەر لە تەمەنی گەنجیەوە لە ریزەکانی پارتیدا بە دڵسۆزی و بێدەنگی خەباتی دەکرد.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ دا گەیشتمە بەرلینی رۆژئاوا و ئەمجارەیان مەستی و خواردنەوەم بوو بە هۆی سەریەشە بۆ بەڕێزان دکتۆر کەمال فوئاد و کاك سەلاح ڕەشید کە دڵسۆزانە هەوڵیان دەدا لە مەشرووب دووربکەومەوەو خوو بدەمە نووسین و خوێندنەوە ئەمیش وەك هەوڵەکانی لەوەبەر هیچ کەڵکی نەبوو. چیم دەهاتەدەست دەمدا بە جگەرەو مەشرووب. بەڕێز کاك کەمال هەوڵێکی بە دەستەوەبوو بچم بۆ مەکتەبی یەکیەتی لە لیبیا، یەك دوو جارێکیش وەك خۆی باسیکرد لەگەڵ سەفارەتی لیبیادا قسەی کردبوو خۆمیش حەزم دەکرد چونکە لەوێ مەشرووب قەدەغەبوو ڕەنگە لەبیرم نەمایەو لە جیاتی ئەوە بە شتی سوودبەخشەوە خەریك بوومایە. خواردنەوە لە رادەبەدەرەکەم ئەنجامێکی راستەوخۆی بێهوودەییم بوو. بە راستی بۆم بووبوە گرفتێکی گەورە لە ژیاندا. هەوڵەکەی لیبیا سەری نەگرت و دوای ماوەیەك لە بەرلین نەقڵ کرام بۆ شارۆچکەیەکی ئەڵمانی لەسەر سنووری فەرەنسا. زۆر بە کولەمەرگی و کوێرەوەری ژیانم بە سەردەبرد چونکە ئیقامەم نەبوو. ئەوەبوو لە عافواتەکەی ساڵی ١٩٨٣ دا خەڵکێکی زۆر گەڕانەوە بۆ عیراق و منیش گەڕامەوە. بەر لە گەڕانەوەیشم تەلەفۆنم بۆ دکتۆر کەمال فوئاد و کاك سەلاح ڕەشید کرد، تێم گەیاندن کە من رووخاوم و بۆ عیراق دەڕۆمەوە. کاتێ هاتمەوە گەرمەی مفاوەزاتی یەکیەتی بوو لەگەڵ رژێمدا هەندێ لە هاوڕێکانی شاخم لە ناوشاردا بینی.

بوومەوە بە عەسکەرو ئەوچەند ساڵەی لە عیراقدا مامەوە بە بەردەوامی رووخابووم و لەشکستییەك رزگارم نەدەبوو دەکەوتمە ناوشکستییەکی گەورەترەوە. هەر لە منداڵیمەوە تا ئێستایش نە ماستاوم بۆ هیچ حزبێك کردووەو نە لە ژیانیشمدا تەنازولم بۆ هیچ کەس و سەرکردەیەك کردووە. ڕەنگە ئارەزووی ژیان باجی گەورەی بە سەرما فەرز کردبێت بەڵام هەرگیز

زیانم بۆ هیچ زیندەوەرێکی ئەم سەرزەمینە نەبووەو ئەگەر مێروولەیەك بکەوێتە ژێر پێمەوە ئازارم دەدات. جارێك لە سوید خەریك بوو سەیارەکەی دەستم قلْپ بێتەوە چونکە بۆقێك لە چەقی جادەکەدا گرمۆڵەی کردبوو بەڵام توانیم خۆمی لێ لابدەم و نەیشێلم. بێجگە لە قسەو تووڕەبوونی ئەو کاتانەی مەست دەبووم ئەگینا ئەگەر جارێك لە جاران بە گرژی دڵی یەکێکم یەشاندبێت دەیانجار بەتوندوتیژی سەرزەنشتی خۆم کردووە. من هەرگیز ڕەق نەبووم بەرامبەر بە ژیان بەڵام ژیان تاکو ئەم لەحزەیەش هەر ڕەق و توندوتیژە لەگەڵ مندا. ئەو چەند ساڵەی نێوان ١٩٨٣ تا ١٩٩١ بوومە هۆی ناڕەحەتیەکی زۆر بۆ هەموو کەسو کارم بە تایبەتی مناڵەکانی خۆم و دایکیان و براکەم وخوشکەکانم و خزمەکانم. ژیانی ئەو قۆناغەم لە چەند تراژیدیایەکی سامناك پێکهاتبوو:- عەسکەری، فیراری و خۆشاردنەوە، مەستی و بێهوودەیی و نائومێدی، زیندان لەدوای زیندان (بە هۆی فیراریەوە نەك سیاسەت). بڕوام پێبکەن ئێستایش تۆقم چووە لە وشەی عیراق و هەر کەسێکیتر بووایە لە جێگای مندا چەند کتێبێکی لەو بارەیەوە دەنووسیەوە. پێم سەیرە هێشتا ماوم و دەژیم. لاموایە کە ئەم ژیانە بە گشتی نهێنیەکی ئاڵۆز و ئێجگار زلی بە خۆیەوە گرتووە بەڵام شانە و خانەکانی مۆخی من زەفەریان پێنابات. پێموایە کە بوون بە گشتی واتایەکی زۆر فراوانتری هەیە لەوەی کە من تێیگەیشتووم و هیوادارم ڕۆژێك بێت لێی تێبگەم. لێرەوە بەفری بێهوودەیی بە سەر شاخی نائومێدیمدا کەڵەکەی کردووە و هەر ساڵێکی تەمەنم بۆتە باڵەخانەیەکی مەیبیو. تا دێ پڕوپووچی و بێمانایی تەمی ئەستوورتر لە ئاسمانی بەها پیرۆزەکاندا دەخولقێنن. ئەو بەفرە مەیبیوە تا دێ ڕەقتر دەبێت و وەك پۆڵای لێهاتووە. ئەگەرچی لەم شەوەزەنگەدا هیچ تروسکەیەکیش بەدی نەکەم، هێشتا تروسکە خەمگینەکەی ناخی خۆم ڕۆشنترە لە حەقیقەتە ڕەش و ساختەو کارتۆنیەکانی دەوروبەرم. ئەمڕۆ باوی ئایدۆلۆژیای پارە و بەرژەوەندی سیاسیە کە لە ڕاستیدا بەرژەوەندی بازرگانیە نەك ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەڕ و نەشونماکردن و بەرەو پێشەوەچوون. ئەڵبەتە هەر ئەوەیشە وایکردووە بوارە کۆمەڵایەتیەکان پڕبن لە سەقەتی و کەموکوڕی و دەردو بەڵا و تەڵەکەبازی. تەنانەت دۆستایەتیش وەکو جاران نەماوە و ئەویش بۆتە بەرژەوەندی و پارە و دەستکەوت.

ئێمەی مرۆڤ تواناکانمان بێژمارەن. کاتێ بیر لەوە دەکەمەوە کە تا ئێستا بەم هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەشەوە یەك لە سەر دە هەزاری ئەو توانایە بەکارهاتووە واقم وڕدەمێنێت کە بیر لە سەد — دووسەد ساڵی داهاتوو دەکەمەوە. ئاخر ئەم هەموو تەکنیك و بەزم و ڕەزمە



ئینجا ئەنجامی بەکارهێنانی یەك لە سەر دەهەزاری سەرجەمی تواناشاراوەکانی ترە. بێگومان پێنج هەستەکەی ئینسان لەگەڵ ڕۆژگاردا پیر و پەککەوتە و لاواز دەبن. ئەوەی کە پیربوونی بۆ نییە ئەقڵ و زیرەکیە. ئەگەر تەمەنی مرۆڤ بگاتە سەد ساڵیش هێشتا زیاتر لە سەد بلیۆن خانەی زیندوو لە ناو مێشکیدا بە زیندوێتی دەمێنێ. بەڵام کاتێ مرۆڤ تەمەنی حەوت مانگانە لە ناو سگی دایکیدا زیاتر لە پێنج سەد بلیۆن خانەی عەقڵیی لە مێشکیدا هەن. نهێنی مرۆڤایەتی پەیوەندی بەو ژمارەیەوە هەیە واتە یەك لە سەر دە هەزار.

شۆڕشی تەکنەلۆژی هەمووی چەند ساڵێکە ئەم گۆڕانکاریەی بە سەردا هاتووە. خەیاڵ دەمباتەوە بۆ شاری نهێنیەکان و بیر لە ئەسحابولکەهف دەکەمەوە. بیر لە هەوڵەکانی مەیاندنی مرۆڤ دەکەمەوە. بیر لەو موختەبەرە گرنگەی ئەمریکا دەکەمەوە لە کالیفۆرنیا کە چەندین پرۆفیسۆر کاری تیادا دەکەن بۆ درێژکردنەی تەمەن و لە قورئانیشدا نووسراوە کە تەمەنی حەزرەتی نوح زیاتر لە نۆسەد ساڵ بووە.. لە هەشتاکاندا بە ناوی (گرێ کوێرەی مەرگ) ەوە چیرۆکێکم لە گۆڤاری کارواندا بڵاوکردەوە کە پاشان ئەو چیرۆکە وەرگێڕدرا بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. تیایدا باس لە مەیاندنی مرۆڤ دەکەم لە پاشەڕۆژدا. ڕۆژێك دێت کە مرۆڤ جیاوازیەکی بنەڕەتی دەبێت لەگەڵ ئێستادا. ئێستا دەبێتە توحفەیەکی فۆلکلۆری و ڕەنگە لە مۆزەخانەکانیشدا جێگای نەبێتەوە.

نالێم وەك جیاوازی نێوان ئێمەو مرۆڤی نیاندرتال بەڵام شتێکی لەو بابەتە. ڕەنگە ئەو ڕۆژەیش دوو سەد ساڵیتر نەخایەنێت چونکە زانست تازە بە تازە ڕێگای ڕاستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوەو تۆ بڕوانە مۆبایلەکەی دەستی خۆت و بیربکەرەوە ئایا پاش بیست ساڵیتر نابێتە توحفە؟؟ ئەی دەبێ چ جۆرە مۆبایلێك جێگەی بگرێتەوە؟ ئەدی بیست ساڵ بەر لە ئێستا شتێك هەبوو پێی بڵێن مۆبایل؟

نازانم چەند ساڵێتر دەژیم بەڵام دەزانم تەمەنم گەیشتۆتە سەرەوەی پەنجاوچوار ساڵ و فریای هیچ ناکەوم. فریای نووسین ناکەوم وەك خۆم دەمەوێ. فریای خوێندنەوە ناکەوم وەك خۆم مەبەستمە. فریای دەوڵەمەندی ناکەوم وەك هەندێ کردوویانەتە خەون و خەیاڵی ڕۆژانەیان. لەگەڵ شاعیر و ڕۆمان نووسی ناسراوی سویدی (پەر لاگەرکڤیست) دا بەردەوام دەڵێم (تەواو.. هەموو شتێك تەواو... تەواو) وەك چەن جارێك ئەوەی لەڕۆمانی (کورتە بنە) دا دووپات کردۆتەوە. لای نووسەرێکی هاوچەرخ و گەورەی سویدی (نیکلاس ڕۆدستروێم) کە ئێستا لە ستۆکهۆڵم دەژی و چەند ڕۆمانێکی جوانی نووسیوە کۆتایی هاتنەکە بە جۆرێکیتر ڕەنگی داوەتەوە

(پەلەمە زۆر پەلەمە... فریای هیچ ناکەوم) منیش بەردەوام پەلەمە و کاتم کەمە و فریای هیچیش ناکەوم. پێموایە بەشی خۆمان بە زیادەوە نووسەر و شاعیرمان هەن و ئەگەر کورد لە زۆر لایەنەوە کەم و کورِی هەبێت لە روی شیعرەوە نییەتی بگرە تووشی توخمە و قەڵەوی هاتووە. رەنگە لە ناو میللەتەکانی دنیادا رەقەم قیاسیمان هەبێت لە شیعر و نووسین و گۆڤار و رۆژنامە و وێبسایتی ئەلیکترۆنی. بۆیە دەرکەوتن یا دیارنەبوونی ئێمە چ بۆشاییەکی ئەوتۆ دروست ناکات، برِوا بکە لەم فرِکان فرِکان و تەکان تەکانەی ئەمرِۆی کوردستان هەر کەسەو خەریکی خۆیەتی هێشتا ئەوانیش پەلەیانە و فریا ناکەون. مادده و مەجد بوونەتە دوو کۆڵەکەی بنەرِەتی هەڵویستەکان و پەیوەندیەکان. مەجد بریتیە لە گەرِان بە دوای مرید و لایەنگردا لە رێگای ئەوانیشەوە ناوبانگ و دەسەڵات و مێژوو. جۆرە تەمسیلکردنێکی ئاشکراو رووتە. مەجد ئەوەیە تۆ خۆت بیرێکت هەیە بەڵام بۆ ئەوەی مێژووەکەت تۆزێ قەڵەوتر بێت بە جۆرێکی تر هەڵسوکەوت بکەیت. زۆریی شیعر و نووسینی ئەدەبیش نیشانەی پێشکەوتن نییە ئەگەر شایەدحاڵی نەگبەتی و دواکەوتن نەبێت. شێخ رەزای رەحمەتی لە سەردەمێکدا ژیاوە بە قەد پەنجەکانی دەست شاعیری تیا هەڵنەکەوتبوو کەچی هێشتا بە لای ئەوەوە زۆر بوون و لە داخاندا بەیتە بەناوبانگەکەی (چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا) ی فەرمووە. کورد ئەوەندەی شاعیر و نووسەری هەیە خوێنەری نییە. ئەوپەرِی دواکەوتنیش لەوەدایە کە ژمارەی نووسەران و شاعیران لە ژمارەی (خوێنەری راستەقینە) زیاتر بێت.
لە هەموو ژیانمدا نەمزانیوە دەوڵەمەندی چییە و هەرگیز دەوڵەمەندیم بە خۆمەوە نەدیوە، تازە بە تازەیش نایبینم و مەبەستیشم نییە. هەر بتوانم قەرزنەکەم و پێویستیە سەرەکیەکانم دابین بکەم بە لای خۆمەوە لووتکەی دەوڵەمەندیە. رۆژێ لە رۆژان خاوەنی پلە و پایە و دەسەڵات و وەزیفەی گەورە نەبووم و مەبەستیشم نییە. ئەوەی من بە دوایا وێڵم و پێی ناگەم و تێی ناگەم نە پارەیە و نە دەسەڵاتە، بەڵکو تەنها حەقیقەتە. من بەخیلیم بە هەژارێکدا دێتەوە کە رەنگە خواردنی بەیانی نەبێت بەڵام قەناعەتێکی گەورەی لا دروست بووە دەربارەی ژیان و مردن کە هەرگیز ئەو بەخیلیەم بە ملیۆنێرێکدا نەهاتۆتەوە. زۆر جاریش دەرفەتی دەوڵەمەندبوونم بۆ رەخساوە و پشتگوێم خستووە بەڵام بە میوانی و رێبواریش حەقیقەت رێگای نەکەوتۆتە ماڵەکەم. حەقیقەت زاراوەیەکی داتاشراوە لە ناو فەرهەنگەکانی زماندا لەملاولا دەکەوێتە بەرچاوم. خۆشەویستیەکی کوشندەیە بەڵام نازانم سەچاوەکەی لە کوێوە هەڵدەقوڵێتو لە مردن بەولاوە بەرەو کوێی ترم دەبات.



ئەگەر بێئەندازە برسیت بێت و لە پرِێکدا بتبەنە بەردەم مێزێکی گەورەی پرِاوپرِ لە هەموو جۆرە خواردنێکی خۆش ئایا لە سەرەتادا دەست بۆ چ خواردەمەنیەك درێژ دەکەیت؟
ئەی ئەگەر ساڵگارێکی دوور و درێژ چاوت بە ژن نەکەوتبێت و لە پرِێکدا رووبەرِووی هەزار ژنی یەك لە یەك جوانتر و ناسکترت بکەنەوە و پێت بڵێن فەرموو ئایا کامیان هەڵدەبژێریت؟
حەقیقەت لە ملیارەها گەردیلە پێکهاتووە و تەمەنی مرۆڤیش فریای دە گەردیلە ناکەوێت. ئاخر بۆ نموونە ئەگەر کلیلی بانقێکی گەورەت بدەنێ و لە هەمان کاتیشدا ئاگادارت بکەنەوە کە بۆ رۆژی دوایی ئەمریت فریای چی ئەکەویت و ئارەزووی ئەنجامدانی چیت دەبێت. قەناعەت و ترس دوو شتی جیاوازن بەڵام زۆریش لەوانەی کە لە رێگای دینەوە کێشەکانیان چارسەر کردووە ترس قەناعەتی بە سەردا سەپاندوون نەك حەقیقەت.

پرسیار:- لە کاتێکدا خۆت باسی ئەم وردەکارییانە دەکەی کە وەك دەڵێی ئەگەر باسیان نەکەیت نە مێژوو، نە خەڵك هیچی لێنازانن. تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لە ناو خەڵکیدا باسدەکرێن و بوونەتە ماڵ بە سەرتەوە.. باشە لە ساڵی ١٩٨٣ دا کە بەو بارە دەروونیەوە بۆ عیراق هاتیتەوە و بارو دۆخی جەنگێکی کوشندە هەموو ئەو وڵاتەی گرتبووەوە تا چ رادەیەك کاریگەری بە سەر تۆوە هەبوو؟

وەڵام:- برام نووسەر هەیە بە چەند کتێبێك باس لەبیرەوەری و تاقیکردنەکانی ژیانی دەکات و وەك وتم ئەمە یەکەم جارە من دەرگای ژیانی خۆم بکەمەوە. لەمەیشدا نە چاوەرِێی ئافەرین دەکەم و نە لە رەخنە دەترسێم. تۆ دڵی هەموو خەڵکیت پێ رازی ناکرێت.

بارە دەروونیەکەم لە ئەڵمانیادا گەیشتبووە رادەی بیرکردنەوە لە خۆکوشتن بۆیە هەر گەرِانەوەکەم پێ باشتر بوو. کاریگەری و رەنگدانەوەی زۆر بەهێزتر بوو لەوەی خۆم بۆیچووبووم. بۆ نەگبەتی خەڵکەکەش برِوایان نەدەکرد لەو بارو دۆخەدا یەکێك لە ئەڵمانیاوە بۆ عیراق بگەرِێتەوە. کاکە وەك وتم بۆ شارۆچکەیەك نەقڵ کرابووم لە سەرەتادا ژوورێکم هەبوو خۆم خواردنم ئامادە دەکرد. پاشان عەقدی ژوورەکە تەواو بوو لە خۆشترین ئوتێلی شارۆچکەکەدا ژوورێکیان بۆم گرت کە قەدەغەبوو تەباخ یا هیتەر بە کاربێنم ئەگەر ئارەزووی پیاڵە چایەکم بکردایە دەبوو لە رستوورانتی ئوتێلەکە بیکرِم. لەو حاڵەتەیشا پارەی مانگێك بەرگەی چوار

پێنج رۆژی نەدەگرت. لە بری ئەو پارە کەمەیش رۆژانە کاری قورسیان پێدەکردم. چەندینجار بەیانیان بە برسێتی دەچووم بۆ کار و کە دەگەڕامەوە شتێکی وام نەبوو بیخۆم. وەك ئەوە بوو پیاو لە زیندانێکی زێڕیندا بژیت بەڵام زیندان هەر زیندانە ئەگەر زێڕ بێت یا ئاسن. پێشتر کە لە بەرلین بووم لە کەمپدا بووم و خواردنەکە مەزموون بوو. کە لە ژوورەکەیشدا بە تەنیا دەژیام خۆم خواردنم ساز دەکرد بەڵام کە بۆ ئوتێلەکە گوێزرامەوە دەبوو سێ ژەمە لە دەرەوە نان بخۆم و یەك دوو مانگم بەو شێوەیە گوزەراند و رۆژانە دەچوومە سەر شارەوانی و دەیانگوت چارمان نییەو ژوورمان دەست ناکەوێت. کاتێ گەڕامەوە هەندێك دەیانگوت ئەمە تەکتیکە و کار بۆ رژێم دەکات. حای.. چۆن خەڵك لە ئەڵمانیاوە بۆ عیراق دەگەڕێتەوە. دەیانگوت مەستیەکەیشی هەر تاکتیکە. بەو حیسابە دەبوو من بکرێم بە سەرۆکی موخابەراتی کوردی یا پارێزگاری شارێك یا هەر هیچ نەبێت بەڕێوەبەرێکی گشتی چونکە شەهادەی قانوونم هەبوو هەروەها عەرەبییەکەم لە کوردیەکەم باشتر بوو تا رادەیەك ئینگلیزیشم دەزانی، ئیتر چ پێویستیەکم بە تەکتیك هەبوو. ئەو هەموو رێز و خۆشەویستیەی لە لایەن لێپرسراوانی حزبە کوردیەکانەوە هەمبوو نەیانتوانی فێری سیاسەت و ئیستیقرارم بکەن و بەرژەوەندی خۆم بپارێزم دەبێ چۆن چۆنی و بە چ قانونێکی ماددی و مەعنەوی بەعس بتوانێ بمخاتە ژێر رەشماڵە تاریکەکەی خۆیەوە. خۆم رووخابووم و تەواو. هیچ کاتێکیش لە ژیانمدا چاوم نەبڕیوەتە تەماح و دەوڵەمەندی یا پلەوپایەو دەسەڵات. بە راستی ئەگەر ئەو کاتانە یەکێکی وەکو من ببوایەتە پیاوی رژێم هەرچیەکی مەبەست بووایە بۆی دەکرا.

ئاخر من چیم لەوانە کەمتر بوو کە دەکرانە بەڕێوەری گشتی یا ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنە کارتۆنیەکەی بە ناو ناوچەی ئۆتۆنۆمی. هەر دوور مەڕۆ وەك هەندێ هاوڕێی زانکۆم لە ترسی سەربازی و فیراری بە حوکمی شەهادەکەم تگوعم دەکرد و یەکسەر روتبەی نەقیبی حقوقیم وەردەگرت. لە ساڵی ١٩٨٥ دا بە رەنجی شان و ئارەقەی ناوچەوانی خۆم لە تاقیکردنەوەی مەعهەدی قەزائی دەرچووم. ئەگەر وەرگیرامایە پاش دوو ساڵ خوێندن دەبووم بە موددەعی عام یا حاکم بەوەش رزگارم دەبوو لە کوێرەوەریەکانی سەربازی و فیراری. بەڵام کاتێ موقابەلەی وەزیری عەدلی ئەوسام کرد کە لە زانکۆدا مامۆستای خۆمبوو بە ئاشکرا وتی تۆ وەرنەگیراوی چونکە حزبی نیت و بڕیارێك لە ساڵی ١٩٨٤ لە قیادەوە دەرچووە هەر حقوقیەك حزبی نەبێت لە مەعهەدی قەزائی وەرناگیرێت.



حەمە پیروز رۆستەم مامۆستای زمانی ئینگلیزیم بوو. پاشان بە مراسەلە قانونی خوێندو ساڵێك دوای من شەهادەی قانونی وەرگرت. چونکە بە راستی لەگەڵ بەعسدا بوو چی بۆ نەکرا. بەعس رژێمێك بوو چاك دەیزانی کێ لە دڵەوە لەگەڵیاندایە، کێش بۆ بەرژەوەندی و پارەیە، کێش لە ترسی گرتن و کوشتن نابەدڵی هەندێ تەنازولی بۆ کردوون و کێش بە زەبری شەق دەیکات. مەگەر ئەوانەی شانسیان هەبوو لە سەربازی عەفوکرابوون یا ناویان لە ناواندا نەبووە ئەگینا ژیانی هەشتاکان لە کەرکوکدا ئاسان نەبوو.

کاتێ لە ساڵی ١٩٨٣ دا بۆ عیراق گەڕامەوە سێ رێگام لە بەردەمبوو. یا دەبوو ببم بە بەعسی و ئەوسا لە جیاتی سەربازی لە دەزگایەکی رۆشنبیری و راگەیاندندا کاربکەم کە ئەوەیان مەحاڵ بوو. یا ئەو کاتە جاشی خەفیفە هەبوو ناوی خۆت قەید دەکرد و کاریان بە سەرتەوە نەبوو. یا دەبوو سەربازی بکەم ئەویش دەمزانی کە بڕیارێکی وەزارەتی بەرگری هەبوو بە نیسبەت هەموو ئەو سەربازانەی لە دەرەوە گەڕاونەتەوە بە بێ گوێدانە ئینتیمای نەتەوایەتیان دەخرانە ژێرچاودێری ئیستیخباراتی گشتیەوە تا لە سوپا تەسریح دەکرێن. ئەمیانم هەڵبژارد و سەرەڕای هەموو مەترسیەك بووم بە سەرباز. لەگەڵ برای بەڕێزم کاك عبدالرحمن مستەفا پێکەوە لە رانیە سەرباز بووین چونکە لە سەردەمی زانکۆوە هاوڕێم بوو لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکانم بوو لە سەربازیدا دڵی خۆم بۆی دەکردەوە چۆن بە هۆی کۆنترۆڵەکەی ئیستیخباراتەوە تەنانەت بۆم نەبوو لە قەڵەمی وەحدە سەربازیەکەشدا کار بکەم. زۆربەی سەربازە حقوقیەکان بە بێ ئەوەی کە بەعسیش بن یا لە دایرەی قانونی یا لە دادگای سەربازی کاریان دەکرد بەڵام بۆ من قەدەغە بوو. ئەو خۆی هەوڵی بۆ دام نەقڵی دایرە قانونیەکەی لای ئەوان بم بەڵام ئامرەکەیان نەیوێرا و قبوڵی نەکرد. تەنیا یەکجار بۆ چەند مانگێك لە دادگای سەربازی جێگەم کرایەوە کاتێ کونیەکەم بە دوای خۆمدا هات یەکسەر لە فەیلەقەوە ئەمری نەقڵم بۆ بەسرا دەرچوو. رێکەوتێکی سەیریش بوو کاك عبدالرحمان مستەفایان خستبووە شوێنەکەی من تا لە سوپا تەسریحکرا لەوێ مایەوە. ئەویش سەربازێکی ئاسایی بوو چونکە بەعسی نەبوو.

وەك وتم لە تەمەنێکی زوودا کەوتمە دونیای خوێندنەوەو ئاشنایەتیم لەگەڵ بەرهەمی نووسەرە گەورەکاندا پەیداکردووە، بەشی خۆم بە زیادەوە لە (نازانمەکەی) سوکرات تێگەیشتووم. گرفتی هەرە گەورەی ژیانم لەوەدا رەنگی داوەتەوە کە نەمتوانیوە (مونتەمی) بم. لە سەرەتای

حەفتاکاندا کە کتێبەکانی کامۆ و سارتەرو کۆلن ویلسۆنم دەخوێندەوە زۆر لێمەوە نزیکبوون. بە هەندێ لایەنی ژیانی ئیدگار ئالان پۆدا چوومەتەوە خۆمم تیادا دۆزیوەتەوە، لە حەفتاکانداچەند جارێك لە سەر (پۆ) م نووسیوە و پاش تێپەڕبوونی نزیکەی چل ساڵ بە سەر ئەو نووسینانەمدا ئێستایش بیروبۆچوونم دەربارەی ژیان نەگۆڕاوە و لەگەڵ فلادیمێرو ستراگۆن، لە ژێر درەختەکەی (بیکیت) دا چاوەڕوانی گۆدۆ دەکەم. هێشتا گۆدۆ بە ڕێگاوەیە و نەگەیشتووە.
گرفتەکە لەوەدابوو کە نەمتدەتوانی بچمە ریزی هیچ حزبێکەوە یا ببم بە هەواداری هیچ حزبێك بۆ یەکێکی وەکو منیش ژیان لە کەرکوکدا تا بڵێی قورس و پڕ لە مەترسی بوو.

جارێك دایکی منداڵەکانم کە ئێستا ئەویش لەسویدە و ساڵەهایەکە بە یەکەوە ناژین لە ١٩٨٧ دا بانگکرا بۆ مونەزەمەکەی رەحیماوا. وەرەقەی تەعەهودیان بەویش ئیمزا کرد کە ئەگەر هەستی بەوە کرد جموجوولێکی دژ بە رژێمم هەبێت و خەبەر نەدات گەورەترین سزای دەدەن. چەندینجاریش لە سەر من بۆ دایرەی ئەمن بانگ کرابوو. ئەو مونەزەمەیە ژنێکیکیان تەرخان کردبوو بۆ مراقەبەکردنم کە ناوی رەفیقە (رجاء صادق) بوو پلەی ئەندامی فرقەی هەبوو مێردەکەیشی عەقید بوو لە فەیلەقی یەکدا. چەند جارێك کە بە ئیجازەی عەسکەریش دەچوومەوە بۆ ماڵ هەڵێدەکوتایە سەرم و بە مەهانەی فیراریەوە بۆ ئینزیباتخانە پەلکێشی دەکردم، دەیگوت ئیجازەکەت تەزویرە. مەسەلەکەیش ئەوەبوو مەلەفەکەی ١٩٧٤ کەوتبووە بەر دەستی رجاو صادق و بە ئاشکرا گومانی لێم دەکرد. جارێك کۆمەڵێ ئینزیباتی دابووە شوێنی خۆی بۆ گرتنم هات. دایکی منداڵەکان پێی وت ئاخر چیکردووە وا عەسکەری دەکات ئیتر بۆ دەیگرن؟ ئەویش وتی : سەلام خۆی بە زیرەك دەزانێت بەڵام دەبێ لەوە دڵنیای بکەم کە حزب و ئەمن و ئیستیخبارات لەو زیرەکترن، مەحاڵە ڕێگای پێبدەین لە پشتەوە تەقەمان لێبکات.

شەوێکیتر مفەوەز خالیدی (نەجدە) کە ئەندامی فرقە حزبیەکەی رەحیماوا بوو بە مەفرەزەیەکەوە هەڵیکوتابووە سەر ماڵەکەمان، ئەوسا هیوای برام و رووناکی خوشکم لەگەڵ ئێمەدابوون، خۆمیش لە عەسکەری بووم. وای باسیانکرد ماڵەکەیان دابووە سەر یەکدا گوایە بۆ



دەمانچەو ئیجازەی تەزویر دەگەڕێن. من لە هەموو ژیانمدا هیچ جۆرە چەکێکم نەبووەو بەکارنەهێناوە تەنانەت لە عەسکەریشدا بە هۆی قۆڵمەوە (غیر مسلح) بووم. بەڵام هەندێ ئیجازەی بەتاڵیان دۆزیبووەوە لایان وابوو فەتحی قەڵای خەیبەریان کردووە. ئەو شەوە بوو کە بۆ بەیانیەکەی شانزە فیرار لە یاریگای ئیدارەی محەلی کەرکوك رەمی کران و لە ناویاندا باوك و کوڕێکی عەرەب هەبوون بە تەنیشت یەکەوە بە پێوە بەسرابوونەوە. لەو رۆژەدا تەنانەت منداڵانی رەوزەشیان بردبووە ئەوێ تا لە کاتی رەمی کردندا چەپڵە لێبدەن.
ئەم بارو دۆخەی ژیانم لە کەرکوك بە جۆرێك سەغڵەتی کردبووم کە ئەگەر نیازی مانەوەم هەبێت بە بێ تەنازولکردن ئەو مانەوەیە بۆ من نەدەگونجا. ویستم ماڵ بگوێزمەوە بۆ هەولێر یا سلێمانی ئەویش رێنەکەوت ئەگینا هەر کەرکوکم جێهێشتایە لە مەودای کۆنترۆڵی رەفیقە رجاو صادق و مفەوەز خالید رزگارم دەبوو. ئەو دووانە لە ڕێگای دراوسێی بەعسی و کەسانی تایبەتی خۆیان وردو درشتی ژیانی رۆژانەیان کۆنترۆڵ کردبووم. خاوەنی چوار منداڵیش بووم.هەرچەندە زۆرم لە خۆم دەکرد و ئاگرم لە ویژدانی خۆم بەردەدا دەستم کردە نووسینی فەریکە وتارو بەشداریمکرد لە پێشبڕکێی کورتە چیرۆکی قادسیەدا. نە رژێم بەو فەریکە وتارانە دڵی ئاوی دەخواردەوە، نە خۆمیش ئاسوودەبووم. ئێستایش و ئەوسایش داوای لێبووردن لە گەلەکەم و لە قەڵەمەکەم دەکەم. دەبوو ڕێگایەکیتر هەڵبژێرم نەك ئەو جۆرە تەنازولکردنە. بڕوا بفەرموون تەنانەت لەو فەریکە وتارانەشدا بۆ یەکجاریش ناوی سەددام حسێن، یا حزبی بەعس، یا قادسیە، بە ژێر قەڵەمی مندا تێنەپەڕیوە. ئەوەی نووسیومە دژی ئێران و سوریا بووە بەڵام چونکە لە راگەیاندنی عیراقدا بڵاودەکرایەوە رازی بم یا نا هەر بە نووسین بۆ قادسیە حیساب دەکرێن. هەرکەسێك نووسینێکی من شك دەبات ناوی (صدام یا بەعس یا قادسیە)ی تیادابێت بابڵاوی بکاتەوە بێجگە لە یەك جێگا ئەویش بە قەڵەمی خۆم نەنووسراوە بەڵکو خراوەتە سەری.

ساڵی **١٩٨٣** سێ وتارم نووسی و بە ناونیشانی (رژێمی سوریا و مەسەلەی کورد) لە رۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکردەوە بە هیچ جۆرێك ناوی رژێمی عیراقیم نەهێنابوو، ئەوەی من لەو سێ وتارەدا نووسیبووم قەناعەتی خۆم بوو دەربارەی بارودۆخی کورد لە سوریادا و ئێستایش هەمان بیرکردنەوەم هەیە. ئەوەی کە من بیستو پێنج ساڵ لەوەبەر دەربارەی رژێمی سوریا نووسیم ئێستا حزبە کوردیەکان هەمان بیر و بۆچوونیان هەیە. سوریا لە سەرێکەوە دانی بە

کوردا نەدەنا لە سەرێکی ترەوە یارمەتی حزبە کوردیەکانی دەدا. لەو سێ وتارەدا رۆشناییم خستبووە سەر ئەوەی کە سوریا لە خۆشەویستی کورد نییە هاوکاری حزبە کوردیەکانی دەکرد بەڵکو مەرامی تایبەتی و ستراتیژی خۆی هەبوو، لە کۆتایی بەشی سێیەمدا دوو رستەی پێوە لکێنرابوو کە بە ئاشکرا ئەوەی دەیخوێنێتەوە دیارە شێوازی نووسینەکە جیاوازەو بە زۆرداری خزێنراوەتە ئەو شوێنەوە کە پێوەندی بە مەسەلەکەوە نییە تیایدا هاتبوو کە گەلی کورد لە عیراقدا بە سەرۆکایەتی صدام حسین یەك یەك هەموو مافە رەواکانی خۆی وەرگرتووە. ئاخر من سێ لاپەڕەی هاوکاریم پڕکردۆتەوە دەربارەی کوردەکانی سوریا و رژێمی سوریا ئیتر چ عەقڵێك بەو دوو دێڕە کۆتایی بە وتارەکە هێنابوو کە منداڵیش بیخوێنێتەوە هەستی پێدەکات. ئەویش نە دەمتوانی و نە دەموێرا بڵێم نووسینی من نییەو ئیزافەیە. زۆر بە زەقیش دیارە یەکێکی تر نووسیویەتی. تەنانەت خاتوو سەرگوڵ تەیمور کە بە بڕیاری موسلیح جەلالی چاوپێکەوتنێکی کورتی لەگەڵ هەردوو یەکەمی چیرۆك و رۆماندا کرد. دەڵێم لەو چاوپێکەوتنە کورتەیشدا کە ماوەو لە ئەرشیفی هاوکاریدا پارێزراوە ناوی سەددام و قادسیە و بەعس بە هیچ جۆرێك نەهاتووەو تەنانەت موسڵیح رایسپاردبوو پرسیارێکی زیرەکانەم ئاراستە بکات ئەویش دێتەوە یادم ئەمەبوو (هۆی چییە و چی وایلێکردیت بەشداری بکەی لەم پێشبڕکێیەدا؟) وەڵامەکەم ئەوەبوو کە (هۆیەکەی بڕوای تەواومە بە دڕندایەتی رژێمی ئاخوندەکانی ئێران). بۆ دەرمانیش ناوی عیراق نەهاتووە، لەمبارەیەوە موسڵیح جەلالی بە توندو تیژی رەخنەی لێگرتم. وتی وەڵامەکەت وەك گاڵتەپێکردن وایە بەڵام تازە شتەکە بڵاوکرابۆوە. موسڵیح وتی دەبێ لە بری ئەوە شیعرێکی رێکوپێك و جوان بۆ قادسیە بنووسیت. بەڵام من لە هەموو ژیانمدا لە سەر داوای هیچ کەسێك شیعرم نەنووسیوە ئەگەر لە ناخی دڵی خۆمەوە نەبووبێت. بۆ نموونە شیعری (منیش دڵداری کەیوانم ئەی پارتی غەم) کە لە سەرەتای حەفتاکاندا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانم نووسیوە.لە رۆژنامەی برایەتیدا بڵاوکرایەوە لە کانگای دڵمەوە بووەو یەکێك بووە لە بەرهەمە جوانەکانی ساڵی ١٩٧٣، ئێستایش شانازی پێوە دەکەم. لە هەموو تاقیکردنەوەی شیعریمدا تەنیا ئەو شیعرەم هەیە بۆ حزبێك نووسرابێت و ئەویش لەوپەڕی قەناعەتەوە بووە. ئەو شیعرە لە دیوانەکەمدا نییە چونکە دەرچوونی لە رەقابە مەحاڵ بوو. هەرکەسێك بتوانێ لە ئەرشیفی برایەتی ١٩٧٣ و ١٩٧٤ دا بۆمی رەوانە بکات یا دووبارە بڵاوی بکاتەوە سوپاسی ئەکەم.



ساڵی ١٩٨٤ کە سەددام کۆمەڵێك هونەرمەند و نووسەری تەکریم کرد لە ناویاندا هەندێکیان سەیارەی بەرازیلیان بەرکەوت لە کوردەکان ئەوانەی دێنەوە یادم دکتۆر کەمال مەزهەرو شێخ ئەمین نەقشبەندی و فوئاد حسین و مەحموود زامدار و من. کۆمەڵێ نووسەر و هونەرمەندی دیار و ناسراوی تریش بە پارە تەکریمکران بڕوابکە تۆ چەند ئاگاداری چۆنیەتی تەکریمەکە هەیت منیش هەر ئەوەندەی لێدەزانم. رێك لەو کاتەی مەرسومە جمهوریەکە دەرچوو من لە ئیستیخباراتی وەحدە سەربازیەکەم لە رانیە زیندانی کرابووم. ئەوە بوو سەددام کۆبوونەوەیەکی فراوانی کردبوو لەگەڵ نووسەران و هونەرمەنداندا و هەموویان دیاریەکانیان وەرگتبوو بێجگە لە من کە بۆ کۆبوونەوەکەی سەرۆك کۆماریش نەچووم.
دیارنەبوونی من وەك پاشان بیستم ببووە هۆی ئەوەی کە وەکیلی وەزیری راگەیاندن (عبدالجبار محسن) تەلەفۆنی کردووە بۆ موسڵیح جەلالی کە ئایا هۆی چییە سەلام محەمەد نایەت دیاریەکەی وەربگرێت و ماوەیەکە مەرسوومە جمهووریەکە لای ئەو ماوەتەوە. موسڵیح جەلالی نیگەران بووە و بەو حوکمەی کە من و کاك سەلاح شوان هاوڕێیەتیەکی بەهێزمان هەبوو سۆراغی من لەو دەپرسێت، ئەویش دەڵێ ماوەیەکە هیچ دەنگی نییە بەڵام تاقیبێکی دەکەم. ئەوەبوو کاك محەمەد زەهاوی کە خەڵکی کەرکوك بوو لەو دەزگایە کاری دەکرد بە سەردان بۆ کەرکوك دەهاتەوە کاك سەلاح داوای لێکردبوو سۆراغێکم بپرسێت. ئەویش کەدەچێتە دوکانی زەڕنگەری ماڵی خەزوورم پێی دەڵێن لە ئیستیخباراتی وەحدەکەی لە رانیە حەپسکراوە. کە کاك محەمەد خەبەرەکە بۆ بەغدا دەباتەوە یەکسەر موسڵیح ئاگادار دەکرێتەوە ئەویش لە رێگای وەزارەتی راگەیاندنەوە تەلەفۆن بۆ وەحدە سەربازیەکەم دەکەن و دەسبەجێ ئازاد کرام. ئەم رووداوە چ مەهزەلەیەك بوو. یەکێك لە لایەن سەددامەوە تەکریم بکرێت و دیاریەکەی لە وەزارەتی راگەیاندن بێت و خۆیشی لە ئیستیخباراتی عەسکەری حەپس کرابێت. دیارە ئەمەش تاکتیك بووە بەرامبەر بە خودی صدام خۆی؟ دیارە لە دەزگایەکدا کارم کردووە لە سەرەوەی صدامی گۆڕ بەگۆڕیش بووە؟ کاکە گیان عیراق وابوو جیاوازی تاڵەموویەك نەبوو لە نێوان تەکریم و تەجریمدا. دوای وەرگتنی خەڵاتەکە ویژدانم ئازاری دەدام و فیرارم کردەوە. چوومە ناوچەی سورداش و شەوێکیش لە بارەگای یەکیەتی نووسەرانی کوردستان مامەوە. بۆ بەیانیەکەی وەفدێك لە برادەرانی یەکیەتی نووسەرانی کوردستان (سامی شۆڕش و محەمەد موکری و جەوهەر کرمانج و سەعدوڵلا پەرۆش) چوونە لای کاك نەوشیروان مستەفا ئەویش وتبووی ئێوە چیتان پێ باشە ئێمە وا دەکەین. تێیانگەیاندبوو کە فیرارم کردووەو کێشەیەکی

گەورەم لەگەڵ عەسکەریدا هەیە. ئەوان وەکو یەکیەتی نووسەران هیچیان لە دژی مـن نـەبوو کاك نەوشیروانیش نامەیەکی بۆ مام رۆستەم نووسی تا کـەس دەسـت نەهێنتـە رێگـام. وەکـو سەربازێکی هەڵاتوو لە سنووری تیپەکەی ئەوان دادەنیشم و یارمـەتی بـدرێم. بێگومـان دوای ئەو هەمووو نووسین و تەکریمە کە بە پێی خۆم چووم بۆ لایان دیارە ئەگـەر شـتێکیان لـە دژی من شك بردایە نە خۆم دەچوومەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردسـتان، نە ئەوانیش سڵیان لە من دەکردەوە. راستە دڵیان لێم شکابوو، قسـەی درۆ و داتاشـراویان بـە زمانی منەوە هەڵبەستبوو بۆ هەندێ سەرکردەی یەکیەتی وەك مام جەلال و کـاك نەوشـیروان. کە لە رێز بەولاوە هیچیدیم نەبووە بەرامبەریان. وەك چۆن منیش پێم گەیشـتبووەوە کـە کـاك نەوشیروان نیازی کوشتنی منی هەبووە کەچی وەختێ چوومە ئەوێ کاك نەوشیروان خۆی نامەی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە نووسی کەس رێگام لێنەگرێت. بـە داخـەوە زۆر کـەس بـۆ مـەرامی تایبەتی خۆیان یان کە رقیان لە یەکێك دەبێتەوە درۆی شاخدار و باڵداری بۆ هەڵدەبەستن. من ئەوەندەی کە پرۆپاگەندەی درۆیان بۆ کردووم چارەکی ئەوە باسی لایەنە باشەکانم نـەکراوە. لـە ساڵی ١٩٩٥ دا کە لە شاری ئوپسالا بووم لەگەڵ بـرای هونەرمەنـد کـاك عـەدنان کەریمدا پێکەوە کۆرشێکی زمانمان ئەخوێند لە دڵپاکی خۆیـەوە پێـی وتم زۆر پێویسـتە سـەردانێکی کوردستان بکەمەوە چونکە سەروەختێ کە بۆ جاری دووەم چوومەتەوە ناوچـەی سـەرکردایەتی یەکیەتی پرۆپاگەندەی ئەوەم بۆ کراوە لە لایەن رژێمەوە نێردراوم بۆ کاروباری مفاوەزات. ئەوسا چوونەکەیشم بۆ ناوچەی سورداش رێك بەو جۆرە بوو کە باسمکرد. تەنانەت کە لە سـلێمانیەوە رۆیشتم برای چیرۆکنووسی ناسراو کاك رەئووف بێگەرد بە دوو قاب عەرەقەوە بە رێیکردم. ئیتر ئەمە دونیایە و پیاو لەو رۆژگارەدا ئیعدامیش بکرایە دەیانگوت خەتای خۆیەتی. ئێمەی کورد ئەوەندەی خەریکی دەرەوەی خۆمانین و حەز بە قسەوباسی ئەم و ئەو دەکەین، ئەگـەر لـە بـری ئەوە بە خۆمانەوە خەریکبین بەو رادەیە رەفتار و گوفتارمان لـە یەکـدی دوور نەدەکەوتنـەوە و جیاواز نەدەبوون.

دوای کارەساتەکانی ئەنفال و تەسلیمبوونەوەی سەرجەمی سەربازە کوردە فیرارەکان و تەنانەت پێشمەرگەیەکی زۆریش تەسلیم بوونەوە جارێك لـە بەغـدا موسـڵیح جـەلالیم بـینی کـە بـە تووڕەییەوە قسەی دەکرد وتی :

تۆ لە سلێمانی وتووتە کە بە سەیارە تـەکریم کـراوم پـیس بـووم خێـرا خـۆم گەیاندۆتـە نـاو پێشمەرگەو غوسڵم دەرهێناوە.



بێگومان حاشام کردو کام نووسەر و شاعیرەی زۆر ئازاو خاوەن هەڵوێستی بەرز بوو نەیدەتوانی بە بەڵێ وەڵام بداتەوە چونکە موسلیح سەرەڕای ئەوەی کـە بەڕێوەبـەری گشـتی بـوو هـەروەها ئەندامی فرقەی حزبی بەعس بوو. نرخی ئەو قسەیە بریتی بوو لە کەللە سەرم. لە راستیشـدا قسەکەم کردبوو. هەرچەندە مەستیش بـووم چـاکیش دەمزانـی کـێ لـەو ئێـوارە دانیشـتنەی سلێمانیدا ئامادەبوو. ئەوەی قسەکەی گێڕابووەوە بۆ یـەکێك لـە هـەرە نزیکـەکانی موسـڵیح مەبەستی خراپ نەبووە دژی من بەڵام کە قسە کەوتە زارێ کەوتـە شـارێ. بـە پەلـە کرابـووە راپۆرت لە سەرم. باشبوو پاشان لە کەرکوك بە هۆی فیراریەوە گیرام نەك ئەو مەسەلەیە. ئـەوە دواجارم بوو کە بەغدام بینی لە ساڵی ١٩٨٨ دا. ئیتر تاکو ئەمڕۆ چاوم پێنەکەوتۆتەوە.

ئەم بەسەرهاتانە دوور و درێژن حاڵم حاڵی دەیان هەزار سەربازی فـیرار بـوو تـا راپـەڕین کـە شەرەفی ئەوەم پێبڕا لە ئـازاد کردنـی کەرکوکـدا بەشـداری بکـەم. لەگـەڵ هێزەکـەی خـەتی هەولێرەوە هاتم کە بە سەرکردایەتی کاك کۆسرەت بـوو. سـەیتەرەکەی کـەرکوك بەرگریـەکی زۆریان کرد. ئێمە سەعات حەوتی ئێوارە بوو کە چووینە ناو کەرکوکـەوە. لاشـەی پیاوەکـانی فرقە حزبیەکەی رەحیماوا لـە ناوەڕاسـتی جادەکـەدا فڕێـدرابوون. بـۆنکڕووز و بـۆنی بـاروت تێکەڵاوی یەکدی ببوون و دوکەڵ بەری ئاسمانی گرتبوو. کە چوومە ماڵی مامـە عومـەر کـە هێشتا لەوە ئاگادار نەبوون کەرکوك بە تەواوی ئازاد کـراوە بۆیـە زۆر لـە دەرگامـدا سـوودی نەبوو پاشان لای دیوارەکەوە بە هەموو هێزی خۆمەوە بانگم کردن. ئەوەبوو دەنگیان ناسیمەوەو بینیم ماڵی کۆمەڵێ خزمی تریش لـەوێن. لـە ترسـی بۆردومـانی کوێرانـەی دەبابەیـەك لـە فلکەکەی ئیخواندا هەموویان سەریان نابووە یەکەوە و جارێکیتریش بە دیداریان شـادبوومەوە. لە یەکەمین رۆژی ئازادکردنی کەرکوکدا هەموو شار گـەڕام. بـۆ یەکـەمجار چـوومە گـەڕەکی دۆمیز کە تایبەت بوو بە حزبیە گەورەکان و ئەفسەرە پلەدارەکان و هیچ ماڵـە کوردێـك لـەو گەڕەکەدا نەبوو. پێم سەیربوو کە من خەڵکی ئـەو شـارەم و نەمـدەزانی شـوێن و خـانووی وا پێشکەوتوو لە شارەکەمدا هەیە. ئەو رۆژەی کـە مـن چـووم لـە ٢٣ / ٠٣ / ١٩٩١ چـەند کەسێك بە بۆیاخی سوور و خـەتێکی گـەورە و دیـار لەقـەد دیـواری سـەرەوەی باڵەخانەیـەك نووسیبوویان (بارەگای حزبی شیوعی عیراق). پارتی و یەکیەتی زۆربـەی دەزگـا گـەورەکانیان کردبوو بە بارەگا و تەنانەت قوتابخانەکانیش کرابوونە بارەگای هەموو حزبەکان. هەر ئـەو رۆژە تێگەیشتم کە راپەڕینەکە بێ پرۆگرامە و هەر کەسە لە ئاستی خۆیەوە چی بـە چـاك دەزانـی وایدەکرد. ریزە گەلابەیەکی زۆر بۆ تالانکردن هاتبوون. حزبە کوردیەکان مشت ومڕیان بوو لـە

سەر بینایە گەورەکان تا بیکەن بە بارەگا. یەکێك لەو دیمەنانەی کاری تێکردم و دوو خزمی خۆمیشم لەگەڵدا بوون کە ئێستا لە سویدن بینیم پیاوێکی قەڵەو بە بەرچاومەوە منداڵێکی عەرەبی سێ چوارساڵانی لەسەر پاسکیلە بچووکەکەی هێنایە خوارەوە. منداڵەکە هەردوو چاوی پڕبوون لە فرمێسك. خۆم پێنەگیراو پاسکیلەکەم لە پیاوە قەڵەوەکە سەندەوە و دامەوە بە منداڵە عەرەبەکە کە بە پەلە لەگەڵ پاسکیلەکەیدا خۆی کردە حەوشەیەکەوە. ئاوڕێکی سووك و پڕ لە سۆزی لێم دایەوە دەرگاکەی داخست. پیاوەکە وتی بۆ عەرەب کەمی بە ئێمە کردووە وتم راست ئەکەی براگیان بەڵام ئەم منداڵە هیچ نازانێت و کاردانەوەی ئێمەیش نابێ بەم جۆرە بێت. مەرج نییە کە بەعس چی کردووە ئێمەیش وابین. ئاخر ئەگەر رژێمی بەعس نەك تەنیا ئەو جۆرە رەفتارە، بەڵکو هەزاران منداڵی کوردی لە ئەنفالدا بێ سەروشوێنکرد نابێ گەلی کورد هەمان شێواز و هەڵەی ئەوان دووبارە بکاتەوەو رێنمایی دەستووری (العین بالعین والسن بالسن) بکات. حزبە کوردیەکان بە هیچ جۆرێك لەو چەند رۆژەدا کۆنترۆڵی شارەکەیەن پێنەدەکرا. ئەوانەی کرابوون بە مەفرەزەی قەدەغە کردنی تالآن خۆیان لە خەڵکە ئاساییەکە زیاتریان دەخستە لاوە. گەلی کورد وەك هەمیشە زۆرلێکراو و چەوسێنراو نەدەبوو هەمان هەڵەی داگیرکەرانی دووبارە بکاتەوە. لە جیاتی شاگەشکەبوون بە سەرکەوتنی کاتیی دەبوو بیر لە پاراستن و سەقامگیرکردنی ئەو سەرکەوتنە بکرێتەوە. تەمەنی ئازادکردنی کەرکوك درێژەی نەکێشاو زۆری نەخەیاند، ئیتر کۆچ بەرەو ئێران دەستی پێکرد. چەند رۆژێك لە کۆڕەوەکەدا بە رێگاوە بووین. ئێمە هێشتا لە کۆیە بووین جەیش نزیکی تەق تەق کەوتبووەوە. لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەدا کە لە شەڕ گەڕابوونەوەو ئامر مەفرەزەکە (وەستا ئەنوەر) دەیناسیم و بە سەیارەکەی خۆیان من و منداڵەکانمی گەیاندە رانیە. پاش دەردەسەری و کوێرەوەریەکی زۆر و نزیکەی هەفتەیەك بە رێگای سەنگەسەر و حاجی ئۆمەرانەوە شەوێکی درەنگ گەیشتینە خانەو ئینجا بۆ مهاباد و لەوێ چاوم بە هەندێ برادەری نووسەر و شاعیری وەك نەوزاد رەفعەت و سەعدوڵلا پەرۆش و حەمەی حەمە باقی و قوبادی جەلیزادەو سامی شۆڕش کەوت کە لە لەندەنەوە هاتبوو. سەردانی ئیزگەی یەکیەتیم کرد لە سەقز و لەوێش چاوم کەوت بە براو هاوڕێم کاك عەباس بەدری. لە کۆچەکەوە ئیتر من نەگەڕامەوە بۆ کوردستان و عیراق. سوعادی خوشکم کە ئەوسا دە ساڵ زیاتر بوو لە سوید بوو، قاچاخچی بۆ گرتم. لە ناو ئێرانەوە بۆ تورکیا و پاش ئەوەی دوو مانگ لە ئەستەمبوڵ



مامەوە بردمیان بۆ سۆفیا لە بولگاریا و لەوێشەوە بۆ هلسنکی لە فینلەندا و دوا قۆناغیش ستۆکهۆڵم بوو لە سوید.

هەندێ لاپەڕەی ئەم بەشەم لابردووە تا سەری خوێنەر نەیەشێنم. ئەگەر تەمەن مەودابدات بۆ دەرفەتێکیتر هەڵیاندەگرم بە تایبەتی ئەو ماوەیەی لای مەسعودی ئامۆزام لە بەشی ناوخۆیی قوتابییان لە زانکۆی موسڵ خۆم شاردبووەوە و بێجگە لە برادەرە نزیکەکانی مەسعود کەس نەیدەناسیم. یا ئەو سەردەمەی کە لە ماڵی خوشکە میهرەبانەکانم سوهەیلە و پڕشنگ بووم لەگەڵۆزی و پردێ و دارەتوو یا ماڵی غەفووری پوورزام لە پردێ. چاکەی گشت لایەکم لە بەر چاوەو ماڵی هەموویان ئاوا بێت، بێگومان ئەگەر یارمەتی و کۆمەکی ئەوان نەبووایە دەمێك بوو فەوتابووم و ئەوانەی کە فریام کەوتن کەس و کارەکەی خۆم بوون و هەر خۆمیش دەزانم چۆن چۆنی لە ناو دڵیاندا دەیان شاردمەوە. ئێستایش زۆر جار ئەو یادەوەریانە بۆ یەکتری دەگێڕینەوە و کەسمان لە بیرمان نەچۆتەوە. لە رۆژی ٢٨ / ١١ / ١٩٨٩ ماڵەکەی پڕشنگیان لە پردێ لە سێ لاوە گەمارۆدرابوو (هەموو شارۆچکەی پردێ بەم رووداوەیان زانی) پاشان مەسئوولی ئەمنەکەی پردێ بە دەمانچەوە هاتە تەپڵی سەرم و بە چاوبەستراوی لە(پردێ) وە تا ناو ئەمنی کەرکوك ڕاپێچیانکردم و بە دەم رێگاوە گۆرانیەکەی کاظم الساهریان لێئەدا(عبرت الشط علي مودك). من دوو نارنجۆکی بچکۆلەم بە گوێرەی پێویست لەگەڵ خۆمدا هەڵدەگرت بۆ پاراستنی خۆم. لەو کاتەدا خۆم و شەنسم پڕشنگ لە ناو ئاردا شاردبوونیەوە و نەکەوتنە بەردەست. کە من گیرام دەسبەجێ فڕێی دابوونە ناو زێیەکەی پردێوە. ئێستایش کە باسی ئەو دوو نارنجۆکە دەکات ترس و بیم دایدەگرێت. فیراریش تەحەددایەکی گەورە بوو. مرۆڤی فیرار بۆ قوتارکردنی رۆحی خۆی بیری سەیری بە سەردا دێت و منیش لە سەردەمی گوللەبارانەکەدا نارنجۆکەکانم هەڵدەگرت تا ئەگەر گیرام و بێ ئومێدبووم بیانتەقێنمەوە. لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ بڕیاری گوللە بارانکردنی فەوریی هەڵوەشایەوەو من و پڕشنگ خستبوومانە ناو ئاردەوە تا لە فرسەتێکدا نەیانهێڵم. ئەم بەسەرهاتانە بۆ ئازایەتی ناگێڕمەوە و لەو سەردەمەدا سەربازی هەڵاتوو بۆ پاراستنی گیانی خۆی پەنای بۆ هەموو وەسیلەیەکی بەرگریکردن دەبرد. لە زیندانی سەربازیدا بە چاوی خۆم بینیومە چۆن شەوێك سێ سەربازی شیعەی هەڵاتوو پەلاماری حەرەسەکەیان دا و دەست و دەمیان توند بەستەوەو لە زیندان هەڵاتن و رزگاریشیان بوو.

ئەوە حەڤدە ساڵە لە وڵاتی سوید دەژیم. ئەو ئارامیی و ئاسوودەییەی لە کوردستان و عیراقدا چاوەڕێم دەکرد دوای چەند ساڵێك تا رادەیەك لێرە بۆم هاتە دی. ئەوەی کەسوید بۆی کردووم لە کوردستان و عیراقدا بۆم نەهاتۆتە دی. لێرە بۆ یەکەمجار بوومەتە خاوەنی پەساپۆرت و پێشتر هەرچی هەوڵێکم داوە لە عیراقدا بۆ وەرگرتنی، لە ئەنجامدا نەك هەر رەزامەندی لە سەر نەکراوە بەڵکو تووشی کێشە و لێکۆڵینەوەیش هاتووم. لێرە ئەگەر مرۆڤ خۆی لە دەرگای کەس نەدات کەس لە دەرگاکەی نادات. بێگومان چەم بێ چەقەڵ نابێت و تەنانەت لە بەهەشتیشدا مار هەبوو. لێرەیش کەسانێك هەن بە ئاشکرا رقیان لە بێگانە ئەبێتەوە، بەڵام ئەو ئاسایش و راستگۆییەی کە لێرە هەستی پێدەکەم لای خۆمان هێشتا زۆری ماوە. ئەو دیموکراتییەی لەم وڵاتەدا هەیە لە هیچ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنەی نییە. شتێك هەیە پێی دەگوترێ قانون هەموو رێزی دەگرن پاشای سوید بۆی نییە دەستوەرداتە کاروباری بچووکترین فەرمانبەرەوە. ئەگەرچی بە (سەر رەش) و (بێگانە) ناومان دەبەن، بەڵام زۆربەیان لەوە تێدەگەن بۆچی بێگانە وڵاتەکەی خۆی جێهێشتووە و ئێرەی هەڵبژاردووە. خۆم قایلم بەم چارەنووسە و سەرم سووکە. ئەوەی دەستم دەکەوێت بەشم دەکات. قۆناغی مەستیش تێپەڕی و نەما. ئەوەی کە خۆشی دەوێم هەرگیز فەرمووی مەشرووبم لێناکات و دەزانێت زیانم پێدەگەیەنێت. ئەوە چەند ساڵێکیشە ئیجازەی شۆفێریم دەرهێناوەو هیچ کێشەیەکم لەگەڵ خواردنەوەدا نەماوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا وڵات شیرینە. بە راستی عەزیز و خۆشەویستەو بیری وڵاتەکەم دەکەم. هەمیشە کوردستانم لە یادە. پارچەیەکە لە بیرکردنەوەو لێکدانەوەی رۆژانەم و لە گلێنەی چاوەکانم زیاترم خۆشدەوێت. هەرچەندە وا نزیکەی بیست ساڵە لە وڵاتەکەم دوور کەوتوومەتەوە هەر کوردانە بیر دەکەمەوە و هەمیشە هەستێکی نەتەوەیی وا دایگرتووم ئەڵێی وەك جاری جاران ماڵم لە رەحیماوایە.

مەزنترین ئاواتم ئەوەیە کە بەر لە مردنم دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی گەورە ببینم. ئەو دەرفەتە چەند جارێك لە کوردستانی باشووردا هاتۆتە پێشەوە بەڵام چەندەی خەتای دوژمنی کوردی تیادا بووە دوو ئەوەندە و زیاتریش خەتای کورد خۆی بووە کە ئەو دەوڵەتە تا ئێستایش دانەمەزراوە. نازانم بۆچی؟ تۆ بڵێی لە ئازادی خۆمان و لە سەربەستی خاکەکەمان بترسین؟



داوای لێبووردن دەکەم و دەزانم تا رادەیەك درێژەم بەم شتە تایبەتیانەی ژیانی خۆم داوە. هەموو کەسێك بەشبەحاڵی خۆی یادەوەری هەیە. بۆ من نرخ و گرنگییەکەیان تەنیا لەوەدایە کە ئەمە یەکەم دیدارە وەڵام بدەمەوە هەروەها یەکەمین سەرچاوەیشە بۆ سەرگوزەشتەی ژیان و سەردەمی منداڵی و جۆری پەروەردەبوون و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانم.

لەو شتە کۆمەڵایەتیە ناخۆشانەی دیکەیش کە بە سەرم هاتوون تازە ئینتەرنێت داهاتبوو منیش ئیێ مەیلێکم هەبوو پرسیارم لە چەند کەسێکی ناسیاو کردبوو دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی. کۆدەکەیشم پێدەدابوون ئەو کۆدە دەستاودەستی کردبوو. هەر بەو ئیێ مەیلەوە پاشان نامەی جنێویان بۆ خەڵکیتر ناردووەو چوونەتە ژوورەکانی پاڵتاکەوەو قسەی ناخۆشیان بەم و بەو وتووەو پەیوەندیان بە سایتە کوردیەکانەوە کردووە. لە پڕێکدا تەلەفۆنم بۆ کراوە ئایا هۆی چییە جنێو دەدەم، منیش حەپەساوم و واقم وڕماوە. چونکە هەرگیز کاری لەو بابەتەم نەکردووە. زۆریش رقم لە جنێودان دەبێتەوە. وەختێ ئاگادار بوومەوە کە دەتوانم کۆدەکە بگۆڕم دڵی زۆر کەسم لێ رەنجابوو. هەندێکیان بڕوایان دەهات و هەندێکی تریش بە مەستیەوە گرێیان دابوو. بەڵام ئەو کاتە خۆمیش کۆمپیوتەرم نەبوو لەماڵەوە بۆیە داوای لێبووردن لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم. من بە مەستی بە دەنگی خۆم وەك دەڵێن رووبەڕوو دڵی زۆر هاورێ و برادەری ئازیزم یەشاندووە بەڵام بە ئیێ مەیل و لە پاڵتاکدا هێرشم نەکردۆتە سەر هیچ کەسێك و رۆژنامەیك یان حزبێك.

دەربارەی نووسین و بڵاوکردنەوە سەرتاسەری ژیانم چ لە سوید یا لە عیراق وکوردستاندا تاقە دێڕێکم بە ناوی نهێنی و خواستراوەوە نەنووسیوەو بڵاونەکردۆتەوە بەڵکو یەکێکم لەوانەی کە شانازی بەو سیفەتەوە ئەکەم هەرگیز دوو ناوم نەبووە. تەنیا ئەوەندە نەبێت لە ساڵی ١٩٨٢ دا کە لەگەڵ رەحمەتی کاك فریاد محێدیندا لە شاری بەرلین سەرپەرشتی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری خوێندکارانی کوردمان دەکرد. لەو ژمارەیەدا بە ناوی رەحمەتی بشیر موشیرەوە شیعرێکم دژی صدام نووسیبوو تیایدا بۆ مێژوویش دەیڵێم و گۆڤارەکەیش ماوە پێشبینی ئەوەم کردووە کە رۆژێك دێت صدام دادگایی بکرێت. شیعرەکە هەمووی پرسیارە بۆ هەڵبژاردنی سزایەکی گونجاو بۆ دڕندەیەکی نەگونجاو، کە لە ئەنجامدا پێشنیازی ئەوەم کردبوو لە جیاتی

کوشتن و سێدارە بخرێتە قەفەزێکەوە لە باغی وەحشدا، وەك وتیشم ئەم بابەتە لە ساڵی ١٩٨٢ دا بڵاوکراوەتەوە. ڕەنگە هەبێ بپرسێت ئەمە شیعرە یا فەتاحفاڵە بەڵام حەقیقەتێکی مێژووییە و دەگونجێ بەڕێز کاك سەلاّح ڕەشید کە خۆی بەرپرسیاری یەکەمی گۆڤارەکە بوو سۆراغێکی بزانێت. دوا کۆپلەم هەر لە بیر ماوە :-

ئەی هەژارانی گەلەکەم
ئەگەر بیخەینە دەنگەوە
چ سزایەك بۆ ئەم گورگە هەڵئەبژێرن؟
بەشێك وتیان : مردن... زیندان
بەشێك وتیان : وەك ڕەفتاری خۆی، تێهەڵدان
بەشێکیتر وتیان : نەخێر
دڕندەیەك کە لە تیرەی مرۆڤ نەبێت
دەیبەینە باغی ئاژەڵان

سوپاس بۆ خودا بەر لە مردنم ئەو خەونەی لەو شیعرەدا بینیم پاش بیست ساڵ هاتە دی و لەگەڵ خۆمدا نەمبردە ژێر گڵەوە. خۆزگە لە جیاتی لەسێدارەدانی دەخرایە قەفەزی دڕندەوە. تکام وایە هەر کەسێك شیعرەکەی لایە دووبارە بڵاوی بکاتەوەو جێگای ڕێزە.
بێجگە لەو بابەتە هەرچی شتێکیترم نووسیوە ناوی خۆمی پێوەیەو تەحەددا دەکەم ئەگەر لەو ڕۆژەوەی دەستم بە نووسین کردووە تا ئەمڕۆ کەسێك یەك دێڕم نیشاندات لە هەر ڕۆژنامە یاگۆڤار یا سایتێکی ئەلیکترۆنیدا بە ناوی خوستراوەوە بڵاو کرابێتەوە. کورد ئەڵێ (کەنگر و ماست بە وادەی خۆیان). ڕەنگە بارودۆخی گرنگ و پێویست نووسەر ناچار بکات بە ناوێکی ترەوە بنووسێت هەر بۆ نموونە هەندێك لە نووسەرانی ناو شار کاتێ بابەتیان بۆ بڵاوکراوەکانی شاخ ڕەوانەکردووە ناچار بوون ناوی نهێنی بەکاربهێنن. ئەمە مافێکی ڕەوای هەموو نووسەرێکە، بەڵام من وەك پڕۆپاگەندەم بۆ کراوە هەرگیزاو هەرگیز کاری وام نەکردووەو نەکەوتوومەتە حاڵەتێکەوە پەنا بۆ ناوی خواستراو بەرم و داوایشم لێکرابێت ڕەتم کردۆتەوە. هەرچیەکم نووسیوە تەنیا بە ناوی خۆمەوە بووە.



پرسیار:- وەك من دەزانم لەو ڕۆژەوە نیشتیمانت بەجێهێشتووە ئیتر لە شیعر دابڕاویت، چی وایکرد ئاوا ساڵانێك لە شیعر دابڕێیت و لەم ساڵدا چەند شیعرێکی تازە بڵاوکەیتەوە، ئایا غوربەت هۆیەك بوو بۆ ئەوەی لە شیعر دابڕێیت و بێدەنگی هەڵبژێریت؟ ئەی بۆ نەکرا دووری نیشتیمان و حەسرەتەکانی غوربەت بنووسیتەوە؟

وەڵام:- ئەو شتانەی پێشتر باسمکردن گەواهی بۆ دابڕانەکە دەدەن. لەم پێشبڕکێی مان و نەمانەدا نەدەپەرژامە سەر شیعر نووسین. ئەو کاتانەی خۆم شاردبووەوە خەریکی نووسینەوەی ڕۆمانێك بووم بە ناوی (بۆنی هاوین بۆنی خوێن بۆنی مێخەك) چاکیش پێوەی ماندووبووم. تا ڕادەیەك شتێکی نوێ بوو. تەنیا لە یەك لایەنەوە لە یۆلیسیسەکەی جێمس جۆیس دەچوو بەوەی کات بریتیبوو لە یەك شەو بەڵام وەکو ناوەڕۆك دەربارەی شەوی میعراج بوو لە کوردستانەوە نەك لە قودسەوە. ڕەنگە ئەگەر تەواوم بکردایە ببوایەتە یەکێك لە ڕۆمانە باشەکانی ئەو سەردەمە کەچی من حەوسەڵەی زۆر خۆشاردنەوەم نەبوو بە تایبەتی کەمەست دەبووم. ئەمەیش هۆیەکی سەرەکی بوو تا چەندجارێك بگیرێم و ڕەنگە پەیوەندی بەوەشەوە هەبێت کاتێ خۆم شاردۆتەوە لەماڵی خوشك و خزمدا بووم و هەستم کردووە بوومەتە هۆی مەترسی و نیگەرانی بۆیان و ئەوانیش خاوەنی کۆمەڵێ مناڵی وردبوون، خۆت تووشی کارەساتێك بێی شتێکە بەڵام ئەگەر یەکێکیتر بە هۆی تۆوە تووشی ئەو کارەساتە بێت موسیبەتە. بە تایبەتی کە ئەو ماوانە فیراریەکەم چەند مانگێك درێژەی دەکێشا. ئیتر داویەتی لە کەللەم و خۆم مەست کردووەو چوومەتە دەرەوە. لە کاتی مەستیشدا پیاو خۆی ئازاتر و بێدەربەستتر دێتە بەرچاو وەك لە حاڵەتی هۆشیاریدا بەڵام بۆ بەیانیەکەی دەبینێ وەزنی گرفتەکانی یەك دوو کیلۆ قورستر بوون. کورد واتەنی چیدەبێت با ببێت و خۆ لە مردنە حەیاتەکە زیاتر نەدەبوو. کاتی خۆی مسوەدەی بەشی یەکەمم نیشانی هەندێ هاوڕێم دا لەوانە کاك قوبادی جەلیزادە و کاك خدر عبدالرحمان و هەندێکی تریش. کەم نووسین هەندی ئەو ڕۆمانە ماندوویان کردووم. کە ئەویش گەیشتبووە نیوە
فەوتاو تا ڕادەی دڵەکزەو بێئومێدی هەستەکانم پەرش و ئاوارە بوون و ئاڵۆزی دایگرتن و تەواو لە نووسین ساردبوومەوە بە تایبەتی کە بیستم لە ترساندا دەفتەرەکان سووتێنراون. ئەوە ڕەنج و بەروبۆمی بەردەوامی هەشت مانگ خۆشاردنەوەو حەشارگە بوو. شەو هەبوو تا بەیانی بە نووسینەوە خەریکبووم. ئەگەر کاك بەختیار عەلی گەشتەکەی جەلادەتی کۆتر لە گەشتی

ئۆدیس به كه‌متر نازانێت ڕووداوه‌كانی ئه‌و ڕۆمانه‌یش هه‌ر گه‌شتێكی تا ڕاده‌یه‌ك له‌و بابه‌ته بوو. چه‌ند جارێك هه‌وڵمداوه دووباره بینووسمه‌وه به‌ڵام بۆم نه‌هاتووه‌و نه‌متوانیوه.

ساڵانی یه‌كه‌میش له سوید له‌رزو تای ئه‌و گه‌شته ئه‌فسووناویه به‌رینه‌دابووم (گه‌شتی ژیانی خۆم نه‌ك ڕۆمانه‌كه). نه‌مده‌زانی فریای چی بكه‌وم و بیر له كامه نه‌هامه‌تی و نه‌گبه‌تی بكه‌مه‌وه و ڕووبه‌ڕووی ژیانێكی سه‌خت و دژوار بوومه‌وه. بۆ یه‌كێكی وه‌كو من ژیان بریتی نییه له خواردنی خۆش و شوقه‌ی پاك و خاوێن و جلوبه‌رگی جوان و گیرفانی گه‌رم. له توانامدا نه‌بوو له‌گه‌ڵ ده‌ورو به‌ره‌كه‌م و ئه‌وانه‌ی له خۆمیشه‌وه نزیك بوون بگونجێم. من یه‌كێكم له‌وانه‌ی زۆر حه‌ز به ڕاستگۆیی ده‌كه‌م و ڕقم له ته‌مسیلكردن و دووڕوویی ده‌بێته‌وه كه‌چی ده‌وروبه‌ره‌كه‌ی ئه‌وسام سه‌رتاسه‌ری دیوار و گوێسه‌بانه‌كانی به درۆ سواخ درابوون و پڕ بوون له نیفاق. وام لێهات بووم به شاته‌نیای ته‌نیاكان و زه‌وقم به تێكه‌ڵاوی نه‌ده‌هاته‌وه. به ڕاستی ئه‌م دنیایه كه‌سانی به‌هره‌دار و شاره‌زای ئه‌وتۆی تیادا هه‌یه له بواری فێڵ و ته‌ڵه‌كه‌بازی و فیتنه و نیفاق و چه‌واشه‌كردنی حه‌قیقیه‌ته‌كاندا تا ڕاده‌یه‌ك مرۆڤی ڕاستگۆ له هه‌ندێ كۆڕو كۆمه‌ڵدا جێگای نابێته‌وه و له مرۆڤایه‌تی خۆی ده‌كه‌وێته گومانه‌وه. وه‌ك ده‌ڵێن ئه‌گه‌ر پیاو چووه شاری كوێران ده‌بێ ده‌ست به چاوی خۆیه‌وه بگرێت. به به‌رده‌وامی ده‌مخوارده‌وه‌و گوێم له مۆسیقا ده‌گرت و كه تووڕه‌یش ده‌بووم ته‌له‌فۆنم هه‌ڵده‌گرت و ئه‌م و ئه‌وم ئیزعاج ده‌كرد. كه ده‌چوومه ده‌ره‌وه‌یش هه‌ڵسوكه‌وت و قسه‌ی وامده‌كرد خه‌ڵكی وێنه‌یه‌كیان لادروست بوو ڕێك به پێچه‌وانه‌ی شه‌خسیه‌تی خۆمبوو. له ناوه‌وه شتێك بووم و به جۆرێكیتر ته‌عبیرم له خۆم ده‌كرد. له زۆر ره‌فتاری ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی خۆم په‌شیمانم چونكه خه‌ڵكه بێ ویژدانه‌كه سه‌د ئه‌وه‌نده‌یتر كلك و گوێیان پێوه‌نابوو. به كورتی من له خه‌یاڵدا ده‌ژیام و هیچ په‌یوه‌ندیه‌كم به واقیعه‌وه نه‌بوو. ورده ورده خۆم كۆكرده‌وه‌و تێگه‌یشتم كه ئه‌وه‌ی ده‌مه‌وێ به‌و شێوه‌یه نایه‌ته دی به‌ڵكو چه‌ند به‌لوعه‌یه‌كی تریش به ڕووی گۆمی په‌نگخواردووی ئازاره‌كانمدا ده‌كه‌مه‌وه. وه‌ك سارته‌ر ده‌ڵێ (به ژیان حوكم دراوین)، ده‌بوو ژیانیش وه‌كو خۆی وه‌ربگرم و ته‌سلیمی واقیعه ڕه‌ق و ته‌قه‌كه بوومایه‌ته‌وه و ناڵه ناڵه‌كانم بكردایه به شیعر و نووسین. ئیتر هه‌رگیز خۆم به ده‌ستی خۆم له ده‌رگای مردن ناده‌مه‌وه. ئه‌گه‌ر په‌له نه‌كه‌م زۆری ڕۆیشتووه و كه‌می ماوه. با بزانین دوای مردن چی ڕووده‌دات. ئه‌و كاته كه خواردوومه‌ته‌وه هه‌رگیز بۆ گه‌یشتنه (نه‌شعه) و خۆشیم نه‌بووه، به‌ڵكو دژایه‌تی عه‌قڵی خۆمم كردووه بۆیه تا ئه‌و ڕاده‌یه‌ی ده‌ستم گه‌یشتۆته په‌رداخه‌كه به‌رده‌وام هه‌ر نۆشم كردووه.



ده‌پرسیت ئایا نه‌ده‌كرا دووری نیشتیمان و حه‌سره‌ته‌كانی بنووسمه‌وه؟ به‌رده‌وام نووسینم هه‌بووه به‌ڵام (ئه‌ستێره به ڕۆژ دیار نییه) و بڵاوم نه‌كردۆته‌وه (شیعر نا به‌ڵكو بابه‌تیتر). به‌شتی عه‌نتیكه‌وه خه‌ریك بووم و بیری سه‌یرم بۆ هاتووه ده‌رباره‌ی مێشك و وزه‌و توانا شاراوه‌كانی مرۆڤ و خه‌یاڵی زانستی. به‌شێك له‌و خه‌یاڵانه‌م ئه‌مڕۆ بوونه‌ته واقیعێكی ئاسایی. لاسایی سلڤادۆر دالی یا ئیدگار ئالان پۆم نه‌كردۆته‌وه به‌ڵكو خۆم به‌ته‌بیعه‌ت وام لێهاتبوو. جار جار كه گوێم له ئاوازێكی خه‌مگین بووه به كوڵ گریاوم. وه‌ك ده‌روێش له ناو عه‌شقی ئیلاهیدا حاڵ گرتوومی، به‌ڵام لایه‌نه وجوودی و بێهووده‌ییه‌كه‌م له‌م ته‌سه‌وفه گه‌وره‌تر بووه. هه‌میشه پرسیومه ئه‌گه‌ر بیر و بۆچوونه‌كانیشم خسته سه‌ر كاغه‌ز یه‌كه‌م : چی ده‌گۆڕێت و دووه‌م : ئایا نووسین (خه‌ڵاس) ی به‌مرۆڤبوونمه؟؟ ئایا نووسین ئاڵته‌رناتیڤه؟ ئایا نووسین وه‌ڵامی مردنی پێده‌درێته‌وه كه وه‌ك بارابۆس ده‌ڵێت مردن گه‌وره‌ترین بیره. ئه‌گه‌ر مردنیش گه‌وره‌ترین بیر بێت ئه‌وا نووسین ته‌نیا خۆمه‌شغولكردنه و هیچیتر. كاتی پێده‌كوژین تا كات ده‌مانكوژێت.

به نیسبه‌ت دووریم له نیشتیمانه‌وه شیعرێكی خۆت ده‌هێنمه‌وه یادت (من و خۆم) منیش له خۆمه‌وه دوورم، من لێره‌م و خۆم له كوردستانه. به‌ڵام ئه‌گه‌ر من بۆ كوردستان بگه‌ڕێمه‌وه خۆم دێته‌وه بۆ سوید. چل ساڵ زیاتره غه‌ریب و ئاواره‌م. له‌وێش غه‌ریب بووم. مه‌نفا پشكۆیه‌كی هه‌میشه گه‌شاوه‌ی ڕۆحی من بووه. بۆ كوێ بڕۆم له‌گه‌ڵمایه. ئه‌و مێشكه‌ی له ناو مۆخمدایه ئه‌گه‌رتاك و ته‌نها بۆ ئه‌سكیمۆیش بچم هه‌ر ئه‌و مێشكه‌یه و ناگۆڕێت. تازه به تازه من و مه‌نفا له هه‌موو كات و شوێنێكدا (به نیشتیمانیشه‌وه) دوو دیوی یه‌ك پاره‌ین.

بۆچی له‌م دواییه‌دا چه‌ندشیعرێكم بڵاوكردۆته‌وه په‌یوه‌ندی به زه‌وق و كاته‌وه هه‌یه زیاتر له‌وه‌ی كه مه‌به‌ست و پلانێكی دیاریكراوی به دوواوه بێت. من ده‌مێكه گه‌یشتوومه‌ته ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ی كه له ڕێگای نووسینه‌وه ناگه‌م به حه‌قیقه‌ت. به لاشمه‌وه هه‌رگیز گرنگ نییه بڵێن شاعیرێكی باشه یا نا. خوێندنه‌وه‌م له نووسین پێ بایه‌خدارتره. ڕه‌نگه به‌رده‌وام بم له بڵاوكردنه‌وه‌و ڕه‌نگه وازبهێنم. گرنگ نییه كه بنووسم یا نا، وه‌لێ ئه‌گه‌ر بنووسم گرنگه بزانم چی ده‌نووسم. گرنگه دڵنیابم خۆم یا نووسه‌رێكیتر ناجوومه‌وه، ئه‌مه‌یش ئاسان نییه و مه‌رج نییه هه‌موو داهێنانێكیش له بنه‌ڕه‌ته‌وه داهێنانی ئۆریگناڵ بێت.

وەك كافكا دەڵێ (ئەوەی دەینووسم ئەوە نییە كە بیری لێدەكەمەوە). دنیاكە گۆڕاوەو منیش بەشی خۆم گۆڕانم بە سەردا هاتووە. ئەگەر بتوانم (تەكان) ێك بدەم ئەشێ كەمتەرخەمی لێنەكەم، بەڵام ئەگەر هەر تەپە تەپ و (مراوەحە) كردن بێت بێگومان نەنووسین چاكترە و نامەوێ خوێنەر تۆزاوی بكەم. با نهێنیەكی دڵی خۆمت بۆ بكەمەوە. من و شیعر نە بە یەكەوە دەگونجێین، نە دەتوانین لە یەكتر جودابینەوە. من بۆ خۆم شیعر دەنووسم مەرجیش نییە كە بینووسم. بیری لێدەكەمەوەو تیایدا ئەژیم و بە شێوەیەكی جیاواز لە نووسین تەعبیری لێدەكەم. ڕەنگە بپرسیت چۆن؟ ئەڵێم ئەگەر بچیتە ناو كتێبخانەكەی دڵمەوە كۆمەڵێ دیوانی چاپنەكراو ئەبینی كەس لێیان حاڵی نابێت و تەنیا خۆم شارەزای ئەو زمانەم كە شیعرەكانی پێ نووسراوە.

چەند هەوڵێكم داوە بیانخەمە سەر كاغەز بەڵام نەك هەر سەرنەكەوتووم بەڵكوو بەرهەمێكی كرچ و كاڵی لێكەوتۆتەوە. ئەمە نهێنی و زۆرانبازیەكی بەردەوامە لە نێوان من و شیعردا. بڕوا ناكەم هیچ خوێنەرێكی ئاسایی كۆدەكانی ئەو نهێنیەی پێبكرێتەوە. بە دووری نازانم دەستبكەمە نووسینی ڕۆمان چونكە لەوێدا بواری بەشداریكردنی خوێنەر فراوانتر دەبێت.

ئەگەر بتوانم تەنها یەك ڕۆمانی لە بابەت سەعاتی بیستو پێنج بنووسم بەسمە.

پرسیار:- كورد ئەدەبێكی هەیە بە ناوی ئەدەبی تاراوگە یان مەنفا. ئەدەبی كوردی تاراوگە ئەگەر هەیە لە چ ئاستێكدایە ئەگەر نییە بۆ؟

وەڵام :- كەوتۆتە سەر ئەوەی چیدەنووسرێت نەك كێ دەنووسێت. هاوڕێی بەڕێزم كاك عەبدوڵڵا سەڕاج كە تازە هاتبووە فینلەندا نزیكەی بیست نامەی درێژی بۆ ناردووم تیایاندا باس لە هەندێ یادەوەری و وردەكاری ژیانی ڕۆژانەی دەكات لە تاراوگەدا پاشان كردی بە ڕۆمانێك و لە كوردستاندا بڵاوكرایەوە، نوسخەیەكی بە دیاری بۆم ڕەوانەكرد و ڕێك ئەو كەس و شوێن و ڕووداوانە بوون كە پێشتر لە نامەكاندا نووسیبوونی. بێگومان كاك عەبدوڵڵا زۆر لەوە بە تواناترە كە لەو ڕۆمانەدا (ونگە) نیشانی داوە چونكە بریتیە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەكانی ژیانی خۆی. شێوازی (سەرد) ئامێز زۆربەی بەرهەمە تازەكانی گرتۆتەوەو ئەم سەرنجەم بە تەلەفۆن بە خۆیشی وتووە پاش ئەوەی (كۆڕەو) م خوێندەوە.



ئەدەبی تاراوگە ئەوە نییە كە تەنیا باس لە غەریبی و ئەورووپا و ناوی شار و كەسانی ئەورووپی و ناوی سەیر و نامۆ بكات وەك چۆن ڕۆشنبیریش ئەوە نییە زاراوەی ئینگلیزی و سویدی یا ئەڵمانی بەكار بهێنیت تەنیا بۆ عەرزی عەزەڵات. بەڵكو دەبێ شانبەشانی ئاستە ئەدەبیەكەی وڵات بێت لەگەڵ هەوڵداندا بۆ پەرەپێدان و ئیزافەكردن. كاك شێركۆ بێكەسیش كە هێشتا لێرەبوو (دەربەندی پەپوولە) و (خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیر) ی چاپكرد و هەردووكیانی بە دیاری بۆ ناردم. ئێستایش جار جار دەیانخوێنمەوەو دوو شاكاری شیعری بەرز و نەمرن. بەڵێ ئەدەبی تاراوگەمان هەیە و لە ئاستێكی باشدایە ئەگەر ئەوە بدەینە بەرچاو كە ئەم ئەورووپایە تا چ ڕادەیەك كات و كەسایەتی نووسەر و شاعیر لرف دەكات. ئافەرین بۆئەوانەی كە خۆیان نەداوەتە دەست ئەم مەكینە زەبەلاحەی مەشغەڵەت وكارەوە كەوەكو ئەژدیهای حەوت سەر وایە. خۆم كارم كردووە و لە موعاناتی ئەوانەی كاردەكەن و دەیشنووسن تێدەگەم. وارێكدەكەوێت كاتیش دروستدەبێ بەڵام مەزاجی نووسین لە شوێنی خۆیدا نییە. ژینگەو پەیوەندیە خێزانی و گیروگرفتە لاوەكیە كۆمەڵایەتیەكانی ئەورووپا بەربەستێكی ترن لە بەردەم شاعیر و نووسەردا. نەوەی نوێمان دەورێكی دیاریان هەیە لە ئەدەبی مەنفادا. جاری وا هەیە شتێك دەخوێنمەوە حەزدەكەم تەلەفۆنەكە هەڵگرم و دەستخۆشی لە خاوەنەكەی بكەم.

پرسیار:- شیعر دەنگدانەوەی دونیای خەیاڵ و واقیعە. ئایا تۆ واقیع لە خەیاڵدا دەنووسیتەوە یان بە پێچەوانەوە خەیاڵ لە واقیعدا دەنووسیتەوە. یان دەكرێت خەیاڵ و واقیع ڕەنگەكانی یەكتر بگۆڕن؟

وەڵام:- بێگومانبە لەوەی كە خەیاڵ و واقیع ڕەنگەكانی یەكتر دەگۆڕن بەڵام بە هەردووكیانیش ئەوجا هاوكێشەی كامڵبوون دروست دەكەن. خەیاڵ بە بێ واقیع سەفەرێكی بێكۆتاییە بەرەو مەجهوول، واقیعیش بە بێ خەیاڵ درەختێكی وشك و بێبەرە. بەڵام خەیاڵ خۆی چییە؟ خەون چییە؟ ئایا بەرگریكردنێكی زاتیانەی مرۆڤ نییە لە ماف و خواستە غەریزیەكانی بەرامبەر بە واقیعە ڕەق و تەقەكە؟ ئایا یاخیبوون نییە لە پانتایی و قەوارەی چوارچێوەكان؟

خۆم دەرەقەتی واقیع نەهاتووم و نایەم. ئەگەر جوانییەكانی خەیاڵ و خەوبینین لە مرۆڤ زەوت بكەین دەبێتە وڵاخێكی چاو بەستراو كە بە بەردەامی جەنجەڕێك ڕادە كێشێت و ژیانیش دەێتە كا و پووش و پەڵاش بە دەم باوە.

کاکە هیچ داهێنەرێك بە بێ خەون و خەیاڵ داهێنەر نییە. ئەوەی تەنیا خۆی لەگەڵ واقیعدا دەگونجێنێت لە باشترین حاڵەتدا ئەکتەرێکە (پێستی رووی زۆر قایمە) و دەیان دەمامکی هەیە.

ئاخر لە روی فیکریشەوە خەیاڵ ئازادیەکی زگماکە و وایەرە موگناتیسیەکانی داهێنان بە یەکەوە گرێدەدات و شل و خاویان دەکاتەوە. هەر لە کۆنیشەوە شاعیر و خەیاڵ پێکەوە باسکراون. ئەو شیعرانەی (کە لە بنەڕەتدا شیعر نین) کاریگەری و قووڵی و تیژڕەوی خەیاڵیان پێوە دیار نییە لە شوتە شووتی شەمەنەفەرێکی کۆن یا بەیانێکی سیاسی دەچن. هەندێجار وام بە (خەیاڵ) دا دێت کە خودی خەیاڵ لە بەهەشتەوە هاتووەو رەگ و ریشەی واقیعیش بۆ دۆزەخ دەگەڕێتەوە.

خۆ دەمێکە سارتەر وتوویەتی (دۆزەخ ئەوەکانی ترن).

پرسیار:- ئایا نەوەی ئەمڕۆ توانیویانە دەنگێك بن جیاواز لە نەوەی پێش خۆیان و دونیابینیەکی نوێیان هەبێت؟

وەڵام:- بە پێچەوانەی جارانەوە من خوێنەرێکی تەمبەڵم، بەڵام زۆریش بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم بەڵێ. کۆمەڵێك ناوی نوێ بە بێ زۆرلەخۆکردن جێگای خۆیان کردۆتەوەو چەند سەرنجێکیشم هەیە لە روی زمانەوە بە تایبەتی زیادەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی زاراوەی فارسیو عەرەبی با بۆ دەرفەتێکی تری هەڵبگرین. ئەوەتەی لە سویدم کەم کتێبی گەورەی وەك (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلیم دوو جار خوێندۆتەوە. تازە کۆمەڵە شیعرەکەیم لەسلێمانیەوە بۆ هاتووە. حاڵی حازر دوا کتێبە بە دەستمەوە، کە دەبوو زووتر بیخوێنمەوە(نەمووت خوێنەرێکی تەمبەڵم؟). وەك چۆن شیعر لە رۆمانەکانیدا رەنگدانەوەی گونجاو و تەبا و هەستپێکراوی هەیە، ئاوایش نەفەسی رۆمان بە شیعرەکانیەوە دیارە. بە بەردەوامی شیعر و رۆمان باوەشیان بە یەکدا کردووە و لە یەکتری جیانابنەوە. من مرۆڤێکی سەیرم. زۆربەی کتێبەکانی عەبدوڵڵای قەسیمیم خوێندۆتەوە کە هێشتا لای خوێنەری کورد بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدراوە بەڵام شارەزاییەکی تەواوم دەربارەی بەرهەمەکانی نەوەی نوێی خۆمان نییە و موتابەعەی وردم نەکردوون. هۆیەکەی ئەوەیەساڵەهایە خەریکی خوێندنەوەی



بابەتی دینی و زانستی بووم. قەسیمی سەرەتا بە فیکرێکی دینیەوە هاتە پێشەوە پاشان لە دین هەڵگەڕایەوە ئینجا لە هەموو شتێك.

کاك بەختیار سەرقافڵەچی کاروانەکەیە و بە تەنیایش نییە لەو رێگایەدا. هیوای سەرکەوتن بۆ هەموویان دەخوازم کە بە بێ دوودڵی و سڵەمینەوە دووپاتیدەکەمەوە ئێمەیان تێپەڕاند و دەبێ سەرهەڵبڕین تا تەماشای باڵای کەڵەگەتیان بکەین. نەوەی دوای ئەوانیش پەیدابووەو نووسین و شیعرەکانیان دەنگ و رەنگ و بۆن و بەرامەی خۆی هەیە.بەڵام تا ئێستایش کاریگەری نەوەی حەفتاکان بە زۆر بەرهەمەوە دیارەوەك چۆن ئەوانیش کاریگەری گۆرانیان پێوە دیاربوو.

خۆزگە سیاسەتی کوردیش گۆڕانێکی نەوعی لەو جۆرەی بە خۆیەوە دەبینی و چەند کەسانێکی ناسراو گۆڕەپانەکەیان لەسەر خۆیان تاپۆ نەدەکرد. وا نزیکەی بیست ساڵە کوردستان ئازادەو کورد نان و پەرلەمان دەخوات. تۆ بڵێی لەو ماوەیەدا بە قەد ژمارەی پەنجەکانی دەست کەسانی کارامە و شارەزا هەڵنەکەوتبن ! یا کێشەکە لەوەدایە هیچ کەسێك ناتوانێت بەر لە داهێنانی ئەدەبی بگرێت بەڵام لە سیاسەتدا بە پێچەوانەوە تا روخسەتی دەسەڵاتی پێشوو وەرنەگیرێت کەس بۆی نییە شوێن پێی خۆی بکاتەوە. مەگەر بە کوودەتا. کەواتە لە ئەدەبدا دیکتاتۆریەت نییە بەڵام لە سیاسەتدا هەیە. هەر بۆ نموونە گەورەتین شاعیری کورد بە بێ مونافەسە شێرکۆ بێکەس دەربارەی بەختیار عەلی وتی (ئێمە تروسکە بووین و ئەو بروسکەیە).

شیعر پلەیەکی وەزیفی و سەربازی نییە تا زیاتر خزمەتت هەبێت وەزیفەو پلە سەربازیەکەیش بەرزتر بێتەوە و عەقید و نەقیب و فەریق لە شیعردا نییە. رەنگە یەکێك پەنجا ساڵ شیعر بنووسێت و خاوەنی پەنجا دیوان بێت بەڵام لە پڕێکدا شاعیرێکی لاو هەڵکەوێت و تەنیا بە یەك کۆمەڵە شیعر هەموو سنوور و مەوداکانی شاعیری پێشوو تێپەڕ بکات. عەرەبەکان لە ئەدەب و سیاسەتدا تووشی نەخۆشیەك هاتوون پێی دەگوترێ نەخۆشی (مەجد) واتە ئەگەر نووسەرێك پەنجا ساڵ پێش ئێستا شاکارێکی ئەدەبی بڵاوکردبێتەوە یا ناوێکی هەبووبێت بە بەردەوامی لە ناو مەجدی کۆندا دەژیت کە هیوادارم ئەو پەتا و نەخۆشیە ئەدەبی کوردیش نەگرێتەوە وەك بە سەر سیاسەتدا زاڵ بووە.

گلۆبالیزم و داهێنانە تەکنەلۆژی و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان بە هەردوو لایەنی پۆسەتیڤو نێگەتیڤەوە کاردانەوەی خۆیان هەیە و ئەبێت.

پرسیار: - شیعر ئەگەر روانینێکی تازەی نەبێت بۆ ژیان و پڕ نەبێت لەو شتە زیندووانەی کەبە چاوی ئاسایی نابینرێن و لێوڕێژ نەبێ لەو دەنگانەی کە بە گوێی ئاسایی نابیسترێن ئەبێت ئەرکی چیبێت؟

وەڵام:- لەو حاڵەتەدا شیعر بێبەری دەبێت لە هەموو ئەو رەهەندانەی باستکردوون. دەبێت بە داهێنانی رۆبۆتێك یا بە دەنگی عەنتەرناش. هیچ ئەرکێکی پیرۆز و گرنگی نامێنێت. لە ئەرکی وانەی (پەروەردەی نیشتیمانی) یان (جوگرافیا و مێژوو) دەچێت. شیعر هەمیشە پرۆژەی میعراجێکی تازە و سەفەرێکی نوێی سیندەبادە بە دورگە نەبینراوەکاندا. ئاوازەکانی لە سەرەتاوە ئاشنا نین پاشان هێدی هێدی شارەزای ریتم و نۆتەکانی دەبین.
زانست گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن نابێ رێگا لە شیعر بگیرێت لەو پێشکەوتنە بێبەشبێت و لە ناو دەستوورەکانی رێزماندا بەند بکرێت.
خیتاب و هات وهاوار لە نرخی هونەریی شیعر کەمدەکەنەوە و راستیت ئەوێ باویان نەماوە. حەماسەتیش بارودۆخی گونجاوی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمڕۆ من چی لە شیعرێك بکەم هانم بدات کلاشینکۆف هەڵگرم و روو بکەمە شاخ لە کاتێکدا پێویستیم بە فێربوونی پرۆگرامێکی نوێی کۆمپیوتەرو تێگەیشتن و خوێندنەوەی نوێی جیهان و شتەکان و پەیوەندیەکان هەیە.

گۆران ئەڵێ :
لە تەختێ هەڵدەستێ هەزار و یەك نەغمە
ئەوەیان خۆشە لام دێتە گوێم زۆر نزمە

کاتی بەجیهانی بوونی شیعری کوردی هاتووە. کاتی شکاندنی چوارچێوە خۆماڵیەکان هاتووە. باوی بۆڵە و هاوارو هەرا و وشەبازی و زمانبازی نەماوە. شیعر رێگایەکی درێژی بریوە و چاوەڕێی ئەوە دەکەم کە جێگای شیاوی خۆی لە دڵ و دەروونی غەیرە کوردا بکاتەوە. ئەرکی شیعر قوولکردنەوەی رامان و سەرنجەکانە ئەویش بە لەسەرخۆیی و ئارامیی. هەڵکشانە بەرەو پرسیارە سەرەکیەکانی ئینسان لە هەموو جیهاندا. ئەگەر رەسوڵ حەمزاتۆڤ شیعری وەرگێردراو وەك دیوی دووەمی فەرش دەبینێت راست دەکات ئەگەر لە حاڵەتێکدا زمان یەکەم بنەڕەتی شیعر بێت. بەڵام ئایا زمان تا سەر ئەو دەورە گەوهەریە دەگێڕێت؟؟ ئایا زمان



دەروازەی قەڵای شیعرە یا پەنجەرەیەکە لە پەنجەرەکان؟؟ ئایا ناکرێ شیعرێك بنووسین سەرنجی خوێنەرێکی سویدی یا ئەڵمانی (وەك نموونە) بە لای خۆیەوە راکێشێت؟ کورد بە هۆی بارودۆخە سیاسیەکەی لەم رووەوە زۆر دواکەوتووترە لە عەرەب و تورك و فارس. دێتەوە بیرم لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەم مەسەلەیە یەکەم بابەتی گۆڤاری (الهلال)ی میسری بوو کە ناو بە ناو ژمارەی تایبەتیان لەو رووەوە دەردەکرد.

پرسیار:- ئایا شیعر خەیاڵمان دەتەقێنێتەوە یان شیعر بوونەوەرێکی چێژبەخشە، ئامرازی چێژ بەخشینە، یان لە شیعردا دەبێ بۆ چی بگەڕێین؟ بۆ دەنگ و رەنگی دیوی ئەو دیوی خۆمان و شتەکان بگەڕێین یان شیعر خۆی گەڕانێکە بۆ ئەوەی خۆمان بیر بچێتەوە.

وەڵام:- پێناسەکردنی شیعر وەکو گرتنی ماسیەك وایە لە ناو ئاودا بێت. بۆ نموونە رۆح چییە؟ ئەگەر پێناسەیەك بۆ رۆح هەبێت ئەوسا پێت دەڵێم کە شیعر هەڵمی هەناسەی غەم و ئازارەکانی رۆحە. هێشووە بەرسیلەو ترێی باغی خەیاڵ و خەوبینینە. پرۆژەیەکە بۆ کەشفکردنی چرکە ئارامەکانی رۆح و ژانەکانی رۆح و نهێنی جوانییە نەبینراوەکان. رێبوارێکە کەوتۆتە شوێنی پرسیارە بێ وەڵامەکان. لە هەمان کاتدا ویستگەیەکە بۆ دەربڕین و رازاندنەوەی جوانییە بینراوەکانیش. هاواری (نا) یەکی گەورەیە بە رووی(باوە) سواوەکان و ستەم و ناتەواویەکاندا. شیعر ئەوەیە بۆ خۆتی دەنووسیت نەك خوێنەر. ئەگەر بۆ خوێنەر بنووسیت وەزیفە بۆ شیعر دەدۆزیتەوە. وەزیفەی راستەقینەی شیعر کەوتۆتە دیوی ئەودیوی خۆمان و پەیوەندیەکان. هونەر بە گشتی گەڕانە بە دوای نەبیستراو و نەبینراودا. هیچەکانی ئەودیو دەکات بە شت و شتەکانی ئەمدیو دەکات بە هیچ. جاران وامدەزانی کە شیعر تەنیا بەهرەیە و بیست و پێنج ساڵ لەوەبەر لاپەڕەیەکی تەواوی (هاوکاری) م پڕ کردەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە شیعر بەر لە هەموو شتێك بەهرەیە. ئێستا لەوە دڵنیام کە شیعر بەهرەو شارەزاییە.
کاتێك گۆران دەڵێت:-
هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

ئەمە راستیەکە گشت شاعیرێك هەستی پێدەکات. بەر لە گۆران شەکسپیریش وای وتووەو بەر لەویش هۆمیرۆس وتوویەتی. کەسیش لە کەسی وەرنەگرتووە تەنانەت بەیتێك لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە دەڵێ (بەچ زمانێ بیدوێنم بتوانم دڵی رابێنم). کە ئیلیۆت دەقی (وێرانە خاکی) نووسی پێی وابوو چی لە دڵیدا بوو هەمووی دەربڕی. پاش تێپەڕبوونی تەنیا چەند رۆژێك بە عەزرا پاوەندی وتبوو ئەوەی ویستوومە نەمووتوە وهێشتا زۆری ماوە.
کەسێك کە خاوەنی ئەزموونێکی شیعری بێت چاك لەوە تێدەگات چەندین جار تووشی ئەو بۆ نەهاتنە هاتووە چونکە شارەزایی کەمەعریفەتیش دەگرێتەوە رێگا نادات بەهرە بە تەنیا بکەوێتە رێگا. دەبێ هەڵیسەنگێنێت و بەراوردی بکات بزانێ مەبەستی پێکاوە یا نا. بزانێ روی ناو مەجلیسی خوێندەواران و تێگەیشتووەکانی هەیە یا نا. شیعریش جۆری زۆرەو لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکیش دەگۆڕێت. سەرەنجام لای خودی شاعیر خۆی کەوتۆتەوە. کێ بە تەواوی لە مالارمێ تێدەگات کە دەڵێ (وەك تیشکی رۆژ لە ئاوێکی ساردا منیش بە غەمەکانم رازیم).
پرسیار:- چییە وادەکات شیعرێك بە نەمری بمێنێتەوە؟ کێش و سەروایە؟ زمانە؟ دونیابینی شاعیرەکەیەتی؟ هەڵگەڕانەوەیە لە زمانی باو؟ یان شیعر شتێکیترە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەبازیە؟

وەڵام:- چی لەم دوو بەیتەی مامۆستا هەردی نەمردا دەبینی تا وا بکات ئێستایش لە بەر خۆمانەوە بیلێینەوە :

به سەرسامی لە سەر لووتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری رابردووم وەکو خەو دێتە بەر چاوم
شریتی چی سەراپا سەرگوزەشتەی نائومێدیمە
فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەسهێنانی لاویمە

رەنگە هەموو ئەو رەهەندانەی تیادا بێت کە باست کردوون. بەڵام بە بەردەوامی شیعرێکی نەمریشە. زیاتر ئەو شیعرانە بە نەمریی دەمێننەوە کە کار لە سەر زاتی مرۆڤ دەکەن. شیعری نەمر جۆرە کارەباو موگناتیسێکی ئەفسووناوی پێوەیە کە وزەیەکی تایبەتی دەخولقێنن و ئەو



وزەیەش بە بێ گرێ و گۆڵ و پێشەکی و پاشەکی و پەراوێز و روونکردنەوە راستەوخۆ پەیوەندی بە رەگەکانی ئیحساسەوە دەکات.
کاکە چۆن لە زۆر بواری کاری دەستی و کارگەییدا وەستای چاك و خراپ هەیە شیعریش وەستای خۆی هەیە و نە هەموو وەستایەك باشە نە هەموو بەرهەمێکی وەستای باشیش گشت کاتێ باشە.
ئەوەی کە شیعر دەنووسێت بە تەنیا مام وەستا نییە بەڵکو مامۆستایشە.

پرسیار:- ژیانی مرۆڤ چەند ساتێکەو هەرچیەك بخولقێنی ئەوا بایەك هەڵدەکا و هەمووی لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەم دوو دێڕەم لە داستانی گلگامێش خواستووە. دەپرسم ئایا شیعر دەتوانێت یادگارێك، شتێك، بنووسێتەوەو ئەو بایە نەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیبات؟؟

وەڵام:- ئەم وتەیەی گلگامێش دەمێکە وررووژاندوومی. پیاو دەتوانێت کتێبێکی تەواوی لە سەر بنووسێت. برام تۆ تەماشای موعاناتی مرۆڤ بکە، بە گوێرەی سەرچاوەکان (ئەوەندەی من بیزانم) گلگامێش یەکەمین دەقی تۆمارکراوی نەفەوتاوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. هەر ئەو دێڕەیە کە ئێمەیش بە ئاوازی جیا جیا دووبارەی دەکەینەوە. ئێستا بە هۆی مانگی دەستکرد و تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێتەوە لە جیاتی دەق شێوەو هەڵسوکەوت و سیرەتی ژیانیش دەپارێزرێت. وەکو نموونە دەنگی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ئەهێنمەوەو ئەپرسم : ئایا هیچ رەشەباو زریانێك لە توانایدایە ئەو دەنگە لەگەڵ خۆیدا رامالێ؟ داستانەکەی گلگامێش مەبەستی لە مردن و تەمەنی مرۆڤە بەڵام پرسیارەکەی بەڕێزتان پەیوەندی بە دەقەوە هەیە کە دوو فاکتەری جیاوازن. دەنگ وەکو (بوون، هەناسە. لەش) نامێنێ و دەبێتەوە بە خۆڵ و کرم لێیدەدات بەڵام دەنگدانەوەکە درێژەی دەبێت. هۆمیرۆس خۆڵەکەیشی نەماوە بەڵام بەرهەمەکانی زیندوون. کێ بە قەد شەکسپیر چۆتە ناو سووچە تاریکەکانی ناخی مرۆڤەوە، ئێستایش ماستەرو دکتۆرا دەربارەی بەرهەمەکانی دەنووسرێت بەڵام خۆی نەماوە. ئەو (غیرە تۆڵەسێنە) ی لای (میدیا) هەبوو کە بەر لە لەدایکبوونی مەسیح نووسراوە لای شەکسپیریش لە کەسایەتی (عوتەیل) دا رەنگی داوەتەوە کێ دەتوانێت ئیزافەیەکی تراژیدیتر دەربارەی (غیرە) بخاتە سەریان؟؟ نووسەرەکان مردوون و نووسینەکانیان زیندوون. ئاخۆ ئەمە چ دادپەروەریەکە کە خولقێنراو لە خولقێنەر مەزنتر بێت !!

کارەساتی گلگامێش لەوەدا ڕەنگیداوەتەوە کە لە هیچی کەم نەبوو بەڵکو پشتی گەورەتین هێزی بە زەویدا دەدا بێجگە لە هێزی مردن کە ناچاریکرد سەری خۆی بۆ دوڕگەکانی واق واق هەڵبگرێت بۆ چنگکەوتنی گژوگیای ئەبەدییەت. لەو پێناوەیشدا سەری نایەوە.

پرسیار:- ئەو هۆیانە چین کە زمانی لۆژیك و زانست جیادەکەنەوە؟ ئایا جیاوازییان ئەوەیە کە زمانی لۆژیك لە چەندین ڕەگەز و توخمی جۆربەجۆر وزامنکراوا پێکهاتووەو ماوە بە زمان نادات بە ئارەزووی خۆی یاری بکات؟ بە پێچەوانەوە زمانی شیعر لە چەند ڕەگەزێکی تێکەڵاوو بەیەکداچوو پێکدێ کە تا یاری پێبکرێت دەدرەوشێتەوە.

وەڵام:- ئەمە پەیوەندی بە پلان و پرۆگرامەوە هەیە. زمانی لۆژیك و زانست پێشتر نەخشەیەکی ئامادەکراویان بۆ داڕێژراوە کە بۆیان نییە لەو چوارچێوەیە بچنە دەرەوە. شیعر فەزایەکی بەرینە، پلان و پرۆگرامی نییە ئەگەر هەیبێت دەبێتە شیعری قورمیشکراو.
لە زمانی شیعردا هەڵەکردن، پەراوێزکردنی مەبەست، دەستکاری و پیاداچوونەوە ئاساییە و شاعیر بە تەواوی سەربەستیەوە هەڵدەفڕ ێ و لە کوێدا مەبەستی بێت دەنیشێتەوەو ئیسراحەت دەکات. چەندین جاریتریش دەداتەوە لە شەقەی باڵ. ئەڵبەتە تا مەودای فڕینی شاعیر بە ئاسمانی دەقەوە ئارامتر و درێژخایەنتر بێت زیاتر دەقەکە دەدرەوشێتەوە. زمانی لۆژیك و زانست گۆڕانکاری و یاریکردن قبوولْ ناکات. یە ك و یەك دەکاتە دوو، تەواو.
پرسیار :- ئایا خولْقاندنی شیعر ئیلهامە، یان پرۆسەیەکی هۆشیارانە وعەقلْییە؟ یان چالاکیەکی زمانەوانیە و لە توانایدا هەیە شتی نوێ بخولْقێنێ؟

وەڵام:- برام ئیلهام خۆی چییە؟ هۆی چییە یەکێك دەنگی خۆشە و یەکێك ڕەسامە و یەکێك شاعیرە و....... تاد. زۆربەی سویدیەکان (کۆرنەلیس ڤریسڤیسك) یان خۆشدەوێ کە شاعیر و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژێکی سویدی بە ڕەگەز هۆڵەندیە. من خۆم هەر هەموو گۆرانیەکانیم هەیە زۆر جار بە بێ وەڕسبوون لە ماڵەوەو لە ناو سەیارەکەمدا گوێی لێڕادەگرم. بە داخەوە مەشرووب و تلیاك زوو کوشتیان. شیعری جوانی دەنووسی و هەر خۆی ئاوازی بۆ دادەنا و پاشان هەر خۆیشی گیتاری لێدەدا و بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی دەووت.خۆزگە لە ناوکوردا شاعیر و هونەرمەندێکی لەو بابەتە هەڵدەکەوت. خۆشەویستی و مردن و ماڵئاوایی



دیاردەیەکی زەقی شیعرەکانین کە خۆی تایبەتی بەجۆرێك نووسیونی بۆ گۆرانی بگونجێن. ئەمە چ سرڕێکە؟ باشە خۆ (بیتهۆڤن) کەڕیش بوو، بێبەشبوو لە هەستی بیستن، کەچی مەزنترین سۆناتە و سیمفۆنیای بە مرۆڤایەتی بەخشی. ئەی چ هێزێکی ون و شاراوە لە ناخی پیکاسۆ و ڤان کوخدا هەبوو؟ ئەی شاعیر؟؟ ئەو نوورە چییە و کەوتۆتە ناو کام شانە و کام خانەی مۆخ و دڵەوە تاشیعری بەو ڕادەیە جوان بنووسێت؟ تۆ بڵێی خودا تۆزقاڵێ (ئیتر کەم تا زۆر) لەو نوورەی خۆی خستبێتە گیانی داهێنەرەوەو بووبێت بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ داهێنەر؟؟ ئەی خودا لە قورئاندا ناڵێ کە مرۆڤ خەلیفەی خۆیەتی لە سەر زەوی و لە ڕۆحی خۆی فووی تێکردووە؟
تۆ بڵێی ئیلهام پەیوەندی نەبێت بە جۆری کرۆمۆسۆمات و ویراسە و ژینگە و پەروەردەبوونەوە. هۆیەکانی جیاوازی نێوان بلیمەتێك و تەمبەڵێك چین؟؟ ئەی تەمبەڵەکە گوناهی چییە کە بەو جۆرە خولْقاوە؟ دەڵێن هیچ کەسێك تەمبەڵ نییە بەڵام هەندێك توانای دۆزینەوەو بەکارهێنانی بەهرەی خۆیان نییە. ئەگەر لە بوارێکدا شارەزاییان نەبێت لە بواری تردا کارامەن.
پێموایە کە هیچ پرۆسەیەکی هۆشیاری و عەقلْی یا زمانزانی لە توانایاندا نییە بە بێ بەهرەو ئیلهام بن بە پرۆسەیەکی شیعری.
کەسانی شارەزامان هەیە لە بواری زما ن و چیرۆك و ڕۆماندا کە جار جار خۆیان لە شیعریش دەدەن. دەڵێم ئەوەی کە دەینووسن تێکستێکی جوانە. پڕە لە بیر و بۆچوون و وێنەی جوان بەڵام شیعر نییە.
من هەرگیز ناتوانم وەك قالە مەڕە شمشاڵ بژەنم وەك چۆن ئەویش ناتوانێت وەکو من شیعر بنووسێت.

پرسیار:- پاشە ڕۆژی شیعرت چۆن دێتە بەرچاو؟

وەڵام:- لە ساڵی **١٩٦٩** دا کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بیل ئارمسترۆنگ گەیشتە سەر مانگ، هیپیزەکانی بریتانیا خۆپیشاندانێکی ناڕەزایی گەورەیان لە شاری لەندەندا ساز کرد. دروشمی خۆپیشاندانەکە (بۆچی مانگی دڵدارەکانتان پیس کرد؟) بوو. بە لای هیپیزەکانەوە مانگ ڕەمزی خۆشەویستی و شیعر و خەوبینین و خەیاڵ بوو. نەدەبوو دەستی مرۆڤی پێبگات و قاچی بخاتە سەر زەویە موبارەك و پیرۆزەکەی.

وا نزیکەی چل ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە. ئەگەر جاران مەودای بەرەوپێشەوە چوونی تەکنیك و زانست بە مەتر بوویێت ئێستا بە کیلۆمەترو میلە. قۆناغی دوای جیهانگیری چییە؟ دەبێ چەندین دۆزینەوە و شتگەلێکی تر کە ئەمڕۆ خەیاڵن پەیدا بن و کار بکەنە سەر بیرکردنەوەو شێوە تازەکانی ژیان و پەیوەندیەکان. ئەگەر ڕێگا لە کۆپیکردنی مرۆڤ نەگیرایە ئێستا گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی. زانایەکی فیزیك تاقیکردنەوەیەکی بە دەستەوەبوو بۆ چاندنی مێشکی ئەلیکترۆنی لە ناو سەری مرۆڤدا. لەو حاڵەتەیشدا هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان تەمبەڵ و زیرەکدا نامێنێت. وەکو خوێندوومەتەوە ئەم تاقیکردنەوەیەش ڕاگیراوە چونکە بۆنی جەنگێکی جیهانی نەوەوی لێدێت و هەموو نهێنی و ڕازەکانی جیهان ئاشکرا دەبن. جیاوازی هۆشیاری و عەقڵیی دەورێکی ئەوتۆیان نامێنێت. ئەگەر خەیاڵە زانستیەکان هاتنە دی (بۆ نموونە سەد ساڵێك پێش ئێستا فڕۆکە خەیاڵ بوو) بێگومان ڕۆژێك دێت مرۆڤ زیاتر لە یەك لە سەر دە هەزاری توانا شاراوەکانی بەکاربهێنێت (کە تا ئەمڕۆیش ئەو ئاستەی تێنەپەڕاندووە) ئەوسا سەرچاوەکانی هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشی، شادی و دڵتەنگی دەگۆڕێن. دۆزینەوەی وا دێنە ئاراوە تەکنیکی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە وەك پاسکیلی لێدێت کە ئەمڕۆ لەشتە ئاساییەکانە. لە ناو ملیارەها مرۆڤدا ئەگەر چەند کەسانێکی وەکو (ئاینشتاین و ئەدیسۆن و نیوتن و جێمس وات و میکرۆسۆف) و... تاد نەبوونایە ڕەنگە پاش پەنجا یا سەد ساڵی تریش کۆمەڵگەی مەدەنی ئەم پێشکەوتنەی بە خۆیەوە نەدەبینی. ئەوان ڕێگایان بۆ پەیدابوونی کەسانی تری لە بابەت خۆیان خۆشکردو پاش ماوەیەکی کەم ژیان لە هەموو بوارەکاندا گۆڕانی چاوەڕوان نەکراوی بە سەردا دێت. ئەو گۆڕانەیش لە ڕێگای زانستەوە سەرهەڵدەدات نەك لە ڕێگای ئەدەب و فەلسەفەوە.

با زیاتر دوور نەکەوینەوە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای پاشەڕۆژی شیعر بکەین. حاڵی حازر

گۆڕانێکی گەورە بە سەر شیعردا هاتووە. نەك تەنها شیعری کوردی بەڵکو شیعر بە گشتی. گۆڕانەکە هەر لە شێوە و زمان و وەزن و قافیەدا نییە بەڵکو تا دێ قووڵتر لە ناوەڕۆکدا ڕەنگ دەداتەوە. وەك چۆن لە کۆمەڵگەی ئەورووپی ئەمڕۆدا بە دەگمەن خوێنەرێکی گەنج دەدۆزیتەوە تاقەت و (کات) ی خوێندنەوەی ڕۆمانی لە بابەت (جەنگ و ئاشتی) یەکەی تۆلستۆی هەبێت خوێنەری شیعریش لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا کەم بۆتەوە. بازاڕ گەرمیی شیعر لە هەر



کۆمەڵگەیەکدا نیشانەی دواکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەیە چونکە دە شاعیری باشمان هەبێت چاکترە لە هەزاری تێکەڵ و پێکەڵ. دووبارەبوونەوەی بابەتیش دیاردەیەکی زەقی ناو شیعری نوێی کوردیە. کە شاعیرێك بۆ نموونە وشەی زەمهەریر یا فیردەوس بەکاردەهێنێ بە پەلە ڕەنگدەداتەوە و دەقۆزرێتەوەو ئەوەندە دووبارە دەکرێتەوە تام و چێژی پێوە نامێنێت. بڕوا بکە کاتێ شاعیرێکی باش باسی بەتریق بکات هەر ئەوەندەت زانی بەتریق بە چڕی لەملاولادا بەکاردەهێنرێت و ڕانك و چۆغەی لە بەر دەکرێت و لاوك و حەیرانمان بۆ ئەڵێ. ئەگەر بێگانەیەك ئەو شیعرانە بخوێنێتەوە وا تێدەگات کە کوردستان مەڵبەندی بەتریقە و پڕیەتی لە بەتریق.

باوی ئەوەیش نەماوە شیعر بکرێتە گۆڕەپانی ڕمبازێی زمان و زاراوە. هەندێجار قەسیدەی شاعیری گەورەم خوێندۆتەوە لە فیستڤاڵ و خۆپیشاندانی وشە چووە. توانا و دەسەڵاتی زمان دەقی شیعری بەهێزتر و بواری دەربڕین فراوانتر دەکەن بەڵام هیچ مەرج نییە کە ببنە هۆی درێژکردنەوەی دەق یان دووبارەبوونەوەی هەمان وێنە بە ئارایشتی جیاجیاوە.

زمان ئامرازی دەربڕینە، وێنەی شیعریش هەرچەندە باڵابەرز بێت ئەگەر بە زۆرداری جۆرەها کراسی تەسکوتروسك یان پانوپۆڕی بکرێتەبەر ناشیرین دەبێت. زمان هەویرێکی ئەفسووناویە ئەگەر زیاد لە حەدی خۆی هەویرترشی تێبکرێت هەڵدەبزڕکێت. کاتێ باس لە پاشەڕۆژی شیعر دەکەین پرسیارێکی گرنگیش هەیە جێی خۆیەتی پسپۆران و شارەزایان بایەخی پێبدەن (ئایا پاشەڕۆژی زمان خۆی چۆن دەبێت؟ ئایا ڕۆژێك نایەت هەموو مرۆڤایەتی خاوەنی یەك زمان بێت؟). ئێستا ئەو زمانە دروست بووە و زیاتر لە دە هەزار کەس قسەی پێدەکەن و دەنووسن بەڵام ئێمە مەبەستمان لە پاشەڕۆژی دوورە نەك نزیك.

ئەمڕۆ زۆر باوی فەلسەفە ئاساییەکە نەماوەو فەلسەفەی زانست جێگای گرتۆتەوە. ئەوانەی لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە دەکەن دەبێ لە هەردوو دیوەکەی فەلسەفەی تەقلیدی و زانستیی (بە پلەی یەکەم فیزیك و ماتماتیك) شارەزا و لێهاتوو بن. پاشەڕۆژی جیهان و مرۆڤایەتی بە گشتی کەوتۆتە ژێر مەرحەمەتی فەلسەفەی زانستیەوە. هێشتا لە ناو ئێمەدا ئەو بایەخەی پێنەدراوەو زیاتر بە فەلسەفە کۆن و تەقلیدیەکەوە خەریکین. ئێمە ڕاهاتووین بە بیستنی زاراوەی ئاسایشی نەتەوەیی بەڵام فەلسەفەی زانستیی بەرپرسیارە لە ئاسایشی هەموو جیهان و هەموو نەتەوەکان. ئەوە فەلسەفەی زانست بوو کە تاقیکردنەوەکانی کۆپیکردنی مرۆڤی قەدەغە کرد چونکە زیانی گەورەی لێئەکەوێتەوە. ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن ڕاستەوخۆ

پەیوەندیان بە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی باڵا و بڕیاردانەوە هەیە و هەرچی تاقیکردنەوە و دۆزینەوەیەکی زانستی سوودی پاشەڕۆژ و مرۆڤایەتی تیادانەبێت رایدەگرن و لەکاری دەخەن.

بێگومان شیعریش دەگۆڕێت و خوێندنەوەی پاشەڕۆژ ئاسان نییە. پێموایە لە پاشەڕۆژدا کتێبی شیعریی یەك چامەیی یا شیعری زۆر درێژ لە هەندێ باری تایبەتیدا نەبێت باوی نامێنێت. بەڵام تا یەك مرۆڤ بمێنێ هەست بە ئازاری ژیان و بیرکردنەوە بکات شیعریش هەر دەمێنێت. تا غەم هەبێت شیعریش هەیە. تا مردن هەبێت شیعر هەیە.

لە دۆزەخدا شیعر هەیە بەڵام لە بەهەشتدا کەس پێویستی بەوە نییە شیعر بنووسێت. بڕوا ناکەم ئەم سەرزەمینەیش هەرگیز ببێت بەو بەهەشتی لەززەت و چاوەڕوانکراوە. شاعیری راستەقینە کەسێکی کلۆڵ و بێبەختە کەوتۆتە ناو ئۆقیانووسێکی بێسنووری بازنەیی داخراوەوە. هەموو رێگاکان تاقیدەکاتەوە و عەودالّی شتێکە خۆیشی بەتەواوی نازانێت چییە، چونکە کە زانی لە شاعیرییەت دەکەوێت. هەیە دەڵێ عەودالّی حەقیقەتە. ئاخر کام حەقیقەت : خودا؟ بوون و نەبوون؟ بەختەوەری؟ نهێنی مردن؟ ئەبەدیەت و بێکۆتایی؟ زۆرداری و چەوسانەوە و نەبوونی دادپەروەری و یەکسانی؟ گەل و نیشتیمان و نەتەوە؟ یان گەردوون و ئەو کەوکەبانەی ملیۆنەها ساڵی هەتاویی لە زەویەوە دوورن و ملیۆنەها ساڵی پێدەچێت تا تیشکەکەیان دەگاتە سەر زەوی؟ یا رێکەوت و قەدەر؟ یا..... یا.... کامیان؟ هەر کەسە پێناسەیەکی بۆ حەقیقەت هەیە و ئەوەی بۆ من بەرجەستە بووە و چەسپیوە و ساڵگارێکی دوور و درێژە قەناعەتم پێی هێناوە ئەوەیە کە هەست بە بوونی حەقیقەتێك دەکەم بەڵام نازانم تام و بۆن و رەنگ و دەنگی چۆنن. زۆر گەورەترە لە مەوداو سنووری بیرکردنەوەو دەربڕین. حوکم دراوم بەوەی هەزار کیلۆ بە دەستێك هەڵبگرم لە کاتێکدا تەنیا توانای بەرزکردنەوەی دە کیلۆم هەیە. حەللاج واتەنی هەردوو قۆڵی دەبەستیتەوە و فڕێی دەدەیتە دەریاوە و پێی دەڵێیت تەڕنەبیت. دڵنیام ئەم ژیان و گەردوونە هەروا لە خۆڕاییەوە نەهاتوون. ئەم هەموو تەنزیمە ورد و هاوسەنگ و سەرسوورێنەرانە ئۆتۆماتیکی بە رێکەوت نەخولڤاون. تۆ وەرە ژوورێك پڕ بکە لە حەرفی جۆراوجۆر و پاشان چاو بنووقێنە و هەزاران جار هەوڵبدە بە رێکەوت چەند حەرفێك بە یەکەوە بلکێنیت بزانە دەتوانی دەقێکی جوان و پڕمانا بنووسیت. لە باشترین حاڵەتدا رەنگە چەند وشەیەکی سوریالی بێتە ئاراوە بەڵام یەك دێڕی واتابەخش نادۆزیتەوە. دینەکانیش لە جیاتی کارئاسانی ئەوەندەی تر کێشە فیکریەکانی بوون و نەبوونیان ئاڵۆزتر کردووە بە



تایبەتی چۆنیەتی پەیدابوونی یەکەمین مرۆڤ و پەیوەندی بە خوداوە و پاشان تاقیکردنەوەی مرۆڤ لە رێگای عیبادەت و پێوەرەکانی چاکە و خراپە. راست و رەوان داوات لێدەکەن خۆت بدەیتە دەستەوە (إسلم تسلم)، هیچ مافێکی پرسیار و لێکدانەوە و هەڵبژاردنت نییە. ئەگەر خەیام ئەڵێ (وەکو ئاو هاتین وەکو با رۆیین) بەر لەویش سوکرات وتوویەتی (تەنها شتێك بیزانم ئەوەیە کە هیچ نازانم) خۆتیش پێشتر ئاماژەت بۆ دێڕە شیعرەکەی گلگامێش کرد. بەو خوایە کاکە گیان منیش هیچ نازانم. تەنانەت بە خەیاڵیش لەم دونیایە و لەم گەردوونە بێکۆتاییە تێناگەم و حەپەساوم و واقم وڕماوە. رەنگە پێش ئەم ژیانە ژیانێکیتریش لە سەر زەوی هەبووبێت و زیندەوەرانی قڕیان خستبێتە ناو یەکەوە، بەڵام بۆچی و چۆن نازانم. رەنگە وایش نەبێت. ئەی بۆچی لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا مرۆڤ مرۆڤی کوشتووە و بەرامبەر بە خۆشەویستی هەموو کاتێك رقیش هەبووە؟ چوزانم رەنگە زیندەوەری بێحەد پێشکەوتوو لەم گەردوونەدا هەبن مرۆڤ لە چاویەویانەوە وەك مێروولە وابێت. من تا ئێستایش نازانم بۆچی لەدایکبووم و بۆچی ئەمرم؟ ئامانجی سەرەکی بەمرۆڤبوونم چییە؟ کێ بەرپرسیاری راستەقینەی بوونمە؟ ئەی دەبێ چ دەستکەوت و مەبەستێکی نهێنی لە پشتەوەی ئەم بوونە ناتەواوەمدا بۆ خودا هەبێت؟ جا ئەو چ پێویستیەکی بە عیبادەت و دەستکەوتە؟ ئەی کە هەر دەخولڤێنرام نەدەکرا بە ناتەواوی نەبێت؟؟ ئەگەر ناتەواویشە بۆچی دانە بە دانە میسقالە زەررەکانی بیابانی گوناهم لە سەر دەکرێتە ماڵ؟؟ دیارە ئەگەر بە ناتەواوی نەخولڤابم گوناهیش ناکەم.

هەموو مەعریفەت و تێگەیشتنم کۆبکەیتەوە هێشتا نابێت بە دڵۆپەیەك لە ئۆقیانووسەکانی سەر زەوی. چیبکەم ئەوە منم. مرۆڤم. بە ئارەزووی خۆم نەهاتووم و بە ئارەزووی خۆمیش ناڕۆم. کە لەم روانگەیەوە بیرێك لە سەربەستیە فراوانەکە دەکەمەوە لە یەك کاتدا گریان و پێکەنین دامدەگرێت بۆ فۆرمە بریقەدار و داتاشراو و خەڵەتێنەرو بچووك کراوەکانی سەربەستی ئاسایی.

داوای لێبووردن لە خوێنەرانی بەڕێز و گۆڤاری (هەنار) دەکەم ئەگەر غەدرم لە شیعر کردووە و بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارانەم داوەتەوە کە پەیوەندییان بە شیعرەوە هەیە. هەوڵ ئەدەم ئەگەر بزانم سوودیان دەبێت لە نووسینی سەربەخۆدا باسیان بکەم. مەرجیش نییە کە بیرو بۆچوونم لەگەڵ خوێنەردا یەك بگرێتەوە چونکە لە تاقیکردنەوەی خۆمەوە قسە دەکەم.

رەنگە کە درێژەم داوە بە باسکردنی مێژووی ژیانی خۆم تووشی بێتاقەتیم کردبن. هۆیەکەی ئەوەیە ساڵەهایەکە هەندێ نهێنی و راستیم لە دڵدا حەشار داوەو هەندێجار وتوومە نووسینەوەیان باشترە لەوەی هەر لە دڵی خۆمدا بمێننەوە. هەندێجاری تریش بە پێچەوانەوە بێدەنگیم هەڵبژاردووە. من یەکێکم لەوانەی کە سیی ساڵ زیاترە یەك وشە باسی خۆم نەکردووە هەرچەندە زۆریش داوام لێکراوە. لەوەیش ئاگادارم کە وەڵامەکانم لە هەندێ جێگادا پەیوەندیان بە پرسیارەکانەوە نییە و دوور کەوتوونەتەوە. بەمەیش دەستوورە باوەکانی مەنهەجیەتم رەچاو نەکردووە و هیوادارم کە سەری خوێنەرم نەیەشاندبێت.

کە لە سەرەتادا برایانی بەڕێز کاك حەمە کاکە رەش و کاك محەمەد کوردۆ روویان لێنام دوودڵ بووم و گفتی تەواوم پێنەدان. پاشان وردە وردە بە شێنەیی چووینە ناو مەوزووعەوە. قسە قسە رائەکێشێت و وا ئەم دیدارەی لێ پێك هات. سوپاسی هەردووکیان دەکەم کە ئەگەر هاندان و بەتەنگەوەهاتنی ئەوان نەبووایە دیدارەکە ساز نەدەکرا. دیارە زۆر لەوە زیاترم پێیە و شتگەلێکی تریش ماون لەو دیو پەردەکانەوە جێهێڵراون کە لێرەدا جێگایان نابێتەوە و ئەگەر مەرگ مەودا بدات نۆرەی ئەوانیش دێت. ئەگەر نا ئەوە مام هێمن واتەنی کوردەواری و ئێوە خۆش. رەنگە لەو دونیا کاتمان زۆرتر بە دەستەوە بێت تا درێژەی پێبدەین. خۆزگەی هەرە گەورەم ئەوەیە کە پاش مردنم بە دیداری دادپەروەری راستەقینەی ئیلاهی شاد دەبووم و فیلمی شاراوەی دەرەوە و ناوەوەی سەرتاسەری هەموو ئینسانێك بۆ هەمووان لێئەدرایەوە. ئەوسا رەفتار و بیرکردنەوەی ئاشکرا و نهێنی گشت کەسێك بۆ تێکڕای مەخلووقاتەکانی دیکە روون دەبوونەوە.

## تەسبیحات بە وشە



## ڕوونکردنەوەیەکە دەربارەی دیدارەکەی گۆڤاری هەنار

نووسینی: سەلام محەمەد

لە ژمارە ٣٧ و ٣٨ ی گۆڤاری هەناردا شاعیر حەمەی کاکەڕەش دیدارێکی لەگەڵما سازکردبوو، دوای بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێ سەرنج و بیر و بۆچوونی خوێنەرانی بەڕێزم لە ڕێگای ئیمایل و تەلەفۆنەوە پێگەیشت و بە پێویستم زانی بەگوێرەی کات و توانا تیشکیان بخەمە سەر.

پاش هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر لە کتێبێکی سەربەخۆدا نەبێت گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و یادەوەرییەکان ئێجگار لەوە فراوانترن بە باسێك و دوان و سیان تەواو بن. نووسینەوەی ئەو هەموو یادگارانەش واتە سەرگوزەشتەی ژیان بە جۆرە لاسایکردنەوەیەك دەزانم، چونکە لەگەڵ ڕۆژگاردا بیرکردنەوەم لەمەڕ جیهان و ڕووداوەکان گۆڕاون و جیاوزن. ئەوەی کە جاران سەیر بوو ئێستا ئاساییە. کاتێ نووسەران و شاعیران و تەنانەت سیاسیەکانیش دەگەنە ئاستێکی دیاریکراوی تەمەن، ئەزمون و یادگارەکانی خۆیان دەنووسنەوە، وەکو خۆئامادەکردن وایە بۆ ماڵئاوایی لە ژیان و هەستکردنە بە پیربوون و هەوڵدانە بۆ دووبارە ژیانەوەی ڕابردوو یان دووبارە مناڵبوونەوە. ڕەنگە ئەم گێڕانەوەیە بۆ مێژوو سوودی هەبێت کە من خۆم گومانێکی گەورەم هەیە بەرانبەر ئەوانەی مێژوو دەنووسنەوە لە بەر ئەوەی گشت مێژوونووسێك دید و خوێندنەوە و بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕووداوەکان ئەویش لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێ هۆی کەسایەتی و گشتیدا. نووسینەوەی یادداشتەکانی ژیان کە هەندێ کەس زۆر درێژەی پێدەدەن و ورد و درشت فەرامۆش ناکەن نیشانەی خۆخلافاندن و بێتاقەتییە، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا کتێبێك بەسە و ئەگەر نووسەر مەبەستی بێت بە یەك بەرگ بیرەوەریە گرنگەکان دەنووسێت. کتێبم خوێندۆتەوە کە ٢٠٠ - ٥٠٠ لاپەڕە بووە، بەڵام دەتوانرا بە چەند لاپەڕەیەکی کورت هەمان بابەت بخرێتە بەرچاوی خوێنەران. کێ هەیە سەرانسەری ژیانی پڕ نەبێت لە کارەساتی گەورە و هەڵکشان و داکشان. کێ هەیە جارێك لە جاران هەستێکی وا داینەگرتبێت کە ئەوەی لەو قەوماوە بەسەر کەسدا نەهاتووە؟ منیش کە بیر لە ڕووداوەکانی ژیانی خۆم دەکەمەوە دەبینم دەیان گێژەڵۆکەی

ترسناك ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مردنیان کردوومەتەوە و بە ڕێکەوت نەمردووم. هەندێك لەو گێژەن و دەمەبورکانانە ئەنجامی هەڵەی خۆم بوون، بەڵام زۆربەیان چ پەیوەندییەکیان بە خۆمەوە نەبووە. ڕێکەوت و چارەنووس تووڕیان داومەتە ناو دەمی تیمساحێکی برسی و هەر خۆشیان ڕزگاریان کردووم بەبێ ئەوەی بزانم چۆن یان بۆچی. ئەو هەموو ڕێکەوتە سەیرە پرسیارگەلێکی بەردەوامی بێ وەرامیان لای من دروستکردووە. لە گشت حاڵەتێکیشدا ئێمە هێشتا لە ژیانداین ئەگەر مەبەستمان بێت، فریای ئەوە دەکەوین تەواوی خاڵە گرنگەکانی ڕابردووی خۆش و ناخۆشی خۆمان بگێڕینەوە، بەڵام ئەوانەی کوژران و ئیعدام کران یان بێ سەروشوێن کران هەموو یادەوەرییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ژێر گڵ و گەرووی بیابان و کوورەکانی هیتلەر و ئاوەکانی ئۆقیانووس و زۆر شوێنی دیکە برد. کێ دەزانێ چ جۆرە خەون و ژان و هیوا و نائومێدییەك تەنگی پێ هەڵچنیبوون و داگیری کردبوون.کێ دەزانێ نەغمەی ئاوازی دوا ترپەی لێدانی دڵەکانیان چۆن بووە. ئەی کێ دەزانێ چ ڕەشمارێك لە گەردنیان ئاڵاوەو لەو ساتە وەختەدا بیریان لە چی کردۆتەوە؟ ئاخۆ دوکەڵی هەناسەیان نەخشەی چ زەخرەفەیەکی پڕ لە نهێنی کێشاوە؟ چۆن چۆنی دواگەڵای حەز و تاسە و خۆزگەکانیان هەڵوەریون. ئێمە تەنیا بە خەیاڵ باسی دوا ڕۆژەکانی ئەو کەسانە دەکەین کە هەر یەکێکیان بە جۆرێك دەمرێت. خەیاڵیش پەیوەندی بە ئاستی تێگەیشتنەوە هەیە و تا ئەو شوێنە بڕ دەکات کە خاوەنەکەی شارەزایی هەیە لە چۆنیەتیی هەڵفڕینی باڵندەکانی خەیاڵ. فروغی فروغزاد دەڵێ ئەگەر بەرد سەری خۆت نەشکێنێت لە ئازارەکەی تێناگەیت. ئاسان نییە پیاو دەربارەی ئەو بێگوناهانە بنووسێت کە چارەنووسیان بە ئەشکەنجە و پاشان بە کوشتن کۆتایی هاتووە، تەنانەت بینینی تاوانبارێك کە حوکمی مەرگی بەسەردا دەسەپێنرێت لەگەڵ ویژدان و سۆز و پیرۆزیی ئینساندا ناگونجێت. خۆ لە هەوەنتە و خۆڕایی نییە گشت ئەورووپا سزای مردنی هەڵوەشاندۆتەوە. لە تەمەنی گەنجیمدا ڕۆمانی "دوا ساتەکانی ژیانی پیاوێکی بە مردن حوکمدراو"م خوێندۆتەوە کە لە نووسینی ڤیکتۆر هۆگۆیە تا ئێستاش کاریگەریی ماوە. هەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بوو کاتی خۆی وای لە ئەلبێر کامۆ کرد دژی سزای مل پەڕاندن بێت‌و کتێبی مەقسەڵە بنووسێت کە لە ڕاستیدا ڕاپۆرتێکی بەرگریکردن بوو لە سێ پیاوی مەغریبی کە بە سزای مردن حوکم درابوون. کاتی خۆی لە عەرەبییەوە کردوومە بە کوردی و دام بە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا، بەڵام نە چاپ کرا و نە دەستنووسەکەشم وەرگرتەوە.



ئێمەی هێشتا زیندوو هەرچییەکمان بەسەر هاتووە ناگاتە ئاستی هەزاران ڕووداوی دڵتەزێنی وەك جینۆسایدی چەندین ملیۆن جوولەکە لە کارگە سامناکەکانی مەرگدا لە ئاوشڤیتز و بیرکناو و تریبلنکا و سوبیبور و مایدانك و شوێنگەلێکی دیکەیش کە بە گازی ئۆکسیدی کاربۆن خنکێنران و پاشان لە کوورە ئاگرینەکاندا سووتێنران و پاشماوەکانیان کران بە سابون و سەماد و شۆستە و ڕێگاوبان. لووتکەی دڕندایەتی فاشیستەکان ئەوەبوو کە زۆربەی کارەکانیان هەر بە جووەکان خۆیان ئەنجام دەدا.
زیاتر لە ١٨٠ هەزار ئینسانی لێقەوماوی کورد لە ئەنفالە ڕەشەکاندا بێ سەروشوێن کران. سەرەتا لە ئۆردوگا بەدناوەکەی تۆبزاوە و کۆمەڵێ ئۆردوگای ئاشکرا و نهێنیی دیکەدا کۆ کرانەوە پاشان بەرەو نوگرە سەلمان یان ڕاستەوخۆ ڕەوانەی چاڵەکانی مەرگ و هەناوی هەڵقرچاوی بیابانی عەرعەر و دەشت و بیابانی دیکە کران. ئەی ئەوانەی هەر لەژێر تەعزیبدا کوژران و شایەتحاڵێك نییە باسی کارەساتەکان بکات، بێجگە لە جەللادەکان خۆیان.
ئەمڕۆ هەر لە کوردستان بە سەدان جەلادەتی کۆتر هەن کە بە ڕێکەوتیش نەکەوتنە ژێر مەرحەمەتی جەللادێکی لە بابەت سامیری بابلیەوە، بەڵکو سەرجەمی دراما و تراژیدیاکانیان وەك خۆیان فەوتان و لەناوچوون. ئاخۆ ئەوانە چەندە ئازار و ئەشکەنجەیان چەشتووە تا گیانیان دەرچووە؟ دەبێ بۆ قومێك ئاو یان لەتە نانێکی ڕەق چ تاریکایی و چ ژانێك هەراسانی کردبن؟ ئەی گۆشتی داخکراو و لە ئوتودراو و هەڵکێشانی نینۆك و خوێ کردنە سەر برین و دەیان شێوازی ئەشکەنجەدانی دڕندانەی دیکە کەلە ژمارە نایەن. کێ دەتوانێت بە شیعر و ڕۆمان ئەو چیرۆکانەمان بۆ بگێڕێتەوە و وێنەیەکی بچووك کراوی ڕاستیەکانمان بخاتە بەرچاو. من گومان ئەکەم لەوەی کە شاعیر و ڕۆماننووس بتوانن بچنە ناخی سووچە درەوشاوە هەرە قووڵەکانی ئەو کارەساتە جەرگبڕانە و هەرچیەکیش بنووسن لە سنووری هەوڵدان تێناپەڕێت و دەکەوێتە خانەی ختووکەدانی هەست و سۆزی ئینسانیەوە.
لۆژیك دەرەقەتی ئەم دەربڕینە نایەت، بەڵام هونەر و ئەدەب تا ڕادەیەك لێی نزیك دەکەونەوە، ئەویش لە ڕێگای توانا و بلیمەتی و شارەزایی و فەنتازیای هونەرمەند و نووسەری داهێنەرەوە کە هەرگیز بەرهەمەکەش پڕ بە پێست و دەقاودەقی ئەو مەتاهە ڕۆحیە نابێت. تەنیا ئەو کەسەی خۆی لە کارەبا دراوە دەزانێت ئازارەکەی چۆنە.
هەر کاتێك بیر لە نووسینەوەی ئەزموون و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆم دەکەوە ئەو لەشکری ملیۆنەها قوربانییەم دەکەوێتەوە یاد لە هەموو جیهاندا کە فریای تۆمارکردن و نووسینەوەی

یادگارەکانیان نەکەوتوون و ئەوەی خۆم وەك مێشوولەیەك دەبینم کە بە گژ قولەی قافدا دەچێت.

هەندێك لەوانەی بۆ نوگرە سەلمان ڕاپێچ کرابوون دەڵێن کاتێ گەیشتوونە جێ هێشتا پاشماوەی هەندێ قابە شۆربای جێهێڵراو لە سووچەکانی زیندانەکەدا بە گەرمی مابوونەوە کە ئەمەش بەڵگەیەکە ئەو زیندانە نەفرەتییەی هەر لە کۆڵانەکانی دۆزەخ دەچێت چەند دەقیقەیەك لەوەبەر قوربانییەکان بۆ چاڵەکانی بیابان گوێزراونەتەوە کە پاشان هەندێك لەو جەستانە دەبوون بە خۆراکی سەگی بەرەڵڵا. بۆ ساتە وەختێك لاشەی پیرۆزی منداڵێك بێنە بەرچاوی خۆت کە سەگە خوێڕییەکان تێی ورووکاون و پارچە پارچەی دەکەن. وا بزانە ئەوە یەکێکە لە منداڵەکانی خۆت بە دەم قەپاڵی سەگەوە. ئاخۆ چ شیعرێك، ڕۆمانێك، تابلۆیەك، گۆرانییەك یان فیلمێك تەسکینی دەخاتە دڵتەوە و سەبووریت پێ دەبەخشێت؟ چ واوەیلایەك ئارام و ئاسوودەت دەکات؟

قەناعەتێکی تەواویشم لا هەیە ئەوەی دەینووسم دووبارەکردنەوەی ئاوازێکی دیکەی زۆر بە جۆش و خرۆشترە لە کون و کەلەبەرێکی دیکەی ئەم جیهانە بچووك و لە هەمان کات گەورەیەدا. بێگومانم هەرچەندە داهێنان جوان و سەرکەوتوو و تەنانەت تازەش بێت لە جێگایەکی دیکەدا داهێنەرێکی دیکە بە شێوەیەکی جوانتر و قووڵتر خۆی لەو بابەتە داوە. ئەمەش قسەی من نییە و بڕوای کەسانێکی بەهرەدار و ڕووناکبیر و داهێنەرە پاش پەنجا ساڵ زیاتر لە ئەزموونی هونەر و ئەدەبدا وا دەڵێن. ئەڵبەتە مەبەستم ئەوەش نییە کە هیچی تازە نەماوە، چونکە ژیان بە بەردەوامی لە گۆڕانکاری و تازەبوونەوەدایە. ناڵێم قەڵەمەکەم بخەمە لاوە و هیچ نەنووسم، چونکە داهێنان و بابەتی تازە نەماون، ئیتر جارِی ئاشبەتاڵ و وشکبوونەوە بدەم. من مەبەستم داهێنانی تەواو تازەیە بە نیسبەت خۆمەوە، نەك یەکێکی دیکە کە ڕەنگە ئەوەی لە توانای مندا نەبێت بۆ زۆر کەسی دیکە تازە و ئاسان و ئاسایی بێت. ڕووباری داهێنان هەرگیز ڕاوەستانی بۆ نییە و هەرگیز وشك نابێتەوە و ڕەق هەڵنایەت. لێرە و لەوێش ئەگەر نووسین و شیعر و بەرهەمی ئاسایی بڵاو بکەمەوە بە لامەوە سەیر نییە، چونکە زیانی بۆ کەس نییە، بەڵام دەگونجێ قازانجی هەبێت و شتی باشتری بە دواوە بێت.

دەربارەی دیدارەکەی گۆڤاری هەناریش وا تیشك دەخەمە سەر هەندێ پرسیار و شتی فەرامۆشکراو کە هیوادارم نەکەوێتە خانەی دووبارەبوونەوە. خۆم زیاد لە هەموو شتێکی دیکە



ڕقم لە تەمسیل کردن و دووبارەبوونەوە و خۆنواندنە کە مەبەستم لە هونەری تەمسیل نییە، بەڵکو تەمسیلکردن بەرانبەر بە دەوروبەر یان بە کوردیەکی پەتی فشەکردن.

❊❊❊

ئەو ڕووداوانەی لە دیدارەکەدا باسمکردوون و درێژەم پێنەداون بابەتی جیاواز و سەربەخۆن. ئەگەر بکەومە گێڕانەوەیان دەبێ نوك بە نوك لە سەرەتاوە تا کۆتایی باز بە سەر هیچیاندا نەدەم و ئەوەش حەوسەڵەیەکی دەوێت. کەسانێك هەن هێشتا لە ژیاندان و بەو جۆرە باسانە دەورووژێن. ڕەنگە کارەساتی ناخۆشی بە دواوە بێت. ڕەنگە ئەوان وەك خۆم ئاسایی وەرینەگرن و قورس بە سەریاندا بکەوێتەوە. کای کۆن بە بادا کردنیش جۆرێکە لە گێچەڵ و ئاژاوە نانەوە، چونکە ڕووداوەکان ساڵگارێکی درێژیان بە سەردا تێپەڕیوە و کەوتوونەتە ناو دورگەکانی لەبیرچوونەوە. ڕۆژگار گۆڕانی گەورە و و بنەڕەتیی بە سەردا هاتووە. هەیە ئەو دەمە پیاوی ڕژێم بووە و لە دوای ڕاپەڕین و گۆڕانکارییەکانی دوای ڕاپەڕین و شەڕی براکوژی ئەم حزب و ئەو حزبی کردووە و گشت کاتێکیش دەسەڵاتی هەبووە. هەیە بە پێچەوانەوە ئەوسا خراپ بوو پاشان ڕێگای ڕاستی گرتەبەر. بە گشتی ئەوەی کۆنە برین دەکولێنێتەوە دۆست و ئاشتیخواز نییە، منیش خۆم بە دوشمنی کەس نازانم و هیچ پێویستیەکم بە هەڵدانەوەی گشت لاپەڕەکانی فەرهەنگی یادەوەرییە تاڵ و سوێر و تفتەکان نییە.

ئەو کارە گرنگەی لەلایەن دەزگای پاراستنەوە لە ساڵی ١٩٧٤ دا پێم سپێردرابوو کە سەرنجی گەلێکی ڕاکێشاوە و حەز دەکەن کرۆکی کردەوەکە بزانن، دەڵێم بەسەرچاو. کارەکە بریتی بوو لە تەقاندنەوەی چوار قومبەلەی تەوقیت لە شاری بەغادا. قومبەلەکان بچووك نەبوون و هەر یەکەیان نزیکەی چوار ئەوەندەی نارنجۆکێکی ئاسایی بوون. نیوسەعاتی ڕێك پاش لابردنی ئەلقەکانیان دەبوو بتەقێنەوە و مەشقیشم لەسەرکردبوون.

سەرەتا پلانەکە وابوو پاش تەسلیمبوونەوە و جێپێکردنەوە لە بوونە پیاوی ڕژێم و تێپەڕبوونی ماوەیەك لە جێگیربوونم، ئەدرەسی ماڵی ئەو فڕۆکەوانانەی کوردستانیان بۆردومان دەکرد وەربگرم، بەڵام هەرگیز وەرمنەگرتن. کاتێ خۆمیش بە سەرورِوخساری لەجامانە پێچراوەوە بۆ ناوپردان دەچوومەوە گوتیان ئێمە خۆمان پەیوەندیت پێوە دەکەین. هەرگیز پەیوەندیم پێوەنەکرا و نیشانەکانم بۆ دیاری نەکران. دەبوو بە ئارەزووی خۆم بڕیار لەسەر نیشانەکان بدەم.

ئەمەش نەك هەر زەحمەت بوو بۆ من بگرە مەحاڵێش بوو. ئەوسا ڕێك تەمەنم بیست ساڵان بوو. دەمەویست لاسایی کەسێکی وەکو ڕەئفەتولهەجان بکەمەوە و بە تەنیاش هیچم پێ نەدەکرا. سەرەڕای ترس و دڵەڕاوکێیەکی بێسنوور، ئەم جۆرە شۆڕشگێڕایەتیە و شاعیر بە قەد هەردوو قوتبەکەی باکور و باشوور لە یەکەوە دوور بوون. ئاخر شاعیر و قومبەلە کوجا مەرحەبا؟ ئەوەبوو نەك هەر سەرنەکەوتم بەڵکو قورسیش بە سەرما کەوتەوە و ئەگەر زیاتریش درێژەی پێبدەم وەکو زنجیرەیەك تێکڕای ڕووداوەکە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی بە یەکەوە گرێدراون یان دەبێ لێرە ڕاوەستم یان ئەوەتانێ هەمووی بخەمەڕوو کە زۆر درێژە و سیی و پێنج ساڵێشی بە سەردا تێپەڕیوە.

وەك پێشتریش وتوومە بە پلەی یەکەم هەڵەی خۆم بوو چونکە کارەکە خۆبەخشانە بوو، لە پێنج کەسەوە و لەسەر داوای خۆمان و لە خەیاڵی ڕفاندنی فڕۆکەوە دەستی پێکرد، بەڵام بە یەك کەس و چوار قومبەلەی نەگبەتەوە کۆتایی هات. دەبوو ئەنجامیش هەر بەو جۆرە سەرنەکەوتووە بکەوێتەوە کە بە لای هیچ مرۆڤێکی هۆشیارەوە سەیر نییە و چاوەڕوانکراوە.

بە پلەی دووەمیش نەدەبوو دەزگای پاراستن متمانەیەکی ئاوا گەورەی وەك تەقاندنەوەی قومبەلە بە شاعیرێکی تەمەن بیست ساڵان بدەن کە هیچ باکگروند و ئەزموونێکی لەوەبەری لەو بوارەدا نەبووە، با خۆیشی داوای جێبەجێکردنی کاری شۆڕشگێڕانەی کردبێت. خەون و خەیاڵی پێنج نووسەری لاوی خوێن گەرم نەدەبوو پەلەی لێ بکرێت و ببێتە چالاکییەکی پسپۆڕانەی دەرەجە یەکی سەربازی، هەرچەندە خۆبەخشانەش بوو.

تازە ئەوەی چوو ناگەڕێتەوە و باجەکەشی هەر خۆم دام و هیچ کەسێك تۆسقاڵێك زیانی بەرنەکەوت. لە مانگی ئابی ١٩٧٤ دا لە ژووری ٢٢ ی ئوتێلی هەولێر بووم لە بەغدا، لەلایەن ڕژێمەوە فەرمانی گرتنم دەرچوو. شەو لە مزگەوتەکەی شێخ عبدالقادری گەیلانی خۆم شاردەوە چونکە سەعات پێنجی بەیانی ئەوجا ڕێگا دەکرایەوە و سەفەرکردن بە شەو قەدەغە بوو. یان دەبوو بەغدا جێنەهێڵم کە بێگومان دەگیرام و پاش ئەشکەنجەیەکی دڕندانەش ئیعدام دەکرام. یان دەبوو گشت توانایەکم بخەمە کار تا خۆم دەرباز بکەم و بڕۆمەوە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی لە ناوپردان کە ئەگەرێکی گەورەی گرتن و زیندانیکردنم هەبوو، بەڵام هەر ئەمیانم هەڵبژارد. پەشیمانیش نیم بەڵکو شانسم هەبوو یان وەك دەڵێن ئەجەلم نەهاتبوو. قەسیدەی دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە کە لە ١٧/٠٧/١٩٧٤ دا نووسراوە و تینوێتی و زستانی جوان - ١٩٧٥ و چەند بڕگەیەکی شیعری شیرین و یادگارەکانی



ڕەحیماوە ١٩٧٤ - ١٩٧٥ هەروەها قەسیدەی بارانی ڕەنگاوڕەنگ و هەندێ شیعری دیکەیش کە هەموویان لە دیوانە چاپکراوەکەمدا هەن پەیوەندییەکی هۆرمۆنی ڕاستەوخۆیان بەم ئەزموونەوە هەیە، بۆ نموونە:

ناتوێمەوە
نا نا، نا نا ناتوێمەوە
ئەوەی دیتم ڕۆژگارێ بوو
دەرگاوانی حەوت دەرگاکەی دۆزەخی خوا نەیبینیوە
﴿کۆمەڵە شیعری دەمەوئێواران... قەسیدەی: تینوێتی و زستانی جوان -١٩٧٥ ل ٦٩﴾

یان:
ئەگەر ئەگریم،
ئەوە زامی ڕۆژگارێکم دێتەوە یاد
دڵداریم لەگەڵدا کردی و
نەمئەزانی... دڵداری چییە و چۆن لێومان
بە یەك ئەگات...
﴿قەسیدەی بۆ کچی کوێستان — ١٩٧٦ ل١٢٢﴾
یان:
بڕۆ، بەڵام، ئاوڕ لە سێبەری خۆتیش نەدەیتەوە
ڕەسەنیی خۆر نەدۆڕێنی
لە ماچ زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی خوێن
لە خوێن زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی ماچ
﴿قەسیدەی بارانی ڕەنگاوڕەنگ. لاپەڕە: ٤٣﴾

یان:
هەر ئەچیت و ئەگەڕێیتەوە
ئەمسەرەکەی...

**ئەوسەرەکەی...**
**ئەڕۆی... ئەڕۆیت و... دێیتەوە**
**نەك وەڵامێ**
**نەك سۆراخێ**
**تۆ ئاورێك نادەیتەوە...**
**﴿قەسیدەی دەمەوئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە. لاپەڕە: ٢٨**

**یان:**
**کە گەڕامەوە...**
**بە قەد هەموو شاخەکانی ئەم وڵاتە**
**بە قەد هەموو ئاخەکانی ئەم وڵاتە**
**خۆشەویستیم بۆت هێنابو**
**وەك ئیبراهیم**
**تووڕیان دامە ناوئاگری گومانەوە...**
**﴿قەسیدەی شیرین و یادگارەکانی ڕەحیماوە ١٩٧٤ لاپەڕە: ٦٦﴾**

**یان:**
**لەنێوانی مژدە و ڕقدا**
**خۆشەویستیت لەدایکبوو**
**ئەهاتمە لات، چاوەکانت ڕۆژنامە بوون**
**سەر تا خوارێ**
**دەنگوباسی وڵاتم تیا ئەخوێندەوە:**
**هۆنراوەی سوور،**
**فرمێسکی ئاڵ و بزەی وێڵ،**
**کۆچی سەرلێشێواوی خێڵ،**
**پرسیاری زۆر...**



**سەدان نهێنی سەربڕاو،**
**بڕوای هەتیو...**
**﴿قەسیدەی تینوێتی و زستانی جوان — ١٩٧٥ لاپەڕە ٧٣﴾**

**یان:**
**کوژرام و زیندوو بوومەوە**
**مانگی کوێستان...**
**تریفەکەی،**
**بە سەر ڕووباری هەناومدا ئەخولایەوە**
**گیانە ئەوسا**
**پارچەیەك بووم لە گزنگی (کانی ماران)**
**﴿قەسیدەی تینوێتی و زستانی جوان — ١٩٧٥ لاپەڕە ٧٣﴾**

**لەو هاتوچۆیەدا شەوێك لە گوندی کانی مارانی سەر بە قەزای ڕانیە مامەوە. تاریکوڕوونی بەیانی بوو لە خەو هەڵیانساندم و گوتیان جەیش هات. بەپەلە خۆم و ئەو پێشمەرگەیەی لە سەرکردایەتیەوە بۆ پاراستنم دانرابوو لە خەو ڕاپەڕین. تا گوندی قەشقەی بەرانبەر دەرماناو لەگەڵما هات و حیمایەی دەکردم، خۆیشی هەر خەڵکی کانی ماران بوو. ئەو دەمانچە و کلاشینکۆفی پێ بوو، بەڵام من چەکم هەڵنەدەگرت. بارە دەروونییە شڵەژاوەکەی خۆم و دیمەنی ئەو گزنگەی بۆنی خوێنی لێدەهات هەرگیز لە بیر ناچێتەوە. ئەو سەفەرە من لە قەشقەوە بە کەڵەك بۆ گوندی دەرماناو لە زێیەکە پەڕیمەوە و ئەویش بۆ سەرکردایەتی دەزگای پاراستن دەگەڕایەوە لە ناوچەی ناوپردان کە هەر لەوێش کاری دەکرد.**
**ئەو تاقیکردنەوە خەتەرناکەم لەگەڵ دەزگای پاراستندا بێجگە لە خودی خۆم تاڵە موویەك زیانی بۆ هیچ کەسێك نەبوو، کەسیش بە هۆی قومبەلەکانەوە نەکوژران. سوودەکەشی بۆ ئەدەبی کوردی ئەو قەسیدانە بوون کە لە سەرەوە ناوم هێناون.**

***

هەندێ ڕەخنەم لێ گیراوە کە درێژەم بە باسکردنی تابلۆ داگرتنەکەی یەکیەتی نووسەرانی کەرکوک نەداوە. لە دیدارەکەدا گفتم بە خوێنەری بەڕێز دا کە لە دەرفەتێکی دیکەدا ئاوڕ لەو ڕووداوە دەدەمەوە و وردەکارییەکانی ڕووندەکەمەمەوە

کە یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتی نووسەرانی کەرکوک دامەزرا، دوا بە دوای ئەویش یەکەمین لیژنەی ڕۆشنبیری پێکهات بریتی بوو لە فوئاد تاهیر سادق و عەبدوڵڵا سەڕاج و لەتیف هەڵمەت و سەلام محەمەد. ئێمە سەرپەرشتی گشت کۆڕە ئەدەبییەکان و چالاکیەکانی یەکیەتیمان دەکرد. کلیلی بارەگاکە لای فوئادی تاهیر سادق بوو کە لە هەمان کاتدا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریش بوو. جارجار نەدەهات یان دوادەکەوت تا لە ڕۆژی ٠٢ / ٠٢ /١٩٧٢ دا من و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا سەڕاج و ڕەحمەتی ئیسماعیل ڕۆژبەیانی لەبەر دەرگادا چاوەڕێی هاتنیمان دەکرد و زۆریش چاوەڕێمانکرد. پێشتر چەند جارێك گلەییمان لێی کردبوو کە زۆربەی کات بارەگا داخراوە و دەبێ ڕۆژانە کاتی دیاریکراو هەبێت بۆکردنەوە و داخستنی.

ئێمە زۆر تووڕە بووین و گوتمان لەوەدەچێت گلەیی سوودی نەبێت. چی بکەین و چی نەکەین؟ هەر مشتومڕمان بوو تا لە پڕێکدا لەتیف هەڵمەت وتی: وەرن کوڕینە تابلۆکەی بەر دەرگا داگرینە خوارەوە. نایدەینەوە تا داخوازیەکانمان جێبەجێ نەکرێت و لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەبێ لەمەودوا کلیلەکە لای خۆمان بێت.

پێش داگرتنی تابلۆکە گوتوبێژێکی زۆرمان کرد. گەرمەی ڕێکەوتنەکەی ١١ی ئازار بوو. نە حوکمەت و نە لقی سێی پارتیش بەو کارە ڕازی نابن و ئەگەر قانونی ڕێکخراوە پیشەییەکان جێبەجێ بکرایە حەپس دەکراین و سزایەکی توندیش دەدراین. خوالێخۆشبوو ئیسماعیل ڕۆژبەیانی کارەکەی بە دڵ نەبوو، دەسبەجێ جێی هێشتین. ئێمە بڕیاری خۆمان جێبەجێ کرد و تابلۆکەمان هێنایە خوارەوە کە لە سەری نووسرابوو بارەگای یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك. هەرسێکمان واتە من و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا سەڕاج تابلۆکەمان برد بۆ بارەگای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لە کەرکوك کە ئەوسا جەمیل جێماو سەرۆکی بوو. یەکێك لە قسە خۆشەکانی جەمیل جێماو ئەوەبوو کە لێت دەپرسی بۆچی نازناوی جێماوی هەڵبژاردووە، دەیگوت من خۆم جێنەماوم بەڵکو گەلی کورد لە کاروان جێماوە و منیش کوڕی ئەو گەلەم کەواتە جێماوم. خوا هەڵناگرێ زۆر بە گەرمی پشتگیری لێکردین و وتی ئەگەر



نیازی خۆپیشاندانتان هەیە ئامادەم هەموو ئەندامەکانمان کۆبکەمەوە و تیادا بەشدار بن. پێشنیازەکەمان بە لاوە پەسند بوو، تەنانەت گوتیشمان ئێمە هەرسێکمان دەکەوینە پێش خۆپیشاندەرەکانەوە و تابلۆکەی یەکیەتی نووسەران بەرز دەکەینەوە. سەرەڕای ئەوەی خۆپیشاندانەکە ناقانونی بوو، هەروەها ئەگەری سەرکەوتنی لاواز بوو.

لەبری ئەوە ڕێکەوتین بەیاننامەیەك دەربکەین و تێدا ڕوونی بکەینەوە کە چیمان ئەوێ و بۆچی تابلۆکەمان داگرتووە. پاشان بە دەستخەت چەند وێنەیەکی لەسەر بنووسینەوە و بە هەموو لایەکدا بڵاوی بکەینەوە. تابلۆکەمان بە ئەمانەت لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی جێهێشت و لەتیف هەڵمەت ڕەشنووسی بەیانەکەی نووسی، ئێمەش تێبینی و سەرنجەکانی خۆمان خستە سەری و لە خوارەوە هەرسێکمان ئیمزامان کرد. زیاتر لە بیست وێنەمان لە بەری نووسیەوە و بۆ مەڵبەندی گشی یەکیەتی و لقەکانی و ڕۆژنامەی هاوکاری و برایەتی و شوێنی دیکەیشمان نارد.

بە ڕاستی بەیانێکی تووڕە بوو. هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئەو سەردەمە نەیدەوێرا بڵاوی بکاتەوە. بڕگەیەکی بەیانەکەم تەواو دێتەوە یاد کە نووسیبوومان (ئەگەر ئەو میزەی کاتی خۆی شاعیرێکی سوریالی کردیە سەر گڕی ژێر کەوانی سەرکەوتندا لە پاریس یاخیبوونێك بێت لە سیاسەتی ئەوسای فەرەنسا ئەوا ئەم کارەی ئێمەش یاخیبوونە لەو قەوارەیەی کە یەکیەتیەکەمانی تیادا دیل کراوە).

دەستەی بەڕێوەبەری ئەوسا کە پێکهاتبوو لە خوالێخۆشبووان شێخ ڕەئووفی خانەقا و شێخ عبدالعزیزی خانەقا و مامۆستا تاهیر سادق، هەروەها مامۆستایان عوسمان مستەفا خۆشناو و فوئادی تاهیر سادق و شێخ حوسێن بەرزنجی. چەند جارێ بۆ گەڕاندنەوەی تابلۆکە و مەرج و داخوازییەکانی ئێمە کۆبوونەوە. تەنانەت هەڕەشەی شکاتیشمان لێکرا، بەڵام وەك خۆمانیش ئاگادار بووین مەڵبەندی گشتی لە بەغدا بە تایبەتی یادیان بەخێر دکتۆر عزالدین مستەفا ڕەسوڵ و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم بەو شکاتە ڕازی نەبوون و دەیانزانی ئەنجامەکەی بە

دادگا و حەپسکردنی ئێمە دەکەوێتەوە. وتبوویان هەر بە قسەی نەرم و خۆش ئیقناعیان بکەن نەك بە هەڕەشە و گوڕەشە.

هەموو ئێوارەیەك بارەگای یەکیەتی وەك هۆڵی کۆمەڵەی نیشتمانی شۆڕشی فەرەنسی لێهاتبوو لەبەر گوتوبێژ و مفاوەزاتی ئێمە بەرانبەر بە سەرجەمی ئەندامەکانیتر کە پشتگیری دەستەی بەڕێوەبەریان دەکرد. ئێستاش خوتبە بە جۆش و خرۆشەکەی شێخ فایەقی نەقشبەندیم دێتەوە بیر کە هەوڵی دەدا بە هێنانەوەی نموونە و بەڵگەی مێژوویی بیسەلمێنێت کارەکەی ئێمە هەڵەیە و لەگەڵ بەرژەوەندی شاری کەرکوکدا ناگونجێت.

یادی بەخێر شێخ فایق هەمیشە قسەی خۆشی دەکرد و زۆر جار لەگەڵ فازیل جافی هونەرمەندا دەمەتەقێی گەرموگوڕیان دەبوو دەربارەی نەزەریەی ڤیروسیا. لە قسە خۆشەکانی دیکەی شێخ (بەدیع هەیە و بەیان هەیە، جیناس هەیە و تیبباق هەیە، قیمە هەیە و قیەم هەیە).

هەرچۆنێك بێت دەستەی بەڕێوەبەر بە داخوازیەکانمان ڕازی بوون و عەبدوڵڵا سەڕاج لە ئێمە جیابووەوە. وتی مەبەستی خۆمان وە دی هێنا و داخوازیەکانمان جێبەجێ دەکرێن، ئیتر دەبێ ئێمەش تابلۆکە بگەڕێنینەوە، بەڵام لەتیف هەڵمەت و من داوای گەرەنتیمان لە دەستەی بەڕێوەبەر کرد. گەرەنتیەکەش کلیلی بارەگاکە بوو کە دەمانویست لای خۆمان بێت و ئەوانیش ڕازی نەبوون. ئێمە بەیانێکی دیکەی چەند دێڕیمان نووسی و هەموو مەسئوولییەتەکەمان خستە ئەستۆی هەردووکمان و سووریش بووین لەسەر ئەوەی ئەگەر کلیلەکەمان نەدەنێ تابلۆکە نادەینەوە.

ئەوەبوو لە یەکێك لەو کۆبوونەوانە مشتومڕێکی توند و تیژ کەوتە نێوان لەتیف هەڵمەت و فوئادی تاهیر سادق، کە لە ئەنجامدا فوئادی تاهیر سادق کۆنترۆڵی بەسەر خۆیدا نەما و هێرشی کردە سەر لەتیف هەڵمەت و ویستی یەخەی بگرێت. بەداخەوە کێشەیەکی ڕۆشنبیریی لەو بابەتە بەم جۆرە کۆتایی هات. لەتیف هەڵمەت بە دڵشکاوی ڕۆیشت و چاك دێتەوە بیرم کە بە پێوە ڕاوەستابووم و لە چوونە دەرەوەدا بووم، خوالێخۆشبوو شێخ ڕەئوفی خانەقا کە



سەرۆکی یەکیەتی بوو ڕوی دەمی کردە من و فەرمووی حەزم نەکرد ئەم کارە ڕوویدا و دەبێ فوئاد داوای لێبوردن لە هەڵمەت بکات، بەڵام کاکە ئێوەش لە تامتان دەرکردووە، ئەدیب ناوەکەی بە خۆیەوەیە کە دەبێ بە ئەدەب بێت. بە پەلە چوومە دەرەوە، بەڵام هەڵمەت لەو ناوە نەمابوو. پاشان بۆ ڕۆژی دوایی فوئادی تاهیر سادق داوای لێبووردنی لە هەڵمەت کرد.

نە بەیانە سێقۆڵیەکە و نە ڕوونکردنەوە دووقۆڵیەکەش لای کەسمان نەماوە مەگەر لە ئارشیفی ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارەدا بدۆزرێنەوە کە ئەویش زەحمەتە. هەر لێرەشەوە تکا دەکەم ئەگەر کەسێك لای خۆی پاراستوویە با بڵاویان بکاتەوە. دڵنیام لە لایەکەوە هەر سەرهەڵدەدەن.

ئەمەبوو وردەکارییەکانی داگرتنی تابلۆی بارەگای نووسەرانی کەرکوك کە ڕۆماننووس عەبدوڵڵا سەڕاج گلەیی کردبوو ناویم نەهێناوە. ئەو چەند دێڕەی لە دیدارەکەشدا هاتووە ناوی هەرسێکمانی تیایە. لەتیف هەڵمەتیش ئەوەی دووپات کردەوە کە لە سەرەتادا لەگەڵماندا بوو، بەڵام پاشان لە ئێمە جیابووەوە هەر لەبەر ئەوەشبوو ڕوونکردنەوە دووقۆڵیەکەمان نووسی و گشت مەسئوولیەتەکەمان خستە ئەستۆی خۆمان.

* * *

لە دیدارەکەدا باسی هەموو هاوڕێکانم و نووسەرانی کەرکوکم نەکردووە، تەنیا لەبەر ئەوەی بوارەکە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت، ئەگینا زۆر ناوم لە یادە و زۆری دیکەیش هەبوون دەوری بەرچاویان هەبوو لە پانتایی ڕۆشنبیری شارەکەدا. ئەگەر بە زۆری ناوی لەتیف هەڵمەتم هێناوە هۆی ئەوەیە من باسی شیعری نوێی کوردیم کردووە لە شاری کەرکوك و لە سەرەتای حەفتاکاندا نەك چیرۆك و بابەتی دیکە. ئەوساش بە نیسبەت شیعرەوە من و هەڵمەت دیارترین شاعیری ناو شار بووین و لای هەموو خوێنەران ناسرابووین و لە ناوەوەی کەرکوکدا هیچ شاعیرێکی دیکە نەبوو وەکو ئێمە شوێن پەنجەی بە شیعری نوێوە دیار بێت، بەڵام لە دەرەوەی شاردا شاعیری چاکمان هەبوون کە لە دیدارەکەدا ناوم هێناون.

ئەڵبەتە نووسەر و هونەرمەند و چیرۆکنووسمان زۆر بوون کە ناوم نەهێناون و ئامادەبوونێکی گرنگ و بەردەوامیان هەبوو لە سەرانسەری گۆڕەپانی ڕۆشنبیریدا، لەوانە برایانی بەڕێز: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، محەمەد موکری، غەفور ساڵح، مستەفا زەنگەنە، جەلیل کاکەوەیس، زایەر ڕۆژبەیانی، (خوالێخۆشبووان خەلیل خوێناوی، ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، مستەفا پەژار و ڕەئوف هەمەوەندی)، یوسف سدیق زەنگەنە، ئەحمەد بێکەس، عوسمان شکورو فەرمان نەبەرد و کەسانی دیکەیش کە لەم ئانوساتەدا ناکەونەوە بیرم. هەروەها چەند هونەرمەندێکی ڕۆشنبیر و بە توانای وەك سەلمان فایەق و فازیل جاف و عەلی کەریم و جیهاد دڵپاك و هەندێکی دیکەیش کە لە سەرەتای حەفتاکاندا جموجوڵێکی هونەری تازەیان لە شارەکەدا دروستکرد و تەکانێکی بە گوڕیان دا بە هونەری کوردی. شانۆگەری دایکی شەهید کە لە تەمموزی ١٩٧٠دا نیشاندرا لە نووسینی مستەفا پەژار و دەرهێنانی سەلمان فایەق و نواندنی فازیل جاف و چەند ئەکتەرێکیتر، سەرەتای دەرکەوتنی ئەو کاروانە هونەرییە بوو.

ئەو شاعیر و نووسەرانەی لە دەرەوەی شاردا بوون و بە بەردەوامی لە کەرکوکدا نەدەژیان وەك بەڕێزان: ئەحمەد شاکەلی و فەرهاد شاکەلی، هەروەها ئەمجەد شاکەلی کە سەربازییەکەی لە کەرکوکدا تەواو کرد و پاشانیش هەر لەوێ دامەزرا، وەك چۆن هەڵمەتیش هەر لە کەرکوکدا سەربازی کرد و پاشان دوکانی شەربەی کردەوە. هەموویان ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لەو جموجووڵە ڕۆشنبیرییە بە گوڕ و گوژمەدا.

ئەو بەڕێزانەی کە لە دیدارەکەدا ناوم هێناون بە پێویستم نەزانی لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە، هەموویان بەشێك بوون لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری شارەکەدا. کۆمەڵێ هاوڕێم هەبوون سەرەڕای دەریایەك بیرەوەری و یادگاری هاوبەش هەر ناویشم نەهێناون. دڵنیاشم لەوەی کە فریای ناوی گرنگ نەکەوتووم و هیچ مەبەستێکم نەبووە. لەگەڵ برایان محەمەد موکری و غەفور ساڵح و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و زایەر ڕۆژبەیانی و جەلیل کاکەوەیسدا یادەوری خۆش و هاوبەشمان زۆرە. چەندین بەسەرهاتی ئەدەبیی و کۆمەڵایەتی و شەوانی یانەی مامۆستایانم لە بیر ماون. لە ڕەحیماوەشدا شەوان لە چایخانەکەی ڕەحمەتی حەمەساڵح، من و جەلیل کاکەوەیس و



کۆمەڵێ برادەری ئەدەب دۆست و هونەر دۆستی دیکەدا جار جار تا درەنگانێ کۆدەبووینەوە و گوتوبێژ گەرم بوو دەربارەی دین و ڕوانگە و شیعری نوێ و زۆر شتیتر. ڕۆژی بەفربارینەکەی کەرکوك بە سەرگەرمی چووم بۆ ماڵی زایەر ڕۆژبەیانی لە شۆریجە و چەند جارێك بە تەلەفۆن یادی ئەو ڕۆژە خۆشەمان کردۆتەوە و دەمانگوت ئەوە بەفرەکەش سەلماندی کە کەرکوك کوردستانە.

بەسەرهاتێکی دیکە کە باسم نەکردووە، هەر لە نیوەی یەکەمی حەفتاکاندا بوو (١٩٧٢ یان ١٩٧٣)، لەگەڵ فەرهاد شاکەلی شاعیردا پرۆسەیەکمان بە دەستەوە بوو گەشتێك بە گوندەکانی دەوروبەری کەرکوك و کوردستاندا بکەین. ئەم گەشتە لە بنەڕەتەوە بیر و پێشنیازی کاك فەرهاد بوو، منیش بە خۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆم دەربڕی بۆ بەشداربوون و هاوکاریکردن. وەك من بزانم نیازی ئەوەمان هەبوو بە ماتۆڕ ئەو گەشتە بکەین. ئەوسا گشت دێهاتەکان و تەنانەت تاکوترۆك نەبێت قەزا و ناحیەکانیش بە هۆی ڕێکەوتنەکەی ١١ی ئازارەوە لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی پارتیدا بوون. بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پارتیش ئەم پرۆسەیە جێبەجێ نەدەبوو. سەبارەت بەوەی کە من پارتی بووم و ئەوسا ئەندامی لیژنەی شار بووم لە یەکیەتی قوتابیانی کوردستاندا، لەگەڵ کاك فەرهادا وا ڕێکەوتین من ڕەزامەندییەکە لە لقی سێی پارتی وەربگرم. بەداخەوە داواکە پەسند نەکرا و پرۆسەکەی ئێمەش سەری نەگرت. کاتێ پرسم لە فەرهاد شاکەلی کرد بۆ ساغکردنەوەی چۆنیەتیی سەرهەڵدان و ئامانجی پرۆسەکە، دەرکەوت من تەنها کەمێکیم لە یاد ماوە. لە بەر گرنگی ئەو جۆرە بۆچوون و بیرکردنەوەیە لەو سەردەمەدا بە پێویستم زانی دەقی نامەکەی فەرهاد شاکەلی وەك خۆی بڵاو بکەمەوە:

برای شیرینم کاك سەلام

سەڵاو و ڕێز و خۆشەویستی.

نازانم بۆچی هەمیشە کە باسی ڕابوردوو دەکەین، وەك سەردەمێکی زۆر جوان و فێنك و خۆش و نایاب دێتەوە بیرمان. دەزانم ئەمە جۆرە نۆستالژیایەکە لای هەموو کەس هەیە. کێ هەیە سالآنی منداڵیی خۆی پێ جوان نەبێت، یا سالآنی هەرزەکاری؟ بەڵام ئەگەر بەڕاستی وێنەیەکی زیندووی ئەو سەردەمە بخەیتە بەردەست دەبینی ئەودەمیش وەك ئێستا لە زۆر شت بێزار بووین و زۆر شتمان بە دڵ نەبووە. بەهەرحاڵ ئەمە سرشتی مرۆڤە، خوا وای ئافراندووە. هاوکاتیش ئەمە مێکانیزمێکی کارکردنی مێشکە" ئەگەر مێشك شتە ناخۆشەکانی نەسڕایەتەوە مرۆڤ شێت دەبوو، چونکە بەرگەی ئەو هەموو یادگارە تاڵ و گوشارهێنانەی نەدەگرت.

کاکە گیان: دەتەوێ لەبارەی ئەو گەشتەوە کە نیازمان بوو بیکەین، بنووسیت. وا دیارە لەمەیاندا بیری من لە هیی تۆ تیژترە، چونکە بابەتەکە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە خۆمەوە هەیە. گەرمیانی گوتەنی حاڵ و مەسەلە وەی تەورە و وەی تەرحە بوی ﴿بوو﴾:

من لەو سالآنەدا ئەدەبییاتی چەپایەتی و مارکسیستیم زۆر دەخوێندەوە. دیارە زۆریش بیرم لە مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردستان دەکردەوە و دەمویست بزانم داخۆ ئێمەی لاو و خوێندەوار چیمان پێ دەکرێت بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەمان. لەناو ئەو کتێبانەدا کە خوێندبوومنەوە هەندێکیان یا لەبارەی شۆڕشگێڕی شەهیدی مرۆڤایەتی ئەرنیستۆ چێ گیڤارا(١٩٢٨-١٩٦٧)وە بوون، یا نووسینەکانی خۆی بوون. لە نووسینێکیدا کە ڕۆژنامچەی ئەو سالآنەیە کە هێشتا خوێندکار و لاو بوو، باسی ئەوەی دەکرد چۆن بڕیاری دابوو بە مۆتۆرسایکل، لەگەڵ هاوڕێیەکیدا، بە هەموو ئەمەریکای لاتینیدا گەشت بکات بۆ ناسینی نیشتمان و نەتەوەی خۆی. دیارە ئەمەریکای لاتینی ئەگەرچی دەوڵەتی جیاوازن، بەڵام لە ڕووی زمان و فەرهەنگ و پاشخانی سیاسییەوە هەر وەك یەك وڵاتن. ئەم نووسینەی گیڤارا منی خستە سەر ئەو بیرەی کە بۆچی من هەوڵ نەدەم کوردستانەکەی خۆم بناسم و بە ناوچە جیاوازەکانیدا بگەڕێم. ئەوە بوو لەگەڵ تۆ و لەگەڵ کەسێکی دیکەیش قسەم کرد (ئەگەر لە بیرم مابێت پێم وایە کاك فازڵ کەریم ئەحمەد بوو) کە سێ مانگەی هاوینی ١٩٧٢ بچین بە زۆرترین ناوچەی کوردستاندا بگەڕێین. ڕاستییەکەی، نەخشەکەی من ئەوە بوو کە هەر نەبێ ناوچەکانی



کەرکوك و قەراخ و شارەزوور و سلێمانی و تا دەشتی هەولێر و ئەولاتریش بچین و هەموو ئەمەیش بە پێ بگەڕێین، نەك بە مۆتۆرسایکل. بیری مۆتۆرسایکل پێم وایە لەوەوە لای تۆ ماوەتەوە، کە ڕەنگە من باسی ئەوەم کردبێت گیڤارا بە مۆتۆر گەشتەکەی کردووە، ئەگەرنا من نە ئەوسا و نە ئێستایش نەمزانیوە و نازانم مۆتۆر لێ بخوڕم. بەداخەوە ئەو کاتە پارتی ڕێگەی پێ نەداین، ئەگەرچی تۆ خۆت ئەندامێکی چالاکیش بوویت.

من ئەو خەونەم هەر لە دڵدا مابوو. کە یەکەمجار بووم بە پێشمەرگە (بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥)، هەلێکم دەست کەوت و ئەوە بوو بە بیانووی ڕیپۆرتاژەوە بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستان، بە پێ گەشتێکی باشم کرد بۆ ناوچەکانی گەرمیان، هەردوو دیوی سیروان، دەشتی کەرکوك و سەنگاو، لە دەربەند باسەڕەوە بۆ ناو قەراخ و لەوێیشەوە بۆ شارەزوور و هەورامان. هەموو ئەمە نزیکەی مانگونیوێکی پێ چوو. دواتریش بۆم هەڵکەوت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ببینم: کوردستانی ئێران و سووریا و تورکیا. تەنانەت ئەوەیشم بۆ هەڵکەوت لە بەیرووت بژیم و لەگەڵ کوردەکانی لوبنان ئاشنایەتی پەیدا بکەم و سالآنی هەشتاکانیش دوو جار سەری کوردەکانی ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجانیشم دا و هەر جارێك نزیکەی مانگێك لەناویاندا مامەوە.

منیش، وەك تۆ، پێم وایە ئەگەر ئێمە ئەو گەشتەمان بکردایە، بەڕاستی دەبوو بە سەرچاوەیەکی نایابی ئەدەبی و سیاسییش لەبارەی سەردەمێکی یەکجار ئاڵۆزی مێژووی کوردستانی عیراقەوە. ئێمە هەر ئەوە نەبوو کە دوو سێ گەنجی دڵگەرم بووین، بەڵکە شاعیر و نووسەریش بووین و لەچاو زۆر گەنجی ئەو سەردەمەیشدا بزێو و خوێندەوار و چاوکراوە بووین.

پێم وایە یەك دوو ساڵێك لەمەوبەر بوو، فیلمێکم لەبارەی ئەو گەشتەی گیڤاراوە بینی. فیلمێکی زۆر جوان بوو. ئەگەر هەڵە نەبم ئێستایش فیلمێکی تازە لەبارەی گیڤاراوە بەرهەم هێنراوە و هەمووی چەند حەفتەیەکە گەیشتووەتە سوێد. من خۆم هێشتا نەمبینیوە، بەڵام منداڵەکانم، کە ئێستا لەو تەمەنەدان کە من و تۆ دەمانویست ئەو گەشتە بکەین، زۆر بە

دڵگەرمییەوە باسیان دەکرد. بەو هیوایەی ئەوەی بۆ ئێمە نەگونجا، لاوانی ئــەمڕۆ هــەوڵی بــۆ بدەن.

# جارێکی دیکەیش خۆشەویستیم فەرهاد شاکەلی



**سۆللەنتوونا، شەوی ٢١-٧-٢٠٠٩**

کتێبخانەی ئاسۆ لە شەقامی جمهوری کەرکوکدا کە خاوەنەکەی کاك جەبار بوو بنکەیەکی ڕۆشنبیری سەربەخۆ بوو بۆ خۆی لە تەواوی شارەکەدا. ڕۆژانە خوێنەران و نووسەران ڕوویان تێدەکرد و لەبەر دەرگاکەیدا کۆدەبوونەوە و گوتوبێژی ئەدەبی و هونەرییان دەکرد. نیازی بینینی هەرچی برادەرێکت هەبووایە دەتگوت لە بەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا چاومان بە یەك دەکەوێت. بۆ کێ دەگەڕای لەوێ دەتدۆزییەوە. کاك جەباریش هەموو جۆرە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی و عەرەبی پەیدا دەکرد و شارەزاییەکی چاکی هەبوو لە زەوقی خوێنەر و کتێبی بایەخداردا. هەمیشە بەردەمی کتێبفرۆشییەکەی لە کۆڕی ئەدەبیی و فیستیڤاڵی هونەریی دەچوو. بۆ من و لەتیف هەڵمەتیش ئەمە فرسەتێك بوو خوا ڕێکی خستبوو بۆ خوێندنەوەی شیعر و بڵاوکردنەوەی بیری نوێخوازی. ڕۆژانە کۆڕی سەرپێییمان دەبەست و هەر کەسێك ئارەزووی گوێگرتنی هەبووایە شیعرمان بۆ دەخوێندەوە. دەبووە قەرەباڵغییەك، کاك جەبار جارجار دەهاتە دەرەوە و دەیگوت کاکە بەسیەتی بەو خوایە ئێوە موشکیلەیەکی گەورەم بۆ دروست دەکەن.

لەتیف هەڵمەت ڕۆژێك بیرێکی سەیری بۆ هات. وتی تۆ خۆت ناوت سەلامە، باشە پێم ناڵێی کورد کە سەڵاو لە یەکتری دەکەن بۆچی بە عەرەبی دەڵێن سەلامو عەلەیکوم؟ ئەدی بۆچی بە کوردی سڵاو ناکەن؟ وتم ئەوە نییە دەڵێن ڕۆژباش یان شەوباش و بەیانیت باش؟ وتی من مەبەستم سڵاوێکە بۆ گشت کاتێك بگونجێت. پاشان وتی وەرە با سەڵاوی کوردی بگۆڕین و لە خۆمانەوە دەست پێبکەین. کە هاتین بڵێین بژی کورد کە ڕۆیشتین دیسانەوە بڵێین بژی کورد. هەرچەندە سەڵاوەکە تا ڕادەیەك لە های هیتلەرەوە نزیك بوو، بەڵام هیتلەر تەنها یەك نەفەر بوو کوردیش گەلێکی تەواوە و نەتەوەیەکی مێژووییە. سەرەتا لە هەردووکمانەوە دەستمان پێکرد ئینجا بڕیارمان دا چاومان بە کێ بکەوێت و بۆ هەرچی جێگایەك بچین سەڵاوەکەمان بژی کورد بێت. لایەنگرمان کەم بوو، بەڵام ئێمە بەردەوام بووین. گشت جارێ کە دەچووینە ناو کتێبخانەی ئاسۆ هەردووکمان بە بژی کورد سڵاومان دەکرد و کاك جەباریش تەماشای ئەملاولای دەکرد، چونکە هەموو جۆرە کەسێك" کورد، عەرەب، تورکمان، ئاسوری و چاك و خراپ دەهاتنە کتێبخانەکە. تا ڕۆژێکیان ئارامی لەبەر بڕا و چیتر لە حەوسەڵەیدا نەما. ئێمە

به بژی کورد چووینە ژوورەوە و لە جیاتی بەخێربێن بە دەنگێکی بەرزەوە وتی ئەرێ کاکە بۆ سەرم بە قوڕا ئەکەن و بە گرتنم ئەدەن؟ بژی بژی چیتانە؟ تکاتان لێ دەکەم وازبێنن، کتێبخانەکە دایم پڕە لە ئەمن و ئیستیخبارات، ئیتر هیوادارم دووبارەی نەکەنەوە، چونکە من خۆم وەزعم تەواو نییە و هەر نۆرەی ئەمەیە.

کاك جەبار ڕاستی دەکرد و ئێمە لە دڵپاکی و سادەییەوە بیرمان بۆ لایەنە سیاسییەکە نەدەچوو. وردە وردە خۆمانیش سارد بووینەوە و نەمانتوانی سەڵاوی کوردی بگۆڕین. برای عەزیزم لەتیف هەڵمەت، ئێستا لە سوێدەوە ئەم بیرەوەرییانە دەنووسمەوە و پڕ بە دەم لێرەوە هاوار دەکەم و پێت دەڵێم بژی کورد، هەزاران جار بژی کورد.

❊❊❊

دەڵێن ئەو شیعرە تازانەی لەم دواییەدا بڵاوم کردوونەتەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ شیعرە کۆنەکانمدا بەهێز نین و چاوەڕێی بەرهەمی زۆر لەوە سەرکەوتووتریان لێم دەکرد. بیست ساڵ زیاترە من شیعر نانووسم و بە ڕێکەوتیش هەندێ کۆمەڵە شیعرم خوێندۆتەوە کە بۆیان ناردووم. دانی پیادا دەنێم موتابەعەی ئەو گۆڕانکاریانەشم نەکردووە کە بە سەر شیعری نوێی کوردیدا هاتوون. دەڵێن بۆیە گوتوومە خوێندنەوەم لە نووسین پێ بایەخدارترە چونکە توانای نووسینم نەماوە و لە کاروانی بەرەوپێشەوەچووی شاعیرانی هاوڕێم جێماوم و نەمتوانیوە گوڕوگوژم و تەکانێکی هەستپێکراو بەو دەنگە تایبەتیەی لە سەرەتای حەفتاکاندا هەمبوو بدەم. گوناحم دەگاتێ ئەگەر بڵێم توانای نووسینم نەماوە، وەلێ، بەلامەوە گرنگە ئەوەی دەینووسم پێش من کەس نەینووسیبێت. ئەمڕۆ ماڵی میدیای کوردی ئێجگار ئاوەدان و قەرەباڵغە. ئەگەر چەند دەنگێکی لێ دەربکەین مەحشەرێکە بۆ خۆی، بورهان جاهدی ڕەحمەتی وتەنی قرگە قرگی شاعیرانە هەروەکو سوق الدجاج. تا شتێکی جوان و شیرین دەخوێنیتەوە دەبێ مەزاجت بە دەیان بابەت و نووسینی کرچوکاڵ و لاساییکردنەوە و لاواز بورووژێنیت. دەبێ وەك باغێك بە ڕێکەوت تاموچێژی پرتەقاڵێك، سێوێك یان هەنارێکی مزر بکەیت. شووتی جۆری زۆرە، بەڵام شووتی ساغ و بڵ لە کوێ دەبنە یەك. تەنانەت زۆر لەوانەی کوردییەکی پاك و پاراو فێر بوون، نووسینەکانیان شتی تازەی تێدا نییە و دووبارەکردنەوەیەکی پەتییە. پەلە دەکەن لە بڵاوکردنەوە. ئەم برادەرانە نووسین بە لایانەوە وەك ئاوخواردنەوە ئاسانە. بەردەوام



دەنووسن چونکە حەزیان بە نووسینە و کاتی خۆیانی پێ بەسەر دەبەن. بەردەوام کتێب بڵاو دەکەنەوە، چونکە حەزدەکەن ببن بە خاوەنی زۆرترین ژمارەی کتێبی چاپکراو. هەیە چەند وشەیەکی سەقەتی لە یەکداوە و کردویەتی بە کتێب و بڵاوی کردۆتەوە. دەڵێ بۆ ساڵی داهاتووش هەر لە ئێستاوە دیوانێکی دیکەی بۆ چاپ ئامادەیە. زۆر کتێب و نووسینی چاکیشمان هەن پشتگوێ دەخرێن و تەنانەت وەکو ڕێکلامیش لە گۆشەیەکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ناوی ناهێنن. بۆ ئەوەی هەر بە شیعر و ڕۆمان و چیرۆکەوە نەگیرسێمەوە، بابەتێکی دیکە دەهێنمەوە ئەویش کتێبی ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ یە کە دیدارێکە حەکیم کاکەوەیس لەگەڵ ئەمجەد شاکەلی سازی کردووە و گوتوبێژێکی سوودمەند هەڵدەگرێت، بەڵام وەك خۆی باسی کرد تەنیا شاعیر عباس عبدالله یوسف بە عەرەبی گۆشەیەکی لەسەر نووسیوە. بۆیەش ئاماژەم بۆ ئەو کتێبە کرد، چونکە خۆم تازە خوێندوومەتەوە ئەگینا نزیکەی پێنج ساڵی بە سەردا تێپەڕیوە و چ پەیوەندییەکی بە شیعرەوە نییە و بابەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. ئەوە مشتێکە لە خەروارێك، دەیان بەرهەمی دیکەش هەن ڕووناکییان نەخراوەتە سەر و ئەوە سیاسەتە کە ئاوڕ لە نووسەرێك و بەرهەمێك دەداتەوە نەك ناوەڕۆك و باشی و خراپیی بەرهەمەکە. واتە ئەگەر حزب مەبەستی بێت ناوی یەکێك بەرز بکرێتەوە و لەسەری بنووسرێت و ڕێکلامی بۆ بکرێت، ئەوە بەر مەرحەمەت دەکەوێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر حزب خۆشیی بە کەسێکدا نەهات کێ دەوێرێ لە گۆشەیەکی بچووکیشدا ناوی بهێنێت. نووسینگەلێکی زۆری لەو بابەتەمان هەن کە لەسەرنووسین و شیکردنەوەیان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاکی کورد. لە ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا کە گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردنە سوودی دەبوو بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران و گەرمکردنی ڕادە و پلەی گوتوبێژی مۆدێرنانە. کورد تەنها پێویستی بە شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبیی نییە بەڵکو لە زۆر بواری دیکەدا ناتەواوی و کەموکوڕی هەن جێگای خۆیەتی بایەخیان پێ بدرێت. ئەمڕۆ ڕۆژێکە ئەگەر خۆت نەبەیتە پێشەوە و مامەحەمەیی و قوتە قوت نەکەیت، کەس بە هیچت نازانێت و ئاوڕت لێ نادرێتەوە.

ئەدیب و نووسەر و شاعیریش هەن بە کاڵی، بە کوڵاوی، بە برژاوی بوونەتە مۆنۆپۆلی میدیای کوردی. زیاد لە قەوارە و سەنگی خۆیان لەسەریان دەنووسرێت و بەرهەمەکانیان بڵاو

دەکرێتەوە. خوا نەکات ئەم کوردە حەیاتە بە یەکێکەوە بیگرێت یان دژی یەکێك بێت، ئیتر هەڵیتەکێنە قەزات لە ماڵم. وای لێ هاتووە کەناڵەکانی میدیا مانگێك پێش گەیشتنی جۆرە بەرهەمێك دەهۆڵی بۆ دەکوتن و پرۆپاگەندەی وەکو چای ئەحمەد و مەحمودی بۆ دەکەن. ئاخر برایان، یاران، (ئەی عەزیزانی وڵاتەکەی نالی) هەموو شتێك بە خوێ و خوێش بە تام. نە تەنها بە دەوری کەسانێکی دیاریکراودا بخولێنەوە نە ئەو زۆر و بۆرییەش. کۆمەڵگەی مەدەنی بە شیعر و ڕۆمان و هونەر پێك نایەت ئەگەر لە چەندین ڕووی بنەڕەتیی دیکەوە بە تایبەتی سیاسەت گەشە نەکات. تازەترین مۆدێلی کۆمپیوتەر بدەینە کەسێك سەری لە بەکارهێنانی دەرنەچێت بایەخێکی ئەوتۆی نابێت. با تۆ چەندین ماشینت هەبێت کە نەزانی ماشین لێ بخوڕیت سوودیان چییە. کۆمەڵگەی ئێمەش زیاتر لە هەموو شتێك پێویستی بە زانین و شارەزایی و تێگەیشتن هەیە لە گشت بوارە جیاوازەکاندا. کازانتزاکیس لە ڕۆمانی زۆربادا دەڵێ گرنگ شەپقە نییە بەڵکو ئەوەی ژێر شەپقەکە گرنگە، کە مەبەستی لە مێشك و بیرکردنەوەیە.

بەڵێ، خۆمیش هەستی پێدەکەم کە ئەو چەند شیعرەی لەم دواییەدا بڵاوم کردنەوە درێژەپێدانی تەجرەبەی شیعریم نین. بۆشایی و دابڕانێکی درێژخایەن کەوتۆتە نێوان من و نووسین و خوێندنەوەی ئەدەبییەوە، کاتیش بۆ دواوە ناگەڕێتەوە. لێتانی ناشارمەوە شتگەلێکی ئێجگار زۆر و زەبەند لە ناخمدا وەکو شاخی سەهۆڵ بەسەر یەکەوە کەڵەکە بوون و کردوویانەتە دەریایەکی مەییوی پڕ لە شەپۆلی پەنگر و تاشەبەردی سوورهەڵگەڕاوی تیژ تیژ. لە پڕوپووچی و بێهوودەیی ژیانەکە تێگەیشتووم کە تا هەنوکەش بێمانایی لە گشت ماناکان دیارتر و فراوانترە. هەموومان دەزانین کە سارتەر خاوەنی چ فەلسەفەیەك بوو، بەڵام ڕەنگە زۆرمان ئەوە نەزانین کاتێ لە سەرەمەرگدا بوو باوەڕی بە خودا هێناوە، وەك لە سەرچاوەیەکی سوێدیدا خوێندوومەتەوە. هیچ سەیریش نییە چونکە پێشتر وتوویەتی ئەگەر خودایەك نەبێت هەموو شتێك ئاساییە. منیش کاتێ دەمەوێ چەند جۆگەلەیەك لەو دەریای بەستەڵەکەی ناخم بەردەمەوە وەك بورکان و لافاوی ئاگر هێرش دەهێنن و نازانم چۆن و لە کوێوە دەست بە نووسینەوەی ئەو شیعرە بکەم و فریای چی بکەوم. ئەمە پرۆسەیەکە یان ترووسکەیەکە



پەیوەندی بە خۆم و بیرکردنەوەم و کات و تەمەنمەوە هەیە. دووبارەشی دەکەمەوە ئەگەر جار جارە ناڵەیەکم لێوەهات تکایە وەکو خۆی لێمی وەربگرن و بە شیعرەکانی سەردەمی گەنجیمەوە گرێی نەدەن و بەراوردی نەکەن. ئەوانە تەنها داڵغە و مەزەندەن. من هەمیشە بەوە دڵی خۆم داوەتەوە نە ئێستا و نە ئەوساش هێشتا ئەو شیعرەم نەنووسیوە کە خەونی پێوە دەبینم. پێمخۆشە بە ئارامی و ئاسوودەیی هەر لەو خەونەدا بژیم و نامەوێ هەرگیز بێدار ببمەوە یان زرم زرم لە دەرگاکەم بدرێت و ڕۆحم ڕاچڵەکێت. شیعر پیرۆزترین شتە لە ژیانمدا ئەگەر بینووسم یان بیخوێنمەوە یان نەینووسم یان تەنها هەست بە بوونی بکەم. شیعر نوێژە، دڵ و ویژدان و مۆخیش بەرماڵێن. دەزانم ساڵەهایەکە دەستم بەو نوێژە کردووە و بە بێ پچڕان بەردەوامە و کۆتایی بۆ نییە. کاتێ سەلام لە فریشتەکان دەدەمەوە و نوێژەکە تەواو دەبێت ئەو کاتەیە کە دەمرم. نوێژێکی درێژ و پڕ لە زیکر و نهێنی و تەسبیحاتە. نوێژی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابوون، بەختەوەری و نائومێدی، ڕووناکی و تاریکی. بەڵێ، نوێژی جریوە جریوی چۆلەکەی ژیان و لوورە لووری گورگی مەرگ.

سوید - ١٥ / ٠٧ / ٢٠٠٩

# زەنگی سەعاتی بیستوپێنجەمی تەمەنم
# یان: گەڕەکی شاعیرەکان



نووسینی: سەلام محەمەد

سەرنجێك: پێشتر ئەم نووسینەم لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لێرەدا دەستکاریم کردووە. هەر لە سەرەتاشەوە لە گشت جۆرە پلان و مەنهەجیەتێکی ئەدەبییەوە دوور بووە. نیازم وابوو شیعرێك بنووسم، بەڵام هیچ ئامادەبوونێکم بۆ شیعر نووسین تیادا نەبوو. زۆرم لە خۆم نەکرد ئیتر وا ئەم بابەتەی لێ دەرچوو کە جۆرێکە لە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی بیر و یادە تێکەڵە جیا جیاکانی ناخ و داڕشتنەوەی نووسینە کاڵبووەکانی سەر تەختەی هەست و عەقڵ و خەیاڵ کە هەندێکیان هەر نابینرێن و ناخوێنرێنەوە، ئەوەکانی دیکەیش ئەوەندە کاڵبوونەتەوە بە حاڵ لێرەو لەوێ چەند پەرەگرافێکم بەیەکەوە گرێداوە و بابەتەکەی پچڕ پچڕ کردووە. ئەوە تەنها وەزیفەی شیعرە کە ئەو دابەشبوونە یەك دەخات و لە قاڵبێکی یەکگرتوودا دەیخاتەڕوو بەبێ ئەوەی کە هەست بە پارچە پارچە بوونی بکەین. کەواتە ئەم نووسینە تا ڕادەیەك شیکردنەوەی شیعرێکە هەوڵمداوە بینووسم و نەمتوانیوە. پرۆسەی شیعرێکە هێشتا نەمنووسیوە و بۆم نایەت.

ساڵەهایەکە زەنگی سەعاتی بیستوپێنجەم لای من لێیداوە. سەعاتێکە وا خەریکە دەبێت بە بیستوپێنج ساڵ. بیستوپێنج ساڵی ڕەبەق بە مانگ و هەفتەو ڕۆژەوە لە یەك سەعاتدا. ئای کە سەعاتێکی درێژە. ئەبیوکرات دەڵێ:- بۆچی لە مردن بترسێم؟ تا من هەم مردن نییە، کە مردنیش هەبێت من نیم، ئیتر بۆ لە شتێك بترسێم کە لە بوونی خۆمدا ئەو بوونی نییە. لای منیش ئەگەر ئێستا و دەستبەجێ دوا چرکەی ئەو سەعاتە کۆتایی بێت ئاساییە وەك چۆن بەردەوامبوونیشی هیچ سەیر نییە.

خۆی لە خۆیدا. سەعاتێکی نائاساییە و کارەساتی گەورەی نائاسایی دروستی دەکەن. سەعاتێکە لەدەرەوەی مەودای ئەم زەمەنەدا، تیایدا کات و شوێن بە یەکەوە ناگونجێن و ئاشنای یەکدی نین. هەندێ جاریش بە گژ یەکتریدا دەچن لە بەر ئەوەی بەیەکتری نامۆن.

ئەم سەعاتە وەرزی پێنجەمی ساڵە، هەفتەی پێنجەمی مانگە، مانگی ژمارە سیانزەیە، چرکەی شەستویەکەمی دەقیقەیە و هەستی ژمارە شەشە. سەعاتی حەشر نییە وەلێ هەڵکشانە بەرەو مەملەکەتە دوور دوورەکەی خودا. ئەو سەعاتەیە کە کۆنستانتان جیۆرجیۆی نووسەری دەڵێ:-

جاران بەر لە دۆزینەوەی ئامێری پاکوخاوێنکردنی هەوا و ژینگە تاقمی غەواسەکانی ژێر ئاو کەروێشکیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد بۆ زانینی ڕادەی پیسبوونی هەوای ناو غەواسەکە، کاتێ کەروێشکێك مرداردەبۆوە نیشانەی ئەوەبوو کاپتەنەکانی ناو غەواسەکە تەنیا شەش سەعاتیان بە دەستەوە ماوە خۆیان لە خنکان و مردن ڕزگار بکەن. یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٢ لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوادا برای بەڕێزم دکتۆر کەمال فوئاد ڕێنمایی کردم بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و دواتریش لە ساڵی ١٩٨٩دا کە لە زیندانی سەربازیی باقووبەدا بەندکرابووم خەریکی وەرگێرانی بووم بۆ زمانی کوردی.هەر جارەی بەشێکم بە براکەم و ئامۆزاکەم و ماڵی خوشکمدا (کە ئێستا هەموویان نیشتەجێی وڵاتی سویدن) دەنارده دەرەوەی زیندان و کە لە ڕووداوەکەی کوێتدا بەر لێبوردنی گشتی کەوتم بۆم دەرکەوت لەژێر چاودێریدابوون و هەموو نووسینەکانی منیش فەوتابوون سەبارەت بەوەی کە ئەمنی کەرکوك چەند جارێك چووبوونە سەریان..

ئەم ڕۆمانە بە شێواویش کراوەتە فیلم و ئەنتۆنی کوین دەوری سەرەکی تیادا دەبینێت.

نووسەر تەنها مەبەستی ئەوە نییە کە باسی خودی پاڵەوانەکەی بکات یا وەکو مێژوونووسێك باسی ئۆردوگا تۆقێنەرەکانی فاشیزمی ئەو سەردەمەی تۆمار کردبێت کە بریتیبوون لە ئازار و ئەشکەنجەدان و جینۆسایدی جووەکان، بەڵکو وەك هەر دەقێکی گەورە و ڕەسەن بەشێکی لێکدانەوەی بۆچوون و مەبەستەکانی بۆ خوێنەر جێهێشتووە.

ئەمرۆ کە پەنجاو سێ ساڵ بەسەر لەدایکبوونمدا تێدەپەڕێت ئاگاداری ئەوەم لە ساڵی ١٩٨٢ بە دواوە کەوتوومەتە ناو ئۆقیانووسی سەعاتی بیستوپێنجەوە. هەموو کەروێشکەکانی دەوروبەرم دەمێکە مرداربوونەتەوە لەوساکەوە منیش هەر لەو شەش سەعاتەدا دەژیم، بەڵام غەواسەی تەمەنم فرۆکە ئاسا هێشتا بە ڕێگاوەیە و نەکەوتۆتەوە سەر ئاو..

ئێرە ویستگەیەکی گرنگە. هەر لێرەوە بوو کە سوکرات وتی:- تەنها شتێك بیزانم ئەوەیە کە هیچ نازانم..

هەر لێرەوە بوو کە عومەری خەیام خوای بینی و بە قەد ژمارەی بێ ژمارەی ئەستێرەکان پرسیاری ئاراستەی کرد:

**ناگەڕێتەوە کەسێ لەو دونیا**



**تا لێی بپرسین ئەحواڵی مردوو**

ئا لێرەوە کاروانی ئاواز و تابلۆ و کتێبەکانی بەختیار عەلی بەرەو جاویدان و شاری مۆسیقارە سپییەکان کۆچیانکرد. لێرەوە لەتیف هەڵمەت هەوڵ دەدات جارێکی دی چاوی بە دایکی بکەوێتەوە و وا هەست دەکات کە شیعرەکانی بۆ سەدەی ئایندە دەنووسێت. بەڵێ، واتێدەگەم کە شێرکۆ بێکەس لێرەوە دەخوازێت دوا قەسیدەی خۆی بنووسێت و بڵێ ئۆخەی چیدی بە دوای شێوەیەکی نوێی شیعردا ناگەڕێم..

ئێرە ویستگەی لووتکەیە، ئەوەی دەیگاتێ دەبێتە خاوەنی پەساپۆرتی پەڕینەوە بۆ ئەوبەر. ئامادەیە کە لێرەوە یەکەمین هەنگاو بەرەو جاویدان یا ئەبەدییەت بنێت. زۆریش لەم لووتکەیەوە قۆناغی گەشەسەندنیان ڕائەوەستێێت و خۆیان دەجوونەوە و پاشماوەی ژیانیان تەرخان دەکەن بۆ خواردنی بەروبۆمی ناوبانگی ئەدەبییان. کەم نووسەری جیهانیش هەیە دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل شاکاری گەورەتری نووسیبێت.

منیش حەز دەکەم شتێك بنووسم، هەرچی بابەتێك بێت گرنگ نییە وەلێ ئەوە گرنگە پاشان لە ناخی دڵ و ویژدان و مێشکەوە بڵێم ئۆخەی خۆ بەر لە مردنم ئەوەی ویستم نووسیم و تیشکە سپی و تیژرەوەکانی ڕۆحم ئاسوودەبوون.

ئێ، بەڵام شیعر دەرەقەتی ئەو برووسکە دەربڕینە نایەت.

وەك خۆت دەخوازیت وشە توانای ئەو دەربڕینەی نییە.

ڕۆمان فریای نووسینەوەی ناکەوێت وئەگەر دەست بە نووسینیشی بکەیت لای کەمی دوو ساڵ یان زۆر زیاتریشی پێدەچێت.

چما ئەگەر ڕۆمانێکی لە بابەت یۆلیسیسی جێمس جۆیس دەربارەی یەك ڕۆژی ڕەحیماوای کەرکوك بنووسیت چەند خوێنەری لە کوردستاندا دەبێت؟ ئەی لە چەند کەسانێك زیاتر کە ئەوانیش خۆیان نووسەرن چەند خوێنەری کورد لە دەرەوەی کوردستاندا هەن؟ ئاخۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە هەندەراندا وانەی کوردی بە منداڵ و گەنجانی کورد دەڵێنەوە خۆیان شارەزاییان لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە؟ ئایا ئەوەندەی کە پارەکەیان بە لاوە مەبەستە چارەکی ئەوە هەوڵ دەدەن منداڵان و گەنجان فێری زمانی کوردی دەکەن؟ ئەی نەوەی نوێی پاشەڕۆژی کورد لەم بەهەشتی هەندەرانەدا دەربارەی ڕۆشنبیری و کەلتووری گەلەکەیان چی دەزانن؟

ئەم شتانە کاری من نین و ئەگەر قۆڵی لێ هەڵبکەم و هەرهەموو تاڵەکانی ناو مێشکم بەسەر یەکدا بدەم و بیانگوشم. شیعر و پەخشان و ڕۆمان و کورتە چیرۆك و شانۆگەری و فەلسەفە و ڕەسم و گۆرانیی و... تاد. هەر هەموویان ئاوێتەی یەکتری بکەم و هەرچیەکم لایە تێکەڵەیەکی یەکگرتووی لێ دروستبکەم و ئینجا پاڵی لێ بدەمەوە و هەرگیز بیر لە نووسین نەکەمەوە. بکەومە سەر گازەرەی پشت و بچریکێنم: ـ حەیران حەیرانە بابی حەکیمە و داکی لوقمانە.

ئاخۆ دەبێ ئەم کۆکتێلە سەیر و سەمەرەیە چی لێ دەرچێت؟ شیعرێکی سوریالی یان...؟ چی بنووسیت و چەند بنووسیت مەحاڵە فریای کلاوڕۆژنەیەکیش ناکەویت. کە دەگەیتە کۆتاییەك ئەوجا سەرەتایەکی ئاڵۆزتر و قورستر و درێژترت لە بەر دەمدا قوت دەبێتەوە. ڕێگا دەتگەیەنێتە دووڕێیان هەر کامێکیان هەڵبژێریت سێ ڕێیان و چوارڕێیانی تازەی لێ دەبێتەوە. ئەمڕۆ کە بوومەتە پەنجاوسێ ساڵ وا تێدەگەم کە ژیان عارەبانەیەکە پڕە لە یادەوەری شیرین و تاڵ. لە سەرەوەی پەنجا ساڵیدا بارەکە قەڵەوتر دەبێت و ڕۆژانە لە جیاتی سووکبوون و کەمبوونەوە عەلاگەیەك خەم و ئەرك و دەردی ڕەنگاوڕەنگی قەزاوبەلای زەمانەی دەچێتە سەر و ڕاکێشانی عارەبانەکەش قورستر دەبێت و زیاتر جیڕەجیڕی پێدەکەوێت. هەر ئەوەندەت بە خۆت زانی پیر و کەنەفت بوویت و بە زەڕەبینیش لاپەڕەیەکت پێ ناخوێندرێتەوە. ئەم ڕێگایە هەرگیز کۆتایی نایەت و کەس نازانێت کەی سەرەتا دەستی پێکردووە یان کەی کۆتایی دێت. لەنێوانی بچووکترین گەردیلە و گەورەترین کەوکەبی گەردووندا هێشتا کەس نازانێت سەرەتا چۆن بووە، کەی کۆتایی دێت و چۆن؟ لوغزێکی داخراوە.

ئای لەم (گرانەتایەی بە ژیان ناودەبرێت). ڕا دەکەم و ڕا دەکەم و هەناسەبڕکێم پێکەوتووە. ئەو حەقیقەتەش دەزانم کە بە هەوارگە ناگەم، بەڵام هەر دەڕۆم، هەر ئەڕۆم ئەڕۆم ئەژنۆم ئەلەرزێ ئامۆزاگیان ڕاوەستانم بۆ نییە. دەزانم کە هەرگیزاو هەرگیز فریا ناکەوم وەلێ ترووسکەی هیواش ناکوژێتەوە. باشە، ئەمە خۆخەڵەتاندن و چاوقایمی نییە؟ دەبێ لە ژیاندا بمرم بۆ ئەوەی لە مردندا بژیم واتە بکەومە ناو باغ و گوڵزارە بۆنخۆشەکەی مێژووەوە کە لە بنەڕەتدا ئەو باغ و گوڵزارە پڕە لە درەختی زەقنەبووت. مێژووی چی لە کاتێکدا بە دوو چاوی زەقەوە دەبینم پارە و دەستەڵات مێژوو دەنووسنەوە. ئەگەر هەوارگە بە ئارامەکەی خەیاڵ و خەوبینینی پاك و بێگەرد نەبوونایە لەدێر زەمانەوە غەواسەی تەمەنم خنکابوو. ڕەنگە ئێستا ببوایە بە مۆزەخانەی ماسیە ڕەنگاوڕەنگەکانی سێگۆشەی بەرمۆدا.



هەموو توانا و بەهرە و دەسەلاتی مرۆڤ بە بێ خەیاڵ و خەوبینین کاریگەریەکی ئەوتۆیان نابێت. ڕەنگە بیکەن بە خاوەن دەسەڵات یا خاوەن پارە، بەڵام کیسەڵ ئاسا بە درێژایی ژیانی ئەو مرۆڤە تەنیا فریای چەند سەد کیلۆمەترێك دەکەوێت لەم بیابانە ئاوێنەییەدا. ئەو بەختەوەریەی کە لە ئەنجامی پارە و دەسەڵاتیشەوە دروست دەبێت بەختەوەری نییە و گەمژەییە. بتپەرستی و بەندایەتیە.

هەموو پێغەمبەرەکان و سیاسیەکان و ڕابەرەکان ئامانجی دیاریکراویان هەیە و لە پێناوی ئەو ئامانجەداا خەبات دەکەن. کەسی دیکە بە ڕاست و دروست نازانن، بەڵام هەر هەموویان دە ئەوەندەی دیکەیش بخەیتە سەر تەمەنیان ئەوسا ناتوانن کە قەناعەت و دڵنیاییەکی بەردەوام و چەسپیو تەنانەت لای مرید و لایەنگرانی دەوروبەری خۆیان دروست بکەن. وشەی جوان و ئاوازی جوان و تابلۆی جوانیش بە تەنیا کار لە ویژدانی جوان دەکەن، بەڵام تاڵە موویەك ویژدان مردووەکان نابزوێنن. گریمان تا ڕادەیەکیش کاریگەری هەبوو ئەوسا ئەگەر گشت دانیشتوانی جیهان شاعیر و هونەرمەند بوونایە ئاخۆ هەتاهەتایە تەکنەلۆژیا ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆی بە خۆیەوە دەبینی؟ داهێنانی زانستیی و داهێنانی شیعریی دوو شتی تەواو جیاوازن. ئەگەر گەڕەکێك یەکپارچە هەموو دانیشتووانەکەی شاعیر بن دەبێ چۆنی بگوزەرێنن.

پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەدەب و هونەر و فەلسەفە لە چاو داهێنانە زانستیی و تەکنەلۆژیەکاندا هیچ نین. هەندێك لەوانەی کە پاڵێورابوون بگەنە لووتکە یان بە ڕاستی گەیشتبوونە لووتکە ئێستا بوونەتە کەناڵێکی تەلەفیزۆنی شان بە شانی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان دەڕۆن و بەهرەیان بۆتە وەزیفەیەك لەناو چوارچێوەی سیاسەتدا. شوێنی بەرژەوەندی کەوتوون نەك ڕەسەنایەتی و داهێنان و جوانکاری. بەهانەشیان ئەوەیە کە کوڕی گەلن و هەست بە لێپرسینەوە دەکەن بەرانبەر بە ئازارەکانی گەل کە لە بنەڕەتدا خۆیان بەشێکن لەو مەکینەیەی ئازارەکانی دروستکردووە. ئەوانە وەکو ڕووکەش ئازارەکانی گەل و مرۆڤایەتی دەلاوێننەوە کە لە حەقیقەتدا پرسەیان بۆ ژانەکانی خۆیان گرتووە و دیل و کۆیلەی نەرجسیەت و خۆپەرستی و پارووی چەوری تایبەتین. توانا و شارەزاییان لە ئەدەبدا بووە بە پێچەو عەبای ئەو خووە خراپە و زاتە نەخۆشەیان لە بری داهێنانی مەزنتر و ڕۆشنایی بە شەوقتر. ئەوانە کە بە داخەوە زۆریشن گەل و نیشتمان و کۆمەڵێ زاراوەی پیرۆزی دیکەیان

کردووه بە قالدرمە و پیادا سەردەکەون بەرەو ئامانجێك بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە خواست و خودی خۆیانەوە هەیە نەك بە گەل و نیشتمانەوە.

ئەو سەردەمەی کە یۆنانیەکان گەیشتبوونە چڵەپۆپەی فیکر لە ڕوی تەکنەلۆژیەوە سەردەمی ئەسپ و کەر و حوشتر بوو، بەڵام ئێستا سەردەمی عەولەمە و فڕۆکە و ئەپۆلۆیە کەچی نووسینەکان هەر لە چوارچێوەی بیرەکانی سوکرات و ئیفلاتوون و هۆمیرۆس و سۆفۆکلیس و زۆری دیکەیشدا دەخولێنەوە لەگەڵ جیاوازییەکی نسبیدا..

کێ توانیویەتی ئیزافەیەکی هەستپێکراو بخاتە سەر شەکسپیر؟

زاراوەی زۆری لە بابەت پۆستەرە شیعر و مینیجۆبە شیعر و برووسکە شیعر و تەنانەت مۆبایلە شیعریشم کەوتۆتە بەرچاو، بەڵام گرفتەکە لە هەڵبژاردنی ناوی مۆدێرندا نییە، بەڵکو ئەگەر نووسەر دوای تەواوبوونی بەرهەمەکەی لە خۆی بپرسێت چ ئیزافەیەکی خستۆتە سەر کەلەپووری ڕۆشنبیری گشتی بۆی دەردەکەوێت کە فەتحێکی تازەی نەکردووە..

لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕۆماننووسانی جیهان شاکاری ئەوتۆیان بەرهەمهێنا تا ئێستایش هەر لە لووتکەدان، بەڵام کە شۆرشی پیشەسازی ئەوروپی دەستی پێکرد پێموایە هەرهەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی سەرانسەری ئەوروپا بە گشتی کۆبکەینەوە ناگەن بە نیوەی پانتایی ئەمڕۆی میدیای کوردی. ئەوەی کە ئێستایش لە سایت و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا دەیخوێنمەوە یا گوێم لێ دەبێت لە بابەتی جنێودان بە یەکتری و بوختان و درۆ هەڵبەستن لە کلتووری هیچ گەلێکی دیکەی ئەم جیهانەدا نەکەوتۆتە بەر چاو و گوێم.

لە کوردستانی ئەمڕۆدا ژمارەیەکی بێ ئەندازە بڵاوکراوەی جۆراوجۆر ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە،... تاد. هەن کە هەر هەموویان دەبێ پڕ بکرێنەوە و لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا بە دیداری خوێنەرانیان شاد و بەختەوەر بن مەبەستیشم لە سایتە تاکە کەسیەکان نییە کە لە ژمارە نایەن. مۆبایلیش لەولاوە بەزمێکی دیکەی ناوەتەوە و شتی وا سەخیف تۆمارکراوە کە گاڵتە بە ژنە کوردە ئەنفالکراوەکان دەکەن. هەندێك لەو گەنجە بێ شەرمانە تەنها بۆ بەکارهێنانی دوو سێ وشەی سێکسیی قسە بە خوشك و دایکی خۆشیان دەڵێن. لە پاڵتاکی سەر ئینتەرنێتیشدا سایت و ژووری وا هەن ناوی قۆڕیان لێ ناون و هەر قسەی قۆڕیش دەکەن. بێگومان ئەم جۆرە دوکانەش ئەگەر مشتەری خۆیان نەبێت دادەخرێن.

* * *



زۆرجار لێم دەپرسن: بۆچی نانووسیت؟ بۆچی هیچ شیعرێکت دیار نییە خۆ تۆ جاران شیعری جوانت دەنووسی؟ ڕاستە دەڵێن وشکبوویتەوە و هیچت پێ نەماوە؟ چما بەهرەش وەکو پیرەدار وشك هەڵدەگەڕێت؟

هەندێجار دەڵێم خەرمان بەرەکەت خۆ ژمارەی شاعیران و نووسەرانی کورد لە ژمارەی خوێنەران زۆرترە.

هەندێجار دەڵێم ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم پێش من شێرکۆ بێکەس وتوویەتی و هیچی بۆ من نەهێشتۆتەوە و حەز بە دووبارەبوونەوە ناکەم و مەگەر ئاواز بۆ شیعرەکانی ئەو دابنێم..

جاریش هەبووە وتوومە ئەوەی کە سیی ساڵ بەر لە ئێستا لە دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە دا نووسیومە بەسە و ئیزافەیەکی باشترم لا نییە. زۆریش لە خۆم ناکەم کە شاعیریی بکەم بە وەزیفەیەك هەموو ژیانم بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی تەرخان بکەم.

یان زەق و زۆپ دەڵێم کاکە گیان پیربوومە و تاقەتی شیعرنووسینم نەماوە وەك ئەوەی یاریچییەکی موتەقاعیدی فتبۆڵێن بم و لەبەر جگەرەکێشان وازم لە یاریی هێنابێت. چاکە ئەوە دەستم بە نووسینیش کردەوە ئایا لە توانامدایە ئەوەی هەستی پێدەکەم و بیری لێدەکەمەوە بە ڕەوانی ڕاستەوخۆ دەریبڕم؟ ئایا عەقڵ دەگاتە ئاستی ملیارەها نهێنی و ملیارەها پرسیاری بێ وەڵام؟ ئەی هەموو شاکارە ئەدەبی و هونەرییەکان تەنها بە کەناری پانتاییە غەریزی و کۆمەڵایەتیەکاندا پیاسە ناکەن و بە شێوەی جیاواز و مەجاز هەمان پرسیار دووبارە و ملیۆنبارە ناکەنەوە؟

ئەوەتانێ ئەمڕۆ سەرم ناوەتە سەر بەهرە نەگبەتەکەی خۆم و بەم نووسینە یادی تێپەڕبوونی پەنجاو سێ ساڵ بە سەر ڕۆژی لەدایکبوونمدا دەکەمەوە. ویستم شیعرێك بنووسم، بەڵام بۆم نەهات و بەهرەکەم خۆی لێم شاردۆتەوە..

بەهرەکەم پێم دەڵێ: ئاخر من مامۆستای ماتماتیك نیم تا باسی تیۆریەکی ئەندازەیی بکەم. من باسی خۆت دەکەم و لەنێوان خۆتیشەوە باس لە مرۆڤ و کێشەکانی ژیان و مردن دەکەم. ئەوەی کە دەینووسم چی لێدەردەچێت و هەرچییەکی ناودەنێن ئارەزووی خۆتانە. با بڵێن ئەوە نووسین نییە و شەڕەپشیلەیە. با بڵێن زەنگی سەعاتی بیستوپێنج زمانی کوردی لە بیربردۆتەوە

و دەستوورەکانی ڕێزمان ڕەچاو ناکات. ئینجا منیش خۆم لەو بەهرەیە دەدزمەوە و پێی دەڵێم بچۆ بە لای کاری خۆتەوە من حەوسەڵەکەی جارانم نەماوە. شیعری چی و چیرۆکی چی و ڕۆمانی چی؟

دەمەوێ ئەوە بخەمەوە کە مرۆڤ تاکو ئەمڕۆ تەنها یەك لە سەدا یا تۆزێ زیاتری توانا شاراوەکانی ناو مێشکی بەکارهێناوە، کە ڕەنگە ئەگەر بەرەوپێشەوە بچێت و ژمارەکە زیاتر بێت ئەوسا ژیان ببێتە فیلمی کارتۆن و نەوەکانی پاشەڕۆژ پێمانبێژن ئینسانە کۆنەکان زۆر بەسزمان بوون. بەوە دڵی خۆیان دەدایەوە کە شیعر و ڕۆمانیان دەنووسی. سەرتاسەری ژیانیان ئاخ و ئۆف و قسەی حەلەق و مەلەق بوو.

ئێمە ئێستا لە شەوەزەنگێکی چڕدا دەژین و تەنها دوو سێ مەتری دەوروبەری خۆمان دەبینین ئەویش بە هۆی جیهانگیریەوە ئەگینا مەودای بینینی چەند ساڵێك لەوەبەرمان لە دوو سێ سەنتیمەتر تێناپەڕی، بەڵام هەستمان بە خۆماننەکردووە. تەمەنی تەکنەلۆژیا زۆر کورتە و فڕۆکە و تەلەفۆن و فاکس و مانگی دەستکرد و ئینتەرنێت زۆر شتی دیکەیش لە خانەی خەون و خەیاڵیش جێگایان نەدەبووەوە.

ئاینشتاین بەو هەموو زیرەکیەوە ئینجا دەڵێ: ئەگەر منداڵێك بەرینە ناو ژوورێکی گەورەی پڕ لە کتێب و کتێبەکانیش بە چەند زمانێکی جیاواز نووسرابن کە منداڵەکە نایانزانێت ئاخۆ دەبێ چییان لێ تێبگات. بێجگە لە گۆڕینی شوێنی هەندێ کتێب چی پێ دەکرێت..

ئێمەیش تا ئێستا هەر بە قەد ئەو منداڵەمان لە ژیان هەڵکڕاندووەو لێی تێگەیشتووین، بەڵام بە خۆمانیش نازانین و هەر یەکەو بەشتێکەوە خۆمان خەریك کردووە. ئەگەر ڕووبەڕووی پرسیارێکیش ببینەوە دەڵێین ئەی چی بکەین ئەوە سوننەتی ژیانە. دەماخە حەیاتەکەیش لەناو سەری خۆماندا وەك وەیخڕ پاشا پاڵی لێ داوەتەوە و لەوە دەچێت کە پیاو ملیارێك دۆلار لە گیرفانی خۆیدا بێت و شەو و ڕۆژیشی بە یەکەوە گرێدابێت لە پێناوی پەنجا دۆلاردا. هەر ئەمەیشە هۆی دواکەوتنی ئاستی بیرکردنەی مرۆڤ بە بەراوردکردنی لەگەڵ تەکنەلۆژیادا هەرچەندە کە مرۆڤ خۆیشی تەکنەلۆژیای بەرهەم هێناوە.

بۆیەدەبینین هەموو کاتێ زمانی پارە لە زمانی فیکر و ئەدەب و هونەر بەهێزتر و کاریگەرترە.



دەوڵەمەند و پارەدار ڕێزی زیاتری لێ دەگیرێت لە ڕۆشنبیر و بەهرەدار تا ئەو ڕادەیەی کە پارە ئاستی کەسایەتی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا دیاری دەکات.

من بیرکردنەوە بە بەدیلی پارە دەزانم. تۆ بۆ خۆت هەموو تاڵەکانی ناو مۆخت تەرخان بکە بۆ پارەپەیداکردن، منیش تام و چێژ لە بیرکردنەوە و گەڕان بە شوێن ڕاستیەکاندا وەردەگرم. تۆ بە جۆرێك ئاسوودەیت و منیش بە جۆرێکی دیکە و (کل حزب بما لديهم فرحون).

ڕۆژانە بیر لەم گەردوونە بێ کۆتاییە و لە مردن و بوون و نەبوون و خودا و ڕۆح و هەزارەها نهێنی دیکە دەکەمەوە. موگناتیس و کارەبا بریتین لە وزە ئەویش بە چاو نابینرێت. بە پەرۆشەوە سۆراغی داهاتە ژیاری وگەردوونیەکان دەکەم، بەردەوام بیر لەو هەوڵانە دەکەمەوە کە مرۆڤ خۆی داونی بۆ قڕکردنی مرۆڤ. بۆ نموونە: جینۆسایدکردنی جووەکان و ئەرمەنەکان و کوردەکان... بیر لە سەربڕاوەکانی عێراق دەکەمەوە، بیر لەوانە دەکەمەوە چۆن دەست و قاچیان دەبەستن و چاوەکانیان هەڵدەکۆڵن. بیر لەوانەیش دەکەمەوە کە خۆیان دەتەقێننەوە. بە ڕاستی دڵێکی دەوێ پیاو بتوانێت خۆی بتەقێنێتەوە لە پێناوی هەرچی مەبەستێکدا بێت..

ئەوە چ ژەهرێکە دەیڕێژنە ناو مێشکەوە و سڕی دەکەن و باوەڕێکی وای لا دروست دەکەن دەمودەست لەگەڵ گیاندەرچوونی خۆکوژەکەدا لە بەهەشتدا چاو هەڵدێنێت و پۆل پۆل پەری ناسك و نازدار ئەڵقەی سەمای لە دەورا دەبەستن و خواردنی خۆش و شەرابی خۆشی دەدەنێ. ئەی دەبێ کامە خودا بێت ئەوجۆرە کردەوانە بە جیهاد لە قەڵەم بدات؟ ئەگەر بەهەشت جێگای ئەوانە بێت من لە ئێستاوە بڕیاری خۆم داوە با هەتا هەتایە بسووتێم و دۆزەخ هەڵدەبژێرم.

تەنانەت بیر لە مەوئوودەکانی سەردەمی جاهیلییە و ئێستایش دەکەمەوە. بەشبەحاڵی خۆم وێنەیەکی بچووك کراوی بوون و نەبوونم لا دروست بووە و تەنانەت بیر لە سیاسەتیش دەکەمەوە کە بۆچی لە وڵاتانی جیهاندا یاریی بە تۆپی پێ دەکرێت، بەڵام لە عێراقی حامۆرابیدا بەکەللەی سەری مرۆڤ گۆڵ دەکرێت.. ئا بەڵێ، بیر لە مێرووولەیش دەکەمەوە و زۆرجار بە دیار شارە مێروولەوە ڕاوەستاوم و سەرنجم داون و لێیان ورد بوومەتەوە. چش لەوەی کە دەڵێین شێت بووە با بۆ خۆیان هەر بڵێن.

ئەوەی کە نیگەرانی کردووم و زۆرجار بۆم بۆتە هۆی ناڕەحەتی و ژانەسەر و دەردی دیکە ئەوەیە کە زۆر زوو بەرانبەرەکەم دەخوێنمەوە و خێرا تێدەگەم لەوەی بۆچی ئاوەها دەپەیڤێت و لەم خورشید و خاوەرەدا نیازی چییە. دەزانم کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە. دەزانم کە درۆزن و ئاینوئۆینکەر و دز و فێڵباز و بوختانچی و مەکرباز و دەیان باز و چیتر ڕووبەرەکەیان داگیرکردووە و مەگەر بە نوێژی نیوەڕۆ چراکەی دیۆجینۆس بە دەستەوە بگریت و بۆ مرۆڤێکی ڕاست بگەڕێی. ئەمەش حەساسیەت و دوورەپەرێزی و گۆشەگیرییان لا دروستکردووم و ناهەقیشم نییە. کە سوور دەزانم بەرانبەرەکەم ناڕاستە و ناچاریشم دەکات گوێ بگرم و باوەڕی پێ بکەم ویژدانم ئازارم دەدات. هەروەها کە خۆمیش قسەیەکی هەڵە بکەم زوو زوو پەشیمان دەبمەوە و تا ماوەیەکیش هەر بیری لێ دەکەمەوە بۆچی ئەو قسەیەم کرد. ئەدی نەیانگوتووە ئەگەر قسەکردن زیو بێت، ئەوا بێدەنگیی زێڕە.

یەکێك لە شەوە خۆشەکانم ئەو شەوانەیە کە تاریکەشەوە و هەزارەها ئەستێرە بە ئاسمانەوە دەدرەوشێنەوە. منیش بە نەغمەیەکی خەمگینەوە لە بەر خۆمەوە لاسایی ماملێ دەکەمەوە و شیعرەکەی هەژاری موکریانی دەڵێمەوە:

شەوە دونیا وەکو زوڵفت سیاپۆش
وەرە با دەردە دڵ بکرێن فەرامۆش
دەستم بەستۆکە با بتگرمە باوەش
ئەگەر مردم لە خۆشیان چاوی تۆ خۆش

شەوە ئەستێرە بە زریوەن لە سەرمان
لە مانگی ڕووت هەناسەم بۆتە خەرمان
تکەی ئاونگی کوڵمت تەڕ دەکا لێو
گەزۆ باری لە گەرمان و لە شەرمان



با تۆزێ قووڵتر بیر لە مرۆڤ بکەینەوە.. هەمووی سیی هەزار ساڵێکە مرۆڤی هۆشیار پەیدابووە و دووسەد هەزار ساڵیش بە سەر پەیدابوونی مرۆڤی نیاندرتالدا تێپەریوە. مێژووی مرۆڤی دوو پێ بۆ ملیۆن و نیوێك ساڵ دەگەڕێتەوە، چونکە بەر لەوە هێشتا ڕانەهاتبوو بە دوو پێ بڕوات. مێژووی دیناسۆرەکان بۆ سەد و پەنجا ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە و مێژووی هەندێ بوونەوەری دیکەیش بۆ شەش سەد ملیۆن ساڵ، واتە هەر لە بنەڕەتەوە زەوی تایبەت نەبووە بە ئینسانەوە. دینەکانیش ڕوونکردنەوەی مەنتیقیمان نادەنێ و لەبری ئەوە باس لە حەزرەتی ئادەم دەکەن کە باوەگەورەی ئێمەیە و مرۆڤێکی تەواو ئاقڵ و تێگەیشتوو بووە. هەر لە پەراسوویەکی ئادەمیش خودا حەوای دروستکردووە، بەڵام مافی ئەوەمان پێ نادەن (واتە ئایینە ئاسمانیەکان) بپرسین چۆن و بۆچی؟ تەنها ڕێگا و چارەسەری دینیی ئەوەیە بەبێ تەفسیر و لێکدانەوە باوەڕ بهێنیت کە بە کون فەیەکوونێك خولقاندویەتی و هیچ موناقەشەیەك هەڵناگرێت. لە کاتێکدا ئینسان مافی دەربڕینی زۆر پرسیاری لێ حەرام و قەدەغە کراوە قورئان خۆی ڕێگای بۆ پرسیارکردن خۆشکردووە، بۆ نموونە: حەزرەتی ئیبراهیم تکای لە خودا کردووە نیشانی بدات چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە خوداش پێی دەڵێ بۆچی باوەڕت بەوە نییە؟ دەڵێ با، بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیابم. کەواتە دڵنیایی یەکێکە لەو مافانەی کە قورئانیش دانی پیادا ناوە کەچی زۆر پرسیار و قووڵبوونەوە و شیکردنەوە تا ئێستاش دەکەوێتە خانەی حەرامەکانەوە. زانست و دین هەر یەکە تەفسیری تایبەتی خۆیان بۆ ڕەچەڵەکی ئینسان هەیە، کە نەك هەر جیاوازن بەڵکو بە هیچ جۆرێك بە یەکدی ناگەن. کەواتە دەبێ تۆ یەکێکیان هەڵبژێریت، یان ئایین یان زانست. ئەگەر ئایین هەڵدەبژێریت ئەوە دایە حەوا لە پەراسووی ئادەمەوە پەیدا بووە یان یەسوع کوڕی خوایە، زانستیش شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت. هەرگیز ناتوانی هەردووکیان واتە ئایین و زانست لە یەك کاتدا بە ڕاست بزانیت. لە قورئاندا هاتووە: ﴿وفوق کل ذی علم علیم﴾ یان ﴿هو الأول والآخر والظاهر والباطن وهو بکل شيئ علیم﴾. زانستیش باس لە وزە و توانا لە دوانەهاتووەکانی مێشك دەکات. ئایا بەم حیسابە ئەگەر ئینسان سەد لە سەدای وزە و تواناکانی بەکار بهێنێت کە هەرگیز ناتوانێت ناگاتە ئاستی ئەو هێزە موتڵەقەی کە تەنها

خودا خۆی هەیەتی (ونفخ فیة تمن روحي). ئەی بۆچی خودا دەفەرموێ: ﴿إنما يخشى اللة عبادة العلماء﴾.

باسی ئەم سیی هەزار ساڵەی تەمەنی هۆشیاریی مرۆڤ ناکەم، بەڵکو گرفت لە خووە شەڕانییەکەی ئینساندایە کە یەکەمین کوڕی ئادەم براکەی خۆی کوشتووە و ئەو لایەنە دڕندانەیەی بنیادەم تا ئێستاش بەردەوامە. هەر لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا چەندین ملیۆن مرۆڤ هەر بە دەستی مرۆڤ خۆی کوژراون؟

بۆچی؟ ئاخۆ ڕۆژێك دێت کە ئینسان واز لە شەڕ و توندوتیژی بهێنێت یان خودا بە جۆرێك خوڵقاندویەتی شەڕ و توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاو بێت لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئینسان کە لە یەکەمین وەچەی مرۆڤایەتییەوە دەستی پێ کردووە و تا دوا وەچەش درێژەی دەبێت.

خۆ زەوی جێگەی هەمووومانی تێدا دەبێتەوە نەك تەنها ئادەم و حەوا. خێر و بەرەکەتەکەیشی بەشی هەمووومان دەکات، وەلێ تەنها لە دوو جەنگە جیهانیەکەدا دەوروبەری شەست ملیۆن کەس کوژراون. ژمارەکە کەم نییە، شەست ملیۆنە لای کەمیی.

بێجگە لە دەیان جەنگی ئیقلیمی دیکەیش کە جەنگ خۆی لە خۆیدا سیفەتی دڕندەیە و گەورەترین دەبەنگی و گێلی و کاڵفامیە. ئەگینا هیچ بەهانەیەك ناگاتە ئەو ئاستەی کوشتن ئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە. بە هەزاران ئاڵتەرناتیڤی دیکە هەن.

ئەوەی ئەمرۆ خۆی دەتەقێنێتەوە، ئەگەر چەکی ئەتۆمی شك بەرێت بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەك لە ماوەی چاوتروکانێکدا هەموو جیهان دەکات بە خۆڵەمێش.. ئێستایشی لەگەڵدابێت کێ دەتوانێت گەرەنتی ئەوە بدات کە جەنگی سێیەمی جیهانیی بەرپا نابێت و چەکی ئەتۆمی تیادا بەکارناهێنرێت. ئەی کێ دەیزانی کە داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەددامەوە دەبێتە هۆی سەرخواردن و تەفر و تونابوونی. ئایا ئەگەر لەوە دڵنیابووایە پاشەڕۆژی بە سێدارە کۆتایی دێت عێراق و هەموو دەوروبەرەکەی نەدەکردە خۆراکی مووشەکی کیمیایی؟



دەڵێن ئەوە سیاسەت و زیرەکیی ئەمریکا و حوکمی مێژووە کە ئاکامەکان دیاری دەکەن. ئاخر لای خۆمان ناشوکری نەبێت سیاسەت وەکو زانست و مەنیق و هونەری بەکارهێنان بوونی نییەو بەرژەوەندی بەسەر هەموو پرەنسیبەکانی دیکەدا زاڵ بووە.

شێرزاد حەسەن ڕاست دەکات کە دەڵێ: سیاسەت لە کوردستان بوو بە (بزنس)، بوو بە دوکانو بازاڕ. بوو بە قازانج و بردنەوە، بوو بە قومار.

نەء من. هەرگیز فریا ناکەوم و ڕەنگە وەك دەیان جاری دیکە لەم نووسینەیش پاشگەز ببمەوە و بڵاوی نەکەمەوە و بیدڕێنم، چونکە چاك دەزانم هیچ شتێکی تازەم نەوتووە و تەنها ڕەزای خۆم قورس دەکەم. ئەوە چارەنووسم بوو کە نووسین و خوێندنەوە بۆم بوون بە مایەی نەگبەتی و کوێرەوەری. ئەگەر بە شتێکی دیکەوە خەریك بوومایە ئێستا پێناسەیەکی دیکەم بۆ ژیان دەبوو..

من لە مێژوونووسێکی تەنگەتاو دەچم، تەنیا یەك هەفتەی لە ژیاندا مابێت و داوای لێبکرێت بەو هەفتەیە ورد و درشتی مێژووی سەد ساڵی هەموو ئەوروپا بنووسێت و بەسەر هیچ ڕووداوێکدا باز نەدات.

زەوییەکەی ئێمە لە چاو عاجباتیەکانی گەردوونەوە تازە بە تازە دوێنێ پێرێ دروست بووە، چونکە ملیارەها تۆپی خڕ و سێگۆشەیی و چوارگۆشەیی و هەزار گۆشەیی دیکە هەن، کە ملیۆنەها ساڵی تیشکیی لە زەوییەوە دوورن و تیژیی تیشکیش تەنیا سێسەد هەزار کیلۆمەترە لە یەك چرکەدا. ئەستێرەی وا هەیە هەزاران ساڵە فەوتاوە و لەناوچووە، بەڵام هێشتا تیشکەکەی هەر بە ڕێگاوەیە و نەگەیشتۆتە سەر زەوی.

مرۆڤ هەرچەندە زیرەك و هۆشیار بێت هێشتا سروشت بە هێزترە. کێ دەزانێ،. ڕەنگە ئەستێرەیەکی زل و زەبەللاح و ئەحمەق کە دەیان جار لە زەویەکەی ئێمە گەورەتر بێت ڕۆژێك پارسەنگی تێکچێت و لە ئاسمانی دوورەوە بەربێتە خوارەوە و حەزرەتی ئیسرافیل فوو لە زوڕناکەی بکات.

کێ دەتوانێ بەرەنگاری بوومەلەرزە و بورکان و لافاوە هار و هاجەکان بێتەوە،. ئەی دەرد و بەلاّ خۆ تا ئێستا زانستی سەردەم هیچ چارەسەرێکی شیاوی بۆ نەخۆشیەکی ساکاری وەکو هەلاّمەت نەدۆزیوەتەوە سەرەڕای دەرکەوتن و پەیدابوونی نەخۆشی کوشندەی نوێ.

ئەی ئەگەر بە بارەکەی دیکەدا بیر بکەینەوە چۆنی لێك بدەینەوە؟ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر رۆژێك وزەی زیاتری ناو مێشکی بەکارهێنرا ئەوسا چی دەقەومێت و شارستانیەت و گلۆبالیزم چییان بەسەر دێت؟ ئەی زەمان؟ دەبێ پاشەڕۆژی زەمان بە چی بگات؟ ڕەنگە ئەوسا بە ئاسانی هەرکەسێك پلەی شەخسیەت و ڕەوشت و ئاستی زانیاری بە ناوچەوانیەوە بنووسرێت، وەکو ئامێری خۆکێشان کە بە گوێرەی ئەو زانیاریانە هەر کەسێك شوێن و جێگەی شیاوی خۆی لە پلەوپایەدا بدرێتێ و ئەوسا بواری هیچ فڕ و فێلێك نەمێنێت. گرنگ ئەوەیە ئێمە نە لەو سەردەمەدا دەژین و نە فریای دەکەوین. ئەگەر ئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتن بەم بارە پۆزەتیڤەدا نەکەوێتەوە واتە گۆڕانی گەوهەری لە کەسایەتی ئینسان و سیستمی کۆمەلاّیەتیدا ئەوە هیچ گومان لەوە ناکەم کە جەنگی نەوەوی گرەوەکە دەباتەوە و قڕ دەخاتە هەموو جیهانەوە و دووبارە لە سەرەتاوە بەرەو بیگ بانگێکی دیکە.

خەریکە باسەکان بە زەقی تێکەلاّو دەبن، چونکە تەنیا سەرەداوەکانم خستۆتەڕوو، شیکردنەوە و قوولکردنەوەی بۆ خۆتان جێدەهێلّم لە کاتێکدا وا هێدی هێدیش گوێم بۆ ئاوازە سیحراویەکەی زەنگی سەعاتی بیستوپێنج شل و خاو کردۆتەوە. دەزانم ئەوەی کە نووسیومە تۆزقالێ لە کێشە گەورەکان ناگۆڕێت.

لە سەرەتادا ویستم شیعرێك بنووسم. شیعریش عینادە کە نەهات نایەت. نابێ بە زۆر یەخەی بگریت ئەگینا تەریقت دەکاتەوە. بە هەر حالّ، وا بەم دارستانە چڕو قەرەبالّغە کۆتایی هات. ڕەنگە حەزم لە نووسین بووبێت و لێرەدا کورتە پشوویەکم دابێت. ڕەنگە نامەیەکی زۆر زۆر تایبەتی بێت بۆ خۆشەویست و ئازیزێکی خۆم تا بیخەمەوە یادی کە:-

سەلام محەمەد ناوێك هەبوو لە ٢١ ی ٠٧ ی ١٩٥٤ دا لە شاری کەرکوکدا هاتە دنیاوە و ئەویش بۆ بەدبەختی وەکو گلگامش کەوتە سۆراغی گژ و گیای ئەبەدییەت و لەم پێناوەدا بۆ



دورگەکانی واق واق سەری خۆی هەلّگرت تا لە...... ی...... ی...... دا بە نامرادی مالّئاوایی لێ کردین و سەفەری کرد بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان.

سوێد

٢١/ ٠٧/ ٢٠٠٧ - ٢١/ ٠٧/ ٢٠٠٩

# باخی ڕەنگاوڕەنگ

## بۆچوون و تێڕوانینی شاعیران و نووسەران سەبارەت بە ئەزموونی شیعریی سەلام محەمەد



وەختێك بیرۆکەی بۆچوون و تێڕوانینی شاعیران و نووسەران سەبارەت بە ئەزموونی شیعریی سەلام محەمەد بەمێشکمدا گوزەری کرد، هەوڵمدا لەڕێگەی پرسیارێکی گشتییەوە بچمە ناو پرۆسەی دواندنی ئەو بەڕێزانەی کەدەیانەوێت یان ئارەزوو دەکەن لەو گۆشەنیگایەوە تێڕوانینی خۆیان بنووسن و لەگەڵماندا لەم کتێبەدا بەشدار بن. ئەم پرسیارەی خوارەوە ئەو پرسیارە گشتییەیە کە لە باخێکی ڕەنگاوڕەنگ دەچێت و خوێنەریش با بە ئارەزووی خۆی بۆنی گوڵی وشە ڕەنگاوڕەنگەکان بکات.

پرسیارەکە: سەلام محەمەدی شاعیر لە ڕێگەی کۆمەڵێك دەقی شیعری جوانەوە جێ پێی خۆی لەسەر سەرزەمینی بزووتنەوەی شیعری کوردی قایم کرد. ئەو لە سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چالاکانە کەوتە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی و تا ئەندازەیەك پێشڕەوی بەرچاوی نواند. تۆ خوێندنەوەت بۆ ئەزموونی شیعری کاك سەلام محەمەد چییە و بۆچوونت لەسەر ڕۆڵی پێشڕەوانەی ئەو لە گۆڕەپانی شیعری کوردی چۆنە؟

شایانی باسە لەم پرۆسەیەدا ڕێکەوتنێك هەبووە لەنێوان من و کاك سەلام سەبارەت بەو بەڕێزانەی کە بەشدار بن لەگەڵماندا. ئێمە ئەو بەڕێزانەمان هەڵبژارد کە ئاگایان لە ئەزموون و جیهانی شیعریی سەلام محەمەد هەیە و خاوەنی خوێندنەوەی تایبەتن بۆ ئەو جیهانە شیعرییە. دیارە هەندێك لەو بەڕێزانە لەبەر هەر هۆیەك بێت بەشدارییان نەکرد. ئەوانی بەشداربوویش بوونە هاتوون بەکورتی بۆچوونەکانیان خستوویانەتە ڕوو. دیارە من بۆ خۆم وێڕای ڕێز و دەستخۆشی لەو بەڕێزانە، بەڵام ئومێدەوار بووم نووسینەکانیان تینوێتی پرسیارەکەیان بشکاندایە.

لەلایەکی دیکەوە من ویستم لە ڕێگەی بەشدارپێکردنی خوێنەری جیدییەوە جارێکی دیکە بچمە دەرەوەی ئەو نەریتە پەیڕەوکراوەی ئەدەبی کوردیی.. ویستم لەدەرەوەی ئەو کەوانەیەی کە لیستی ناوەکانی تێدایە و ئەو دەرگایە بکەمەوە تا هەر کەسێك چ ئەوەی سەلام محەمەدی پێ شاعیرە یان نا، قسە بکەن و بۆ چوونەکانیان بخەنە ڕوو...، بەڵام پێدەچێت هێشتا ئەدەبی کوردی ئاو لە تەکلیفی ڕەسمی و عورفی (گەر لێم نەپرسن، من حەقم چییە!)دا دەخواتەوە، بۆیە تەنانەت دوای بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەم لەهەردوو ڕۆژنامەی هەولێر و هەفتەنامەی هەواڵ و سایتەکانی دەنگەکان و هاوپشتی، یەك خوێنەر ئامادە نەبوو قسەیەك بکات، جگە لە بەڕێز کاك سەعدی مەلا عەلی. من سەرباری دەستخۆشی کردن لەو بەڕێزە پێموایە ئەم ئیشکالیاتە گەر بەشێکی بۆ میکانیزمی پرۆسەی ئامادەکردنی کتێبە بگەڕێتەوە، بەتایبەتی

لە دیاریكردنی سەقفی زەمەنیدا (مانگێك)، ئەوا بەشەكەی دیكەی بە ناچاری یەخەی خودی خوێنەر دەگرێت.

بەهەرحاڵ سەرباری ئەمانەش، ئەوەتا كۆمەڵێك بۆچوون لەلایەن كۆمەڵێك نووسەرەوە خراونەتە ڕوو كە هەریەك لە ئاستێك و لە گۆشەنیگایەكەوە ڕوانیویەتە ئەزموون شیعریی لای سەلام محەمەد. منیش بێ دەستكاری وەكو چۆن نێردراون بۆم ئاوا دایان خەمە بەر دیدەی خوێنەر.

## (عەبدوڵڵا سەڕاج)ی ڕۆماننووس و چیرۆكنووس و هونەرمەند

لە بەسەركردنەوەیەكی تەلەفۆنیدا چیرۆكنووس و ڕۆماننووس و هونەرمەند عەبدوڵڵا سەڕاج لە ٣٠ ی كانوونی دووەمی٢٠١٣ سەرباری كزی چاوەكانی و كەم نووسین و خوێندنەوە، وەختێك باسی ئەم كتێبەم بۆ كرد و لە ئامانجی پرۆژەكەم ئاگادارم كردەوە و سەبارەت بە ئەزموونی كاك سەلام پرسیارم لێكرد بە شەوقەوە وتی: "سەلام محەمەدی شاعیر لە سەرەتای حەفتاكانی



سەدەی ڕابردوو شاعیرێكی پڕ لە تەجرەبە و تازەگەری بوو، بەڵام بەداخەوە دوایی وازی هێنا. سەلام ئەگەر وازی نەهێنایە شتێكی دیكەی لێ دەرئەچوو. ئەو یەكێك بوو لە "ڕواد"ەكانی بزووتنەوەی شیعری نوێی كوردی لە كوردستان و زیرەكترین شاعیری ئەو كات (واتە حەفتاكان) بوو و عەرەب وتەنی یەكێك بوو لە (مجدد)ەكانی حەفتاكان و شایانی ئاوڕلێدانەوەیە. "منیش ئەم دوو سێ دێڕەم لە قسەكانی یادداشت كرد و ئینجا بۆ مامۆستا سەراجم خوێندەوە و داوام لێكرد ئەگەر پێی باشە ئەم دوو سی دێڕە بەناوی خۆیەوە لە كتێبەكە بڵاو ئەكەمەوە و مامۆستا عەبدوڵڵا سەراج ڕەزامەندی خۆی نیشاندا و داخی ئەوەشی ئەخوارد كە لەبەر كزی چاوەكانی ناتوانێت بنووسێت، ئەگینا وەڵامی پرسیارەكەی بە درێژی ئەدایەوە و لەدوایشدا هیوای سەركەوتنی بۆ خواستم.

**سەرچاوە:** تەلەفۆنی تایبەتی عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) لەگەڵ بەڕێز كاك عەبدوڵڵا سەڕاج ٣٠ی كانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٣

## (عەباس بەدری) نووسەر

نووسەر عەباس بەدری لە ساڵی ١٩٧٦دا زنجیرەیەك وتاری لە لاپەڕەی ئەدەبی ڕۆژنامەی "العراق"دا بڵاوكردەوە تیایدا هەر جارێك و باسی یەكێك لە شاعیرە نوێخوازە پێشڕەوەكانی ئەو سەردەمەی كردووە وەك لەتیف هەڵمەت و شێركۆ بێكەس و جەلالی میرزا كەریم و ئەنوەر قادر جاف و سەلاح شوان و سەلام محەمەد و شاعیری دیكەیش. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە

دەربارەی سەلام محەمەد بابەتێکی درێژی نووسیوە بە زمانی عەرەبی و تیایدا هاتووە: (لقد قرأت لة في ليلة واحدة اكثر من عشرة قصائد. فتعرفت على شاعر واعد بحق. على شاعرية مهيأة تماما لأن تكون اشارة هامة في المسار المتطور للقصيدة الكردية الحديثة) هەروەها (حينما نتحدث عن الشعر الكردى الحديث علينا ان نقف بتأمل عند قصائد الشاعر سلام محمد). هەروەها ئاماژەی بۆ چەند شیعرێکی کردووە کە بە بۆچوونی ئەو تەواو تازەبوون لەو قۆناغە ناسکەی شیعری نوێی کوردیدا.

سەرچاوە: ئیمەیڵی تایبەتی سەلام محەمەد بۆ عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)



## (حەمە مەنتك)ی نووسەر و لێکۆڵەر

ئەم پرسیارە هەڵگری کۆمەڵێك گرفتە، چونکو لە ڕاستییدا بەرباسدانی ئەزموونی شاعیرێك بە لاپەڕەیەك و دووان و توێژینەوەیەك کارێکی وەها سانا نییە، ئەزموون باسکردن کاری کتێبە، کارێکە دەبێ توێژینەوەیەکی فراوانی لەسەر بکرێت. کە گوتت ئەزموون، چەمکەکە زۆر فراوانە، واتە بەرکەوتن و کارکردن لەبارەی کۆی لایەنی ژیان و نووسین و ژینگە و خێزان و کۆمەڵگەی ئەو شاعیرە. بە هەمەحاڵ ئاشنابوونی من بە شیعرەکانی سەلام محەمەد بۆ سەباح ڕەنجدەری شاعیر دەگەڕێتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٩ دیوانەکەی دەرچوو. ئەو شاعیرانەی لە سەرەتای شیعرنووسینیان بە دیوانێك، یان کتێبێکی شیعری خۆیان لە ڕەوتی شیعری شاعیرانی هاوسەردەمی خۆیان جودا دەکەنەوە، لەوێوە دەتوانن ناوێك بۆ خۆیان تۆمار بکەن. بۆ نموونە: (جەلال بەرزنجی) بە (سەمای بەفری ئێواران- ١٩٧٩)، (ئەنوەر قادر جاف) بە (زریان- ١٩٨٠)... تاد، (سەلام محەمەد)یش بە (دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە-١٩٨٨) خۆی لە ڕەوتی شیعریی سەردەمی خۆی جوداکردەوە، بەڵام وەکو بڵاوکردنەوەی شیعر هەر لە سەرەتایساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردووەوە جێ پەنجەی خۆی بە شیعر دیاریکردووە.

ئەوەی شیعری سەلام لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی جودا دەکاتەوە، سادەیی و ڕەوانی زمانی شیعرەکانییەتی، چونکو ئەگەر تەماشای شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس بکەین، هەوڵیانداوە زۆرتر بە سیمبول وێنە شیعرییەکان بنووسن. هەرچەندە سەلام محەمەدیش لە زۆر شوێندا سیمبول و تێکشکانی زمانیی ئەنجامداوە. گەمەکردن بە وشە بە شێوەیەکی بەرچاو لەنێو شیعرەکاندا بەرچاو دەکەون.

من تۆم ئەوێ
تۆ شا لقی ئەو درەختەی ڕەگی لەناو هەناومایە
تۆم خۆش ئەوێ
تۆش تریفەی ئەو ڕووبارە دڵتەزێنەی
سەرچاوەکەی، وا لە لێواری چاومایە
دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە

زمان پێوەندی نێوان دال و مەدلوولە. هەریەکە لە بونیادگەرەکانو هەڵوەشاندنەوەگەراکان بە شێوەیەك لە بوونی دال و مەدلوول دەڕوانن. بونیادگەرەکان زێتر پێداگری لەسەر دال دەکەنەوە، بەڵام هەڵوشانەوەگەراکان زێتر لە مەدلوول. سادەکردنەوەی زمان لای سەلام محەمەد خۆی لە سادەکردنەوەی هەردووکیان بۆ دروستکردنی وێنە و سیمبول لەنێو شیعرەکان دەبینێتەوە. هەر لە ڕێی زمانەوە وێنەی شیعری سەرشار بە ئێستاتیکا بونیادێکی هونەریی بە زۆربەی شیعرەکان دەبەخشێت. واتا کارکردن لە ئافراندنی شیعر لەلای سەلام بەرانبەر وشە، ڕستە، فرێز کارکردنێکی ئاگاییانەیە. هەر ئەم وێنە شیعرییانە پێوەندی ناوەکیی بەهێز لەنێوان

خۆیان دروست دەکەن، چونکو کۆی ئەو وردە وێنەییانە لە ئەنجامدا وێنەیەکی فراوانتر بە خوێنەر دەدەن. لێرەدایە ڕۆڵی خوێنەر، خوێنەری بە ئاگا هەوڵی کۆکردەوەی هەموو ئەو وێنە شیعرییە وردانە لە ڕێی کردنەوەی کۆدەکانی شیعر، بۆ ئەوەی ئەو واقیعەی شاعیر دەیوێت پیشانی بدات، دەدات. سەلام محەمەد لە زۆربەی شیعرەکانییدا بەهۆی وردە وێنەوە بونیادێکی پتەو بۆ شیعرەکان دروست دەکات.

ڕیتمی شیعریی خاڵێکی جوانە لە ئەزموونی شیعریی سەلام محەمەد دا. بێگومان ڕیتمیش هەر لە ڕێی زمانەوە دەخولقێ. ئەوەندەی من خەریکی شیعرەکانی شاعیر بووم، بەهۆی ئەو سادەکردنەوەی زمانەوە، شیعرەکان خاوەن بونیادێکی ڕیتمی و مۆسیقایی جوانن، بێگومان لێرەیش، مەبەستم هەموو شیعرەکان نییە. ئەم ڕیتمە لە شیعرەکان، بەهۆی یەکێتیی کێش و سەرواوە نییە، بەڵکو تێکشکاندنی ئەم یەکێتییە ڕیتمێکی تازەی بۆ شیعری تازەی کوردی لە حەفتاکانەوە هێنایەگۆڕێ. هەموو ڕستە شیعرییەکان یەك کێش و سەروایان نییە، دێڕە شیعر هەیە یەك وشەیە، ڕەنگە ئەویدیکە ڕستەیەکی درێژ بێ، بەڵام ڕیتمێکی مۆسیقایی ئەمانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش لەڕێی پاتەکردنەوەی فۆنیم، وشە، فرێز، ڕستە و وشەی ڕەگەزدۆزییەوە دەکرێ. هەروەها لە ڕێی دابەشکردنی بڕگەکان، سەلام محەمەد بەشێوەیەك کاری لەسەر کردوون ڕیتمێکی تازە بە شیعرەکانی ببەخشێت، بەڵام ئەم بڕگانە بە شێوەیەکی یەکسان دابەشنەکراون، بەڵکو تێکشکێنراون بۆ بەخشینی ڕیتمێکی نوێ بە شیعر.

چی هێنامی
چی پێکامی
بۆ هێنامی... بۆ پێکامی
پەشیمان نیم و درەنگە
هەمووی ماچێکە وەلامی

لە ڕێی پاتەکردنەوەی وشە و ئامرازی پرسەوە شاعیر ڕیتمێك بە شیعرەکە دەبەخشێت، ئەمەیش هەمووی لە پێناو دروستکردنی شیعرییەتی شیعرە، هەروەها ڕۆڵی لە ئافراندنی وێنەی شیعریشدا هەیە.

دیارە سەلام محەمەد لە ڕێی شیعرەکانییەوە، کاریگەری خۆی لە ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعریی کوردیدا هەبووە، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە بۆ سەلام محەمەد کەمتر ئاوڕی لێدەدرێتەوە؟ دیارە من بۆ چەند هۆکارێکی دەگەڕێنمەوە. یەکیان لەنێو شاعیرانی حەفتا و هەشتاکاندا دیاردەیەکی سەیر بوونی هەبوو (هێندەی من ئاگادار بم) بەربەرەکانی و شکاندنەوەی یەکتر و



چاڵ بۆ یەکتری هەڵکەندن هەبووە. ئێستایش کاتێك لە یەکێك لە شاعیرانی ئەو سەردەم دەپرسی: بۆچوونت لەبارەی ئەزموونی فلان شاعیرەوە چۆنە؟ یەکراست دەڵێ: جا خۆ ئەوە شاعیر نییە، یان شاعیرێکی زۆر خەراپە، بەڵام کە دواتر لە شوێنێك هەمان برادەر لەگەڵ شاعیرەکە دەبینی قسەی وەها دەکات باوەڕ ناکەیت، بەڵام نایەت لە ڕێی ڕاڤە و لێکدانەوەی شیعرەکانەوە بۆت بسەلمێنێ فلان شاعیرێکی خەراپە. ئەم دیاردەیە ئێستایش لەنێو هەموو نووسەران و شاعیرانی شاری هەولێر بەرچاوەدەکەوێت. سەلام محەمەد یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە. خاڵێکی دیکە سەلام محەمەد (دیسان هێندەی من بزانم) حزبێکی (بە کۆی دەزگا و ڕاگەیاندنەکانییەوە) لە پشت نەبووە. زۆر شاعیرمان هەن، لە نەوەدەکان، یان هەشتاکانەوە شیعر دەنووسێت، لە ئەوروپا دەیهێننەوە، شیعری بۆ چاپ دەکەن، ڕێکلامی بۆ دەکەن چوزانم ئیتر ئەمانە لەم سەردەمەدا کۆمەڵێك شاعیری کوارگیان بۆ بەرهەمهێناوین. خۆزی هەر شاعیرێك، نووسەرێك لە ڕێی بەرهەمەکانییەوە پێگەی خۆی پێدەدرا. سەلام محەمەد ئەمەی نەبووە، دەنا دەهێنرایەوە کوردستان و گرینگی پێدەدرا. دواجار ئەوە دەقەکانن دەمێننەوە. ئێستا نەوەیەك پەیدابووە، دەق لەکنی سەنگی مەحەکە.

سەلام لە ڕێی دەقەکانییەوە (کارم بەوە نییە سەلام محەمەد چ کارەیە و چەند ساڵ پێشمەرگە بووە و چ ئازارێکی دیوە)، پێگەیەکی بۆ ئەزموونی خۆی لە شیعری کوردیدا دیاریکردووە و دەقگەلێکی نایابی نووسیوە. ئەمەیش بێ بەڵگە نییە لەسەرەوە هێندێك ئاماژەم بەو لایەنانە کرد. ئەم پەیڤانەی منیش لە ڕێی دەقەکانیانەوە بووە. ئەگەر تەماشای شیعرەکانی بکەین، شیعری ماوەیەکی، لەگەڵ ماوەیەکی دیکەی جوداوازی پێوەدیارە، بەڵام ڕوونی لە زمانەکەی پاراستووە. ئەم ڕوونییە لەکن من خاڵێکی گرینگە. ئەو مۆتیڤانەی کاری لەسەرکردوون بەتایبەت لە شیعرەکانی ئەم ساڵانەی دواییدا مۆتیڤی وردی ژیانن، کەلێکی بچووکی ژیانن، ئەگەر کەسێك زۆر ورد نەبێت، نایاندۆزێتەوە.

## (کەریم دەشتی) شاعیر

من سەلام محەمەدی شاعیر هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەدەبیاتمەوە دەناسم و هەمیشە یەکێك بووم لەوانەی کە شیعر و نووسینەکانی ئەم شاعیرەم خۆشویستووە و پێی سەرسام بووم بە تایبەت کە لە بەغدا یەکترمان بینی و ناسی ئەوەندەی دیکە خۆشمویست. سەلامی شاعیر لەناو دوو ئەقنۆمی گرنگدا کار دەکات یەکەمیان ئەشق و ئەوینە کە لەمەدا خۆشەویستی تاڕایەکی ڕەنگاوڕەنگە بەسەر هەموو ماناکانی ئەشق و ئەویندا دەکشێ و چەمکی خاك و نیشتمان و ئافرەت و شاخ و کێوهەمووی لە چاوی ئەودا یەکسان دەبن لەو ئان و ساتەدا جوانترین تێکستی شیعری دەخولقێنێ و خوێنەر بەرەو دونیایەکی ئارام و بەرچاو ڕوونی دەبات.



لەم ڕووەوە گەلێ شیعری جوان و چیرۆکی جوانی نووسیوە بە تایبەتی چیرۆکی (ڕەشەڕاو) و شیعری پڕشنگ و دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە و چەندانی دیکە کاتی خۆی بڵاوی کردوونەتەوە. دووەمیان چەمکەکانی جوانییە، واتە ئەستاتیکا لە فۆرمی شیعرەکانیدا. فۆرمی شیعری کاك سەلام فۆرمی پێکهاتەیەکی گرنگی نێوان شیعری مۆدێرن و شیعری سوننەتییە واتە تارای کلاسیك کە من پێموایە ئەوانەی شیعر دەنووسن و سەرکەوتوو بوون لە شیعردا ئەو دوو بنەمایەیان گرتۆتە ئەستۆ و شیعری مەزنیان نووسیوە.

وەك ئەزموون کاك سەلامی شاعیر یەکێك بووە لە هەڵگرانی پەیامی نوێخوازی لە شیعری کوردی و یەکێك بوو لە بزوێنەرانی بیرۆکەی مۆدێرنیزم لە شیعری کوردی لە شاری کەرکوك و یەکێك بووە لە هەڵگرانی بیروباوەڕی سەرکێشی و تەمەڕود لە شیعری کوردی و لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە سەردەمی ڕوانگەدا. هەرچەندە ئەو لەگەڵ بزووتنەوەی ڕوانگە نەبوو، بەڵام یەکێك بووە لە پاڵپشتیکەرانی ئەو بزووتنەوەیە بەوەی کە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی هاوکات بوو لەگەڵ نوێبوونەوەی شیعر لە کوردستاندا.

ئەو سەردەمەی سەلامی شاعیر لە بەغدا بوو توانی ڕۆڵێکی جوان ببینێ لەمەڕ بڵاوکردنەوەی تازەگەری لەنێو گەنجانی بەغدادا بەشداریەکی تازەگەرانەی جوانی هەبوو لەنێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوسادا تاکو ئێستایش بەردەوامە بۆیە نابێ ڕۆڵی ئەو فەرامۆش بکەین لەنێو بزووتنەوەی تازەی شیعری کوردیدا.

کەریم دەشتی
٢٨-٠٢-٢٠١٣
هەولێر

## (خەبات عارف)ی شاعیر و وەرگێڕ

خەبات عارف: زۆربەی شیعرەکانی سەلام محەمەد لەو شیعرانەن کە دەکرێت لەگەڵ باڵاترینی ئەو شیعرانەدا دابنرێن کە لە سەرەتاوە و هەروەها دواتریش، لە نوێکردنەوە و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە. سەلام محەمەد بەو شیعرانەی بە زوویی جێیەکی تایبەت و شایانی لەنێو شاعیرانی ئەوسادا بۆ خۆی کردەوە. شیعرە چاکەکانی ئەو، هەم لە ڕووی شێوە و شێوازەوە لەگەڵ نوێکردنەوە خەریك بوون و هەوڵی جیددی بوون بۆ ڕەهاکردنی شیعر لە کۆتوبەندی کەونارایی و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە جیاواز بوون.



جیاوازبوونیان، بە بڕوای من، بە تایبەت لەوێدایە کە هەندێکیان زۆر ڕاستگۆیانە پرسە گرنگەکانی ژیانی تایبەتی سەلام خۆیمان پیشان دەدەن و ئەوسا و ئێستایشی لەگەڵ" کەمتر لەو جۆرە شیعرەمان بەرچاو دەکەوێت، هەروەها لە دەوری ئەو پرسە گشتییانەیش کۆمان دەکەنەوە کە بە پرسە گرنگەکانی ژیان و بوون دادەنرێن.

## (ڕەزا شوان)ی نووسەر

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٠ دا، لە شاری کەرکوکی خۆشەویستدا، برای شیرینم شاعیری ناسراوی کوردمان کاك (سەلام محەمەد)م ناسی ئەو کاتە گەنجێکی تازە هەڵچووی خوێنگەرم بوو و لاوێکی جوان و شەنگ بوو ـ تەمەنی سەد ساڵ بێت ئێستاش هەر جوانە. بەڕێزیان لەسەرخۆ و هێمن هاوڕێ دۆست و ڕووخۆش و کورد و کوردستانپەروەر بوو. ئەو کاتە من لە دێی (بادەوای سەر بە ناحیەی لەیلان لە کەرکوك) مامۆستا بووم، دوایی کە ڕۆژنامەی "هاوکاری"بە کوردی لە بەغدا دەرکرا، من بە ناوی (هیوا شوان)ەوە خۆبەخشانە بوومە پەیامنێری هاوکاری لە کەرکوك.

کاك سەلام محەمەد پێی وتم کە کۆمەڵێك شیعری نووسیوە. داوای لێکردم بیانخوێنمەوە و ڕا و سەرنجی خۆم لەبارەیانەوە بنووسم.. شیعرەکانی زۆربوون، دەفتەرێکی سەد پەڕەیی تەوایان گرتبۆوە.. هەر چەند نە ئەوسا و نە ئێستاش من لەو ئاستەدا نەبووم نیم کە بتوانم بە شێوەی وێژەیی و بە پێی پێوەرە زانستییەکان و شارەزایی شیعر هەڵسەنگێنم، چونکە شیعر هەڵسەنگاندن پێویستی بە کەسانێکی شارەزا و ڕەخنەگری بە توانا هەیە. ناشڵێم هێندە نابەڵەد و کۆڵەوار بووم و چێژی خوێندنەوەی شیعریم نەبوو، یان شیعری باش و خراپم لێکەوە نەدەکرد. لە دڵی خۆمدا وتم دڵی کاك سەلام ناشکێنم و وەکو خۆێنەرێك چی تیا بەسەرە ئەگەر سەرنج و ڕای خۆم لە بارەی شیعرەکانییەوە بنووسم. دەشێت سەرنجەکانم ڕاستبن یان یا تارادەیەك لە ڕاستییەوە نزیك بن. لەوانەشە کە وانەبێت و بووچوونەکانم لە شوێنی خۆیدا نەبن و مەبەستەکانم نەپێکم. کاك سەلام پەلەی دەکرد و سووربوو لەسەر چاپکردنی شیعرەکانی.

دەفتەرەکەم لە کاك سەلام وەرگرت و لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ (بادەوا). سێ هەفتە لام مایەوە و بە وردی شیعرەکانیم خوێندەوە. سەرنج و ڕای خۆم لە بارەیانەوە گەڵاڵە کرد و نووسیم. بەپێی توانام هەندێ وشە و ڕستەکانیشم بۆ ڕاست کردەوە. ئەو کۆمەڵە شیعرەی کاك سەلام سۆز و کەفوکوڵی کاتی هەرزەکاری و لاوی بوو، بە سادەیی و ڕاستگۆیی گوزارشتی لە ناخی خۆی کردبوو. شێوازی کلاسکی و ڕۆمانسییان پێوە دیار بوو. لە فۆرم و ناوەڕۆکدا و کەموکوڕییان هەبوو. ئەو کۆمەڵە شیعرەی کاك سەلام بۆ ئەو سەردەمە و ئەو تەمەنە کەمە کەم نەبوون. من خۆم پێشبینی ئەوەم لێکرد، ئەگەر کاك سەلام بەردەوام بێت ئایندەیەکی باشی دەبێ و شوێن پەنجەی لە داهاتووی ئەدەبی کوردیماندا دیار دەبێت.

من پێشەکییەکی کورتم بۆ ئەو کۆمەڵە شیعرەی کاك سەلام محەمەد نووسی. ڕاو سەرنجەکانم دەربارەی شیعرەکانی لەو پێشەکییەدا نووسی. کاك سەلام هیچ ناو و ناونیشانێکی بۆ ئەو کۆمەڵە شیعرەی دانەنابوو. من پێشنیاری ئەوەم کرد ناوی لێ بنێت (دڵـــی کوردســــــتان) مەبەستیشم لەو دڵە (کەرکوك) ی کوردستانی بوو. بە نووسینێکی گەورەو جوانیش بە دەستخەتی خۆم لەسەر بەرگی دەفتەری ئەو کۆمەڵە شیعرەدا لە ساڵی ١٩٧٠ دا نووسیم دڵی کوردستان.

پێش من نە پارتی و نە هیچ کەسێکی دیکە دەستەواژەی (دڵی کوردستان) یان بە کەرکوك نەوتبوو. کاك سەلام خۆشی پارتی بوو ئەم ڕاستییە دەزانێ. خۆزگەش بۆ بەڵگە و ڕاستی ئەو دەستنووسە دەما.



من لە ساڵی ١٩٧١ دا، بۆ وتنەوەی وانەی زمانی کوردی گوسترامەوە بۆ قوتابخانەی (مەشخەڵ)ی کوڕان لە گەڕەکی (عەرەسە) لەناو شاری کەرکوك. ئێستا دووبارە ئەم ناوە بۆ ئەم قوتابخانەیە گەڕاوەتەوە. زۆرتر و زیاتر من و کاك سەلام پێکەوە دادەنیشتین.

وەکو وتم کاك سەلام سووربوو لەسەر چاپکردنی (دڵی کوردستان)، بەڵام من ئەو پەلەکردنەی کاك سەلامم پێخۆش نەبوو. حەزم نەدەکرد کە چاپی بکات، چونکە دەمزانی کە هێشتا لە سەرەتادایە و ماوێتی.

کاك سەلام پێی ڕاگەیاندم کە دەچێت بۆ بەغدا و دەیەوێت مۆڵەتی چاپکردنی (دڵی کوردستان) وەربگرێت. ئەو کاتە کاك سەلام ئەو شاعیر و نووسەرانەی نەدەناسی کە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ئیشیان دەکرد. من بە کاك سەلامم وت حەز ئەکەم پێش ئەوەی کە مۆڵەتی چاپکردن وەربگریت، ئەم کۆمەڵە شیعرەت پێشانی ئەو شاعیر و نووسەرانە بدەیت کە لە ڕۆژنامەی "هاوکاری"ن لەوانە شاعیری ناسراو هاوڕێم (سەلاح شوان) و (سامی شۆڕش)و(حسەین عارف) و (جەلال میرزا کەریم). زانیم کە کۆمەڵە شیعرەکەی پێشانی ئەو برایانە بدات، لە چاپکردنی پەشیمانی دەکەنەوە. کاك سەلام چووبوو بۆ لایان و پێشبینییەکەم لە جێی خۆیدا بوو. کاك سەلامیان پەشیمان کردبۆوە، خۆشی پێی وابوو کە پەلە دەکا.

دوای مانگێك لە چوونی بۆ بەغدا، یەکەمین شیعری کاك سەلام محەمەد بە ناوی (سێ هەنگاو) کە بریتی بوو لە سێ کۆپلە لە (هاوکاری)دا بڵاوکرایەوە و خوێندمەوە، بەڵام دوو ساڵ بەر لەئێستا لەگەڵ کاك سەلام دا بە تەلەفۆن قسەمان کرد، ئەو سێ هەنگاوی نەوت لە بیرم نییە کە چ ناوێکی دیکەی گوت، بەڵام من بزانم بە ناوی (سێ هەنگاو)ەوە بوو. ئەگەر کاك سەلام ناوێکی دیکە دەڵێت و دڵنیایە لێی هەڵبەت ئەو خۆی نووسیوێتی و دەزانێت من داوای لێبوردن و ڕاستکردنەوەی لێ دەکەم. ئەو یەکەم شیعرەی شیعرێکی ئازاد بوو، لە ناوەڕۆك و فۆرمدا لە شیعرەکانی دیکەی جیاواز بوو. دەتوانم بڵێم وەرچەرخانێك گرنگ بوو لە ئەزموونی شیعری کاك سەلام محەمەد. لەو بڕوایەشدام تا ڕادەیەك کاریگەری شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت و سەلاح شوان و شێرکۆ بێکەس لەسەر کاك سەلامدا هەبووبێت، یا سوودی لە تاقیکردنەوەکانی ئەوان وەرگرتبێت. لەو شیعرەی بەدواوە هێندە ناو و باسی کۆمەڵە شیعری (دڵی کوردستان) نەما، بەڵام تا ئێستاش کاك سەلام شانازی بەو سەرەتایەوە دەکا. هەر لەو هەنگاوە سەرەتاییەوە بوو، بەرەو ئەمڕۆی هەنگاوی باشتری نا. هەرکەسێکیش ڕابردووی خۆی

لەبیربکا، داهاتووشی ئەمڕۆی لەبیر دەکات. کاک سەلام محەمەد لەگەڵ کاروانی نوێخوازاندا بە خێرایی هەنگاوی نا و دوانەکەوت. یەکێك بوو لەو شاعیرە نوێخوازانەی دەرەوەی بزووتنەوەی ڕوانگە. هاوکات و هاوڕێ بوو لەگەڵ لەتیف هەڵمەت و محەمەد موکری و شاعیرە لاو و نوێخوازەکانی سەردەمەکە. لەتیف هەڵمەت و سەلام محەمەد، دوو شاعیری نوێخوازی یاخی بوون لە شاری کەرکوك. لە ساڵی **١٩٧١** تابلۆی بارەگای (یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك) کە لە کۆڵانی بەرانبەر قوتابخانەی خانەقای بنەڕەتی ئێستا بوو، هەردووکیان تابلۆکەیان نووسەرانیان داگرتبوو و لەبەردەم دەرگاکەیدا دایان نابوو. دوایی وتیان، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك تەنها تابلۆکەیەتی، دەبا ئەویش نەمێنێت. من ئەوسا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەران بووم. دووبارە تابلۆکەمان هەڵواسییەوە.

یەکەمین کۆڕی ئەدەبیش کە یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك لە تەلەفزیۆنی کەرکوکدا پێشکەشی کرد دەربارەی شاعیر (سابیری) بوو کە من ئامادەم کردبوو و نیاز وابوو بۆ بەیانی تۆماری بکەین ئێوارەکەی هەواڵی کۆچکردنی برایەکی لە خۆم بچووکتریان پێ ڕاگەیاندین، بەڵام من خۆم داوام کرد کە بیدەنە کاك سەلام محەمەد با ئەو پێشکەشی بکات، چونکە کەسێکی بە توانا و وریا بوو. لەوەدوا کە لە تەلەفزیۆندا کۆڕەکەم بینی زیاتر توانا و لێهاتوویی کاك سەلامم بۆ دەرکەوت کە بەڕاستی زۆر بە جوانی و سەرکەوتوویی کۆڕەکەی گێڕا. دەتوت دە ساڵە لە تەلەفزیۆندا کۆڕ پێشکەش دەکا. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٤ - ١٩٩٤ کە ئامادەکەری بەرنامەی (جیهانی منداڵان) بووم لە تەلەفزیۆنی کەرکوکدا, زۆر سۆراغی شریتی ئەو کۆڕەم کرد، بەڵام بە داخەوە دەستم نەکەوت.

ئەمە و وابزانم لە ساڵی **١٩٧٣** دا بوو بە ناوی (هیوا شوان)ەوە، دیدارێکم لەگەڵ کاك سەلام محەمەدا سازکرد و لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا بڵاوم کردەوە.

ئەو کورتە باسەی سەرەوە کە دەربارەی کاك سەلام محەمەد نووسیومە ئەگەر دەقا وەدەقیش نەبێت، هیچ شتێکم بۆ زیاد نەکردووە. چۆن بووە بە کورتی ئەوەم نووسیوە، بەڵام ئەوەی کە من نووسیومە زیاتر لە چل ساڵ بەر لە ئێستا بوو، ڕەنگە کاك سەلام شتی زیاتری لەو ڕووەوە لابێ یان تێبینی هەبێت، چونکە بەبێ ئاگای ئەو ئەم نووسینەم نووسیوە.

شاعیری نوێخوازی گەلەکەمان کاك سەلام محەمەد شاعیرێکی بە توانایە و خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ئەدەبییە. شایانی خۆیەتی کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ئەزموونە



دەوڵەمەندە سەرکەوتوویەی بکرێت، تا شاعیرانی نەوەی ئەمڕۆمان سوود لە ئەزموونەکەی وەربگرن.

سەلام محەمەد دەڵێ: تا غەم هەبێت شیعریش هەیە، تا مردن هەبێت شیعریش هەیە. لە دۆزەخدا شیعر هەیە، بەڵام لە بەهەشتدا کەس پێویستی بەوە نییە شیعر بنووسێت. من و شیعر نە بەیەکەوە دەگونجێین، نە دەتوانین لە یەکتری جودابینەوە

لەگەڵ ئەوپەڕی سوپاس و ڕێزی براتان

ڕەزا شـوان

نەرویج ٢٠١٣-٠٣-٠٧

## بەرزان هەستیاری شاعیر

سەرەتای تەمەنی هەرزەکارییم بوو، ئەو دەمەی تازە سەروساختێکم لەگەڵ ئەدەبدا پەیدا کردبوو، منیش وەك هەموو ئەو کەسانەی کە مەیل و سەوداسەریی بۆ دنیای خوێندنەوە و ئەدەب پەلکێشیان ئەکات، سەرەتا بە هۆی ئەو کتێبانەی ناو بە ناو بە هۆی خوشك براکانمەوە خۆیان ئەکرد بە ماڵەکەماندا کەوتمە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەدەبی کلاسیکی و لەوێوە دەروازەیەکم بۆ کەوتە سەرپشت و پاشان وردە وردە بەو ڕۆژانە کەمەی کە بۆ خەرجیی خۆم وەرم دەگرت کەوتمە کڕینی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و ئەوەندەشی توانای ماددیم ڕێی بدامایە ناو بە ناو کتێبی هەرزانبەهاشم دەکڕی.



بیرم دێت لەنێو ئەو گۆڤارانەوە پەنجەرەیەکی تازەم بەدی کرد و لەوێوە جۆرێك لە شیعرم ناسی کە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە جیاواز بوون لەو شیعرانەی کە تا ئەو کاتە خوێندبوومنەوە، ئەگەر چی سەرەتا تامو چێژێکی ئەوتۆم لەو شیعرانە نەدەبینی، بەڵام هێدی.. هێدی وای لێهات کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بەو جۆرە شیعرانەوەی بەستمەوە.

لەو سەردەمانەدا شیعرەکانی کاك شێرکۆ بێکەس و کاك لەتیف هەڵمەت و چەند شاعیرێکی دیکە گۆشەی ڕوانینیان وەرچەرخاندم و ئیتر وام لێهات بە تاسە و مەیلێکی زیاترەوە سۆراخی ئەو شیعرانە بکەم کە ناوی "شیعری ئازاد"یان لێنرابوو.. لەو گەڕان و سۆراخەشدا یەکێك لەو شیعرە جوانانەی "کە بە داخەوە نازانم لە کوێدا بەرچاوم کەوت "ڕایوەستاندم و وای لێ کردم بە تەنها جارێك دەست لە خوێندنەوەی هەڵنەگرم، شیعری "دەمە و ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە "ی "کاك سەلام محەمەد "بوو کە من بەر لەوە هیچ شیعرێکی دیکەی ئەم شاعیرەم نەبینیبوو.

ئەو کاتانە من تازە هەوڵی ئەوەم بوو کە کۆمەڵێك نووسەر و شاعیری بە ئەزموون و ئەوانەی بە تەمەن لە خۆم هەڵکشاوتر بوو بناسم و وەك لاوێکی بزێویش هەر دەرفەتێکم دەست کەوتایە خۆم ئەگەیاندە نێو کۆڕ و دانیشتنی ئەو نووسەرانەوە و لە زۆر لەو دانیشتنانەشدا گوێم لە باس ستایشکردنی شیعری "دەمەو ئێواران"ەکەی "سەلام محەمەد "دەبوو، بۆیە لەو چرکە ساتانەدا هەستێکم لا دروست بوو کە منیش توانیومە هیچ نەبێت شیعری باش بناسمەوە و بەوە خۆشحاڵ بووم کە ئەو سەلیقەیەم لەلا دروست بووە.

ئێستاش دیقەتی "دەمەو ئێواران"بدەین کۆمەڵێك وێنەی وا جوانی تێدا دەبینینەوە کە لەو ساتەوەختەی شیعری نوێی کوردییدا لە چڵەپۆپەی جوانییدا بوون. شیعرێك پێش "٣٩"ساڵ نووسراوە و هێشتا وێنەکانت بە ڕوونیی و سەوزی ماونەتەوە، تۆ دیقەتی ئەم وێنە ناوازەیەی ئەو دەمەی "سەلام "بدەن لە دەمەو ئێواراندا دەڵێ:

تۆ ئەبیتە ئەستێرەیەکی بەفراوی
لە پەنجەرەی فرمێسکەوە

دێیتە ناو ژووری دڵمەوە
جومگەکانم باوەشت بۆ ئەگرنەوە

ئەگەر زیادەڕۆیی نەبێت ئەڵێم وەك چۆن "ئەحمەد هەردی"شاعیر بە تاکە دیوانێك کە ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم "تەنها "١٥ "شیعری تێدایە، ئەو دەنگ و سەدا گەورەیەی بۆ خۆی دروست کرد، ئەوا سەلام "محەمەد"یش بە شیعری "دەمەو ئێواران "پێگەیەکی ڕووناکی بۆ خۆی لە شیعری نوێی کوردییدا داگیرکرد "هەڵبەتە مەبەست لەوە نییە بڵێم ئەو شیعرەی "سەلام محەمەد"بە تەنها هێندەی کاریگەریی هەموو ئەو شیعرانەی "هەردی"بێت ".

"سەلام محەمەد" هەر لە سەرەتاوە بە سەرکێشییەکی سەیرەوە هاتۆتە پێشەوە و وەك خۆشی لە چاوپێکەوتنێکدا باسی ئەکات ژیانی ئەدەبیی و پریڤاتی پڕن لە هەڵوێست و پەرچەکرداری ناوازە و ئەمەش وای لە شاعیر کردووە هەمیشە وەك کەسێکی یاخی دەربکەوێت. هەر ئەوەش وای کردووە زۆر کەس پێیان هەرس نەکرێت و حاڵی ئەمیش وەك حاڵی زۆر لەو شاعیرە کورد و بیانییانە سەرشێتانەی دیکە خۆشتر نەبێت و هەمیشە بەردی تانووك و سەرزەنشت زامداریان کردبێت.

ئەگەر چی لێرەدا باس باسی ئەزموون و ڕۆڵی "سەلام محەمەد"ە لە شیعری کوردییدا، بەڵام ئەمە ڕێی ئەوەمان لێناگرێت لەم کلاوڕۆژنەیەوە سەر بەسەر هەندێ مەسەلەی دیکەدا شۆڕ بکەینەوە کە دواتر ئەمانیش هەر ئەمانبەنەوە سەر ئەزموون و ڕۆڵی "سەلام محەمەد ".

ئەوەی من بناسێت ئەزانێت کە جۆرێك لە تەممەڵییم تێدایە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار بۆ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەریی، ئەمەش زیاتر ئەو کات دیاریکردنە وام لێئەکات کە داوا دەکرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەڵام بدەمەوە، بەلای منەوە ئەگەر ئەو ماوەیە ساڵێکی ڕەبەقیش بێت هەر هەست بە خنکان ئەکەم و وا هەست ئەکەم تەوقێکم کراوەتە گەردن. ڕەنگە بکرێت لێرەوە سەر بکێشمە ناو بابەتێکی دیکە کە ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێت، پەیوەندییەکیان بەم باسەوە هەبێت،.. من وای ئەبینم "سەلام محەمەد "بەردەوام هەستی بە جۆرێکی دیکە لە خنکان کردووە و هەمیشەش هەوڵی داوە دەرفەتێك بۆ هەناسەدان بکاتەوە



و لە شوێنێکەوە هەوای پاك بەرێتە ژوورەکەوەیە کە کەسانی دیکە بە دەگمەن پەیان پێبردبێت. بۆیە بەو سەرچڵییەوە مامەڵەی لەگەڵ شیعر و دەوروبەرەکەشیدا کردووە، بەڵام خۆزگە "سەلام "بەو گوڕو تینەوە بەردەوام ئەبوو، ئەگەر چی تا ئێستاش لە بەخشش نەوەستاوە، بەڵام نامەوێت ئەو ڕاستییە بشارمەوە کە ئەم بەردەوامبوونەی بە هەمان قورسایی جارانییەوە نییە، زۆر ناوی دیکەیش هەبوون کە لەو سەردەمەدا بە گەرمیی سەرقاڵی نووسین بوون و پاشان بە تەواویی بزر بوون، لەو ناوانەش ئێستا تەنها ناوی "کەنعان مەدحەت"و ئەو شیعرەیم لە یاد ماوە بە ناونیشانی "بەڵام ڕووبار، هەر تۆی ڕووبار ئەی عێراق گیان "، لێرەشەوە ئەڵێم لە هەر شوێنێکە و ئەگەر لە ژیاندا ماوە سڵاوی بۆ ئەنێرم.

سەرەڕای قورسیی ساڵانی غەریبیی و ئازاری دووریی لە نیشتمان، بەڵام "سەلام "ئەیەوێ بڵێت من هەر لە هەناسەدان بەردەوامم و ئەگەر ساڵانێکیش شیعر غەدری خۆی لێ کردبم و منیش وەك پێویست سەرم نەکردبێت بە ماڵییدا، بەڵام دۆستایەتیمان هێندە دێرینە کە کەسمان لە یادی ئەوی دیکەمان ناچینەوە.

ئەکرێت زۆر شت لەسەر ئەزموونی "سەلام محەمەد"بوترێت، بەڵام من لێرەدا دەرفەتی پترم نەبێت و هەر هێندە بمێنێت بۆ دواجار بڵێم ئەم ئاوڕدانەیەوە لەو قەڵەمە جوانە کارێکی تا بڵێی ئەمەکدارانە و پڕ بایەخە و تەمەننا ئەکەم بۆ کەسانی دیکەیش بکرێت و گەرد و تۆزی بیرچوونەوە لەسەر ئەزموون و بەرهەمیان بتەکێنرێت.

# چیرۆکنووس سابیر ڕەشید

## لەبارەی سەلام محەمەدی شاعیرەوە

ئاشنایەتی من لەگەڵ شیعرەکانی سەلام محەمەد دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان ئەو کاتەی کە بزووتنەوەی ڕوانگە لە هەڕەتی پەرەسەندنی بوو. زۆربەی شاعیرانی کوردی لە دەوری خۆی کۆکردبووە. ئەو کاتەش شاعیرانی کورد بە جۆش و خرۆشەوە پەیامی خۆیان لە ڕێگای هێمای شیعرەکانیانەوە بە خەڵك دەگەیاند، چونکە سەردەم سەردەمی دوای نسکۆی شۆڕشی کورد بوو، ئەو کارەساتە تراژیدیایە ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی بەسەر شیعری کوردیدا



هەبوو لەوکاتیدا بۆیەش ڕەمزو هێما ڕەگەزێکی گرنگی شیعری ڕوانگە و شاعیرانی دەرەوەی ڕوانگە بوو.

بێگومان گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە بەتایبەتی ڕۆژنامەی (هاوکاری) و (بیری نوێ)ماڵی نووسەر و ڕۆشنبیران و خوێنەرانی پەرۆش و تامەزرۆی کورد بوون لەولاوەش گۆڤارەکانی وەك (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (ڕۆژی کوردستان) و(نووسەری کورد) و هی دیکەیش مینبەرێك بوون بۆ بڵاوکردنەوەی هەم دەقی جوان و هەمیش مشتومڕی ئەدەبیی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

جا با بگەڕێمەوە بۆ ئاشنایەتی پێش ناسینم بۆ ئەو شاعیرە، ئەمیش لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی بوو لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی ئەوسا کە بە هێما ئاماژەیان بە بەردەوامی شۆڕش و ڕەنگدانەوەی نسکۆی شۆڕشی کورد دەکرد. بۆ بەڵگەشم لە ناوەڕاستی حەفتاکان و تەواویش دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ (سەلام محەمەد)م بە شیعری (لەیلاکەم) ناسی و خۆشویست کە هەم ئاماژە بوو بۆ لەیلا قاسمی شەهید و هەمیش ئاماژەیەك بوو بە نسکۆ و بەردەوامی شۆڕش کە ئەو ساکە شیعرەکەم هەموو لەبەرکردبوو. ئەگەر چی خۆی شیعرەکەشی کورت بوو و لە لاپەرەی دوایی ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکرایەوە. دوای ئەویش شیعرێکی دیکەی زۆر جوان و هێمادار لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بڵاوکردەوە کە ئەوسا وەك ڕۆژنامە دەردەچوو، شیعرەکەشی بە ناوی (تێنوێتی و زستانی جوان) بوو و دواتریش هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا شیعرێکی دیکەی جوانی بە ناونیشانی (دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە) بڵاوکرایەوە کە دواتر ئەمە بوو بە ناونیشانی دیوانی شیعری سەلام محەمەد.

ئینجا سەلام محەمەد لە چیرۆکیشدا نووسەرێکی جواننووس بوو، لە گۆڤاری (بەیان)دا چیرۆکێکی هێمائامێزی جوانی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (ڕەشەڕاو) کە من زۆر پێی سەرسام بووم، ناوە ناوە سەر لەنوێ دەمخوێندەوە. بێگومان ئەمە ناسینی ئەدەبیی بوو کە وەك شاعیرو نووسەرێکی کورد چۆنم ناسیوەو خوێندۆتەوە، بەڵام چۆنیەتی ناسینی خۆم بۆ کەسایەتی سەلام محەمەد و هاوڕێیەتیم دەگەڵیدا بۆ ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە ئەو کاتەی کە من وەك قوتابییەك لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی بەغدا وەرگیرام و بە هۆی برادەرانی وەك کەریم دەشتی و سەردار عەبدولکەریم و سەکران سابیر و حاکم عەبدولباسیت فەرهادی و د. مارف عومەر گوڵ و ئازاد خۆشناو و ئازادی گیوی موکریانی و دواتریش جەمال غەمبار، بەڵام ئەو کاتەی

که ئەو هات سەلام محەمەد و برادەرانی دیکە کۆلیژیان تەواو کرد، چونکە ئەوان پۆلی چوار بوون و ئێمە پۆلی یەك بووین.

ئەو برادەرانە بۆماوەیەك پێکەوە بووین لە کۆلێژ هاموشۆی یەکترمان دەکرد و سەلامیش زۆر هانی ئێمەی دەدا، چونکە ئێمە تازە زۆر نەبوو دەستمان دابووە خوێندنەوە و نووسین ئەویش ئەو کاتە لە هەرەتی بەرهەم بڵاوکردنەوەو خوێندنەوە بوو تەنانەت بە هاندانی ئەو شاعیرانی وەك سەکران سابیرو ئازاد خۆشناویش ئەو کاتە لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوە گەرم و گوڕ بوون خۆ ئەوە کەریم دەشتی هەر مەپرسە خۆی پڕ بەرهەم وخوێندنەوە بوو تەنانەت جارێکیان من و کەریم دەشتی و ئەحمەد چاوشین بە تەمابووین لە لە دەرەوەی کۆلێژیش لەگەڵ ڕەحمەتی ئەبو بەکر خۆشناو و کەریم سۆفی کە ئەو کاتە ئەوان لە کۆلێژی ئاداب بوون بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکمان لا گولاڵە بوو کەچی لەبەر بوونی سانسۆر و باری گرانی چاپەمەنی نەمانتوانی بێ پشتیوانی گۆڤارەکە دەربکەین.

ئەوەی دەبێ بیگێڕمەوە یەکێك لە یادەوەرییەکانم لەگەڵ سەلام محەمەد ئەوە بوو ڕۆژێکیان سەلام محەمەد داوەتی کردم بچم لە موحازەرەی ئەوان لەگەڵیاندا بچمە پۆلی ئەوان، بیرمە ئەو موحازەرەیە هی وانەی (میرات) بوو کە د. مستەفا زەلمی مامۆستای وانەکەبوو، ئەوانیش جێگایان لە دواوەی پۆل بوو، منیش لەنێوان سەلام محەمەد و سەکران دانیشتم هەر ئەوەندەم زانی سەلام لە گیرفانی خۆی ڕۆژنامەی (بیری نوێ)ی دەرهێنا و لەبن تەختە نیشانی من و سەکرانی دا و ئێمەش هەر چەندی پێمان گوت هەڵیبگرێت کەچی ئەو هەر مکوڕ بوو لەسەر خوێندنەوەی و ئێمەش بەناو گوێمان لە موحازەرەی مامۆستا بوو کەچی بابەتەکانی ڕۆژنامەکەمان دەخوێندنەوە. ترسناکیەکەش لەوەدا بوو ئەو کاتە ڕژێمی بەعس لەگەڵ حزبی شیوعی تێکی دابوو بەناو بڵاوکردنەوەی حزبی شیوعی لە نووسینگەکەیان لە شەقامی سەعدون دەفرۆشرا، بەڵام کەس نەیدەوێرا بیکڕێت، بەڵکو چاودێری دەکرا، بەڵام نازانم کاك سەلام چۆن دەوێرا بیکڕێ، هەموو جارێکیش کە بە شەقامی سەعدوندا دەچووین ئەوا کاك سەلام دەپەڕییەوە و دەچوو دەیکڕی و دەیشاردەوە تا لە بەشی ناوخۆیی دەیخوێندەوە.

هەر ئەو ساڵی کە ساڵی دەرچوونیان بوو لە کۆلێژ واتە ساڵی ١٩٧٨ سەلام محەمەد دەیزانی بایەخی چیرۆك و ڕۆمانم هەیە دەستنووسەکانی ئەلبیر کامۆی کردبوو بە کوردی نیشانی دام و خوێندمەوە و دوایی نازانم چاپی کردن یا نا، بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرنگتر بوو و دەبێ شایەدی بۆ بدەم دەستنووسی ڕۆمانێکی خۆی دا بە من بیخوێنمەوە، گوتی پێش تۆش داومە



بە قوبادی جەلیزادەی شاعیر. جا نازانم نیشانی کەسی دیکەیشی دابوو یان نا؟، بەڵام ناونیشانی ڕۆمانەکەم لە یاد نەماوە، دوای ئەوەی ساڵان هات و ڕۆیی لێم پرسیەوە گوتی: بە داخەوە ڕۆمانەکەم ون بووە و فەوتاوە و تازەش جارێکی دیکە ناتوانم بینووسمەوە.

بە داخەوە ڕۆمانەکە جوان بوو بە زمانێکی زۆر ساکار و پەتی و جوان و شاعیریانە نووسیبووی خۆزیا دەیتوانی جارێکی دیکە بینووسێتەوە.

دوا یادگاریشم لەگەڵ سەلام محەمەد ئەوەیە لە ساڵی ١٩٧٨ کۆلێژی تەواو کرد هاتبووە هەولێر ماڵی خزمەکانی لە دارەتوو، یان بنەسڵاوە بوون، بەڵام شەوان کە دەچووە یانەی ڕاگەیاندن ئەدیب و شاعیر و نووسەرەکان لە ترسان خۆیان لێی دەدزییەوە و لە دەستی هەڵدەهاتن تەنانەت کە دەهاتە چایخانەی مەچکۆ هەموو لەوناوە بزر دەبوون ئەویش لەبەر ئەوە بوو سەلام کە شەوانە لەیانەی ڕاگەیاندن سەرخۆش دەبوو بەدەم گۆرانیی ئەی ڕەقیب دەیانبردەوە ماڵ بۆیەش لە دەستی ڕایان دەکرد و هەڵدەهاتن تەنانەت هەندێك لە نووسەران ئەو گومانەشیان لا دروست بوو بوو کە دەیانگوت دیارە پیاوی ڕژێمە دەنا بۆچی ناگیرێ؟، بەڵام کە ڕووی لە شاخ کرد هەموو ئەو گومانانەی ڕەواندەوە. لە چوونیشی بۆ شاخ من شەوی پێش چوونی یادگارییەکی خۆشم دەگەڵیدا هەیە و حەزدەکەم بیگێڕمەوە. ئەوە بوو ڕۆژێکیان ساڵی ١٩٧٨ کاتی ئێوارە لە مەچکۆ بە دیارکەوت برادەرانی نووسەر کە زانیان سەلام هات وەك جاران هەموو خۆیان بزر کرد ئیتر منیش لەبەر ئەوەی هاوڕێتی کۆلێژم بوو و لە بەغدا ساڵێك بەیەکەوە قوتابی بووین نەمتوانی خۆم بشارمەوە گوتم: چی دەبێت با ببێت، دەبێت ئەوەش بڵێم کە من لە بەغدا زۆر لە شاعیرانم بە هۆی سەلامەوە ناسی لەوانە (سەڵاح شوان) کە هەموو جار لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەچووینە لای ئەوسا ئەو سکرتێری نووسینی گۆڤاری (بەیان) بوو زۆریش هانی منی دا لە چیرۆکنووسیندا تەنانەت جارێکیان چیرۆکێکی درێژم دایێ بەناونیشانی (نانی ڕەق) بڵاوی نەکردەوە گوتی: حەیفە ئەم چیرۆکە نەکرێ بە ڕۆمان و تۆ هەناسەی نووسینی ڕۆمانت هەیە.

هەروەها شاعیرانی دیکەیش وەك لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر قادر محەمەد و ئەحمەد تاقانە و چەند نووسەرێکی دیکەیشم هەر بە هۆی ئەوەوە ناسی. بۆیە نەمتوانی ئەو دەمەی ئەو هاتە مەچکۆ من لە دەستی ڕابکەم، بەڵکو بە سینگێکی فراوانەوە بەخێرهاتنم کرد و دەمەو ئێوارە ماشێنەکەم لەپێش چایخانە ڕاگرتبوو چووین پیاسەیەکی هەولێرمان کرد دیاربوو حەزی دەکرد، چونکە تۆمەز نیازی ڕۆیشتنی هەبوو ئەمشەوە دوا شەوی بوو لە هەولێر. ئیتر شەویش

لاماندایە هوتێل زەیتونە دانیشتین تا درەنگانی شەو دوایش گوتی: حەز دەكەم بمگەیەنیتە ماڵە خزمێكم جا نازانم تەواو لە بیرم نەماوە نازانم، یان لە دارەتوو بوو یان لە بنەسلاوە بوو، لەبەر ئەوەی فێرار بوو گوتی: لەسەرخۆ برۆ نەوەك لە رێگادا مەفەرزە هەبێ، ئەگەر زانیت شتێك هەیە بەلایەكی دیكەدا دەڕۆین.. بەهەر حاڵ لە رێگادا بە منی گوت: "پێم خۆشە گەردنم ئازادكەی و زۆرم ئەزیەت داوی و وا ئەمشەو دواشەو بوو لە هەولێر و ئیتر وا دەچمە شاخ و دەبم بە پێشمەرگەو رەنگە چیتر نەتبینمەوە" منیش دڵنەوایم كرد و بە سەلامەتی گەیاندمە ماڵە خزمەكەی و یەكترمان ماچ كرد و گەرامەوە.

دوای چەند رۆژێك لە چایخانە باسی ئەویان دەكرد كە سەلام محەمەد چۆتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە.

ئەمانە چەند وێستگەیەكی هەرە دیارن لە پێوەندی من و سەلام محەمەدی شاعیرن دەنا ئەگەر ورد و درشتی یادگارییەكان بگێرمەوە زۆر لەوە زیاترە، بەڵام بۆ باسكردنی چەند نهێنییەكی ژیانی سەلام محەمەد هەر ئەوەندە بەسە.

لەبارەی پرسیارەكەش دەڵێم:

وەك جەنابت لە دەستپێكی پرسیارەكەتدا دەڵێی سەلام محەمەدی شاعیر لە رێگای كۆمەڵێ دەقی شیعری جوانەوە جێ پێی خۆی لەسەر زەمینی بزووتنەوەی شیعری كوردی قایم كرد، دەق وایە لە سەرەتای نووسینەكەشمدا ناوی چەند دەقێكم هێنا و لە رووی ئەزموونیشەوە بە شاعیرێكی بەتوانا و خاوەن دەقی جوان دەبینم، چونكە لە هەمان كاتدا كە ئەو درێژ بووەوەی نەوەی (ڕوانگە) بوو تامی شیعرەكانی لە دارِشتنی بوو بە زمانێكی سادە و جوان و دەوڵەمەند بە مانای شاراوە و شاردنەوە دنیابینی شیعری بە هۆی رەمز و هێماوە، لە هەمان كاتیشدا رەزم و مۆسیقایەكی جوانی بە شیعرەكانی دەداو بە ناسكی و ئاسانی دەچووە نێو دڵانەوە و تەنانەت زۆربەی شیعرەكانیم لەبەر بوو. خۆ شیعری (لەیلاكەم) و (تێنوێتی و زستانی جوان) و (هەنگوینی تاڵ) و (دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەكی زەردەوە)،... هی دیكەیش. زۆر بەیانم لەبەر بوو و هەمیشە لەبەر خۆمدا دەمگوتنەوە.

دەتوانم بڵێم شیعرەكانی سەلام محەمەد وەك شیعری رۆمانسی خۆیان نیشان دەدا، كەچی هەموویان مەغزاو جیهانبینی گەورەیان لە پشت بوو و دەمامكداربوون بە تراژیدیا و ژیانی مرۆڤی كورد و شۆڕش و مێژووی كورد و نیشاندانی ستەمی مێژوو و كارەساتە جەرگڕەكانی



میللەتی كورد. ئەمەش وایكرد وەك ناوێكی دیار خۆی بخاتە نێو بزووتنەوەی شیعری كوردی و بخوێنرێتەوە.

سێ گروپ لە ئەدەبی كوردیدا دەركەوتوون، بریتین لەم ناوانە.

گروپی ڕوانگە: (جەلالی میرزا كەریم، حوسێن عارف، شێركۆ بێكەس، جەمال شارباژێری، كاكەمەم بۆتانی)

گروپی كفری: (لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاكەلی، ئەحمەد شاكەلی)

گروپی پێشڕەو: (جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی، دڵشاد عەبدوڵڵا، سەباح ڕەنجدەر، هەشم سەراج، عەباس عەبدوڵڵا یووسف)

مەرج نییە هەموو داهێنەرەكان لەناو گروپ دابن. شاعیرانی وەك: (ئەنوەر قادر محەمەد، عەبدڵڵا پەشێو، سەلاح شوان، سەلام محەمەد، نەژاد عەزیز سورمێ، كەریم دەشتی، ئەحمەدی مەلا، ئازاد ئەحمەد، فاتیح عزەدین، هەندرێن، ئەدیب نادر، مەوجوود سامان، جەمال غەمبار، ئازادسوبحی، بەختیار عەلی، كەژاڵ ئەحمەد... تاد، ئەوانە و هی دیكەیش لە دەرەوەی گروپە ئەدەبییەكانن و داهێنەریشن.

من ناتوانم بڵێم سەلام محەمەد پێشڕەو بوو، چونكە ئەو دەمی سەردەمی ڕوانگە و نەوەكەی و تەنانەت لە دەرەوەی ڕوانگەشدا شاعیرانی بلیمەت هەبوون. لەو سەردەمەدا تەنیا یەك پێشڕەو هەبوو ئەویش (جەلالی میرزا كەریم) بوو. هەریەك لە شاعیرانی وەك شێركۆ بێكەس و پەشێو و هەڵمەت و ئەنوەر قادر محەمەد و سەلاح شوان و ڕەفیق سابیر و ئەنوەر شاكەلی و سامی شۆڕش و دڵشاد مەریوانی و.. زۆرانی دیكەیش كە ڕەنگە لەو دەمە ناوی هەندێكیانم نەهێنابێ و ناوی گرنگیش بوون لە كاروانی بزووتنەوەی شیعری كوردی ئەو سەردەمە بەپێی بەرهەمی خۆیان دەوریان لە پێشڕەوی بینیووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم كە سەلام محەمەد یەكێك بوو لەو شاعیرە هەرە باشانەی دەیەی حەفتاكان و دواتریش توانی وەك ناوێكی گەش و دیار تۆماری خۆی بخاتە ناو بزاڤی ڕۆشنبیری كوردی بە گشتی و كاروانی نوێخوازی شیعری كوردی بەتایبەتی. پێشم وایە كە وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و قەڵەمی ڕەخنە كەمتەرخەمە لە ئاست شیعرەكانیداو لەم ڕووەوە من بە مەغدووری دەزانم، هەر بۆیەش ئەم بایەخ پێنەدانەی نزیكەی (٢٠) ساڵ لە شیعر نووسینی دوورخستەوە و وەك من لێم بیست بە نووسینێكی (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر كە لە یەكێك لە ژمارەكانی گۆڤاری (ڕامان) لەم ساڵانەی دوایی بڵاوكرایەوە كە لەبارەی (سەلام محەمەد) بوو و باسی ئەزموونی شیعرەكانی

دەکرد وای لێکرد لە بەر ڕووناکی ئەم نووسینەی ئەو جارێکی دیکە بەگەرم و گوڕییەکی گەنجانەوە هاتەوە ناو دنیای نووسین و چەندین دەقی جوانی دیکەی نووسی. وەك چۆن خۆشم وام بەسەرهات و دوای دابڕانێکی زۆری چەند ساڵە لە تەنها خوێندنەوەدا، وا منیش بە نووسینێك لەربارەی یادەوەری و تێڕوانینم بۆ شاعیریەتی سەلام محەمەد دیسان دەستم کردەوە بە نووسین و ئەمە یەکەم نووسینمە دوای ئەم دابڕانە، هیوادارم سوودێکم بە خوێنەران و ناساندنی سەلام محەمەد و برای نووسەری کتێبەکە گەیاندبێ و شاعیریش پڕ بەخششتر ببینم بۆ خزمەتی ڕەخنە و ئەدەبی کوردی.

ڕای خۆشم ئەوەیە کە شاعیرێکی بە توانا و داهێنەر و جواننووسە و یەکێك بوومە و ئێستاش یەکێکم لە خوێنەرانی شیعرەکانی و زۆریش پێی سەرسامم.

# سەلام محەمەد
## نموونەی شاعیرێکی نوێخواز
## نووسینی: سەعد مەلا عەلی

پێمخۆشبوو وەکو ئامۆزا و خالۆزا و برایەکی بچووك بەشداری لەم کتێبەدا بکەم، کە سەبارەت بە شیعرەکانی کاکەم سەلام ئامادە کراوە. هەر کاتێك لەنێو خێزانەکەمدا "خوشك و براکانم"ناوی سەلام مەلا محەمەد بێت، هەر بە "کاکەم سەلام"هاتووە و دێت، بەو پێیەی



جیاوازی نەبووە لەگەڵ برایەکدا، جگە لەوەی حەزم کرد بەم بەشداربوونەم وەك خوێنەرێك بەدەم بانگەوازەکەی کاك مەشخەڵەوە بچم.

بەهۆی ئەوەی لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٦ لە دایکبوومە بە هیچ شێوەیەك ساڵانی هەفتاکانم نایەتە یاد، بەڵام ئەوەش ناگەیەنێت کە دەربارەی ژیان و شیعر و ڕێڕەوی ئەدەبی سەلام محەمەدی ساڵانی هەفتاکان شارەزاییم نەبێت. ئێمە سەبارەت بەوەی کە لەیەك خێزاندابووین و باوکمان ئامۆزابوونە و خالۆزا و میمکزای یەکترین" لە نزیکەوە زۆر شت دەربارەی دەزانم بەتایبەتی ئەو ساڵانەی کە دەستی بە نووسین کرد و لە گۆڤارەکاندا شیعر و چیرۆکی بڵاو دەکردەوە و تاکو ساڵانی هەشتاکان بۆ نموونە هاوکاری و بەیان و کاروان و... هتد.

سەرەتای هەفتاکان واتە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی و سەلام محەمەدیش یەکێك بوو لەو ناوانەی بە پەرۆشەوە هەوڵی گۆڕانکاری و نوێخوازیان ئەدا لەوانە (لەتیف هەڵمەت، سەلاح شوان، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا سەڕاج،... هتد.) کە ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بواری نوێخوازیدا.

لێرەوە حەزدەکەم سەرەتا باسی ئەوە بکەم کە بەدەر لە خوێنەری شیعر و نووسینەکانی، ئەوە بخەمەڕوو کە لەنێو خانەوادەکەماندا لە ساڵانی بەر لە هەفتاکان، جۆرێك لە جیاوازی و چوست و چالاکی لە سەلام بەدی کراوە. ئەمەش دوای ئەوە ڕوونتربۆوە کە لە هەفتاکاندا چووە قۆناغێکی نوێی خوێندن و لە کۆلێژی حقوق - زانکۆی بەغداد وەرگیرا کە کۆلێژێکی ئاستبەرزی ئەو سەردەمەبوو. پاشان ئامادەبوونی زیاتری هەبوو کە نووسین و شیعرەکانی بە شێوازێکی نوێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەبوونەوە. هەرکاتێکیش بابەتێکی تازەی دەکەوتە نێوەندە ئەدەبییەکەوە وەکو ئەوە وابوو دەستکەوتێکی بەنرخ بۆ خانەوادەکە هاتبێت. باسی ئەوەش کراوە چەند جارێك ویستوویەتی کۆمەڵە شیعر چاپ بکات، بەڵام ڕێگای پێنەدراوە تا لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بۆ یەکەمجار کۆمەڵە شیعرێکی چاپکرا بە ناوی "دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە".

ئاشنایەتیم لەگەڵ سەلام تەنها شیعر نییە، بەڵکو کەسە هەرە نزیکەکانی خانەوادەکەمان دەگێڕنەوە کە باوکم (مەلا عەلی) و باوکی سەلام (مەلا محەمەد) هاوتەمەن بوون و پێکەوە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بۆ خوێندن ڕۆیشتوون و لە ناوچە و گوند و شاری جیاوازدا فەقێ بوون. دواتر قۆناغەکانی حوجرەیان بڕیوە و بوونەتە مامۆستا کە ئەو سەردەمە پێیان ئەوترا مامۆستا. ئەوەی من بەدیم کرد لە باوکم لە سەرەتای ژیانمەوە تاکو کۆچی دوایی لە ساڵی

٢٠٠٠دا، مرۆڤێکی هێمن و کز و کەمدووبوو، بەڵام زۆرجار گوێم لە هاوڕێ نزیکەکانی بووە گوایە باوکم گەنجێکی خۆش کەیف و ئاوەدان بووە دوای کۆچی ناوادەی مەلا محەمەدی خاڵم لە ساڵی ١٩٧٣دا واتە بەر لە لەدایکبوونی من بە نزیکەی چوار ساڵ بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە، کاریگەری تەواوی لە باوکم کردووە و ئەو داخەی هەرگیز لە دڵدا دەرنەچووە تاکو مردن، هەر ئەوەش بوو هەوڵی زۆریدا ماڵ و منداڵەکەی لە نزیك خۆیدا بهێڵێتەوە، دێتەوە یادم هەموومان لەژێر بنمیچی یەك خانوودا دەژیاین لە گەڕەکی ڕەحیماوا.

ئەمە وایکرد زیاتر ئالودەی یەکتربین و دەیان و بگرە سەدان شەو بە دەم قسە خۆشەکانی "هیوا"ی برا بچووکی سەلامەوە خەو چۆتە چاوەکانم لە شەوانی سایەقەی هاوین و لە سەربانی خانووەکەی خۆماندا لە ڕەحیماوا.

سەلام محەمەد وەکو ڕۆشنبیرێك کاریگەری تەواوی هەبووە و خۆشەویستی هەموو لایەکمان بووە. هەرچەندە ئێستا دوو دەیەیە بەهۆی ئەورووپا و ئەو کێشەیەی ڕووبەڕووی عێراق و کورد بەتایبەتی بۆتەوە لێمان دوور کەوتۆتەوە، بەڵام یادەوەری و کاریگەرییەکانی وەك خۆیان بەسەرمانەوە ماونەتەوە. جا بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە شیعر نووسین دوور کەوتەوە هەمیشە دووبارە و سێبارە شیعرەکانیم دەخوێندەوە، بەڵام بەردەوام ڕەهەندی نوێم تێیاندا بەدی دەکرد.

کاتێ باسی شیعری کوردی ئەکەین لە هەفتاکاندا نابێت ناوی سەلام محەمەد فەرامۆش بکرێت بە تایبەتی ئەو ساڵانەی لە بەغدا خوێندکاربوو و جێدەستی دیارە بەهۆی داهێنانی بەردەوام و نزیکی لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، کە خۆیشی لەو سەردەمەدا لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێك وەکو ڕۆژنامەنووس کاری کردووە. هەرچەندە تاکو ١٩٨٨ هیچ کتێبێکی بڵاو نەکرایەوە تەنها "هەڵۆ سورەکانی قەندیل"نەبێت لە ساڵی ١٩٨١ لە شاخ چاپکرا و بەتەواوی نەگەیشتە خوێنەران، تاکو لە ساڵی ٢٠١٢ دا لە ڕێگەی خۆیەوە کۆپیەکی گەیشتە دەستم، بەهەر حاڵ ئەو کاتەش ١٩٨٨ سەردەمێکی ڕەش و خوێناوی گەلی کورد بوو کە تازە هەڵمەتەکانی حکومەتی بەعس لەدوای جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ئێران کۆتایی هات و ئەنفال و هەڵەبجە و کۆڕەوەکەی بەدواوەبوو، جگە لەوەش خۆی خودی سەلام ئەو لەزەت و چێژەی لەوە وەرنەگرت کاتێك کتێبەکەی بە چاپ گەیشت، بەو پێیەی ئەو سەردەمە فیراری سەربازیی بوو و چەند جارێك زیندانی کرا و پێشم وایە حکومەتیش لەوکاتەی کتێبەکەی بە چاپ گەیشت فەرمانی گرتنی دەرکردبوو وەکو فیرارێك، بەدوایدا دەگەڕان. بۆیە



تەنها خوێنەری جیدی و خەڵکانێکی کەم بە دیوانەکەی سەلام محەمەد ئاشنابوون وەك پاشان زانیم هەر لە چاپخانەدا مابووەوە چەند دانەیەك نەبێت کە خۆی دابووی بە هاوڕێکانی.

لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە کە لە وڵاتی سوید جێنشین بووە تاکو ساڵی ٢٠٠٨ لە بێدەنگییەکی قوڵدا مایەوە. پێشم وایە کارەساتێکی دڵتەزێنی خانەوادەکەمان وایکرد کە ئەویش کۆچی شێرزادی جوانەمەرگ بوو دووبارە قەڵەم هەڵبگرێتەوە بۆ نووسینی شیعر، داخەکەم ئەو هەموو ماوە دوور و درێژەش کە ئەو بێدەنگییەی هەڵبژارد نووسەران و دەزگا ئەدەبییەکانیش بەهەمان شێوە بێدەنگ بوون و هیچیان لەبارەوە نەکرد و نەنووسی و نەوت تەنانەت کتێبە شیعرییەکەشی بێناز مایەوە و بە چاپ نەگەیاندرایەوە.

ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە کە دوای ٢٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر لەدایکبوونی یەکەم کتێبی سەلام محەمەد، دووبارە بە چەند شیعرێکی جوان و بەپێز هاتەوە کۆڕی بڵاوکردنەوە. هەرچەندە پێموایە کە شیعرەکانی جیاوازن لەوانی دیکە و لە سەردەم و وڵاتێکی دیکەدا نووسراون، بۆیە من وەکو خۆم پێموایە درێژەپێدانی سەردەمی پێشووە، بەڵام بۆن و مەرامەکەی جیاوازە. بەهەر حاڵ بە ئازایەتی خۆی و شاعیران حەمە کاکەڕەش و محەمەد کوردۆ دیوانەکەی چاپکرایەوە و ئەو حەزە دامرکایەوە کە ساڵانێکە خوێنەران بەپەرۆشەوەن بۆی و خوێنەرێکی زۆر چاوەڕوانیان دەکرد. زیاتریش کاتێك چەند وێستگەیەکی ژیانی تێدا بڵاوکردۆتەوە وەك نیمچە چاوپێکەوتنێك کە زیاتر پەیوەندی بە ژیانی ئەدەبییەوە هەیە و تێکەڵییەکی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆشی تێدا باسکردووە.

پێموایە "مەشخەڵ" زۆر باش ئەکات کتێبێکی لەو جۆرە دادەنێت وەك لە بانگەوازەکەیدا ڕوونیکردۆتەوە بۆ کۆکردنەوەی نووسین دەربارەی سەلام محەمەد و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی و چاوپێکەوتنێکی ئەدەبیی، منیش لای خۆمەوە ئەو دەستنووسەی سەلامم پاراستوە کە پێموایە دەفتەرێکی سەرەتای هەشتاکانە و چەند شیعرێکی تێدایە لە "دەمەو ئێواران"دا بڵاو کراونەتەوە و چەند لاپەڕەیەکیم بۆ ناردوون.

ساڵی نەوەدەکان کە خوێندکاری ئامادەیی بووم و دواتریش تاکو سەرەتای سەدەی نوێ، کاریگەری خوێندنەوە و بە تایبەتی شیعرەکانی سەلام محەمەد، وایلێکردم منیش دوور و نزیك قەڵەم بگرمە دەست و وشە بەیەکەوە بلکێنم لەژێر هەر ناوێکدا بووبێت، هەرچەندە ئەو کاتە بۆ کەسە ڕۆشنبیرەکانم دەخوێندەوە دەیانوت با بۆتی بڵاو بکەینەوە، بەڵام بە بیانووی جیاواز

ڕەتم دەکردەوە. بەهەر حاڵ دوای ڕووخانی سەدام حسێن ئەو حەزەم لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنەوە بەدی هێنا.

بەو پێیەی کە نزیك بووە لە خێزانەکەمانەوە و باوکی خوالێخۆشبووم زۆر بە مرۆڤێکی ڕۆشنبیری ئەزانی و چەندین جار کەباسی دەهات ئەسەفی قووڵی بۆ دەخوارد و دەیوت حەیف بۆ ئەو. دەبوو وێستگەی بەرزتری ژیانی ببڕیایە و هەنگاوی باشتری بنایە، بەڵام هەر خۆی دەیوت لەگەڵ زەمانە هیچ ناوترێت و بەشێکی تاوانەکەشی دەخستە ئەستۆی خودی سەلام کە دەبوو جددیتر بوایە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ژیاندا. ئەمە جگە لەوەی کە سەلام محەمەد هاوڕێی بوو لەگەڵ براکانمدا کە هاوتەمەنی بوون، بەتایبەتی (عەبدوڵڵا و نەسروڵڵا)، هەموو ئەمانە وایکرد کە من دوور یان نزیك زانیاری تەواوم لەسەری هەبێت. ئەو کاتەی کە فێرابوو لە سەربازیی و ماوەیەك لە دەرماناو و هەولێر بوو و جارجاریش دەمبینی لە دوکانەکەی باوکم کە من لە منداڵییەوە لەگەڵی کارم دەکرد.

دوا وێستگەش کە بینیم ساڵی ١٩٩١ بوو، کاتێك پێش نیوەڕۆ بوو بە ڕانکوچۆغەیەکی خاکییەوە و جوعبەیەکی "جەیش شەعبی" زەیتوونی و کلاشنکۆفێکەوە هاتە ماڵی براکەم لە هەولێر، من هەستم بەوە دەکرد کە زۆر باوکمی خۆش دەویست و لە چاوەکانیدا قسەی زۆر هەبوون بیکات و نەیدەکردن. بەهەمان شێوەش باوکیشم هەر وابوو زۆری خۆش دەویست"بەڵگەم زۆرە بۆ ئەوە" لەو ماوە دوور و درێژەی کەمتر نەبوو لە ١٥ ساڵ کە دوکانێك من و باوکمی کۆکردبۆوە و نیوەڕۆی درێژی هاوینانمان بە چەندین مەسەلەوە بەڕێدەکرد، مەسەلەی ژیانی سەلام محەمەدی لێ بەدەر نەبووەو بەدوور و درێژی باسمان کردووە. کات پێش نیوەڕۆ بوو نازانم بەتەواوەتی چەندەم ڕۆژ بوو کەرکوك ئازادا کرابوو، سەلام محەمەد هات تا چاوی بە باوکم بکەوێ و لاموایە ئەوە دواجاری بوو لەگەڵ باوکمدا پاش هەڵسان و ڕۆیشتنی وتی: "ئەچمەوە بۆ کەرکوك، درێژە بە کوردایەتی دەدەم"، سواری سەیارەبوو و ڕۆیشت.

وەك باوکم وتی: "ئازادکردنی کەرکوك درێژەی نابێت و ڕاکردنێکمان لەپێشە"، کەرکوك دووبارە داگیر کرایەوە و سەرەتای کۆڕەوەکە دەستی پێکرد، ئێمە لە هەولێر نەماین و لە کۆیە نیشتەجێبوینەوە، بە هەڵکەوت لە بازاڕی کۆیە بە ڕێکەوت چاومان بە سەلام محەمەد کەوتەوە. ئەوسا هەموومان لە ترسی سوپای سەددام هاتبووین بۆ کۆیە کچە بچکۆلەکەی سەلام محەمەدیش نەخۆش کەوتبوو بۆ داودەرمان دەگەڕا. بە براکەمی وت داو دەرمانم دەوێت باری تەندروستی کچەکەم خراپە. ئەوکات بەر لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ براکەم لە مەفرەزەی



تەندروستی سەربازیی بوو، هەندێك دەرمانی هەبوو، ئەوەبوو پێکەوە هاتنەوە بۆ ماڵی ئێمە هەندێك لەفاف و حەپی ئازار و سکچوون و دەرزی بۆ ئامادەکرد کە لە ڕێگەوبان پێویستیان دەبێت. هەر لەو کۆڕەوەدابوو کە بڕیاری ئەوەی دابوو بچێتە دەرەوە. بە بیرم دێت وتی: "کە دەڕۆم ئاوەڕ لەدواوە نادەمەوە"، ئەوەبوو ڕۆیشت و دوای چەند مانگێك دوای ئەوە زانیمان لە ئێرانەوە ڕۆیشتووە بۆ تورکیا و دواتریش سوێد.

ئەوەی من جیاواز دەیبینم لە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە وەك کەسێکی نزیك لە سەلامەوە ئاگادارم کە تووشی دەردەسەری زۆر هاتووە و زیندانی کراوە و خۆی شاردۆتەوە، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە. لە شیعرەکانیشیدا هەمیشە بە هیوای دوارۆژێکی درەوشاوە بووە چاوی بڕیوەتە ئاسۆگەیەکی ڕووناك. ئەو هیوا و چاوەڕوانییە لە نووسینەکانیدا ڕەنگدانەوەی جیا جیای هەبووە بۆ نموونە: (ئاسۆی خۆرنشین، سۆزانیەکی پیرۆز، قەرسیل، ماچی سێیەم، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، ئاسۆی خۆرنشین، بەیانی دێم ماچت دەکەم و... هتد)، بۆیە پێم خۆشە ئەوە بخەمەڕوو کە چێژوەرگرتن لە شیعرەکانی بەتایبەتی دەیەی هەفتاکان و هەشتاکان، جیاوازە لە هاوڕێکانی دیکەی کە ئەوانیش درێغیان نەکردووە و هەر کەسە لە ئاستی خۆیەوە بەرهەمی جوانی نووسیوە، بەڵام سەلیقەی ئەو لە شیعر وتنەوەدا هەر لە سەرەتاوە کارێکی وایکردووە ببێتە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی. ئەمە جگە لەوەی کە لە ڕووی تەمەنەوە لە هەموو هاوڕێ شاعیرەکانی بچووکتر بووە هەروەکو لە نووسینێکی خۆیدا خوێندوومەتەوە لە ساڵی ١٩٧٠ دا بچووکترین ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە بە گشتی.

لە کۆتاییدا دەڵێم: جوانییەکی دیکەیش کە لە "سەلام محەمەد"دا بەدیم کردووە، کتومت وەك سروشت وایە. مرۆڤ دوو گوێ و زمانێکی هەیە، تاکو دووان ببیستێت و یەك بڵێت، ئەویش لە چاو خوێندنەوە زۆرەکانی هێشتا زۆر کەمی نووسیوە. هیوادارین کە دەست بە نووسین بکاتەوە.

**کەرکوك نیسانی ٢٠١٣**

## ئەزموونی شیعری سەلام محەمەد

## نووسینی: جەلیل کاکەوەیس

زۆربەی ڕەخنەگران پێیانوایە کە شاعیرەکانی سەردەمی ڕوانگە و دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە کەرەسە شیعرییەکاندا فەرهەنگێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ئەم بۆچوونە نابێتە پاساو بۆ دەستپێشخەری و داهێنانی ناوازەی هەندێ لە شاعیرانی ئەو قۆناغە. ڕاستە، ڕەنگە هەندێ خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبێت وەك گەڕانەوە بۆ کلتووری نەتەوایەتی و هێما وەرگرتن لە ئایینەکان و ئاماژەدان بە سومبولە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان و بەکارهێنانی هێما بۆ مەبەستە حەرام کراوەکانی سیاسەت و ئایین، بەڵام پێموایە شاعیرە دیارەکانی ئەو قۆناغە وەك کۆمەڵە درەختێکی بەردار هەریەکەیان تام و بۆ و تایبەتمەندی خۆی هەیە.



سەلام محەمەد یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی دەیەی حەفتاکان و لەگەڵ کەمی بەرهەمیدا ناتوانرێ لەسەر نەخشەی ئەدەبی کوردی نکوڵی لە توانا و شیعرەکانی بکرێ. ئەوەی من ئاگام لێیەتی سەلام محەمەد لەو سەردەمەدا بە چاو دەوروبەرەکەی خۆیەوە لاوێکی وشیار و بەئاگای دنیای ڕۆشنبیری ئەو کاتە بوو، ڕەفتاری بزێوانە و سەرکێشییانەی دەنواند و لە کۆڕ و بۆنەکاندا دیار بوو. بەر لەوەی ئێمەومانان دەربارەی ئەزموونی شیعری سەلام شتێك بڵێین، ئەو خۆی لەو دیدارانەی کە گۆڤاری هەنار لەگەڵیدا سازی داوە، کارئاسانییەکی باشی بۆ خوێنەرو ڕەخنەگریش کردووە و گەر بە کورتیش بێت باسی ئەو سەرەتایانەی خۆی و دوای ئەوەیشی کردووە.

ئێ بمانەوێ و نەمانەوێ بەشێکی زۆری داهێنان کەسایەتی نووسەرەکەی ڕەنگی داوەتەوە. ڕەنگە هەر خوێنەرێکی بەدیقەت ئەو دیدارە بخوێنێتەوە، ئینجا بگەڕێتەوە سەر دەقە شیعرییەکانی شاعیر، بە ئاسانی کەسێتی و بۆچوونی سەلام محەمەد دەدۆزێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دەقی ئەو سەردەمەی نووسەران و شاعیران لەنێو تەمومژ و هێمای نەگونجاو خنکابوو، بەڵام سەلام محەمەد هێماکانی ژیرانە و لە شوێنی خۆیاندا بەکاردەهێنا و ڕەنگە خوێنەری ئێستاش بە ئاسانی کۆدەکانیان بکاتەوە. بەدیدێکی جیاواز لەوانی دیکە لەسەر ڕووداو و وێستگەی ڕووداوەکان هەڵوەستەی دەکرد و ئاوێتەی بۆچوونە فەلسەفییەکانی دەکرد. دە تۆ دیقەتی یەکەم شیعری دیوانەکەی بدە (لە دایکبوون یا ١٩٥٤/٧/٢١ لە مێژوودا) ئەم ناونیشانە بۆ شیعرێك لەوەدا هەڵوەستەمان پێدەکات، ئاخۆ شاعیر دەیەوێ مێژوو لەوەوە دەست پێبکات، یان خۆی بە بەشێك لە مێژووی پڕ چەرمەسەری میللەتەکەی دەزانێت؟ ئەمە مێژووی لەدایکبوونی سەلام محەمەد خۆیەتی، گەر بۆ خوێندنەوەی ئەم ناونیشانە ڕاوێژ بە دەروونناسێك بکەین، تۆ بڵێیت سەلام وەك گەنجێکی ئەو سەردەمە چۆن شی دەکاتەوە؟ ڕەنگە هەر خۆی لە دیدارەکەی گۆڤاری هەناردا وەڵامی خوێنەر و دەروونناسەکەشی دابێتەوە. شاعیرێکی لاوی سەرکێش و بە هەڵپەی دۆزینەوەی شتە نادیارەکان و تاقیکردنەوەیان، هاوکات یاخی و برێ جار بڕوابوون بەبێ هودەیی ژیان دەیگەیەنێتە ئاستی ناباو. پێموایە هەموو ئەمانەش لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەتا دەبینین پرسیارە گەردوونییەکان لەم شیعرە و لە زۆربەی کارەکانی دیکەیدا بەزەقی دیارە:

ئەرێ دایە

بە چەقۆ ناوکتان بڕیم یا بە خەنجەر

بۆ سەرگەردانییتان هێنام
یا بۆ سەنگەر

لەم هاتنە دنیایەی لەنێوان هەڵبژاردنی دوو شتدا دوودڵ و ناقایلە، ئەوێك بە دەردی ئەبوعەلای مەعەڕی (وەك باوکم ئاوها تووشی کردم، من نەمویست کەسێ تووش بکەم)، بە خوایشتی خۆی بۆ ئەم ژاوەژاوەی دنیایە نەهاتووە، بەڵام کە هاتووە لەگەڵ چاوهەڵێناندا زگماکانە هەست بە کەرەسەتەکانی ئازاردانی مرۆڤ دەکات، دواتریش لەم هاتنەیدا ژێوانە، چونکە رۆڵەی میللەتێکی بێناسنامە و سەرگەردانە، یان دەبێت لە پای مانەوەی بوونەوەرانەی خۆیدا هەمیشە لە سەنگەردا بێت.

سەلام محەمەد لەگەڵ کۆمەڵێ شاعیری دیکەی دەیەی حەفتاکان لە زۆر بواری تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا دەستپێشخەرن، وەك شۆڕبوونەوەی بەنێو کلتووری نەتەوایەتی و ئایینی و فەلسەفەی بوونگەرایی و یاخی بوون لە دەسەڵات زۆردار و داب و نەریتی مایەپووچی بۆماوە و بەکارهێنانی دەیان هێما کە بۆ یەکەمجار لە شیعری سەلام و شاعیرانی دیکەدا هاتنە نێو شیعری کوردییەوە، بۆیە ئەو تازەگەرییە لەو سەردەمەدا قووت نەدەچوو و بە دەیان وتاری نارەزایی لێکەوتەوە، پێموایە رەخنەی ئەدەبی کوردی وەکو پێویست هەڵوەستەی لەسەر شیعری ئەو سەردەمە نەکردووە و ناو و بەرهەمی بەشێکی زۆر لە شاعیران و نووسەرانی ئەو سەردەمە شوێن بزرکراون، کە سەلام محەمەد یەکێکە لەوانە.

پێموایە ئەزموونی شیعریی سەلام محەمەد دەکرێتە دوو بەشەوە: بەشێکیان لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا دەوروبەری ڕاپەڕین دەخایەنێت و پێشتر بە کورتی باسمان کرد، بەشی دووەمی ئەوەیە کە خۆی لە دیوانەکەیدا ناوی ناوە (شیعرەکانی ٢٠٠٨). دەبینین لەم بەشەدا سەلام محەمەد بە دڵێکی شکاوەوە، بە هەمان نەفەسی شیعری، بەڵام ڕوون و ئاشکرا بە ڕوح دەگەڕێتەوە بۆ زێد و باوان و کەرکوك دەبێتە خەمی گەورەی.

ناوت چییە و لە کام وڵاتەوە هاتووی؟
وتم: ناوم سەلام محەمەد ئەمینە
وڵاتەکەمیش کوردستان.
وتی: ئاخر کامە بەشەیان؟
تورکیا؟ عێراق؟ سوریا؟ ئێران؟
وتم: هیچیان



لای خۆت بنووسە کەسێکی بێ وڵاتی ناوچەی گەرمیان.

بە زمانێکی ڕوون و پاراوی شاعیرانە دەگەڕێتەوە ژێر کەپر و ساباتە فێنکەکەی شیعر و ئومێدەوارم بەرهەمی تازەی ببینم.

٢٠١٣/٤/١١
هەولێر

# گەڕان بە دوای

# ئەو دەمە و ئێوارانەی پڕپڕ بوون لە سوخمە زەردەکان

## نووسینی: ئەدیب نادر

ئەگەر بمەوێ قەدەرێك بگەڕێمە دواوە و شتێك لەبارەی (سەلام محەمەد)ەوە بڵێم، دەبێ سەرەتاکانی ئاشنا بوونی خۆم بە دونیای شیعر بە یاد بهێنمەوە، دەبێ یاد ئاوێتەی نیوەی دووەمی حەفتاکان بکەمەوە، کە ئەودەم سەلام ئایکۆنێك بوو لەو سێ ئایکۆنەی هەرگیز ئەزموونە شیعرییەکانیان یادەوەریی شیعرییم بە جێ ناهێڵن و تێیدا کاڵنابنەوە، کە ئەوانیش خۆی و ئەنوەر قادر محەمەد و سەلاح شوانن، دەبێ ئاوڕێکی وا بدەمەوە کە ئەسپی یاد بمگێڕێتەوە وردەکارییەکانی ئەو ڕۆژە هەردەم بەرجەستانەی یادەوەریی. ڕەنگە بە هیچ شێوەیەك



بە زەین و هزرمدا ختوورەی نەکردبێت کە ڕۆژێك دادێت ئەوە بۆ من بڕەخسێت شتێکی بەتەوازۆ لەبارەی ئەزموونی شاعیرێکی ئاواوە بڵێم! منێك، کە لە نیوەی دووەمی دەیەساڵی حەفتاکانی سەدەی پێشوو لەگەڵ هاوڕێی نووسەرم (عەلی شێخ عومەر)، لە ئامادەیی پیشەسازی دەمانخوێند و لەگەڵ (حەمە تاهیر)ی ژنبرای کاك سەلامدا ناسیاویمان هەبوو، بە ئاشکرا ڕەشك و ئیرەییمان پێی دەبرد، چونکە ئەو لە نزیکەوە دەیناسی و هەمیشەیش نەماندەشاردەوە و پێمان دەوت: خۆزگەمان بە تۆ... ئیدی لە کۆڵانەکانی تەپە و ڕەحیماواو..دا بۆ سوخمە زەردەکان سەرەتاتکێی مەحاجەرە کۆنەکانمان دەکرد و هەموو زەردابییەکان کلۆڵیی کچەکانیان لێدەشاردینەوە، بە ڕاستی ئەو قەسیدەیە ئێمەی ڕادەستی ئەو واقیعەی شار دەکردەوە کە ئەو ڕەنگەی تێدا ڕەویبووەوە. ئەو کاتانە، هەر شتێك ناوی ئەو و ئایکۆنەکانی دیکەی بەسەرەوە بوایە، بێ دوودڵی بۆ من داهێنانی ڕاستەقینە بوو، ئێستایشی لەگەڵدا بێت ئەو ڕاوبۆچوونەم هەر نەگۆڕاوە. مەحاڵیشە ئەوە لە بیرمدا بتەکێتەوە کە چەندێ ئەفسوونی دەمە و ئێوارانەکەی درێژەی هەبوو لەسەرم کاتێ کە بڵاوکرایەوە، لەوانەشە ئەو ئەفسوونە قەتاوقەت کۆتایی پێ نەیێت. تا دەیشهات ماوەی ئالوودە بوون بەو قەسیدەیە درێژەی دەخایاند و هەموو هەلێکیشم بۆ ئەوە دەقۆزتەوە کە لەگەڵ گروپی هاوڕێکاندا دەمەتەقێی لەسەر بکەین و لە هەموویشی سەیرتر ئەوە بوو کە هەرگیز ماندوو بوونمان نەدەزانی و هەرگیز بێزار نەدەبووین لە قسەکردن لەسەر ئەو قەسیدەیە و قەسیدەی خواکەی غەریبان و شەوێك لە شەوانی سیمرخی ئەو دوو ئایکۆنەی پێشتر ناوم بردن.

بێگومان، حەفتاکان، لە نەخشەی شیعرییەتماندا گرەوی لە زەمەنەکان بردۆتەوە و وەکو قۆناغێکی زۆر گرنگ و دامەزرێنەر بۆ تەرزە شیعرێکی خۆ تێپەڕێنەر خۆی نومایان دەکات. ئەو ئەزموونانەی کە لەگەڵ دەستپێکی ئەو دەیەیەدا ڕسکان و شەقڵیان گرت، بۆ خۆیان قورساییەکی بەرجەستەیان لەو سەروبەندەدا دەستەبەر کردووە، هەنووکەیش کە نۆستالژیا بۆ ئەو ساڵانە پەلکێشمان دەکات، بۆمان بەڵگەنەویستە کە ئەو ئەزموونانە دەکرێ لە کۆنتێکستی ئەو سەردەمە دەربکرێن و لە تاروپۆی ئێستا و هەمیشەدا جێگیر بکرێن و

هەستیش بەوە بکەین کە قەتاوقەت دەستبەرداری قورسایی خۆیان نابن و هەردەم تایبەتمەندێتی خۆیان دەپارێزن و لە سۆنگەی دانسقەیی ئەزموون و ئەو پەیوەندییە دیالەکتیکییەی لەگەڵ واقیعی ئەو دەمەماندا دایانمەزراند بوو پێشبڕکێیان لەگەڵ کاتدا کردووە و پێیان ناوەتە ناو زەمەنەکانی دوای خۆیان و ئایندەیشیان دەستەبەر کردووە، چونکە ئەم کارە تەنها خەسڵەتی داهێنانە و ئەو ئەنجامی دەدات و دەلالەتی ئەوەیشە کە ئەو ئەزموونانە ڕۆحی سەروبەندەکەی خۆیانن و دەکرێ ببنە ڕۆحی هەموو سەردەمە مرۆییەکانی دیکەیش.

بێگومان دیارە شتێکی فرە نۆرمەڵە بوترێت لە سەرەتادا سەلام محەمەد وەکو قارچك لەژێر قەدی درەختی شیعری(گۆران) دا سەری هەڵداوە و لەژێر عیشق و کارکردی ئەودا نووسینی دەستی پێکردووە، هەروەکو لە شیعرە سەرەتاییەکانیدا ڕەچاو دەکرێت و ڕەنگیداوەتەوە، چونکە لە هەندێك شوێنی قەسیدە بەراییەکانیدا لەسەر شێواز و ڕستەسازییە شەففافەکەی ئەو دەڕوات، بەڵام ئەم کارە زۆر ناخایەنێت، چونکە ئەو ڕچەی خۆی دەشکێنێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دوو لە شاعیرە هاوسەردەمەکانی خۆی کە ئەوانیش ئەنوەر قادر و سەڵاح شوانن، بەڵام نەك وەکو لاساییکردنەوە، بەڵکو وەکو سوود بینین لە تەکنیکی دیار و بەرجەستەی شیعرەکانی ئەوان و ئەو مامەڵە چڕوپڕەی لەگەڵ زماندا دەیکەن، کە ئەویش لە ئەزموونە دانسقەکەی خۆیدا پەیڕەوی کردووە و کردوێتی بە خاڵێکی ئاشکرای نووسینەکانی خۆی و ئەمەیش تۆکمەیی بە تێکستەکانی بەخشیووە و هەروەکو لە میانەی بەرهەمەکانیشییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەلام، هەمیشە خاوەنی ئەزموونی خۆی بووە و هەر تەنهایش ئەوەی نووسیووە و جگە لەوە شتێکی دیکەی دەرنەبڕیووە.

بە کورتی خەسڵەتە دیارەکانی ئەزموونی سەلام محەمەدی شاعیر، تەماهی کردنی ئافرەتە لەگەڵ نیشتماندا و گەیاندنی ئەوەی کە هەموو خۆشەویستییەك هەر تەنها لەگەڵ ئەودا(نیشتماندا) بەرهەمی دەبێت، هەموو خۆشەویستییەك دیمەنە پانۆڕامییەکە لەخۆی دەگرێت و بەرتەسك نابێتەوە. هەڵبەتە ئەو پابەندبوون و کۆمیتمەنتە(ئینتیما)



بێغەلەغەشەیش کە بۆ شیعر و نیشتمان هەیەتی، کە ئەوانیش دووانن لەو بەها گرنگانەی ڕەنگە نەتوانێ بەبێ ئەوانە داهێنان بێنێتەدی و پرسە مرۆییەکانیش وایان کردبێ دەقەکان ئەوەندە لێوانلێو بن لە شیعرییەت کە ڕەهەندەکان بسڕنەوە و بەسەر عەرشەکانی کاتدا باڵادەست بن. جگە لەوەیش، تێکەڵ نەبوونی ئەزموونی ئەو بە ئەزموونە شیعرییە هاوسەردەمەکانی خۆی و گێڕانەوەیەتی بۆ ناو فیلتەری خود و کردنێتی بە شەقڵێك بۆ ئەزموونە خودییەکانی و هاوبەند بوونێتی لەگەڵ پەیامدا، پەیامێکی مرۆیی ناوازە، هەمیشەیش لەودیو ئەو زمانەی کە جەستەی پڕ لە هارمۆنیای شیعرەکانێتی، بونیادێکی دیکە دەئافرێنێت، بونیادێك کە پەردەیەکی شەففافی بەسەردا دراوە و تا بیر لە دیوێکی دیکە دەکات، ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی تێدا مەڵاس دەدات و شیعرییەتی خۆی بێجگە لە ڕووکار لەو قووڵاییەشدا پێشکەش دەکات و بەرقەرار بوونی ئامادەگییەکی پەیگیریش لە ئایندەدا دەستەبەر دەکات.

دواجار سانتایانا وتەنی: باڵایی شیعر لەوەدایە کە بە زمانی خواوەندەکان گۆ بکات، بە ڕاستی ئەم ئەزموونە دیارەی سەلام محەمەدیش بەوە لە ئەزموونەکانی سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی جیا دەکرێتەوە کە بە زمانی خواوەند خۆی دەخاتەڕوو و زمانی خواوەندیش، بەڵگەنەویستە کە سنوورەکانی زەمەن بە هەند وەرناگرێت و دەبێتە موڵکی هەتاهەتایی ئینسانەکان.

نەورۆزی ٢٠١٣

هەولێر

## سەلام محەمەد و شیعری نوێی کوردی

## لەتیف هەڵمەت نووسینی:

ناکرێ باسی شیعر و شاعیرانی سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو بکەین و باسی عبدالسلام محەمەد نەکەین. من کاتێ کۆمەڵە هۆنراوەی "خواو شارە بچکۆلەکەمان"م لە چاپخانەی "الشمال" لە کەرکوك چاپکرد عبدالسلام محەمەدم نەدەناسی.،، بەڵام کاتێ چووم بۆ بەغدا و چەند ژمارەیەکم لە دیوانی ناوبراوم لەگەڵ خۆمدا برد بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری، لەوێ خوالێخۆشبوو شاعیری نوێخواز جەلالی میرزاکەریم و کاك سەلاّح شوان باسی سەلام محەمەدیان بۆکردم و کە گەڕامەوە بۆ کەرکوك لە یەکێتی نووسەرانی کەرکوك بینیم و بووین بە دوو هاوڕێی هەمیشەی ئەو ساڵانەی کەرکوك و هەر لە یەکەم ڕۆژ هاوڕێتیمانەوە



شێتێتیەکم لە چاوی عبدالسلام موحەمەددا خوێندەوە کە پڕبوو لە بەهرەی شاعیرێتی و نوێگەری دروست و ڕاستەقینە...

ئەوەی سەلام محەمەدی زیاتر خۆشەویست کرد ئەوەبوو کە شاعیرێکی لاسار و هاروهاج وئاژاوەچی بوو هەروەکو خۆم. هەر لەم ڕوانگەیەوە واتا لە ڕوانگەی ئاژاوەچێتییەوە لە یەکەمین فیستڤاڵی شیعری کوردیدا کە ساڵی **١٩٧٢**لە کەرکوك سازکرا من و سەلام محەمەد وەکو دوو شاعیر و دوو هاوڕێی یاخی و ئاژاوەگێڕ چووینە ناو هۆڵی فیستڤاڵەکەوە و هۆڵەکمان شڵەژان و لەنگەری فیستڤاڵەکەمان هەژاند و هێندەمان زانی بەزەبری کوتەکی پۆلیس لە هۆڵەکە دەرکراینە دەرەوە و دواتر لەبەردەگای هۆڵەکدا باڵبەست کراین و بەدەم شەق و مشتەکۆڵەوە بە چاوبەستراوی هەردووکمان تووڕ دراینە ناو ئۆتۆمبیلە ڕەشەکانەوە و لە دەزگای ئەمنی کەرکوك چاویان کردینەوە و یەکدیمان چاوپێکەوت. دواتر لەبەرەبەیاندا بە هەوڵ و کۆششی خوا لێخۆشبوو ساڵح یوسفی لە مەترسی سەرنگوونگردن ڕزگارمان بوو بەرەڵاکراین..

من و سەلام محەمەد لەسەر هەق و ناهەق هەمیشە لە بگرە و بەردەکانی یەکێتیی نووسەرانی کەرکوکدا پشتگیری یەکدیمان دەکرد و هاوڕێتیمان بەڕادەیەك بەهێز بوو کاتێ برادەرانی ڕوانگە پێش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەیان هاتن بۆ کەرکوك و لەگەڵ برادەرانی گروپی کفریدا دانیشتن سەلام محەمەد وەکو ئەندامێکی گروپی کفری بەشداری دانیشتنەکەی کرد.. لەو ساڵانەدا من و سەلام محەمەد هەر شیعرێکی تازەمان بنووسییایە بۆ یەکدیمان دەخوێندەوە و بیروڕای خۆمانمان دەربارەی شیعرەکان دەردەبڕی و لەناو هەموو شاعیرانی کەرکوکدا لەوەدەمەدا تەنها سەلام محەمەدم بە شاعیرێکی نوێخواز و ڕۆشنبیروکوردی زان و زمان پاراو و ڕەوان دەزانی و ئێمە جگەلەوەی کە لە یەکێتی نووسەرانی کەرکوك شیعرمان بۆ یەکدی دەخوێندەوە،.جارجار لە نانەواخانەیەك سەرو کولێرەیەکی جوانمان دەکڕی و دەچووین لە چاخانەیەکدا بە چا و ماستاوەوە دەماخوارد و ئەنجا بەدەنگی بەرز شیعرمان دەخوێندەوە و بارودۆخی چایچی و چاخانەکەیمان دەشڵەژان. لە ئەنجامدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چایچییەکە داخی لێ دەخواردین و بەشێتۆکەی دەزانین و تاکو وای لێهات ڕۆژێك بە بۆڵەبۆڵ دەریکردینە دەرەوە و ئێمەش ئیتر سەرمان بەو چاخانەیەدا نەکردەوە کە لە شەقامی جمهوری دا بوو نەختێ لە نزیك کتێبخانەی (ئاسۆ)وە کە هەمیشە ڕۆژنامە و کتێب و گۆڤاری جۆر بە جۆرمان لێدەکڕی.. نازانم ساڵی **١٩٧٣** بوو یاپێشتر کاتێ گۆڤاری بەیان کە جەلالی میرزا کەریم بەڕێوەی دەبرد و سەرپەرشتی دەکرد... ژمارەیەکی تایبەتی دەربارەی شیعر دەرکرد و شیعری دە دوازدە شاعیری

**ناوداری ئەو سەردەمەی گرتە خۆی شیعرەکەی سەلام محەمەد یەکێك بوو لە جوانترین شیعرەکانی ناوگۆڤارەکە. بەو شیعرە و بە چەندین شیعری شاکاری دیکەی و بە دیوانی دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە سەلماندنی کە شاعیرێکی بەهرەمەندە و یەکێکە لە کۆڵەکە بەهێزەکانی شیعری نوێی کوردی. ڕەنگە هۆکاری گومناوی سەلام محەمەد لە ئەتڵەسی سەربوردە وێژەییەکان و دەمەتەقی و وتووێژە شیعرییەکان و گفتوگۆ ڕۆشنبیرییەکاندا سەلام محەمەد خۆی بێ، نەك ڕەخنەگران و خوێنەرانی شیعری کوردی...، چونکە سەلام محەمەد لەبەر شەت و پەتی ژیانی تایبەتی خۆی و دەربەدەری و پەژارەی کێشەی بوون و نەبوون و بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆیەوە دەربارەی ژیان، زۆر بایەخی بە کۆکردنەوەی شیعرەکانی نەدابێ یا بەپێی پێویست بۆی نەلوابێ کاتێکی باش بۆکۆکردنەوەیان تەرخان بکات. لە یادمە وابزانم لە کۆتایی دەیەی هەشتاکان بوو کۆمەڵە هۆنراوەی دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوەی بە چاپ گەیاند، بەڵام بەداخەوە نەیتوانی هەموو ژمارەکانی ئەو دیوانە بە کتێبخانەکاندا دابەش بکات و نیواونیوی ژمارەکان لە چاپخانە بەجێماو بێ گومان دواتر لەناوبراون و من خۆم کە هاوڕێی سەلام بووم نەمتوانی ئەو دیوانە پەیدا بکەم و دواتر فۆتۆکۆپییەکی دیوانەکەم دەستکەوت و یەك دووساڵێکیش پێش ئێستا (بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی) بە هەوڵ و کۆششی شاعیر و ڕەخنەگری ناسراو کاك محەمەد کۆرد، دیوانی ناوبراو لەگەڵ بەشێك لە بیروەری و سەربوردەی ژیانی سەلام محەمەدا لە بەرگێکی جواندا دووبارە چاپکرایەوە و من ئەم دیوانەی کاك سەلام محەمەد کە ئەوسا ناز ناوی "سەلام داماو"ی هەبوو، بە شاکارێکی شیعری کوردی دەزانم..**

**سەلام جگە لە شیعر لە نووسینی ڕەخنەشدا وریا و شارەزا و بە ویژدان بوو. هەرلەبیرمە لە کۆتایی حەفتاکاندا وتارێکی زۆر جوانی ڕەخنەیی لە یەکێ لە ژمارەکانی پاشکۆی عێراقدا بڵاو کردەوە و من تاکو ئێستا ئەو وتارەم لەلایە و بە یەکێ لە وتارە ڕەخنەییە جوانەکانی ئەو سەردەمەی دەزانم. دەخوازم سەلام محەمەد لە جۆگرافیای شیعری نوێی کوردیدا جێگای شایستەی خۆی بدرێتێ و نیوەی ئەم کارەش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.**



# شاعیرێك لە شیعر و جوانی

## نووسینی: کەژاڵ ئیبراهیم خدر

**ڕەنگە بۆ من زۆر قورس بێت کە بتوانم قسە لەسەر شیعرەکانی شاعیری پڕلە هەستی جوانی سەلام محەمەد بکەم، بەڵام ئەوەی هانیدام ئەم چەند پەلکەزێڕینەیە بنووسم خۆشەویستی ئەوە کە هەر لە سەرەتای ناسینی شیعرەکانییەوە لە ساڵەکانی هەشتاکان بڵاوکرانەوە و دەست کەوتنی دیوانەکەشی و ڕوو لێنانی کاکە عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)یش بۆ من بەختەوەرتر بووم"**

**ئاوڕدانەوە لە هەست و نەست و خەمەکانی ئەم شاعیرە دەمانگەێنتە ئەو بڕوایەی کە شاعیر هەمیشە هەستی بە ئازارەکانی ناوەوەی خۆی کردووە. لە گزنکی بەیانییەوە دەڕوانێت تاکو**

زەردەی ئاوابوونی ئێواران کۆتایی دی دێت، لە نمەی بارانێکە وە تەماشادەکات کە دڵی سروشت ئاودامان بکات. لە پەنجەرەی ژیانەوە دەڕوانێت کە تەلیسمی هەموو ئەو کۆت بەندانانە نەهێڵێت کە چوارچێوەی ژیانیان داکیرکردووە. "ئەو دێت حەقیقەتی ئەم ڕۆژگارە دەگێڕێتەوە کە خۆی بینویەتی و خەمەکانی خۆی پێیێ سپاردوون. شاعیر لە ڕوانگەی هەستکردن بە چارەنووسی گەلەکەیەوە هەمیشە گوڵەگەنمەکانی وشەی کردۆتە بەردەبازێك بۆ ڕزگاربوون لەو هەموو نەهامەتییەی گەکەلەکەمان تێی کەوتووە و بێ پەروا بانگەوازێك دەکات، کە ئاپۆرەی خۆشەویستی باوەش بۆ ئەم گەلە ستەمدیدەیە بکاتەوە و هەتاوی خۆشنوودی بە باڵایاندا ببرێت.
بابەتی شیعرەکانی ئەم شاعیرە لێوانلێوە لە ناسکی "ئەستێرەی شیعرەکانی پڕن لە ڕووناکی، پڕن لە تریفەی جوان، پڕن لە یاقووت، پڕن لە بازنەی دەستی کیژۆڵە خێرلەخۆنەدیووەکان. ئەو بە زمانێك دەنووسێت کە بەدبەختی ئەوەندە زۆرە پێویستی بە هەناسەی خێراهەیە تاکو تاڵی و سوێری کۆتایی بێت "
ئەم شاعیرە جوانە لە شارێك ژیاوە کە هەموو تاڵیی و سوێرەکانی بە چاوی خۆی بینووە "خاوێنی دڵ و دەروونی بۆکردۆتەوە "وێنەی هەموو ئەو ڕۆژگارانە بە شیعرەکانییەوە دیارە. هەمیشە ویستوویەتی دیمەنی ڕەنگینی خۆشەویستی جوانتر بێت. کەژ و کێو خاك و نیشتمان دەنگی بڵندی ببیسترێ، ئەوکاتێك نووسیویەتی کەژانەکانی جەستەی داگیرکردووە، هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو دۆزەدا کردووە کە پەی پێبردوون "ئیلهامەکانی نەشاردۆتەوە و ڕاستگۆیانە باخچەی وشەکانی بێ باکانە خستۆتە ڕوو. هەمیشە حەزی کردووە عاشقەکان بە باڵای پڕ لە باخی خۆشەویستی خۆیان بگەن. نیشتمان جوانتربێت. ژنان سەربەستی بچننەوە، ئازارەکان کۆتاییان پێ بێت "بە زمانێك نووسیویەتی ناسك پەپوولە ئاسا بەدەوری گوڵ بشنێتەوە. باخچەیەك لە جوانی دروست بێت و ورشەی گەڵاکان سەما بکەن."
ئاوێنەی ڕۆحی ئەم شاعیرە پڕ لە بەرائەت و هەنگاونان بۆ ئاسۆیەکی گەش بۆ خۆشەویستی مرۆڤایەتی تاکو هەموومان لە چوارچێوەی ژیانێکی ئاسوودەدا بژین و شەونمی سەر ڕووی ئەم مەخلوقە ئاسمانێك بێت لە خۆشبەختی.
دەستخۆشی لە کاکە سەلامی شاعیر دەکەم وەك ئاوێنەیەك وایە بۆ ئێمە تاکو گەلاوێژی ڕووی خۆمان لە شیعرەکانیدا ببین "چاوی ماچ دەکەم.



## دەمەو ئێواران ئەتبینم

## نووسینی: ئازاد ئەحمەد

سەلام محەمەدم بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٧٧ لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆدا بینی، برادەرێکی خزمی خۆی بەیەکی ناساندین" لاوێکی لاواز و باڵابەرز، خەندەیەکی هەمیشەیی لە سمێڵە خورمایی و چاوە سەوزەکانی دا ئەبریقایەوە. سەلام ئەوسا خوێندکاری کۆلیجی یاسای زانکۆی بەغدا بوو، کۆتایی هەفتە ئەگەڕایەوە کەرکوك. ناسینی سەلام محەمەد و تەوقە لەگەڵ کردنی، بۆ منێکی هەرزەکاری عاشقی شیعری سەلام، یەکێك بوو لەو ساتە خۆشانەی خەونم پێوە ئەبینی و گوڕو تینی شیعریی پێ ئەبەخشیم.
زۆربەی شیعرەکانی سەلام محەمەدم ئەزبەر کردبوو، بەتایبەتی شیعرە درێژەکانی" دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، داری زەنگیانە، ئۆپەرێتی خۆشەویستی، تینوێتی و

زستانی جوان، ئاکسل و سارا... و، بۆ هاوڕێکانم ئەخوێندەوە، تەنانەت ئەوانەش سەودایان لەگەڵ شیعردا نەبوو، ئەمویست ئەو گۆڕانکاریانە ببینم کە بەسەریان دا دێت کاتێ گوێی لێ ئەگرن. لە قوتابخانە، لەسەر شەقام، لەماڵەوە لەبەر ئاوێنە، شیعرەکانی سەلامم بە ئیلقاء دەست جووڵانەوە ئەخوێندەوە.

سەلام محەمەد یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی لە ساڵانی حەفتادا، جۆرە گۆڕانکاریەکیان بەسەر ئەو شێوازە شیعرییەدا هێنا کە گۆران و هاوڕێکانی: شێخ نوری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیب، کامەران موکری، ع.ح.ب، جەمال شارباژێڕی، بەکاریان ئەهێنا. گەرچی ناویان لێنا (شیعری ئازاد)، بەڵام لەڕاستیدا ئازاد نەبوو، بەڵکو شیعری کێشدار بوو، تەنانەت سەرواش توخمێکی زاڵ بوو لای شاعیرانی حەفتاکان.

ئەوەی لە شیعری سەلام دا سەرنجی ڕاکێشابووم، گرنگیدانی بوو بە ئیستاتیکای ناونیشان. لەو سەردەمەدا کە ناونیشانی شیعری زۆربەی شاعیرانی کورد (سیمفۆنیای خۆشەویستی) و (ڕووباری سوور)و (جێژوانی دڵداران)و (بارانی عەشق) بوو، کە تا ئێستاش شیعری کوردی بە دەست ئەو دەستەواژە بێزراوانەوە ئەناڵێنێ، ناونیشانی هەندێ لە شیعرەکانی سەلام، بە بەکارهێنانی تەکنیکی موفارەقە و ناوی سەمەرە و ناونیشانی درێژ و دروستکردنی پەیوەندیی نالۆجیکی و پڕ دژایەتیی لەنێوان ڕەگەز و وشەکاندا، خوێنەریان تووشی هەڵوێستە و دەهشەت ئەکرد" (تینوێتی و زستانی جوان، هەنگوینی تاڵ، بەفر و فرمێسك، ئاکسل و سارا، داری زەنگیانە، سۆزانییەکی پیرۆز، ساماڵی پاش بارانی نیوەشەو، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە،....)

هەندێ جاریش دەرچوون لە ڕۆمانسیەتی سروشت و موجازەفەی خۆ هاویشتنە ناو فەلسەفەی بوون لە ڕێی یاریکردن بە وشەوە، مێشك ورووژێن و چێژبەخش بوو:

نە سەرەتا...، کۆتایی یە
نە کۆتایی...، سەرەتایە
سەرەتای گشت کۆتایی یەك، کۆتایی یە
کۆتایی گشت سەرەتایەك، سەرەتایە
"ئۆپەرێتی خۆشەویستی"

تێبینیکردنی جوانییە نهێنییەکانی ناوەوەی دزێوی و بەخشینی شیعرییەت بەو وشە و دەستەواژانەی شاعیری کورد ئەو کاتە مامەڵەی لەگەڵدا نەئەکردن و بە شیعریی نەئەزانی:



لەنێوانی من و تۆدا
ئەی کچی لاواز و چاو قووڵ
ژیان زستانێکی ڕووتە
سەرمایەتی و
پەنجەکانی، وەکو منالێکی هەتیو
وەکو پەنجەی شوانە وێڵەی شمشاڵ ژەنی مەمك نەدیو...

گەرچی سەروا توخمێکی زەق بوو لای شاعیرانی حەفتاکان، بەڵام سەلام گرنگیی بە سەروای ناوەکییش ئەدا کە بۆ ئەو کاتە دیاردەیەکی تا ڕادەیەك نوێ بوو، وەکو سەروای سەرەتا و ناوەندی وشە. لە شیعری"تینوێتی و زستانی جوان" ئەڵێ:

نە ئاگرم.. نە ئاسنم
نە چەکوشم.. نە گاسنم

ئەوەی پتر سەرنجی ڕاکێشابووین لەو سەردەمەدا چیرۆکی پشت شیعرەکانی بوو. چیرۆکی خۆشەویستیی خۆی، کە چیرۆکێکی شاراوە نەبوو و هەموو ئەدیب و هەوادارانی شیعری سەلام بەو چیرۆکە ئاشنا بوون. زۆرێك لە شیعرەکانی پێشکەش بە (ق. م) ئەکرد، هەموو ئەمانزانی کە بۆ قەدریەی خۆشەویست و پاشان خێزانی ئەنووسی. هەروەها چیرۆکی شیعری (داری زەنگیانە) کە پێشکەشی بە لەتیف حامدی جوانەمەرگ کردووە و بە ماڵئاواییەکی ناتەواو کۆتایی پێ هێناوە "خوا حافی...". گوایە کە لەتیف حامد لە سەرەمەرگدا لە نەخۆشخانە خواحافیزیی لە کەسانی دەوروبەری کردووە، بۆی تەواو نەکراوە و گیانی سپاردووە.

خاسیەتێکی دیکە لە خاسیەتەکانی شیعری سەلام (هەروەها شێرکۆ بێکەس لە شاعیرانی حەفتاکان دا) تێکەڵکردنی ڕەگەزەکانی شانۆ و ڕۆمان و تەوزیفکردنیان بوو لە شیعردا" کۆرس، کۆرسی یەکەم، کۆرسی دووەم، دەنگ، دەنگی ناوەوە، دەنگی دەرەوە، بەشی یەکەم، بەشی دووەم.. هەروەها بەکارهێنانی دایەلۆگ لە شیعرداو، سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆر و داستانە کوردی و گریکییەکان، بەڵام مامەڵەیەکی ڕووکەشانە لەتەکیاندا. بۆ نموونە: دێڕێکی فۆلکلۆرییان ئەئاخنی یە ناو شیعرەکانیانەوە و لە پەراوێزدا ئەیاننووسی "ئەم دێڕە فۆلکلۆرە"! ئەمە دیاردەیەکی باو بوو زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمەی گرتبۆوە. سەلام لە شیعری "وەرزی بەستەڵەك" کە پێشکەشی بە شێرکۆ بێکەس کردووە ئەم دوو دێڕە فۆلکلۆرەی هێناوەتەوە وەکو ئاماژەیەك بۆ شیعری "کۆچ"ی شێرکۆ:

**کۆچی یارم کۆچی سووره**
**بەهارە خێڵ بەرەو ژووره**

**بەڵام سەرباری ئەوانە، شیعری سەلام لە هەندێ دیاردەی سلبی ڕزگاری نەبوو، کە لە شیعری حەفتاکاندا باو بوو. بۆ نموونە: دیاردەی دووپاتکردنەوە بە مەبەستی بەخشینی جۆرە لیریکییەتێك بە شیعر، یان بۆ تەواوکردنی کێش" "شەیدام شەیدام شەیدای لووتکەو..."، "ئەگریم و ئەگریم.."، "بەفری هەتیو زمان ئەگرێ: هەر دێتەوە، هەر دێتەوە.."، "مەڕۆ مەڕۆ سمکۆ مەڕۆ"، "دەمەو ئێواران ئەتبینم خۆشم ئەوێی خۆشم ئەوێی"... هەروەها دیاردەی ڕەمزی سواو" بولبول و گوڵ، تریفەی سوور، شەوانی تەنیایی،... جگە لەمانەش، دیاردەی پێشکەشکردنی شیعر" بۆ سەلاح شوان، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قەرەداغی و تیپی مۆسیقای سلێمانی...**

**بەڵام سەلام محەمەد شاعیرێکی دیاری سەر بە نەوەی حەفتاکانە کە بە ڕای من گرنگترین نەوەی شیعرییە لەپاش گۆرانەوە کە توانییان لەژێر کاریگەریی شیعری عەرەبی و جیهانی دا (سەیاب و بەیاتی و نازم حیکمەت و لۆرکاو نیرۆداو ئەراگۆن) جووڵانەوەیەکی نوێخوازی بخەنە ناو شیعری کوردییەوە.**



# لەبارەی شاعیرێتی سەلام محەمەدەوە
## نووسینی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

**من دوور بە دوور سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بە تایبەتی دوای بەیانە شکستخواردووەکەی یانزەی ئازار سەلام محەمەدم ناسی. لە هەندێ کۆڕی شیعری لە شاری کەرکوك، بەتایبەتی شیعری بە حەماس و بە گوڕوتینی دەخوێندەوە، ئەو دەمەیش دوای ئەوە بوو کە کەوتبووە ژێر کاریگەری شیعری ڕوانگەخوازەکانەوە، جۆرە شیعرێکی تازەیان دەخوێندەوە و دەنووسی، بە تازەگەریی ناوی دەرکرد، وەکو لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی (فەرهاد شاکەلی)، لە سلێمانیش شێرکۆ بێکەس و جەلال میرزا کەریم، دوای بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی (ڕوانگە) سالی ١٩٧٠، کە ئەمانە واژۆیان کردبوو: شێرکۆ بێکەس، شاعیر، حسین عارف، چیرۆکنووس، کاکەمەم بۆتانی چیرۆکنووس، جەلال میرزا کەریم، شاعیر، جەمال شارباژێڕی، شاعیر. ئەو جۆرە شیعرە لەو ساڵانە باوبوو بۆیە زۆریان کەوتنە ژێر ڕەخنە و توانجەوە، هەر هەندێك لەمانە بەتایبەتی لەتیف هەڵمەت و سەلام محەمەد و عەبدوڵڵا سەراج، وەکو یاخیبوونێك وگوایە بڕوایان بەو نووسەرانە نەبوو کە لەژێر چەتری یەکێتی نوسەراندا**

کۆبوونەتەوە بەو ناوەوە، بۆیە تابلۆکەی یەکێتی نوسەرانی لقی کەرکوکیان لێکردەوە و ئیدی نەزانرا چیان لێکرد!.

دیاربوو سەلام محەمەد لە ژینگەیەکی تایبەتی ئایینپەروەر لە دایك ببوو و پەروەردە ببوو، بۆیە تۆوی یاخیبوون لەو پەروەردەیە و لەو کۆمەڵگایەی کە خاوەنی ئەو پەروەردە سەقەتەیە لە مێشك و دەروونیدا چەکەرەی کردبوو. دواجاریش لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای ساڵی هەشتا یەکترمان ناسی و بووین بە برادەر و ئیدی لەوساوە تا ئێستا من وسەلام محەمەد هاوڕێین. سەلام کەسێکی ئۆقرە نەگرتوو و بەدمەست بوو، دیاربوو کۆمەڵێك شت هەبوو پاڵیان پێوەنابوو یاخی بێت، کەسێکی خوێنەرە و بەتایبەتی دوای چوونی بۆ بەغدا بۆ خوێندن و تێکەڵبوونی لەگەڵ کۆمەڵێك خوێنەدەوار و نووسەر و شاعیرانی کورد و عەرەب جیهانەکەیاندا لەبەردەمی فراوانکردەوە، بۆیە سەلام محەمەد دوای ئەو قۆناغە جۆرە شیعرێکی دیکەی نووسی و تۆکمەتر و ڕەوانتر و هاوچەرخانە. لەبەر ئەوەی من و سەلام کوڕی شارێك بووین زۆریش لەیەکەوە نزیك بووین تەنانەت مەسەلەی ئاشنایەتی خێزانیش. شیعرە باشەکانی سەلام زادەی بەدبەختیەکانی خۆی بوون، بەدمەستیەکەی بەتایبەتی، کە ناکرێت باسی نەکەین، چونکە وەکو بەدمەستیەکەی (حسین مەردان و جان دەمۆ)ی لێهاتبوو. ئیدی ئەمە شتێکی خۆرسك بوو، یان دەیەویست لاساییان بکاتەوە. بۆیە جوانترین شیعری سەلام محەمەد شیعری (هەنگوینی تاڵ)ە، کە باسی تووشبوونی خۆی دەکات بە دەستی مەیزەدەییەوە:

سەردەمێکە دوور و درێژ
ئاوێکی تاڵ، لێوی ناوەتە لێومەوە
بە ماچ.. ماچی ئاگراوی
ڕێژنەباران ئەکات و..
ئەمشواتەوە.
ئەی ئاوی تاڵ
ئەی هەنگوێنی پڕ ژەهرەکەم
ئەی جامی مەرگی بێ هوودەو
دەست وبردم
لەپێش چاوی ئەوانەی وا خۆشیان ویستووم
سووکت کردم



لەپێش چاوی ئەوانەی وانەیانوویستووم
ئابڕووت بردم..

دیسان دەڵێم باشترین شیعری ئەو هی ئەو ماوەی مەیزەدەییەکەی و نقوومبوونیەتی لە ونبووندا بوو. بۆیە پێموایە شیعرەکانی سەلام محەمەد بە سێ قۆناغدا ڕەت دەبن، قۆناغی دوای ساڵی حەفتاو قۆناغی سەردەمی خوێندنی بەغدای و سەرهەڵگرتنی بۆ ئەڵمانیا و گەڕانەوەی بۆ کەرکوك، دواجاریش چوونی بۆ شاخ و دیسانەوە هاتنەوە بۆ کەرکوك. تا ساڵی **١٩٨٨** ئاگام لە سەلام و شیعری هەبوو. بۆیە ئەو ماوەیە یان ئەو قۆناغە شیعریەی دەخەمە نێوان ساڵی **١٩٧٤** و **١٩٨٨**ەوە. دواتر دوای ڕاپەڕینیش لە دوای ڕەوەکەی **١٩٩١** سەلام سەفەری کرد بۆ تاراوگە و بۆ ئەوروپا وجێگیربوونی. ئەمەیش دوا قۆناغێتی لە شیعردا، کە بەلای منەوە قۆناغێکی زۆر بەهێز نییە، وەکو قۆناغی دووەمی چونکە من لە ڕێگای دیوانەکەی سەلام محەمەدەوە و هەروەها لە ڕێگای برادەری و بە ئاگابوونم لێی قسە دەکەم لەسەر شیعر و شاعیریەتی. لێرەشدا نامەوێ باسی بیرەوەریەکانی خۆم بکەم لەگەڵ ئەم شاعیرەدا، چ ئەو بیرەوەریانە خۆش بووبن یان ناخۆش، گەرچی من و سەلام و سەلاح شوان بیرەوەریەکانمان هەموو تاڵ بوون و بۆیە بە مەیزەدەیی ئاشنابووین.

کاتیك کاك(مەشخەڵ) لە کەنداوە ئیمەیلی بۆ کردم کە بە تەمایە کتێبێك لەسەر سەلام محەمەد بنووسێ، چونکە من زۆر ئاگادارترم لە شیعری سەلام و کارەکتەری ئەو، هیچم لەبەردەست نەبوو تەنانەت دیوانەکەی ئەم دوایەشی دانەیەکیم لەلابوو برادەرێك بردی و نەیهێنایەوە و دانەیەکی دیکە لە کون و قوژبنی ماڵدا دۆزیمەوە بە ڕێکەوت، چونکە لەبەر دەربەدەری و ئاوارەیی شاران وکرێچێتی لە شارانی بەغدا و کەرکوك و هەولێر و سلێمانی کتێبەکان لەناوچوون یان لەلای برادەری بەجێمهیشتوون و تەسەرووفی پێکردوون و لەناوچوون. ئەویشی هەمە لە کتێب هەمووی لەناو گوینێ هەڵمگرتوون. بەهەرحاڵ، نەمدەزانی چۆن باسی شیعری سەلام، بکەم ئەگەر تاکە شیعرێکی لەبەردەستمدا نەبێت؟ بۆیە ڕێکەوت و بێزاریی ئەو تاکە دیوانەی خستە بەردەستم. چونکە سەلام محەمەد هەر ئەم تاقە دیوانەی بە چاپ گەیاندوە و زۆربەی شیعرەکانی تێدایە. پێشتر ساڵی **١٩٨٨**هەندێ لەو شیعرانەی لە دیوانێك چاپکردن بەناوی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە).گەرچی خۆی لە پێشەکیەکەیدا نووسیویەتی دیوانێکی شیعری هەبوو بە دەسنووس

بووە بە ناوی(ژانی ئەرخەوان) و داویە بە برادەرێك چاپی بکات، بەڵام ونی کردەوە، پێموایە ئەو برادەرەر مەحمود زامدارە یادی خۆش.

وەکو نووسیم قۆناغی یەکەمی شیعری سەلام محەمەد لە دوای بەیانە شکستخواردوەکەی ئادارەوە دەست پێدەکات تا ١٩٧٤تا ئەو کاتەی کە کورد دەرفەتی هەبوو شیعر بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە پێش هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، ئیدی پاش هەڵگیرسانەوەکە ژیانی ئەدەبی لە ناوشاران وەستا و لە شاخیش، چونکە ماوەیەکی کەم بوو هیچ نەنووسرا و ئیدی سەلام دواتر قۆناغی دووەمی شیعری دەست پێدەکات و دواتر قۆناغی سوید.

بێگومان شیعر یان ئەدەب بە هێزتر دەبێ لە نیشتمان وەکو لەوەی لە تاراوگا دەنووسرێن. بۆیە ئەو شاعیر و نووسەرانەی چوونە تاراوگا کوژانەوە یان بەرهەمیان نەما، یان کاڵ بوونەوە و بەرهەمەکانیان بەرەو کەمبڕشتی و لاوازی چوون، هیچیان زیاد نەکرد لە شیعری پێشوویان، بۆ نموونە: یەکێك لەوانەی کە تاڕادەیەك مانەوە لە نیشتمان زۆر بوو و دواتریش جێگیربوو شێرکۆ بێکەس بوو، دەبینین ئەگەر شیعری شێرکۆ بێکەس وەکو جاران نەبێت، بەڵام بە یەك هێڵ دەڕوات و بەرەو لاوازیی نەچووە، بەڕای من جگە ئەو شیعرە بۆنەییانە نەبێت کە بۆ کەسی سیاسی وتراون نەبێت یان بۆ بۆنەی نیشتمانی. زۆرن ئەو شاعیرانەی کە چوون بۆ تاراوگا و ئێستا نەوەکانی دوای ئەوان کەسیان ناناسن و یان لەبیرچوونەتەوە، لەبەر ئامادەگی نەبوونیان لەسەر خاکی نیشتمان و بێئاگایی بوونیان لە هەموو ڕووداوەکانی نیشتمان و هەست و نەست و بیرکردنەوە بۆ هاونیشتیمانەکانیان، چونکە کەشی تاراوگە کەشی نیشتمان نییە، کەشێکە تۆ لێی غەریبی، کەشێکە کە هەمیشە لە هەوڵی بژێوی پەیاکردن دەبیت، بۆیە مەسەلە ویژدانیەکان لەبیر دەکرێن بە تایبەتی ئەدەب و لە سەروویانەوە شیعر. بۆیە دەبینین کاتێك (رامبۆ) سەری خۆی هەڵدەگرێت بۆ (ئەسیوپیا) و دەست دەکات بە قاچاخچێتی بۆ بژێوی ژیان واز لە شیعر دەهێنێت. بۆیە سەلام محەمەدیش شیعرەکەی کەوتووەتە بەر غەزەبی تاراوگە و دوورە وڵاتی. داهێنان لە نیشتمانی خۆی جوان دەبێت، وەکو ئاگامان لێبێت کە کەم نووسەری جیهانیی لە تاراوگە داهێنانی کردبێت، مەگەر بە زمانی خەڵکی ئەو وڵاتەی کە لێی تەرەبووە، بۆ نموونە: (پیکت) لە فەرەنسا دەینووسی وازی لە زمانەکەی خۆی هێنابوو، هەروەها (هنری میللەر)یش بە هەمان شێوە. تەنانەت لە تاراوگە هەموو هەست و نەستەکان جیادەبنەوە لە کارەکتەرەکەی نیشتمان، بۆیە دەڵێم داهێنان ئەگەر



هەبووبێت ئەوا لە کوردستان بەردەوام بووە یان پێشکەوتووە، هەرشتێك لە تاراوگا ئەنجام درابێت و خوێنەری کورد بەداهێنانی بزانێت بێگومان جێی گومانە و مەترسی لێوەرگرتنی لێدەکردێت لە ئەدەبی میللەتانی تاراوگاوە. ئەگینا هەموو تاراوگاکان بۆ نووسەر و شاعیرە تەرەبووەکان بوونەتە گۆڕستانی قەڵەمەکان و کزبوونیان. برادەرێکی شاعیر لە تاراوگاوە شیعرێکی ناردبوو بۆ کوردستانی نوێ، بەهەقەت شیعر نەبوو بگرە قسەی ڕووت بوو، برادەرێك بۆی خوێندمەوە وتی ئەمە کەی شیعرە وقسەی ڕووتە ومنیش ووتم نەخێر میعرە.، بەڵام ناوەکە ناسراوە بۆیە بۆی بڵاودەکەنەوە، خۆ خوا نەخواستە ناڵێم ئەوانەی لە نیشتمان دەنووسرێن شیعر بن یان خراپ نەبن!. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە سەلام محەمەد شیعرەکانی لە تاراوگا لە شیعریەت و بەهێزیدا بەبەراورد لەگەڵ ئەو شیعرانەی لە نیشتمان نووسیویەتی زۆر جیاوازن و ئەو زمانە شیعریەیان نییە وەکو بۆ نموونە لە شیعری (هەنگوینی تاڵ)دا هەیە. دیسان بۆیە دەڵێم شیعرەکانی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە) تاکە دیوانی سەلام محەمەدە و شایەتی شاعیریەتی ئەون. (واڵت وایتمان) شاعیری ئەمریکی تەنها دیوانێکی نووسی بە ناوی (پەلکە گیا) و بوو بە یەکێك لە کەڵە شاعیرانی جیهان. بۆیە تا ئێستا سەلام ئەوانەی دەیناسن وەکو شاعیرێکی سەرکەوتوو یادی دەکەنەوە و لە شیعری هاوچەرخی کوردی جێگای خۆی گرتووە، ئەگەر بە ئینسافەوە باسی شیعری هاوچەرخی کوردی بکرێت. ئەو ئەندامی نەوەیەکی شیعری نوێی کوردیە، وەکو: شێرکۆ بێکەس و سەلاح شوان و ئەنوەر قادر جاف و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و ڕەفیق سابیر و جەلال میرزا کەریم.

# حەفتاکانی سەدەی بیستەم، ژیان و شیعر و دۆستایەتی: پێداچوونەوەیەکی خێرا

فەرهاد شاکەلی

نەریتە ئەدەبییەکەی ئێمەی شاعیرانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو جیاواز بوو. لەگەڵ نەریتی کێی تردا جیاواز بوو؟ نازانم. ڕەنگە ئەو بەراوردەم لە مێشکی خۆمدا لەگەڵ ژینگە ئەدەبییەکەی وڵاتانی ئەورۆپادا کردبێت. ئەوە سیوشەش ساڵە من لەم کۆنە ئەورۆپایە دەژیم. نەك هەر بووەتە نیشتمانی فیزیکیم، بەڵکە خەریکە دەبێتە نیشتمانی ڕۆحی و مەعنەوییشم. ئێمە نەوەیەك بووین هەم خەڵك و خوێنەری کورد چاوەڕوانی زۆر شتیان لێ دەکردین، هەم خۆیشمان مەرجی سەختمان بۆ خۆمان دانابوو. دەتگوت خۆمان بۆ ئەزموونی (بەکالۆریا) ئامادە دەکرد. ئەو سەردەمانە ئەزموونی بەکالۆریا زۆر ترسناك بوو. خوێندکاری تووشی



دڵەڕاوکێ و هەڵچوون و لەرزین دەکرد. ئێمەیش لەسەر سنووری ئەزموونی بەکالۆریای ژیان و شیعر و زمان ڕاوەستابووین. هەندێکمان سەربەرزانە بڕیمان و لێی دەرچووین و بڕێکیش هەر لە سەرەتاوە، یا پاشتر، کۆڵیان دا و کوژانەوە. کە ئەمە دەڵێم، دەزانی بیرم بۆ چی و بۆ کوێ دەچێ؟ بۆ باڵندەکانی داستانی (منطق الطیر: زمانی باڵندە)ی فەریدوددینی عەتتاری نیشابووری (١١٤٥-١٢٢١). پەلەوەرەکانی عەتتار لە دواییدا سی دانەیان لێ مایەوە، بەڵام ئێمە نەك سی، نیوەی سییشمان نەمایەوە. سی مەلەکەی عەتتار دەبوو حەوت شیو و دۆڵ ببڕن تا بگەنە (سیمورغ). ئێمە دۆڵ و شیو و هەوراز و نشێوی زۆرترمان لە پێش بوون" یەکێکیان ڕێژیمی بەعسی عیراقی بوو.

درۆم پێ مەکە، فڵانی، ئێستا لە بیرم نەماوە کەی کاك سەلام محەمەدم یەکەم جار بینیوە؟ ئەگەر حیساب و کیتابێکی وردی بۆ بکەم، پێم وایە دەبێ ساڵی ١٩٧١ بووبێت. چاکیشی بۆ نەچووبێتم، باوەڕ ناکەم، لەمەدا، هەڵەیەکی ئەوتۆم کردبێت. بەڵام وا پێ دەچێت هەر زوو لە یەکتر نزیك بووبێتینەوە. چونکە ساڵێکی پێ نەچوو، دەستمان کردە نەخشەکێشان بۆ گەشتێکی دوو، سێ مانگی بەناو کوردستاندا، گەشتێك بە پێیان. پیاو ئەگەر کەسێك باش نەناسێت و متمانەیەکی زۆری پێ نەبێت، چۆن سەفەرێکی سێ مانگەی لەگەڵ دەکات؟

ئێمەی شاعیر و نووسەرانی نوێخوازی گەرمیان و کەرکوك (لەتیف حامید بەرزنجی، ئەحمەد شاکەلی، لەتیف هەڵمەت و بەندە) پێشتر یەکترمان باش دەناسی. دیار بوو لەو ماوەیەدا کاك سەلامیش هاتبووە ڕیزەوە، بەڵام من هێشتا نەمدیبوو. لەتیف حامیدیش و هەڵمەتیش باسی ئەویان بۆ کردبووم. خۆیشم چاوم بە هەندێ تێکستی بڵاوکراوەی کەوتبوو. سەلام لە هەموومان گەنجتر بوو. هەردوو لەتیف و ئەحمەد لە من گەورەتر بوون و منیش لە سەلام گەورەتر بووم. لە فێستیڤاڵی شیعری کوردیی بەهاری ١٩٧٢دا، لە کەرکوك، پێکەوە بووین. شەوێکیش میوانیان بووم و چاوم بە باوکیشی کەوت. دواتر کە ئەویش هاتە زانستگەی بەغدا و ئەو ماوەیەیش کە لە ڕۆژنامەی (برایەتی) کارمان دەکرد، زیاتر یەکترمان دەبینی. لە بەهاری ١٩٧٤یشدا هەموو ڕوومان کردە کوردستان و بووین بە پێشمەرگە. چیرۆکی ئەو ساڵەیش ڕەنگە کاك سەلام خۆی چاکتری لە بیر مابێت و جوانتری بگێڕێتەوە. ئیتر لەوە بە دوا من کاك سەلامم نەبینییەوە هەتا ئەو کاتەی کە هاتە سوێد، سەرەتای ١٩٩٠ـەکان.

بێجگە لە شاعیری و مەیلی ئەدەب و فەرهەنگ و خوێندنەوە، شتێکی دیکە هەبوو کە کاك سەلام و منی لە یەك نزیك دەکردەوە: حەزکردن لە ژیانێکی سەرچڵانە و پڕ لە ڕووداو و

ڕووبەڕووبوونەوەی ترکزە و مەترسی و تەنانەت مەرگیش. لە شیعری (گەڕانەوەیەك)دا بە چەند دێڕێکی کەم، وێنەیەکی ئەو تەمەنەی خۆمم کێشاوە:

ئەودەم هێشتا ئاسۆی خەون و هیواکانت
پەمەیی بوو،
ڕادیکال بوویت،
حەزەکانت ڕادیکال بوون.
پێت دەنایە نێو هەرێمی مردن و خوێن،
کۆچەرێ بووی
لە سنووری نێوان وەرز و وەرزێکی دی
باکت نەبوو...
نەتدەزانی مەڵبەندی ژین هەتا کوێیە،
دەرکەی شاری مەرگ کامەیە،
شەو و ڕۆژت لە لا یەك بوون...

من ئەو سەردەمە چەپ و مارکسیست بووم، نووسینی ڕێبەرانی مارکسیزمم دەخوێندەوە، بەتایبەت ئەوانەیان کە پێوەندییان بە شەڕی چەکدار و خەباتی چەکدارانەوە هەبوو. ڕێبەرانی کووبا (بەتایبەت گیڤارا)م خۆش دەویست، ئەگەرچی بە هۆی نزیکیمەوە لە بیروباوەڕی ماوزەدۆنگی ڕێبەری چینەوە، تیۆریی فۆکووسی گیڤارام بە ڕاست نەدەزانی. زۆریش دژی یەکێتیی سۆڤییێت بووم. ئەوە شێوە بیرکردنەوەیەکی باو بوو لەناو توێژێکی پانوپۆڕی لاوان و ڕووناکبیرانی ئەو ساڵانەدا.
پاییزی ١٩٧١ لە زانستگەی بەغدا دەستم بە خوێندن کرد. یەکەم پشووی هاوینەم وەك خوێندکارێکی زانستگە دەبووە هاوینی ١٩٧٢. هەر زوو بیرم لەوە کردەوە ئەو هاوینە، وەك گیڤارا، بەڵام بە پێ، هەندێ ناوچەی کوردستان بگەڕێم و لە دێیەکەوە بۆ دێیەك و لە شارێکەوە بۆ شارێك بڕۆم. دەمویست هاوڕێیەکی باش بدۆزمەوە بۆ ئەم پرۆژەیە. بیرم لە کاك سەلام محەمەد کردەوە و بڕیارم دا قسەی لەگەڵ بکەم. پێم وایە لەگەڵ کەسێکی دیکەیش، کاك فازڵ کەریم ئەحمەد، قسەم کردبوو.



چەند ساڵێك لەمەوبەر کاك سەلام داوای لێ کردم وردەکاریی ئەو چیرۆکە و ئەو پرۆژەیەی بۆ بنووسم، چونکە بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی پێویستی پێی بوو. منیش نامەیەکم بۆ نووسی و وا لێرەدا نامەکە وەك خۆی دادەنێمەوە، کە ڕەنگە ئەم نووسینەی پێ دەوڵەمەندتر بێت:

**برای شیرینم کاك سەلام**
**سەڵاو و ڕێز و خۆشەویستی.**

نازانم بۆچی هەمیشە کە باسی ڕابوردوو دەکەین، وەك سەردەمێکی زۆر جوان و فێنك و خۆش و نایاب دێتەوە بیرمان. دەزانم ئەمە جۆرە نۆستالژیایەکە لای هەموو کەس هەیە. کێ هەیە ساڵانی منداڵیی خۆی پێ جوان نەبێت، یا ساڵانی هەرزەکاری، بەڵام ئەگەر بەڕاستی وێنەیەکی زیندووی ئەو سەردەمە بخەیتە بەردەست دەبینی ئەودەمیش وەك ئێستا لە زۆر شت بێزار بووین و زۆر شتمان بە دڵ نەبووە. بەهەرحاڵ ئەمە سرشتی مرۆڤە، خوا وای ئافراندووە. هاوکاتیش ئەمە میکانیزمێکی کارکردنی مێشکە" ئەگەر مێشك شتە ناخۆشەکانی نەسڕایەتەوە مرۆڤ شێت دەبوو، چونکە بەرگەی ئەو هەموو یادگارە تاڵ و گوشارهێنانەی نەدەگرت.
کاکە گیان: دەتەوێ لەبارەی ئەو گەشتەوە کە نیازمان بوو بیکەین، بنووسیت. وا دیارە لەمەیاندا بیری من لە هیی تۆ تیژترە، چونکە بابەتەکە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە خۆمەوە هەیە. گەرمیانی گوتەنی حاڵ و مەسەلە وەی تەرحە بوی ﴿بوو﴾:
من لەو ساڵانەدا ئەدەبییاتی چەپایەتی و مارکسیستیم زۆر دەخوێندەوە. دیارە زۆریش بیرم لە مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردستان دەکردەوە و دەمویست بزانم داخۆ ئێمەی لاو و خوێندەوار چیمان پێ دەکرێت بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەمان. لەناو ئەو کتێبانەدا کە خوێندبوومنەوە هەندێکیان یا لەبارەی شۆڕشگێڕی شەهیدی مرۆڤایەتی ئەرنیستۆ چێ گیڤارا (١٩٢٨-١٩٦٧)وە بوون، یا نووسینەکانی خۆی بوون. لە نووسینێکیدا کە ڕۆژنامچەی ئەو ساڵانەیە کە هێشتا خوێندکار و لاو بوو، باسی ئەوەی دەکرد چۆن بڕیاری دابوو بە مۆتۆرسایکل، لەگەڵ هاوڕێیەکیدا، بە هەموو ئەمەریکای لاتینیدا گەشت بکات بۆ ناسینی نیشتمان و نەتەوەی

خۆی. دیارە ئەمەریکای لاتینی ئەگەرچی دەوڵەتی جیاوازن، بەڵام لە ڕووی زمان و فەرهەنگ و پاشخانی سیاسییەوە هەر وەك یەك وڵاتن. ئەم نووسینەی گیڤارا منی خستە سەر ئەو بیرەی کە بۆچی من هەوڵ نەدەم کوردستانەکەی خۆم بناسم و بە ناوچە جیاوازەکانیدا بگەڕێم. ئەوە بوو لەگەڵ تۆ قسەم کرد کە سێ مانگەی هاوینی ١٩٧٢ بچین بە زۆرترین ناوچەی کوردستاندا بگەڕێین. ڕاستییەکەی، نەخشەکەی من ئەوە بوو کە هەر نەبێ ناوچەکانی کەرکوك و قەراخ و شارەزوور و سلێمانی و تا دەشتی هەولێر و ئەولاتریش بچین و هەمووی ئەمەیش بە پێ بگەڕێین، نەك بە مۆتۆرسایکل. بیری مۆتۆرسایکڵ پێم وایە لەوەوە لای تۆ ماوەتەوە، کە ڕەنگە من باسی ئەوەم کردبێت گیڤارا بە مۆتۆر گەشتەکەی کردووە. ئەگەرنا من نە ئەوسا و نە ئێستایش نەمزانیوە و نازانم مۆتۆر لێ بخوڕم. بەداخەوە ئەو کاتە پارتی ڕێگەی پێ نەداین، ئەگەرچی تۆ خۆت ئەندامێکی چالاکیش بوویت.

من ئەو خەونەم هەر لە دڵدا مابوو. کە یەکەمجار بووم بە پێشمەرگە (بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥)، هەلێکم دەست کەوت و ئەوە بوو بە بیانووی ڕیپۆرتاژەوە بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستان، بە پێ گەشتێکی باشم کرد بۆ ناوچەکانی گەرمیان، هەردوو دیوی سیروان، دەشتی کەرکوك و سەنگاو، لە دەربەند باسەرەوە بۆ ناو قەراخ و لەوێشەوە بۆ شارەزوور و هەورامان. هەموو ئەمە نزیکەی مانگونیوێکی پێ چوو. دواتریش بۆم هەڵکەوت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ببینم: کوردستانی ئێران و سووریا و تورکیا. تەنانەت ئەوەیشم بۆ هەڵکەوت لە بەیرووت بژیم و لەگەڵ کوردەکانی لوبنان ئاشنایەتی پەیدا بکەم و ساڵانی هەشتاکانیش دوو جار سەری کوردەکانی ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجانیشم دا و هەر جارێك نزیکەی مانگێك لەناویاندا مامەوە.

منیش، وەك تۆ، پێم وایە ئەگەر ئێمە ئەو گەشتەمان بکردایە، بەڕاستی دەبوو بە سەرچاوەیەکی نایابی ئەدەبی و سیاسییش لەبارەی سەردەمێکی یەکجار ئاڵۆزی مێژووی کوردستانی عیراقەوە. ئێمە هەر ئەوە نەبوو کە دوو سێ گەنجی دڵگەرم بووین، بەڵکە شاعیر و نووسەریش بووین و لەچاو زۆر گەنجی ئەو سەردەمەیشدا بزێو و خوێندەوار و چاوکراوە بووین.



پێم وایە یەك دوو ساڵێك لەمەوبەر بوو، فیلمێکم لەبارەی ئەو گەشتەی گیڤاراوە بینی. فیلمێکی زۆر جوان بوو. ئەگەر هەڵە نەبم ئێستایش فیلمێکی تازە لەبارەی گیڤاراوە بەرهەم هێنراوە و هەمووی چەند حەفتەیەکە گەیشتووەتە سوێد. من خۆم هێشتا نەمبینیوە، بەڵام منداڵەکانم، کە ئێستا لەو تەمەنەدان کە من و تۆ دەمانویست ئەو گەشتە بکەین، زۆر بە دڵگەرمییەوە باسیان دەکرد. بەو هیوایەی ئەوەی بۆ ئێمە نەگونجا، لاوانی ئەمڕۆ هەوڵی بۆ بدەن.

## جارێکی دیکەیش خۆشەویستیم
## فەرهاد شاکەلی
## سۆللەنتونا، شەوی ٢١-٧-٢٠٠٩

بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕاستی ئەو هاوڕێتییە و ئەو سەردەمە بگەیێنمە خوێنەری ئەمڕۆ، دەبێ ئەوەیش بڵێم، لە هەندێ ڕووەوە لەگەڵ کاك سەلام و زۆر هاوڕێی دیکەیشدا ناکۆکیمان لەنێواندا هەبوون، بەتایبەت لە ڕووی ئیدیۆلۆگی و شێوەی ژیان و هەڵوێستی سیاسییەوە. بەڵام ئەم جۆرە ناکۆکییانە هیچ کاتێك نەبوو بە هۆی دڕدۆنگی و دوورکەوتنەوە و ڕکەبەرایەتی. ساڵانی دواتر زۆر شتی سەیرم لەبارەی کاك سەلامەوە دەبیست، وەك سەرخۆشی تا ڕادەی بەدمەستی، یا هەڵوێستی نالەباری سیاسی. بەڵام لەبەر ئەوەی من دەمێك بوو لە دەرەوەی وڵات دەژیام نەمدەزانی ئەو قسانە چەند ڕاست یا ناڕاست بوون. کاری ڕاست بێت، کاك سەلام خۆی لەو ڕووەوە نووسینێکی دووروودرێژی لەم ساڵانەی دواییدا بڵاو کردەوە.

وا دیاره "ژیان و ئەرکی ناخۆشی" ساڵانێك کاك سەلامی لە شیعر و لە نووسین دوور خستەوە. دەمێك بوو هیچ نووسینێك و هیچ شیعرێکی کاك سەلامم نەبینیبوو. لەوەیە شتی نووسیبێت، بەڵام نەیویستبێ بڵاوی بکاتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا، هەندێ تێکستیم بینین، دیار بوو تازە بوون. هیوادارم بتوانێت سەرلەنوێ پشکۆکانی بگەشێنێتەوە و کوانووە خامۆشەکەی شیعر و نووسینی جارێکی تر گڕ بگرێتەوە.

ئێستا، چلوئەوەندە ساڵ دوای سەرەتاکان، کە بیر لە ژیان و بەرهەم و کاری خۆمان، شاعیر و نووسەرانی سەر بە نەوەی حەفتاکان، دەکەمەوە، وێنەیەکی یەکجار ئاڵۆز و فرەڕەنگ و پڕ لە ژاوەژاو و ورشەدار و دڵخۆش و هاوکاتیش خەمبارانەم دێتە بەر چاو و بەر گوێ و بەر زەین. ئێمە نەوەیەك بووین نە چێژمان لە ساڵانی تەمەنی لاوێنیمان وەرگرت و نە لە گەورەساڵیمان. سیاسەت و کوردایەتی بەشی هەرە گەورە و فراوانی ژیانمانی داگیر کردبوو. ڕێژیمی بەعس دێوێك بوو هەراسانی کردبووین و ژیانی لێ کردبووین بە دۆزەخ. تازەبوونەوەی شەڕی چەکدارانەی بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥ هیوایەکی یەکجار گەورەی لە دڵماندا ڕواند. پێمان وا بوو ئەم جارە ئیتر تەواو، کورد دەگاتە هەموو ئامانجەکانی. ئێستایش زۆربەمان ئەو ساڵە بە خۆشترین ساڵی تەمەنمان دادەنێین. هەر بەو پێیەیش هەرەسی شۆڕش لە بەهاری ١٩٧٥دا گەورەترین کارەسات و ڕەشترین بیرەوەریی ئەو سەردەمە بوو.

نامەوێ باسی بەرهەمی شیعری و بەرهەمی ئەدەبیی نەوەکەی خۆمان بکەم. ئەوە کاری ڕەخنەگری کوردە. بەڵام دوو ڕاستینەی گرنگ هەن کە ناکرێ بکرێن بە ژێر لێوەوە: یەك: نەوەی ئێمە نەوەیەکی خوێنەوار و چاوکراوە بوو، دواتریش بە هۆی ئاوارەیی و ژیانی تاراوگەوە هەلی باشترمان دەست کەوت بۆ خۆپێگەیاندن و ئاشنایەتی لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەبییاتی دنیادا" دوو: بەشێکی زۆری شاعیران و نووسەرانی نەوەی حەفتاکان لە ڕووی زمانەوە، بەرهەمەکانی خۆیان بە کوردییەکی جوان و پاراو و ڕەوان نووسیوە، کە تا ئەمڕۆیش دەکرێ وەك نموونەی بەرزو جوان و پێشەنگ بخوێنرێنەوە. لە هەموو ئەمانەیش بترازێت، ناوەڕۆك و لایەنە ئێستێتیکییەکانی شیعر و پێکهاتەی مێتافۆرەکان و زمانی شیعریی بەرهەمە باشەکان کەرەستەی گرنگن بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی ئەدەبی. ئەزموونی شاعیر و نووسەرانی نەوەی حەفتاکان، بۆ نموونە کاك سەلام، شایانی ئەوەیە لە چوارچێوەی مێژوویی و ئیستێتیکیی و زمانەوانیی خۆیدا بە جیددی لێی بکۆڵرێتەوە و گەوهەری داهێنەرانەی بخرێتە بەر چاوی خوێنەری کورد.



سوێد – سۆڵلەنتوونا
٢٩-٦-٢٠١٣

## بۆچوونی بەڕێز کاك سابیر سدیق سەبارەت بە دیوانی سەلام محەمەد.

## برای ئازیز کاك سەلام محەمەد

دیوانەکەتانم پێگەیشت.. سوپاس بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە کە بۆ من جێگەی خۆشحاڵییە بۆ ئێوە مانای گەورەیی و بەخشندەییە..

لە بەرگەوە بۆ بەرگ بە کاوەخۆ بە ئارەزووی دڵ و بە تاسەی هەست و نەستی شاعیرانەوە خوێندمەوە... چەن جوان بوون ئەو شیعرانە، کە ڕێك لە پۆلە مەلێکی ئازادی نێو قەفەس دەچوون.. قەفەسی ژەنگ گرتوو بە تاڵ و تفتێتی و دزێوی ڕۆژگارە سەختەکان.. قەفەسی ڕاڕایی و ڕاکەڕاکی بێ هەدادان.. قەفەسی پڕ خورپە و چرپە.. بیم و ترسی بێ ئۆقرە و ئۆخژن.... لە خوێندنەوە و هەڵفڕینی هەریەك لەو پۆلە مەلە دژە باو و ڕێچکەشکێنانە فلمێکی پڕ لە ناسۆر و تراژیدیا و مەرگەساتم دەهاتەوە بیر.. فلمێك (پڕ لە جوانی سیوەیل و

ئەستێرەی دووری داپۆشراو بە هەوری لێڵ) و کە مێژوویەکە ژاوە لە تابلۆی ڕەنگین و لە تابلۆی دزێو، لە گۆرانی بالآ بەرز و لە گۆرانی ڕیوەڵەو بالآ نزم، لە شیعری جوان و بروسکە ئاسا و یاخی و لە شیعری خوساوە و بودەڵە و دەستەمۆ کە ئێوە و شیعرەکانتان ئەکتەرێکی دیار و دەرکەوتوون تێیدا..

لە کۆتای شیعرەکاندا دیدارەکەتم خوێندەوە.. ڕێك لە باخی غەریبەیەك دەچوو بە دنیایەك گوڵی جۆراو جۆرەوە کە هەریەکەیان جگە لە ڕەنگ و بۆنی تایبەت پەیوەندییەکی سەیریان هەیە لەگەڵ (بوون و نەبوون و ژیان و مەرگ و خوا و خاکدا).. باخێك پارێزراو بە ڕاستگۆیی و وەفا و خۆشەویستی..، ئاودراو بە غوربەت و بە حەسرەت و بە گێڕانەوەی دەردە دڵ،.. دڵێك لێوانلێو لە گلەیی و گازندە لە ڕۆژگار و لە ژیان و لە بەخت و لە هاوڕێ بە زمانی ناسکی شیعر

لە کۆتاییدا وەك چۆن لە شیعری (ئاگاداری) دەڵێی.. منیش هاوکات و هاوزمان و هاوشێوە دووبارە و سێبارە و دەبارە خۆت گوتەنی دەڵێم:

(دیوانی سەلام محەمەد)...

(بەتەنیا بۆنی کەرکوك و

بۆنی نەوتەکەی کەیوان و خانوە کۆنەکانی حەسیرەکە و

مزگەوتەکەی ڕەحیماوا و ئاوارەکانی فەیلەق و

بۆنی چایخانەکەی شۆریجە و بازاڕی میوەکەی ئازادییان لێدێت)

بە هیوام ئەو دیدارە لە داهاتوویەکی نزیکدا ببێتە کتێبێکی بالآ بەرزی ڕەشتاڵەی ئەستوور، بەرز وەك چیایی خۆڕاگری و ئەستوور وەك شەختەی ڕق لە دیکتاتۆر لە گژ بوارەکانی ژیاندا.

سابیر سدیق

١٧-١١-٢٠١١

یۆتۆبۆری - سوید

سەرچاوە: لە پەیجی تایبەتی کاك سابیر سدیق لە فەیسبوکەوە وەرگیراوە.

## بۆچوونی عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) سەبارەت بە دیوانی

## سەلام محەمەد

## منیش دیوانەکەتم خوێندەوە

هەرکاتێك کە سەیری ئەلبوومی وێنەکانی گەنجی خۆم ئەکەم، یان کە دیمەنێکی شاری کەرکوك ئەبینم، یان چیرۆکێك یان شیعرێك ئەخوێنمەوە کە چاوی بە ئاوەکەی کۆشکلی تەڕ کردبێ، یان پرسیارێك بمگێڕێتەوە سالآنی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، موچڕکێکی ئاوێتە بەخەیاڵ جەستەی هەستم دەکاتە گۆڕەپان و پیاسەی تێدا دەکات. ئەمجارە دیوانەکەی تۆ دەستی خەیاڵی گرتم و لە کۆڵانە بەفربەستووەکان، بەڵام ڕووناکەکانی ڤانکۆڤەرەوە بردمییەوە بۆ لای حیکایەتە کۆنەکەم. لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیوانەکەت هەستێکی غەریب و خۆش دایگرتم. خۆمم بینی لە کۆتایی حەفتاکان و لەبەردەم کتێبخانەی ئاسۆ وەستاوم و دوو دوو و سێ سێ کوڕانی پرچ درێژ و شارلستۆن لەپێ و کچانی تەنوورە و قەمیس لەبەر بەسەر شۆستەکانی شەقامی جمهوری پیاسەیان دەکرد. چووم کاك جەبارم بینی، کاك عەباسی لەفەفرۆشم بینی. ئەبوعاسیم بینی هەر لە چایخانەکەی خۆی سەرقاڵی چاتێکردن بوو بۆ موشتەرییەکانی، سڵاوێکیشم لە کاك سەلاحی کتێبخانەی گەل کرد. دواتر بە دەم پیاسەوە بەکۆڕنیش و بە بەردەم ئامادەیی کوردستان تێپەڕیم و بەپشی کۆشکلیدا ڕەت بووم و ئینجا بەلای فلکەی ئیخوان شۆڕبوومەوە تا گەیشتمە سەر سووچی بازاڕەکەی ڕەحیماوە. لەسەر لادیواری مەسڵەحەکە دروشمەکە تازە بەبۆیەی ڕەش سڕابۆوە کە شەوی پێشتر نووسیبویان "مەرگ بۆ سەدام و بژی پێشمەرگە". زیاتر بە بەژنی بە بازاڕەکەی ڕەحیماوە هەڵکشام و لەگەڵ بزەی مەلا ڕەحیم بەرەو ڕوو بووم. مەلا فەتحولڵا و مەلا حەسەن و حەسەن پاسیکچی و زێدانی دوکاندار و حەمەسەعید گۆشتفرۆش و مام دێوانە و عەزەخانم و عەلی نەجار و زۆری دیکەم بینی. من ئەمانە ئەو وێنانەن کە لە یادەوەری مندا زیندوون و هەر بە زیندوویش دەمێننەوە. لە دیوانەکەتدا چێژم لێبینی و هەستم بە بۆن و بەرامی شارەکەم و هارمۆنیای داهێنان کرد. لەوەش گرنگتر تامێکی خۆشت بەخشیوەتە گێڕانەوەی ڕابردوو و سەردەمی منداڵیی... شیعرم بینی و چاوم بە "ئاسۆی خۆرنشین"ڕوون بۆوە. دەستخۆشیت لێدەکەم کە دیوانەکەت بۆ ناردم و هیوام بەردەوامیتە لە داهێنان.

٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣

کەنەدا

سەرچاوە: لە پەیجی تایبەتی عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە فەیسبووکەوە وەرگیراوە.

## دوو نامە

# نامەی سەباح ڕەنجدەر بۆ عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

## کاکە مەشخەڵ سڵاو:

دڵخۆش بووم لە ڕێگای تەلەفۆنەوە یەکترمان ناسی و لەوەش دڵخۆشتر بووم، بەوەی زانیم خەریکی کارێکی زۆر پیرۆز و جوانی لە بارەی یەك لە شاعیرە باشەکانی نەوەی پێش ئێمەمانان. کە من وەفام بۆ ئەو نەوەیە زۆرە، بەوەی زەمینەی نوێبەخشی شیعری کوردییان کێڵا و دڕك و داڵیان لادا، زمانیشیان لە شیعرییەت نزیك کردەوە و ئاسۆ و دووری داهێنەرانەیان تێدا دۆزییەوە، هەموو ئەو شاعیرانەی هاوتەمەنی کاك سەلام محەمەدن و لەگەڵ بزووتنەوەی ڕوانگە پەیدا بوون و گەشەیان کرد، سوودیان لە بەهرە و هونەری (جەلالی میرزا کەریم) وەرگرتووە، تکایە بۆ بەهێزبوونی کتێبەکەت، هەوڵ بدە دەقەکانی (جەلالی میرزا کەریم) ببینیت. نووسین لەبارەی شاعیرێکی ژیاو لە قۆناغێکی پڕ ڕووداو و بەرزی و نزمی



هێند ئاسان نییە، بۆ ئەوەی لە ژیانی بگەیت، پێویستە بگەڕێیەوە سەر شیعرەکانی، بۆ ئەوەی لە شیعرەکانیشی بگەیت، پێویستە بگەڕێیەوە بۆ جۆری ژیانی. لەوە دڵنیابین ژیان بۆ نووسین ناوەندە، شیعرەکانی چەند بە ساکاری دەربڕیون و هێندەش بە ساکاری ئەوینداری خۆیت دەکەن. لە سروشت و بابەتی شیعرەکانی (سەلام محەمەد)دا ئەم بارە زۆر بە وردی و ڕوونی بەدی دەکرێت، ئەم بارەش سەرەکیترین هێڵی سەرکەوتووی شیعرە. یەك لە خەسڵەتەکانی شیعری ئەم شاعیرە ئەوەیە سوود لە کتێبە ئایینییەکان وەردەگرێت، ڕەنگە ئەوەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە خۆی کوڕە مەلا بووە. ژیانی خۆی و ژیانی نەتەوەکەی بە مەسیح دەچووێنێت و پاشان بەراوردیان دەکا بە وردەکارییەکانی ژیان بە تەواو بەرزی و نزمییەوە.

پرسیارەکەتم پێگەیشت: پێشتر دوو نووسینم لە بارەی سەلام محەمەدەوە نووسیوە، ئەوەی دەبوو لە وەڵامی پرسیارەکەتدا بیڵێم، هەموویم لەم دوو نووسینەدا گوتووە، هەر جۆرێکم بنووسیبا دووبارەکردنەوەی ناو نووسینەکانم دەبوو. تکایە وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکەت لەبەر ئەم هۆیەیە و داوای لێبوردن دەکەم، لەگەڵ ئەم نامەیەدا دوو نووسینەکەت بۆ دەنێرم بە هیوام لە کەڵك بەدەر نەبن و دەشتوانی لە کتێبەکەتدا بڵاویان بکەیتەوە.

برات سەباح ڕەنجدەر

٢٠١٣-٢-١ هەولێر

## نامەی سەلام محەمەد بۆ سەباح ڕەنجدەر

## سڵاو کاك سەباح گیان

پیرۆزباییت لێدەکەم کە ئیمەیلت کردۆتەوە و دەستی ئەو برادەرانە خۆشبێت یارمەتیان دایت. برام نامەکەی بۆ کاك مەشخەڵت ناردووە پێمگەیشت لەگەڵ دوو وتارەکەدا ئیتر نازانم بۆ ئەویشت ناردووە یان نا. وا لە خوارەوە ئیمەیلەکەی دەنووسم تا لە پاشەڕۆژدا پەیوەندیەکە ڕاستەوخۆتر بێت. من کۆپیەکی نامەکە و وتارەکانم بۆی نارد. دەربارەی کارەکەی کاك مەشخەڵ ئەو ڕوونی کردۆتەوە کە مەبەستی ئەوە نییە وەکو پێشڕەوی شیعری نوێ باسی من بکات بەڵکو یەکێك لەوانە کە ڕەحمەتی جەلالی میرزا کەریمیش دەگرێتەوە و بۆ مێژوو دەڵێم دەوری لە هەموومان زیاتر بوو بە حوکمی ئەوەی لە بەغدا دەژیا و هاوڕێی شاعیرە عەرەبە نوێخوازەکان بوو هەروەها لە ئیزگەی کوردی بەرنامەی هەبوو سەرەڕای لاپەڕەی ئەدەب و ژیانی هاوکاری کە ئەو سەرپەرشتی دەکرد و بە ڕاستی گەورەترین مینبەری بڵاوبوونەوەی شیعری نوێ بوو لەو سەردەمەدا ڕۆڵی ئەو لاپەڕەیە لە گۆڤاری ڕوانگە زۆر زیاتر بوو. من لە خۆم ڕادەبینم بە وردی و زانستییانە لەسەر ئەو مێژووە بنووسم و ببێتە بناغە و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هەموو ئەوانەی وێنەیەکی ئۆریگناڵ و ڕاستەقینەی گۆڕانکارییەکانیان بە لاوە گرنگە، بەڵام لەو حاڵەتەدا دەبێت خۆم لە کوردستان بم چونکە کۆمەڵێ ئەرشیفم پێویستە و پرۆسەی لەو بابەتەیش لای کەمی سێ چوار مانگێك کارکردنی دەوێ. بەڵێ، دەوری جەلالی میرزا کەریم لە شێرکۆ بێکەس گرنگتر بوو، بەڵام شێرکۆ بێکەس بەرهەم و جەماوەری زیاتر بوون و لە ڕووی هونەریشەوە شیعرەکانی بەهێزتربوون. من خۆم ئەو تاموچێژەی لە شیعری شێرکۆ بێکەس وەرمگرتوون زۆر قووڵتر بووە لە شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم. لەو کاتەدا چەند نامەیەك لەنێوان من و کاك شێرکۆدا هەبوون کە ئەوسا فەرمانبەر بوو لە بەشی تەسجیلی زانکۆی سلێمانی دەربارەی برادەرانی کەرکوك و نوێخوازی و ڕوانگە و جەلالی میرزا کەریم و زۆر شتی دیکەیش کە پێموایە لە دوای ئەو نامانەوە ڕوانگە ڕووی لە کزی و ساردبوونەوە کرد و گوڕوگوژم و گردبوونەوەکەی سەرەتای نەما. بێجگە لە من و کاك شێرکۆ خۆی هیچ کەسێکی دیکە ئاگای لەو ساردبوونەوەیە و کشانەوەی هەندێ لە قوتبەکانی نەبوو هەرچەندە تا ئەمڕۆش کەسیان وەك سەڵاح شوان ڕوانگەیی نەبوون و بەرگرییان لە ڕوانگە نەکردووە. نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە ڕوانگە لە لایەکەوە هەروەها برادەرانی کەرکوك هەردوو لەتیف و ئەحمەد شاکەلی و ئەنوەر شاکەلی و من لە لایەکی دیکەوە بە تایبەتی لە شیعردا من و لەتیف هەڵمەت، چونکە ئەوسا تەنیا هەردووکمان لەناو شاری کەرکوکدا دەژیاین لە چیرۆکیشدا ڕەحمەتی لەتیف حامید و ئەحمەد شاکەلی و صدرالدین عارف. بە داخەوە تا ئێستا کەسێك بە شێوەیەکی زانستیی لەسەر ئەو سەرەتایانەی نەنووسیوە، کە بە بەشێکی زۆر گرنگی مێژووی ئەدەبی کوردی دەژمێردرێت.

لەگەڵ خۆشەویستی و ڕێزی برایانەدا

برات: سەلام محەمەد سوید

٢-٢-٢٠١٣

**سەرنج:** لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا بوو واتە ١٩٧٢-٠٢-٠٢ لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا سەراج و من تابلۆی بەر دەرگای یەکێتی نووسەرانی کەرکوکمان هێنایە خوارەوە و بانگەوازێکمان بلاوکردەوە بۆ چاکسازی.

# گەڕان بەنێو باغەکانی شیعری

# سەلام محەمەد

## وتار و لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعرەکانی سەلام محەمەد

**تێبینییەکی پێویست:**

ئەم وتار و لێکۆڵینەوانەی لەم بەشەدا دەیخوێننەوە، دەقاودەق وەك چۆن لەلایەن نووسەرەکانیانەوە نێردراون، یان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا وەرگیراون، ئاوا دانراونەتەوە بێ ئەوەی دەستکاری ڕێنووس یان زمانیان بکرێت. جا ئەگەر وتارەکان پەیڕەوی یەك ڕێنووس ناکەن هۆیەکەی ئاشکرایە کە هەژاری زمانی کوردییە لە بواری ستانداردبووندا.

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)



## دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە

**نووسینی: سەباح ڕەنجدەر**

ئایا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مرۆڤ پێویستی بە شیعر هەیە، یان بەهای شیعر لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بە چ ئاست و ئاراستەیەك وەردەگیرێت. ئایە شاعیر یەکێتییەکی لەنێوان (پێویستی) و (بەها)دا پێك هێناوە، یان لە تیشکدانەوەی ڕەسەنایەتی و بە قووڵبوونەوەی ئەم ناوەندەدا چاوی بە جیهاندا خشاندووەتەوە و پێوەندیی خۆی بە جیهانەوە دەستنیشان کردووە. پێوەندی بە جیهانەوە بڕوا و بڕواپێبوونە بە بەرهەمهێنانی جوانی بەهۆی پێویستی و بەهای ژیان و پێناسەکردنەوەیەکی دیکەی شتەکان.

شمشاڵ دێرین و هاوچەرخە، بە جارێك بیستنی شمشاڵی (قالە مەڕە) هەستی بیستن تەواو ناکرێتەوە و ئامادە و پاراو نابێت. ئەگەر شیعریش لە گیانێکی دامەزراو و گەرمدا ئەفسوونی بوونی خۆی پێك هێنابێت و گیانێکی گەرمیش بە وەرگر بدات، خۆی دەسەپێنێت و دەبێتە پڕۆژەی خوێندنەوەی تەمەن، لەم جۆرە خوێندنەوەیەشدا سەرچاوەکانی (چێژ) و (هەست) و

(سۆز) بەیەك دەگەنەوە. هەریەکەشیان دووبارە دەبنەوە هێزێکی سەربەخۆ و کاریگەر بۆ تەکانو جووڵانی ئارەزوو.

هەموو شتەکان لە یەك شت کۆناکاتەوە. چێژ و هەست لە (سۆز)دا کۆناکاتەوە، یان هەست و سۆز لە (چێژ)دا بەرانبەر و هاوسەنگ ناکات، یان چێژ و سۆز لە (هەست)دا ڕووبەڕوو ناکاتەوە. هەریەکەیان وەك بوون و توخم و ڕەگەزی سەربەخۆ دەجووڵێنێت و لە شێوەی یەکەیەکی کاریگەر شوێنیان لە جەستەی شیعردا دەداتێ، بەڵام هەر سێ توخمەکە بەیەکەوە دەخاتە نێوان دوو کەوانەوە، ڕەهەند و پانتاییەك لەنێوانی خودی هۆشیاری و توخمەکان دەهێڵێتەوە. بە بایەخترین شتێك، کە بە ویستەوە کاری لەسەر کردووە هێشتنەوەی ئەو ڕەهەندو پانتاییەیە، واتە ئەو ڕەهەند و پانتاییە بنەمای جووڵان و ناوەند و سەرچاوەی ڕاستەقینەیەتی. نموونە: وەك لە شیعری (بارانی ڕەنگاوڕەنگ)، یان لە شیعری (تێنوێتی و زستانی جوان)، یان لە شیعری (شاری نهێنی)، یان (هەنگوینی تاڵ) دەردەکەوێت.

ڕەنگە من بۆ خۆم لە ماوەی جیا جیادا چەند جارێك گەڕامەوە سەر ئەم کتێبە شیعرییە. ئەو بەردەوام خوێندنەوەیە بۆ کەڵك وەرگرتن نییە لە شێواز و زمان و مانای وشە و ڕستەکان، بگرە بۆ بەهێزکردن و پاراوبوونی گیانە. کاری شیعرییەت بە گشتکردنی بوونەکان و پاراوکردنی گیانە لە خڵت و پیسییەکانی زەمین، نهێنی ئەوە چییە شیعر بەرەو ئەو کاریگەرییە چووە. لێیەوە بە دوای چێژەکانی ژیاندا بچین، چێژیش بە سەربەخۆیی خۆی بهێڵێتەوە، لەم سەربەخۆیی بوونەدا چێژ دەتوانێت و بۆی هەیە وەك جۆرێك لە دەق، شێوەی زەینی وەربگرێت.

ئەم شاعیرە لە ئاستێکدا کاری شیعری خۆی کردووە، کە نەوە یەك لە دوای یەکەکانی شیعری کوردی جۆرە گۆڕان و نوێبوونەوەیەك پەیدا دەکەن و لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن و بە کۆ کار لە شێوە و زمانێك دەکەن. ئەمیش لەم ئاراستە لەسەرخۆیەدا هاتووە و لەگەڵ دەنگی کۆدا بەشداری لە گۆڕان و نوێبوونەوەدا کردووە. کەواتە (بەشدارە) لە گۆڕان و نوێبوونەوە، بەڵام (وەرچەرخێنەر) نییە. گۆڕان و نوێبوونەوەیەکی تاکەکەسی ئەنجام نەداوە بۆ ماوەیەکی نادیار کاریگەری جێ بهێڵێت، وەك دەرکەوتنێکی جیاکار و پڕ سرووش بمێنێتەوە و قەوارەیەك بۆ خۆی وەربگرێت.

(دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی (سەلام محەمەد)ە. ساڵی (١٩٨٨) لە دووتوێی (١٤٩) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (حسام) لە بەغدا چاپ



کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (لەدایك بوون، درۆی ئاوارە، بەیانی دێم ماچت دەکەم، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، ئاسۆی خۆرنشین، توانەوە، شەوانی تەنیایی، بارانی ڕەنگاوڕەنگ، داری زەنگیانە، هاوین، تۆ کەناری یان ڕووباری، شیرین و یادگارەکانی ڕەحیماوە، تێنوێتی و زستانی جوان، سۆزانییەکی پیرۆز، گەشت و پێناسین، وەك هەزاران ڕێکەوتی‌تر، ماڵئاوایی، گیانە لەیلا، گوڵی نەورۆز، ساماڵی پاش بارانی نیوەشەو، سۆما، ئۆپەرێتی خۆشەویستی، ئاکسل و سارا، خۆڵەمێش، شاری نهێنی، تانیا، بارانی سووتاو، قەرسیل، بۆ کچی کوێستان، جنۆکەی ئەندێشەی شاعیر، هیچ و هەزار، وەرزی بەستەڵەك، پڕشنگ، هەنگوینی تاڵ، تریفەی سوور، سێ ماچ)

تریفەی سوور
ساماڵە شەوی زستانە
ئەستێرە بە ئاسمانەوە دەجریوێنێ
دەوروبەرم یەکپارچە وەك گۆمێکی مەنگ
کپ و بێدەنگ و خامۆشە
پێخەفی گەرم
بۆتە هیلانەی مەلۆتکەی
خۆزگە و جووتبوون و خەوبینین
شاری ماندوو
کراسێکی خۆڵەمێشی لەبەردایە
باڵندەی ئەندێشەی منیش
باوێشکەدا و خەوی نایە
بە گەردوونی بێ سەرەتا و کۆتاییدا
دەخولێتەوە
فڕی، بەڵام چۆن فڕینێك
ئێجگار لە هالی خێراتر
بەسەر دەیان جیهانی نوێدا تێپەڕی
دەیان شاخی گەورە گەورەو
دوورگەی پڕ لە تەمومژ و

**دەریا و ئۆقیانووسی بڕی**
**هەزاران ساڵی هەتاوی**
**لە تۆپە خڕەکەی زەوی دوورکەوتەوە**
**رۆیشت**
**رۆیشت**
**گەیشتە ئەستێرەیەکی تریفە سوور**
**ویستی بچێتە ژوورەوە**
**بە ماتە مات نزیك بووەوە**
**لە پڕێکدا**
**هێزێکی نادیار و ون**
**بە ئاستەم پاڵی پێوەنا**
**ملیۆنێ ساڵی هەتاوی**
**بۆ دواوە دوورخستەوە**
**کاتێ گەیشتەوە لای من**
**هەر ئەوەتا پەڕ و باڵی پێوە مابوو**
**تك تك دڵۆپە ئارەقەی ئاگراوی**
**لە ناوچەوانی دەچۆڕێ**
**بەدەم گریانەوە دەیوت**
**من بە ئەوینی مەرگەوە هاتم بۆ لات**
**تۆش دەیان نهێنی ترت**
**خستە ناو گێژەڵووکەی بیر**
**جار بە جاریش**
**وەك دەروێشێکی گۆشەگیر**
**ناڵەیەکی دڵتەزێنی لێوە ئەهات**
**لای لایە**
**مرۆڤ لای لایە**
**ئەو مەحاڵەی**



**لەم ژیانە و لەم تەمەنەدا نایگەیتێ**
**نووری خودایە**

**ئەزموونی ئەم شاعیرە وەك ئەوەی لەم قۆناغەدا، کە تێیدا بەرهەمهێن بووە، ئەزموونێکی وریا و نیمچە کامڵ و خەملّیوە، بەوەی بە وشەی زۆر و ناپێویست وێنەکانی نەشێواندووە و باری هەیکەلی گشتی دەقەکانی گران نەکردووە. بە وریاییەکی ئەفسوونی کاری لە بواری ئەندازەیی وشە کردووە. دەزانێت وێنە چەند وشە و چی لە وشە دەوێت. دوورە لە کەڵەکەکردن و دانە پاڵ یەکی وشە و دەستەواژە و ڕستەی بێ سوود.**

**کاتێك هەندێك لە شیعرەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت، لەناو هەورێکی پەمۆییدا مەلە دەکەیت، یان لەناو بەلەمی گەشتێکدایت زۆر بە هێمنی و بێ زۆر لە خۆکردن دەڕوات و حەز دەکەیت گەشتەکەت درێژ ببێتەوە. لەگەڵ فەزای شینی ئاو و فەزای شینی ئاسمان پێوەندییەك دێتە ناوەوەو دەبێتە بکەر. لە بنیادی کردەی شیعرەوە پەیدابووە و هاتووەتە ناو خانە وردەکانی ژیانمانەوە. کەواتە ئەم جۆرە ئەدەبە، ئەدەبی ڕاستەقینەیە و خۆت لە بەردەم ئەزموونێکی پاك و پوختدا دەبینیتەوە، کە بە ئێستێتیکای چێژ و هەست و سۆز چندراوە. وێناکردنێکی سۆفیگەرییانە، دید و دیدگای سۆفیگەریی خواست و بڕوابەخشینە بە مرۆڤ و پاکبوونەوەی مرۆڤ. لەسەر بنەمای کرانەوەی گیان بەسەر جوانبینی و چاکبینی و ژیاندۆستی.**

**لە ئەنجامیشدا دەگەین بە شوێنە باڵاکان. لە ئەزموونی شاعیردا ئەم دۆخە پێ بە پێ خۆی دادەمەزرێنێ. ئەم خۆدامەزراندنەش بەرهەمی بیرکردنەوەیەتی. بیرکردنەوەکانیشی گەیشتوون بە ئاستی بەرهەمهێنان. بەرهەمی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش مەودای میتافیزیکی فراوان دەکات و هێما و هێماپێکراو لەم فراوانبوونەوەیەدا تێکدەچرژێن و لە چێژ، چێژدارترن. لە هەست، هەستدارترن، لە سۆز سۆزدارترن.**

**ئەم شاعیرە لە شیعر دوورکەوتووەتەوە. پێویستە لە هەقیقەتێکی کاریگەر و ئێستێتیکی بە ئاگا بێتەوەو بێت لەناو ماڵی شیعردا نیشتەجێ بێتەوە و ببێت بە کەسایەتییەکی زیندوو، بەوەی ڕوانینە جوانەکان هێشتان نەکوژراون، شاعیر دەتوانێت بۆی بژیێت و بەرهەمی بهێنێتەوە.**

ئابی ٢٠٠٨ هەولێر

## قەڵەمکێشی سەلام محەمەد بە وشە

## نووسینی: سەباح ڕەنجدەر

ئەدیب لە کرۆك و ناوکی خۆیدا بۆ مرۆڤ و ئەو بەشەی سروشت دەنووسێت، کە سیما و خەسڵەتی مرۆڤیان وەرگرتووە، یان لە سیما و خەسڵەتی مرۆڤدا بوونی خۆی دەدۆزێتەوە و دادیدەڕێژێت. بەو شێوەیە ئەدەب مرۆڤ دەخاتە چەقی گەردوون و زەمینێکی تاك و شایانی بۆ تەرخان دەکات. ئەو دێرە تیژانەی لەناو شیعرەکانی (سەلام محەمەد)دا بە دوای ڕاست و چەپی خۆیدا دەڕوانێت. دەردەکەون و ون نابن، ئەوە دارمانی بەها و ناکۆکی و پێوەندییە هاوسۆزەکانن، لە بارێکی دیاریکراودا دەردەکەون و هاوسەنگی هێما و هێماپێکراوێك بە تەواوکردنی یەکتری دەدەن. زۆر لەسەر ڕستەی سەرەتا و کۆتایی ڕادەمێنێ، وەك بڵێی سەرەتا و کۆتایی بکاتە ناوەند و نوختەی بینینی دۆخگۆڕین. گرژیی لەنێوان دێرەکانی سەرەتا و کۆتاییشدا وەك هونەرێك دەمێنێتەوە و ئاسۆ و دوورییەك وەردەگرێت. سەرەتا و کۆتایی دەبێتە بەشێك لە بنیادی پێکهاتەی واقیعی شیعرەکە و دەخرێتەڕوو، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەودا



پێکهێناوە. دەکرێت ئەم تین و تاوەی سەرەتا و کۆتاییە وەربگرین و بڵێین جۆرێکی زۆر تایبەتە بۆ دامەزراندنی پێوەندییەك. ئەم پێوەندییە سەر بەدەقێکی دەستنیشانکراوە و هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕەوت و مانای ناو دەق دەدات. خۆی شێواز و فۆرمێکی پەرەپێدراوی کلتووری خۆماڵییە. نموونە: بەیتی کوردی وەك هەستی ڕاستەقینەی خۆی زۆر لە سەرەتا و کۆتاییدا ڕادەمێنێ. کەواتە ئەم شێواز و فۆرمە پرسیارێکە لەبارەی ئاکامی بەردەوامبوونی کلتوورەوە. دەتوانین ئەو شێواز و فۆرمە بە هەقیقەتێکی نوێبەخشی بزانین، چونکە سەرەتا و لە پێشتردا بووەتە هۆی بەدیهێنانی پێویستییەکانی نوێبەخشی. هەموو ئەدیبێکی نوێبەخش خاوەنی هەقیقەتی باڵای خۆیەتی. ئەم هەقیقەتەش تەنیا شێواز و فۆرمی نووسینەکەیەتی. لەم جۆرە نووسینەدا ئەدەب زۆر لە ڕۆژانەی واقیع دوور ناکەوێتەوە و هەموو شتێك پێکدەهێنێ. وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، کە ئێستێتیکایەکی بیندراوی بە شێوەی جووڵاو تێدا پێشکێش و پەخشکراوە یەکێکە لە کانگاکانی بەهرە وەرگرتن و ختووکەدانی ناخ بۆ دۆخی شیعری، دۆخی شیعریی جیهان و کرۆك و ناوکی مرۆڤە و بە قووڵی ڕیزی ژیانی تێدا دەگیرێت. شیعر ئەگەر بە قووڵی ڕیزی ژیانی تێدا نەگیرا، بێ بگرە و بەردە ڕووکەش و یەکئاستە.

زمان لای وەك موگناتیس وایە ئامانجی دەربڕین و کەرەستەکانی داهێنان لە بیرکردنەوەی داهێنەر دێنێتە دەرەوە بۆ جووڵاندن و خۆدەربڕین. پێوەندیی نێوان وێنەی هەستی و وێنەی زەینی بەرەو هەڵوەشانەوە دەبا و وێنەی ویستی کۆمەڵگەی کوردی دەکێشێ، کە ویستێکی کۆ واتایە و بە دوای داگیرسانی هێڵێکی سەوز سەرگەردان و ماندووە، کە وەرچەرخان و گۆڕانێك دروست بکات، شیعر دەکاتە جێگرەوە و جێگرەوەش دەکاتە شیعر و خۆی تێدا دووبارە دەکاتەوە، وەك چالاکییەکی بیندراویش بەشداربوونی کارای خۆی لەناو پێشان دەدات و پێکهاتە وەردەگرێت. ئەگەرچی ئەو بۆچوون و پێودانگ و جێگۆڕکێکردنە جۆرە ڕایەڵێکی هەڵخەڵەتێنەری شیعری بێگەردە. بۆ بەرهەمهێنانی شیعری بێگەرد، هەزار ڕێگا هەیە بۆ خۆدەربڕین و خۆهێنانە سەر دۆخی داهێنان و دەست لە دڵی شتەکان دان و ڕۆچوون بەناو سەرزەمینی شیعردا.

مرۆڤ شیعر بنووسێت و سیاسەتیش بکات، بێ هیچ گومان و دڵ لە دڵدانێك لە یەکێکیاندا سەختەکارە. بەشێك لە شاعیرانی ئەمڕۆ هێندەی خەریکن لە ناوەندە سیاسییەکان نزیك دەبنەوە، کەمتر لەوە خەریکی شیعری بێگەردن.

هەر دەقێکی شیعری بارێکی تایبەتی داهێنەر دەهێنێتە ئاوێنەی بەرانبەر بۆ خۆناساندن و جۆرێك گفتوگۆ و لێوردبوونەوە، پێویستیشە بەو پێودانگە، کە بارێکی تایبەتە لێی وردببینەوە، چونکە بارە تایبەتەکە ئەو هۆ و ئامانج و دەرهاوێشتەیەیە دەقە شیعرییەکەی لێوە بەرهەم هاتووە و بووەتە ئامادەبوون لە بووندا. باری تایبەتیش، کە بوو بە بەرهەم، دەگات بە بەدەستهێنانی ئاگایی نووسین و دەبێتە ئاکارێك بۆ سروشتی خودی، سروشتی خودیش دڵگەرمی و هەستیاری لەبارە تایبەتییەکەی نووسەر دەکاتە هێما و هێماپێکراو و وێنەی گەورە، یان بچووککراوی چۆنیەتی بیر و بیرکردنەوەی. لەم ئاڵوگۆڕ و کردەیەدا خودی نووسەر دەبێتە خودی ئەدەب و نیشانەی هونەریی ئەدەب دەدۆزێتەوە. لەم حاڵ و بارەدا هونەری دۆزراوە بۆ بەرانبەر شیاوی تێگەیشتن دەبێت و بە باڵاترین پلەی خۆی گەیشتووە.

سۆفی لە دەروونی خۆیدا بە دوای ئازادیی خوداییدا دەگەڕێت و لە ئازادیی خوداییدا هەقیقەت داپۆشراو نییە. دەقی (هەنگوینی تاڵ ـ گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٣٨ی ساڵی١٩٨٧، ل: ٦٢ تا ٦٣)دا. بە شێوەیەکی پڕشنگدارانە دەربڕین لە هەڵبەز و دابەزی ڕۆحێکی پڕ گومان و پەرێشان دەکات. زیاد و کەمی لە دەقەکەدا فڕێداوە و کاکڵەی هێشتووەتەوە، واتا جومگە سەرەکی و پێویستییەکان. خاوەنی ئەزموونێکی تێڕامان و لێخوردبوونەوەیە لە ژیانێکی جەنجاڵدا، ئەزموونی ڕۆح ڕایەڵ و هەستێکی ڕەسەنە لە ئامادەبوون لە بووندا، بوونێکی پڕ گومان و پەرێشان. ئەم شیعرە تایبەتێکە لە ڕوخسارە کاریگەرەکان و ئەو شتە دەردەبڕێ، کە شاعیر لە ڕۆحیدا، یان لە شوێنێکی نزیك ڕۆحییەوە بە دوای سەرهەڵدانیدا عەوداڵە و سەرسام و چاوەڕوان لە پێشوازیدا وەستاوە.

بۆ نیشاندانی کاکڵەی ڕۆحێکی پڕ گومان و پەرێشان. ئەم شیعرە بژاردەیە، بە تین و تاو و سەرنجی تەواوەوە لە ڕیشاڵی دەروون دەڕوانێت و کرۆك و ناوکی هەستەکانی ئەزموون دەکات. پاش ئەزموونکردن و مامەڵە لەگەڵ کەرەستە ئەزموونکراوەکەدا دەیگوازێتەوە پانتاییەکی پیشاندراو. بە بوونێکی دیار و ئامادە و ئازادەوە لە (نوختەی بینین)ی نەمریی و درەوشانەوەدا دەوەستێت. وەك سۆفی لەگەڵ بنەڕەتی بوونی خۆیدا گفتوگۆ پێکدەهێنێت، گفتوگۆش یارمەتی بیرکردنەوەی دەدا، زمان و شیعر وەك خود و سروشت بەناو هەموو شتەکاندا تێدەپەڕێنێت، بەرانبەر هەموو شتەکانیش دەیانوەستێنێت، هەریەکەیان لە ڕێگای ئەوی تریانەوە هەست پێ دەکرێت و دەبێتە هۆی ڕوودان و چالاکی بوونی باڵا.



ئامانجی نووسین خەیاڵ و واقیع بەگەڕ دەخات بۆ پێشبڕکێ و ململانێ. خەیاڵ واقیع دەهێنێتە یاد و واقیعیش خەیاڵ تیشکدار و دەوڵەمەند دەکات. لەم شیعرەدا تیشکی دەروون دەوڵەمەندی و بەهێزی و باوەڕبەخۆبوونی بە شاعیر داوە و لە کاریگەرییەکانی دەرەوەی ڕزگار کردووە. وێنە بە هێزێکی جۆراوجۆری، ویستی و نەستی و نیشانەی پێوەندییەوە، خۆی زاڵ دەکات و خەیاڵ زاخ دەدا، هەستیارییەکی پەنهان لە وێنەکان پەخش دەبن، بە هۆی زاوزێکردنی یەك بە دوای یەکی وێنەکان دەتوانین دەست لە هەستیارییەکان بدەین و فەزای چوار دەوری ویستی و نەستی و نیشانەی پێوەندیی وێنەکان ببینین. بەم جۆرە کەسایەتییەکی پڕ گومان و پەرێشان لە ململانێ لەگەڵ خۆیدایە و دووچاری خۆخواردنەوەی بەردەوامی دەکات. ئەنجام لەناو گومان دێتە دەرێ و گومانەکە خاو دەکاتەوە، بە دەستەواژەی (چەندین بیرەوەری ڕەشت بۆ جێهێشتم)، یان (بۆ بەیانی پەشیمانم) خۆی بەختەوەرو خۆشحاڵ دەکات و پیرۆزییەك بە خۆی دەدات، خودی پیرۆزییەکەش لە ڕەوتی دەقەکەدا دەردەکەوێت و ون نابێت. تێیدا هەقیقەتی ڕۆحی خۆی بەرجەستە دەکات و ئەوپەڕی بوونی خۆی دەسەلمێنێت. لەگەڵ ئەم بەرجەستەکردنەشدا بۆ سازدانی جیهانی ئەدەبیی. سروشت هاوتای مرۆڤە، سروشت وەك بابەت لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا کەم مامەڵەی لەگەڵ کراوە، یان لابەلا هاتووەتە ناو دەق و پەیوەستێکی قووڵ و قووڵبوونەوەی نییە. بارودۆخ و سەردەم و ڕووداوە جیاجیاکانی کات و شوێن دەبنە هۆی پێکهێنانی نووسەر، بەڵام کە نووسەر لە ڕێگای نووسینەوە گەڕایەوە سەریان، ئەوکاتە بارودۆخ و سەردەم و ڕووداوە جیاجیاکانی کات و شوێن دەبنە ئامانجی نووسین.

ئابی ٢٠٠٨ هەولێر

# دادپەروەری وەك درۆیەكی گەورە

## نووسینی: حەمە مەنتك

چەمكی دادپەروەری بە درێژایی مێژوو بە واتا و چەمكی جوداواز جێی سەرنج بووە. لای هەر فەیلەسووفە بە جۆرێك لێكدراوەتەوە، هەر دەسەڵاتدارێك بەپێی بەرژەوەندی خۆی وەسفی دەكات. تاكو ئێستایش بە بڕوای من ڕوون نییە دادپەروەری چییە؟ چونكو هەر قوتابخانە و ڕێبازێكی بواری سیاسی، سۆسیۆلۆژی بەشێوەیەك و لە دەلاقەیەكەوە لێی دەڕوانێت. بەلای ئەفلاتونەوە دادپەروەری ئەوەیە كە هەر تاكێك مافی خۆی بدرێتێ، بەڵام بەلای ئەرستۆوە دادپەروەری دوو جۆری هەیە، جۆرێكیان دادپەروەری یاساییە، كە لە دادگاكان بوونی هەیە و مافی ستەملێكراو لە ستەمكار دەستێنێتەوە، ئەمەیش واتای ئەوەیە كە دەوڵەت مافی هەموو كەسێك دابین بكات و هیچ كەس مافی بەرانبەرەكەی نەخوات، مەبەست لە دادپەروەری كۆمەڵایەتییە. كەواتە دادپەروەری ڕاستەوخۆ پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە و ئەم



چەمكەیش پێوەندی بە ئازادی و یەكسانییەوە هەیە، بەڵام سۆفستاییەكان یەكەم كەسانێك بوون قسەیان لەبارەی ئەم چەمكە و كێشەكانییەوە كردووە، بە بۆچوونی ئەوان تاك پێوەری هەموو شتێكە و دادپەروەری بوونی نییە. هەروەها ئەوان لەو باوەڕەدان ئەم چەمكە زۆر ئاڵۆزە و باوەڕیان پێی نییە تەنێ بێدەسەڵات و هەژارەكان باوەڕیان پێی هەیە. ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی كە ئەفلاتون و ئەرەستۆ دژیان بوەستنەوە، وەك لە بەرهەمەكانی ئەفلاتون بەدیار دەكەوێت. ئەم چەمكە بەو شێوە میتافیزیكییە مایەوە، تاكو چەكەرەكردنی فەلسەفەی سیاسی بە ڕابەری فەیلەسووفی ئینگلیسی (دێڤد هیوم)، بە فەلسەفەی ڕۆشنگەریش ناسراوە. ئەم فەیلەسووفە دادپەروەری بە ڕەفاهیەت دەبەستێتەوە، ئەم دادپەروەریەیش تەنێ بەدابینكردنی ئازادی بۆ تاك دێتەدی. ئەو كاتە دادپەروەری لەنێو كۆمەڵگەدا دێتەبوون، كە تاكەكان ئازاد دەبن.

تاكو ئێرە ڕەنگە زۆر بە كورتی و چڕی لە چەمكی دادپەروەری دووا بین. ئێمە هەوڵدەدەین هەڵوێستە لەسەر شیعرێكی شاعیر (سەلام محەمەد) لە دیوانە تازەكەیدا بەناوی (عەدالەت خان) بڵاوكراوەتەوە، بكەین. بەگوێرەی توانا دەیدەینە بەر تیشكی ڕەخنە و لە ڕێگای هەمان شیعرەوە بەدوای وەرامی پرسیارگەلێكی وەك: شاعیر چۆن لە چەمكی دادپەروەری دەڕوانێت؟ ئایا شاعیر باوەڕی بە دادپەروەری هەیە؟ ئایا چەمكی دادپەروەری بوونی هەیە؟ ئەگەر هەیە بۆچی وەك خۆی پەیڕەو ناكرێت؟ ئایا سیاسییەكان (دەسەڵاتدارەكان) چۆن لە دادپەرەوەری دەڕوانن؟

بێگومان بارودۆخی میللەتی كورد لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا لە هەموو ڕوویەكەوە خەراپ بوو، بەتایبەتی لە شارەكانی كەركوك و ناوچەكانی گەرمیان و ئەو ناوچانەی كە ئێستا پێی دەڵێن ناوچە كێشە لەسەرەكان. لەوێ كوردەكان ستەمیان لەلایەن دەسەڵاتی ڕژێم و عەرەبەكانی هەمان ناوچە لێدەكرا. بۆیەیش شاعیر كە ئەو هەموو نادادپەروەریەی دیوە و لەهەمان كاتدا هەمان نادادپەروەری لەلایەن خودی دەسەڵاتدارانی كوردەوە لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) پاتەكرایەوە و كە تاكو ئێستایش بەردوامە و تەنها هەوڵی پڕكردنی گیرفانەكانیان دەدەن. شاعیر ئەوەی لە ناخیەتی لە ڕێی ئەم شیعرەوە بەتاڵی دەكاتەوە:

عەدالەت خان

هیچ شاعیرێك توانای وەسفی

شێوە و جوانی و تام و بۆن و
دەنگ و ڕەنگی تۆی نییە
ئەوەتەی مێژوو هەیە تۆیش هەیت
هەر لە حامورابییەوە تا دەگاتە
فەیلەسووف و بیرکارەکانی ئەمڕۆ
باس تەنیا باسی نازداری و شۆخو شەنگی تۆیە

سەرەتا با لە ناونیشانی شیعرەکەوە دەست پێبکەین، (عەدالەت خان) لێرەدا شاعیر مامەڵەی لەگەڵ چەمکی دادپەروەری مامەڵەکردنە لەگەڵ ئافرەتێك. دادپەروەری بە ئافرەت چواندووە. وەکو سیمبولێك یاریی بەم وشەیە دەکات، ئەوەمان پێدەڵێت کە هەموو کەسێك باسی ئەم چەمکە دەکات، شاعیران دەستەوەستان ماون لە وەسفی دادپەروەری هەموویان بە درێژایی مێژوو باسی دادپەروەری دەکەن، بەڵام ئایا هیچیان گەیشتوونەتە ڕایەکی تەواو لەسەر ئەم چەمکە. بەڕای ئێمە هیچ یەکێك لەو فەیلەسووف و زانایانەی باسیان لە دادپەروەری کردووە نەگەیشتوونەتە ڕایەکی هاوبەشی تەواو. ئەوەتا سەیری شۆڕشی فەڕەنسی بکە، لە پێناو دادپەروەری بەرپا بوو، بۆ ئەوەی هەموو خەڵك وەکو یەك یەکسان بن. دواتر هەر سەرکردەکانی شۆڕش دەستیان بە نادادپەروەری کرد لە دروشمەکانی شۆڕش لایاندا. بۆیەیش هەموو بۆچوونەکان ڕێژەیی بوونە. شاعیر لە سەرەتادا بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز ڕووبەڕووی ئەم چەمکە دەبێتەوە، کە هەر لە حامورابییەوە تاکو ئێستا بوونی هەیە و دەیان بیروڕا و پەیماننامەی نێودەوڵەتی و جاڕنامەی مافی مرۆڤ، هەموویان لە پێناو جێبەجێکردنی دادپەروەری نووسراون و مۆرکراون کە تیایدا مافەکانی تاك بپارێزن. کەچی ساڵانە بە هەزاران کەس لە جیهان بەهۆی هەژاری و برسیەتییەوە دەمرن و کەس بەهانایانەوە ناچێت. تەنێ کۆبوونەوە لەنێوان وڵاتە زلهێزەکان و خاوەن پیشەسازییەکان دەبەسترێت، گوایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری و برسییەتی و پاراستنی ژینگە و دەیان درۆی ترە، بەڵام لەسەر کاغەز هەندێك خاڵ دەنووسرێت، بەبێ ئەوەی لە واقیعدا جێبەجێ بکرێت. بۆیەیش شاعیر لەلایەکی دیکە پێمان دەڵێت کە هەموو ئەمانە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان بەوپەڕی جوانییەوە باسی شۆخ و شەنگی و زەرووڕەتی ئەم چەمکەمان بۆ دەکەن، بەبێ ئەوەی تەنانەت خۆیان تەواو لێی تێگەیشتبن. باسکردنی چەمکی دادپەروەری لەلای دەسەڵاتدارانی ئەم سەردەمە درۆیەکی گەورە و هەڵخەڵەتێنەرە، یەکێکە لەو سیاسەتانەی ئەو کەسانە بەکاری



دەهێنن بەرژەوەندی خۆیان بۆ ئەوەی هەر لەسەر کورسیەکانیان بمێننەوە. تاکو ئێستایش واتای دادپەروەری تەواو ڕوون نییە. بەڵکو هەریەکە لێکدانەوەیەکی بۆ دەکات، هەیانە هەر باوەڕی پێی نییە، تەنێ وەك چەمکێك دەیبینێ کە مشتومڕی لەسەر دەکرێت. تا ڕادەیەك ئەمە ڕاستە، چونکو وەکو واقیع تا ئێستا لە هیچ وڵاتێکی جیهان کەش و هەوایەکی دادپەروەرانە نابینین. ڕەنگە هەندێك وا بزانن لە وڵاتانی ئەورووپا دادپەروەری بەگشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بوونی هەیە، بەڵام ئەمەیش ڕێژەییە هێندێ لایەن دەگرێتەوە. لەوێیش چەندان هەزار کەس بێکارن و ژیانێکی کولەمەرگی دەژین، دەیان گەڕەك هەیە لە بچووکترین مافە سەرەتاییەکان بێ بەشن، سەدان کەس لەناو زێرابەکان دەژین، بەڵام دەتوانین بڵێین لەوێ ڕێژەیەکی باش لە دادپەروەری بوونی هەیە کە لە وڵاتانی دیکە و کۆمەڵگاکانی دیکە بەتایبەتی ڕۆژهەڵات ئەم ڕێژەیە دەگاتە خوار سفر.

هەرکەسێکیش
بە جۆرەی بەرژەوەندی خۆی
چەکی بیر و چەکی هێزی
خستۆتە کار و
لە پێناوی تۆدا خەبات دەکات
ڕۆژێك ناوت دەنێن: دیموکراتی
ڕۆژێکیتر دەبیت بە: سۆشیالیستی
جارێك دەتکەن بە پرۆلیتار و جارێکیش بە شۆڤینی
ئینجا فراوانترت دەکەن و
ناوت لێدەنێن: سۆشیال دیموکرات
هەندێکیتر بە: بیرۆکرات

شاعیر ڕاستی گوتووە، کە هەریەکە بە جۆرێك و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان ناویان هێناوەو خوێندنەوەیان بۆ کردوون. ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەیان شۆڕش و هەڵگەڕانەوەی سیاسی ڕوویانداوە بەناوی ئەوەی دادپەروەری نییە، دەیان ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە پەیدابوون بۆ ئەوەی گۆڕان لە پێناوی هێنانەدی دادپەروەری دروست بکەن. هەر لە شۆڕشی ڕێنسانس و پیشەسازی و شۆڕشی فەرەنسا و شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧) ڕوسیا و پاتە شۆڕشی (١٩٦٧)

ی پاریس و تاکو ئێستایش شۆڕش لەدوای شۆڕش. ئەوەتا ئوسامە بن لادن دەیان کردەوەی تیرۆریستی دەکات بە بیانووی ئەوەی دادپەروەری نییە و خەلافەت دەگەڕێنێتەوە بە کوشتنی دەیان هاولاّتی بێ تاوان. ئەمریکا بەعسی لەناو برد بەناوی ئەوەی دیموکراتی بۆ عێراق دەهێنێت. ڕێکخراوێکی گەورە بەناو سۆشیال دیموکرات دامەزراوە، ئیتر ئەم درۆ گەورەیە کە هەر جارەی ناوێکی لێدەنرێت، دیموکراتی، سۆشیالیستی، مۆدێرنە و بیۆکرات ئەمانە جگە لە درۆیەکی گەورە هیچی دیکە نین. بەبڕوای ئێمە ئەمانە هەمووی بۆ لەخشتەبردن و سەرقاڵکردنی مرۆڤە، تاکو بیر لەوە نەکاتەوە کە بیر بکاتەوە، چونکو بیرکردنەوە کارێکی مەزنە و بەرژەوەندی دەسەلاّتداران دەخاتە مەترسییەوە. هەروەها گەر سەرکردەکان بیریان بکردایەتەوە و کورسیەکانیان لەبەرچاو نەبووایە هەردوو جەنگی گەورەی یەکەم و دووەمی جیهان ڕووینەدەدا ملیۆنان مرۆڤی تێدا نەدەچوو. گەر سەرکردەکان ئەوەندە درۆی گەورە گەورە نەکەن و وشەی هەڵخەڵەتێنەر بەکارنەهێنن، ئەوا ئەم هەموو کاولکارییە ڕوووینەدەدا.

تەنانەت لە ناوخۆی کوردستانیش گەر حزبەکان واز لە بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆیان بهێنن جوانترین دادپەروەری کۆمەلاّیەتی و سیاسی دەستەبەر دەبێت. شاعیر لە ڕێی ئەم شیعرەی پێمان دەڵێت وشەی دادپەروەری لەلای دەسەلاّتداران هەر ڕۆژەی ناوێکی نوێی بۆ دادەنێن. بۆیەیش شاعیر لێرەدا هەڵچوونێکی گەورە کاری تێکردووە، ئەم هەڵچوونە جا بەهۆی هەر فیکرەیەك بێت دەبێت شاعیر بباتە دونیایەکی دیکە وای لێ بکات کە دەنگ هەڵبڕێت و هاوار بکات، بڵێت ئەوەتا ناشرینییەکان. خوێنەر تێبگەیەنێت کە پێویستە بیربکاتەوە و سەیری پشتی ئەم وشە گەورانە بکات، ئاخۆ چی لەپشت ئەم وشانەوە خۆی حەشارداوە، بێگومان تاکە شت بەرژەوەندی کەسەکانە، کۆدی ئەم شیعرە لەوەدایە کە دادپەروەری بە ئافرەتێك چواندووە هەموو ئەم کەسانە ئامانجیانە بگەنە دەسەلاّت و بەکاری بهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، تاکو لێی بێزار دەبن و دواتر فڕێی دەدەن. خۆ حزبی بەعس بەناوی نەبوونی دادپەروەری و کۆمەڵێ دروشمی گەورە و شۆڤینی کودەتای کرد و دواتر بوون بەو دڕندەیە.

عەدالەت خان گەلێ جەنگی گەورە گەورە
لەپێناوی تۆدا بەرپابووە



هەردوو بەرەی شەڕکەری گشت جەنگێکیش
لافی خۆشەویستی و لایەنگیری تۆ لێدەدەن
تەوڕات و ئنجیل و قورئان
چ بەزمێکت ناوەتەوە عەدالەت خان
تۆ تەنها هەرخۆتی
یەك وشەیت و
بەهەزاران واتایان بۆت داڕشتووە
کە جیاواز و دژ بەیەکن
زۆرجاریش ئەو جیاوازییە
دەبێتە هۆی دژایەتی و
کوشتار و تەفروتونا بوون

شۆڕشەکان، جەنگەکان هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی و بیرکردنەوە پوچەکانی سەرکردەکان دەکرێت. شەڕی ئەمریکا- عێراق لە پێناو چی بوو؟ ئاخۆ دەبێ ئەمریکا ئەو ئاهورامەزدایە بێت کە خەمی ئەوەیەتی عێراق دیموکراتی تێدا نییە، ئایا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا خەمی ئەوەی بوو کە دادپەروەری نییە و چینی کرێکار مافی خوراوە، لەکاتێکدا هەر ئەو شۆڕشگێرانە بوون قەڵەمی ئازاد و وشەی ئازاد و دادپەروەریان لە ولاّت وەدەر دەنا، ئەوەتا (لویس پاستێرناك)ی نووسەری ڕوسیا و خاوەنی ڕۆمانی (دکتۆر ژیڤاگۆ) لە ولاّت وەدەردەنرێت، چونکو هەرچی شتێك بنووسرایە دەبووایە بە دڵی دەزگای ڕۆشنبیری شیوعییەکان بێت. ئەمە بوو دادپەروەری لای سەرکردەکانی شۆڕش. یەکێك لە واتاکانی دادپەروەری ئازادییە، ئازادی بە واتا فراوانەکەی کە لقێك لەوەیش ئازادی بیروڕایە، ئەمە لە ولاّتدا نەبوو دادپەروەری لەکوێ بوونی دەبێت، تەنانەت ئەم نووسەرە گەورەیە خەلاّتی نۆبڵیشی ڕەتکردەوە و وەرینەگرت، لەناو ئەدەبی ڕوسی تا ئێستایش ئەوە بە کێشەی پاستێرناك ناسراوە.

شاعیر لە هەوڵی ئەوەدایە بۆمان بسەلمێنێت کە لە هیچ شوێنێك، لە هیچ ئایدیۆلۆژیایەك، لە هیچ فەلسەفەیەك، ئەمە بوونی نییە. هەمووشیان لافی ئەوە لێدەدەن کە

هەڵگری پەیامی دادپەروەرین. بەمەیش هەریەکەی بەو گوێرەیەی کەلەگەڵ بەرژەوەندی خۆی بگونجێت واتایەکی بۆ دەدۆزێتەوە. ئەمانەیش ئەو واتایانە هەمووی دژ بەیەکن و جوداوازیان هەیە. شاعیر تاکو ئێرە باوەڕی بەو دادپەروەری نییە و ئەو تەنێ بە وشەیەك، یان چەمکێك نەك یاسایەك و شتێکی واقیعی تێدەگات. لەناو ئایینەکان هەمووی بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە دادپەروەری لای ئەوانە، لە ئایینی مەسیحیدا لە سەدەکانی ناوەڕاست پیاوانی ئایینی لەگەڵ دەسەڵات ڕێککەوتبوون، هەموو قسە و فتوایەکیان لەبەرژەوەندی دەسەڵات بوو، چینی هەژاریش دەبوایە خزمەتی هەردوو چینی دەسەڵاتدار و پیاوانی ئایینی بکات، ئەوان گەیشتبوونە ئەو ڕادەیەی پلیتی چوونە بەهەشتیان بە خەڵك دەفرۆشت، ئەمە ئەوپەڕی دادپەروەریان بوو. لە ئایینی ئیسلامدا شەڕی ئیمامی عەلی و معاویە لەسەر چی بوو؟ ئیمامی عەلی بۆ کوژرا؟ خۆ ئەو زۆر دادپەروەر بوو، کوڕەکەی بۆ لە نەجەف و کەربەلا کوژرا، خۆ ئەمانە هەر دوو بەرەیان سەر بەیەك ئایین بوون. ئەمەیە کە شاعیر باسی دەکات. بۆیەیش هەزاران کەس دەبنە قوربانی ئەو دادپەروەریەی ئەوان هەڵگرین، لە ڕاستیدا بیروڕای ئەوانە، ئایدیۆلۆژیای ئەوانە بەناوی دادپەروەرییەوە بڵاودەکرێتەوە و خەڵکی لەسەر بە کوشت دەدەن.

بەپێی هێندێك بۆچوونی فەلسەفی هەرچی وشەی یاسا و دەوڵەت و فیداکاری و نیشتمان و ئازایەتی و کە دادپەروەریش دەگرێتەوە هیچ نین جگە لە چەند وشەیەکی پروپوچ و بێ واتا، کە خەڵکی لەسەر بە کوشت دەدرێت. ئەوان دەڵێن مرۆڤ لە پێناو کێدا خۆی بەخت بکات؟ ئەوان گومانیان لە هەموو هەوڵێکی مرۆڤ هەبوو. ڕاستە، مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی خۆی هەموو جۆرە چەکێك بەکاردەهێنێت، چەکی فیکر، چەکی مێشك شۆردن، ئیسلامییە سیاسیەکانی کوردستان لە پێناو چی ئەو هەمووە گەنجەیان لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو فریودا، هەر بەناوی دادپەروەرییەوە نەبوو کە خۆیان باوەڕیان پێی هەبوو، بۆیەیش دادپەروەری ئەوپەڕی هیچ و پوچی سەرکردە گەمژەکانە، درۆیەکی گەورەی ئەوانە، ئەمەیە هەڵوێستی شاعیر.

بەڵام تۆ خۆت جوانی جوانان عەدالەت خان
چاك چاك دڵنیای دەمێکە زۆر لە مێژە
هەتك بوویت و پەردەی کچێنیت نەماوە
سەدان و هەزاران هیتلەر
بە (سیغە) مارەیان کردی و تەڵاقیاندای
تەنیا هەر خۆتیش دەزانیت
لە مێژووی مرۆڤایەتیدا
چەندین ملیۆن بێچووە (سیغە)ی
نهێنیت لێکەوتۆتەوە

پێشتر گوتمان مامەڵەکردنی شاعیر لەم دەقەدا مامەڵەکردنە لەگەڵ ژنێك کە بە دیوێکی دیکە دادپەروەرییە. لێرەدا شاعیر لە بڕیارەکەی پێشتی پاشگەز دەبێتەوە، کە ئەوپەڕی ڕەشبینی هەبوو بەرامبەر بە چەمکێك بەناوی دادپەروەرییەوە. لەم ساتەدا ددان بەوەدا دەنێت کە شتێك هەیە بەناوی دادپەروەرییەوە و شای جوانانە. بەو واتایەیش هەرچی جوانییە لەودا بەدی دەکرێت. ئەگەر بمانەوێت ژیان جوان بکەین، پڕی بکەین لە واتا دەبێت دادپەروەری لەناویدا بەرقەرار بکەین و سەروەر بێت. لێرەوەیە شاعیر پێمان دەڵێت چەمکێك بەو ناوە بوونی هەیە، بەڵام هەتك کراوە و لەژێر ئەو ناوەیش چەندانی وەکو: هیتلەر و ستالین و سەدام و مۆسۆلینی خۆیان دروست دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە لەبن نەهاتووەکانیان بۆ ئەوەی ئەو پلان و بەرنامەیەی لەناو سەریانە جێبەجێی بکەن. لێرەدا وشەی سیغەی هێناوەتەوە، سیغە جۆرە مارەکردنێکە لەناو ئایینزای شیعە هەیە، پیاو دەتوانێت ئافرەتێك مارە بکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ چەند هەفتەیەك، چەند مانگێك، بە پارەیەکی دیاریکراو و ئەو ماوەیە بەخێوی بکات. ئەم جۆرە مارەکردنە لەناو ئایینزای سوننە بوونی نییە. لێرەدا جۆرە خوازەیەك بەکارهاتووە، کە ئەم دیکتاتۆرانە بۆ ماوەیەك ئەم چەمکە مارە دەکەن و بەکاری دەهێنن تاکو خۆیان پێ بگەیەننە ئامانجەکانیان و دواتر تەڵاقی دەدەن و تەنانەت باوەڕیشیان پێی نامێنێت و دەبنە دڕندەترین مرۆڤ. ئێستایش ڕەنگە دەیان دیکتاتۆری بچووك هەبن دەیانەوێت خۆیان بگەیەننە دەسەڵات.

سەلام محەمەد وەك شاعیرێکی خاوەن ئەزموون کە لە زۆربەی هەڵگەڕانەوە ئەدەبییەکان ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە وەك ڕوانگە و گروپی کفری لەم شیعرەیدا هەست بە یاخیبوونی ئەم

شاعیرە دەکەین، بەڵام زمانی شاعیر زمانێکی تاسەر ئێسقان سادە و ساکارە هەموو شیعرەکە لە پەخشانێکی جوان دەچێت، هیچ ئاڵۆزییەك و تەمومژیەکی تێدا نییە. هەموو کەسێك دەتوانێت بەئاسانی لەواتای وشەکان بگات، تەنها ئەوە نەبێت کە وشەی عەدالەت خانی بە خوازە هێناوەتەوە و بە ئافرەتی کردووە. ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە زمانی شیعر، وشەی شیعر وەها ئاڵۆز بێت کەس لێی تێ نەگات، بەڵام نابێت شیعری جوان و پڕ لە داهێنان خاڵیی بێت لە شیعرییەت و لە یەکەم خوێندنەوەدا خۆی بەدەستەوە بدات. ئەمەیش لەلایەك کاریگەری لەسەر جوانی شیعرەکە دەبێت لە ڕووی زمانەوە نەك لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، چونکو ڕەنگە بونیادی زمانی شیعرەکە لەنگ بێت، لەلایەکی دیکە ئێستا خەریکە هەموو ژانرەکان تێکەڵاو دەبن و سنوور لەنێوانیان نامێنێت، ئەم لێك نزیکبوونەوەیەی ژانرەکان بەهۆی نوێخوازیەوە هاتۆتە کایەوە بۆ نموونە دەقی والآمان هەیە، کە شیعر لەهەمانکاتدا بە پەخشانە شیعر ناودەبرێت و بە شیعریش دەخوێندرێتەوە، گێڕانەوەی تێدایە و سوودی لە شانۆ، سینەما، شێوەکاری،... تاد وەردەگرێت، ئەمەیش وا دەکات سنوورێك لەنێوان شیعر و پەخشان نەمێنێت. ئەم شیعرە زمانەکەی لە دەقی والا دەچێت، دەقی والا نییە، بەڵام زمانەکەی لەو دەچێت. ئەبوایە زمانی شیعرەکەی جۆرێك لە فانتازیا و خەیالیشی تێدا بوایە، لێرەدا زۆرتر واقیع بەسەر دەقەکەدا زاڵە. تەنێ هەندێك گەمەکردن بە وشەکان هەیە ئەویش جۆرێکی دیکەی جوانی بە دەقەکە بەخشیوە، لەم دەقەدا نەدەبوایە لە یەکەم خوێندنەوە خۆی بەدەستەوە بدات، دەقی نایاب ئەو دەقەیە کە خوێنەر و ڕەخنەگر ماندوو بکات، تاکو کۆدی شیعرەکە بدۆزێتەوە، شیعرێك سەر لە ڕەخنەگر نەشێوێنێك و ماندووی نەکات، خوێندنەوەی جوانیشی بۆ ناکرێت.

# فەلسەفەی بوون و مردن

# لە شیعری (قەراغەکان)ی (سەلام محەمەد)دا

## نووسینی: حەمە مەنتك

گومان لەوەدا نییە کە تاکە جیاوازی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکە عەقڵ و بیرکردنەوەیە. واتە مرۆڤ بە بیرکردنەوە و عەقڵی لە هەرچی بوونەوەری دیکە جیادەکرێتەوە. کەواتە دەبێت مرۆڤ ئەو عەقڵ و بیرکردنەوەیەی بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی بزانێت خۆی کێیە؟ بۆ ئەم مەبەستە هەمیشە لە بیرکردنەوەشدا بووە و بە درێژایی مێژوو دەیان و سەتان پرسیاری کردووە، وەکوو: من کێم؟ لە کوێوە هاتووم؟ بۆ کوێ دەڕۆم؟ کێ دروستی کردووم؟ بێجگە لەو بوونە دەبێ بوونێکی دیکە هەبێت؟ مردن چییە؟ بۆ دەمرین؟ دوای مردن چی هەیە؟ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکەی لە خۆی کردووە. بەدرێژایی مێژوویش بیرمەند و فەیلەسوفان هەوڵی وەرامدانەوەی ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکەیان داوە. چەندان



تیۆری فەلسەفی و قوتابخانەی فەلسەفی بۆ ئەم مەبەستە دروستبوونە. لە ئەنجامی دروستبوونی ئەم قوتابخانە و تیۆرانە وەرامی هێندێك پرسیاری سادەیان داوەتەوە، چەندان پرسیاری دیکەیش بی وەرام ماونەتەوە. تەنێ لە شێوەی گریمانە وەرامەکانیان دراوەتەوە و ئەویش بەپێی بیروڕای فەیلەسوفان و زانایان هەریەکە و وەرامێکی جوداوازی هەیە. بوون و مردنیش یەکێکن لە چەمکە هەرە سەرەکییەکان، کە پرسیاری زۆریان لەبارەوە ورووژێندراوە، بۆیەیش ئەم دوو چەمکە لە مێژووی فەلسەفەدا وەکو کێشەیەك سەیرکراون. هەر سادەترین نموونە بۆ ئەمە، چەمك و پێناسەی بوون لای ماتڕیالەکان جوداوازە وەك لای ئایدیاڵەکان. ماتڕیالەکان بوون لە هەموو فۆرم و بیرکردنەوەیەکی ئایدیاڵی دەکەنەوە و ئەوەی ماتڕیاڵ نەبێت بە بوونی دانانێن. بەپێچەوانەوە ئایدیاڵەکان ڕۆڵی ماتڕیال بۆ بوون کەم دەکەنەوە و بوون وەك ئایدیاڵ سەیر دەکەن. من لێرەدا مەبەستم نییە باسی لەو کێشەیە و کێشەی بوون لای فەیلە سووفان و قوتابخانە فەلسەفییەکان بکەم.

ئەوەی گومانی تێدا نییە فەلسەفە و ئەدەب پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لەنێواندا هەیە، هەروەها کاریگەریشیان لەسەر یەکتر هەیە و دەبێت. هەموو شاعیرەکان، چیرۆکنووسان، ڕۆماننوسان ڕەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان بیرکردنەوەی فەلسەفیان هەبووبێت و بیرکردنەوە و تیۆرە فەلسەفییەکان کاریان تێکردبن و ڕەنگدانەوەیان لەنێو بەرهەمەکانیاندا هەبووە، تا وای لێهاتووە ڕۆمانی فەلسەفی هاتۆتە ئاراوە. ڕەنگە بۆ ئەمە باشترین نموونە ڕۆماننووس (یۆستاین گاردەر)ە. کە چەندان شاکاری نوسیووە مێژووی فەلسەفە و بوون و پرسیارە فەلسەفییەکانی بە ڕۆمان بۆمان باسکردووە، کە چێژێکی جوانمان پێدەبەخشێت. وەکو ڕۆمانی (جیهانی سۆفیا)، (نهێنی یاریی کاغەز)، (مایا)، (کچەی پرتەقاڵ)، (لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا). ئەمانە و چەندان ڕۆمانی دیکە. ئەمانەی سەرەوە کە ناوم هێنان لەلایەن (بەهرۆز حەسەن)ەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. ڕۆمانی (نهێنی یاریی کاغەز) و (مایا) هەرەیەکەیان بەشێوەیەك باسی بوون دەکەن، ئەوەی یەکەمیان باسی بوون دەکات بەشێوەیەکی گشتی، دووەمیان باسی بوونی گەردوون و زەوی دەکات.

من لێرەدا هەوڵدەدەم بچمە نێو کەلێنە شاراوەکانی شیعری (قەراغەکان)ی (سەلام محەمەد) کە لە دیوانە تازەکەیدا لە لاپەڕە (١٨٨)دا بڵاوکراوەتەوە. شاعیر وەکو زۆربەی مرۆڤەکان هەوڵیداوە لە ڕێی ئەم شیعرەوە پرسیاری بوون و مردن بکات، بە دوای وەرامەکانیاندا بگەڕێت. من بە یارمەتی بیروڕای فەیلەسوفان هەوڵی شیکردنەوە و کردنەوەی

کۆدەکانی ئەم دەقە شیعرییە دەدەم. وەکو لە نووسینی دیکەیش گوتوومە ئیشی ڕەخنە هەر ئەوە نییە کەموکوڕی و جوانی دەست نیشان بکات، بە باوەڕی من هەموو دەقێك چەندان کۆدی هەیە، کە زۆر بابەت خۆیان لە پشت ئەم کۆدانەوە حەشارداوە. پێویستییان بە کردنەوە هەیە، بە بڕوای من ڕەخنەی نوێ ئەرکی کردنەوەی ئەو کۆدانەیە.

ناونیشانی شیعرەکە (قەراغەکان) واتای کەنار دەگەیەنێت، کەواتە لێرەدا ڕێیەکمان هەیە و ئەو ڕێیەیش بێگومان دەبێت کەناری هەبێت. شاعیر ژیانی بە ڕا چواندووە، ئەو ڕێیەش دوور و درێژە، بۆیەیش قەراغەکانی ئەو ڕێیەیە پڕیەتی لە پاشماوەی ئەو بوونەوەرانەی کە لە سەرەتای دروستبوونی ئەم زەوییەوە ئەوانیش ئافریندراون و مردوون. کەواتە شاعیر نێوانی سەرەتای دروستبوونی ژیان و گەردوون تا کۆتایی ژیان و لە ناوچوونی گەردوون بە ڕێیەك دادەنێت، قەراغەکانی ئەو ڕێیەش بە شوێنی پاشماوەی هەرچی شتێك کە کۆتایی دێت و دەمرێت دادەنێت. گەردوون و ڕۆژگار بە دەیناسۆرێك دەچوێنێن وەکو دەستاڕێك هەرچییەکی بکەوێتە پێش دەیهاڕێت و بەرەو قەراغەکانی خۆی توڕی هەڵدەدا. شاعیر لێرەدا بوونی هەرە گەورە بۆ ڕۆژگار دەگەڕێنێتەوە، واتا ڕۆژگار لای شاعیر بوونی سەرەکییە. چونکو وەکو لای فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست بەتایبەتی (ئاوگۆستین) و هاوڕایەکانی، بوونی سەرەکیی و بنەڕەتی خودایە، بوونی دووەم و لاوەکی ئەو بوونانەن کە خودا ئافراندوونی "لەلای ئاوگۆستین خوا بوونی یەکەمە، ئەم ماتڕیالی ئافەریدە کردووە کەوابوو ماتڕیاڵ هەمیشەیی نییە و دروستکراوە و لە (نەبوون)ەوە (عەدەم) پەیدابووە. ماتڕیال نابێت بە سەرچاوەی خەراپە، ئەوەی خوا دروستی دەکات جوانە و چاکە. خەراپە بەستراوە بە گێلی و نەزانی مرۆڤەوە و ویستی مرۆڤ دەیهێنێتەکایەوە ئەم بیروڕایەی قەشە (ئاوگۆستین) شیکردنەوەیەکی ئایینی- فەلەسەفییە. شاعیر هەر لە سەرەتاوە تەنێ گرینگی بە بوونی سەرەکیی دەدات و بوونی دیکە کە ئافەریدەی خودایە وەکو مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکە بەلاوە دەنێت، لە بەشی دووەمی شیعرەکە دێتە سەر بوونی مرۆڤ. وەك گوتمان شاعیر ڕۆژگار وەکو بوونی سەرەکی بەکاردەهێنێت. هەرچەندە بەپێی گوتەی ئاوگۆستین ڕۆژگار و گەردوونیش دەکەونە ناو چوارچێوەی ئافریندێنراوەکانی خودا (وەك بوونی سەرەکی و هەمیشەیی):

ڕۆژگار وەکو دەیناسۆرێکی هاروهاج
بە دو تایەی ئاسنینەوە بێ ڕاوەستان



ڕێگا ئەبڕێت
کەس نازانێ لەکەیەوە ئەم دەعبایە ڕێی گرتووە و
بۆ کوێ ئەڕوا و کەی ئەوەستێت

شاعیر لە ڕێی شیعرەکەیەوە دوو پرسیاری فەلسەفی ئاڵۆزمان ئاڕاستە دەکات، لێ بە زمانێکی زۆر سادە، ئەویش پرسیاری ئەوەی ئەم گەردوونە کەی دروستبووە و کەی کۆتایی دێت؟ ئەم پرسیارانە تاکو ئێستایش بیرمەندان و فەیلەسوفانی سەرقاڵکردووە، ئەوەی هەیە تەنێ تیۆر و گریمانەن. وەکو ئەو تیۆرەی کە دەڵێت: گەردوون و زەوی لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی گەورە دروستبوونە. شاعیر ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە تاکو ئێستا کەس نازانێت ئەم زەوییە کەی دروستبووە. پرسیاری دروستبوونی گەردوون و ژیان پرسیارێکی مێژوویی دوور و درێژە و تا ئێستایش نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێك و وەڵامێکی دروست. پرسیاری ئەوەی ئەم بوونە چۆن دروستبووە؟ ئایا لەناو ئەم بوونە بوونی دیکە هەن؟ بە لای فەیلەسوفانی وەك(دیکارت) و(مالبرانش) هەموو بوونەکان دەگەڕێنەوە بۆ لای بوونی ڕاستەقینە کە خودایە، (دیکارت) بەم شێوەیە پێناسەی خودا دەکات: "ئەو جەوهەرەی بە کامڵ و ڕەهای دەزانین و لەودا بە هیچ شێوەیەك شتێ نابینینەوە کە نیشانەی کەموکوڕی و سنوورداری ئەو بێت، پێیدەگوترێت خودا، دیکارت پێناسەی خودا وەك بوونێکی ڕەها و بێ کەموری دەکات، هەر خودایەکی لەم چەشنەیش دەتوانێت گەردوون و ڕۆژگارێك دروست بکات بەو شێوە فراوانە، کەواتە هەر شتێك سەرەتای هەبێت بێگومان کۆتاییشی دەبێت، لێرەدایە کە دیکارت لەگەڵ مالبرانش یەك دەگرنەوە، چونکو مالبرانش پێیوایە هەموو بوونەکان بۆ یەك سەرچاوەی ڕاستەقینە دەگەڕێنەوە، ئەویش بوونی خودایە. ئەمە دەکرێت پێچەوانەی دوالیزمەکان بێت کە پێیان وایە بوون دوو جەمسەرە. لێرەدایە شاعیر دەستەوەستان دەوەستێت بەرانبەر ئەو پرسیارانەی کە لەناو شیعرەکەدا کردوونی، ئەمەیش هەوڵ و گەڕانی شاعیرمان بۆ بەدیار دەخات کە هەمیشە وێڵی دوای زانینی بوونی خۆیەتی و لەوێوە دەیەوێت بوونی خۆی و بوونی هەموو گەردوون ئاشکرا بکات. وروژاندنی ئەم پرسیارانە لەلایەن شاعیرەوە پێمان دەڵێن کە لەسەر هەموو مرۆڤێك پێویستە بیر لە بوونی خۆی و هەموو گەردوون بکاتەوە، چونکو ئەوە ئێمەین کە خاوەن عەقلین نەك بوونەوەرەکانی دیکە، ئەمە ڕێیەك دەبێت بۆ ئەوەی هەموومان بەرەو ڕاستی ببات، چونکو کاتێك مرۆڤ پرسیار دەکات بێگومان لە هەمان کاتدا

به دوای وەرامەکەیدا دەگەڕێت، تاکو ڕاستی و دروستی و بنج و بنەوانی ئەو شتەی بۆ دەرکەوێت کە پرسیاری لەبارەوە کردووە.

قەراغەکان... پڕن لەکەللە سەر
قەراغەکان... گۆڕستانی بێ ژمارەن
قەراغەکان... پاشماوەی سەدان و هەزاران جەنگن
هەر لە جەنگی تیر و کەوانەوە بۆ جەنگی نەوەویی
قەراغەکان پڕن... پڕن لە لاشەی مرۆڤ و مێروولە و
پووش و پەلاشی یادگاری و بیرەوەریی
پڕن لە وردە ئاوێنەی شکاوی بەسەرهات
قەراغەکان... بە تۆز و گەردی (کات)
ڕوخساریان ژەنگی مێژووی لێنیشتووە

شاعیر قەراغەکانی ئەم دونیایەی بە زبڵدانی مێژوو داناوە، بە درێژایی مێژوو هەرچی پاشماوەی جەنگی مرۆڤەکان هەیە لەگەڵ هەرچی بوونێك کە مردووە.کەواتە تاکو ئێستا شاعیر بۆی ڕوون نەبۆتەوە کە ئەو بوونانەی بە درێژایی مێژوو لە ناوچوون بۆ کوێ ڕۆیشتوون و ئەنجامیان لەدوای نەمانیان چیبووە؟ هەروەك مەحوی لە دێڕە شیعرێکدا ئەم پرسیارە دەکات کە ئەوەی ئەمرێت و دەڕوات کەس نایەتەوە خەبەرێکمان بۆ بێنێ ئاخۆ لەودیو چی هەیە. شاعیریش هەمان شت بیرکردنەوەی داگیرکردووە. ئەو خەڵکانەی بە درێژایی مێژوو لە جەنگەکاندا کوژراون بۆکوێ ڕۆیشتن و هەواڵێکیان نییە، لێ تاکو ئێستایش بنەچەی مرۆڤ نەبڕاوەتەوە. کەسیش بیر لەبوونی کەس ناکاتەوە بەتایبەتی سەرکردەکان تەنها بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە. هەزاران کەس لە پێناو بیروباوەڕە پوچەکانیان بە کوشت دەدەن، کەواتە ئەوان بوونی خۆیان بەلاوە گرینگە، لێ بوونی کەسانی دیکەیان بەلاوە گرینگ نییە. لێرەدایە گرینگی وروژاندنی ئەو پرسیارانەمان لە لایەن شاعیرەوە بۆ بە دیار دەکەوێت. بۆیەیش دەبێت ئێمەیش لە ڕێی نەمانی کەسانی دیکەوە بیر لە بوونی خۆمان بکەینەوە، چونکو ڕۆژێك دێت ئێمەیش ئاوا دەمرین و بوونمان نامێنێت. لێرەدا چەند پرسیارێکی دیکەی فەلسەفی سەرهەڵدەدەن وەك: ئایا ئەم ژیانە بە یەکجاری کۆتایی دێت؟ ئایا بوون و ژیانێکی دیکە هەیە دوای نەمانی ئەو ژیانە؟ لێرەدا چەند بیروڕایەك هەن بۆ وەرامدانەوەی ئەو



پرسیانەی سەرەوە. ئەوانیش زیاتر بیروڕای ئایینیین، لە ڕێی کتێبە پیرۆزەکانەوە پێمان دەڵێن بەڵێ، ژیانێکی دیکە دوای نەمانی ئەم ژیانە بوونی هەیە. لێ ئەمە بەلای (فاروق ڕەفیق) جۆرێکە لە پەنابردنە بەر ئۆتۆرەتیەکی باڵا بۆ سەلماندنی خاڵێك. هەروەها پێیوایە پەنابردنە بەر ئۆتۆرەکی هەندێکجار هەڵەی لۆژیکی لێدەکەوێتەوە. وەك دەڵێت: "ئەمە جۆرێکە لە لەکارخستنی عەقڵ و لە جیاتی عەقل جەغد کردنە لەسەر ئیمان تەنیا لە ڕێگای ئیمانەوە دەتوانین لە هەبوونی ژیانێکی دیکەی دوای ئەم ژیانە دڵنیا بین"[1] ئەمە تیۆرێکی عیرفانییە بۆ سەلماندن و وەرامدانەوەی پرسیارەکانی سەرەوە. چونکو عەقڵ تا ئەو ڕادەیە بڕ ناکات. ئەرکی ئەم شیعرە وروژاندنی پرسیارە فەلسەفییەکانە، لێرەوە ئەم شیعرە لە هەموو ئەرکێکی دیکە دووردەکەوێتەوە، چیتر ئەرکی شیعر لاواندنەوە و سۆزداری و نیشتمانی نییە، پێدانی ئەرکێکی وا بە شیعر وا دەکات شیعر ئەو قاڵبانە تێپەڕێنێت کە پێشتر پێوەی دەناڵاند. هەرچەندە ئەم شیعرە هەڵگری ئەو پرسیارە فەلسەفیانەیە، لێ زمانەکەی زمانێکی فەلسەفی نییە، بەڵکو زمانێکی سادەیە و تەنانەت لە ڕووی شیعریەتەوە زۆر لاوازە ئەمەیش یەکێکە لەو خاڵانەی کە شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانی ساڵی (٢٠٠٨) کە نووسیویەتی بە زەقی دیارە، بۆیەیش دەکرا شاعیر زیاتر بایەخی بە شیعرییەتی شیعرەکە بدابایە، تاکو شیعرە ئەوەندە سادە نەبوایە لەڕووی زمانەوە. هەرچەندە فەلسەفەیەکی قوڵ خۆی حەشارداوە لەپشت شیعرەکەوە.

ئەگەر یەکێك لە پڕێکدا هات و وتی:
نۆرەی تۆیە
سبەینێ ڕێك لە سەعات دوانزەدا ئەمریت
چیت بە خەیاڵدا دێت و چی دەکەیت؟

یەکێك لە خاڵە هەرە جوانەکانی ئەم شیعرە دروستکردنی پرسیارە. پرسیار بۆ بە ئاگاهێنانەوەی ئێمە، چونکو ئەو پرسیارانەی کە لەم شیعرەدا کراون زۆربەی ئێمەومانان بیری لێناکەینەوە. ئەمەی سەرەوەش یەکێکە لەو پرسیارانەی کە کەم کەس هەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان، یان نیوەشەوێك لە خۆی کردبێت. ئەرێ بەڕاست گەر یەکێك هاتوو ئەو هەواڵەی بە ئێمەدا

---
١

چی دەکەین؟ کەواتە مرۆڤ بوونەوەرێکی فانییە، لێ بێ ئاگایە لەوە هەمیشە پرۆژەی هەیە، گەر ئێمە پرسیارێکە وەها لە خۆمان بکەین ئەو کات دەتوانین بیر لە گەردوونیش بکەینەوە ئەی ئەگەر ژیان بەوجۆرە بوایە پێش مردن هەواڵی مردنیان پێدابای ڕەوتی ژیان چۆن دەبوو؟ شاعیر هەر لە دوای ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە ئەداتەوە، لێ وەڵامەکەی پێوەندی بە دەوروبەرمانەوە هەیە نەك بە خودی ئەو کەسەی کە دەمرێت.

تۆ بمریت یا نەمریت...ئەو ئەڕوا
تۆ هەبیت یا نەبیت... ئەو ئەڕوا
کە تۆیش ئەمریت
چەند دڵۆپە فرمێسکێکت بۆ دەڕێژن و
ژیان بەردەوام دەبێت
هیچ دایرەیەك لەکار ناوەستێت
هیچ ئێزگە و تەلەفزیۆن و گۆڤارێك
مان ناگرێت و داناخرێت

کەواتە بوونی هەریەکێکمان لەسەر ئەم زەوییە تەنها گرینگی بۆ خۆمان هەیە، ئەگەر نا بۆ کەسانی دیکە بوون و نەبوونمان هیچ لە ژیانی ئەواندا ناگۆڕێت، ئەگەر سەیری خۆمان بکەین کەسوکارە نزیکەکانمان مردن و لە بیریشمان کردن. ئەگەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە سەیری ئەم شیعرە بکەین هەست بە بیرکردنەوەی شاعیر دەکەین کە زۆر بیر لە ژیان و بوون و مردن دەکاتەوە. ئەم پرسیارانە بیرکردنەوەی تەواوی ئەو داگیرکردووە، ئەمەیش ئەکتیڤ بوونی ئەم شاعیرەیە لە ڕووی ئیشپێکردنی بیرکردنەوەی دەگەیەنێت، چونکو لەسەر هەموومان پێویستە هەمیشە لە بیرکردنەوەدا بین لە بوونی خۆمان و گەردوون، لێرەدا دەتوانین هەمیشە لە سەفەردا بین بە دوای دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان و بوون، لێ مرۆڤی کورد لەم ڕووەوە زۆر کۆڵەوارە سەیری ژیانی هەر تاکێکی کورد بکە هەموو ڕۆژەکانی هەر دووبارەن و لە یەکدی دەچن. بۆیە کاتێك دەمرێت هیچ شتێك لە دوای خۆی جێناهێڵێت، مێژوویەك بۆ خۆی و میللەتەکەی دروست ناکات.

شاعیر هانمان دەدات هەمیشە ئەو پرسیارانە لە خۆمان بکەین، تاکو گۆڕانکاری لە ژیانمان بکەین، چونکو تاکو ئێمە بیر لە بوون و گەردوون نەکەینەوە ناتوانین بچووکترین پرسیار دروست بکەین، لەهەمان کاتیشدا بە دوای وەرامی ئەو پرسیارانەشەوە بین کە ژیانمان دەگۆڕن.



لەلایەکی دیکە دەتوانین خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ بیرکردنەوەی شاعیر بکەین. ئەو وا دەڕوانێتە بوونی مرۆڤ کە مردنی هیچ گرینگی و بایەخێکی نییە، چونکو ژیان بە شێوەیەکی گشتی ناوەستێت و بەردەوام دەبێت، لێ لێرەدا دەپرسین لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەم و دووەمی گێتییدا بە ملیۆنان مرۆڤ کوژران و ژیانیش بەردەوام بووە، شاعیر ڕەشبینانە دەڕوانێتە ژیان، ئەو پێیوایە ژیان مانای نییە، ئەگەر نا مرۆڤ بۆ دروستکراوە و دەمرێت و نرخی نییە. ئەگەر سەیرێکی ئەو چاوپێکەوتنە بکەین کە لەگەڵ شاعیر سازکراوە دەبینین شاعیر چ لە ژیانی ئێرە و چ لە ژیانی مەنفادا ژیانێکی سەیر ژیاوە و بە شێوەیەکی سەیر بیری کردۆتەوە، زیاتر خەریکی مەی خواردنەوە بووە، ئەمەش لە ئەنجامی بیرکردنەوەی هەمیشەی لە هەموو بوارەکانی میللەتەکەی، لێ دواتر بیری کردۆتەوە کە ژیان بەو جۆرە نییە، واتە هەر مەی خواردنەوەی نییە. بۆیە هەوڵی ئەوەی داوە کە بە دوای بوونی خۆیدا بگەڕێت و بیر لە بوون بکاتەوە بە شێوەیەکی گشتی شاعیر زۆری بیر لە مردن کردۆتەوە وەك دەڵێت: "ئایا نووسین وەڵامی مردنی پێدەدرێتەوە کە وەك بارابۆس دەڵێت: مردن گەورەترین بیرە، ئەگەر مردنیش گەورەترین بیر بێت، ئەوا نووسین تەنیا خۆ مەشغولکردنە و هیچی دیکە، کاتی پێدەکوژین تا کات دەمانکوژێت" کەواتە بیرکردنەوەی شاعیر لە مردن بیرکردنەوەیەکە هەمیشە لەگەڵیەتی، لێ ئەوەی شاعیری سەرقاڵکردووە و بێئومێدی کردووە. نەبوونی بایەخی مردنی مرۆڤە، بۆیە ناچارە وەرامێکی ئایینی بدۆزێتەوە کە تۆبەکردنە وا لە مرۆڤ دەکات پاك بێتەوە لە هەموو گوناهەکانی و بچێتە بەهەشتەوە، ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەیە:

سبەی سەعات دوانزە تۆ ئەمریت
چۆن ئیمشەو بەسەر دەبەیت و بیر لەچی دەکەیتەوە
بشێ بۆ مزگەوت بچیت و لە دڵەوە تۆبە بکەی؟

ئەمەش وەڵام و بیرکردنەوەیەکی ئایینییە، بۆیە کاتێك مرۆڤ ئەمرێت هەموو خەون و ئاواتەکانی لەگەڵیدا ئەمرن. کەواتە مردن بیرکردنەوەی دەوێت و فەلسەفەیەکی قوڵی هەیە.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی شاعیر دەڕوانێتە مردن و بوون کە دوو چەمکن دەبێت هەمیشە بیرکردنەوەمان پێیانەوە سەرقاڵ بێت. تاکو مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگای بیرکردنەوە لە مردنەوە پەی بە نهێنییەکانی ژیان و بوون ببات. شاعیریش لە هەوڵی ئەوەدا بووە خۆی لەم بیرکردنەوە لە مردن بپارێزێت. بۆیە تاکە ڕێگاش بۆ ئەوە نووسینە زۆرن ئەوانەی نووسین وەکو هۆکارێکی قەرەبووکردنەوەی دەروونی (تعویض نفسي) بەکاردێنن تاکو لەو جیهانە تایبەتییەی خۆیان بێنە دەرەوە، هەروەها شیعرەکە بە زمانێکی سادە نووسراوە، لێ پرسیارگەلی قوڵ و فەلسەفی پێدەربڕاوە. ئەم زمانە سادەیە تایبەتە بە سەلام محەمەد، چونکە لە

شیعرەکانی دیکەیشیدا هەمان زمانی بەکارهێناوە، لێ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە پرسیارگەل و کێشەیەکی گەورەی باسکردووە، ئەویش گەڕان بەدوای بوون و مردنە.



# ئەو تشتێن (سەلام محەمەد)ی مژوول دکەن

عبدالرحمن بامەرنی / دهوك

هەمی تشتەکێ ل دەوروبەرێن مروڤی رویددەن ب ڕەنگەکی و دوا کارتێکرنێ ل مروڤی دکەن و مروڤ پێڤە سەقال و مژویل دبیت، ژ ڤان مژوولاهیان ژی هندەك ڕەشبین دیار دبن و هندەکان ژی هێش حەز هەنە بو بەردەوامبونێ. ئەڤە ئەگەر وەك خەلك ئەم بەحس بکەین، لێ هوزانڤان جوداتر ڤێ سەرقال بونێ دەردبرن و حەز دکەن ئەو هەمی تشتێن دبنە سەدەم کو وی ژ هشیاریێ ڤەقەتینن، بکەتە بەرهەم و ل وان تشتان دگەریت، کو مژولیێن خوە لێ کومڤەکەت و هەمی ئەزمونا خوە یا مەعریفی و ڕەوشەنبیری دگەل دەستهەلی و سنعەتکاریێ بو جوانکرنا وێنەیێن خوە یێن شعری تەرخان بکەت و ژ ڤی ڕوانگەی، برەنگەکی و دوان ئەم کەساتیا هوزانڤانی دناڤ وێنەیێن وی یێن شعری دا دبینین.

ئەگەر ئەڤا ل سەری ئەو تشت بن یێن تایبەتمەندیەکێ ددەنە هەر کەسەکی و بتایبەت شعرێ، کو بابەتێ مە پێڤە گرێدایە، دێ هەولدەین ڤێ چەندێ ل سەر شعرەکێ ڕونتر بەحس بکەین و ئەگەر شعرەکا هوزانڤان (سەلام محەمەد)، بو ڤێ مەبەستێ ل ژێر تایتلێ (غەریب دوورتر دەکەوێتەوە) وەربگرین. نە بتنێ ئەم ئاشنابونەکێ د هەستێن شاعری دا دبینین، لێ رەنگڤەدانا ژیانەکا تەحل، وێنەکرنا دویراتیەکێ و نە ئارامیەکێ، دگەل چەندین بابەتێن دی یێن ژڤی رەنگی ئەم دناڤ وێنەیێن شعرا وی دا دبینین و هوزانڤان تێکەلی هندەك خەموکیان بویە و خواندەڤان دشێت هەست ب ڤێ تێکەلیێ بکەت و هوزانڤان یێ ل تشتەکی دگەریت یێ ل خوە دگەریت، لێ چ لێگەریان؟ هوزانڤان هەست دکەت یێ د بەرزەبونەکێ دا و ئەو تشتێ ئەو خەونێن خوە لێ دنڤیسیت، ئەو تشت بو وی و کەساتیا وی جهێ خوشیێ نینن و هەر هەست دکەت، هزرێن وی و بیرهاتنێن وی ل جهەکێ دینە و جەستەیەکێ ڤالا ژ گیانی دبینیت و گیانێ وی ل جهەك دی یە.

ئەڤە ژی هاندەرەکە کو هوزانڤان هەر دەم ل وان تشتان بگەرن یێن رح تێدا هەبن، هوزانڤان ژی بگشتی جوداتر ژ وێنەگران وێنەیێن خوە یێن شعری د کێشن و ب سنعەتکاریا خوە هەولددەن، گیانەکێ دی پێ ب بەخشن و رحێ بدەنێ، حەز دکەن ئەو وێنێن هەنێ ب زمان و گوە و بینین بن، نە وەك وێنەگرەکێ ئاسایی دەما وێنێ خوە دکێشیت هەولددەت کو وێنەیەکێ زیندی، ب گیان ب کێشیت و وێنێن دی هەمیان دیلێت دکەت. ئەگەر لڤی وێنەی سەح بکەین ژڤێ شعرێ:

**غەریب لە کەناری دەریایەکدا دانیشتوی**

**لە چاو نوقانێکدا، هەموو ڕابردووی دێتەوە پێش چاوی**

ئەڤ وێنە نمونەکا جوانە بو ئەڤا ل سەری مە ئاماژە بودای ئەگەر ئەم کەساتیا یان ئەو تشتێن هوزانڤانی مژویل دکەن وەربگرین. پەیڤا (غەریب) بخو بەسە کو هوزانڤان خاندەڤایێ خوە تێبگەهینیت کو (غەریب)ی گەلەك تشتان ب سەرێ مروڤی دئینیت، لێ ئەڤ غەریبیا هەنێ دبیت هەمی کەس وەك خوە تێبگەهن و دا زمانێ هوزانڤانی ژ زمانێ کەسێن سادە یێ جودا بیت ژی، هوزانڤانی پەنا بریە بەر دروستکرنا وێنەیەکێ زیندی، زیندی ژی ب رامانا کێشانا دیمەنەکی کو شوین تلێن وی یێن مەعریفی و ئەزمونا وی یا شعری تێدا هەبیت.

دەما دبێژیت (غەریب لە کەناری دەریایەکدا دانیشتوی)، لڤێرە پێدڤی ناکەت هوزانڤان رەگەزێ یان تەمەنێ غەریبی بدەتە ناسکرن، ژبەرکو هەمی مروڤ ب جورەکی و دوان هەست ب غەریبیێ دکەن یان یا کری، لێ جوداهیا ڤی وێنەی، نە دیارکرنا کەسی یە و دیسان پەنا بریە بەر کەنارێن دەریایەکی، ژبەر کو دەریا لڤێرە چەندین رامانان بخو ڤە دگریت، ژوان ژی، دەریا و کەنارێن دەریا ل کوردستانێ نە بوینە و بومە تشتەکێ جیاوازن ژلایێ جیوپولوتیکا

کوردستانێ ڤه، ژبەر کو پێل د دەریایێ دا هەنە و لڤین هەیە، مروڤ دشێت دگەل باخڤیت، گوهێ خو بدەتێ دەما پێل ل ئێك سیار دبن و دەنگ ژێ دهێت، بەرێخو بدەتی و یانکو مروڤ ل بەر سینگێ تشتەکێ ب رحە.

لێ ئەڤ بونەوەرە کو مەرەما من پێ (دەریا) بونەوەرەك بێ گازندەیە و سەنگا وێنەی ژێ دڤێرە ڕا دیار دبیت کا هوزانڤانی چاوان خاندەڤاییێ خوە ب نك خوە ڤە کێشایە. دەما هوزانڤان دڤی وێنەی دا دبێژیت (لە چاو نوقانێکدا، هەموو رابردووی دێتەوە پێش چاوی)، هوزانڤانی دڤێت هندەك ژ نهێنییێن وی کەسێ غەریب بینتە زمان، بەلێ برەنگەکێ شعری، داهێنان، ئەو ژی دچاڤ نقاندنەکێ دا، کو هەمی تشتێن جوان و جودا و دنیا بینینەك دی نەشێن خەیالا هوزانڤانی ڤەقەتینن ژ تشتەکی ئەو ژی کا بیریا چ دکەت.

دێ هەولدەین دڤێ شعرێ دا ل وی تشتی بگەرین یێ هوزانڤانی مژوول دکەن، ئەو ژی دەما دبێژیت:

هەر لە یەکەمین یارەوە
بۆ یەکەمین ماچ و هاورێ و نیشتمان و خودا
یەك یەك هەموو ژمارە یەکەکان
بە نیوە کراسێکی سوورەوە لە تەکیەوە دانیشتبوون
ماچ بۆنی خیانەتی لێدەهات
کۆمەڵ لێوانلێو لە درۆ
هاورێ بۆنی قازانج و بەرژەوەندی
نیشتمان بۆنی پارە

ژڤی وێنەی، هوزانڤان دوو تشتان دیار دکەت، ئێك یێ سەدەمەکی بو خو دیار دکەت کو غەریب بونا وی ژ قەستا نەبویە کو سەفەر کری، یا دوێ ژی یێ واقعەکی دیار دکەت، کو کومەلگەهێ خوە پێ هەڤبەر دکەت دگەل کومەلگەهەکێ ڤەکریتر و ژ هەمی تشتەکی نە رازی یە، ئەڤە ژی جورە رەشبینیەکێ د داهێنانێ دا دروست دکەت، کو هوزانڤان یێ نە رازی یە و دهەمان دەمدا نەشێت خوە ژ رابردوویێ خوە ڕزگار بکەت و دڤێت کومەلگەهێ وی یێ بێکێماسی بیت.



دڤی وێنەی دا ژ هەمان شعر، هوزانڤان دوو دلیا خوە و بەرزەبونا خوە باشتر دیار دکەت دەما دێژیت:

لەناو دەریادا مەلە دەکات
سواری بەلەمی شەپۆلی هاروهاج دەبێت
هێدی هێدی دوورتر دەکەوێتەوە
تا دەبێتە سەراب و وەك خۆری مەغرییان ئاوا دەبێت
هەر دوورتر و دوورتر دەکەوێتەوە
لە ماچ و هاورێ و کۆمەڵ و خودا و نیشتمان و
هەموو ئەو ژمارە یەکانەی بوونە بە دوو

ژڤان تشتێن هوزانڤان پێ مژویل بوی و د خەیالا خوە یا شعری دا ڤیایی جیهانەك دی بو خو دروست بکەت یان هەر چبیت ئەگەر خەیال ژی بیت یان خوە پێ رازی بکەت، دەما دبێژیت:

تەماشای ڕوخساری خۆی دەکات
دوو دڵی دایدەگرێت: ئەوە... ئەو نییە؟
دەکەوێتە سەر پشت و لەودیو هەورە سپیەکانەوە
چاو بۆ خودایەك دەگێڕێت بۆنی مزگەوتی لێ نەیەت
بۆ کۆمەڵگەیەکی ئینسانی
بۆ هاورێیەکی هاورێ
بۆ ماچێك پڕ بێت لە لەززەت و چێژ و بۆنی خۆشەویستی
غەریب وردە وردە خۆی ڕووت دەکاتەوە

ئەڤە ژی بەسە کو هوزانڤانی پەیامەك ڤێ هەبیت و بگەهینتە مە یێن خاندەڤا، ئەو ژی دگەل مژولاهییێن خوە، لێ یێ دبێژیت ئەز ب هەمی هەستێن خوە ڤە، ب دل و جانێ خوە ڤە دگەل وە مە و من دڤێت ئەم کومەلگەهێ خوە بەرەڤ باشتر و باشترینێ ڤە ببەین.

## سەلام محەمەد

## دەنگێك لەژێر ئاسمانی گەرمیانەوە

## شار دریژکراوەی زێد

نووسینی: ئەحمەدی مەلا
٢٨-٠١-٢٠١٣
ئیسپانیا

سەلام مەحەمەد دەنگێکی حەفتاکانە. حەفتاکان ئەگەر لە کۆدەتاکەی بەعسەوە بیژمێرین ئەوە لە جەنگی عێراق و ئێران کۆتایی دێت. چ دەیەیەکە! هەموو دژوارەکان و هەموو ئاواتەکان و هەموو جەنگ و کۆدەتاکان دەگرێتە خۆ. دەوترێت لە ئافراندنی ئەدەبیدا، سیاقی مێژوویی حیسێبی بۆ ناکرێت، تەنانەت دەبێت وەلاوە بخرێت، چونکە دەق بەبێ نووسەرەکەی و بەبێ سیاقە مێژووییەکەی دەتوانی بێتە زمان. ڕەنگە ئەمە بەنیسبەت



ئەدەبییاتی کوردییەوە زۆر تەواو نەبێت. ئەدەبییاتی کوردی تەنها دەنگێك نەبووە بۆ جوانییەکی موجەڕەد وترابێت، بەرهەمی تێکچڕژانی ڕێبازە ئەدەبی و فیکرییەکانیش نەبووە. بەڵکو زمانحاڵ بووە، ڕچەیەك بوو، ناسنامەیەك بووە.

ڕاستە، لە حەفتاکاندا سارتەر گەیشتۆتە چلوپۆپەی و تەرحی فەلسەفەی بوونگەرایی بە تەواویی کاریگەریی خۆی جێهێشتووە لەژێر ڕۆشنایی ئەم فەلسەفەیەدا، ئەدەبی وجودی لە فەرەنسا، بگرە لە تەواوی ئەورووپا شەقڵێکی دیکە دەداتە ئەدەب و پێناسەیەکی دیکەمان لە مەڕ ئینسان و ئیلتیزام و کێشە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەوە بۆ دەکات. دەنگ و ناڕەزاییەکانی قوتابیان پاریس، ڕێبازی هیپییەکانە و سەرهەڵدانی دەنگی نارەزایی پێست ڕەشەکانی ئەمەریکا و بەهاری پراغ و دوابەدواش داگیرکردنی لەلایەن لەشکری ڕوسەوە، ڕووداوگەلێکی گرینگی جیهانین لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕوویاندا.

بەڵام بەنیسبەت ئێمەی کوردەوە کێشەکە جوداوازە. مێژووی سەدەی بیستەمی کوردی ڕەنگە لە حەفتاکان چڕبکرێتەوە. لە لایەك ڕژێمێکی فاشی بە هەموو پێوەرەکان خاك و ئاسمانمان کۆنترۆڵ دەکات، بەیاننامەی یانزەی ئازار ئیمزا دەکرێت، نسکۆ وەکو هاوارێك لە تونێلە تاریکەکانی مێژووەوە مۆری عایدون لە نەخشەی تەوێڵمان دەدات، تەنانەت بەربەستەو پەرژین بەرامبەر بە خەونیش دادەنرێت. هەر لە حەفتاکانیش چەندین دەنگی شیعری گرینگ دێنەکایەوە. وەك چۆن ناکرێ ئیمرۆ بە دوێنێ بەراورد بکرێت، هەروەها ناشکرێ ئیمڕۆ بە سبەینێ بەراورد بکرێت.

لەنێو ئەو دەنگانە، سەلام مەحەمەد وەکو دەنگێکی سافی کوردەوەرای، وەك بڵێی لە حەکایەتە دێرینەکانی گوندەکانی گەرمیانەوە سەریهەڵدابێت. فێنکی ئێوارەکان و ئەستێرەی سیوەیل و حەوتەوانەی گەلاوێژ و ماسییە زەردەکان گوندەکەکانی ناوچەی شوان، شاعیر ڕادەژنن. گەرمیانی پەنجا و شەستەکان زەمەنیان نییە. ئاسمان و خاك بێ سنوورن، ئەستێرە وەکو هەموو زیندەورێکی دیکە لەگەڵ گوندیان دەژێن و ئەفسانە و حەکایەت و گۆرانییە میللییەکان سنووریان بۆ نییە. گوندەکانی قەرەوناز، کارێزە و پیرەڕەز و کەسایەتییەکان

دیکۆری شیعری ئەم شاعیرە پێکدەهێنن.(بڕوانە شیعری لە دایکبوون، لە سەرەتای حەفتا نووسراوە.)

لەم لێکۆڵینەوە کورتە، میتۆدۆلۆژیای باشلەر بەکار دەهێنین. سەبارەت بە فەزای بەختەوەر لە بەشی یەکەم قسە دەکەین و بەشی دووەمیش بۆ ڕەگەزی ئاو و باران تەرخان دەکەین، بۆ ئەوەی لە خەونەکانی ماددەوە بەرە فەزای زیهنی شاعیر بڕۆین. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەینە دوو بەشە:

**بەشی یەکەم:** چەمکی شار و بە تایبەتی کەرکوك "

**بەشی دووەم:** ڕەنگدانەوە سروشت.

**بەشی یەکەم:**

حاڵەتی غوربەتبوون و تەغریببوون، دوو حاڵەتی نەبڕاوەن لەنێو ئەدەبییاتی کوردی، یەکەمیان دەبێتە هۆکاری دووەمیان. لە حەفتاکان کاتێك قوتابی کورد چۆتە بەغدا، زۆرجار وا هەستی کردووە، یەکجار زۆر لە زێد و وڵاتەکەی دوورکەوتۆتەوە. ئەمە سۆزێکی ئاسایی نییە، تەنانەت هەند نائاساییە و شاعیر هەستی کردووە ئیتر پەیوەندی لەگەڵ دونیادا نەماوە، لێرەوە چەکەرەکردنی هەستی تەغریبوونی تیا بوژاوەتەوە. دوورکەوتنەوە لە شار، دوورکەوتنەوەیە لە ناسنامەی شاعیر، نازانێ دوای ئەو شاری چی بەسەردێت. "سوارەکان دێن/ناوی شار و/ شەقام و بازار ئەگۆڕن."

ئەمە بە تەنها سڕینەوەیەکی ئاسایی نییە بۆ ناوی کۆڵان و شەقام، بەڵکو سڕینەوەی ڕووخساری کوردە. وەك ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی ناوگۆڕین، یەکێك بێت لە هەرە دژوارترین تراژیدیا. بەوە دەچێت یەکێك ڕەگەزنامەکەت لێوەربگرێت و بە سورگییەك وێنەکەت بسڕێتەوە. حەفتاکان هەموو دژوارەکان لە خۆ دەگرێت، لە لایەك موژدەی زمان و ناسنامە بۆ کەرکوك دەگەڕێنێتەوە، لە لایەکی دیش هەوڵێکی یەکجار زۆر دەدرێت، هەوڵێکی ئاگرین بۆ ئەوەی ناسنامە لە ڕەگوریشەوە هەڵکەنرێت. پنتی لێکدانی دووبەرەیە، خاڵی یەکگرتن و جودابوونەوەیە.



لێرەوە شار دەچێتە نێو هاوکێشەیەکی ئۆنتۆلۆژییەوە، واتە یا دەبم، واتە شار دەبێت، یا نابم، واتە شاریش نامێنێ " یا بە پێچەوانەوە، سڕینەوەی ڕووخساری شار، سڕینەوەی ڕووخساری ئینسانەکەیە. بۆیە کێشەکە پەیوەندی بە بستێ زەمینی کشتوکاڵی و گواستنەوەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو ناعەدالەتییەکە کە تەنها لە ئەفریقای باشوور و ئەمەریکای قۆناغی ڕەگەزپەرستی وجودی هەبووە کە پێست سپی باڵادەست و پێست ڕەشیش وەکو کوێلە تەماشاکرابێت.

لەنێو ئەم هاوکێشەیە، "شار ماندووە"و ماندووە بە دەستی بەعەرەبکردنی ڕۆحی شارەکە، "حی ئەندەلوس"لە جیاتی ڕەحیماوا و گەڕەکی نوێی وەکو حی عروبە،... هتد. شاعیر بە دەنگێکی بەرز دەڵێت: "لاشانی عروبە و موسەننا و ئەندەلووس و ئەبو غەزبان/بەربوونە گۆڕینی ناوی کۆڵان."

قوتابیانی ئەو قۆناغە زۆر بە باشی دێتەوە یادیان کە چۆن لە ڕۆژگارێکی پڕ لە غەزەب و ماتەمینیدا، ناوی "ئامادەیی کوردستان"یان کردە "عەبدولمەلیکی بن مەروان". ئەمە سڕینەوەی مێژووە. ڕژێمی ئەوسای بەعس زۆر زیرەکانە دەیزانی زمان و ناو و زاکیرە چی دەگەیەنێت. ئەم سێ ڕەگەزە لە هەر میللەتێك بسەنرێتەوە، هیچی نامێنێ. توانەوەی یەکجارەکی لە ناوبردنی ئەم سێ ڕەگەزەوە دێتە دی.

ئەم حاڵەتە وا دەکات شار دووربکەوێتەوە، ئیتر هەست دەکەیت هی تۆ نییە، ئەم زەوتکردنی ناسنامەیە، زەوتکردنی خاك نییە بە تەنها. سەلام مەحەمەد دەڵێت: تۆ بۆ شارێکی دوور دەڕۆی... تابلێی دوور، کەوتۆتە ئەوسەری ئاسمان"یا " لە شەڕێکی قەراغ شاردا/لەگەڵ خێڵی ئوسامەدا."هەموومان وەقع و بارستایی ئەم ناوە عەرەبییانە دەزانین چییە. ڕژێمی پێشوو، دەچوو لەنێو مێژووی فەتح و داگیرکردندا ناوی دەقۆستەوە. شەڕەکانی "قادسییە"یەکێك بوو لەو هەوڵانە، یا سەپاندنی فۆنەتیکی زمانی عەرەبی بەسەر ناوە کوردی و بگرە تورکمانییەکانیشدا. "تیسسین"دەبێتە "تسعین"و "ئاراپخا، یا ئارافا"دەکرێتە "عەرەفە"کە دەنگوسەدای کێوی عەرەفەی شاری مەککەمان لە گوێ دەزرینگێتەوە.

بۆیە شار لای سەلام مەحەمەد، تەنها فەزایەکی گشتی نییە، لە دامودەزگا و باڵەخانە و باخی گشتی و وێستگە،... هتد. پێکنهاتووە، بەڵکو دەبێتە "زێد"، شار دەبێتە هێلانە، ماڵەو شوێنێکی گەرموگوڕە، گاستۆن باشلەر کاتێك باس لە چەمکی حەوانەوە دەکات و بە

بەختەوەری ناودەبات، ئاماژە بۆ ئاگردان و ماڵ دەکات، ئەو ماڵەی کە ئاگری تێدا دەکرێتەوە، شوێنێکی حەمیمیە، تەنانەت لە زمانی فەرەنسا ناوێك هەیە بۆ ماڵ کە لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بۆ ئاگرکردنەوەی تیا دەکرێت. وێنەی ئاگر و گەرموگوڕی تێکەڵ بە پەیوەندییە هەرە قووڵەکان دەبێت. بۆیە لە ناخی شاعیردا، جۆرە سۆزێك بۆ ئەو ئەتمۆسفێرە بەختەوەرییە هەیە کە پەیوەندی بە شار و ماڵەوە هەیە. دەڵێت: "کە لە دۆزەخ گەڕامەوە، ڕووم کردە شار."

هەموو دەزانین ئاگر وەکو ئاو بە لایەن کەم خاوەن دوو ڕەهەندی ڕوون و ئاشکرایە: ئاگر یا گەرمکەرەوەیە یا سوتێنەرە، ئاو یا بەرەکەت و فەڕە یا لافاو و لە هی لێدەکەوێتەوە. کاتێك شاعیر لە دۆزەخ هەڵدێت، پەنا بۆ شار دەبات. ئەمە سیمای شاری کەرکوکی ڕەسەنە، پێش ئەوەی ئاگری ڕەگەزپەرستی نەگەیشتبێ، بەڵام کاتێك دۆزەخ ڕۆ دەچێتە خودی شارەکەوە، ئەو کات ئاگری دۆزەخ لە دەرەوە و لە ناوەوەیە. شاعیر دەڵێ: "بۆتە شارێك ناوی: بارانی سووتاوە."

ئەم وێنەیەکی شیعریی بە ئیمتیازە. کۆکردنەوەی ئاو و ئاگر، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئیتر سروشتیش بەشداری ئەم پرس و پڕۆسەیە دەکات.

دەکرێ بوترێت سەلام مەحەمەد یەکێکە لەو دەنگە شیعرییانەی حەفتاکان کە وێنە و سیمای کەرکوك زۆر بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە و ئاماژەکانی ئاماژەی ئینسانین سەبارەت بە ڕەگەزپەرستییەکی حاشاهەڵنەگر.

**بەشی دووەم:**

ئەم لێکۆڵینەوە کورتە لەسەر ڕەگەزە سروشتییەکان هەڵوێستەیەك دەکەین.

ئاو و باران پانتاییەکی گرینگ لە شیعری سەلام مەحەمەد داگیر دەکەن. ئاوێکی ڕوون ڕووبەری شیعرەکانی داگیر دەکات. ئاو ماددەیەکی شاعیرانەیە، دەکرێ لە ڕێگای ئاوەوە باس لە خەونە قووڵەکانی شاعیر بکەین. ئەوەی جێگای سەرنجە لە لای شاعیر، زۆرجار، ئەگەر نەوترێت هەمیشە، شیعرەکەی موخاتەبەی کەسی دووەم دەکات، لێرەوە دەق ئەرکی دیالۆگێك دەبینێ، لەگەڵ کەسێکی نادیار، لەگەڵ کەسێکی خەیاڵی لەگەڵ خۆشەویستێك، هەندێجار هەست دەکرێت دەق ئەرکی نامە دەبینێ. ئەم دیالۆگە تەنانەت لەگەڵ ئاویش دەیکات: "وەرە خوارێ ئەی ئاوی تاڤگەی جوان."



هەندێجاریش بەرامبەر بە وێنەر سوریالئامێز، شیعر بۆ جیهانێکی قوڵتر، بزێوتر شۆڕدەکاتەوە: "ڕەنگی تەمەن خەونی ئاوریشمینی ئاوە."

ڕەگەزی ئاو لەنێو کلتوور و لەنێو موفرەدەی کوردیدا بە بەربڵاوی بەکارهاتووە. ئاو سەنتەرە لە سەرجەم شارستانییەتەکاندا. ئاوی ڕووباری گەنج لە هێندوستان شوێنی تەهارەت و خۆ باقژکردنەوەیە لە گوناهەکانی دونیا، ئاوی زەمزەم ڕەمزییەتێکی تەواو لە ئایینی ئیسلام و شارستانییەتی عەرەبی داگیر دەکات. ئاو لە لای ئێمە ترنجاوەتە نێو چەندین موفرەدە کە بە زەحمەت ئیمڕۆ دەکرێ بناسرێتەوە. لە ئاوەوە ئاوەدانیمان هەیە، هەر لە ڕەچەڵەکی ئاوەوە گەڕەك و شار بنیانتراوە (ڕەحیمئاوا، ئەحمەدئاوا،... هتد). ئاوایی ئەو شوێنەیە کە کۆمەڵە خەڵکێك تیای نیشتەجێ دەبن و دەیکەنە ئاوەدانی، ماڵئاواییکردن لە کەسێك بەجێهێشتنی خێروبەرەکەت دەگەیەنێت. تەنانەت ڕەنگە ئاوێنەش بەو پانتاییە لووس و بریقەدارە بوترێت کە وەك ئاو ئەرکی تیشکدانەوە و ڕەنگدانەوە دەبینێت.

ئاو لای شاعیر زۆر زیندووە، زیندوویەکی ڕوونە، دەبێتە ڕۆحی شیعر لە "ئاوی هۆنراوە"، سەفەر دەکات لە "کاروانی ئاو"، چەندین ڕەنگ وەدەگرێت و دەچێتە دووتوێی وێنەیەکی ئەفسانەیی و خەیاڵییەوە: "کەفی حەوڕەنگی ئاوی دەریا."

لە ڕێڕەوەی ئاودا تەمەن دەخوێندرێتەوە، تەمەن وەکو ئاو دەڕوا لە "ئاوی شیرینی تەمەنم ئەخۆمەوە."هەر لە درێژکراوەی ئەم بۆچوونە شاعیر لە "ناو ئاوی جۆگەڵەدا خۆی دەبینێ.". لەسەر سیستمی دژوارەکان ئیش دەکات پەیوەندی نێوان ئاو/ئاگر و ئاو/بیابان. "ئاگرێکی سادە نییە بە ئاوی خەم بکوژێتەوە" و "نەمئەزانی کە بیابان دەگاتە ئاو/ کەی ئاو دەگاتە بیابان."

وێنەی چیا لە کۆزاکیرەی کوردی بەقەد ئاو زیندووە و لە شیعری حەفتاکاندا زۆر بەکارهاتووە و ڕەنگە لە تاکڕەهەندیدا بووبێتە ڕەمزی کوردستان و بەڵکو خەبات میللەتی کورد، شێرکۆ بێکەس بەشی شێری بەرکەوتووە و هەروەها سەلام مەحەمەد لەسەر هەمان ڕێچکە دەنووسێت: "ئاویی بەفری سەر لووتکەکان ئەکاتە ماچ/ ئەیبەخشێتە دەست و دۆڵی ئەم کوردستان شیرینە."

ئاوی ڕوون ئاوی بەهارانەیە، ئاوێکی بەختیارە، ئاوێکی خەونینەی سەرەتاییە، بێگەردیی و سادەیی لە خۆدەگرێت، ئاوێکی منداڵانەیە، ڕەنگە وەکو ئاوی یەکەم حیسێبی بۆ بکرێت.

له پاڵ ئەم ئاوە ڕوونە کە زۆربەی هەرە زۆری شیکڵی ئاوی سەلام مەحەمەدە، هەورەها ئاوی تاڵیش هەیە، ئاوی تاڵ ئاوی مەرگە، ئاوێکی وەستاوە، ئاوی خەونینە نییە، بەڵکو ئاوی کابووسەکانە. ئاوێکە لە ئاسمانەکانەوە نایەنەخوارێ، بەڵکو لە بوارە تاریك و وەستاوەکاندا هەن. ئاوی تاڵ وێنەیەکی شیعرییە بە ئیمتیازە، بەڵام دیوەی مەرگ و کابووس و تاریکاییەکان داگیر دەکات.

لەنێوان ئاوی ڕوون و ئاوی تاڵ، ئاوی سووتاویش هەیە. "بارانی سووتاو"ئاماژەیەکە بۆ گریان، فرمێسك کاتێك لە دڵێکی گڕگرتووەوە سەرچاوە وەردەگرێت، هەڵبەتە ئاگرینە، سوتێنەرە. لێکدانی دوو توخم، بۆ ئەوەی توخمی سێیەم دروست بکات. لێرە سەلام ئاگر و ئاو کۆ دەکاتەوە. بێگومان لەم کۆکردنەوەیەدا، ڕەگەزی سێیەم قەد بەختەوەر نییە

سروشت کارایە، ئاسمانی شین، تەم و هەور، شەختە و بەستەڵەك، بەفر و بەفرو"لەم دەقانە دەخوێنیەوە. وەکو ئەوەی سروشت دەسکاری نەکرابێت، لای گۆران زۆر بە جوانی، واتە ئیتیباعییەکی جوانیان پێ بەخشراوە، بەڵام لای سەلام مەحەمەد سروشت درۆ ناکات. کاتێك سروشت درۆمان لەگەڵ ناکات، ڕووخساری یەکەمی سروشت دەبینین، یەك دیوی دەبینین، ئاوێتەبوونێکی ڕۆمانسیانەش دەبووژێتەوە. لە شیعری "توانەوە، لا ٣٥""پەڵە هەورێك دەکەینە هێلانە و هەوار."

ئەم پەیوەندییە ڕۆمانسییە لە "شەوانی تەنیایی"دەگاتە ترۆپك: لاپەڕەی ٣٦/٣٧ "هەر ئەوەندەی لەناو دۆزەخی دووریتا چاوم نووقان/ نووقمی خەونی دوور دوور ئەبم/ تۆ ئەبیتە شاپەرییەك/کراسێکی ئاوریشمینی تەنك و سپیت لە بەردایەو/ لەسەر ڕوومەتی ئاوێنەی/،... هتد."

موفرەدەکانی سەلام مەحەمەد لە دونیای گوندەوە دێت. ساف و بێگەردن، سەرجەم ئاماژەکانی ژان و ئازار، بە بێ تەکلیف نووسراوە. "نووکە دەرزی"، "نووکە ڕم"، "وردە شووشە"، "دوکەڵاوی"، "سووتان"،... هتد.

یەکێك لە ڕەگەزە لە بەرچاوەکانی شیعری شاعیر دیالۆگە. یا مەنەلۆگێکە لەگەڵ خود. بۆیە لە زۆربەی شیعرەکان شیعر ئاراستەی یەکێك دەکرێت، یا ئەوێکی دیکە، منی پەنهانە. "خۆت مەشارەوە"لا٥٢.



"وەرە ژوورەوە"، "وەرە خوارەوەی، ئەی تاڤگەی جوان"، "وەرە خوارێ ئەی کۆترە تۆراوەکەم"، "تۆ ئەزانی چاوەکانت/ وەك شاری دڵم خامۆش و ئاوەرەیە."، "دە دەروازەی ئەم قەڵایەش بکەرەوە."

زمانی ئەم دیالۆگە تا بڵێی خۆماڵییە، خۆماڵییە بە هەموو پێوەرەکان. ئەو کوردییەی سەلام پێی دەنووسێ، بە بێ ماکیاج و بەبێ ڕتوش و بەبێ ڕەوانبێژییەکی عاسی، هەست دەکرێت ئەم دەنگە سافە، وەکو ئاسمان و جۆگەلەی نیشتیمانە، سەرەڕای ئەوەی لێرە و لەوێ، وشەی توند بەکارهاتوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەکی ڕێڕەوەی ئەو جۆگەلەیەی نەشێواندووە.

هەر بەم زمانە چەندین تابلۆی ئاوی پێ دەکێشرێت، دیمەنی ڕەگەزەکانی سروشتن و بە بەردەمماندا تێدەپەڕێت. کەس نییە لە جۆگەلە ئاو بێزار بێت، کەس نییە خوڕەی ئاو هەراسانی بکات. بۆیە شیعری سەلام مەحەمەد لە زنجیرەیەك وێنە پێکهاتوون، وەك شریتی سینەما جیهانێکی ڕۆمانسی دەبووژێتەوە.

شار و ئاوەدانی ناوەڕۆکی پرۆژەی شیعرییە لای سەلام مەحەمەد. شار وەکو ڕووخسار، وەکو هێلانە، وەکو ماڵ، ئاویش دونیایەکی ڕوونە، ڕچەیەکی دەچێتەوە شار، بەڵام پرۆژەی شیعری لە هەوارە خەونینە دوورەکانەوە و دێن و ساڵانی حەفتا بەسەر چەندین شەڕی کاولکەری دەکرێتەوە و هێشتاش ڕووخسارە ڕاستەقینەی شار دەرنەکەوتووە.

**تێبینی:** ئەم نووسینە لە گۆڤاری هەنار ژمارە ٨٧ ی ساڵی ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە.

# ئاماژەکانی چەمکی شوێن
# لە یادەوەری شیعریی سەلام محەمەدی شاعیردا

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
کانوونی دووەمی ٢٠١٣
کەنەدا

شوێن لە دەقی ئەدەبی ئەو پانتاییەیە لە ڕووبەر کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئینسانی لەسەر دامەزراوە و تەواوی هەڵسوکەوت و چالاکی ئینسانەکانی تیا دەگوزەرێت. ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە هەرە دیار و بەرجەستەکانی ژیان. ئەگەر گۆی زەوی وەك شوێنێکی سەرتاپاگیر و ناسراو و دیار ببینین، ئەوا هەر لەناو هەناوی ئەو شوێنە ناسراو و دیار و گشتیگیرییە چەشنەها شوێنی دیکە هەن بە چەندین جۆری جیاجیا وەکو شوێنی ڕاستەقینە



کە ئەو شوێنەیە واقیعییەیە بەچاو دەیبینین و دەتوانین وەسفی وردی دوورییەکانی بکەین. شوێنی خەیاڵ کە لە ئەندێشەی نووسەر و ئەدیب و شاعیرەوە دروست دەکرێت. یان شوێنی کراوە شوێنێکە تایبەت نییە بە کەسێك، بەڵکو هەموو کەسێك دەتوانێت بەکاری بهێنێت وەك: نەخۆشخانە و باخچەی گشتی و کتێبخانەی گشتی. شوێنی داخراویش بەو شوێنە دەوترێت کە تایبەتە بە کەسێك یان چەند کەسێك وەك ماڵ. هەروەها شوێنی ئاشنا شوێنێکە کە لەگەڵ ناوهێنانی هەست دەکەین زانیاریمان لەبارەیەوە هەیە و بەپێچەوانەشەوە شوێنی نائاشنا شوێنێکە زانیاریمان لەبارەیەوە کەمە یان هەر نییە. هەرچی ئەندامە شوێن یان جەستەشوێنە بەو شوێنانە دەوترێت کە لە جەستەی مرۆڤدا جێیان بۆتەوە وەك باوەش و ناو دڵ.(١) ئەگەر ئەم جیاکارییەی شوێن بۆ ژانرەکانی ڕۆمان و چیرۆك بەوردی پێکەوە بەکاربهێنرێن، ئەوا لە شیعردا ڕەنگە بەو شێوەیە بەکار نەیەن یان جیاجیا و کەمتر بەکار بهێنرێن. هەروەها بەوپێیەی چونکە "شوێن کاریگەری لەسەر تێکست و نووسەر هەیە"(٢). من دەکارم لەم چەمکی شوێنە گشتییە، واقیعییە، ناسراوە، ئاشنایە،لەشیعری سەلام محەمەدی شاعیر ورد ببمەوە و دوو قسەی لەسەر بکەم. من لەم هەوڵە بچۆلانەیەم تێدەکۆشم تەنها جۆرێك لە شوێن بخوێنمەوە و دەکرێت کەسێکیتر سەرجەم جۆرەکانی دیکەی شوێن لە شیعری کاك سەلام بخوێنێتەوە، ئەمە جگە لەلایەنە شیعرییەکانی دی.

ئەو شیعرانەی کە منیش ساڵەهایەکە نایانووسمەوە و
هەموو ژوور و سەردابەکانی نوگرەسەلمانی دڵمیان پڕ کردۆتەوە و
تەنیا هەر بۆنی کەرکوکیان لێدێت
بۆنی نەوتەکەی کەیوان و خانووە کۆنەکانی حەسیرەکە و
مزگەوتەکەی ڕەحیماوە و
ئاوارەکانی فەیلەق و
بۆنی میمی ئامین و میمی فەخریان لێدێت
بۆنی چایخانەکەی شۆڕیجە و بازاڕی میوەکەی ئازادیان لێدێت. (٣)

ڕەگەزی شوێن لە پانتایی یادەوەری شاعیر بە تۆخی ڕەنگی داوەتەوە. شاعیر لێرە شوێنی گشتیگیر و ناسراو و گەورەی کەرکوکی لە ئەندامە شوێن (دڵ)جێ دەکاتەوە. ئەو بە هیچ شێوەیەك لەسەر ئەگەرەکانی جێگۆڕکێی شوێن ناوەستێت و ئەو ئەگەر چی بەهۆی پیشەی باوکییەوە کەمامۆستا بووە زوو زوو باریان کردووە و بنە و بارگەیان پێچاوەتەوە و لەم دێوە بۆ

ئەو دێ و لەم ناوچەیەوە بۆ ئەو ناوچە گواستوویانەتەوە، بەڵام ئەم پارچە لەتوپەتانەی دونیای منداڵی شاعیر کە دواتر خۆی لە پێکهاتەیەکی گەورەتردا دەنوێنێت و شوێنێك ئەکاتە سێنتراڵی لێوە هەستانی شیعر و ژیان. لێرەوە شاعیر بێ دوودڵی مەنزڵی شوێن لەیادەوەری خۆیدا دەستنیشان دەکات، یان وردتر بڵێین شوێن خۆی لەیادەوەری ئەم شاعیرە دەچەسپێنێت. سەلام محەمەد "کەرکوك"دەکاتە چەقی قورسایی سەفەرەکانی خەیاڵی و سەرجەم هاوکێشە نۆستالیژییەکانی خۆی و ئەمەش لە شیعرەکانیدا بەئاشکرا دیارە. شاعیر گەرچی دەستی بە هەردوو شوێنی گەورە (کوردستان) و شوێنی بچووك (کەرکوك) گرتووە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای رامانی شاعیرە شوێنی بچووکە. ئەو گەرچی ئایدێندتی خۆی لە شوێنی گەورەوە وەردەگرێت، بەڵام مۆری ئەو ناسنامەیە شوێنی بچووکە. شوێن وەك چۆن خاڵی دەستپێکی کاری ئەدەبییە، بەهەمان شێوەش شوێن سێنتراڵی تێگەیشتنە لە کاری نووسەر"(٤). بۆیە ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی سەلام محەمەد بریتییە لە بینین و خوێندنەوەی شوێن.

شوێن لای کاك سەلامی شاعیر هەر تەنها یەك شوێن نییە. ئەو ئەگەر چی شار (کەرکوك) چەقی شوێنی ئەوە، بەڵام دەوروبەری ئەو چەقە و نێو پانتایی شوێنی گەورە بەشێکن لە ناسنامەی شوێنی ئەو. ئەو لە دێی کارێزەی خاڵخاڵان کە شوێنی لەدایکبوونی شاعیرە، کەرکوك، تەوەکەڵ، هەشەزینی، کەرکوك، حەویجە، دوبز، کەرکوك، تاران، سوریا، ئەڵمانیا، تا ئەگاتە شاری ڤێستەرۆس لە سوید شوێنی ئەون. ئەو شوێنانە هەریەك هەڵگری ئاماژەی جیاجیان و پەیوەندییان بە شاعیرەوە هەیە و ئەویش ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی ژیانی خۆی بەو شوێنانەوە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە دەخاتە ڕوو.

**شوناسی شوێن**

**شوێن وەك جێگای لەدایبوونی خەون - وەك جێگای تاقیکردنەوەی ئومێد**

**شوێنی بچووك - شوێنی گەورە**

چەمکی شوێن هەر تەنیا پنتکێکی جوگرافی نییە تا قژی یادەوەری تیا بهۆنرێتەوە، بەڵکو جێگای لەدایکبوونی خەونەکانیشە. ئەو خەونانەی شاعیر بە شوێنیانەوە عەوداڵە و بێهەدادان بە سۆراخی بەدیهاتنیانە. "شوێن تەنها خۆڵ و بەرد و شاخ و ڕووبارێکی ڕووتی چەسپاو نین لەلای مرۆڤدا، بەڵکو بەشێکە لە شێوازی ژیان و بیرکردنەوە و پۆترێتەکانی مرۆڤ".(٥)



تەمەنی خەون بەندە بە تەمەنی مرۆڤ و تەمەنی مرۆڤیش بەندە بە شوێنەوە. ئەوەی من لە شیعرەکانی شاعیر سەرنجمداوە ئەوەیە تەواوی هیوا و ئاواتەکانی شاعیر لە چەقی قورسایی شوێن قەتیس دەمێنن و تەنانەت شوێن لە دیدی شاعیرەوە ئەو جوانی و قەشەنگییەی جارانی سیحراویتر خۆی دەنوێنێت. شوێن لە شیعرەکانی سەلام محەمەد "لەوە دەردەچێت کە تەنها چوارچێوەیەك بێت بۆ فەزای شیعر، بەڵکو"بەشێکی گرنگی دەقەکەیە و وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکی ڕاگرتنی ئاسمانی دەق لێکدانەوەی بۆ دەکرێ"(٦). ئەگەرچی شوێن لە دەقی ئەدەبیدا زیاتر زادەی خەیاڵی نووسەرە، بەڵام شوێنەکانی کاك سەلام محەمەد شوێنگەلی واقیعین و لە دنیای واقیعدا بوونیان هەیە و ئینتمای بە کۆمەڵیش هەیە بۆ ئەو شوێنە. لیۆنارد لیتواك پێیوایە شوێن بەدوو جۆر دەچێتە ناو ئەدەبەوە، یان وەك بیرۆکە یانیش وەك شێوە. چونکە "شوێن بەشێکە لە جەستەی دەقی ئەدەبییەکان"(٧). و هەوڵیش دەدەم زیاتر گرنگی بەم جۆرەیان بدەم.

شوێنی بچووك (کەرکوك) بەشێکی جیانەکراوەیە لە شوێنی گەورە (کوردستان)، بەڵام شوێنی بچووك زیاتر بەرجەستە کراوەتەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو شوێنە بچووکەی شاعیر لە هەموو بەشەکانی دیکەی جەستەی شوێنی گەورە زیاتر کەوتۆتە بەر بەرداشی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی وڵاتانی عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران. لێرە شوێنی گەورە خۆی گەرچی لە ویژدان و باوەڕی هەموو کوردێکی بەشەرەف بوونی هەیە، بەڵام لەت لەتکراوە و دابەش بۆتە سەر چەند شوێنێکی بچووکتر.

یەکەمجار کە هاتمە سوید هەر لە فڕۆکەخانەوە
پۆلیسێك چەند پرسیارێکی ئاراستەم کرد
ناوت چییە و لەکام وڵاتەوە هاتووی؟
وتم ناوم سەلام محەمەد ئەمینە
وڵاتەکەمیش کوردستان
وتی ئاخر کامە بەشیان؟
تورکیا؟ عێراق؟ سوریا؟ ئێران؟
وتم هیچیان
لای خۆت بنووسە کەسێکی بێ وڵاتی ناوچەی گەرمیان.(٨)

ئەم دابەشکردنەی شوێن لەسەر حیسابی نەتەوە و خاکێك لای بەشە هۆشیارەکەی میللەت و تاکە بەئاگاکان دەبێتە هۆی چوونە سەری کێرڤی ڕق و توڕەیی، توڕەیی لە قەدەر و چارەنووسی میللەتێك. شوناسی شوێنی گەورە گەرچی لە دەقێکی هونەری شیعریی جوان وەلا دەنرێت، بەڵام هەر ئەو توڕەبوونە ساڵانێك زووتر هەر لە کلاوڕێژنەی هونەرەوە و لە ڕێگەی دەقێکی شیعرییەوە شاعیر ویستویەتی شوناسی شوێنی گەورە بکاتە ناسنامەی پەڕینەوە لە سنوورەکانی خەون و هێنانەدی واقیعیانەی خاکێکی یەکپارچە بۆ کورد.

من کوردێکم لە پێغەمبەرێك ئەگەڕێم
تەختی خوایەکم نیشاندات ڕاپۆرتەکانم وەرگرێ
من کوردێکم نامەوێ شا
بەخشتی دیوار بمکرێ. (٩)

هێناننەدی ئەم خەونە لەلایەکەوە وەك شاعیر دەڵێت لە ڕێگەی تفەنگەوە دەکرێت واتە شۆڕش و، لەهەمان کاتدا دڵسۆزی و وەفاداری دەبێت لەئارادا بێت و خۆیان بەخشتی "شا" نەفرۆشن. ئەگەر شوێنی گەورە شوێنی هێنانەدی خەونەکان و تاقیکردنەوەکانی ئومێدی شاعیرە، بەڵام شوێنی بچووك زیاتر کەڵەکەبوونی خەونەکانە و کارگەیەکە خەونی تێدا لەدایك دەبێت و شاعیر دەبێت خەمی ورد و درشتی ئەو شوێنە بخوات.

مەڕۆ
مەڕۆ
ئەگەر بڕۆی کێ لە شەوانی تاریکا
چراکانی
کۆڕنیشە جوانەکەی کەرکوك داگیرسێنێ(١٠)

ئاخر ئەو خەمەی لە دڵی شاعیر ڕواوە سەرچاوەکەی ناگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوت یان فێربوونی ناو کتێب. سەرچاوەی ئەم خەمی ڕۆیشتنی شیرینە لەگەڵ زمان پژانی شاعیر سەرهەڵدەدا و لەگەڵیدا گەورە دەبێت. شوێن لێرە ئاماژەیەکی دیمان نیشان دەدات، ئەویش دیاریکردنی چوارچێوەی ژیان و بیرکردنەوەی شاعیرە. شاعیر کە زمان دەگرێت، زمانی شوێن دەگرێت. ئەو لەشوێنەوە(شوێنی کۆن) فێری دڵداریی دەبێت و کلتووری ژیان قەبوڵ دەکات و چیرۆکەکانی بەر ئاگردان و مەتەڵەکانی ناو ئەفسانەکان لە یادەوەری خۆیدا دەنووسێتەوە.

بە پرسیار و چییە و چۆنە زمانم گرت



لەناو خوێنا
چاوی ئاواتم هەڵهێنا
کۆڵانەکانی "کارێزە" و "پیرەڕەز"و
گۆمەشینەکەی "قەرەوناز"
فێری دڵدارییان کردم
"مام فەتاح"یش فێریکردم
بیر لە مەتەڵی جنۆکە و دیو و درنج بکەمەوە. (١١)

شاعیر لە کەلێن و قوژبنەکانی شوێنەوە خەیاڵ دەکات بە هێلانەی وشە و هۆنینەوەی هەست و ئینتمای بۆ شوێنکات نییە وەك دوانەی لێکگرێدراوی هەر ڕووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەو تەنها وابەستەی شوێنە و کات هەر گوزارشتە لە ساتی دەربڕین. ئیتر لەم سۆنگەیەوە کات ئەو بایەخەی کەهەیەتی لە دەستی دەدات، یان دەتوانین بەجۆرێکی دیکە بڵێین شاعیر لەپێناو پیرۆزکردنی شوێن لە بەهای کات کەم دەکاتەوە. ئەم پرۆسەیە ئاگایانە بێت یان بێئاگایانە خزمەتی دەقە شیعرییەکان دەکات و خۆیشی بەشێکە لەو تەکنیکەی کە شوێن لەسەر حیسابی کات بەرجەستەتر دەبێتەوە.

باڵەخانەکانی هەولێر
شوقەکانی سلێمانی
ڕاستە بەرزن وەك بورج وان
بەڵام لەوانیش بەرزتر
عیمارەی غەمی کەرکوکە
وا چۆتە حەلحەلەی ئاسمان (١٢)

ڕەهەندەکانی شوێن لە گۆشەنیگای شاعیرەوە لە دوو ئاستدا تەوزیف کراوە. ئاستێکیان بریتییە لە بینینی شوێن وەك ئاماژەی بوون. ئاستی دووەمیان بینینی شوێنە وەك ئاماژەی عەشق. ئەم هاوکێشەیە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەوەی شاعیر خۆی یەکسان دەکات بەشوێن. ئەم یەکسانبوونە بەشوێن سەرێکی لەناو ئەفسانەکانی دروستبوونی مرۆڤە لە خۆڵ و خاك و هەوا و ئاگر و سەرێکی دیکەیشی وا لەناو دنیای جەنجاڵی سیاسەت و خەبات و هەڵوێست نواندنە.

من نە پارتیم نە یەکیەتیم

نە گۆڕان و نە بزووتنەوەی ئیسلامیم
نە مارکسیم و نە بەعسیم
من کەرکوکیم
هەموو شتێکم هیچیش نیم (١٣)

لەلایەکی دیکەوە شاعیر لە گۆشەنیگایەکی دوورەوە دەڕوانێتە شوێن وەك ئاماژەی عەشق و ئیتر لەو خاڵەوە ڕەهەندە جوگرافی و کلتوورییەکانی لەدەست دەدات و لە شارێك کە هەڵگری کۆمەڵێك دەلالەتی بوونییە دەگۆڕێت بە شارێك یان شوێنێك لە دەرەوەی تواناکانی هەر پەرچەکردارێك سەبارەت بە خراپی بارودۆخی شوێن. بۆیە لە سۆزی بڵێسەی عەشقەوە پەنا دەباتە بەر پانتاییە بێسنوورەکانی خەیاڵ و لەدەرەوەی سنوورەکانی دەسەڵاتی بەسەر شوێندا داوا لە هێزێکی سەرووی سروشتەوە (خوا) دەکات فریای شوێن (کەرکوك) بکەوێت.

لەو ئۆقیانووسە بێکۆتاییە پڕ لە هیدایەتەی
ئایا ناکرێت
بەکون فەیەکونێك
دڵۆپەیەك لە ئارام و
دڵۆپەیەکیش لە ئاسوودەیی
بخاتە دڵە ئاگرەکەی کەرکوکەوە. (١٤)

لەم ئاماژەیەدا شاعیر سەرباری بەدەربەستی بۆ شوێن کەچی ئەو خەمیەتی چونکە کەرکوك یان شوێن لەدەرەوەی توانا و ویست و دەسەڵاتەکانی وشەوە پێناسەی خۆی دەکات، بەڵام هەرچی ئاستی یەکەمە کە ئاماژەی بوونە تۆختر و نزیکتر بەدەقەکانەوە دەبینرێت. ئاماژەی بینینی شوێن وەك بوون بوعدێکی تا ئەندازەیەك سیاسییانەی هەیە. لێرەوە دەتوانین دەرهاویشتەکانی ئەم هاوکێشەیە ببینین لە چەشنی خۆشەویستی خاك و نیشتمان و قوربانیدان لەپێناو خاك و مەسەلەی پێشمەرگەیایەتی و دواجاریش تاراوگە و هاتنە قسەی نۆستالیژیا. نۆستالیژیای شوێن ڕەنگە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات جیاواز بن. ڕەنگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاواز بێ. هەرچی نۆستالیژیای شوێنە لای شاعیر گشتییە و بەشێکە لە نۆستالیژیای زۆر کەسی دیکە کە لەهەمان ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هاتوون، یان سەر بەهەمان شوێن و پێگەی جوگرافی و کلتوورین. ڕەنگە قەدەری هاوشوێنی هۆیەك بێت بۆ لێکچوون و هاوبەشبوونی یادەوەری مرۆڤەکان لە شوێنێکی دیاریکراو.



چوومەتەوە ئەو ڕۆژگارە
کە ماڵمان لە ڕەحیماوە بوو
هەموومان لەژێر کلاورۆژنەکانی
دارمێوی حەوشەکەدا
دادەنیشتین و
بۆن و بەرامەی چایەکەی دایکم،
کولێرە گەرمەکەی جەوهەری نانەوا،
ماستە قەیماخدارەکەی مەلا مەحمود و
ڕادیۆ گەورەکەی باوکم
پێشوازی ڕۆژێکی تازەیان لێ دەکردین.(١٥)

بەڵام شوێن بەیەك ئەندازە و بەیەك ئاست لە ڕەهەند لە یادەوەری شاعیر جێی نابێتەوە و بەدیار ناکەوێت، بەڵکو لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە دایە. ئەگەر شیعرەکانی سەرەتای حەفتاکان تا کۆتایی هەشتاکان کەمتر ڕۆڵی بەرجەستەکردنەوەی شوێن بن لە یادەوەری، ئەوا شیعرە نوێیەکانی شاعیر کێرڤی شوێن ڕوو لەسەرە. شاعیر ئەگەرچی خۆی پێیوایە شیعرەتازەکانی لەڕووی زمان و تەکنیکەوە لاوازترن لە شیعرەکانی حەفتاکان و هەشتاکان، بەڵام لە بواری تەوزیفی چەمکی شوێن لەسەر حیسابی کات تۆڵەی ئەو لاوازییەی تەکنیکی کردۆتەوە.

## شوێنی دڵخواز و شوێنی بێزەوەر

گۆشەیەکی دیکە لە پەیوەند بە شوێن لە شیعری سەلام محەمەد بینینی شوێنە وەك ئاماژەی ویستن و دڵخواز و ئاماژەی ڕق و بێزەوەری. ئەگەر لە ئاستێکی باڵاتردا بڕوانینە ئەم لایەنە دەتوانین ئەم شوێنانە بەئاسانی لە ژیانی ڕۆژانەماندا ببینین. باخچە شوێنێکی دڵخوازە و زبڵخان شوێنێکی بێزەوەرە. قاوەخانە وەك شوێنێکی ئاشنا و گشتی شوێنێکی دڵخوازە و زیندان شوێنێکی بێزەوەرە. هۆڵی سینەما شوێنێکی دڵخوازە و قەسابخانە شوێنێکی بێزەوەرە. سروشتی مرۆڤ بەجۆرێکە زوو لەگەڵ بارودۆخی نوێ هەڵدەکات و زۆرجاریش پرتەوبۆڵە و ناڕەزایی سەبارەت بە شوێن دەردەبڕێت. عێراق گەرچی لەوەتەی دروستکراوە هەرگیز شوێنێکی

دڵخواز نەبووە بۆ ژیان بەتایبەتی بۆ کورد، بەڵام کوردستان بەهەموو دواکەوتوویی و نقوومبوون لە پەیوەندییە کۆن و دۆخی ژێردەستەیی کەچی بۆ کورد و شاعیری کورد مایەی دڵخوازییە. شوێنی دڵخواز لەگەڵ خۆیدا ئاماژەی عەشق و ئەڤینی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. من لە گۆشە جیاجیاکانی ئەم نووسینە بەگشتی ئاماژەم بە لایەنە داوە وەك ئاماژەی عەشق، بەڵام لێرە و لەم بەشە هەوڵ ئەدەم ڕۆشنایی بخەمە سەر لایەنی پێچەوانە و شوێنی بێزەوەر وەك ڕەتکردنەوەی تەواوی دراوەکانی شوێن. شوێن وەك ئاماژەی بێزەوەر بریتییە لە بینینی عەشقی شوێن لە ئاستێکی دیکە و بەجۆرێکی دیکە، کە مرۆڤ هەوڵ دەدات ژیانی نۆرماڵی لەدەرەوەی ئەو شوێنانە بباتەسەر. یانی شوێنێك کە شایانی ژیانی مرۆڤ نەبێت. عەشقی شوێنی بچووك و گەورە لە هاوکێشەیەکی پێچەوانە خۆی دەردەخات کاتێك ئاماژەی ڕق و بێزاری(کراهیە) لە شوێن لە هەست و دڵی مرۆڤ دەگاتە چڵەپۆپە. ئەم شوێنەی کە شاعیر ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی، لە ئەنجامی بارودۆخی سیاسی یان ئابووری ئەم ئەڤینەی شوێن کاڵ دەبێتەوە و مرۆڤ دەگەێنێتە پلەیەك لە پەرچەکردار لەبەرامبەر ئەو دۆخە نالەبار و بێزارهێنەرە. کاڵبوونەوەی ئەڤینی شوێن و گۆڕانی بە ڕق و نەفرەت یان بە وشەیەکی دیکە ئاماژەی ڕق دەرهاویشتەیەکی سیاسی گەورە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە دەرەوە، ئەویش بەنەفرەتکردنی شوێنە و کۆچکردنە لەو شوێنە بەرەو شوێنێکی نادیار.

ئەمڕۆ دڵەکەم بیابانێکە
تەنیا بە ئاوی کانیاوی کوێستان ئەبوژێتەوە
سبەینێ لەسەر
شۆستە و شەقامی شارێکی دوورا
وەکو پاشایەك بێ یار و هاوڕێ
بێ خاك و وڵات
سەر ئەنێمە سەر پەرداخی ئاڵ و
شیعری تەنیایی و لەدایکبوونی بۆ ئەخوێنمەوە
نیوەشەویش هات ئەخزێمە نوێنی گەرم و تامەزرۆی
سۆزانیەکی دەربەدەرەوە. (١٦)



ئەمە چییە وا لە شاعیرێك دەکات لە جەرگەی خەبات و پێشمەرگایەتی و لەسەر لووتکەی زینۆی سوور لە ناوزەنگەوە نەفرەت لە شوێنی گەورە وکۆن (کوردستان) بکات و خەون بە باوەشی سۆزانییەکی شارێکی دوورەوە ببینێت؟. ئەی چی وای لە هەزاران هەزار کەس کرد بەلێشاو کۆچ بکەن و شوێن جێبێڵن و بڕۆن بەرەو داهاتوویەکی نادیار. ئەی چەند کەس لەو ڕێیەدا بوونە قوربانی و کەوتنە کەمینی جەندرمە یان بوونە خۆراکی دەریاکان؟ دەبێت چی وا لە مرۆڤ بکات ئازیزانی جێبهێڵێ و غوربەت هەڵبژێرێ جگە لە بێئومێد بوون لە ژیان لە شوێنی کۆن. لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەم بێزاری و ڕق و نەفرەتە لە شوێنی کۆن بە ئەندازەیەك ڕوو لەسەر بوو تەنانەت بەلای هەندێکەوە جیابوونەوە لە شوێن و ڕۆیشتن بەرەو نادیار بە مانای دۆزینەوەی شوێنێکی نوێ(بەهەشت)ێکی سەوزی پڕ لە لەزەت و خۆشی بوو، بەڵام بۆ شاعیری لەمەڕ خۆمان کە بێماڵئاوایی سەرهەڵدەگرێت و خۆشەویستی شوێن (کوردستان)ی لە دڵ دایە و دەڕوات.

بێ ماڵئاوایی دوور ئەکەومەوە
منی بێ یار و بێ هاوڕێ و وڵات
سەری خەواڵووم هەڵئەگرم ئەڕۆم وڵاتە و وڵات
ئەزانم هەرگیز خۆشەویستی تۆم بیر ناچێتەوە
بەڵام دڵنیام نایەمەوە لات(١٧)

ئەم سەرهەڵگرتن و نەگەڕانەوەیە لە دڵ شکانی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە. شاعیر کاتێك گوڵی ئومێدەکانی بە خەبات و پێشمەرگایەتی دەوەرێت. ئەویش ئەلتەرناتیڤێکی دی نادۆزێتەوە، جگە لە هەڵاتن و سەرهەڵگرتن، بەڵام ئەم هەڵاتن و سەرهەڵگرتنە هەر لە کوردستان و خەبات و پێشمەرگایەتی بەدەرناکەوێت. شاعیر هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە نەك هەر بەشێك لە شوێن، بەڵکو تەواوی شوێنی وەك ڕەگەزی ژیان ڕەت کردۆتەوە و بڕوای بە ژیان نەماوە.

کاتێ بێداریش بوومەوە
عیسام بینی چڵێ ئاگری بۆ هێنام
هەواڵی زەوی لێپرسیم
وتم زەوی؟
یا سێدارە و زیندان و ئەتۆم و دڵە نەگریسەکان

کاکە عیسا

دەستم بگرە و بمگەیەنە ((حزووری خوا))

من لەو زەوییە بێزارم

من نامەوێ جارێکی دیکە بۆ سەر زەوی بگەڕێمەوە.(١٨)

شوێنی گەورە (گۆی زەوی) بەهەموو جوانی و دڵڕفێنییەکانیەوە شوێنی بێزاری و قێزلێبونەوەیە. شوێنێکە جێگای ژیانی تیا نابێتەوە. مرۆڤ هەموو جوانییەکانی شوێنی ناشرین کردووە و دەستکاری سەرجەم بەهاکانی ژیان کراوە. لێرە شوێنی دڵخواز (گۆی زەوی) کە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ئامادە نییە دەستبەرداری بێت، بەڵام شاعیر بەپێچەوانەی یاسای بوون ئەو شوێنە دەداتە بە نەفرەت.

## شوێنێ کۆن - شوێنی نوێ

کاریگەری گۆڕینی شوێن وەك دەرئەنجامی هەلومەرجێکی سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو لای شاعیر نابێتە هۆی گۆڕانی ئینتمای شاعیر بۆ شوێن، چونکە یادەوەرییە تازەکان ناتوانن جێ بە یادەوەرییە کۆنەکان لێژ بکەن. ئەم یادەوەرییە نوێیانە بەزەحمەت جێی خۆیان لەپانتایی خەیاڵی شاعیر دەکەنەوە. شوێنی تازە پێناسە و ناسنامەی شوێن لای شاعیر بەجێگیری دەهێڵێتەوە، بەڵام ئەوەندە سوودەی بۆ شاعیر هەیە کە ئازادە و دەتوانێت لەدوای بەڕەسمی ناسینی شوێنی نوێ ئیتر دەتوانێت بڕوا و بێت. شوێنی کۆن ئاماژەی شوناسە و شوێنی نوێ ئیش لەسەر تێکشکاندنی ئەو شوناسە دەکات. یان بەزمانێکی دیکە شاعیر لە شوێنی نوێ یاخییە و بە جەستە لە شوێنی نوێیە و بەهۆش و یادیش لە شوێنی کۆن دەژێت.

بەیانییەك ئەچووم بۆ کار

ڕەوە باڵندەیەکی زۆر

وڵات وڵات هەڵفڕیبوون

بەرەو سوید

بینیم حەوشە و سەردیوار و باڵەخانە و

درەختەکانی میگراشوون

هەموو پڕ بوون

لە پاساری و پەڕەسێلکە و سوێسکە و کۆتر



دەنگی گمەگم و زیقە و جریوەیان

دڵی هێنابوومە گریان

سێ سێ، دوو دوو

سەریان بەیەکەوە نابوو

هەموو بەسەرهاتی خۆیان

بۆ یەکتری باس ئەکرد چۆن

لە کەرکوکدا بێ هێلانە و

لە سلێمانی و هەولێریش بەئاوارە ناونووس دەکرێن

هاتوون بەڵکو، لێرە ئیقامە وەربگرن

ئەوسا بە ئارەزووی خۆیان بڕۆن و بێن.(١٩)

مەنفا یان تاراوگە یان نیشتمانی دووەم، یان وەك من لەم نووسینەمدا ناوم ناوە شوێنی نوێ لە ململانێ دایە لەگەڵ شوێنی کۆن. ئەم ململانێیە بێئەوەی هیچ یاسایەك بەڕێوەی ببات بۆ شاعیر و نەوەی شاعیر دەرهاویشتەی جیاواز و ئەنجامی جیاوازی هەیە. بۆ شاعیر و نەوەکەی شوێنی کۆن شایانی بەراوردکردن نییە بە شوێنی نوێ. شوێنی نوێ هەرچییەك ببەخشێتە شاعیر وەك ئاسایش و خۆشگوزەرانی و بردنەسەری تواناکانی سەفەر و هاتووچۆ و ئایدینتی نوێ، هەر لە پلەی دووم دەمێنێتەوە.

هەرچی شوێنی کۆنە چونکە شوێنی لەدایکبوونی خەونەکانی شاعیرە، سەرباری نالەباری ئەمنی و بەردەوامی تەقینەوە و بێ خزنەتگوزاری و داهاتووی نادیار کەچی لە پلەی یەکەمدایە و ئاماژەی ئینتما لە پلەیەکی باڵادایە. هەرچی نەوەی دووەمە ئینتمایان بەتەواوەتی بۆ زمان کلتوور و ئایدێندتی نوێ هەیە و خۆیان زیاتر بە هاوڵاتی شوێنی نوێ دەزانن و من نامەوێت لەم نووسینەمدا لا لەو مەسەلەیە بکەمەوە.

خاڵێکی دیکە سەبارەت بە شوێن لە یادەوەری شیعرەکانی کاك سەلام ئەوەیە کە شوێن جێگای تاقیکردنەوی ئومێدە. لەمەشدا شاعیر لەگەڵ هەر دەربڕینێك کە گوزارشت بێت لە شوێنی کۆن و داهاتووی شوێنی کۆن، خەریکی دەسکەنەکردنی هیوا و ئومێدەکانییەتی کە چەند لەو شوێنە جێیان دەبێتەوە. ئەو ئاواتانەش گشتین و پەیوەستن بە کۆمەڵگەوە. لێرەوەیە لەگەڵ شەقار شەقار بوونی شوێن و هەر درزتێکەوتنێك لە جەستەی شوێن شاعیر، چاوی ئومێدەکانی کاڵتر دەبێت و خۆری هیوای زیاتر دەکەوێتە ئەودیو کەلەکانی ژیانەوە. ئەمەش

**تراژیدیایەکە کە شوێنی شاعیر دەرگیری بووە و بەشێك لەم تراژیدیایەش بەرۆکی یادەوەری شاعیری گرتووە.**

**لەم وڵاتی ڤایکینگەدا**
**زستان وەرزی کارکردن و نیگەرانی و**
**بەفر و تاریکی و سەرمایە**
**زۆربەی ماڵان نیگەرانێ، دوانی تیایە. (٢٠)**

**شاعیر پێداگرە لەسەر وەدیهاتنی خەونەکانی و تاقیکردنەوەکانی ئومێد لە شوێنی کۆن، هەرچەندە شوێنی نوێ زەمینەسازی گونجاوی سازکردووە تا ئومێدەکانی شاعیر باڵا بکەن، بەڵام چونکە ئینتمای شاعیر بۆ شوێنی نوێ نییە. بۆیە دەبینین جۆرە بێزارییەك وەك تەنکە تەمێك سەر ڕووی یادەوەرییەکانی شاعیر دادەپۆشێت.**

**ئاماژەیەکی دیکە لە ئاماژەکانی شوێن کەوەك دەرئەنجامێك دەردەکەوێت و خۆی لە ژیانی مرۆڤەکان هەڵدەسوێ نامۆییە. ئەم نامۆییە "کەمانای لەدەستچوونی دەسەڵات و گۆشەگیرییە و تورەیی و ڕق هەستان و پچڕان و تێکشکانە لە واقیعی ژیان "(٢١) ئەویش بەهۆی "گواستنەوەی تەواوی مافەکانی ژیانی تاکەکەسێ بۆ کەسێ یاخود جێگایەکی تر."(٢٢) لەوەش واوەتر شوێنی نوێ شوێنی نا سەنتەر و پەراوێزخراوە و شاعیر بەرەو ڕارایی و گومڕایی دەبات. ئەو پەیوەندییەی نێوان شاعیر و شوێنی نوێ کە دەبێت بەشێوەیەکەی نۆرماڵ و ئاسایی دیارکەوێت، پێچەوانە دەبێتەوە و شاعیر لەو حاڵەتەدا هەوڵ دەدات خۆی لە شوێنی نوێ دەرباز بکات. پرۆسەی دەربازبوونیش یان سەفەرکردنی پێچەوانەیە کەپێشتر هەریەك لە شێرکۆ بێکەس و شێرزاد حەسەن ئەزموونیان کرد و لە سوید و فینلەندەوە گەڕانەوە کوردستان وەك دەرئەنجامی نەبوونی دڵنیایی نووسەران لە شوێنی نوێیان. شوێنی نوێ نابێتە هۆی فەراهەمکردنی ئەو دڵنیاییە وەك بەشێك لە کەش و فەزا کە داهێنانی تیا ئەنجام بدەن. بۆیە دەچن بەدوای نیشتمان یان شوێنێکی دیکە دەگەڕێن تا ئەو دڵنیاییە بەدەست بێنن. بەر لەوانیش هێنری جەیمس و ت س ئیلیۆت لە ئینگلتەرا و ستیوارت میریل و فرانسیس فیلێ گریفین لە فەرەنسا لەبەر نەبوونی ئینتمایان بۆ نیشتمانیان یان شوێنەکانیان وڵاتەکانیان جێهێشتووە.(٢٣)، یاخود هەوڵدانە بۆ سەندنەوەی مافی ژیان لە خۆ، وەك هەر سێ هەوڵەکەی کاك سەلام محەمەد کە بۆ خۆکوشتن دابووی.**



**لەم کورتە نووسینەمدا لەسەر ئاماژەکانی چەمکی شوێن لە یادەوەری کاك سەلام محەمەدی شاعیردا ئەگەمە ئەو خاڵەی کە بڵێم چەمکی شوێنی کۆن چ وەك ئاماژەی بوون و هەروەها چ وەك ئاماژەی عەشق سینتراڵی کار و چەقی بیرکردنەوەی شاعیرە. شوێنی کۆن و (شوێنی گەورە بچووك) شوێنێکی واقیعی و ناسراو و گشتی و دیارە و جێگایەکە بۆ لەدایکبوونی خەونەکان و تاقیکردنەوەکانی ئومێد و شوناسی شاعیرە. شاعیریش وەك مرۆڤێکی ئاسایی کارتێکراوی پاڵەپەستۆی هەلومەرجی سیاسی لەسەر نوێڵی عەشقی شوێن بەهەردوو جەمسەرەکەیەوە دڵخواز و بێزەوەر، لەهاتوچۆدایە. هەروەها ڕوحی شاعیریش باڵندەیەکە و دەیەوێت لە شوێنی نوێوە بفڕێت بۆ شوێنی کۆن، بۆ ئەو جێگایەی کە خەونەکانی شاعیری تیا لەدایکبووە و ئومێدەکانی تیا تاقیکردۆتەوە.**

## ژێدەرەکان:


**١- شوێن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، مستەفا ساڵح مستەفا، گۆڤاری کاروان، ژمارە٢٢٠ی ساڵی٢٠٠٠، لاپەڕە٧.**

**٢- شوێن لە ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەسدا، مەحموود نەجمەدین، گۆڤاری گزنگ، ژمارە ٨٨ ی لاپەڕە ٧٤.**

**٣- دیوانی سەلام محەمەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم،٢٠٠٩، لاپەڕە ١٧٨-١٧٩.**

٤- The Use of Place in Writing and Literature
Milford A. Jeremiah
Language Arts Journal of Michigan
Volume ١٦ ٢٠٠٠ Page ٢٣

**٥- شوێن و مانەوە، نەجات حەمید ئەحمەد، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە٥٢، لاپەڕە٤٦.**

**٦- شوێن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، مستەفا ساڵح مستەفا، گۆڤاری کاروان، ژمارە٢٢٠ ی ساڵی ٢٠٠٠.**

٧- The Role of Place in Literature
Leonard Lutwack
First Edition

٣٧ Page ١٩٨٤ New York

٨- دیوانی سەلام محەمەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩، چاپی یەکەم، لاپەڕە١٦١.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە٧٥.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە٤٧.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٦.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٥٩-١٦١

١٣- شیعرێکی بڵاونەکراوەی سەلام محەمەد کە خۆی تایبەت بۆی ناردم.

١٤- دیوانی سەلام محەمەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، لاپەڕە ١٩٤.

١٥- دوو ڕوخساری یەك پێغەمبەر، سەلام محەمەد، گۆڤاری ڕامان، ژمارە١٥٣ ساڵی.

١٦- هەڵۆ سوورەکانی قەندیل سەلام محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان – شاخ، ژمارە ٦ لاپەڕە ٣٥ و٣٦.

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٦.

١٨- دیوانی سەلام محەمەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانیێن چاپی یەکەم،٢٠٠٩، لاپەڕە ١٠١.

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٦٢.

٢٠- شیعرێکی سەلام محەمەد لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە وەرگیراوە.

٢١- شێوە و ناوەڕۆك، ئومێد ئاشنا، دەزگای جاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، لاپەڕە ٥.

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥.

٢٣- التجربة الخلاقة تألیف البروفسور س.م.بورا ترجمة: سلافة الحجاوی دار الشؤون الثقافیة العامة ص ٣٥.

**تێبینی:** ئەم نووسینە لە گۆڤاری هەنار ژمارە٨٨ ی ساڵی ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە.

# بەسەرکردنەوەیەکی کۆشیعری

# دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە

نووسینی: کەریم شارەزا

شاعیر ڕۆڵەی قۆناغ و سەردەمی ژیانی میللەتەکەیەتی، دەکەوێتە بەر کاریگەریی دەوروبەر و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی کۆمەڵەکەی و کاتێکیش کەدەست و بازووی داهێنانی شیعری بەهێز دەبێ و دەبێتە خاوەن دەنگی خۆی، لە ڕێگەی بەرهەمە پتەوەکانییەوە کار دەکاتە سەر ژیانی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی و دەورێکی دیار و بەرچاو لەو مەیدانەدا دەبینێت.

شاعیری ڕەسەن ئەو هونەرمەندەیە کە تەکنیکی شیعر بەرەو پێشەوە ببات و گۆمی مەندی پێکهاتەی شیعری هاوچەرخی نەتەوەکەی بشڵەقێنێ و نوێکارییەکی وا لە ئەفراندنی شیعریی بەکار بێنێت کە ڕەخنەگرانی ئەدەب و شیعردۆستانی نەوەی نوێ هەستی پێ بکەن و، بۆیان



ڕوون بێتەوە کە بەردێکی پتەوی لە بنیادی شیعری نوێی میللەتەکەی داناوە و خۆی لە جوینەوەی دەربڕینی سواو و کەرەسەی بەکارهاتوو لاداوە و پەلوپۆی هەست و سۆز و ئەندێشەی بۆ کەرەسەی نوێ و ناوەڕۆکی پتەو هاویشتووە و، کارێکی نوێی لە پرۆسەی داڕشتنی شیعرەکانیدا ئەنجام داوە و شاکارێکی هونەریی پێشکەش بە ڕەخنەگر و شیعردۆستان کردووە.

## سەلام محەمەدی شاعیری نوێکار

بەپێی هەلومەرجی کرداری ڕەخنەی زانستیی دەبێ بەر لەوەی بکەوینە سەر هەڵسەنگاندنی شیعر و شاعیرییەتی هەر شاعیرێك، وا چاکە بزانین خاوەنی ئەو شیعر و شاعیرییەتە کێیە و چی بووە؟ ئاستی بەهرەی شاعیریی و باری ڕۆشنبیریی و زانیاری چۆن بوون؟ ئینجا بکەوینە سەر شیکردنەوەی دەقی شیعرەکانی. چونکە ژیاننامەی شاعیر بە هەموو ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانییەوە دەورێکی کاریگەری هەیە لە دروستبوونی کەسایەتی شاعیر و خوڵقاندنی بەرهەمەکانی و دوای ئەم هەنگاوەشی بکەوێتە سەر لێکۆڵینەوەی دەقە شیعرییەکانی.

سەلام محەمەد لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی (کارێزە)ی (خاڵخاڵان)ی سەر بەناحیەی (شوان)ی پارێزگای کەرکوك چاوی ژیانی هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شاری کەرکوك تەواو کردووە و لە هاوینی ١٩٧٨دا بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ی لە بەغدا لە یاسا وەرگرتووە و سەردەمێك پارێزەریی کردووە.

سەلام محەمەد لە سەرەتای هەرزەکارییەوە خەریکی شیعر هۆنینەوە بوو، بەڵام تا سەرەتای حەفتاکان نەبۆتە ئەم شاعیرە نوێکارەی کە لەمەولا هەندێك لە دەقی شیعرەکانی هەڵدەسەنگێنین و، بەپێی توانا بەهای هونەرییان بۆ خوێنەر دەستنیشان دەکەین.

شاعیر دیوانێکی شیعری نوێی بەناوی(دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە) لە ساڵی ١٩٨٨دا چاپ کردووە و دەکەوێتە ١٥٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەوە و، دوو کۆمەڵە شیعری دیکەشی بەناوی: ١- کەیوان. ٢- بەرلین و فرمێسك و قەندیل: ئامادە کردووە بۆ چاپ و چەند بەرهەمێکی ئەدەبیی دیکەشی لە چیرۆك و شیعری هاوچەرخ لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی و بە چاکی لەو کارە هونەرییانەی سەرکەوتووە.

سەلام محەمەدی شاعیری بەهرەدار، لەو کاتەی کە نوێخواز بووە لە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی شیعرەکانیدا بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیرێکی نوێکاریشە و لە ڕێگەی بەهرەی شاعیری و ڕۆشنبیریی گشتییەوە گەلێك دەقی شیعریی پتەوی بە تەکنیکی تازە داڕشتووە و لێرەودوا چەند دەقێکی دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، تا بزانین تا چ ڕادەیەك ئەم شاعیرە نوێخوازە، نوێکارە و تەکنیکی نوێی لە داڕشتنی شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەکارهێناوە؟

## چەند دەقێکی شیعری سەلام محەمەد لە تەرازووی نوێکاریدا

ئەگەر ڕەخنەگر بیەوێت شیعر و شاعیرییەتی شاعیرێك هەڵسەنگێنێت دەبێ بەر لە هەموو شتێك سەرجەمی دەقی شیعرەکەی بەوردی بخوێنێتەوە، ئینجا هەنگاو بە هەنگاو ڕووخسار و ناوەڕۆکی ئەو دەقە شیعرییە شی بکاتەوە، تا بزانێت تا چ ڕادەیەك ئاوێزانی یەکتر بوون و ئەم پرسیارانە لەخۆی بکات و وەڵامی دروست و گونجاویان بداتەوە، تا لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی شاعیر لە پڕۆسەی داهێنانی دەقی شیعرەکەی بگات و نرخی ڕەوای خۆی بۆ دابنێت.

ئایا شاعیر توانیویەتی بەرگێکی جوان و لێوەشاوە لە مانا و دەربڕینی ناسك بەبەر وشەکانی بنیادی دەقەکەیدا بکات؟ ئایا تا چ ڕادەیەك ئەو شاعیرە داهێنانێکی نوێی لە هونەری شیعری سەردەمدا خوڵقاندووە؟ ئایا سۆز و هەست و ئەندێشەی شاعیر جوان و ناسك و قووڵن و هەست و سۆزی خوێنەر دەبزوێنن و بەرەو دەقەکەی ڕاکێش دەکەن؟ لەبارەی شێوەی شاعیریشەوە: ئایا ئەو داهێنەرە لە پێکەوەنانی لێکچوواندن و خوازە و خواستن(میتافۆر)ەوە، تا چ ڕادەیەك لە خوڵقاندنی وێنەی شیعری و تابلۆی جوانی هۆنراوەکەی سەرکەوتووە؟ ئایا وشە شیعرییەکانی لەگەڵ چەمك و ماناکانیدا بەچاکی گونجاون و لەیەکتری وەشاونەتەوە؟ دوای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، ئینجا ڕەخنەگر بۆی هەیە بڕیاری سەرکەوتوویی و سەرنەکەوتوویی کارە شیعرییەکەی شاعیر بدات و ئەگەر سەرکەوتوو بوو، دەبێ ئەوەش ڕوونبکاتەوە کەتا چ ڕادەیەك پرۆسە شیعرییەکەی داهێنانێکی نوێی پێوە دیارە؟ ئایا شاعیر لەو نوێکارییەیدا ئامانجی خۆی پێکاوە یان نا؟ دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و کردنی وەڵامە گونجاوەکانیان بەپیوانەی ڕەسەنایەتی و نوێکاریی دەقە شیعرییەکانی شاعیر، لێرەدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانە هۆنراوەکانی دیوانە چاپکراوەکەی(دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی



زەردەوە) دەخوێنینەوە و دەکەوینە سەر هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی چەند دەقێکی شیعرەکانی لەگەڵ چەپکێك لە وێنەی شیعری لە هۆنراوە جیاجیاکانی ئەم شاعیرە نوێکارەی کورد، چونکە ماوەی بڵاوکردنەوەی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنێکی سەرجەم دەقە شیعرییەکانی ئەم دیوانەیمان لەبەردەم دانییە.

هۆنراوەی(دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە)

کە شاعیر دیوانەکەی بەناو ناوە، وەردەگرین و بەپێی دید و بۆچوونێکی ڕەخنەگرانە بەش بەش هەڵیدەسەنگێنین: شاعیر سەرەتای هۆنراوەکەی بەم جۆرە دەست پێدەکات:

من تۆم ئەوێ
تۆ شالقی ئەو درەختەی
ڕەنگی لەناو هەناومایە
تۆم خۆش ئەوێ
تۆش تریفەی ئەم ڕووبارە دڵتەزێنەی
سەرچاوەکەی وا لەلێواری چاومایە.

شاعیر یارە خۆشەویستەکەی خۆش دەوێ، چونکە شا لقی ئەو درەختەیە کە ڕەگو ڕیشەکەی لەناو هەناو و دەروونیدایە و خۆشی دەوێ، چونکە تریفەی ئەو ڕووبارە ڕوونە مانگ ئاساییە، کە سەرچاوەکەی فرمێسکی ڕۆخی چاویەتی و ڕەگ داکوتانی درەختی خۆشەویستیی لەناو هەناو و تریفەی ڕوونی ڕووبارێك، کە سەرچاوەکەی لە ڕۆندکی چاوی شاعیرەوە سەرهەڵدەدات، جوانترین وێنەی شیعرین و لە ڕێگەی میتافۆرە(خواستن) و (خوازە)وە خوڵقاون و کەم شاعیر ئەندێشەی بۆ پێکەوەنانی ئەم جۆرە دەربڕینە شیعرییانە دەڕوات.

شاعیر دوای ئەم دوو وێنە شیعرییەی دێتە سەر دیمەنی جوان و دڵگری یارە شۆخەکەی و بەم شێوەیە وەسفی دەکات:

دەمەو ئێواران ئەتبینم
بەسوخمەیەکی زەردەوە
دەست لەناو دەست
لەگەڵ زەردەپەڕی شۆخا

ڕەنگی جوان جوان
بۆ سیوەیلی ئاسمانی شارە سوورەکەم
هەڵئەبژێری.

شاعیر کە دەمەو ئێواران یارە جوانەکەی بە سوخمەی زەردەوە دەبینێ ئەمە دەربڕینێکی جوانە، کەچی لە پێکەوەنانی هونەری شیعردا ئاساییە، بەڵام کاتێك کە دەڵێت: "دەست لەناو دەست لەگەڵ زەردەپەڕی شۆخا" لەمەیاندا داهێنانێکی نوێی لە قاڵبی میتافۆرەدا خوڵقاندووەو بووەتە مایەی دروست بوونی وێنەیەکی ناسکی شیعری و کاتێکیش کە(ڕەنگی جوان جوان بۆ سیوەیلی ئاسمانی شارە خوێناوییەکەی خۆی هەڵدەبژێرێ) وێنەیەکی جوانتر دەخوڵقێنێ پرۆسەی شیعرەکەی پتر دەهاوێتە باوەشی نوێکارییەوە.

شاعیر لە بەشێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا، ئەم وێنە شیعرییانەمان بۆ پێکەوە دەنێ:

کاتی ئەگریم
تۆ ئەبیتە ئەستێرەیەکی بەفراوی
لە پەنجەرەی فرمێسکەوە
دێیتە ناو ژووری دڵمەوە
جومگەکانم باوەشت بۆ ئەگرنەوە.

شاعیر لەو کاتەی کە دەگری، دیمەنی یارە خۆشەویستەکەی لەبەرچاوە پڕ لەفرمێسکە قەتیسماوەکانی، دەبێت بە ئەستێرەیەکی ڕوونی لە ڕەنگی بەفراو، ئینجا ئەو خۆشەویستەی لە پەنجەرەی ئەو فرمێسکەوە دێتە ناو دڵیەوە و هەموو جمگەکانی جەستەیشی باوەشی پڕ لە خۆشەویستی و حەزی بۆ دەگرنەوە و لەم دەربڕینە ناسکانەیدا وێنەی شیعری جوڵاومان بۆ دەخوڵقێنێ و وێنەکەش بەهەستی بینین وەردەگیرێت و کاتێکیش کە دەڵێ:

نیگاکانت هەڵئەمژم
ئەوسا کە بوویتە یەك پارچە و
لەناو ژانی کارەساتا تواینەوە
گیانم ئەبێتە شیعرێك و
بۆت ئەخوێنێ!

نیگای چاو دیاردەیەکە و بەچاو هەستی پێدەکرێت و خۆ ئاو و شلەمەنی نییە هەڵمژرێ، بەڵام شاعیر لێرەدا لە ڕێگەی پێکەوەنانی میتافۆرەوە وێنەیەکی ناسکی شیعریی خوڵقاندووە، بەوەی کە نیگاکانی یارەکەی وەك شەرابێك یان وەك هەوایەکی هەناسە وەرگرتن دادەنێت و لەو کاتەی کەلەگەڵ جەستە و گیانی ئاشقەکەیشی دەبنە یەك پارچە و لەناو ژان و ژواری کارەساتی میلەتەکەیاندا دەتوێنەوە، گیانی شاعیر دەچێتە بارێکی دیکە و دەبیتە تاکە شیعرێك و ئەو شیعرەش دەبێت بە بولبولێك و بۆ ئاشقەکەی دەخوێنێت، بەمەش وێنەیەکی جوان و سیحراویی دیکەی بۆ خوڵقاندووین و کارێکی هونەریی لەتاقیکردنەوە شیعرییەکەی بۆ ئانجام داوین. ئینجا شاعیر لە بەشێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا، ئەو یارە ئاشقەی خۆی دەکاتە گوڵدانێك کە نێرگزی خەم بە ڕۆخەکانیدا دێتە خوارەوە و دەڵێ:

گوڵدانێکیت
نێرگزی خەم بەلێوارتا
شۆڕ بۆتەوە و
ئەو ماچانەی ناگەنە لێو
لەسێبەرتا
خەون بە خۆرەوە ئەبینن.

لێکچوواندنی خۆشەویستەکەی بە گوڵدانێك و شۆڕبوونەوەی نێرگزی خەم بە ڕۆخەکانیدا، وێنەیەکی چەسپاوی شیعرییە و خەونبینینی ئەو ماچانەی کە ناگەنە سەرلێو، واتا: ناکرێن لەسایەی ئەو خۆشەویستەیدا خەو بەڕۆژی ڕووناکەوە دەبینن. ئەمەشیان وێنەیەکی جوانتری شیعرەکەیەتی لەلای شاعیری نوێکار نەبێت بەو ناسکییە ناخوڵقێت. شاعیری نوێکارمان ئاشقی ژنە شەهیدێکی لەسێدارەدراوی میللەتەکەیەتی و منداڵێکی ساوای بێ باوکی هەیە و لە دیمەنی دڵتەزێنی ئەو دایك و منداڵە هەتیوە، وێنەی شیعری جوان و دەربڕینی ناسکمان بۆ دەخوڵقێنێ:

بەرەبەیان
ڕەنگی وەنەوشەیی ئاسۆ
ئەخاتە کوورەی دڵتەوە
ئەپرسی: کەی ئەگەڕێتەوە؟
کەی باوکی پۆڵا دێتەوە؟
ئەستێرەی جوان، ئەکاتە دیاری جەژنانەی
منالێکی باوك نەدیو؟

چی سێدارەی دنیا هەیە ئەسووتێنێ
کەی دێتەوە
لەجیاتی ڕووباری تێزاب
جۆگەلە و کانیاوی کوێستان
ئەکاتە ئاوی هۆنراوە؟!

ڕەنگی وەنەوشەیی ئاسۆ لەکاتی بەرەبەیاندا و خستنی خورپەیەك بۆ ناو دڵی غەمگینی ئەو ئافرەتە غەمناکە، وێنەیەکی ناسکی شیعرییە و کردنی ئەستێرەش بەدیاری جەژنانە، وێنەیەکی دیکەی شیعرییە و کردنی ئاوی ڕووبار و کانیاوی کوێستانیش بە ئاوی هەوێنی خوڵقاندنی هۆنراوەی تازە وێنەیەکی ناسکی دیکەی شیعرییە و هۆنراوەکەیان ڕازاندۆتەوە.

لە بەشێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا، شاعیر دیمەنی جوانیی ئەو ئافرەتەی کە هاواری باوکی کۆرپەکەی دەکات وێنەیەکی جوان و پڕ هەست و سۆزی شاعیرانە دەخوڵقێنێ.

دەمەو ئێواران ئەتبینم
بە سوخمەیەکی زەردەوە
هاوار ئەکەی
لەقوولایی شاخ و دۆڵا
هەناسەکەم باوکی پۆڵا

دانانی(باوکی پۆڵا) بە هەناسەی ژیان و مانی ئەو ئافرەتە، وێنەیەکی شیعریی جوان و پڕ هەست و سۆزە. ئینجا شاعیر لەدوا بەشیدا زنجیرەیەك لەوێنەی جوانی شیعریی لەنێو هۆنراوەکەیدا لەباری بێئاگایی یان بەلێشاوی هۆش و سرووشی شاعیرییەوە دەخوڵقێنێ و با سەرنجێك بدەینە ئەو وێنانەی:

کەشەو داهات
لەگەڵ خەندەی لالێوی پەروانەکانا
چاوەکانت ئەتروکێنی.

تروکاندنی چاو لەگەڵ پێکەنینی سەر لێوی پەروانەی ئاشقی ڕووناکی لە شەوەزەنگی تاریکیدا، وێنەیەکی جوان و ناسکی شیعرییە و کاتێکیش کە دەڵێ:

بەهارێکیت
سەوزایی بۆ گەڵا دێنی



شینایی بۆ زەریا دێنی.

کاتیك کە(ئافرەت دەکرێت بە بەهار و سەوزایی بۆ گەڵای دار و درەخت دێنێ)، یاخود(ڕەنگی شین بە دەریا دەبەخشێت) هەردووکیان وێنەی جوان و ناسکی شیعریین. کاتێکیش کە بە تێکڕایی سەیری هۆنراوەکەی شاعیر بکەین، هەست دەکەین لە هەموو ڕوویێکەوە نوێکاری بە پڕۆسەی خوڵقاندنی شیعرەکەیەوە دیارە و وشەکانی مانای جوان و دروستیان بەبەردا کراوە و ڕووخساری هۆنراوەکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی ئاوێزانی یەکتر بوون و شاعیر لە کارە ئەدەبییەکەیدا تاقی کردنەوەیەکی بەپیتی ئەنجام داوە و چووەتە قاڵبی نوێکارییەوە.

## هۆنراوەی (گەشت و پێناسە) و داڕشتنەوەی ئەفسانە

(گەشت و پێناسە) هۆنراوەیەکی سەرکەوتووی شاعیری نوێکارمانە. ئەم تاقی کردنەوە ئەدەبییەی جیاوازە لەگەڵ تاقیکردنەوەکەی پێشووی. ئەمەیان تاقی کردنەوەیەکی ئەفسانەییە و ئەوەی پێشووشی تاقیکردنەوەیەکی خودی شاعیر بوو. پتر پشتی بە وێنەی ڕوونبێژی شیعریی بەستبوو، بەڵام ئەمەیان لەناو ئاو و هەوایەکی میپۆلۆژیدا خوڵقاوە و نەچووە بابەتێکی میپۆلۆژی کوت و مت وەك خۆی بهۆنێتەوە، بەڵکو جووە ناوەڕۆکی بابەتەکەی هەڵگێڕاوەتەوە و پێچەوانەکەی بەکارهێناوە.ئەمەش لەبواری بنیادگەری شیعری نوێدا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت.

بۆ نموونە ڕەخنەگرێکی مەزنی بنیادگەریی هاوچەرخی فەرەنسایی وەك (ڕۆلان بارت) لەبارەی خولقاندنی شیعرەوە دەڵێ: "شیعر داڕشتنەوەی ئەفسانەیە، یان خوڵقاندنەوەی ئەفسانەیەکی نوێیە" داڕشتنەوەی ئەفسانەش لە دوو قاڵبدا ئەنجام دەدرێت: یان لە قاڵبی (پۆزەتیڤ)یدا کەهەمان ئەفسانە کۆنەکەیە و شاعیر بەجۆرێکی نوێ لەشیعرەکەیدا دایدەڕێژێتەوە. یاخود لە قاڵبی (نێگەتیڤ)یدا بەکاردێت کە بەپێچەوانەی ناوەڕۆکی بابەتەکەی لە شیعردا دادەڕێژرێتەوە و ئەم بابەتەی شاعیری نوێکارمان لە جۆری دووەمە و دەچێتە ناو قاڵبی میپۆلۆژیای زۆربەی ئایینە ئاسمانی و نائاسمانییەکانەوە و تاقیکردنەوەکەی بەم جۆرە دەست پێدەکات:

کە لە دۆزەخ گەڕامەوە

ڕووم کردە شار
گەڵاکان ڕەنگی شەبەقیان لەبەردابوو
تینووی بەهار
دەنگی ستەم لەگوێما زرینگایەوە
ئازار...ئازار!!

شاعیر وەك لە هەنگاوەکانی دیکەی هۆنراوەکەیدا دەری دەخات، خۆی بەڕەمزی شەڕ و خراپەکاری دادەنێ کەزاتی شەیتان(ئەهریمەن)ە و کاتێك کە لە دۆزەخ گەڕاوەتەوە ڕووی کردۆتە شار و ئاوەدانی و بینیویەتی گەڵاکانی درەختەکان ڕەنگی شەبەقیان گرتووە و هەموویان تینووی بەهاری خۆشین و دەنگی ستەم و ئازاردان لە گوێیدا دەزرینگێتەوە. شاعیر لە بەشی چوارەمی هۆنراوەکەیدا بەتەواوی دەکەوێتە سەر تاقیکردنەوە ئەفسانەییەکەی ئەم بابەتە میپۆلۆژییەی شەیتان=(ئەهریمەن) و کردارە شەڕانییەکانی بەجۆرێکی پێچەوانەیی دەردەبڕێ و خۆی دەکاتە شەیتان، بەڵام لەجیاتی شەڕ و خراپەکاری، چاکە و خێرخوازی بۆ خەڵکەکە دەوێ و بەم جۆرە دەیخاتە ڕوو:

من شەیتانم
لە گۆڕستانێك ئەگەڕێم
بەبێ مردوو
وەك پەپوولە
بەسەر تەنووری بێ گڕی هاوینی
هەستیارەکانا ئەخولێمەوە
بەناو باخی شیعرەکانا ئەسوڕێمەوە!

ئەوەی ئایینەکان پێیان وتووین، شەیتان(ئەهریمەن) حەز بە گۆڕستانی پڕ لە مردوو دەکات، کەچی شاعیر کە خۆی دەبێت بە (شەیتان) دەبێتە توخم و ڕەگەزێکی خێرخواز و نایەوێ مرۆڤ بمرێ. بۆیە گۆڕستانی بێ مردووی دەوێ لەهەمان کاتیشدا وەك پەروانە و پەپوولەی ئاشقی ڕووناکی بەسەر تەنووری بێ گڕی هاوینی شاعیرەکان دەسوڕێتەوە و بەناو باخی شیعرەکان دەفڕێت. ئینجا شاعیر لە هەنگاوی دیکەیدا دووبارە خۆی لە بەرگی (شەیتان)ی خێرخوازدا دەردەبڕێ کە لەوکاتەی لە بەهەشتی خودا دەرکرا، بەدوای گەشتێکی



نوێدا دەگەڕێ کەلەوەوبەر نەکرابێت و بەدوای کوردستانێکدا دەگەڕێ کە هەموو ڕۆڵەکانی هوشیار و بەئاگا بن.

من شەیتانم
کەدەرکرام لە بەهەشتا
بەدوای گەشتێکا ئەگەڕێم
بێ ڕابردوو
لە کوردستانێك ئەگەڕێم
بێ خەواڵوو!!

ئینجا شاعیر بەدوای پێغەمبەرێکدا دەگەڕێ کەتەختی خواوەندێکی میهرەبانی نیشان بدات تا ڕاپۆرتەکانی لەبارەی کێشەی نەتەوەکەیەوە پێشکەش بکات.

لە پێغەمبەرێك ئەگەڕێم
تەختی خوایەکم نیشان دات
ڕاپۆرتەکانم وەرگرێ!

لەدوای ئەم هەنگاوەش شاعیر بەناوی کوردەوە دەدوێ، ئەو کوردەی فرمێسکی زامی کۆست کەوتووی سەردەمی ئاشتی کەتەرم و تابووتی سەربەستی پێیە و لاشەی هەزارەها شەهیدی وەك (تانیا) کچە قارەمانی بەرگری ڕووسیای سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لە دژی ئەڵمانیای نازی پێیە.

من کوردێکم
فرمێسکی زامی کۆسکەوتووی
ئاشتیم پێیە!
تابووتی سەربەستیم پێیە!
لاشەی سووری
هەزارەها (تانیا)م پێیە!

شاعیر ئازاری میللەتەکەی لەنێو ئازاری نەتەوەکانی دیکەدا دەبینێ و کورد دێنێتە ڕیزی هەموو ئەو نەتەوانەی کەبەرگری لەبوون و خاکی خۆیان دەکەن. ئینجا کۆپلە شیعرەکەی بەم جۆرە تەواو دەکات:

من کوردێکم

له پەرلەمانی ژانەوە
وێنەکانم هەڵواسراون
گەڕامەوە بەرەو دەرگای زیندانەکان
تەرمی سەدەها ئافرەتی سك دڕاوم
ڕەوانەی بارەگای خوا کرد
هەر دەرکران!!

شاعیری هەست ناسکمان لە کارەساتی میللەتەکەی خۆیەوە دەدوێ کەچۆن بەر لەهەڵمەتی ئەنفالە بەدناوەکان بەدەیان ساڵ، تەرمی سەدەها ئافرەتی زگ هەڵدڕاوی بێ تاوانی بۆ بارەگای خودا ڕەوان کردووە. ئینجا پتر لە کارەساتەکەی کورد دەدوێ:

من کوردێکم
لەوەتەی هەم بەڕووی خۆما
ئەتەقمەوە
لەوەتەی هەم، فەرهەنگەکەم
بەزاراوەی بێگانەکان ئەشۆمەوە
من کوردێکم
بەسەر هێلانەی ئاوازما ئەڕشێمەوە
لە دەروازەی
ون بوونەوە هەڵیام واسیم
ناسنامەکەم مۆری ئاژاوەی پێوەبوو
نەیان ناسیم

شاعیری بەهرەدارمان بەشێوەیەکی نوێ لە کارەساتی نەتەوەکەی خۆیەوە دەدوێ کە چۆن بەسەر هێلانەی ئاوازەکانی خۆیدا دەڕشێتەوە و لەدەروازەی ونبوونیشدا هەڵدەواسرێ، چونکە ناسنامەکەی مۆری ئاژاوە و ئاژاوەچێتی پێوەیە کە دووژمن بەسەریدا بڕیوە.بۆیە نەیان ناسیوە و دادیان نەپرسیوە.

لە بەشی شەشەمی هۆنراوەکەیدا، لە تفەنگەکەی خۆیەوە دەدوێ کەچەکی بەرگریکردن لەخۆکردنیەتی، کە چۆن بۆتە فڕۆکەیەك و بەسەر شەقامی دۆزەخدا تێ دەپەڕێ و دەبێتە گڕکان (بورکان)ێك و هەموو تەپ و تۆزی دەریای سپی لەناو دەبات.



تفەنگەکەم فڕۆکەیە
بەسەر شەقامی دۆزەخا
تێ ئەپەڕێ!
دووکەڵی ڕەش ئەخواتەوە
تفەنگەکەم بورکانێکە
تەپ و تۆزی دەریای سپی ئەشواتەوە!

بەم جۆرە شاعیر لە ڕێگەی خولْقاندنی ئاو و هەوایەکی ئەفسانەیی و دارشتنەوەی ئەفسانەکەی ڕەگەزی شەڕ و خراپەکاری بەجۆری نێگەتیڤانەی و بەهۆی هونەری لێکچوواندن‌و خوازە و خواستنەوەوە، وێنەی ناسکی شیعریی بە تەکنیکێکی تازە دەخولقێنێ و تاقیکردنەوەیەکی بە پیتی شیعریمان بۆ ئەنجام دەدات.

## چەند تێبینییەکی گشتی لەسەر ئەم دوو دەقە

ئێمە لە شیکردنەوەی زۆربەی بەشەکانی ئەم دوو دەقەی شاعیر بەزۆری لایەنی ئیجابی و گەشەکانیانمان لەڕووی تەکنیکی شیعرییەوە شیکردەوە و ئەوەندە بەلای لایەنی سەلبی دارشتن‌و هەیکەلی هۆنراوەکاندا نەچووین. بۆیە لێرە چەند تێبینییەکی گشتییان بەرامبەر دەردەبڕین. لە دەقی یەکەمدا، شاعیر لە ڕێگەی پێکەوەنانی وێنەی شیعرییەوە گەشەی بەتەکنیکی شیعرەکەی داوە، بەلام ئەوەی لێی دەگیرێت، تێکەلاوکردنی پەڕەکانی ناسنامەی ئەو ئافرەتەیە کە کردویەتی بە قارەمانی ڕووداوەکانی ناو هۆنراوەکەی. دەمێك دەیکات بە یاری خۆشەویستی خۆی و دەمێك وای دەردەخات کە هاوسەری وەفاداری خەباتگێڕێکی جەنگاوەرە و دایکی مندالێکی ساوای باوك نەدیوە و دەمێکی دیکەیش وای نیشان دەدات، کە ئەو هاوسەرەی شەهید بووە و ئاماژە بۆ سێدارە دەکات و هەندێ جاریش بە جەنگاوەرێکی ونبووی دادەنێت و لەپڕێکیش دەیکاتەوە بە تازەکچێك و لەسەر زاری ئەوەوە بە خۆشەویستەکەی دەڵێ:

سلْ ناکەی بۆ تازە کچێك
سەردەمێکە
تەمەنی کردۆتە لۆکە و

به ئارەقەی سەر گۆی مەمك
خوێنی ئاهت ئەسڕێتەوە!

لەم گۆڕانکارییەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە هۆنراوەکەش وەك خودی شاعیر نیگەرانە و شڵەژاویی پێوە دیارە و تاڕادەیەکیش نرخی تەکنیکەکەی لەنگاندووە.

لە دەقی دووەمیشدا، لەوکاتەی کە تاقیکردنەوە ئەدەبییەکەی لەسەر بنەمای هەڵگێڕانەوەی ناوەڕۆکی بابەتێکی میپۆلۆژی داڕشتووە و خۆی دەکات بە شەیتان(ئەهریمەن) و لە دۆزەخ دەگەڕێتەوە، بەپێچەوانەی کردار و ڕەوشتی ئەو ڕەگەزە شەڕانییە میپۆلۆژییە، لەجیاتی خراپەکاری، خێر و چاکە لەگەڵ ئادەمیزاد دەکات.

ئەگەر بهاتایە هەموو هەیکەلی هۆنراوەکەی لەسەر هەمان بابەتی میپۆلۆژی بوایە، ئەوا تاقی کردنەوەیەکی یەکجار بەپیت و فەڕ دەبوو. وەك دەبینین دوای چەند بەشێکی هۆنراوەکەی دەربڕینەکانی لەجیهانی میپۆلۆژیا و ئەفسانە دەردەچن و دەبنە دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ.

لەو کاتەوەی کە خۆی کردووە بە شەیتانێکی خێرخواز، دەبینین لە کۆپلەی دیکەدا دەبێتەوە (کورد) و هەمان دەورە خێرخوازەکەی ئەو دەبینێ و لەدوا هەنگاویشدا هەرچەندە ئاو و هەوایەکی خەیاڵاوی خولقاندووە، بەڵام دوورە لەجیهانی ئەفسانە، کە بنچینەی تاقیکردنەوەکەی خۆی لەسەر بنیات نا، لە دواییدا لێی لادا. ئەم لە سنوور دەرچوونەیشی جۆرە کزییەکی بە تەکنیکی شیعرەکەی داوە.

## هەندێ وێنەی شیعریی لە هۆنراوە جیاجیاکانیدا

لەلاپەڕە٧٢ی دیوانەکە و لە بەشی دووەمی هۆنراوەی (تینوێتی و زستانی جوان)دا ئەم وێنە شیعرییەمان لە دژایەتی نێوانی دوو وشەی دژ بەیەکدا بۆ دەخولقێنی و خۆی بە بارانێك دەچوێنی کە لە هەموو وەرزێکی ساڵدا نمەی بێتە خوار و لەو کاتەی کەمژدەی خۆشی بۆ زەوی دێنێت هەڵی دەواسن و، کاتێکیش کە ڕق و کینەی بۆ هێناوە نایان ناسیوە و لەنێوانی هەردوو دیاردەی دژبەیەکی (مژدە) و (ڕق)دا، خۆشەویستی ئەو کچە شۆخەی لەلا دروست بووە و، بەم جۆرە دەیخاتە ڕوو:

بارانێکم
لە هەموو وەرزێکدا نمەم
دێتە خوارێ
کە مژدەم هێنا بۆ زەوی
هەڵیان واسیم
کە ڕقم هێنا بۆ زەوی
نەیان ناسیم
لەنێوانی (مژدە) و (ڕق)دا
خۆشەویستیت لەدایك بوو!!

لەلاپەڕە٨٩دا و لەهۆنراوەی(گیانە لەیلا)دا، شاعیر وێنەیەکی شیعریی ناسکمان لەم چەند دێڕەدا بۆ دەخولقێنێ، بەوەی کە دەریای غەم و پەژارە، گڕی بیرەوەری ناشواتەوە و بزەی هەتاوی سبەینانیش ئاوڕ لە خۆزگەی سەردەمی ئاوارەیی شاعیر ناداتەوە و ئەم سکاڵایەش بۆ (لەیلا)ی خۆشەویستی خۆی و هاوەڵی سەردەمەکانی شیعر هۆنینەوەی خۆی دەبات و پێی دەڵێت:

نەدەریای غەم
گڕی پشکۆی بیرەوەریم ئەشواتەوە
نەبزەیەکی هەتاوی بەرەبەیان
ئاوڕ لە خۆزگەی ساڵانی
ئاوارەییم ئەداتەوە!
وێڵ و سەرگەردانە هەستم
گیانە لەیلا
هاوڕێی ڕۆژانی هەڵبەستم!

لەلاپەڕە ٩٣و لەهۆنراوەی (سامالّی پاش بارانی نیوەشەو) دا لە(بوونی خەم بە تریفە) وێنەیەکی شیعریی جوانمان بۆ دەخولقێنێ و وتووێژی ئەو تریفەیەش لەگەڵ مانگدا وێنەیەکی دیکە دروست دەکات.

لە سامالّی پاش بارانی نیوەشەو!
خەم ئەبێتە تریفەیەك
بە مانگ ئەڵێ: تۆ جوانتری
یا ئەو ڕووبارەی هاژەی دێ
هەرچەندەکا هەڵم ناکا و

نابێته پەلکەزێڕینە؟!

لەلاپەڕە٩٩دا و لە هۆنراوەی (ئۆپەرێتی خۆشەویستی)دا لەسەر زاری کۆرسەوە، لە لێکچوواندنی (عیشق بە ئاگری سەوز) و (بەگڕێکی تورە و بێدەنگ و بالآبەرز) و دیسان (توانەوەی گڕی بەفر بە دووکەڵی دۆزەخ) و (کوژانەوەی ئاگر بەئاوی خەم) ئەمانە هەموویان وێنەی جوان و ناسکی شیعرین. هەروەك لەم بەشەی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

عیشق ئاگرێکی سەوزە
عیشق ئاگرێکی توورە و زۆر بێ دەنگ و
بالآ بەرزە
عیشق گڕی بەفر نییە
هەتا بەدووکەڵی دۆزەخ بتوێتەوە
ئاگرێکی سادە نییە
بە ئاوی خەم بکوژێتەوە!!

لەلاپەڕە١٠٧و لە هۆنراوەی (شاری نهێنی)دا، لە (کوشتنی گوڵ) و (کردنی ژیان بەگۆڕی زەردەخەنە) و (سووتاندنی خەونی پیرۆز) و (دزینی بەهاری خۆزگە) لەم زنجیرە خوازە و میتافۆرانەوە، وێنەی ناسك و جوانی شیعریی بۆ خولقاندووین.

کێ گوڵی کوشت؟
کێ ژیانی کردە گۆڕی زەردەخەنە؟
کێ خەونی پیرۆزی سووتان؟
کێ بەهاری خۆزگەی دزی؟
کێ؟... کێ؟

هەر لەو هۆنراوەیەدا، لە بەشی (دەنگ)ەکەیدا، لەلاپەڕە١٠٨دا، لە(کردنەوەی دەروازەی هەور بە کلیلی برووسکەی بیر) و (لەجیاتی خەو بینین، چوونی شاعیر بۆ شاری نهێنی) دوو وێنەی جوان و پتەوی شیعرین.

دەنگ: شەوێکی تاریك و تەزیو
بە کلیلی برووسکەی بیر
دەروازەی هەورم کردەوە!
ویستم لە جیاتی خەوبینین



لادەمە شاری نهێنی
لەم دیو دەروازەی هەورەوە.

دەرەنجام

سەلام محەمەد شاعیرێکی نوێکار و دەنگێکی شیعری نوێی کوردییە، لە سەرەتای حەفتاکاندا لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی (ڕوانگە) سەریهەڵدا و دەستی دایە شیعری نوێ هۆنینەوە و بەگوڕ هاتە مەیدانی نوێخوازی و توانی زنجیرەیەك لە بەرهەمی شیعریی جوان و تازە بخولقێنێ و جێ پێی خۆی لەسەر زەمینەی شیعری نوێدا بکاتەوە.

ئەوەی سەرنجی ڕەخنەگر و شیعرناسانی کورد ڕادەکێشێ، تاقیکردنەوەکانی شاعیرە کە بە وێنەی جوان و نەبیستراوی شیعریی، هۆنراوەکانی ڕازاندۆتەوە و تەکنیکێکی نوێی لە دارِشتنی بابەتەکانی بەکار هێناوە و لە بواری دارِشتنەوەی ئەفسانە و بابەتی میپۆلۆژیی بەجۆرێکی نێگەتیڤانەی بابەتەکەی ئەنجام داوە و ئەمەش کارێکی هونەری زۆر بەنرخە و لە بواری بنیادگەری شیعری بوێدا و ڕەخنەگرانی جیهانی گرنگییەکی زۆری پێ دەدەن و هەر ئەم تایبەتمەندییانەی شاعیریشمانە بردوویانەتە ڕیزی شاعیرە نوێکارەکانی کورد و ئەگەر بهاتایە سەلام محەمەدی شاعیر وەك سەردەمی حەفتاکان لەسەر ئەو ڕێبازە نوێکارییەی خۆی بەردەوام بوایە و نەکوژابایەوە ئەمڕۆ لە شاعیرە دیارەکانی نەتەوەی کوردمان دەبوو.

سەرچاوە: گۆڤاری (ڕامان) ژمارە ٣٣ ی ساڵی ١٩٩٩لاپەڕە ٨٠-٧٥.

# گەشت و پێناسین

# یەکەمین ڕایەڵەی نێوانی من و سەلام محەمەد

نووسینی: محەمەد کوردۆ

لە ڕۆمانی دوو ڕوو-ی حەوادا کە ئامریتا بریتام نووسیویەتی ڕستەیەکی زۆر جوان هەیە، ئامریتا لە زاری پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیەوە دەڵێت: "چەند بەختەوەرن ئەو کەسانەی کە دەتوانن دڵیان بە شتی بچووکیش خۆش بێت". یەکێك لە ڕۆژە خۆشەکانی ژیانی من، کە هۆی دڵخۆشییەکەم شتێکی بچووك بوو، ئەو ڕۆژە بوو کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٧٣ی گۆڤاری بەیانم دەست کەوت. ئەو ژمارەیە تەرخان کراوە بۆ شیعر و شیعری زۆرێك لە شاعیرە دیار و باش و نوێخوازەکانی ئەو کاتەی تێدایە. بەشێکی گەورەی دڵخۆشی من بەو گۆڤارە ئەوە بوو، کە لەوێدا بۆ یەکەمجار وێنە و ژیاننامەی چەند شاعیرێکی حەفتاکانم بینی. ئەو کاتە من لە سەرەتاکانی خوێندنەوە و نووسیندا بووم و وەك زۆرێك لە



هاوسەردەمەکانی خۆم، شاعیرانی حەفتا یان شاعیری حەفتاکانم بەو جیهانە ئەفسوناوییە دەزانی کە پێم وا نەبوو بەبێ ناسین و بەرکەوتن لەگەڵ جوانییەکانییدا، بتوانم بە جێیەك بگەم کە خەونم پێوە دەبینی. دەستکەوتنی هەر کلیلێك، با کلیلی دەرگا و ژوورێکی زۆر بچوکیش بوو بێت لەو جیهانەدا، زۆر دڵخۆشی دەکردم. ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیان یەکێك لەو کلیلانە بوو کە زۆر زۆر دڵخۆشی کردم. هەر لە هەشتاکاندا ئەو کلیلەم فەوتا و نەیشمزانی کێ بردی و بۆچی بردی و لەبەرچی بۆی نەهێنامەوە؟ لە نەوەدەکاندا جارێکی دی لای هاوڕێم حەسەن هەڵەبجەیی، خاوەنی کتێبخانەی شێخ ڕەزا، ئەو کلیلەم دەست کەوتەوە و لەو یەك دوو ساڵەی پێشوودا دیسان فەوتا. لەبەر ئەوەی بەشێکی دیکەی دڵخۆشی من بەو گۆڤارە، ناسینی سەلام محەمەد بوو کاتێ ویستم ئەم چەند وشەیەی لەسەر بنوسم، بە سوپاس و پێزانینەوە نوسخەیەکی ئەو کلیلەم بە ئەمانەت لە هاوڕێی شاعیرم سەباح ڕەنجدەر وەرگرت. لەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیاندا بۆ یەکەمجار شیعرێکی سەلام محەمەدم بە ناونیشانی (گەشت و پێناسین) بینی و بەلایشمەوە یەکێك لە جوانترین شیعرەکانی ئەو ژمارەیە بوو. ئێستایش کە دوای ساڵانێکی زۆر تەماشای شیعرەکانی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیان دەکەمەوە، هەمان بڕوام هەیە، شیعرەکەی سەلام محەمەد بە یەکێك لە جوانترین شیعرەکانی ئەو ژمارەیە دەزانم. یەکەمین شتیش کە خەیاڵی بزواندم و بۆ ئەو کاتەی من، کە هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە ٢٠ ساڵ، جێی دڵخۆشی بوو، ئەوە بوو کە سەلام محەمەد لە هەموو شاعیرەکانی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیان منداڵتر بوو. سەلام ئەو کاتە تەمەنی ١٩ ساڵ بووە، ئەوە کە منداڵترینی نێو پۆلێك شاعیری بە توانا، شیعرێکی بەو هەموو جوانییەوە نوسیوە، زۆر دڵخۆشی دەکردم و بڕوایەکی قوڵی پێدەبەخشیم کە دەکرێت منیش، با تەمەن و ئەزموونیشم زۆر نەبن، شیعری جوان بنوسم. ئەو هەستە هێزێکی ڕوحیی گەورەی بە من دەبەخشی. ئەوەی لەو کاتانەدا بە گشتی لەناو شاعیرانی حەفتاکاندا چاوی خوێنەری دەدزی و ئیشتیهای خوێندنەوەی بەرهەمەکانیانی دەکردەوە، مەسەلەی نوێخوازی و یاخیگەریێتی بوو. ئەوان لە بەیاننامە و پێشەکی کتێبەکانیان و لە کۆڕوکۆبوونەوە و دیدارەکانیاندا باسی تێپەڕاندن و جێهێشتنی قۆناغی گۆرانیان کردووە. ئەو کاتە خوا و شارە بچکۆلەکەمانی لەتیف هەڵمەت و بانگەوازی ڕوانگە، زۆرترین مشتومڕیان دروست کردووە. فەرهاد شاکەلی-ش کە ئەو کاتە بە ناوی ئەنوەر شاکەلییەوە دەینووسی، بەوەی لە پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی-دا کە یەکەمین دیوانێتی، باسی جێهێشتنی قۆناغی گۆران و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی لە شیعری کوردیدا کردووە،

دیسان مشتومرشێکی زۆری دروست کردووە. سەلام محەمەدیش لەو شیعرەدا و وەك جۆرێك لە بانگەوازێکی ناوەکیی ڕایگەیاندبوو کە لە نوێخوازانی شار یاخییە. سەلام لەوێدا گوتبووی:

"دەرچووم لە شار..
دەرچووم لە شار
ئەی لاوەکان...
لەسەر بیابانی چاوتان، تۆماری کەن
منم ڕوبار..
تۆماری کەن: یاخیم لە نوێخوازانی شار".

هەر لەو شیعرەدا جۆرێك لە یاخیبوون و ڕەخنەی توند لە دڵدارەکانی شار و لە کیژۆڵەکانو لە پێشڕەوەکان هەیە:

((ئاگادار بن... دڵدارەکانی ئەم شارە ترسنۆکن
ئاگادار بن
ئاگادار بن، ئا ئەم شارە بێ دڵدارە
ئا ئەم شارە.. ئاسمانێکە بێ باڵدارە!!...)).
((چوومە ناو شار..
پێشڕەوەکان لەناو لێشاوی چەپڵەدا.. باوێشك
ئەدەن
دەستە.. دەستە، کیژۆڵەکان..
بۆ سێبەری کۆشکی ئاغا کڕنوش ئەبەن!!))

جگە لەوە، سەلام لەو شیعرەدا چەند پارادۆکس و هاودژ و پێچەوانەیەکی پێکەوە کۆکردۆتەوە و وەزیفەی تازەی پێبەخشیوون کە لە ڕووی شیعرێتییەوە دەقەکەیان بردۆتە ئاستێکی باڵاوە. سەلام لەو شیعرەدا سەرەتا بە گوێسوانەی مزگەوتی یاخیبوونەوە هەڵدەواسرێت، پاشان دەبێت بە شەیتان و بە دوای گۆڕستانێکی بێ مردوودا دەگەڕێت. وێڵی دوای پێغەمبەرێکە تەختی خوایەکی نیشان دات ڕاپۆرتەکانی وەرگرێت، سەلام لەو شیعرەدا تفەنگێکی پێیە دەیکات بە بورکان و تەپوتۆزی دەریای سپی پێ دەشواتەوە، تفەنگەکەی فیشەکی تێدا نییە داوا لە ئاشتیخوازەکان دەکات فیشەکێکی بدەنێ. ئەگەر کەمێك وردبینەوە: هاتنەدەرەوە لە وێنەی فریشتە و خۆ بەشەیتانکردن و گەڕان بە دوای گۆڕستانی بێ



مردوو و هەڵوەدابوون بە دوای پێغەمبەر و خوادا و کۆکردنەوەی مزگەوت و یاخیبوون پێکەوە و قسەکردن لە تفەنگێك تەپوتۆز بشواتەوە و چاوەڕوانیکردنی فیشەك لە ئاشتیخوازان، ئیشکردنێکی شاعیرانەیە لەسەر کۆمەڵێك پاردۆکس و هاودژ و پێچەوانە، کە لە دەرەوەی زمانێکی شیعریی و بەبێ بەخشینی وەزیفەی تازە بە وشەکان و بەبێ دۆزینەوەی پەیوەندی نوێ لەنێوان وشەکاندا، ڕوو نادات. جگە لەوە کۆمەڵێك دەستەواژەی شیعریی لەو دەقەدا هەن کە تا ڕادەیەکی باش تینوێتی ئەو کاتەی سەلام محەمەدمان بۆ دۆزینەوەی زمانێکی تازەی دەبڕین و خۆجیاکردنەوە لە زمانی شاعیرانی دیکە، بۆ ڕوون دەکەنەوە. لە وانە: گۆڕی بومەلەرزەی ڕووداو، بازووی پەست، شاخەوانی تورە، نارنجۆکی ناوەوە، شەقامی دۆزەخ، لێوی هەنگاو، بیابیانی چاو، بیابانی یاسا، مەیتی هەتاو، گۆڕی هیوا و... هتد. بەراوردکردنی ئەم دەستەواژە شیعرییانە لەگەڵ زمانی نووسینی گۆڕاندا بە ئاشکرا پێمان دەڵێت ئێمە لە قۆناغی گۆران پەڕیوینەتەوە و لە قۆناغێکی جیاوازداین. ئەو زمانە و چواندن و میتافۆرەکانی لەگەڵ شاعیرانی هاوسەردەمی سەلامیشدا تا ڕادەیەك جیاوازی هەیە. دوای بینینی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیان ئیدی هەر شیعر و نووسینێکی سەلام محەمەدم ببینایە بە عەشق و تاسە و تینوێتییەکی زۆرەوە دەمخوێندەوە. لە کۆتایی هەشتاکاندا دیوانی (دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە) ی سەلام محەمەد چاپ کرا و بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە کڕیم و بە تاسە و تینوێتییەکی گەورەوە خوێندمەوە. لەو دیوانەدا وێڕای خۆڕسکێتی و سادەیی لە دەربڕین و هەڵقوڵینی بەردەوامی هەستی گەرموگوڕ، کێش و ئاهەنگ و سەمای وشەکانیش کاریگەریی گەورە لەسەر خوێنەر جێدەهێڵن. تەنانەت ناونیشانی دیوانەکە و زۆرێك لە ناونیشانی شیعرەکانیش لەو کێش و ئاهەنگ و سەمای وشانە بێبەش نین.

سەرچاوە: ئەم نووسینە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ گۆشەی ڕاز و نیاز ساڵی ٢٠١٣ وەرگیراوە.

# بونیادی زمان له شیعری هاوچەرخی کوردیدا

# ١٩٨٥-٢٠٠٥

**لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەریە**

**د. ئازاد ئەحمەد مەحموود**

**سەرنج: ئەم چەند دێڕە لەو کتێبەی د. ئازاد ئەحمەد مەحموود وەرگیراوە کە بریتییە لە ماستەر نامەیەك و لە ل١٩٢تا ل١٩٣باس لە تاقیکردنەوەی سەلام محەمەد دەکات.**

**(دی سۆسێر) ڕەمز بە دیاردەیەك دادەنێت کە لە یەك کاتدا یەك لایەنی و دوو لایەنیش ڕابگەیەنێت، بابەتێکی یەك لایەنیە، چونکە بەبێ دال نابێت، دوو لایەنیەکشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەدلوول دالێك داوا دەکات لە دالە بەراییەکە ناچێت. ئەم جیاوازی و لێکترازانە، توانست بۆ بوونی خوێندنەوەی دەق دروست دەکات. ڕەمزی زمانیش بە هەمان شێوە، تایبەتمەندی بە توانستی ڕەمز واتا دەق دەدات، لە یەك کاتدا ڕەمزە و یاسای ڕەمزیش**



**دەگەیەنێت. خوێندنەوەی دەق بۆ واتا بە پێوانە دادەنێت بۆیە لەم ڕوانگەیەوە (دژبوونێك لەدایك دەبێت، چونکە شیعر لە واقیعی دەقدا هەستی پێدەکرێت، بەڵام ناتواندرێت دەربڕین و گوزارشتی تەواوی بۆ بکرێت، لێکۆڵینەوە لە شیعرایەتی، پێویستە ڕووبەڕووی ئەم دژایەتیە ببێتەوە، بە گوێرەی توانستی بەرنامە، پێویستەلەم خاڵەدا پلە و ئاستی ڕەوایەتی و شەرعیەت دەستنیشان بکرێت. ئەم پرۆسەیەش ئەگەرلە دەرەنجامی (واتای واتا) دا نەبێت دەستەبەر نابێت، یان لە گرفتەکانی ئەزموونداا ڕەگی شاعیرایەتی ون دەبێت - جون کوهین النظرية الشعرية اللغة العليا).**

**ساماڵە شەوی زستانە**
**ئەستێرە بە ئاسمانەوە دەجریوێنێ**
**دەورووبەرم یەکپارچە وەك گۆمێکی مەنگ**
**کپ و بێدەنگ و خامۆشە**
**پێخەفی گەرم**
**بۆتە هێلانەی مەلۆتکەی**
**خۆزگە و جووتبوون و خەوبینین**
**شاری ماندوو کراسێکی خۆڵەمێشی لەبەردایە**
**باڵندەی ئەندێشەی منیش**
**باوێشك ئەدا و خەوی نایە**
**(سەلام ـ محەمەد ل١٤٣ی دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە).**

**گۆمی مەنگ بە سێ سیفەت: (کپ، بێدەنگ، خامۆش)بارگاوی کراوە. (دەورووبەر) ڕەمزی (نیشتمان) ە، بۆ سیفەتی بنەڕەتی سروشتی (گۆم) دەگەڕێتەوە و جووڵەی تێدا وەستێنراوە. ڕەمزی یەکەمی (گۆمی مەنگ) سروشتیە، ڕەمزی نوێ (کپکردنەوە، دالی یەکەم و دالی دووەمی مەدلوول جیاوازن نیشتمان، بۆ جاری دووەم بە ڕەمزێکی نوێت (شاری ماندوو) بارگاوی کراوە، واتای واتایەکەش لە ناوەندی وێنەی: (کراسێکی خۆڵەمێشی لەبەردایە)، سەنتەر دەگرێت و ڕەمزی سووتاندن دەبەخشێت،. (کارەسات) نیشان دەدات.**

**لە داهێناندا ڕەمز پێوەندیەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ لێڵیدا هەیە (ڕەمز پێوەندی ئۆرگانیکیو سروشتی هاوبەندبوونی بە ڕەگەزە هونەریەکانی شیعری هاوچەرخەوە وەك:**

لێکچواندن، خواستن، درکە هەیە، لە ئەدەبی کوردیدا نموونەیان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئێمە تەنیا ئاماژەمان بۆ (لیێڵی) کردووە چونکە بە هۆی بارودۆخی تایبەتی کورد لە دوای نسکۆ و تەم و مژی هەشتایەکان ئەم دیاردەیە زۆر بە قوڵی بە ناخی شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕۆچوو، تا ئاستێك ئەم ناوەندەی داگیرکردووە.دەکرێت شیعری هاوچەرخی کوردی لە نیوەی دووەمی حەفتایەکان و تێکڕای ساڵانی هەشتایەکان بە شیعری ڕەمز و لیێڵی ناو بنێین).

ئەم دیاردەیە ئاشکراکان لەناو ڕایەڵەکانی پەنهانی دەشارێتەوە واتا پێویستی بە زانیاری پتر و ئاوەز و بیری زیاتر دەبێت لە بوارەکانی فەلسەفە و دەروونناسی کۆمەڵناسیدا شارەزایی دەخوازێت.

ڕەمز هەر جۆرێك بێت زۆرترین بنەمایەکانی شیعر و واتا و بە تایبەتیش گشتگیری دەلالی تیایدا بە دیار دەکەوێت. شیعر دەخاتە ناو خانەی هەست و ئیدراك، بۆ ئەوەی بابەتێکی تەواو پڕ مەبەست مانا ببەخشێت، لەگەڵ وێناکردن و ئەندێشە و نیگا و بۆهاتنەوە تێکەڵاوی دەکات. ئەمە وێڕای ئەوەی کە جەوهەر و خودیەتی شیعر دەگرێتەوە، ئەو جیهان و فەنتازیە پڕ واتایەکە ڕەمزی بەهای پێدەبەخشێت، بەرەو ئەو پانتاییەی دەباتکە بە بۆچوون و بیر لە خەرەندو بونیاتی شاراوەی گشتی، بە هۆکارەکانی پێکهاتەی هونەرێکی ئامادەباشی پڕاوپڕکراوە، شاعیران دەتوانن ئەم ئەزموونە پڕ لە واتایە، لە چوارچێوەی پەنهانی دەلالیی قەسیدەکانیاندا بنووسنەوە. لێرەدا ڕەمز توانستی کۆت شکاندن و سنوور بەزاندنی دەبێت بە داهێنان و گەیاندن بارگاوی دەکرێت، جوانی بنەڕەتی قەسیدەش ئەو شێوازە شیعرە پڕ لە مەبەست و سەرسووڕمانە دەردەبڕێت.

سەرچاوە: کتێبی بونیادی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا. د. ئازاد ئەحمەد مەحموود، ٢٥٧ لاپەڕە. چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٩.



## دۆناودۆنی خاك لە شیعری (نیشتمان)ی سەلام محەمەددا

## نووسینی: تەڵعەت تاهیر

بەدرێژایی مێژوو، ئەو شیعرانەی تەمەندرێژ و جاویدان بوون کە تیایدا مێینەیی و جوانییەکان و ناسکییەکانی مێنەییان بەخشیوەتە دنیا. ئەو شیعرانەش کە تیایدا دنیا وەك پیاوێکی سمێڵ بابڕ وەسف دەکەن، بێجگە لە هات و هاوارێکی سەغڵەتکار، هیچی تریان لێ شین نەبوو، من یەك بەخۆم زۆرم پێخۆشە دەبینم، شاعیرانی کورد لەئەخیردا، تێگەیشتن لەوەی کە پێویستە دۆنکیشۆتانە بڕوانینە نیشتمان و مێژوو، پێویستە لەگەڵ مێژووی پڕ شکستماندا ئاشتببینەوە، ئەو مێژووە درۆزن و پڕ نیفاقە ڕەت کەینەوە کەمنداڵەکانمان لە کتێبی قوتابخانەکان فێری دەبن، لەزەینیشماندا وێنای ڕاستیینەی نیشتمان بگەڕێنینەوە بۆ وێنەیەی کەتیایدا نیشتمان دایکمان بوو، مێینە بوو، بەسۆز و بەزەییەوە باوەشی بۆ ڕۆڵەکانی دەکردەوە. ئەم شیعرەی مامۆستا سەلام محەمەد لەوەوە دەدوێ و جوانییەکەشی لەوەدایە پێمان کە دەڵێت نیشتمانی ئێستامان(دڵێکی صناعی) هەیە و چەندین سەری هەیە و ڕووخساری شێواوە. بەشێوەیەك بەگومانەوە، دەیناسینەوە و نایناسینەوە. ئەو سەرانەی سەلام محەمەدی

شاعیر ناویان دەبا، ئەو سەرە سیاسیانەن کە چەندین جار دایکی هەموومانیان (نیشتمان) بەهەلهەلەی کوردایەتییەوە بەشوو داوە، جارێك بەڕۆم و جارێك بە عەجەم. لای شاعیر و لای هەمووومان، نیشتمان زیاتر لە ماسکێك و زیاتر لە ناونیشانێك و زیاتر لە ڕەنگێکی پۆشیوە. ئەو زیاترەش لەپێناوی فرەیی دەنگ و ڕەنگ نا... نەخێر، بەڵکو لەپێناوی ئەوەی مۆرکە ڕاستینەیەکەی بشارنەوەو داوای کردنەوەی قفڵەکانی مەمکی نەکەین بۆ بەخێوکردنی ساواکانمان.هەقی داوای واڵاکردنی ئامێزیمان نەبێت، بۆ بۆنکردنی قەنەفر و مێخەکەکانی بەختەوەری.

لەم شیعرەی سەلام محەمەدی شاعیردا، دۆناودۆنەکان دەبنە وەهم و هەرەشە لە بینین و تەماشای مرۆڤ دەکەن، خاك دەبێتە خوێ و ئاو دەبێتە سەراب، نیشتمان دەگۆڕێ بۆ دایکێکی ئاسنین، مێینەیی نامێنێت و دەگۆڕێ بۆ کەسێك نایناسینەوە..

دایکی ئێمە، نیشتمانی ئێمە: ددانەکانی لە ئەڵماسن و زمانی لە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگی سەر بارەگای حزبەکانە و بەکەڵکی لایلایە نەماوە.. دایکی ئێمە، نیشتمانی ئێمە: خۆی بۆتە حیکایەتێك کە منداڵەکانی خۆشی تاقەتی گوێگرتنیان لێی نییە. نیشتمانی ئێمە دایکێکە کە ڕۆڵە زیندووەکانی فەرامۆشکراون و تەنیا مردووەکانی لەسەر هەقن..

سەرچاوە: ئەم کورتە نووسینە لە ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە ٤٣٧ ئابی ٢٠١١ ەوە وەرگیراوە.



# نیگایەك لە "فەیسبووکەشیعر" و چەند سەرنجێك
## عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
## کەنەدا ٢٠١٣

### دەستەواژەی فەیسبووکەشیعر.. نیگایەك

فەیسبووکە شیعر جیا و لە دەرەوەی ئەو ناوانەی دیکەی جیهانی شیعری کوردیی لە چەشنی کۆپلەشیعر یان مۆبایلەشیعر یان پۆستەرەشیعر یان شیعری زۆر کورت(دێرە شیعر)، بەبێدەنگی و هێمنێ خۆی سەپاندۆتە سەر واقیعی شیعری کوردی. پۆستەرە شیعر ئەگەر بۆ بارودۆخ و هەلومەرجی ساڵانی دوای نوشوستی بزووتنەوەی چەکداریی کورد بگەڕێتەوە و شێرکۆ بێکەس وەك دەست پێشکەرییەك لە نووسینی ئەم پۆستەرانە و بەتایبەتی لە کۆشیعری "کازیوە"دا هەنگاوی بۆ هەڵگرت، ئەوا مۆبایلەشیعر وەك دەرئەنجامی بارودۆخی گەشەی مۆبایل لەدوای ڕاپەڕین هاتە بوون. هەرچی شیعرە زۆر کورت و دێرە شیعرەکانیشە وەك ڕێڕەوێك لە نووسینی شیعر بەتایبەتی وەك ستایلی عەباس عەبدوڵڵا یوسف و هاوڕێکانی

خۆی خزاندۆتە نێو دونیای شیعری کوردییەوە. پۆستەرەشیعر و مۆبایلەشیعر و دێرە شیعر هەریەکە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن و من مەبەستم نییە لەم کورتە نووسینەم ئاوڕیان لێ بدەمەوە. ئەوەی زیاتر مەبەستی ئەم کورتە نووسینەیە فەیسبووکە شیعرە کە من ئەم ناوەم بۆ یەکەمجار لەڕێگەی ئیمەیلێکەوە لە برای شاعیر کاك سەلام محەمەدەوە بیست. وەختێ لەسەروبەندی ئامادەکردنی ئەو کتێبە بووم لەسەر کاك سەلام محەمەد کە کۆمەڵێ وتار و چاوپێکەوتن و نووسین دەگرێتە خۆی لەسەر ئەزموونی ئەو بەرێزە. وەختێ شیعرەکانی خۆی بۆ ناردم چەپکێك کورتە شیعریان تیادابوو بەناوی فەیسبووکەشیعر. منیش پرسیارم لێکرد ئەم ناوەت لەکوێوە هێنا و لەکێت بیستووە؟ گوتی پێشتر نەمبیستووە و خۆم ئەم ناوەم داناوە. کەوابوو دەستەواژەی فەیسبووکەشیعر کاك سەلام محەمەدی شاعیر دایهێناوە. منیش لەم ماوانە کەوتمە گەڕان و سۆراخی ئەو شیعرانەی لەفەیسبووك بڵاو کراونەتەوە و بۆم دەرکەوت کە فەیسبووکەشیعر جۆرێکە لەشیعر و بوونی خۆی سەپاندووە و کاتی ئەوەش هاتووە ئاوڕی لێبدرێتەوە.

## فەیسبووکەشیعر چییە؟

فەیسبووکەشیعریش وەك لەناوەکەیەوە دیارە لەدایکبووی سەردەمی گەشەی تەکنەلۆژیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە کەئەمڕۆ ملیۆنان کەس لەسەرانسەری جیهان بەکاری دەهێنن. فەیسبووك بەو پێیەی کە ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ پەیوەندی گرتن بە کەسانی دیکەوە لەسەرتاسەری دونیادا، بڵاوکردنەوەی بەرهەم و نووسینیشی بەو ڕادەیە ئاسان کردۆتەوە. مرۆڤ دەتوانێت لەماوەی چەند چرکەیەك هەر دەقێکی خۆی بیەوێت بگەیێنێتە بەر دیدەی هەزاران کەس. جا لەبەر ئەوەی گوزەرکردن بە ناو ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە گوزەرکردنێکی خێرایە، بۆیە مەسەلەی کات گرنگی پەیدا دەکات و ئەوانەی خەریکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبین هەوڵ دەدەن بەرهەمەکانیان کورت بن.

فەیسبووکەشیعر بەو شیعرە کورت و مانادارانە دەوترێت کە مرۆڤ لەساتە وەختێکدا بەدەربڕینێکی ناسك و شاعیرانە لە فەیسبووکەکەی یان پەیجەکەی خۆی دایدەنێت کە



هەندێکجار ناوی شیعری لێدەنێت و هەندێکجاری دیکەیش ڕەنگە ناوی شیعری لێ نەنێت. دیارە ئەم شێوەیە ئەو کۆپڵە شیعرانە ناگرێتەوە کەبەشێکن لە شیعرێکی درێژتر یان کۆپڵەیەکن لە قەسیدەیەك. بەڵکو ئەو ساتە هەناسانە دەگرێتەوە کە شیعر ئەدات لە شەقەی باڵ و بۆ خۆی دەفڕێت.

## تایبەتمەندییەکانی فەیسبووکە شیعر چین؟

فەیسبووکەشیعر وەك مۆبایلەشیعر تا ئەندازەیەك کورتە، بەڵام کورتی و درێژییەکەشی مەرجدار نییە. ڕەنگە دوو دێر بێت و لەوانەشە دە دێر بێت. هەرچەندە فەیسبووکەشیعر وەك مۆبایلەشیعر و دێرە شیعر کورتە و بێ مەرج و بێ هیچ بنەمایەکی تایبەتی دەنووسرێت، کەچی لە ئەدەبی کوردیدا شێوازگەلێکی شیعری دیکە هەن کە کورتن، بەڵام مەرجدارن وەك فۆرمی تاك و چوارینە. فەیسبووکەشیعر بەپێچەوانەی شێوازەکانی دیکەی شیعر کە مەرجدارن بۆ نموونە لە شیعری ئینگلیزیدا وەك هایکۆ (کە لە بنچینەدا داهێنانێکی یابانییە)کە سێ دێرە و تانکا کە پێنج دێرە و دایەمۆنت حەوت دێرە لیمیریك پێنج دێرە و سینکوەین پێنج دێرە و سۆناتا چواردە دێرە، هیچ ئاماژەیەك لەئارادا نییە بۆ ژمارەی دێر و بڕگەکانی. هەرچەندە ئەم شێوازانەی شیعری ئینگلیزی جگە لە هایکۆ (ئەویش بەبێ ڕەچاوکردنی بنەمای دێر و بڕگە)لەشیعری کوردیدا هەست بەبوونیان ناکرێت، بەڵام بەگشتی کورت بوون یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی فەیسبووکەشیعر چونکە شاعیر هەوڵدەدات ئەوەی مەبەستییەتی دەیەوێت زۆر بەکورتی دەری بڕێت و ئەزانێت ئەوانەی سەردانی پەیجەکەی ئەکەن کاتیان کەمە و فریای خوێندنەوەی شیعری درێژ ناکەون. لە فەیسبووکە شیعردا جار هەیە بایەخ بە شێوە دەدرێت و وبەڵام بەزۆری شێوە و مۆسیقای شیعر ئەو بایەخەی نییە و ئەوەی شاعیر مەبەستییەتی دەربڕینی ئەو هەستەیە کە ئەو ساتە تەنگی پێهەڵچنیوە و وەك هەورێك سێبەری خستۆتە سەر شاعیر.

تایبەتمەندییەکی دیکەی فەیسبووکەشیعر ئەوەیە کە زۆرجار ئەو فەیسبووکەشیعرە لەگەڵ وێنەیەك کە ڕێك بێتەوە لەگەڵ مەبەستی شاعیر دائەنرێت و ئەمەش هەم لەڕووی دەرکەوتنەوە جوانە و هەمیش ئاسانکارییەکە بۆ سەرنجڕاکێش و حاڵیبوون لە مەبەست. فەیسبووکەشیعر هەندێکجار ناونیشانی هەیە و هەندێکجار بێ ناوونیشانە. ڕەنگە بەگەڕان بەنێو تۆڕی

کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە سەدەها فەیسبووکەشیعر ببینین، بەڵام من لێرەدا چەند نموونەیەک دێنمەوە کە دەستم پێڕاگەیشتوون و ڕەنگە زۆر شاعیری دیکە هەبن لەم فەیسبووکەشیعرانە جوانتریش بنووسن و من نەمبینیبن یان نەمتوانیبێت فریای هەموویان بکەوم. بەڵام مشتی نموونەی خەرمانێکە و ئەوانەی لێرەش دەیخەمە بەر دیدە شایانی ئاوڕدانەوە و بایەخی زیاترن.

## چەند نموونەیەک لە فەیسبووکەشیعر

**سابیر سدیقی شاعیر لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک دەنووسێت:**

وتی:
کە خۆر هەڵهات دێم بۆ لات
نەئەو هات و
نەخۆر هەڵهات

**لەتیف هەڵمەتی شاعیریش لە فەیسبووکەکەی دەنووسێت:**

**کە دایکم مرد**
لە ڕێگای گۆڕستان
منداڵیم بزر کرد.....!

لەم دوو نموونەیەی سەرەوە هەریەک لە سابیر سدیق و لەتیف هەڵمەت بایەخیان بەشێوە داوە و هەوڵیان داوە لەو هێلە لانەدەن کە پێی دەڵێن شیعر، بەڵام لە دوو نموونەی دوایی ئەحمەدی مەلا و ئارسەر ئاری سەرهەنگ ئەو بایەخە بە شێوە نادەن. لەبری ئەوە نووسەر مەبەستەکەی بۆ گرنگە کە لە شێوەیەکی هونەری دایبڕێژێت.

**ئەحمەد مەلا لە پەیجەکەی خۆی ئەم فەیسبووکە شیعرە دەخاتە بەر دیدە:**

کتێبێکی هەزار لاپەڕەم بە
ڕووناکی کڕی
لەنێو تاریکی خوێندمەوە

**ئارسەر ئاری سەرهەنگ لە پەیجەکەی خۆی دەنووسێت:**



دڵم
وەک باران
تنۆک تنۆک
بۆ
یادەکانت دەگری

**عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)یش لە پەیجەکەی خۆی دەنووسێت:**

تەڕەشوع
چەند دڵۆپە ئەوینێکی ڕەنگاوڕەنگم بە بنمیچی
ژوورەکەی دڵمەوە بینی
سەرەتا پێموابوو پەلکەزێڕینەیە و دائەبارێ
دوایی ڕوانیم لەسەرێ ڕا هەتا خوارێ
دڵ تەڕەشوعی کردووە و
عەشقی تۆی پیا دێتە خوارێ!

**سەلام محەمەدی شاعیریش لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک دەڵێت:**

دارهەنار
ساڵەهایەکە شۆڕەژنێکم خۆشدەوێ
هەرگیز بە چاو نەمدیوە تەنیا بە دڵ دەیناسم
ساڵەهایەکە هەمیشە
ماچی مزری بۆ کۆدەکەمەوە
تا ئەم ئێوارەیە لە ئاوێنەدا تەماشای خۆم کرد
بینیم بوومەتە دار هەنار

لەم دوو نموونەیەی عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) و سەلام محەمەدی شاعیر فەیسبووکەشیعر ناونیشانی هەیە، بەڵام زۆربەی فەیسبووکەشیعرەکانی دیکە ناونیشانیان نییە و بێ هیچ تایتڵێك بڵاو کراونەتەوە.

**ناسک حوسێنیش لە پەیجەکەی خۆی دەنووسێت:**

جگەرە ئەکێشم بەئاشکرا
مەی ئەنۆشم بەئاشکرا
تۆ لەناو دڵا ئەشارمەوە
چەن ترسناکە عەشق!

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵاش ئەم فەیسبووکەشیعرە لەگەڵ وێنەی ئەحلام مەنسور دادەنێت و لە مەرگی ئەو خانمە نووسەرە دەنووسێت:**

ئاسمان شپرزەیە
باران بەپەتێ
شۆڕ دەکاتەوە
کەس نییە
ئەحلام نەبێ

**کەژاڵ ئەحمەدیش لە پەیجەکەی خۆی دەنووسێت:**

چەند عاشقم...
هەر ئەڵێی پرچی کچێکم
کە تەڕوبڕ، هەمیشە ئاوی لێ بتکێ و
هەرگیز وشك نەبێتەوە.

**بەڕێز تاسانیش لە پەیجەکەی خۆی دەنووسێت:**

پێکەنینم باڵی گرت و
فڕکەی کرد بۆ ئاسمان
کەسێ گەواهی نەدا
ڕۆندکم
نەبێ

**تەلعەت تاهیری شاعیریش لە پەیجەکەی خۆی لە فەیسبووك دەنووسێت:**



تۆم هەبێ
دنیا جوان دەکەم
پڵنگەکان لە بەتانی منداڵەکان دەردەکەم و
پڕی دەکەم لە جوجکەی خڕپن

**غەمگین بۆڵێیش لە پەیجی فەیسبووکەکەیدا دەنووسێت:**

من گەندەڵــم
من دانی پیا دەنێم،
من دادپەروەر نیمە!
وەك یەك مەمکەکانت نامژم
هەمیشە زیاتر حەزم لە مەمکی چەپتە!
من دادپەروەر نیمە
من دانی پیا دەنێم:
(وەك وڵاتەکەم گەندەڵــم!)

**زانا سامانی شاعیریش لە پەیجەکەی خۆی دەنووسێت:**

لە دڵی مندا
تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا
تێیدا چەندین قوربانی لێکەوتەوە
وەك کوشتنی عەزاب و
تیرۆرکردنی تەنیایی و
کوشتنی خۆخواردنەوە
لە مندا
بوومەلەرزەیەکی بەهێز بە ڕێختەری عیشق
ڕۆحمی هەژاند
زەرەرەکان دیاری نەکراون
بەڵام پێدەچێت

خۆشەویستی پشکی خۆی بەرکەوتبێت

فەیسبووکەشیعر وەك جۆرێکی نوێ لە شیعر کە دەرئەنجامی بارۆدۆخی ئەمڕۆی گەشەی تەکنەلۆژیا و تۆڕی کۆمەڵایەتییەکانە بەتایبەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسووك، خەریکە پانتاییەك لە شیعری کوردی داگیر دەکات. ئەم جۆرە لە شیعر کە کورت و مانادار بە فۆرمی گونجاو و هەندێکجار وێنەدارە و ڕەنگە ناونیشانی هەبێت، هاوتا و ڕێك دێتەوە لەگەڵ ئەم تێکچڕژان و یەکانگیربوونە سەراسەرییەی ژیان، کە کات تیایدا بۆتە سەروەری گشت شتەکان. فەیسبووکەشیعر ڕەنگە لە داهاتوویەکی دوور یان نزیك جێگە بە هەندێك شێوازی باوی شیعر لێژ بکات و جێ پێی خۆی لەسەر بزووتنەوەیەك قایم بکات، کە لە باباتاهیری عوریانەوە درێژ بۆتەوە تا ئەمڕۆ.

**چەند تێبینییەك:**

**تێبینی یەکەم:** ئەم نموونانەی لەم کورتە وتارەدا هاتوون لە پەیجی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی ئەو بەڕێزانەوە وەرگیراون.

**تێبینی دووەم:** ئامانج لە دانانی ئەم وتارە لەم کتێبەدا بوونی ئەو پەیوەندییەیە بە پێشنیاری کاك سەلام محەمەد سەبارەت بە دەستەواژەی فەیسبووکەشیعر کە کاك سەلام داهێنەریەتی و بۆ یەکەمینجار ئەو بەکاری هێنا.

**تێبینی سێیەم:** ئەم نووسینە لە هەفتەنامەی نسێ ژمارە ٣٩ ساڵی ٢٠١٣ بڵاو بۆتەوە.



## ئەو شیعرانەی لە دیوانەکەی سەلام محەمەدا بڵاونەکراونەتەوە.

نیازم وابوو ئەم چەند شیعرە و هەندێ ڕەشنووسی دیکە لە کۆمەڵە شیعرێکی سەربەخۆدا بڵاوبکەمەوە تا کاك مەشخەڵ ڕووی لێنام بۆ ئەم دیدارە درێژە کە لە سەرەتادا دوو دڵ بووم و ڕاستیەکەی چەند برادەرێکی دیکەیش ویستوویانە دیدارم لەگەڵدا ساز بکەن، بەڵام ڕازی نەبووم چونکە ئەو جۆرە دیدارانە کۆمەڵێ ڕۆتینن دووبارە و سێبارە دەبنەوە. کاتێك کاك مەشخەڵ بە وردی باسی پڕۆژەکەی بۆم کرد بینیم دیدارێکی ئاسایی نییە، بەڵکو دڵسۆزانە هەوڵ دەدات بەرگری لە خۆم و شیعرەکانم بکات بە خۆشحاڵییەوە بە دەنگیەوە چووم و بڕیارمدا تا ئەو ساتەی کتێبەکە بۆ چاپخانە دەچێت بە هەموو شێوەیەك هاوکاری بکەم. دامنابوو ئەم شیعرانە و کۆمەڵێ مسوەدەی دیکە پاش پیاداچوونەوە لە کۆمەڵە شیعرێکی تایبەتیدا بڵاوبکەمەوە، بەڵام کە کارەکەی کاك مەشخەڵ زیاتر لق و پۆپی هاویشت منیش بە دەرفەتێکی باشم زانی هەموو ئەو شیعرانەی بۆ بنێرم کە لە دیوانەکەمدا نین هەرچەندە زۆریش دوو دڵ بووم لە دووبارە بڵاوبوونەوەی هەندێکیان لەبەر سادەیی و ساکاری بە هۆی ئەوەی لە ڕۆژگاری پێشمەرگایەتیدا نووسراون و بایەخێکی ئەوتۆم بە لایەنە هونەریەکەیان نەداوە. شیعرەکانی دیکەیش کە لە ساڵانی ٢٠١٠ بە دواوە نووسراون لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام لە دیوانەکەمدا نین.

## سەلام محەمەد

## دوو ڕوخساری یەك پێغەمبەر

### ڕوخساری یەکەم

ئەگەر هەڵەیەك بکەم
کاتێ شەو سەر ئەنێمە سەر سەرین
تا درەنگانێ هەر دەتلێمەوە
پێغەمبەرەکەی ناوەوەم
شمشێرم لێدەردەهێنێ،
هەڕەشەی ملپەڕاندنم لێدەکات
بیر لەو چرکەیە دەکەمەوە کە ملم دەقرتێ
چۆن تەزوویەکی سارد بە لەشمدا تێدەپەڕێ و
پاتری ژیانم لە کار دەکەوێ



ئەو پێغەمبەرە
شەوانی ئاسایی جلوبەرگی سپی لە بەردایە
بەڵام کە درۆیەك دەکەم، هەرچەندە بچکۆلەش بێت
ئەو دەبێتە لافاوێکی شێت و
بە کەواو سەڵتەیەکی ڕەشەوە
بەرانبەرم ڕادەوەستێ
بۆنی خوێنی گەردن و ملی خۆم دەکەم
کۆڵان بە کۆڵان
بە شمشێرێکی ڕەشەوە دوام دەکەوێ و ڕاوم دەنێ
یەکپارچە بوونم دەکاتە هەڵمی ترس و بیم
تەنها لە بەر درۆیەکی بچووك
دەمداتە بەر مەنجەنیقی ئاگر
ئەرێ ئەوانەی
ڕۆژانە بە تەن درۆ دەکەن و
بە تەن دزی دەکەن و
خۆشەویستی دەکوژن
هیچ پێغەمبەرێك لە ناخیاندا ناژیت؟
هەیە وەکو ئەژدیهایەك، حەوت سەری پێوەیە
هەر سەرێك و بە زمانێك دەپەیڤێ
حەوت هەڵویستی دژ بە یەکی هەیە و
لە تەك حەوت کەسی جیاوازدا
پەیمانی دۆستایەتی مۆر دەکات
ئەدی پێغەمبەرەکەی ناخی ئەو خاوەن حەوت سەرانە
خەوی لێکەوتووە یان کەڕ و لاڵ و کوێرە
❊❊❊❊❊

جار جار لەسەر درۆیەکی بچووک
پێغەمبەرەکەی ناوەوەم
لێم دەبێتە عفریت و دەمفڕێنێ
بۆ یەکێك لە شارە جادوولێکراوەکانی
هەزار و یەك شەوە
کە هەموو دانیشتووانی بەر نەفرەت کەوتوون و
بوونەتە بەرد
منیش دەبم بە بەرد
تا بەیانی هەست بە ڕەقوتەقی خۆم دەکەم
بمبەخشە ئەی پێغەمبەرەکەم
ئەوە تەقینەوەی ژانە
لە بەردەوە دەمکاتە زیندەوەرێکی خورافی
تا ڕادەی سڕبوون و مەیینی دەمارەکانی هۆش
پایتەختی ئەقڵی خۆم وێران دەکەم و دەکەومە ناو
گەرداوەکانی دەریای بێ سنوور و بێ پایتەختی نائەقڵەوە
لە جەنگی سێهەمی جیهانیدا دەژیم
ئەگەر جار جاریش ناڵەیەکی شیعریم لێوە بێت
تەنها بۆ دڵدانەوەی خۆمە
ئەگینا جەنگ و سیاسەت
هەرگیز لە زمانی شیعر تێناگەن
بمبەخشە ئەی پێغەمبەرەکەم
ئەقڵی خۆم دەبەمە دوورگە دوورەکانی عەدەم
کێ ئەقڵی دیوە و کێ دەزانێ
ئەقڵ پارچەیەکە لە ڕۆح یان بە پێچەوانەوە؟
یان هەردووکیان دوو دیوی یەك دراون
لە کارگە ئاسمانییەکانی خوداوە
بۆ ئینسان هاتوون؟



**ڕوخساری دووەم**

نەغمەیەکی غەریب
هاتۆتە دڵمەوە
نازانم، نۆتەیەکە لە سیمفۆنیایەکی خودایی
بۆ چەند ڕۆژ و هەفتەیەك ونبووە و
بە ناشارەزایی ڕێگای کەوتۆتە شاری دڵم
یان نیازی وایە تا دەمرم
ژوورێکی بە کرێ بدەمێ
تیایدا هەمیشە بزرنگێتەوەو بدرەوشێتەوەو
خوڕەمی تاڤگەی ئاوازی لێ ببارێ
من ئامادەم
ڕازاوەترین و خۆشترین ژووری ئۆرکسترای دڵە مەستەمی
بە خۆڕایی بدەمێ و لە بری کرێ
مانگانە ئاهەنگی کۆنسێرتی بۆ سازبکەم
ئەو نەغمەیە
سەرچاوەکەی، لە بەهەشتەوە هەڵقوڵاوە
بەردەوام پریشك و پرشنگی
دەنگە غەیبییەکەی شەپۆڵ دەدات
بە پێغەمبەرەکەم دەڵێم:
جوانە پۆشاکە سپییەکەت زۆر جوانە
تکایە ئەی پێغەمبەرەکەم هەمیشە پۆشاکی سپی بپۆشە
با لەناو تیشکی پیرۆزی
ئەم نەغمەیەدا بخنکێم و نوقمی خەونەکانی ڕامبۆ بم
ئەوەتانێ، ئەوەندە ئارام و ڕووناکم
جووتێ باڵی تریفەییم لێ ڕوواوە و
بەردەوام لە هەڵفڕیندام

نەك هەر تاریکایی زەوی
تەمە شووشەییەکانی گەردوونیش ڕەوینەتەوە
چوومەتەوە ئەو ڕۆژگارەی
کە ماڵمان لە ڕەحیماوە بوو
هەموومان لەژێر کلاوڕۆژنەکانی
دارمێوی حەوشەکەدا
دادەنیشتین و
بۆن و بەرامەی چایەکەی دایکم،
کولێرە گەرمەکەی جەوهەری نانەوا،
ماستە قەیماخدارەکەی مەلا مەحمود و
ڕادیۆ گەورەکەی باوکم
پێشوازی ڕۆژێکی تازەیان لێ دەکردین

ڤێستەرۆس ـ سوید
٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠
لە ژمارە ١٥٣ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە

***



## خەونێکی شاعیرانە

لە ڕۆژگاری لاویمەوە
حەزم لە ژنە شاعیرێك کردووە
نە بینیومە، نە دەیناسم
پێمخۆشە ئەو ژنە شاعیرە
ببێت بە هاوسەرم
ئەوسا
دەبم بە بەختەوەرترین پیاوی جیهان
من و ئەو ژنە شاعیرە
فەرهەنگەکانی زمان دەخەینە لاوە
هەر بە نیگای چاو
لە تەك یەکدا دەپەیڤین و
ڕازەکانی یەکدی ئاشکرا دەکەین

تەنها سووکە تەماشایەکم بکات
تێدەگەم چی دەوێ
منیش بە زەردەخەنەیەك
مەبەستی دڵی خۆمی پێ دەڵێم

کە شیعرێکم بۆ بخوێنێتەوە
وا هەست دەکەم
عەتری وشە لە دەمی دەبارێ
کە شیعرێکی بۆ بخوێنمەوە
تۆپەڵە ئیسفەنجی تەڕ و قورسی
ئازارەکانم دەگوشم
تا دوا دڵۆپە فرمێسکی خەمیان لێ دەچۆڕێتەوە و
سوك و سۆڵ دەبنەوە، وەکو باڵی پەپوولە

تەنها... هاوسەرێکی شاعیر
ئاخ خ خ.... بۆ هاوسەرێکی شاعیر

من و ژنە شاعیرێك
ماڵەکەمان دەکەینە تەلاری
زمانی شیعری و وێنەی شیعری و تابلۆی شیعری و مۆسیقا
ناو بە ناویش کە ئاوازێك مەستمان دەکات
قۆڵ بە قۆڵی یەکتردا دەکەین
ڕێگای سەفەری هات و نەهات دەگرینە بەر
بەرەو دورگە دوورەکانی ناکات و ناشوێن
ئەگەر ترسی مردنیش دایگرتین
یان بوو بە ڕۆژی قیامەت
باوەش بە یەکدا دەکەین و



بە هەردووکمان یەك ماچە شیعر دەنووسین
چەندخۆشە... ژنێکی شاعیر ماچ بکەیت
چەند خۆشە.... لە تەك ژنێکی شاعیردا
ژیان بەسەر بەریت
ئەگەر ژنە شاعیرێك بوو بە هاوسەرم
لە جیاتی مەی
هەر خۆشاوی شیعرەکانی دەخۆمەوە
لە جیاتی جگەرە
هەر دووکەڵی هەناسەی
شیعرەکانی هەڵدەمژم

من و ژنە شاعیرێك
ڕۆژانە وەك جووتێ باڵندەی سپی هەڵدەفڕین
دەچین بۆ دارستانە سەوزەکانی ئەمازۆن
لەو مێوانە دەخۆین، هەرگیز
دەستی مرۆڤیان پێنەگەیشتووە
کە گەڕاینەوە بۆ ماڵەکەی خۆمان
لە کۆشك و تەلاری شیعر
قاوەی گەرم دەخۆینەوە و
شیعری گەرم و نەرم دەنووسین

سوید
١٧ / ٠١ / ٢٠١٠
سەرنج: لە ژمارە ٨٩ ی گۆڤاری ئایندەدا بلاوکراوەتەوە

***

## گلگامێش وتی

تۆ تاکە میوانیت. یەکەمین هاتن
دواهەمین دیدەنی و سەردانی تەمەن و ژیانە
تۆ تەنها ڕەنگێکی لە هەموو ڕەنگەکان جیاوازتر
لە هەموو هێزەکان بەهێزتر
لە هەموو واتاکان قووڵتر و
لە هەموو هیچەکان هیچتری
ئەی مردن

تۆ لووتکەی یەکسانی و دادخوازیت
هەر خۆتیش تۆخترین پێناسەی بێ دادییت
ئەی مردن



تۆ تاکە هەسارە و
تاقانە ئەستێرە و حەشارگە و مەنزڵگای
کە هەرگیز
ڕۆشنایی تیژڕەوی خەیاڵ و داهێنان
ناتناسێ و ناتبینێ و تێت ناگات
ئەی مردن
ئەو ژمارە دەگمەنەی
بە هەموو پێوانە و پێوەرێك
هەمیشە یەکیت و نابیتە دووان و سیان
سەرەتاو کۆتاییت دیارترین ڕاناوی نادیارە
ئەو لوغزەی
سادەترین وەرامت پرسیارە
ئەی مردن

ڕازێکی ئەوەندە ئاڵۆزیت
زمانی سەرجەمی ڕووەك و زیندەوەر دەزانیت
لە ئاو و ئاسمان و زەمیندا
شارەزای ئەتۆم بە ئەتۆمی
جوگرافیای جیهانیت
بەڵام هیچ مرۆڤێك
هیچ بەرد و ڕووەك و باڵدارێك
هیچ.. هیچ.. هیچ، بێ گیان و گیاندارێك
نازانێ تۆ چیت و چۆن و کەی
برووسکەی ناوەختەی هەورەکەت
چەخماخە دەدات و
بە کامە زمانی گەردوونی دەپەیڤیت...

١٤ / ٠٤ / ٢٠١٠

سەرنج: لە ژمارە ٥٢ ی گۆڤاری هەناردا بلاوکراوەتەوە

***

## نیشتمان

کە ئەتبینم
ئەتناسمەوە و.... ناتناسمەوە
شێوەت ئەکەم و نازانم کەی تۆم دیوە
بەڵام ئەزانم تۆی، خۆتی
ئەتناسمەوە
خۆ من هێشتا نە پیربووم و
نە خرف بووم
تۆ خۆت ئارایشت کردووە و
لەناو ڕەنگی ئاڵ و والادا غەرق بووی
وەك ژنێکی نەدیوبدی
تۆپەڵ تۆپەڵ ماکیاج بە دەموچاوتەوە
لێوەکانت بە سوورێکی زەق سواخداوە،



گۆنات بە سەوز،
برۆ و برژانگ پرتەقاڵی، پێلووت شینە و
تەوێڵیشت زەردێکی تۆخ
دانەکانت لە ئەڵماسن
چووزانم ڕەنگە دڵیشت سناعی بێت
ئاخر بە چی بتناسمەوە
کە وردتر تەماشات ئەکەم
ئەبینم بە تەنهایش خۆت نیت
کۆمەڵێ سەرت پێوەیە
من نازانم تۆ کامیانی
جاران لە دووری دوورەوە
هەر بە بۆن ئەمناسیتەوە
ئێستا بوویتە بە دوکانی عەتر و بۆندان
بۆنت پێوەیە دەسبەجێ هۆش ئەکوژێت
هەیە زاکیرە ناهێڵێت
هەیە مێشك گێژ ئەکات و
ئەیشواتەوە
هەیە دەم کلیل ئەدات و
زمان لە بیر ئەباتەوە
ڕەنگی پەیڤ و جلوبەرگ و بیرەکانیشت
وەك یەك وان
بە جۆرێك ئاوێتەت کردوون
نە لەگەڵ یەکدا ئەگونجێن
نە پڕ بە پێستی باڵاتن
چاوەکانم هەڵئەگلۆفم
لە خۆم ئەکەومە گومان و
ئەتناسمەوە و

ناتناسمەوە
ئەی نیشتمان

سوید ٢٠١٠

***

# غەریب هەرگیز خانەنشین ناکرێت

بۆنی غەریبی لە بۆنی ماچی سووتاو دەچێ
لە بۆنی مەمکی نەگوشراو و نەمژراو و بۆن نەکراوی
قەیرەکچێکی خەمگین و چاوەڕێ دەچێت
غەریب هەرگیز پیر نابێت
هەرگیز خانەنشین ناکرێت
غەریب هەمیشە منداڵە
هەمیشە حەزی لە گوڵی سروشتییە
ڕۆژانە لە خەون و بێداریدا بەرەو باخەکانی نیشتمان
غلۆر دەبێتەوە و ڕادەکات
لە ساتی نزیکبوونەوەدا
نیشتمان وەکو سەراب دوور و دوورتر دەکەوێتەوە
نیشتمان بە نەوت گوڵی باخەکانی ئاو دەدات



نیشتمان پڕە لە گوڵی باخەیی و نەوتاوی

لە غەریبیدا تەنها نیم
من و کەرکوك هەردووکمان غەریبین
من و شارەزوورەکەی نالیش
قەراتەکەی هەولێریش
من و شیعرە جوانەکانی نیشتمان
هەموومان غەریبین

غەریب قەقنەس نییە پەپوولەیەکە لە تیشك
تاکو تاریکایی ئەنگوستەچاوتر بێت
ئەو زیاتر دەدرەوشێتەوە
هەمیشە بزەکەی مۆنالیزای لەسەر لێوە
هەمیشە چاوەکانی کچە کافرۆشی لە بەرچاوە
غەریب تەنها نییە، خودا تەنهایە
خودا غەریب نییە
نیشتمان لە ماڵی خۆیدا غەریبە
شاعیرێکیش لە وڵاتی ڤایکینگەکانەوە
سواری بەلەمی بڵێسەی ئاگر بووەو
غەریبی ئەو نیشتمانە دەکات.....

سوید
٠٧ / ٠٨ / ٢٠١٠
سەرنج: لە ژمارە ٩٣ی گۆڤاری ئایندە بلاوکراوەتەوە

***

# لەم ولاتی ڤایکینگەدا

لەم ولاتی ڤایکینگەدا
زستان وەرزی کارکردن و نیگەرانی و
بەفر و تاریکی و سەرمایە
زۆربەی مالآن نیگەرانیّ، دووانی تیایە
کە پاییز هات
گەلآی وەریو سیمای ڕەنگە غەریبەکەی
... ئەکاتە سوتیانی سروشت
بەهارانیش، لە سەعاتێکدا بە دەجۆر
شایلۆغانی هەورەکانە و چاوشارکێی خۆر
بەلآم هاوین
ئای بۆ هاوین



وەرزی شیفای خەم و برین
یان زەردەخەنەی فرمێسك و قاقای ئەوین
گومان ئەکەم، بەڕاستی من گومان ئەکەم
ئەمە بۆنی بنیادەم و دارستان و
ڕووبار و بالّندە و گولّ بێت
ئەم عەترە ئەوەندە سەیرە
بۆنی شتی تری لێدێت
کە لە بۆنی خودا ئەچێت..

٢٥-٠٥-٢٠١٢
ڤێستەرۆس

***

## من

هەموو شتێکم هیچیش نیم
من نە پارتیم نە یەکیەتیم
نە گۆڕان و نە بزووتنەوەی ئیسلامیم
نە مارکسیم و نە بەعسیم
من کەرکوکیم
هەموو شتێکم هیچیش نیم

ڕوونکردنەوەیەك: ئەم پێنج شیعرە واتە سێبەرەکانی کەرکوك و هەڵۆ و نامە و انت کردی بۆ دەرەوە و دایە سووتام لە ساڵی ١٩٨١دا کە پێشمەرگە بووم، نووسراون. بێجگە لە سێبەرەکانی کەرکوك لە ڕووی تەکنیکەوە شیعرەکانی دیکە بە لای خۆمەوە زۆر لاوازن و لە ئاستی شیعری مندا نین. ئەڵبەتە هۆیەکەش ئەوەیە کە لە بنەڕەتەوە بە جۆرێك نووسراون



هەوڵم داوە تا دەتوانم سادە و ساکار بیانخەمە ڕوو بەو مەبەستەی هەموو کەسێك تێیان بگات و بیرم لە لایەنە هونەرییەکەیان نەکردۆتەوە. ڕاستیەکەی دوو دڵیش بووم لە بڵاوکردنەوەیان، بەڵام هاندانی بەردەوامی کاك عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) و بە نیازی ڕزگارکردنیشیان لە فەوتان وا بڵاویان دەکەمەوە بەو هیوایەی کە خوێنەری بەڕێزیش بارودۆخی ڕۆژگاری نووسینی شیعرەکان بداتە بەرچاو

سەلام محەمەد

## هەڵۆ

بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە نەمرانەی پاش ئازاردانێکی دڕندانە لەلایەن جەللادەکانی سەددام تکریتییەوە لە قەسابخانەکەی موسڵدا لە سێدارە دراون.

لە ساڵی ١٩٨١دا شەرەفی ئەوەم بەرکەوت سەرپەرشتی کۆکردنەوەی نامەی ئەو شەهیدە نەمرانە بکەم کە لەسە پارچە کاغەزی پاکەتی جگەرە و مقەبا و بە شێوەی جوراوجۆر و سەرنجڕاکێش بۆ کەسوکاریان ناردبوو. نامەکان لە ساڵی ١٩٨٢دا لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپکران و ئەم شیعرەش زادەی بیری دوای خوێندنەوەی نامانەیە و هەر لەو ڕۆژگارەدا دوو جاربە دەنگی خۆم لە ئیزگەی گەلی کوردستانەوە خوێنراوەتەوە..

نیوەشەوێك لە گەرمەی خەوی شیرینا
قۆڵ بەستکرا و
هەر بە جلی نووستنەوە

به شەق و بۆکس و زللە
ڕاپێچیان کرد
دایك گڕ بەربووە جەرگی
تەکانی دایە خۆی ویستی
ئەو سەگە دڕ و هارانە
دوورخاتەوە لە تاقانەی خۆشەویستی
بەڵام بە مستەکۆڵە و جوێن
دەمیان کردە کانیاوی خوێن

ئەو شەوە هەتا بەیانی
هەردوو پیلیان بە گوێسوانەوە هەڵواسی
بە دار و کێبڵ و قامچی لێیان ئەدا
ئیعتیراف کە کێ ئەناسی؟

کە لە هۆشچوو
وایان زانی تێپەڕی و مرد
بەڵام تك تك خوێناوی سەرو ڕوومەتی
هاتنە خوارێ و لەسەر سنگیا
وێنەی خۆرێکیان دروست کرد

سەتڵێ ئاوی ساردیان هێنا
موچڕکێ لەشی داگرت و
کەوتەوە جووڵە خوێناوی
دەماری گیانی شیرینی
هەر ئەوەندەی کە چاوەکانی هەڵهێنا
چوار درندەی ڕەزاقورسی
سەرو لووت کوتراوی بینی



دیسان قۆڵبەست کرایەوە
تووڕیان دایە
ژێرزەمینێکی بۆگەن و تەڕ و تاریك
دەرگاو دیواری ژێرزەمین
هەڵکەنرابوون بە شیعر و گوتار و نووسین
بۆ ئێوارە جارێکی تر هەڵیان واسی
بڵێ زووکە کێ ئەناسی؟
لووتکەیەکم لە بەرچاوە
خوێن و بەفر دەستیان کردۆتە ملی یەك
جۆگەلەی فرمێسکی چاوی دایکانی ڕۆڵە هەڵواسراو
گوڵی باوەڕی پێشمەرگە ئاو ئەدەن و
خەمی ڕوومەتی منداڵان ئەسڕنەوە
زووکە بڵێ کێ ئەناسی؟
لافاوێکی سوور ئەبینم
لەگەڵ خۆیدا
ژانی ساڵانی تووڕەیی کوردستانی هەڵگرتووە
دۆڵاودۆڵ بەرەوخوار ئەکشێ و
چی تەم و تۆز و دووکەڵە ڕایماڵیوە

ئەو شەوە هەتا بەیانی
بە هەڵواسراوی مایەوە
مەڵهەمی خوێ برینەکانی چەور ئەکرد
زامی سەرپشت ئەگەر بە قامچی بجنرێ و
لیمەندۆزی بخرێتە سەر
سبەی ئەبێتە ملوانکە و ئەخرێتە گەردنی وڵات
ئەی وڵاتی بەفر و زریان

تۆ ئەزانی ئەوەی شەهیدی ڕێگاتە بۆتە گوڵ و
سەربەخۆییشت بە گوڵدان!

نینۆکەکانیان هەڵکێشا
جگەرەیان بە سەر پشتی کوژانەوە
بەڵام نەمرد
هەر ئەوەندە هێزی تیابوو (تف)ێکی سووری ئاراستەی
ناوچەوانی موحەقیق کرد
خوێنی سەر پەنجەی بێ نینۆك
وەك گوڵاڵەی ئاڵی کێوی
لەژێر تیشکی خۆرەتاودا سوور ئەچۆوە
تفی سووری ناوچەوانی موحەقیقیش بۆ ناو دەمی شۆڕئەبۆوە..

تاوێك لە کارەبادان و
تاوێك بە پانکە هەڵواسین
ڕۆژێك بە سۆندە لێدان و
ڕۆژێك لە ئوتوو هەڵسوین
بەڵام هیچیان
چاوی هەڵۆیان نەترسان
وشەیەکیان پێ نەدرکان

کاغەزێکی سپی و سادەیان پێ مۆرکرد
لێیان نووسی:
ناسنامە: کورد
پیشە: هاوبیری پێشمەرگە
حوکم: سێدارەیە و مەرگە



نیوەشەوان تریفەی مانگ و ئەستێرە
چەشنی ڕەوە باڵندەیەکی کۆچەری
بە ئاسمانەوە ئەگەڕێن
گۆرانیی دڵداری و ئەوین
بۆ چاوی خەواڵوو ئەڵێن
جار جار چەپکێ تریفەی جوان
بۆ بەهەشتی خەوبینینی ساوا ئەبەن
پەیتا پەیتاش لایلایەی ناسك و نیان
بۆ جەرگی ئاگر تێبەربووی
دایکانی دڵسووتاو ئەکەن
بەڵام کوندەپەپوویەکی ئێسك گران
لەم کاتەدا
لە بەغداوە ڕوو ئەکاتە شاری موسڵ و
بۆنی مردن بە دیاری ئەبات بۆ زیندان

هەموو ڕۆژێکی چوارشەممە
سەرهەڵدانی وەرزی خەمە
هەر ئەوەندەی نیوەشەو هات
گیان و تەمەنی چەند لاوێك
بە پەتەوە شۆڕبۆتەوە و
گۆرانیی ئەڵێ بۆ وڵات

لە ژوورێکدا
کە دەیان کەس ڕیزیان بۆ مردن گرتووە
دەریان هێنا و
بۆ دواجار قۆڵیان بەستەوە
ئەمیش بە شیعر و هوتاف و هەڵبەستەوە
پێشیان کەوت و
کاتێ پەتی سێدارەیان خستە گەردن

پێش ماڵئاوایی هەناسە
هاواری کرد: بژی وڵات بمرێ دوژمن
ئەی وڵاتی بەفر و زریان
تۆ ئەزانی هەرچی شەهیدی ڕێگاتە بۆتە گوڵ و
سەربەخۆییشت بە گوڵدان!

ناوزەنگ

١٩٨١

## نامە

بۆ هەر سێ پارچەکەی جگەرم کارزان و سازان و سۆما کە بە درێژایی شەوان وەکو سێ کۆتری سپی لە ئاسمانی خەوبینین و ئەندێشەمدا هێلانە دەکەن و دەمەوبەیانیش بەرەو شارە جوان و دەگیرکراوەکەی کەرکوك هەڵدەفڕنەوە

ناوزەنگ ١٩٨١

**بۆ کارزان**

کۆرپەکەم ئارامی گیانم
ئاخۆ ئێستاش هەر بەرخۆڵەکەی جارانی
یان گەورە بووی
ئەدی ئێستاش کە شەوان چاو ئەکەیتەوە



زەردەخەنەت لەسەر لێوە
یان لەگەڵ خەمدا ڕاهاتووی
تۆ ئەزانی کۆرپەی شیرین
چی منداڵی کوردستانە
هەمیشە چاو لە دەرگان و
بەو هیوایەن
باوکی پێشمەرگەی چەك لە شان
لە پڕێکدا پەیدا بێت و بسڕێتەوە
ڕۆژانی فرمێسك و گریان

: دایە باوکم کەی دێتەوە؟
بۆ کوێ ڕۆیی و چی بەسەرهات؟
: بنوو ڕۆڵە کە جەژن هات
باوکی تۆش ئەگەڕێتەوە و دیاری جوان جوانت بۆ دێنێ
قاسپەی کەوی سەر شاخان و بەفری لووتکەی شاخەکانت بۆ ئەهێنێ..

**بۆ سازان**

ئیمشەو گیانە سەرت بنێ بە سینگمەوە
وەك باڵدارێکی بچووکی هۆگری ناز
لە هێلانەی دڵەکەما
خەوی سەوز و سوور ببینە
منیش پەنجەم بە ئەسپایی
لەناو پرچە زەردەکەتدا
جێگیر ئەبێ و بە چاو لایلایەت بۆ ئەکەم
بەڵام ئەگەر لە ناکاودا دڵۆپێ فرمێسکی ماتەم
ڕژایە سەر ڕوومەتی تۆ
ڕانەچلەکێی زۆر لەسەرخۆ

چاوەکانت بکەرەوە و بە بزەی جوان
خوێنی شادەماری سۆزی باوکایەتیم بێنە زمان
چونکە ئەوە فرمێسك نییە و
تەقینەوە و سەرهەڵدانی کانیاوی بیروباوەڕە
مژدەی کۆچی بەرەوخۆر و
شاخ و دۆڵی بە خوێن تەڕە
نا گیانە نا
سبەی کە چاوت هەڵهێنا
نەکەی بگریت
باوکت ڕۆیی
چونکە کاروان ڕێگای هەورازی گرتووە
تۆش کیژۆڵەیەکی کوردی و
گریان بۆ کورد نەهاتووە

ناسکۆڵەکەم تەنیا تۆ نیت
کە گیرۆدەی نەخەوتن و
شەوانی قورس و پڕ ئەشکی چاوەڕوانیت
ئەمڕۆ سەدان منداڵی کورد
لە جیاتی لایلایەی دایك
خەم شمشاڵی بۆ لێ ئەدات
لە جیاتی بەزەیی باوك
دەمی چەقۆ ماچی ئەکات
مەگەر نازانی ڕۆڵە گیان
دەیان مەلۆتکەی بێ تاوان
باب لە کێوان
لە سوچی تەڕ و تاریکی ژێرزەمینا
چاویان هەڵهێنا بۆ ژیان



ئەی نابینی لە جیاتی دیاری و جەژنانە
هەموو ڕۆژێ بەشی ئێوەش
تۆقاندنە، ڕاونانە، کۆت و زیندانە
بەڵێ، گیانە نەکەی بگریت
سەروسیمای دڕندەکان
ڕوخساری خاڵداری پیسیان
شێوەی ڕەفتارت نەگریسیان
لەبیر نەکەی
تاکو سبەی
کە گەورە بووی بۆت دەرکەوێ
لەچی و بۆچی باوکت ڕۆیی
بۆ جێی هێشتی و
کەوتە شوێنی گوڵی هیوا و سەربەخۆیی

**بۆ سۆما**

کە جێم هێشتی تۆ لە مانگی یەکەمدا بووی
وەك خەونێکی هەڵبزڕکاو
شێوەت دێتەوە پێش چاوم
دەق لە وڵاتەکەم ئەچووی
تەنیا گریانت ئەزانی و
فێری پێکەنین نەبووبووی

ئێستا حیلکە و گڕوگاڵت پێکەوتووە
شەتڵە ڕێحانەی سەر لێوت
چرۆی خەندە و زەردەخەنەی دەرکردووە
بەڵام سیمای ئەم وڵاتە
هێشتا هەر خەمبار و ماتە

هێشتا ئاسمان و ئاسۆگەی
گیرۆدەی دوکەڵ و تەمە

ئەزانم ئێستا بتبینم ناتناسمەوە
تۆش هەرگیز نامناسیتەوە
چونکە خەلیفەکەی بەغدا جاڕی داوە
منالی کورد قەدەغەیە بڵێ: باوە
بەڵام سۆما لەم سەنگەرە بڵندەوە
هەتاوێکم لەبەرچاوە
هاکا هەڵبێ و
لە عێراقی خەم و مەرگ و ئاژاوەدا
لافاوی ڕووناکی هەسێ
بە دەزووی تیشکە زێڕین و زەردەکەیشی
سێدارەی گڕ
بۆ خەلیفە و دەست و پێوەندی هەڵبەستێ

ئەوسا منیش ئەگەڕێمەوە
چەشنی تەڵە نێرگزێکی لە ئاو براو
بە بارانی دیدەنیتان ئەگەشێمەوە
هەر لەوێشدا ئاهەنگێکی وا ساز ئەکەین
لەبیرچێتەوە ڕۆژانی
جیابوونەوە و شیوەن و شین
لەو ئاهەنگەدا سۆما گیان
من و تۆش یەکتر ئەناسین

١٩٨١



***

## دایە سووتام... باوە سووتام

هەر ئەوەندەی عەسکەر دەرکەوت
خەڵکی ناو گوند
وەك مێگەلێك گورگ لێیدا
ڕەوینەوە و
هەموو ڕوویان کردە ئەشکەوت

فەرماندەی سوپا جاڕی دا دەسرێژیان کەن
ئیتر وەکو ڕێژنەی باران
بەر تۆپ دران
چەند کەسێك بریندار بوون و
هەندێکی تر بە دیل گیران

کاتێ هاتنە ناو گوندەوە
گوند چۆڵ و هۆڵ
تەنانەت سەگ و پشیلەش ئەیان ناسین
بۆیە هەموو هەڵاتبوون
لە حەشمەتا
فەرماندەی هێز بڕیاری دا
چی خانووە بسسوتێنرێ
گوند لەناو دووکەڵی ڕەشدا بخنکێنرێ

منالێکی حەوت ساڵانی خەولێکەوتووی
لە دایك و باوك بەجێماو
بێ دەرەتان، سەرلێشێواو
کاتێ هەستی بە گڕ و کڵپەی ئاگر کرد
بەرەو دەرگا هەڵمەتی برد
بەڵام عەسکەرێکی خوێن تاڵ
خستییەوە ناو ئاگر بە پاڵ
چەشنی خڕنوکی هاوینان هەڵئەقرچا
دایە سووتام
باوە سووتام عەسکەر سووتام
بەڵام، بەڵام
قۆناخە تفەنگ و پۆستاڵ هاتنە وەڵام
پاش ئەوەی بوو بە خۆڵەمێش فەرماندەی هێز نامەیەکی بۆ بەغدا نارد
تیایدا نووسی:
ئەمڕۆ گوندێکی یاخیمان بە گڕ سپارد

١٩٨١ ناوزەنگ



## انت کردی بۆ دەرەوە

تاریك و ڕوونی بەیانێك
هێشتا لە خەو هەڵنەستابووین
هێشتا تەوقەی تیشکی زێڕین
نەئاڵابووە قژی خاوی گوندەکەمان
لە ناکاوا
گوێمان بە دەنگی فڕۆکە و
تۆپ و تفەنگ زرنگاوە
کاتێ هەستاین، بینیمان وا
چوار دەورەی گوند
بە عەسکەر و تانك و زرێپۆش گیراوە

وەك سەگی هار کۆڵان کۆڵان

ماڵە و ماڵ کەوتنە ڕەشەڕاو
لە ئەنجاما
کۆتیان خستە قۆڵی شەش لاو
بە نوکی قەمە و تێهەڵدان
بۆ دەرەوەی گوندیان هێنان
هەر لەوێشدا نەقیبێکی ڕەزاگران
بڕیاری دا:
هەموو گوللەباران کران

پیرەژنێك سیس و ڕەنگ زەرد
ڕوخسار خەمگینی دڵ پڕ دەرد
بە دەنگێکی خنکاوەوە هاتە زمان:
نەقیب ئامان
عەسکەر ئامان
پار دوو کوڕی ترم کوژران
(هەی داد و بێداد بۆ لای خوا
لە لای زاڵم بەزەیی کوا)

پیرەژنی دیل و داماو
بێدەستەڵات و بەستەزمان
هەردوو لەپی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان
خودایە گیان
هەمووی چەند ساڵێکە هاتن
گوندەکەیان تاڵان کردین
پاشان پیاوەکانیان بردین
دوو کوڕیان لە سێدارە دام
ئێستاش ئەوەتا ئەیبینی
مەیتی دوا پارچەی جگەرم
بووە میرات



خوایە ئاوڕێك بەرەوە
دەنگێك لە ئاسمانەوە هات:
انت کردی بۆ دەرەوە

١٩٨١
خڕەی ناوزەنگ

***

## پاشەڕۆژی دیناسۆر

ئەمە تاکە بەرهەمێکی بڵاوکراوەی منە بە ناوی خواستراوەوە لە هەموو ژیانی ئەدەبیمدا کە بە نازناوی (بەشیر موشیر)ەوە لە ژمارە (١)ی یەکی گۆڤاری خوێندکارانی کورد لە بەرلینی ڕۆژئاوای ئەوسا لە ساڵی ١٩٨٢دا بڵاوکراوەتەوە. شیعرەکە بایەخێکی هونەریی ئەوتۆی نییە، بەڵام وەکو پێشبینییەك بۆ پاشەڕۆژی سەددام حوسێن جێگای سەرنجە. ئەم شیعرەم بە هۆی برای بەڕێز کاك نەوزاد عەلی ئەحمەدەوە پێگەیشت کە دڵنیام ئەگەر ئەو نەبووایە دۆزینەوەی ئاسان نەبوو. ماڵی خۆی و ئەرشیفەکەی ئاوا بێت. ئەو گۆڤارە من و هاوڕێی خۆشەویستم خوالێخۆشبوو فریاد محێدین پێکەوە سەرپەرشتیمان دەکرد کە من تەنیا فریای ئەو ژمارەیە کەوتم و پاشان بۆ ناوچەی فرانکفۆرت نەقڵ کرام. دێتەوە یادم کاکە فریاد گۆڤارەکەی تایپ دەکرد و لێی پرسیم ئەدی بۆچی شیعرێکت نەنووسیوە وتم ئەوە هیچ گرفت نییە هەر لەوێدا ئەم چەند دێڕەم بە ناوی ڕەحمەتی بەشیر موشیرەوە نووسی.

سەلام محەمەد

تایبەتە بە دڕندەی ناسراوی عێراق سەددام حوسێن

لە وڵاتێکدا ئەگەر گەل
دەنگی بە پۆستاڵ و باروت نەخنکێنرێ
ئەگەر وشەی ڕاست و ئازاد
زمانی بە گڕ و تیزاب نەسووتێنرێ
هەرگیز لاتێکی هەرزەکار
بە تەنەکە و سەرە سیفۆنی سەر شانی
نابێت بە سەرۆکی کۆمار
• • • • • •
دوانزە ساڵە وەك گورگی هار
چڕنووکی تیژی لە پێستی وڵاتەکەم گیرکردووە و
سێ ژەمە خواردنی خوێنە
دوانزە ساڵە دیاری بۆ مناڵی هەتیو
تف و جوێنە
دوانزە ساڵە ڕق و تاوان
بۆ ماستی دڵی هەوێنە
• • • • • •
کۆتاییە
ئەمجارەیان پێش ئەوەی تەنەکەی تەرفیع
بکەیتە شان
پێش ئەوەی ویسامی تازەی دیجلە و فورات
بئاخنیتە قەد و باڵات
دادگای گەل چاوەڕێت ئەکات
• • • • •
ئەی هەژارانی گەلەکەم
ئەگەر بیخەینە دەنگەوە
بۆ چ کارێ ئەم هەرزەیە هەڵئەبژێرن؟
بەشێك وتیان: مردن... زیندان
بەشێکی تر وتیان: نەخێر
دڕندەیەك کە لە تیرەی مرۆڤ نەبێت
ئەیبەینە باخی ئاژەڵان

بەرلینی ڕۆژئاوا ١٩٨٢

## سێبەرەکانی کەرکوك

سەرنج: ئەم شیعرە لە مانگەشەوێکی حوزەیرانی ١٩٨١دا لە زینۆی سووری خڕەی ناوزەنگ نووسراوە. بە درێژایی شەو خەریکی نووسینەوەی بووم و بە جۆرێك لەگەڵ سروشتەکەی دەوروبەرمدا گونجابووم خۆمیش لە ناخەوە ببوومە پارچەیەك لەو سروشتە جوانە. شیعرەکە هەر لە ساڵی ١٩٨١دا لە نامیلکەیەکدا لە شاخ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام چەند ژمارەیەکی کەمی لێ چاپکرا بۆیە بە فراوانی نەکەوتە دەستی خوێنەران. پاش هەوڵێکی زۆر کە چەند ساڵێکی خایاند بە هۆی برایانی بەڕێز کاك سەباح ڕەنجدەر و کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد نامیلکەکەم دۆزییەوە و ئەمەیش یەکەمجارە دوای تێپەڕبوونی سیی و دوو ساڵ بەسەر نووسینیدا بەبێ هیچ دەستکارییەك وەکو خۆی بڵاوبکرێتەوە.

سەلام محەمەد

ئیمشەو بێداریم کێوێکە گورگ گەمارۆی داوە
جۆگەلەی شەوق و ئاوی تریفەی مانگی گەلاوێژ
تك تك ئەڕژێنە سەر شووشەی سپی بیرەوەریم و
هێجگار لەسەرخۆ
ژیلەمۆی تینووی برینەکانم باوەشێن ئەکەن
ڕۆحم وەك ڕەگی پیرەدارێکی تازەهەڵکەنراو
بۆتە هاوار و قرچە قرچەکەی
لەناو ئەشکەوتی تاریك و دوورا دەنگ ئەداتەوە
ئەو ئەستێرەیەی بە ئاسمانەوە بەرەو خوار ئەکشێ
لەگەڵ تارمایی هەوری لەرزۆکا
چاوشارکێ ئەکا و
ڕەشماڵی تیشکە سێبەردارەکەی
جار جار ئەبێتە گۆمی تریفە و
هەندێ جاریش وەك دایکێکی بە سۆز
بە پەنجەی نەرمی
سەروپەرچەمی
درەختی گوندە ڕاگوێزراوەکان ئەهێنێ و ئەبا
زۆر لە خوارەوە بناری تاریك
گوێی هەڵخستووە بۆ هاژەی چەم و ناڵەی ڕەشەبا و
زیقە و واق واقی تاق تاق کەرەی شەو
بێدەنگی دۆڵ و هەڵمی هەناسەی شاخی چاوەڕێ
وەك کلاوڕۆژنەی
ژێر لق و پۆپی دەمەوعەسرانی
ڕۆژانی ماچ و دڵداریی و ئەوین
لەسەر ئاوێنەی
سەرنجی مەنگ و بیرکردنەوەما



ئەدرەوشێتەوە
منیش هەست ئەکەم هەموو لووتکەیەك
شاپەریەکی بەسەرەوەیە و
لەسەر ئاوازی مەرگ و گیان کێشان
سەما ئەکات و
بەژنی زڕاڤی تۆم نیشان ئەدات
ئای چەندە جوانی
ئەی دەزگیرانی
تەمەنی وێڵ و شەوانی مەستیم
بیرت ئەکەم و نامەوێ هەرگیز بێمەوە بۆ لات
ئەم سەرە گێژەم هەڵئەگرم ئەڕۆم
ولاتە و ولات
ئەمڕۆ دڵەکەم بیابانێکە
تەنیا بە ئاوی کانیاوی کوێستان ئەبوژێتەوە
سبەینێ لەسەر شۆستە و شەقامی شارێکی دوورا
وەکو پاشایەك بێ یار و هاوڕێ
بێ خاك و ولات
سەر ئەنێمە سەر پەرداخی ئاڵ و
شیعری تەنیایی و لەدایکبوونی بۆ ئەخوێنمەوە
نیوەشەویش هات
ئەخزێمە نوێنی گەرم و تامەزرۆی
سۆزانیەکی دەربەدەرەوە
ئەو لەشی ماندووی دائەپۆشێت و خەو بە ڕۆژانی:
(خاوێنیی گیان، کاتی منداڵیی، سەردەمی کۆنی یەکەم دڵداری،
شەوی سووتانی پەردەی کچێنی و خواوە ئەبینێ)
منیش بە ئاستەم
گوڵە ماچێکی سەرخۆش و ڕێبوار

لە ناوچەوانی تۆمار ئەکەم و دەمەوبەیانی
کە هێشتا نوقمی خەوی شیرینە
بێ ماڵئاوایی دوور ئەکەومەوە
منی بێ یار و بێ هاوڕێ و وڵات
سەری خەواڵووم هەڵئەگرم ئەڕۆم وڵاتە و وڵات
ئەزانم هەرگیز خۆشەویستی تۆم بیر ناچێتەوە
بەڵام دڵنیام نایەمەوە لات

ئەی دەزگیرانی تەمەنی وێڵ و شەوانی مەستیم
چەندەی دوور بە دوور بۆت ئەتلێمەوە
ئەوەندە و زیاتر
لە نزیکەوە لێت بێزار ئەبم
سبەینێ کە خێڵ ئەگەڕێنەوە
سبەینێ کاتێ:
زەردەخەنەی شاخ،
فرمێسکی شار و دێهاتی خەمبار تێکەڵاو ئەبن
چی خونچەی سیس و زەردهەڵگەڕاوی
خۆشەویستانی لێك دابڕاوە، ئەگەشێنەوە
سبەینێ کۆچی خێڵ بەرەو خوارە
کۆچی دڵیشم ڕێگای ژوور ئەگرێت

ئەگەر بۆ دە ساڵ داگیرت کردم
ئەو پاشایە نیم ترس دایگرێ و
بەیداخی سپی بەرز کاتەوە
شۆڕەسواریش نیم
حیلەی ئەسپەکەم وەك هەوری بەهار



دەنگت ڕامالێ و
بە ڕم و شمشێر بێمە پێشەوە
من چەندەی ڕقم لێت ئەبێتەوە
ئەوەندە و زیاتر
ئەوینت ڕەگی
لەناو خوێناوی گیانما چەقیوە
وا تریفەی مانگ زەردەکاتەوە و
ڕوو لە ئاوا بوون
هاوار و هاژەی
پێدەشت و چیا و دۆڵی تاریکی
وڵاتی بەفر و خوێن و زریانی داوە بە شانا
منیش بێداریم کێوێکە گورگ گەمارۆی داوە
تك تك بارانی سەرنجەکانم
بە ناخی ئاسۆی شین هەڵگەڕاوا
شۆڕبوونەتەوە و
چاوی ئارامیان بڕیوەتە خۆر
کە پاش چەند ساتێ
لەنێوان سنگ و مەمکۆڵەی قوتی
دوو لووتکەی بەرزا
چاوی هەڵدێنێ و
تیشکی زێڕینی
لەسەر ڕوومەتی گەڵای چنار و
باڵای چەماوەی
پەڵەگەنمی ژێر شنەی گزنگ و

زەردە ماسی نێو ڕووباری سارد و
پیرە دارگوێزا ڕەنگەداتەوە
ئای چەندە جوانی
ئەی دەزگیرانی پەنا دیوار و
سێبەرەکانی شاری کەرکوکم
ئێستاش هەر تۆزێ چاو بنووقێنم
بۆنی هەناسەت
چەشنی بەرامەی خۆڵی پاش باران
ناخم پڕ ئەکات لە گوڵ و ئاگر
ئەبینم هەردوو باسکی نەرمی خانمێکی جوان
بە سەرە پەنجە بانگم ئەکەن و
بە چاویش باسی
کوڕە شوانێکم بۆ ئەگێڕنەوە
حەزی لە کچی ئاغا کردبوو
ئاغا کە زانی شاربەدەری کرد
جاڕی دا ئەگەر بگەڕێتەوە
هەر بە زیندوویی
بیکاتە خشتی دیوارێکی نوێ
کوڕە تا حەوت ساڵ لە هەرد و کێوا
هاوڕێی ئاسك و گورگ و پڵینگ بوو
لەو ماوەیەدا نەفرەتی عەشق ناوچەکەی داگرت
تنۆکێ باران نەهاتە خوارێ
ڕمڵ لێدەر و مەلا و پیاوچاکان
بە ئاغایان وت:



ئەگەر کوڕە شوان بگەڕێتەوە و
کچەی دڵخوازێ لێ مارە بکرێ
نەفرەتی ڕەشی ئاسمان لا ئەچێ
ئاغاش جاڕی دا کوڕە شوانەیان هێنایەوە دێ
کچەی دڵخوازیان لێ مارە کرد و
دەمەوئێوارە بەرەو ژووری بووك ڕێگای گرتە بەر
پاش حەو ساڵ دووری کە چاوی پێکەوت
دڵی داخورپا
تەزووی وەك چەقۆ دەمارەکانی بەیەکا هێنا
هەردوو باسکی بە دەرگاوە نا و
زۆر بە سۆزەوە حەیرانی ئەووت
تا لە پڕێکدا نووزەی لێ بڕا
کچە کە هەڵسا دەستی بگرێت و
بینووسێنێتە باوەشی گەرم و تامەزرۆیەوە
هەر لە ڕەگەوە قۆڵی هاتە دەر
تومەزا شوانە بە گڕ و کڵپەی عەشق سووتاوە
چاو ئەکەمەوە:
هێشتا تارمایی خانمی جوانم لێ ون نەبووە
هەردوو باسکی بۆم کردۆتەوە
بە سەرە پەنجە و سیمای پڕ تکا
بانگم ئەکات و
شێتانە دەم و لێوی ئەکرۆژێ
ئەی خانمی جوان
ئەی دەزگیرانی پەنا دیوار و

سێبەرەکانی شاری کەرکوکم
منی سووتاوی گڕی دڵداریی
دڵنیام ئەگەر بێمە باوەشی ئاگرینتەوە
لەسەر گەردن و لەنێوان هەردوو مەمکۆڵەی قنجا
ئەبمە خۆڵەمێش..
ئەمڕۆ دڵەکەم بیابانێکە
تەنیا بە ئاوی کانیاوی کوێستان ئەبوژێتەوە
سبەینێ کە خێڵ ئەگەڕێتەوە
ئەزانم منیش
ئەوەندە تاسەی دیدارت ئەبم
ڕەنگە چڕنووکی هەناسەی تاڵم
کێو لە بن بێنێ
بەڵام ئەڕۆم و نایەمەوە لات
سەری شەکەتم ئەدەمە کۆڵا وڵاتە و وڵات
من چەندەی ڕقم لێت ئەبێتەوە
ئەوەندە و زیاتر
ئەوینت ڕەگی لەناو خوێناوی گیانما چەقیوە.

زینۆی سوور / ناوزەنگ

١٩٨١

***



## موکری

دوێنێ ئەم وەختە هێشتا بۆ ماڵ نەگەڕابوومەوە
خەریکی باسکردنی بابەتێکی نەنووسراو بووم
دەربارەی تیشکە شینەکانی چاوی خەون و
تریفە خامۆشەکانی خەیاڵی مانگی
دوێنێ ئەم وەختە هێشتا پڕبووم
لە چاوەڕوانی و بۆنی وشە
ئەوەندە تینووم بوو
دەتگوت بیابانێکی بێسنوور هەناومی داگیرکردووە
بەڵام نا نا، ئاوی چی، ئاو نا
من کەی تینوویەتیم بە ئاو شکاوە؟

کەی گەرمەسێری عەشق بە دڵۆپەیەك تەڕ دەبێت؟
کەی خەیاڵ دەکەوێتە پێش خەونەوە؟
یان خەون دەتوانێ ماڵئاوایی لە خەیاڵ بکات؟
سەعات دوازدەیە، دەزانم هێشتا زووە
خۆ من شەوەهای شەو تا دەمەوبەیانی
چاوشارکێم لەگەڵ وشە بەژن زڕاڤەکاندا کردووە
بەڵام ئیمشەو زۆر سەیرە، تۆزێ لە جاران ماندووترم و
دەڵێی میوانێکی دوور دوور لە دەرگاکەم دەدات
کە دەیناسم و نایناسم
دڵم هەر لە خۆیەوە داخورپا
هەر لە خۆیەوە گڕی گرت و داگیرسا
دڵم واهێواش هێواش دەسووتێت
گوێم لە سووتانی دڵی خۆمە
ئاوازی قرچە قرچی خەرمانی وشەکانی
لە دەنگی هاتەوە با بێتەوەی شمشاڵەکەی قالە مەڕە دەچێت
دڵم وەك کڵپەی ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕی لێهاتووە
هەر دەسووتێت و دەسووتێت،
ئەمجارە هەرگیز خامۆش نابێتەوە

٠٦-٠٥-٢٠١٢
سوید

***



## لەدایکبوونەوە

مێشکم بەتاڵ ئەکەمەوە
بەتاڵ بەتاڵی ئەکەمەوە
لە هەموو ئینسانە بەتاڵەکان
لە هەموو جەنگ و ڕووداوە بەتاڵەکان
لە هەموو کتێبە بەتاڵەکان
لە هەموو فەلسەفە و شیعرە بەتاڵەکان
لە هەموو ئایین و نوێژە بەتاڵەکان
بەتاڵ بەتاڵی ئەکەمەوە
لە هەڵمژینی لێوی بەتاڵ
لە میزلدانی مەمکی بەتاڵ

له ماچی بەتاڵ
له خۆشەویستی بەتاڵ
له دۆستایەتی بەتاڵ
له فرمێسك و زەردەخەنەی بەتاڵ
له كچە كوولەكەی بەتاڵ
له سەری بەتاڵ
له ئەقڵی بەتاڵ
له تام و بۆنی بەتاڵ
له شووشە عەتری بەتاڵ
له هەزارەها بوتڵە ویسكی بەتاڵ

یەك بە یەك هەموو سەرخان و ژێرخانی
یەك بە یەك هەموو ئەندام و ئۆندام و ئیندامی
شانەكانی مێشكم
هەڵئەوەشێنمەوە
بەتاڵ بەتاڵیان ئەكەمەوە له ئەتڵەسی بەتاڵ
له دارستانی بەتاڵ
له خانووی بەتاڵ، ژووری بەتاڵ
له كورسی بەتاڵ
له پەرلەمانی بەتاڵ
له سیاسی و دیپلۆماسی و دیموكراسی بەتاڵ
ئای كه مێشكم دەمێكە دزراوە
لەشكری بۆشایی و تارمایی
پایتەختەكەیان داگیركردووە
پڕاوپڕیان كردووە له هەناسەی تاریكایی
بەتاڵ و حەتاڵ بۆتەوە
له ئاسوودەیی و ڕۆشنایی



ئەگەر له دوای ئەم بەتاڵبوونە پڕ ئەفسوونە نەمردم
له ڕەگوڕیشەوە
خەریتەی مۆخ و دەماغم ئەگۆڕم
خەریتەی كۆڵانەكانی ناوەوەم ئەگۆڕم
خەریتەی دڵم ئەگۆڕم
خەریتەی هەموو پەیوەندیەكانم ئەگۆڕم
خەریتەی هەموو بیركردنەوەم ئەگۆڕم
خەریتەی نووسین و خوێندنەوەم ئەگۆڕم
خەریتەی سەرتاسەری
خۆم و نیشتیمانەكەم ئەگۆڕم

سوید
١٩ / ٠٣ / ٢٠١١

***

## دیدار و دیدەنی

خودایە گیان
گەر شاعیرێك لەم مەنفایە
یەك جار چاوی بە دیدارت بکەوتایە
یەك جار بەر لە مردن، ڕۆحی
بە بینینت شادببوایە
ئەوسا ئیتر
لە کێوی تووریش خێراتر
دڵی گڕی بگرتایە... بسووتایە... هەڵقرچایە
هێشتا تەواو بەختەوەر و ئارام ئەبوو
چونکە ئەوە سووتان نییە و



ئاسوودەییەکی ڕەهایە
داگیرسانێکە سەرمەدیی
ڕۆشناییەکە ئەبەدی
خەونێکە خۆش
هەرگیز هەرگیز دوایی نایە!

سەرنج: لە ژمارە ٥٨ ی گۆڤاری هەناردا بڵاوکراوەتەوە

## غەریب دوورتر دەکەوێتەوە

غەریب لە کەناری دەریایەکدا دانیشتووە
لە چاونوقانێکدا، هەموو ڕابردووی دێتەوە پێش چاوی
هەر لە یەکەمین یارەوە
بۆ یەکەمین ماچ و هاوڕێ و نیشتمان و خودا
یەك یەك هەموو ژمارە یەکەکان
بە نیوە کراسێکی سوورەوە لە تەکیەوە دانیشتبوون
ماچ بۆنی خیانەتی لێدەهات
کۆمەڵ لێوانلێو لە درۆ
هاوڕێ بۆنی قازانج و بەرژەوەندی
نیشتمان بۆنی پارە

خوداش بۆنی مزگەوتی لێدەهات
کاتێ غەریب لە ئاوێنەی ئاوی دەریادا
تەماشای ڕوخساری خۆی دەکات
دوو دڵی دایدەگرێت: ئەوە... ئەو نییە؟
دەکەوێتە سەر پشت و لەودیو هەورە سپییەکانەوە
چاو بۆ خودایەك دەگێڕێت بۆنی مزگەوتی لێ نەیەت
بۆ کۆمەڵگەیەکی ئینسانی
بۆ هاوڕێیەکی هاوڕێ
بۆ ماچێك پڕ بێت لە لەززەت و چێژ و بۆنی خۆشەویستی
غەریب وردە وردە خۆی ڕووت دەکاتەوە
ئاوە ساردەکە تەزوویەکی خۆشی پێدەبەخشێت
غریب مەلەوانە
لەناو دەریادا مەلە دەکات
سواری بەلەمی شەپۆلی هاروهاج دەبێت
هێدی هێدی دوورتر دەکەوێتەوە
تا دەبێتە سەراب و وەك خۆری مەغریبیان ئاوا دەبێت
هەر دوورتر و دوورتر دەکەوێتەوە
لە ماچ و هاوڕێ و کۆمەڵ و خودا و نیشتمان و
هەموو ئەو ژمارە یەکانەی بوونە بە دوو

٣٠-٠٥-٢٠١٢
سوید - ڤێستەرۆس

***



## سەفەر

ئەمە خەونە یان وڕێنەیە نازانم
بەڵام دەزانم تازە بە تازە فریای هیچ ناکەوم
هیچ
هیچ
لەم هاوینەدا عەسرانێك
ئازار داگیری کردبووم
پێم وابوو ئیتر تەواو
هەموو شتێك تەواو
تا سنووری لێوارەکانی ئەودنیا ڕۆیشتووم
وتم هاتووم

له داخی بێدادی زەوی هەڵاتووم
هیچ تەماحێکم نییە هیچ هیچ
نە حۆریم لێتا دەوێ نە ئاوی کەوسەر
زۆر بەختەوەر دەبم ئەگەر
بمکەن بە شوان و بەرخەوانی مەڕەکانی بەهەشت
ئەوسا هەتا هەتایە وەك قالە مەڕە هەر شمشاڵیان بۆ دەژەنم
لەوێش شمشێرەکانی خودا
ڕاویان نام و بۆ سەر زەوی
سنووررداشیان کردمەوە
وتیان تا Rازی دڵی خۆت ئاشکرا نەکەی
بۆت نییە بمریت

٢٠١١ / ٠٧ / ٢٥

***



## له فەیسبووکەوە (فەیسبووکەشیعر)

جار جار له پەیجەکەی خۆمدا له فەیسبووك شتێکم نووسیوە شیعرە و شیعریش نییە، بەڵام دڵنیام له دونیا تایبەتیەکەی شیعرەوە هەڵقوڵاون و هاتوون. وا هەندێك چەپکە گوڵم لێ چنین کە هەست دەکەم بۆن و بەرامەیان ناخۆش نییە، زادەی ساتێکی تەنیایی و بیرکردنەوەی شاعیرانەن. کاتی نووسینیان جیاوازە بە گشتی دەکەونە نێوان ٢٠٠٩ تا ٢٠١٢ هەموویان پێکەوە لەم بەشەدا دەنووسمەوە:

### سوکرات

ئەمشەو سوکرات هاتە خەوم
ڕووخۆش و میهرەبان دەم و چاو نوورانی

وەك خۆمان زمانی شیرینی کوردیشی ئەزانی
بە نەرمی پێی وتم:
مژدەیەك بۆ خەڵکی سەر زەوی بەرەوە
ئەو دونیا بێجگە لە ئارامی و بێدەنگی ئەبەدی
هیچی دی لێ نییە ، هیچی دی.. هیچی دی.....

## یار

کەی لە زمانی چاوی یەك تێگەیشتین
کەی توانیمان بێدەنگی بخوێنینەوە
کەی تۆ زانیت من بیر لە چی ئەکەمەوە
کەی من زانیم مەلی بیرت لە کوێ باڵەفڕەیەتی
کەی تۆ توانیت بە بێ پرسیار
لە دەروونندا بقرتێنی ڕەگی ئازار
کەی من توانیم
بێ گرێ و گۆڵ بە ئاسانی
نیگیەرانیت بگۆڕم بۆ کامەرانی
گوڵم ئەوسا ڕازیم لە خۆم
کە تۆ خۆشەویستی منی و
منیش بە تەنها هەر بۆ تۆم

## ئەحمەدئاغا

لەم تاریکستانەی ڤایکینگستانەوە
کە هەموو شتێك سارد سارد و سڕە
هەموو شتێك نوقمی بەفرە و ڕەنگی بەفری لێنیشتووە و
بۆنی بەفری لێدێت
هەموو شتێك ڕووت و قووت بۆتەوە بێجگە لە ئینسان



لە دڵەوە بیری هەڵم و هاڵاوی
شێلمی کوڵاوی
سەر عارەبانەیەکی بچکۆلانە دەکەم
کاتێ زستانان دەچوومە بازاڕی ئەحمەد ئاغا
بە بۆنی مەست دەبووم
خاوەنەکەی مردووە و
ناویم لەبیر نەماوە

## پاییز

ئەی کوردستان
ئەی نیشتمانی پاییز، کەی بەهار دێتەوە؟

یەکێك لە شیعرە نەنووسراوەکانم
شاخێکە لە گەڵای وەریو
بشێ ڕۆژێك بتوانم سەوزاییان بخەمەوە بەر؟

گەڵا وەریوەکانی پاییز لە ژمارە نایەن
هەروەها خەمەکانی منیش

## دارهەنار

ساڵەهایەکە شۆڕەژنێکم خۆشدەوێ
هەرگیز بە چاو نەمدیوە تەنیا بە دڵ دەیناسم
ساڵەهایەکە هەمیشە
ماچی مزری بۆ کۆدەکەمەوە
تا ئەم ئێوارەیە لە ئاوێنەدا تەماشای خۆم کرد
بینیم بوومەتە دار هەنار

### سیاسی

ئەگەر شەوێك بە داڵغەی تۆوە نەخەوم
لە بوونی خۆم بە گومانم
ئاخر گیانە چۆن بتوانم
لە دەرەوەی سنووری دڵما بسرەوم
تۆ ناپرسی:
ئەگەر دڵم بدۆڕێنم ئەبم بە چی؟
ئەترسم گوڵم ئەترسم ئەوسا ببم بە سیاسی!

### چرکەیەك

ئەم چەند دێڕەم لە ڕۆژی ٢٠١٢-٠٥-٠٤دا نووسیوە، پاش ئەوەی کە سەیارەم لێدەخوڕی و ڕووبەڕووی کارەساتێکی زۆر مەترسیدار بوومەوە، چونکە ئەجەل نەهاتبوو ئێستایش نازانم چۆن لەو چرکە سەرسووڕێنەرەی مردنە ڕزگارم بوو. بۆ ئێوارەکەی لە فەیسبووکەکەمدا ئەم چەند دێڕەم نووسیوە

### چرکەیەك

ئەمڕۆ بە ڕێکەوت مەودای نێوان من و مردن
لە چرکەیەکیش کەمتر بوو
تەنها چرکەیەك
لەنێوان خەوتنی ئەبەدی و
ئەم بێداریە سەرگەرم و قەرەباڵغەی
بە ژیان ناودەبرێت
تەنها چرکەیەك
یەك چرکە و ڕەنگە کەمتریش
تۆزێ حەپەسام
برووسکە ئاسا ژیان و مردن هەردووکیان
لەو چرکەیەدا ڕێبوارانە
بە بەر چاومدا تێپەڕین
بە ڕێگای ئاسایی خۆمدا بۆ ماڵ گەڕامەوە



نیوەڕۆژەی ئاسایی خۆم کرد
زۆر بە ئاساییش وەك هەموو ئێوارەیەکی تر
کۆمپیوتەرەکەم کردەوە و
بەربوومە خوێندنەوە و
تەماشاکردنی وێنە جۆربەجۆرەکانی ژیان
ئەڵێی هەر هیچ ڕووینەداوە
هیچ هیچ
چرکەیەك بوو وەك هەموو چرکەکانی تر

### سەردەمانێ

سەردەمانێ
ئای بۆ تاسە و خرۆشانی خۆشەویستی و داگیرسانێ
پێش خۆم دڵم
لەگەڵ گوڵە ئەرخەوانێ
ئەگەیشتە جێ ژوانێ
(لە دەستم چوو بەخوا هەرگیز نایەتەوە)
ئەو زەمانێ
دەم بنێمە نێو دەمانێ
ڕاموسم مەمکی جوانێ
ئای لێ لێ لێ لێ حەیرانێ
بۆ دڵە خورپەی جارانێ

### خۆشەویستی

بە دوو شێوە خۆشەویستی کۆتایی دێ
ئان ئەوەتانی خۆی ئەمرێ
یان ئەکوژرێ
ئەگەر کوژرا تاکو ئەزەل

زینووبوونەوەی مەحاڵە
بەڵام ئەگەر
کەوتە ناو کڵپەی ئاگری قەزا و قەدەر
ئەوە هەرگیز ناسووتێت و ژەنگ نایگرێ
پاش مردنیش ڕۆحی ئەکەوێتەوە بەر

## ئەو

کاتێ لە تەنیاییدا نوقمی تاریکی و بێتاقەتی دەبم
بیر لە تریفەی ڕوخساری ئەو دەکەمەوە
بە بۆنی تریفە مەست دەبم مەست مەست
لەناو شەپۆلی
بریقەی مانگی سپیدا هێواش هێواش
وەك گڵۆپی ئیکۆنۆمی
دادەگیرسێم و تا دێ
شەوقم زیاتر و زۆرتر دەبێ
ڕووناکی دەگاتە سووچە هەرە تاریکەکانی دڵم
ئای کە دڵم
چ بیابانێکی مەهجوورە بێ ئەو

## سێ چیرۆکی شاعیر و چیرۆکنووس سەلام محەمەد
## کورتەچیرۆك

### ڕەشەڕاو

**١**

هەموو بەیانییەك لەگەڵ جریوەی پاساری و قیڕەی قاز و قاسپەی کەودا بێدار دەبیتەوە، ماڵئاواییەکی دیکە دەبەخشیتە خەونەکانی شەوگار، لە درزی پەنجەرەکەوە تیشکی ڕۆژ دەبینیت. وەك هەزاران ساڵی لەوەبەر گۆرانیی (یاڵڵا درەنگە) بۆ شینایی ئاسمان و هاواری مرۆڤ دەڵێیتەوە، زریکەی دەنگە ناسکەکەی فەیروز گوڵە زەمبەقە و شکۆفە و لاولاوت دەخاتەوە یاد. تۆزێ بیر دەکەیتەوە، لەنێوان خەوی شیرینی بەیانیان و تیشکە پڕتەقاڵییەکەی خۆرەتاوا تاسەیەکی دووکەڵاوی دەکەوێتە دڵتەوە. تابلۆی بەندەکانی ڤان کوخ دەبێتە سەوزێکی کاڵ و وردە وردە خوێن لە لەشتدا دەجووڵێتەوە. جێگاکەت بەجێ دێڵی. سەرینەکەت هەروەکو



داربەڕوویەکی پیر دانە دانە گەڵا ژاکاوەکانی هەڵدەوەرێن و خوداحافیزی لە نهێنییەکانی نیوەشەو دەکەن. ترپەی هەنگاوەکانت سیمفۆنیایەکی خەیاڵاوی لەسەر زەمیندا دەخولقێنن. بەئاوێکی سارد و تەزیو دەموچاوت دەشۆی. لەگەڵ یەکەم شڵپدا هەناسەت دەیبەستێ و ئۆخەیەکی خنکاو لەمەڵاشووتدا دێتە دەرەوە.

- ئارەزووی گریان دەکەم.
- بۆ ئارەزووی گریان دەکەی مام فۆتێس؟
- نازانم
- ئەی بۆ ناگریت.
- نازانم، دەترسم دڵۆپەی فرمێسکم ببێتە لافاو.

دەمێکە شەیدای گریانیت. کاتێ لەشکری سۆز کۆشك و تەلارەکانی ناوەوەت ئابڵووقە دەدات پێ لە جەرگی خۆت دەنێی و دێیتە دەرەوە. بزەیەکی سووتاو لێوەکانت دەشارێتەوە، وەك هەر مرۆڤێکی دڵسۆز ئیش و کاری ئەو ڕۆژەت تەواو دەکەی. تۆ بووی دەتگوت: مرۆڤ هەر کارێکی پێ سپێردرا، یان نابێت بیکات، یان کە کردی نابێت بکەوێتە ژێر زەبری دوودڵیی و گومانەوە.

هەتا وردتر ببیتەوە، زیاتر هەست بە سەرسوڕمان دەکەیت و قووڵتر مرۆڤت خۆش دەوێ. تۆ باوەڕت بە خۆشەویستییە و بەس، دڵنیای کە خۆشەویستی هێز دروست دەکات، بەڵام هێز هەرچەندە سەخت و توند و تیژیش بێت ناتوانێت خۆشەویستی بخاتە تاقە دڵێکەوە.

جاران چراکەی دیۆجینیۆست بەدەستەوە بوو. بەنوێژی نیوەڕۆ بۆ مرۆڤ دەگەڕای. وەك هەر هەژارێکی برسی لە کوچە و شەقام و باخچەکاندا دەنووستی. دڵدارەکەت بەم حاڵەتە ڕازی نەبوو. ڕەشەبای تەنیایی سەمای پێت دەکرد. بچووکترین ڕووداو دەیهەژاندی و دەبوویتە فیشەکەشێتە. پەنات بۆ مەی دەبرد، ئەوەندەت دەخواردەوە هەتا لەناو ڕشانەوەی خۆتدا دەخنکای. ئەوینێکی پاك و بێگەرد لە دەروونتدا دەخولایەوە. بەرەو کۆمەڵ گەڕایتەوە و بۆت دەرکەوت. کەمرۆڤ لە مەی گەورەترە، چونکە مەی پارچەیەکە لە دروستکراوەکانی.

- ئارەزووی گریان دەکەم.
- بۆ ئارەزووی گریان دەکەی مام فۆتێس؟
- نازانم.
- ئەی بۆ ناگریت؟

- نازانم، دەترسم بە ئاگری فرمێسك بسووتێم.

هەمیشە لە گۆڕاندا بووی. تەقینەوەی ئاهەکانت ڕووبەڕووی حەقیقەتی کردبییەوە. نانەکەی دەستت دەکەیتە دوو لەتەوە، نیوەی دەخۆیت.ئەو نیوەکەی دیکەی دەبەخشیتە برسییەکەی دیکە. فەرامۆشییەکی گەرم دەمارەکانت دادەگرێت. ماچەکانت باڵەفڕەیان پێدەکەوێت. وەکو هەڵم بەسەر دەریای وردە سەرنج و بیرکردنەوەدا دەکشێیت. بەرز بەرز دەچیتە ئاسمان و دەبیتە باران.

٢

پەڵەهەورێکی سپی بەئاسمانەوە باوەشت بۆ دەگرێتەوە. خۆت ڕادەوەشێنی. دەزانم باوەڕی تەواوت بە جوگرافییەکان نییە. باشتر لە جوگرافییەکان ئەڕوانیتە هەوا و ئاو و شاخ و هێڵی ئیستیوا. دەخزێیتە گوڵبێنەی خەونەکانی ئەفلاتوونەوە. بە دوو شێوە خەڵکی دەبینیت، بەشێکیان لەسەر شانۆ سەما دەکەن و بەشەکەی دیکە چەپڵەیان بۆ لێ دەدەن. لەم نێوانەشدا کۆمەڵێ زرتەبۆزی قەبەی بێ توانای زمان درێژی هەڵەوەڕ کاتی خۆیان بە باسکردنی (ئەم و ئەو)ەوە بەسەر دەبەن، چونکە نەدەتوانن سەما بکەن نە زاتی چەپڵە لێدانیان هەیە. زیاتر لەو قەلە دەچن کە دەیویست لەڕۆیشتندا لاسایی کۆترێك بکاتەوە، کەچی جگە لەوەی نەیتوانی فێری ڕۆیشتنی کۆترەکە بێت ئەوەی خۆشی لەبیر چووەوە.

- تەماشا دەکەم و پێدەکەنم.
- بەچی پێدەکەنی مام فۆتێش؟
- بە هەردووکیان، سەماکەر و چەپڵە لێدەر.
- ئەی ئەگەر ئەوەندە پێکەنیت هەتا بەپشتدا کەوتیت؟
- دامایت و وتت: پراڤۆ.. گۆڵ.

٣

دەچیتەوە ماڵ، دایکت چاوەڕێتە. پێش ئەوەی خۆت بگۆڕی هێزێکی نادیار دەتباتەوە سەر دەفتەرێکی بچووك کە ناوت ناوەم (دەفتەری یادنامە) ڕۆژێ لە ڕۆژان نووسیوتە: تاقە جیاوازییەك لەنێوان مرۆڤی نیاندەرتاڵ و مرۆڤی ئەم سەردەمەدا ئەوەیە، کە یەکەمیان جلی



دەرەوە و ماڵەوەی یەك بوو، بەڵام ئەوەی دووەم لەدەرەوە چاکەت و پانتۆڵ لەبەر دەکات و لە ماڵەوەش کراس و بیجامە، تۆزێ بیر دەکەیتەوە:

- وا نییە. نەخێر، وانییە.
- چۆن وا نییە مام فۆتێس؟
- مرۆڤی نیاندەرتاڵ هۆشمەند نەبوو.
- بەڵام خۆ هەستی بە خۆشەویستی دەکرد.
- هەرکاتێ خۆشەویستی هۆشمەندانە نەبێت بەپێی بارودۆخی زەمانە دەگۆڕێ و هەندێ جار ئەگەر نەبێتە خۆویستی ئەوە بەپێچەوانەی واتاکەی خۆی دەکەوێتەوە.

کراس و بیجامەکەت دەکەیتە بەر، تاوێك ڕادەکشێیت. بەبێ ئەوەی مەبەستت بێ ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە هەر لە (سەلاموعەلەیکەوە) هەتا (خوداحافیز)ی وەکو شریتێکی سینەمایی دێنەوە پێش چاوت. بەردەبیتە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن. بە ڕواڵەت نادۆڕیی. هەندێجار کردەوەی (بچووك) یان (نارێك) هەرچەندە لە مرۆڤێکی گەورەشەوە دەرچووبێت دڵگرانت دەکات. ئەمەشیان ڕەشەڕاوە و پێویستە خۆتی لێ قوتار بکەیت. ئامۆژگاریت ناکەم، بەڵام خۆ ئەمڕۆ لەڕێگای گەڕانەوەتدا بۆ ماڵ و لەکۆڵانە تەسك و درێژەکەی خۆتاندا

لەناکاو بەردێك دایە تەوقی سەرتدا و زامداری کردیت. لات وابوو خولەیە و بەئەنقەست ئازارت دەدات / ڕاستە، خولە زۆر ئازاری تۆ و خەڵکی دیکەیشی داوە، بەڵام بەستەزمانە ئەوکاتە هەر لەوێ نەبوو. ئەوەی بەردەکەی هاویشت منداڵێکی چوار پێنج ساڵان بوو. تۆ خۆت خراپ تێگەیشتیت و تیر جنێوی خولەت کرد، ناڵێم ڕەشەڕاوە و هیچی تر. وا بەئاسانی خۆت نادەیتە دەستەوە، دەڵێیت:

- ئاخر وا نییە.
- بۆ وا نییە مام فۆتێس؟
- ئەم خەڵکە هەر ئەوەندە دەزانن ژن بخوازن و شەوانی سەوز و سوور ڕابوێرن. دواییش وەکو کارگە منداڵ دروست دەکەن، ئەی نابێت بیرێك لە پەروەردەکردنی بکەنەوە و ئامۆژگاری بکەن کە بەرد نەهاوێژێ، دارلاستیك نەگرێتە دەستەوە، چەقۆ بەکار نەهێنێت.
- کەواتە مام فۆتێس زەلامیش هەیە، هەرچەندە لێوەشاوە و هەستەوەر و زیرەك بێت هێشتا پێویستی بە ئامۆژگاریکردن هەیە، ئەوەی چوار چاو دەبینێت لە توانای دوو چاودا نییە.

- داماویت و وتت: پراڤۆ.. ئەمەشیان گۆڵ.

لۆچە چرچەکانی ناوچەوانت خاوبوونەوە. ئەو ئێوارەیە پڵاوی برنج و گۆشتی بەرختان هەبوو. وتت: دایە سینییەك بڕازێنەوە و بۆ منداڵە هەتیوەکانی پوورە مەنیجی بەرە، ئەوانیش حەز لە گۆشت و برنج دەکەن.

برسێتی ڕەوییەوە، نەرمەبای شەو وەك ملیۆنەها ساڵی لەوەوبەر لك و پۆپی درەختەکانی دەلەراندەوە، خامۆشییەکی ناسك کۆڵانەکەتانی داگرتبوو. لەسەر هەمان شێوەی شەوانی لەوەپێش چوویتە ناو جێگاوە. خەوت لێ نەکەوت. شیعرێك ئابڵووقەی دابوویت. چراکەت داگیرساندەوە. پەپوولەکان لە دوورەوە بەرەو ڕۆشنایی چراکە دەهاتن و تۆش نووسیت: من مرۆڤم خۆش دەوێ.

١٩٧٦ کەرکوك

ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری بەیاندا بڵاوکراوەتەوە.

سەرنج: فۆتێس (القدیس فوتیس) یەکێکە لە کاراکتەرە سەرەکیەکانی ڕۆمانی (دووبارە مەسیح لە خاچ دەدرێتەوە)ی نیکۆس کازانتزاکیس.



# کورتەچیرۆك

## گریێ کوێرەی مەرگ

هەرچەندە شێرکۆ نە چیرۆکنووس بوو، نەشاعیر، نە هونەرمەند، بەڵام ئەگەر مەبەستی بووایە لە ماوەیەکی کورتا ناوی دەکەوتە ڕیزی پێشەوەی چیرۆکنووسان و شاعیران و هونەرمەندانی گەلەکەی. دەیتوانی ببێتە دەوڵەمەندێکی خاوەن پلە و پایەی دیار لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا. یان فەرمانبەرێکی دەسەڵاتدار لە جێگە و شوێنی خۆیدا. یان هیچ نەبێت زەلامێکی ئاسایی وەك ملیۆنەها خەڵکی دیکەی خاوەن ژن و منداڵ و ئەرك و فرمان.

چەند جارێك دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی باڵای لە ڕۆژئاوادا بۆ هەڵکەوت و زۆر بەساردیەوە دەیگوت: "گریمان بڕوانامەی دکتۆرایشم وەرگرت، ئاخۆ چی لە کێشەکە دەگۆڕێت!"

ئەگەر چی شێرکۆ دەرد و ئازاری نەبوونی و کوێرەوەری و برسێتی و دەربەدەری زۆر چەشتبوو، بەڵام لەو بابەتە بوو هەزار دیناری بە چەند سەعاتێك تەفروتونا دەکرد. هەر ئەوەندەی پارە بکەوتایە گیرفانی ئیتر لەوەدەچوو ژێر پێستەکەی شارە مێروولەی تێ زابێت. هەرچی توانایەکی هەبوو دەیخستەکار بۆ قەڵاچۆکردنی.

گەورەترین هەڵە لە ژیانیدا "بەلای خۆیەوە" ئەوە بوو کە ژنی هێنا و چارەنووسی ئافرەتێك و چەند منداڵی بەخۆیەوە بەستەوە، نەك لەبەر ئەوەی کە بەرگەی لێپرسینەوە و ئەرك و بەڕێوەبردنی خێزانی نەدەگرت، بەڵکو هەستی بەوە دەکرد ئەو شاخە ئاسنینەی کەوتۆتە سەر پشتی بەشێك لە قورساییەکەی ئەندامانی خێزانەکەیشی دەگرێتەوە.

ئەو جیهانەی سەردەمێك شێرکۆ خەونی پێوە دەبینی بریتی بوو لە جیهانێکی بۆرژوایانەی خەیاڵاوی "کچی جوان و سەروەتێکی مامناوەندی و خواردنەوە و مۆسیقای ناسك و کتێبی جۆر بەجۆر و کونجێکی دوور لە غەڵبەغەڵب و فێربوونی زمانی ئینگلیزی، پاشان دەربڕینی بیرەکانی بەو زمانە، چونکە وا چووبووە مێشکییەوە کە زمانەکەی خۆی بەربڵاو نییە و هەژارە، ئەمیش ئەوپەڕی دەگاتە ئاستی "گۆران" یا "نالی"، دوور نییە هەرگیز نەگاتە نیوەی ئەوانیش، بەڵام بەدەگمەن لەدەرەوەی سنووری خۆمان بێگانەیەك ئەبینی بڵێ من گۆران کاری تێکردووم یا نالی، تاك و ترۆك نەبێت ئەویش لە بواری پسپۆرایەتی خۆیاندا.

ئەم خەونەی تا ڕادەیەك جێ بەجێ بوو کاتێ بۆ خوێندن چووە دەرەوەی وڵات، بەڵام دوو ساڵ بەرگەی نەگرت و گەڕایەوە، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دڵداریی یا سێکسی لەگەڵ ئافرەتدا نەبەست، چونکە باوەڕی بەوە هەبوو ئەگەر خۆی لەگەڵ ئافرەتێکدا چی بکات دەبێ ڕێگای ژنەکەیشی بدات بەهەمان شێوە ڕەفتار بکات. ئەم زیاتر لەوەی خۆی بە یاسای سەر کاغەزەوە ببەستێتەوە هۆگری یاسای ناوەوەی ویژدانی خۆی بوو "کاکە کچی جوانی چی و خواردنەوەی چی و فێربوونی زمانی چی! باوەڕتان بێت ئەمانە هیچ لە کێشە گەورەکە ناگۆڕن"

بەلای شێرکۆوە بەختەوەری لەوەدا نییە کە ناوبانگت سەرانسەری جیهان بگرێتەوە، بەڵکو لەوەدایە خۆت بدۆزیتەوە و بە متمانە و باوەڕی قووڵەوە هەنگاو بنێی. سەیر ئەوەیە بەلای ئەمەوە زۆربەی ئەوانەی وا تێگەیشتوون خۆیان دۆزیوەتەوە زۆر لە ونبووە ڕاستەقینەکان ونترن.

شێرکۆ لەزۆر بواردا خۆی تاقی کردەوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە هیچ کامێکیان نەبووە. نەك لەبەر ئەوەی دوودڵ و ڕارایە، بەڵکو هەموو ئەو بوارانە پڕ بە پێست و دەقا و دەقی بیرکردنەوەی نەبوون. سەروەختێ زۆری نەمابوو شێت ببێت یا بە کارەساتێکی ناهەموار



لەناو چێت. بەمەستی و لەژێر باران و سەرمادا لەدەرەوە دەمایەوە تا جارێکیان بڕیاری دا ئەویش ڕووبکاتە خوا و بەربووە نوێژکردن و لەپڕێکدا خراپتر لە جاران بەڕووی خۆیدا تەقییەوە و دەیگوت: ئەو بارە دەروونیەی تێی کەوتووم چارەسەری نییە و تازە کار لە کار ترازاوە. لەو دەریا فراوانەی بە ژیان ناودەبرێت تەختەداریکی بچکۆلانەی شك نەدەبرد خۆی پێوە بگرێت. بەناچاری بەردەوام لەگەڵ شەپۆلەکاندا کەوتبووە زۆرانبازییەکی نائومێدانە.

ڕۆژێك شێرکۆ بەو بیانووەی کە ویستوویەتی"خۆی بکوژێت" تاوانبار کرا. پاش لێکۆڵینەوە و کێشە و بەرەیەکی دوور و درێژ دادگا گەیشتە ئەنجامێك کە شێرکۆ پیاوێکی لێهاتووی زیرەکە و گشت بنەمایەکی مرۆڤی هاوچەرخ و سەرکەوتووی تیایە، بەڵام بەتەواوەتی ئەقڵ بەکار ناهێنێ و بەئەنقەست بەربەرەکانێی ئەقڵی خۆی دەکات. بەو بەڵگەیەی لە تاریکەشەوی ئەم گەردوونە بێ کۆتاییەدا ئەقڵ بڕ ناکات. خرایە ژێر چاودێری لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا بۆ لێکۆڵینەوەی هۆیە سەرەکیەکانی بەربەرەکانێکردنی ئەقڵی شێرکۆ لەلایەن خۆیەوە کە سەرەڕای ئەوەی دیاردەیەکی تازەیە هەروەها ترسناکیشە.

لیژنەکە پاش چەند ڕۆژێك ئەم خاڵانەی خستە بەردەست ئەندامانی دادگا:

یەکەم:

پێش ئەوەی کە شێرکۆ بگاتە تەمەنی حەوت ساڵان، مردن کارێکی زۆر گەورەی تێکردووە. لەو بارەیەوە ئەوەندە پرسیاری ئاراستەی باوك و مامۆستاکانی کردووە هەموویانی وەڕس کردبوو بەبێ ئەوەی وەڵامێکی لەباری بدەنەوە. بۆیە هەر لەو کاتەوە تووشی نەخۆشی "گرێ کوێرەی مەرگ" هات، وەك ئاشکراشە کە مەرگ لە دەرەوەی مەودای هۆش و ئەقڵدایە و بەبێ ئەوەی شێرکۆ مەبەستی بێت ئەم گرێیە لە مێشکیدا ڕەگی داکوتاوە و کارێکی وای کردووە توانا و بەهرەی لە بۆشاییدا بخولێتەوە و وردە وردە بەرەو دەبەنگی و گێلی بەرێت.

دووەم:

حاڵەتی بەدمەستی بەردەوام و درێژخایەنی شێرکۆ بەبێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان "کات و شوێن" کاری تێ بکەن، بێ هوودەیی و بەرەڵڵایی نییە وەك چۆن هیچ واتایەکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتیشی نییە. ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی شێوان و ئاژاوەی ناوەوەی مێشکیەتی، ئەو مێشکەی هەندێ جار وەك وێستگەی شەمەندەفەری لێ دێت و هەندێجارێش دەبێتە مەیدانی مەشقکردنی ڕمبازێ و تۆپ و چەکی نەوەوی. لەو جۆرە ساتانەدا تۆزقاڵێ کەحوول ڕووی تێ کات وەك ئەوەیە دەنکە شقارتەیەك فڕێدەیتە ناو خەرمانێکەوە بەنزینی بەسەردا کرابێت.

سێیەم:

سەبارەت بەوەی کە شێرکۆ لە کۆمەڵێکی دواکەوتوودا پەروەردە بووە و ئەمیش هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی کتێب خوێندنەوەی هەبووە و باوکی خوێندنەوەی هەموو جۆرە کتێبێکی لێ قەدەغە کردووە بۆ ئەوەی لە دەرسەکانی دوا نەکەوێ، ناچار بووە هەرچییەکی هاتۆتە بەردەست، چاك و خراپ، بە دزی باوکییەوە هەمووی خوێندۆتەوە، وەك ئەشزانین پاش خوێندنەوە شێرکۆ ئەقڵی بەکار نەهێناوە و بیر و ڕووداوی ناو کتێبەکانی شینەکردۆتەوە و هەڵی نەسەنگاندوون و پلان و پرۆگرامێکی تایبەتی لە خوێندنەوەدا نەبووە. هیچ هاوڕێ و مامۆستایەکی واش نەبووە لەو تەمەنەدا دەستی بگرێت لە ئەنجامدا هەموو بیرە بەگژاچووەکانی ناوەوەی بوونەتە دومەڵێك و بە مێشکییەوە نووساون و تێکڕای بیروباوەڕە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی کەم زۆر بە ناتەواو هاتۆتە پێش چاو و ڕۆژێك لە یادداشتەکانیدا نووسیویەتی:

"هەرچی بیر هەیە، هەر لە کۆنەوە تا ئێستا، بەرامبەر بە وشەی مردن لە زریان لێنیشتووە". سەر وەختێکیش وتەکەی "بارابۆس"ی لەناو چوارچێوەیەکدا لە ژوورەکەیدا هەڵواسیبوو "مردن.. گەورەترین بیرە".

جیاوازی ئەم لەگەڵ بارابۆسدا ئەوەیە کە بارابۆس هونەرمەندانە سەمای بۆ مەرگ دەکرد، بەڵام سەماکەی ئەم زیاتر لەوەی کە هونەرمەندانە بێت دەروێشانەیە، چونکە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کە شێرکۆ سەردەمێکی منداڵی لەناو شێخەکانی "هەشەزینی"دا بەسەر بردووە و هەر لەو کاتەشەوە بیری لە زیکر و حاڵ گرتنی دەروێشەکان کردۆتەوە و چەند جارێکیش لە کۆڕی زیکردا بەشداری کردووە.

تێبینی: تا ئێستا لەم بارەیەوە هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێناوە.

چوارەم:

تاقیکردنەوە زۆر و ڕاستەوخۆکانی شێرکۆ کەوتوونەتە پێش تەمەنییەوە، بەر لەوەی کە تەمەنی بگاتە بیست ساڵان هەندێ ڕاستیی بۆ ڕوون بۆتەوە زۆربەی ئەوانەی دەوروبەری لە تەمەنی پەنجا ساڵیشدا نەگەیشتوونەتە ئەو ڕاستی یانە بۆیە باوەڕێکی ئەوتۆی بە دۆستایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نەبوو. زۆربەی هەرە زۆری پەیوەندی یە کۆمەڵایەتییەکانی بەشتێکی سەرەڕۆیی و ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی خەڵکەوە بەستۆتەوە، ئەوساش و ئێستاش دەوروبەری



شێرکۆ پڕ بوو لەلاف و گەزاف و خۆهەڵکێشان و درۆ و دەلەسە و فڕوفێڵ و دووڕوویی و ساختەچێتی و خۆپەرستی ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر پاڵی پێوە ناوە گۆشەگیر بێت، کاتێ سەرنج دەدات دەوروبەری هەتا زیاتر بچنە ناو ساڵەوە قووڵتر حەز بە ستایش و پیاهەڵدان دەکەن. چەندەی بیریشیان لێ دەکاتەوە نەیبینیوە بلیمەتێکیان تیادا هەڵکەوێ تۆسقاڵێکی خستبێتە سەر کەلەپووری مرۆڤایەتی لە زانست و بوارەکانی دیکەی ژیاندا،

پێنجەم:

وەك وتمان کە شێرکۆ زیرەکە، بەڵام دوژمنی ئەقڵی خۆیەتی ئەمەش کارێکی وای کردووە ئەم بەسزمانە بێبەش بێت لە هەندێ خووی گرنگ، هەرگیز هەست بە سەرسوڕمان ناکات و هیچ شتێك بەلای ئەوەوە سەیر و "کوت و پڕ" نییە، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان بۆتان هەیە تاقی بکەنەوە و هەفتەیەك بیکەن بەپاشا و ئینجا بیخەنە زیندانەوە، ئەبینن لە هەردوو بارەکەدا هەر خۆیەتی و پێکەنینە دروستکراوەکەی سەر لێوی و ڕوانینی پڕ پرسیاری چاوە کزەکانی وەك خۆیان ماونەتەوە.

لەم ڕووەوە لە زەلامێك دەچێت، فلیمی ژیانی خۆی هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە تا ساتی مردن و هەڵوێستی دەوروپشت دەربارەی مردنی چەند جارێك بینیبێت. بۆیە تەنانەت هەندێ ڕووداو هەن کە جیهان دەهەژێنن، کەچی بەلای ئەمەوە ئەوەندە ئاسایین دەڵێی چەند ساڵێکیان بەسەردا تێپەڕیوە.

شەشەم:

شێرکۆ لەو بابەتەیە زۆر زوو لەشت تێدەگات و بەهرەیەکی لێهاتووی هەیە لە خوێندنەوەی دەموچاوی مرۆڤ و شیکردنەوەی جووڵانەوەکانی. لە ماوەی ئێجگار کورتدا هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەوروپشتی دەقۆزێتەوە، بەڵام دەوروپشت بەو ئاسانیە لەو تێناگەن.

حەوتەم:

شێرکۆ هەست بە بوونی تەواوەتی هێزێك دەکات لەناو مرۆڤدا و تا ئێستایش هیچ کەسێك ئەو هێزەی نەدۆزیوەتەوە. لەم ڕووەوە سوپەرمانەکەی "نیتشە" تا ڕادەیەك کاری تێکردووە هەرچەندە بە ڕواڵەت وا نییە و لیژنەکەمان کاتێ ئەوەی خستەڕوو وەك فیشەکە شێتە بەڕوومانداتەقییەوە و وتی: "سوپەرمانەکەی نیتشە لەبارچوو و هەر بەمردوویی لەدایك بوو".

هەشتەم:

ئەوەشمان بۆ دەرکەوتووە کە "بایرۆن" کارێکی کوشندەی کردۆتە سەر شێرکۆ کاتی وتوویەتی: "خۆزگە لێوی چی ئافرەتی دونیایە دەبوونە یەك لێو، ماچم دەکرد و ئاسوودە دەبووم" هەرچەندە لەم ڕووەوە نەمان هێشتووە خۆی هەستی پێ بکات، بەڵام ئامێرەکانمان ئەوەی بۆ ساغ کردووینەوە کە شێرکۆ سەرەڕای بێزاری و نائومێدی هەموو ڕۆژێك هەست بە خۆشەویستییەکی نوێ دەکات و ئەگەرچی تەمەنی (٣٠) ساڵە، بەڵام چەند هەزار ئافرەتێك لە ژیانیدا هەن. هێشتا لیژنەکەمان هۆی ڕاستەقینەی ئەم دیاردە سامناکەی نەدۆزیوەتەوە و چەند ئەندامێکمان تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوەی سەرتاسەری ژیانی بایرۆن و کازانۆفا و زۆربا و ڕاسپۆتین و چەند کەسێکی دیکەی لەو بابەتە. هەر پاش تەواو بوونیان ڕاپۆرتێکی ترتان دەخەینە بەردەست.

ئەمە بوو بەڕێزان سەرنج و تێبینی لیژنەکەمان کەپاش لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی ورد و بەکارهێنانی تازەترین شێوازی دەروونیی و پەروەردەیی و زانستیی بەرانبەر بە شێرکۆ. هیوادارین سوودبەخش بێت بۆ ئەوەی بگەنە حوکمێکی دادپەروەرانە.

دادگاش، پاش چەند دانیشتنێکی دوور و درێژ ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

**یەکەم:**

قەدەغەکردنی هەموو جۆرە خواردنەوەیەك کحوولی تیادا بێت لە شێرکۆ هەتا ئەو "گیا"یەی کە "مار" لە گلگامشی دزی، نەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیکاتە مەزە و لە بەدمەستی ڕزگاری بێت.

**دووەم:**

عەمەلیاتکردنی دوومەڵەکەی مێشکی لەم ڕووەوە پێویستە هەموو وڵاتە گەورەکان، ئەو داراییەی لە ماوەی ساڵێکدا بۆ دروستکردنی چەك و جەنگی ئەستێرەکان و تاقیکردنەوەی ئەتۆمی دەیخەنە لاوە، تەرخانی بکەن بۆ دۆزینەوەی دەرمانی شێرپەنجەی مێشك.

**سێیەم:**

بەنیسبەت ئەوەی کە شێرکۆ لە ژنهێنان پەشیمانە. یا پەشیمان نییە، قەرزکوێرە یا دەستبڵاوە، دەوروپشت خۆشیان دەوێ یا ڕقیان لێ دەبیتەوە، گۆشەگیرە یا کۆمەڵایەتییە، جارێ هیچ بڕیارێکی لەسەر نادەین هەتا ڕاپۆرتی دووەمی لیژنەکەمان پێ نەگات کە ئەندامەکانی بە هەموو لایەکدا بۆ ئەم مەبەستە بەربوونەتە گەڕان و پشکنین، چونکە قەناعەتی دادگامان لەوەدایە کە تێکڕای گیروگرفت و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان کەم تا زۆر پەیوەندی یان بە باری



دەروونیی مرۆڤەوە هەیە، باری دەروونیش زۆربەی کات جێ پەنجەی "نێر و مێ"یایەتی پێوە دیارە.

**چوارەم:**

پاش گەیشتنی ڕاپۆرتەکە و.. یەکلاکردنەوە و ئاشکراکردنی هەموو شتێك و سڕینەوەی گشت جۆرە شوێنەوارێکی کۆن و جێبەجێکردنی هەموو ئەرك و مافەکانی شێرکۆ لە ژیاندا، دادگا بڕیاری دا بۆ چارەسەرکردنی "گرێ کوێرەی مەرگ" شیرکۆ بداتە دەست لیژنەی مەیاندنی مرۆڤەوە بەنیازی مەیاندنی بۆ ماوەی هەزار ساڵ کە دوور نییە پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵگارە کاتێ چاو دەکاتەوە لەو گرێیە ڕزگاری بووبێت. خۆ ئەگەر ئەوسایش دەرد و نەخۆشیەکەی هەر مابوو ئەوا ئامۆژگاری خۆمان، بۆ نەوەکانی پاشەڕۆژ ئەوانەی لە بارودۆخێکی دیکەدا جێگەی ئێمە دەگرنەوە جێ دەهێڵین کە هەزار ساڵی دیکەیش درێژە بە مەیاندنی بدەن.

❊❊❊

هەرچەندە شێرکۆ، نە چیرۆکنووس بوو، نەشاعیر، نە هونەرمەند، بەڵام ئەگەر مەبەستی بووایە لە ماوەیەکی کورتدا ناوی دەکەوتە ڕیزی پێشەوەی چیرۆکنووسان و شاعیران و هونەرمەندانی گەلەکەی. دەیتوانی ببێتە دەوڵەمەندێکی خاوەن پلە و پایەی دیار لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا یا فەرمانبەرێکی دەسەڵاتدار لە جێگە و شوێنی خۆیدا. یا هیچ نەبێت زەلامێکی ئاسایی وەك ملیۆنەها زەلامی دیکەی خاوەن ژن و منداڵ و ئەرك و فرمان.

ئێستا شێرکۆ "مەییوە". خوێن و ئێسقان و دەمار و گۆشتی بەجۆرێك تێکەڵاو بوون جیاکردنەوەیان لەیەك مەحاڵە. یەك پارچە بۆتە تۆپەڵە سەهۆڵێك. دەق لە تۆپەڵە سەهۆڵی هەزاران ساڵ لەوەبەری سەر لووتکەی شاخەکانی وڵاتەکەی دەچێت.

١٩٨٥

کەرکوك

ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری کارواندا بڵاوکراوەتەوە.

# کورتە چیرۆك
# کتێبی بەفر

**پێشکەشە بە برای چیرۆکنووس ڕەئوف بێگەرد**

مراد ناوەکەی (ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات)ی ڕەئوف بێگەرد ئێستا لە سوید دەژیت. بە لامەوە سەیر بوو پاش ساڵگارێکی درێژ ڕێگای کەوتۆتە ئەم وڵاتە سەهۆڵ بەندانە. دیارە پاش ڕاگوێزان و تەختکردنی گوندەکان ئەویش سەری خۆی داوە بە کۆڵدا و کەوتۆتە ئەورووپاوە. لە چاو جارانەوە زۆر نەگۆڕاوە تەنها ڕدێنە سپیەکەی نەبێت. ماوەیەکە بە ڕێکەوت بۆتە ئاشنام و هۆگری یەکدی بووین. هەفتەی جارێك بۆ یەك دوو سەعات لە کۆنترین قاوەخانەی ئەم شارەدا پێکەوە دادەنیشین. باسی دونیای هات و نەهات و مەتاهەی تونێلە تێکەڵاوەکانی ژێرزەمین و سەرزەمین و گوندە جوانەکانی زستانی ئەو سەردەمە و تەقینەوەکانی ئەم ڕۆژگارەی



کەرکوك دەکەین. باسی پاشەڕۆژی کوردستانیش دەکەین کە لە ساڵی بەفرە زۆرەکەوە سەرجەمی ڕێگاکان بوون بە بەفر و تا هەنوکەش نەتوواوەتەوە. ئەوسا تەنها تووڵەڕێی نێوان گوندەکان نەگیرابوون بگرە جادە قیرتاوەکانی ناو شارەکانیش هەموو ببوون بە تابلۆی سپی. تاکو ئەمڕۆش ئاسەوارەکەی هەر ماوەو دەبێ بە مەزەندە ئەم کۆڵان لەوەکەیتر جیابکەیتەوە. ئەگەر نەگەیشتیتە ئەنجامیش ڕەنگە هەڵەق و مەڵەقی بۆ بکەیت. بۆ ئەوەی جارێکی دیکەیش گوندە دوور و گۆشەگیرەکان بێ ئازووقە و خواردەمەنی نەبن و گرفتی ڕێگاگیرانیش نەگاتەوە شار، مراد واتێدەگات کە دەبێ لە وڵاتێکی بەفراویدا بچیتە زانکۆی بەفر و زانستی بەفر بخوێنیت تا لە نهێنی بەفر تێبگەیت. ئەو ماوەیەك لە دوای هێرشی بەفر کوردستانی جێهێشتووە و بەردەوام خەریکی خۆپێگەیاندنە لەو بارودۆخانەی کە پێوەندیان بە بەفربارینەوە هەیە. لە چەند زانکۆیەکی جیا جیادا بڕوانامەی ئەکادیمی وەرگرتووە و دواهەمینیان زانکۆی چاخە بەفرینەکانی سویدە، کە سەردەمانێك سەرتاسەری وڵاتەکە سێ کیلۆمەتر بەفری ئەستوور دایپۆشیبوو وەلێ ئێستا بە یەکێك لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان دەژمێردرێت. لە دار و دارستان بەولاوە هیچ سەرچاوەیەکی ئابووری دیکەی نییە بە تایبەتی نەوت کە دیارترین سووتەمەنییە لە تەنگانە و سەرماوسۆڵەدا.

ئەمڕۆ مراد پرۆفیسۆرێکی بێ هاوتایە لە زانستی بەفردا و لە زۆربەی زانکۆ ناسراوەکاندا وانەی بەفر و چۆنیەتی شکاندنی ڕچە و شاخی بەفر و جیاوازی نێوان ڕنووە بەفر و شەکرە بەفر لەگەڵ جیاوازی تامی بەفری سروشتی و دەستکردا دەڵێتەوە، سەرەڕای خۆئامادەکردن بۆ بوون بە زیندەوەرێکی بەفرین پێیوایە لە بەرانبەر قەقنەسدا باڵندەی بەفرینیش هەیە، بەڵام جێگە و ناوی ئاشکرا ناکات. چەندە پلەی گەرمیی بکەوێتە خوارەوەی سفر ئەوەندە زیاتر مراد گوڕ و گوژمی پێدەکەوێت و چالاکتر دەبێت. هەر بە سووکە تەماشایەك دەزانێت ئەم بەفرە چۆن پەیدابووە و کەی دەتوێتەوە و دەبێتەوە بە ئاو. لە بیرم چوو ئەوەش ڕوونبکەمەوە کە مراد هێندەی بەفر شارەزایی لە ئاویشدا هەیە. بە ئاسانی ئاوی پاك و لێخن لە یەکدی جیادەکاتەوە. گشت پێوەندیەکانی نێوان بەفر و ئاوی وەکو ناوی خۆی لە بەرە. هەر بە ئاستەم پەنجە بخاتە ناو ئاوەوە بە چرکە و خولەك بۆتی دەستنیشان دەکات کەی دەبیەستێت. بە هەمان شێوە ئەگەر دەست لە بەفر بدات پێت دەڵێ ئایا بەرەو ڕەقبوون و مەیینی قوولتر یان توانەوە دەچێت. بێ ئەندازە هۆشیارە لەوەی کە ئاوی لێخن مێشك و دڵیش لێخن دەکات و کاتێ ئەوانیش لێخن بوون تێکڕای گوفتار و کردارەکانیش لێخن دەبن. مراد دەڵێ:

ئاوی لێخن وا له مرۆڤ دەکات خاوەنی خۆی نەبێت. ویژدانی هەڵم دەکات و ناوەوە و دەرەوەی پێچەوانەی یەکتری دەبن. بە خواردنەوەی قومە ئاوێکی لێڵ ڤیروس خوێنی دەمارەکان دەکات بە ژەهر، ئیدی گشت ڕەسەنایەتیەك دەبێت بە ساختەکاری و شێوازی کارکردنی هەر پێنج هەستەکەش دەگۆڕێن و مرۆڤ هیچ توانایەکی خۆپاراستنی بەرانبەر بە بەفر نامێنێت.

سەرەتای ژیان لە بەفرەوە دەستی پێکردووە کە زانستێکی ئەوەندە فراوانە ئەگەر ژیرانە لێی حاڵی نەبیت و کۆدەکانی نەکەیتەوە هەرگیز بە وشکایی و ئاسوودەیی ناگەیت. وەك ئەوەیە بە سەر گۆمێکی بەستوودا پیاسە بکەیت و لە پڕێکدا گۆمەکە درزی تێکەوێت و نوقمی ژێر ئاو بیت.

مراد دەڵێ: بۆ جیاکردنەوەی ڕێگا تەنك و ئەستوورەکانی سەر ڕوومەتی بەستەڵەك لە ڕێگا ئاساییەکان دەبێ خۆت فێری هونەری هەڵخلیسکان بکەیت. دەبێ هەستی نزیکبوونەوەی مەترسیی هەڵخلیسکانت ئەوەندە بە هێز بێت هەرگیز توخنی کەندەڵان و هەڵدێری هەرەس هێناو نەکەویتەوە. کورد خۆی دەمێکە وتوویەتی ئەگەر جارێك خەڵەتانمت خوا بتگرێ، بەڵام ئەگەر جاری دووەم خەڵەتانمت خوا خۆم بگرێت.

هەروەها مراد دەڵێ: کورد سەدان ساڵە ئەو ڕاستییە دەزانێت و دەیانجاریش بە پشتا کەوتووە و سەرمەقولاتی پێ کراوە و هەڵخلیسکاوە کەچی دوای هەموو نوشوستیەك دەسبەجێ گەڕاوەتەوە سەر دۆخی جارانی. لە بیری دەچێتەوە چۆن بەربۆتەوە و سەر و دەست و قاچی شکاوە و خوێنی لەبەر ڕژاوە. وەك ئەوەی نە بای دیبێت نە باران. جارێکی دیکەش کاتێ زامداری دەکەنەوە لەوە دەچێت یەکەمجاری بێت و بە سەر خۆی ناهێنێت. خوێندنەوەی کتێبی بەفر بە ڕای مراد نەفەسێکی درێژخایەنی دەوێت و کوردیش ئەو حەوسەڵەیەی نییە. کاتێ دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکە دەکات هێدی هێدی تەزووی ساردیی بە جۆمگە و ماسوولکەکانیدا تێدەپەڕێت. لەرز دەیگرێت و پێش ئەوەی سەرماکە بگاتە ناخی واز لە خوێندنەوە دەهێنێت نەبادا کۆڵنج بکات و ڕەقیتە بێت، یان لەوە دەترسێت خوێنەکەی بیبەستێ و دڵی لە لێدان بکەوێت، بەڵام مراد دووپاتی دەکاتەوە کە سەرما هەرچەندە کوشندەش بێت ئەگەر بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت ناگاتە ئاستی سڕبوون و مەیین و ڕەقبوونەوە. چیبکەم ئێمەش وا ڕاهاتووین بەرگەی هێڵی ئیستیوای ساردیی ناگرین و بە زووترین کات دۆستایەتی لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاگر و کۆمپانیاکانی زۆپا دروستکردنی دەوروبەرا دەبەستین بۆ ئەوەی سەر لە نوێ قرچە قرچمان لێ هەڵسێنن و بمانبرژێنن. ئاخر چۆن گەرما هێڵی ئیستیوای هەیە



ساردیش خاوەنی هەمان هێڵە، بەڵام ناوێکی دیاریکراوی نییە. ئێمە بە سووتان و برژان و گەرمیی ڕاهاتووین، بەڵام بە لای مرادەوە تا هەنوکەش سنووری سەرمای ئاساییمان تێنەپەڕاندووە بۆیە تاکە نەتەوەیەکی گەورەی ئەم جیهانەین کە خاوەنی وڵاتێکی سەربەخۆ نین.

ئەگەر ئێمە لە نوکەوە بۆ نوك کتێبی بەفر نەخوێنینەوەو خەتمی نەکەین هەرگیز وزەی بەرگریکردنی سروشتیمان لا دروست نابێت بەرانبەر بە کۆکە و هەڵامەت و تەنانەت کولێراش.

تازە مرادیش وەك حەزرەتی نالی کەوتە هەندەران و بۆ کوردستان ناگەڕێتەوە.

هەفتەی جارێك لە قاوەخانەیەکی کۆندا پێکەوە دادەنیشن و دەردە دڵ دەکەین. پێی دەڵێم برای ئازیزم من بە هۆی ئینتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفۆنەوە تووشی نەخۆشییەکی دەروونیی هاتووم. هەرچی هەست و بیرم هەیە لە کوردستانە، بەڵام جەستەم لێروکانە هەڵکورماوە. هەست بە ناهاوسەنگی دەکەم. ڕۆح لەوێ پیاسە دەکات و جەستەش تا ئەو ڕادەیە لێرە ڕەگی ڕۆچووە گەڕانەوەی یەکجارەکیی تەواو مەحاڵە. ئەم دوو لەتبوونە بە جۆرێك ورووژاندوومی هەدادانم پێکەوتووە.

مراد بە دەم زەردەخەنەیەکی پڕ لە ئومێدەوە وتی: ئاسانە سەلامی برام زۆریش ئاسانە.

وتم: چۆن؟

وتی: ئاخر تۆش هێشتا لە نهێنی بەفر تێنەگەیشتووی. خۆگونجاندنی بێ بەرانبەر و بێ قازانج و بەرژەوەندی بەشێکی تەواوی کتێبی بەفرە کە لەوە دەچێت بە سەرتا تێپەڕیبێت یان ڕاگوزاری خوێندووتەوە. چاك بزانە یەك لەتی هەنجن هەنجن و پڕ لە برین و غەم و ئازار گەلێ لەوە چاکترە ببیتە دوو لەتی سەربەخۆی گوشاد و بێ ناڵین و هاوار و سکاڵا کە ئەڵبەتە لە ناوەوەدا پێچەوانەکەی ڕاستە. دوو لەتە سەربەخۆکە تەواو لە یەکدی جیاوازن و هیچیان لەوەکەی دیکەیان ناچێت با هەستەکان لە یەك دڵیشەوە هەڵقوڵێن، هەریەکە و عیشقی یارێکن کە ئەمەش سەرەتای دابڕان و جیابوونەوەیە، بەڵام لەتە هەنجن هەنجنەکە بەو بەربڵاوی و ئازارە قووڵەشەوە بەشێکە لە قەسیدەی یەکگرتووی بەفر، لە کتێبی بەفر. سەرەتایەکە بۆ قەتماغەبەستن و سارێژبوونەوە.

مراد لە (ڕێگای هات و نەهات) دوورکەوتۆتەوە. وازی لە کاری خۆبەخشانەی دەلیلیی هێناوە یان وا ڕاستترە بێژین وازیان پێی هێنا. گشت تەمەنی بۆ شیکردنەوەی ڕازەکانی بەفر و

پاشەڕۆژی بەفر تەرخانکردووە. لە زۆربەی زانکۆکانی ئەورووپاشدا تەنها وانەی بەفر دەڵێتەوە. چەندین پاپۆڕی گەورەی لە بابەت (تایتانیك)ی لە نوقمبوون و خنکان ڕزگارکردووە. تەنانەت جار جار کە فڕۆکەیەك دەکەوێتە ناو دەریا و ئۆقیانووسەوە یەکسەر بانگ دەکرێت و دەبێتە ئەندامی تیمی فریاکەوتن و لێکۆڵینەوە. بۆتە سەرچاوەیەکی دەگمەن و بێ هاوتای بەفر و ئاو. ناویان لێ ناوە: پیاوی بەفر یان پەیامبەری بەفر. هەندێجاریش بە ئەندازیاری بەفر و شاعیری بەفر بانگی دەکەن.

هەفتەی جارێك لە قاوەخانەیەکی کۆن و بۆنخۆشی ئەم شارەدا لەگەڵ مورادا پێکەوە دادەنیشین و قاوەی بەفر دەخۆینەوە.

سوید

١٠ / ٠٨ / ٢٠٠٩

سەرچاوە: سایتی دەنگەکان



## سکێچی بایۆگرافیای نووسەرانی ناوهاتوو یان بەشداربووی ئەم کتێبە

خوێنەری هێژا... مەبەست لە دانانی کورتەی بایۆگرافی نووسەرانی بەشداربوو و ناوهاتوو لەم کتێبە لەلایەکەوە بەرچاو ڕوونییەك دەدات بە بەڕێزتان دەربارەی ژیان و بەرهەمی ئەو نووسەرانە و لەلایەکی دیکەیشەوە هەوڵدانێکە بۆ پەیڕەوکردنی ئەو ڕێبازە ئەکادیمییەی کە لەمێژە لە ڕۆژئاوا پەیڕەوکراوە و لەنێو کوردا دەستی بۆ نەبراوە. هەرچەندە هەوڵمدا بایۆگرافی تەواوی ناوهاتوو و بەشداربوو لەم کتێبە لەم بەشەدا دابنێم، بەڵام مەخابن لەسەرێکەوە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نەبوو تا هانای بۆ بەرم جگە لە (کوردپیدیا) کە ئەویش هەموو زانیارییەکی لێ دەست ناکەوێت و لەسەرێکی دیکەیشەوە هەندێك لەو بەڕێزانەی داواشم لێکردن، ئامادە نەبوون بایۆگرافی خۆیان بنێرن.

### حەمە مەنتك

حەمە مەنتکی نووسەر و لێکۆڵەر لە ساڵی ١٩٨١ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین بەدەستهێناوە. لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەدەبی کوردی لە

زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە. لە ساڵی ٢٠٠٥ وە لە بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسێت. ئەو بوارانەی پێشتر خەڵاتی بە دەستهێناوە: براوەی خەڵاتی سێیەمی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی لە چواردەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ.

## ئەرشیفی بەرهەمەکان

ئەم بەرهەمانەی خوارەی لە ساڵانی ڕابردوو وەکو کتێب چاپ کردووە، جگە لەو وتار و لێکۆڵینەوانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بڵاوی کردووەتەوە.

١. سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، دەزگای ئاراس، هەولێر، .٢٠١١

٢. لە مەدرەسەی نالیدا، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک، .٢٠١١

٣. سەرەتا دیالۆگ هەبوو، توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، .٢٠١٢

٤. تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠١٣.

سەرچاوە: لەلایەن کاک حەمە مەنتک خۆیەوە نێردراوە.

## خەبات عارف

شاعیر و وەرگێڕ، لەدایکبووی ١٩٥٩، شاری سلێمانی، باشووری کوردستان. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و زانکۆی لە سلێمانی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٦ەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە، لە ١٩٩٤یشەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سویدە و لە ١٩٨٢ەوە لە سوید دەژی. لە نێوەڕاستی حەفتاکانەوە شیعر دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە و تا ئێستایش لە خۆشویستن و خۆشەویستیی شیعر دانەبڕاوە. کتێبگەلێکیشی لە زمانی سویدییەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی.

سەرچاوە: لەلایەن کاک خەبات عارف خۆیەوە نێردراوە.



## عەبدوڵڵا سەڕاج

چیرۆکنووس و ڕۆمانووس و هونەرمەند عەبدوڵڵا نەجم سەراج لە ساڵی ١٩٣٧ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لەدایکبووە، بەڵام خۆی پێیوایە لەس الّی ١٩٣٥ لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و دواییش سانەوی بازرگانی بەشی ئینگلیزی و عەرەبی لە ساڵی خوێندنی ١٩٥٢-١٩٥٣ تەواو کردووە. ساڵی ١٩٥٤ ئەچێتە خولی پەروەردەیی مامۆستایی و لە ساڵی ١٩٥٥ تەواوی ئەکات و لە دێی حەوت تەغار لە ناوچەی داوده ئەبێتە مامۆستا. دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناحیەی شوان(ڕێدار). مامۆستا سەراج ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ مامۆستای هونەری وێنەی شێوەکاری بووە لە قوتابخانەی ناوەندیی ئیمام قاسم کە بەڕێوەبەری ئەوکات مامۆستا عەبدولڕەحمان ڕەزا بوو و لەسەر ئاستی کەرکوک یەکەم دەهێنن. عەبدوڵڵا سەراج لەنێوان ساڵانی ١٩٦١تا ١٩٦٤پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی کوردەوە و ئەبێتە پێشمەرگە و ئینجا کادیری سیاسی. کاتێك لە ساڵی ١٩٦٤بزووتنەوەی ئەوسای کوردایەتی لێك دەترازێت و باڵی مەکتەبی سیاسی جیا ئەبنەوە و بۆ یەکەمجار دەستەواژەی مەلایی و جەلالی لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردی پەیدا ئەبن و شەڕێکی خوێناوی لەنێوانیاندا ڕوو ئەدات، مامۆستا سەڕاج وەك هەڵوێستێك کە بڕوای بە شەڕی براکوژی نەبووە و بە ڕەوای نەزانیوە بەشداری ئەو کوردکوژییە بکات، بۆیە وەك پەرچەکردارێك چەك دادەنێت و دەگەڕێتەوە شاری کەرکوك. لە ساڵی ١٩٦٤وە تا ١٩٦٦ لە دێی (العبیدیە) لە قەزای حەویجە مامۆستایی ئەکات و ئینجا لە ١٩٦٦ەوە تا ١٩٦٨ دەگواسترێتەوە ناو شاری کەرکوك بۆ گەڕەکی موسەڵڵا و وانە دەڵێتەوە. ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ لە قوتابخانەی سەرەتایی ئیمام قاسم و دواتریش لە ساڵی ١٩٧٠ وە لە قوتابخانەی سەرکەوتنی سەرەتایی کوڕان لە گەڕەکی ڕەحیماوە وانە دەڵێتەوە تا ساڵی ١٩٨٥ دەگیرێت تا بەزۆر (جەیشی شەعبی) پێبکەن و دەینێرن بۆ تۆپزاوە. دوای یەك شەو لە سیمەکانی ئەو سەربازگەیەوە هەڵدێت و بۆ ماوەی مانگێك خۆی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و بەغدا ئەشارێتەوە. هەر ئەو ساڵە داوا دەکات خانەنشین بکرێت و بەکردەوەش خانەنشین دەبێت. پاشان لە گەڕەکی ڕەحیماوە دوکانێکی

بچکۆلانەی قرتاسیە و کەبسکردنی ناسنامە بەناوی (ئازادی) دەکاتەوە. ساڵی ١٩٨٨دائیرەی ئەمنی بەعس داوای لێدەکەن کەرکوک بەجێبهێڵێت چ بەرەو هەولێر یان بەرەو سلێمانی، ئەوەبوو هەر ئەو ساڵە بە زۆرەملێ دەینێرنە شاری هەولێر و لەو شارە دەمێنێتەوە تا ڕاپەڕین. ساڵی ١٩٩١بەشداری کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەکات لە شەقلاوە و ئەبێتە ئەندامی باڵای یەکێتیی نووسەرانی کورد تا ساڵی٢٠١٠. لە ساڵی ١٩٩٧ کوردستان بەجێدێڵێ و دەڕوات بەرەو تاراوگە و لە وڵاتی فینلاند جێگیر دەبێت.

مامۆستا عەبدوڵڵا سەراج یەکەمین کورتەچیرۆك بەناوی (ڕاوە گورگ) لە ساڵی ١٩٧١ دەنووسێت و لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوی دەکاتەوە.

## کرۆنۆلۆژیان بەرهەمەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج

### کۆچیرۆك

١- لاکێشە ڕووناکەکان (لەلایەن کاك ئیسماعیل دەروێشەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی)

٢- مردوو خەون نابینێ

٣- بارام ناوێك هەبوو

٤- پەڕەنگ

٥- پەیك (لە پاریس چاپکرا)

٦- لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانی تر (کۆی هەموو چیرۆکەکان)

### ڕۆمانەکان

٧- هەڵکشان بەرەو لووتکە (لەلایەن دکتۆر ئەحمەدی مەلاوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و هەروەها لەلایەن نووسەرێکی خەڵکی بۆکان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی)

٨- کاولاش

٩- سۆناتای ڕوح (دووجار چاپکراوە)

١٠- کۆچرەو.. کۆچرەو (لەلایەن ئەندازیار محەمەد حوسێن ڕەسوڵەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی).



١١- ئەژدەر

١٢- ونگە (دووجار چاپکراوە - بەرلین و هەولێر)

١٣- پەرتەوازەی ئێرە و ئەوێکانی ڕەوان (ڕۆح)

١٤- ناوێ لەم تێکستە بنێ

١٥- ڕەنگستانی ئەفسانە، یان ئەفسانەی ڕەنگستان؟

١٦- سلێکوك هۆکلێر، عاجباتی هەشتەم

١٧- چۆن بوومە تیتراوسك

### شانۆیی (دراما)

١٨- هەشت دەقی شانۆیی

تیۆری

١٩- با لە هونەر بگەین

٢٠- بەرەو ئاستانەی ڕۆمانی نوێ و گۆشەنیگاکان

### لە چاوەڕوانی چاپکردندا

٢١- گوتار و لێکۆڵینەوە (بەشی یەکەم پەیڤستان)

٢٢- گوتار و لێکۆڵینەوە (بەشی دووەم یارستان)

٢٣- دیداربینییەکانم

٢٤- کەڤاڵە ئاوییەکانم ٦٥ کەڤاڵ

بەرهەمە ئەدەبیی و هونەرییەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج دەبنە جێی سەرنج و تێڕوانینی ڕەخنەی کوردی و گەلێ نووسەر و ڕەخنەگر لەسەر بەرهەمەکانی ئەویان نووسیوە وەك بەڕێزان کۆچکردوو زاهیر ڕۆژبەیانی و غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا و جەلیل کاکەوەیس و عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی و عەتا قەرەداغی و حەمە مەنتك و سابیر ڕەشید و دکتۆر فوئاد ڕەشید و دکتۆر نەجم ئەڵوەنی و خاتوو ڕێزان ڕەحمان و خاتوو ئارەزووخان و حەمە سەعید حەسەن و دکتۆر هیمداد حوسێن. عەبدوڵڵا سەڕاج تا لە کوردستان بوو پێنج ڕۆمانی نووسی و لە وڵاتی

فینلەندیش شەش ڕۆمانی دیکەی نووسی. جێگای داخە نە دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕیان لەم نووسەرە نەداوەتەوە. ئەم ڕۆماننووس و هونەرمەندە عەبدوڵڵا سەڕاج ئێستا تەمەنی ٧٧ ساڵە و لە وڵاتی فینلەندە لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژێت و چاوەکانی کز بوونە و تا دێت توانای جەستەیی و بینینی لە کورتی دەدەن و ئەمەش کاریگەری بەسەر نووسین و داهێنانی ئەوەوە هەیە، بەڵام بەخششی ئەدەبیی و هونەریی ئەم مامۆستایە هێندە بەهادارە کە ئەدەبی کوردی شانازی پێوە بکات.

سەرچاوە: دوو نامەی تایبەتی کاک عەبدوڵڵا سەڕاج خۆی.

## کەریم دەشتی

لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٧٨وە دەستی بەکاری نووسین و بڵاوکردنەوە کردووە. قوتابخانەی ئامادەیی بەشی ئەدەبیی لە هەولێر تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٨٠کۆلیژی یاسای لە بەغدا تەواو کردووە. سکرتێری ڕۆژنامەی "ستایل"بوو، کە ڕۆژنامەیەکی ئەدەبیی و فیکری بوو. هەروەها سکرتێری گۆڤاری "کاروان" بووە خولی ڕاپەڕین.



## دیوانی شیعریی چاپکراو

١- خاك و هەڵۆ، شیعر، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.١٩٨٠

٢- تەمە سپییەکانی ڕوح، شیعر، ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

٣- وردە گەڵا، سلێمانی .١٩٨٨

٤- پیانۆی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر .٢٠٠٠

٥- دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمە، بڵاوکردنەوەی بزاڤی ڕۆشنبیری نوێخواز، هەولێر .٢٠٠٤

٦- درەختی حیکمەت، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر .٢٠٠٢

٧- بورجی بەڵەك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکراوەی گۆڤاری ئایندە، سلێمانی ٢٠٠٦.

٨- شیعری ئاگر، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك، کەرکوك .٢٠٠٧

٩- کتێبی پیرۆزی عاشقان، شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر .٢٠٠٧

١٠- پیانۆی ڕۆژهەڵات، کۆ بەرهەم شەش دیوان دەزگای ئاراس، هەولێر .٢٠٠٤

١١- تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ، شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .٢٠١٠

١٢- کتێبی ئاو، دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی هەولێر .٢٠٠٩

١٣- کتێبی نەی، دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی هەولێر .٢٠٠٩

١٤- درەختی درەوشاوە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری نما هەولێر .٢٠١١

١٥- درەختی خامۆش، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری نما هەولێر ٢٠١١.

## نۆڤلێت

١٦- کەمتیار، بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ سلێمانی .١٩٩٩

١٧- قیامەت، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر .٢٠٠٢

١٨- ئەسپەکانی ناو با، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

وەرگێڕان

١٩- ڕۆمانی ڕەگەکان، لە فارسییەوە دەزگای موکریان، هەولێر .٢٠٠٥

٢٠- ڕۆمانی دوا وەسوەسەی کریت نیکۆس کازانتزاکیسن لە فارسییەوە دەزگای موکریان، هەولێر .٢٠٠٦

٢١- ڕۆمانی سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵات، هیرمان هیسە لە عەرەبییەوە سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری نما .٢٠٠٢

٢٢- کۆمەڵە چیرۆکی کۆمەڵێ نووسەر، لە فارسییەوە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢٣- ڕۆمانی لورەی گورگ، جاك لەندەن لە فارسییەوە دەزگای وەرگێڕان.

٢٤- ئەدەب و فەلسەفە و لێکۆڵینەوە نووسین و وەرگێڕان چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی سۆران، هەولێر.

٢٥- وەرزێ لە دۆزەخ، ڕامبۆ لە عەرەبییەوە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**ئەزموونی ئەدەبیی**

٢٦- بەرەو مندالێ بەجلی پایزەوە بناغە و ئەزموونی شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٢٧- گەڵا ڕژاوەکان ئەزموون کتێبی گیرفان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٦.

ئەو کتێبانەی کە کراون بە عەرەبی

٢٨- کتاب الماء وەرگێڕانی بۆ عەرەبی محەمەد حوسێن دەزگای چاپ و پەخشی کوردی، بەغدا .٢٠١٠

٢٩- هادئة کالکناری وەرگێڕانی بۆ عەرەبی کۆمەڵێ نووسەر.

٣٠- The Book of Water وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی محەمەد حوسێن ڕەسوڵ.

سەرچاوە: لەلایەن کاك کەریم دەشتی خۆیەوە نێردراوە.

## بەرزان هەستیار



ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی "پیرمەنسوور"ی شاری سلێمانی لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی هەر لەو شارە تەواو کردووە و پاشان "پەیمانگای هونەریی بەڕێوەبردن"بەشی "گەنجینەکان"ی لە شاری "موسڵ"تەواو کردووە.

لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بەرهەمی شیعریی و جار جاریش وتاری بڵاو کردۆتەوە، دوو هەوڵی سەرەتاییشی هەیە لە بواری وەرگێڕانی شانۆنامەوە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی.

هەتا ئێستا پێنج دیوانی شیعری بەم ناوانە بە چاپ گەیاندووە:

نەوەیەك پیرە مندالێ ٢٠٠٠ سلێمانی، چاپخانەی هەواڵ.

بەتەنیشت فەنابوونەوە ٢٠٠٥ هەولێر، لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی کتێبی شین.

ساڵێك لە نیگەرانیی چاپی یەکەم ٢٠٠٨ هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

گوناهەکانی دڵنیایی ٢٠٠٩ سلێمانی، چاپخانەی دەزگای سەردەم.

ساڵێك لە نیگەرانی، چاپی دووەم. ٢٠١٢ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانی.

من خەون دامئەگیرسێنێ ٢٠١٢ هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

ئێستاش سەرقاڵی کۆکردنەوەی هەموو ئەو دیوانانەیە و بە نیازە پێکەوە لە بەرگێکدا چاپیان بکات.

لە کۆتایی مانگەکانی ساڵی "٢٠٠٥"ەوە لە ئەڵمانیا دەژێت و سەرەتا لە شاری "نورنبێرگ "و ئێستاش نیشتەجێی شاری "کۆڵن "ە.

سەرچاوە: لەلایەن کاك بەرزان هەستیار خۆیەوە نێردراوە.

## سابیر ڕەشید

ساڵی ١٩٥٧ لە هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی یاسا و ڕامیاری لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٤ دەستی کردووە بە نووسین. لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە

کوردی و عەرەبییەکان لێکۆڵینەوە و وتار و ڕەخنە و چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی. چیرۆکەکانی بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی وتورکی وەرگێڕدراوە.

## چاپکراوەکانی نووسەر:

شەش کورتە چیرۆکی کوردی، بە هاوبەشی لەگەڵ کەمال سەعدی، هەولێر: چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٦.

خەونە سەوزەکان - چیرۆك، بەغدا، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، ١٩٨٨.

مەرگی بازنەیی - نۆڤلێت، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٩.

پێناسەی دەستوور، د. عەبدولڕەزا ئەلتەعان، (و: لە عەرەبییەوە)، هەولێر، چاپخانەی کەوێڵ، ٢٠٠٤.

دەروازەیەك بۆ هزرنامەی لویس ئەلتۆسێر، ئۆجیلفی،(و: لە عەرەبییەوە)، سلێمانی، چاپخانەی دەزگای سەردەم، ٢٠٠٤.

تاوانباری جەنگ - یاسایی، هەولێر، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٥.

چیرۆکی کوردی- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٥.

ئاوێنە، کورتیلە چیرۆك، سلێمانی، چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٥.

ڕۆمانی کوردی - خوێندنەوەو پرسیار، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧.

گیای سەروەری، چیرۆك، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٨.

پەیژەکانی تاریکی - چیرۆك، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨.

سەرچاوە: لەلایەن کاك سابیر ڕەشید خۆیەوە نێردراوە.

## سەعد مەلا عەلی



ساڵی ١٩٧٦ لە شاری کەرکوك لەدایکبووە، دبلۆمی لە ئەندازیاری پرد و ڕێگاوبان لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکوك لە ساڵی ١٩٩٤ - ١٩٩٥ بە دەست هێناوە، ئێستا خوێندکاری کۆلێژی یاسایە لە کۆلێژی قەڵەم، کاری بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامەی سیاسییە لە کەناڵی ئاسمانی کەرکوك، بە زمانی عەرەبی و بەرپرسی بەشی کوردی گۆڤاری کەرکوك نیوزە، کە لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی پارێزگای کەرکوکەوە دەردەچێت، ئەزموونی ٩ ساڵ لە بواری ڕۆژنامەگەریی و ڕاگەیاندن هەیە و سێ ساڵ بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی ڕۆژنامەی ئاسۆ بووە کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەر بە دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن بووە و لە ساڵی ٢٠١١دا دوا ژمارەی دەرچووە، ئەمە جگە لەوەی کادر و دەستەی نووسەرانی گۆڤار و ڕۆژنامەو سایتی دیکەبووە و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

سەرچاوە: لەلایەن کاك سەعدی مەلا عەلی خۆیەوە نێردراوە.

## جەلیل کاکەوەیس

ساڵی ١٩٤٨ لە شاری کەرکوك هاتۆتە دنیاوە، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زانکۆی بەغدا بەشی زمان و ئەدەبی کوردی. سەرەتای چیرۆکنووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوو. بۆ ماوەی دە ساڵ لە بواری ڕاگەیاندندا لەم شوێنانە کاری کردووە:

دەستەی نووسەرانی پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی.

بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری هاواری کەرکوك.

سەرنووسەری ڕۆژنامەی باسەڕە.

ساڵی ٢٠١٢ ڕۆمانی (وتیارێك ڕووی لە کەس نییە)ی بە چاپ گەیاندووە.

بەشێك لە چیرۆکەکانی لەم چەند کتێبەدا کۆکردووەتەوە: میراو، بۆنی ئەشکەوت، چرکە زیندووەکان، وەچەکانی مەولانا، شتێ لە گیرفانی دایکمدایە.

هەروەها کتێبی (الساعات المتوقفة)، کە لەلایەن چەند نووسەرێکەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

لە بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیدا خاوەنی کتێبی (ڕۆمانی کوردی)یە، لەگەڵ کۆمەڵێك وتاری ئەدەبیی دەربارەی چیرۆك و ڕۆمان و زمان و تۆخمە ئەدەبییەکانی دیکە.

کتێبی (کتێب) خوێندنەوەی بیست تێکستی هەمەجۆر.
لە بواری وەرگێڕاندا خاوەنی ئەم کتێبانەیە:
ڕۆمانی بەدگۆڕانی فرانتس کافکا.
کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەمی زایینی. (ئارشاك پۆلادیان).
باخچەی بەردین (گەشتی فەلسەفی). نیکۆس کازانتزاکیس.
ڕۆمانی ڕۆژەکە لە سەدەیەك درێژتر دەبێتەوە. (جەنگیز ئەیتماتۆڤ).
هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی عەرەبی و جیهانی.
ڕۆمانی شلۆمۆکوردە و من و ڕۆژگار (سەمیر نەقاش).
کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکەوەیس (کۆمەڵە دیدار).
ڕۆمانی (ئاهەنگی تەگەکە) ئامادەی چاپە.

**سەرچاوە: لەلایەن کاك جەلیل کاکەوەیس خۆیەوە نێردراوە.**

## لەتیف هەڵمەت

شاعیری ناودار و یاخی کورد لەتیف هەڵمەت ساڵی ١٩٤٧ لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەردا لە شارۆچکەی کفری سەر بە شاری کەرکوك لەدایکبووە، باوکیشی شاعیر بوو بەناوی (شیخ مەحمود).. ماڵیان هەمیشە پڕ لە کتێب بووە و وەك شاعیر خۆی دەڵێت "باوکم هەمیشە شیعری حافیزی شیرازی و سەعدی و جەلالەدینی ڕۆمی دەخوێندەوە و بۆی دەکردین بە کوردی". لەتیف هەڵمەتی شاعیریش هەمیشە گوێی لێدەگرت و ڕۆحی ئاشنای شیعر و وشەی جوان بوو.. هەر لە پۆلەکانی ناوەندییەوە لەناوەڕاستی دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کەوتوتە خوێندنەوەی شیعری نوێی عەرەبی وەك بەدرشاکر سەیاب و بلند حەیدەری و نازك مەلائیکە و عەبدوالوهاب بەیاتی و ئەدونیس و هەروەها لە ڕێگای گۆڤاری (الاداب) و گۆڤاری (شیعر)ی لوبنانی- و (الکلمه)وە ئاگاداری زۆربەی تەوژمە شیعری وێژەییەکانی عەرەبی و جیهانیی بووە.

لەتیف هەڵمەت لە ساڵی ١٩٦٣ یەکەم شیعری نووسی و ئەم شیعرە بەبۆنەی شەهیدبوونی پۆلێ پێشمەرگەی قارەمانەوە نووسی کە لەقاتەکانی کفری شەهیدبوون. لەدوای نووسینی ئەو شیعرەوە ئیتر شیعر بووبەخوێنی و لە دەمارەکانیدا سەری دەکرد و هەموو ڕۆژێ چەند شیعرێکی دەنووسی و هەندێکیانی دەدڕی و هەندێکیانیشی زۆربەدڵ بوو لە دەفتەری تایبەتیدا دەینوسییەوە و بۆ هەندێك لە برادەرەکانی خۆی دەخوێندەوە. جارجاریش هەندێك لە شیعرەکانی بۆ ئیستگەی کوردی بەغدا دەنارد و لە بەرنامەکانی شاعیری کۆچکردوو (جەلالی میرزا کەریم)ەوە بلاودەکرانەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٦٩ دا لە گۆڤاری ڕزگاری دا کە لە شاری سلێمانی دەردەچوو بلاو دەکردەوە. لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاوڕێتی لەگەڵ هەردوو هاوڕێی شاعیر و چیرۆکنووس ئەنوەر شاکەلی کە ئێستا فەرهاد شاکەلییە و احمد شاکەلی پەیداکرد و ئیتر هەموو ڕۆژێك لە پشووەکانی نێوان وانەکاندا باسی شیعر و هونەر و تەوژمە تازەکانی وێژەی نوێی عەرەبی و جیهانیان دەکرد و کۆمەڵێ برادەری دیش بەشداری مشتومڕ و گفتوگۆکانیان دەبوون. دواتر بیری لەوە کردەوە کە کۆمەڵە شیعرێك چاپ بکات و ئیتر ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٠ دا یەکەمین کۆمەڵە هۆنراوە بە ناونیشانی "خوا و شارەبچکۆلەکەمان"چاپ کرد. لەتیف هەڵمەت بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەرهەم بلاو دەکاتەوە. هەتاکو ئێستا لەسەر نووسین بەردەوامە و دەیەوێت بە وشەی جوان جیهانێکی نوێ دروست بکات. شایانی باسە کاك لەتیف گرنگی و بایەخی زۆر بو منداڵان داناوە و ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی ئابیکی سویدی لەسەر ئەدەبی منالان لە وڵاتی سوید وەرگرت. شیعر و هۆنراوەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر چەندین زمانی دیکە وەکو فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و هوڵەندی و سویدی و فارسی و تورکی، ئەمە جگە لەو دەیان و سەدان شیعرانە کە شاعیران و نووسەرانی کورد کردوویانە بە عەرەبی و لەگەڵێ ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و کتێبدا بلاویان کردوونەتەوە دەیان نووسەری کورد و عەرەب و فارس گفتوگۆیان لەبارەی شیعرەکانییەوە کردووە و لێکۆڵینەوەیان دەربارەی نووسیوە..

**سەرچاوە: لەلایەن کاك لەتیف هەڵمەت خۆیەوە نێردراوە.**

## ئەدیب نادر

ئەدیب نادر (فەخرەدین محێدین نادر) ساڵی ١٩٦٠ لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵڵای شاری کەرکوك لەدایکبووە، ساڵی پەیمانگای تەکنیکی کەرکوکی تەواو کردووە. لە ئێستادا لە هەولێر ئەژی. شاعیر و وەرگێڕ. خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە ١٩٨٢.

- کۆچی بێ وادە، شیعر، ١٩٨٦ تاران.
- ئێستا مەنگ و بێ گیانە، شیعر و پەخشان، ئۆکتاڤیۆ پاز، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە.
- لەمپەڕێك لە ئاسماندا، کۆچیرۆکی جێمس سێربەر، وەگێڕان لە ئینگلیزییەوە.
- مەزرای ئاژەڵان، ڕۆمان، جۆرج ئۆروێڵ، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە.
- هێوری، میلان کۆندێرا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە.
- مشك و بنیادەم، ڕۆمان، جۆرج شتاینێك وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە.
- کتێبی بۆشاییەکان، کۆشیعر.
- ئاوڕی دەمامکە دوورەکان، کۆچیرۆك.

یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ١٩٧٨دا لە هەفتەنامەی پاشکۆی عێراق بڵاو کردۆتەوە.

سەرچاوە: لەلایەن کاك ئەدیب نادر خۆیەوە نێردراوە.

## سەلاح شوان

- بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
- سەرۆك یان ئەندام لە دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردو عێراقی و عەرەب.
- بەڕێوەبەری نووسین لە گۆڤارەکانی دەنگی پێشمەرگە و بەیان و لە ڕۆژنامەی ئاسۆ و عێراق و المؤتمر و النهوض.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردو عێراقی و عەرەب و جیهانیی.
- ئەندامی بزووتنەوەی (ڕوانگە)ی ئەدەبیی.
- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی.
- نووسەر لە گۆڤاری ڕوانگە و ڕۆشنبیری نوێ و نووسەری کورد و ڕۆژی کوردستان و الکاتب العراقی و ئێستا.
- نووسەر لە ڕۆژنامەی هاوکاری و برایەتی و العراق و کوردستانی نوێ و الاتحاد.
- ئەندام و سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە نۆرلاند نەرویج.



- تائیستاش بەڕێوەبەری ماڵپەڕی (کوردتایمس) کە بە عەرەبی و کوردییە

کۆمەڵە شیعرێکی بە ناونیشانی (دڵدارەکەم) گەواڵە هەورێکی پایزە نییە) ساڵی ١٩٧٥ بڵاوکردەوە.

نووسینی بە کوردی و عەربی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراو و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی عێراقدا هەیە لە ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٩٦.

شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیی و وتاری بە هەردوو زمانی کوردی عەرەبی نووسیوە و دەنووسێ.

سەرچاوە: لە سایتی کوردیپیدیاوە وەرگیراوە.

## جەلالی میزا کەریم

ئەم شاعیرە بەهرەدارە لە ساڵی ١٩٣٥دا لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی دیاری ئەو شارە هاتۆتە جیهانەوە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە شارەکەی خۆی وەرگرتووە و بووەتە لاوێکی هوشیار و ڕۆشنبیر و سەرەتای خەباتی ڕامیاریی ئەو لاوە دڵسۆزەی گەڵ و نیشتمانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٥، کە بووەتە ئەندامی یەکێتیی گشتی قوتابیان و هەر لەو قۆناغەدا دەستی داوەتە هۆنراوە هۆنینەوە و لە سەرەتادا کەوتبووە ژێر کاریگەری هۆنراوە ناسکە ئاوازە دارەکانی گۆران، بەڵام لەدواییدا کە بازووی شاعیریی بەهێز بووە، بووەتە خاوەن دەنگ و ڕێبازی خۆی و لە کاروانی خەباتی ڕامیاریشدا پتر تێ هەڵچووە و لە ساڵی ١٩٦٥دا لەسەر چالاکی ڕامیاریی گیراوە و لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا ئەم تێکۆشەرە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، گۆڤارێکی بەناوی "هیوای کوردستان" وەك ئۆرگانی یەکێتیی گشتی قوتابیانی ئێراق لقی سلێمانی دەرچوواندووە و لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٧٠دا یەکێك بووە لە دەستەی "ڕوانگە" و یەکەم بەنیانیان لەگەڵ بەڕێزان حوسێن عارف و شێرکۆ بێکەس و کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێڕی ئیمزا کردووە و دواتریش ٣ ژمارەی لە بڵاوکراوەی ڕوانگەی لە شێوەی پەڕتووکدا دەرچوواندووە و بەشی هەرە زۆر پێشکەوتنخوازەکان بەرهەمیان تێدا بڵاوکردەوە و وێژەیی کوردییان بە هۆنراوە و چیرۆکەوە بەرەو نوێکاری برد.

لە ماوەی ژیانی ٥٨ ساڵیدا ئەم بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندووە:

١. کۆمەڵە هۆنراوەیەکی بە زمانی عەرەبی بەناوی "الولادة" لە ساڵی ١٩٨٢دا لە ئەمەریکا بە چاپ گەیاندووە.

٢. شانۆنامەی "سەنگەر"ی لەهەمان ساڵدا هەر لە ئەمەریکا چاپی کردووە.

٣. نامیلکەی "چرپەی ژانێکی نقووم بوو"ی هەر لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩١دا بە چاپ گەیاندووە، کە ئەوسا لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەژیا.

٤. دیوانی "ڕێگا دوورەکانی چاومان"ی دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا بە چاپ گەیاندووە.

لە ڕۆژی ١٤/١/١٩٩٣دا بە نەخۆشی دڵ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خۆزگە

شیعری جەلالی میرزا کەریم لە شیعری نوێی کوردیدا لە قۆناغی دوای (گۆران) و بەتایبەتی لە قۆناغی (ڕوانگە)دا پلەی یەکەم وەدەگرێت و پێش هەموو ئەوانی دیکەی ئەو قۆناغە دەکەوێت، چی بە فراوانی دیدی سیاسی و فەلسەفی و چی بە زمانی پاراو و وێنەشیعریی و دەربڕینی ڕوون و قووڵ، شیعری ئەم شاعیرە چەندە ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆی بوو، ئەوەندە و زیاتریش لە کات و جێ تێدەپەڕێنێت و بەرەو نەمریی و هەمیشە زیندوویی دەچێت.

سەرچاوە: لە سایتی کوردیپیدیاوە وەرگیراوە.

## فەرهاد شاکەلی

شاعیر و ئەکادیمیکار و نووسەرێکی کوردە، ساڵی ١٩٥١ لە باشووری کوردستان، ناوچەی گەرمیان، لە دایکبووە، شاکەلی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شیعری کوردییان لە ١٩٧٠دا تازە کردەوە و بزووتنەوەیەکی گەورەی نوێخوازییان هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە. فەرهاد شاکەلی خوێندنی دواناوەندیی لە شاری کفری تەواو کردووە و لە سەرەتای حەفتاکاندا لە زانکۆی بەغدا، بەشی زمانی کوردی خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ چووە ڕیزی شۆڕشی



کوردستانەوە و بوو بە پێشمەرگە و دوای هەرەسهێنانی شۆڕش ماوەیەك خەباتی نهێنیی کرد و پاشان لە ڕێگەی بیابانەوە ڕووی کردە سووریا و ماوەیەك خەریکی کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی بوو. لە هاوینی ١٩٧٧دا بە یەکجاری وازی لە کاری سیاسی هێنا و ڕووی کردە ئەورووپا. شاکەلی دوای خوێندنی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، زمانانی نۆرد، زمانە کۆن و تازەکانی ئێران، وەك مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە زانستگەی ئوپسالا، سوێد، دەستی بە کار کرد و هەتا ئێستایش لەو زانستگەیە کار دەکات. فەرهاد شاکەلی تا ئێستا نزیکەی ٣٠ کتێبی چاپ کردوون کە بەشێکی زۆریان دیوانی شیعرە، ئەوانی دیکەیش لێکۆڵینەوەی ئەکادێمی، کورتە چیرۆك، وەرگێڕان لە سوێدی و ئینگلیزییەوە و وتاری فکری و فەلسەفین. لە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٩٦دا گۆڤاری (مامۆستای کورد)ی بڵاو کردەوە، کە گۆڤارێکی فەرهەنگی و فکری بوو، سەرجەم ٣١ ژمارەی لێ دەرچوو. هاوکاتیش، ١٩٨٥-١٩٨٨، بە زمانی سوێدی گۆڤاری Svensk-kurdish journalی بڵاو کردەوە. فەرهاد شاکەلی ئەمڕۆ شاعیر، ئەکادێمی و زمانەوانێکی ناسراوی کوردستانە و بە شێوەیەکی چالاکانە لە ژیانی فەرهەنگیی کوردستاندا بەشداری دەکات.

سەرچاوە: لە سایتی کوردیپیدیاوە وەرگیراوە.

## محەمەد موکری

محەمەد موکری نووسەر و ئەدیب و شۆڕشگێڕی باشووری کوردستانە. لە ساڵی ١٩٤٣دا لە قەڵای کەرکوك لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە و ماوەی ٩ساڵیش پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە لە شاخ.

موکری لە شاخ ڕۆمانێکی بەناونیشانی «سەگوەڕ» بڵاوکردۆتەوە، کە یەکەمین ڕۆمانی کوردی بووە، کە بە زمانی ڕەخنە لەسەر شۆڕش نووسراوە.

لەسەرەتای کارکردنی لە بواری ئەدەب و ڕاگەیاندندا، وەك ڕۆژنامەنووس کاری کردووە، پاشان وەك چیرۆکنووس هاتۆتە مەیدانەکە و چەندین چیرۆکی نووسیوە، زیاتر لە چوار ڕۆمانی هەیە و جێدەستیشی وەك ڕۆژنامەنووسێك دیار بووە.

محەمەد موکری چەندین گۆشە و وتاریشی لە ڕۆژنامەکاندا بلاوکردۆتەوە، ماوەی ٤٠ ساڵیش سەرقاڵی نووسین بووە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

خەباتی سیاسیشی بەردەوام بووە و ماوەی ١٥ساڵ لە شاری سلێمانی ژیا، موکری خێزاندارە و خاوەنی چوار کوڕ و کچێکە، دواکاریشی سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانێك بووە، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا و لە مانگی ئایاری ٢٠١٢ لە شاری سلێمانی بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە: لە سایتی کوردیپیدیاوە وەرگیراوە.

## شێرکۆ بێکەس

شێرکۆ بێکەس، کوڕی شاعیری ناوداری کورد فایەق بێکەس و لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ١٩٨٦ وڵاتی عێراقی بە جێهێشت. لە ساڵەکانی ١٩٨٧ تا ١٩٩٢لە وڵاتی سوید بووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. شێرکۆ بێکەس بە یەکێك لە شاعیرە نوێخوازەکانی هاوچەرخی کورد دادەنرێت و خاوەنی چەندین نامیلکە و دیوانی شیعرییە و زۆرێك لە شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی زیندووی جیهانیی وەرگێڕدراون.

سەرچاوە: لە سایتی کوردیپیدیاوە وەرگیراوە.

## ئەحمەدی مەلا

لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی تۆماری ناوچەی شوان هاتۆتە دونیاوە. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوندیی لە شاری کەرکوك تەواوکردووە و ئامادەیی لە بەغدا. لە ساڵی ١٩٨١ کوردستان بە یەکجاریی جێدەهێڵێت و دەمێك لە شاری ژنێڤ (جنێف) دەژێت و دراما دەخوێنێت و کۆمەڵە شیعری (زەردك) لە ساڵی ١٩٨٨ بە چاپ دەگەیەنێت و بۆ خوێندن دەچێتە فەرەنسا، ماستەر لە زانستەکانی زمان و دکتۆرا لە ئەدەبی بەراوردکاریی لە زانکۆی فرانش کۆنتێ لە ساڵی ١٩٩٩ وەردەگرێت. ئێستاش مامۆستای مێژووی زمان و ئەدەبییاتی فەرەنسییە لە زانکۆی کاستییا لا مانچا، لە ئیسپانیا.



سەرەتاکانی بە شیعر و هونەری تەشکیلی و شانۆ دەست پێدەکات، هەروەها لە پاڵ شیعرو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ڕۆمان و کاری وەرگێڕانی ئەدەبیش دەکات.

**چاپکراوەکانی شاعیر**

**شیعر**

١- باران، ژنێڤ، پۆیەزی ڤیڤان، ١٩٨٣.٢.
٢- زەردك، ژنێڤ، ئاگرێ، ١٩٨٨.
٣- کتێبی شیعر، پاریس، ئاپکف، ١٩٩٦.
٤- ئاقیقی زڕ و زستانێکی زۆر، بزەنسۆن، ١٩٩٨.
٥- مانگ و هەڵپەڕین، سیوداد ڕیال، ٢٠٠٠.
٦- ئاسمانمان لە شەقەی باڵ بێزار کرد، دەزگای گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٧- خەونەکانی زولەیخا، کتێبی هەنار، ٢٠٠٩، سلێمانی.
٨- هەرمێییەکانی فیرعەون، نووسەرانی کەرکوك، ٢٠١١.

**ڕۆمان**

١- زاکیرەی با، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢- بلوژستان، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٣- پەناهەندە، ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**وەرگێران**

**شیعر:**

١- ورزێك لە دۆژ و درەوشانەوە، ئارتور ڕامبۆ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
٢- گوڵی خراپە، شارل بۆدلێر، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
٣- بەردی هەتاو، ئۆکتاڤیۆ پاس، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
٤- ئەکسیۆن ئێستی، ئیلیتیس ئیستی، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

**وەرگێڕان**

**شانۆ:**

١- بورژوای نەجیبزادە، مۆلییەر. ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٢- وانە و ژنەگۆرانیبێژە کەچەڵەکە، ئیۆنیسکۆ، (ئامادەیە بۆ چاپ).

**ڕۆمان:**

١- سەمەرقەند، ئەمین مەعلووف، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢- خاتوون T، میلان کۆندێرا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣. (La Lenteur)

٣- ڕووبار، فەواز حوسێن (ئامادەیە بۆ چاپ).

**لێکۆڵینەوە:**

١- مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت دا، وێنەی مەعشووق و سەرچاوەکانی عەشق، تێزی دکتورا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢- بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەس و چەند بابەتێکی دیکە، لە بڵاوکراوەکانی نما، ٢٠١٢، (لەژێر چاپدایە).

**بە زمانی فەرەنسی:**

١- دیوانی مەحوی بە زمانی فەرەنسی، ئارمەتان، پاریس، ٢٠٠١.

De Cette Nuit Naissent des Aubes، Harmattan، Paris، ٢٠٠١.

٢- زەردك، لە وەرگێڕانی ئیسماعیل دەروێش، دەزگار ئارمەتان، پاریس، ١٩٩٣.

Zardik، pomèmes traduits du kurde pqr Ismail Darwish، Harmattan، Paris، ١٩٩٣.

٣زاکیرە با، (ئامادەیە بۆ چاپ).

La Mémoire duVent

سەرچاوە: لە سایتی کوردیپیدیاوە وەرگیراوە.



## سەباح ڕەنجدەر

سەباح سابیر حەسەن (سەباح ڕەنجدەر) لە ١٩٦٥-١١-١٨ لە هەولێر لە دایکبووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەیی هەولێرە لە ساڵی ١٩٨٤. لە سەرەتای هەشتایەکانەوە دەنووسێت و بڵاو دەکاتەوە. فەرمانبەرە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر.

چاپکراوەکانی:

١- زێوان، شیعر .١٩٨٨

٢- ڕووەکەکانی خوداوەند، شیعر .١٩٩٩

٣- خەون وا خۆی گێڕایەوە، شیعر .٢٠٠٤

٤- شەڕی چل ساڵە، شیعر ٢٠٠٥.

٥- مردوویەك ئاگای لە هەمووانە، شیعر .٢٠٠٨

٦- سەد و یەکشەوە، شیعر ٢٠٠٨.

٧- ساڵی سفر، شیعر ٢٠١٠.

٨- سروودی زەوی، شیعر ٢٠١٢.

٩- سی ساڵ شیعر، شیعر بەرگی یەکەم، ٢٠١٢.

١٠- سی ساڵ شیعر، شیعر بەرگی دووەم، .٢٠١٢

١١- سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە، بیروڕا ٢٠١٣.

١٢- حەزدەکەم ئەوەندە بژیم، شیعر ٢٠١٣.

: لەلایەن کاك سەباح ڕەنجدەر خۆیەوە نێردراوە.

## ئیسماعیل ڕۆژبەیانی

ئیسماعیل ڕۆژبەیانی بە پێشەنگەکانی نووسینی کورتە چیرۆك لە کەرکوکدا هەژمار دەکرێت، لە ساڵی ١٩٤٢ لە کەرکوك لە دایکبووە، پەیمانگەی مامۆستایانی تەواو کردووە و بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ مامۆستا بووە. ڕۆژبەیانی لە کۆتایی شەستەکانەوە نووسینەکانی بڵاو دەکاتەوە و لە سەرەتاشدا لە ڕۆژنامەکانی "خەبات" و "ئەلتەئاخی" کورتە چیرۆك و نووسینەکانی بڵاو دەکردەوە.

سەرچاوە: لە سایتی ئاکا نیوزەوە وەرگیراوە.

## جەلیل قەیسی

چیرۆکنووس جەلیل قەیسی لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کەرکوك لە باوکێکی عەرەب و دایکێکی کورد لەدایکبووە، هاوسەرەکەشی ئەرمەنی بووە. ژیانی ئەدەبیی بە نووسینی کورتەچیرۆك و شانۆنامە دەستی پێکرد و بە درێژایی ژیانی پێیانەوە پەیوەست بوو. جەلیل قەیسی یەکێك بوو لە ئەندامانی گروپی کەرکوك (جماعە کرکوك) لەگەڵ هەریەك لە فازڵ عەزاوی و سەرگۆن پۆڵس و موئەیەد راوی و سەلاح فایەق و یوسف حەیدەری و یوسف سەعید و ئەوانی دیکە. جەلیل قەیسی چوار کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردوە ئەمە جگە لە سێ کۆمەڵە شانۆنامە. جەلیل قەیسی داهێنەر لە ساڵی ٢٠٠٦ دڵی لە لێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی هەمیشەیی لە ئەدەب و کەرکوك دەکات.

سەرچاوە: ئەم چەند دێڕە لە بایۆگرافی جەلیل قەیسی لە سایتی (الحوار المتمدن)ەوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

## عەبدولرەحمان بامەڕنی

شاعر و نووسەر عەبدولرەحمان بامەڕنی ساڵی ١٩٧٠ ز، بامەرنێ ژ دایك بویە. لە ساڵی ١٩٨٧ یەکەم شیعر لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردوە. زیاتر لە ٦٠ ڕۆژنامە و کوڤاری کوردی بەرهەمی خوی تیادا بڵاو کردوە. یازدە پەرتوکی چاپکرا هەیە. سەرنوسەری کوڤاری چاڤدێرە لە دهوك. بەرپرسی نوسینگەی ڕۆژنامەی چاودێرە لە دهوك. ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە. ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

### پەرتوکە چاپکرییێن نڤیسەری

بارانا دینا، هەلبەست، سالا ٢٠٠٠ ێ دهوك.

هوزانڤانێ مللی حوسنییێ بامەرنی، بەرهەڤکرن، ٢٠٠٢ ێ دهوك.

دومینە، هەلبەست، ٢٠٠٤ ێ دهوك.

دەفتەرا بێ گونەهیێ، هەلبەست، ٢٠٠٥ ێ دهوك.



ژ بەرپەرێن کەڤن ـ سەرهاتییێن کوردی، ٢٠٠٧ ێ دهوك.

هوزانڤانێ مللی مەلا حەسەنێ سەردەرگەهی، بەرهەڤکرن، ٢٠٠٩ ێ دهوك.

نڤیسینا هەوالێ ڕوژنامەڤانی، ٢٠٠٩ ێ دهوك.

هەناسەییێن شعری، هەلبەست، ٢٠١٠ ێ دهوك.

شاعرێن بامەرنێ... ژ نالبەندێ مەزن بو نالبەندێ بچویك، ٢٠١١ ێ دهوك.

شەڤێن چلەیی، چیروك و چیڤانوکێن کوردی، ٢٠١١ ێ دهوك.

دەستهەلاتا چارێ ـ گومانا دناڤبەرا ڕوژنامەگەریێ وەرگری دا ـ پارێزگەها دهوکێ وەك نمونە ٢٠١٢ دهوك.

سەرچاوە: لەلایەن سەیدا عەبدولرەحمان بامەڕنی خۆیەوە نێردراوە.

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر

کەژال ئیبراهیم خدری شاعیر لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری قەڵادزی لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٧وە دەنووسێت و خاوەنی ١٦بەرهەمی بڵاوکراوەیە لە بوارەکانی چیرۆك و شیعری منداڵان و پەخشان و نامیلکە و دیوانی شیعر. زۆربەی شیعرەکانی وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی فارسی لاتینی ئینکلیزی "لە زۆربەی کۆڕ و فیستفاڵەکان بەشداری کردووە و خاوەنی ٣٤ خەڵاتی ڕێزلێنانە.

سەرچاوە: لەلایەن خاتوو کەژاڵ خۆیەوە نێردراوە.

## ئازاد ئەحمەد

ساڵی ١٩٦٠ لە شاری کەرکوك لەدایکبووە، کۆمەڵە شیعری (بۆنی ئەم خاکەت لێ دێ) لە بەغداد لە ساڵی ١٩٨٩بە چاپ گەیاندووە. هەڵگری بروانامەی ماستەرە لە وەرگێڕانی عەرەبی/ ئینگلیزی زانکۆی سالفۆرد، مانچستەر، بەریتانیا، ٢٠٠٨ و ئێستاش نیشتەجێی وڵاتی بەریتانیایە.

سەرچاوە: لەلایەن کاك ئازاد ئەحمەد خۆیەوە نێردراوە.

## غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، ساڵی ١٩٥١ لە کەرکوك لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی لە کەرکوك تەواو کردووە و دواتر پەیمانگای کارگێڕی لە بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٣ دەستی داوەتە نووسین. سێ کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردووەتەوە. چوار ڕۆمانی بڵاوکردووەتەوە. سێ کتێبی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردووەتەوە. سیانزە کتێبی وەرگێڕدراوەی بڵاوکردووەتەوە.

سەرچاوە: لەلایەن غەفور ساڵح عەبدوڵڵا خۆیەوە نێردراوە.

## محەمەد کوردۆ

* ساڵی ١٩٧١ لە چەمچەماڵ لە دایکبووە.
* خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە لە بواری ڕاگەیاندندا.
* لە ساڵی ١٩٨٤ەوە دەنووسێت و یەکەمین شیعری لە ساڵی ١٩٨٨دا لە پاشکۆی عێراق بڵاوبۆتەوە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

١- خورپەی ناخ، شیعر، ١٩٩١ سلێمانی.
٢- هۆرەی قەڵا، بەرهەمی هاوبەش، ١٩٩٢ سلێمانی.
٣- چرپەی دڵ، شیعر، ١٩٩٩ سلێمانی.
٤- ئەفسانەی پایز، شیعر، ٢٠٠٠ سلێمانی.
٥- چرپەی ناخ، شیعر، ٢٠٠١ سلێمانی.
٦- ژنێك دەمرێ و پیاوێك بە چراوە نایە، شیعر، ٢٠٠٥ سلێمانی.
٧- گەڕان بەدوای شیعر و جیاوازییدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی، ٢٠٠٦ سلێمانی.
٨- لالەزاری وشە، کۆمەڵێك ڕەخنە و بابەتی ئەدەبیی، ٢٠٠٧ سلێمانی.
٩- لە ئیرادەی مەرگەوە بۆ ئیرادەی ژیان، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی، ٢٠٠٨ سلێمانی.
١٠- ژەنەراڵی خۆشەویستی، شیعر، ٢٠٠٨، سلێمانی.



١١- جوانی و جیاوازی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی، ٢٠٠٩، سلێمانی.
١٢- بۆنی بەختەوەریی، شیعر، ٢٠١٠، سلێمانی.
١٣- دنیای سوهراب، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی، ٢٠١١، سلێمانی.
١٤- گوڵزاری نووسین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠١٢، سلێمانی.
گوڵاوی دەستی یار، شیعر، ٢٠١٢، سلێمانی.

سەرچاوە: لەلایەن محەمەد کوردۆ خۆیەوە نێردراوە.

## عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکوك لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی و پاشان پەیمانگای تەکنیکی لە ساڵی ١٩٨٦ هەر لە کەرکوك تەواو کردووە. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنووسێت و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و سایتە ئەلەکترۆنییەکان شیعر و وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری بڵاو کردۆتەوە. بەشداری چەندین کۆڕی شیعری کردووە لە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٨٣) و لە شاری کەرکوك لە ساڵی (١٩٨٥). دوو کۆڕی شیعری تایبەتی کردووە لە شاری ڤانکۆڤەر لە کەنەدا لە ساڵی ٢٠٠١ و لە ساڵی ٢٠١٠. هەروەها کۆڕێکی تایبەتی شیعر لە کەرکوك لە ساڵی ٢٠١٢. لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ جەمال کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست"دادەمەزرینن و بۆ ماوەی سێ ساڵ ١٢ ژمارە لە گۆڤاری "ڕابەر"دەردەکەن. یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لە ساڵی١٩٩٢. یەکێك بووە لەو پەنجا ئیمزاکەرانەی وەك دامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ساڵی ١٩٩٣ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیان دامەزراند. یەکێك بووە لە کادرە دامەزرێنەرەکانی بزووتنەوەی بنیادنانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست - عێراق لە ساڵی ١٩٩٨. سەرنووسەری چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی "دەنگی بێکاران - زمانحاڵی ڕێکخراوی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان" بووە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٤ کە لە شاری هەولێر دەردەچوو. ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا بووە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٧ - ٢٠٠٠ کە

لە وڵاتی سوید دەردەچوو. جێی ئاماژەیە لە ساڵی ١٩٩٩ وە لە کاری سیاسی و حزبی دوور کەوتۆتەوە و ئێستاش نزیك بە دوو دەیەیە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت.

## کتێبە بڵاوکراوەکان

١- چرای شۆڕش، شیعر (دەستنووس) لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕابەر، هەولێر، ١٩٨٩.

٢- دیوارەکان ئەڕوخێنین، وەرگێڕانی بەشێك لە شیعرەکانی برێخت لەژێر ناوی(دلاوەر حوسێن)(دەستنووس) وەرگێڕان لە عەرەبییەوە لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕابەر، هەولێر، ١٩٩٠.

٣- چاوم لێیە شیعر، هەولێر، ١٩٩٢.

٤- چەند گۆرانی یەك لە جەنگەڵستانی ژیانەوە، شیعر هەولێر، ١٩٩٢.

٥- نامیلکەی (دەربارەی قانونی جەمعیاتی حکومەتی هەرێم) لێکۆڵینەوە - دیداری سیاسی هەولێر ١٩٩٣.

٦- نامیلکەی (با ئاوڕێك بۆ دواوە تەکانێك بێت بۆ پێشەوە) لەژێر ناوی(مارف عوسمان) مێژوویی - سیاسی لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق سلێمانی، ١٩٩٣.

٧- ڕژانی دڵۆپەکانی مەنفا، شیعر دەزگای ئاراس ٢٠٠٥.

٨- بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ، شیعر - وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس ٢٠٠٦.

٩- گوڵە مۆرەکان، منداڵان چیرۆك وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس ٢٠٠٦.

١٠- ئەڵاس شیعر - وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس ٢٠٠٧.

١١- ئاکشن شانۆگەری - وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.

١٢- لولا و سەگەکەی، منداڵان چیرۆك وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە ٢٠٠٩.

١٣- دڵی سەرباز، شانۆگەری وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای ئاراس ٢٠٠٩.

١٤- ڕاکشان لەتەنیشت تارمایی نیشتمانەوە، شانۆگەری یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك ٢٠١١.

١٥- ١٤ شانۆنامە و ٨ چاوپێکەوتن شانۆگەری وچاوپێکەوتن وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٢.



١٦- بە باوەشێك لەفەناوە نیشتمانی زویر ماچ ئەکەم، شیعر یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك ٢٠١٢.

## کتێبی ئامادە بۆ چاپ

١٧- سەماکانی وشە لەپەنای ئێوارەیەکی مەخمەلیدا..گوتمان دیدار و چاوپێکەوتن.

١٨- چەند پەنجەرەیەك بەڕووی ڕازە بینراوەکان وتار و لێکۆڵینەوە.

١٩- باغی ئەزموون و گوڵی فێربوون دیدار وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە.

٢٠- لەژێر دووکەڵێکی ڕەشدا بیرەوەری کارەساتی ڕۆژی هەولێر.

٢١- دوو شانۆنامەی نووسەر و هونەرمەندی ئەزموونگەر ماریا ئرینا فۆرنێس شانۆگەری — وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە.

٢٢- پاسارییەك گشت سبەینان ئەڵێت سڵاو چیرۆك بۆ منداڵان وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە.

٢٣- لەبەردەم خۆرئاوابووندا پێمدەگووتی خۆشم دەوێی، کۆی شیعرەکانم ١٩٨٣ — ٢٠١٣.

## گەلەری سەلام محەمەد

گەلەرییەکەی سەلام محەمەد، گەلەرییەکە دیوێکی ئاوێنەی مێژووە و دیوەکەی دیکەی ڕانەوەستانە لە ژیان... ئەم گەلەرییە بۆ خۆی دەدوێت.. پڕە لە چیرۆك و لێوانلێوە لە حیکایەت بۆ گێڕانەوە.. شیعری لێ دەچۆڕێت.. لەسەر وشە ڕاوەستاوە و زمان نەخشەکانی ژیانی ڕەنگڕێژ کردووە.. هەر وێنەیەك لەم وێنانە ئەمانباتەوە سەر ڕەچەڵەکی بەسەرهاتێك و بەردەم پەنجەرەی ڕووداوێك، کە گێڕانەوەی بەبێ ئەو وێنەیە مەحاڵە.. ئەم گەلەرییە هەوڵ دەدات خوێنەر لە ڕێگەی وێنەکانەوە بگێڕێتەوە ئەو ڕۆژانەی کە شیعر و جوانی ئاوێتەی یەکتر دەبوون و باڵایان ئەکرد. ئەم گەلەرییە داتەکاندنی تەمی بیرچوونەوەیە و سڕینەوەی ڕووی ئەو ئاوێنەیەیە کە هەموو کۆکین لەسەر ئەوەی کە پێی بڵێین ژیان!



**سەلام محەمەد کەرکوك ساڵی ١٩٧٠**





**سەلام محەمەد و سەکران سابیر کافتێریای کۆلیجی قانون زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٧٦**



**سەلام محەمەد لەگەڵ منداڵەکانی کارزان و سازان و سۆما شەقلاوە ساڵی ١٩٨٣**




مامۆستا محەمەد حەمە ئەمین باوکی کاک سەلام محەمەدی شاعیر لەگەڵ هەندێ مامۆستای
دیکە لە گوندی حەسار ساڵی ١٩٧٣



مامۆستا مەلا عەلی مامی کاک سەلام محەمەد قوتابخانەی ئازادی کەرکوک ساڵی ١٩٧٣بە
سوپاسەوە ئەم وێنەیە لەلایەن بەڕێز کاک سەعد مەلا عەلییەوە نێردراوە بۆمان





بە سوپاسەوە ئەم وێنەیە لە فەیسبووکی کاک هاشم مەلا عەلییەوە وەرگیراوە. سەلام محەمەد
لەگەڵ (کاک هاشم) خزمێکیدا ساڵی ١٩٧٥ کەرکوک



**کۆڕی هەڵبەست ساڵی ١٩٧٢-٠٢-١٠ یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، سەلام محەمەد، ڕەزا شوان، عەبدوڵڵا سەڕاج، مستەفا زەنگەنە.**

**بە سوپاسەوە ئەم وێنەیە لەلایەن بەڕێز کاک شوان سەراجەوە نێردراوە بۆمان.**





**بەڕێزان کاک شازاد سائیب، کاک سەلام محەمەد، کاک ڕەفعەتی مەلا، کاک ئەردەڵان، کاک حەمە تۆفیق، کاک دانا ئەحمەد مەجید، کاک جەبار**

**زینۆی سوور ١٠ / ١٠ / ١٩٨١**

**ئەم وێنەیە لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" بڵاوکراوەتەوە و وەرگیراوە.**



**لە ڕاستەوە بۆ چەپ کەریم دەشتی، سەردار عەبدولکەریم، سەلام محەمەد، عەبدولقادر عەبدولڕەحمان، سابیر ڕەشید، سەکران سابیر، نەزانراو کۆلیجی قانون زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٧٨**


**بە سوپاسەوە ئەم وێنەیە لەلایەن بەڕێز کاک سابیر ڕەشیدەوە نێردراوە بۆمان.**





**لە چەپەوە بۆ ڕاست بەنگین قاسم، سەکران سابیر، کەریم دەشتی، سەلام محەمەد، موئەیەد تەیب، سەردار سەعید، سەردار عەبدولکەریم کۆلێجی یاسا زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٧٨**


**بە سوپاسەوە ئەم وێنەیە لەلایەن بەڕێز کاک سەردار عەبدولکەریمەوە نێردراوە بۆمان.**



سەلام محەمەد و سەردار عەبدولکەریم (حاکم سەردار) ساڵی ١٩٧٦ کۆلێجی قانون زانکۆی بەغدا

بە سوپاسەوە ئەم وێنەیە لەلایەن بەڕێز کاک سەردار عەبدولکەریمەوە نێردراوە بۆمان.





سەلام محەمەد لە شاری تاران – ئێران ساڵی ١٩٨١



سەلام محەمەد و سەردار عەبدولکەریم (حاکم سەردار) ساڵی ١٩٧٦ کۆلێجی قانون زانکۆی بەغدا

بە سوپاسەوە ئەم وێنەیە لەلایەن بەڕێز کاک سەردار عەبدولکەریمەوە نێردراوە بۆمان.





سەلام محەمەد و سەردار عەبدولکەریم کۆلیجی قانون زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٧٧

بە سوپاسەوە ئەم وێنەیە لەلایەن بەڕێز کاک سەردار عەبدولکەریمەوە نێردراوە بۆمان.



سەلام محەمەد و حەمە کاکەڕەش لەکاتی کردنەوەی پێشانگای لەپ زێڕین لە شاری یۆتۆبۆری ساڵی ٢٠١٢.



مامۆستا محەمەد ئەمین باوکی کاک سەلامی شاعیر



سەلام محەمەد، سابیر سدیق، حەمە کاکەڕەش کۆڕی شیعری لە شاری یۆتۆبۆری سوید ساڵی ٢٠١٢



مامۆستایانی زمانی کوردی لە شاری ڤێستەرۆس لە سوید ساڵی ٢٠٠٢



میران ئەمین، سەلام محەمەد ، محەمەدی کەمالی، ئەمیری قازی



سەلام محەمەد و کاک حەمە دۆستان ٢٠١٣ سوید



سەلام محەمەد و ڕەزا شوان

ئەم وێنەیە لە ٢٠٠٣-٠٧-١٦ لە شاری بێرگن لە وڵاتی نەرویج گیراوە.



سەلام محەمەد و خەبات عارف سوید ساڵی ٢٠١٣



سەلام محەمەد لەکاتی شیعر خوێندنەوە سوید ٢٠١٢





سەلام محەمەد و خوشکەزا جوانەمەرگەکەی کاکە شێرزاد
کە لە ٢٧/ ٧/ ٢٠٠٨ لە تەمەنی ٢٧ ساڵی
لە شاری ئۆپسالا لە وڵاتی سوید جوانەمەرگ بوو.



سەلام محەمەد لەگەڵ منداڵەکانی کارزان و سازان و سۆما و سایە و قەدریەخانی دایکیان



سەلام محەمەد لەگەڵ پەخشان خانی هاوسەری



سەلام محەمەد لەگەڵ کاك هیوای برای و خوشکەکانی سوهەیلەخان و سوعاد خان و ڕووناك خان و پرشنگ خان

# سوپاس و پێزانین

سەرەتا لە ناخی دڵمەوە سوپاسی کاک سەلام محەمەدی شاعیر دەکەم وەختێك ڕووم لێنا بۆ سازدانی چاوپێکەوتنێك دەستی نەنا بەڕوومەوە و بە خۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆی نیشاندا و دواتریش کە پڕۆژەکە هاتە بواری جێبەجێکردنەوە و پەلوپۆی هاویشت، ئەویش شانی دایە بەر ئەم کتێبە و هەر لە ساتەکانی یەکەمی دەستپێکردنمانەوە تا کۆتایی زۆر بەجیددی کۆمەککەر و بەتەنگەوە هاتوو بوو. ئەوەی دەبوایە بیکردایە بەزیادەوە ئەنجامی دا و ئەو یارمەتییەی ئەو لە بیر هێنانەوە و نووسینەوەی هەندێك بابەت گەلێك ئەرکی سەر شانمیان سووك کرد. هیممەتی کاک سەلام نەبوایە ئەم کتێبە بەم ماوە دیاریکراوە و بەم جۆرە نەدەهاتە بەرهەم.

هەروەها زۆر سوپاسی سەرجەم ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە بە پرسیارێك لە دەرگای ژیان و یادەوەرییانم دا و ئەوانیش هاتنە دەست و هەریەك بە شێوازی خۆی و بەپێی کات، بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەزموونی کاک سەلام نووسی و بۆیان ناردم یان وتاریان ئامادەکرد و ناردیان کە بەڕاستی جێگای پێزانینن. سوپاسی تایبەت بۆ هەریەك لە بەڕێزان خەبات عارف و سابیر ڕەشید و ئەحمەدی مەلا و کەریم دەشتی و بەرزان هەستیار و حەمە مەنتك و سەباح ڕەنجدەر و ڕەزا شوان و عەبدوڵڵا سەڕاج و لەتیف هەڵمەت و ئەدیب نادر و عەبدولڕەحمان بامەڕنی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر و جەلیل کاکەوەیسی و سەعد مەلا عەلی و ئازاد ئەحمەد و غەفور ساڵح عەبدوڵڵا و محەمەد کوردۆ و فەرهاد شاکەلی.



هەروەها زۆر سوپاسی برای ئازیز کاك حەمە کاکەڕەش دەکەم کە ڕەزامەندی نیشاندا لە دووبارە بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کاك سەلام محەمەدی شاعیر لەم کتێبەدا.

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك سەردار عەبدولکەریم (حاکم سەردار) کە کۆمەڵێك وێنەی سەردەمی زانکۆی بۆ ناردین.

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك سابیر ڕەشید کە دوو وێنەی سەردەمی زانکۆی بۆ ناردین.

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك سەعد مەلا عەلی کە لە خەمی پڕۆژەکەوە چەند شیعری کاك سەلام محەمەدی سکان کرد و و بۆی ناردین، جگە لەناردنی هەندێك وێنە.

سوپاسی تایبەت بۆ کاك سەباح ڕەنجدەر کە چیرۆکی ڕەشەڕاوی بەدەست و خەتی خۆی لە گۆڤاری بەیانەوە ڕوونووس کردبووەوە و لەگەڵ کۆپی چیرۆکی گرێ کوێرەی مەرگ و لە فەوتان ڕزگاری کردن و ناردبوونی بۆ کاك سەلام محەمەد و منیش لێرە دامنان.

سوپاسی بەڕێز کاك ئازاد ئەحمەد ئەسوەد دەکەم لە بەر لەبڵاوبوونەوەی کتێبی "هاوڕێیانی شەقامی جمهوری" ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی نووسینی "سەرەتاکان"ی کاك سەلام محەمەد ، لەم کتێبەدا دەربڕی.

هەروەها سوپاس بۆ بەڕێز کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد کە کۆپی وتاری (ئیسپانیا و نەتەوە جیاوازەکانی) بە هاوبەش نووسراوی دکتۆر کەمال فوئاد(شاسوار) و کاك سەلام محەمەد ی بۆ ناردین.

زۆر سوپاس بۆ برای شاعیر و ڕەخنەگر کاك محەمەد کوردۆ کە ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ چاپکردنی ئەم کتێبە. هیوادارم نموونەی زۆر بێت.

لەکۆتایشدا نابێت ڕۆڵی "نێرگز"ی هاوسەرم لەم پڕۆژەیەدا فەرامۆش بکەم و سوپاسی نەکەم کە بە میهرەبانی خۆی ئەو ئەتمۆسفیرەی بۆ خوڵقاندم کە نووسینی کتێبێك پێویستییەتی. نێرگز بە خەندە ساکارەکەی و بە میهرەبانییەکەی خۆیەوە پاڵپشتێکی گەورەم بوو.

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| ١ | پێشکەشە | ٧ |
| ٢ | رامانێك لە مێرگەکانی ئەزموونی نووسین لای سەلام محەمەد... نووسینی عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) | ٩ |
| ٣ | یادگارە سپی و ڕەشەکان... نووسینی سەلام محەمەد | ٣٩ |
| ٤ | سەرەتاکان نووسینی... نووسینی سەلام محەمەد | ٨٧ |
| ٥ | رۆیشتن بەسەر چیمەنەکانی شیعر دیدارێکی درێژ لەگەڵ شاعیری هەست ناسك سەلام محەمەد...سازدانی عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) | ١٠١ |
| ٦ | دیدار لەگەڵ سەلام محەمەد سازدانی حەمە کاکەڕەش | ٢١٣ |
| ٧ | تەسبیحات بە وشە نووسینی... نووسینی سەلام محەمەد | ٢٨٩ |
| ٨ | زەنگی سەعاتی بیست پێنجەم... نووسینی سەلام محەمەد | ٣١٣ |
| ٩ | باخی ڕەنگاوڕەنگ بۆچوون و تێڕوانینی شاعیران و نووسەران دەربارەی ئەزموونی شیعریی سەلام محەمەد | ٣٢٩ |
| ١٠ | بۆچوون و تێڕوانینی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و هونەرمەند عەبدوڵلا سەڕاج | ٣٣١ |
| ١١ | بۆچوون و تێڕوانینی نووسەر عەباس بەدری | ٣٣٢ |
| ١٢ | بۆچوون و تێڕوانینی ڕەخنەگر حەمە مەنتك | ٣٣٣ |
| ١٣ | بۆچوون و تێڕوانینی شاعیر کەریم دەشتی | ٣٣٧ |
| ١٤ | بۆچوون و تێڕوانینی شاعیر و وەرگێڕ خەبات عارف | ٣٣٩ |
| ١٥ | بۆچوون و تێڕوانینی نووسەر ڕەزا شوان | ٣٤٠ |
| ١٦ | بۆچوون و تێڕوانینی شاعیر بەرزان هەستیار | ٣٤٥ |
| ١٧ | بۆچوون و تێڕوانینی چیرۆکنووس سابیر ڕەشید | ٣٤٩ |
| ١٨ | بۆچوون و تێڕوانینی سەعد مەلا عەلی | ٣٥٥ |





| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | بۆچوون و تێڕوانینی چیرۆکنووس جەلیل کاکەوەیس | ٣٦١ |
| ٢٠ | بۆچوون و تێڕوانینی شاعیر و چیرۆکنووس ئەدیب نادر | ٣٦٥ |
| ٢١ | بۆچوون و تێڕوانینی شاعیر و چیرکنووس لەتیف هەڵمەت | ٣٦٩ |
| ٢٢ | بۆچوون و تێڕوانینی شاعیر خاتوو کەژاڵ ئیبراهیم خدر | ٣٧٢ |
| ٢٣ | بۆچوون و تێڕوانینی شاعیر ئازاد ئەحمەد | ٣٧٤ |
| ٢٤ | بۆچوون و تێڕوانینی چیرۆکنووس غەفور ساڵح عەبدوڵلا | ٣٧٨ |
| ٢٥ | بۆچوون و تێڕوانینی شاعیر و چیرۆکنووس فەرهاد شاکەلی | ٣٨٣ |
| ٢٦ | بۆچوونی سابیر سدیقی شاعیر سەبارەت بە دیوانی سەلام محەمەد | ٣٩٠ |
| ٢٧ | بۆچوونی عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) سەبارەت بە دیوانی سەلام محەمەد | ٣٩٣ |
| ٢٨ | دوو نامە | ٣٩٥ |
| ٢٩ | گەڕان بەنێو باخەکانی شیعری سەلام محەمەد کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعرەکانی سەلام محەمەد | ٣٩٩ |
| ٣٠ | دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە... نووسینی سەباح ڕەنجدەر | ٤٠٠ |
| ٣١ | قەڵەمکێشی سەلام محەمەد بە وشە... نووسینی سەباح ڕەنجدەر | ٤٠٥ |
| ٣٢ | دادپەروەری وەك درۆیەکی گەورە... نووسینی حەمە مەنتك | ٤٠٩ |
| ٣٣ | فەلسەفەی بوون و مردن لەشیعری(قەراغەکان)ی (سەلام محەمەد)دا.... نووسینی حەمە مەنتك | ٤١٩ |
| ٣٤ | ئەو تشتێن (سەلام محەمەد) مژوول دکەن... نووسینی سەیدا عەبدولڕەحمان بامەڕنی | ٤٢٧ |
| ٣٥ | سەلام مەحەمەد دەنگێك لەئاسمانی گەرمیانەوە شار درێژکراوەی زێد...نووسینی ئەحمەدی مەلا | ٤٣١ |
| ٣٦ | ئاماژەکانی چەمکی شوێن لەیادەوەری شیعریی سەلام محەمەدی شاعیردا... نووسینی عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) | ٤٣٩ |
| ٣٧ | بەسەرکردنەوەیەکی کۆشیعری دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە... نووسینی کەریم شارەزا | ٤٥٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٨ | گەشت و پێناسین.. یەکەمین ڕایەڵەی نێوانی من و سەلام محەمەد... نووسینی محەمەد کوردۆ | ٤٧١ |
| ٣٩ | بونیادی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردی ١٩٨٥- ٢٠٠٠ ماستەرنامە... دکتۆر ئازاد ئەحمەد مەحمود | ٤٧٥ |
| ٤٠ | دۆناودۆنی خاك لە شیعری (نیشتمان)ی سەلام محەمەددا نووسینی... تەڵعەت تاهیر. | ٤٧٨ |
| ٤١ | نیگایەك لە فیسبووکەشیعر و چەند سەرنجێك نووسینی... عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) | ٤٨٠ |
| ٤٢ | ئەو شیعرانەی لە دیوانەکەی سەلام محەمەددا بلاو نەکراونەتەوە | ٤٨٨ |
| ٤٣ | دوو ڕوخساری یەك پێغەمبەر... شیعر | ٤٨٩ |
| ٤٤ | خەونێکی شاعیرانە... شیعر | ٤٩٤ |
| ٤٥ | گلگامێش وتی... شیعر | ٤٩٧ |
| ٤٦ | نیشتمان... شیعر | ٤٩٩ |
| ٤٧ | غەریب هەرگیز خانەنشین ناکرێت... شیعر | ٥٠١ |
| ٤٨ | لەم وڵاتە ڤایکینگەدا... شیعر | ٥٠٣ |
| ٤٩ | من... شیعر | ٥٠٥ |
| ٥٠ | هەڵۆ... شیعر | ٥٠٦ |
| ٥١ | نامە... شیعر | ٥١١ |
| ٥٢ | دایە سووتام... باوە سووتام... شیعر | ٥١٦ |
| ٥٣ | انت کردی بۆ دەرەوە... شیعر | ٥١٨ |
| ٥٤ | پاشەڕۆژی دایناسۆر | ٥٢٠ |
| ٥٥ | سێبەرەکانی کەرکوك... شیعر | ٥٢٢ |
| ٥٦ | موکری... شیعر | ٥٣٠ |
| ٥٧ | لەدیکبوونەوە.. شیعر | ٥٣٢ |
| ٥٨ | دیدار و دیدەنی... شیعر | ٥٣٥ |
| ٥٩ | غەریب دوورتر دەکەوێتەوە... شیعر | ٥٣٦ |





| | | |
|---|---|---|
| ٦٠ | سەفەر | ٥٣٨ |
| ٦١ | فەیسبووکەشیعر... شیعر | ٥٤٠ |
| ٦٢ | سێ چیرۆکی شاعیر و چیرۆکنووس سەلام محەمەد | ٥٤٧ |
| ٦٣ | ڕەشەڕاو... کورتەچیرۆك | ٥٤٧ |
| ٦٤ | گرێ کوێرەی مەرگ... کورتەچیرۆك | ٥٥٢ |
| ٦٥ | کتێبی بەفر... کورتەچیرۆك | ٥٥٩ |
| ٦٦ | سکێچی بایۆگرافیای نووسەرانی ناوهاتوو یان بەشداربووی ئەم کتێبە | ٥٦٤ |
| ٦٧ | گەلەری | ٥٩١ |
| ٦٨ | سوپاس و پێزانین | ٦٠٩ |
| ٦٩ | پێرست | ٦١١ |

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠١٣)ی
## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاینی کۆنو کۆچکردن لەکوردستاندا | عەبدڵڵا قەرەداغی (مەلا عەلی) | مێژووی | ٩٤٣ | |
| ٢ | بیرکردنەوە | عەزیز جەلال عەزیز | زانستی | ٩٤٤ | |
| ٣ | سۆشیال دیموکرات و دەوڵەت | دڵشاد تاڵەبانی | لێکۆڵینەوە | ٩٤٥ | |
| ٤ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٤ | |
| ٥ | دیوانی ع.ح.ب | محەمەد حسین بەرزنجی | شیعر | ٩٤٦ | |
| ٦ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٥ | |
| ٧ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٦ | |
| ٨ | تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا | حەمە مەنتك | لێکۆڵینەوە | ٩٤٧ | |
| ٩ | سەبارەت بە تەلەفزیۆن و دەسەڵاتی ژورنالیزم | و. مەنسوور تەیفوری | ڕۆژنامەوانی | ٩٤٨ | |
| ١٠ | شۆڕشی تەکنۆلۆژیا | محەمەد دوکانی | زانستی | ٩٤٩ | |
| ١١ | بەرکوتێکی ژیانم | و. عەزیز گەردی | ژیننامەو شیعر | ٩٥٠ | |
| ١٢ | فەلسەفەی مێژوو لای ئیبن خەلدون | نەبەز عەبدولڕەحمان | لێکۆڵینەوە | ٩٥١ | |
| ١٣ | ئابووری نێودەوڵەتی لە دەرئەنجامی قەیرانەکانیدا | فەیسەڵ عەلی محەمەد | ئابووری | ٩٥٢ | |
| ١٤ | لە چاوەڕوانی فەرەجوڵڵای قەهاردا | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | ڕۆمان | ٩٥٣ | |
| ١٥ | تۆم خۆشدەوێت | کنێر عەبدوڵڵا عارف | گووتار | ٩٥٤ | |
| ١٦ | تۆمارەکانی مێژوو | عومەر ئیسماعیل مارف | مێژووی | ٩٥٥ | |
| ١٧ | لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا | ناز ئەحمەد سەعید | لێکۆڵینەوە | ٩٥٦ | |
| ١٨ | زمان و فیکر لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا | نەجات حەمید ئەحمەد | لێکۆڵینەوە | ٩٥٧ | |
| ١٩ | گەشتێك بەناو کلتوری ژاپۆندا | ئەردەڵان عەبدوڵڵا ئەحمەد | کلتوری | ٩٥٨ | |
| ٢٠ | تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور | د. شاخەوان جەلال فەرەج | لێکۆڵینەوە | ٩٥٩ | |
| ٢١ | سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە | سەباح ڕەنجدەر | بیروڕا | ٩٦٠ | |



| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی شوێنەوارەکانی کوردستان | کەمال نوری مەعروف | مێژوویی | ٩٦١ | |
| ٢٣ | کێشەی پەروەردەیی خێزانە موسڵمانەکان | د.ئەحمەد عەلی حەمە | لێکۆڵینەوە | ٩٦٢ | |
| ٢٤ | کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانیەکان لەسەر کوردستان | ڕەسوڵ ئیبراهیم ڕەسوڵ | مێژوویی | ٩٦٣ | |
| ٢٥ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار ژمارە ٨٧ | ٩٦٤ | |
| ٢٦ | شێوازگەری لادان | ئیدریس عەبدوڵا | زمانەوانی | ٩٦٥ | |
| ٢٧ | لە بەرزی شوراکانەوە | بەیان سەلمان ئەحمەد | ڕۆمان | ٩٦٦ | |
| ٢٨ | شەوێك لە شەوانیسیمرخ | سەلاح شوان | شیعر | ٩٦٧ | |
| ٢٩ | هۆزی فەیزوڵا بەگ وپەیوەندی لەگەڵ حوکمڕان | عەزیز ئەحمەد محەمەد | مێژوویی | ٩٦٨ | |
| ٣٠ | ڕۆشنبیری و گوتاری فیکری | هیوا عەزیز سەعید | لێکۆڵینەوە | ٩٧٦ | |
| ٣١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٨ | |
| ٣٢ | سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران | هاوار کەمال میرزا | لێکۆڵینەوە | ٩٦٩ | |
| ٣٣ | ڕێگایەکی دوور و درێژ | شێنێ بۆسکانی | یاداشت | ٩٧٠ | |
| ٣٤ | فەرهەنگی شیعرەکانی سالم | ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق | لێکۆڵینەوە | ٩٧١ | |
| ٣٥ | گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خوارووداا | جەلال ئەنوەر سەعید | لێکۆڵینەوە | ٩٧٢ | |
| ٣٦ | الجیوبولیتکس المعاصر | د.فوئاد حەمە خورشید | لێکۆڵینەوە | ٩٧٣ | |
| ٣٧ | مێژووی سۆفیگەری و سۆفیگەرێتی لە مێژوودا | لەتیف هەڵمەت | لێکۆڵینەوە | ٩٧٤ | |
| ٣٨ | خاڵبەندی | کیومەرز نیکرەفتار | زمانەوانی | ٩٧٥ | |
| ٣٩ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٨٩ | |
| ٤٠ | تایبەتمەندبون لەنێوان ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند | عادل شاسواری | ڕۆژنامەوانی | ٩٧٦ | |
| ٤١ | مینیمالیزم ژیانە | محەمەد تەرەغە | لێکۆڵینەوە | ٩٧٧ | |
| ٤٢ | شەهدە | غەفور ساڵح | ڕۆمان | ٩٧٨ | |
| ٤٣ | پەیوەندی ئاووهەوا | چیمەن عەبدوڵڵا ئەحمەد | جوگرافیا | ٩٧٩ | |
| ٤٤ | دیارترین نەخۆشییە بڵاوەکان | د. سۆران محەمەد غەریب | پزیشکی | ٩٨٠ | |
| ٤٥ | موزیکی سەدەی کلاسیك | زۆزك قەرەداغی | موزیك | ٩٨١ | |
| ٤٦ | سوریالیزم لە شیعری کوردیدا | ئەحمەد مەحمود عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٩٨٢ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٧ | پەنجەرەکراوەکان | شیرین تاهیر | لێکۆڵینەوە | ٩٨٣ | |
| ٤٨ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٩٠ | |
| ٤٩ | گەلێکی خۆشبەخت لە خاکێکی لەتکراودا | لوقمان غەفوور | ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی | ٩٨٤ | |
| ٥٠ | هەوری پەمەیی | جەبار سابیر | کۆمەڵە چیرۆك | ٩٨٥ | |
| ٥١ | نیلۆفەری شین | دلاوەر قەرەداغی | حیکایەت | ٩٨٦ | |
| ٥٢ | ڕێکەوتننامەی جەزائیرو ڕەهەندەکانی لەسەر.. | کامەران بابان زادە | لێکۆڵینەوە | ٩٨٧ | |
| ٥٣ | لە چەشنی ژیان | سەلاح نساری | چیرۆك | ٩٨٨ | |
| ٥٤ | کورد و فەلسەفە | هەرێم عوسمان | کۆمەڵە دیدار | ٩٨٩ | |
| ٥٥ | هەناسەی چیا | ئاسۆ ئەحمەد | کۆمەڵە چیرۆك | ٩٩٠ | |
| ٥٦ | گەشتی تیشك | عەبدوڵلا مەحموود زەنگەنە | لێکۆڵینەوە | ٩٩١ | |
| ٥٧ | سەرەتایەك لەسەر فەلسەفەی ئیمانوئێم کانت | سەعیدکاکی | فەلسەفە | ٩٩٢ | |
| ٥٨ | مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیەدا | یارا قادر | زمانەوانی | ٩٩٣ | |
| ٥٩ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٩١ | |
| ٦٠ | داستانی شێخی سەنعان و تەرسا | محەمەد ڕەشیدی ئەمینی کاروان عوسمان خەیات | فۆلکلۆر | ٩٩٤ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٦١ | کانیی خومان | هێمن عومەر خۆشناو | داستان | ٩٩٥ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٦٢ | داستانی بەدیعلمەلەك و بەدیعلجەمال | هەردەوێڵ کاکەیی | داستان | ٩٩٦ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٦٣ | شێخ فەرخو خاتون ئەستێ | ڕێبوار حەمە تۆفیق | فۆلکلۆر | ٩٩٧ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ(KHI) |
| ٦٤ | داستانیبارامو گوڵئەندام | هەردەوێڵ کاکەیی | فۆلکلۆر | ٩٩٨ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٦٥ | کەشکۆڵ(داستانێ نایابێ کوردی) | کەیومەرس نیك ڕەفتار | داستان | ٩٩٩ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٦٦ | داستانی گورگو ڕێویی | محەمەد ڕەشید ئەمینی کاروان عوسمان خەیات | داستان | ١٠٠٠ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٦٧ | چیرۆکە شیعریی عەزیزو کوبرا | حەسەن سەلیمی شەریف فەلاح | داستان | ١٠٠١ | پرۆژەی هاوبەشلەگەڵ KHI |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٨ | پەندومەتەڵی ناوچەی تیلەکۆ | خالید عەلیزادە | فۆلکلۆر | ١٠٠٢ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٦٩ | کەشکۆڵی کوردەواری | هەردەوێڵ کاکەیی | فۆلکلۆر | ١٠٠٣ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٧٠ | çendçîrok j folklorê kurdî | salhêheydo | فولکلۆر | ١٠٠٤ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٧١ | ژیانو کارەکانی ولیەم یوحەننا | شنە عەبدوڵلا | هونەریی | ١٠٠٥ | پرۆژەی هاوبەش لەگەڵKHI |
| ٧٢ | هونەری پۆترێت لە وێنەکێشاندا | ستار قادر | هونەری | ١٠٠٦ | |
| ٧٣ | کورد لە ١١٢ ساڵدا | ئەحمەد مەحمود عەلی | مێژووی | ١٠٠٧ | |
| ٧٤ | مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و .... | شوان ئادەم ئەیڤەس | ڕۆژنامەگەری | ١٠٠٨ | |
| ٧٥ | دیوانی ئاوارە | عەبدولڕەحمان قادر عەلی | شیعر | ١٠٠٩ | |
| ٧٦ | فەرەیدون سێ کوڕی هەبوو | کەریم قادر پور | ڕۆمان | ١٠١٠ | |
| ٧٧ | بنەماکانی پۆلیمەرزانی و کارپێکردنەکانی | ئەسعەد قەرەداغی | زانستی | ١٠١١ | |
| ٧٨ | گروپی هونەرمەندانی کۆمەڵی هەشت | ڕێبەر قەفتان | هونەری | ١٠١٢ | |
| ٧٩ | هەورامی زمانی ئایینی یارسان | نامیق هەورامی | ئەدەبیات | ١٠١٣ | |
| ٨٠ | ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا | ئارام عەبدولواحید | زمانەوانی | ١٠١٤ | |
| ٨١ | ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن | کارزان محمد | ڕۆژنامەگەری | ١٠١٥ | |
| ٨٢ | ئەتڵەسی کەرکوك | سوهەیل خورشید | ئەتڵەس | ١٠١٦ | |
| ٨٣ | بیبلۆگرافیای کتێبەکانی ئەنفال | ئاکۆ محمد شوانی | بیبلۆگرافیا | ١٠١٧ | |
| ٨٤ | جەدەلیەتی ناسنامەکان | وەهبی ڕەسوڵ | شێوەکاری | ١٠١٨ | |
| ٨٥ | بنەماکانی دروستیی دەروونی | نازەنین عوسمان | دەروونناسی | ١٠١٩ | |
| ٨٦ | مەسخ | و، نیژە میر موکری | نۆڤلێت | ١٠٢٠ | |
| ٨٧ | من ترس ڕۆحی سمیوم | و. شوان ئەحمەد | دیدار | ١٠٢١ | |
| ٨٨ | کەوتن | و. توانا ئەمین | ڕۆمان | ١٠٢٢ | |
| ٨٩ | خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا | کوردستان عومەر محەمەد | لێکۆڵینەوە | ١٠٢٣ | |
| ٩٠ | باڵۆنێك لە ئاسمانی سوردا | ڕێبین عومەر خدر | ڕۆمان | ١٠٢٤ | |
| ٩١ | بزوتنەوەی کچانی کورد لە سلێمانی | زەکیە ڕەشید محەمەد | لێکۆڵینەوە | ١٠٢٥ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٢ | لیمۆناردۆ دافنشی توێژینەوەیەك لە ڕەفتاری سێكسی ناوەزادا | دڵنیا عەبدوڵڵا | دەروونزانی | ١٠٢٦ | |
| ٩٣ | ئەفسانەی شاری جادووان | سەبا ئەحمەد | كۆمەڵە چیرۆك | ١٠٢٧ | |
| ٩٤ | جیهانبینی لە ڕۆمانی كوردیدا كرمانجی خوارووساڵی(٢٠٠٠-٢٠١٠ز) | ڕەسوڵ حەمە ڕەسوڵ | لێكۆڵینەوە | ١٠٢٨ | |
| ٩٥ | دنیا بینییەكانی هونەری شێوەكاری كورد | بەختیار سەعید | هونەری | ١٠٢٩ | |
| ٩٦ | **اثر المواثيق الدلية الخاصة بحرية الصحافة فى التشريعات الداخلية** | محسن ئەدیب | دراسة | ١٠٣٠ | |
| ٩٧ | دواساتەكانی مەرگی پشیلەیەك | برایم محیدین | بیرەوەری | ١٠٣١ | |
| ٩٨ | پیاسەیەك بەشەقامی پەیڤی ژندا | مستەفا زاهیدی | دیدار | ١٠٣٢ | |
| ٩٩ | كۆنگرەی نەتەوەیی | ئەنوەر حسێن | دیدار | ١٠٣٣ | |
| ١٠٠ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٩٣ | |
| ١٠١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٩٤ | |
| ١٠٢ | فۆرمە موزیكییەكان | فەرمان عەلی نوری | میوزیك | ١٠٣٤ | |
| ١٠٣ | باڵندەكانی شەو | ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی | چیرۆك | ١٠٣٥ | |
| ١٠٤ | بیری نەتەوەیی لە پەیڕەوپڕۆگرامەكانی كۆمەڵە | عەبدولخالید سابیر | لێكۆڵینەوە | ١٠٣٦ | |
| ١٠٥ | بنەماكانی سەعی كردن | ئازاد حەوێز | لێكۆڵینەوە | ١٠٣٧ | |
| ١٠٦ | چەند ووتارێك دژی بونیادگەری | حسێن لەتیف | فكری | ١٠٣٨ | |
| ١٠٧ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٩٥ | |
| ١٠٨ | ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی كوردی | شەریف فەلاح | ئەدەبی | ١٠٣٩ | |
| ١٠٩ | ژیان سادەیە وەك سەما | جەواد حەیدەری | كۆمەڵە وتار | ١٠٤٠ | |
| ١١٠ | ئاژاوەی یاریگاكان | هەوراز كاوە | وەرزشی | ١٠٤١ | |
| ١١١ | هەموومان مەفتونی جوانین | محەمەد كوردۆ | ئەدەبی | ١٠٤٢ | |
| ١١٢ | عاشقو دیكتاتۆر | محەمەد عەبدوڵڵا | نۆڤلێت | ١٠٤٣ | |
| ١١٣ | دۆنای دۆن یان بەدگۆڕان | عەبدوڵڵا سەراج | ئەدەبی | ١٠٤٤ | |
| ١١٤ | لە كەركوكەوە بۆ ڤێستەرۆس | عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ | ئەدەبی | ١٠٤٥ | |